منتدى إقرأ الثقافي

عەلی کەریمی

سنوورە ژێر پێ خراوەکان

www.iqra.ahlamontada.com



غەزەلنووس

غەزەلنووس

سنوورە ژێرپێ خراوەکان

غەزەلنووس

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی غەزەلنووس – بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب (٣٦٣)

سنوورە ژێرپێ خراوەکان

عەلی کەریمی

دیزاینی بەرگ: باسم رەسام
دیزاینی ناوەرۆک: پەیام ئەحمەد
چاپ: یەکەم – ٢٠٢٢
چاپخانە: سلێمانی
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (١٢٠٠٠) دینار
لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی
(٤٠٠) ساڵی ٢٠٢٢ پێ دراوە
بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس – بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوەندی غەزەلنووس بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەو
بەرپرسیاریەتییەکەی بۆ نووسەر دەگەڕێتەوە.

مافی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی بە هەموو شێوەکان پارێزراوە©

سلێمانی، پشت سەرا، گەراجی پاسەکانی تووی مەلیک، باڵەخانەی هۆشیار لەقتان، بازاڕی کتێب
٠٧٧٠٣٥٧٢٧٥٧ xazalnus@gmail.com
/nawandixazalnus

سنووره ژێرپێی خراوەکان

عەلی کەریمی

سلێمانی
٢٠٢٢

وته و پێزانینێک

ئەم وشــە و دێڕانەی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا، دەکەونە بەر دیدەی بەڕێزتـان، بەشـێک لە سەرگورشـتەی مرۆڤێکن، کە هــەر لە هەڕەتی مێرمنداڵییــەوە عەوداڵی ئازادی و ســەربەخۆیی بووە. لــە ڕۆژگارانی تاریک و ئەنگوســتەچاوی حوکمی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێران، مەلاشــووی کەوت و فرچکی گرت و دارەدارەی کرد و هەســتایە سەر پێ.

لــە هەڕەتی لاوێتیدا بە هەوای «خوایــە وەتەن ئاوا کەی» و «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان» گۆش کرا.

ئەوجار دیســان دەسەڵاتی پیس و بۆگەنی ئاخوندی شیعە بەرۆکی گــرت و مەغۆلئاســا پەلاماری وڵاتەکەیان دا. ئیتر لــە خۆی ڕاپەرموو، دەســتی دایە تفەنگ و لێیان وەشاخان کەوت و هەرگیز قبووڵی نەکرد، کە لەژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا بژی و مل بۆ زۆرداری و دیکتاتۆرییان دابدات.

چارەنووســی وا هەڵدرایەوە کە هەر لە هەڕەتی لاوێتییەوە، لە شار و گــەڕەک و کەســوکار، لــە خوێندن و ژیانی ئاســایی، لــە دڵداری و خۆشەویستی، تەرە بێت.

ئــەوەی دەیبینــی و هــەر ئێســتا لــە بەردەســتتدایە و خــۆت بــە خوێندنەوەیــەوە مــژوول کــردووە، گێڕانــەوەی حەکایەتــی ژیــان و بەســەرهاتی تاکێکــی هاوواڵاتیــی خۆتــە. لاوێکی دەیەکانی شەســت و

حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو، لە جیهانێکدا پڕ لە شەڕ و ئاڵۆزی، ئاژاوە و بەربەرەکانی، کێبەرکێی وڵاتان و زلهێزەکان. لەناو ئەم جیهانە پانوبەرینەدا شوێنێک هەیە، هەر هێندەی سەری پەنجەتووتەی خۆت، کە لەسەر نەخشەی جوگرافیای سەر زەوی بوونی نییە و هەرچی لێی بگەڕێیت بۆت نادۆزرێتەوە، چونکە جیهان ئیعتراف بە بوونی ناکات و چاپکەرانی نەخشەی زەوییش، هەر نازانن وڵاتێک هەرچەندیش بچووک بێت، هەیە و ناوی کوردستانە!

ئەم تۆزە خاکە، بووەتە ناسۆر و سندانی سەر دڵی چوار وڵاتی بەهێز و داگیرکەرانی کوردستان. زیاتر لە پێنجسەت ساڵە لەناو بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا دەتلێتەوە و دەفلیقێتەوە، تەنانەت مافی هەناسەکێشانیشی پێ ڕەوا نابینن.

کە منداڵ بووم و لە قوتابخانە دەمخوێند، وەک بیرم بێت، لە وانەی جوگرافیادا دەیانگوت: سەتوسی وڵاتی سەربەخۆ لە بینای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ناو و ئاڵایان هەیە. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، دەڵێن نزیک بە دووسەت وڵات لە هەمان بینا، ناو و ئاڵایان دەشەکێتەوە، مخابن ئاڵای کوردانی هەر لێ نییە! لە ماوەی پەنجا شێست ساڵدا، حەفتا وڵات و نەتەوە بە سەربەخۆیی خۆیان گەیشتوون، ئەگەرچی نەتەوەکەی من، بە درێژایی سەت ساڵی ڕابردوو کاسەسەر و چاوی لاوانی چاندووە و بارانی خوێنی بەسەریاندا باراندووە، کەچی وەرزی دروێنەکەی هەر دیار نییە[1] و دیل و بندەستی داگیرکەرانە!

ئەگەرچی سەدەی ڕابردوو بوو بە ڕزگاری لە کۆلۆنیالیزم و گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی زۆرێک لە وڵاتان، بەڵام ئەوە بیست ساڵیش بەسەر سەدەیەکی تردا تێپەڕ بوو، کورد بە هەر چوار پارچەوە تروسکاییەک بەدی ناکات، هیچ نەبێ موژدەبەخشی نەوەی داهاتوو بێت.

لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی سەدەی بیستەمدا، ئیتر بۆ منی

١- ئاماژەیە بە شیعرە بەرزەکەی «دوانزە وانە»ی عەبدوڵڵا پەشێو.

پتـر لە چل سـاڵ بەشـدار لـەم خەباتە، بـە کۆڵەپشـتێکی ئاخێنراو لە ئەزمـوون و دەرد و ژان، لـە ئەمڕۆدا، لەگەڵ هەمـوو تەنگوچەڵەمەی نێونەتەوەیـی و پیـلان و کۆمەڵکوژیـی داگیرکەرانـدا لەسـەر ڕێگەی ئازادیی کوردستان، دیسانیش دەبێ بە تێرادیوی بڵێم؛ «خەتای سواران نەبوو، پێشسوارەکانمان قورس و ناوەستا بوون».[1]

ئـەم دێڕانـەی بـە زوویـی تێیـان دەپەڕێنیـت و دەیانخوێنیتـەوە، سریوەیەکن لە هیوا و بێهیوایی، هەوراز و نشێو، ترس و ئازایەتی، مان و نەمان، مەردی و نامەردی، وەفا و سپڵەیی، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، یاخیبوون و گوێلەمستی، فرەزانی و گێلی، ئازاد و کۆیلە، پاک و ناپاک، زانـا و نەزان، بەڕەحم و بێڕەحم، بوون و نەبوون، ئاشـتی و شـەڕ و وڵاتداری و بێوڵاتی.

وەک ڕۆڵەیەکی دایکی ئەم نیشتمانە، خۆم بە قەرزداری بینیوە و بە ئەرکی خۆمم زانیوە لە بەرپێیدا بنوشتێمەوە و هەتا هەم خزمەتی بکەم، بە گژ دوژمنانیدا بێمەوە و سەر نەوی بکەم بۆ دۆست و فیداکارانی.

زیاتر لە چلوپێنج ساڵە لەبەر کەوشکەنی کەپرە شکاو و وێرانەکەی ئەم نیشتمانەدا، بەبێ هیچ چاوەڕوانی و قازانج و بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆم، دەستەونەزەر و گوێ بە فەرمانی خزمەتم بەو دایکەم. ئەمڕۆ کـە دەبینـم ئیتر وردەوردە هێز و گوڕی لاوێتـی ڕووی لە کزبوونە و هەربینا باروبنەم تێوەپێچا، تۆ ئەی دایکی نیشـتمان، دەزانم لە بەردەم بارەگای بەرزی نەتەوەکەمدا شایەدیم بۆ دەدەیت، هەرگیز خیانەتم لێ نەکردیت، بە پاداشـت خزمەتم نەکردیت، درۆم لەگەڵدا نەکردیت، خاکی و بچـووک بووم بەرامبـەر بە هەموو ڕۆڵە خزمەتـکار و بەوەفاکانت، سوور بووم لە لەقاودانی ڕۆڵە بێئەمەک و دز و گەندەڵەکانت، دوژمنانی ناوخۆتـم هەر هێنـدەی داگیرکـەران و ناحەزانی بێگانـەت پێ پیس و چەپەڵ و خوێڕی و خائین بووە، هەرگیز دەسـتم بۆ دەسـەڵاتی ناوخۆ و بێگانە پان نەکردەوە و بێمنەتم لێیان گەر بە دینارێک لە هیچ کامیان

١- ئاماژەیە بە شیعری «بەهار هەر دێ»ی مامۆستا هێمن.

بەهرەمەند و سـوودمەند بووبووم. خزمەت بە وڵات و پێشمەرگایەتیم بـە ئەرکـی خۆم زانیـوە، دەبێ گەواهـی بدەیت هەرگیز نـە بۆ پارە و نـە بـۆ جنس، کە ئەم دوانە ماکەی هەرچی خیانەت و خراپەن، سـەرم شـۆڕ نەکرد و توخوونیان نەکەوتـم. بۆ گوزەرانی ژیان ئەوەندە قاچم درێـژ کرد لە بەڕەم دەرنەچێ. دەزانی زۆر جاران بە زللە ڕووی خۆم سوور دەکردەوە، تا ناحەزانم پێم نەزانن، ئێستاش تۆ بۆ ئەم ڕۆڵەیەت ئالنگاری بکە لە دۆسـت و دوژمن، لە زەمین و ئاسمان، ئەگەر تەنانەت بۆ تاقەجارێکش بێت پەنام بۆ دوژمنانت بردبێت، یان لێیان سـوودمەند بووبم، ئەگەر لەوانەی خۆیان بە دەسەڵات و حاکمی کەلاوەکەی بەشی باشـووری نیشتمانەکەت دەزانن، ملم لار کردبێت و تەنانەت بە فلسێک لێیان سوودمەند بووبم. بۆیە ئەو چەند وشەیەم وەبیر هێنایەوە، خۆت دەزانی لە چەند سـاڵی ڕابردوودا بە هۆی بەگژداچوونەوەم بە حوکمی بنەماڵـە و گەندەڵـی و ئەو ناسـۆرەی بە ناوی کوردایەتییەوە لەسـەر دڵـت هاتـووە؛ ڕۆڵە بێئەمەک و تاڵانچییەکانت لـە بەرامبەر لەقاودان و ڕیسواکردنیان، ترسنۆکانە و خوێڕییانە هاتن، بە درۆ و بوختان لە پێش چاوانت سـووکم بکەن، بۆیان نەکـرا لەناوم بەرن، هەوڵیان دا تیرۆری کەسـێتیم بکەن و دەمێک بە پیاوی ئاخوندەکانی ئێران و سـەردەمێک بـە دۆسـت و یـاری سـەدامی خوێنڕێـژ و ئەنفالچیـی وڵاتەکەتیـان شـوبهاندم. تووخوا دایکی نیشـتمان لە دار و بەرد و گشـت کەسەکان بێمنـەت بە، ئەگەر لە خیانەت، پارەپەرسـتی و هەرچی پێی دەگوترێت سوودمەندبوون، زەڕەیەکت شک برد، ڕیسوای خۆت و زەمانەم بکە و ڕووڕەشی دنیا و قیامەت.

جریـوەی ئـەم چەنـد وشـانەی کۆتایـی، گەلێـک لـۆم زەحمەت، شـەرمهێنەر و بەعەیبە دەزانی لە ئاسـت گەورەییتان، بەس لەمێژ بوو گلەیـی، ڕق و بێزاریـم لە دوژمنانی ناوخۆی گـەل و وڵاتەکەت پۆنگی خواردبـووەوە و ئێـرەم بە چاک زانی بەم چەنـد دەردی دڵ و زوخاو هەڵڕشـتنە، ئەسـتۆپاکی و خزمەتکاریم وەبیر خـۆت و هەموو تاکێکی

ئەم کوردســـتانە بهێنمەوە و گەر سەریشــم نایــەوە، دڵنیا بم میللەت و هاوزمانەکانم ڕاستییەکانیان پێ گوتراوە.

تۆش ئەی خوێنەری بەوەفا و وردبین، لێم ببوورە لە خراپنووســین و نەپەرژانە ســەر باری ئەدەبی و پڕ لە حورمەتم بۆ وشــە و زاراوەی زمانە پڕ لە شانازی و خۆشەکەم، کوردی.

داوای لێبــووردن لە هەموو ئەو هاوقەتار و هاوڕێیانم دەکەم کە بە جۆرێک لە جــۆرەکان ناویان هاتووە و حیکایەتەکــەم بەدڵیان نەبووە، دڵنیــا بن مەبەســتم ناوزڕاندن و توانــج و ئیهانەکردن نەبــووە، بەڵکو تەنیا گێڕانەوەی ئەو مێژووە بووە کە خۆم ئاوام دیوە، کە نووســیومە و شــەرت نییە ئەوەی من گوتم وا بووبێت، ئەوە تەنیا گۆشــەنیگایەکی مــن بــووە و گێڕانەوەیەکە بــۆ ئاهێکی دەروون. بە هــۆی بوونم وەک مرۆڤێکی بێدەسەڵات و پێشمەرگەیەکی سادە لە مێژووی پێشمەرگایەتی و کاری سیاســیم، هەرگیز بۆم نەلوا، یان باشتر بڵێم عەقڵم پێی نەشکا یاداشتی ڕۆژانە بنووسمەوە و ڕووداوەکان بە ڕۆژژمێر و کات و سات بنووســمەوە، تەنیا بیر و هزری خۆم بەکار هاتووە لە گێڕانەوەی ژیان و ڕووداوەکانی ئەم چەند ســاڵەی تەمەنم، بۆیە ئەگەر ڕێکەوتێک، یان گێڕانەوەیــەک وەک خۆی نەبێ و پاشــوپێش کرابێت، تکایە بیخەنە بەر لێبووردەیی و بە حسێبی فەرامۆشکاریی منی دابنێن.

درێــژدادڕی و زۆرگوتنــم، لاپەڕەکانــی زۆر لــەوە زیاتــر کرد، کە خــۆم بۆ دانابــوو، بۆیە ناچار بەشــی دووهــەم و ڕۆژگاری ئاوارەیی و دوورەوڵاتی و دیســان چالاکبوونم لە خەباتی شــاری و دەســەڵاتی کوردی لە بەشێکی نیشــتمانم، باشوور و هەرێمی کوردستان، دادەنێم بۆ عومر باقی و دەرفەتێکی دی، هیوادارم بتوانم بە زوویی پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزمی بکەم.

لەو ماوەیەدا کە بیری نووســینی ئەم ســریوانە هاتە ناو مێشــک و خەیاڵم، زۆر بوون ئەوانەی هانیان دام و پاڵپشت و هاوکار و مامۆستام بوون، چاکە و لوتفیان ناکرێ فەرامۆش بکرێت:

بەڕێــزان؛ دوکتــۆر تریفە عومەر، مامۆســتا حەســەن قــازی، ڕەزا مەنوچێهری، مامۆستا کامیل عومەر، مامۆستا عەزیز ڕەئووف، شەفیق حاجــی خدر، جــەواد حەیدەری، محەمــەد عەبدوڵلا، هەژار عوســمان، عەباس کەریمی و هاوســەری بەتاقەت و پشوودرێژم پرشنگ بللوری، ناکــرێ نەڵێــم سوپاســی بێپایانــم بــۆ یارمەتیتــان و ئێوە نەبــان ئەم پەرتووکەم بۆ تەواو نەدەکرا!

تۆش ئەی خوێنەری بەڕێز و خۆشەویستم، بە میهرەبانی و لوتفەوە لەگەڵمــدا بــدوێ و دڵنیا بــە، هەموو ڕەخنــە و تێبینییەکانــت بە دڵێکی گەورەوە لە سەر دیدەم دادەنێم و داواکارم لێت ئەم پرێسکە ئاڵەکۆکەی شوانەکەی خۆتان، لە بەردەرگای کەوشکەنی ماڵە گەورەکەی کتێبخانەی کوردیدا جێیەکی لەبۆ بکەیتەوە.

عەلی کەریمی

١

ژیانی منداڵیم

دوابـەدوای سەرماوسـۆڵ و ڕێبەندانـی زسـتان، لەگـەڵ یەکـەم هەڵکردنی شـنەی شـەماڵی بەهاری و توانەوەی سـەهۆڵ و چلوورەی گوێسـەبانەکان و شـاخە بەفرینەکانی گەڕەکی ڕزگەیـان، لە خانووی جاران و قەدیمی حوسـێن زێڕینگەران[1]، بە قسـەی دایکم پێنج ڕۆژی بەهـار چووبـوو، لە شـارەکەی پەت و سـێدارە، سـابڵاغی ئەوسـا و مەهابـادی ئێسـتا، وەک دەڵێـن کۆرپەیەکی کاڵ و زیـت، بە پێکەنین و کاکۆڵبەسـەر، لە داوێنی دایکێکی یادگاری ژێـکاف و کۆمار، دەکەوێتە خوار و بە هەڵمژینی هەوای پیس و ئالوودەکراوی سـەر گۆی زەوی، سـییە ناسـک و بچکۆلانەکەی دێتە ژان و پێکەنینی یەکەم چرکەسـاتی ژیانـی لـێ دەبێتە ژان و گریان، ژانێکی خۆش، مژدەبەخشـی بوونێکی نوێ بۆ دایک و باب و خوشک و برا.

یەکێکی دی زیاد بوو، برای گەورەمان هەشـت سـاڵ تەمەنی بوو، خوشکی دواتر سێ ساڵ و براکەی پێش خۆیشم هەر هەڤدە مانگ دەبوو، تازە لە شـیری دایک دەبووەوە. دایک و بابێکی لاو و تازەپێگەیشـتوو بـە چـوار منداڵـی وردەوە،ماڵێکـی پڕ لە میـوان و حەشـیمەت. بابم کوڕەگـەورەی باپیـرم بوو. کە بابـم ژنی هێناوە، باپیریشـم تازە ژنی دووهەمی گواسـتبووەوە، دایکی بابم تەلاقـی وەرگرتووە، ئیتر هەموو منداڵەکانـی باپیـرم لەگـەڵ منداڵەکانی بابم لە تەمەنـدا زۆر لێک دوور نەبووین. بابم لە دایکی خۆی تەنیا برا و خوشـکێکی هەبوو، خوشـک مێـردی کردبوو، براکەشـی زۆرتـر لای ئێمە بوو، هەر بە ئەویشـمان دەگـوت مامـە. منداڵەکانـی دیکەی باپیـرم بە هۆی ئـەوەی بە تەمەن

١- مەبەست (حوسێن فروهەر) ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەی ژێکافە.

زۆرمـــان لێ نزیک بوون، پێمان نەدەگوتن مـــام و پوور، بەڵکو گازمان دەکردن بە: «ڕەحمەت»ی باپیرم، «مەحبووب»ی باپیرم و... تا دوایی!

دوای کۆماری کوردســـتان و لەســـێدارەدانی پێشـــەوا و زیندانی و ئاوارەبوونی ســـەرانی کۆمـــار، دایکم بە ڕۆیشـــتن و دوورکەوتنەوەی کاکـــی، زۆر بـــە زوویی بە مێردی دەدەن و لە تەمەنی ســـێزدە ســـاڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ بابمدا دەکات، هەڵبەت ئەویش تەمەنی هەر هەژدە ســـاڵ دەبێت. دایکم خوشـــکێکی بچووکتر و منداڵـــی دەبێت، کە دەچێتە قوتابخانـــە، بۆ سەرپەرشـــتیکردن خوشـــکی دێنێتە لای خـــۆی، واتا لە لایەک مام و لە لایەکی تریش پوورم، زۆرتر لەگەڵ ئێمەدا بوون.

پـــوورم دەبێتـــە مامۆســـتا، مامیشـــم لە قەیســـەریی شـــار دوکانی جلوبەرگ دەکاتەوە و بەیەکیشـــەوە هاوسەرگیری دەکەن. دایکی دایکم کـــە بێوەژنێکی پیر و تاک و تەنیـــا و زۆر بەڕەحم بوو، ئەویش زۆرتر لەگەڵ ئێمەدا دەژیا و پێمان دەگوت «دایە».

باپیـــرم و بابم یـــەک بەدوای یەکـــدا و ماوەی نێوانـــی منداڵەکانیان کەمتر لە ساڵ و نیو، منداڵیان دەبوو، هەردوو لا چوار منداڵیان هەبوو، دوو مانگ دوای لەدایکبوونم، مام و پووریشم یەکەم منداڵیان بووە.

خزمانی لادێی باوکم، شەو و ڕۆژ بۆ دەواودەرمان و سەردانکردنی شـــار، لای ئێمە بوون، یەک دەهات و یەک دەچوو. دایکم ئەوکات تەنیا بیســـتوچوار- بیســـتوپێنج ســـاڵی تەمەن بووە، وێڕای کۆشـــێک منداڵ، دەبوایە ســـەرقاڵی ماڵی باپیرم، مام و پوور، چێشـــتلێنان و شوشـــتن و خاوێنکردنەوەش بوایە. کە میوانی لادێمان دەبوو، ئیتر کێچ و ئەسپێش لەگەڵیاندا وەلای ســـەرەوە دەکەوتـــن و چەند ڕۆژ دواتریش، ئەو دایکە دەبوو جلان بکوڵێنێ و ئاساریان لەناوبەرێت.

بابـــم تـــازە وردەوردە خەریـــک بـــوو لە هـــەژاری و دەســـتکورتیی سەردەمی کۆمار ڕزگاری دەبوو، ماڵی پێکەوە نابوو، ئاگای لە هەموان بوو؛ باب، برا، منداڵان و خزمانی ئەمبەر و ئەوبەر، بۆ ساتێک ئاسوودە نەبوو، لە دائیرە کاری دەکرد، دوکانی هەبوو، کەســـابەتی دەغڵودان و

مەڕومالاتی دەکرد، ئاخر دەبوو بە هەموو لایەک ڕابگات.

دوای ماڵکردنی مام و پوور، وردەوردە بووژانەوە دەستی پێ کرد، برا و خوشــکێکی دیشمان هاتنە دنیاوە، بووینە شەش منداڵ و دایک و باب، واتا خێزانێکی هەشــت کەســی و خانوویەکی گەورە و فراوان، بە حەوشــە و حەوز و باخچەوە. ئەو بەشە لە خانووەکە، کە ماڵی مامی تێدا بوو، دوای ڕۆیشــتنیان بە تیغەیەک[1] لە ماڵی خۆمان جیا کرایەوە و کرا بە دوو دەست خانووبەرە، بە کرێ درا و بوو بە یارمەتیدەرێکی باشی بژێویمان.

هەر شــەش خوشــک و برا، لــە زمانی مام و پــوورەوە بە دایکمان دەگوت باجی و بە بابمان کاکە. بیرمە کە گەورە بووم لە پۆلی شـــەش و حـــەوت بووم، مام و پوور ماڵــی خۆیان کردبوو، ڕۆژێک کاکم کۆی کردینەوە و گوتی ئیتر جوان نییە، با بە دایک و بابمان نەڵێین «باجی» و «کاکە»، دەبێت لەمەودا هەموو بڵێین ‹دایە» و «بابە»، هەر واشمان کرد و ئیتر باجی بوو بە دایە و کاکە بە بابە!

ساوای سەلاری ناو بێشکە

دەڵێن: منداڵێکی ژیر و بێدەنگ و زۆر پاکوخاوێن بووم. دایکم دەڵێ: لە کاتی لانک و پێهەڵگرتن و دارەدارەدا لە هەموویان بێئەرکتر بوویت. زۆربەی ڕۆژەکان لەناو لانکدا بەســتراومەتەوە و دایکم خەریکی کاری ناوماڵ و منداڵانی دی بووە، من دەنگم لێوە نەهاتووە و تەنانەت خۆشم پیــس نەکردووە، نەگریاوم و کەمتر ڕایانژانــدووم، بۆ نانی نیوەڕۆ کە باوکم هاتووەتەوە، پێش هەموو شــت هاتووە و ســەری لانکی لاداوە، دەســرازەی لانکەکەمی شــل کردووەتەوە و دەســت و قاچەکانی ئازاد کردووم و خۆم بۆ باوکم هاویشــتووە، بانگی دایکمی کردووە: «وەرە ڕەعنــا چاو لــە کوڕی خۆم کــە، تەنانەت خۆشــی پیس نەکــردووە و ویشــکوبرینگە»! بۆیە لە بیرمە تا حەوت هەشــت ساڵیش هەر گیرۆدە

١- تیغە، دیواری تەنکی نێوانکەر.

و هەڵـوەدای باوەش و پشـتقونی باوکم بـووم و هەموو گەورەکان بە گاڵتە دەیانگوت؛ عەلی بۆنی قونی باوکی لە هەموو بۆنێک پێ خۆشترە و زۆر جاریش هەر لەوێ خەوم لێ کەوتووە!

باوکـم نازی تەواوی پێ دابووم، دایکم پەروەردەیەکی سـەختی بە لێدانەوە دەکردم، هەمیشـە مەراقی ئەوە بووە بۆچی نەیانهێشت بچێت بۆ خوێندن؟! بۆچی ناتوانێت بخوێنێت و بنووسێت؟! پوورم کە خوشکی بچووکی بوو، خوێندبووی و مامۆستا بوو، ئەو شەو و ڕۆژ لە خوێندن و دەرس و مەشق، یارمەتیی عەتای پوورزا و ئامۆزامی دەدا و تەنانەت پێـش تەمەنـی خوێندن، لەگـەڵ خۆیدا دەیبردە مەدرەسـەی کچان، کە خـۆی لەوێ مامۆسـتا بـوو. دایکم بـە هاتنی یەکەم کوڕی خوشـکی، کـە دوو مانگێـک لە من بچووکتر بـوو، بەیەکـەوە کەوتینە گڕوگاڵ و گاگۆڵکێ و غارەغار و سەرنجی گەوران ڕاکێشان و چوونی خوێندنگە، زۆرتر کەڵکەڵەی نەخوێندەواری و نوقسانی لە ئاست خوشکی بچووکی هەڵیگرت. هاوتەمەنیم لەگەڵ منداڵی یەکەمیان، بوو بە هۆکاری سەرەکیی کێبەرکـێ و هەموو ناکۆکی و کەموکووڕی و گرێوگۆڵەکان، چ ئەوکات و چ لە داهاتوودا. چەند ساڵ دواتر سەرەنجام دایکم بە سەری پیری و خاوەنی شەش منداڵ، لە ماڵەوە خوێندنی شەشی سەرەتایی تەواو کرد و خۆی فێری خوێندنەوە و نووسین کرد. وردەوردە لە کاتی دەسپێکی چوونم بۆ مەدرەسـە، لە زۆر نەهامەتی و نەبوونی ڕزگارمان بووبوو، تەنیا خوشک و برایەکم بچووک بوون و تەڕ و پۆشتەکردنیان گەرەک بوو. پوور و مامم تەنیا کوڕ و کچێکیان بوو لەگەڵ ژیانێکی فەرهەنگی و بەحیسێبی ئەوکات مۆدێرن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، کە بابم زۆر دەوڵەمەندتر بـوو لە مامم و ئەوان، تا ئەوکاتیش لە خانووی کرێدا بوون، بەڵام ڕوخسـار و شـێوە ژیانی ماڵی ئێمە زۆر سـادە و خاکی بوو، خۆڵاوی و پینەی شـەلواریش لای ئێمـە فـراوان بـوو، کەچی لای مـام و پوور زۆر هایلایـف و مۆدێرن بـوو، هاتوچۆکەرانی ئـەوان خەڵکی فەرهەنگی و ڕەئیس و گوریسـی

دەوائیــر و خەڵکــی تاران بــوون، هیی ئێمەش خەڵکــی لادێ و فەقیر و هەژار و ســادەکەی شــار و گەڕەک بوون. ئێمەی خوشــک و برا زۆر جار جلەکۆنەی یەکترمان دەدرایە و لەســەر ســفرەش ڕفان ڕفان بوو، کەچی هیی ماڵی مامم ئاخیر مۆدەی تاران بوو، بە قوربان و ســەدەقە ڕانەمریشک دەرخواردی منداڵان دەدرا.

قوتابخانە، ماڵێکی دیکە

چوونەخوێندنگەی من و عەتای کوڕەمامم، ڕقەبەری و تەنانەت جار هەبوو شــەڕ و نێوان ناخۆشــیی برایان و خوشکانیشی لێ دەکەوتەوە. ئەگەرچی پێشتر مام و پوور لە سایەی دایک و بابمدا دەژیان و تەنانەت بۆ یەکیش بوون و هەر لەژێر ســەقفی وانیش ژیانی هاوبەشــیان پێک هێنابــوو، بابم، کاکە گیان و دایکم، باجی گیان و چوار منداڵەکانیشــیان ڕۆح و گیانــی مــام و پــوور بــوون. ژیانێکی پڕ لە ســادەیی و ســۆز و خۆشەویســتی لە شــارە خنجیلانەکەی ســابڵاغ، کە زۆربەی خزم و دۆســت و ئاشنا بوون، دەگوزەرا و ڕۆژبەڕۆژ بەرەو ژیانی خۆشتر و دەوڵەمەندبوون دەچوون.

بــە هاتنەدنیــای یەکەم منداڵیان؛ عەتــا و دواتر چوونی ناو کۆڵان و یاریکردن و سەرشکاندن، شــەڕی منداڵانیش هەرچەند ئاشتبوونەوەی یەکجار خێراشــی لەگەڵدا دەهات، جاروبار دەبوو. من و حوسێنی برام لــە تەمەنــدا زۆر نزیــک بوویــن و شــەو و ڕۆژ لە یــاری و کۆڵان و مەدرەســە بەیەکەوە بووین، عەتاش هەر هاوتەمەنی ئێمە بوو، ئەویان بردە ئەو مەدرەسەیەی پوورم لێی مامۆستا بوو، هەرچەند مەدرەسەی کچان بوو. عەتا نازدار و پاکوخاوێن و وەک کوڕە دەوڵەمەندان وێنای دەکــرد، زۆر جاران دەکەوتە بەر هێرشــی کوڕانی گــەڕەک و فڕاندنی پایســکیل و گیرفانەکانــی، دەبــوو من و حوســێن ئاگامــان لێی بێت و تەنانەت شــەڕی لەســەر بکەین. عەتــا لە لای باب و بــە تایبەت دایکی هەرگیــز خۆی خەتابار نەدەکرد، کە دەکەوتە بــەر لێکۆڵینەوەی؛ بۆ وا

پیس بووی و کوا پارەکانت و چی و چی، یەکسەر هەمووی بەسەر من و هەندێک جاریش حوسێندا دەهێنا. مامم بە هۆی ئەوەی دوکاندار بوو و پوورم مامۆستا، وەک دەڵێن زۆر زەلیل و گوێلەمستی پوورم بوو.

زەبیحی و ژن و یەکسانی

لێرەدا گەرەکمە لە باسەکەم لا بدەم و ئاوڕێک بدەمەوە سەر یەک لە گرنگ و مرۆڤایەتیترین دیاردەکانی ناو کۆمەڵ، ئەویش یەکسانی، یان عەدالەتی نێوان ژن و پیاوە لەناو کۆمەڵگەدا. هەموو دەزانین یەک لەو دیاردانەی لە سەدەی ڕابردوو، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا مشتومڕ و باسی گەورە و تەنانەت شۆڕشی لێ کەوتووەتەوە، پرسی ژنان و بەرابەری و مافەکانیان بووە، تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا.

دایک و پوورم هەر زۆر زوو بە منداڵی، بابیان کۆچی دوایی دەکات، لەگەڵ دایکیان دەکەونە ژێر سەرپەرشتی و لوتفی برای گەورەیان، کە یەکێک لە دامەزرێنەر و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان دەبێت، واتا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و ئەویش بە حەق جێی باوکیان دەگرێتەوە. پێش ئەوەی کۆمار جوانەمەرگ بێت و پەڕیوەی باشوور بێت، خوشکی بچووکی (هاجەر)، دەنێرێتە مەدرەسەی کچان لە کۆماری کوردستان، کە تازە دامەزرابوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی گوایە دایکم لە تەمەنی منداڵی لایداوە، مامۆستاکەی پێی دەڵێت: «تۆ بۆ هاتوویە ئێرە، بۆ ناچیە ماڵی مێرد؟!» دایکم ئەوکات دە دوازدە ساڵی دەبێ، زۆر بە خۆیدا دەشکێتەوە و دەچێتەوە ماڵ. لەگەڵ دایکیدا دەست دەکات بە کڵاوچنین و دروومانکردن و بوخچە دروستکردن. بوخچە پارچەیەکی جوانی چوارگۆشەی یەک مەتری بوو، دەهاتن ئەو پارچەیەیان بە کۆمەڵە بەنێکی ڕەنگاوڕەنگ، کە پێیان دەگوت مارگا، گوڵدووزی دەکرد و بە دەرزی و دەزوو و ئەم مارگایانە، زۆر جوان دەیاننەخشاند و وێنەی سروشت و گوڵیان لێ دەچنی، بە تاقەت و

سەبرێکی بێوێنە و هەزاران تەقەڵ بە چەند ڕۆژان بوخچەیەکیان ئامادە دەکرد. هەر ئەو کارەشیان بۆ مەلافە و جلوبەرگی دۆشەک و لێفەی خەوتن دەکرد. بۆ تێوەپێچانی جلوبەرگ، لە کاتی چوونی حەمام، لەجیاتی ساک و جانتا، بوخچە بەکار دەهات.

گریانی بووک

دایکم ئەو زوڵمەی نەچوونی مەدرەسەی، هەرگیز پێ فەرامۆش نەدەکرا و مەراقێکی گەورە بوو لەسەر دڵی. پوورم هەر بە پارەی فرۆشتنی بوخچە و سەرکڵاوەچنینی دایکی و خوشکی خوێندی و بوو بە مامۆستا. دوای کۆمار و بەتەنیامانەوەی لەگەڵ دایکی پیر و خوشکە بچکۆلانەکەی، بەبێ ئەوەی بزانێت و هەست بە هیچ بکات، دەینێرنە ماڵی مێرد و خۆی دەیگێڕاوە ئەو ڕۆژەی ژنان بە بووک بردوویانە بۆ ماڵی باوکم، ئەوەندە منداڵ و کرچوکاڵ بووە، کاتی ئێوارێ ئەو ژنانەی لەگەڵیدا هاتبوون، هەڵدەستن بڕۆن، ئەویش چارشێو بە سەردا دەدات تا لەگەڵیاندا بڕوات، کەچی دەنگی دەدەن و دەڵێن، لەمەودوا ئێرە ماڵی تۆیە. ئیدی زۆر دەگری و بەجێی دێڵن.

زمانی سابڵاغی

مامم بۆ شتکڕینی دوکان، هاتوچۆی تارانی دەکرد و لەم ڕێگەیەدا زۆر دۆستی دەوڵەمەند و ڕەئیس و گوریسی پەیدا کردبوون. پوورم لەناو ئیدارەی فەرهەنگدا، واتا پەروەردە، زۆر ناسراو و خاوەن کەسایەتی بوو، لەگەڵ کاربەدەست و خاوەن پۆست و مەقامی شاردا تێکەڵاوییان پەیدا کردبوو، ئەمانە بووبوونە هۆکار، تەنانەت لە ماڵی دوو خوشک و دوو برادا جیاوازیی چینایەتی و فەرهەنگییەکی زۆر زەق خۆی نیشان بدات. بە کورتی ماڵی ئێمە لادێیی و شەعبی، ئەوانیش تاراندیدە و شارستانی و بەپۆز وێنا دەکران، تەنانەت ئەمە وای کردبوو، زمانی ئاخاوتن و دواندنمان جیاواز بێت، ئەوان زۆرتر و بە زۆری

وشــەگەلی فارســی و بەئەداوئەتوار لەناو زمانــە کوردییەکە بهاوێن و ئێمەش زۆر سابلاغییانە لەگەڵ یەک بدوێین.

دایکــم وەک کچەهەژارێک دێتە ماڵی مێرد، تەنانەت بۆ یارمەتییەکی بچووکی دایک و خوشــکی، چاولەدەستی مێردەکەی دەبێت، لە تەمەنی بیســتوچوار ساڵیدا خاوەنی چوار منداڵە، لە ماف و شارستانییەت هیچ نازانێــت و تەنانــەت خوێندن و نووســین فێر نەبووە، لە لای ئاســاییە پیــاوی مــاڵ بەکەیفــی خۆی بــکات و هیچ نرخــی بۆ دانەنێــت و بگرە جــار هەبوو بە شــەق و زللەش تێی بکــەون و جێوبانی لێ فڕێ بدەنە نــاو کــۆلان و بە گریــان و پاڕانەوە ڕێی ژوورێــی بدرێتەوە. بە چلەی زستان بە ئاوی ترومپا جل و کۆنەی منداڵان بشوات و زۆر لە ڕۆژان چەنددەســت میوان بە خواردن و نوســتن و هەڵگــرە لە بەریان، بەڕێ بکات. لە کۆمەڵگەی شێســت حەفتا ساڵ پێش ئێستای سابلاغ، زۆربەی ژنان کۆیلەیەک بوون بە دەست مێرد و کۆمەڵگەوە و دەبوو بۆ کڕینی دوو شــایی[1] بنێشــت چاولەدەســتی مێرد بان و هیچ ســەرچاوەیەکی سەربەخۆی ماڵیی خۆیان نەبوو.

دەسەڵاتی پارە

پوورم کارمەند و کاربەدەستی میری بوو، حقوق و مووچەی گەلێک لە مامم زیاتر بوو، یەکڕاست دەدرا بە خۆی، سەوادی بوو و ئاگای لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و جیهان بوو، فێری مافەکانی خۆی و پاراستنیان بووبوو. ئابووریی سەربەخۆ و ڕۆشنبیری وای کردبوو، پوورم بەسەر مامماندا زاڵ بێت و بە پێچەوانەوە دایکم کۆیلە و بندەستی بابم بێت.

دەگەمــە ئــەو ئەنجامە لە کۆمەڵگــەدا هەتا ژن خاوەنــی ئابووریی ســـەربەخۆ نەبێت، ناتوانێت ڕزگاری ببێ لە چەوساندنەوەی پیاوەکان، ئەمــە خــۆم لە ژیانــی بنەماڵەییــدا پێی گەیشــتم و بــڕوام پێیەتی. خۆ ئەگەر ســەیرێکی مێژوویــی و ڕەوتی بەرەوپێشــچوونی کۆمەڵگەکانی

١- یەکەی پارەی ئێران لە سەردەمی قاجاردا.

مرۆڤایەتییــش بکەین، زۆر بە زەقی دەردەکەوێــت لەناو ئەو کۆمەڵگە، یــان وڵاتانــەی ژن، مــاف و ئازادییەکانی خۆی دەســتەبەر کردبێت و پێــی گەیشــتبێت، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە لە هەمــوو بوارەکانی ژیان و بە تایبەت پێشــکەوتوویی ئابووری و پەروەردە لە سەرووی وڵاتانی تری جیهان وەســتاون و لە زۆر کێشــە و ئاڵۆزیــی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کۆیلایەتی و کۆلۆنیالییش ڕزگاریان بووە. ژن بە سەربەخۆیی ئابووری دەتوانێــت شانبەشــانی پیاو ئــەو کۆمەڵگەیەی تێیــدا دەژی بیگەیەنێتە ترۆپکی ئاســوودەیی و ســەربەخۆیی. چاوخشاندنێکی خێرا بە وڵاتانی سکاندیناوی و ئەورووپای ناوەند، کە تێیاندا ژن بە مافەکانی یەکسانی و بەرابــەری لەگــەڵ پیاو تا ڕادەیەکی زۆر گەیشــتووە، ئەم ڕاســتییە دەردەخــەن هەمــوو کۆمەڵگەیــەک بەبێ یەکســانیی مافــی ژن و پیاو، سەقەت و دواکەوتووە!

دایکــم هەرچەند پوورمی وەک گەورەکردن گەورە کردبوو، لە ماڵی خــۆی زەماوەندی بــۆ گێڕابوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارانەی ســەرەوە، خــۆی لەو پێ کەمتر بوو، دەتوانم بڵێم لێیشــی دەترســا و بە بیانووی «هاجەر شێتە» ترس و شەرمی خۆی دەشاردەوە. جلوبەرگ، هاتوچۆ، چۆنایەتــی و شــێوەی خــواردن، میوانــەکان و هەســتان و دانیشــتن و ئەتەکێــت و جــۆری قســەکردن و بەکارهێنانی وشــەگەلی فارســی، دابونەریــت و فەرهەنگی، ئێمەی لێــک جیا دەکردەوە. بە کورتی پوورم ئەو سەردەم، ئەمڕۆیی بوو و دایکیشم دوێنێیی بوو.

خەتاکانــی عەتــا و خۆپیســکردن و لێدان و کوتــان و پارەونکردن و هەمــوو کەتنەکانی، بەزۆری بەســەر من و حوســێندا دەهاتن. بەڵام ڕەقیب و بەرامبەری عەتا زۆرتر من بووم تا حوسێن، هۆکاریش ئەوە بــوو حوســێن هــەر خــۆی منداڵێکی ئارام و لەســەرخۆ و لە شــەڕ و هەڵاتهەڵاتنــدا، دوورەپەرێــز بوو. هەر ئەوەندە پوورم بە شاتەشــات و گریــان و لەخــۆدان پێلی عەتــای دەگرت و دەهات بــۆ لای باجی و بە دایکمی دەگوت: ها باجی بزانە عەلی چیی کردووە و چیی بەسەر عەتا

هێناوە؟! باجییش سـوور دەیزانی عەلی نەبێ، لە کۆڵان کوڕانی برسـی و جلشـڕ عەتـای هەر دەخۆن و کوڕە نازدارەکـەی بەرگەی دوو ڕۆژ ناگرێت، عەتاش یەکسەر بۆ ئەوەی خۆی دوور بخاتەوە لە شەڕی دایکی دەیگـوت؛ مەمـان! عەلی وام پێ دەکات. ئێمە بە دایکمان دەگوت باجی و دواتریش دایە، بەڵام منداڵانی مام و پوورم بە لاسـایی فەرەنگسـتان دەیانگوت «ماما». ئیتر عەلی لێدان و داغ و سـیاچاڵ، چاوەڕێی دەکرد و عەتاش بەناو بازاڕدا کەباب و ئایسکریمی بۆ دەکڕدرا و سەدان جار بە قوربان و سەدەقەی دەبوون و بەگوێیدا دەگوترا ئیتر مەچۆ بۆ لای ئەم لادێیی و وەحشی و بێفەرهەنگ و بێ«کلاسە»!

ژێرزەمینێک پڕ لە ترس و نامۆیی

من لەدایک نەبووبووم، دەڵێن ئەو خانووەی ئێمە زۆر قووڵ بووە و هەژدە پلیکان دەبوو لە کۆڵانەکەمانەوە بچیتە خوار و بگەیت بە حەوشە. دواتر بابم پڕی دەکاتەوە و دێتە تەڕازی کۆڵان، بەڵام بنی هەموو ژوور و هـۆدەکان ژێرخانێکی حوجرە بە حوجرەی زۆر تاریک و نمدار بوو. بیرمە لە یەکێک لە حوجرە و تاقەکان ئاو هەڵدەقوڵی. پڕ بوو لە شـتی زۆر کۆن و داروپەردوو، کوپەی گەورە و زۆر شـتی سەیروسەمەرە، ئەوەندە تاریک بوو، بە ڕۆژی ڕووناکی هاوین دەبوو چرا لەگەڵ خۆتدا بـەری. من نا، بەس گەورەکان دەبوو سـەریان دانەوێنن بۆ ئەوەی وە میچەکە نەکەوێت. ژنان و خەڵکی گەڕەک دەیانگوت ژێرخانی ماڵی ئێمە بـە تایبەت لە یەکێـک لە حوجرە و تاقەکان جندۆکـەی تێدایە و کەمتر دەیانوێرا ئەندامانی ماڵەوەشمان بە تەنیا و بەبێ چرا بچن بۆ ژێرخان. لە حەوشەڕا، بە پانەوە دەرگایەکی گەورەی ئاسنی زۆر قورس لەسەر پشت، ڕێی چوونی ژێرخان بوو، بە دوو کەس هەڵدەدرایەوە و هەشت نۆ پلیکان بە کۆمەکۆم دەچوویە خوار. پێشخانی یەکەم و ڕووبەڕوو پڕ بوو لە کوپە ترشـیات و مرەبا و خواردەمەنیی زستان و بەرمیلەنەوت و شـتی وەهـا. بە دەسـتی ڕاسـتی پێشـخاندا دەچوویت بـۆ ژوور و

حوجرەیەکی سێ بە چوار و کۆمەڵێک کەرەسە و شتەشکاوی لێ بوو، تاقێکی بچووک لەوێرا ڕێی دەکردەوە بۆ حوجرەیەکی گەورەی دی، کە تا ڕادەیەک پاکوخاوێـن بوو، پەنجەرەیەکی زۆر بچووکی لە بنمیچەکە ڕوو بە حەوشــە تێـدا بوو، کزەڕووناکییەک دەهاتــە ناو حوجرەکە، بە دەســتی چەپی پێشــخانەکەدا چوار حوجرەی بەسەر یەکەوە هەبوون، کــە پــڕ بوو لە دار و ســووتەمەنی و گوێنی[1] و کشــپەڵ[2] و ســەدان شــتی بەکەڵــک و بێکەڵک. ســێهەم حوجرە و ژێرخان بــوو، دەیانگوت جندۆکەیان لێ دیوە!

ئیتر هەر کە پوورم بە شاتەشات و عەتا بە گریانی درۆینە بەربینگی دایکمیــان دەگرت، یەکســەر دەرگای ژێرخــان هەڵدەدرایەوە، بە نقورچ و شــەپەلاغە و دارکارییەکی تێروتەســەل، فڕێ دەدرامــە ناو ژێرخان و دەرگای ئاســن، بــە نەعرەتــە و شریقەوشــیخ دادەخــراوە و دوو بەردی گەورەی دەســتاڕی لە ســەر دادەندرا. جارجــار بەبێ گوناحی حوسێنیشــیان لەگەڵم دەخســت. لە دەســپێکدا هێند لە ئازار و ترســان دەگریام، فرمێسکە وشــکهەڵگەڕاوەکانم لەسەر کوڵمەی سپی و ناسکم قەتماغەی دەکرد و بە مشــتەکۆڵە بچووکەکانم ئەوەندە چاوەکانم ڕێک دەگووشــی، دەبرژانەوە و فرمێسک وشــکایی دەهات، چڵم و فرمێسک تێکــەڵاو دەبوون و شــۆڕاوکەیان بۆ نــاو زار و دەمم دەچووەوە. جار هەبوو ئەوەندە دەگریام، لەسەر عەرزە تەڕ و شێدارەکە خەو دەیبردمەوە و بێدەنــگ دەبــووم، گەورەکانیش بیریان دەچووەوە منداڵێکی شــەش حەوت ساڵان لەم ژێرخانە تەڕ و تاریک و پڕ لە دووپشک و جاڵجاڵۆکە و مێروو، بە تەنیایە و ئەوەندەی هەنسک داوە جەرگ و دڵ و ڕیخۆڵەی خەریکە دێنە دەر.

ئــەم بێرازکردنە تەنیا جارێک و دوان نەبوو، هێند دووپات کرایەوە

١- گوێنــی، گیایەکی دڕکاویی خۆڕســکە، کەتیرەی لــێ پەیدا دەبێت و بۆ سووتان و تەندووریش بەکاری دێنن.
٢- کشــپەڵ، پشــقەڵ، ڕیخی مەڕ و بزن، وەک تۆک خڕە و بۆ ســووتان و تەندوور بەکاری دێنن.

بیرم لە جێخۆشــکردن کردەوە. وردەوردە ورەم دایە خۆ و دەجووڵام و زۆر بە ترسەوە سەرم لە حوجرەکانی دی دەدا و بە تاریکی ڕاهاتم، بەڵام هەر نەمدەوێرا بە لای حوجرە و هۆدەکەی جندۆکاندا بچم.

ئــەوەش یــەک لــە داب و پــەروەردە هــەرە ســەقەتەکانی وڵاتانی ئیســلامی و ڕۆژهەڵاتــی بوو، کە منداڵیان بە شــتی درۆ و ترســهێنەر بــار دێنا. بۆ ئــەوەی منداڵ بــەدوور بگرن لە کارێــک، پەنایان دەبردە بەر تۆڵە، جەهەننەم، ڕۆژی قیامەت، ســووتانی ناو ئاگر، گۆڕەوشار و دەیان حیکایەتی دوور لە ڕاســتی، وای لە سایکۆلۆژیی منداڵ و گەورە دەکرد بڕوای بە خۆی نەبێت و هەمیشە ترسی لە دڵدا بێت و لە مردنی خۆی بە هۆی ئەم حیکایەت و درۆیانە، زیادە لە حەد بترسێت و مردن وەک ڕووداوێکی سروشــتی سەیر نەکات. ئێمە بە گشتی لە مردوو، لە گۆڕســتان و تاریکی دەترســێین، بەزۆری ئەوەندە ترســمان لە مردنی خۆمان نییە، بەڵکو بیر لەوە دەکەینەوە دوای مردن و لەناو گۆڕدا چیمان بەسەر دێنن. زۆربەی مەزهەبەکان و بە تایبەت ئیسلام بۆ کەلەپچەکردن و خۆفەرزکردن بەســەر مرۆڤەکاندا، پەنایان بردووەتە بەر ترساندن و تۆقاندن و تا ڕادەیەکی باشــیش هەتاکو ئێســتاش ســەرکەوتوو بوون، تەنانــەت بە هۆی ئەو هەموو درۆیەی لەســەر لەشــی بێگیانی مردوو بۆیان کردووین، زۆربەمان بە تاریکی لە گۆڕســتان دەترسێین، کەچی لە زۆر وڵاتاندا گۆڕستان بە چەشنی پارکێکی جوان و دڵگیر بۆ پیاسە و کاتبەســەربردنە. ئەوەنــدەی پــەروەردەی دینی بیریان لە ترســاندن و تۆڵەلێکردنــەوە کردووەتەوە، هەوڵیان نەداوە بە ڕێگەیەکی زانســتی منــداڵ پــەروەردە بکرێــت و لەجیاتــی بەکارهێنانی عەقــڵ و لۆجیک و زانست، ڕێگەی ئاسان و کاریگەر واتا ترس و تۆقاندنیان بەکار هێناوە بــۆ بەکۆیلەکردن و هەڕەشــە لە مرۆڤــەکان. ئــەم کۆمەڵگەیانە بوونە کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێباوەڕبەخۆ، ترسنۆک، گێل و دوور لە عەقڵ و زانســت و لۆجیک! ڕەنگە گەورەکان بۆ پاراســتنی شــتە خۆشــەکانی وەک، ترشــیات و هەنگوین و مرەبا و گوێز و بادام

و... گوتوویانـــە ژێرزەمیـــن جندۆکەی لێیە و منـــداڵ نەیوێراوە بچێت و دەستیان بۆ بەرێت!

ژێرخانەکەی عەلی

بـــۆ خۆدزینـــەوە و خۆخافڵاندنـــم، نازانـــم چۆن دوو ســـێ وشـــەی ئایەتەلکورســـی فێـــر بووبـــووم، بەبێ ئـــەوەی هیچ لە ماناشـــی بزانم، یەک پشـــوو زۆر بە هەڵە دەمگوتنـــەوە و دەجووڵام. هێدی هێدی ترس دەڕەوییەوە و نەدەما، کەوتمە بەر پشکنین و ئەملاوئەولاکردنی شتومەک و ئەشـــیا کۆنەکانی ناو ژێرخان. هۆدە و حوجرەیەکم دەستنیشان کرد و هەمـــوو جـــار دەچوومە ئەوێ و ماڵە بچکۆلانەیەکم لە شـــتی بێکەڵک و کۆنەشـــکاو بۆ خۆ دروســـت کـــرد، ئیتر بەبێ ئەوەی لێـــم بدەن، یان دە ژێرخانێـــم باوێن، یان شـــکایەتم لێ بکەن، خۆم دەچووم و زۆربەی کاتەکانـــم تا گـــەورەش بووم و چوومە ناو تەمەنـــی مێرمنداڵییش، هەر لەوێ بەسەر دەبرد. ئەو شوێنە بە کردەوە بەڕەسمی کرا و ناو نرا ماڵ و ژێرخانەکـــەی عەلی، تەنانەت زۆر لە گەورەکانیـــش نەیاندەوێرا بێنە ئەوێ. ئەوجار لەناو ماڵەوە و ڕێک لە بان ئەو ژێرخانەی خۆم، وایەری کارەبـــام بـــەرداوە خوارێ و بەرقم بـــۆ ماڵە بچکۆلانـــە و عەجایبەکەم ڕاکێشا. یەک دوو جار بە شەو و لە کاتی کارکردنم بۆ ڕاکێشانی کارەبا و ناشارەزاییم، وا هات شۆرتی گەورە دروست ببێ و فیوزی ڕەئیسیی ماڵ، کە لەوســـەری حەوشـــە و نزیک لە کۆڵان بوو، بە دەنگی بەرز و ئاگرلێکەوتنەوە دەرپەڕێت و خامۆشی بەسەر هەموو ماڵەوەماندا بێت. ئیتر کە بابم لە ماڵ دەبوو، نەعرەتە و سەگبابگوتنی لە هەموو گەڕەکدا دەنگی دەداوە و عەلی کونەمشـــکی لێ دەبووە قەیســـەری. بە یارمەتیی مامۆســـتا و یـــەک دوو خـــزم، ئاخریەکەی خۆم فێری ســـەرەتاییەکانی کارەبایی کرد و ژێرخانم وەک ڕۆژی ڕووناک لێ کرد. بە دڵ حەزم لە ماڵەکـــەم بوو، زۆربەی کات لەوێ بووم و لەناو ژێرخانی جندۆکەکاندا ڕۆژبەڕۆژ پەرەم بە دەسەڵاتداریی خۆم دەدا.

لــه پۆلی حەوت بــووم، هاوڕێیەکم ناوی حەســەن بوو، کوڕەفەقیر و بابێکی زۆر بەدفەڕ و چەقۆوەشــێن و عەرەقخۆری هەبوو، خۆیشی دواتر هەر ئەم ڕێگەیەی گرتە بەر و وازی لە خوێندن هێنا. حەسەن منی وەک برا خۆش دەویســت و منیش بۆ ئەو وەک برا بووم و هاتوچۆی ماڵی یەکمان دەکرد. ئێمە زۆر پێکەوە بووین و بەیانیان بەدوامدا دەهات و لە قەراغی شار بەیەکەوە دەچووینەوە قوڵکەی کەران.

کەرگاین

قوڵکەی کەران، چاڵێکی گەورە بوو لە تەنیشــت پردی تازەی شــار، لە سەردەمی ژێکافدا لەوێ مرۆڤێکی بەئەمەکی ئەندامی ژێکاف، بێستان و ســەوزەی بۆ فرۆشــتن لێ کردبوو. بیرمە مەدرەســەی ئێمەیان لەم قوڵکەیــە دروســت کرد، شــەش پۆلێک بــوو، لە بێســتان و باخەکەیان دابــڕی، بەشــەکەی تری هەر بێســتان و سەوزەفرۆشــی بــوو. من و حەســەن، بەناو دێراوی ســەوزە و خەیار و تەماتەدا دەچووینەوە ناو حەوشــەی مەدرەسەکەمان. خەڵکی لادێی دەوروبەری شار بەیانیان بە کەر و ئێستر دەهاتن بۆ شار، ماست و ڕۆن و دۆیان دێنا بۆ فرۆشتن. دواتــر، پاش وردکردنەوەی ڕســق و ماڵیان، کەرەکانیــان لەم قوڵکەیە دەبەســتەوە و خۆیان دەچوون بۆ ناوشار و حەمام و کەبابخواردن و قەنادی[1]چوون. ئیتر بە هۆی ئەوەی ئەم بەشەی شار و مەدرەسەکەی ئێمــە بــە هاوین و زســتان دەیــان و بگــرە زیاتر گوێدرێــژی لێ بوو، (قوڵکەی کەران)یان بەسەردا بڕی. یەکەم جار بە چاوی خۆم بەیانییەکی زوو لەگەڵ حەســەندا، بەرەو هاوین بوو، دەچووینەوە مەدرەسە، دیتم پیاوێک لەســەر بەردێک وەســتاوە و خەریکی گاینی گوێدرێژێک بوو، هەر قوشــقی بووم و نەمدەزانی شتی وا دەبێت، حەسەن غاری دایە و ڕەپێی نا و کابرا هەڵات، خۆشــیی ئەو ڕۆژە و زاوابوونمان لێ تێک دا و بە هەناسەساردی لێیدا ڕۆیشت!

١- قەنادی، دوکانی شیرینی و ئایسکریم و ساردەمەنی.

سەربان بۆ سەربان بەفر

بیرمە زستانی ئەوکات لە ماڵی خۆمانەوە بە سەربانەکاندا دەچووینەوە مەدرەسـه، بەفـر ئەوەنـدە زۆر بـوو، ئەوەندەش لە سـەربانەکان، کە دەیانماڵی و لە کۆڵانەکانیان دەکرد، کۆڵان و بانەکان دەکەوتنە تەرازی یەک و ئیتر هەر بە خلیسکێنە و بان بە بان دەچووینەوە بۆ خوێندنگە. لە کۆڵانەکانی شاردا تەنیا تولەڕێیەک دەکراوە و دیواری ئەم تولەڕێیانە لە بەفر بە بەرزی دەگەیشـتنەوە سـەربانی ماڵەکان، زسـتانی ئەوکات ڕۆژ هەبوو دوو سـێ جار بانەکانیان دەماڵی و بانماڵ بە وەروەرەی[1] سـەر شـانیان بە کۆڵاناندا دەگەڕان و هاواریان دەکرد؛ بانماڵ بانماڵ... ئیتـر ئـەوەی کوڕ یان پیاوی نەبا بانگیان دەکردن و بە یەک دوو تمەن بانەکانیان دەماڵین، سەقفی ئەوکات هەمووی دارەڕا بوون، بۆیە بەرگە و تاقەتی بەفری قورسیان نەدەگرت و زۆر جار بانەکان تێکدەقرمان و زەرەر و زیانی زۆری جێ دەهێشت.

لەجیاتی ئەسپ

ماڵـی بابـی دایکم، کە ئـەوکات تەنیـا خاڵە محەمـەد و خاڵۆژنم و کچەکەیـان و جارجاریـش نەنکـم لێی دەژیان، ڕێک لەسـەر هەورازی کۆڵانی دەرمانخانەی ئەیووبیان و ساڵەزادەی بوو. دواتر یەک لە یەکەم دوکتۆرەکانی سابڵاغ، کە ئەرمەنی بوو، دوکتۆر بنیامین هاتە خانوویەک بەرامبـەر ماڵـی خاڵم، ڕێک لە ناوقەدی هەورازەکـە. ماڵی ئێمە و خاڵم هەر هەشـت بۆ نـۆ ماڵی نێوان بوو، مەیدانچەی حەسـەنزادە دەکەوتە ناوەڕاسـتی ماڵـی ئێمە و خاڵم. لە گۆشـەی خـوارەوەی مەیدانچەکە، ماڵـی مامـەی نەفتی بوو. مامەی نەفتی مرۆڤێکی ناسـراو و باش بوو، کۆشـێکی منداڵ و خوێندکار هەبوو. مامەی نەفتی زۆر کەس دەیناسی و خۆشیاندەویسـت، عارەبانەیەکی پێ بوو، خۆی لەجیاتی ئەسـپ یان

١- بێڵێکی پانە بۆ بەفرماڵین.

گوێدرێژ دەچووە نێوان دوو قۆڵەکەی و بە سـینگ و دەسـتەکانی لێی دەخوڕی، پشـتی داشـقەکەی دە دوانزە چەلەنگ نـەوت بوو، هاواری دەکـرد نەفـت، نەفـت! جلوبەرگـی مامـەی نەفتـی گەلێـک عەنتیکە و سەیروسەمەرە بوو، یەک دوو پانتۆڵ و کەوا نەبوو، بەڵکو چەندانەیەک بوو بەسـەر یەکـەوە لە بەری دەکردن، هەمـووی نەوتاوی و ڕەش و پیـس بوو، لـە دوورەوە بۆنی نەوتی لێ دەهـات، پێڵاوەکانی جووتێک پۆسـتاڵی فشوفۆڵ بوو، زۆر جاران لە هەورازی ماڵی خاڵم داشقەکەی بۆ سەر نەدەخرا و گەر تووشی باین لەگەڵ حەسەن بە گاڵتە و پێکەنین لـە پشـتەوەڕا پاڵمـان بۆ پێوە دەنا و سەرماندەخسـت. زسـتانان ئەم هەورازە لەبەر سەهۆڵ و خلسکێنەی کوڕانی گەڕەک، وەک شووشەی لێ دەهات، پاتەی لاسـتیکمان لە پێ دەکـرد، ئاورمان دەکردەوە و بنی پاتەکانمان لەسەر ئاگرەکە ڕادەگرت تا دەهات سنووری تواندنەوە، بەم شـێوەیە پێڵاوەکانم لووس و ئامادەی خلیسـکانێ دەدرا زستانانە بە هۆی لووسـیی هەورازەکە بۆ مامەی نەفتی گەلێک زەحمەت و عاستەم بوو لە سـەرکەوتن و دابەزینی ئەم هەورازە و ماڵەکەشـیان هەر وەک گوتم لە سـەرووی هەورازەکە بوو، ڕۆژانە دوو سـێ جار دەبوو لێی بچێتە خوار و لێی بێتەوە سەر. مامەی نەفتی زستانان پۆستاڵەکانی کە تا نزیک ئەژنۆی دەبوون، بە پێچەوانەوە چەپ و ڕاست لە پێی دەکرد، دەیگـوت ئـەوە وەک سـتۆپ و تورموز وایە و خۆمی پـێ دەگرمەوە! مامەی نەفتی یەک لە ڕوخسـارەکانی لەبیرنەچووی گەڕەکی ئێمە بوو. سـیما و چرچولۆچی نێوچاوان، لەشی شەکەت و ماندووی، جلوبەرگی ژاکاو و ئەو بارە قورسـەی سەر عارەبانەکەی، هەموو کەسێکی بیری ئەم گوتەیەی مامۆسـتا هەژار دەخسـتەوە: «ئای مردن لە کوێی ژیان کوشـتمی». مامەی نەفتی کۆشـێک منداڵی بەم تەرزە پێگەیاند و دواتر من لە شاخ بووم، بیستم کوڕە گەورەکەی بووەتە دوکتۆر و مەتەبی[1] خۆی هەیە.

١- مەتەب، شوێنی پێشوازیی دکتۆر لە نەخۆشەکانی، عەیادە.

منداڵانی لاسار

بەشێک لە گەڕان و خۆخەریککردن و یاریی منداڵانی شارەکەی من؛ کەلاوەگەڕان، قەریقەرێن، داروهەلووک، نانانێن، خوزێن، مێشێن، تۆپێن، شەڕەگەڕەک، میرمیرێن و... بوو. سەردەمی منداڵیی ئێمە هیچ یاریگە و شوێنی وەرزشی، تایبەت یان جێیەک بۆ بەسەربردنی کاتی بەتاڵ نەبوو. هەبوو نەبوو کۆڵان و سەرجادەکان و کەلاوە کۆنەکان هەبوون. تۆپێن و داروهەلووک و هەموو یارییەکانی دی هەر لە کۆڵان و شوێنی هاتوچۆی خەڵک دەکران. کۆڵانەکان خۆڵ و بەردڕێژ، یان قوڕوچڵپاو و بەفر بوون، زیاتر لە پانزە بۆ بیست منداڵ بەیەکەوە شەقمان لە تۆپ هەڵدەدا، یان هەموو بەیەکەوە لە غارغاردێندا بووین، هاتوهاوار و تەپوتۆزێکمان دەکرد لە مەیدانی شەڕ، خراپتر و گەورەکانیش هیچ چارەیان نەبوو جیا لە قبووڵکردن و خۆلادان. جارجاریش جنێو و نێوی بابیان دێنایین. شووشەی ماڵان شکاندن و دیواری سواخ ڕوخاندن، پیشەی ڕۆژانەمان بوو، شکایەت و هاتنی لای دایک و بابەکانیش شەڕی گەورەی لێ دەکەوتەوە و دەبوو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، شادی و یاری دەبوو نرخەکەی شەقی گەورەکان بێت.

چیرۆکەکانی باوکم

لەگەڵ ئەوەی باوکم پیاوێکی زۆر ماندوو و نەوەستاو بوو، بە ڕۆژ زۆر هیلاکی کار و پارەپەیداکردن دەبوو، زۆر شەوان کۆی دەکردینەوە و حیکایەتی بۆ دەگوتین. حیکایەتی باوکم لە ڕاستیدا زۆرتر بیانوو بوو بۆ پێداهەڵگوتن و نیشاندانی عیشق و خۆشەویستیی خۆی بۆ من. حیکایەتەکان هەرگیز تەواو نەدەبوون و هەر شەوەی سەرگوزشتەیەکی نوێ بوو لە «عەلی شێرکوژ و براکان و دێوەکان». دڵنیام حیکایەتەکانی بابم لە تەمەنی پێنج شەشساڵیمدا شوێنی زۆریان لەسەر ئایندە و ژیان و کەسایەتی و تەنانەت هزر و چارەنووسیشمدا

دانـا. حیكایەتەكانی بابم هەر ئەو كات دایدەڕشـتن، كـە هەموومان لە دەوری كۆ دەبووینەوە، زۆرتر سەرچاوەی لەو ئەفسانە و داستانانەی لە قاوەخانەكان لە زمانی نەقاڵەكان یان شانامەی فردۆسی بیستبوونی، دەگرت. لە زۆربەی حیكایەتەكانی بابمدا كوڕێكی ئازا و پاڵەوان هەبوو، ناوی عەلی شێركوژ بوو، كاتی خۆی لە جەنگەڵی گوندەكەیان شێرێكی كوشـتبوو، ئیتر عەلی شـێركوژ بووبوو بە نازناوی. عەلی چەند برای دەبـێ و لە دەوروبەریان چەند دێوێك بوون، كە ئازاری خەڵكیان دەدا و مەترسـی بوون لەسـەر وڵات و... هەر جارە عەلی دەچووە شـەڕی دێوێك، براكانی یان خۆیان دەدزییەوە، یان لە شەڕەكەدا عەلی شێركوژ برایەكـی لە دەسـتی دێوەكـە ڕزگار دەكرد و دێوەكـەی بۆ جەهەننەم دەنارد، یان براكان خەریكی كەیف و خۆشی بوون و عەلی لە دارستان و شـاخان خەریكـی ڕاوی دێـو و ناحەزان بوو، یـان عەلی بۆ ئەوەی خەوی لێ نەكەوێت و كێشـكی برایانی بكێشێت، پەنجەی خۆی دەبڕی و خوێی تێ دەكرد و...

زللەیەك لە مامۆستا

مـن ئەوكات پێم وا بوو بابم لە خۆشەویسـتیی من، ناوی پاڵەوانی حیكایەتەكانـی كردووەتـە عەلـی و بەڕاسـتییش لـە هەموو خوشـك و بـراكان زیاتـر تامـەزرۆی حیكایەتەكانـی بابم بـووم و زۆر جاران بەڕاستی هەستم بە پاڵەوانیی خۆم دەكرد، ئەم هەستە وای لێ دەكردم مەغـروور بـم و ناحەقی لە كەس قبووڵ نەكەم، كـە ناحەقیم بەرامبەر دەكـرا و هیچم بۆ نەدەكرا، لە قین و حەسـرەتا تێرتێر دەگریام. بیرمە لـە پۆلـی حەوت بـووم، مامۆسـتاكەم زۆر بە ناحەق ویسـتی لێم بدا، گوتـم من نەبـووم و تێكەڵاوی شـەڕی هاوپۆلەكان نەبـووم. هەر من گوتم و سـوێندم خوارد، ئەو نەیسـەلماند و شـولكی بەرز كردەوە و لێـی دام، منیـش یەك زللەم لـێ دا و هەڵاتم! ئەوكات ئـەم كارەی من لـە جوملەی بەرد بـە كەعبەداندا بوو، چەند ڕۆژ خۆم شـاردەوە و لە

ئاخردا بە هەزار تکاوڕجا ڕایانگرتمەوە و مامۆستاکەم زۆری قین لێ هەڵگرتم. لەناو منداڵانی گەڕەکیشدا بەڕاستی بزوێنەری هەموو چالاکی و تیمدروستکردن و بزێوی و سەرشێتیی منداڵان بووم، دەستەیەکمان هەبوو بۆ تۆپێن و شەڕەگەڕەک و یاری، پێمان دەگوت دەستەی «عەلی جاوید»، ئێستاش نازانم ئەم «جاوید»ە لە چییەوە هاتبوو، لە کتێبی مێژووییدا وا بزانم سوپایەک لە شەڕە کۆنەکاندا هەبوو بە ناوی جاوید! ئیتر عەلی پێش دەکەوت بە دار و قوماشێک بە سەریەوە و دە بۆ پانزە منداڵ بەدوایدا. توورەکە لە خۆڵە پۆتینە[1] و لم پڕ دەکرا، لەسەر سەرمان زۆر بە توندی هەڵماندەسووڕاند و لەپڕ قۆچەقانیئاسا دوورمان هەڵدەدا و تەواوی گەڕەک لەبەر تەپوتۆز چاوی هەڵنەدەهات. بە کورتی گەڕەکمان وەک مەیدانی شەڕی پاڵەوانەکان لێ دەکرد و زۆر جارانیش بە توورەکەی پڕ لە خۆڵەوە دەچووین بۆ شەڕەگەڕەک.

یەک لەو بەدفەڕییانەی دەمانکرد، خۆهەڵاوەسین بە داشقەی ئەسپ بوو. ئەوکات ترۆمبێل زۆر کەم بوو، زۆربەی خەڵک بۆ هاتوچۆ، یان شتومەکگواستنەوە لە داشقە یان عارەبانەی ئەسپ کەڵکیان وەردەگرت، ئێمەش لە پشتەوەڕا سێ چوار منداڵ خۆمان پێدا هەڵداوەسی و داشقە بە غاری ئەسپ وەک بای شەماڵ بە جادە و کۆڵانەکاندا دەفڕی و جاروباریش دەکەوتینە بەر قامچیی تیژ و درێژی داشقەچی، خۆ ئەگەر هاتباو وەشوێنیکمان کەوتبا زۆر بەئازار بوو. یەکەم هاوڕێی جوانەمەرگم وا بزانم پۆلی سێ و چواری سەرەتایی بووین، کاوە ئیمامی کوڕی میرزا ڕەحمانی ئیمامی، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف بوو، لە یەک پۆل و سەر مێز و کورسی دادەنیشتین، هەموو کاتەکانی مەدرەسە بەیەکەوە بووین و بەیەکەوە هاتوچۆمان دەکرد. کاوە هەتا حەز بکەیت منداڵێکی جوان و پاکوخاوێن و لەبەردڵان بوو، سپی و ناسک وەک منداڵە ئەورووپی بوو، لەناکاو گوتیان کاوە مرد! گۆیا خۆی بە داشقەوە هەڵواسیوە، جا یان کەوتووە یان بەر قامچیی

١- خۆڵی زۆر نەرم.

داشــقەچی کەوتــووە، ئەوە یەکەم لەدەســتدانی هاوڕێیەکی نزیکم بوو. بەداخەوە دواتر لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا دەیان هاوڕێم تێدا چوون و شەهید بوون.

هاوڕێی گیانیبەگیانی

مەدرەسەی من و حوسێن ڕێک لەوسەری شار بوو، لە بناری کێوی داشــامەجید[1] و تەنیشت چرابەرق[2]. لە ڕۆژدا دوو جار دەچووینەوە بۆ مەدرەســە، بەیانیان دەچووین و نیوەڕۆیان دەهاتینەوە بۆ نانخواردن و پشوویەک، سەعات دوو دیسان دەستی پێ دەکردەوە تا چوار و نیو. بە زســتان و بەهار و پاییز ئەمە ڕێگەی هەموو ڕۆژێکمان بوو. پۆلی یەک، حوســێن بە تەنیا لە مەدرەسەیەکی ناوشار بوو، ساڵی دواتر لەگەڵ مندا ئەویشیان گواستەوە بۆ مەدرەسەی سەعدی، کە بەڕێوەبەرێکی زۆر باش و دڵســۆزی ســابڵاغیی هەبوو. ڕۆژانە جانتایەک بە کۆڵەوە، دووبەدوو لەگەڵ حوسێندا ڕێی مەدرەسەمان دەگرت، بە پێی دوو منداڵی وەک ئێمە تەواو دوور بوو، زســتانان سەرما و کڕێوەی موکریان ناوبانگی هەبوو، بەفر زیاد لە مەتر دەکەوتەوە، مەدرەسەی ئێمەش قەراغ شار و لە بناری کێوە بەناوبانگەکەی شــار، داشــامەجیددا بوو، زۆر جار سەرماوسڕ بە تایبەت دەســت و پەنجەتەزێن، بڕســتی لێ دەبڕیم، دەگریام و حوســێن لەسەر حاڵی خۆیەوەڕا دەستەکانی دەگوشیم و لە گیرفانی خۆی دەنان. پاییز و بەهاران جەوێکی دیکە بوو، هەموو ئەو ڕێیەمان بە شەڕەشــەق و غارغارێن و فشــقیات دەبڕی. ئێمە لە برا دەرچووبووین، دوو هاوڕێی گیانیبەگیانی بووین. نهێنیی یەکترمان دەپاراســت و لای گەورەکان وەک عەتــا فزوولــی و دووزمانیمان لەیەک نەدەکرد و تەنانەت لەســەر یەکتر لێشمان دەدرا و ئیعترافمان لەسەر یەک نەدەکرد.

١- داشامەجید، کێوێکی بەناوبانگە لە مەهاباد.
٢- چرابەرق، کارەبای ســابڵاغ پێشتر مولیدە بوو، لەوێوە دابین دەکرا و ئێواران کاتی تاریکی هەڵیان دەکرد.

له چرابەرقەوە، پەنا مەدرەسەکەمان جۆگەی ئاو هەبوو، لەمبەر و ئەوبەری گەورەترین جادەی شار کە ڕێک شاری دوو بەش دەکرد. کارێزێکی زۆر خوڕێن و پڕئاو لەناو حەوشەی چرابەرق هەبوو، ئەم ئاوە بەم جۆگەیانەدا بە خوڕ دەهاتە خوار و دەچووەوە چوارڕێی بێهداری[1]، دواتر بوو بە چوارڕێی ئازادی، ئەوجار لەوێرا بۆ چوارچرا و بە تەنیشت قوڵکەی کەراندا دەچووەوە چەمی گەورەی سابڵاغ، کە دواتر بەنداوی لەسەر دروست کرا.

کەشتیی سفرەکان

ماوەیەک بوو لە دەرس و مەشق کەمتەرخەم بووم، بە گشتی تەلەبەی چاک بووم، نازانم پۆلی یەک یان دوو بوو، چەند جارێک سفرم وەرگرت، گوتم حوسێن نابێت بە کەس بڵێی، ئەویش گفتی دەدا. وەرەقەی سفرەکانم دەکردە کەشتی، زۆری لێ شارەزا بووم، کەشتیی وام بە کاغەزی دروست دەکرد، هەڵنەدەوەشا. کەشتیی سفرەکانم لە جۆگەی داویشتن، لەگەڵ کەشتیی منداڵانی دیدا کێبەرکێمان دەکرد، سفرەکانی من تیژ دەڕۆیشتن و خۆیان لە چۆمی داویشت، ئەو ڕێگە دووروودرێژە، قەراغە و قەراغ جۆگە، لەگەڵیاندا هەڵدەهاتین و چاودێریمان دەکرد ئاخۆ ئی کاممان دەیباتەوە.

ساڵی خوێندن سێ بەش بوو، پێیان دەگوت سولس، پاییز تەواو دەبوو ئیمتحاناتی سولسی یەک دەهات، ئەوجار زستان و پێش پشووی نەورۆز ئیمتحانی سولسی دوو، ئینجا بەهار تەواو دەبوو؛ ئاخری مانگی جۆزەردان ئیمتحانی گەورە و سولسی ئاخر دەدرا. ئەو ساڵە گوتم، لە یەک یان لە دوو بووم لە سولسی یەک زۆر خراپ کەوتبووم، لەگەڵ حوسێندا تەکبیرمان کرد باسی نەکەین، مودیر کە دۆستی بابم بوو، نامەیەکی دا بە حوسێن تا بیداتە بابم، زانیمان سەبارەت بە خراپیی ئیمتحاناتی منە، نامەکەشم کردە کەشتی و خۆی گەیاندە دەریا. پاش

١- بێهداری، دایرەی تەندروستی مەهاباد.

ماوەیــەک مودیــر، کە زۆر جار پیاوانی شـــار لەبــەر دوکانی بابم، یان مامــم کۆوەدەبوون و دوکانەکانیان لە ناوەڕاســتی شــار بوو، بە بابم دەڵێ: نامەکەت ســەبارەت بە خراپیی ئیمتیحاناتی عەلی پێ گەیشــت؟! بە حوســێندا بۆم ناردی! (بابیشم، کە ئاگای لە هیچ نییە) دەڵێ: نەوەڵڵا شتی وام نەدیوە! جا چۆن عەلی تەمبەڵە؟!

ئیتــر بە پەلــە لێکۆڵینــەوەی توندوتیژ دەســتی پێ کرد و ئاشــکرا بــوو عەلی هەموو ســفرەکانی کردووە بە کەشــتی و لە ئاوی جۆگەی هاویشــتووە. لە سەردەمی ئێمەدا لە مەدرەسە بەیانیان پێش چوونمان بــۆ پۆلەکان، هەموو خوێندکاران لە حەوشــە ڕیز دەکران و پێشــەکی سروودی ئێران و شەهنشا، دواتر وەرزش، چەند حەرەکەیەکی دەست و قــاچ و مــل، ئەوجــار نایبــی مودیر پێمــان دەگوت نــازم، کۆنترۆڵی پاکوخاوێنیی دەکرد، دەســتەکانمان شــەق لە تەنیشت یەک ڕادەگرت و ئەویش پێدادەهات بە وردی ســەیری قژ، پانتۆڵ، چاکەت و بنی نینۆک و دەســتەکانی دەکردین، هەر شــوێنێکی بەدڵ نەبا ئەوە بە ڕاستەکەی دەســتی یان شــوڵکی تەڕ یەکڕاســت لەو شــوێنەی دەدا. لە هەمووی ناخۆشــتر، سەرمای زســتانان و ئەو هەمووە بەپێوەوەستان، ئەو کاتە بوو کە بە ڕاســتەکە لە پشتی دەســتی ڕەقوتەقی دەداین. هەبوو منداڵ خــۆی بــۆ ڕانەدەگیرا و شــۆڕاوکەی میز لەنــاکاو دەهاتە خــوار، ئیتر کارەسات بوو کارەسات بۆ ئەم منداڵە!

ئــەوکات مەدرەســەکان بــۆ خــواردن بودجەیــان هەبوو، شــیر و نانــی گــەرم و هێلکــە و ڕۆنیکەرەیان دەداینێ، هەڵبەت کە من دەســتم بــە خوێندن کرد، هەر ئەو ســاڵە بــوو، دواتر ئــەمناندانەیان هەڵگرت، پاشــان لە ئاخروئۆخری زەمانی شادا بۆ منداڵانی سەرەتایی، خواردن لە مەدرەســە ســەرەتاییەکان تا پۆلی پێنج داندرایــەوە و پێیان دەگوت «تەغزییە»، کە زۆری گەندەڵی تێدا دەکرا.

دوو ســێ ڕۆژ دوای ئاشــکرابوونی کارنامــەی ســفرەکانم، بەیانی دوای خوێندنــەوەی ســروود، لەنــاکاو مودیــر هاتــە بەرامبــەر ڕیزی

خوێندکارەکان، چوو بۆ سەر کورسییەک و دەستی بە قسە کرد، زانیم چ باسە، مەرگم بە ئاوات دەخواست بە کونی لووتمدا بێتە دەر و گیانم دەرچێت! دەی دەی پێدا هاتەخوار و هەموو حیکایەتەکە و سفرەکانم و شاردنەوەیانی باس کرد، کێشەکە ئەوجار بۆ ئاغای مودیر من نەبووم، بەڵکو حوسێن بوو، کە بۆچی نامەی مودیری نەگەیاندووە؟! بێدەنگییەکی بەسام ئەو حەوشەیەی داگرتبوو، گوێم لە لێدانی دڵی خۆم و حوسێن دەبوو، زۆری قسە کردن و هۆشم نەمابوو، بانگی حوسێنی کرد چوو بۆ پێشەوە، شوڵکی تازە و تایبەت هێنرا بۆ ئاغای مودیر، بگرە بەریدەست، دەیان شوڵکی لە بەری دەستی جوان و بچووکی حوسێن دا، نازانم بۆ لە تاوان و لە شەرمان نەمردم. سولسی سێ و لە تاقیکردنەوەی ئاخری ساڵدا لە هەموو مەدرەسە نمرەی سێهەمم بەدەست هێنابوو، وێنەیان لە ڕۆژنامەی گەورەی ئێران، ئیتلاعات چاپ کردم. دەبێ ئێستاش لە ئەرشیڤیدا مابێت!

گریانی دایکی نیشتمان

بیرمە پۆلی سێ بووم، شارەکەمان سەرتاپا ڕەشپۆش بوو، سیمایەکی گەشت نەدەدیت، خەفەت و بێزاری، ڕقوکینە لە ڕوخساری گەورەپیاوان و لاوان و ژنان بە ئاشکرا بەدی دەکرا، شار بۆنی خوێن و کەلاکی کۆنی لێوە دەهات، ئاسمان جاربەجار ڕەش دادەگەڕا و جادەکان تاریک دەبوون، سەرباز و تفەنگ و سەرنێزە لە گەڕان و هاتوچۆدا بوون، ئای کە چ ژانێکە دایکی نیشتمان دەیگرێت، کاتێک پیرەپیاو و گەورەیەکی شار و سەردەمی کۆمار پێشی بە فرمێسکەکانی ناگیرێت و لەناو کۆڵان و جادەی شار دەستبەئەژنۆ دێتە خوار و لەبەرخۆیەوە بە سرتە و چپە، پڕ بە دەروونی هاوار دەکات ئەیەڕۆ پشتم شکا، پەکوو لەم کارەسات و خوێنخۆرییە، ئای کە ئاستەمە کوڕت شۆڕەسواری مەیدان بێت و بە دەستی پیاوی خوێڕی و ژاندەرمی شا بێتە کوشتن. دەبێ دار و بەرد، ئاسمان و زەوی بێنە گریان و دایکی

نیشـــتمان بکەویتە قژڕنین لەتاوی لاواندنەوەی بەســۆی خوشکی کاک لەدەستچوو، ئاهـ و نالەی خوشکانی شۆڕەسواران و دایکانی سەرسپی، ئاگری لە عالەم بەردەدا و بەردی دەتواندەوە. ڕێبوارەکان بە ئەســپایی و بە بێدەنگی بە چاوی زەق و فرمێسکتێڕژاو دەیانڕوانییە یەکتر و بەم نیگایە هەزاران وشـــە و پرســـیار و تۆڵە و حەماســـە دەهاتە وێناکردن. ئای بۆ وێنەکێشـــێک و چیرۆکداڕێژێک ئەم ڕۆژانەی شارەکەمانی وەک تابلۆ و ڕۆمانێکی تراژیدی نەخشاندبا. ئەم شارە لەوەتی هەیە شینگێڕە، ڕێک بیست ساڵ پێش بوو کۆمارە ساواکەی کوردستان، سەری بڕدرا و ســـەرۆکەکەی بـــە دارەوە کـــرا. دەڵێن ئەوکاتیش دایکی نیشـــتمان بۆ کۆمار و شەهیدەکانی سەری خۆی دەقوڕ نابوو، بسکی سپی و ئاڵۆزی هەڵدەسووڕاند و توکی لە ئاسمان دەکرد، ئەمڕۆش دوای بیست ساڵ لە هەمان چوارچرا، جەستەی بە گوللە بێژینگکراوی منداڵە چاوگەشەکانی کۆمـــار لە پەیژە بەســـتراون و بە عەموودەکانـــی چوارچرایانەوە ناون و ســـەربازی عەجـــەم هەر بۆ ئیهانە، ســـوتووی جگەرەکەی لە کەللەی سەریان دەکات، ئەوەم بە چاوی خۆم بینی.

مەیتی جوامێران

شۆڕشـــی لاوەکانی دوای کۆمار، ســـاڵانی ٦٧-١٩٦٨ی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە دەستی پیسی شای ئێران و هاوپەیمان و بەکرێگیراویی شـــای گۆڕبەگۆڕ، هەندێک لە ســـەرکردەکانی کوردی باشـــوور و مەلا مســـتەفای بارزانـــی، تێکوپێـــک شـــکابوو. دەردی ســـەرباری دەردان شۆڕەسوارانی ڕۆژهەڵات بە دەستی کورد و سەرۆکی بەناو باشووری کوردستان بۆ خۆشخزمەتی شای دژەکورد، هاتنە شەهیدکردن و ئاگری شۆڕشـــێکی کوردیان خامۆش و بێدەنگ کرد. نۆ دە ساڵان بووم، بەبێ ئەوەی دەستی چەپ و ڕاستی خۆم ناسیبێت و عەقڵم بە دنیا شکابێت، لەناکاو مەیتی ئەو جوامێرانەم بینی، بە پشـــت جێبەوە ڕایاندەکێشن، بە

نەردیوانەوە[1] شریتپێچکراون و شوێنی دەیان فیشەک بە جەستەیانەوە بــوو. یەک لەمســەری کــۆڵان و ئەوی تر لەوســەری چوارچرا و یەک لەمســەری شار و ئەوی دی لەوســەری بازاڕ، هەموویان بە دارتێل و پایەدیوارانەوە نابوون و سەربازێک بە تفەنگ و سەرنێزە لە تەنیشتیان وەســتاوە و گاڵتــە بە ڕێبــواران دەکات و بەوپەڕی بێشــەرمی دەڵێن، وەرن چاولێبکەن، ئەوەیە عاقیبەتی خیانەت بە شاهنشامان!

سەرکردەکانی شۆڕشی ڕۆژهەڵات، کاک سولەیمان موعینی و کاک عەبدوڵلای برای، کاک سمایل شەریفزادە، سەدیق ئەنجیری، مینە شەم، ساڵە لاجانی، مەلا ئاوارە، قادر شەریف، خەلیل شەوباش و... بە دەستی شــای ئێران و مەلا مستەفای سەرکردەی شۆڕشی باشوور کوژران و بــە زیندوویی، یان بە مردوویی تەســلیم بە ســاواکی ئێران کرانەوە و شۆڕش لە ڕۆژهەڵات بۆ ماوەیەک بێدەنگ و خامۆش کرا.

چ دەبوو وا نەبوایە؟!

لەناوچوونــی ئــەم شۆڕشــە زەرەر و زیانێکــی یەکجــار قورس و قەرەبوونەکــراوی لە هەموو بــزاڤ و جووڵانەوەکانــی چوار پارچەی کورد دا، بە تایبەت ڕۆژهەڵات و باشــوور. ڕێک بیســت ســاڵ پێشــتر بوو یەکەمین کۆماری کوردســتان هەر لەم شــارەدا ســەریان بڕی و جوانەمــەرگ بوو. شــۆڕش، مێژوو یان ڕەوتــی ڕووداوەکان بە ئەگەر وا بــا و ئەگــەر وا نەبا نایەتــە چوارچێوەی لێکدانەوەیەکی زانســتی و ناشــکرێت بکرێتە ڕاستبینی، بەڵام دەبێ هەڵسەنگاندن و خەسارناسی بۆ بکرێت و بۆ دوارۆژ و نەوەکانمان، ببێتە وانە و ئەزموون.

ســاڵی ١٩٤٦ کۆمار لە سێدارە درا و دەسپێکی شەستەکان شۆڕش بــە بەشــدارییەکی بــاش و پڕ لە نوخبــە و ڕۆشــنبیری هەڵکەوتوو، لە شاخەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەخماخەی لێ درا. ئەم شۆڕشە بە پێشــەوایی ســیکۆلار و چەپەکان و نوخبەی عەدالەتخواز و بڕوابوون

١- نەردیوان، پەیژە.

بــە خەباتــی چینایەتی، ڕابەری دەکرا و بەراورد بە تویژ و دروشــم و بەشــداریی پان و بەرینی عەشــایر و دەرەبەگەکانی سەردەمی کۆمار، هەنگاوێکی گەلێک پێشــکەوتووخوازانە بوو. ڕێک دە ســاڵ دواتر تاج و تەختی شــای ئێران ســەروژێر و لە ژێر پێی کۆمەلانــی خەڵکی ئێراندا پڵیشــایەوە. فەرزەکانم ڕوون و ئاشکرایە و مەبەستمە بڵێم گەر کۆمار وا زوو چۆکــی دانەدابــا و عەشــایر و دەرەبەگەکان و بارزانی پشــتی کۆماریــان بــەر نەدابــا و قازی محەمەدیــان بە تەنیا جێ نەهێشــتبا و شۆڕشێکی نەتەوەییان لە شاخە سەختەکانی هەردوو دیوی کوردستان هەڵگیرساندبا، هەر دە دوازدە ساڵ دواتر بە سەدان خوێندکار و چالاکی نەتەوەیــی و پێشــمەرگەی ئــازا و گیانلەسەردەســتی وەک: موعینــی، شــەریفزادە، مەلا ئاوارە، ســالە لاجان و قادر شەریف و مەلا محەمەد زەنگەنــەکان، لە دیوی گەرمێنیش ئەوە پــڕ دەبوو لە مام جەلال، عەلی عەســکەری، عومەر دەبابە، ئارام، نەوشــیروان، مولازم ئەنوەر مەجید ســوڵتان، بابە شــێخ و مامەڕیشــەکان و هەر وا یارمەتییش دەدران بە دەیانــی وەک نەجمەدیــن بیوک کایا لە دیاربەکــرەوە و زۆری دیکەش لە کوردســتان پشتی ئەم شۆڕشــەیان زیاتر قایم دەکرد. ئەم خەیاڵ و ئارەزووە بە ئاشــبەتاڵی مەلا مســتەفا لە ١٩٧٥دا بە مــاوەی کەمتر لە بیستوچوار سەعات، بوو بە بڵقی سەر ئاو.

گوتم؛ لە ئاخروئۆخری ساڵانی پەنجاکاندا تەنیا دە ساڵ دوای کۆمار، بە دەیانی وەک دوکتۆر قاســملوو، ئەحمەد تۆفیق، کەریم حیســامی و سیراجییەکان یاخی بوون لە شای ئێران و ڕوویان لە شاخ و شۆڕشی باشــوور کرد. لە ساڵەکانی نیوەی دوایەی شەستەکاندا، شاخ و دۆڵ و نــاو شۆڕشــی ئەیلوول پڕ بوو لە خوێنــدکاری زانکۆ و لاوانی لادێ و شارەکانی ڕۆژهەلات، بەتەمای ڕاپەڕین و شۆڕشێکی نەتەوەیی دەستیان دابووە چەک و شەڕی پارتیزانی، کە ئەوکات لە زۆربەی جیهاندا باوی بوو و زۆربەشیان سەرکەوتن. ئەمانە هەمووی بۆ بەرژەوەندیی شای ئێران بە دەســتی ســەرکردەکانی شۆڕشــی ئەیلوول و شەخسی مەلا

مســـتەفا، یـــان کـــوژران، یانیش بە مردوویـــی و زیندوویی تەســـلیم بە ســـاواک و حکومەتی پەهلەوی کران و جووڵانەوە و شۆڕشـــی لاوانی ڕۆژهەڵات دیسان هەر وەک کۆمارەکەیان جوانەمەرگ بوو. لە خەیاڵی خۆمدا دەڵێم ئەگەر جووڵانەوەی ٦٧-٦٨ لە ڕۆژهەڵاتدا لە شاخەکان و بە پارتیزانی بەردەوام با و دە ســـاڵ دواییش حکومەتی ئێران لە ســـاڵی ١٩٧٩دا ئـــەم بەڵایەی بەســـەر هاتبا و ئێمەی کورد بـــە ئامادەیی تەواو و شۆڕشـــێکی چەکداری لە پشتمان، بەرەوپیری ئاڵوگۆڕییەکانی ئێران چووباین، تۆ بڵێی تووشـــی ئەو هەموو بێئەزموونی و کارەســـاتە باین، کە لە ســـەرەتاوە کۆماری ئیســـلامی بەســـەری هێناین؟! یانیش دیسان دەڵێم تۆ بڵێی لە ســـاڵانی پێش شۆڕشـــی ئێراندا بـــە دەیانی وەک کاک فوئاد و سەعید موعینی و حەمەحوسێن کەریمی و خوێندکارانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە زیندانەکانی شـــادا بەند کرابان، یان ئەوەتا کە خەتەریان هەست پێ دەکرد ڕوویان لە شاخەکان و شۆڕشەکە دەکرد.

بەجێهێشتنی سەرانی کۆمار، ئاشبەتاڵ و تێکوپێکدانی جووڵانەوەی شەســـتەکانی موعینی و شەریفزادە لە ڕۆژهەڵات، بە هیچ خەسارەیەک بەراورد ناکرێت و میزانی زەرەر و کارەساتەکانی، کە بەداخەوە دەستی کوردیشی تێدا بووە، تەسەور ناکرێت و ڕەنگە گەر ئەم دوو سێ شتە وا نەبوونایـــە، زۆر کارەســـاتمان لـــە مێژووی کورددا، وەک: شکســـتی کۆمـــار و ئیعدامی ســـەرکردەکانی، لە بەندکردنی ســـەدان شۆڕشـــگێر و خوێنـــدکار لە زیندانەکانی شـــای ئێراندا، ئەنفـــال، کیمیایی، هەڵەبجە، کۆڕەو، قەلاچۆکردنی گوندەکان و کوشتاری بە کۆ و ئیعدامی لاوەکانی ڕۆژهەڵات و شکستی جووڵانەوەکەمان نەدیبا!

ئەمە سیامەندی موعینییە

نیوەی ســـاڵ بوو، لە ناوەڕاســـتی وانەگوتنـــەوەدا، مودیرەکەمان لە دەرگای دا و هاتە ژوور.

مامۆستا یەکسەر گوتی: هەستنە پێ.

هەموو هەستاین.

فەرموون دانیشن.

منداڵێکــی مووقرژیــی چنگ تێوەناچێی زەرد و ســووری ناســک و ڕوخسار لادێیی و سووتاو، بە کەوا و پانتۆڵ و پشتێنی تا سەر سینگ، منداڵێک بە جلوبەرگی پیرەپیاوان، دەستی ئاغای مودیری گرتبوو. مودیر گوتی، ئەمە سیامەندی موعینییە. خۆشەویستی منە و لە ئەمڕۆوە دێتە پۆل و هەموو یارمەتیی بدەن، لە وانەکان دوانەکەوێت. هۆدەکە پڕ بوو، هەمووی نیمکەتی سێ نەفەری بووین، من لە پێشی پێشەوە بووم، خۆم بچووک کردەوە و جێگەم بۆ کردەوە، گوتم: با بێت لە لای من دانیشێت. ئەوە پەنجا ســاڵ پێش بوو، هات و دانیشــت، ئیتر بووینە هاوڕێ. زۆر نەبوو کە مەیتی باوکیان هێنابووەوە شار و خۆیشی لە گوندی سونێی قەلادزێوە لەگەڵ دایک و خوشکی ساوای هاتبوونەوە ماڵی باپیری.

دیســان هەر ئەم ســاڵە کارەســاتێکی گەورە و دڵهەژێن شارەکەی گرتــەوە، ئەمجــار لافــاو و ئــاوی بێڕەحم. ســابڵاغ ئــاوەڕۆی نەبوو، بۆیــە زۆربەی بەهــاران لافاو دەیگرتەوە و بە ســەدان کەس ماڵوێران و شــتومەکیان وەســەر ئاو دەکەوت. لافــاو زۆرتر گەڕەکــی خڕێ، کە دەهاتەوە ســەر چوارڕێی ئازادی و گەڕەکــی یەرغووی دەگرتەوە، کە دەچــووەوە بۆ لای پــردی یەرغوو و چۆمی شــاری. ماڵە پوورێکم لە گەڕەکــی خڕێ بوو، پوورێکیشــم لە یەرغوو بوون. هــەردوو فەقیر و ماڵەکانیان خشــتی گڵ و ســواغ بوو، هەر زۆر زوو دەتلیسایەوە، پڕ بە جادەی سەرەکیی شار، شاپووریان پێ دەگوت، وەک چەمێکی قوڕاوی و بە گرفە و لوورە ئاو دەهاتە خوار، مرۆڤەکان خۆیان لەبەر نەدەگرت و ئــاو تا ســینگی گەوران دەهــات، مەنجەڵ، نوێن و بان، ســەماوەر و قاپوقاچاخ و کورسی و تەنانەت هەندێک جار سەیارە و هەموو شت بە گــوڕی لافاو بەرەو خوار دەبوونــەوە، ماڵوێرانی و ماڵبەقوڕگرتن ئەوە بــوو کە دەماندیت. خەڵکی لەگەڵ یــەک زۆر یەکدڵ و یەکگیان بوون و کەس لە یارمەتیدان درێغیی نەدەکرد، ئێمە بەشــێکمان بەرەو ئەو ماڵی

پــوور و ئــەوی دی بۆ ماڵــی پوورەکەی گەڕەکی یەرغــوو دەچووین. شــین و گریان و ڕۆڕۆ هەموو شــاری گرتبووەوە. گەڕەکی ئێمە باش بــوو، بــە هۆی ئەوەی بەرز بوو لافاو نەیدەگرتــەوە، هەموو دەچووین بــۆ یارمەتیی گەڕەکەکانی دیکە و ماڵمان پڕ دەبوو لە خزم و دۆســتی ماڵوێران و لافاوبردوو!

ئاخروئۆخــری ســاڵانی ٦٠ و ســەرەتاکانی ٧٠ی زایینیی ســەدەی ڕابــردوو، بە هــۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گەشــەی ئابووریی ئێران، خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر لە خۆشــگوزەرانیدا دەژیان، وردەوردە لــە کۆمەڵگــەی ئێــران چینــی وردەبــۆرژوا ســەری هەڵــدەدا، ڕادەی خوێنــدەوار هــەر دەهــات و زیــادی دەکــرد، تەنانەت دایــک و باب و پیرەکانیــش دەچوونــە خوێندنــی شــەوانە، ئەکابیریان[1] پــێ دەگوت. کردنەوەی دانشسەرا، هەمان پەیمانگەی مامۆستایان ڕوو لە زیادبوون بوو، تەنانەت لە مەهاباد دانشســەرای کچان کراوە بۆ پەروەردەکردنی مامۆســتایانی کچ. کوڕان دوای نۆ ســاڵ خوێندن، زۆربەیان دەچوونە ڕەزائییــە (ورمێ)، یان شــاری خۆیە کە دانشســەرای کوڕانی لێ بوو، دوای دوو ســاڵ دەهاتنــەوە یەکســەر دەبوونــە مامۆســتا و لەجیاتی ســەربازییش هەر ڕەوانەی دێهات دەکران بــۆ وانەگوتنەوەی منداڵانی لادێ. بۆ لاوێکی حەڤدە هەژدە ســاڵان پیشەی مامۆستایی و مووچەی نزیــک بە هــەزار تمەن، ئیتر پاشــایەتی بــوو. وردەوردە وای لێ هات جادەکانــی مەهاباد پــڕ بوون لە ترۆمبێلی ئەم لاوانــە و ئیتر دەبوو لە چوارڕێیانــەکان پۆلیــس و مــروور دابندرێن، ئەوەش کۆمەڵێکی باشــی لاوانی برد بۆ لای خۆی و هەرکەس تەنیا شــەش پۆل خوێندنی هەبایە بۆ مەدرەسەی پۆلیس قبووڵ دەکرا. زۆربەی هاوڕێیانی مەدرەسەم لە پۆلی نۆ بەرەو دانشسەرا بوونەوە لە خۆیە و ڕەزائییە، کۆمەڵێکیشمان

١- ئەکابیر، مەدرەســەی شەوانە بوو بۆ گەورەساڵان، دوای ڕیفورمی شا «شۆڕشــی سپی» لە ساڵانی ١٩٦٢دا بوو کە دەگوترا هەموو کەس دەبێ خوێندن و نووسین فێر ببن.

بەتەمای زانکۆ، دەبوو خوێندنی دواناوەندی و دەبیرستان تەواو بکەین و دیپلـۆم وەرگرین بۆ ڕێگەپێدان لە زانکۆکانی ئێران، کە ئەوکات تەنیا زانکۆی دەوڵەتی هەبوو، کە زۆریش نەبوون، تەنیا لە شارە گەورەکانی وەک تاران و تەورێز و شیراز و... هەبوون.

شـا بە لێشـاو دەستی کرد بە قەرزدان بە مامۆستا و کارمەندان بۆ کڕینـی خانوو و سـەیارە و شـتی تر، تا ڕادەیەکی بـاش لە خافڵاندنی لاوان و دوورکەوتنەوەیان لە حەز بە کاری سیاسـی و شۆڕشـگێڕی، سـەرکەوتوو بوو. لە سابڵاغ، کە مەکۆی خەڵکانی سیاسی و نەوەکانی کۆمار بوو، چەند بنەماڵەیەک نەبێت کە لاوەکانیان سەریان لە سیاسەت و بیروڕای مارکسی و کوردایەتی دەخورا، ئەوەی تر مەست و خولیای خۆشییەکانی ڕابواردن و مەدح و ستایشی شا بوون. لەم ساڵانەدا حەز و ئـارەزوو بـۆ دامەزراندن لە ئەرتەش و پۆلیس بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی لـە زیادبـوون بـوو. جاران زۆر بـە هەڵکـەوت و دەگمەن بوو لاوێکی سابڵاغی بچێت بۆ ئەم دەزگایانە کار بکات، تەنانەت بە عەیبەش دادەندرا. ئەم خەڵکانە کە لەم دەزگایانە کاریان دەکرد، زۆر جێی متمانە و خۆشەویستی خەڵک نەبوون.

هەنگاوەکانی شا

شـا کـە گەشـەی ئابووریی وڵاتـی دی و لە سیاسـەتەکانی خۆی ڕازی بوو، دەسـتی برد بۆ لەناوبردنی هەموو ئەحزاب و گوتی: ئێران تەنیا یەک حیزبی پێویسـتە. حیزبی «ڕەسـتاخیز»ی[1] دروست کرد و دەبـوو هەمـوو تاکێکی ئێران ئەندامی بێت. سـاواک کە چەند سـاڵێک

١- حیزبی ڕسـتاخیز، حیزبەکەی شا بوو، کە ساڵی ١٩٧٤ بە فەرمانی شا دروسـت بوو، زۆربەی حیزبەکانی دیکەی ئێرانی لەناو خۆیدا تواندەوە و دروشـمی تەنیا یەک حیزب بەرز بووەوە و زۆربەی کارمەند و سەرووی ١٨ ساڵ بە زۆر دەکرانە ئەندامی حیزب و بەو هەنگاوە شا ویستی نیزامی تاکحیزبی بێنێتە ئاراوە و هەموو نیزامی سیاسیی ئێران بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی، هەرچەند زۆریش سەرکەوتوو نەبوو.

بــوو دامەزرابوو، بوو بە دێوەزمەیەکی تۆقێنەر و خەڵکی دەیانگوت لە هەموو شــوێن وماڵێک بوونی هەیە. شا دوای کودەتاکەی موسەدیق[1] توانیبووی خۆی کۆ بکاتەوە و دوای شۆڕشی چەکداری لە ڕۆژهەڵات و تەفروتوناکردن و لەناوبردنی ســەرکردەکانی ئەم شۆڕشــە، خیانەت و بێدەنگیــی حیزبــی تــودە[2] وەک چالاکتریــن و گەورەتریــن حیزبی سیاســی و چەپی مێژووی ئەوکاتی ئێران، ڕێگەی بۆ شا خۆش کرد لە ڕێگەی ســاواک و ئەشــکەنجەی لاوان و خۆشــگوزەرانی و ئیمتیازدان و دەوڵەمەندکردنیــان، تــا ڕادەیەکــی زۆر باش، دووریــان بخاتەوە لە سیاسەت و فکری شۆڕشگێڕی، نە تەنیا خەڵکی ئێران لەدوای موسەدق دەســتیان هەڵگرت لە دژایەتیی شا، بەڵکو شاپەرستی فەخر و شانازی بوو. تەنیا لە موکریان نووزەیەک هەبوو و بە سرتە و لە بنەوە و زۆر بە نهێنی چەند کەسێک هەبوون بە پەیکەرەکەی شایان دەگوت گازەردا!

سیمای شار گۆڕا

ســیمای شاری سابڵاغ، دوای شکانی شۆڕشــی ساڵانی ٦٧ و٦٨ی زایینی و کوشــتن و لەسێدارەدانی ســەرکردەکانی، وەک موعینییەکان و شــەریفزادە و ئەنجیری و مەلا ئاوارەکان و... بە دەســتی شا و مەلا مستەفا، زۆر زوو بە تەواوی گۆڕا و سیمای سیاسیبوون و شۆڕشگێڕیی ئەم شــارە بوو بە ڕاگواســتنی مامۆستا دڵســۆز و کوردپەروەرەکانی شــار بۆ شــارەکانی دووری ئێران و ڕووکردنی لاوان بەرەو خوێندن و دوورکەوتنــەوە لــە سیاســەت. تێکەڵاویــی خەڵــک و چوونیــان بۆ

١- موســەدیق، محەمەدی موســەدیق ســێهەمین ســەرۆکوەزیرانی ئێران بوو لە ســاڵی ١٩٥٢دا، پیاوێکی نیشــتمانی بوو، ویســتی نەوت لە دەستی ئینگلیــزەکان دەربێنێــت و بــە نیشــتمانی کرد، خەڵک ڕژانە ســەر جادە و پاڵپشــتی بوون، شــا هەڵات و ئێرانی بۆ چەند ڕۆژێک بەجێ هێشــت، بە کودەتایەکی ئەمریکا و ئینگلیز هێنایانەوە و موسەدیق گیرا و سوڵتەی شا ئەوەندەی دیکە قایمتر کرا.

٢- حیزبی تودە، یەکەم حیزبی کۆمۆنیستی سەر بە سۆڤییەت ساڵی ١٩٤١، لە ئێران دامەزرا و پەیڕەوی لە سیاسەتەکانی سۆڤییەت دەکرد.

دەرودەشــت، پیاســەی ئێوارانی قــەراخ باخی مکائیل و بلــواری تازە، گۆڕدرا بۆ دانیشتنی بەرامبەر تەلەفزیۆن و زۆرتر بەیەکەوەبوونی ناو ماڵ و خێزان بۆ خۆیان و حەزەرکردنیان لە نامۆیی و بێگانە.

٢

منداڵانی سابڵاخ

من و حەسەن تەنیا شەوەکان دەچووینەوە ماڵ و لێک جیادەبووینەوە، دەنا لە تولحی بەیانییەوە هەتا ئێوارانی درەنگ بەیەکەوە بووین. بوونی حەســەن لە تەمەنی منداڵیــدا بۆ من وەک قەڵایەک بوو. لە ســەردەمی منداڵیــی ئێمەدا، لە شــارەکەم زۆربــەی هەرە زۆری منــداڵان نەدار و کوڕەهــەژار و کرێــکار و لادێیی بوون. شــەڕەجنێو و لێدان و ڕفاندن و جلدڕانــدن لەناو ئەو توێژەدا پیشــەی ڕۆژانەیان بــوو، هەر ئەوەندە لە مەدرەســە و کــۆڵان کوڕە نــازدار و پاکوخاوێنێکیان دەســتکەوتبا، ئیتــر ســابڵاغی گوتەنــی «تەرکــی دۆڵەیــان» پــێ دەکرد، لــە هیچ و خۆڕایــی بەربینگیــان[1] پێ دەگرت و گەڕیان تــێ دەهاڵاند، هەتیوباز و سەرســەرییەکان هەراســانیان دەکرد، بە تایبەت گەر فارس و عەجەم بایە.

گەڕەکی پیاوانی میری، «کوی فەرەح»

شــا لە دەرەوەی شــار نزیک پادگانی ســەربازی، گەڕەکێکی فاخر و مۆدێرنی دروســت کردبوو، هەمووی خانووی جوان و ئەورووپایی بوون، وەک ئەو گوندانەی ئەمڕۆ لە شــارەکانی باشــوور، حکومەت و سەرمایەدارەکان دروستی دەکەن. ئەم گەڕەکە تەنیا و تەنیا بۆ پیاوانی میــری بوو، کــە زۆربەیان لە ئەرتەشــدا بوون و خەڵکــی غەیرەکورد بــوون، بە کرێیەکی زۆر هەرزان دەیاندرایە، هاتوچۆ تەنیا بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان ڕێگەپێدراو بوو. شــوێنێکی زۆر خۆشی شاری گرتبوو، بەرز بوو، دەســتی ڕاســتی شــیو و دۆڵ و بەنداوی شــار بوو، شانی

١- بەربینگپێگرتن، گەڕپێگرتن، پێشپێگرتن، شەڕپێفرۆشتن.

چەپی دەشـــتی پان و بەرینی پادگان و دواتر بەشـــێکی ئەم دەشتە کرا بە «خانەی جەوانان»، واتە ماڵی لاوان، لە پشتەوەڕا دەیڕوانییە شاخ و کێوی مەنگوڕایەتی و جادەی سەردەشـــت، ڕووەکەشی بەرامبەر شارە جوانەکەی ســـابلاغ بوو، پێیان دەگـــوت «کوی فەرەح» و بە ناوی ژنی شـــاوە کرابوو، بیرمە کە تەواو بوو خەڵک دەستەدەســـتە دووراودوور دەچوونە تەماشای و بە تەنیشتیدا پیاسەیان دەکرد، خانووەکان عەرزەکی و ڤیلایی و یەکقات دروست کرابوون، دەروازەی چوونەژووری هەبوو، یەکەم جار بوو کۆڵانی پان و ڕێکوپێکی ئاسفاڵت و قیرکراومان دەدیت، تا ئەوکات تەنیا یەک دوو جادەی سەرەکیی شار قیر کرابوون و هەموو کۆڵانەکان خۆڵ و گاشەبەرد بوون. منداڵی «کوی فەرەح» لە دوورەوە دیار بوون، پاکوخاوێن، جلی جوان، ڕوومەتی سپیوسۆڵ، بە ئیحترام و ئەدەب، جانتای چاک، سەعات لە دەست، کاکۆڵ شانەکراو، بۆنی خۆش و پارە لە گیرفاندا.

منداڵـــە ســـابلاغی دەچوونـــە دەوروبـــەری کوی فەرەح بۆ شـــەڕ و گەڕفرۆشـــتن، هەر ئەوەندە منداڵێک بە تەنیا دەبوو و دوور دەکەوتەوە لە ماڵ و حەرەســـەکانیان، ئیتر منداڵە ڕەشـــوڕووتەکانی شـــار سواری ســـەری دەبـــوون و جلکیان لە بەردا تیتۆڵ تیتـــۆڵ دەکرد و چیی پێ با بەتاڵان دەچوو. بابی زۆربەی ئەم منداڵانە بەرپرســـی باڵای حکومی و ئەرتەش بوون، بۆیە ســـەربازەکان دەبوونە حیمایە و تەنانەت نۆکەر و کارداری ماڵەکانیان، منداڵیان دێناودەبرد، لەناو بازاڕ لە کڕینی شتومەک وەک حەمـــاڵ بەکار دەهێنـــران و لە هاتوچۆکردنـــی خانمی ڕەئیس، لە دواوەی دەڕۆیشـــتن و جانتایان هەڵدەگرت. قسەوباس لە کەشوهەوا و ژینگەی ســـوننەتیی ئەوکاتی شار لەسەر ژن و منداڵی ئەو کاربەدەستە غەیرەکوردانـــە یەکجـــار زۆر بوو، خانمێکی جوان بە ســـەری ڕووت و سینگی کراوە، تەنوورەی کورت یان شەلواری تەنگ، سەربازێکی لاوی جـــوان بە دوایـــدا، دیار بوو خەڵک چیی دەگوت، بە گشـــتی خەڵک زۆر بە ســـووکی و بە بێئەخلاق ســـەیری ژن و منداڵی ئەوانی دەکرد، وایان

دەزانی هەرچی ژنی گروهبان، ئوستوار، ئەفسەر و سەرهەنگ و... بایە ئـەوە حەتمەن بێئەخلاق و حیـزە، هەڵبەت ژینگەی ئەو ژنانەش ئەوەی دەخواسـت کە وا بن، بە هـۆی کراوەیی و سووراوسـپیاوی[1] زۆر و ئازادییان لەچاو ژنی شار، زۆر سێکسی و حەشەری دەهاتنە بەرچاوی پیاوی ئەوکاتی هیچ نەدیو و تینووی کورد. ئەوە بوو، هەر پێشەکی ئەم ژنە عەجەمانە مەحکوم بوون بە سوک و حیز. بە عام ژنی غەیرە کورد زۆر ئازادتر و کراوەتر لە ژنان و کچانی شار دەژیان و پەیوەندییان بە پیاوان و کوڕان سروشتی و ئاسانتر دەچووە پێش. لە بیرمە ژنی یەک دوو گروهبان و ئەفسـەر ئەوەندە بە زەقی لەگەڵ چەند لاوچاکی شـار دەستیان تێکەڵ کرد، ئیتر لەبەر قسەوباسی خەڵک مەجبوور کران شار بەجێ بهێڵن و ئیشەکەیان بگوازنەوە. بنەماڵە کۆن و سوننەتییەکان زۆر بە کەمی دەیانهێشـت ژن و منداڵیان هاتوچۆی ئەم خێزانە ئەرتەشییانە بکـەن. ئێمەی منـداڵ و مێرمنداڵیش هەر بەم دید و بۆچوونە سـەیری کوڕە جوان و لووسـکەکانی ئەوانمان دەکـرد، کەم نەبوون کوڕی ئەم دەرجەدار و کاربەدەسـتانەی ئەرتەشی شا، کە لە سابڵاغ بە زۆر حیز کران و منداڵە سابڵاغی بە زۆر سواریان دەبوون.

شەڕی کورد و عەجەم

سەردەمێک هەر ئەم ساڵانە کە پۆلی حەوت و هەشت بووم، بیرمە لەناکاو شـەڕی گەورەی کورد و عەجەم هەر لەسـەر ئەم کارانە ساز دەبـوو، لە باخی مکائیل، لە میانـدواو چوارڕێی کەریم جووجوو دەیان شەڕی قورس لەنێوان پیاوان و گەنجانی شاردا لە لایەک و گروهبان و پیاوانی میری لە لایەکی دیکە کرا و بریندار و سەقەتبوونی لێ کەوتەوە. خەڵکانـی وەک محەمەد کانەبی و عەلی دەروێشـی بووبوونە پاڵەوانی لاوانی سابڵاغ لە شـەڕی دژی عەجەمان. هەڵبەت چەند خانەوادەیەکی ئـازەری، بەهایـی و جوولەکە و مەسـیحی لە دێرزەمانـەوە هەبوون،

١- سووراوسپیاو، ئارایش و مێکاپی ژنان.

لەگـەڵ خەڵکی سـابلاغ وەک خوشـک و برایان لێ هاتبوو و بەشـێک بوون لە سیما و کولتووری شارەکە، هەرچەند بە هۆی سیاسەتی هەڵە و دەمارگرژیی چەند کەسێک، زۆربەی ئەوانە لە ترسان دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹دا سابلاغیان جێ هێشت.

لەپەنا کوی فەرەح، ڕێک لە جەمسـەری جادەی سەردەشت لەسەر تەپۆڵکـەی قەراخجادە، دارێکی کۆن هەبوو بە تاقی تەنیا، پێیان دەگوت «تاقـەدار»، نازانـم مابێت یان نەمابێت، بەڵام دیارە پێش سـەردەمانی ئێمـەش ئـەم دارە بووەتە جێـی گفتوگۆ و باسـی تەنانەت شـاعیر و سیاسـی و شۆڕشـگێڕانی شـارەکە، چەند قەبری لێ بوون، دەیانگوت ئەسحابە، یان عەجەمی لێ کوژراوە.

تاقەدار جاران دەیڕوانییە سـەر پردی سوور و ئێستاش دەڕوانێتە سـەر بەنداوی شـار. بەرسـێبەرەکەی جێی ڕاز و نیاز و دەردی دڵی لاوان و خەڵکی تریش بوو، هەبوون بە دزییەوە دوو پیاڵە عەرەقیشیان لـە بن سـێبەری هەڵدەدا و بـەدەم گۆرانیگوتن و قەتـارەی ماملێیەوە بەرەو شار خلۆر دەبوونەوە.

گۆڕی جوولەکەکان

لەگەڵ حەسـەندا زۆر جار بەرەو مەڵبەنـدی کوی فەرەح و تاقەدار هەڵدەکشـاین، ماڵی حەسـەنی هاوڕێم لە تەنیشت کەلاوەیەک بوو زۆر دوور نەبـوو لـەوێ، چاکـە چکۆلـە مەرقەدێک بوو، بە ئـاڵا و پەڕۆی شـڕ و کەسک و سـپی و دەرزیلەوە، گەڕەکەکەش هەر ناوی گەڕەکی چاکەچکۆلە بوو. ماڵی حەسـەن بە تەنیشـت چاکەکەوە بوو. حەسـەن کورتەباڵا بوو، پتەو و ماسـوولکەکانی بەهێز بوون، مسـت و پەنجەی دەسـتی وەک کوتـک وا بـوو، هەتـا بڵێی نەتـرس و ئازا بـوو، منداڵ دەرەوەستی نەدەهاتن، جارجار بە دزییەوە جگەرەی دەکێشا.

لـە پۆلـی حـەوت و هەشـت بووین، ڕۆژێک لـە وانەی علـوم واتا زانسـت مامۆستا باسی فوسیل و پاشماوەی زیندەوەرانی کۆن و بەرد

و شـتی وای بـۆ دەکردیـن، گوتـی هەرکەس بگەڕێت و شـتێکی کۆن و پاشـماوەیەکی مێژوویـی بدۆزێتـەوە و بیهێنێت بۆ مەدرەسـە نمرە وەردەگرێـت. گوتم حەسـەن بچین بۆ کوێ؟! با شـتێک بکەین لە هیی هەموان باشـتر بێت. لە وانەکاندا حەسـەن زۆر تەمەڵ بوو و گوێی پێ نـەدەدا، بـەڵام بۆ گەڕان و چوونی شـاخ و قەراغ چەم و ئاو سـەری پێـوە نەبـوو. دوانیـوەڕۆی پێنجشـەممان زوو بەڕەڵایـان دەکردیـن، حەسـەن گوتی، لە داوێنی شـاخی خەزایی لە باکووری شـار، قەبری زۆر کۆنی لێیە و دەڵێن هیی جوولەکەکانە و هیچ گوناحیشمان ناگا، با بچین بە دڵنیاییەوە شـتی زۆری لێیە. تەدبیری نەدەویسـت و بە پاچ و پێمـەڕەوە وەڕێکەوتین. چووینە ناو قەبرە کۆنەکان و گەڕاین، گۆڕێکی زۆر کۆن و سـافەوەبوومان دیتەوە، کۆڵیمان و دامانەوە تا گەیشـتینە کۆمەڵێک ئێسـقان، ڕێک وەک ئەوەی پێمان دەگوت ئێسکلێت، هەمانبوو لـە تاقیگەی مەدرەسـە لە پلاسـتیک. شاگەشـگە بووم لە خۆشـیان و ترسـێکیش سـەراپای داگرتبووم، بەڵام بوونی حەسـەن و گوێنەدانی بە ترس و ڕۆح و ئەم شـتانە، غیرەتی وەبەر دەنام. تەلیسـمان هێنا و زۆر بە وردی و سەرەخۆیی هەموو ئێسکەکانمان هەڵگرتن، چووینەوە شـار و لە ماڵی حەسەن شـاردمانەوە، ڕۆژی خۆی بردمان بۆ وانەی علوم، لەسـەر مێزی تاقیگە ئێسـقانەکانمان ڕێـک وەک خۆی چنێوە و ڕیزمان کرد، مەدرەسـە و مودیر و مامۆستاکان هەمووی هاتبوون بۆ تەماشا، ئێسکلێتەکەی حەسەن و عەلی شوێنی تایبەتی گرت لە تاقیگەی مەدرەسە و بە هەر کاممان نمرەی بیستیان پێ داین، کە یەکەم ڕوتبەی مومتاز بوو. حەسـەن بە ژیانی بیسـتی وەرنەگرتبوو، گوتی لە ماڵەوە خۆ کەس باوەڕم پێ ناکات!

تاقیگە بچووکەکەی ژێرخانەکە

ژووری ژێرخانەکـەم لـە ماڵـەوە هەر دەهات و ئاوەدانتر و شـتی سەیروسـەمەرەی لێ دەردەکەوت، لە کەسـوکار کەمتر دەیانوێرا بێنە

ئەوێ، حەسەنم دەبرد و زۆری یارمەتی دەکردم لە کۆکردنەوەی شتە عەنتیکـەکان، مجریکم[1] بوو سـەری دادەخـرا و قفڵم لێ دابوو. مجری عەلی، سەری مارومێرووی تێدا بوو، بۆ کەس زاتی وەی دەکرد بە لایدا بچێت؟! لاشـەی مار و دووپشک و جرِوجانەوەری دی، لەناو شووشە ئەلکهوولانـدا بـوون. منداڵێکـی لەبارچـووی پێنجشـەش مانگانـەم لە کەلاوەی پشت شێرە خورشید، تاقە خەستەخانەی شار، دۆزیبووەوە و لە بانکەی[2] شووشەیی پڕ لە ئەلکهوولم نابوو، پێیان دەگوت منداڵەکەی عەلی. کارەبام بۆ ناو ژێرخانەکە ڕاکێشابوو، لە سەرێ هەڵدەبوو، دەکرا لـە خوارێـڕا بیکوژێنیەوە، یان بـە پێچەوانەوە. دەیـان تابلۆی کارەبام هەبـوو، هەریەکـە خەریتەیەکـی تایبەت و جیاوازی هەبـوو، لە وانەی فیزیادا تێلگرافی مۆرسـم بە وایەر و بزمار دروسـت کردبوو، ئەلفوبێ واتا خەت و نوقتەی تێلگراف فێر بووبووم، بە کاغەز و تۆپی گەورە و بچووک و گڵۆپی کارەبایی مانگگیران و خۆرگیران، کسـوف و خسوفم بـۆ ئەندامانی، ماڵ بە تایبەت بابم نمایش دەکرد، لە سـەردەمی وانەی جەدوەلی مەندەلیوف و هەژماری کانزا ناسراوەکانی سروشت وا بزانم ١٠٤ دانە، یان زۆرتر بوون، زۆربەی ئەوانەی سـەرنجیان ڕاکێشابووم پەیدام کردبوون، بۆ نموونە سۆدیۆم (Na) وەک نەرمترین کانزا ئەگەر لەگەڵ ئاودا تێکەڵ بێت، هیدرۆژێنەکانی ناو ئاوەکە ئازاد دەکات و ئاگر و تەقینـەوە ڕوو دەدات، وەک پەنیرە و بـە ڕەنگی کرێمییە و بە چەقۆ لەت دەبێت، لەناو نەوتدا ڕایدەگرن و لە هەوای ئازاد ڕەش دادەگەڕێت، یان مس (Cu) کە توانای تواندنەوەی ئاسانە، قاڵبی وێنەم دێنا و مسم دەتوانـدەوە و تێم دەکرد و شـتی جوانی مسـیم لێ دروسـت دەکرد، جیـوە (Hg) تاقـە کانزا بوو کە حاڵەتی ئاوەکی هەبـوو، لە لوولەیەکی بچووکی کاغەزم دەکرد و لەسـەر لەپی دەسـتم دەمجووڵاند و خەڵکی

١- مجری، سندووقی بچووک لە تەختە دروست دەکرا.
٢- بانکە، شووشـەوات بۆ ڕاگرتنی ویشکە و شـلەمەنی، وەک بەرمیلێکی بچووکە.

پێ قوشـقی دەبوو، ئەگەر بە دەوری قەڵەمێکدا بە کاغەزی ناو پاکەتی جگـەرە، یـان ئەلەمینیـۆم لوولەیەکی بچووک دروسـت بکەیت و یەک دڵـۆپ جیـوەی تێ بکەیت و سـەری بگـری، لوولەکە هـەر بە کەمێک جووڵـە هەڵبەزودابـەز دەکات وەک سـەماکردن، گۆگـرد (S)، بۆنێکی ناخـۆش و توانـای تەقینـەوە و ئاگرکردنەوەی هەبـوو. مجری عەلی، ئەنواعی تێزاب (ئەسـید) و شـلەمەنیی تێدا بوو، بەیەکەوە تێکەڵوپێکەڵم دەکردن، هەڵمی سەوز و ڕەنگاوڕەنگم لێ دروست دەکردن، وردەئاسن و شـتم تێ دەکردن، دەتوانەوە. دوای گەڕان و حەولێکی زۆر ڕۆژێک هێندەی کڵۆشەکرێک سۆدیۆمم لە دەرمانخانەیەکی کۆنی شار بە هەزار تەمەننا و پاڕانەوە کڕی، لە شووشەیەکی پڕ لە نەوتدا لە مجریَ بۆرەدا هەڵمگرت، ئێوارەیەک بابم ماندوو هاتبووەوە نان و ماسـتی شـەوانەی خواردبوو، خەریکی ڕادیۆ و گوڵەبەڕۆژەخواردن و چاخواردنەوە بوو، مەلافەیەکیـان[1] ڕادەخسـت و لە دەوریـدا گوڵەبەڕۆژەیان دەترووکاند و توێکڵەکەیـان فڕێدەدایە ناو مەلافە، یان سـفرەکە، چووم سـۆدیۆمم هێنـا و گوتم بابە ئێسـتا جـادووت بۆ دەکەم، گوتـی دادەی بزانم چی دەکەیـت؟ لێوانێکـم ئاو هێنا و گوتم ئەوە ئاوە، سۆدیۆمەکەشـم لە ناو شووشـە پـڕ لە نەوتەکە هێنا دەر و بە چەقـۆ هێندەی لەتکەنۆکێکم لێ بڕی و گوتم پەنیرە، دەسـتم کرد بە دەسـتجوولاندن و «حەجی مەجی لاتەرەجی»[2] و سۆدیۆمم لە قاپە ئاو هاویشت و گڕی گرت و دەستی بـە هەڵبەزدابـەز و هەڵم کـرد، بابم هەزار جاری گوت یـا ئەڵلا یا ئەڵلا، ڕووی بابت ڕەش بێت عەلی، ئاخری تووشـی فەتەڕاتێکمان دەکەیت و هەلاتم بۆ ژێرزەمینەکە.

١- مەلافە، چەرچەف و بەرگەدۆشەک و لێفە.
٢- حەجی مەجی لاتەرەجی، چەند وشەیەکی لەم چەشنە بوون لە حکایەت و داستانە کۆنەکان، جادووگەرەکان دەیانگوتنەوە.

ڕۆحکێشانی باوکم

زۆرم حـەز لـە ڕادیۆشـکاو و میکرۆفـۆن و بڵندگۆ و ئەم شـتانە بوو، ڕادیۆیەکم لەسـەر پارچەتەختەیەک دروسـت کردبوو، ڕادیۆکەی ناوشـاری دەگرت، بابم پیاوێکـی زۆر خوداناس و پاک و بێگەرد بوو، سـەری چووبـا نوێـژ و ڕۆژوو، یـان تەراویحـی مزگـەوت و نوێژی جومعەی مزگەوتی سووری شاری نەدەچوو. هەرگیز جگەرەی نەکێشا و عەرەقـی نەخـواردەوە، قوماری نەدەکرد و پێی حـەرام بوو، کەچی زۆر زووش لـە تەمەنـی ٥٩ سـاڵیدا کۆچـی دوایـی کـرد. ئێوارەیەک ویسـتم تـووڕەی بکەم و بیترسـێنم، هەر بـۆ گاڵتـە و پێکەنین، چەند ڕۆژ بـوو خەریـک بووم سـیمی زۆر تەنک و باریکم لـە کۆنە دینام و ترانسـی ڕادیۆ و شـتی کارەبایی پەیا کردبوو، ڕامکێشابوو بۆ ژووری نوسـتنی باوکم، کە لەوسـەری ژوورەکانی دی بوو، وایـەرم هێنابوو بەناو کەلێنە دیوار و ژێر فەرش بۆ ژووری میوانان لەوسەری ماڵ، کە زۆربـەی کات داخرابوو، تەنیا لە ڕۆژانی جێژن و هاتنی میوانی موهیم و گەورەدا دەکراوە، پڕ بوو لە شتی جوان و شیرنی و ئاجیل[١] و گەز و خواردنی خۆش. سـەری وایەرەکە لە ژوورەکەی باوکم بڵندگۆیەکی بچووکی ڕادیۆی دەسـتیم لێ بەسـتبوو، سـەرەکەی دیکەم لە ژووری میوانـان بە سیسـتمێکی دەنگـی و مایکێک ئامادە کردبوو، شـەو هات و نـان خـورا و مەجلیس و قسـە و فشـقیاتی ماڵبات دەسـتی پێ کرد و منیـش وەک لەسـەر ئاور بـم، حەجمینم[٢] نەبوو، پەلـەم بوو باوکم بچێتە ژووری خۆی بۆ نوستن. بابم زوو دەنوست و جەماعەتی بەدیار تەلەفزیـۆن و قسـەکردن جێ دەهێشـت، هەر ئەوەندە باوکم ڕۆیشـت و دەرگای ژووری خـۆی داخسـت، منیش خۆم دزییـەوە و چووم بۆ ژووری میوانان، کەرەسـەی موئامـرە و تۆقاندن هەمووی ئامادە بوو، وردەوردە زانیـم باوکم خەریکـە خەوی لێ دەکەوێـت، مایکم هەڵکرد

١- ئاجیل، چەرەزات، تێکەڵەی پستە و بادام و تۆکولەکە و ویشکەی تر.
٢- حەجمین، ئۆقرە و قەرار، ئارام بوون.

و بــە دەنگێکــی زۆر بــۆڕ گوتم: «های! هــای! برایم! برایــم! ئامادە بە هاتووووووووم بۆ ڕۆۆۆۆۆحکێشــانت». هەر ئەوەندەم زانی هەرا ساز بوو، باوکم بە دەرپێی کورتەوە خۆی لە ژووری دانیشــتن هاویشتبوو، هــاواری کردبوو یەکێک لــە ژوورەکەیدایە و هاتووە بۆ ڕۆحکێشــانم. زۆر ترســا بــوو، دایکم و کاکم و جەماعــەت گوتبوویان هیچ نییە، کار کاری عەلییە و چووبوون بڵندگۆکەیان دیبووەوە و بە بابمیان نیشــان دابوو. ئیتر پڕ بەو ماڵە بابم دەیگوڕاند؛ ســەگباب عەلی، ڕووی باوکت ڕەش بــێ عەلی! زۆر زوو لەگەڵمدا ئاشــت دەبووەوە و دواتر دەیگوت ئەوە چۆنت دروست کردووە؟!

ژیانی دێ

کاکم و من ئەوکات وەک برا گەورە و برا بچووک بووین، عەتفێکی تایبەتی بۆم هەبوو، خۆشــی دەویستم و هەمیشە هانی دەدام بۆ کاری عیلمی و خوێندن و کەم وا بوو لێم بدا و شەڕم لەگەڵدا بکات، دواتر کە گەورە بووم و چووم بۆ تەورێز و خوێندن و دواتریش سیاســیبوونم و چوونی شــاخ و هەندەران، زۆرتــر وەک دوو هاوڕێ بووین تاوەکو کاک و برای بچووک.

ئــەوکات باوکم دوو دێــی لە ئاغاکان بە ئیجارە وەرگرتبوو، زۆر لە شــار دوور نەبوون، یەک دوو ســەعاتەڕێ بوو بە ســەیارە و سواری ولاغ. گەنم، جۆ، چەوەندەر و گوڵەبەڕۆژە حاســڵی عەرزەکانمان بوون، ڕانەمەڕ و گاڕان، تراکتۆر و شــۆفێرمان هەبــوو. هاوین و پاییز کاری ئــەم دێیانــە یەکجار زۆر بــوو، کاکم زۆری حەز بــە خوێندن نەدەکرد و هــەر نەچــوو بۆ زانکــۆ، زۆری حەز لــە دێ و کاری جوتیاری بوو. هاوینــان زۆربــەی کات لەگەڵ بابم و کاکم، پێم خۆش بوو بچم بۆ دێ و لەگەڵ سروشــتدا ئاوێتە بم. مەڕداری و ئەسپســواری هەرگیز لێیان ماندوو نەدەبووم، بە سەعات و دوان بە تراکتۆرەکە و جەنجەڕی تازە و ئاســن، گێرەی گەنمم دەکرد و لەمســەری مەزرا بۆ ئەوســەر گاسن

بە دوامدا، عەرزم دەکێلا، سـەید حوسـێنی شۆفێرمان کە من دەچووم دەحەسـاوە، لەبن شـۆڕەبییەکان بەدەم جگەرەکێشـان و چای کتریی ڕەشە بۆخۆی خەو دەیبردەوە و زوو زوو دەیگوت: «بەخوا ئەم میرزا عەلییە نیعمەتە بۆ ئێمە»!

حەز و خولیای من بۆ سروشـت و کار لەگەڵ جوتیار و مەڕداری، تەمەنـی مێرمنداڵیـی منیان گەلێک دەوڵەمەند کـرد و هاوینەکانی پۆلی حـەوت و هەشـت و نۆ، زۆربەی هـەرە زۆری لە دێ و لەناو خەرمان دەنوسـتم و تا بەری بەیانیان لەگەڵ کوڕەجحێلان و کیژۆلانی لادێ لە گەڕەلاوژە و قسەی خۆش و پێکەنین و یاریکردن ماندوو نەدەبووم.

خۆشـترین کاتـم ئەو کاتانە بـوون بەرەو پاییز، کـە خەرمان بە با دەکرا و سوور دەبوو، یان بەران تێ بەردەدرا.

ئەوکات کۆمباین یان دەڕاسـە بۆ گەنـم و جۆ دروونەوە زۆر کەم بـوو، مەڵەغان و داس هەبوو، ئیش بە هەرەوەرزی[1] دەکرا، هەر ڕۆژە هەمـوو پیاوانـی دێ یارمەتیی ماڵێکیان دەکـرد و دروێنە یان خەرمان و شـەنکردنەکەیان بـۆ تـەواو دەکرد. کاتـی دروێنەکردن، بـە دەیان پیـاو بـە مەڵەغـان و داس دەهاتـن و بـە گۆرانی و لاواندنـەوە، گەنم و جۆکەیـان دەدروو و باقەباقـە جێیـان دەهێشـت. کابـان و ژنان بە ئاگر و دار چێشـتیان لێ دەنا، مەسـرەفی ئەم بەشـە هەمووی لەسەر شـانی سـاحێب دەغڵ بوو، دواتر هەموو ئەم باقانە بە عارەبانەی کەڵ و گامێـش دەهاتـەوە نزیـک دێ و مەیدانچەیەک هەبوو لـە قەراغ دێ پێیان دەگوت جێخەرمان، لەوێش جۆخین[2] دەکرا، ئەم کڵۆشە هەمووی لـەم جێخەرمانە وەک شـاخێک کۆ دەکراوە، ئـەوەی هەیبا بە تراکتۆر و ئـەوەی نەشـیبا بـە ولاغ و گوێدرێژ و جەنجەڕ گێـرە دەکرا، دەبوو بـە کا، دەنکـی گەنم و جۆکەش لە کڵۆشـەکە جیا دەبـووەوە. ئەوجار چاوەڕێی بای شەماڵ بوون و شەنەکان ئامادە بوون بۆ بەباکردن. ئیتر

١- هەرەوەرز، کارکردنی بەکۆمەڵ و بەیەکەوە.
٢- جۆخین، کڵۆشی گێرەکراو، خەرمان.

وردەوردە کایەکە بە زەبری با دوور دەکەوتەوە و گەنمێکی سـوور لە ئاست خۆی دەردەکەوت و دەیانگوت خەرمان سوور بووە. دڕوویەکی پیـس هەبوو ناوی نووسـەنەکە بـوو، جیاکردنەوەی لـە گەنمەکە زۆر زەحمەت بوو، ساڵ هەبوو زۆر بوو، دەبوو بە کەو یان داژگیر[1] جا بە قوونەکەو[2] با یان باڵەکەو[3]، هەموو دەغڵەکە پاک بکەنەوە. بۆ پێوان و زانینی کێشـی حاسـڵەکە جەعبەیەک هەبوو پێیان دەگوت کیلە، پوتێکی دەگرت، نزیک بە شانزە کیلۆ.

ئـەوکات پـارە لە دێهـات زۆر نەبوو، بەڕاسـت خەڵـک فەقیر بوو، پاییزان چەرچی و دەسـتگێڕ بەناو دێهاتاندا بە گوێدرێژ دەسووڕانەوە و شـتومەکی وەک پارچە، نوقڵ، پێداویسـتیی ژنان، گوێزان، زەنگیانە، قاپوقاچاغی شووشـە و سـووراحی و شـتی ناوماڵیان پێ بوو. ئەمانە بە پارە نەبوون، هەر لەسـەر خەرمان لەگەڵی دەسـازایت و لەقەرا ئەو شتانەی دەتویست کیلەیەک یان دوو یان چەند کیلەت گەنم پێدەدا، واتا کاڵا بە کاڵا ئیشی خۆت ڕایی دەکرد.

بەرانتێبەردان

شتێکی تر کە زۆرم حەز لێ بوو، بەڕاستی کەیفم پێ دەکرد هەر لە سەرە پاییز، بەرانتێبەردان بوو.

قەدیـم دوای مەڕزانـێ لە نەورۆز بەران لـە ڕان دوور دەخرایەوە، هەتا پاییز، لە پاییز ئیتر مەڕ بەرانی دەگرت و ئاوس دەبوو.

ئەوکات لە سابڵاغ هەم دەباغخانە هەبوو لە گەڕەکی باخی سیسە و هەمیش دوکانی خمگەری، هیی دوو برای زۆر بەڕێزی کۆنی شـارەکە، لەناو بازاڕ بوو. ئەوانە لە ناو مەنجەڵی زۆر گەورەدا، خمیان دەگرتەوە و خوری یان بەنەکانیان کە تەشی کرابوون تێ داویشت و دەکوڵاند بە

١- کەو، داژگیر یان داشـگیر، جۆرێک لە بێژنگ و سـەرەند، یان هێڵەگن، گەنم و جۆی پێ خاوێن دەکەنەوە.
٢- قوونەکەو، کەوکردن بە دانیشتنەوە.
٣- باڵەکەو، کەوکردن یان داژگیردانی دەغڵ بە پێوە.

ئەنواعی ڕەنگ. دەچووم بۆ لایان و یەک دوو پیاڵە خمی شین و سوور و کەسکم لێ وەردەگرتن.

دەهاتمـــەوە دێ و چەنـــد بەرانێکمـــان بوو زیاتر لە پێنج بۆ شـــەش مانگ بوو، لە ڕانەمەڕەکە دوورخرابوونەوە، مەڕ زۆرتر لەگەڵ شـــوان لـــە کوێســـتان و دەرەوەی دێ بـــوون، ئێواران دەهاتنـــەوە نزیک دێ و بێری دەیاندۆشـــین، نان و پێخۆری شوان و سەوڵەی[1] سەیەکانیان لە خورجێنی شـــوان دەنا و بەڕێیان دەکردنەوە بۆ شـــاخ. بەرانەکان هەر لەنـــاو دێ بـــوون و منداڵێـــک بۆ ئـــاودان و گەڕان هەر لـــە دەوری دێ دەیجووڵاندن و دابەستەیان دەکردن بۆ بەهێزبوون، جا بەڕاستی بەهێز بوون و زۆر کەڕەت بە شاخ و کەللەی سەریان لە خەڵکیان دەدا.

بەرانەکانمـــان بە خوم[2] دەڕەنگانـــد و جوانمان دەکردن، بە کوردی ئامـــادەی زاوابوونمـــان دەکردن. شـــوان لەنـــاکاو لە ڕۆژێکی خۆشـــی مانگـــی ڕەزبـــەر، لـــە دوورەوە بە ڕانەمـــەڕەوە لە مەزرا پەیـــدا دەبوو، بەرانـــەکان هەر کە مەڕەکانیان دەدی ســـمکۆڵیان دەکرد و حەجمینیان لـــێ دەبـــڕا، دەبوو لە نـــاو چیغدا ڕایانگریـــن، بۆ ئەوەی بـــەرەو ڕانەکە هێرش نەبەن. شوانیش بە خۆی و بە سەیان، پێشی مەڕەکانیان دەگرت تێکەڵی بەرانەکان نەبن، تاکو ساحێب ڕان خەڵاتێکی باشی بۆ نەنێرێت، ســـەرەنجام دەبوو دەســـتێک کەواوپانتۆڵ، یان پێـــڵاو و دیارییەکت بۆ ناردبـــا و ئەویش پێشـــی مەڕەکانی بـــەردەدا. دیمەنـــی هاتنەخواری بە غـــاری مەڕەکان لەمســـەرەوە و بەربوونی بەرانەکانم، بـــە هەڵتۆز[3] و ڕاکـــردن و بەریەککەوتنیان هەرگیز بیر ناچێتـــەوە. لە ماوەی کەمتر لە چەنـــد خولەکێک هەر بەرانەی بە دەیان مەڕی بەردەکەوت و لەگەڵیاندا جـــووت دەبوو. مەڕی کوردی دوگێکی قورســـی لـــە جێی کلکی هەیە و

١- سەوڵە، لە ورکەنان و ئاردی پیس و دانەبێژراو، کولێرەی ئەستووریان بە تەندوور بۆ سەگان دروست دەکرد.
٢- خوم، یان خم، هەش، گیایەکە بەنی پێ شین دەکەن.
٣- هەڵتۆز، هەڵبەزدابەز و تەپوتۆزکردن، «هەتا بەرغەل بەهاران بچنە ناو کۆز هەتاکو کارژیلە بکەن هەڵتۆز هەڵتۆز» دیوانی سەیفولقوزات.

ئەندامــی زاوزێــی پێ دەشــارێتەوە، کەچی ئەم بەرانە دوو دەســتی لە پشــتی مەڕەکە قایم دەکرد بە حەرەکەتێکی زۆر وەســتایانە بە کەللە و ســینگی خۆی دوگەکەی بۆ لای ســەروو دەبرد و یەکەندەردوو کاری خــۆی لەگەڵ مــەڕی تازەبووک بە ئەنجام دەگەیانــد. ئیتر ئەم مەیدانی عیشق و عاشقی و جووتبوونە، سێ چوار سەعاتی دەخایاند. ژن و پیاو و کــوڕ و کچانــی لادێ لە دەوریان بە حیلکــە و پێکەنین و چاوداگرتن زیاتر لە بەران و مەڕەکان کەیفیان دەکرد، ڕەشــبەڵەک ســاز دەبوو و دەستگوشــین و خۆ لە قۆل و ڕانخشــاندنی کیژۆڵان، هەر بۆ ئێوارە و یــەک دوو ڕۆژ دواتــر چەنــد خوازبێنی و مارەکردنی لــێ دەکەوتەوە. پاییزانە و کاتی بەران تێبەردان جەنگەی ترێ بوو، دەبوو ســاحێو مەڕ یان ئاغا بە سەوەتان ترێ بکڕێ، یان بێنێت و خەڵک بیخۆن.

دوای ئــەم ئێوارەیە و ماندوو و شــەکەتی کاکی بــەران، ئاخر هەر کامەیــان دە بۆ پانزە مەڕی بەردەکەوت، ئیتر لێک جیا نەدەکرانەوە، لە بەفرانبار و لە بیدایەتی چلەی بچووک خاوەن مەڕ دەیزانی چەند مەڕی بەرانــی گرتووە. لە ئاخروئۆخری ڕەشــەمە، ســەرەتای نــەورۆز مەڕ دەســتی بەزان دەکرد و دە دوانزە ڕۆژ دواتــر بەرخۆڵەکانیان دەبردە دەشت و ئیتر ڕێک سێزدەبەدەر و کاتی سەیران و بەهار بوو.

یەک لەو شتانەی دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ بیرم ناچێتەوە، شەوانی ســەرخەرمان و قیراندنی بۆق و جریوەی سیســرک و مانگەشەو بوو. لەناو کادا نوســتن و بانگی بەیانــی خەوەربوونەوە بە دووکەڵی تەپاڵە، بۆڕاندنی مانــگا و گاران، خوێندنی کەڵەباب، زەڕینی گوێدرێژ، وەڕینی سەگەل، ئەم ژیانە سادە و بێرپایەی لادێی کوردستانم زۆر لە لا خۆش بوو. جارجار لەگەڵ کوڕان و پیاوەکاندا، کە هەموویان توتن و پەڕیان پێ بوو و ســیغاریان دەکێشــا، منیش دەستم بۆ دەبرد و دەمپێچاوە و دەمکێشــا، کەسیش لای بابم یان کاکم باسی نەدەکرد، ئەوە دەستپێکی سیغارکێشــانم بوو، بۆ ماوەی ٤٠ ســاڵ یەک پشــوو کێشــام و بە دڵ لەزەتم لێ دەبرد، تاکو لە ئایاری ساڵی ٢٠١٦دا و ڕێک دوای چل ساڵ،

بە هۆی ئەوەی لە هەموو شــوێن دەنگیان دەدایت و ئیتر حورمەت بۆ جگەرەخۆر لە کوردستانیش نەدەما، لەناکاو دامنا و هەرگیز دەستم بۆ نەبردەوە.

٣

سیستمی خوێندن

لە پۆلی هەشــت بۆ نۆ شــا سیســتمی خوێندنی گــۆڕی و گوتیان، دەیکەنــە نیزامی فەرەنســی. لــە پۆلی هەشــت تاقیکردنــەوەکان کرانە سەرانسەری و زۆر توندیان گرت. جاران کە دەچوویت بۆ دەبیرستان ســێ هەڵبــژاردەت هەبوو: ڕیازی یــان ماتماتیک، تەبیعی یان زانســت، ئەدەبــی. زۆر بــە هەڵــە سیســتمی پەروەردە خــۆی وای لــێ هاتبوو، خوێنــدکاری زرنگ بــۆ ڕیازی و کەمێک خوارتر بــۆ تەبیعی و ئەوانی تریــش لە ئەدەبی خۆیــان دەگرتەوە! بۆ هــەر کام لەوانەش تەنیا یەک دەبیرســتان هەبــوو، ڕیازی لە خــوار گەڕەکی ئێمە بوو، دەبیرســتانی محەمەدڕەزا شــا، تەبیعی لە جادەی وەفایی، دەبیرســتانی پەهلەوی و ئەدەبی لە داوێنی داشــامەجید، دەبیرستانی ئیبنی سینا بوون. دانشسرا هەبوو بۆ بوون بە مامۆستا، دەبوو کوڕان بچنە ڕەزائییە، یان خۆیە.

ئەو ساڵە کە من دەبوو داهاتووی خۆم بۆ خوێندن دیاری بکەم، نیزام گۆڕا و چەند لقوپۆپی دی لێ بووەوە، لە ڕاستیدا هەڵبژاردە بۆ خوێندکار زیاد کرا. خوێندنی عەمەلی وەک دارتاشی و لوولەکێشی، کارەبایی و ئەم پیشانەی ناوبازاڕ هاتنە ناو بواری خوێندن لە هونەرستانی سەنعەتی و دوای دوو ساڵ خوێندکار دەکەوتنە ناوبازاڕ و کارکردن.

لە پۆلی هەشت سەرکەوتوو بووم و بۆم هەبوو هەرچی پێم خۆش بێــت بیخوێنم و بــۆ هیچ کام لەم هەڵبژاردنانە بەربەســتم نەبوو. کاکم هاوڕێیەکــی بــوو، ماڵیان لــە تاران بوو، لــە کۆنکــوور، تاقیکردنەوەی سەرتاســەری لە خوێندنی پزشــکی وەرگیرابوو. هاتبوو بۆ ســەردانی کاکــم و باس هات گوتــی حەیفە عەلی لەم گێــژاوەی خوێندنی نیزامی نوێ ســەری لێ بشــێوێت، با بێ دەبیرســتانێکی زۆر بەناوبانگ هەیە

نـــاوی ئەلبـــورزە[1] و بە دڵنیاییەوە ئەم نمرانـــەی عەلی قبووڵ دەکەن و داهاتـــووی زۆر باش و ســـەرکەوتوو دەبێت. ئەمە چووە ناو مێشـــکی کاکم و دواتر بە پەلە تا هاوین مابوو بەڕێیان کردم بۆ تاران.

تاران لە یەکەم بینیندا

عەلی تەمەن پانزە ساڵ وەک گوندییەک بۆ یەکەم جار خۆی لە تاران دیتەوە. بە یارمەتیی دۆســـتەکەی کاکم و براکانی چووم بۆ دەبیرســـتانی ئەلبـــورز و ناونووســـینم کرد، هاویـــن بوو چەند حەوتوویـــەک مابوو بۆ دەســـتپێکی خوێندن. لەگەڵ برایەکی ئەو دۆســـتەی کاکـــم کە هاوتەمەنی خۆم بوو، بە ناو شـــاری تاراندا دەگەڕاین. هەموو شـــت بۆ من تازە بوو، هـــەر ملم دەســـووڕاند و ســـەرم ســـووڕ مابـــوو لەم هەمـــوو ترۆمبێل و چێشـــتخانە و شـــەربەتی میوەی خۆش، یەکەم جارم بوو شیرمۆز بخۆم، زۆرم پێ خۆش بوو، بینای بەرز و چەندقاتم نەبینیبوو، پلیکانی کارەبایی و ساختومانی پلاسکۆ وڕ و گێژیان دەکردم، کچە ڕووت و مینیژووپلەبەر و زۆڵەکانـــی تارانـــی جـــەرگ و هەناویـــان دێنایە دەر. ئەوەی لە هۆشـــم نەمابوو خوێندن و حەز بە خوێندن بوو. لە یەکەم تاقیکردنەوە کەوتم و لە مێرمنداڵێکی بەدفەڕی زیت و وریاوە بوومە منداڵێکی شەرمنی فەقیرۆکەی گاڵتەپێکراو. کە دەســـتم کرد بە چوونی ئەلبورز، دیتم هەموویان بە جلی جـــوان و ترۆمبێلی گران، شـــۆفێر دەیانهێنێت و دەیانباتەوە، لە پشـــووی وانەکان لە حەوشـــە، کەس نامدوێنێت و لەگەڵمدا ناوەســـتێت، عەلی وەک مۆمێک دەتوایەوە، وەک گوڵێک سیس و کز دەبوو، ڕۆژگارێکی ناخۆش و پڕعەزاب و خۆبەکەمزانینم هەبوو، منداڵە دەوڵەمەند و وەزیر و مودیری تاران هەمووی لەم دەبیرســـتانە بوون، منیش گوندی و لادێیی. زۆر زوو زانیم هەڵناکەم، بەس چۆن بێژم دەگەڕێمەوە، دوای ئەو هەموو مەسرەف و پۆز و خۆڕانانی دایک و باب و خوشک و برا، عەلی لە تاران و ئەلبورز دەخوێنێت، چۆن دەرباز دەبم لەم کارەسات و گێژاوە؟!

١- ئەلبورز، بەناوبانگترین خوێندنگەی ئامادەیی ئێران بوو لە تاران.

دەستپێکردنەوەی خوێندن لە سابلاغ

هەرچۆنێـک بوو، هاتمەوە سـابلاغ و لە بەشـی ڕیـازی- فیزیک لە دەبیرسـتانی محەمەدڕەزا شـا وەرگیرام، ئەو سـاڵە بۆ من هەر چاک نەهات. ئیتر گەورە بووبووین و لە قۆناغی دواناوەندی بووین، هەموومان سەرمان لە زۆر شت دەخورا، هاوپۆلەکان زۆربەی یەکترمان دەناسی و پێشـتر هاودەورە بووین، هیی تازەشمان بوو. چەند کەسێکمان زۆر حەزمان لە چوونی شاخ و کێو و ناو ئەشکەوت و دەر و سەحرا بوو. کۆڵەپشـتیمان شـەوانە سـاز دەکرد، لە کترییەڕەشـە و نان و پێخۆر، شـەوەکی پێش مەلابانگدان لە دەرەوەی شـار یەکمان دەگرتەوە و بە شـاخدا هەڵدەگەڕاین، یەک دوو سـەعات بە پێ و هەورازاندا، ئەوجار لەسـەر کانـی و پشـوودان و گۆرانـی و شـیعرخوێندنەوەی کوردی. تاهیـر تۆفیـق گوێلێگرتن و گوتنـەوەی ئاواز و مەقامەکانی نیشـانەی سیاسـیبوون بـوو. حاجی قـادر و هێمن، وێردی سـەرزمانمان بوون، هەمـوو کوردایەتیکردنمـان ئەم مەقـام و گۆرانییانە بوو، گاشـەبەردە تەختەکان ڕەنگە ئێستاش شوێن نووسین و یادگارییەکانی ئێمەیان پێوە مابێت. فەقرەقا و سـەری مەیدان و لەندی شـێخان و لاچین و شـاخی زاوابووک و دریاز و بایندەرێ، کەوپەڕ و عەولاکوردە، کێتکە و دێبوکر و مەنگوڕان، ئەم سـەیرانگە و شـوێنە ئاسـتەمانە بوون زۆر کەڕەتان بۆی دەچووین. زۆر جار لەم ڕێگەوبانانە تووشـی لە خۆمان گەورەتر دەبووین، کە دەمانزانی سیاسـەتکردن و دژایەتیی شـا و ساواک لێکی نزیـک کردبوونـەوە. زۆر بە گەرمـی لەگەڵ ئێمەدا دەدوان و قسـەی سیاسـی و کوردایەتییان بۆ دەکردین، هەڵبەت زۆر بە وریایی، چونکێ کەڵ بە موو بەند بوو[1]، سـاواک هەموو گەنجانی بە تایبەت سـابلاغی چاودێری دەکرد و دەبوو هەر شـتێک بۆنێکی کەمی سیاسی لێ هاتبا،

١- کـەڵ بە موو بەند بوون، بە واتـای ڕۆژگاری تاریک و لەژێر فەرمانی حاکمی زاڵم و دیکتاتۆربووندا و کەس نەوێرێ هیچ بڵێت.

زۆر بــە نهێنــی و شــاراوەیی بکــرێ، تەنانەت گوێگرتن لە ســروود و مەقامی کوردی. نووسین و بوونی کتێبی کوردی ئەوپەڕی سیاسیبوون بوو.

بارزانی و خەڵکی سابڵاغ

ئــەو ســاڵە ١٩٧٥، بە هۆی شۆڕشــی باشــووری کوردســتانەوە، کۆنترۆڵــی ســاواک بەســەر خەڵکدا لەدەســت دەرچووبــوو، خەڵک بە کەیفی خۆی باســی مەلا مستەفا و شۆڕش و شەڕی کورد و عیراقیان دەکرد. ســابڵاغ پڕ بووبوو لە بارزانی و کوردی باشــوور، دەهاتن بۆ ئیســتراحەت و «بــای باڵی خــۆدان»[1] و شــتکڕین و دەواودەرمان و تیماری برینداران.

خەڵک و لاوانی وریا و ئاگای شار، زۆریان حەز لە سەرکردایەتیی شــۆڕش و خــودی مەلا مســتەفا نەبــوو، ڕەخنەیان بوو لــەوەی کاتی ڕووخانی کۆمار، (قازی)ی بە تەنیا هێشــتەوە و خۆی ڕۆیشــت. دواتر ئــەم بەلایــەی ســالانی ٦٧-١٩٦٨، کــە بەســەر ســەرکردەکانی لاوی ســابڵاغی هێنا بە کوشــتن و تەحویلدانەوەیان بە شــا، ئەمە بۆ خەڵکی ئاشــنا بەم مێژووە زۆر قورس و گران بوو، هەرچەند زۆربەی خەڵکی شــار عەتفی بوو لەگەڵ پێشــمەرگە و خەڵکی باشــوور و تەنانەت زۆر کەســیان لەناو ژن و منداڵی خۆیان جێ کردبووەوە و پەنایان دابوون، بەلام بارزانییەکان لەناو شار خۆشەویست نەبوون، هەر بۆیەش زۆرتر ئــەوان لــە نەغەدە دەبوون. پێشــمەرگە و خەڵکی ســادەی شــارەکانی باشــوور لە ســابڵاغ زۆر خۆشەویســت بوون و زۆر دۆستایەتی هەر ئەوکات لەنێوان خەڵکی باشــوور و سابڵاغدا بناغەی داندرا و ئێستاش بەردەوامە.

١- بای باڵی خۆدان، مەبەست لە پشوودان و چوون بۆ کەیف و ئیستراحەت و گەڕان.

هونەر لە سابلاغ

ئەوکات لە سـابلاغ هەرچەندە حیزبی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی بوونـی نەبوو و دەسـەڵاتی سـاواکی شـا هەموو کەلێـن و قوژبنێکی تەنیبوو، دیسانیش مەکۆی کوردایەتی و جووڵەی سیاسی بوو. هەموو ئەدیب و هونەرمەند و سیاسـی و پیاوخاسێکی باشوور خولیای بینین و زیارەتـی سـابلاغ بوون، ئـەوان زۆرتر نـاوی «مەهاباد»یان بەکار دێنا. زۆربـەی خەڵکی ئەودیو کە دەهاتن خوازیاری دیتنی گۆرانیبێژی بەناو و دەنگ، کاک محەمەدی ماملێ بوون، شەووڕۆژ ماڵەکەیان لەبەر میوانی باشـوور بەرنەدەکـەوت، کاک محەمەدیش لەگەڵ خێزانی، باجە ئامین بە گەورە و بچووکەوە ڕێزی هەموویانیان دەگرت و پێشوازییان لێ دەکردن. تیپی مۆسیقای سلێمانی بەڕاستی شۆڕشێکی بەرپا کرد و گۆرانییەکانـی کەریم کابان، برایم خەیات، عوسـمان عەلی، قادر کابان، حەسـەن گەرمیانی و ئەوانی دی جۆشوخرۆشـی خسـتە ناو دڵی لاو و پیری شـار. پێشـتریش قژکاڵی لیۆئاڵ و باخچەی پاشـا و بریندارم بریندارمی هۆمەر دزەیی و قادر دیلان دڵی عاشقانیان ئاوپڕژێن دەکرد و هەمـوو ناو تاکسـی و تۆمارگەکان هەر ئەو کاسـێتانە بوون، کە بە هۆی شۆڕشی باشوورەوە هاتبوونە ڕۆژهەلات.

گۆرانییـە بەناوبانگەکـەی کەریم کابان، شـیعری شـاعیری مەزن بێسـارانی، وەهای شوێن لەسـەر ڕۆح و هەستم دانابوو، هەر ئەوکات هەمیشـە دەمگوت، هەرکات ژیانی هاوسـەری پێـک بێنم و کچم ببێت، ناوی دەنێم «برژانگ».

گیانـە لـە پرخـەی خـەوی خەوما
پـێ بنـێ وە بـان هـەردوو چاومـا
نەڵێـی برژانگـت تیـژە وەك چقـڵ
ئەچەقێتـە پێـی ناسـکتر لـە گـوڵ
مـن بـەو برژانگـە بۆیە خۆشـحاڵم
خاکـی بەرپێکەی تـۆی پـێ ئەماڵم

هەرچەندە تیــژ بێ ، بۆ پێــی تۆ نەرمە
بۆ تێهەڵســوونی ژێرپێت ، دڵ گـــەرمە
ســـــا تووخوا پێیەك بنێ سەر دیدەم
ئــەو دیــدەی بێ تۆ هیچ کەس نەدیدەم
ئەگەر نەخشــێکی غەیری تۆی تیا بێ
تووخــوا کوێری کە، بـــــا نابینــا بێ
کە پێت هەڵبڕی، ســەیرکە چەن جوانە
بە خـــوێنــی دیـــدەم خەنەبـــەندانە

کردەوەی بارزانییەکان لە سابڵاغ

بێزارکەر و قێزەون ئەم بارزانییە بەرپرسانە بوون، بە بەستە هەزار تمەنیی پارەی ئێرانیان لەناو بازاڕ دەردێنا و فشــەیان پێوە دەکرد، بێ گوێدانە خەڵکی هەژار و برســی، تەخشــان و پەخشــانیان دەکرد، ئەم کردەوەیە بۆ پیاوە بەساڵداچووەکانی شار و هاوڕێکانی قازی محەمەد و خەڵکی بەئاگای شــار نەک تەنیا خۆش نەبوو، بەڵکو دەبووە بێزاری و نائومێدی و زۆر لە پیاوە کۆنەکانی شــار دەیانگوت ئەمە شکســتە و شا هەڵیاندەسووڕێنێت و هەربینا بینیمان فرۆشتنی!

سابڵاغ قەحبەخانەی ڕەسمیی لێ نەبوو، ڕەزائییە و تەوریز لێی بوو، بــەڵام لە کۆنــەوە یەک دوو ماڵ لە خــوارەوەی پردی یەرغــو لە قەراغ چۆمەکە هەبوون، ماڵی عەبوو نێرەیان پێ دەگوت، دوو ســێ ژن بوون لەژێر سەرپەرشــتیی ئەو پیاوە کاسبییان پێوە دەکرا. پێش هاتنی خەڵکی باشــوور هەڵبەت سابڵاغییەکان بە هەڵە و قســەی باوی ناو خەڵک هەر دەیانگــوت «بارزانییەکان»، ئەم ماڵانە زۆر چۆڵ و خامۆش بوون و بۆ خەڵکی شار زۆر عەیبە بوو بچن بۆ ئەم شوێنانە، زۆرتر خەڵکی بێگانە و ســەربازی پادگان ڕۆژانی هەینی دەچوون دەنا چۆڵ بوون. دوای هاتنی کوردانی باشوور و بارزانییەکان ئەم دوو ماڵە بەرنەدەکەوتن و ژنی وای تێدا بووە دەڵێن ڕۆژی وا بووە یەک ژن ٢٠ بۆ ٣٠ پیاوی بەڕێ کردووە.

ئــەم دیاردەیە لەناو شــاردا زەق بــووەوە، گەورە و پیاوماقولانی شــار ئەوەیان پێ قبوول نەکرا و بە ئەمری فەرماندار ماڵەکانیان ڕووخاندن و چۆڵکران و هەرگیز ئەم دیاردەیە نەهاتەوە بۆ شار.

پێشوازی لە بریندار

هەواڵ هات کۆمەڵێک بریندار بە هۆی بۆمبارانی تەیارەوە، هێندراون بۆ سابلاغ و لە خەستەخانەی شار جێ نەبووە و هەمووی لە «خانەی جەوانان» جێیان بۆ کراوەتەوە. لە ئەنجوومەنی دەبیرستان پێشنیاز کرا وەک نوێنــەر وەفدێک بچێت بۆ بەخێرهاتن و گوڵبردن. بە خۆشــییەوە من و چەند کەســی دیکــە هەڵبژێردراین و بە گوڵ و شــیرینی چووین بــۆ لای بریندار و نەخۆشــەکان لە خانەی جەوانــان، بۆ یەکەم جار لە تەلەفزیۆنی مەهاباد نیشــان دراین و قســەکانی منیان بڵاو کردەوە، کە بەخێرهاتنــی کوردانی باشــوور دەکەم، بە دڵنیاییــەوە دەبێت ئەم گرتە فیلمە لە ئەرشیڤی تەلەفزیۆنی مەهاباد هەبێت.

دوو ماڵە بارزانییەکە لە ماڵمان

ڕۆژێک ئێمە لە دەبیرســتان بووین، باوکم لەپڕ لە کاتی کارکردندا، لەگــەڵ یــەک دوو بارزانیــدا دێتەوە مــاڵ و بە دایکم دەڵێــت، ئەم دوو ژوورەی ئەوبەری حەوشە چۆڵ بکات و خاوێنیان بکاتەوە. دایکم دەڵێ:

- ئەیرۆ بۆ میرزا برایم؟!
- بۆی ناوێ و دەڵێم چۆڵی بکە.
- بۆ ناکا بە کرێت دابێت؟!
- کرێی چی، ناوەڵا ئەم دوو ماڵە بارزانییە لێیان قەوماوە و لە بازاڕ تووشیان بووم، با ماوەیەک تا بە لایەکدا دەکەون لێرە بن!
- قــەت شــتی وا نابێــت، جا ئێمە چــۆن بێگانە و غەریبــە بێنین بۆ ناوماڵی خۆمان، کچی جحێڵم هەیە، کەی ئەوەمان کردووە؟!
- کچێ ڕەعنا هەموو ماڵی سابلاغ یەک دوو ماڵی عێراقی و بارزانیی

تێدایە، هەر ئێمە نیین، گوناحن دەبێت یارمەتی بدرێن!

ڕەعنا بە گریانەوە دوو ژوورەکە خاوێن دەکاتەوە و ئەو ماڵانە دێن و دەبنە هاومەنزلی ئێمە تا دوا ڕۆژەکانی چوونەوەیان بۆ باشوور.

شەڕی خۆمان هەر دەکەین

لــەم ڕۆژانەدا ڕادیۆی دوو مەوج واتا شــەپۆلی کورت برەوی زۆر بوو، هەموو پیاوانی بازاڕ و کاسبکار ئێواران، دەنگی شۆڕش، ئیسرائیل و بی بی ســی فارســییان دەگــرت. بەیانیان گێڕانــەوەی دەنگوباس و خەبەری شــەڕی پێشــمەرگەی بارزانــی و جەبهەکان لەنــاو دەوایر و ناوبازاڕ بە تایبەت هەواڵی تازە و نەبیســتراو، خۆڕانان و فشەشــی لێ دەکەوتەوە و زۆر عەیبە بوو ئاگات لە دەنگوباسی شەڕ نەبێت!

مــام تەهــای دوکانــدار شــەوی پێش نە ئــاگای لە هیچ بــووە و نە ڕادیۆی کردووەتەوە.

جیرانەدوکان بە دەنگی بەرز:

- ئەرێ خەبەر چییە؟!

هەر کەسە شتێک دەڵێ: ئیسرائیل وای گوت، بی بی سی وای گوت و دەنگی شۆڕش...

- ئەدی مام تەها تۆ چت بیستووە؟!

- بەخوا من درەنگ گەیشــتمەوە ماڵ و فریای فارسییەکە نەکەوتم، بەڵام عەرەبییەکم گرت، ئەویش زۆری لێ تێنەگەیشــتم، ئەوەندە حاڵی بووم گوتی... گوتی...

- ئاخر عەرەبییەکە چیی گوت؟!

- مەلا مستەفا گوتی، ئێمە شەڕی خۆمان هەر دەکەین!

ئەم «شــەڕی خۆمان هەر دەکەین»ە بوو بە قسەی خۆشی خەڵکی ســابلاغ و ئێســتاش بۆ زۆر شــتی نەســتەق و مانادار خەڵکی بەکاری دێنن. وەک نەقڵی دوو پێنج تمەنی، دەگێڕنەوە حەمەدی وسوو کوتکەی و کەریم ســێ بســت کە دوو ڕوخســاری جوان و بەناوبانگی پیاوانی

سابلاغ بوون، ئێواره به پیاسه و بەکاوەخۆ قۆڵ لە قۆڵی یەک بەرەو ماڵ دەبنەوە، لەناکاو حەمەد لە دوورەوە چاوی بە دە تمەنییەک دەکەوێت لەسەر جادەکە کەوتووە، بە خۆگێلکردن زۆر بە ئەسپایی پێی لەسەر دادەنێت و کەریم بە قسان دەخافڵێنێت و لە ئاستی خۆی دەچەقێ بە بیانووی قسەگێڕانەوە بۆ کەریم، هەر دێهێنێ و دەیبا، بەڵکو کەریم ئاورێک بداتەوە و ئەویش بە خێرایی دە تمەنە بخاتە گیرفان. نەخێر فایدەی نابێت و کەریم زەق وەستاوە و چاو ناتروکێنێ. کاک حەمەد هەر چەقیوە و قسە درێژ دەکاتەوە و ناجووڵێت، سەرەنجام کەریم دوای پێنج شەش خولەک ماندوو دەبێ و دەڵێ: گەواد لاقت هەڵگرە و بیکە دوو پێنج تمەنی درەنگە با بڕۆین، تومەز ئەویش لە ئەوەڵەوە ئاگای لێ بووە و دە تمەنەی دیوە. دەڵێ بیکە دوو پێنج تمەنی واتا با بەشی بکەین و بیبڕینەوە و بڕۆینەوە! ئیتر ئەوە ئێستاش لە هەموو دەڤەری موکریان باوە کەسێک زۆری لەسەر بڕوا، پێی دەڵێن بیکە دوو پێنج تمەنی، واتا خولاسەیکەوە و کورتی ببڕەوە!

ئاشبەتاڵی باشوور

زۆری نەبرد دەنگۆی خیانەتی شا بە هاوکاریی «هەواری بومێدین»، سەرۆککۆماری ئەلجەزایر و پێکگەیشتنیان لەگەڵ سەدام، هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری گریاند. لە ماوەیەکی کورتی یەک دوو ڕۆژیدا بە دەیان هەزار پێشمەرگە چەکی دانا و جاڕی ئاشبەتاڵ درا، سەرکردە و نزیکەکانی بنەماڵەی بارزانی لە کەرەج و تەنیشت شای ئێران لە ڤیلا و خانووی چاک و مۆدێرن جێیان بۆ کرایەوە و نەسرییەی ملیۆنی بەستەی هەزار تمەنی شەق و تازەیان وەردەگرت. خەڵک بە قورپێوان و لەخۆدان و تەنانەت خۆکوشتن پۆل پۆل گەڕانەوە و تەسلیمی سەدام و بەعس بوونەوە. دەماندیت خەڵکی بێدەرەتان و لێقەوماو و فەقیر بە چلەی زستان و بە نەداری و کولەمەرگی ئاوارەی شارەکانی ئێران بوون و بە غەریبی و نانی سواڵ، مانەوە

و نەگەڕانەوە ماڵوحاڵی خۆیان لە باشــوور. ئێســتاش پاشــماوەی ئەم شکست و خیانەتی شای ئێران و مەلا مستەفا دەیان و سەدان قوربانی و تراژیدیای بەجێ هێشــتووە و چارەنووســی زۆر کەس و ماڵباتی بە تەواوی گۆڕی و هەرگیز وەک خۆیان لێ نەهاتەوە. لە مێژووی خەباتی شۆڕشــگێڕانەی میللەتانی جیهاندا پێم شک نایەت، سەرکردەیەک وەک مەلا مســتەفا ئاوا بە بێڕەحمی و بۆ خۆشی و ئاسوودەیی ژیانی خۆی و بنەماڵەکــەی، میللەتێکــی بــێ پشــتوپەنای جێ هێشــتبێت و ڕوحمی نەجووڵابێــت بۆ ئەو هەموو ماڵوێران و برســی و پێخواســی ئاوارەی شــارەکانی ئێران، ولاتێک کە هەر لە دێرزەمانەوە زۆربەیان بە چاوی گوندی ســەیری کــورد دەکەن و نەیاری ئەو میللەتــە بوون! بە چاوی خۆم لە سەرمای ژێر بیست پلەی تەورێز، دوای ئاشبەتاڵ خەڵکم بینی؛ لەو هەشت هەزار بارزانییەی سەدام لە ساڵی ١٩٨٣دا قەتڵوعامی کردن و ئەمــڕۆش ســەرانی بنەماڵــەی مەلا مســتەفا خۆیانی پــێ بادەدەن و موزایدەیان پێوە دەکەن. لە ئاخری خیابانی شــا لەژێر خێمە، شــۆفێری تاکســییەکی بێناموس خەریکی معامەلە و ڕازییکردنی کچەکەیان بوو بە تای ماکســییەکی تەنکەوە، هەڵیگرێت! لەگەڵ حوســێنی برامدا لێیان نزیــک بووینەوە و هەتیوی شــۆفێری تاکســیمان ڕاو نــا. دواتر بۆمان ڕوون بووەوە هەر خۆی بۆ تێرکردنی ماڵ و ژیان دەستی داوەتە ئەم کارە و یەکەم جاری نەبوو!

دەگمەنە لە مێژووی خەباتی میللەتاندا، شــۆڕش شکستی خواردبێ و میللەت قوڕی وەســەر کرابێ و لە ئاوارەیی و ئەشــکەنجە و زینداندا بەسەری بردبێ، ڕابەری شۆڕش و بنەماڵەکەی لە ناز و نیعمەتدا لەژێر سایەی دوژمنی گەلەکەی، ژیانیان بەسەر بردبێت!

خنکانی برایم

لە ئاخروئۆخری ســاڵی خوێنــدن نزیک دەبووینــەوە و ئیمتحاناتی ئاخری ســاڵ دەســتی پێ دەکرد. بۆ دوورکەوتنەوە لە گەرما و کەشی

سـازگار باو بوو خوێنـدکار پەنایان بۆ باغ و دەرودەشـتی دەرەوەی شار دەبرد بۆ خوێندن و سەعیکردن. چەند هاوپۆلێک بووین ئەو ڕۆژە گوتمان، دەچین بۆ قەراغ سـەددی شـار و مەلەیەکیش دەکەین، مادام هەوا گەرمە. خەریکی چا و کتریی ڕەشـە بووین، برایم قادری و یەک دوو هاوپۆلـی دیکەمـان لە خـوارەوەی ئێمە بـوون، ئەوەندەمان زانی هاوار بڵند بوو، برایم چووپێکی سـەیارەی لە ئاو هاویشـتبوو و پێش خـۆی دابـوو، بـا چووپەکەی بۆ پێشـەوە بردبوو و برایـم هەر دوای کەوتبـوو، ئیتر کـە چووین هاوڕێکانـی گوتیان لەنـاکاو نوقم بوو. نۆ شـەو و ڕۆژان لەگـەڵ ئەوەی هەمـوو ڕۆژ ئیمتیحانمان بوو، لە قەراغ ئـەم ئـاوە هەر چاومـان گێڕا، برایم دیـار نەبوو، مەلـەوان و غەواس لـە ڕەزاییەوە هاتـن هەر فایدەی نەبوو، برایم ون بووبوو، سـەری نۆ ڕۆژە بـە نائومیـدی بار و بنەی قەراغ ئاومـان کۆ کردەوە و هاتینەوە، دیاربوو لە هەموو ئیمتیحانات دەکەوم. ڕۆژی ئاخر، لای ئاوەکە کەسی لـێ نەمابـوو، شـۆفێرێک لە لای سەردەشـتەوە خۆ بە شـاردا دەکات و هـاوار دەکات مەیتێکـم دیوە لـە قەراغ ئاو. ئیتر خەبەر دەسـتبەجێ گەیشـتە دەبیرسـتان و هەموو بەرەو بەنداوەکە ڕامان کرد، شـەپۆلی ئاوەکـە برایمێکی ئەسـتوور و باتێکراوی بە ئارامـی دەجوولاند، برایم خۆی وەسـەر ئاو کەوتبوو، تەنیا ئەسـتوور بووبوو و سـەری لووت و نەرمایـی گوێیەکانـی ماسـی خواردبووی. برایم بە شـین و گریانی کەسوکار و ئێمەی هاوپۆلی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان نێژرا و ئەوە دووهـەم هاوڕێـی ژیانم بوو، کە بە کارەسـاتی دڵتەزێـن و بە ناکامی ماڵئاوایی لێ بکەم.

ئەو ساڵە بۆ یەکەم جار لە ژیانم لە خوێندن کەوتم و ئیتر سابڵاغم بۆ پاییز و سـاڵی خوێندنی نوێ جێ هێشـت و تا دەسـتپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٨دا شـاری تەورێـزی ئازەربایجان بوو بە ماڵ و مەسکەنم.

٤

پێش من، کاکم و پەروینی خوشکم و حوسێن، ساڵێکی خوێندن بوو لە تەورێز بوون و دەیانخوێند. ئەو ســاڵەی من چووم، کاکم خوێندنی تــەواو کردبــوو، ناردبوویان بۆ کرمان و بەلوچســتان بۆ ســەربازی. پەروین خەریک بوو خوێندنی زانکۆی تەواو دەکرد، شووی کردبوو بە کوڕی پوورمان و نەگوازرابووەوە و چاوەڕێی تەواوکردنی خوێندنیان لێ دەکرد، دوای ماوەیەکی کورت ئەویش گەڕاوە و چوو بۆماڵی مێرد لە ڕەزاییە. حوسێن لە دەبیرستانێکی کۆنی تەورێز دەیخوێند.

هاوسێکەی بەر پەنجەرە

دوای گەیشتنم بۆ تەورێز دەبیرستانی مەشهور و دووهەم لە هەموو ئێران، دەبیرســتانی فێردۆســی وەریگرتم. خوشک و براکانم لە ماڵێکی زۆر ســوننەتی لە گەڕەکێکی کۆنی تەورێز، دوو هۆدە و پێشــخانێکیان لە نهۆمی سەرووی ماڵەکە بە کرێ گرتبوو. ساحێب ماڵ زۆر ئیسلامی و کۆنەپارێز بوو، دوو کچی جەوانی هەبوو، پەنجەرەی هۆدەکانی ئێمە لە قاتی ســەرەوە، ڕێک دەیڕوانییە حەوشــەی ئــەوان. کە من چووم و کاکم ڕۆیشت و پەروین ڕۆیشت، ماینەوە من و حوسێن. دیار بوو ئاغا ڕەزای ساحێب ماڵ هیچ کەیفی بەوەی نەدەهات دوو زگورتی لە ماڵیدا بــن، وردەوردە ئاهەنگــی پرتەوبۆڵە و من ژوورم بە زگورتی نەداوە و خوشکتان لێرە نەماوە و دەروجیران قسەی باش ناکەن و... دەستی پێ کرد و نیازی بوو من و حوسێن دەربکات، هەر واشی کرد.

پیرێژنێکی بەدفەڕ

هەرچــی دەگەڕاین کــەس ژوور و خانووی نــەدەدا بە دوو کوڕی جەوان و ســەڵت، بە ناعیلاجی ژوورێکی زۆر دوور و ناخۆشــمان لە ئاخری خیابانی شــا دەســتکەوت، زۆر بە گرانتر و دوورتر، کۆمەڵێک کوردی باشــوور و بارزانی دوای شکســتی شۆڕش لەم گەڕەکە لەناو خێمە و جەمەلۆن گیرسابوونەوە. هەتا بڵێی ژیان و هاتوچۆمان لەگەڵ پیرێژنێکــی نالەبــار و بەدفەڕی ســاحێب مــاڵ فەلاکەت بوو. ســمایلی هاوڕێمان هەتا دەهات بۆ سەردانمان دەبوو بە شەڕی کورد و عەجەم. پیرێژن شــەووڕۆژ هیچ کاری نەبوو، کێشــکی ئێمەی دەکێشــا و هەر ئەوەنــدە بۆنــی کردبا میوانێکمان هاتووە، بە شاتەشــات پانزە بیســت پلیکان دەهاتە سەر و هاواری دەکرد:

- ئــەوە میوانتــان هەیە؟! نەمگوت من ماڵم بــە دوو کەس بە کرێ داوە؟

- بــڕۆ دایکەکــەم بڕۆ دەســتمان لە یەخە بکەوە، ئێســتا دەڕوات و ناچێتە ئاودەست!

- چووزانــم، بۆخۆتان دەزانن مــن هەموو ڕۆژێک چاڵی توالێتم پێ بەتاڵ ناکرێ!

جــار نەبــوو میوانمــان هاتبــا و تووشــی کێشــە لەگــەڵ پیرێژندا نەبووبایەنەوە!

ئیســماعیل مســتەفازادە خەڵکــی ســابلاغ و خوشــکەزای یوســف فەرەهمەند بوو. یوســف کوڕی کەریم جووجووی قاوەچی مەشهوری ســابلاغ بوو. لەمێژ بوو لە تەورێز کاری دەکرد و دەیخوێند، ئەو ساڵە ســمایلی بــۆ خوێندن هێنابوو بــۆ لای خۆی، زۆر لە ئێمــە نزیک بوو. دوای شۆڕشــی گەلانی ئێران، ســمایل بوو بە پێشــمەرگەی کۆمەڵە و لە شــانزەی ئابی ســاڵی ١٩٨٨دا، لە بۆمبارانی کیمیایی بەعس بۆ سەر بارەگاکانی کۆمەڵە لە بۆتێ، لە باشووری کوردستان شەهید بوو.

ماڵی تازە

بابــم لــە حــاڵ و وەزعی مــزل[1] و مەســکەنمان ئــاگادار کرایەوە، گوتــی ڕۆڵــە ئەمە وا نابێت، دیارە منداڵەکانی من یەک بەدوای یەکدا بۆ خوێنــدن و ڕەنگە دواڕۆژ بــۆ کاریش ڕێیان هــەر بکەوێتەوە تەورێز، باشــتر وایە بگەڕێــی خانوویەکی گەورەی تەواو ڕەهن بکەی، با ســێ بــۆ چــوار هــۆدە بێــت، دووی بۆ خۆتــان و دووش بە کــرێ بدەن بە هــاوڕێ و هاوشــاری خۆتان، بە پارەی کرێکــە خۆتان بەڕێوە بەرن و ئیتــر هەموو ڕۆژ دەســـەر من مەکەن بۆ پــوڵ و خەرجیتان. بە کورتی تێیگەیاندین ڕەهن چییە و ئێمەش لەگەڵ حوســێندا لە خۆشــیان هەموو ڕۆژ دوای دەبیرستان دەگەڕاین بەناو نووسینگە و دەلاڵی خانووبەرەدا. خانوویەکــی عەرزەکیمان دیتەوە بە حەوشـــە و دوو ژوور و ژێرخان و دوو هۆدەی گەورەش لە ســـەرەوە. شــوێنێکی زۆر باش و ناسراوی خیابانی شەهناز جنووبی، بۆ ماوەی دوو ساڵ بە ڕەهنی شێست هەزار تمــەن. ئەوکات بەڕاســتی ئەم پارەیە زۆر بــوو، ترۆمبێلێکی پەیکان بە نــۆزدە بیســـت هەزار تمەن بوو. بابم خۆی هــات بۆ تەورێز و چووین ساحێب ماڵی دیت و بە تورکی کەوتە قسەکردن و داشکاندنی چاکی پێ کرد و گوتی دوای دوو ساڵ لێشت دەکڕم. ئیتر بوونە دۆست و ئێمەش کلیلــی خانوویەکی گەورەمان وەرگرت. یەکســـەر ماڵمان گواســـتەوە و هەر دەســـتبەجێ دوو لــە هاوشـــارییەکانی خۆمان، کە تــازە لە زانکۆ وەرگیرابوون، دوو هۆدەکەی سەرەوەمان پێ دان.

ڕۆژە خۆشەکانی تەورێز

خۆشــترین ســـاتەکانی ژیانــی تەلەبەییم و زگورتیبوونم ئەم ســێ چوار ســـاڵەی تەورێز بوو. چەند ڕۆژێک بوو لە دەبیرستانی فێردۆسی خەریکی خوێندن بووم، بە پێچەوانەی چوونم بۆ ئەلبورزی تاران، هیچ

١- مزل، مەنزل، شــوێنی نیشتەجێ و حەوانەوە، ماڵ و خانوو، هۆدەی بە کرێ دان.

شەرم و هەستی غەریبایەتیم نەدەکرد، تەنیا ئەوە بوو لە تاران هەموو بە فارسی قسەیان دەکرد و بۆ من هیچ موشکیل نەبوو، بەس لە تەوریز وەک لای خۆمان لە سابلاغ، زۆربەی کات تەنانەت مامۆستاکانیش هەر بــە زمانی دایک، واتا تورکیی ئازەری قســەیان دەکــرد، خوێندن تەواو فارسی بوو، بەڵام لە دەرەوەی پۆل و حەوشە هەموو بە تورکی قسەیان دەکــرد. کاتی پشــوو دوو کــوڕم دەدەیتن لە قوژبنێکی حەوشــە، یەک باڵابەرز و ئەوی دی کورتتر، هەمیشە بە یەکەوەن و تێکەڵی کەس نابن. ئاخری ڕۆژێکیان لێیان نزیک بوومەوە بە فارســی دواندمن، زۆر زوو لێک ئاشــکرا بووین، کە هەرســێکمان کوردین، گوتیان خەڵکی بۆکانین و کاکمــان لــە زانکۆ دەخوێنێت و ئێمەش هاتوویــن و مزڵمان گرتووە. بەهمــەن و کەمالی عەلیار، دواتر زانیم کاکیان کاک تاهیر عەلیاریش لە زانکــۆی تەوریز قبووڵ بووە و هاتوون بۆ خوێندن. ئەوان لە پۆلی من نەبوون، بەڵام هەر کە زەنگی لێ دەدا، لە حەوشــە و دوکانەکە یەکمان دەگرتەوە، زۆر سەنگین و لەسەرخۆ و بێوەی بوون. هەردووکیان زۆر زرنگ و خوێندکاری باش بوون. دوای ڕۆیشتنم لە تەوریز و دەسپێکی شۆڕش، ئاگام لێیان نەما.

ســێ چوار ســاڵ دواتــر، ڕۆژێک لە گەشــتێکی پێشــمەرگایەتی لە جاندارانــی مەنگوڕان، کە زۆربەی ناوچــە ئازادکراوەکانی دەوروبەری سابلاغ، پاسدار گرتبوونیەوە، لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی کۆمەڵە کەمالم بینی! ئەوەی تەســەورم نەدەکرد دیتم، قوشــقی بووم و یەکترمان ماچ کــرد، پێــم وا نەبوو ئەم برایانە هەر لە کوردســتانیش بــن، تا چ بگات بــە پێشــمەرگەبوونیان. زۆرمان قســە کردن و زانیــم هەردووکیان لە ڕێکخراوێکی چەپی کۆمۆنیســتیی سەرانسەری ئێراندا ئیشیان کردووە و تــازە هاتوونەتــە ناو کۆمەڵە و بەهمەنیش هەر پێشــمەرگەیە و کاک تاهیری کاکیشــیان پێشــمەرگەی دیموکرات و ئەندامی سەرکردایەتییە. بەداخەوە دوای ئەم دیدارە زۆری نەبرد من لە باشووری کوردستان لە یەکێتی نیشتمانی، پێشمەرگە بووم، بیستم کەمال لە شەڕێکی نابەرامبەر

و قارەمانانە لەگەڵ پاسداری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەقز، ٢٨-٥-١٩٨٤ شەهید بووە.

کوردانــی تەورێــز، یــان خانەوادە بــوون و کارمەنــدی میری، یان زۆربــەی وەک من زگورتی و خوێندکار بــوون. زۆربەی هەرە زۆری خوێندکارەکان کوڕ بوون و هێشــتا دوورکەوتنەوەی کچان بە تەنیا لە کۆمەڵگەی کوردی ســابڵاغ زۆر باو نەبوو. زۆربەیان یان ئەوەتا دوای دیپلــۆم شــوویان دەکرد، یان دانشســـەرایان تەواو دەکــرد و دەبوونە مامۆستا.

مرازی گەورەبوون

کۆمەڵە خوێندکارێکی کورد هەمووی ســەڵت یەکترمان گرتبووەوە و هاتوچــۆی گەرموگوڕمان هەبوو. ژینگــەی کوردانی تەورێز وای لە من کرد زۆر زوو پێبگەم و لە ئاســت تەمەنی بچووکی خۆم زیاتر پێ ڕاکێشــم و وەک ســەرەپیاو وێنا بکــەم. زۆرم حەز لێ بــوو گەورەتر بنوێنم و ئەدای گەورانم دەردێنا. بۆ خۆبەگەورەنیشاندان، سیغارکێشان و مەشــرووبخواردنەوە، ئەوجــار دەم لــە سیاســەتدان شــەرت بوو، منیــش هەرســێ کەتنەکەم دەکردن. بە کــردەوەش، بە هۆی دیوەخانی گــەورە و وەزعــی باشــتری ماڵیم لەوانی تــر، بۆم لوا بــوو کە وا بم. ئێوارەی پێنجشــەمان و هەینی، کە پشــوودان بوو، کــۆ دەبووینەوە و گۆرانیگوتن و شــیعرخوێندنەوە و عەرەقخواردنەوە و سیغارکێشان و ســروودی کوردی کەرەسەی سیاســیبوون و کوردایەتیکردنمان بوو. سیمای هۆدەکەی من زۆر کوردەواری بوو. بە دەیان تەسبیح، جەواڵ، جاجــم، ســەماوەر، کــەلاش، خورجێــن و...، بە شــتومەکی کولتووری ڕازاندبوومەوە. بە خەتی خۆش نووسیبووم و لە دیوارم دابوو:

«بە هەڵۆیی کە لە ژین بێبەش بم – نەک هەزار ساڵ قەلی ڕووڕەش بم»

کۆمەڵێک وێنەی ســەرکردە و شــەهیدانی شۆڕشی ٦٧ و ٦٨ پانایی

دیوارەکانی هۆدەکەمیان داپۆشیبوو.

ئـەم ژیانــە زۆر زوو منی هێنا بۆ ناو کۆمەڵی گەورەکان و ژینگەی سیاسـیی خوێندکارانی کـورد. لەناو پۆلی خوێنــدن، کوڕێکی ئازەریی هاوڕێــم هەبـوو. فیروز کـوڕی بنەماڵەیەکی ناسـراوی ئـازەری بوو، باوکی مامۆستایەکی بەناوبانگی ئەدەبیات بوو، تەنیا ئازەری و هاوپۆلم بـوو هاتوچـۆی ماڵمی دەکرد، زۆر ئیسـلامی و خوداناس بوو. زۆری باسـی دوکتۆر عەلی شــەریعەتی و خومەینی بۆ دەکردم، کە لە عیراقە و موجتەهیـدی ئەوانــە. عەلی شــەریعەتی بــە قاچاغ چەنــد نامیلکەی دەرچووبوو و دەستاودەســت لەناو خەڵکی سیاسـی دەگەڕان. ڕۆژێک فیـروز زۆر بە نهێنی و سـوێندان چەنـد نامیلکەیەکی پێ دام و گوتی بیخوێنەوە. زۆر دادەنیشتین و باسی بیروڕاکانی شەریعەتی بۆ دەکردم. فیـروز یەکەمی هەموو دەبیرسـتانەکەمان بـوو، دەرجەکانی هەمووی یەکەم و باڵا بوو، زۆر دژی شـا بوو، ئاگای لە هەموو جموجووڵەکانی ناو بازاڕ و لایەنگرانی خەباتی دژی شا بوو.

بە شیعری گۆران دەستمان پێ کرد

چەند هاوڕێیەکم لە سابڵاغ بوون و جاروبار پارەی کەمی ڕۆژانەی گیرفانیان کۆ دەکردەوە و دەهاتن بۆ سەردانم، بە هاتنی ئەم هاوڕێیانم یەک دوو ڕۆژی خۆشمان ڕادەبوارد، بۆ شوێنە خۆشەکانی ئەم شارەم دەبردن. کتێبکڕین و دیارییدان بە یەکترمان کردە باو، نامەنووسـین بە کوردی بە خەت و ئیملای فارسـی، لەگەڵ هاوڕێیان ڕێگەی فێربوونی کـوردی نووسـین بوو. یەکـەم کتێبی کـوردی، هاوڕێیەکـم بە دیاری بۆی ناردم «بەهەشـت و یادگار و سروشـت و دەروون»ی مامۆستا گۆران بوو، شـیعرەکانی مامۆسـتا هێمن و «خەیام» بە کوردییەکەی مامۆسـتا هــەژار دەبـوو لەبەر بکەیـن. ڕۆمانەکانی ماکسـیم گۆرکی، تۆڵسـتۆی، ئەلکسـاندەر پوشـکین، نیکۆلای ئەسترۆفسـکی، مێژووی شۆڕشـی ڕووسیا لە نووسـینی لئۆن ترۆتسـکی و نووسەرانی وەک

مەنسـوور یاقوتی، عەلی ئەشـرەف دەرویشیان، سـەمەد بێهرەنگی و سەرەتاییەکانی فەلسـەفەی ژۆرژ پۆلیت سێر و چەند کتێبی بەرگسپی قاچاغـی وەرگێڕدراوی کتێبـە مارکسـییەکان، کتێبخانەیەکی بچووکی تاقەی ناو دیوارە ئەستوورەکەی هۆدەکەمی پێک دەهێنا و بە دایم قفڵ کرابوو، نەدەبوو میوان و غەریبە پێبزانن چی دەخوێنینەوە.

تەلەفۆنێک لە دایکمەوە

پەیوەندیگرتن لە تەورێز لەگەڵ ماڵەوەمان لە سـابڵاغ ئاسان نەبوو، تازە تەلەفۆن داهاتبوو، زۆربەی ماڵان لە سابڵاغ و تەورێزیش تەلەفۆنیان نەبوو، هەموو شارێک تەلەفۆنخانە و تێلگرافی لێ بوو. لە سابڵاغ ماڵی ئێمـە تەلەفۆنیان بوو، دەبوو بە مەرکەز واتا تەلەفۆنخانە بڵێن و بۆیان وەسـڵ بکات. لەگەڵ حوسـێندا دەبوو زۆربەی ڕۆژە هەینییەکان بچین بـۆ «موخابرات»، واتـا تەلەفۆنخانەی تەورێز و لەگەڵ دایکمان قسـە بکەیـن. ڕێڕێـداری نەبوو، چەند کابینەی بچووک بـە دەوری هۆڵەکەدا بوو، دیسکێکی گەورە و چەند کارمەندێک بلیتیان دەبڕی و ژمارەکەیان دەنووسی، ئیتر دەبوو بچی دانیشی، یان بە پێوە لەناو شلۆقیی خەڵکدا بوەسـتی و چاوەڕێـی بانگکـردن بیت. زۆر جاران یەک دوو سـەعات چـاوەڕوان دەبوویـن و لەنـاکاو دەیانگـوت بەداخەوە خـەت خراپە و ناگیرێت، ئەو حەفتەیە بەبێ قسەکردن لەگەڵ دایکماندا دەهاتینەوە و تا هەینی داهاتوو دایکمان لە نیگەرانیدا دەبوو، دەنا بە دەنگی بەرز هاواری دەکـرد ئاغای فلان بۆ ژووری ژمارە فلان، ڕامان دەکرد و گوشـیمان هەڵدەگرت و جاریش هەبوو کارمەندەکەی تەلەفۆنخانەی مەهاباد پێش ئـەوەی ماڵە خۆمـان بگرێت، تێر چاکوچوونی لەگەڵماندا دەکرد و باس و خەبەری تەورێز و دۆست و ئاشنای لێ دەپرسیین، ئەوجار لەو لای سـیمەکانەوە دایکم، یان باوکم دەنگیان بەرز دەبووەوە. دەبوو زۆر بە پەلە هەردوو لا پەیام و قسـەکانمان کردبا، تەلەفۆن ئەوکات زۆر گران بوو. بەشـی زۆری موشـتەریی تەلەفۆنخانەکان سـەرباز و خوێندکار

بــوون، بۆ هەموو شــارەکانی ئێران. لە بیرمــە جارێکی دوو هەفتە بوو قسەمان نەکردبوو، دایکم گوتی:

- شــتێک هەیە پێتان دەڵێم نابێت نارەحەت بن و نابێت بەم زستانە سەختەش بێنەوە، هەرچی بوو تەواو و سەرەخۆشییش نەماوە!

- چی بووە دایە گیان کێ مردووە؟!

- وەڵا ئەوە حەفتە زیاترە باپیرتان مردووە!

- ئەدی بۆ نەتانگوت بێینەوە؟

لەنــاکاو کارمەنــدی تەلەفۆنخانەی ســابڵاغ ناســیاو بــوو هەڵیدایە: «ئاغــای کەریمی تەســلییە[1]تان عەرز دەکەم». دیــار بوو گوێگرتن لە قسەی خەڵک بۆیان، زۆر عادی و ڕەوا بوو!

- ڕۆڵە باوکت گوتی، لێیانگەڕێ بەو زســتانە ئوتوبووس بە حەوت هەشت سەعات ناگات و زۆریش خەتەرە، بێنەوە چیتان پێ دەکرێت؟!

زۆرمان پێ ناخۆشــبوو، سەرەخۆشــیمان لە باوکمــان کرد و تاقە باپیریش ڕۆیشت. ئیتر شتێکمان نەما بە ناوی نەنک و باپیر!

ئەوکات ئوتوبووس هەبوو لەنێوان سابڵاغ و تەورێز، تازە ترمینالی شــار دروســت کرابوو لە لای مەیدانی مەلا جامی ســەرزارکی کۆڵانی ســێ ئاشــان. ترمینالی تەورێز زۆر گەورە و پڕ لــە خەڵک بوو. دایکم هەموو هەفتەیەک ســاکێک خواردنی بۆ دەناردین، بیری لە هەموو شت دەکردەوە، لە گۆشت، کفتە، شامی کەباب (شفتە)، سەوزە، تەنانەت برنج و خۆرەشــت. بیدایەت لە مەهاباد یەکێک دەیبــرد بۆ ترمینال و دەیاندا بە شــۆفێرەکە، ئەغڵەب دۆســت و ناســیاو بوون، ئەویش لە لای خۆی دایدەنا نەڕژێن و تێکەڵ نەبن، من یان حوسێن ئێوارەی هەینی دەچووین بۆ ترمینالی تەورێز و چاوەڕێ دەبووین بۆ پاســی ســابڵاغ، زســتانان زۆربــەی جار وەدرەنگ دەکــەوت و لەبەر بەفر و ڕێگیران زۆریان پێ دەچوو، ئیتر دەبوو لە حەوشــەی ترمینال بە سەرمای زستانی تەورێز

١- تەسلییەتپێگوتن، سەرەخۆشیلێکردن، داوای سەرساخیکردن بۆ خاوەن مردوو.

چاوەڕێ بین تا پاسـی سابڵاغ بگات و ساکە سپی وەربگرین و بە پەلە بگەڕێینەوە ماڵەوە. وردەوردە وای لێ هات زۆربەی شۆفێرەکان ساکە سـپیی ئێمەیان دەناسی و بۆیان دەهێناین، دەنا بەبێ ئاگاداریی شۆفێر ساکیان لە سابڵاغ دەخستە ناو سندووقی پاسەکە و ئێمەش هەر وا لە تەورێز هەڵماندەگرتەوە، بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێت!

تەورێز وەک کۆمارەکەی خۆمان

ڕۆژ نەبوو لە سابڵاغەوە خەڵک نەیەت بۆ تەورێز، خوێندکار، نەخۆش و بـازرگان لـەم توێژانە بوون زۆر دەهاتن، بـە حوکمی کوردبوون و هاوشـارییبوونەوە ئێمەیـان دەدۆزییـەوە و ئێمەش چیمان لەدەسـت هاتبا لە دیتنەوەی دوکتۆر و چوونی دانیشـگا و شـتکڕین یارمەتیمان دەکـردن. بـە هۆی چاککردنی ڕێگەکە و نزیکی چ لەمەودا و چ لە باری مێژوویی، تەورێز بووبوو بە مەکۆیەکی سـەرەکی بۆ خەڵکی سـابڵاغ. دانیشگەی تەورێز یەک لە ئاستبەرزەکانی هەموو ئێران بوو، کۆمەڵێکی بـاش خوێندکاری کوردی لەخـۆ گرتبوو، تەنانـەت ژن و ژنخوازییش لەنێوان ئەم دوو شـارەدا لە کۆنەوە ڕووی داوە، کێشـەی سـەرەکی، مەزهەب و جیاوازیی شـیعە و سـوننی بوو. کەشـوهەوای سیاسی و سـەربەخۆخوازی لە تەورێزیش وەک کوردستان و سابڵاغ زۆر بەتین و لە ڕۆژەڤدا بوو، ئاخر زۆر لەمێژ نەبوو حکومەتەکەی ئەوانیش وەک کۆمارەکەی ئێمە جوانەمەرگ کرابوو. وەک چۆن سابڵاغ لە کوردستان بووبوو بـە هێمای ناسـیۆنالیزم و مەرکەزی کوردایەتـی، تەورێزیش ناوەندی ئازەرییەکانی هەموو ناوچەکە بوو بۆ بیری سەربەخۆخوازی.

یـەک لە شـوێنە هەرە قەرەباڵـغ و پڕ لە حەشـیمەتەکانی ئێران بە گشـتی، بازاڕی گەورەی تەورێز بوو، چەندین بازاڕ یەک لەدوای یەک سـەریان گیراوە بە گومبەز و میعماریی کۆنی سـەردەمی سەفەوی و قاجـار، بینـای کۆن و مێژوویـی وەک ئەرکی عەلی شـا، ئەلگولی یان شـاگولی، ئارامگەی شاعیران و زۆر شوێنی دیکە هەبوون بۆ گەڕان و

دیتنیان. ئەوەی لە هەموان گرنگتر و خۆشـتر بوو، بازاڕە یەک لەدوای یەکـەکان بوو، بـازاڕی تەوریز بە گەورەترین بازاڕی سەرداپۆشـراو دادەندرا لە جیهاندا. بازاڕەکانی فەرش، شووشە، ئاڵتوون، چەرم، کەوش، ڕاستەبازاڕ و بازاڕی ئەمیر، ئەو شوێنانە بوون هەر کە دەچوویە ژوور و یەکـەم بـازاڕ ئیتر هاتنەوەت نەبوو. سـەعات دوای سـەعات مرۆڤ نەیدەزانی چۆن تێدەپەڕێت! لەبەر جوانیی فەرش و شووشە و بللوور و کەوش، بۆنی گیاوگۆڵ و زەعفەران و بەهارات، شیرینی و چەرەزات و ئاجیلی زۆر نایاب، سەرمەست و وڕ دەبوویت. لەخۆڕا نەبوو دەیانگوت بازاڕی تەوریز شادەماری ئابووریی هەموو ئێرانە.

جەوێکی ڕۆمانسی

ئێمەی خوێندکار نە ئیشمان بوو نە پارە، بەس بە چەند ڕۆژ جارێک دەبوو سـەری ئـەم بازاڕە بەجۆش و سەرسـامهێنەر و پڕ لە سـڕ و جوانییە هەر بدەین، ئێوارەی پێنجشەممان هەر کە دەچوویە ژوور، ئیتر پێهەڵگرتن نەبوو، بە پاڵ و لەسـەرخۆ بەبێ ئەوەی هەسـت بکەیت بە جووڵەی زۆر ئارام و مێرووئاسـا بە سەعاتێک چەند مەترێکت دەبڕی. لە ویشکەسـاڵیی ژینگەی پەیوەندیی کوڕان و کچان، ئەمە ئەو شـوێنە بـوو گەنجان بەبـێ شـتکڕین و پارەخەرجکردن بە چەندین سـەعات کاتیان تێدا بەسەردەبرد و نە تەنیا دڵداری و سرتە و چپە هەبوو، بگرە دەسـتبۆبردن و ڕۆمانسـییەتی پیاوانی ڕۆژهەڵاتی، کە زۆربەی جاران لەم شـوێنگەلە لە شـکڵی خۆپێوەنان بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی کچ، یان کوڕە جوانکیلەکان خۆی دەدیتەوە، ئاگریان دەکردەوە.

قاوەخانـەی عاشـقانی ئەم شـارە نەدەبوو لە کیـس خۆتی بدەیت، عاشـقلەر ئـەو تارلێدەرانـە بـوون، سـازی ئازەرییـان بە سـینگەوە دەنووسـاند و بـە حەرەکاتـی توند و سـەمای قاچەکانیـان و ئاوازی ئازەری و شـیعری حەماسی و دڵداری و تەنانەت سیاسی و مێژوویی تابلۆی هونەری بەنرخ و دانسقەیان دەخوڵقاند. ئاوازی عاشقان لە زمان

و بەیانی عاشـــقلەرەکان بەشـێک بوو لە مێژوو و فەرهەنگی تەورێز و ئازەرییـــەکان. بە خواردنەوەی چایەک بە تاکــە قرانێک[1] دەکرا بۆ ئەم قاوەخانانــە بچیـت و بە کەیفی خــۆت گوێ لە نەوای دڵفرێنی ســازی ئازەری بگریت.

ژنانی ژێر چارشێو

گەڕەکە کۆنەکان و مەرکەزی شار زۆربەیان لە بنبەستی دوورودرێژ و دەروازە پێک هاتبوون، یەکەم ماڵمان لە گەڕەکی کۆنی ماڵی ســەمەد بێهرەنگــی بوو لە بنبەســتی مەهپەیکەر، ئەم بنبەســتە لە کۆلانێکی پان جیادەبووەوە و زارکی چوونەژووری بنبەستەکە دەروازە بوو، جووت دەرگایەکی ئەســتووری داری نەخشێندراو، تەقولابێکی ئاسنی گەورە، دەیانگوت پێشتر شــەوانە دایانخستووە و شوێنی دەرگەوان لە سەری دەروازەکە هەر مابوو، گۆیا زەمانی زوو شەوانە بە تفەنگەوە کێشکیان کێشــاوە. ڕاڕەوی باریکی ئەم بنبەســتە ڕێک بۆ ســوارێک کرابوو. لە زارکــی دەرگاوە تــا بنەوانی بنبەســت هەمووی پێچاوپێــچ و زیاتر لە چوارسەت بۆ پێنجسەت مەتر و سەت بۆ سەت و پەنجا ماڵێک دەبوو، تەنیا مەجالی پیادە و پاسکیل هەبوو، ئەگەر شتومەک و باری قورست پێ با، دەبوو حەماڵ و عارەبانەی بچووک بە کرێ بگریت، بۆ بەدبەختیی ئەم ماڵەی ئێمە کە ساڵی ئەوەڵ تێیدا بووین، لە بنی بنەوە بوو. زۆربەی ماڵباتی ئەم گەڕەکانە خەڵکی ســوننەتی و دیندار و شــیعەی زۆر تۆخ بوون. شــیعە بەزمێکی ژنانیان هەیــە ڕۆزەخوانی پێ دەڵێن، ئاخوندێک بانگ دەکەن بۆ ماڵ، دەروجیران کۆ دەبنەوە و گوێ لە ئاخوند دەگرن. هەموو ژنەکان تەواو خۆیان لە ژێر چارشــێودا دەشــارنەوە، بە کۆ لە دەوری یەک دادەنیشــن و ئاخوند لەســەر کورسییەک وەلای سەرەوە دەخــەن، هاتنی پیاوان ڕێپێــدراو نییە. ئاخوند دەســت دەکات بە چەند ئایــەت و گێڕانەوەی کوشــتنی عەلی و حوســێن و ئیمــام ڕەزا و ئیتر

١- قران، ڕیاڵ- یەکەی پوڵی ئێران.

ئیمامی عەباس و بە کەیفی خۆی چەشــنی نەقالان بە ئاهەنگ دێتە گۆ، ژنــان لــە پرمەی گریــان دەدەن، دادوبێداد دەکەن و هــەزاران جنێو و لەعنــەت ڕەوانــەی ئیمامــی عومەر و بە تایبەت عایشــە و یەزید و ئەم تایفەیە دەکەن. زۆر جار گوێمان لێ دەبوو لە هاتوچۆی دەر و کۆلاندا بە ئێمەیان دەگوت عومەری!

سیغەی یەک دوو سەعاتی

لــە گەڕەکــی ئێمە ڕۆزەخوانــی زۆر بــوو، وا هەبوو لــە گەڕانەوە بــۆ ماڵ دەبــوو خۆ لادەین و لەگــەڵ ژناندا، لەم کۆلانــە تەنگەبەرانەدا بــەر یەک نەکەویــن. بە خوتبــەی ئاخوند ئەوەندە گریابــوون، چاویان ســوور دەچووەوە. ئاخوندی شــیعە دەرامەدی چاکــی هەبوو لە ڕۆزە خوێندنــەوەدا، هــەر کەس دەبــوو پێنج قران و تمــەن و دوو تمەنی بۆ دانابــا، هەموویــان ورگیان لە پێش و ملیان ئەســتوور و پاکوخاوێن و سپیوســۆڵ بوون، دین و مەزهەبی شــیعە بۆ ئەوان، نان و ئاو، جنس، خۆشــی و ئاســوودەیی بوو. ئــەوان، ئاخوندەکان کــە گازیان دەکردن ئاغا، مەرجەع بوون بۆ پرســیارگەلی خەڵک و گیروگرفتەکانیان. ژنانی کــۆن و ســوننەتی بڕوای زۆریان بە ئاغا هەبــوو، زۆر جاریش هەبوو ئاغــا تەماحی تێ دەکــردن و هەر لە جێوە بە خوێندنی ئایەتێکی کورت بــۆ یــەک دوو ســەعات لە خۆی ســیغە دەکردن، کاری خــۆی لەگەڵدا دەکردن و ئیتر هەموو شت ئاسایی دەبووەوە، تەنانەت هەر بۆ ئێوارە، ژن دەگەڕاوە ســەر ماڵ و مێردی خۆی، ئاخوند دینی بە کەیفی خۆی دادەڕشــتەوە و قانوون و شەرعی بۆ چێ دەکرد. ئەمڕۆ شتێکی بە دڵ نەبوو حەرامی دەکرد و بەیانی کە دەیزانی زەرەری لێ دەکات، یەکسەر حەلاڵــی دەکــردەوە، هەڵبەت ئێســتاش هــەر وایە، بۆیە لە شــیعەی بە تایبەت دوازدە ئیمامیدا تەقیە هەیە، کە بە کورتی جگە لە شەرعییەتدان بە درۆکردن، هیچی تر نییە.

خوا، قەند و چای حەرام کردووە

لێــرەدا گێڕانەوەی یــەک دوو حیکایەت زیاتر دەوری ئاخوندمان بۆ باس دەکەن لە مەزهەبی شیعەدا:

دەڵێن لە ســەردەمی قاجاردا، ئەفســەرێکی بەریتانی لە هیندەوە چا دێنێتــە ڕۆژهەڵاتی ئێران، لە کرمان و خوراســان و ئــەم ناوە چایەکی زۆر بەرهــەم دێنێــت، خەڵک چا و قەنــدی ئەوەندە دەخۆنــەوە، تەواو ئەفسەر دەوڵەمەند دەبێت، ئاخوندێکی کرمان دەچێتە لای و دەڵێ:

- ئەدی کوا بەشی من؟!

- بەشی چی تۆ چ کارەی؟!

- من مەلا و ئاخوندی ئەم شارەم، خەڵک بە قسەی من دەکات!

- بڕۆ هەرچی پێت خۆشە بیکە من تۆ ناناسم!

- نامناسی؟! خۆت دەبینییەوە!

مەلا لە خوتبەی نوێژی هەینیدا:

- میللەت دەزانن ئێوە بە زوویی خوا غەزەبتان لێ دەگرێت؟!

- میللەت: بۆ چمان کردووە ئاغا؟!

- خوا قەند و چای حەرام کردووە و ئێوەش دەیخۆنەوە!

- میللەت: شین و گریان و لەخۆدان.

ســاڵ تێپەڕی و ئەفســەری بەریتانی ئیفلاسی کرد و لە بازاڕ کەس چا و قەندی نەدەکڕی، بە پەلە گەڕاوە بۆ لای ئاخوند:

- بۆ وات کرد، بۆ حەرامت کرد؟!

- ئەی، پێم گوتی بەشی من، تۆ هەر حیسێبت بۆ نەکردم.

- بمبوورە بەڕاستی نەمدەزانی، تازە چوو!

- نا دەکرێ ئەگەر بەشی من جیا بکەیتەوە، چاکی بکەینەوە!

- چۆن؟ تازە حەرامە لای خەڵک!

- هیچ نییە تۆ بەشــی من ســەدا چل بنووســە و ئیمزای بکە، کارت پێی نەبێت!

هەینیــی داهاتــوو ئاخوند وەســەر میمبەر کەوت و گوتــی، دەزانم

زۆرتان حەز لە چا و قەندە، پرسم کردووە گەر بێتو پێش خواردنەوەی چایەکە غوسلێک بە قەندەکە بکەن، ئەوە ئیتر حەلاڵ دەبێتەوە!

میللــەت دەســتیان بــە چاخواردنــەوە کــرد و زۆر مەمنوونــی ئاخونــد بــوون. جیاوازییەکە هەر ئەوە بوو لەپێشــدا قەندەکەیان لەناو چایەکە هەڵدەکێشــا! ئێســتاش لە هەمــوو ناوچەکە بــە ئێمەی کوردی ڕۆژهەلاتییشــەوە چای بە قەندی دەخۆنەوە و زۆر کەسیش قەندەکەی بە چایەکە تەڕ دەکا و ئەوجار دەیخواتەوە!

شەهیدی گواوی

لــە تەورێز کە زێراب و سیســتمی ئاوەڕۆی نەبوو، پێشــتر باســم کــرد، هەموو ماڵەکان چاڵیــان هەبوو، بۆیە جاروبار کە چاڵ پڕ دەبوو، کەنکەنەچــی کە ئیشــی بەتاڵکردنی ئەم چاڵاوانە بــوو، دەهات و بەتاڵی دەکردن. دەڵێــن ژنێک براکەی کەنکەنەچی دەبێت و لە کاتی کارکردندا تێــی دەکەوێــت و دەخنکێت! شــەهیدبوون لە لای شــیعە زۆر گرنگ و ســەروەرییە و ڕێگەی چوون بۆ بەهەشــتە، وەک چۆن ئیمام حوســێن شەهیدە، زۆر حەز بە شەهیدبوون دەکەن. ژنە دەچێتە لای ئاخوند و بە گریانەوە دەڵێ براکەم لەناو چاڵی ئاودەست، کاتی خاوێنکردنەوە خنکا و مرد، هاتووم بزانم شەهیدە یان نا؟!

ئاخوند دەڵێ: «بەلی، بەلی، شــەهید دی ئەمما پۆخلی شەهید دی»! واتا شەهیدە، بەڵام شەهیدێکی گواوی!

خۆ خۆشــمان بە چاوی خۆمان دیمان پاســداریان دەنارد بۆ شەڕ لەگــەڵ پێشــمەرگەدا، کلیلیان پێ دەدان بۆ بەهەشــت و شــەهیدبوون. تەنانەت ئاخوند ســادق خلخالی کە لە دەســتپێکی شۆڕشی ڕۆژهەلاتدا ناردیان بۆ حاکمی شەرعیی کوردستان، ماوەی مەحکەمەکانی یەک بۆ دوو چرکەیان دەخایاند، لێیان پرسی کوا وا دەبێ؟ گوتبووی بۆ نابێ؟! ئەگــەر گوناحبار بێ ئــەوە بە حەقی خۆی گەیشــتووە و ئەگەریش بە بێگوناحی ئیعدامی بکەم ئەوە شەهیدە و دەچێتە بەهەشت!

سالانی تەورێز بۆ من ئەو سەردەمانە بوون، یارمەتیی گەورەیان دام بۆ خۆناسین و چاوکراوەیی ژیانم لە هەموو بوارەکان، لە تەورێز فێری ڕاوەستان لەسەر پێ، سەربەخۆبوون، ڕوانینی چاوکراوانە بۆ دۆست و دەوروبەر، کۆمەڵایەتیبوون، خۆدیتنەوە لە بەرەی پێشکەوتوویی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە خورافات بووم. بە گشتی بۆ لە بەرەی چەپدابوونم، قەرزداری ژینی ئەم چەند ساڵەم، دوور لە ماڵ و نازی دایک و باب، لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە، کە لە تەورێز بەسەرم برد.

ساڵ لەدوای ساڵ و ڕۆژبەڕۆژ هاتنی لاوان و هاوتەمەنەکانی خۆم لە کوردستانەوە بۆ تەورێز و شارە گەورەکانی تری ئێران ڕووی لە زیادبوون بوو، خوێندکارێکی زۆر ڕوویان لە خوێندنی باڵا کردبوو، بە هەزار کوێرەوەری و نەبوونی دەیانخوێند و بە ئومێدی وەرگرتنی شەهادەی بەرز و گەڕانەوە بۆ وڵات و خزمەت بە خەڵک بوون.

گوتم، بە هیمەتی بابم نە تەنیا ڕزگارم بووبوو لە کرێنشینی، بگرە بووبووم بە ساحێب ماڵ و دوو هۆدەشم هەبوو بۆ بەکرێدان. بە هۆی شالاوی هاتنی خوێندکارە لاوەکان لە شارە کوردییەکانەوە و نەبوون و قەیرانی خانووبەرە، ئەم دوو ژوورەی من هەرگیز وەعەرز نەدەکەوتن، هەڵبەت جیا لە قەیران یەک دوو هۆکار هەبوون بۆ خواستیان، شوێنێکی باش و نزیکی ناوشار بوو، کرێی زۆر نەبوو، هەموو بیستبوویان کەش و فەزای دۆستانە و سیاسیی ماڵی ئێمە غوربەت و تەنیایی بە چۆکدا هێناوە.

کوڕێک هات هاوشاریی خۆمان بوو، باوکی ناسراوی باوکم بوو، چووبوو بۆ لای باوکم و ئەویش گوتی، ڕۆڵە ماڵێکی باشن و زۆر فەقیرن، ئەگەر دەزانی هۆدەیەکیان چۆڵ دەبێ بیدەیە. کوڕێکی سەردەشتیی لێ بوو، خەریک بوو دەڕۆیشت، هاوشاریی گەیشت، لە تەکنیسێنی بینا و ڕێوبان وەرگیرابوو، دەورەکەی دوو ساڵ بوو. باقی، هەتا بڵێی کوڕێکی ڕووخۆش و بەجۆش و کۆمەڵایەتی بوو، هەر زوو کردمانە هاومزڵی خۆمان، سەری زۆر لە سیاسەت دەخورا.

لەبەر دڵی فیروز

ڕۆژێکی ساردی پاییزی ساڵی ١٩٧٧، فیروزی هاوڕێم لە دەبیرستان گوتی، دێی ئەمشـــەو زۆر بە نهێنی بچین بـــۆ تەعزیەی کوڕی ئیمام لە حوســـێنییەی ناو بازاڕ؟ گوتم، کێ مردووە؟ گوتی، کوڕەگەورەی ئیمام خومەینی، حاج مستەفا ئاغا لە نەجەف مردووە، لێرە شا ئیجازەی نەدا بە ڕەسمی تەعزییەی بۆ دانێن، بازاڕ بە شەو و دوور لە چاوی ساواک بۆی دادەنێت. من هیچ بڕوام بە شیعە و مەزهەب نەبوو، بەس فیروزم زۆر خۆش دەویســـت و زۆر هاوکاری یـــەک بووین، گوتم فیروز تەنیا لەبەر دڵی تۆ دێم.

ئێوارەی درەنگ یەکمان گرتەوە و چووم بەدوایدا، بازاڕ ئارام بوو، ئەم کۆڵان بەم کۆڵان و ئەو بازاڕ بەم بازاڕ، گەیشتینە مزگەوتێکی لەبەر دەرگاوە خەڵـــک بـــوو تا حەوشـــە و ناو هۆڵە گەورەکە، پڕ لە فەرشـــی جـــوان و ڕازاوە، تێگەیشـــتم هەر خۆیان، بازاڕییـــەکان پێی ڕادەگەن و ئیدارەکەی بەدەســـت خۆیانە. فیروز هەر قســـەی بۆ دەکردم، ئەمە حاج فڵانـــە، ئەمە یەکەم تاجری شـــارە، ئەم کوڕی فـــڵان موجتەهیدە و ئەمە فڵان ئایەتوڵڵا و ئەوی تر دوکتۆر و سەرمایەدار و ئیتر بەدوایدا...

هەرگیز نەمدەتوانی تەســـەوری ئەوە بکـــەم خومەینی تا ئەم ڕادەیە لای شـــیعە گەورەیە. لەوێ باس کرا کە حاج مستەفا بە مەرگی تەبیعی نەمردووە و باسی موئامەرە و کوشتنیان بەسەر شا و سەدامدا دەهێنا. باســـیان کرد ئیمام زۆر پەرۆش و تازییەبارە بۆ کوڕی گەورەی و دە فکـــری تۆڵەدایە. گوێم لە قســـەی زۆر خەتەر بوو بە دژی شـــا، یەکەم جـــارم بـــوو لـــە کۆبوونەوەیەکی وادا بە ئاشـــکرا گوێم لـــە جنێودان و دروشـــمی دژ بە شا و ڕێژیم دەبوو. بۆم دەرکەوت فیروز زۆر چالاکە و وەک بەرپرس قسە و ڕاوێژیان لەگەڵدا دەکرد. ئەویش زۆر بەئەدەب و لەسەرەخۆ، بە ڕوخسارێکی تەواو ماتەمەوە دەیدواندن و ڕێوشوێنی بـــۆ دیاری دەکردن، تێگەیشـــتم بازاڕ خەریکی کوڵینـــە و هەر بەم یەک

شـەوە لە مزگەوت ئەمـە کۆتایی نایەت، هەمـوو ئەوانەی لەوێ بوون باسـی کوشتنی حاج مسـتەفایان دەکرد، نەک بە مردنی ئاسایی خۆی. هەر ئەمشـەوە پارەیەکی زۆر کۆکرایەوە و هەرچی حاجیی بازاڕ بوو بەشـدارییان کرد و گوتیان پارە بـۆ بزووتنەوەی ئیمام کۆ دەکەینەوە. هــەزاران سـەڵوات و شـیعاری بەرزم بـۆ پشـتیوانیی خومەینی گوێ لـێ بـوو. ئەمە یەکەم بەشـداریم بوو لەناو کۆبوونەوەیەکی دژی شـا و حکومەتـی ئێـران، هەرچەند بەدڵ پێم ناخۆش بـوو کە بینیم بەرەی ئیسلامی وا بەهێزن. فیروز دیسان داوای لێ کردم ئەمە زۆر خەتەرە و نابێت کەس پێی بزانێت. هاتمەوە ماڵ و بۆ کەسـم باس نەکرد لە کوێ بووم. چەند ڕۆژی نەبرد بیسـتمان لـە قومیش حەرەکاتێک هەبووە بۆ لایەنگری لە خومەینی و تەعزیە بۆ کوڕەکەی، چەند کەسێک بە تەقەی پیاوانی شا کوژراون و بڵاوەیان پێ کراوە.

شت دەقەومێ

مانگی دووی ساڵی ١٩٧٨ بوو، سەرمای ڕێبەندانی ١٣٥٦ی هەتاوی، هەم دیسـان فیروز هات و گوتی شەممە مەیەوە دەبیرستان، یان وەرە بـۆ بـازاڕ، یان بچۆ بۆ دانیشـگە، بەیانی زوو دەسـت پـێ دەکەین، بۆ چلەی شـەهیدانی قوم تەزاهورات دەکەین. هەینی هەموو لە ماڵ بووین و باسـم کـرد، ڕۆژی شـەممە حوسـێن و باقی و هەمـوو چووین بۆ بـەر زانکـۆی تەورێز، دیار بوو شـت دەقەومێت، پۆل پـۆل خوێندکار لـە دەرگا گەورەکەی زانکـۆ دەهاتنە دەر و لێک نزیک دەبوونەوە، ئیتر هەر ئەوەندەمان زانی دروشـم بەرز بووەوە و زۆر بە ئارامی دەسـت کـرا بـە ڕێپێوان بەرەو شـار. مەسـافەی نێوان زانکۆ و ناوشـار زۆر بوو، هەر دەهات و بەشـداری زیادی دەکرد، دروشمی سەرەکیی ئێمە لـە زانکۆوە کە ڕێکەوتین «اتحاد- مبـارزە- پیروزی» واتا: «یەکێتی- تێکۆشـان- سەرکەوتن» و کۆمەڵێک شیعاری چریکی فیدائییانی خەڵق بوو، هەموو بەیەکەوە دەمانگوتنەوە. نزیک مەیدانی سـەعات و جادەی

تەربیـەت بووینەوە، خەڵکێکی زۆر بە دروشـم و ئەی ئیمام ئەی ئیمام پەیـدا بـوون و تێکەڵ بوویـن، گوتیان بازاڕ تێکەڵی خۆپێشـاندان بوو. هەر دەسـتبەجێ حەولیان دا شـیعاراتی ئێمە، کە لە زانکۆوە هاتبووین بگۆڕن و بە دەنگی زۆر بەرز هاواریان کرد ئەم شـیعارە کۆمونیستییە و «رهبر ما خمینی – نهضت ما حسینی»، واتا «ڕابەرمان خومەینی و بزووتنەوەکەمان حوسەینی» وەسەر دەنگ و دروشمەکانی ئێمە کەوت و ئیتر بازاڕ و مەلا و مەزهەبی شیعە، تا ڕووخانی شا دەستیان بەسەر هەموو جووڵەکانی داهاتوودا گرت.

مەرگ بۆ شا

لـە بـازاڕی شیشـەگەرخانە، ئیسـلامی و چەپ و کۆمۆنیسـتەکان ئاوێتـەی یەک بوون و شـیعاری مەرگ بۆ شـا بەرز بـووەوە، هەموو بـازاڕ داخرا و تەقە لە خۆپێشـاندەران کـرا. هەموو کەس هەڵدەهات و بڵاوەی دەکرد و دیسـان کۆ دەبوونەوە و یەکیان دەگرتەوە، بە دەیان کـوژراو و بریندار لە مەیدانی سـەعات، جـادەی تەربییەت و بەردەمی بـازاڕی شیشـەگەرخانە و خیابانی کوروش کەوتبـوون و لە گیانەڵادا بـوون، کەس فریای کەس نەدەکەوت و تەقە لە هەموو لاوە بوو، ڕۆژە کورتەکانـی ڕێبەندان فریای خەڵـک کەوتن و وردەوردە بەرەو کۆتایی ڕۆژ دەبووینەوە، لەگەڵ حوسێن و باقی بەرەو ماڵ هەڵدەهاتین، لەناکاو باقـی کـەوت و هاواری لێ بڵنـد بوو، گەڕاینەوە و بە جووت شـانمان خستە بنباڵی باقی، هەمو گیانی خوێن بوو، فریانەکەوتین بزانین وەکوێی کەوتـووە. بە هیلاکی و کوێرەوەرییەکی زۆر و خۆپاراسـتن لە پۆلیس و سـەربازان، بە جادە و کۆڵاناندا خۆمان گەیاندەوە ماڵ و باقیمان بە بێهۆشـی لەسـەر فەرشـەکە درێژ کرد، لە پشـتملی خوێن هەڵدەقوڵی، لەگەڵ حوسـێندا زۆر ترسـابووین. ئەوە یەکەم جارمان بوو تووشـی لێـدان و کوتـان و تەقـە ببین و هاوڕێمان دە شـەڵاڵی خوێنـدا ببینین. خوار ماڵی خۆمان هەموو ڕۆژ تابلۆی دوکتۆرێکی سـابڵاغیم دەدیت و

دەمزانــی ئەو دوکتۆرە لەوێیە، گوتم حوســێن ئــاگات لێی بێت دەچم و دەیهێنم. هەموو دەســت و جلەکانــم خوێن بوون، هەرچی هاوارم کرد، لەسەر پەنجەرەی سەرووی مەتەبەکەی[1] خۆی نیشان دام و بۆم باس کرد چمان لێ قەوماوە، گوێی نەگرت و دوو جنێوی دا و دەریکردم. لە گەڕانەوە بۆ ماڵ بیستم بریندار یەکجار زۆرن و خەستەخانەی شاپوور کە زۆر دوور نەبوو لە ماڵمانەوە، بریندار ڕادەگرن. هاتمەوە حوســێنی بــرام تەواو شــپرزە و شــێواو و خوێنــاوی بوو، فەرشــێکی گەورەی تەورێزمــان بوو، هەر هەمووی خوێن بوو، باقی لە ناوەڕاســتیدا تخێڵ بوو[2]، کە زانیمان پشــتملی گرتووە، ترســاین بمرێت. گوتم دەچم بزانم تاکســی پەیدا دەبێــت. هەرچەند بردنی بۆ خەســتەخانە، گەر تیماریش کرابایە بە واتای گرتن و زیندان بوو. هاتمە ســەری جادەکە و دەســتم بــۆ دەیان ســەیارە بەرز کــردەوە، کــەس ڕاینەدەگرت، ســەیارەیەکی بچــووک هــات گوتم، ئاغا دە تمەن و بمبە بۆ خەســتەخانەی شــاپوور نەخۆشــم هەیــە خێــرت دەگا، پارەکە زۆر بوو، لە کاتی ئاســاییدا هەر تمەنێک یان دوو تمەن بوو. گوتی، باشــە بڕۆ نەخۆشەکەت بێنە. لەگەڵ حوســێندا کە باقیمــان هێنا، زانیــی بریندارە نرخی زیاد کــرد، گوتمان چیت دەوێت هەر بمانگەیەنە. گوتی بیســت تمەن. جادەکان پڕ بوون لە ســەرباز و ئامبولانس، حەوشەی خەستەخانە جمەی دەهات لە خەڵک، بــە هاتوهاوار و دەمرێ و دەمرێ باقیمــان گەیاندە هۆڵی لای ژووری عەمەلیــات، بە دەیان کەســی بریندار و مردوو لــە ڕاڕەو و بەر پلیکان و تەنانەت حەوشــە کەوتبوون. باقی ســمێڵێکی ڕەشی جوانی ستالینیی هەبــوو، هەمــوو پێیان وا بوو لە ســەرکردەکانی چریک و شــتی وایە، دوکتۆرێکی زۆر میهرەبانی جەوانی فارسمان لێ پەیدا بوو، لەگەڵ دوو پەرســتاری زۆر جوان و تەڕ و ناسک. دوکتۆر بە پەرستارەکانی گوت بیبەن بۆ ئەشیعە و زوو بیبەن بۆ ژووری عەمەل. زانیی من و حوسێن

١- مەتەب، عەیادەی دوکتۆر.
٢- تخێڵ، بەسەر زەویدا پانەوەبوو.

کوردیــن و زۆر حورمەتی گرتین. زۆری نەبرد ئێمە لە پشــت دەرگای عەمەل وەک شــێتان نیگەران و لە هاتوچۆدا بووین، چەند ئاشــنایەکی خۆم بە برینداری دیتن، دوکتۆر بە بزەی لێو هاتە دەر و گوللەیەکی لە دەســت نابن، کە لە پشــتملی باقی هێنابوویە دەر. لە ڕووی ئەشیعەکە، بۆی باس کردین؛ بە هۆی مەســافەی زۆرەوە گوللەکە سارد بووەتەوە و ڕێک لە ســەری شــادەماری بڕبڕەی وەستاوە، هیچ خەتەری لەسەر نییــە و تەنیــا خوێنی زۆر لێ ڕۆیشــتووە و دەبێت ئیســتراحەت بکات. کچــەکان ئێمەیان بردە لای باقی، وەهۆش نەهاتبووەوە، گوتیان دەبێت لێرە بێت، لەگەڵ حوسێن لێیان پاڕاینەوە گەر بێتو لێرە بێت، دەیگرن و لــە زیندانی دەکەن. وەعدیان دا بەیانــی زوو بچین بۆمان دەرباز بکەن و لــە ماڵــەوە تیمــاری بکەین. هاتینــەوە بە ماندوویی و هیلاک، شــەو درەنگ بوو، چەند هاوشاریمان لێ پەیدا بوون و ماڵمان پاک کردەوە و ڕێوشوێنمان لە ئەگەری هاتنی ساواک دانا و زۆر شتمان کۆ کردنەوە، فەرشمان خاوێن کردەوە و ئاساری خوێن و برینداریمان نەهێشت.

هاوڕێی ناو ڕۆژنامەکە

بەیانــی لەگەڵ حوســێندا چووین بۆ لای خەســتەخانەی شــاپوور، ڕۆژنامــەی ئیتلاعــات گەورەتریــن ڕۆژنامــەی ئێــران دەرچووبــوو، لاپــەڕەی ئــەوەڵ و نیوەی تــەواوی، وێنەیەکی گــەورەی باقی بوو بە سمێڵێکی گەورەی چریکی. ئیتر هەرچی کردمان هەر نەیانهێشت نزیکی حەوشەکەش بینەوە، قەرار لەگەڵ پەرستارەکان ئەوە بوو، ئەوان باقی بێنــن بۆ دەرەوەی خەســتەخانە و ئێمەش بە تاکســی بیبەینەوە ماڵ و دواتر بۆ ســابلاغ و ماڵی باوکی. دار و بەرد سەرباز و پیاوانی ساواک بوون، هەرچۆنێک بێت یەک لە کچەکان خۆی گەیاندە من و حوسێن و گوتی، شەو ڕۆژنامەنووس هاتوون و باقی لە سەر تەخت کە وەهۆش هاتبووەوە یەکســەر چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە، ئێستاش پاسەوان لەســەری وەســتاوە و هیچمان بۆ ناکرێت و دەیگوازنــەوە بۆ زیندان.

چەندێک وەستاین و حەولمان دا شتێک بکەین و بیفڕێنین و پەنجەرە و ڕێگەی دیکەمان تاقی کردەوە، هیچی سەری نەگرت. هاتینەوە ماڵ و لە دوورەوە هەســتمان پێ کرد ماڵەکەمان لەژێر چاودێریدایە و کێشکچی لەسەر کۆڵانەکەیە. پاشەوپاش کشاینەوە و بە کۆلانی پشتەوەدا وەسەر دیوار کەوتین، هەرچی کتێب و شتی وا هەبوو لە جانتایەک لە حەوشەدا چاڵمــان کرد و هەر بەســەر دیواردا هاتینەوە ســەر جادە، بە تاکسـی خۆمان گەیاندە ئیســتگەی «راه آهن» واتا ڕێی ئاســن، شــوێنێک بوو لە دەرەوەی شــار، شــەمەندەفەر لەوێڕا دەڕۆیشــت بۆ شارەکان. شار بە شــار بە ســەیارە و لۆری و دەســتبەرزکردنەوە خۆمان گەیاندەوە سابڵاغ، هەموو نیگەران بوون، خەبەری باقی لە ڕۆژنامە هەموو کەس بیستبووی، باقی بووبوو بە پاڵەوانی ناو خەڵک.

٥

چلەی کوشتاری تەورێز

ماڵ و کاشـــانەم شـــێواو و نەمانوێرا بچینەوە تەورێز، خەبەر هات هەموو ئەوانەی ڕۆژی مێژوویی شـــەممە ٢٩ی ڕێبەندانی ســـاڵی ١٣٥٦ واتـــا ١٨ی مانگـــی دووی ســـاڵی ١٩٧٨، ڕۆژی کوشـــتاری خوێناویـــی تەورێز، نەچوونەوە بۆ سەر کار و زانکۆ و مەدرەسە هەمووی دەگیرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت. باقی و سەدان کەسی دیکە گیران و لە زیندانەکانی شادا بەند کران.

چلەی کوشـــتاری تەورێز لە زۆربەی شـــارە شیعەکانی ئێران گیرا، چلە کە تایبەت بە مەزهەبی شیعەیە و لە «اربعین» واتا ٤٠ ڕۆژ دوای مەرگـــی ئیمامـــی حوســـێنەوە هاتووە، بـــوو بە باو و تەنانـــەت چەپ و کۆمۆنیســـتەکانیش چلەیان بەکار دێنا بۆ دژایەتی و خۆپێشـــاندان دژی شا.

بە کەمتر لە ســـاڵێک چلـــە بەدوای چلەدا، شـــا بارگەوبنەی تێوەپێچاو و ڕژیمی پەهلەویی باوک و کوڕ دوای پەنجاوچوار ســـاڵ وایان لێ هات شـــوێنگۆڕێکیان دەســـت نەکەوێـــت. خومەینی بە ســـووربوونی خۆی لە نەجەف و پاریســـەوە شای ڕووخاند و واشی کرد هەموو هێزەکانی تری دژی شـــا، جگـــە لە کوردســـتان بکەونە ژێـــر ڕکێفـــی هەژموونی خۆی و کۆماری ئیسلامی. مێژوو وا دەڵێت، بەڵام ئایا بەڕاستی خومەینیی ئاخوند شای ڕووخاند یان شا چیتر خوازراو و جێی متمانەی ڕۆژئاوا نەبوو؟!

یـــان کۆبوونەوەکانـــی گوادەلـــوپ لـــە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٧٩دا لەنێوان ســـەرۆکەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمان و فەرانســـە، وتارە حەماســـییەکانی ڕۆژانەی ڕادیۆ بی بی سی و فەرانسە دژی شا، تاج و تەختیان تێکەوە پێچا؟!

یەکەم ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان

چـوار مانـگ بوو هەموو شـارەکانی ئێـران چلە بە چلـە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ شـادا ڕاگەیاندبوو، ڕۆژانە شـەهید و بریندارپان هەبوو. لە کوردسـتان و شـارەکەی منیش هیچ خەبەر نەبوو. لە پێنجی مانگی شەشی ١٩٧٨دا کاک عەزیز یوسفی کەسایەتیی بەناوبانگی کوردستان، دوای بیستوپێنج ساڵ زیندانی ئازاد کرا و دواتر لە تاران کۆچی دوایی کـرد. دوو ڕۆژ دواتر بە بەشـداریی هەزاران کەس بەرەو گۆڕسـتانی بوداق سـوڵتان بەڕێمان کرد، مامۆسـتا شـێخ عێزەدین حوسـێنی بە کوردی تەلقینی دا و حەماسی بەشداربوان بەرز بووەوە. خەڵک بە کۆ بەرەو گۆڕی شـەهیدی سـەرکردە سولەیمان موعینی چوون و دەست کرا بە سروودی کوردی و دروشمی مەرگ بۆ شا گوتنەوە. ئەوجار بە ڕێپێوان بەرەو شار بووینەوە، ئەو ڕۆژە وەک بیرم مابێت لاوێکی شار بە تیری سـەربازی شا پێکرا و شەهید بوو. ئەوە وەک یەکەم ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان تۆمار کرا.

کتێبە بێناونیشانەکان

کتێبی بەرگسـپی، کتێبگەلێک بوون بۆ شوێنەونکێ و شاردنەوەیان هیچ لە بەرگەکەیان نەدەنووسـرا. هەموویان مارکسی و سەر بە چەپ بـوون، کـەس نەیدەزانی لە کـوێ چاپ دەکرێن و کـێ چاپیان دەکات، بـەس دیار بوو زۆربەیان سـەر بـە حیزبی تودەی ئێـران بوون و لە لای ئەوانـەوە بڵاو دەکرانەوە. تەوریز کانگای ئەم کتێبانە بوو، زۆر بە قاچاخـی دەچووم و دەمهێنان، لـە چوارڕێی ئازادی بە یارمەتیی چەند هاوڕێ پانمان دەکردنەوە، یەک و دوو دەمانفرۆشتن، پاسەوان و پۆلیس هێرشـیان دەکرد، دەمانپێچـاوە و هەڵدەهاتین. لە تەزاهوراتی ڕۆژانەی شـار هەسـتم کرد خەڵک خوازیاری سـروودی کوردین، نامیلکەیەکی کۆنـم هەبوو لـە باشـوورەوە هاتبـوو، هەمووی سـروودی کوردیی

ســەردەمی شــۆڕش بوو، بە یارمەتیی کچێکی خزممــان، لە ئیدارەیەک تایپیست بوو، زۆر بە ترس و پاڕانەوە ڕازی بوو ئێواران دوای دەوام بــێ و بۆم تایپ بکات. تایپێکم لە کــوڕی پوورم، کە کۆمپانیای هەبوو، وەرگرت، هەرچەند زۆر بە ترســەوە دای، هەمــوو لاپەڕەکانی نامیلکە و ســرووودەکانم لەســەر ئیستنســڵ تایپ کرد، ئەوجار دەبوو ڕۆنیو، واتا دەزگای چاپی پۆلیکۆپی پەیدا بکەم. گوتیان لە خەستەخانەی سیل یەکدانەی لێیە، نیوەشەو لەگەڵ چەند هاوڕێ چووین و هێنامان، باشترە بڵێم بە زۆر داگیرمان کرد.

کتێبی سروود

لــەو ماوەیــەی هاتبوومەوە ســابلاغ، پەیوەندیــی توندوتۆڵم لەگەڵ پێشــمەرگەی یەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان لە قەندیل و هاوڕێیانی کۆمەڵــەی مارکســی- لینینی گرتبــوو، هەروەتر لەم ڕێیــەدا کۆمەڵێک هاوڕێی تازەم پەیدا کردبوون، کاک ســولەیمان بللوری، جەمال موفتی، کەریــم بللــوری، مەمەد ســەبزەچی، مینە قەڵــەو و زۆری دیکە، کە بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماون و ناویان نابەم.

بە یارمەتیی ئەم هاوڕێیانە شەوانە تا بەیانی لاپەڕەکانی «سرووودی کــوردی بــۆ لاوان»مان چــاپ دەکــرد و بەیەکەوەمان دەنووســاندن. کتێبمان تەواو کرد، بە ناوی خوازراوی «هێرش چالاک» ئامادە کرا.

ڕۆژی دواتــر زیاتــر لە ٥٠٠ کتێبمان لەنــاو کارتۆن و گوێنیدا بردە چوارڕێی ئازادی و لە ماوەی کەمتر لە یەک ســەعاتدا، دوای یەک دوو جار هێرشی پۆلیس، هەموویمان فرۆشت و بڵاو کردەوە. ڕۆژی دواتر هــەر وەک هەموو ڕۆژانی تر ڕێپێوان دەســتی پێ کرد، کە بینم خەڵک کتێبی سرووودی کوردییان بە دەستەوەیە و شیعر و سرووودەکان بەبێ هەڵــە دەڵێنــەوە، لە خۆشــیان پێم وا بــوو بە عاســماندا دەڕۆم. خەڵک نەیدەزانی «هێرش چالاک» کێیە.

کارەساتی هەکاری

دوای برینداربوونی باقیی هاوەنزلم لە تەوریز، زۆربەی کات لە سابلاغ بووم، لەو ماوەیەدا بیستمان کارەساتێکی گەورە بەسەر پێشمەرگەکانی یەکێتیدا هاتووە و زیاتر لە ٧٠٠ کەس تێداچوون، بە کوشتن و برینداربوون و تەسلیمبوونەوە و وازهێنان. کارەساتی هەکاری لەنێوان مانگەکانی پێنج و شەشی ساڵی ١٩٧٨دا ڕووداوێکی دڵتەزین و ناخۆش بوو، بە تایبەت ماوەیەک بوو دوای ئاشبەتاڵ شۆڕشی نوێ هەستابووەوە سەرپێ و کۆمەڵێک هاوڕێ بووین زۆر دڵمان پێی خۆش بوو، خەبەر بە باشی نەدەگەیشت، لە لایەک نەبوونی ئامرازی پەیوەندی و لە لایەکی تریشەوە توندوتیژیی پیاوانی ساواک، بە تایبەت لە سابلاغ و سەردەشت و خانێ. خەبەر وا هاتبوو کەس نەماوە و سەرانی قیادە موەقەت هەر هەموویان کوشتوون و بە زیندوویی لە شاخ هەڵیانداشتوون و بە ئاڕ پی جی لەناویان بردوون.

یارمەتی بۆ پێشمەرگەی باشوور

ئێمە بە تایبەت لە سابلاغ دوای ناشتنی کاک عەزیز، ترسمان لە دەزگا و پیاوانی ساواک ڕەویبووەوە و ئێواران بە بیانووی یارمەتی بۆ لێقەوماو یان هەژاران، گۆیا ماڵەهەژارێک سووتاوە و شتی وا، بەناو جادەکانی شاردا دەهاتینە خوار و کڵاوەکانمان ڕادەگرت و پارەمان کۆ دەکردەوە، خەڵک کە دەیدیت خەڵکی ناسراوی وەک ئێمە سواڵ دەکەین، زۆر بە حورمەتەوە یارمەتیی باشیان دەکردین و زۆربەشیان دەیانزانی هەژار و ماڵسووتان بیانووە و پارەکە بۆ پێشمەرگەی باشوور و یەکێتیی نیشتمانییە. زۆربەی جاران من و سولەیمان بلووری کۆمان دەکردەوە و دەماندا بە دەرمان، خواردەمەنی، پەتوو، کاپشێن و جلوبەرگ.

بێتەڕەف بێشەرەفە

لە ماوەی بەهار و هاوینی حەفتاوهەشتدا، وەک چالاکێکی ڕێپوانەکان و کۆبوونـــەوەی مزگەوتـــەکان دەرکەوتـــم، بـــە هۆی فرۆشـــتنی کتێبە (بەرگســـپییەکان) و بڵاوکردنەوەی سرووودی کوردی، خەڵک دەیناسیم و بەرچاو بووم. خەڵکی شار ڕۆژانە دەیان جار بە بەر دوکانی باوکمدا دەرۆیشـــتن، دوکانەکەی ڕێک لەناو دڵی شـــاردا بـــوو، هەموو ڕێڕەوی خۆپێشـــاندانەکان هـــەر دەبـــوو بەوێدا گـــوزەر بکات. باوکیشـــم لەبەر دوکانەکەی ڕادەوەســـتا و ســـەیری دەکرد و زۆر جـــار خۆم لە چاوی نەدیو دەکرد، بەڵام هەر دەشـــیدیتم. کاتی یەکتربینین و شـــەوان گەر لە ماڵ بام، هەر شەڕمان بوو، دەیگوت هەموو ئاژاوە و فیتنەی ئەم شارە لە بن سەری تۆ دایە! ئێوارەیەک چوومەوە، باوکم غەزەبی لێ دەباری و لەگەڵ دایکم و کاکم بە دەنگی بەرز لە گفتوگۆی شـــەڕانیدا بوو، هەر منی بینی گوتی: بێشـــەرەف بۆخۆتی، ئیتر هەرچی جنێو و ســـەگباب و چی و چی! گوتم:

– دایە، کاکە، چ بووە؟ چم کردووە؟!

– بۆ بە باوکت دەڵێی بێشەرف؟!

– هەرگیز شتی وام نەگوتووە!

– بابم: ئەی بێشەرەف! درۆ دەکەیت خۆم بە چاوی خۆم و بە گوێی خۆم ئەم ئێوارەیە لێم بیستی!

– وەڵڵا شتی وا نییە!

گوتـــی: ئاغـــا! ئـــەم ئێوارەیە جەنابت بـــە بەر دوکانی منـــدا نەهاتن؟ هەزاران کەست وەدوای خۆت نەدابوو؟! مستت ڕانەدەوەشاند؟! پێت بە عەرددا نەدەدا؟! یەک بۆ خۆت هاوارتان نەدەکرد «بێتەرەف بێشەرەفە»!

– ئەوجار زانیم! بەخوا بابە گیان لەگەڵ تۆمان نەبوو.

جیرانەدوکانی باوکم، دوو ســـێ دوکان خوارتر پیاوێکی ســـابڵاغی بوو، شووشـــەواتی دەفرۆشـــت، خۆی و کوڕەکەی بە ســـاواکی ناویان دەرکردبوو. باوکم ڕاستی دەکرد، هەر کە ڕیزەکەمان گەیشتە بەرامبەری

دوکانەکەی، هەموو یەکدەنگ دروشمی «بیتەرەف بیشەرەفە»مان زۆر بە حەماسەوە دەگوتەوە.

- بابە هەموو دەزانن مەبەستمان حاجی... بوو!

- ئاخر بۆیە تۆ بیشـــەرەفی! ڕۆژی دوای ناشـــتنی عەزیز یوســـفی هـــەر ئەم حاجییە، کە لای تۆ بیشـــەرەفە، بەیانـــی زوو جەنابت لە خەو هەڵنەستابوویت، هات و لە دەرگای دا، گوتی میرزا برایم با عەلی چەند ڕۆژ بچێتە دەر و دیار نەبێت. نەهاتم گوتم عەلی برۆ لە دەرەوەی شار بـــە و دەتگـــرن؟! ئەوە پیاوەتیی حاجی... بوو، کە نەگیرایت و داریان تێ نەبرییت هەی بیشەرەفی سەگباب!

ئەوجـــار، مـــن بیتەرەفـــم، نـــە لای ئێوەم و نە لای شـــا، بـــۆ دەبێت بیشەرەف بم؟!

ئیتـــر دیار بـــوو فایدەی نییە و زۆر خەڵکی بازاڕ بەم دروشـــمەمان توورە بووبوون! زۆرم حەول دا ئاشـــتی کەمەوە، دیار بوو حاجی... لە دوکان گلەیـــی لە باوکم کردبوو و گوتبووی خۆ من چاکەم لەگەڵ ئێوە و عەلی کردووە!

مامۆستا شێخ عێزەدین

یـــەک دوو ڕۆژ دواتر هەر بە هەمان جادە و بە بەردوکانی باوکمدا هاتینە خوار و مامۆستا شێخ عێزەدین لە پێشی پێشمانەوە بوو، «مەرگ و نەمـــان بۆ شـــا» و «بڕوخێ بڕوخێ» و ســـروودی ئـــەی ڕەقیبمان دەگوتـــەوە. باوکـــم و زۆربـــەی دوکانـــدارەکان هاتـــن و چوونە ڕیزی مامۆستا و دەستیان لە ئێمە بەرز کردەوە بە نیشانەی ڕازیبوون. ئێوارە هاتـــەوە و بە شـــادی و پێکەنین گوتی: ئەدی کـــوڕی خۆم، ئەگەر دوو پیاوی پیاوانەی وەک مامۆستاتان لەگەڵدا بێت، ئێمەش پشتیوانتانین!

لەو ڕۆژەوە بۆ پاراســـتن و پاسەوانیی مامۆستا بە تایبەت، شەوانە کۆمەڵێک لاوی سابڵاغ لە ماڵی مامۆستا کێشکمان دەکێشا و یەک دوو لەمانە دواتر بە ســـمێڵی گەورە و کڵاشـــینکۆفەوە لە هەموو ئێران وەک

پاسەوانی مامۆستا ناویان دەرکرد؛ وەک مستەفا سوور و خالید سمێڵ.

هاتنی مامۆســتا بۆ نێو خەڵک و ڕێپێوانەکان، گیانێکی تازەی وەبەر خەڵک نا، دیسان بۆ جارێکی تر سابڵاغ بووەوە مەکۆی شۆڕشگێڕی و خەبات و کوردایەتی. دیسان دوای کۆماری کوردستان، ئەم شارە بوو بە ناوەندی سیاسی، نە تەنیا لە ڕۆژهەڵات، بگرە لە هەموو کوردستان.

ڕۆڵ و کەسایەتیی مامۆستا وەک ئیمامی جومعەی شار؛ لەو کاتەدا کــە لە هەمــوو شــارە گەورەکانی ئێــران مزگەوت و ئاخونــد دەوری ســەرەکییان دەگێڕا، پێویســتییەکی گەورە بوو. مامۆســتا نــە تەنیا لە باری مەزهەبی کێشــەکەی ڕاست دەکردەوە، بەڵکو بەو ئەندازەیە بگرە زیاتریش دۆســت و هاوپەیمانی هێز و خەڵکانی چەپ و سێکۆلار بوو، ئەو بە ئاشــکرا قسەی خەڵکی پێشکەوتووی دەکرد و خوازیاری جیایی دین و سیاسەت و دەسەڵات بوو.

ماڵــی ئێمە و مامۆســتا هەر لــە یەک گەڕەک بوویــن و زۆر دوور نەبوویــن، زۆربەی کات دەرگای ماڵیان ئــاوەڵا بوو، پڕ بوو بە تایبەت لــە گەنجان و مامۆســتایانی شــار. مامۆســتا زۆری حورمەتی مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەگرت، خەڵکی زۆر باش و خۆشەویست لە ماوەیەکی زۆر کەمــدا دەوریــان گرت و تا درەنگانی شــەو لای دەمانــەوە. هەرچەندە ماڵەکــەی مامۆســتا خانوویەکــی زۆر ســادە و بچــووک بــوو، لەگەڵ ئەوەشــدا خێزانێکی گەورە و زیاتر لە نۆ کەس بوون، هەرگیز ماندوو نەدەبوون لەو هەموو میوان و چادانان و نانخواردن و دانان و هەڵگرتنە. مامۆســتا بۆ ڕاکێشانی خەڵک و یەکڕیزی، بە تایبەت پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، دەوری گەورە و مێژوویی گێڕا. ئەو بە کردەوە لە ناو ماڵی خۆی کە شــەش کچی هەبوو، ســەلماندبووی بڕوای بە یەکسانی و مافــی ژن هەیــە، بڕوای بــە حکومەتێکی دوور لــە ئایین و مەزهەب، ســێکۆلار و عەدالەتخواز هەبوو. قسە و وتەکانی مزگەوتی پڕ بوون لە ئامۆژگاری بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و دوور لە توندوتیژی. مامۆستا ئیمامی جومعەی شار بوو لە مزگەوتی کۆن و مێژوویی شار،

مزگەوتی ســوور. لەنــاو بازاڕیش مزگەوتێکی خــۆی هەبوو و زۆرتر بــە ڕۆژ لــەوێ دادەنیشــت. بەیانیان بە دەیــان لاو و خەڵکی چالاک بۆ ڕووخانی شــا، دەچووین و لە دەوری دادەنیشــتین، وردەوردە وای لێ هات مزگەوتەکان بوونە ناوەندی قســە و گفتوگۆ و شــوێنی بڕیاردان. خەڵکــی توندڕەوی ئیســلامی زۆر کەم بوون و زۆربــەی چالاکەکانی شــار لاوانی چــەپ و دوور لە ئینتیمــای مەزهەبی بوون. مامۆســتای زۆر خۆشەویســتی مەدرەسەکانی ســابڵاغ، کاک کەریم دانشیار، یەک لە هەرە دەموچاوە شــیرین و خۆشەویستەکانی لاوانی شار بەکردەوە بووبوو بە ڕاوێژکارێکی دانا و بە مشــووری مامۆســتا شێخ عیزەدین. زۆربــەی کات دەیــان لاو بە گۆپــاڵ و جاروبار بە دەمانچــەوە، لەبەر دەرگاکەی ئامادە بوون. بە هەزاران کەس بەشداریی نوێژی جومعەیان دەکرد، تەنانەت ئەوانەی کە نوێژیشــیان نەدەکرد هەر دەهاتن. قســە و باسکردن لەسەر کەسایەتیی مامۆستا و ڕووداوەکانی تەمەنی ئەم پیاوە نوورانییە، سەدان لاپەڕە هەڵدەگرێت و حەقە کارێک و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، ئاکادیمی، سیاســی و کۆمەڵایەتیی فرەڕەنگی لەسەر بکرێت و باشــتر بە نەوەی داهاتوو بناسێندرێت. لێرەدا من ئەوەم بۆ دەکرێت لە گۆشــەنیگای پێشمەرگە و کەسێک کە لە نزیکەوە شانازیی ناسینیم پێ بڕاوە، لەم کورتە بیرەوەرییانەمدا باسی بکەم.

٦

شەهیدبوونی خانەی موعینی

هەر لەو سەروبەندە و هاوینی ١٩٧٨ بە هۆی کادر و پێشمەرگەکانی یەکێتی، کە تێکەڵاویمان ئیتر زۆر بووبوو، بیستم کاک خانەی موعینی، کە تازە لە زیندان وەک قارەمانێکی ئەشکەنجە ئازاد بووبوو، زۆر جار لەناو شار دەماندیت و وەک مرۆڤێکی سەنگین و ئارام و بێدەنگ و گۆشەگیر دەماناسی، چووەتە باشوور بۆ لای پێشمەرگە و سەرکردایەتیی یەکێتی، تووشــی شــەڕ هاتوون و شــەهید بووە. هەواڵێکی جەرگبڕ و ناخۆش، ئەوە بوون بە ســێ برای شــەهیدی بنەماڵە. کاک خانــە برای بچووکی کاک ســولەیمان و عەبدوڵڵای موعینی بوو. یەک دوو جار سیامەندم لە ســەرجادە و خۆپێشاندان بینی و هەستم کرد هیچی نەزانیوە، بۆیە هیچ باســم نەکرد، هەتا چەند ڕۆژ، وردەوردە خەڵک هەستیان بە خەبەرەکە کردبوو. برادەرانی یەکێتی و کۆمەڵەی ڕەنجدەران ئەوجار بە ڕەســمی بنەماڵە و خەڵکیان لێ ئاگادار کردەوە و چۆنێتیی ڕووداوەکەمان بیست. لە دێی دڕی لە ناحیەی ماوەت کاک خانە تووشی پێشمەرگەکانی یەکێتی هاتووە و داوای کردووە بیگەیەنن بە سەرکردایەتی، ئەوانیش شەو لەم دێیە ماونەوە و نەیانزانیوە ئیخباری کراون، بەیانی زوو جاش و جەیش دەوریان داون، کاک خانە و بەرپرسی مەفرەزەکە کاک ئەحمەد فەتحوڵڵا و چوار پێشمەرگە شەهید بوون.

کادیرانی یەکێتی لە سابلاغ

لە هاوینی ئەو ساڵەدا زۆر بە خێرایی، شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان بەر شەپۆلی بەرینی ڕاپەڕینی خەڵک دەکەوتن و ڕۆژانە لە هەموو شارەکان خۆپێشاندان و شەهید و بریندار و گرتن هەبوو. ئەوە

وای کردبوو پێشمەرگەکانی باشوور دوای کارەساتی هەکاری بە هۆی هاتوچـۆی خەڵکـی ڕۆژهەڵات بۆ لایان و جووڵـەی خۆیان و بێورەیی ژاندەرمی شا، تا ڕادەیەکی باش ببوژێنەوە و گیانێکی تازە بگرن.

یەک دوو کادری باڵای یەکێتی و کۆمەڵەی مارکسی هاتن بۆ سابڵاغ و زۆر زوو لەگەڵ شـەهید سـولەیمانی بللـوری بەرەوپیریان چووین، وەک شۆڕشگێڕ و خەڵکانی بەرز، بە حورمەتەوە چاومان لێ دەکردن، ئەو قەدر و ڕێزەی ئێمە و بنەماڵەکانمان لێمان دەگرتن، بەو قورسـاییە بـوو کە هەمـوو خەڵکانی جیهان لـە قارەمان و سـەرکردەی خۆیانی دەگرن، ئەوان بەڕاستی لامان گەورە بوون و ئازیز. هەرچی ویستبایان، هەبا و نەبا دەسـتبەجێ ئامادە کرابوو. خەڵکی سـابڵاغ دەیانزانی ماڵی ئێمـە و شـەهید سـولەیمان بـە زۆری کادر و پێشـمەرگەی لێیە، هەر بۆیـە زۆر بە حورمەتەوە دەیانڕوانییە ئێمە و زۆر جار بە تەعلیق و لە بنـەوە پێیـان دەگوتین، ئێمەش حەز دەکەین لـە خزمەتیاندا بین و هەر بۆخۆتانیان دامەنێن، ئێمەش خۆمان لێ گێل دەکردن و دەمانگوت هەر کات هاتن بە چاوان؟!

هاوینی ٧٨ ئەو هاوینە بوو بەڕاسـتی ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات نەمانهێشـت کارەساتی هەکاری زۆر بە پێشـمەرگە و شۆڕشی نوێوە دیار بێت و برینەکان زۆر بە توندی سـاڕێژ دەبوونەوە و جارێکی دی کوردی باشـوور بەرەو بەهار و بووژانەوە هەنگاوی دەناوە. بە دەیان پێشـمەرگەی کۆمەڵەی مارکسـی لای ئێمە و بە قاچاغ مداوا دەکران و بۆ شـارە گەورەکانی ئێران بەڕێ دەکران. مام ڕۆستەمی پێشمەرگەی ناسـراوی شۆڕش بە برینداری گەیشتە سابڵاغ، کاک کەریم دانشیار و کەریـم قادری دوای خزمەتێکی زۆر ڕەوانەی ناو شۆڕشـیان کردەوە. نامیلکەی کۆمەڵەی مارکسـی-لینینی کوردستان[1]، پەیڕەو و بەرنامەی کۆمەڵەیـان پـێ دام و بـە قاچاغ لەگەڵ چەند پۆسـتەری شـەهیدان و

---

[1]- کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان- ئەندێشەی مائۆتسە تۆنگ، دواتر لە سەرەتای ١٩٧٩دا ناویان گۆڕی و بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەران.

نامیلکەی دیکە لە تەوریز بۆم چاپ کردن و هێنامنەوە.

کاک دلێر سەید مەجید کادری بالای کۆمەڵە و سەرکردایەتی بەزۆری لای ئێمە بوو، خەریکی دابینکردنی شتومەک و پەیوەندی بوو، زۆر چالاک و لێزان بوو، لە هەر قوژبنێک بایە، پێشمەرگە، بریندار و تۆراو دەیاندیتەوە و داواکارییان لێی هەبوو، دیار بوو لە شنۆ، خانێ، سەردەشت و سەقز، خەڵکی دیکەشی دەناسین و یارمەتییان دەدا.

کاک سولەیمان بللوری تیمێکی باشی لە کوڕە خاس و بەحەماسەکانی شار وەک شەهید جەمال موفتی و شەهید کەریم بللوری، عەبووی برای و چەندی دیکە ئامادە هەبوو بۆ یارمەتیکردن و خزمەت بە هاوڕێیانی یەکێتیی نیشتمانی. کاک دلێر ئەو کوڕانەی دەناسی و زۆر جار بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی شتومەک و تەنانەت چەک، هاوکارییان دەکرد.

شەڕی ڕووخانی شا

لە مانگی دووی ساڵی ٧٨ەوە شەڕی ڕووخانی شا دەستی پێ کردبوو، ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر خێرا و هیچ بە قازانجی شا نەبوو، هەر دەهات و خومەینی، کە بە کردەوە بووبوو بە سەرکردەی شۆڕش، زۆرتر پێی دادەگرت لەسەر ڕووخان، جگە لە ڕۆیشتنی شا هیچی دیکەی قبووڵ نەبوو، لەگەڵ بەرهەڵستکارانی چەپ و لیبراڵی ئۆپۆزسیۆنی شا، زۆر باش مودارای دەکرد و وەعد و وەعیدی زۆری دەدا بە قسە و لێدوانەکانی، کە ئێرانی دوای شا، دیموکراتیک و بە دڵی چینی زەحمەتکێش و ئازادی بیروڕا دەبێت.

لە دوای هاتنەوەم لە تەوریز و جێهێشتنی خوێندن و ماڵ و هێلانەکەم، سیاسەت و شۆڕشگێڕی بوو بە پیشە و ئامانجی تا بە ئەمڕۆم. ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم ڕێک چل ساڵ زیاتری لاداوە، هیچ پەشیمان نیم لەم چل ساڵەی تەمەنی خۆم و بگرە تەنیا سەروەریی ژیان کە هەمبێت، بیرەوەریی پڕ لە خۆشی و بڕک و ژان، دەربەدەری، دووریی نیشتمان و ئەلبوومێکی پڕ لە فەخر و شانازیی هاوڕێیانی شەهید و

زیندووه. بۆچی دەبێت پەشـیمان بم لە چل سـاڵ تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشـێو، پڕ لە ئومێد و نائومێدی، پڕ لە حەماسـە و داسـتان، ناسینی سـەدان مرۆڤی پاک و شۆڕشـگێڕ لە هەر چوار پارچەی کوردسـتان؟ لە کورە سپیوسـۆڵێکی خاوێن و دەسـتوپێ بەخەنەی نازداری شاری، بوومە پیاوێکی سەروریش سپیی کوردەواری، بە ناسینی دەیان جوتێر و ئاغا و پیاوماقوڵ، سەرکردە و ئەدیب و نووسەر، دیتنی دەیان شاری گـەوەری جیهـان، تێکەڵاویی هونەرمەندان و چالاکی سیاسـیی نەوەی نوێ، هەگبەیەکم پێیە مەگەر خوا هەر بۆخۆی بزانێت چیی تێدایە؟!

سولەیمان بللوری

هاتنەوەم بۆ سابڵاغ و مانەوەی ئەم چەند مانگە لە ساڵی ٧٨ و چەند مانگێـک لـە ٧٩ یادگاریی پڕ بەها و زێڕینی منە، دەسـکەوتی گەورەی ژیانمـی تێدایە. یـەک لەو گەوهەرە نایابانە، ناسـینی شۆڕەسـوارێکی مەیدانی کوردایەتی، وەفا، خوشەویسـتی، پاک و بێگەرد و شۆڕشگێڕ، شەهید سولەیمان بللوری بوو.

هاتنەوەم بۆ سابڵاغ و ئامادەبوونم لە کۆڕ و چوارڕێ و قاوەخانەکان، بە دیکۆر و قەدوگیپاڵ و جلوبەرگی سیاسییانە و لە تەمەندا هەر بیست سـاڵێک، سەرنجی زۆر کەسی ڕادەکێشا. کە دەڵێم دیکۆر و جلوبەرگی سیاسـییانە، وەک خۆی لێم وەرگرن، ئەوکات بۆ ئەوەی سیاسـی وێنا بکەیت، کراسـێکی فشـی جووت گیرفانی چینی، سیغارکێشـان بە مژی خەسـت و قووڵ، شـەڵواری کـوردی و زسـتانان پاڵتۆیەکـی درێژی ڕووسی، کەرەستەی لازم بوون. منیش ڕێک وا بووم.

دوو سـێ مێرخاسـی جوان هەبوون زۆرم دەدیتن، لە من گەورەتر بوون، زۆر چاونەترسانە وەک تابلۆی نەقاشی بە جلوبەرگ و شەدەی کـوردی زۆر جوان دەردەکەوتن. ئەوان چاویان لە من دەکرد و منیش ئارەزووم بوو لێیان نزیک ببمەوە. یەک لەوان سـولەیمان بللوری بوو، تـازە لە سـەربازی هاتبووەوە. ئێوارەیەک سـولەیمان لای سـەرووی

چوارڕێـی ئازادی لێم هاتە پێش و سـڵاو و چاکوچۆنیی لەگەڵدا کردم. لە ماوەی چەند چرکەدا وەک دوو ناسراو و هاوڕێی چەند ساڵەمان لێ هات. ئەو کاکمی دەناسی و گوتی، جارێک هاوپۆل بووین.

لەشـولار و سمێڵ، جلوبەرگ، مشکی و پێچ و فەقیانەی، ڕێک وەک سوار و میرزادەکانی جزیر و بۆتان دەچوو، لە بازاڕ و جادە و کۆلان، گەنجـان پێشـیان پـێ دەگـرت، داوای فێرکردنی جامانەبەسـتنیان لێ دەکرد، ئەویش هەر لە جێوە بۆی دەبەستن، ئەو زۆربەی لاوانی شاری بەرەو پۆشینی جلوبەرگی کوردی هان دا، لە شایی و زەماوەندان خۆی گاوانیی بەر نەدەدا و عەبووی برای لە سەرچۆپی بوو، لە بوژاندنەوەی فەرهەنگ و کولتوری کوردی سـولەیمان و ئەم چەند کەسـە، دەوری بالایان لەناو خەڵک و لاوانی تازەپێگەیشتوودا بینی.

تێکەڵاوی لەگەڵ سـولەیماندا زۆر زوو هەمـوو ئەندامانی ماڵەوەی گرتەوە و بە کردەوەش بوو بە کوڕی ماڵمان. پیاسـەی ئێوارانی شـار لەگـەڵ سـولەیمان و هاوڕێکانی، لەزەت و خۆشـیی ژیانمـان بوو، لە بەشـداریی ڕێپێـوان و چالاکیی سیاسـیدا، ئـەو وەک قەڵایەک بوو، بە سـەدان وێنەی سەرکردەکانی شۆڕشەکانی کورد، قازی، موعینییەکان، مام جەلال، ئەختەر، مارگرێت و...ی بردە ناو خەڵک و گەنجانی سابڵاغی فێری خوێندنەوەی ڕابردوو و مێژوو دەکرد. گۆرانیی ڕەسەن، بەیت و مەقام، سروود و کاسێتی هەموو هونەرمەندانی باشوور لای سولەیمان دەسـت دەکەوتن. ئەرشیفی گۆرانی و سروودی کوردییەکەی، تەنانەت تۆمارگەکانـی شـار داوایان لێ دەکـرد، بۆ یەکەم جار ئـەو بوو کاک محەمـەد ماملـێ، عەزیـز شـاهروخ، عەزیـز ماملێ و ناسـر ڕەزازیی بەرامبـەر یـەک لـە ماڵی خۆیـان دانا. لەم سـەفەرەدا بـۆ یەکەم جار ناسری بە گەنجانی سابڵاغ ناساند و بەهرە و دەنگە جادووییەکەی ئەم هونەرمەندە تازەیەی بە حەق بەرز نرخاند.

سـولەیمان و بنەماڵەکەیان بە دڵ و گیان لە خزمەت پێشـمەرگە و کادر و بریندارەکانی یەکێتیی نیشتمانیدا بوون، هەر کەس بۆ یەک ڕۆژ

لەو ماڵە نزیک دەبووەوە ئیتر پێی دوور کەوتنەوە و وازهێنانی نەدەما، ئەوان بە تایبەت سولەیمان، کە دۆستایەتییان دەکرد، بەدڵ و گیان و یەکڕەنگی دەیانکرد. بە سەدان کادر و پێشمەرگەی یەکێتی، کەسایەتی و شۆڕشگێڕی باشوور و هەموو کوردستان، ڕێیان کەوتە ئەو ماڵە، پەنا دران، عیلاج و مداوا و بەڕێ کران بۆ هەندەران.

دەسپێکردنەوەی چالاکییەکانی دێموکرات

ئەوکات تەنیا حیزبی سیاسیی کورد کە ناوی هەبوو، حزووری سیاسیی زۆر کەم بوو، هەشبا زۆر بە نهێنی بوو، حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران بوو، زۆربەی کادر و سەرکردەکانی لە بەغدا و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بوون.

دەگوترا چەند کادری وەک سەید ڕەسووڵی بابی گەورە و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و... بە نهێنی لە گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت و سابڵاغ دیتراون. چەند کەسی دیاری شار وەک سیمای دێموکرات دەناسران، نموونەی جەلیل گادانی، عومەر قازی و چەند کوڕە ئاغایەک.

عەزیز یوسفی

کاک عەزیز یوسفی خۆشەویست و جێی ڕێز بوو بۆ خەڵکی سابڵاغ و بە تایبەت لاوان. ئەو نەیدەشاردەوە و فرێ بەسەر حیزبی دێموکراتەوە نەبوو، تەنانەت لە ڕوانگەی حیزبی تودەوە لە کۆڕی لاوان و لایەنگرانی خۆی، دژایەتیی ڕابەریی حیزبی دێموکراتی دەکرد، کاک عەزیز ئەندامێکی بەوەفا و لەمێژینەی حیزبی تودە بوو، بەڵام بە حوکمی زیندان و خۆڕاگریی زیاتر لە بیستوپێنج ساڵانی، کۆمەڵێک لاو و بنەماڵەی کۆنی تودەیی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، دواتریش بناغەی تودەییەکانی سابڵاغ هەر ئەوانە بوون، کە لەو سەردەمەدا کاک عەزیز بەرەو حیزبی تودەی بردبوون.

جەلیل گادانی

گادانی کە چەند ساڵێک زیندانیی شا بووبوو، قسەی زۆری هاوڕێیانی خۆی لەسەر بوو، کە لە زینداندا ئیعترافاتی زۆری کردووە و کەسی نەهێشتووە، تەنانەت دوای ئەوەی بە لیست ناوی ئەندام و چالاکەکانی حیزبی خۆیانی داوە و دواتر لێپرسینەوە لێی تەواو بووە، بانگی بازجۆکەی کردووە و گوتوویەتی بنووسە! فڵان کەس و فیسارم لە بیر چووە! بۆ بەڵگە، بەر لە کۆنگرەی دوو لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات دەوری سێهەم، یەکی گەلاوێژی ١٣٣٩ی هەتاوی، بیستوسێی ژووئیەی ١٩٦٠، هاتووە: «جەلیل گادانی (کەریم) بە تاوانی ئیعتراف و زەعفی گەورە لە ڕێبەری حیزب دەرکرا». بە فەرمانی سکرتێری حیزب ئەحمەد تۆفیق لە حیزب دەرکراوە و وەک خائین و ترسنۆک ناسێندراوە.

بە زۆر هۆکاری وەک ئەوانە و ڕابردوویان وەک لقی حیزبی تودە، ئەو دموچاوانە نەیاندەتوانی میراتگرێکی ڕەسەن و بەجێی حیزبەکەی پێشەوا بن و لاوانی تازەپێگەیشتووی شار بەرەوە خۆیان ڕاکێشن.

وێڵ و سەرگەردان بەداوی حیزبێکی کوردیدا

لە سەردەمی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، گەنج و لاوی کوردستان هیچ پێشەنگ و ڕێبەرێکی عاقڵ و زانا، دڵسۆز و ساغ لە ستراتیژی کوردبوون و خەباتی کوردستانی نەبوو، تاقە حیزبی کوردی ئەوانە بوون، سەرتاپای ژیانی سیاسییان دوای نەمانی ژێکاف و لەسێدارەدانی قازی، پاشقولگرتن لە یەک، سەر بە تاران و تودەیی، پشت لە سەرکردەکانی شۆڕشی ٦٨-١٣٦٧ی کۆمیتەی ئینقلابی، ڕێزنەگرتن لە شەهیدانی وەک کاک سولەیمان و مەلا ئاوارە و... نەیاندەتوانی لە فەزایەکی زۆر ئامادەی مانگەکانی پێش شۆڕشی ئێران، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلات ڕێک بخەن و ئامادەی بەرنامەیەکی ستراتیژی

و نەتەوەییـــان بکەن. نـــەک تەنیا نەتەوەیی، بەڵکـــو زۆربەی چالاکوانی سیاسی و لاوان، بەرەو ئێرانچێتیی زۆر چەواشە و دواتر تێداچوون و ســـاردبوونەوە چوون. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکانی بە وەجهـ و جێی بـــاوەڕ و خۆشەویســـت لەنـــاو خوێندکار و لاوانی ئامـــادەی خەبات بۆ کوردستان؛ خەڵکی وەک مامۆستا شێخ عیزەدین، کاک کەریم دانشیار، شـــەهید خەلیل بللوری، ســـەلاح شەمســـی بورهان، حوسێن سوهێلی و دەیانـــی تریـــان، نە تەنیـــا نەیانتوانی بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشـــن، بەڵکو کەوتنە بەرەی دژە حیزبی دێموکراتیشەوە.

لەگەڵ ســـولەیمان و زۆربەی کوڕەکانی شـــاردا بـــەدڵ حەزمان لە حیزبایەتـــی و کاری ڕێکخراوەیی بوو، حیزبە سەرتاســـەرییەکان وەک تـــودە و چریکـــی فیدایـــی، وەلامـــدەرەوەی پاکی و بێریایـــی داخوازییە کوردییەکانـــی ئێمـــە نەبـــوون، دەمانزانـــی درۆمـــان لەگەڵـــدا دەکەن و تەنیـــا بەکارمان دێنن، ئێمە زۆربەمان ســـاغ بووین بەرەو ئەم حیزبانە نەچیـــن. حیزبـــی دێموکرات نوزەیەکـــی دەهات و دەمانبیســـت زۆر بە نهێنـــی پەیوەندی دەگرن بە خەڵکەوە، یەک دوو جار لەگەڵ ســـولەیمان و حوســـێنی بـــرام و چەنـــد هاوڕێیەکدا لە چەند دانیشـــتنی شـــەوانە و ســـرتوخورتیان بەشـــداریمان کرد. کۆڕی هاوڕێیانی ئێمە زۆر جار لە جادە و ماڵی مامۆســـتا شێخ عیزەدین، کاک کەریم دانشیارمان دەدەیت و وەک مامۆســـتای خۆمان پرسمان پێ دەکرد، زانیمان سەرانی حیزب پەیوەندییـــان بـــە کاک کەریمەوە گرتووە و ئەویـــش هیچ مەیلی نەبووە بۆ لایان، ئیتر زۆرتر ســـاغ بووینەوە بـــەرەوە دێموکرات نەچین. کوڕە چەپەکانی دوور لە تودە و چریکی فیدایی، بەڕاســـتی ســـەرمان بێکڵاو بوو، ماوەیەک شـــتێک پەیدا بوو بەناوی شـــەفەقی ســـوور، ڕێکخراوی جیهانـــی ســـێیان پـــێ دەگوتن. هیچـــی مەعلـــووم نەبوو، چەنـــد کوڕی خۆشەویستی شار بانگەشەیان بۆ دەکرد، نووسراوەکانیان لە کاغەزی زۆر تەنک و بە نووســـینی زۆر ورد بـــڵاو دەکردەوە، هەر زوو نەما و قسەوباســـی زۆری بەدوادا هات. ئەمڕۆ دوای چل ساڵ لەو مێژووەوە

بە دڵنیاییەوە دەڵێم؛ گەر حیزبی دێموکرات بە بەرنامە و شـیعارگەلێکی تــازە و مۆدێرن، بە وەپێشخســتنی سـیمای چەند خەڵکی خۆشـنێوی وەک کاک کەریـم و خەلیل بللوریان و... هاتباوە بۆ ناومان، زۆربەمان تووشــی سەرلێشــێواوی نەدەبووین و حیزبی سیاســی بە ستراتیژی خەباتــی نەتەوەیــی خۆمــان دەدۆزییەوە، یان هاتبــا و کۆمەڵەی ئێران ئــەوکات لــە کاری ژێرزەمینی دوور کەوتبــان و هیچ نەبا وەک کوڕ و کچەکانی سەرجادە ئازا و چالاک بان و ڕووی هاوکارییان لەم گەنجانە کردبــا و پۆپۆلیزمی جوتیاری و فلاحیان وەلا نابا، بەرنامەی خەباتێکی نەتەوەیی ڕوون و سادەیان پێشکەش کردبا، بە هۆی چەپبوون و بڕوا بــە خەباتی چەکداری زۆربەی هــەرە زۆری کچان و کوڕانی کوردیان لەم سەرلێشــێواوییە ڕزگار دەکرد و ســاڵێک دوای ڕووخانی شا، ئاوا بە شــپرزەیی، بەرەوپیری شۆڕشــی بەرگریی خەڵکی کورد و هێرشی پاسداری خومەینی بۆ سەر کوردستان نەدەچووین!

٧

شـــا، چەنــد ئاخوندێکی شــیعەی بۆ شــارەکانی کوردســتان نەفی کردبوو، شــاری ســـابڵاغ وا بزانم مکارم شــیرازیی بەرکەوتبوو، مەلا کەریــم شــاریکەندی شـــەوان لــە مزگەوتـــی مەولەوی کــۆڕی باس و گفتوگــۆی لەگەڵدا دەکردنـــەوە و کۆمەڵێک لە کوڕانی شـــار دەچووین و بەشــدارییمان دەکرد، باســـەکانی مەلا کەریم زۆرتر لەســـەر شیعە و ســـوننی و کوردبـــوون بوون. شـــیرازییش پێی وا بوو ئیســـلام نەتەوە ناناسێ و هەموومان ئۆمەتی ئیسلامین بەبێ جیاوازی. کۆڕی مزگەوتی شـــەوانی مەلا کەریم و ڕۆژانی مزگەوتی مامۆســـتا شێخ عیزەدین، ئەو شـــوێنانە بوون بەبـــێ حیزبیبوون و خاوەندارێتیـــی هیچ لایەنێک، بەبێ بەرنامـــە و ســـتراتیژ، ئێمەی لاوانـــی بە جۆشـــوخرۆش و پڕ لە وزەی ســـەرقاڵ و دواتر ماندوو دەکرد، بە کورتی ئێمە لە ڕووی سیاســـی و حیزبی، زۆر بێکەس و بێخاوەن بووین.

هەمـــوو هێز و وزەی کڵپەســـتاندووی دەروونی ئێمـــە، دەبوو پێش تەقینەوە بســـووتێ و ســـەرف ببێت. یەکێتی و خزمەت بە پێشمەرگەی یەکێتـــی بـــۆ ئێمـــە باشـــترین هەڵبژاردەی ئـــەوکات بوو، بـــە تایبەت بۆ ئەوانەی بڕوایان بە سنووورە دەستکردەکان نەبوو.

لە هاوین و پاییزی ٧٨دا شارەکانی کوردستان لە خەبات و چالاکی دژی شـــا، تۆڵەی بێدەنگی مانگەکانی پێشـــوویان کـــردەوە، ڕۆژ نەبوو ئێمەش وەک شـــارە شـــیعەکان، چلەی شـــەهیدێکی یەک لە شـــارەکانی ڕۆژهـــەڵات نەگریـــن و ڕێپێـــوان، بەردهاویشـــتن، تایەســـووتان، گازی فرمێسکڕێژ بووبوو بە کاری ڕۆژانەمان بەبێ حیزب و سەرکردە.

بەس بڕووخێ

زۆربەی هەرەزۆری ڕۆشنبیر و خوێندەواری شار لە کچان و کوڕانی بـەوزە و چالاک، نەیاندەزانی شـا بۆ بڕووخێ، دوای شـا چی دەبێت، خومەینی و ئیسـلامییەکان چییان پێیە بـۆ ئێرانی داهاتوو، دواڕۆژمان ئاسوودە و خۆشتر دەبێت یان خراپتر و دەیان پرسیاری دیکە. ئەوانەی لە ئێمە بە تەمەن و ئەزموون و سیاسیتر بوون، یان هەڵاتووی دەرەوە بـوون، یـان لە ترس و ژیانـی نهێنیی حیزبی، تۆسـقاڵێکیش خۆیان لە ژێرزەمینە قووڵ و تاریکەکانی شوێنی خۆحەشاردانیان دەرنەدەخست، هەموویان لە خەیاڵدانی خۆیاندا لینین بوون لە حەشارگە و تاراوگەدا!

بۆ ئێمەی کورد، زۆر سـادە بوو تێبگەین چیمان دەوێت و بۆ دژی شـاین و دوای شـا چ دەکەین؛ کۆمارکەمان جوانەمەرگ کرابوو، شـا سـەرکردەکانمانی بە ناحەق لە سـێدارە دابوو، مافـە نەتەوەییەکانمان زەوت[1] کرابـوون، زمانەکەمـان ڕێنـەدراو و مەنع[2] بـوو، خوێندن و نووسینمان بە زمانی بێگانە بوو، زۆر هۆکاری دیکەش هەبوو تێبگەین، بـەس ڕۆشـنبیر و نوخبەی سیاسـیی کورد بە هـۆی حیزبگەلی وەک تودە و چریک، ئیتر فێری خەباتی سەرتاسـەری و چینایەتی بووبوون و تەنانەت باسی خەباتی کوردایەتی بڤە و دواکەوتوویی و «ئیرتجاع» بوو. سەرانی حیزبەکەی پێشەوای کورد، زۆربەیان تودەیی و لە ئێرانی ئێرانیتر خۆیان دەناساند و تەنانەت پۆزی ڕۆشنبیرییان پێوە لێ دەدا!

شا دەبێت بڕوات

ڕووداوەکانـی ئێـران و شـەپۆلی خرۆشـانی خەڵک بـە یارمەتیی وڵاتانی بەریتانیا، فەرانسە و ئەمریکا لە مانگەکانی زستان و ئاخری ٧٨ ئەوەندە خێرا بوون، وەک خەون دەهاتنە پێش چاو. زیاتر لە سی ملیۆن خەڵکی ئێـران وەها گەوجێندرابـوون، ئەوەی بیریان لـێ نەدەکردەوە

١- زەوت، داگیرکردن.

٢- مەنع، قەدەغە، مەنعکراو.

داهاتــووی خۆیــان بوو، هەمــوو هەر قســەی ئاخوندێکــی کەللەڕەقی جاهیلــی بەکرێگیــراوی ڕۆژئاوایان دووپات دەکــردەوە و بەبێ فکر و مێشک هەر دەیانگوت، «باید برە» واتا شا دەبێت بڕوات!

بــە ڕادەیەکی[1] زۆر بەرز و مۆدێرن، چاکســازی، ڕیفۆرم و کرانەوەی ئازادییەکان دەســتیان پێ کرد، ســەرۆکوەزیرانێکی سۆســیال دیموکراتی وەک شــاپوور بەختیار دانــدرا، دەرگای زیندانەکان بەبێ مــەرج کرانەوە، حیزبگــەل ئــازاد کران، ســاواک ئــەو دەزگا تۆقێنەرە هەڵوەشــایەوە و لە هەمووی گرنگتر و بۆ نەهێشــتنی بیانوو، شاشــیان وەدەر نا و ڕۆیشــت. ئاخــر ئەگەر ئەو میللەتە دڵســۆز و گــەورە و عاقڵی هەبایە، ســاڵی ١٩٧٩ وڵاتێکــی وەک ئێــران لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت کە هەمــوو دەوڵەتەکان دیکتاتــۆری و دواکەوتوو بوون، دەبوو لەوە زیاتر کە دەســتیان کەوتبوو، چیی تریان ویســتبایە؟! نەخێر، ڕۆژئاوا و ئەمریکا بڕیاریان دابوو بە هۆی جاهیــل و ئاخوندێکی وەک خومەینی، نیزامی ئیســتبدادیی ئیســلامی پیادە بکــەن و لەو ئــاوە قوڕاوییەی مەلاکان بۆیان دروســت دەکــەن، ئەوانیش ماسیی خۆیان ڕاو بکەن! خۆ ئەگەر هاتبا و میللەتی ئێران بە ڕیفۆرمەکانی بەختیــار ڕازی بــان و بە وریایی و ژیری، پێشــی پلان و داپلۆســینیان لە ئەمریــکا و ڕۆژئاوا گرتبایە، بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆکە ئاســوودەترین میللەت دەبوون و نە ئیســلامی سیاســییش لە ناوچە و جیهاندا ئەو هەموو تاوانە دژەمرۆڤایەتی و قێزەونەی پێ دەکرا! ئەوان دڵنیا بوون ئاخوند و ئیسلامی سیاسی دەتوانن پێش بە شەپۆلی کومۆنیزم و سۆڤییەت بگرن، یان ئەوەی کە هەر ئیســلامی سیاســییە دەتوانێت کۆمەڵگە لە جەهالەتدا بهێڵێتەوە، ئەو شــتەی ڕۆژئاوا بۆ گەلانی ناوچەکەی دەویســت. بە زمانێکی ســادە ئەوان دەیانزانی تا ئێمە گەمژە و نەزان و جاهیل بین، ئەوان دەوڵەمەندتر دەبن.

لە شــانزەی ژانویەی ٧٩دا ڕۆژنامە گەورەکانی ئیتلاعات و کەیهان پڕ بە لاپەڕەی یەکەم نووسییان «شاه رفت»، واتا شا ڕۆیشت و ئێرانی جێهێشت.

١- ڕادە، ئەندازە، چلۆنەتی، حەجم.

لە فیشەکەکەی هەباسەوە

ئێوارەیەکی درەنگ لە چوارڕێی ئازادی و بەردەرگای ماڵی مامۆستا شـێخ عێزەدین بە سـەدان و هەزاران خەڵک کۆوە بوون و شـادی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، بۆ یەکەم جار چەند کەسێک دەمانچەیان دەرخست و تەقەی خۆشـی بەرز بووەوە، هەباسـی برام کە مێرمنداڵێکی ١٦-١٧ ساڵان بوو، زۆر چالاک و نوێنەری قوتابیانی شار بوو، چاوی بڕیبووە کاک کەریم و دەمانچەکەی دەسـتی، کاک کەریم زۆر میهرەبان گوتی: هەبـاس گیان پێت خۆشـە تەقـەی بکەی؟! هەباس لە خۆشـیان گوتی، ئەرێوەڵا کاک کەریم گیان زۆرم پێ خۆشـە. کاک کەریم دەمانچەکەی بۆ ئامادە کرد و دای بە هەباس و ئەویش فیشـەکێکی بە ئاسمانەوە نا. ئیتر لێرەوە خەباتی چەکداری بە دەستی برای هەرە بچووکمان لە ماڵی ئێمە دەستی پێ کرد! ئەوە زیاتر لە چل ساڵە ئاوارە و دوور لە نیشتمان و خاک و شـاری خۆمانین و گوللەکەی کاک کەریم و هەباسـیش وێڵی ئاسمانە و بەدوای حەقدا دەگەڕێت و نایدۆزێتەوە!

ئەو شـەوە تا بەری بەیان شـایی و لۆغان لە سەرتاسـەری ئێران بەردەوام بوو، زۆربەی پیاوانی میری و داروودەسـتەی شا و حکومەت بە شـوێن سـەرپەنایەکدا دەگەڕان، وا بزانم لە ئاخریدا کوردستان بوو بە سەرپەنا و ڕێڕەوی دەربازبوونی زۆربەیان.

پیکابێکی شین

هاتوچـۆی پێشـمەرگەی یەکێتـی ئیتر بە ئاشـکرا و بـە بەرچاوی خەڵکـەوە بـوو، خەڵکی وەک من و سـولەیمان بـە ڕۆژی ڕووناک لە ناو بازاڕدا لەگەڵیان لە هاتوچۆدا بووین، چەند لە دیلەکانی کارەسـاتی هـەکاری لە لای قیـادە موەقەت ئـازاد کران، یان هەڵاتن. شـێخ عەلی یان خولە کەشـکۆڵ، حامید حاجی غالی، ئازاد هەورامی، عەلی شـیعە و چەنـدی دی هاتـن بۆ لای ئێمە لە سـابڵاغ. وەک برا و هاوڕێی زۆر

ئازیز پێشــوازیمان لێ کردن. لە تیمارکردن و پۆشــتەکردن و گەڕان و حەوانەوەیان لە ناو ماڵی خۆمان درێخیمان لێ نەکردن، کاک دلێر سەید مەجیـد وەک بەرپرس و پێراگەیشــتن بە هەمــوو کاروباری یەکێتی لە هاتوچۆی ناوزەنگ و مەهاباددا بوو. بە پارەی یەکێتی پیکابێکی شینمان کڕیبوو، پێشتر لە لای دۆستێکی یەکێتی لە شنۆیە بوو، هێنایانە سابڵاغ و درا بــە من. کاکم پیکابێکــی تۆیۆتای دوو تەنیی هەبوو بۆ کاروباری باخ و فەلاحی، زۆربەی کات بەدەســت منەوە لە خزمەت گواســتنەوەی ئەرزاق و چەک و چۆلی یەکێتیدا بوو.

عومەر شێخمووس

حوســێنی بــرام لــە ناوزەنــگ کاک عومــەر شــێخمووس دەبینێت و بەیەکــەوە تەعــاروف دەکــەن. کاک عومــەر کــە دەزانێت حوســێن خوشــکەزای زەبیحییە زۆری پێ خۆش دەبێت و باســی بۆ دەکات کە کاتــی خــۆی لــە ١٩٥٦دا زەبیحــی لە ســوریا بووە و زۆر بــە گەرمی لەگــەڵ حوســێندا دەدوێت. قــەرار دادەنێن بێت بۆ ســابڵاغ و بێتە لای ئێمە. کاک عومەر وەک سەرکردایەتی و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی تازە هاتبووەوە لە ســوید و ئاگنێتای هاوسەریشــی لەگەڵدا بوو. دواتر کاک عومــەر چەنــد جار هــات و لەگەڵ ئێمە و ماڵی ســولەیماندا وەک کەســێکی خۆمان دەجووڵایەوە، ئەو خەڵکی کوردســتانی ســوریا بوو، بەڵام کوردســتانییەکی زۆر بە بیروباوەڕ بوو. کاک عومەر لە ســابڵاغ داوای کرد بۆ هاتنی پۆستەکانی لە سویدەوە بچین و سندووقی پۆستی بۆ بکەینەوە، هەموو جار لە ســویدەوە پۆســت و نامــەی کاک عومەر دەهات بۆ ئەم ســندووقە و ئێمەش بۆمان دەنارد بۆ ناوزەنگ. ئێســتا ئەوە چل ســاڵە پەیوەندیی کاک عومەر لەگەڵ خێزانی ئێمە و شــەهید سولەیمان لەوپەڕی گەرموگوڕیدایە و هەموو بە چاوێکی ڕێز و گەورە ســەیری دەکەین، هەردەم لە شــین و شــادی ئەم دوو بنەماڵەیە وەک کەسێکی دیار بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەگەڵماندا بووە.

شەهید نەجمەدین بیوک کایا و دیارییەکەی مام جەلال

مێرخاسێک خەڵکی باکووری کوردستان هەتا بڵێی جوان و باڵابەرز، ڕۆژێک لە ناوزەنگ پێیان ناساندم، میوانی مام جەلال و کاک نەوشیروان بوو، زۆریان تاریفی ئازایەتی و دڵسۆزیی کرد. لەگەڵ خۆماندا هێنامان بۆ ســابڵاغ و چەنـد ڕۆژێک لە ماڵــی ئێمە مایەوە. شــەهید نەجمەدین بیوک کایا، پێمان دەگوت کاک سەلاح. لە ماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژە بووین بە برای گیانیبەگیانی، ئەو زۆر لە من گەورەتر بوو، دواتر زانیم یەک لە شۆڕشگێڕ و سیاسییە بەناوبانگەکانی باکوور و هەموو کوردە، بە کاک نەجۆ ناســراو بــوو. پیاوی مەیدان و خۆلێــدان لە قوڕوچڵپاو، کەمیــن و دەربازبــوون و هێنــان و بردنــی چەک بوو بــۆ یەکێتی، بۆ خۆی سنوورەکانی عێراق و تورکیا و سوریا و ئێرانی ئەوەندە لە ژێر پێی قۆندەرەکانی شــێلابوو، تەواو بێحورمەتی کردبوون، شەهید نەجۆ لەو کەم کەســانە بوو بە مانای تەواوی وشــە کوردستانی و جیاوازیی پارچەکانــی نەدەکرد، ئەو لە کوێ پێویســتییان پێــی بایە لەوێ بوو. لە ســەفەرێکدا بۆ لای ســنووری تورکیا لەگەڵ کاک دلێر و عەبوی برای شەهید سولەیمان حەفتا کلاشینکۆف و مەخزەنی زۆر جوانی هێنابوو، بــە پیکابەکــەی کاکم بارمــان کرد و بەنــاو جاش و قیــادە موەقەت و ئاغاواتی ســۆما و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و سنووری سەنار مامەدیدا ڕێــک بە ناوەڕاســتی ڕەزاییــەدا بــەرەو مەهابادمان هێنا، لە پۆلیســی ڕێی دەرەوەی شــار فەرمانی ڕاوەســتانیان پێ داین، کاک نەجۆ گوتی، وەنێویــان کــەون و ڕایمەگرن، هەر وامان کرد و گەیشــتینە عاســتیان پێمــان بــە بەنزینەوە نــا و وەک با بــە تەنیشــتیاندا دەرچووین، چەند تەقەیان کرد فریامان نەکەوتن، هاتینەوە مەهاباد و چەک و فیشــەکمان بردە باغەکەی خۆمان لە تەنیشت شار و شاردمانەوە. ئەو ڕۆژە بۆ من وەک یاریکردن لە فیلمی ئاکشن و شەڕ دەچوو، زۆر سەربەرز و شاد بووم. بەیانی لەگەڵ کاک دلێردا بردمان بۆ نێشکۆلانی لای سەردەشت

و لەوێـڕا باریـان کرد و بردیان بۆ ناوزەنگ، دوای دوو ڕۆژ کاک دلێر گەڕایەوە و کلاشینکۆفێکی سیخۆی تازە سەربەنێزە و شەش مەخزنی دامێ و گوتـی ئـەوە دیاریی مـام جەلالە بۆ تـۆ، پێم وا بـوو هەموو جیهانیان پێشکەش کردووم.

نەوشیروان و سروودی شۆڕشگێرانە

کاک نەوشـیروان دەبوو بچێتەوە بۆ سوریا و ڕێگەی ئەمین نەبوو، ئێوارەیـەک بـە پەلـە کاک دلێر هـات و گوتی دەتوانین بـۆ چەند ڕۆژ کاک نەوشـیروان بشـارینەوە و کەس پێی نەزانێت؟ گوتم زۆر ئاسانە، لـە مالـەوە ژووری میوانان کە زۆرتر داخـراوە، چۆلی دەکەم و دەلێم بـە دایکم کەس نەزانێت. ئیتر ئێوارە کاک نەوشـیروان و کاک نەجۆ و کاک دلێـر پەیدا بوون. دایکم چی لە دەسـەلاتیدا بـوو ئەم چەند ڕۆژە بـۆ پەزیرایـی و خزمەت، کردی. کاک دلێر و نەجـۆ دەچوونە ناوبازاڕ و دەفکری وردەکاری سـەفەرەکەدا بوون، کاک نەوشـیروانیان بەجێ دەهێشـت. زوو زوو چام بۆ دێنا، تەسـجیلێکی بچووکمان هەبوو یەک بەدوای یەکدا شـریتی[1] شۆڕشگێڕانە و سـروودی کوردیم بۆ دادەنا. جارێکی لەگەڵ ئەوەی خۆی بە گشـتی زۆر شـەرمێون بوو، دیار بوو دوای سـەبرێکی زۆر ئاخـری وەدەنـگ هـات و گوتی، ئـەرێ ئێوە لە ئێران ئەو هەموو گۆرانیبێژ و مۆسیقا دەوڵەمەندەتان هەیە، ئەوە چییە مێشـکی سـەری منت پێ بردووە؟! تۆ نازانی من خۆم سروودەکەم و خۆم شۆڕشم؟! ئیتر بەس نییە، لە شارین و دوو گۆرانیی خۆشی هایدە و گوگوش و ئەوانە دابنێ! ئەوندە تەریق بوومەوە هەر زوو تەسـجیلم کوژانـدەوە و گوتـم کاکە گیان من پێم وا بـوو ئێوە هەر ئەمانەتان پێ خۆشـە و دەبێت هەر ئەم کاسـێتانەتان بۆ دانێم. گوتی، نەخێر نەوەڵلا هیچ وا نییە و برۆ گۆرانیی خۆش دانێ، دەنا هەر بێدەنگی کە. بۆ پێتان وایە دەبێت هەموو شـت هەر «ئینقلابی» بێت؟! بە پەلە چووم بۆ لای

١- شریت، نەواری کاسێت.

شـریتەکان و ئیتر وازم لە دانانی گۆرانی و سـروودی نەتەوەیی هێنا و کاک نەوشـیروانیش مێشکی حەسایەوە. یەک بەدوای یەکدا کاسێتی گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ئێرانم بۆ دادەنا! دواتر بە پێکەنین و تەشەر و تانـەوە بـە کاک دلێری گوت؛ تۆ دەزانیت ئەم ئاغا عەلییە پێی وایە ئێمە نابێت گوێمان لە مەهەسـتی و گوگوش و ئەوانە بێت، دەنا «ئینقلابی» نابیـن؟! کاک دلێریـش بـە زمانە پسـکەکەی خۆی گوتـی «ئاخر ئەمە عەقڵیانە»!!

نەوشیروان تووڕە بوو

دۆستێکی دەوڵەمەندی سنەییمان هەبوو، لەگەڵ مێردی خوشکم لە ڕەزاییە شەریک بوون لە کۆمپانیای ڕێگەوبان و بینا دروستکردن. خۆی زیندانیی سیاسیی لەگەل کاک فوئاد و هاوڕێیانی کۆمەڵە بووبوو، تازە ئازاد کرابوو، زۆر کوڕێکی باش و حەزی لە خزمەت و کاری سیاسـی بـوو، تەدبیـر کرا بانگـی بکەم و بێت. ئەو لە گەیشـتنمان بـۆ ڕەزاییە بەرەوپیرمان بێت و لەناو شاردا بە ئاسانی دەربازمان بکات. قەرار بوو بچیـن بۆ ڕەزاییە و لەوێڕا بۆ شـاپوور و ئەوجار بۆ کوێسـتانەکان و گوندەکەی سـەنار مامەدی. کارەکان زۆر بە باشی دەرباز بوون، ئەوە نەبێـت لە نزیک ڕەزاییە کە دەبوو دوو سـێ کیلۆمەتر دواتر تووشـی ئەم هاوڕێ سـنەییە بین، بەنزینی سەیارەکەی من تەواو بوو، لە چەقی جادەی پڕ لە هاتوچۆی مەهاباد-ڕەزاییەماینەوە، نەمدەزانی لە شـەرم و خەجاڵەتی چ بکەم، دیار بوو کاک نەوشیروان زۆر تووڕە بوو، بەڵام هیچـی بە من نەدەگوت و هەر شـەڕەدندووکەی لەگەڵ کاک دلێر بوو. چەند خولەکی نەبرد سەیارەکەی هاوڕێی سنەیی پەیدا بوو، گەشامەوە و زوو بەنزینمان بەتاڵ کرد و گەیشتین بۆ ناو شار و بەڕێ کراین بۆ لای سـنوور و گوندەکەی سەنار. ئێوارەی درەنگ بە کوێستانانداا گەیشتین، بنی ترۆمبێلەکەمان یەکپارچە تەختە بەفر و سەهۆڵ گرتبووی، شەو لە ماڵی سـەنار ماینەوە، پەزیرایی گەرمیان کرد و کاک نەوشـیروان هاتە

مچلکە[1] و باسی دیموکرات و دەڤەری شکاکان. بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ چەند شـارەزا و کاک نەجۆ و کاک دلێر چووین تا ئەودیوی سـنوور، گوتیـان ئیتر زۆری نەماوە بۆ شـاری وان. کاک نەوشـیروان و نەجۆ ڕۆیشتن، لەگەڵ کاک دلێر گەڕاینەوە بۆ سابڵاغ، بەداخەوە ناوی دێهات و مێژووی ڕۆژەکانم بیر نەماوە.

لەگەڵ کاک نەوشیروان و قاچاخی حەشیشەدا

کاک نەوشـیروان لە کتێبـی «پەنجەکان یەکتری ئەشـکێنن»دا، کە سـاڵی ١٩٩٧ چاپی کرد، داسـتانێکی لە لاپەڕەی ١٢٠دا هێناوەتەوە، کە باسی ئەم سەفەرە دەکات و بەبێ ئەوەی ناوی من و کاک دلێر بێنێت، هەڵبەت لە زۆر دانیشـتن و مەجلیسـان ئەم داسـتانەی گێڕاوەتەوە و هەموو جارێک باسی ئێمەشی کردووە:

«ئـەو ماوەیـە نەجـۆ (نەجمەدین بیـوک قەیا) گەیشـتە ناوزەنگ. وەجبەیەک چەکی بە ناو تورکیادا هێنابوو بۆ گوندێکی سەر سنوور لە ورمێ. لەوێشەوە گەیاندیانە کوردستانی عیراق.

نەجـۆ نەگەڕایـەوە تورکیـا، پێکەوە بەڕێ کەوتین بـەرەو ورمێ و لەوێوە بۆ شـاپوور و چووینە ناوچەی شکاک. نەجۆ لەگەڵ هەندێکیان ناسـیاویی پەیدا کردبوو. سەری گوندەکەی سەنار مامەدیمان دا، خۆی لـە ماڵ نەبوو، کوڕەکەی لەوێ بوو، گوندەکە قەرەباڵغییەکی زۆری لێ بوو، بە ڕێکەوت تووشی «بیجان جندی» بووم. ویستم خۆمی لێ هەڵە بکەم، بەڵام بیجان منی ناسییەوە، بە گەرمی چاک و چۆنیمان کرد. پێم وت: «لێرە کەس من ناناسـێ، ناشـمەوێ کەس بمناسـێ، تۆش باسی مەکە!». وتی: «باشـە». تا ناوچەکەمان بەجێهێشـت کەس نەیزانی. لێم پرسـی «چی ئەکەیت لێرە؟». وتی: «من خەڵکـی ئێرەم، وەختی خۆی بـۆ کوردایەتی شـوێن بارزانی کەوتـم بۆ سـۆڤیەت و لەگەڵ ئەویش گەڕامەوە بۆ عێراق، ئێستا هاتومەتەوە ناو کەسوکاری خۆم».

١- مچلکە، گفتوگۆ، دەمەتەقە، وتووێژ.

چووینە گوندێکی نزیک سـنووری تورکیا، لە ماڵی کابرایەک بووین بە میوان ناوی حاجی زنار بوو. دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار بوو. وێنەیەکی مەلا مستەفاشی هەڵواسیبوو. ئەوان نەجۆیان بە سیاسی نەئەناسی، بە قاچاخچیی چەکیان ئەزانی. نەجۆ پێشـتر جارێکی تریش میوانی حاجی زنـار بووبوو. حاجـی کابرایەکی چاو و دڵ فـراوان بوو. بەرخێکی بۆ سـەربڕین. تا ڕێگەکەیان تاقی کردەوە سـێ ڕۆژی پێ چوو. هەر سێ ڕۆژ میوانی ئەو بووین و خزمەتی زۆریان کردین.

حاجی زنار ئێمەی بە باندێکی گرنگی قاچاخچێتی، تێکەڵاو لە عێراقی و تورکی و ئێرانی، ئەزانی. زۆرمان هەوڵ دا قانیعی بکەین هاوکاریمان بـکات بۆ گوێزانەوەی چەک لە دیوی تورکیـاوە بۆ گوندەکەی خۆیان. شـوێنەکەیان زۆر لەبار بوو، حاجی زنار ملی نەدا، بە پێچەوانەوە ئەو ئەیویست ئێمە قانیع بکات بازرگانیی حەشیشەی لەگەڵ بکەین. زۆرمان لەگـەڵ وت و تەماعـی زۆرمان خسـتە بەردەمی، کەڵکـی نەبوو، وتی: «ئێـوە ئەچـن لە لوبنانـەوە بە قاچـاخ تفەنگ ئەهێنن بۆ سـوریا و بە قاچـاخ بۆ ئێـرە و لێرەوەش بۆ عێراق، چەندی لـێ قازانج ئەکەن؟ ئەو پارەیە ئەم هەموو زەحمەت و ترسە ئەهێنێ؟ ئێوە ١٠٠ تفەنگ ئەهێنن، ئەبـێ بۆ هـەر ١٠ تفەنگ وڵاخێک تەرخان بکەن. کاروانەکەتان ئەبێ بە ١٠ وڵاخ و ئەبـێ ١٠ کەسـیش بیپارێزێ. ئەگەر کارەکە بە سـەلامەتی بـڕوات، لە کۆتاییـدا لە هەر تفەنگێ چەند سـەد تمەنێک قازانج ئەکەن، ئەگەر بشـگیرێن، ئەڵێن چەکیان بۆ شـۆڕش ئەوێ و ئیعدامتان ئەکەن! لەباتی ئەوە بۆ نایەن لەگەڵ من هاوکاری بکەن هەموو جار باری یەک وڵاخ دەربـاز ئەکەین و هەریەکەی چەنـد ملیۆنێکتان پێ ئەبڕێ، ئەگەر بشگیرێین، چەند ساڵێکمان حوکم ئەدەن!»

ئـەو ناوچەیە یەکێ لە شـارێگەکانی تێپەڕاندنی حەشیشـە بوو بۆ ئەورووپـا. لە ئەفغانسـتان و پاکسـتان و ئێرانەوە، حەشیشـەیان لەم ناوچەیـەوە ئەگوێزایـەوە بـۆ تورکیـا و لەوێشـەوە بـۆ ئەورووپا و سەرانسـەری دنیا. لـەم ناوچەیە حەشیشەشـیان ئەڕوانـد، ڕۆژێکیان

بردینــی بــۆ ســەیری یەکێک لە کێڵگــە گەورەکانی خۆیــان، تازە گوڵی کردبوو، دیمەنێکی یەکجار جوانی هەبوو».

کاک نەوشــیروان هەروەتر لەم دواییانەدا کە دادەنیشــتین و باسی ڕووداوەکانی ڕابردوومان دەکرد، دەیگێڕایەوە و بیری دەخستمەوە، کە زنــار چەنــد کچی هەبووە و هەوڵی دەدا هیچ نەبێت کچێکی بخوازین و بە خزمایەتی کەسابەت و بەردەوامی کار و قاچاخمان پتەوتر بکەین و متمانــەی زۆرتر بەیەک پەیدا بکەین. بۆ ڕابواردن هەموو جارێک منیان پێش خســتووە و لەگەڵ نەجۆ خۆیان لێ دەراویشــتووە و بە کابرایان گوتووە عەلی باشە و ئێرانییشە و لە ئێمەش گەنجتر و ئامادەترە!

لــە مــاوەی کورتی، دوو مانگی بەفرانبــار و ڕێبەندانی ١٣٥٧دا واتا مانگی ژانویە و فێوریەی ساڵی ١٩٧٩؛ حکومەتی شاپوور بەختیار هاتە ســەر کار، شــا ڕۆیشــت، خومەینی هاتەوە، بەختیار ڕووخا و هەڵات، شۆڕشــی گەلانی ئێران بە ڕێبەریی خومەینی و لە ژێر ناوی شۆڕشــی ئیسلامیی ئێراندا تەپڵی سەرکەوتنی لێ دا!

٨

تفەنگەکەی شارەبانی

شـــەوێک پێـش بیستوسـێی ڕێبەندانـی ٥٧ (٧٩/٢/١٢)، لـە ماڵـی هاوڕێیەک و بەشـداریی چەند چالاکێکی خۆپێشاندانەکانی شار ئاگادار بووینەوە، بەیانی ڕێپێوانی گەورە دەکرێت و لەوانەیە شـارەبانیی شار بگرین، پلان داندرا نەچین بۆ ناو جەماوەر و لە دەوروبەری شارەبانی لەسـەر هەست بین، دەوری سەعات یانزە، یەک دوو کەس بە چەکەوە وەسـەربانی شارەبانی کەوتن و چەند کەسـێک لەگەڵ خەڵکدا چوونە نـاو شـارەبانی. من و یەک دوو هاوڕێم یەکسـەر خۆمـان بە ئەنباری چەکدا کرد و قفڵمان شـکاند، چەکێکم هەڵگرت و هاتمە دەر. سـەرجادە و دەوری شـارەبانی پـڕی خەڵـک بـوو، چەنـد کەس لە کەسـایەتییە ناسـراوەکانی شـار وەک؛ مامە غەنی بللوریان و کاک سـەید حەسەن هاشـمی و... لـە ناو ژووری ئەفسـەری شـارەبانی بـوون و بەتەمای دەوروتەسلیم بوون کە بۆیان نەکرا و هەموو چەکەکان کەوتنە دەستی خەڵک. من کە هاتمە دەر و تفەنگێکی کارابین بە دەسـتمەوە بوو، هەر ئەوەندەم زانی بە دەیان کەس وەسـەرم گـەڕان و بە هەموویان لێیان دەدام و خەریـک بوون تفەنگەکە لە دەسـتم بفڕێنن، من وەک چەقە بە تفەنگەکەوە نووسـابووم، دەیان شەپ و مسـتم لێ درا و خەریک بوو لـە هۆشـی خۆم دەچووم، لە عـەرز درابووم و تفەنگم لە باوەشـدا لە بنخۆگرتبـوو، لەنـاکاو وەک پاڵەوان ناسـیاوێکی دوورم پەیدا بوو، پڕ بـە جادەکە گوڕاندی و جنێوی سـووکی بە هەمـوان دا، جەعفەر زۆر بەخۆوە بوو، هەر شەق و مست بوو دەیهاویشتن، یەکودوو هەموویانی لە من دوور کردەوە و دوو کەسـی تریـش هاتن بۆ یارمەتی، لە زمان کەوتبـووم و زۆری گوت، تفەنگەکە بدە بە من بۆت هەڵدەگرم، باوەڕم

پـێ نەکـرد و تفەنگم نەدا. گوتی، متمانەم پێ بکـە، هەڵی گرتمەوە و لە سـەر شـانی خۆی دانام و تا بەر دەرگای ماڵـی خۆمانی بردمەوە، لە بـەردەرگا کاکم لە دڵەڕاوکێی ڕووداوەکان دەهات و دەچوو، منی دیت لـە ژێر باڵـی ئەم جوامێـرە، گرتمی و زۆر سوپاسـی جەعفەری کرد، بەسـەرهاتی گێڕاوە و گوتی بەخوا کاک حەسـەن نەگەیشتبام عەلییان کوشتبوو، بەڕاستییش وا بوو!

هـەر دەسـتبەجێ بردیانمـە ژوور، ئـاو و شـەربەتیان پـێ دام و دەموچاوی خۆم شوشـت. تفەنگم لە شان کرد و یەکسەر بۆ چوارڕێی ئازادی. کاڕابین تفەنگێکی زۆر سووک و بچووک بوو، تایبەتی شارەبانی بوو، فیشـەکم نەبوو، دەگەڕام بە ناو خەڵکدا، هەرکەسـە نەوعێکی پێ بوو، هەر دوای شـارەبانی، ژاندەرمەریش گیرابوو، پڕ لە تفەنگی م١ و ژ٣ و بڕنەو و دەمانچە. یەک بڕنەوی پێ بوو، فیشەکی کارابین و یەک ژ٣ی پێ بوو، فیشـەکی م١ و ئیتر کەس بە کەس نەبوو. دەستمان کرد بە گۆڕینەوە، لە هەموو لایەکەوە تەقەی خۆشـی و تفەنگ تاقیکردنەوە بوو، ئیتر هێندەی نەبرد بازاڕی ئەسلەحەفرۆشان لە مەهاباد دامەزرا!

دامەزراندنی چاپەمەنیی کۆمەڵە

کاک دلێـر دوو کادری باڵای کۆمەڵەی هێنابوو، لە ماڵی ئێمە بوون، کاک حەمەسـەعید قەڵەویـان پـێ دەگـوت و هاوڕێ جەبـار، هەردوو کادرانـی ئیعـلام و چاپەمەنی بوون. قـەرار بـوو دەزگای چاپییان بۆ بێنـن، زیراکسـی ناو بوو، لە لای ئێمە فێریان بکـەن و هەر لە مەهاباد دەسـت بکەن بـە چاپەمەنی بۆ کۆمەڵە و یەکێتی. دوای هەڵسـەنگاندن و قسـەلێکردن هەمـوو هاتینە سـەر ئەو باوەڕە کە ئـەو کارە لە ماڵی ئێمە ناکرێت و ناگونجێت، بۆیە بڕیارمان دا بە بیانووی ماڵجیاکردنەوە خانوویـەک پەیدا بکەین. هاوڕێی سـنەییمان ئامادە بـوو بە ناوی ئەو خانـوو بگریـن و هەر خۆشـی وەک یارمەتی گوتی، کرێکـە دەدەم. لە کۆڵانی هەشـت مەتری خانوویەکم گرت، بە حەوشـە و ژێرزەمینەوە.

کاک دلێر و حەمەسەعید و هاوڕێ جەبار نیشتەجێ بوون لەم ماڵە و نەدەبوو کەس پێی بزانێت. ژێرزەمین ئامادە کرا بۆ دەزگای چاپ. چەند ڕۆژ دواتر کاک دلێر گوتی، بە پیکابی کاکت بچۆ لای قاوەخانەی کەریم جووجوو ڕاوەستە و عەلاقەی هیچت نەبێت. چووم و وەستام، لەپڕ کوڕێکی جوان بە کەوا و پانتۆڵێکی ئەفسەرییەوە، زۆر لەناکاو دەرگای پیکابەکەی کردەوە و سوار بوو، گوتی، لێخوڕە و بڕۆ، بەقسەم کرد و هەر دوو هەنگاو دواتر گوتی، بچۆ بۆ ئەم کۆڵانە، شارەزا بووم کۆڵانی سابوونی بوو، لەبەر دەرگای ماڵێک ڕامانگرت و بە پیکابەوە چووینە ژوور، یەک دوو کەسی لێ بوو نەمدەناسین، پشتی سەیارە بار کرا بە مەکینەی گەورە و دەبەی جەوهەر و کاغەز و شتومەکی چاپ. گوتی، بڕۆ هەرچی بینیوتە باسی مەکە، تۆ جێی متمانەی ئێمەیت و کاک دلێر باسی تۆی بۆ کردووین، پیاوێکی لەگەڵدا ناردم گوتی یارمەتیتان دەدات چۆن دایمەزرێنن.

گەڕامەوە ماڵەکە و هەر بە پەلە و کەس نەمانبینێت بارەکەمان گواستەوە ژێرزەمین. دواتر زانیم ئەم کوڕە کە سواری پیکابەکە بوو لەبەر قاوەخانە، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بوو، ئەوەی لەگەڵی ناردم کاک عەبدوڵڵای بابان بوو.

تا ئەوکات و تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژیمی پەهلەوی کەسمان ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕمان نەبیستبوو، هەر نەماندەزانی شتی وا هەیە. ئەوان زۆر بە نهێنی و ژێرزەمینی کاریان دەکرد، تەنانەت دوای نەمانی شا و ساواکیش. ماوەیەکی کەم دوای ئەم دیدارە زانیم ئەوانە ئەندامانی کۆمەڵەن و زۆر لە یەکێتی و مام جەلال نزیکن، یارمەتیی ماڵی و ناردنی کەلوپەلیان دەکەن و تەنانەت ئەندامیان ناردووە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی و کاک خانەی موعینییش هەر ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بووە.

دەزگای چاپی زیراکس لە ژێرزەمین دامەزرا و کاک حەمەسەعید و هاوڕێ جەبار لەوێ دەمانەوە. یەک دوو ڕۆژ دواتر هەر کاک دلێر

کوڕێکــی ڕەشەســمەری بەخۆوەی لەگەڵ هــات، زۆری تاریف کرد لە ناساندنی و وەک سەرکردەی عەسکەری هێنایە ناساندن، کاک ئەنوەری مەجیـد ســوڵتان. زۆرمان ڕێز لێ گــرت، کوڕێکی مەتیــن و بەحەیا و شــەرمێون بوو، زۆر زوو عەلاقاتی هاوڕێیەتی و برایەتی لە نێوانماندا دروست بوو.

پادگانی گەورەی شار

هەشــت ڕۆژ دوای گرتنی شــارەبانی، لە یەکی ڕەشەمەی ١٣٥٧دا، واتا بیســتی فێوریەی ٧٩، خەڵک هێرشــی کردە سەر پادگانی گەورەی شار. حیزبی دێموکرات ماوەی چەند ڕۆژێک بوو بە ئاشکرا بانگەشەی بوونــی خۆی و هاتنەوەی لە عێـراق و هەندەران کردبوو، کۆمەڵێک لە خەڵکی شــار و لاوانی چــالاک لەگەڵیاندا کەوتبوون. لــە گرتنی پادگان بــە چالاکی بەشــدارییان کرد و بەشــێکی باشــی چــەک و تەقەمەنی و موڵک و ماڵی پادگانیان گواســتەوە بۆ خۆیان. هەرچەند شووورای شار دامەزرابوو و قەرار بوو ئەوان کۆنترۆڵی شار و هەموو شتیان بەدەست بێــت، بــەلام بە کردەوە بێدەســەلات کرابــوون. ئێمە وەک ســەربەخۆ ڕوومان کردە پادگان و بەشداریمان کرد. بە درێژایی ڕۆژ کاک ئەنوەر مەجید ســوڵتان لەگەڵ من و ســولەیمان بللوری بوو، ئێمە ناشارەزا و چەک و تەقەمەنیمان نەدەناســی، بەڵام کاک ئەنوەر بە باشــی دەیزانی چی بە چییە و چ شــتێک بێنین. دوو دۆســتی زۆر باش لە بەردەرگای پادگان وەک ئەندامانی شــوورا کۆنترۆڵی خەڵکیان دەکرد، دوو تفەنگم پێ بوو، یەکیان گوتی، چەکێکیان بشــارەوە دەنا تووشی کێشە دەبیت. ڕوانیمــە دەوروبەر هاوڕێیەکی گیانیبەگیانیی کاکم لە بنەماڵەیەکی زۆر بەناوبانگ و ناســراوی شــار لەوێ بوو، تێکەڵاویی زۆرمان بوو، وەک کــوڕی ماڵ هاتوچــۆی ماڵمانی دەکرد، گوتم دەتوانیــت تا دێینەوە ئەم تفەنگەت لا بێ؟ یەکســەر بەدڵ و گیان لێی وەرگرتم، هاتمەوە دەر ئەو نەمابوو. شــەو لەگەڵ کاکمدا چووین بۆ ماڵیان، ســوێندی خوارد لێیان

ستاندووه و لەوانەش بوو بیکوژن، هیچ! عیلاج نەما و تفەنگ تێدا چوو. چەند ڕۆژ دواتر بیستم هەر خۆی لە مەیدانی ئەسلەحە فرۆشتبووی!

تفەنگی ١٠٦

کاک ئەنوەر زانیی چەکی سـووک هەمووی بردراوە و مەنگوڕێکی زۆر هاتبوونە ناو حەوشـەی پادگان و تەنیا بەدوای تفەنگی بڕنەوەوە بـوون. چووینە سـەر عەمبارەکان (زاخەیان پێ دەگوتن) و دەسـتمان کرد بە ڕاگواسـتنی مین، بازوکا، فیشـەکی دۆشکە و ئەم جۆرە شتانە، کە خەڵک نەیاندەزانی چین و موشـتەری نەبوو. هەموویانمان بە چەند کەڕەتی پیکاب بردەوە ماڵی خۆمان. لە یەک لە کەڕەتەکاندا، لە دوورەوە قەرەباڵغیـی زۆر وەک خۆپیشـاندان، لە بەردەرکـی ماڵی خۆمان دیت، چەنـد جیرانێـک و خەڵک دەرگایان بەر شـەق دابـوو، داوای چەکیان دەکـرد. نزیک بووینـەوە و گوتمان بڕۆن و ئێرە بێخاوەن نییە، فایدەی نەبوو، یەک غاری دا بۆ ماڵی مامۆسـتا شـێخ عێزەدین و مامۆسـتای تێگەیاندبوو، فریا نەکەوێت دەرگای ماڵمان لە ڕێسمە دەردێنن، مامۆستا دەسـبەجێ مەلا سـەعیدی نارد و گوتی بڕۆن ئێرە ماڵی مامۆستایە و هەرچی هێناویانە جەنابیان ئاگای لێیە و دەگەیەندرێتە شوێنی مەبەست و بۆ پێشـمەرگەیە. هەر خەڵک ئەوەی بیسـت یەکسـەر بڵاوەی کرد و دەستیان کرد بە باوەش و ماچکردنمان. هەر بۆ ئێوارە لەگەڵ سولەیمان و کاک ئەنوەر بە پیاسە بە چوارڕێی ئازادیدا دەهاتینە خوار، دوو سێ مەنگـوڕ لوولەیەکی قورس و گەورەیان ڕادەکێشـا، کاک ئەنوەر گوتی ئـەوە (تفەنگی ١٠٦)ە، زۆر شـتی چاکە، بزانە لێیان ناسـتێنن. چووینە پێش و چاک و چۆنی؛

- خاڵە گیان ئەوە چییە؟!

-هەی لە دایەو بەم سـابڵاغی هیچیان نەهێشـت و هەموویان تاڵان کرد، هەر ئەو لوولە کوورەیەمان بەرکەوت!

- دەی بۆ نایدەی بە ئێمە؟

- با بێنە وێتدەم!
- بە چی و بە چەندی؟!
- بە بڕنەوێکی.
- جا کاکە کێ ئەوەندە کەرە بڕنەوی بدا بەم لوولە کوورەیە؟!
- دە باشە شتێکم وێدە و بیبەن!
- چاومــان لــە کاک ئەنوەر کرد، ٥٠٠ تمەنــی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی بیدەنێ!
- کاک ئەنوەر زۆرە، کوا ئەوەندە دێنێ؟!
- قەی چی دەکا بیدەنێ؟!

تفەنگــی ١٠٦مــان بــە ٥٠٠ تمەن کــڕی و ســواری پیکابمان کرد و مەنگوڕەکانیش بە پەلە چوون بۆ بڕنەوکڕین!

بەداخــەوە، کاک ئەنــوەر ئەو پێشــمەرگە ئازا و نیشــتمانپەروەرە، دوای ماوەیەک لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵات و دەســپێکی شــەڕ لە ڕێی بانــە، لە چواری ئەیلوولی ١٩٧٩دا، چەند ڕۆژ دوای فەرمانی شــوومی جیهــادی خومەینــی بۆ ســەر کوردســتان، شــەهید بوو. هاوســەنگەر لەگەڵ پێشــمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەک دەیان پێشمەرگەی تێکۆشەری باشــوور بە خوێنی خۆی نیشانی دا کوردستان یەک وڵاتە و سنووری دەستکرد بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نییە.

ئەبوو شەهاب

کاک ئەبــوو شــەهاب (ئیحســان نەجــم محێدین) ماوەیــەک بوو لە قەندیلــەوە بــە هــۆی نەخۆشــییەوە هاتبوو بــۆ لامان و لــە لای من و ســولەیمان دەمایەوە، کاک دلێر یەکەم جار ئەبوو شەهابی هێنا و زۆر بە حورمەتەوە باســی بۆ کردین، وەک ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و لە دەســتەی دامەزرێنەر و هاوڕێی شــەهید شــەهابی شــێخ نووری هێنایە ناســاندن. ئەبوو شــەهاب یەکەندەردوو لەگەڵمانــدا کەوتە گاڵتە و جەفەنگلێــدان و گفتوگــۆی برایانــە و نامۆیی لە نێوانماندا نەهێشــت.

لــە ماوەیەکی کورتدا لەماڵی ئێمە و ســولەیمان بــوو بە کوڕی ماڵ و هەســتی بە میوان بــوون و بێگانەیی نــە تەنیا نەدەکــرد، بەڵکو کەوتە فشقیات و قسەی خۆش لەگەڵ هەموو ئەندامانی ماڵەوەمان. سولەیمان تازە لە ئیدارەی «بێهداشــت» دامەزرابوو، نیوەڕۆیان کە دەگەڕاوە بۆ نانخواردن، ئەبوو شــەهاب کە لە ژوورەکەی ســولەیمان دەنووســت، هێشــتا هەڵنەســتابوو. قاچە درێژەکانی ڕادەکێشــا بۆ ناو حەوشە، ئەو هەر خەبەری نەدەبووەوە، ئەوجار ئاوی پێدا دەکرد و ئەبوو شــەهاب دەکەوتە پاڕانەوە: قوربانت بم ســولەیمان گیان، تەنیا دوو دەقەی ترم لێگەڕێ، ئێســتا هەڵدەســتم، ئیتر دەبــوو بە شــەڕەجنێو و قدیلکەدانی ئەبوو شــەهاب. کەماڵ بــرای هەرە بچووکی ســولەیمان، تەمەنی هەر حەوتهەشــت ســاڵ دەبوو، هەتا خوا حــەز بکا شــلۆق و بە حەرەکە و بزۆز بوو، لەگەڵ ســولەیماندا دەکەوتە ســەروگیانی ئەبوو شەهاب، کەمال هەتا لێیان دابا هەڵدەســتاوە و زۆرتر ئامبازیان[1] دەبوو، ئەبوو شــەهاب پێی دەگوت قیــادە، ئەویش هەرچیی پێتگوتبا بــەس نەتگوتبا قیادە، زۆری پێ تووڕە و ئیهانە بوو. جارێک ئەوەندەی ئەبوو شەهاب تووڕە کرد و نەیهێشــت بنوێت، ئەبوو شــەهاب هەڵیهێنا و لەسەر سەر بــە عەرزی دادا، کەچی وەک تۆپ هەڵبەزیوە و هەڵات. ئەبوو شــەهاب لــە هەردوو ماڵ بە کــردەوە بووبوو بە کوڕی مــاڵ. تێکەڵاوی هەموو کوڕەکانی شــار بووبوو، بۆ زۆر چالاکی و کردەوەی نیزامی یارمەتیی دەداین و ڕێنیشــاندەرمان بوو. لەناو بازاڕ کوڕێکی برادەرمان جگەری دەفرۆشــت، بەیانیان یەک دوو جگەری دێنا و لەسەر مقەڵێکی بچووک تا لای سەعات دە و یانزە تەواو دەبوو، ڕۆژێک ئەبوو شەهابمان برد، دیتــی ســیخەکان زۆر بچووکن، گوتی کاکە دایخــە و کەس ڕێ مەدە، هەمووی بۆ من دانێ! دەســتی کرد بە جگەرکێشــان، حەفتا بۆ هەشــتا ســیخی بۆ لێ دا، برادەرەکەمان گوتی ماشــاڵڵا، ڕۆژانە موشتەرییەکی وەک تۆم هەبێت، هیچم ناوێت. کاکە تووخوا هەموو ڕۆژێک بیهێنن!

[1]- ئامباز، تێکهالان و تێکگیرانی دوو کەس، بۆ یەکتر چوون.

خانەی جەوانان

دوای هاتنەوەم لە تەوریز و قەربالغیی زۆری ماڵەوەمان، هاتوچۆی زۆر و هاوڕێکانمان و میوانی پێشــمەرگە، چوار برا و هەمووشــمان بە دۆســت و برادەرەوە، خانووەکەی تەنیشــت خۆمان کە بە کرێ دەدرا، باوکم بە کرێی نەدا. کاکم چوو شــتومەک و ســەماوەر و ســەلاجە و نوێنوبانی ماڵەکەی تەوریزی هێناوە و لەم خانووە دامانناـ زیاتر لە سێ چوار هۆدە و دوو نهۆم بوو، ناومان نا «خانەی جەوانان». مەقەڕێکی تەواو و پڕ لە میوان و پێشــمەرگە بوو. خاڵە شــێخ ســەدیقی چۆخماغ هــات بۆ عیــلاج، دوای ناردنی بۆ تەوریز و حەکیــم و دەرمان، دەبوو ماوەیــەک بمێنێتــەوە و هەمــوو ڕۆژێک دەرزی هەبــوو، فێرم کردبوو خــۆی بچــێ ئێواران لە دوکانی باوکم دەرزی لــە خۆی بدا، ڕۆژێک بە بابــم دەڵێ بەیانی ناتوانم بێم، هەر لە ماڵەوە دەرزییەکم لێ بدە، باوکم دەڵێ، کاکە هەموو خەڵک دەزانێت من ناچمە ماڵان، خەڵک دێ بۆ ئێرە! خاڵە شــێخ دەڵــێ، ماڵانی چی، ماڵــی خۆتان دەڵێم؟ باوکــم دەڵێ کاکە نەخــۆش نایەتــە ماڵی مــن و چوزانی ماڵم لە کوێیــە؟! دەڵێ، کوڕە من ئەوە مانگێکە لە ماڵی ئێوەم، لە لای عەلی و کوڕەکان لە قاتی سەرەوەم!

پێشمەرگەی گیرفانبەتاڵ و مەسئوولی خوشگوزەران

ڕۆژێــک کاک دلێــر و کاک مــولازم عومــەر و حیمایەیەکی هاتن و قــەرار بــوو ماوەیەک لــە مەهاباد بمێننــەوە، ژوورێکمان لــە «خانەی جەوانــان» بــۆ ئامادە کــردن، بۆ نیــوەڕۆ چووین بــۆ چلۆکەبابییەکی ناســراو و بــاش لە مەیدانی مەلا جامی، لەپێشــدا ســوپ هــات و ئێمە ســوپی خۆمان خوارد، بەس ئەم کوڕە زۆر گەنج و جوانەی حیمایەی کاک عومەر ســوپەکەی ڕاگــرت، وام زانی حەزی لێی نییە، دواتر برنج و کەباب هات، یەکســەر ســوپەکەی بە سەر برنجەکەدا کرد و لێکی دا، کاک عومەر زۆر بە توندی بەسەریدا هات و گوتی حەیوان بۆ حەیامان

دەبەیـت، بـۆ نازانـی لە مەتعەم نـان بخۆیت؟ زۆر تەریقـی کردەوە و قسەی ناشیرینی پێ گوت؛ گوتم کاک عومەر هیچ نەبووە هەرکەس بۆی هەیـە چـۆن دەخوازێت نان بخوات، ئەم کوڕە فەقیرەش وای حەز لێیە، ئێمـە نابێـت تەداخول بکەین و دیاریی بکەیـن خەڵک چۆن نان بخوات، ئیتـر نانخواردنەکـە بوو بە ژەهـری مار، بە تایبەت لـەم کوڕە گەنجە فەقیرە، دڵنیا بووم کەسـێکی باڵاتر و هاوشـانی خۆی هەر ئەو کارەی کردبا، دەیانگوت وەڵا کاکە ڕەنگە شـێوە خوارنەکەی ئێوە خۆشـتر و بەتامتر بێت! چەند کردەوەی وامان دەدیت وەک تازەمارکسـی و دیفاع لە مافی زەحمەتکێشـان لە سـەرکردەکانی کۆمەڵەی مارکسـی- لینینی بەڕاستی تووشی حەپەسان دەبووین و نەشدەکرا وەک خانەخوێ ئیراد و ڕەخنەیان لێ بگرین. جیاوازیی چینایەتی و خوشگوزەرانیی بەرپرس و پێشـمەرگەکان یەکجـار زۆر بـوو. پێشـمەرگە کە دەهـات گیرفانی تـەواو بەتاڵ بوو، بەڵام مەسـئوولەکان نە تەنیا بێپـارە نەبوون، بەڵکو ئەو تەخشانوپەخشـانەی ئەوان دەیانکرد بە ئێمەی خەڵکی شـارەکەش نەدەکـرا، لە شـتکڕین و بۆنـی خۆش و گرانبەها، لە قات و شـاڵکڕین، بەرپرسەکان وەک شازادە و بەبێ ئەژمار پارەیان سەرف دەکرد. هەر ئەو سـەردەم مەلا بەختیار وەک تازەزاوا بە بووکەوە هات بۆ «شـهر العسـل- مانگـی هەنگوینی»، ئەوەی ئەوان کردیان لە گەشـتوگوزار و سـەردانی شیراز و ئیسـفەهان و مانەوەیان بۆ زیاتر لە مانگ، تەنیا لە لای خۆمان خەڵکی زۆر دەوڵەمەند دەیانکرد، نەک پێشەنگی پێشمەرگە و ڕابەری کۆمەڵەی مارکسی- لینینی!

محێدین ئاغای فریادڕەس

ئێوارەیـەک لەگـەڵ سـولەیماندا گوتمـان دەبێـت مـەلا بەختیار لە شوێنێکی زۆر باش دەعوەت بکەین، ڕستورانتێک هەبوو شا لە زۆربەی شـارەکان داینابوو، مهمانسـەرایان پێ دەگوت، لە خزمەت و خواردن هاوتـای نەبوو، زۆر بورژوازی و مسـتەوای لەبان بوو، بەڵام گرانیش

بــوو. ئێواره چوویــن و کاک دلێریش بوو، شــەوێکی خۆش، ئەوه چل ساڵه لە یادم ناچێت، کاتێک شەو درەنگ بوو، سولەیمان بۆ لای دەرەوه چوو بۆ پارەدان، بەدوایدا ڕۆیشتم و زۆر بە هێواشی خەریکی بژاردنی گیرفانمان بووین، بۆمان دەرکەوت بیست تمەنمان کەمە، ئەی چ بکەین چ نەکەین و زۆر عەیبە، لەناکاو محیدین ئاغای بابانزاده لە لای پێشخان قوت بووەوه و گوتی مێزی ئێوه دراوه و داینێ بە حیسێبی کاکە برایم، خــۆم لەگــەڵ بابتدا پێک دێم. محیدین ئاغا، پیاوێکی خاوەن موڵکی زۆر دەوڵەمەندی ســابلاغ بوو، زۆر جلی جوان و ســەیارەی جوان و گرانی بەکاردێنا، لە کۆنەوه دۆســت و جیرانی باوکم بوو، زۆر ســەخی بوو، تا ئەو ئاخرییانەش هەر لە ناوشــار و لەماڵی خۆیان مانگا و گاڕانیان بوو، زۆر جار ماســت و دۆیان بۆ دەروجیرانان دەنارد. ئیتر نازانی لە خۆشیان چمان کرد، هەرچەند نابێت و قبووڵی ناکەین و فشەمان کرد، بەس گوتی، لەســەری مــەڕۆن و میوانی مامی خۆتانن. فریشــتەیەکی نەجات بوو پەیدا بوو.

جیاوازیی مەسئوول و پێشمەرگە

کوڕێکــی هاوڕێمــان بــوو، ئەویش ناوی ســولەیمان بــوو، باوکی ترۆمبێلێکــی جــوان و گرانــی بــوو، لێی وەرگــرت و مــەلا بەختیار و هاوســەرەکەی پــێ برد بۆ سەرتاســەری ئێــران و گــەڕان. لە خودی مەقەڕەکانــی ناوزەنــگ و قەندیل و توژەڵەش زۆر زوو هەســتمان بەم جیاوازیی «چینایەتی» نا! بەڵکو مەسئوول و پێشمەرگەی سادە دەکرد. ئەو کاتانەی مەســئولێک دەســتی لــە پێشــمەرگەیەک هەڵدێناوه و بە قســەی خۆیان دارکارییان دەکرد، بۆ ئێمەی شۆڕشــگێڕی ڕۆژهەڵاتی کارەسات بوو، بەس زۆر کەم قسەمان دەکرد!

میوانی عەلی و مولازم عومەر!

باوکــم نیوەڕۆیان بۆ نانخواردن و پشــوودان دەهاتەوە ماڵ، نێوان دوکان و ماڵەوەمان تەنیا کۆڵانێکی دووســەت بۆ سێسەت مەتری بوو، هەر وەک باســم کرد دەرگای ماڵی خۆمان و ماڵەکەی ترمان لە کۆڵان بــەدوای یەکدا بوون، باوکم بە بــەردەرگای یەکەمدا تێدەپەڕیت و کلیل لــە گیرفان دەردێنێت بێتەوە ژوور، یەکی تریش کلیل لە دەرگای یەکەم دەنێت، باوکم دەوەستێت و بە سەرسوورمانەوە سەیری دەکات و لێی نزیک دەبێتەوە، دەڵێ:

ئەوە خەریکی چیی کاکە؟!

دەچمەوە ماڵ!

بۆ تۆ کێی کاکە؟! ئێرە ماڵی منە، ئەی بۆ ناتناسم؟!

من میوانی عەلیم و مولازم عومەرم!

بابــم لەبەر خۆیەوە هەتــا حەز دەکات جنێــوی ڕەوانە کردبووم و دواتر شــەڕێکی باشــی لەگەڵدا کردم. مانەوەی کاک مولازم عومەر و هاتوچــۆی زۆری، دەبوو کلیلێکی خانووەکەی پــێ بدەم بۆ حورییەتی خۆی، بەس بابم ئەوەی نەزانیبوو، نەشیدەزانی کێ دێ و کێ دەڕوا و میوانمان کێیە؟!

نارنجۆکئەندازەکەی پۆلا

یەکێتــی کاک عەلیــی ئامەخانــی ناردبــوو بۆ پەیداکردنــی چەک و تەقەمەنــی، پۆلای نانەوا کە چریکی فیدایی بوو، زۆرمان لێ نزیک بوو، لەبەر مەدرەسەی گەلاوێژی کچان بە کەواوپانتۆڵێکی جوان و شەدە و پشتێند، نارنجۆکئەندازێکی بە چەند گوللەی زەرد و سوورەوە لە خۆی بەســتبوو، تفەنگێکی قوڵەیە و زۆر ســووکە، لە ئەشیای یاریی منداڵان دەچوو، دواتر زانیمان بۆ پارتیزان زۆر چەکێکی بەکەڵکە. کاک عەلی کە زانیی دۆست و ناسیاوی ئێمەیە لێی چووە پێش و گوتی:

- ئەمە چییە؟!

- ئەمە نارنجۆکی فڕێ دەدا، ئەوەتا ئەم زەردانە هەون!

کاک عەلی گوتی: بە چەندی؟

- نایفرۆشم، بەڵام دەیگۆڕمەوە!

- بە دەمانچەی دەدەی؟

-ئا! بە چواردەخۆرەکەی خۆت!

- نا! ئەوەی من باش نییە کۆنە!

- یەکی تازە تازەت بۆ دێنم!

- باشە، با بڕۆین ئەوەتان بۆ تاقی کەمەوە.

هەموو پێکەوە چووینە قەراخ شـــار و پــۆلا یەک دوو نارنجۆکی بە بەردان دادا!

دوو ڕۆژ دواتر کاک عەلی دەمانچەی دا بە پۆلا و نارنجۆکئەندازی لێ وەرگرت، ماوەیەک دواتر کاک عەلی ڕۆیشتبووەوە، پۆلا هات گوتی کاکە ئەوە دوو فیشەکم پێ هاویشت، دەرزییەکەی شکا!

دواتر زانیی، ئەوە چواردەخۆری تورکییە و زۆر مەرغوب نین. ئیتر درەنگ بوو چی نەدەکرا!

زۆر بەداخـــەوە چەنـد ڕۆژ دواتـر کاک عەلـی لـە سەردەشـت لە ڕووداوێکـی زۆر ناخۆشـی کۆمەڵایەتـی و تێکهەڵچوونـی لەگـەڵ بنەماڵەیەکی ناسراوی شارەکە کوژرا، بە حیکمەت و عەقڵی کاک دلێر و تەداخولی مام جەلال، زۆر زوو ڕووداوەکە سەرپۆش کرا و نەیانهێشت تەشەنە بکات و خەڵکی سەردەشت و پێشمەرگەی یەکێتی لەگەڵ یەکدا، تووشی هەڵپڕژان بن!

٩

کۆمەڵە و ترس لە خوێندەوار

ئێستاش تێنەگەیشتم هۆکار چ بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش و نەمانی حکومەتی پەهلەوی، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بۆ خۆی ئاشکرا نەدەکرد؟ هەموو شارەکانی کوردستان پڕ بوون لە مەکتەب و بنکەی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی. چریکە فیداییەکان شوێنێکی زۆر مەرکەز و باشی ناوشاریان گرتبوو، جاران ستادی ئەرتەش بوو، حیزبی دیموکرات لە چەند شوێن مەقەڕی هەبوو، حیزبی تودە بە ناوی لاوانی حیزبی دیموکرات دەفتەری بوو و لە چالاکیدا بوون، ئیتر ڕێکخراوگەلی تریش فرە بوون، سابلاغ پڕ بووبوو لە خەڵکی شارەکانی تری ئێران. خۆشاردنەوەی بیمانای هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی زۆر لە لاوانی کچ و کوڕ ئەم بۆشاییە بە چوونیان بۆ ناو حیزب و ڕێکخراوی سەرانسەری و ئێرانی پڕ بکەنەوە، کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی زۆر باشی کوردستان کەوتنە داوی چریک و حیزبی تودە و تووشی هەڵدێر و خیانەت بوون لە نەتەوەی خۆیان.

سەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لەجیاتی ئەوەی فرسەت بقۆزنەوە و بێنە ناو خەڵک، ڕێبازی سیاسی و ستراتیژی خەڵکی کوردستان بە بەرنامەوە بەرنە ناو باس و ڕاڤەی خەڵکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و ڕاکێشی ڕێبازێکی نەتەوەیی پێشکەوتوانەیان بکەن، کەچی لە خوێندەوار و ڕۆشنبیر دەترسان و ڕقیان لێیان دەبووەوە. سەرکردەکانیان کە هەموویان دوکتۆر و موهەندیس و سیاسی و زیندانیی شا بوون، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمیش بە هەزاران خوێندکار و ڕۆشنبیری شاریان پێ هیچ نەبوو، دەچوونە گوندێکی بچووک و لەگەڵ ماڵە فەلاحێک خەریکی دەسکەنە و کاری جوتیاری دەبوون، زۆر چووبانە

پێش، دەبوونە کرێکاری ســاختوومانی و کورەخانــەکان. دەیانی وەک من و سولەیمان بەدڵ حەزمان لە ڕێکخراوەیەکی وەک کۆمەڵە بوو بۆ کارکــردن، حیزبی دیموکرات نەیتوانیبوو زۆربەی ئێمەی خوێندەوار بۆ لای خۆی ڕاکێش بکات، کەچی بە پێچەوانەوە ئێمە وێڵ و سەرگەردان بە شــوێن کۆمەڵەوە بووین و نەماندەدیتنەوە، خۆیان پێشــان نەدەداین و بــە دەیــان خوێندەواری زانکۆچــووی وەک، خەلیل و ســولەیمان و حوســێن و کەمال و...ی کورە شاریان بە وڵاغدار و جوتیارێکی میراوا و سیسێر و دەرمان دەگۆڕییەوە!

مام جەلال هانی دان

بــەڵام هاتبوون و لە هەر شــارە شــتێکیان دامەزراندبوو، بە ناوی جەمعییەتــی... یــان کۆمەڵــەی... و چەند هاوڕێیەکــی نزیکی خۆیان تێ خزاندبوو، زۆربەی ئەوانەی ڕاکێشــی جەمعییەتەکان بووبوون، لاوانی چەپی سەر بە ئەندێشەی مائۆ و دژی خەتی سۆڤییەت بوون. کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕ لەو سەردەمەدا، ئەوەندە شــەرمێون و غللوور و ترسنۆک بــوون، نە ئەوە بوو بڵێــن جەمعییەتەکان هەمان کۆمەڵەیە و وەرن ببن بە ئەندامی کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕ، ئەوە ڕابردووی ئێمە، ئەوە خەبات و بەرنامەی ئێمە و ئەوەش ڕوانین و ستراتیژی ئێمەیە بۆ کوردستان، نە ئەوە بوو خۆیان بێبەری بکەن لەو هەموو لاو و خوێندەوارە خوێنگەرم و چالاکە لە ناو ئەو جەمعییەتانەدا وەک ســەروەتێکی گەورەی مرۆیی و ڕۆشــنبیری. بە کــورت و کرمانجی خراپ تــووش بووبوون، عەقڵی جوتیــاری ئیجــازەی فراوانبیــری و ئازایەتیــی نــەدەدان و لــە لایەکی دیکەیشــەوە قســە و لێکدانەوەکانی مام جەلال بۆ هاندانیان بۆ خەباتی چەکداری و بوونیان بە بەدیلی حیزبی دیموکرات و کەڵکوەرگرتنیان لە هەژموونی خەباتی نەتەوەیی، لە ئەنجامدا بوون بەم کۆمەڵەیە و توانییان وەک یەک لە هێزە چەکدارە ســەرەکییەکانی کوردســتان بێنە ناســین. لــەم دواییانەدا بــە هیمەتی ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵە، کاک ســاعد

وەتەندوســت، یادداشــتەکانی یەکەم کۆنگرەیان لە شارەکانی نەغەدە و سنە بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە[1] زۆرێک لەم گومان و پشتپەردەی، ڕووی ڕاســتەقینەی پێکهاتەی کۆمەڵەمان بۆ شــەنوکەو و ڕوون دەکاتەوە. لە کاتێکدا هەموو خەڵکی کوردســتان خرۆشــاوە و بە دەیان ســازمان و ڕێکخــراوی ئێرانی هاتوون بۆ ڕاوی لاوەکانی کوردســتان، ئەوان لە ناو کولەکەدا بانگ دەدەن. بە دە کەســەوە، هەمووی ژێر تەمەنی ســی ساڵ، لە ماڵی مامۆستا مەلا ساڵح لە نەغەدە بە سەدان سەعات و دەیان ڕۆژ خەریکــی ڕەخنە لەخۆگرتنن، دانیشــتوون و ڕەوشــت و ڕەفتاری وردەبــۆرژوای و ئاغاوەتــی یەکتــر لەقاو دەدەن. دە کــەس بۆ ماوەی ســیوحەوت ڕۆژ تەنیــا قســە و ڕەخنەگرتن لە یەکتر، لــە دەرەوی ئەم کۆڕە بچووکەش کۆمەڵانی خەڵک خەریکی دەرکردنی شا و سەرکەوتنی شۆڕشن! لە دواڕۆژێکی کورتدا ئەو دیمەنە دەبێتە هەژموونێکی گەورە و بە ناوی «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران»، مل دەبەر ملی پاسدار و بەسیج و ئەرتەشی وڵاتێکی وەک ئێران دەنێت، تەنانەت شــەڕی ناوخۆی چەند ســاڵە و زۆرانبازیی لەگەڵ حیزبەکەی قازی و قاســملوو لە ئەرشیفی کارنامەکەیدا تۆمار دەکات! لە چوون و شــەهیدبوونی هەزاران لاوی خوێندەوار و بەحەماسی ئەم کوردستانە، بــۆ ڕیــزی ڕێکخراوێکی ئاوا، عەقــڵ و مەنتق دەستەوەســتان دەبن لە بەرامبەری، بۆ ڕانان و شیکردنەوەیەکی ڕامیاری و کۆمەڵناسانە، لەمەڕ وڵاتەکەی ئێمە!

پانزەی فێوریەی ١٩٧٩ و لە بیستوشەشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ هەتاویدا و دوای تەنیا چوار ڕۆژ بەســەر ســەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و هاتنە ســەرکاری حکومەتی ئیســلامی، لــە تێکهەڵچوونێکی خەڵکی ســەقز و

١- ئەم کتێبە، «مباحث کنگره اول کومەله» پاییز ١٣٥٧ویراســتاران: ملکه مصطفی ســلطانی و ســاعد وطن دوست- ساڵی ٢٠١٦ بڵاو کرایەوە، زۆر نهێنی و پشتپەردەی چۆنیەتی و ڕووی ڕاستەقینە و هاتنەمەیدانی کۆمەڵە بۆ ناو خەبات لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا بۆ ڕوون دەکاتەوە.

شارەبانیدا، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کاک حەمەحوسێن کەریمی بە نەناســراوی و ڕێکەوت شەهید دەبێت، ئەوجار کۆمەڵە، بەبێ ئەوەی هیچ کەســانێک لە خۆی بێنێتە ناســین و ئاشــکراکردن، بوونی خۆی و کاک حەمەحوســێن وەک دامەزرێنەر، تەنیا بە چەند دێڕێک لە بەیانێکدا ڕادەگەیەنێت!

ڕوخساری خومەینی دەرکەوت

بەداخــەوە هەر لــەدوای هاتنــەوەی خومەینی و هاتنە ســەرکاری حکومەتــی بــازرگان، زۆر زوو دەرکــەوت خومەینــی و حکومەتەکەی بڕوایــان بــە مافی گــەلان نییە، بە تایبــەت قبووڵیان نەبــوو کە خەڵکی ســابلاغ و شــارەکانی دی، دەستیان بەســەر پادگان و ژاندەرمەری و چەکوچۆڵی حکومەتدا گرتووە. بۆیە لە هەر شوێنێک بۆیان کرا هەر لە دەســپێکەوە بەرەنگاری کوردەکان دەبوونەوە. لە ســنە وەک زۆربەی شارەکان شورای شار و خەڵک ویستیان دەست بەسەر پادگاندا بگرن، ســەرباز و بەرپرســانی پادگان بەرگرییان کرد و شــەڕێکی خوێناوی وماڵوێرانکــەر لــە یەکــەم نــەورۆز و تەنیا دوای سیوهەشــت ڕۆژ لە ســەرکەوتنی شــۆڕش، بەرۆکی کــوردی گرت. لە هەموو کوردســتان لاوان بــە چــەک و یارمەتیــی خــواردن و جلوبــەرگ و پەتــوو، ڕێــی ســنەیان گرتەبــەر. هەبوون شۆڕشــگێڕی چەپی ئێرانی لە شــارەکانی ئێران بەرەو ســنە دەهاتن و لە گەڕەک و جادەکان بۆ بەرگری لە شار دەچوونە ســەنگەر. دوای ســەرکەوتنی شــۆڕش، ئاخوندێکی شیعە بە ناوی ســەفدەری کە شــا تەبعیدی کردبوو بۆ سنە و خەڵکی ئەم شارە زۆریان حورمەت گرتبوو، بووبوو بە نوێنەری ئیمام. ئاخوند سەفدەری دژایەتیــی لەگــەڵ کورد و چالاکانی سیاســی و خۆشــنێوی وەک کاک ســەدیق کەمانگەر، ســەید ئەیووب، شــوعێب زەکریایی و کاک یوسف ئەردەلان کە تازە لە زیندانی شا ڕزگاریان بووبوو دەست پێ کردبوو، ئەوان بە مانای تەواو نوێنەرایەتیی خەڵکیان دەکرد و زۆر مایەی ڕێز و

حورمەت بوون. لە لایەکی ترەوە ئەحمەد موفتیزادە بە ناوی ئیسلامەوە قوت بووبووەوە و حەولی دەسەڵات و چەکدارکردنی لایەنگرانی خۆی دەدا. ناکۆکی و ئاژاوەی سەفدەری و موفتیزادە سەرەنجام شەڕی بەرپا کرد و لە ماوەی کەمتر لە حەفتەیەکدا زیاتر لە دووسەت شەهید و چوارسەت بریندای لێ کەوتەوە. هەوڵ بۆ گرتنی پادگانی سنە هەبوو، ئەوانیش لەناو پادگانەوە بە تۆپ و هاوەن و دۆشکە و قەناسە، زۆربەی شاریان وێران کرد و خەڵک زەرەر و زیانی زۆری بەرکەوت. زۆر زوو هەیئەتی دەوڵەت لە تارانەوە بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و لە کوردستانەوە هەیئەتی کورد بە ڕێبەریی مامۆستا شێخ عیزەدین لە شاری سنە بەیەک گەیشتن. بڕیاریان دا کاروباری شار و پادگان و بەڕێوەبەری دامودەزگاکان بدرێت بە شورایەکی هەڵبژێردراوی خەڵک.

تفەنگەکەم فرۆشرا

خەڵکی سابڵاغ بە تایبەت لاو و خوێندکار بە خۆبەخشی شتومەکی وەک خواردن و دەرمان و پەتوویان کۆ دەکردەوە و بە کاروان بەرەو سنە وەڕێ دەکەوتن. چەند دەستەیەکیش بە چەکەوە چوون بۆ یارمەتیی براکانیان، هەرچەندە شەڕ زۆری نەخایاند و تەواو بوو. ئێوارە سولەیمان هات، گوتی ئەوە یوسف و براکەی ئامادەن بە خۆبەخش بچن بۆ سنە، تفەنگیان نییە، بزانە تفەنگێکیان بۆ پەیدا ناکەیت؟! ژ٣ یەکی بێقۆنداغی تازەم هەبوو، دامی گوتم هاتییەوە بۆم بێنەوە، قەولی دا لەسەر دەستی سولەیمان. شەڕ تەواو بوو ئەوان هەر نەگەیشتبوون و زانیم هەر نەچوون، گوتم سولەیمان، پێیان بڵێ با تفەنگەکە بێنەوە، هەر ئەمڕۆ بە سبەینێیان کرد و دیار بوو فرۆشتبوویان. لە چوارڕێی ئازادی پێشمان پێ گرتن و سوێند و پاڕانەوە دەیهێنینەوە، لەو دەمەدا شەهید تەها کەرباسی هات و گوتی، یوسف تۆ قەولت بە سولەیمان و عەلی داوە و ئەوانیش متمانەیان پێ کردوویت. ئیتر یوسف تەحەمولی نەما و بە گریانەوە گوتی، بێشەرەفی برام هەر ئەو شەوە کە وەرمانگرت

بــردی فرۆشــتی! تەها لێکــی کردینەوە و ســولەیمان کــە زۆر تووڕە بووبوو، ئارامی کردەوە و گوتی، چەکم زۆرە و ڕەشاشێکم هەیە بۆتان دێنم. ڕازی بووین لەســەر قسەی تەها و ڕۆیشتین. هێندەی پێ نەچوو تەها لە شەڕی نەغەدە شەهید بوو. ئیتر منیش تفەنگم هەر نەدیتەوە و فرۆشــرا و خورا بە دەستی دۆست، ئەوەش دووەم تفەنگ بوو دۆست لێی دەفرۆشتم و دەیخوارد!

ئەشرەفی دێهقان

لــە ســەرەتای بەهــاری ۷۹دا دوای ڕووخانــی ڕژیمــی پەهلــەوی، بەهارێکی خۆشــی ئازادی و شــادی باڵی بەســەر هەمــوو کۆمەڵگەی ئێران و بە تایبەت کوردســتاندا کێشــابوو، ئازادییەکی بێسنوور هەبوو بۆ خەڵک، لە هەر کەلێن و قوژبنێک کتێب و ڕۆژنامەفرۆشــی، مەقەڕی حیزب و ســازمانێکت دەهاتە ســەر ڕێ. ڕۆژێک ســولەیمان تەلەفۆنی کــرد گوتــی ترومبێلێک بێنە و وەرە بۆ ماڵ، کە چووم یەک دوو فارس دیار بوو بە دەمانچەوە لە حەوشــە بوون و خانمێک لە ژوورەوە بوو. ناســاندی، ئەشــرەفی دێهقان بەرپرســی شــاخەیەکی چریکەکان بوو. ئەشرەف لە سەرتاسەری ئێران زۆر ناسراو و مەشهوور و مەحبووب بــوو. ئەو، لە زەمانی شــادا وەک یەک لە کچە هــەرە گەنج و ئازاکانی ســازمانی چریکــەکان لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی دەســتەویەخە لەگەڵ پۆلیســی شــادا گیرابوو، خوشــکی بەهرۆزی دێهقان لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی چریکەکان و دۆســتی نزیکی ســەمەد بەهرەنگی بوو، دواتر شــا ئیعدامی کرد. ئەشــرەف بە دە ساڵ زیندان مەحکوم کرابوو، دوای دوو ســاڵ توانیی هەڵبێت و تا ســەرکەوتنی شۆڕشی ئێران بەشداریی شەڕی چریکی دەکرد و لە حەشارگەدا بوو.

ســولەیمان گوتی، ئەشــرەف زۆر بە نهێنی هاتووە و میوانی ئێمەیە و قــەرارە لە مێتینگێکی ســابلاغ قســە بکات. ڕۆژانــە دەبێت دەرزی لە خــۆی بدات. قەرارمان دانا هەموو ڕۆژ بچم لەگەڵ ســولەیماندا بیبەین

بـۆ لای بابم و دەرزییەکەی لێ بدا. بابم لەگەڵ سـولەیماندا زۆر گاڵتە و جەفەنگیـان هەبوو، سـولەیمان بـە بابمی گوت، ئەو خانمە ئاشـنایە و دەرزیـی لێ بدە. بابیشـم بردیە پشـت پـەردە سـپییەکە، لەناکاو بە دەنگی بەرز گوتی، کوڕە سـولەیمان ئەوە دەمانچەی لە پشـت قونێتی! سـولەیمان گوتی، کاک برایم ئەوە خەتەرە، باسی مەکە، لەو ژنانە نییە کە جەنابتان بینیوتانە، بە تەنیا سەد پیاو دەرەقەتی نایەن!

ئیتر چەند ڕۆژان هەموو ئێواران بە سـەیارە دەمانبرد بۆ لای بابم و هەر لە ناو سەیارە گەڕانی شارمان پێ دەکرد، زۆر ئاسوودە بوو لە ماڵی سولەیمان و لەگەڵ دایک و خوشکەکانیدا زۆریان خزمەت کرد.

چەنـد ڕۆژ دواتـر لە مێتینگێکی گـەورە لە مەیدانی مـەلا جامی لە باڵکۆنـی بینایەکـەوە، ئەشـرەف نوتقێکـی گەرموگوڕی کرد و باسـی خەباتی خۆیانی کرد لە سـەردەمی شـادا. یەک دوویەک لە کوڕەکانی هاوڕێ بە بەر دوکانی بابمدا پیاسە دەکەن و دەڵێن، میرزا برایم نازانی ئەشرەف چیی کرد، حەیف لەوێ نەبوویت! بابم دەڵی بڕۆن ڕۆڵە، ئێوە لە دوورەوە دیوتانە، من قونیشیم دیوە! ئیتر سینگ لێیان دێنێتە پێش و بۆیـان باس دەکات، ئەوە هەفتەیەکە هەموو ڕۆژێک هاتووە و دەرزیی لـێ داوە. کوڕەکان لەسـەر جادە بە گاڵتەوە هاواریـان دەکرد: هەتێ[1] عەلی، بابت ڕەفیقی ئەشرەف بووە و نەمانزانیبوو!

یەکەم شەهیدی یەکێتی لە ڕۆژهەڵات

لە بەهاری ٧٩دا ڕۆژانە دەستەدەستە پێشمەرگەی ماندوو، نەخۆش و تامەزرۆکانـی یەکێتی بۆ دیتنی شـارەکانی ڕۆژهـەڵات و بە تایبەت سـابڵاغ زۆر بە ئازادی پەیدا دەبـوون. تێیاندا بوو وەک ئێمە لە گرتنی پیاوخراپ و ساواکی و کێشبکگرتنی شار و چالاکی و تەنانەت بەشداریی شەڕی سنە و کەرەفتووی سەقز و هاتوچۆی ئەولا و ئەملاشیان دەکرد.

١- هەتـێ، کورتکـراوەی هەتیوەیـە، منداڵەسـابڵاغی بـۆ بانگکردنی یەکتر بەکاریان دینا.

شەهید حەمە نەگرەیی خەڵکی گەرمیان، یەکەم شەهیدی یەکێتی بوو لە شەڕی ئاغاکانی کەرەفتوو گیانی خۆی فیدای شۆڕشی ڕۆژهەڵات کرد.

سیروان تاڵەبانی

مانگــی گوڵانــی ٧٩، کاک دلێر چەند کەســی لەگەڵدا بــوو، هاتن بۆ ماڵــی ئێمــە، گوتی، ئەوە فەرماندەی عەســکەری و زۆر بە حورمەت و گەورەیی باسی سیروان تاڵەبانیی بۆ کردین. وەک برا لە لای خۆمان بۆ چەند ڕۆژێک مایەوە، پێشمەرگەی ئازا و قارەمان کاک حەسەن خاوێی یەک لە هاوڕێکانی بوو لەم سەفەرەدا. گوتیان، هاتووین بۆ تفاقی شەڕ و چەککڕین و هەرێمەکەمان پێدوایستییەکی زۆری سەربازیی گەرەکە. بەیەکەوە کەوتینە بازاڕ و کۆکردنەوە و کڕینی شتومەکی جەنگی.

کاک سیروان، جوامێر، پیاوێکی بە زیپکوزاکوون[1]، لەسەرخۆ، مەند[2] و جێی ڕێز بوو. هەر کە بۆ یەکەم جار دەتدیت هەستت بە کەسایەتیی بــەرزی دەکرد. ڕۆژی پێش ڕۆیشــتنەوەیان بــۆ هەرێمەکەی خۆیان و ماڵئاوایی، ئێوارەیەکی خۆشــمان بۆ ڕێکخســت، ئەبوو شــەهاب، عەلی ئامەخان، سولەیمان و چەند برادەری دی بۆ بەڕێکردنیان لەوێ بوون. زۆر بەداخەوە چەند ڕۆژی نەبرد خەبەر هات لە ڕێی چوونەوەیان، لە شارەزوور سیی مانگی نیسانی ٧٩ بەسەر کەمینی جاشدا کەوتوون و کاک ســیروان و کاک حەســەن و چەند پێشمەرگە شەهید بوون. داخ و حەسرەتێکی زۆری بۆ جێ هێشتین.

شەڕی کورد و ئازەری

حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران، ڕۆژانە کادر و ئەندامەکانی لە هەندەران و عێراقەوە دەهاتنەوە، لە ســەر قەڵاندۆش و بــە باوەشــی گەرمی خەڵــک، بەخێرهاتــن دەکران. هــەر ڕۆژە و لە

١- زیپکوزاکوون، تێگەیشتوو، ژیر و عاقڵ.
٢- مەند، سەنگین و لەسەرخۆ.

شــار و شــارۆچکەیەک بە ڕێپێوان و کۆبوونەوەی جەماوەری، خۆیان دەناســاندەوە و خەڵکێکــی زۆر بــە تایبەت لە ناوچەکانــی موکریان و شکاک و شنۆ، لایەنگریان بوون.

ڕۆژی بیســتویەکی نیسانی ١٩٧٩ سەرەی شــارۆچکەی تێکەڵاوی کــورد و عەجــەم لە نەغــەدە بــوو. دوکتۆر قاســملوو نیــازی بوو لە کۆبوونەوەیەکــی گــەورە لــە مەیدانــی وەرزشــی ئەم شــارە حیزبی دیموکرات بە کۆمەڵانی خەڵک بناســێنێتەوە. پاســدار و بەکرێگیراوانی ئاخوند حەســەنی بە هانــدان و دنەدانی ئازەرییەکانــی نەغەدە، هەلیان قۆســتنەوە و شــەڕێکی بێبزەیانــە و ماڵوێرانکەریان بەســەر ئەم دوو نەتەوەیە، کە ســاڵیانی ســاڵ بوو بە ئاشــتی و برایەتی پێکەوە دەژیان، ســەپاند و نیوەی شــارەکە وێران و سەدان کەس کوژران و بریندار و ئاوارە کران. لێکدانەوەی هەڵەی کادرانی حیزب و ڕاوێژکارانی ناشارەزا و دوور لــە فەرهەنگــی پێکەوەژیانــی کورد و ئــازەری و دیاریکردنی کاتــی هەڵە لە لایــەک و دوژمنایەتی و دەمارگرژیی ئاخوندێکی جاهیلی وەک حەســەنی وای کرد کارەســاتێک لەم شــارۆچکەیە ڕوو بدات کە پاشــماوەی برینەکانی بە دەیان ســاڵیش ســاڕێژ نەبنــەوە. ژن، منداڵ، پیرەپیاو، وردودرشــت، دار و بەرد، لە بەرامبەر تووڕەیی و غەزەب و قینلەدڵی خەڵکی بێویژدان و بێڕەحم و ئاژاوەچیدا، نەکرا لە ئەماندا بن.

خەڵک لە شارەکان و بە تایبەت لە سابڵاغەوە پۆل پۆل بە کەرەسەی شەڕەوە وەڕێ کەوتن بەرەو نەغەدە، عەقڵ و مەنتق نەمابوون و جێی خۆیــان دابوو بــە ڕق و کینە و دەمارگرژی کورد و عەجەم، شــیعە و ســوننی، ئیتر دڵســۆز و بەمشوور قســەی نەدەڕۆیشت و کەس گوێی بــۆ نەدەگرتــن، ڕۆژ ڕۆژی جاهیــل و نەفامەکان بــوو، ئەنجام بوو بە کەوتنی ســەدان جەنازە و بریندار و تالان و ڕووخانی ماڵ و کاشــانە، گۆڕســتانی بوداق ســوڵتان لە سابڵاغ لە ڕۆژی حەشر دەچوو، سیمای شاری نەغەدە وەک پاشماوەی لەشکری مەغۆل بوو.

تەها کەرباســی بە ترۆمبێل لەگەڵ هاوڕێیەکی وەڕێ دەکەون بچن

بۆ سێ ڕای نەغەدە لە جادەی ڕەزائییە، زۆر بێڕەحمانە بەر دەستڕێژی گوللەی بەسیجییەکانی حەسەنی دەکەون و هەر لەوێ شەهید دەبن. تەها کوڕێکی خۆشەویست و ئازا و مێرخاسی سابڵاغ بوو، لەم دواییانەدا بە هۆی ئەوەی ئەویش هاتوچۆی پێشمەرگەکانی لە قەندیل دەکرد، زۆر لێک نزیک بووبووینەوە، تەها لە حەولی کۆکردنەوەی چەکوچۆڵدا بوو و دەیزانی زوو یان درەنگ شەڕ بەربینگمان پێ دەگرێت، نەیدەزانی خۆی بە یەکەم فیشەکی شەڕی ئاخوندەکان لەگەڵ کورد دەبێتە قوربانی.

کاک ئەحمەد خاتەمی پیاوێکی سەرسپی و ناسراو و کارمەندی کۆنی ئیدارەی سجیلی سابڵاغ، بە پەلە بە خەبەری شەڕ لە نەغەدە، وەڕێ دەکەوێت بچێت کچەکەی بێنێتەوە، هەر لە سێ ڕای نەغەدە ئەویش بەسەر چەکدارەکانی ئاخوند حەسەنیدا دەکەوێت، بێگوناح و بێچەک، پیاوێکی بەم سەر و سیمایە، بەوپەڕی بێڕەحمی شەهید دەکەن و بە ئاوێیدا دەدەن. بە دەیان نموونە ئەم یەک دوو ڕۆژە دیتران و قرچەی لە هەموو دڵێکی پاکی مرۆڤە بە ویژدانەکان هێنا. کوردە قینلەدڵ و شەڕخواز و بێکەرامەتەکانی بەرامبەر بێدەسەڵات شێر و بەرامبەر زۆردار خوێڕی و ڕێوی سفەت، لە بەکرێگیراوەکانی حەسەنی نەمانەوە و لە کوشتنی خەڵکی بێدیفاع و دەستڕێژی بە کچانی ئازەری و دزی و تاڵان و شەڕەخۆری کۆتاییان نەکرد. ئێوارەی ڕۆژی دوایی لەگەڵ دوو هاوڕێدا بە سەیارە بە جادەی پەسوێدا ویستمان بچین بۆ دەوروبەری نەغەدە و یارمەتیی خەڵک و بریندار بدەین بۆ هێنانەوەیان، لە جادە خۆڵ و تێکەڵەکە سەردەکەوتین، لەناکاو لە قەراغ جادە جەنازەمان دیت، دابەزین و دیتمان دوو چێوداری مەزڵوومی ئازەری ڕووت کراون و هەر لەوێ کوژرابوون، دواتر لە خەڵکمان بیست کێ ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەی کردووە؟! زۆر بێسووچ و گوناح، تەنیا لەبەر ئەو برە پارەیەی گیرفانیان، ئەو کردەوە قێزەونەیان ئەنجام دابوو.

١٠

نامەیەک بۆ زەبیحی

کاک زێـرۆی بەرپرســی هەرێمــی قەڵادزێی یەکێتــی چەند جارێک هاتبــوو بــۆ لامان و زۆر هەســتی بــە نزیکی دەکــرد. ئێوارەیەک هاتە ناوماڵ و لەگەڵ دایکمدا قســەیان دەکرد، دایکم باســی کاکی بۆ دەکرد، دیــار بوو لــە زووەوە و ســەردەمی جەلالــی، کاک زێڕۆ لــە نزیکەوە زەبیحیی دەناسی. دایکم گلەیی بەختی خۆی لا دەکرد و دەیگوت، ئەوە هەمــوو هاتنەوە، مامۆســتا هێمن، کاک حەمەدەمین ســیراجی، دوکتۆر قاســملوو و هەر هەموویان؛ کاکم لەگەڵ مامۆســتا هەژاردا ڕۆیشــت، ئەوە هەژار چوار پێنج ســاڵە لەگەڵ مەلا مســتەفادا هاتووەتەوە، ئەدی بۆ کاکم ئێستا کە شاش نەماوە ناگەڕێتەوە؟! تووخوا ماوە؟! کاک زێڕۆ سوێندی بۆ خوارد و گوتی دایە گیان مامۆستا زەبیحی زۆر لەم قسانە گەورەتــرە و دڵنیــا بە ماوە و ئێمە خەبەرمان لێی هەیە، هەر ئێســتا با عەلــی نامەیەکی بۆ بنووســێت، شــەرت بێ من بە دەســتی بگەیەنم و وڵامیشتان بۆ بێنمەوە. دەستم کرد بە نووسینی نامە بۆ یەکەم جار بۆ زەبیحی و خۆم ناســاند و گوتم ئەوە ئەم نامەیە لە زمان دایکم و هەر هەموومان دەنووســم، تکایە گەر پێتگەیشــت وەڵامان بدەوە، تەلەفۆنی ماڵی خۆمانم بۆ نووسی و نامەم دا بە دەست کاک زێڕۆ.

زەماوەندی کاکم

لــە پانــزەی پوشــپەڕی ١٣٥٨ (شەشــی جــولای ١٩٧٩)دا، کاکــم زەماوەنــدی کــرد. بە هۆی شــەهیدی زۆر و شــەڕ لە ســنە و نەغەدە و هەمــوو ڕووداوەکان، قەناعەت کــرا زەماوەندی زۆر گەورە نەکرێت و بە یەک دوو ڕۆژ شــادی و ناندان و دواتر گواســتنەوەیەکی ســادە

تێیپەڕێنن. سـولەیمان و دەسـتەی هاوڕێیانمان گەرموگوڕیی زۆریان دابوو بەم ئێوارەیەی کاکم دەچووە ناو ژیانی نوێوە. سولەیمان دەوری زۆر چـالاک و برازاوایانـەی گێـڕا بـۆ گەرموگوڕیـی داوەتەکەمان[1]. سیمایەکی شۆڕشگێڕانە درا بە زەماوەند و جۆری میوانەکان. زۆربەی ئەو کوڕە خۆشـنێوانەی شـارەکەمان بە جلی جوانـی کوردانە، ڕیزی چۆپیکێشانیان بە زرمەی قاچ و دروشمی کوردانە، زەماوەندی کاکمیان لە زەماوەندەکانی سـەردەمی شـا جیا دەکردەوە. جەمال موفتی، قادر سـەیاحی، کەریـم بللـوری، مینـە قەڵەو، مەحمـوود کەرکـوژ، مەمەد سـەبزەچی، عەبـوو و فاروق و خوشـکەکانی سـولەیمان هەر هەموو بەشـێک بوون لە ماڵ و کەسـوکاری زاوا. ئوستادی فلوت کاک عەزیز عابد کوڕی پوورم، دوای چەند سـاڵ دیسـان دەسـتی بـۆ فلوتەکەی بـرد و بە تێچریکانی مەقامەکانی جەمـال موفتی و کیژەکەی کافرۆش، بەخوا خۆشـم دەوێی و دەنگی بە سیحری قەرەنییەکەی قادر سەیاحی و سـەمای جوان و نەرمی مینە قەڵەوی خۆشەویسـتی هەموان، شیعر خوێندنـەوەی کاک محەمـەد کەریمیی بێژەر، هەر هەمـووی پڕ بوون لـە بۆنی خۆشەویسـتی و یەکڕەنگی. لـە زەماوەندی کاکـم بە بۆنەی فـەزای سیاسـیی سـابلاغ و ڕۆحی شۆڕشـگێڕیی خەڵـک، فەقیری و دەوڵەمەندی، یان شاباشی زۆری دەوڵەمەندەکان هیچ نرخ و شوێنێکی بـۆ نەکرابـووەوە، بـە پێچەوانەوە، ئـەوەی زۆرتر جێی ڕێـز و چای دووڕەنگ و کورسـی و شـوێنی تایبەتی بوون، دەوڵەمەندەکانی شـار و بنەماڵـە بەفیز و دەعیەکانی شـار نەبوون، بەڵکـو هەموو میوانەکان و لاوەکان وەک یـەک بوون و هـەر هەموو بەدڵ و گیان وەک هاوڕێ و دۆسـتی خوشک و براکانی حەسـەن خۆیان بە بەشێک لە ماڵی زاوا دەزانی. ئەوە دایک و باب و پوور و خاڵ و مام بوون، شـوێنکەوتووی ئێمـەی لاوان بوون، نەک بـە پێچەوانەوە، ئەوە ئەوان بوون گوێیان بۆ دەگرتیـن و ئەوە ئێمە و بە تایبەت سـولەیمان و دەسـتەی هاوڕێیانی

١- داوەت بە مانای شایی و زەماوەندە.

بوون بڕیاریان دەدا چۆن و چ بکرێت و کێ بانگهێشت بێ و کێ نەبێ؟!

سـولەیمان سەرتۆپ و گوڵی مەجلیس بوو، ئەو بە خۆی و هاوڕێ و خوشـک و بـرا و خزمەکانی شـادی و خۆشەویسـتیی بـۆ هەموان هێنابـوو، لـە چرکەیەکدا لـە دە لاوە گوێت لە ناوی سـولەیمان دەبوو، هەموو بانگیان دەکرد، دەمێک لە سەرچۆپی بوو، چاوترووکانێک دواتر لە گاوانی، سـەرچۆپیی کز و داماو کردبوو، تێهەڵدەچوویەوە و لەپڕ لە بەژنی هەڵپەڕکێ هەر هەموویانی وەجووڵە و سەما دەخست. ئەو چاوی لـە هەموان بوو، خزمەتـی هونەرمەندەکان، پەزیرایی لە پێشـمەرگەی یەکێتـی، بردنـی کچان و شـەرمێونەکان بۆ ڕیـزی هەڵپەڕکێ، گاڵتە و جەفەنـگ لەگـەڵ دایکی زاوادا، نـە وەعەرد دەکەوت و نـە لە حەرەکە دەوەسـتا، سـمێڵی زەرد و سووری، شەدە و مشـکیی سپی و ڕەشی، فەقیانەی دەسـتی، پشـتێندی پەشـمینەی گرێگرێی، جامانەی سەوز و شین و قاوەیی، هەمووی هەر هەمووی بەیەکەوە، هەر لە خۆی دەهات و هەر لە خۆی جوان بوون. هەر بۆیەش کە شـەهید کرا تەنیا دایک و بـاب، خوشـک و برا، خزم و کەس و هاوڕێکانـی نەبوون کە دەگریان، هەموو شـارەکە بەیەکەوە گریان و ئاسـمانیش بە هـەورە چڵکنەکانی ڕێبەندان، سەری بۆ دەقوڕ نا!

چیرۆکی یەکەم دڵداری

لـە زەماوەنـدی کاکم و لە هەڕەتـی شۆڕشـگێڕی و لاوێتیم وەک لاوێکی ٢٠ ساڵان بۆ یەکەم جار بە تێکگیرانی دووچاوی ڕەش و قژکاڵ، خورپـە کەوتـە دڵم، دەیان جارم دیبوو، هەرگیـز وا بە زەقی چاوم لێ نەکردبوو، ئێستاش پێم بە گوناحێکی گەورە بوو، بۆ وا چاوم لێ کرد؟! بۆ پێشی ئەو دڵەکوتەیەم پێ ناگیرێت؟! هەزار جنێوم بە خۆم دا؛ بەسە عەلی وەرەوە سەرخۆ، تۆ هەرگیز وا نەبوویت، تۆ بۆ دڵداری نابێت، تۆ چۆن بەم چاوە سەیری ئەم کچە دەکەیت؟! ئیتر ئەم نیگایە بوو بە سڕ و ڕازێک بۆ چەند ساڵ تەنیا خۆمم پێ دەخواردەوە! لە نێو ئەو حەوشە

و حەشـــیمەتە بەبـــێ ئەوەی هیچ چەشـــنە ئیجازەیەکم لـــێ وەرگرێت و بە دەســـت خـــۆم بێـــت، بیلبیلەکانی چـــاوم زۆر بە کزی و شـــەرمی و نهێنی گرگر دەچوونەوە سەر هەمان نیگا، ئای کە بێزار بووم لە خۆم، دەمگوت باشە خۆ تۆ دەیان جار قسەت لەگەڵ کردووە و زۆر هێمن و بە ســـادەیی تێپەڕیوە و هیچ هەســـتێکی وا وروووژێنەرت نەبووە، ئەدی بۆ ئەمڕۆ وا دەکەی و خەریکی ڕۆژەکە لە خۆت تێک دەیت؟! خۆ ئەوە لەگەڵ نەرمینی خوشکم لەو قوژبنە دانیشتووە، بۆ نەرمین دەیناسێت؟! هەرچـــی دەمکرد و دەهاتم و دەچووم نیگایەک هەر دەچووەوە بۆ لای ئـــەو، هیچ پێم خـــۆش نەبوو، لە خۆم بێزار دەبـــووم. بەڵام دیار بوو و نەدەشـــاردرایەوە ئەم نیگای چاوانە، بێخەبەرانە نقورچێکی وای لە دڵم گرتبوو هەڵیقرچاندبوو.

بە درێژایی ئەم ســـێ چوار ســـاڵە لە تەورێز و هاوینەکانی ســـابلاغ و کـــۆلان بە کۆلانی حەزلێکردوویی حوســـێن و برایـــم لەگەڵیاندا بووم و دەیـــان چاوڕەشـــی جوانم دیبـــوون، ئەوان بە تاریکیی شـــەوان و لە پشـــت دەرگاوە دەچـــوون بـــۆ ژوان، نامەیان بۆ کچان فـــڕێ دەدا و لە ڕێـــی هاتوچۆی مەدرەســـەیان لەدوای ســـێبەریان دەڕۆیشـــتن لە ماڵ بـــۆ مەدرەســـە و لە مەدرەســـەوە بۆ ماڵ دوایان دەکەوتـــن بە ئومێدی زەردەخەنەیەک. ئەوان وا بوون و کۆڵیان نەدەدا، شـــەوانی هاوین هەر کۆلانە جێژوانی ســـێ چوارێکان بوو، حوسێن لەم سەر کۆلان و برایم لەوی تر، کێشکم بۆ دەکێشان و هەرگیز بیرم لە دڵداری و خۆشەویستی نەدەکردەوە، پێم دەگوتن چۆن لە ڕووتان دێ وا خۆتان زەلیل بکەن و بپاڕێنـــەوە لەبەریان؟! بـــە گاڵتەوە دەیانگوت عەلی جارێ لێی نازانێت و عەقڵی بە شتی وا ناشکێت! غروور و لەخۆڕازی بوون بوو، یان شەرم و پێعەیبە بوون و بێغیرەتی و ترس بوو؟! بۆم نەکرا هەرگیز دڵداری و جێژوان بکەم، هەر کە هەســـتم جووڵا و کەوتمە ڕۆژانی لاوێتی، حەزم لـــێ بوو گەورەتر بم لـــەوەی کە هەم، عاقڵتر، سیاســـیتر، دەوڵەمەندتر، کوێخاتـــر، هەر هەمووی زیاتـــر لەوەی کە بووم، زۆریم لە خۆم دەکرد

زیاتــر بم. بە کورتی هەرگیز ئیجــازەم بە عەلی نەدا وەک خۆی بێت و وەک ئەوەی کە هەیە بڕوانێتە خۆی و چاوەڕوانی لە خۆی هەبێ!

وردەوردە هــاوڕێ و هاوتەمەنەکانــی خــۆم و کــردەوە و عاداتی سروشتی تەمەنی خۆمم بیر دەچووەوە و جێ دەهێشت. هیچ پێویست نەبوو من ژوانکردن و دوای کچان کەوتنم پێ عەیب بێ و بە شایستەی خۆمی نەزانم، هەر لێم حاڵی نەبوو ترســنۆکی و شــەرم بوو یان لەخۆ ڕازی بــوون، ئیجازەی نەدەدا بە پاڕانــەوە و لاواندنەوە بە کیژۆڵەیەک بڵێم خۆشم دەوێت، خاکی بەر پێتم، شێت و شەیداتم، بۆ ماچێکت سوێنم دەبێتــەوە و ئامــادە بم تا بەری بەیانی لەبەر شــۆقی کزی دارتێلەکەی بەرماڵیان بێم و بچم و پاکەتە جگەرە بەتاڵ کەم و بە دەیان لاپەڕە ڕەش کەمەوە بە شیعر و پەخشانی درۆی عاشقانە، بوێرم بە سەربانەکەیاندا سەرکەوم و بۆی دە ژوورەکەی باوێم!

بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی زەبیحی بوو

گــەڕی هەڵپەڕکــێ گــەرم بوو، لەنــاکاو بە دەنگی بــەرز نەرمین لە ژوورەوەڕا هــاواری کرد عەلی، عەلــی دەوێ، تەلەفۆن لە ڕێی دوورە، نازانــم چیی گــوت، بە زمانی عێراقی قســە دەکات! بە پەلــە ڕامکرد و گوشــیم لە نەرمین وەرگرت، ئەلۆ کێی؟! خاڵە گیان تۆی؟ قوربانت بم، نامەکە گەیشــت؟ هەر ئەوەم گوت و پەلاماری گوشییان دا لە دەستمی بفڕێنــن، ئــەو دەیگوت بیدە مــن و ئەوی دی گوشــیی دەفڕاند، پڕ بوو لــە خزم و تایفە، لەم فــڕان فڕانەدا وایەری تەلەفۆنیــان پچڕاند، ئەلۆ، ئەلــۆ، دەنگ نەمــا، زۆر تووڕە بووم و هەموویانــم دەرکرد و دەرگای ژوورەکەم داخســت، بە ددان وایرم ڕووت کرد و لێکم بەستنەوە، قرتە قرتێک هات، ئەلۆ؟ ئەوە چی بوو عەلی؟! خاڵم هەر لە پشــت گوشــێکە بوو، وەڵا خاڵە گیان قەومگەل لە خۆشی تۆ گوشییان فڕاند و پساندیان. قســەمان کرد و تێگەیشــتم نامەکەی بە کاک زێڕۆدا ناردم کاری خۆی کــردووە و ئەویــش تەلەفۆنــی کردووە. گوتی دێمــەوە و فلان ڕۆژ بە

خانێدا دەگەمەوە، گوتی ئەوە بۆ وا قەرەباڵغە؟! گوتم، زەماوەندی برای گەورەمانە، زۆری پیرۆزبایی کرد. شـادی لە دایکم بوو بە دوو، دوای سیوسـێ سـاڵ لە دووری، برای گـەورەی خەبەری هـات و مزگێنیی هاتنەوەی بۆ نیشـتمان و باوەشـی خوشـک و برا پەیدا بوو، ڕێک لە ڕۆژی زەماوەندی کوڕی گەورەی.

گەڕانەوەی زەبیحی

لە مانگی گەلاوێژ و سـەرەتای ئابـی ۱۹۷۹دا چەند ترۆمبێل لەگەڵ خـزم و دۆسـتاندا وەڕێکەوتیـن بۆ لای خانێ، لە سـەر سـنوور زۆر وەسـتاین و چاومان گێڕا هیچ خەبەر نەبوو، وردەوردە درەنگ دەبوو، گەڕاینەوە بۆ سابڵاغ. لە کۆڵانی ماڵی باپیرم سەرکەوتین، دیتمان خەڵک و قەرەباڵغـی هەیە، نزیک بووینەوە دایکم و پوور و کەسـوکار هەموو لە حەوشـەکە و لە بەردەرگا ڕاوەستابوون، گوتیان وەڵا خاڵە ڕەحمان خۆی هاتووەتەوە بەردەرگای ماڵی خۆیان، بە پیکابێک و پڕ لە کتێب.

بـۆ یەکەم جـار ئەو خاڵەی هەرگیـز نەمبینیبوو، بەڵام شـەووڕۆژ لـە زمـان دایکـم دەمبیسـت و گوێم لە لاواندنـەوەی دەبـوو بۆ برای دوورەوڵاتـی، لە نزیکەوە بینیم و باوەشـم پێدا کـرد. خەڵکێکی زۆر لە هاتوچـۆدا بـوو، گوتی کاکـە عەلی، خۆم بە ئانقەسـت ڕێگەم گۆڕی و بەم شوێنەدا نەهاتم، کە بە تەلەفۆن پێم گوتی. دوای تەلەفۆنەکە بۆیان باس کـردم خەڵکی کە دەچن بەرەوپیری خەڵکی وەک ئێمە، قەرەباڵغی دروسـت دەکەن و لەسـەر قەڵاندۆشـان بە شایی و خۆپێشـاندان، بە چەندیـن سـەعات دەیانبەنەوە ماڵەوە، من ئەو شـتانەم پێ خۆش نییە و زۆر بێـزارم لـە خۆدەرخسـتن، بە باشـم زانی خۆم بە ئەسـپایی و ئارامـی بێمـەوە، پیکابێکم بـە کرێ گرت و هاتین بۆ مەهاباد، ماشـاڵڵا زۆر گـەورە بووەتەوە، بە سـایەقەکەم گوت، دەرمانخانـەی تەهازادە شـارەزای؟ گوتی دەیدۆزمەوە، هاتە بـەر دەرگای دەرمانخانە و ماڵی خۆمانم ناسـییەوە، دایکت و پوورت لە بەردەرگا بوون و ئەوە لێرە لە

خزمەتوودا دانیشـــتووم. زۆر زوو دەنگی دایەوە زەبیحی دوای ســـی و چەند ســـاڵ بۆ خۆی هاتەوە بەردەرگای ماڵی باوکی، ئیتر تا درەنگانی شـــەو دەستەدەســـتە پیرەپیاوەکانی ناســـراوی زەمانـــی زووی دەهاتن و یەکتریـــان لە بـــاوەش دەگرت، لاوان و خەڵکی تریـــش دەهاتن پێمان دەناســـاند. چوارمشقی لەسەر فەرشەکە دادەنیشـــت و دوو سەرینیش پاڵی وێ دەدا، تەپڵەکی جگەرەکەی لە تەنیشـــت خۆی دادەنا و بۆ یەک چرکەش جگەرەکەی نەدەکوژاندەوە.

پیاوێکی زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوو، زۆر کەمی قسە دەکرد، هەستت دەکرد دائیم لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ دایە. بەو هەموو گەنج و چالاک و هاتوچـــۆی ئەحـــزاب و ئیعلامییە و بەیان و کتێب لە ســـەر جادەکان وڕوکاس بووبوو. سولەیمان زۆری خۆش دەویست و ڕۆژانە سەردانی دەکرد، ئەویش بە هاتنی ســـولەیمان دڵخۆش دەبوو، پرسیاری ناوبازاڕ و سیاســـەتی ڕۆژی لێ دەپرســـی، مامۆســـتا هێمن و کاک حەمەدەمین سیراجی و ئەدیب و شاعیرانی سابلاغ بە بەردەوامی سەردانیان دەکرد. خۆی لە سیاسەتی ڕۆژانەی حیزبگەلی حازر لە ناو شار نەدەدا و هەر پێی ســـەیر بـــوو ئەو هەموو خەڵکـــە بۆ هەر هەمووی سیاســـەت دەکا و هەمووشـــی وا دەمارگـــرژ و بە ئیحســـاس و گەرموگـــوڕن. دەیگوت باوکەکـــەم؛ خۆ ئێوە موناقەشـــە و بەحس ناکەن، ئێوە شـــەڕ دەکەن و مســـت ڕادەوەشـــێنن! بۆ بە هاتوهاوار و قسەی ناشـــیرین لەگەڵ یەکدا دەدوێـــن. بەو مـــاوە کەمەی کە هاتبـــووەوە زۆر باش تێگەیشـــتبوو و نیگەران بوو بە هۆی سیاسەت و حیزبایەتی خەریکە قەڵشتێکی گەورە دەکەوێتـــە ناو خەڵک و باب و کوڕ، تەنانەت لە یەک ڕاســـت دەبنەوە و برایەک ئەو حیزب و ئەوەی دی حیزبێکی ترە.

لەگەڵ زەبیحی-دا بەرەو بۆکان و مام جەلال

هاوڕێیانی یەکێتی دەهاتن و سەردانی زەبیحییان دەکرد، کاک دلێر زوو زوو هەواڵ و نامەی بۆ دێنا. وەکی تر ڕۆژانە یەک چەمەدانی گەورە فیشی قامووسەکەی لە تەنیشت خۆی دادەنا و پێیاندا دەچووەوە. کە هاتەوە دوو بەرگی ئەلفوبێی قامووسی پێ بوو، بە یادگار بەشی زۆربەمانی دا، گوتی بە زوویی دەچمەوە و بەرگی سێهەم ئامادەیە بۆ چاپ.

ماڵی خەزووری کاکم دەعوەتیان دابوو، زەبیحی و هەموانیان بانگ کردبوو بۆ نانی ئێوارە. من لە ماڵەکەی چاپخانە بووم، کاک دلێر بە پەلە هات و گوتی، مامۆستا زەبیحی لە کوێیە؟ گوتم هەموو لە ماڵی خەزووری کاکمن و دەعوەتن. گوتی، دەبێت بچی پێی بڵێی زوو هەستێت و بێ لەگەڵماندا، دەیبەین بۆ بۆکان و مام جەلال هاتووە. گوتم جا بەم شەوە چۆن دەبێت، بچم هەڵیستێنم، زۆریان پێ ناخۆش دەبێ؟! گوتی عیلاج نییە و داوای کردووە، هەر ئەمشەو و بەیانی لەوێ دەبێت. چووم بۆ لای لەو ماڵە و هەموو بە دەور لە حەوشە دانیشتبوون و نانیان دەخوارد. فەرموو، فەرموو، ئەوە بۆ زووتر نەهاتی؟! گوتم، ناوەڵا ئێوە فەرموون من کارم بە خاڵمە. چوومە بن گوێی و گوتم دەبێت بڕۆین، مام جەلال هاتووە. ڕاچڵەکی و گوتی کەی؟! لە کوێیە؟! گوتم نابێ کەس بزانێت و بەبێ ئاگاداری هاتووە. گوێی هەموویان لە لای دەمی من بوو لە سەر گوێی خاڵم، ئەرێ کاکە ئەوە چ باسە؟! هیچ نییە ئێستا دێمەوە و دەبێ خاڵم تا شوێنێک بەرم. ئەرێ بابم بۆ دەست هەڵناگری و لێمان گەرێ با ئەمشەو لەگەڵ خاڵە بە ئارامی دانیشین. هەموو دەستیان کرد بە بۆڵەبۆڵ. گوتم خاڵە دەچم سەیارەکە دەگۆڕم و دێمەوە و تۆش چا و میوە بخۆ و ڕێ دەکەوین. کاکم بانگ کرد و بۆم باس کرد، پیکابەکەی خۆمان بۆ ئەوە نەدەبوو زەبیحیی پێ بەرم بۆ بۆکان. کاکم گوتی وەرە. چووین بۆ لای برادەرێکی خۆی و پیکابەکەی خۆمانی پێ دا، پێژۆیەکی جوانی تازەی هەبوو لێی وەرگرت و دایە دەستم.

هەتیوە کۆمۆنیستە بۆ لێمان ناگەڕێی ئاسوودە بین

خاڵـم دەبـوو بچێتەوە ماڵ و خـۆی بگۆڕێت، لە بـەردەرگای ماڵی باپیـرم ڕامگرت و خاڵم چووە سـەر و مـن و کاک دلێر لە بەردەرگاکە چاوەڕێمان کرد، من چواردەخۆرێکم پێ بوو، خاڵە محەمەدم کە پیاوێکی سـۆفی و زۆر بێدەنگ بوو، لەناکاو لە تاریکیی پاشـخانەکە دەرکەوت، گوتی ئەوە چ باسـە عەلی؟ بەو نیوەشەوە بۆ لێرەی؟! گوتم خاڵە گیان، خاڵە ڕەحمان سـەفەرێکی بچووکی هەیـە دەیگەیەنم. هەر ئەوەم گوت و پەلاماری دەمانچەکەی دام لە بن پشـتێندەکەم، دەنگی بەرز کردەوە و دەمانچەی بەرامبەرم ڕاگرت و گوتی: «هەتیوە کۆمۆنیستە بۆ لێمان ناگەڕێی ئاسـوودە بین. دوو ڕۆژە کاکم دەسـت کەوتووەتەوە، بۆ لێی ناگەڕێی»؟! گوتم خاڵە گیان بۆ وا دەڵێی من هیچکارە نیم و لە خزمەت ئەودا دەڕۆم. بوو بە دەنگبەرزکردنەوە و دەستلەرزینی خاڵە محەمەدم بە دەمانچەوە. گوتم خاڵە تکایە لەسەر پێیە، وریا بە دەردەچێت، بیدەوە بە من. کاک دلێر ویسـتی تەداخول بکات، خاڵـە ڕەحمان لە پلیکانەکان هاتە خوار و زۆر بە گرژی گوتی، محەمەد ئەوە چییە؟! ئەو دەمانچەیە دانـێ، بـە تۆ چی؟ خۆ من منداڵ نیم و تا ئێسـتا کەس کوێخام نەبووە. خاڵە محەمەد دەسـتی کرد بە قسان؛ کاکە گیان وەدوای منداڵەورتکە و کۆمۆنیسـتان مەکەوە، ئەوانە سـەرت بە فەتەڕات دەدەن و ئەم قسانە. ئیتر خاڵە ڕەحمان بە توندی بە سەریدا گوڕاند و دەمانچەی لە دەستی ستاند و دایەوە بە من و گوتی با بڕۆین.

خاڵـم زۆر تێکچووبـوو، هەر لە بن خۆیەوە قسـەی دەکرد و وەک شتێک بێزار بوو لەم تەداخولەی برای بچووکی، کە زیاتر لە سی ساڵ بوو هیچ لێی نەپرسیبوو. یەک دوو جار منی دواند و دڵخۆشیی دامەوە. بەڕاستی من زۆر پەشۆکاو بووم و ماشێنەکەشم لێدەخوڕی و زۆریش جـادە تاریـک بوو. هەر قسـەی لەگەڵـدا دەکردم و دەیویسـت خەیاڵم نەڕوات و ئاگام لە جادە بێت. لەگەڵ کاک دلێردا دەستیان بە قسە کرد

و باسوخواستی مام جەلالی لێ پرسی، ویستی مەوزووعەکەمان لە بیر بچێتەوە، ئیتر بە قسە و بیرەوەریگێڕانەوە ئارامی کردینەوە.

لەگەڵ خاڵم و کاک دلێردا سێقوڵی بە جادەی میاندواودا چووین بۆ بۆکان و شــەو درەنگ بووبوو. گەیشــتینە ماڵی کاک سەلاح موهتەدی، چەند پێشمەرگە لە بەردەرگا بوون، وەژوور کەوتین، هەموو بەرەوپیری زەبیحــی هاتــن و لەگەڵ مام جەلالــدا یەکتریان لە بــاوەش گرت، کاک سەلاح و کاک سەعد و کۆمەڵێک خەڵکی دی لەوێ بوون، پەزیرایی چا و میوە کراین و خاڵم و مام جەلال چوون بۆ ژوورێکی تر و ئێمەش لە دیوەخانی ماڵی کاک سەلاح تا بەری بەیان بە دیشلەمە و جگەرەکێشان و قسەوباســی ئەو ماڵە پڕ لە سیاســەت و ناوەندە، شــەومان لێ ڕۆژ بووەوە.

بۆ بەیانی، هەموو لە ماڵی کاک ســەعد میوانی کرابوون و ســفرەی شــاهانە لە بەردەمیــان داندرابوو، مام زوو زوو بــە زەبیحیی دەگوت، ماموستا ئەوە بخۆ، ئەوە زۆر خۆشە، ئەوە بۆ ناخۆیت؟! زەبیحی گوتی، مــام جەلال کایەکە ئــی خۆم نییە، بەس کادێن ئــی خۆمە. من ئاگام لە سیحەتی خۆمە، کارت پێم نەبێ و بۆ خۆت بخۆ! زەبیحی لە خواردن و خواردنەوە زۆر لەسەرخۆ بوو. زۆر کەمی دەخوارد، لەسەر نانخواردن جگەرەکەی نەدەکوژاندەوە و زوو دەکشــاوە، ڕۆژانە دەبوو هەمیشــە دیشــلەمەی لە پێــش بێ، زۆر گوێی نــەدەدا بەوەی خواردنی شــاز و نایاب بخوات.

دوانیــوەڕۆ هاتینەوە بۆ مەهاباد و لە ڕێگە پێی گوتم؛ گەیشــتینەوە بچۆ بۆ لای ماموستا شێخ عیزەدین، سەلامی منی لێ بکە و عەرزی بکە خاڵم دێت بۆ لات. کەی باشــە؟! یەکــەم جار بوو بڵێ دەچم بۆ دیداری ماموستا. پێشتر نە ماموستا هاتبوو و نە خاڵم چووبوو بۆ لای!

١١

وڵات زۆر شڵەژا بوو، لەملاوئەولا دەنگی هەڵایسانی شەڕ دەهات، چەند جارێک هەوڵ درا کورد و تاران ڕێک بکەون، سەری نەدەگرت، تەنانەت مامۆستا شێخ عیزەدین لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و کەسایەتی چوون بۆ تاران و خومەینییان دیت. ئەوان، مەلاکانی تاران لە بنەڕەتەوە بڕوایان بە کێشەی نەتەوەیی نەبوو، دەیانگوت ئەوەی بۆ چییە و هەموومان وەک یەک ئۆمەتی ئیسلامین، دیاریش بوو درۆیان دەکرد، ئەگینا گەر جیاوازیمان نییە بۆ دوو سونی، یان کورد لە دەسەڵاتی تاران جێ ناکەنەوە و بەروبووم و دەسەڵاتەکان وەک یەک دابەش ناکرێن؟! هەڵبەت ئەمە ئێستاش وایە کێشەکە عەزەمەتخوازی فارسەکانە و هەر هەموویان کە دێتە سەر مافی نەتەوەکان و بە تایبەت کێشەی کورد، بڕوبیانوویەکی هیچوپووچی لەم چەشنە دێننەوە، کوردی پێ سەرکوت بکەن و ئیجازە نەدەن کورد و نەتەوەکانی دی بە مافە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆیان بگەن لە ترسی ئەوەی ئێرانەکەیان لێ دابەش دەکرێت. مێژووی ئەم سەد ساڵە نیشانی دا بە چەپ و ڕاست، بە ئیسلام و کۆمۆنیست و لیبراڵی ئێرانی، ناسیۆنالیزمێکی زۆر بە هێزی شۆڤێنییانە بەرۆکی گرتوون و پێی گرفتارن. تەنانەت ئەوەندە دەمارگرژن، هەرگیز ئیجازەیان نەدا تاقە مزگەوتێکی کوردەکان یان سوننی لە تاران بێتە چێکردن، کەچی باسی هەمەلایەنەبوونی ئیسلام و یەک ئۆمەتی دەکەن، بەڵام ئەگەر بڕۆن و سەیر بکەن لە زۆربەی پایتەختەکانی جیهانی مەسیحی بە دەیان مزگەوتی شیعە و سوننی هەیە، هەرچەندە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی پێشکەوتوو، نەک تەنیا هێمنایەتی و کراوەیی دنیای مەسیحییەت!

تاران و حکومەتی تازە بە ڕێبەریی خومەینی، ساغ بوون و بڕیاریان دابوو هیچ بۆ کورد نەکەن و وڵات تووشی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بکەن. لە سـایەی ئەم شـەڕە، دەمی خەڵکـی ئێرانی پێ داخـەن و ئیجازە بە میللەتی ئێرانیش نەدەن بە بیانووی تەجزیە و کوفار و ئەم بڕوبیانوانە، ئـەو داواکارییانـەی پێـش شـۆڕش لە شـایان هەبـوو، وەک ئازادی، خۆشـگوزەرانی، عەدالـەت، یەکسـانی و هەمـوو مافەکانـی تریان، لە مەلایانیشـی بکەن. شـەڕ باشـترین هۆکار و بیانوو بوو بۆ دەمکوت و سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک، هەر واشیان کرد.

ئیتر جەللاد هات

کابرایەکی جەللادی وەک مستەفا چەمڕان، خەبیر و پسپۆڕی شەڕی چریکـی و خاوەنـی ئەزموونێکـی زۆر لە ڕێکخـراوی ئەمەلی لوبنانی، کرا بە وەزیری بەرگری و بەرپرسـی ڕاسـتەوخۆی شەڕەکانی ورمێ و پـاوە. چەمڕان لە لایەن شەخسـی خومەینییەوە ڕاسـپێردرابوو هەر چۆنێکی بۆی دەکرێت کێشـەی کورد سەرکوت بکات و ڕەحم بە کەس نەکات. ئەو توانیی سـوپای پاسـداری تازەدروسـتکراو ڕێک بخات و دەورەی سـەربازییان بدات، ئەرتەش و پاسـداری بەیەکەوە بەکارهێنا. ئەو بوو فانتۆم و شـکانی دیواری سـەوتی[1] بەکارهێنا و هێلیکۆپتەری بۆ دابەزینی هێز لە ناوچەرگەی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە بەکارهێنا، وەک لە شەهید بوونی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی کردی و کەس چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد لە سەر ڕێی کاک فوئاد لە گەڕانەوەی لە مەریوانەوە بۆ بانە ئەو هێزەی پاسدار لەم شوێنە بن، یان لە ئەربابای بانـە لەناکاو ئەم هێزە دابەزێت. چەمڕان لە سـەرکوتی خەڵکی پاوە لە

١ - دیواری سەوتی، کاتێک خێرایی جووڵێنەرێک لە سەر عەرز یان هـەوا لە خێرایی دەنگ (صوت) تێپەڕێـت، دەنگێکی گوێکەرکەری لێ بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هۆکاری ترس و تۆقان. فانتۆم و تەیارە شـەڕکەرەکان بۆ تۆقانی خەڵک ئەم کارەیان دەکرد.

هاوینی ساڵی ١٩٧٩ و بەدوای ئەوەدا، فەرمانی مێژوویی خومەینی لە بیستوهەشتی گەلاوێژی هەمان ساڵ، واتا فەتوای «جیهاد» و بە «کوفار» ناوبردنی خەڵکی کورد دەوری سەرەکی و شەیتانی گێڕا.

بەهاری کورتی شۆڕش

بە دەسپێکی شەڕی پاوە و مەریوان و فەتوای ئیمام خومەینی بۆ جیهاد دژی «کوردی کافر» بە فەرماندەیی ڕاستەوخۆ و بەشداریی خودی چەمران لە شەڕەکان، میللەتی ئێران و بە تایبەت کورد، ئەنگوستی پەشیمانیی خۆیان گەست بۆ هاتنەسەرکاری مەلای «شۆڕشگێڕ» و گرتنەدەستی حوکم لە ئێران.

بەدوای شادا بەهاری کورد و هەموو ئێرانیش زۆر کورت و تەنیا شەش مانگی خایاند. کورد جارێکی دی لە ڕۆژهەڵات لە لایان کاربەدەستانی تاران حاشا لە بوونی کرا و دیسان پەنای بردەوە بەر شاخەکان.

لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی شارە کوردییەکان کەوتنە بەر پەلاماری مەغۆلئاسای لاتولووت و سەرسەری و خەڵکی بێکار و «موستەزعەف» لەژێر ناوی ڕێکخراوی تازەپێکهاتووی میلیشیای تایبەت بە مەلای شیعە، «سوپای پاسدارانی جمهووریی ئیسلامی ئێران».

دروستکردنی سوپای پاسداران

سوپای پاسداران هێزێکی چەکداریی جەنگی بوو، هەر دوابەدوای هاتنەسەرکاری خومەینی، ئاخوندەکان دروستیان کرد و لە ترسی ئەرتەش، پشتیوانیی گەورەیان لێ کرد. ئاخوندەکان متمانەیان بە ئەرتەشی شا نەبوو، کە وەک خۆی مابوو، تەنیا لە سەرەتای شۆڕشدا چەند فەرماندەیەکیان لێ ئێعدام کردبوون و بەشێکیشیان هەڵاتبوون بۆ دەرەوەی وڵات. خومەینی سوپای پاسدارانی لەژێر ناوی پاراستنی

دەستکەوتەکانی شـۆڕش دروست کرد، ئەو دەزگایەکی سەرکوتکەری دەویسـت کـە متمانەی پێ بـکات و هەمـوو فەرمـان و کردەوەیەکی نامرۆڤانـەی پـێ بـکات، بۆیە هەموو ئـەو خەڵکانەی لـەم دەزگایە کۆ کـردەوە، کـە هیچ پرنسـیپێکی ئەخلاقی، ئینسـانی و شارسـتانییان لە بـاردا نەبـوو، چونکە لـە لایـەن ئاخوندەکانەوە گرنگییان پـێ درابوو، بـۆ یەکـەم جار دەسـەڵاتێک پەیدا بـووە دەیانخوێنێتـەوە و بە زمانی ئەوانیش دەدوێت، ئەوان ئامادە بوون کۆیلە و گوێلەمستیان بن و وەک دەزگایەکی بێموراڵ و ویژدان، لەژێر ناوی ئیسـلامدا، دەسـت بکەن بە جێبەجێکردنی ئەوەی پێی دەڵێن، کردەوەی وەحشی و قێزەون.

سـابلاغ و ماڵی ئێمە پڕ بوو لە سـەرانی یەکێتی، هێزی ئاسـمانیی ئەرتەش دوای ڕووداوەکانی پاوە و مەریوان تەواو چالاک بووبووەوە، هەر تاوناتاوێک دەهاتنە سـەر ئاسمانی شارەکە و لە دوورەوە لە ڕێی ڕەزاییـە و میانـدواو دەنگی کۆپتەر دەهات، خەڵک تـەواو ورووژابوو، زۆر بـوون ئەوانـەی شـاریان چوڵ دەکـرد و دەچوون بـۆ لادێکان، هەبوون دەچوون بۆ شـارەکانی ئێران، بە پێچەوانەوە هەبوون خەڵکی چەپ و سەر بە ڕێکخراوە مارکسییەکان لە شارەکانی ئێرانەوە دەهاتن بۆ مەهاباد. ماڵی ئێمە چەند کچ و کوڕی مەشـهەد و تاران و تەورێزی سەر بەم ڕێکخراوانەی لێ بوو. کەس ئەجێندایەکی ڕوونی نەبوو، بەس دەیانزانی بکەونە دەست پاسدار و حاکمی شەرعیی خومەینی، ڕەحم بە کەس ناکەن و لە کەمتر لە چەند خولەکێک حوکمی ئیعدامیان بۆ دێتەوە و دەستبەجێ دەیانکوژن.

چمان بەسەر دێ؟

ئیسـتا کە دانیشـتووم و ئـەم دێڕانە دەنووسـم و ناو حەوشـە و ژوور و ناوماڵـی خۆمـان و هەڵسـوڕانی دایکـم و نەرمیی خوشـکم دەێتەوە پێشـچاو، دەڵێم و لە خۆم دەپرسـم تۆ بڵێی دایکی نیشـتمان لێمـان ڕازی بووبێـت؟! بەیانییەکم لە بیرە لەناکاو ماڵ پڕ بوو، ژووری

گەورەی میوانان ڕیزاوڕیز دانیشـــتبوون، یەک چای دێنا و یەک پیاڵەی بەتاڵی دەبرد و پڕی دەکردەوە، ســـەرم بە مەتبەخدا گرت، دایکم لەبەر تەباخەکە زیاتر لە نەوەد هێلکەی شکاندبوو، تاوە بە تاوە بەتاڵی دەکرد و یەکی بۆ ژوورە بچووکەکە و یەکی بۆ حەوشـــە دەنارد. یەک قایشی پســـابوو، یەک دەرزی و دەزووی دەویست و یەک کۆڵەپشتی تێداخنی و یەک پڕ بە ژوورەکە فیشەکی ڕۆ کردبوو و مەخزەنی پڕ دەکرد. سێ ســـەیارە لەناو حەوشـــە بوو، چەند دانە لە کۆڵان بـــوون، یەک بەدوای یەکدا جیرانەکان دەهاتن و دەیانپرسی چی دەبێ و چمان بەسەر دێ؟! پێیان وا بوو ئەوە هەموو ســـەرکردە و مامۆســـتا زەبیحی لە ژوورەوە دانیشـــتوون، ئاگاداری هەموو شـــتێکن و ئەوە ئەوانن دیاریی دەکەن چ بکرێت! ماڵی مامۆســـتا شـــێخ عیزەدین زۆر لێمـــان نزیک بوو، هەردەم یـــەک بەڕێوە بوو لەناو ئەو دوو ماڵە، بەردەرکی ماڵی وانیش بە دەیان چەکدار و خەڵکی لێ ڕاوەســـتابوون، یەک لە یەکی دەپرســـی مامۆستا شـــار چۆڵ دەکات؟ پێشـــمەرگە و دێموکرات دەڕۆن؟ بزانن جەمعییەت چ دەکەن و دەیان پرســـیار. دەســـتەیەک پێشـــمەرگە و چەند بەرپرسی باڵای یەکێتی لە ماڵی ئێمە بوون و بەتەما بوون زەبیحی بەرن و بڕۆن؛ مامۆســـتا شـــێخ عیزەدین چەند جاری نارد بۆ لای خاڵم تاوەکو بزانێت چی بکەن و قەراری چی بدەن؟!

لـــەم جەنجاڵییـــەدا کاک دلێر، کـــە زەبیحیی جێ نەدەهێشـــت و هەر لـــەوێ بوو لەگەڵ کاک عومەر شـــێخمووس و دوکتـــۆر کەمال فوئاد و ئازاد هەورامی و چەندی دیکە بۆ ئەوەی بزانن چی دەکەن، هات گوتی، دەبێ چاپخانەکەش بەرین! پێم ســـەیر بوو قەرار بوو هەر بە نهێنی لە شـــار جێی هێڵین و کاک حەمەســـەعید خۆی بە دیاریەوە کاری لەسەر بـــکات. گوتی، ناکرێت و کۆمەڵەی ڕەنجدەران پێی باشـــە بینێرینەوە بۆ ناوزەنگ. ئیشوکار کەم بوو ئەوەشی هاتە سەر.

چاپخانە بار کرا و لەگەڵ کاک حەمەسەعید و یەک دوو کەسی دیکە، بردیان بۆ نێشکۆڵان و لەوێشەوە بە باری ئێستران بردبوویانە ناوزەنگ.

دوو هاوڕێکەی ئەشرەف دێهقان هاتبوونەوە و دوای هاتنی یەکەمجاریان لەگەڵ ئەشرەفدا، زۆر تێکەڵاوی ماڵی ئێمە و سولەیمان بووبوون، حەمید و سیروس دوو کوڕی زۆر ئازا و خوێنگەرم و بەوەفا بوون. لە تارانەوە لەندرۆڤێرێکی جوانیان هێنابوو بۆمان. ئەمە باو بوو لە شارەکان دەچووین سەیارەی دەوڵەتیمان دێنا، پێمان دەگوت «مصادره»مان کردووە بۆ شۆڕش!

هاتنی کاک فوئاد

بە ئاگادارکردنەوەیان لە شەڕی جادەی میاندواو و شکانی دەنگی فانتۆمەکان، بڕیاریان دا مامۆستا شێخ عیزەدین لە شار بچێتە دەر و بۆ لای سەردەشت و مەقەڕەکانی یەکێتی بڕۆن. برادەرانی یەکێتی هەر هەمووی زەبیحییان برد و ڕۆیشتن. لەناکاو ماڵەکە چۆڵ بوو و تەنیا چەند فارسێک مابوون، چاوەڕێی هەڤاڵانیان بوون بزانن بەرەو کوێ بڕۆن و لە کوردستاندا لەگەڵ کام هێزی کوردی بکەون، دیار بوو هەموویان چەپ بوون و تەبیعی دەبوو ڕوو لە جەمعییەت و کۆمەڵە بکەن. خەبەرمان بوو ئەوێش بە سەدان کەسی تێدایە لە ئەنواعی گرووپی مارکسیستی و کۆمۆنیستی دژەسۆڤییەت. هێزی سەرەکی و دیار زۆرتر هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوون، کە تا ئەو کاتیش هێشتا بە تەواوی خۆیان نەدەناساند و خەڵک تەنیا دوو سێ لاپەڕەی بەیاننامەکانی لێ دیبوون. هەڵبەت چەند ڕۆژ پێشتر بۆ یەکەم جار کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی وەک ڕێبەری ناسراوی کۆمەڵە هات بۆ جەمعییەتی مەهاباد و بۆ چەند سەعات قسەی بۆ کردین، وەڵام و پرسیاری زۆر کرا، ڕووداوەکانی مەریوان و یەکێتیی جوتیاران و خواستی کۆنترۆڵی مەریوان لە لایەن سوپای پاسداران کە مەقەڕیان کردبووەوە لە مەریوان، بە یارمەتیی قیادە موەقەت و مەکتەبی قورئانی ئەحمەد موفتیزادە و جاشەکان، باسی گەرموگوڕ بوون. کاک فوئاد بە ئاشکرا دەیگوت، دەبێت خۆ

ئامادە بکەین بۆ بەرگری. ئەم هاتنە و قسەکانی ئەو ڕۆژی کاک فوئاد لە جەمعییەتی مەهاباد زۆریک لەم خەڵکانەی ناو جەمعییەتی ساغ کردەوە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕ بکەون. شــەو کاک فوئاد لەگەڵ هەباســی بــرام هاتەوە بــۆ ماڵ، پیاوێکــی خۆمانی و دڵســۆز و زۆر متەوازع و لەخۆبــردوو، ســەرکردەیەکی مەیدانی و ئــازا، زۆر زوو لەگەڵ هەموو ئەندامانی ماڵەوە بە تایبەت دایکم کەوتە قســە و بەو ماوە کورتە زۆر لەبەر دڵانمان دیت، وەک ئەوە وا بوو چەندین ســاڵە یەک دەناســین و ئێستاش دایکم ئەم دیدارە کورتەی لە بیر ناچێت.

پیکابەکەی یەکێتی

پەیکار، ڕەزمەندەگان، ئەشرەف، ئیتحادییەی کۆمۆنیستی، وەحدەتی کۆمۆنیستی، و... سازمان گەلێک بوون هەمووی لە دەوری جەمعییەت لە جادەی پشتقەڵا لە ناو جەنگەڵی مەسنووعی لە هاتوچۆ و خۆتەیارکردندا بوون. شــار چوڵکردن و نەکردن، شەڕکردن و شەڕنەکردن و کام هێز لەگــەڵ کام هێــزدا بڕوات و نــەڕوات، باس و گفتوگۆیــان بە گەرمی و بــەرزی و تینی فانتۆمەکانی ئاســمان بوون. کێشــەکە ئەوە بوو کەس گەورەیــان نەبــوو، هەر هەموو خۆی گەورە بــوو! چریکە فیدائییەکانی خەڵق خۆیان مەقەڕیان بوو و جیاواز بوون لە قەرار و نەزم و دسپلیندا و دەیانزانی چ دەکەن و لە تارانەوە هەموو فەرمان و ڕێوشــوێنیان بۆ دەهات.

کاک دلێر گوتی:

ئەم پیکابەی یەکێتی چی لێ بکەین؟

گوتم: کوڕەکانی ئەشــرەف لەندرۆڤێرکــی تازەیان بۆ هێناوین، گەر پێــت بــاش بێ پیکابەکە دایک و بابی هەیە و قانوونییە و ســەنەوەی و هەموو شتی لای منە، دەڵێی چی بچم هەوڵ بدەم بیفرۆشم؟!

– دەکرێ لەم ڕۆژەدا؟

– دەچــم هەوڵێک دەدەم. چووم بۆ ســەرجادە و ڕووم لە مەیدانی

ئاسنگەران کرد و گوێم قوڵاغ کردبوو لە خەڵک، کابرایەکی نەجار هاتە پێش و گوتی:

- ئەم پیکابە ئیی خۆتە؟

- بەڵێ ئیی خۆمە.

- دەیفرۆشی؟!

- گەر پارەی چاک بدەی و هەوڵ نەدەی بەم ڕۆژە بە هەرزان لە دەستمی دەرهێنی، پێک دێین!

- بەخوا تەماحم نییە و تۆش دەناسم کاکە عەلی گیان، ئێوە بۆ فێڵلێکردن نابن، ئێمە دەبێ خزمەتی ئێوە بکەین، وەک چۆن ئێوە خزمەتی میللەت دەکەن.

تەواو عەتفی جووڵاندم و گوتم پێک دێین، کەسێک یان شوێنێک بدۆزەوە بۆت ئیمزا کەم، دەبێ بڕۆم و شار چۆڵ دەکەین، پێشمەرگە چاوەڕێمە. چوو برادەری نووسینگەیەکی هێنا و بە بیستویەک هەزار تمەن پیکابم دایە دەست و سەنەویەکەم بۆ ئیمزا کرد. کاک دلێر باوەڕی نەدەکرد لەم ڕۆژەدا بەم سیعرە پیکابەکە کرابێتەوە پارە. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە دەزانم ئەمە زیرەکی و شانسی من نەبوو، بەڵکو نێوچاوان و ئیقبالی کاک دلێر بوو، ئەوە نییە سەروەت و سامانی یەکێتی لە هیچەوە گەیاندە ئاستی دەوڵەمەندیی وڵاتان!

مەلا بەختیار و فێربوونی شۆفێری

یەک دوو ڕۆژ لە فەرمانی جیهادی خومەینی گوزەرابوو، مەهاباد هێشتا نەگیرابوو، لەگەڵ کاک دلێردا بە لەندرۆڤێرکە وەڕێکەوتین بۆ بانە، گەیشتین و گوتیان هەموو لە ماڵی شێخ جەلالن. مام جەلال، مامۆستا شێخ عێزەدین، زەبیحی، کاک فوئاد و هەموو سەرانی کۆمەڵە و پێشمەرگەیەکی زۆری یەکێتی. مەلا بەختیار لە مەریوانەوە بە هێزێکەوە هاتبوو بۆ بانە. لەگەڵ کاک دلێردا لە بۆیەنی دەرەوەی بانە تووشی مەلا بەختیار بووین، هاتە ناو سەیارەکە و گوتی با من لێیخوڕم. هاتە

پشت سوکانەکە و لە جادەی بەرەو بانە چەند کیلۆمەتریک ڕۆیشتین. لەگەڵ کاک دلێردا ڕۆحمان هاتە سەر کونی لووتمان، کەچی ئەو زۆری پێ خوش بوو، سوکانی بۆ ڕاست نەدەگیرا و چەندجار کوژایەوە، چەند خولەکێکی لێخوڕی، نزیک شار بووینەوە و قەرەباڵغیی سەرجادە زۆر بوو، ئیتر سەیارەکەی دامەوە و چووینەوە ماڵی شێخ جەلال. خەبەر هاتبوو لە مەریوان خەڵخاڵی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و خەڵکی زۆر خۆشەویستی شاری ئیعدام کردوون، دوو برای کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی کە خۆی لەو کاتەدا لە بانە بوو، لە ناو ئیعدامەکاندان. کاک حوسێن و ئەمین مستەفا سوڵتانی لە مەریوان، لەگەڵ ٩ کەسدا یەکجێ بە ئەمری خەڵخاڵی ئیعدام کرابوون. کاک فوئادیان لەگەڵ مامۆستا برایم جەلال، کە پێشتر هەر لە ناوزەنگ و مەهابادەوە دەمناسی و خاوەنی دوو برای شەهید بوو لە ناو یەکێتی، لەگەڵ سێ چوار پێشمەرگەی دەستەکەی ناردەوە بۆ مەریوان بۆ خەبەری براکانی.

خاڵم هاتە دەرەوە، من و کاک دلێری لە حەوشە دیت زۆری پێ خۆش بوو، گوتی سەیارەت پێیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی دەچین بۆ سەردەشت. لەگەڵ مام جەلالدا هاتنە ناو سەیارەکە و چەند سەیارە و پێشمەرگەیەکی زۆر بەدوامانـدا، ڕێمان گرت بەرەو سەردەشت و لەوێشڕا بۆ بەردەپان. پاسگایەکی کۆنی زەمانی شای لێ بوو.

لە بەردەپان مام جەلال و خاڵم لە پشت قەڵاکە نانیان دەخوارد، چەند سەیارەی حیزبی دیموکرات گەیشتن، دوکتۆر قاسملوو، مامەغەنی بلووریان، حەمەدەمین سیراجی و چەند کەسی دیکە بوون. ئیتر زانیمان سابڵاغ بە تەواوی چۆڵ کراوە و گیراوەتەوە و بەرگریی لە شار نەکراوە. تەنیا لە ڕێی میاندواو و ڕەزائییە چەند پێکدادانێک لەگەڵ پێشمەرگەی تازە و خۆبەخش و ناتەکووزیی[1] مەشق پێ نەکراو، کە زۆربەیان لاو و گەنجی بەئیحساسی چەکبەدەستی شاری بوون ڕووی داوە. خەڵکێکی زۆری مەهاباد ڕووی لە سەردەشت کردبوو. خەڵک

١- تەکووز، ڕێکوپێک، لەبار و بێ کەمایەسی، بەنەزم و تەرتیب، دیسپلین.

زۆر لە دەنگی فانتۆم و شـکانی شووشـــە پەنجەرە و فڕەفڕی کۆپتەر ترسابوون.

هەر لە بەردەپان، زەبیحی کە خۆی بە جەماعەتی دێموکرات نیشان نـەدا، بەڕێیـان کردە سـەرسـنوور و بۆ سـەفەرێکی کـورت بۆ بەغدا گەڕایەوە، کاک زێڕۆ تا قەڵادزێی برد.

١٢

کەمپی گۆڕەمەڕ

بــە تەنیا بــەرەوە سەردەشــت چوومــەوە، ئێوارە بــوو، یەک دوو ڕۆژێک لەو ناوە بووم، چوومەوە گۆڕەمەڕ و میراوا و تەنگەی گرژاڵی. زووتر لە مانگەکانی هەوەڵی هاوین بە هۆی هاوڕێیانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بۆ سەردان چووبووم بۆ کەمپی مەشق و ڕاهێنانی کادری نیزامی لە گۆڕەمەڕ.

لە جادەی سەردەشــت-خانێ لە پشــت میراوا، شــوێنێکی چڕی پڕ لــە دار و جەنگەڵی لێ بوو، گۆڕەمەڕیــان پێ دەگوت، کۆمەڵە کەمپێکی کردبــووەوە بــۆ ئەندامانــی خــۆی و دەورەی نیزامی. مــن پەیوەندیی حیزبیم نەبوو لەگەڵ کۆمەڵەدا، بەڵام بە هۆی یەکێتییەوە چەند کەسێکم لێیــان دەناســی. یەکەم کەس کە بــۆ یەکەم جار بەیەکەوە هاوســەفەر بوویــن لە ناوزەنگــەوە دوکتۆر عەزیز یان جەعفەر شــەفیعی بوو. من جارێکیان دەهاتمــەوە لە ناوزەنگ، گوتیان دوکتۆریش هاوڕێیەتیی بکە و تــا بۆکانــی لەگەڵدا بچووەوە. هەر وامان کــرد و هەرگیز هاوڕێیەتی ئەم پیاوە خوێنگەرم و متەوازعەم بیر ناچتەوە. زانیم لە سەرکردەکانی کۆمەڵەیە و ماوەیەک بۆ یارمەتیی پزیشــکیی دوای کارەساتی هەکاری چووەتە قەندیل و لەناو پێشــمەرگەی یەکێتیدا بووە، لەگەڵ کاک ســاعد وەتەندوســتدا کــە لە شــاخ پێیان دەگوت، مامۆســتا برایــم. قەرار بوو کاک خانــەی موعینییــش هــەر بچێتــە لای وان، کەچی لە ڕێ شــەهید بوو. پێشــتریش باســم کرد کاک عەبدوڵڵای موهتەدی و بابانم ناســی، لــە وەرگرتنــی دەزگای چاپ بــۆ کۆمەڵەی ڕەنجــدەران. نازانم بۆ چی بــوو چەند ڕۆژێک لە هاوین ڕێم لەم کەمپەی کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕ لە گۆڕەمەڕ کەوت و چاوم بە کۆمەڵێک دۆســت و هاوشاری خۆم کەوت

و زانیم ئەوانە پەیوەندیی حیزبیان هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕدا، کـە ئەوکات ناوی خۆیان ئاشـکرا نەکردبوو. سـمایل پایەندە دواتر لە نـاو کۆمەڵەدا بوو بـە کاک ڕزگار و فەرماندەی نیزامی، داود خورەمی کە دواتر لە زیندانی مەهاباد خۆی سـووتاند، سـەید ڕەحمان، مامۆستا حوسێن، سولەیمان ڕەحیمی کە وەک فەرماندەیەکی زۆر ئازای کۆمەڵە لە شەڕی دێموکرات و کۆمەڵەدا شەهید بوو، خدرە سوور کە فەرماندەی کۆمەڵە بوو لە ناوچەی ڕەبەت و دواتر چوو بۆ ناو حیزبی دێموکرات و وەک فەرماندەیەکی ئازا لە هێزی پێشەوا شـەهید بوو، جەمال خۆمپارە لە کوڕەکانی سنە بوو و چەند کەسی دی، بەم چەند ڕۆژە لە گۆڕەمەڕ ناسـیمن، دوو جوامێری خوزسـتانی کە لە فەلەستینەوە هاتبوونەوە و ئەندامی ڕێکخراوی «گرووپی وەحدەتی کۆمۆنیسـتی» بوون، چەندین ساڵ لە زەمانی شا لە فەرماندەکانی فەلەستین بوون، ئێستا هاتبوون و یارمەتیی پەروەردەی نیزامیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیان دەکرد، فەریدون و ئەبـوو شـاهین. زووتـر لـە کاتی هاویـندا یەک دوو جـار ئەم دوو فەرماندەیەم هێنابوو بۆ مەهاباد و لەگەڵ ماڵەوەماندا لە نزیکەوە ئاشنا بووبوون. سولەیمان زۆر لەگەڵیاندا نزیک بووبووەوە و هاتوچۆی ماڵی سولەیمانیشیان دەکرد.

فەرماندە فەلەستینییەکە

لـە هاوینـی ١٩٧٩دا، ئەبوو شـاهین یەکەم فەرمانـدە و ڕاهێنەری یەکەم دەسـتە پێشـمەرگەی کۆمەڵە بـوو لە گۆڕەمەڕ، چەند سـاڵ لە فەلەستین و لوبنان فەرماندەی شەڕەکانی ناوشار بوو، زۆر ناسراو و خۆشەویست بوو لای فەلەستینییەکان، هاتبوو بۆ کوردستان بۆ کار و ڕێبازی شۆڕشگێڕی و زۆر لە کۆمەڵەوە نزیک بوو.

لەگەڵ ئەبوو شـاهین دۆسـتایەتیمان لە برایەتـی نزیک دەبووەوە، کوڕێکی خۆشقسـەی لەهجەشیرین بوو، لە چەند شوێن لەشی بریندار بووبوو، شـوێنبرینەکان یادگاری بەنرخیان بۆ جێ هێشـتبوو، نە تەنیا

پەشیمان نەبوو لەو عومرەی لە فەلەستین گوزەراندبووی، بەڵکو هەمیشە بۆی وەک شـانازی بوو. ئەبوو شاهین پسـپۆڕ و شارەزایەکی گەورە بوو لە بواری چەکی قورسـدا، بە تایبەت تەقینەوە، واتا ئینفیجارات. بە ماوەیەکـی کورت لـە هاوینی ۷۹دا، فەریدوون و ئەبوو شـاهین بوونە دوو دۆسـت و هاوڕێـی زۆر نزیکمـان. ئەبوو شـاهین زۆر حەزی لە یاریـی تاوڵە بوو، هەموو جار بەیەکەوە یاریمان دەکرد، زۆر حەزی لە کوردی بوو، فێرم دەکرد چۆن بنووسێت و قسە بکات.

شەهید بوونی کاک فوئاد

سـێ چـوار ڕۆژ لـەو نـاوە مامـەوە و چوومەوە سەردەشـت، لە جەمعییەتی سەردەشت خەبەر بڵاو بووەوە کاک فوئاد لە ڕێی هاتنەوەی لە مەریوانەوە بۆ بانە تووشی کەمینی هێزەکانی چەمڕان بووە و لەگەڵ برایم جەلالدا شەهید بووە. چووم بۆ توژەڵە، شەو لای مام جەلال بووم و خەبەرەکـەم پێ گـوت، زۆری پێ تێکچوو، زۆری لێ پرسـیم، گوتم هەر ئەوەندە خەبەر هات کە کۆپتەریان بۆ دابەزیوە و هەردوو شەهید بـوون. بـۆ ڕۆژی دوایی هاتمـەوە بنوخەڵەف، لەندڕۆڤێـرم لەوێ جێ هێشتبوو، ڕێی سەیارە هەر تا ئەوێ هەبوو، دەبوو لەوێرا بە پێ بچیت بۆ توژەڵە یان ناوزەنگ.

هاتمە ناو شـاری سەردەشت، یەکەم کەس برایم جەلالم دیت! خۆم پێدا دا و ئۆخەی خەبەرەکە درۆیە!

- فرمێسکی هاتە خوار و گوتی، خۆزگە درۆ بایە!
- ئەوە نییە زیندوویت!
- نا، بریا مردبام! بۆ کاک برایم؟!
- کاک فوئاد شەهید بوو، بەس من زیندووم!

دانیشت و هەموو بەسەرهاتی وەڕێکەوتنیان لە مەریوان و ئاڵمانەوە (دێـی ماڵی کاک فوئاد) تا شـەهیدبوونی گێڕاوە. گوتـی، بەداخەوە من بەرنەکەوتم و دەرچووم. پارچە شیعرێکی پێ دام و گوتی، دوێشەو تا

بەیانی شــینم بۆ گێڕا و ئەم شیعرانەشــم بۆ نووسی با بە تۆ بێت! کاک فوئاد لە نۆی خەرمانانی ١٣٥٨ (١٩٧٩/٨/٣١)دا لە نێوان بانە و مەریوان و سەقزدا، بە دەستی جاش و پاسداری حکومەتی ئێران شەهید دەبێت.

گوتم ئێســتا من بە مــام جەلال و برادەرانم گوتووە تۆش شــەهید بوویت، دەبێ زوو بچی و هەواڵەکە ڕاست بکەیتەوە.

ئەگەر چەند ساڵ شۆڕش هەبێت، دەبێ چی بکەن؟

خەبەری شــەڕ لە هەمــوو لایەکەوە دەهات، ســەقز، بانــە، جادەی دارســاوێن، فانتۆم دەهاتوچۆ و شکانی دیواری ســەوتیدا بوو، دیعایە بــە تونــدی هەبــوو سەردەشــت دەگیرێتەوە، پــڕ بوو لە ســابلاغی و پێشمەرگەی یەکێتی.

لەناکاو لە ناو بازاڕ ئەوجار تووشــی سولەیمان بللوری و حوسێنی برام بووم، لە خۆشیان باوەشمان بەیەکدا کرد، چووین بۆ تەلەفۆنخانە واتــا موخابرات، ڕێڕێداری نەبوو، ســەدان کەس لە نــۆرەی تەلەفۆندا بــوون، گوێمــان لێ بوو ئیــی وا بوو دەگریــا و هەبــوو دەیگوت تازە ناتانبینمەوە، یا دەینالاند لە غەریبی، هەشــبوو گلەیی دەکرد سێ ڕۆژە حەمامــی نەکردووە و ڕۆژ ڕۆژی حەشــر بوو. گوتمــان بابە با بڕۆین بەرمان ناکەوێت، ئەوە دوو ڕۆژە دوور کەوتوونەوە وا دەکەن، ئەگەر چەند ساڵ شۆڕش هەبێت و بەردەوام بێت دەبێ چی بکەن.

جەعفەری کوڕەپوور

بیر کەوە، بیر کەوە، بۆ شــەو چ بکەین و بچین بۆ کوێ؟ حوســێن گوتــی، خۆ جەعفەری کوڕی پوورمان تازە دامەزراوە و ماڵیان لێرەیە، دەچین بۆ لایان، تازەی ژن هێنابوو. باشــە ماڵیان لە کوێیە، پرســیمان خانووی ســازمانی بۆ کارمەنــدان هەبوو، گوتیــان هەرچی کارمەندی غەیرە سەردەشــتیە لەوێ ماڵیان پێ داون. سەردەشــت زۆر بچووک بــوو، خانووەکانــی دەوڵەتیمان دیتەوە، یەک قات و لە شــوێنێکی بەرز

دروســت کرابوون، به پرســیار شــەو درەنگ چووینه ماڵــی جەعفەر. هەموو شــت زۆر باش بــوو، بەخێرهاتن و پەزیرایــی، لەندرۆڤێرەکەم لــە بەردەرگاکەیان ڕاگرتبوو، تفەنگ و تاقمەکانمان هەر پێوە بوو، لەپڕ شریخەی دەنگی فانتۆم لە ئاسمان بەرز بووەوە، دار و دیوار و پەنجەرە لــەرزی. گوتمان هیچ نییە دووره بۆ خەڵکترســاندن وا دەکات. چوومە بەر پەنجەرەکە چاو لە دەرەوە بکەم بزانم هیچی خراپی جێهێشــتووە؟! جەعفــەر گوڕاندی و هــاواری کرد: ئەریٚ بابە بۆ ماڵــم خراپ دەکەن، ئــەو قایــش و تفەنگەت دەبینیٚ و بڕۆ ئەو ماشــێنە لابە، ئەی هاوار من تــازەم ژن هێنــاوە بۆ هاتوون ماڵــم خراپ دەکــەن؟! جەعفەری فەقیر بــەم نیوەشــەوە زراوی چووبوو و وای دەزانــی فانتۆم ئێمەی دیوە و هەر ئێســتا ماڵەکەی بــەر بۆمبا دەدرێت، هەرچی ســولەیمان بە گاڵتە و فشــقیاتی تایبەت بە خۆی ویســتی ئارامی بکاتەوە، حوســێن زۆری دڵخۆشــی داوە، ئێســتا ماشــێنەکە دەبەینە پشــتەوە و چی و چی، هیچ فایدەی نەبوو. جەعفەر نە لێوی خۆی دەگرت و نە شەقشــەقەی ددانی بۆ ساتێک بێدەنگ دەبوو. سولەیمان بە سرتە گوتی؛ کاکە دڵی دەتۆقیٚ و بەســەرمان دادیٚ با بڕۆین. گوتم، سەعات دووی نیوەشەوە بۆ کویٚ بچین؟! گوتی، کاکە با لێرە بچینە دەر بیرێکی لیٚ دەکەینەوە.

هەرســێک هاتینە دەر، جەعفەر لە ترســان هیچ هۆشی نەبوو، هەر خودا خودای بوو بڕۆین و ون بین.

دواتــر لە ڕەشــبگیری و زیندانیکردنی خەڵکی شــارەکان لە هاوینی ١٣٦٢ واتا هاوینی ١٩٨٣دا زۆر بێگوناح ئەم کاک جەعفەرە بە دەســتی ســوپای پاسداران لە مەهاباد گیرا، دایکم چووبوو بۆ دیتنی لە زیندانی ورمــیٚ، دەیگــوت وەک منداڵێــک دەپاڕاوە و دەگریا و هــاواری دەکرد: پــووره گیان بەقوربانت بم ڕزگارم کە. دایکم دەڵیٚ جەعفەر گیان بۆ وا بێتاقەتی، خۆ تۆ هیچت نەکردووە و ئازادت دەکەن؟ دەڵیٚ پووریٚ گیان بە زۆر ئیعترافیان پیٚ کردووم و گوتوومە نۆ پاسدارم بە دەستی خۆم کوشتووە! لە شاخ بووم دایکم هات و بۆی گێڕامەوە کە چۆن جەعفەری

بەستەزمانیان ئیعدام کردووە و پێیان گوتووە گەر بێتو ئیعتراف بکەیت، ئیسلام زۆر گەورەیە و دەتبەخشێ. ئەویش بە گریانەوە گوتوویەتی هەرچی بڵێن ئیمزای دەکەم. کاغەزی پێ پڕ دەکەنەوە لە شەڕدا بووە و نۆ نەفەری بە دەستی خۆی کوشتووە. بەبێ گوناح جەعفەرێک کە نەیدەتوانی تەنانەت مێروویەک بکوژێت، ژنێکی جوان و دوو منداڵی ساوای لە دوای خۆی بەجێهێشت!

دێی پاراستان

لەگەڵ سولەیمان و حوسێندا بە تاریکی و چراکوژاوەیی لەماڵی جەعفەرەوە ڕوومان لە جادەی سابڵاغ و پردی بریسوێی سەردەشت کرد و بەرەو زمزیران ڕێمان گرتەبەر. تاریک و هەر تاوناتاوێک[1]، شەوقێک لە ئاسمانەوە وڵاتی ڕووناک دەکرد و دەنگی فانتۆمێک تاریکیی شەویان دەدڕاند. نەماندەوێرا گڵۆپەکان هەڵکەین و زۆر بە هێواشی و زەحتێکی زۆر لە ماشێنەکە بەرەو سەر دەڕۆیشتین، ڕەبەتمان جێهێشت. سەیارە کەوتە پرتەوبۆڵە و دووکەڵی ڕەشی لێ دەهات و بۆنی ڕۆن. گوتم، پێم وا نییە سەیارەکە زۆر دەوام بێنێت. سولەیمان گوتی، کاکە دەچین بۆ پاراستان، دۆستی خۆمی لێیە و ئاغای ئەوێن، ڕێم لار کردەوە و لە جادە لامان دا و ڕوومان لە دێ کرد، لە ترسی فانتۆم هیچ چرایەک دانەگیرسابوو، ترە ترە تر، دووکەڵێکی زۆر لە قونێ لەندرۆڤێرە نازدارەکەم هات و ڕێک لە بن ماڵان کوژایەوە و مانی گرت لە ڕۆیشتن و ورکەئاسنی ماتۆڕەکەی لە ناو هەناوی هاتە خوار و مەکینەی تەقی.

سولەیمان شارەزا بوو، چوو بۆ ماڵی دۆستەکانی و خەبەری کردنەوە، یەک و دوو چەند مێرخاسێک پەیدا بوون و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین، زۆریان پێ سەیر بوو بەم شەوە تاریک و فانتۆم بەسەرمانەوە گەیشتووینە ئەوێ. گوتیان، ئێوە زۆر شەکەت

١- تاوناتاو، تاو.تاو، جاروبار، بەین-بەین.

و ماندوون، با ئێمە ماشـێنەکە بە پاڵ بەرین بیشارینەوە، لەبەر ئەوەی بەیانی، کە ڕۆژ دەبێتەوە دیار نەبێت. بە هەموان پاڵیان نا و ماشـێنمان لە بن کلۆش و پەنایەک شاردەوە و ڕێنمایان کردین بۆ دیوەخانێکی پڕ لە فەرشی زۆر گەورە و خۆش، دەستبەجێ چا و نان و مرەبا و پەنیر و ماستی زۆر خۆش هات. جێوبانیان بۆ پان کردینەوە و تاکو خۆر لە تۆقی سەرمان و تەغەرەی پشتی نەداین خەبەرمان نەبووەوە.

دموچاو شۆرا و دیسان نانی بەیانی هات، چوومە دەر، زۆر دەفکری سـەیارەکەمدا بووم، لێی نزیک بوومەوە و سـەری مەکینەم هەڵدایەوە، یەک دوو سایەق تراکتۆر و میکانیک پەیدا بوون و سەیریان کرد، دیار بـوو ماتۆڕەکەی بە تەواوی لەناو چووبـوو، دەبوو ماتۆڕی تازەی بۆ پەیـدا بکەیـن، ئەوەش دەو ڕۆژەدا هەر نەدەکـرا، ناعیلاج گوتمان جێی دێڵین و دواتر بزانین چیی لێ دەکەین. ئەو ڕۆژەش ماینەوە و خزمەت و پەزیرایـی ماڵی کاک بایزی دۆسـتی سـولەیمان و گەرموگوڕیان و باوەشـیان لەم ڕۆژە سـەختەدا کە خەڵک پێی وا بوو فانتۆم مێرووش لە سـەر عەرز دەبینێ، چ بگات بە پێشـمەرگە و تاقم و تفەنگ و جێبی پێشـمەرگان، جێی ڕێز و پێزانین بوو، ئەوەتا دوای چل سـاڵ ناکرێت بیر چێتەوە.

کوڕی شاخ کەم و کوڕی تاران و ئەورووپا زۆر

حوسـێنی بـرام قەرار بـوو لەگـەڵ کاک عومەر شێخموسـدا بۆ خوێندن بچێت بۆ سـوید و دەبوو خۆی بگەیەنێتە تاران، پاسـپۆرت و شـتی سـەفەری پێشتر لە هاوین دروست کردبوو. خاڵم و کاک عومەر ئەو ڕۆژەی ڕۆیشتن و سابلاغیان چوڵ کرد زۆریان گوت و حەول دا بمێنمەوە و بڕۆم بۆ تاران و دواتر بە هۆی کاک عومەرەوە لە سـوید دانیشم و بخوێنم. دایکم دەگریا و یەخەی خاڵم و کاک عومەری گرتبوو ڕازیـم بکەن و نەڕۆم، لە بیرم ناچی خاڵم گوتی، عەلی ئەم پۆسـتاڵ و قایشوقڕوشە دانێ و واز لە شاخ بێنە، بڕۆ بۆ دەرەوە و بخوێنە، خەڵک

بۆ شــاخ زۆره بۆ خوێندن كەمە، گوتم خاڵە گیان ســەرێكە و هێناومە و ناگەڕێمــەوە، بــە پێچەوانــەوە كوڕی شــاخ كەمە و كــوڕی تاران و ئەورووپا شــوكر زۆرن، بە دایكمی گــوت؛ ڕەعنا فایدەی نییە، عەلیمان تازە بۆ ناگەڕێتەوە و دەڕواتە شاخ.

لەگەڵ ســولەیماندا، حوســێنمان تا نزیك شــار هێنا و لەوێڕا لەگەڵ چەند ئاشنای سابڵاغی چوونەوە ناوشار و یەكسەر بۆ تاران چووبوو، ئیتــر من حوســێنم نەدیتــەوە و لە خەزەڵــوەری پاییزی هەمان ســاڵ گەیشتبووە سوید و لە شاری ئۆپسالا دامەزرابوو.

١٣

کوڕانی سلێمانی

لەگــەڵ ســولەیماندا ڕوومان کــردەوە خوار و بە پێ گەیشــتینەوە تۆژەڵــە. لە مەســیری ڕێمانــدا هەر لــە ئاغەلانەوە کە پێیدا ڕۆیشــتین بەرەو بەردەســوور، هەر خێمە و پۆلی کوڕانی هەلاتووی شــار بوو لە بن دارەگوێزاندا، باریان لێ خســتبوو. دەماندیت یەک دەســتەنوێنی بە پشتەوە بوو، کتری و چادان و ئاغلەوییەکی[1] بە خۆیەوە هەلاوەسیوە، تفەنگێــک بــە شــانەوە، هەرچی حیزب و ســازمان بوو لــەم دۆڵە، یان بــۆ خۆیــان، یان مام جەلال خێمــەی بۆ لێدابوون، یــەک ئاردی هەبوو خوێــی نەبوو، ئــەوی تر هێلکــەی هەبوو ڕۆنــی نەبوو، یــەک تفەنگی هەبوو، قایشــی نەبوو، ئەوی دی یەک دوو قەتارە فیشــەکی بەســتبوو بە ســینگەوە تفەنگی نەبوو، دە دوازدەیەک لە بن دارگوێزەکانی ســەر ڕێی بەردەســوور باسیان گەرم بوو لەســەر هەلومەرجەکانی خەباتی چەکــداری، لینیــن دەڵێ ئامادەیە و ترۆتســکی پێی زوویــە، مائۆ دەڵێ لــە دێهاتــەوە بۆ شــارەکان و چێ گیڤارا دەڵێ پارتیــزان دەبێ بۆگەنی تــا دوور بــڕوات و با حەمام نەکەین، یەک دەڵێ، ســێ ڕۆژە هاتووینە دەر و دەبــێ ئــاو گەرم کەین، ئەوی دیکە دەڵــێ، لە چیدا؟! ڕۆژ ڕۆژی قۆشمە و کوڕانی سلێمانی و ناو یەکێتی بوو، کە دەگەڕان و لە خودایان دەویست بماندوێنن و پێمان ڕابوێرن و قاقا پێبکەنن، زۆر کوڕە شاریی ڕۆژهەلاتــی بێئەزمــوون و نازداری لێ بوو، هەلیان بۆ دەرەخســاندن بۆ بەزمی ڕابواردن و گاڵتەپێکردن. دوکتۆر کەمال خۆشــناو لە تۆژەڵە هەر کــە ڕۆژهەلاتێکی دەدەیت، ناوێکی بــۆ دەدۆزییەوە؛ کاک جوتیار،

١- ئاغلــەوی، تــاوە بۆ شــت تێــدا ســووركردنەوە، تاوەیەکــی بچووکی سەربازیی بوو.

کرێـکار، ســەپان، فەلاح، پرۆلیتــەر و ئەم جەفەنــگ و گاڵتانەی لەگەڵدا دەکردیــن، پێیوابوو هەرچــی کوڕانی ڕۆژهەڵاتییە، مارکســـی و ماویی و کۆمۆنیســتن! هەموو جارێ دەیگــوت، تۆ وەرە هەرچی کوڕە ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەندە مارکسی و شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستە!

مولازم عومەر و دۆڵی ئەحزاب

لەگــەڵ ســولەیماندا بە هۆی ناســیاوی و نزیکیمــان لەگەڵ مولازم عومەردا مەقەڕی هەر لە ســەر ڕێیەکە بوو، لە لای خۆی گلیداینەوە و نەیهێشــت بۆ مەقەڕەکانی سەرتر بڕۆین و گوتی، هەر لێرە باروبنەتان بخەن و هەر ئێرە بکەن بە منزڵی خۆتان. چەند پێشمەرگەی خوێنشیرین و قسەخۆشــی لا بــوون، زۆرمــان پێ خوش بــوو، لە لایــانماینەوە. جۆگە ئاوەکە ڕێک بە بەردەمی خێمەکەی مولازم عومەردا دەڕۆیشت و سۆندەی ئاوی خواردنەوە لە بەردەستمان بوو، لەم ڕۆژەدا و لەم هەوا و جەنجاڵ و پڕ لە حەشامات و نەبوونییەدا، ئێمە وەک سوڵتان بووین لە خواردن و شوێنی خەودا. کاک عومەر ئێمەی بە میوانی خۆی دەزانی و ئیجازەی نەدا بۆ هیچ لایەک بچین و لە هەرچی خزمەت بوو کۆتایی نەدەکرد. شوێن خێمەکەمان لە بەرزایی بوو، خوار دۆڵەکە و توولەڕێ بــۆ نــاو مەقەڕەکانی تری تۆژەڵە لە بەردەممــان بوو، هەموو خەڵکمان دەدیت چ سەروخوار و چ سەروژوور دەبوونەوە. بەیانییەکی سولەیمان لــە قەراغ جۆگەکە قاچەکانــی لەناو ئاو نابوو، لە دوورەوە یەکێکی دی، گوتــی، خودام نەبێ هۆو باربەکۆڵەوە کاک فەتاحە، ســولەیمان و کاک فەتــاح کاویــان لە دایکــەوە خزمایەتییان هەبوو و تێکــەڵ بوون. نزیک بووەوە، ئەو بوو. کۆڵەپشــتێکی گەورەی، ئەوانەی بۆ شاخەوانی بەکار دێــن و پەیژەیەکیــان بۆ ڕاگری پێوەیە، زیاتر لە چــل بۆ پەنجا کیلۆ لە بالینج و پەتوو و قاپوقاچاغی لە پشتی خۆی قایم کردبوو، بەم گەرمایە سەرکڵاوەیەکی گوڵینگەدار و پووزەوانەی مەرەزی تا ئەژنۆ هەڵکشاو، لە دوورەوە هانکەی دەهات، سولەیمان هاواری کرد:

- هۆ کاک فەتاح هۆ!
- ئەوە کێیە؟
- سولەیمانم، ئەوە چ دەکەی؟
- هەتێ سولەیمان ئەوە تۆش لێرەی؟!
- بە زوویی دەچمەوە دەوری سابڵاغ کارت نییە؟!
- ئەگەر چوویەوە بە ئامینێ بڵێ فەتاحم دیت، تەرسی بەڕێوە دەکرد! باری ئێستریکی لە خۆی نابوو! (ئامینە خانم خێزانی بوو، کاک فەتاح بە قسەخۆشی بەناوبانگ بوو).

مامۆستا شێخ عیزەدین مەقەڕی لە خوار خێمەی مام جەلال بوو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، چریکی فیدایی و دێموکرات لەولاتر هەر هەموو خێمەیان هەبوو. تۆژەڵە خاکی ئێرانە ڕێک لەسەر سنووری ئێران و عێراق، هاوینەهەواری سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی بوو، زستانان دەگەڕانەوە ناوزەنگ. ئەم هاوینە هەرچی ڕێکخراو و حیزبی کوردی و ئێرانی هەبوو بە هۆی هێرشی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر کوردستان هەموو هاتبوونە ئەم دۆڵە و پێیان دەگوت، «دۆڵی ئەحزاب».

مام جەلال گوتی، ئێوە چ دەکەن؟

لەگەڵ سولەیماندا دەگەڕاین بەسەریاندا و قسەوباسی سیاسی زۆر گەرم بوو، جەماعەتێکی لاوانی دێموکرات و سەر بە حیزبی تودە چووبوون بۆ لای قەلادزێ و لە سەربازگەیەکی دەوڵەتی بەعس، گوتیان دەورە دەبینن. سەرلێشێواوی و کەسبەکەسی بە زۆربەی ئەو خەڵکەوە دیار بوو، وردەوردە زۆریان کە نەیاندەزانی بۆ هاتوونە دەر، یەکیەک و دوودوو دەگەڕانەوە شارەکان. خالید سمێڵ و مستەفا سوور پاسەوانەکانی مامۆستا، گەرمیی بازاڕی قسەی شەوانمان بوون، زوو زوو دەماندیتن. ئێوارەیەک مام جەلال بانگی کردین و گوتی، ئێوە چ دەکەن؟ لەگەڵ سولەیماندا گوتمان، وەڵا پێمان خۆشە بچین بۆ قوولایی کوردستانی باشوور و بۆ لای ئەبوو شەهاب کە بەرپرسی لق

بــوو لە شــارباژێر و زۆر نزیکی هەردووکمــان بوو. مام جەلال گوتی، بــۆ کــوێ دەچــن و ئێوەش وەک ئێمــە کۆمەڵەی خۆتــان هەیە و بچن ببنە پێشــمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشــگێڕ و دەبێ بچنــەوە دەوروبەری شــارەکان و پێشــمەرگایەتی دابمەزرێنن، من بەرپرســی عەسکەریتان لەگەڵــدا دەنێــرم و دەڵێــم فێری پێشــمەرگایەتیتان بــکات و وەک ئێمە خۆتــان مەفرەزە و کەرت دروســت بکەن و دەســت بکەن بە شــەڕی پارتیزانــی، زۆری بــۆ باس کردین ئەوان چۆنیان دەســت پێ کردووە، زۆر بە فەقیری و نەبوونی و تەنیا بە چەند پێشمەرگە. گوتی، ئێوە زۆر لە ئێمە باشتر و زۆرترن، بۆ دێن بۆ عێراق و بڕۆن ناوچەکانی خۆتان ڕزگار بکەنەوە. کاک عەبدوڵلای موهتەدی و کاک شــوعێب زەکەریایی هاتن و دوکتۆر کەمال خۆشــناو و مولازم عومەریش لەوێ بوون. مام جــەلال ڕووی لە کاک عەبدوڵلا کرد و گوتی ئەم دوو کوڕە ئازا و چی و چــی لەمێــژە لەگەڵ ئێمەدا کار دەکەن و زۆریــان یارمەتی داوین، لە ئێستاوە بە ئێوەیان دەسپێرم و بۆ ئێوە!

هەر لەوێ بووین بە پێشــمەرگەی کۆمەڵە و مام جەلال، کاک شــێخ عەلی (خولە کەشکۆڵ)ی بانگ کرد و گوتی، تۆ ئیتر لە خزمەت کۆمەڵەی ئێراندا دەبیت و لەگەڵ عەلی و سولەیماندا بڕۆ.

ئازاد هەورامی خۆی فێری فارسی دەکرد

کە حوسێنمان بەڕێ کرد و لەگەڵ سولەیماندا گەڕاینەوە بۆ توژەڵە، لە کیتکە شــارەدێی ســەر ڕێی سەردەشــت چەند کوڕی شــار پێشیان پــێ گرتیــن و گوتیان ئەم پاســدارەمان گرتووە، ئێمــە نازانین چیی لێ بکەین، ئێوە دەچن بۆ لای ســەرەوە لەگەڵ خۆتاندا ببەن. ئێمەش هیچ عیلاجمان نەبوو هێنامان و ئەو ماوەیەی لای مولازم عومەر بووین لە سجنەکەی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی بوو. کاک ئازاد هەورامی خۆی فێری فارسی دەکرد، ڕۆژانە دەچوو دەیدواند. کامێرایەکی کانونی زۆر باشی پێ بوو، دەیگوت من ڕۆژنامەنووسم و پاسدار نیم.

ئـەو ئێوارەیەی کە مام جەلال ئێمەی تەسـلیمی هاوڕێیانی کۆمەڵە کـرد، لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا و جەماعـەت کۆبووینەوە و کۆمەڵێک نامە و ڕاسـپاردەمان وەرگرت و قەرار درا ئەگەر بکرێت و بتوانێت، جاریّ سـولەیمان بچێتەوە بـۆ ناوشـار و تەنزیماتی ناوشـار ڕێکخەنەوە و منیش شـێخ عەلی بەرم بۆ لای ئەو هاوڕێیانەی کۆمەڵە، کە لە دەوری مەهاباد لە قزڵجە و دەرمان خۆیان حەشـار دابوو. شـوێن و نهێنییان پیّ دام و گوتیان لەگەڵ ئەو کوڕانەی لەوێن و کادرەکانی کۆمەڵە ببمە پێشـمەرگەی ناوچەی سـابڵاغ لە هەرێمی موکریان لەژێر فەرماندەیی شـێخ عەلـی و بـە زوویی دوکتـۆر جەعفەر شـەفیعی دێـت و دەبێتە مەسـئوولی هەرێمەکەتـان. وا دیاربوو داڕشـتنی زۆربـەی تەنزیماتی نیزامیمـان وەک مەفـرەزە، کەرت، تیپ، هەرێم و...، بـە چاولێکەری لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەبوو.

ئیعدام بە سوعبەت

گوتیان ئەم کوڕە پاسـدارەش با کاک سـەلاح موهتەدی، کە ئەویش هەر لەویّ بوو، دادگایی بکات. لەگەڵ سولەیماندا کابرامان بردە خێمەی کاک سـەلاح، وەک قازی دانیشت و مەحکەمەی کرد و زۆری هەڕەشە و مەحکـوم بـە ئیعدامی کرد، کە ئیعتراف بکات و بڵیّ بۆچی هاتووە بۆ کوردستان، هیچ فایدەی نەبوو. کاک سەلاح حوکمی ئیعدامی بۆ بڕیەوە و گوتـی، بیبـەن لەگەڵ خۆتان لە ڕیّ ئیعدامی بکـەن. هەڵبەت بۆ ئەوە وای گوت بەڵکو شتێک بڵێت.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر شێخ عەلی لەگەڵ خوشکەزایەکیدا، حەمە عەلی، پێشمەرگەیەکی خۆی دلێر، هەروەتر سولەیمان و خۆم و کابرای پاسـدار بە پێیـان ڕێمان بڕی بەرەو سۆسـنایەتی و لەوێشـڕا بەرەو گەورک و مەنگوڕان و محاڵی دەوروبەری مەهاباد.

لە ناوەڕاسـتی مانگی خەرمانانـی ١٣٥٨ هەتاوی و هەوەڵی پاییزی ١٩٧٩دا بە ڕەسـمی و لەسـەر دەسـتی مـام جـەلال و کاک عەبدوڵڵا

موهتـەدی و کاک شـوعێب، بە چەکی خۆم و ویسـتی خـۆم، بووم بە پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

پێخەفمان ناوێ

ڕۆژی پاییز کورتە، لای ئێوارە لە ڕەشـماڵێکی سۆسـنایەتی و پاڵ چیا، فەرماندەمان گوتی، دەمێنینەوە و شـەومان بەسـەردا دێ. شەش کەس بەسـەر ئـەم ڕەشـماڵەماندا دا، ژن و مێردێکی جـەوان بوون و حەیوانەکانیان لە دەرەوە بوو. فەرمووو فەرموو، نان و چامان خوارد و پێیان وا بوو هەر ئێستا ملمان دەشکێنین و دەڕۆین، کەچی فەرماندەمان بـە زمانێکـی زبـڕ و تـووڕە ڕووی لە من کـرد و فەرمانـی دەرکرد، حەرەسـیات دەربکەن ئەمشـەو لێـرە دەمێنینەوە. تۆزێـک وڕ بوون و پرتەوبۆڵەیەکیان لێ هات. خۆ پێخەفمان هەر بەشـی خۆن هەیە و چی و چی و... فەرماندە دیسـان بە دەنگی بەرز و ئامرانە گوتی، پێخەفمان نـاوێ و تاقـم و تفەنگەکانمان سـەرینمانن و پشـتێند و جامانەکانمان لێفەمانن. ئیتر پیاوی ماڵەکەش بێدەنگ بوو. تاریکی تەواو باڵی بەسـەر کەژوکێودا کێشـا و دار و بەردی ئەم ناوە، چارشێوی ڕەشی پۆشی و ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە کەوتنە چاوشارکێ و خۆنواندن.

شـێخ عەلـی ئەمری کـرد، ئاخـر حـەرەس بانگی کەیـن و لە لای سـەرووی خێمەکـە جێیەکی بۆ خۆی خۆش کرد و لبادێکی ڕاخسـت، تاقم و تفەنگی لە بن سەری نا، لەسەر پشت لێی درێژ بوو، جامانەکەی بە دەموچاوی خۆیدا دا. کابرای دیلیش ئەوەندە ماندوو بوو لە پەنایەک خەوی لێ کەوت، لەگەڵ سولەیمان و حەمەعەلی و دلێردا دەستمان بە قسـە کرد، لەولاتر ژن و مێرد لە تەنیشـت یەک جێیان ڕاخست و بۆی نوستن. گوتمان با چاو لە دیلەکە هەڵنەگرین، من حەرەسی یەکەم دەبم و دوای خۆم سولەیمان خەبەر دەکەمەوە و حەمەعەلییش دواتر و...

سێکسی ژێر ڕەشماڵ

وردەوردە هەمـوو نوسـتن و منیـش لەبەر زارکی ڕەشـماڵەکە بە حەرەس وەسـتام. کزە سەرمایەک هەبوو، مشـکییەکی پان و گەورەم بە سـەرەوە بوو، لـە ملم هاڵاند و جگەرە بەدوای جگەرەدا دەمکێشـا. وڵات کشـومات و شـەو خەریکـی زرینگانـەوە بوو، جارجـار پرمەی گوێدرێژەکەیـان و جارجاریـش مرخـەی چوارپێـی ڕایدەچڵەکاندم و سەرم دەژوورەوە دەنا و سەیری دیلەکەم دەکرد.

لەناکاو گوێم لێ بوو دەنگێک گوتی:

- دادەی ماڵەکەم دایکەنە با سوار بم.

- کوڕە پیاوی چاک بە، ئەم کوڕە جحێڵانە وەخەبەر دێن!

- هەی لە دایە کوڕانت نێم!

- کوڕە گوێیان لێ دەبێ بەخودا حەیبە!

- کچێ دایکەنە دەتگێم حەیبی چی؟! بۆ ئەوان حەیبەی دەزانن هەر لەخۆوە و وەخت و بێوەخت وەژوور دەکەون؟!

- دە تووخوا پیاوەکە دەڵێم توندی دامەگرە، با دەنگم دەرنەیەت!

- کچێ گاندەری خۆم کەی هێشتوومە بێشێت؟!

- دە باشە دەی تێینێ ڕۆحم دەرهات!

- دەک دەبەر قوزێت مرم، بەخودا تا گونانمی دەبەم، گەر بە تفەنگان بێنە سەرم!

- کوڕە زوو کە دەبەر کیرێت مرم!

هەموو گیانم وەسەر ئاو کەوت، ئەی! خۆ ئەوە خەریکن، هانکەهانک و هێنانوبـردن، هـەر هەمووشـیم گوێ لێیە و لە یـەک مەتری من ئەم عەملیـات و چالاکییـە ڕوو دەدات! ئـەوەی شـەرمە نایکـەن و هەر بە پیاویشم نازانن!

ئەوەنـدەم زانـی سـولەیمان بە فرقـە و پێکەنین خۆی لـە دەرەوە هاویشـت و هاتە لام، لەبەر پێکەنین و هەی بە قوربانتان بم، حەجمینی نەبوو. گوتم سـولی یەکەم شەوی پێشمەرگایەتی عەجەب عەمەلیاتێکە،

خوا بکا تا ئاخری هەر ئەم جۆرە چالاکییانە ببینین!

هەمــوو ئــەم حــەرەکات و گرتن و چوونە ناو پاســگا، ســێ چوار خولەکی برد و کابرا ماندوو و هەناسەبڕکێ بۆی پاڵ کەوت و یەکسەر قونی دە ژنێ کرد و لە پڕخەی خەوی دا و حیسێبی تووڕێکی قوڕاویی بۆ من و بۆ سولەیمان نەکرد، کە وا بە فرقە و پێکەنین، هاتە دەر و بە دڵنیاییەوە گوێیان لێ بوو من و سولەیمان پێدەکەنین!

من ئەو حیکایەتەم چل ساڵە لە لایە و کاتی خۆی بۆ ناسر ڕەزازیم گێڕایــەوە، گوتی دەینووســـم و بڵاوی دەکەمــەوە. نازانم کردی یان نا. هەموو ئەو کەســانەی لە سۆســنایەتی و مەنگوڕان و ناوچەی شێنێ و بەردەســوور و ئەو دەڤەرە پێشــمەرگە بوون، دەزانــن و دیویانە، ئەم کولتــوور و عاداتــی نێــوان ژن و پیــاو و ئازادیی بێوێنــەی ژنان لەم ناوچانە وای کردووە بە دەگمەن کێشەی ژن و پیاو بە شەڕ تەواو بێ و ژنکوشــتن باو نییە. من بە گوێی خۆم لێم بیســتوون و گوتوویانە جا تووخــوا کونێ میــزی ئەوەی دێنێ پیاو یان ژنی لەســەر بکوژرێت! لە گاگــەش بــووم، گوێم لێ بوو دوو ژن لە کانیی ژنان بە شــەڕ دەهاتن، یەکیان بە وی دیی گوت، «دە بڕۆ قاعبە، ئەگەر ژن بای تا ئێســتا دوو جــاران هەڵگیرابــووی»! من زۆر کەڕەت دیومە و هەســتم پێ کردووە ژنان و پیاوانی پیری ئەم دەڤەرانەی کوردستان هەر وەک چۆن سەیری سێکســی گوێدرێژ و ئەســپ و ماین یان ســەگ دەکەن، هەر واش بە لایانەوە سێکسی ژن و پیاویان پێ ئاساییە و بە کردەوەیەکی سروشتی ســەیری دەکەن. لــە لای زۆربەیان خوازبێنی لە پیــاو نە عەیبەیە و نە ئیراد. بە پێشمەرگەیان دەگوت، بۆ ئەم کچەمان ناخوازی؟ ئەگەر شێنێ لە ناوچەیەکی دیکە بوایە و ســەرکردایەتی و ئەو هەموو پێشــمەرگەیە هاتوچۆی کردبا، بەبێ شک دەیان پیاو و ژن کوژرابوون، بە چەند ساڵ پێشمەرگە لەم دێیە بوو کەچی نە کچێک کوژرا و نە پێشمەرگەیەک لێی لە قاو درا! ناوچەی میراودەلی لە هەناوی ئەم ناوچانەدایە، کەچی ساڵ نییە چەند ژن نەکوژن. لە لەندەنی پایتەختی شارستانی، جیرانە ئاغاوەتە

میراودەلێکانمـــان بە باب و دوو مام و ســـێ ئامۆزا کچە بەســـتەزمانی خۆیان، «بەناز»یان[1] لەتوپەت کرد، لەســـەر ســـۆزی خۆشەویستی بە کوڕێک، ئەویش کورد!

کەس نە بای دیبوو نە باران

لەگەڵ ســـولەیماندا یەکەم شەوی پێشـــمەرگایەتیمان بە حەرەسیات و گوێگرتـــن لـــە نـــەوای عاشـــقانە و هەســـت و دەروونبزوێنـــی ژن و پیاوەکەی سۆســـنایەتی، لە داوێنی چیا و ناوچەرگەی دارســـتانی چڕ و مەندی کوێســـتانی کوردەواری، ڕۆمانسییانە تێپەڕ کرد. بوومەلێڵ بوو فەرماندەمان شـــێخ عەلی بە خۆکێشـــانەوە هاتە دەر و گوتی: ئەوە بۆ نەنوستن و کەستان خەبەر نەکردەوە؟! گوتمان حەرەسیاتی ئەمشەومان بـــۆ ئـــەوە نەدەبوو کەس بەشـــدار بێت! ژن و پیاوەکـــەش هاتنە دەر و کـــەس نـــە بای دیبوو نە بـــاران، زۆر بە گەرمـــی دواندمانن و ئەوانیش گوتیان: هەر ئێســـتا نانی بەیانی حازر دەکەین. شێخ عەلی گوتی: دەڵێم تا زووە بڕۆین و لەو گوندانەی خوارەوە نان بخۆین، گوتمان، هەر زۆر باشـــە و دواتر کە بە ڕێدا ڕۆیشتین و ماندوو بووین نان و چاخواردن خۆشتریش دەبێت. جەماعەتمان دەنگ دا و لەگەڵ دیلەکە بەرەو خوارتر و ڕوو لە جادەی سەردەشت-خانێ شۆڕ بووینەوە.

لە ئاغەلان مەقەڕێکی کۆمەڵەی لێ بوو، تەنیا چەند کەســـێک بوون، سولەیمان گوتی، ئەم دیلە لێرە بەرەڵا دەکەین و پێم وا نییە شتێکی وا بێت. گوتمان بە مەقەڕی ئاغەلان، کاکە ئەم پیاوە تەســـلیمی بەرپرسانی ناوچەی سەردەشت بکەن.

١- بەناز مەحموود، کچە کوردێکی بیســـت ساڵانەی میراودەلی بوو، ساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن بە دەستی باب و مام و دوو ئامۆزا لەسەر خۆشەویستی کوژرا و مەیتی لەتوکوتکراوی لە شارێکی تر، لە باخچەی ماڵەدۆستێکیان شـــاردرایەوە. ئەم کارەســـاتە دوای چەند مانگ، پۆلیسی لەندەن لەقاوی دا و هـــەر هەموو گیران. کاردانەوەی زۆر خراپی لەســـەر ڕەوەندی کوردی هەبوو، دەنگدانەوەی گەورەی لێ ساز بوو.

هەر ئاغام

هاتینە نەلاس و لە چەم پەڕینەوە، بە وەلگێل و وەلیودا بۆ نیوەڕۆ خۆمان گەیاندەوە پاراستان. لەندرۆڤێرەکە بە داپۆشراوی هەر لەوێ بوو. گوتم بە ساحێب ماڵ چیتان لێ کرد بۆ خۆتان، گەردنتان خۆش و ئازا بێت، ئێمە تازە بۆمان تەعمیر ناکرێت و دەڕۆین بۆ ناوچەی مەهاباد.

بە مێونە و هەمراندا چووین بۆ هەمزاوا، ماڵی کاکەلاغا و بابی حەسەن، دۆستمان بوون، بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕ، کاکەلاغا زۆر فەقیر و نەدار بوو، بەلام خۆی هەر بە ئاغا دەزانی، دادەنیشت و لاقی لەسەر لاقی دادەنا و دەیجوولاند و تەسبێحی هەڵدەسووڕاند و دەیگوت سێ بە سێم تەلاقی دایکی عەسەنی کەوتبێ هەتا چلەگیایەکم مابێ هەر ئاغام. لەگەڵ سولەیماندا نێوانی زۆر خۆش بوو، سوێندی خوارد و گوتی: دەبێ بمێنەوە. نان و چێشتێکی بەلەزەتمان بە قسە خۆشەکانی کاکەلاغا خوارد و بەڕێیان کردین.

بەرەو زمزیران، کانی ڕەش، سوێناس، گلێنان، شارەزوور، خەلیفان، دێ بە دێ و بە پرسیاران ئەوجار بۆ بەیرەم و قزلجە و دەرمان.

مەشقی پارتیزانی

بە درێژایی ئەم ڕێگەیە بە پێیان، شێخ عەلی وەک پارتیزان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردین، هەرچەند تەنیا من و سولەیمان بووین وەک پێشمەرگەی تازە و حەمەعەلیی خوشکەزای و دلێری پێشمەرگەی خۆی ماوەیەک بوو لە دەرەوە بوون و پێویستیان بەو هەموو تەکووزی و ڕێوشوێنگرتنی پێشمەرگایەتییە نەبوو، کەچی ئەوانیش بە ئێمەوە سووتابوون. لە توژەڵەوە تا بن دێهاتی مەهاباد، ئێمە بە پێ ڕۆیشتین،

نــە پاســدارێک و نــە کۆپتەرێک و نە ســتوونێکمان[1] دیــت، کەچی بۆ فێربوونمان مەســافەی پێ ڕادەگرتین و تفەنگ لە شــانی ڕوو بە خۆر نەبــێ و ناوی شــەو هەبێ و هەر هەموو ئەلفوبێیەکانــی پارتیزانیی بە کــردەوە پــێ دەکردین. چوونی نــاو دێهات و ماڵان و دابەشــبوونمان و حەرەســیاتدەرکردن و هەموو ئەو شــتانە. جــار هەبوو هەم خۆمان شــەرممان دەکرد و هــەم خەڵکی دێهاتەکان پێیان ســەیر بوو، نیوەڕۆ دەچوویــن بــۆ دێیەک، یەکمانی دەنارد برۆن نان بێنن، ئەوانی تر لە بن تەپۆڵکەیەک و لە دەرەوی دێ دەمانەوە، کۆمەڵێک شــتی لێ فێر بووین لەم چەند ڕۆژەدا تا گەیشتینە ناوچەی مەهاباد هەمووی بەسوود بوون بۆ داهاتووی پێشمەرگایەتیمان.

بۆ دەچنە مزگەوت؟

دەبــوو بــەم ناو و نیشــانانەی پێیان دابووین، لــە قزڵجە و دەرمان هاوڕێیانــی کۆمەڵەی مەهاباد بدۆزینەوە. دوو ســێ جار نێوان دەرمان و قزڵجەی خوار و ســەرێمان کرد، کەس دیار نەبوو لە فەلاح و شــوان زیاتر، زۆرم حەول دا کەس هیچی نەدەزانی و پێیان نەدەگوتین. شــێخ عەلــی دەیگوت، کەس نەهاتووە و هەموو تەســلیم بوونەوە. دەمانگوت نابێت شــتی وا و برادەرانی ســەرکردایەتی لە توژەڵە لەخۆڕا قســەیان نەکــردووە. بە ڕۆژ جەولەی پــێ دەکردین و بەرپێمان وەک ئاگری تێ بەربووبێ وا بوو. شەوانە لەم دێهاتە جێوبانی خۆشیان بۆ ڕادەخستین، کەچــی دەیگــوت، ســەرو بەتانــی وەرگــرن و دەچین بــۆ مزگەوت و حەرەسیات دەردەکەین. خەڵک دەیانگوت باوکم بەخوا هیچ باس نییە و پاسدارمان هەر نەدیوە، بۆ دەچنە مزگەوت؟!

هەســتان و دانیشــتن و دواندنی شــێخ عەلی لەگەڵ خەڵکی فەقیر و فــەلاح بــە لامانەوە زۆر خــۆش نەبوو، منیش و ســولەیمانیش زۆر بە

١- ســتوون، لەگەڵ ئەوەی بە مانای کۆڵەکەی ناو بینا دێت، لە حەرەکاتی ئەرتەش و جەیش بە مانای قافڵە و کاروانی کەرەسەی ئەرتەش دێت.

حورمەت و شـــەرمەوە دەمانڕوانییە خەڵک، بەڵام ســێیەکەی دیکە زۆر لە ســـەرەوەڕا تێیان دەخوڕی و زۆر جار قســـەی ناخۆشیان بە خەڵک دەگوت. لەگەڵ شـێخ عەلیدا شـــەڕەدەنووکەمان دەکـرد، بە پێکەنینەوە گاڵتـــەی پێ دەکردیــن و دەیگوت ئێوە جارێ فێر نەبــوون ئەم میللەتە دەبێت بە شەق بیدوێنی، دەنا سواری سەرتان دەبن!

دوای دوو ڕۆژ گـــەڕان لـــە نێوان ســـێ گونـــدی زۆر نزیک لە یەک، سەرەنجام کوڕەجوتیارێک هاتە بن گوێم و گوتی ماوەیەکە جەماعەتێک لە کوڕی شـــار لە ئەشکەوتی چەکوچدان. ئەشـــکەوتی چەکوچ لە سەر شاخی پشت قزڵجەی خواروو بوو.

لێی ســـەرکەوتین و نزیک ئەشـــکەوت بووینەوە، یەک دوو دەنگ و خشـــپە و جووڵەمان بەدی کرد، هاوارمان کرد خۆمانین، چەند کەسێک لە زارکی ئەشکەوتەکە هاتنە دەر، لە مەدرەسە خوێندبووم «ئەسحابی کەهـــف» خودا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەخـــەوی کردبوون و دواتر وەخەبەری هێنانەوە، گوتم سولەیمان ئەوە ئەوان نین؟!

بە بیســـتنی دەنگمان هەموو لە ئەشـــکەوت هاتنـــە دەر، ماچوموچ و بـــاوەش، هەمـــووی هاوڕێ و دۆســـت و خزم بـــوون، خەبەر و باس و گێڕانەوە، ســـەید ئەندامی کۆمەڵە و بەرپرســـی یەکەم بوو، عەبوو و فاروق و ســـولەیمان مودەڕەســـی برا بوون، حوسێن سوهەیلی، ڕەحیم قادری، ســـولەیمان خورەمی، محەمەد میســـری، جەعفەر حەسەنپوور، عەلی موتەهەری، ســـەعید گەوهەری، قادر قـــادری، قادر غازی، کەمال وەلیانی، یونس پاڵەوانی، جەعفەر پیرەهەڵۆ، ڕزگار، سەید ڕەحمانەدرێژ، ســـەید ڕەحمانە چکۆل، مینەی دەرمان، مەلا مســـتەفا، فارووق بللوری برای سولەیمان و چەندی تر لەوانەیە بیرم نەمابێ، یان پێویست نەکات ناویان بێنم و لە شار بن.

یەکەندەردوو جاڕی کۆبوونەوە لێ درا و بە حەڵقە لە دەوری یەک لە بن زارکی ئەشـــکەوت لێی دانیشتین. نامەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدیم دایە دەســـت ســـەید و ئەویش بـــۆ هەموانی خوێندەوە. شـێخ عەلی بە

هەموان ناسـێندرا و ئیعلان کرا لەمەودا بەرپرسـی نیزامیمان دەبێت و ڕزگار هاوکاریی دەکات.

ئیدی بۆڵەبۆڵ

ڕەخنە دەستی پێ کرد، بۆڵەوپرتە و دەردی دڵ لە یەک، بە پای فیلان بوو. هەر هەموو ڕەخنەکان لەسـەر خوو و ڕەوشـتی وردەبۆرژوازی بـوو، جەماعەت نەیانتوانیـوە ئەم ڕەفتارانە لە خۆیـان دوورکەنەوە و فێری دیسپلینی پرۆلیتاری بن، نموونە، قادر دەیگوت، حوسێن سوهەیلی وردەبـۆرژوازی بەری نادا و لە نێو ئەشـکەوتەکەدا جـێ نەرمەکە بۆ خۆی دادەنێ و لەسەر کەمرەکان[1] دەنوێت، کە نەرم و خۆشە. فاروق مودەڕەسی لەبەر ئەوەی سەربازیی کردووە بووەتە مەسئوولی دانانی نگەهبان و هەموو سەعاتە خۆشەکان بۆ خۆی دادەنێت. سەید وەستای دیـوار بـوو، ماوەیـەک پێش ڕووخانـی شـا، وەک زەحمەتکێش، کاک حەمەحوسـێن کەریمیی ناسـیبووی و کردبووی بە کۆمەڵە، بەرپرسی هەر هەموومان بوو، بە دوکتۆر و موهەندیس و دانشـجووی زانکۆکان و هەر هەموو کوڕانی شـارەوە، بە باشـی نە نامەی پێ دەنووسـرا و نـە بۆی دەخوێندراوە، ڕزگار شـاگرد میکانیک بوو تاقە «پرۆلیتەری» ناومـان بوو، کرابوو بە مەسـئوولی نیزامی، لەبەر ئەوەی سـەربازیی کردبـوو. هەمـوو ئەوانـی دی، کە بە ویسـتی خۆیـان و ڕەخنەیان لە حیزبـی دیموکـرات و نامۆیـی ڕێکخراوەکانـی ئێرانـی، هاتبوونە ناو کۆمەڵـە، دەبـوو لەژێر فەرمانی ئەم دوو کەسـەدا بن، کە پێشـتر کاک سـەید برایم عەلیزادە پەیوەندیی لەگەڵ ڕزگاردا هەبووە، حەمەحوسێن کەریمییش لەگەڵ سەیدا.

١- کەمرە، ڕیخی بەرپێدراوی ڕەقهەڵاتوو.

شێخ عەلی ناسازێ

هەر لە سەعاتی یەکەمەوە دیار بوو شێخ عەلی لەگەڵ ئەم کولتووورە ناســازێ و هەمــوو شــتێکی زۆر پێ منداڵانە بوو، لــە لای ئەو تەبیعی بوو مەســئوول لە جێی خۆش بێ و حەرەســیات نەگرێ و دوو کەس لە پشــتەوەی بڕۆن و بچێتە ماڵە خۆشــەکان لە کاتی دابەشــبوون لە گونــدەکان. ئــەو دەیزانی ئێمە هەمووومــان نە ئەزموونمــان هەیە و نە لــە شۆڕشــدا قاڵ بووین، تازەیــن و زۆرتر کتێبــی بیردەکەینەوە تاکو مەیدانی و عەمەلی، ئیتر دەســتی کرد بە ئەمر و نەهیکردن بەسەرماندا و تەنانەت تووڕەش دەبوو لێمان.

ســولەیمان بڕیاری دا هەمــان ڕۆژ بچێتەوە شــار و لە دائیرەکەی خۆی بێهداشــت دەوام بکات و کاری ڕێکخســتنی ناوشــار و یارمەتیی پێشــمەرگە بکات. شــێخ عەلی هەر وەک تەنزیماتی یەکێتی هەمووومانی لە دوو دەستە پێشمەرگەدا جیا کردەوە، وەک بزانم مەفرەزەی شەهید خانە و مەفرەزەی شەهید حەمەحوسێن، هەر ئەم دوو شەهیدەمان ئەو کاتی لە ناوچەی موکریان لە کۆمەڵەدا هەبوو. دەســتی بە قســە کرد و ژیانی پێشــمەرگەیی بۆ باس دەکردین و شێوەی خۆپاراستن و کەمین و نەمانەوە بە ڕۆژ لەناو دێیەکاندا و چۆنیەتیی ڕێگەڕۆیشتن بە مەسافە و لەســەر هەست و هەر هەموو ئەم شتانەی خۆیان لە پێشمەرگایەتیدا فێری بووبوون، وەک محازرە پێشکەشی ئێمەی دەکرد.

قەرار داندرا هەر مەفەرەزەیەک ڕوو لە ناوچەیەک بکات و دەســت بکەن بە جەولە و شەوانە لە مزگەوتەکان بەرپرسی سیاسیی مەفرەزە قسە بۆ خەڵک بکات و چالاکیی عەسکەرییش دەبێت دەست پێ بکەن و لەســەر جادە گەورەکان کەمین داندرێت. هەفتەی جارێک لە شــوێنێکی دیاریکراو هەر دوو مەفرەزە کۆبنەوە و ڕاپۆرتی چالاکیی خۆیان بدەن و ڕەخنە لەخۆگرتن بکەن.

حەمەعەلی خوشــکەزای شێخ عەلی، کوڕێکی ئازا و قسەخۆش بوو، ئەو تەنیا کاری پاراســتنی خاڵی بوو، وەکو ســەربازێکی چاک هەمیشە

لــه خزمەتیدا بوو، لە هەســتان و دانیشــتنی ئێمــە و حەرەکاتمان هەر تەقەی سەری دەهات و گاڵتەی پێ دەکردین، دەتوانم بڵێم لە ئیشوکاری ڕۆژانەدا بەردەســتیی شێخ عەلی دەکرد، تەنانەت ئاوی بۆ دێنا و چای بــۆ تــێ دەکــرد و پێخەفی لە ماڵان بۆ دێنا، کە ئــەو کارانە لە لای ئێمە نەبوو بۆ مەسئوول، دلێرەکەش بە هەمان شێوە لە خزمەتی حەمەعەلیدا بوو، بە حوکمی ئەوەی تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی. حەمەعەلی دواتر یەک لە پێشــمەرگە ئازاکانــی یەکێتیی لێ دەرچوو، لــە دووی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٠ بە ماوەیەک دوای چوونەوەیان لە موکریان و لای ئێمە، لە چیای کۆسرەت لە شەڕ لەگەڵ جاش و سەربازی بەعسدا شەهید بوو.

١٤

دیسان کەرگاین

ڕۆژێکیـان لە دێیەکەوە دەچووین بـۆ دێیەکی تر، هەموو بە ڕیز و مەسـافە بەدوای یەکدا دەڕۆیشـتین، حەمەعەلی لە پێشـەوە بوو، شێخ فێری کردبووین هەرچی نەفەری یەکەم گوتی، دووهەم و سـێهەم و تا ئاخر بە نەفەری دوای خۆیانی بڵێنەوە و پەیامەکە بگەیەنن. بستوویەک لە پێشـمان بوو ئەودیوی دۆڵ و مەزرایەک بوو، حەمەعەلی گەیشـتە سـەری بسـتووکە، بە دەنگی بەرز و زاراوەی هەڵەبجەیی گوتی: «خوا قووەتت بدا برا»، نەفەری دوای ئەو، فاروق بللوری بە هەمان لەحن و بەرزی دووپاتی کردەوە و ئیتر هەر هەموو دوابەدوای یەکدا گوتمانەوە، هاتینە سـەر بستووکە و ڕوانیمان؛ کوڕێکی شوان، شەرواڵ لە دەلینگ، لـەم چۆڵاییـە خەریـک بـوو کارە ناشـەرعی و سێکسـییەکەی لەگەڵ گوێدرێژەکەیدا تەواو بکات، ئیتر ئەم دە دوازدە پێشـمەرگەیە وامان لێ کرد لە شـەرمان بۆی جێبەجێ نەدەبوو شەرواڵەکەشـی هەڵکێشێتەوە و هەر هەموو بە تەنیشـتیدا گوزەرمـان کرد و دوعامان بۆ کرد «خوا قووەتت بدا برا»!

من لەو مەفرەزەیە بووم شـێخ بەرپرسـی بـوو، بە حوکمی ئەوەی پێشـتر دەیناسـم و لەگەڵ ئێمەدا هاتووە بۆ ناوچەی مەهاباد، شـەرتی میواندارییـش وای دەخواسـت من لە مەفرەزەی ئـەو بم بۆ زیاتر لێک تێگەیشـتن لەگەڵ ئەوانی دیدا، پەیوەندیی نێوانیشیان بم. مەفرەزەکەی دی ڕزگار و سەید بوون، وەک بەرپرسی نیزامی و سیاسی، سولەیمان مودەڕەسـی داندرا بە مەسئوولی سیاسی لەگەڵ ئێمەدا، هەرچەند شێخ حیسێبی هیچی بۆ مەسئوولی سیاسی نەدەکرد و کولفیکول هەر خۆی بوو.

جگە لە سـەید و ڕزگار و عەبوو مودەڕەسـی، کەسـی تر ئەندامی کۆمەڵە نەبوو، یەک دوو بەرئەندامیش بوو، وەک برای سـەید و سـەید ڕەحمان، ئەوی تر هەر هەموو تەنیا پێشمەرگەی سادە بووین و هەموو بڕیـار و ڕاز و خەبەری حیزبی لێمان دەشـاردرایەوە و بۆمان نەبوو تەداخولی کاری سازمانی بکەین.

یەکەم چالاکیی پێشمەرگە

یەکـەم چالاکیـی کۆمەڵـە لـەم هەرێمـەدا، مەفرەزەکـەی ئێمـە بە فەرماندەیی شێخ کردی. چەند ڕۆژێک گوزەرابوو لە جەولەکردنمان بە نـاو دێهات و هەموو وەڕەز و ماندوو بووبووین و دەمانپرسـی ئەرێ پێشـمەرگایەتی هەر ئەوەیە؟ ئەدی شـەڕ ناکەین؟! شێخ دوای پرس و ڕا و هەڵسـەنگاندنی ڕێگەکان، گوتی: باشـە با بچیـن بۆ نێوان ڕێگەی سـابلاغ و میاندواو، سـەیارەکان ڕادەگرین و قسـەیان بـۆ بکەن و با بزانن پێشمەرگە هەیە و دڵی خەڵک خۆش بکەن و لەم قسانە. بەڕاستی فیکرەکـەی زۆر بـاش بوو، ماوەیەک بوو لەم دێهاتە بووین، کەم کەس پێمانـی دەزانـی و هیچ پەیوەندیمان بە خەڵکی شـارەوە نەمابوو، یەک دوو سـەعاتی ڕۆژ مابـوو نزیک جـادە بووینەوە، خـۆی دووربینێکی پێ بوو لەسـەر تەپۆڵکەیەکی تۆزێـک دوورتر لە جادە، گوتی: من لێرە دەبم، فەرماندە دەبێت لە دوورەوە ئاگای لێتان بێت، دوو پێشـمەرگەی ناردە لای ڕاسـت ڕوو لە میاندواو و دووشـی ناردە لای چەپ ڕوو لە مەهاباد. بە من و یەک دوو پێشمەرگەی دیکەی گوت، لە ناوەڕاست بن و سەیارەکان ڕاگرن، قسەیان بۆ بکەن و تەبلیغ بکەن بۆ کۆمەڵە. گوتی: هیچ سەیارەیەک بۆی نییە بگەڕێتەوە، یان دەرچێت بەرەو شار، دەبێت ڕاوەسـتن تا کەمین کۆ دەکەینەوە، ئەوجار با بڕۆن، دەنا پیاوخراپیان تێدا بێت، ئیخباریمان دەکەن و هێز دێتە سـەرمان. بەڕاسـتی ئەم شتە وردانـە هیچمـان نەماندەزانی و زۆریـش گرنگ بوون. هـەر ئەوەندە هاتینە خوار و جادەمان گرت و یەکودوو، هەرکەس شوێنی خۆی گرت،

دەیان سـەیارە لە چەند خولەکێکدا وەسـتێندران، خەڵکەکە دادەبەزی و زۆربەیان خەڵکی شـار بوون، یەکسـەر خۆیان پێـدا دەداین و ماچیان دەکردین و خۆیان بە قوربان دەکردین، لەناکاو پێکابێکی درێژی سوپای پاسـداران، سـیمورغیان پێ دەگوت، هاتە ناوجەرگـەی کەمینەکەمان، تەقـە بـەرز بووەوە، خۆیان خزانـدە بن پیکابەکە و سـەنگەریان گرت و ئەوانیش تەقەیان کرد، دەسـتیان بە قومبەلەهاویشـتن کرد، لە کەمتر لـە خولەکێکـدا هەرچیی تێیدا بوو کوژران. بـۆ یەکەم جار وەک یەکەم مەفـرەزە دەسـکەوتی چەند تفەنگ و پیکابێکـی تازەمان بوو. خەڵکمان بەجێهێشـتوو و خۆم هاویشتە پشت سـوکان، سیمورغم هەڵکردەوە و ڕوو بە شاخەکان هەموو سواربووین و تفەنگ و دەسکەوتمان بار کرد، بەداخەوە دواتر زانیمان کوڕێکی باشی سابلاغی بە ناوی خالید نەبەوی، کە پێشتر ڕامانگرت و هاتە خوارێ و ماچی کردم و یەکترمان دەناسی، بە تەقەی وێڵ لە دوورەوە لە ناو سەیارەکەی خۆی پێکراوە و شەهید بووە. ئەمە یەکەم شەڕی دەستەویەخە و لە نزیکەوە ئەم مەفرەزەیە بە سـەلامەتی کردمان و تا چەند ڕۆژ لە دێهاتی دەوروبەرمان شـادی و پێشوازیکردن بوو لە پێشمەرگە. بۆ هەر دێیەک دەچووین خەڵک لێمان دەهاڵان و سـەیری پیکابەکەیان دەکرد. ئەم چالاکییە زۆر دەنگیدایەوە و پێشـمەرگەکانی تری کۆمەڵە و دێموکراتیشـی وا لێ کرد یەکبەدوای یەکـدا چالاکی بکەن لەسـەر جـادەکان و ورەی خەڵک بەرز بووەوە و ئیی پاسدار زۆر دابەزی.

مەفـرەزەی ئێمـە لە بە پێ ڕۆیشـتن ڕزگاری بـوو، وەک کوڕێکی نازداری خۆم سیمورغم دەپاراست و پێی ڕادەگەیشتم، بەنزینم بۆ پەیدا دەکـرد، ڕۆنـم دەگۆڕی، لە چەم دەمشـۆری، هەموو ڕۆژێک سـەیری مەکینەم دەکرد، سـیمورغیش هەر ئەوە بوو باڵی نەبوو، دەنا بەڕاستی لە ڕێوبانان سیمورغ بوو، بەبێ باڵ دەفڕی!

دوو ڕەش

چەنـد ڕۆژ پێشـتر، بـۆ جەولـە چووبووین بـۆ کۆنـەدێ، لە کاتی ڕۆیشـتنمان دوو لاوی خوێنگەرمـی بەحەمـاس دوامانکەوتـن، نەدەگەڕانـەوە و داوای چەکیـان دەکرد ببن بە پێشـمەرگە. چەند ڕۆژ بەبێ چەک بە دوامانەوە بوون، سەرەنجام یەک دوو چەکمان بۆ پەیدا کـردن و عەلـی ڕەش و عومەرە ڕەش بوون بە پێشـمەرگەی کۆمەڵە. عەلـی مایـەوە و بـەردەوام بـوو، دوای ماوەیەک عومـەر ژنی هێنا و چووەوە ماڵ. دوای ئەم شـەڕە حەوتهەشـت تفەنگی زیادەمان هەبوو و خەڵکی دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی و ئێمەش دوای لێکۆڵینەوە چەکمان پێ دەدان، وردەوردە دوو مەفرەزەکەی سابڵاغ نزیک سی پێشمەرگەی هەبوو.

خەبەر هات دوکتۆر جەعفەر شـەفیعی بووەتە بەرپرسـی بۆکان و سـەقز و مەهاباد بە ناوی ئامر هەرێمی موکریان. دەبوو هەموو بچین بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسی هەرێم لە قەرەگوێزی بۆکان.

حەوت دەروێشەکەی سەقز

کوڕانی بۆکان وەک کاک مینەی حیسـامی، هاشم ڕەزایی، ڕەحمان یەکشـەوە (حوسـێنزادە)، ڕەحیمـە ڕەش، حەسـەن ئارپیچـی، فاروق بابامیـری و چەنـدی دی هاتبـوون، ئێمـە وەک مەفرەزەکانی سـابڵاغ زۆربەمان چووین. سەقز حەوت کەس بوون هەمیشە بەیەکەوە بوون، لـە مزگـەوت، لە ماڵان، پێم دەگوتن دەروێشـەکانی سـەقز و لێک جیا نەدەبوونەوە، زۆر ئارام و سەنگین و ڕۆشنبیر بوون. دوکتۆر جەعفەر، کە زووتر ئاشـنایەتیمان هەبوو، زۆری حەز لە گاڵتە و قسـەی خۆش بـوو، ئەویـش هەر وای بانگ دەکـردن، کاک موعتەسـەم تاتایی، عەتا قورئانی، شاباز شەهلایی، سیروان کاوسی، ڕەحمان ئەرغەوانی، تاهیر ئادەمی و مەحمود کەیوان، لە سەرەتای شۆڕشی بەرگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حەوت دەروێشەکەی سەقز بوون. بەداخەوە عەتا قورئانی

دوای دوو جار برینداربوون، له کاتی دروســتکردنی بۆمبێکی دەســتی له ئاوایی قڕووچە، له یەکی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦١ هەتاوی (١٩٨٢-١١-٢٢)دا شەهید بوو.

لــە کۆبوونەوەکــەدا کۆمەڵێــک بڕیــار و ڕەخنــە و ڕاســپاردەکانی ســەرکردایەتی، کە ئــەوکات مەقەڕیــان چووبوو بۆ بێـژوێ لە ئالانی سەردەشــت، خوێندرایەوە. دوکتۆر جەعفەر مرۆڤێکی خاکی و متەوازع و میهرەبان بوو. هەموو بە دڵ خۆشمان دەویست و مایەی قبووڵ بوو بۆ بەرپرسی ئەم هەرێمە. من پێشتر لە ناوزەنگەوە دەمناسی.

ئێلین باکسی و مێشوولەکانی لای مام جەلال

هەر لە هاوینی پێشــتردا، بەر لە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردســتان، هەر وەک باس کرا کوردســتان و بە تایبەت مەهاباد، کە بووبوو بە سەرچاوەی ڕووداو و هاتوچۆی هەموو لایەک، سێ کەسی ئــاڵای ئــازادی هاتبوون لە ســویدەوە وەک ڕۆژنامەنووس بۆ ڕاپۆرت و هــەواڵ و دیتنــی کوردســتان و چوونیان بۆ یەکێتیی نیشــتمانی. بە هــۆی کاک عومــەر شێخمووســەوە، کاک مەحمــود باکســی و ئێلینی هاوســەری و مەمەد ئوزوون، پێیان دەگوت فەرزەند، هاتن بۆ مەهاباد و ماڵــی ئێمە. پێشــوازیمان لێ کردن و بۆ زۆر شــوێنمان بردن. ئێلین ژنێکی ســوور و باڵابەرزی گۆشــتنی جوانی ســویدی بوو، کە چووین بۆ ناوزەنگ مێشــوولە زۆر بوو، زۆریان پێـوە دابوو. گەڕاینەوە ماڵی خۆمان حەجمینی نەبوو، سینگ و باسکی هەموو سوور هەڵگەڕابوون. دایکــم لێی چــووە پێش و هەر بــە کوردی دەیلاوانــدەوە دەیگوت ئەم فەقیرەتــان بــۆ وا لێ کردووە؟ ئێلینیش بە ئیشــارە بــۆ دایکم، پەنجەی لە ســەر شوێن مێشــوولەکان دادەنا و دەیگوت: جەلال تاڵەبانی! جەلال تاڵەبانــی! واتــا لە لای مام جەلال وام لێ هات! دایکم بردی بۆ حەمام و هەموو گیانی بە عەتر و ئودکولون بۆ شــۆری و دەســتێک جلی جوانی ژنانی موکریانی لە بەر کرد، زۆری پێوە جوان بوو. لە هاتنەوەمان مام

جـەلال گوتی بیانبە بۆ بۆکان و لای دوکتۆر جەعفەر با وەک نوێنەری کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕ وتووێژیان لەگەڵدا بکات. ئەوکات هێشـتا کۆمەڵە خۆی ئاشکرا نەکردبوو، بەس مام جەلال بە لایەوە گرنگ بوو کە ئەمانە دەچنەوە بۆ سـوید قسـە و ڕاپۆرت لەسەر کۆمەڵەش بکەن، نەک تەنیا حیزبی دێموکرات وەک حیزبی کوردی! لەگەڵیاندا چوومە بۆکان و ماڵی دوکتۆر. نانی نیوەڕۆمان لە ماڵی دوکتۆر خوارد، وتووێژێکی تەواویان لەسەر چۆنێتیی دروستبوونی کۆمەڵە و بەرنامە و ستراتیژییان لەگەڵدا کـرد. دوای چوونەوەیان ژمـارەی ڕۆژنامەکەیان، کە لاپەڕەی یەکەمی وێنەی دوکتۆر بوو بە سـندووقی پۆستی کاک عومەر شێخمووسدا بۆ ناردین. دەتوانم بڵێم یەکەم کەس بە ناوی کۆمەڵە و بە ئاشـکرا قسەی بـۆ ڕۆژنامەنووسـان کردبێت، دوکتۆر بوو لەگەڵ مەحموود باکسـیدا کردی، لە نێوان بەهار و هاوینی ١٩٧٩دا.

حەمامی ناو ئەشکەوت

دوای کۆبوونـەوە لەگـەڵ دوکتۆر جەعفەر، لە ڕێگـەی گەڕانەوەدا گوتیان، با بچین بۆ ئەشـکەوتی سەهۆڵان، کونەکوتریشیان پێ دەگوت، بـۆ خۆشـۆرین. ئەشـکەوتی سـەهۆڵان گۆمێکی گـەورەی لەناو بوو، بـە هەزاران کۆتـر و شەمشـەمەکوێرە لەمبەر و ئەوبـەری ئاوەکە لە فڕیـن و گەمەکردندا بوون، ئاوێکی زۆری بێبن هەموو ئەشـکەوتەکەی داگرتبـوو، زۆر پیس و پڕ لە پاشـماوەی حەیـوان و کۆتر بوو. (دەڵێن ئێستا بووەتە شوێنێکی خۆشی گەشتیاری، بەداخەوە من هەر بە پیسی و وێرانـی دیومـە) مـن ناوبانگم بوو بەوەی کە خۆم ناشـۆم و دەڵێم، پارتیـزان دەبێت لە حـەوت کیلۆمەتری بۆگەنی بێت و گیڤارا وا دەڵێت! هەڵبـەت دوکتۆر جەعفەر ئەو قسـانەی بۆ سـاز دەکـردم و لە کۆڕ و کۆبوونەواندا مەجلیسی پێ خۆش دەکرد و دەیگوت پێشمەرگەی وامان هەیـە وەک عەلی دەڵێ گیڤارا وای گوتووە. یان «عەلی کوێر» دوکتۆر بەسـەریدا بڕیـم و حەقیقەت شـتێکی دی بـوو؛ ئێوارەیەکـی درەنگی

تاریـک هــەر من و پێشــمەرگەیەک و دوکتۆر لە گونــدی ئاجیکەندەوە دەچووین بۆ شــەرەفکەند، کێلەکانی گۆڕســتانی پێش شــەرەفکەند بۆ بــەرزی زۆر بەناوبانگن، چراکانی ســیمورغەکەم بۆ بــاری ئەمنییەتی کوژاندبــووەوە و بــە تاریکی دەمئاژواند، لەپڕ دوکتۆر هــاواری کرد ئەوانە کێن؟ بەڕاستی وەک زەلام دەچوون. دابەزیم و هاتمەوە سەر و گوتم: دوکتۆر گیان کێلن، ئەوە بۆ کێلت لێ بووەتە پاسـدار؟! ئیتر زۆر پێکەنین. دەچووینە هەر شــوێنێک دەیگوت، عەلی لە کێلەکان هاتووەتە خوار و هەر هاواری کردووە: «زەلام کێی؟!» کەس جوابی نەداوەتەوە و تــووڕە بووە چووەتە پێش و دەســتی لــێ داوە «ئەرێ کاکە کێی بۆ جواب نادەیتەوە»! دوکتۆر بەڕاســتی چــاوی زۆر زەعیف بوو، کەیفی دەکــرد و دەیگوت چاکم پــێ کردی عەلی، کوێرایەتیی خۆم کردە عەلی کوێر؟! بەڵام بەڕاســتی لە خۆشــۆریندا زۆر تەمەڵ بووم و ئێســتاش هەر وام. چووینە ناو ئەشــکەوتەکە بە هەڵتروشــکاوی و قونەخلیســکە لە زارکی ئەشــکەوتەکە چووینــە ژوورەوە. لە پەنایەک دانیشــتم و بە تەمای خۆشــۆرین نەبووم، جەماعەت خۆیان تێ هاویشــت و دەستیان بە جلشــۆرین کرد. لەناکاو دوو سێ لە هاوڕێیانم لە پشتەوەڕا گرتیانم و تێیان هاویشــتم، بە زۆرەملی و ئینکارێکی زۆر ئاخری جلەکانیان پێ شۆریم و خۆشم شوشت.

ناڵەی مەکینە دەگەیشتە ئاسمان

دیســان چالاکێکمان لە سەر ڕێی بۆکان و میاندواو لە نزیک گوندی مەلالــەڕ هــەر وەک جاری پێشــوو ئەنجام دا، خەڵکــی زۆرمان لێ کۆ بوونــەوە و زیلێکــی گــەورەی تایبــەت بە مووشــەکی تــاو کەوتە ناو کەمینەکەمان و چەند ســەرباز و بەرپرســی گەورەی ئەرتەشی بە دیل گیــران. ئەوانەی ئەمجارە کەوتنە ناو کەمینەکەمان ئەرتەشــی بوون و پاسداریان دەناودا نەبوو. زیلەکە زۆر گەورە بوو، گوتیان بیسووتێنن و بۆمان دەرناچێت، گوتم چۆن بیسووتێنین ناوەڵا حەول دەدەم لێیخوڕم

و کەسێک با سیمورغەکە ببات من ئەوە دێنم. هاواریان کرد گوتیان، فریا نەکەوی دێنە سەرمان. نیگەران نەبووم، چونکە زەردە پەڕیبوو، تاریکی خەریک بوو باڵ بکێشێ بەسەر وڵاتدا، چووم و خەریکی گێڕ و هەڵکردنەوەی بووم، هەڵکرا بەس لە گێڕەکانی نەدەگەیشتم، دوای دەستتێوردان چوو بۆ ناو گێڕ و جووڵا، مەفەرەزەکەمان لە چۆم پەڕیبوونەوە و ڕوویان لە وەتەمیش کردبوو، پێشمەرگەیەکم لەگەڵدا بوو، بریا ناوەکەیم بیر کەوتبایەوە، بەرەو چەمەکە چووم زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت و ناڵەناڵی مەکینە دەگیشتە ئاسمان، هەر بە شوێن تایەی سیمورغەکە لە چەمەکەم دا و بە ئارامی پەڕیمەوە، ئیتر خەتەر نەما و بە ئاسوودەیی دەمتوانی بیئاژۆم. هەموو گەیشتینە ناو دێی وەتەمیش و بوو بە شایی و شادی و پێشوازیی گەرمی خەڵکی ئەم گوندانە، بە تایبەت کە گوتمان ئەمە سەیارەی مووشەکی تاوە، هەر یەکجار زۆری پێ شاد بوون.

دوای گەشتی درەنگی ئێوارە و ئەم شەوە بە گوندەکاندا و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک، گوتیان دەبێ هەر ئەمشەو ئەم زیلە گەورەیە بشاردرێتەوە، بەیانی کۆپتەر و فڕۆکە بۆی هەڵدەستن. باشترین شوێن گوتیان شاخی چەکووچە لە پشتی قزڵجە. بە پێی ڕۆیشتنی زیلەکە زۆر دوور بوو، سیمورغ و پێشمەرگەکان پێشکەوتن تا نزیک ئاوایی دەرمان بووینەوە، لەوێرا بەبێ لایت و بە نهێنی و بە چەند سەعات گەیشتینە شاخی چەکووچ. سەرکەوتنی لەم شاخ و کێوە زۆر زەحمەت و گران بوو. لە شوێنێکی باش و لە بن بەرد و گیا و خێمە دامانپۆشی و وەک دەڵێن بە دار و چرپی ئیستتارمان کرد.

ڕۆژ بووبووەوە گەڕاینەوە، زۆرمان سەر دەرنەکرد لەو هەموو جیهاز و گڵۆپ و پێچ و برغووەی ناو زیلەکە. گوتیان نامە دەنووسین و سەرکردایەتی ئاگادار دەکەینەوە چیی لێ بکەین. هەر دەهات و داواکاریی پێشمەرگایەتی زیادی دەکرد و چەکمان نەبوو، مەیدانی جەولەکردنمان بە تایبەت دوای گرتنی سیمورغەکە زۆر فراوان بووبوو،

دەچووینــە زۆربەی ناوچەکانی دەوری مەهاباد، لە مەنگوڕان، گەورک، مەحاڵ، ســندووس، شــارویران، چۆمی مەجیدخان و شــاماتەوە بگرە تا دەگەیشــتە دەوروبەری ڕەبەت و سەردەشــت. ئەوەنــدە بە خێرایی هاتوچۆمان دەکرد، خەڵک سەری سووڕ مابوو و پێیان وا بوو هەموو دار و بەرد و وڵات پێشمەرگەی کۆمەڵەیە و هەر لەناکاو زاهیر دەبن!

١٥

بێژوێ لە ئالانی سەردەشت

ڕۆژێکــی خۆشــی پاییزی بــوو، دوکتــۆر جەعفەر گوتی، ســاز بە دەچینە شوێنێکی خۆش و کەسێک دەبینی زۆرت پێ خۆش دەبێت، پێی نەگوتــم بۆ کــوێ دەچین و کێ دەبینین. لە ناوچــەی بۆکانەوە بەرەوە بانــە و لەوێشــەوە تەوای ئەم گوندانــەی نێوان بۆکان و سەردەشــت و بانــە، بــە ڕێی ئارمــردە تا گەیشــتینە نیهایەتی ئەم ڕێگــە نیزامییەی زەمانی شــا لە سەر ســنووری ئێران - عێراق لێیان دابوو بەرەو ئالان و لە ســەر چەمی دووئــاوان، بە هۆی ڕووخانی ڕژیمــی پەهلەوی، بە ناتەواوی جێیان هێشــتبوو. جادە نەما و سەیارەمان جێهێشت و بە پێ ســەرەوژووورییەکمان بڕی و گەیشــتینە بێژوێ لە ئالانی سەردەشــت، یەکەم جار بوو بێژوێ ببینم، ماڵەکان هەموو لەســەر یەک و لە داوێنی شاخێک، هەر خانوویەک سواری خانووەکەی پێش خۆی بووە، تا بڵێی دێیەکــی جــوان و قەرەباڵغ بوو، حەوشــەی هەر ماڵێــک بانی ماڵەکەی پێش خۆیەتی، هەموو بانێک باگردێنی لێیە بۆ ســەربان شێلان و پێشی دڵۆپەگرتن، بەر هەر ماڵێک ئێسترێک بەستراوەتەوە، بەسەدان گوێدرێژ و ئەسپ و ئێستر لە هاتوچۆدان، زۆربەیان خەریکی کاسبیی وڵاغداری و هێنانوبردنی بار بوون، قەیاســەکێ، لغاوەکێ، کورتانەکێ وشەگەلێک بــوون بە زاراوەی خۆیــان زۆرترین جارت گوێ لــێ دەبوو. زۆربەی ماڵــەکان هــۆدەی نهۆمی خوارەوە، ناوماڵ و مدبەق و تەویلە و ئاغەڵی لەخۆدەگرت و هۆدەی سەرەوە دیوەخان بوو.

لەگەڵ دوکتۆردا بە کۆڵانی سەرەوژووور و تەنگەبەردا سەرکەوتین، ماڵێکــی دووقات و لە دوورەوە کاک عەبدوڵڵا و مامۆســتا برایم هاتنە ســەر پلیکانــەکان و بەخێرهاتنیان کردین، کاک شــوعێب زەکەریایی و

یـەک دوو هاوڕێـی دی لەم ماڵە بوون. کاک خەلیل بللوریان، دۆسـتی بنەماڵە و هاوڕێی نزیکی کاکم بوو، ئەویش لەوێ بوو.

نان و چامان خوارد، دوکتۆر گوتی، ئێسـتا تۆ بڕۆ و ئەو کەسـەی گوتم ببینە، خاڵت لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین لێرەیە. زۆر خۆشحاڵ بـووم و نەمزانیبوو دوای ئـەوەی لەگەڵ کاک زێڕۆدا بەڕێمان کردەوە بۆ عێراق گەڕابێتەوە. گوتی، ئێمە سەرکردایەتیی کۆمەڵە یەک دوو ڕۆژ کۆبوونەوەمـان دەبێت و تـۆ بچۆرە لای خاڵت، کە تەواو بووین بانگت دەکەم و دەگەڕێینەوە بۆ موکریان. پێشمەرگەیەکی بانگ کرد بمبات بۆ خوارەوەی بێژوێ «پاوێ»یان پێ دەگوت، دیار بوو مەقەڕی مامۆستا لەناو ڕەزەکاندا بوو.

چارەنووسی شێخ عیزەدین

مامۆستا زەبیحی و مامۆستا شێخ عیزەدین، کاک سەعد و سەلاح و محەمەد موهتەدی برای بچووکی کاک سەلاح لە ئەورووپاوە هاتبووەوە، کاک ئەحمـەد ئەسـکەندەری، کاک فاتیـح شێخولئیسـلامی و کۆمەڵێک مەلای دەفتەری مامۆسـتا وەک مەلا عومەری عەسری و مەلا محەمەد و ڕەحمان شکاک و... لێ بوون. خاڵم و کاک سەعد خێمەیەکیان هەبوو، منـی دیت زۆری پێ خۆش بوو، پرسـیار و وەڵامی زۆری لێ کردم و باسی ئەو ماوەیەم بۆ کرد و گوتم، ئێستا پێشمەرگەی کۆمەڵەم.

گوتـی، باشــە خراپ نییە، بـەس پێم وا بـوو هەر لەگـەڵ یەکێتیدا ماویتـەوە، بۆم باس کرد مام جەلال پێی باش بوو بچینە ناو کۆمەڵە و ئێمەش قسەمان لەگەڵدا کردن و بووین بە پێشمەرگە.

شـەو لە نـاو خێمەکەی خاڵم مامـەوە، تەنیا لایتی دەسـتی و لامپا هەبـوو، هــەر دە هاتوچـۆدا بـوون و یـەک دەهات و یـەک دەچوو و قسەوباسـی خێمەی مامۆسـتایان بۆ دێنا، لە قسان حاڵی بووم زۆرتر لە شـێخ جەلال نزیک بووەتەوە و زۆرتر باسـی ئەوە، هەرچەند شـێخ جەلالیـش بە ناو هــەر ئەندامی دەفتەری مامۆسـتا بـوو و تا ئەوکات

حیزبـی خۆی دروســت نەکردبوو، بەس یەک دوو جارم بیســت خاڵم زۆرتری باس دەکرد و گوتی ئازایە! تێگەیشتم لە قسەکانی کاک سەعد و خاڵم، لێناگەڕێن مامۆســتا شـێخ عێزەدین حیزبێکی بۆ خۆی هەبێت، بــە بیانــووی ئەوەی ئــەو ڕابەرە و حیزبــی ناوێ، هەرچــی خاڵم بوو دەیگــوت، بەیانــی دوو بەیانی ســەری بێکڵاو دەمێنێتــەوە، هەر حیزبە بۆخۆی نوێنەرایەتیی خەڵکی خۆی دەکات و ئەمڕۆ کاریان بە مامۆستا و جەماعەتەکەیەتــی، بەیانــی فڕێی دەدەن. کۆمەڵە ناخوازێ مامۆســتا ئیی کەســی دیکە بێت و تەنیا بۆ خۆیانیان دەوێت. زەبیحی پێی وا بوو لەســەر ڕێنوێنیی مام جەلالیش، مامۆســتا حیزبێک بۆ خۆی دروســت بــکات و هێــزی خــۆی هەبێت، کــە ئەویش ڕەقــەم بێ و حیســێبی بۆ بکرێــت و بەیانی هەر وا بە ئاســانی کە کاریان پێــی نەما فت نەکرێت. دیــارە زەبیحی ئەزموون و ژیانێکــی دووورودرێژی لە ململانێی حیزبی و ئەستۆشــکاندنی یەکتــر دیبــوو، دەیزانی ئەم شۆڕشــە بــەردەوام و درێژخایــەن دەبێــت و دواڕۆژ گەر مامۆســتا هەر خــۆی و چەند مەلا و فەقێیــەک بمێننەوە، لە لای کەس، نە دۆســت و نە دوژمن ســەنگ و قورسایی نامێنێت. دیار بوو ئەم بەرنامەیە هەر لە هاوین و دوای دیتنی زەبیحی و مام جەلال لەگەڵ مامۆستادا لە ئارادا بووە و گفتوگۆ و ڕا و تەدبیری لێ کراوە. تێگەیشتم کاک سەعد و خاڵم لە پەشیمانکردنەوەی مامۆســتا زۆر نیگــەران بوون، چەنــد جارم لێ بیســتن دەیانگوت لێی ناگەڕێــن و خۆشــی ناوێرێت، ئــەم خەڵکەی دەوروبــەری تەنیا بیر لە خۆیان دەکەنەوە و ســەری بە قوڕدا دەکەن، کاری خۆیانی پێ ڕاســت دەکەن و دواتر بەجێی دێڵن، بەڵام شـێخ جەلال ئازا و بوێرە. ئەوە ئەم قســانە بوون؛ ئەم شــەوە لەبەر شــەوقی لامپایەک و لە ناو خێمەیەکی چوار پێنج کەســیدا کە زیاتر لە دە کەس لە ســەر چۆک دانیشــتبوون، پــڕ لە دووکەڵــی جگەرە، بە خێرایی بەرگوێــم دەکەوتن. بە کورتی لێم حاڵــی بوو زەبیحی، مامۆســتا بــە پیاوی ئەم بــوارە نازانێت وەک مام جەلال ببێتە چەترێک و هەموو حیزبەکان لە ســایەیدا، ڕابەری بکات و

بیانجوولێنێت. خۆی ئەوەی پێ ناکرێت و ناشهێڵن و ئیجازەی پێ نادەن کەسێکی وەک زەبیحی بە ئەزموون، ئەم کارەی بۆ بکات. دیار بوو هەموو ڕۆژەکان کۆبوونەوەیان کردووە و مامۆستایان ڕازی کردووە و دواتر ئیدیکە چوون و پەشیمانیان کردووەتەوە. باسی پرۆگرام و مەرامنامەی حیزبەکە دەکرا کە زەبیحی ئامادەی کردووە و مامۆستا لەسەری دوودڵ و لە دڵەڕاوکێ دایە و ساغ نابێتەوە. لە لایەکی ترەوە شێخ جەلال زۆری حەز لە حیزبێکی سێهەم بوو، نە دێموکرات بێ و نە کۆمەڵە، خەتی گشتی بێ وەک ئەوەی مام جەلال و زۆربەی خەڵک و چالاکی سیاسی بگرێتەوە، هەر ئەوەی زەبیحی دایڕشتبوو، تەنیا هەنگاو و بوێری و ڕەزامەندیی مامۆستا شێخ عێزەدینی دەویست، بەڵام شێخ جەلال هەم برای بچووکی مامۆستا بوو و هەم ئەو هەژموونی و کاریزمایەی مامۆستای نەبوو بۆ ڕابەریی حیزبێکی خەتی گشتیی لەم چەشنە، دەکرا مامۆستا شێخ عێزەدین ڕابەر با و شێخ جەلال باسکی بەهێزی با، گرفت لە خودی شێخ عێزەدین و کەسایەتیی ئەودا بوو کە خۆی بۆ شتێکی وا هەرگیز ئامادە نەکردبوو، نەک هەر ئەو، بە ڕای من زۆربەی ئەو خەڵکەی دوای فەرمانی جیهادی خومەینی لە مانگی گەلاوێژ هاتنە دەر و ڕوویان لە شاخ و پێشمەرگایەتی کرد، هەرگیز بە بیریشیاندا نەدەهات کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤٠ ساڵ عومر بکات. ئەوان پێیان وا بوو چەند ڕۆژێک لە شاخ دەمێننەوە و سەروەری بۆ خۆیان تۆمار دەکەن و دەچنەوە بەروبوومی ئەم چەند ڕۆژەی پێشمەرگەبوونیان دەدروونەوە.

شەڕی شڕەخۆری و خۆخۆری

شێخ عێزەدینی حوسێنی مرۆڤێکی ڕۆحانی، ئارام و سادە، ئاشتیخواز، بێتەماح و پێشکەوتووخواز بوو. ڕوحیات و خدە و ڕەوشتی کەسایەتیی ئەو هەر لە بنەڕەتەوە ئیجازەی نەدەدا ببێتە سەرکردەیەکی مەیدانیی شۆڕشێک بە دەیان هەزار چەکدار و ڕۆشنبیر، دۆست و

دوژمن و پڕ له ڕووداو و ملشکاندن و سیاسه‌تبازی و فێڵ و یاریکردن بـــه هه‌ســـت و ئازاره‌کانی کۆمه‌ڵانـــی خه‌ڵکی تێدا بێـت. زۆر دواتر له‌م مێژووه له وتووێژێکی خۆمدا، به ڕوونی و به‌بێ شـــاردنه‌وه و زۆر به ساده‌یی ده‌یگوت:

«ئه‌من قه‌د نه‌مده‌زانی ئه‌ســڵه‌ن جه‌ماعه‌تێک که هاوڕامن، ده‌شتوانن نســبه‌ت به یه‌کتر ئه‌وه‌نده خراپه بکه‌ن!... خۆ من ئه‌و شتانه‌م نه‌ده‌زانی، من ته‌نیا کوردایه‌تیم کردووه... ئه‌سڵه‌ن زۆر ساده و سه‌تحی بووین،... ئه‌من پێم وا نه‌بوو سیاســـه‌ت ئاوایه و...»[1]. شه‌و دره‌نگ بووبوو، لامپا کــز کــرا و به‌تانی دابه‌ش کران، تاقم و تفه‌نگه‌که‌م له بن ســـه‌رم نا و و له‌به‌ر زارکی خێمه‌که درێژ بووم، هێشـــتا چاوه‌کان گه‌رم دانه‌هاتبوون، ته‌قوتوقێکـــی زۆر و زرموکوت په‌یدا بوو، به په‌له خۆم به‌ســـت و هاتم ڕاکه‌مـــه ده‌ر و بـــه‌ره‌و ته‌قه‌کان بچم، خاڵم تونـــد گرتمی و به تووڕه‌یی گوتی:

- دانیشه بۆ کوێ؟!
- ئه‌ی ئه‌وه نییه ته‌قه‌یه، شه‌ڕه، ده‌چم بزانم چییه!
- ناچی، ئه‌مه شه‌ڕ نییه، نه دوژمنی لێیه و نه هیچ!
- چۆن ده‌بێ خاڵه لێره دانیشین؟ ده‌بێ بچم بزانم چ بووه!
- لێره نابزووی، ئێستا خه‌به‌ر دێ!

هاتینه ده‌ر له خێمه‌که، هه‌ر فیشـــک بوو به ئاســـمانه‌وه، دیار بوو له ســـه‌رووی ئێمه و به‌ره‌و دێ بوو، ڕووی ته‌قـــه‌کان له ئێمه دوور بوون، له خێمه‌که‌ی مامۆســـتاوه به ده‌نگی به‌رز داوای خه‌به‌ر و ســـه‌لامه‌تییان ده‌کرد، گوتمان هیچ نازانین و هه‌موو ســـه‌لامه‌تن. یه‌ک دوو خوله‌کی پێ چـــوو ته‌قه کز بـــوو، هاواریان کرد له مه‌قه‌ڕی کاک ســـمکۆی عه‌لیاریان داوه و ده‌یانه‌وێت چه‌کی بکه‌ن، نه‌مانزانی کێ هێرشی کردووه‌ته سه‌ریان.

١- بڕوانه، ژیان و به‌سه‌رهاتی عه‌بدولڕه‌حمان زه‌بیحی (مامۆستا عوله‌ما)- له وتووێژی شـــێخ عێزه‌دینی حوسێنی، لاپه‌ره ٣٤٢ له ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٤دا، زۆر زیاتر له‌وه باسی تێگه‌یشتنی خۆی له سیاسه‌ت ده‌کات.

خاڵم گوتی، پێت دەڵێم ئەمە شــەڕی دوژمن نییە، شــەڕی شڕەخۆری و خۆخۆرییە، ئەوە من دەزانم؛ سمکۆ چەکی لە عێراق وەرگرتووە و حیزبی دیموکــرات بۆ شــڕەخۆریی خۆی هاتووەتە ســەری بۆ ئەوەی شــتێکی دەســت بکەوێت. بەیانی ڕۆژ بووەوە، خەبەر هات، ڕووداوەکە هەر ئەوە بــوو خاڵم گوتــی، جەماعەتی دیموکرات چووبوونە ســەر مەقەڕی کاک ســمکۆ زۆریــان تەقە لــێ کردبــوو، کاک ســمکۆ و جەماعەتەکەی لێیان هاتبوونە دەســت و بەرگرییان کردبــوو، هەموویان ڕاو نابوون، هیچیان پێ نەچووبوو، وا بزانم یەک کوژراو، یان بریندار هەبوو.

سنووری باشوور

بەیانی هاتمە دەر و بۆ سەردانی ماشێنەکە ڕووم کردە سەر ئاوەکە و ئەم شوێنەی زێی بچووک بە دوو فەرعەوە تێکەڵی زێی گەورە دەبێتەوە و بــە گرڤەگــرڤ ڕوو لە باشــوور دەکات و دوو پارچە لە جەســتەی کوردستان لێک جیا دەکاتەوە، ڕووبارێکی جوان و بەجووڵە، پڕ لە وزە و ســەدا، ناویان لێ ناوە ســنوور. ئەوێ، ئەم ســنوورە دەستکردە بوو ئالانی ئەمدیوی لە ئالانی ئەودیو جیا کردبووەوە، بە جوانی ناو مووچە و مەزرا و هەموو گوندە سووتاوەکانی ئەوبەرم دەدیت، سەدام هەموو ئەم سەر سنوورانەی لە خەڵک چۆڵ کردبوو، هەموو کانیاوەکانی کوێر کردبــووەوە و بە کۆنکرێت داپۆشــیبوون، دارهەنارەکان هەناری دوو ســێ ساڵیان هەر پێوە بوو، زۆربەی داربەڕوەکان گەڵی[1] کۆنیان هەر لەنــاودا مابوو، گەڵاکان لە ناو لق و پەلکــی دارەکان مابوونەوە و هیچ خاوەن بزن و حەیوانێک نەیبردبوونەوە ماڵ لە زســتاندا. مزگەوتەکان ڕووخابــوون و دیــوارە ڕووخــاوەکان بە حاڵ بە پێوە بوون. ســەدام هەمــوو ئــەم وێرانییــەی بۆیە کردبــوو پێشــمەرگە شــوێنی نەبێ بۆ حەسانەوە و نانخواردن.

١- گــەڵ، گــەڵا و پەلکی دار، کە بۆ خواردنــی حەیوانات هەر لەناو خودی دارەکەدا هەڵدەگیرێت.

سابلاغ پڕە لە پێشمەرگە

جێبێک پەیدا بوو، چەند مامۆستای سابلاغی تێدا بوو، دەمناسین، یەک لەوان کاک سەدیق شێخانی بوو، دابەزین و پرسیاری مەقەڕی مامۆستایان دەکرد، چاکوچۆنی و هەواڵپرسین، زۆر تووڕە بوون و گوتیان ئەوە لێرە چ دەکەن، سابلاغ پڕە لە پێشمەرگە، پاسدار زاتی نییە سەر بێنێتە دەر و ئێوەش لەم سنوورە خۆتان شاردووەتەوە. زۆر بە خەبەری چالاکیی پێشمەرگە لەناو سابلاغ شاد بووم و حەجمینم نەما، بەدەست خۆم بایە بۆ چرکەیەک نەدەوەستام و دەگەڕامەوە. روویان کردە لای خێمەکانی مامۆستا و باس و خەبەری شاریان بۆ گێڕاوە، داوای ئەوەیان دەکرد لە زمانی خەڵکی شار و بە نوێنەرایەتیی خەڵک ڕاسپێردراون مامۆستا لەگەڵ خۆیاندا بەرنەوە و هەموو بێنەوە ناوشار، ڕۆژی هەینی کە پێم وا بێت ڕۆژی دواتر بوو، دەبێت مامۆستا لە مزگەوتی سوور پێشنوێژیی خەڵک بکات، گوتیان چەند کەسی وەک فروهەر و ئەوانە هاتوون لەگەڵ خەڵکی شاردا قسەیان کردووە. هەڵبەت پێش ئەوەی ئێمە بێین بۆ ئالان گوتیان وەفدی حکومەت چووبوو بۆ بنوخەڵەف و بێوران و قسەیان لەگەڵ مامۆستا و دیموکرات و کۆمەڵەدا بە بەشداریی مام جەلال و کاک نەوشیروان کردبوو.

بەم هاتنەی مامۆستاکان و گێڕانەوەی خۆشیی کەشوهەوای سیاسیی ناوشار، مامۆستا شێخ عیزەدین زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەویش لە من بەپەلەتر بوو بۆ چوونەوە، یەک دوو لە مامۆستاکان گوتیان، بێ مامۆستا شێخ عیزەدین ناچینەوە، دەبێت لەگەڵماندا بگەڕێتەوە. بوو بە کۆبوونەوە و سرتوخورت و ڕاوێژ و چ بکەین و چ نەکەین، زۆربەیان لەگەڵ ئەوەدا بوون مامۆستا ساز بێ و بچێتەوە و لە مزگەوتی سوور خەڵکێکی زۆر کۆکەنەوە و ببێتە پەیامێک بۆ تاران و بۆ خومەینی، کە کورد وا یەکدەنگ داوای مافە ڕەواکانی خۆی دەکات و مامۆستا ڕابەری دینی و سیاسیی گەلی کوردە.

دێموکرات ویستبووی هەر خۆی بێت

هەر لــە کۆبوونەوەکانی بنوخەڵف لەگەڵ وەفدی دەوڵەتدا، گەڵاڵەی دروســتکردنی دەســتەی نوێنەرایەتیــی خەڵکی کورد شــرۆڤە کرابوو، گیروگرفتەکە ئەوە بوو کێ بەشدار بێ و کێ نەبێ. لە دەستپێکدا حیزبی دێموکرات ویســتبووی هەر خۆی بێت و تەنانەت گفتوگۆشــی کردبوو، دواتر مامۆســتا گوتبووی دەبێت هەموو بین لە دەســتەی نوێنەرایەتی، دوکتۆر قاسملوو ڕازی بووبوو کۆمەڵەی تێدا بێت بەس چریک پێویست نییە، ئیتر هەرچۆنێک بێت بە پێداگریی مامۆستا و تەداخولی مام جەلال هەیئەتــی نوێنەرایەتیی کورد بە بەشــداریی مامۆســتا وەک ســەرۆک، دوکتۆر قاســملوو وەک سوخەنگوو (قســەکەر)، کۆمەڵە و چریک وەک ئەندام، دروست کرابوو.

ئێمە عەلاقەی نوێژی جومعەمان چییە؟

مامۆســتا خۆی کۆدەکردەوە وەڕێ کەوێت بەرەو مەهاباد، زەبیحی زۆر دژی وەســتایەوە و گوتــی، نابێ ڕێبەرەکان بچنەوە شــار و نابێ ئاگربەس قبووڵ بکرێت، با وتووێژ هەبێ و پێشمەرگە درێژە بە شەڕ و چالاکیی خۆی بدات، تاکو پێشمەرگە زیاتر سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئێمە لە ســەر مێزی دانوســتان بەهێزتر دەبیــن و دەتوانین داواکاریی زیاترمــان لێیــان هەبێــت، ئێمــە عەلاقەی نوێــژی جومعەمــان چییە؟! هاتووین سیاســەت دەکەین و مافەکانی خەڵکی کورد دەستەبەر بکەین، یــان هاتووین بۆ نوێژکــردن؟! زۆر تووڕە بوو، بەس زۆر تەنیا بوو لە بۆچوونەکانــی و هەمــوو جەماعەتی دەفتەری مامۆســتا لەگەڵ ئەوەدا بوون مامۆســتا بچێتەوە، ئیتر زەبیحی زانیی قســەی ناڕوات، بێدەنگیی لێ کرد و گوتی، کەیفی خۆتانە.

دوکتــۆر جەعفەر گوتی دەبێــت ئێمەش زوو بڕۆینەوە و دەنگوباس زۆرە، بچینــەوە لای کــوڕەکان باشــترە. بەرەو بــۆکان هاتینەوە، دیار

بوو پێشـــمەرگە لە ناو بۆکان بوون، چووینە ناو شـــار، پێشمەرگەکانی کۆمەڵـــە لـــە پێشـــەوە بەرەو جـــادەی میـــراوا مەقەڕێکیان لـــە بینایەکی دووقات کردبووەوە. دوکتۆر گوتی زۆر بێ وەســـیلەین و ســـەیارەمان لازمـــە، گوتم دەچـــم بۆ میاندواو، یان ســـەقز ماشـــێنێک دێنم، دوو دڵ بـــوو لە ناردنم، گوتی دە باشـــە ئەم کوڕە هاتووە بۆ پێشـــمەرگایەتیی خەڵکی ســـەقزە بیبە و بچن. ڕەحمان غولامی کوڕێکی جەوانی بەزەوق و بەهێز، خۆم گۆڕی و جلی پێشـــمەرگانەم دانا و بە کراس و شەرواڵ و دەمانچەیەک ڕۆیشـــتین بۆ ناوشـــار، لە جادەی ســـایلۆ جیبێکی زۆر تازەی ئیدارەی کەشـــاوەرزی بە بەردەماندا ڕۆیشـــت، لـــە گەڕانەوەیدا ڕامانگرت و بەزۆر شـــۆفێرمان هێنایە خـــوار، بە خێرایی جادە و جادە بـــەرەو بۆکان لێمخوڕی و کەس پێی نەزانـــی. هاتینەوە بۆکان و جیبی تازەی شابازمان تەسلیمی دوکتۆر جەعفەر کرد.

١٦

مەقەڕ لە سەقز

بـۆ ڕۆژی دوایـی ئەبوو شـاهین هاتـەوە بـۆکان، کۆبوونەوە کرا «حـەوت دەروێشـەکەی سـەقز» جیا لە موعتەسـەم تاتایـی هەموو چووبوونە تورجان بۆ مەقەڕدانان، بۆیە بڕیار درا هەموو مەفرەزەکەی ئێمە و موعتەسـەمیش، بە فەرماندەیی ئەبوو شـاهین بچینە سەقز و لە ناوشار چالاکی بکەین. ئێوارە درەنگ بە تاریکی لە ساڵحئاواوە، دێیەکی نزیک شارە بە پێیان چووینەوە ناوشار، موعتەسەم شارەزایی تەواوی هەبـوو لـە مەقەڕی پاسـداران و گوتی لە شـوێنە کۆنەکەی سـاواکە، جێی چاکە و مەجالی زۆرە بۆ لێدانی. لەگەڵ ئەبوو شـاهیندا لێی نزیک بووینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە. شەو درەنگ دوو مووشەکی بازوکامان پێوە نان، ئاگر لە بینا و ناوەوە هەسـتا و دەسـتمان کرد بە تەقە و هەموو خەڵکی شـار لێمان کۆبوونەوە. دوای پێشوازیی گەرمی خەڵکی سـەقز لە ناو کۆڵان و شـەقامەکان گوتمان بـا نەچینە دەر. وا دیارە پاسـدار ورەی نەماوە. چووینە ماڵی موعتەسەم، ماڵێکی خانەدان و بەحورمەت و دڵسـۆز و میهرەبان، زۆریـان خزمەت کردین، بەیانی هەوادارانی شـار هاتن و گوتیان شـار زۆر ئارام و خۆشـە و پاسدار هیچـی دیار نییە، لەگەڵ کوڕەکانی سـەقز و مەفرەزەکـەی مەهاباددا؛ حوسـین سوهەیلی، سەعید گەوهەری، سـولەیمان مودەڕەسی، ڕەحیم قـادری، عەلی ڕەش و... چەند هـەواداری کۆمەڵە هاتینە مەیدانی هەڵۆ، وەک ڕۆژی شـادی و جێژنـی لێ هـات، بینایەک لە سـووچی مەیدان بەتـاڵ بـوو، ئیـی ئیدارەیەک بوو، گوتیـان زۆر جێی باشـە با بیکەین بە مەقەڕ. دەسـبەجێ هەر خەڵک و هـەوادارەکان خاوێنیان کردەوە و شـتومەکیان بۆ هێنا و بۆ یەکەم جار مەقەڕی کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕ لە

سەقز کرایەوە. یەک دوو ڕۆژ لە سەقز لەگەڵ ئەبوو شاهیندا بەیەکەوە شەو لە ماڵی موعتەسەم بووین.

شـێخ عەلـی و حەمەعەلی و دلێـر و فاروق بللـوری چەند ڕۆژێک بـوو لە بۆکان بوون و مەفرەزەکەی ئێمەیان جێ هێشـتبوو. کوڕگەلی سەقزی ئیدارەی مەقەڕیان گرتە ئەستۆ و ژمارەیان هەر لە زیادبووندا بوو. خۆمان بەرەو مەهاباد کەوتینە ڕێ.

ئێـوارە درەنـگ بە لای کۆنـەدێ و لاچین و سـەیداوادا خۆمان بە مەجبوورئـاوادا کـرد، مەجبوورئـاوا گەڕەکێکی دەرەوەی شـار بوو، لەو ئاخریانەی سـەردەمی شـادا، خەڵکی هەژار زەوییان لێ دەکڕی و خانووی فەقیرانەیان لێ دروسـت دەکرد، واتا ئەوانەی مەجبوور بوون دەچوونە ئەو گەڕەکە، بووبوو بە گەڕەکی ئاخری شـار و ئیی فەقیر و هەژاران. کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی شار و پاڵی وەگوندی سەیداواوە داوە و ئێستا یەک لە گەڕەکەکانی شارە.

سـیمورغمان لە ماڵی دۆستێکمان لە سـەیداوا جێهێشت و بە پێیان و بـە حـەزەر و کەمیندەرکـردن کەوتینـە نـاو گەڕەکەکانی شـار؛ بە مەجبوورئاوادا بۆ سێئاشـان، بۆ مەلا جامی و سەربەرداشان و لەوێڕا بۆ لای کورتانفرۆشـەکان، ئەوجار بـۆ لای مزگەوتی حاجی ئەحمەد و مزگەوتی عەجەمان و مەیدانی ئاسنگەران. لە ڕۆژهەڵاتی سابڵاغەوە تا ناوەڕاسـتی هەر هەمووی هاتین و هیچمان نەدی. لە زارکی ناوبازاڕی مەنگـوڕان شـوێنی کۆنی کەبابی حەمەشـەل یەک یـەک پەڕینەوە بۆ کۆڵانی دەرمانخانەی ئەیووبیان بۆ لای ماڵی خۆمان.

ڕەحمان لەناو قوڕەکەدا

پاییزان خەڵک قوڕی سواغیان دەگرتەوە بۆ سواغی بان و دیواران، چەند ڕۆژ کایان تێ دەکرد و لە ناو کۆڵان جێیان دەهێشـت بۆ ئەوەی بترشـێت، پێش هەورازی ماڵی دوکتۆر داود و باپیرم کۆڵانی سـینەما ئومێد هەبوو، لە سـەرووی کۆڵانەوە شـۆقی لایتی سەیارە پەیدا بوو،

هەمـوو بڵاوەمـان پـێ کـرد و هەریەکەمان لـە بندیـوار و دەرگایەک سـەنگەرمان گـرت و دەسـت بە تفەنگ خۆمـان ئامادە کـرد، پیکابێک بە تەنیشـتماندا تێپەڕی و ڕۆیشـت، هاتینە دەر و خۆمان کۆ کردەوە، ڕەحمان تەڕەغە دیار نەبوو، بە تاریکی گەڕاین بەدوایدا، کۆڵانی سینەما ئومێد پڕیان کردبوو لە قوڕی سواغ، ڕەحمان نەیدیبوو بە دەمەوە خۆی فڕێ دابووە ناو قوڕەکە و دەرنەدەهاتەوە، هەرچۆنێک بێ هێنامانە دەر بەس تەواوی گیان و جل و تفەنگی قوڕێکی خەسـتی وەسـەر کرابوو. گوتم، ئێسـتا دەگەینەوە ماڵی خۆمان و لەوێ دەیگۆڕین و دەیشۆرین، تا کاتی گەڕانەوەمان بۆ دەرەوە ویشک دەبێتەوە.

نازانی کێ لێرەیە؟!

لـە دەرگای خۆمانم دا و کوڕەکان هەریەک لە پەنایەک خۆیان مات کرد، شـەهید نەرمینی خوشـکم دەرگای کردەوە و لە خۆشـیی ئەوەی منی دیت باوەشی پێدا گرتم و لە پرمەی گریانی دا، بە بێدەنگی هەموو چووینـە ژوور، دایکـم و بابم هاتنە دەر و زۆر شـاد بوون، ڕەحمانی سواغکراومان ناردە حەمام و جلەکانی داندرا بۆ شۆرین، خەریک بوون نـان و چامان بـۆ ئامادە بکەن کاکم هاتەوە و سـەیارەکەی هێنایە ناو حەوشـەکە، ئەویش لەخۆشـیی ئەوەی من و پێشـمەرگەکانی بینییەوە زۆر خۆشـحاڵ بوو، بۆم گێڕاوە لە کۆڵانی خۆمان چمان بەسـەرهات و ڕەحمـان چیـی لێ هات، گوتی ئەم پیکابەی لێی ترسـاون، من بووم، سـولەیمان لێرە بوو گەیاندمـەوە ماڵی خۆیان، هەر ئەوەمان پێ مابوو هەمـوو لـە قاقای پێکەنیـن بدەین، دەسـتی بۆ تەلەفۆن بـرد و گوتی، سولەیمان حەیف چووەوە، نازانی کێ لێرەیە؟!

هەر پێشمەرگە بوو لە باوەش دەگیرا

بە بیسـتنی فـەزای ناوشـار و هاتوچۆی پێشـمەرگە، قەرارمان دا نەچینەوە دەر و ئەو شەوە لە ماڵی خۆمان بین، بەیانی زوو سولەیمان

هات و بە وردی خەبەری ناوشاری بۆ گێڕاینەوە، وەک شەڕی حیزبی دێموکرات لە لای حەمامی مەولەوی، ڕۆژی پێشــووش لە دەبابەیەکیان دابوو و هەتا ئێستا بە سووتاوی لە سەر جادەیە. گوتمان با ئێمەش لە ناوشــار چالاکییەک بکەین، ســولەیمان ڕۆیشت و لەگەڵ ئەبوو شاهین گەڕایــەوە، لێــدان لە ژاندەرمەری مەهاباد بۆ شــەو بە مووشــەک بوو بــە بەرنامەمان. بۆ ئێوارە هەموو ســاز بووین و بە فەرماندەیی ئەبوو شاهین بە کۆڵانەکاندا چووین بۆ دەوری ژاندەرمەری لە جادەی خانەی جەوانــان، دوور و نزیــک ســەرمان بە چەنــد ماڵ و ســەربانیاندا کرد، ئەبوو شــاهین لە شوێنێکی باش دەگەڕا بۆ دامەزراندنی مووشەکەکان، سەربانێکی دیتەوە و چووین دوو مووشەکەمان دامەزراند و وایرەکانی هێنا خوار بۆ ئەوەی بە باتری وەســڵ بکەین، هەموو شــت ئامادە بوو، وەســتاین کەمێکــی دی شــەو درەنــگ بێــت. ئەبوو شــاهین هەر دوو مووشــەکی یــەک بەدوای یەکدا تەقاند و هــەر دوو وەناو ژاندەرمەری کەوتــن، دەنگی مووشــەکەکان تەواوی شــاری هێنایە لــەرزە، ئاگر لە ژاندەرمــەری بــەرز بــووەوە و تەقوتۆق و دۆشــکە دەســتی پێ کرد، ئێمــەش دەســتمان کرد بە تەقەکــردن لە دار و دیــواری ژاندەرمەری. خەڵکی هەمووی هاتبوونە دەر و هەر پێشمەرگە بوو لە باوەش دەگیرا، نان و شــەربەت و شــیرینی و میوە دەهات بۆ پێشــمەرگەکان، خەڵک ترســی ڕەویبــووەوە و زۆر ئــازا بووبوونەوە و دروشــمی مەرگ بۆ خومەینی هەموو شاری گرتەوە.

گەڕاینــەوە مــاڵ و ئیتر قەراری مانەوەمان لە شــار درابوو. بەیانی ســولەیمان هاتــەوە و گوتی چەند لــە کوڕەکانی ســەرەوەش هاتوون و لــە ماڵی عەبووی برامن. باســی ناوشــاری بۆ کردیــن، وا دیار بوو پێشــمەرگەی دییش لەناو شــاردان و دێن و دەچن. گوتــم، مادام وایە من دەچمە سەیداوا و سیمورغەکە دێنمەوە. سولەیمان زۆری پێ باش بــوو و گوتــی دێم لەگەڵتدا و بێتوو بەم ســیمورغە کە ئیی پاســداران بووە جەولەیەکی ناو شــار بکەن بە پێشــمەرگەکانەوە زۆر بانگەشەی

بـاش دەبێـت بۆ کۆمەڵە. لەگەڵ ســولەیمان و یەک لە پێشــمەرگەکاندا کاکم ئێمەی گەیاندە سەیداوا، کاک حوسێن سوهەیلی و پێشمەرگەکانی دیکەمان جێهێشت بۆ خۆئامادەکردن بۆ جەولەی ناوشار.

دوانــزە یــان ســێزدەی مانگــی خەزەڵــوەری پاییــزی ١٩٧٩ بوو، خۆرێکی گەرم و خۆش، ئاســمانێکی شین و ساف سابڵاغی داگرتبوو، ســیمورغمان هێنایــە ناو حەوشــەی خۆمــان، هەموو ســوار بووین و بۆ ناو شــار. پێشــمەرگەکان لە پشت ســەیارەکە و بە چەک و ڕەختی پێشــمەرگانەوە هەر هەموو شــانازیمان بە خۆمانەوە دەکرد و خۆشی و شــادی هەموومانــی داگرتبــوو. هەر ئەوەنــدە هاتینە ســەر خیابان و چوارڕێــی ئــازادی، ئیتر بوو بە شــایی و لۆغان، ســەدان کەســمان لــێ هاڵان و بــە باوەش و ماچکــردن کۆنترۆڵمان بەســەر وەزعەکەدا نەما، ســولەیمان زۆر بە پەلە چەند لە کوڕەکانی ڕێکخســتنی ناوشاری ڕاســپارد لە دەورمان بن و ئــاگاداری بارودۆخەکە بن. خەڵکم دیت لە خۆشــیان ســیمورغەکەی ماچ دەکرد، پرسیار بەدوای پرسیاری لاوان؛ چەند کەسی تێدا بوو؟ هەموو کوژران؟ چەند تفەنگ و...؟!

دوای وەســتانمان لە شــوێنە شلۆقەکانی ناوشــار، ڕێمان گرتە بەر بەرەوماڵی کاک حوسێن سوهەیلی لە لای فەلەکەی تەلەفزیۆن، دایکێکی میهرەبان و خۆشەویســت، نانی بۆ هەموان ئامــادە کردبوو. قەرارمان دا ببینە دوو دەســتە و نەچینە دەر و پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی دیی ناوچەی سابڵاغەوە بگرین و بەشێک لە ماڵی ئێمە و بەشێکیش لە ماڵی حوسێن سوهەیلی بمێننەوە.

سولەیمان ئاگادار بوو ســەرکردایەتیی کۆمەڵە وەک کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سەید برایم عەلیزادە، دوکتۆر جەعفەر، کاک سەدیق کەمانگەر و یوسف ئەردەڵان لەگەڵ سەید و ڕزگار و پێشمەرگەکان هاتوون و لە ماڵی عەبووی برای نیشتەجێی کردوون. لەگەڵ سولەیماندا چووین و لە ماڵی عەبوو لە گەڕەکی «بێگی» لە یەرغوو هاوڕێیانمان دی و زۆریان گەڕانەوەی ناو شار و چالاکیی لیدانی ژاندەرمەریان پێ باش بوو.

گوتیان جەماعەتی مامۆستا و دەفتەرەکەی هاتوون و لە ئاجیکەندن، بەیانی چواردەی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (پێنجی نۆڤەمبەری ١٩٧٩) دێن بۆ شـــار و مامۆستا دەچێتە مزگەوتی سوور، دەبێت هەموو خەڵک ئامادە بن و بچن.

مەقەڕی ڕەسمی

دیـــار بوو وەفدی حکومەت دێن و لەگەڵ دەســـتەی نوێنەرایەتی لە ســـابلاغ کۆ دەبنەوە، هەر بۆیـــە هاوڕێیانی ســـەرکردایەتیی کۆمەڵەش هاتبـــوون. گوتیـــان، دەبێت دەفکـــری مەقەڕدا بین و لەومـــاڵ و ئەوماڵ ناکرێـــت. هەمـــوو وەدوای شـــوێنێک کەوتین گونجاو بێـــت بۆ مەقەڕی کۆمەڵـــە. پاش پـــرس و ڕا و وەدواکەوتن، ماڵـــی کابرایەکی عەجەم کە هەڵاتبـــوو، کازم ئاغایـــان پێ دەگوت، چۆڵ و کەمێکیـــش وێرانکرا بوو. پێشتر لە شەڕی ناوشار فیشەک و ئار پی جی و هاوەنی بەرکەوتبوو، لە پشـــت ئیدارەی تەربێـــت بەدەنی بوو. هەرەوەزمان دەســـت پێ کرد و مەقەڕمـــان، کـــە بینایەکی دوونهۆمـــی بوو، ئامادە کـــرد. ئەوە یەکەم مەقەڕی ڕەسمیی کۆمەڵەی شۆڕشـــگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو لە مەهاباد.

ئیشوکاری ئەم دوو دەستە پێشمەرگەیەی مەهاباد ئیتر زیادی کرد و دەبوو شەو و ڕۆژ مەقەڕ ئاوەدان و حەراسەت بکرێت.

دیسان مەهاباد بوو بە مەرکەزی ڕووداوەکان و بڕیارە سیاسییەکان. پڕ بووەوە لە بنکەی حیزب و ڕێکخراو و سازمانەکان.

خومەینی نەیهێشت بانک ببڕین

دوکتـــۆر جەعفەر گوتـــی؛ لەگەڵ ئەبوو شـــاهیندا خۆمان بگۆڕین و بچین بۆ سنە و بانکی میللیی سنە تالان بکەین. قەرار لەگەڵ ڕێکخراوی ناوشاری سنەدا داندرابوو، دەبوو من و ئەبوو شاهین بچین و جێبەجێی بکەین. بە جلگۆڕاوی و بە نهێنی چووینە ناوشار و بۆ سەر قەرار، شار

لەژێر کۆنترۆڵی حکومەت و پاسداردا بوو. نازانم بیرم نەماوە سەی عەلی بوو یان عەلا بەرپرسێکی باڵای ناوشار و نهێنیی کۆمەڵە بوو لە سنە، هات و ئێمەی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتن کرد و بردمانی بۆ ماڵێکی کۆن بە حەوز و حەوشەیەکی گەورە و کۆڵەکە و پەنجەرە و دیواری خشتی قەدیمی. چەند کەسی دیکەش هاتن و باسی پلانەکەیان کرد، ئێمەیان برد بۆ ناو بانک و ئەبوو شاهین بە چاوی موشتەری و زۆر پسپۆرانە تێی ڕوانی و بە زمانە فارسییەکەی خۆی گوتی، «ئاسونە»، واتە ئاسانە و بەیانی زوو ئەنجامی دەدەین. شەو لەو ماڵە چەند ئەندام و هاوڕێی کۆمەڵە هەموو لێمان کۆ بووبوونەوە، ئەگەر هەڵەم نەکردبێت یەکیان دواتر زانیم ئیرەج فەرزاد بوو. قسەمان دەکرد لەناکاو لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ قسەکانی خومەینیی بۆ مەزڵوومییەتی خەڵکی کورد بڵاو کرایەوە، باسی ئاشتی و دانی مافەکان بە میللەتی کوردی کرد، ڕێک پێچەوانەی فەرمانی جیهادی بیستوهەشتی گەلاوێژی سێ مانگ پێش. لە ڕۆژی حەڤدەی مانگی نۆڤەمبەری ۷۹ (بیستوشەشی خەزەڵوەری ۵۸) بەم وتارەی خومەینی شەڕ وەستا و کۆتایی بە شەڕی سێ مانگە هات. کۆمەڵەش بڕیاری دا لێدانی بانک ڕاگرین و لەگەڵ ئەبوو شاهیندا بگەڕێینەوە مەهاباد.

لە سنە و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان بنکە و مەقەڕاتی هێزە سیاسییەکان و پێشمەرگە بە ئازادی کرانەوە و دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و حکومەت لە مەهاباد کەوتنە دانوستان.

١٧

گەڕانەوەی شێخ عێزەدین

هاتنەوەی مامۆستا شێخ عێزەدین و دەفتەرەکەی، سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و چریکی فیدایی، دیسان سیمای شاری مەهابادی تەواو گۆڕی. کۆبوونەوەی جەماوەری و کۆنگرە و خۆپیشاندان دەتوانم بڵێم ڕۆژانە هەبوو. ڕۆژی چواردەی مانگ، کە مامۆستا هاتەوە، زەبیحیی لەگەڵدا بوو، ئەو نەچووبوو بۆ مزگەوت و ناو کۆبوونەوە فراوانەکەی خەڵک، یەکسەر هاتبووەوە و لای دایکم بوو. گۆیا زۆر بەم هاتنەوە و ئاگربەستە ڕازی و شاد نەبووە. ئەمە دابڕانی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و زەبیحی بوو، کە زۆریشی نەخایاندبوو، تەنیا دوو سێ مانگ بوو، لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا پەیوەندیی نێوان مامۆستا شێخ عێزەدین و دەوڵەتی عێراق هەر وەک لەگەڵ حیزبی دێموکراتیشدا هەبوو، دروست بووبوو. زەبیحی بۆ عیلاقات و کاری سیاسی لەم ماوە کورتەدا کە لەسەر ڕاوێژی مام جەلال کردی، دەفتەری مامۆستای زۆر بەدڵ نەبوو، زۆرتر شێخ جەلالی برای بە لاوە بۆ سیاسەت لا پەسەند بوو. هەر بۆیەش بەیەکەوە دواتر بە بێ دەفتەری مامۆستا چەند جار هاتوچۆی بەغدایان کرد و یارمەتیی ماڵی و چەکوچۆڵیان وەرگرت. زۆربەی ئەم یارمەتییانەی وەریان دەگرت بەشێکی باشی بۆ یەکێتیی نیشتمانی و مام جەلال دەچوو.

بەدوای گەڕانەوەیان بۆ شار، زەبیحی زۆرتر لە ماڵەوە دادەنیشت و خۆی بە فیشی وشەکانی قامووسەوە مژوول دەکرد. خەڵک و کەسایەتییەکانی ناوەوە و دەرەوە سەردانیان دەکرد، دوو بەرگی «ء» و «ب» بڵاو کرابوونەوە، بەرنامەی بوو بچێتەوە بەغدا و بەرگی «پ» و سێهەم بە چاپ بگەیەنێت. هەوڵی دا لە ڕێگەی دووبارە تازەکردنەوەی

شوناسنامە کۆنەکەی لە ئیدارەی سجیل، پاساپۆرتی ئێرانی وەرگرێت و بەم ڕێگەیە بچێتە ئەورووپا و دەرەوە. لەگەڵ کاکم چوون بۆ ڕەزاییە و داوای پاسپۆرتیان کرد، وا بزانم پێیان نەدا، یان دەبوو چاوەڕێ بکات. یەک دوو جار هەر بە لای شێخ جەلال و قەڵادزێدا هاتوچۆی بەغدای کرد. جارێکیان خەبەر هات بۆ مەهاباد و دەفتەری مامۆستا؛ شێخ جەلال و زەبیحی لە مەریوان حیزبی دێموکرات گرتوونی و دەستی بەسەر ئەو چەکانەدا گرتووە کە پێیان بووە. ئێمە کەوتینە جمووجووڵ و مەعلووم بوو زەبیحی خۆی بەدەستەوە نەداوە و بۆیان نەگیراوە، بەڵام شێخ جەلالیان گرتبوو بە هەموو بارە چەکەکەوە. دواتر مامۆستا شێخ عیزەدین تەداخولی کرد و گەڕانەوە بۆ مەهاباد، گوتیان بەشێک لە چەکەکانیان تاڵان کردبوو، ئەم ڕووداوە هێندەی تر نێوانی شێخ عیزەدین و زەبیحی و حیزبی دێموکراتی شلوێتر کرد.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی کۆن خۆی بە تەنیا بەرحەق و درێژەپێدەری ڕێگەی کۆماری کوردستان و قازی محەمەد دەزانی، پێی وا بوو خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات تەنیا بۆ ئەوان تاپۆ کراوە و هیچ کەس و لایەن و حیزبێک بۆی نییە بەسەر ئەواندا باز بدات و ئیدعای نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد بکات. ئەم بەرچاوتەنگی و بڕوانەبوون بە فرە حیزبی و مافی ئەوانی دی وای کرد ڕۆژانە بەریەککەوتن لە نێوان حیزبی دیموکرات و هەر هەموو لایەنەکانی دیکە ڕوو بدات. تەنانەت پەیوەندیگرتن بە دەوڵەتێکی جیرانی وەک عێراق لە ڕوانگەی ئەوانەوە تەنیا بۆ خۆیان ڕەوا بوو، زۆریان پێ ناخۆش بوو خەڵک و گرووپی وەک سمکۆ عەلیار، دەفتەری مامۆستا، شێخ جەلال، یان کۆمەڵە و چریک فێری ئەوە بن، پەیوەندی بگرن و بچن بۆ عێراق بۆ وەرگرتنی یارمەتی و چەک و پارە.

ئەم بیروبۆچوونەی حیزبی دیموکرات لەسەر سنووردار کردنی ئەم هێز و لایەنانە دواتر چەندین ڕووداوی دڵتەزێنی لێ کەوتەوە، وەکهێرشی سەر سمکۆ و کوڕی ڕەش (عەلی قازی محەمەد)،

هێرشــی سەر مەقەڕی ســازمانی پەیکار لە بۆکان و کوشتنی ئەندامان و ئاگرتێبەردانــی مەقەڕەکەیــان و دواتریــش شــەڕی ماڵوێرانکــەر و چەندساڵە لەگەڵ کۆمەڵەدا.

حامد بەگی جوانڕۆ

کەســایەتییەکی کۆنــی یــادگاری کۆمەڵەی ژێکاف، بــە ئەزموون و ئاشــنا بە هەموو وردەکاریی پەیوەندیی ســەرانی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتــی عێراق، دیپلۆماتکار، لێزان لــە وەرگرتنی یارمەتی و عیلاقات وەک ئۆپۆزیســۆن، تــەواو حیزبی دێموکراتی نیگــەران کردبوو. ئەوان پێیان خۆش نەبوو جیا لە خۆیان کەس فێری عیلاقات لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک عێراقــدا ببێــت بە بیانــووی «دوژمنی دوژمنم دۆســتمە» و بچن چــەک و پارە وەرگرن، کە ئەم دوو شــتە دوو هۆکاری باش بوون بۆ بەهێــز بوون. ئەوان دەیانزانی خەبیرێکــی دیپلۆماتکاری وەک زەبیحی بۆ ئەم کارە زۆر زیاتر لەوان شارەزا و لێزانترە، هەر بۆیە هەرگیز بە بوونی لە مەهاباد و لە تەنیشــت مامۆســتا شێخ عیزەدین و مام جەلال و هەروەتر کۆمەڵە، نە تەنیا شــاد و ڕازی نەبوون بگرە زۆری تووڕە دەکــردن. کاتێک چریکی فیدایــی وەک ڕێکخراوەیەکــی غەیرە کورد و تەنانــەت میــوان، زۆر لەناکاو بەخــۆی ڕادەپەڕموێ بچێــت لە هۆتێلی ناوشــاری مەهابــاد، حامد بەگی جوانــڕۆ، میوانی تایبەتــی زەبیحی و دۆســتی کۆنی مــام جەلال لــە ژووری هۆتێل بێنێتــە دەر و دواتریش بــە نێوی پیــاوی بەعس بیگرێ و ئیعدامی بــکات، حیزبی دێموکرات نە تەنیا هیچی نەگوت، بەڵکو هەر ئەوکات پەیمانی ســتراتیژی و هاوکاری لەگــەڵ چریکەکان ئیمزا دەکرد! چریکی فیدایی پشتئەســتووریی حیزبی دێموکراتــی نەبایە، ئەوە نەبوو لەو کاتەدا لــە ناوجەرگەی مەهاباد، کە مەکۆی ســەرەکیی دێموکرات بوو، دەســت بۆ کاری وا بەرێت و پێ لە بەڕەی خۆی درێژتر بکات!

چریکەکان بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و تێیدا هاتبوو:

(حامـد بەگ پیاوی «دوکتـۆر عەبدولڕەحمانی زەبیحی» سـەر بە بەعسی عێراق بە فەرمانی چریکە فیدائییەکان گیرا).

دوای نزیک بە چل ساڵ ڕەنگە حەق بێت بپرسین؛ تۆی چریک تەنیا چەند مانگێکە هاتووی بۆ کوردسـتان، خەریک بوو تەسلیم دەبوویەوە بە خومەینی، جگە لە چەند لاوێکی کوردی بە لای خۆتانەوە «ناخودی»، دەنـا هەر هەمووتان غەیرە کوردن، ئەوە بۆ نەتانزانی زەبیحی دوکتۆر نییـە و حامـد بەگ بۆ پیاوی ئەوە و بۆ دەبێـت ئیعدام بکرێت؟! چریک بەبێ ئەوەی بزانێت ئەم مرۆڤە کێیە و پەیوەندیی بە زەبیحییەوە چییە، زۆر بێتاوان و بەبێ بەڵگە و دادگا، لەوپەڕی ناجوامێریدا کوشتیان.

تـرس و بێئەزموونیـی شـێخ عێزەدیـن و کۆمەڵـە، لـە دەنگـۆی بانگەشـەی بەعسـیبوونیان، لە لایـان دەوڵەت و تـودە و چریک، وای کرد ئەوان بێدەنگ بن. دیموکرات بە ئاشـکرا لە بەغداوە هاتبووەوە، لە سەردەمی شەڕی سێ مانگە و دواتریش پەیوەندی و هاتوچۆی بریندار و کادرەکانـی لەگـەڵ دەوڵەتی عێراقدا نەدەشـاردەوە، کەچی زۆربەی وتار و هێرشـی ئیعلامیی کۆمەڵە بۆ سـەر حیزبی دیموکرات، وابەستە بـوون و پەیوەنـدی لەگەڵ بەعسـدا بوو. هەرچەنـد زۆری نەبرد هەر هەموو ئەوانی تریش بە کۆمەڵە و تەنانەت کەسایەتییەکانیشەوە، بەرەو بەغـدا چوون و تیـۆری پەیوەندی بە «دوژمنـی دوژمنمەوە» زۆر بە گەرمی وەرگیرا!

بێهیوابوونی زەبیحی

لـە ئاخروئۆخـری پاییـزی ١٩٧٩دا و دوای شـەڕی سـێ مانگە و وەستانی تەقە لە نێوان کورد و تاراندا، کردنەوەی مەقەڕەکانی پێشمەرگە و هاتنەوەی سـەرکردایەتیی حیزبەکان بۆ شارەکانی کوردستان، دیار بوو لە کەس شاراوە نەبوو، تاران درۆی دەکرد و دیسان خۆی ئامادە دەکردەوە بۆ هێرشی سەر کوردستان.

بەدوای ئەم ڕووداوانە و کەس بە کەسـی سیاسـەت و سـتراتیژ و

بەرنامــەی کورد لــە بەرامبەر دوژمنێکی وەک تاران و هێزی شــیعەی دەمارگرژ، ڕوخســاری بێئەمەل بوون و نائومێدی بە زەبیحییەوە دیار بوو، لە مەیدانی شەڕ و سیاسەت و هەڵەشەبوونی نەوەی تازە و دنیای موزایدە و درۆ و فشــەکردن بۆ کوردایەتی کەس حیســێبی بۆ پیاوێکی وەک ئــەو، کــە قاڵبووی ژیانی حیزبی و سیاســی و دیپلۆماســی بوو، نەدەکــرد. لاوانی حیزبــی تودە و دێموکرات زۆریــان دیعایە و تۆمەت و ناتۆرە بڵاو دەکردەوە لەمەڕ بەعســی و ســەر بە مام جەلال بوونی. زەبیحی زۆر زوو بە ماوەیەکی کورت، کە دوای ٣٣ ساڵ لە پاش ژێکاف و کۆمار گەڕابووەوە مەهاباد، تێگەیشــت ئیتر ئەو فەرامۆشکراوە و لە دنیای سیاسەتی منداڵەورتکە و هاتوهاواری حیزب حیزبێنەی سەردەم جێی نابێتەوە، هەر بۆیە بە هاتنەوەی لە ئالان و وەســتانی تەقە، خۆی دوور کردەوە و وازی لە دەفتەری مامۆســتا شێخ عیزەدین هێنا، خۆی لە نیشــتمان و شــاری خۆی غەریب دەدیت، ئیتــر دەیزانی ڕۆژهەڵاتی نیشــتمانەکەی، ئەو بە بێگانە و نامۆ دەزانێت و شــوێنێ بۆ ئەو نییە و دڵیشــی زۆرتر لای کۆنە هەوار و دۆستانی گەرمیانی بوو. گەڕایەوە و هەرگیز نەگەڕاوە بۆ کەونە نیشتمانی خۆی سابلاغ.

فێــڵ و تەڵەکــەی سیاســەتباز و ترســەنۆکی و نەزانــی دۆســتانی ڕۆژهــەڵات، تەمــاح و بەکارهێنانی خراپی کۆنەهاوڕێ و ســەرکردەی باشووری، هەر هەموو بەیەکەوە زەبیحییان نارده باوەشی ئەهەریمەن و جەللادی زەمانە ســەدام حوســێن. زەبیحییەک کە بە درێژایی ســی چــل ســاڵ بە تاقی تەنیا لــە دەیان بواری دابوو، لە ســەدان ژێرزەمین و حەشــارگە، لــە نــاو قــوڕ و چڵپــاوی کوردایەتیدا ڕۆحــی دانابوو و بــە ســەلامەت دەرچووبــوو، ئەمجارە تەیــرە ژیر و وریاکــەی ژێکاف بــە دەندووک پێوە بوو و سەریشــی لەســەر دانا! دەبــوو گومانی نەبا و زۆرتــری زانیبــا، هەن کــوردی ئێران لەگــەڵ عەجەمدا هەســتان و دانیشتنیان کردووە و فێر بوون لەوان فێڵاویتر و موئامەرەچیتر بن.

بــە درێژایــی زیاتر لــە ٧٠ ســاڵ دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری

کوردســـتان، ژیانـــی کوردانی ڕۆژهەڵات، دەتوانم بڵێـم تەنیا دە دوانزە مانگێک، بەهار و ئازادیی تێدا بەدی دەکرێت. لە ١٩٤٦ەوە بۆ ١٩٧٩ ئەوە یەک پشـــوو زیندان و تاریکســـتانی ساواکی شـــا بوو بەسەر کوردەوە، لە ڕێبەندانی ٧٩وە شۆڕشـــی گەلانی ئێران شـــای دەربەدەر کرد و بۆ کورد بەهاری ئازادییەکەی تەنیا دوو سێ مانگ تا بەهاری هەمان ساڵی خایاند. ئەوجار شەڕی سێ مانگە و لە پاییزی ٧٩وە دیسان ئازادییەکی کورت بە بۆنەی دانوستانەوە، هەتا هاوینی ١٩٨٠.

١٨

پێشمەرگەبوون

بە هەڵگرتنی چەک و چوونی شـاخ، بووم بە شۆڕشـگێڕێکی تەواو و بیسـتوچوار عەیاری حیرفەیی، پێـش ئەوەی عەلی بم، کوڕی داک و بابم بم، برای خوشـک و برایان بم، هاوڕێ و هاوشـاری شارەکەم بم، پێشـمەرگەی خۆبەخش و بیستوچوار سـەعاتەی حەوت ڕۆژی حەفتە و ساڵ دوانزە مانگەی گیانلەسەردەستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بووم.

«پێشـمەرگایەتی و کۆمەڵەبوون» لای من؛ سیاسەت، مارکسییەت، دیـن و مەبدئـ نیشـتمان، کوردبوون، هاوڕێیەتی و هەر هەموو شـت تەنانـەت دڵداری و خۆشەویسـتییش بوو. هەر هەمـووی ئەوانە دوای ژیانی پێشمەرگایەتی و کۆمەڵەبوونم دەهاتن. گیانلەبەرێکی ڕۆبۆتئاسا بووم، هەردەم و لە هەر شوێن ئامادەی فەرمان و ئەرکی حیزبی بووم. نەمدەزانی بۆ، زۆر قووڵ نەدەمخوێندەوە لەبۆ بەرنامە و سیاسـەت و دواڕۆژی نە تەنیا کورد و کۆمەڵە، بەڵکو بۆ ژیان و چارەنووسی خۆشم. نەشـە و سەرخۆشی تفەنگەکەم، جلی پێشـمەرگایەتی و سیمورغەکەم بـووم. فەرمـان و بڕیارەکانـی کۆمەڵە لە هەموو ئایـەت و دەقێک لام پیرۆزتر بوو، وا تێگەیشتبووم حیزبایەتی و کۆمەڵەبوون پێش نیشتمان و خاک و کوردبوون دێت!

یادێک لە دڵدارەکەم

لـە قوژبنێکی هێلانەی دڵمدا جاربەجـار کیژۆڵەی قژکاڵی چاوڕەش دووراودوور و بـێ ئیـزن و ئاگاداریـی خـۆی، چاوشـارکێی دەکرد. سـەرهەڵبڕین و چاولەچاوکردن، هەڵڕشتنی دەردی دڵ، گەیاندنی سۆز و عیشـق، تەنانەت بە تاکە وشـەیەکیش، ناردنی نامەیەک، ڕاوەستان و

نیگایـەک و چرپەیەک، هەمـوو ئەوانە لە مەحاڵ مەحاڵتر بوون، هەموو چرکە و سـاتێک دڵەخورپەی ئەوەم بوو داواکاریی زۆرە، بە زۆر یان بە مەیلی خۆی بە شـووی بدەن و هەرگیـز بە ئاگری دەروونی من لە عیشقی خۆی پێ نەزانێ و وەک ڕووداوێکی نەخوازراو، کۆرپەی ئەڤینم لەناکاو و بەبێ ئیشـارە و هیچ مەبەستێک لەبەر ترسنۆکی و شەرم لە دار و بەردی شـارەکەم و سـەرنەویکردن بۆ کولتـوور و دابونەریتی مەردی و پیاوسالاری، مندار بێتەوە و لە کەلاوەکانی ناو شارەدێیەکانی ئەڤینـداری لەمـەڕ مەملەکەتی خۆم بە ئاهـ و ناڵەی بێفریادڕەس لە ژێر خـەرواریّ زوڵـم و بێدادیدا لە گـۆڕ بندرێت، تەنانـەت وەک چیرۆکی مەم و زین و ئەوانی تریش، دوو دێڕە شـیعر، یان بەیتیشـی پێ ڕەوا نەبینن. موستەحەق بووم گەر ئەوەم بەسەر هاتبا، ڕاستە شەرم و حەیا و مەردانەگـی لـە ئارادا بـوو، بەڵام خۆ ئازایەتـی و بوێرییش هەردەم هەبووە! بیر دەکەمەوە لە لایەک ترس و لە لایەکی دیکەوە لووتبەرزی و قسـەی پیاو لە عەرزکەوتن، هەرگیز بواری نەدەدا تاقە هەنگاو بچمە پێش و هیچ نەبێت مافی ئەوەی پێ بدەم ئاگادار بێت، کەسێک هەیە شەو و ڕۆژ دەسـووتێ و دەتوێتەوە لەپێناو تەنیا نیگاهـ و زەردەخەنەیەکی ئەودا.

پێشمەرگەیەکی گەڕۆک

لە کەشوهەوای ئازادیی سیاسی، پێشمەرگە لەناو شار، بە کێشێکی پەنجا بۆ پەنجاوپێنج کیلۆیی بە دەموچاوێکی ناسک و جوان و منداڵانە، نێوبانگی ئازایەتی، بە سـیمورغ و جلی خاکی بە شـەدە و مشـکییەوە، جووتێک عەینەک، جوانترین کلاشـینکۆفی باجەڕی مزەلی و دەمانچەی نێرگانـی قووڵەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری شـار و گوند و ناوچەکانی کوردسـتان بـە «عەلی کەریمی، عەلی کوێر و عەلی ژاپۆنی» ناسـراو بووم.

لـە پاییـزی ٧٩وە تا هاوینـی ١٩٨٠، لە ماوەی ئەو حەوت هەشـت

مانگـەی شەڕوەسـتان و دانوسـتان و بوونی مەقەڕاتی پێشـمەرگە و حیزبـەکان لەنـاو شـارەکاندا، بـە چەنـد هـۆکاری وەک توندوتۆڵـی، شـۆفێری شارەزا، متمانەی سەرکردایەتی، سەڵتبوون و چەند هۆکاری دیکە، بە کردەوە بووم بە پێشـمەرگەیەکی گەڕۆک و جۆکەر، بەدەست سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە.

لـە مانـەوە لە مەقەڕی ئاغـەلان، دروسـتکردنی زیندانی مەرکەزی کۆمەڵە لە بەردەسـووری لای سەردەشـت، چوون بۆ تاران بە نهێنی، ئامادەییم بۆ لێدانی بانک لە تاران. هەروەتر لە سنە و دزڵی و مەریوان، توریوەر و حەسـەنئاوا و کێلانە و مەلکشـان و کانیمشکان، گەردەنەی گاڕان، چوارڕێیانی چاپان، سـەقز و فەیزوڵلابەگی و تورجان، تیکانتەپە و سـاینقەلا و تیکاب، دیواندەرە و سەرا و کەلیخان، بانە و سەردەشت و ڕەبەت، دارسـاوێن و شـندرە، سیسـێر و نەسـتان، تەنگەی گرژاڵ و خانـێ و چیانە، کێلەشـین و دەشـتی قوڕێ، ترکـەش و جانداران و مەنگوڕان، لە ئالان و بێتوش و بێژوێ و دەرماناوێ، لە شنۆ و سۆما و برادۆست، لە ڕەزاییە و شیرینبلاغ و حەیدەرئاباد، نەغەدە و سندووس و محەمەدیار، چۆمی مەجیدخان و شـامات و شارویران و زۆر شوێن و مەڵبەنـدی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان، گەڕام بە ئاژۆتـن و بە پێیان، بە شـەڕ و کەمین، بـە بریندار و مەیتی هاوڕێ بە کوڵـەوە، دەیان چەکی گیراو بە شـانەوە، بە ڕیزێک دیلەوە، بە شـاخ و دۆلانەوە، بە نانەڕەقە و زگی برسـی، بە چاوانی خەوتێزڕاوەوە، بە شـان و پیلی شـەکەت و قاچ و ڕانی گیراوەوە، بە خورپەی دڵ و نێوکی کەوتووەوە، بە ئەژنۆی شـکاو و کۆچی یارانەوە، بە سـروود و گۆرانی، بە هەناسەی سارد و گەرمـەوە، گـەڕام و قاڵ بـووم لە کوورەی خەبات و گـەورە بووم لە ئامێزی خۆشەویستی و فەرهەنگی کوردەواری و «هەواری باسەفام».

کەشی مەهاباد

کەشــوهەوای سیاســیی شــارەکان و بــە تایبەت مەهابــاد بە هۆی دانوســتان و هاتوچــۆی زۆری خەڵــک و وەفد و ڕۆژنامەنووســان و حیزبگەلــی سیاســی، زۆر دەگمــەن و نــاوازە بوو. زیاتر لــە دە پانزە حیــزب و ڕێکخراوی سیاســی و مەدەنــی مەقەڕیان هەبــوو، لە کورد و غەیــرە کورد. حیزبــی دێموکرات، کۆمەڵە، چریکــی فیدایی، ئیتحادی کۆمۆنیســتەکان، پەیکار، یەکێتیی لاوان، پێشــگام، ...و دەیان بۆتکەی[1] ڕۆژنامەفرۆشــان دیمەنی ناوشــارەکانیان بە چەشــنێک بارگاوی و بە سیاسی کردبوو، ئەستەم بوو تەنانەت بێگانە و غەیرە کوردێکیش ڕێی کەوتبایــە چوارڕێی ئــازادی، تەداخول و دەمەتەقەیەکــی حیزبایەتی و سیاسیی نەکردبایە!

دێموکــرات و تودە بە هاتوهاوار و نووســینی گەورەکراو، لەســەر دیــوار و جــادەکان، کۆمەڵەیان بە ئەمریکایــی، ئاژاوەچی و چەپڕەو و توندڕۆ ناوزڕاو دەکرد، کۆمەڵەش حیزبی تودەی بە خائین و دێموکراتی بە سازشــکار و بەعســیبوون تاوانبار دەکرد. چریکی فیدایی، ئاهەنگی چوونە ناو حکومەت و ناســینی خومەینیی بە دژەئیمپریالیستی دەژەنی و ڕێگەی خۆش دەکرد، تەسلیمی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

ململانێی کۆمەڵە و دێموکرات

لە دانوستانەکاندا حیزبی دێموکرات لایەنگری سازان و شەڕنەکردن لەگــەڵ تــاران بوو، کۆمەڵە دژی ســازش و لێقبوولکردن بوو، دەیگوت ماهییەتــی کۆماری ئیســلامی ئەوە نییە هیچ مافێــک بۆ ئازادی و مافی گەلان دەســتەبەر بکات و دێموکرات گومانی هەیە و کۆماری ئیسلامی نەناســیوە. دێموکــرات خۆی بــە حیزبی یەکەم و پاشــماوەی کۆمار و قازی محەمەد دەزانی و بە لایەوە ئاســایی و ڕەوا بوو حاکمی یەکەمی

١- بۆتکە، خانووی بچووک لە دار و تەنەکە لەبۆ ڕۆژنامە و ئایســکریم و وردەواڵە فرۆشی، سەرپەنای پاسەوان، کیوسک.

کوردستان بن. کۆمەڵەش خۆی بە نوێنەری چینی زەحمەتکێش و هەژار دەزانــی و دەیگــوت هەموو خوێنــدەوار و کرێکار و جوتیــارم لەگەڵە، هەردوو لا ئەم ئیدعایانەیان بەبێ پشتبەســتن بە هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەکرد. کۆمەڵە تەنیا بە شــەڕی ســێ مانگە و زەقکردنەوە و هەڵگرتنی دروشــمی خەباتی چەکداری لە ماوەیەکی کەمدا توانیبووی بە هەزاران ڕۆشــنبیر و خوێنــدکاری زانکــۆکان و خەڵــک لە خۆی کــۆ بکاتەوە و هێزی پێشــمەرگە بۆخۆی چێ بــکات و قەرە لە قەرەی حیزبێکی کۆنی وەک دیموکرات بدات. لە لایەکی تریشەوە مامۆستا شێخ عێزەدین وەک ڕابــەری دینیــی خەڵکی کورد، بە ئاشــکرا و بە کردەوە پشــتیوانیی لە کۆمەڵە دەکرد، ئەوە وای کردبوو کۆمەڵە ببێتە سەرئێشــەیەکی گەورە و ڕەقیبێکــی تەواو بۆ حیزبی دیموکــرات. بۆیە ڕۆژانە بەریەککەوتن و شــەڕەجنێو و بەیاننامە لە هەردوو لاوە لە ئارادا بوو. ســەرانی حیزبی دیموکرات بە هیچ کلۆجێک بۆیان هەزم نەدەبوو، کۆمەڵەیەک بە قەولی خۆیــان هەر هەموویان بە مەنجەڵێــک دۆڵمە تێر دەخۆن، چۆن لەناکاو بووەتە ئەم ملۆزمەی خەوی لە چاوان زڕاندوون و بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبــدا دەکەن. هەر بۆیە بــە تایبەتی لە مەهاباد کە بە لانکە و مەکۆی حیزب دادەندرا بۆیان زۆر قورس بوو بوونی کۆمەڵە بێتە قبووڵکردن، حیســێبیان بۆ بکرێ و لە ســەر مێزی دانوستان گوێیان لێ بگیرێ، یان لە حاکمیەتی شاردا بەشدار و خاوەن ڕا بن.

١٩

شوورای نیزامی مەهاباد

هەرچەند بە هۆی چەمکگەلی وەک ئازادی و دیموکراسی و کراوەیی فەزای سیاسـی و میدیای ئێرانی و جیهانی لە کوردستاندا، بەرپرسانی حیزب دەسـت و پێیان بەسـترابوو، هەموو شـتیان بۆ نەدەچوو سەر، بە دەیان و سـەدان ڕۆشـنبیر و خوێندکار ڕۆژانە هێرشـیان دەکردە سـەر و بەر ڕەخنەیان دەدان و تێگەیشـتبوون سـەردەمی تێخوڕین و خەڵک بـە هێندوەرنەگرتن دوایی هاتووە، بەڵام دیسـان لە بەکارهێنان و ڕووبەڕووکردنەوەی خەڵکانی شـەلاتی و سەرسـەری و چەقۆکێش و بـێ ئاوەز[1] و دوور لـە نەزاکەت و ئەدەبی نـاو کۆمەڵگە؛ بەرامبەر بـە لاوانـی خوێنـدەوار و خەڵکانی خـاوەن فەرهەنگی شارسـتانی و حەیابەخۆ، دەسـتیان نەدەپاراست. شوورای نیزامی شاری مەهابادیان دامەزراندبـوو، پـڕ بـوو لـەم بابەتـە خەڵکـە، کۆمەڵێک شـارلاتان و هەتیووبـاز و چەقۆکێشـی بەردەرگای سـینماکانی زەمانی شـا، کۆنە گروهبان و ڕوکنی دووی ئەرتەش، بەناوی پیرۆزی پێشـمەرگەوە، کە باوی تازە بوو بۆیان، لەژێر ناوی شوورای نیزامی شار، لە مەهاباد و دەوروبەری دامەزراندبوو، تەنیا بۆ چاوترساندنی هەوادار و لایەنگرانی کۆمەڵە و پەیکار و ڕەزمەندەگان و ئەم خەڵکانەی دەسـتیان لە ڕەخنە لە حیزب هەڵنەدەگرت. کۆمەڵێک خەڵکی گومانلێکراوی سـەر بە حیزبی تودەیـان لە یەکێتی لاوانی حیزبـی دیموکرات کۆ کردبووەوە، خەریکی نووسـین و کاری نەزەری بوون لەسـەر کۆمەڵە، کـە گۆیا ئەمریکا و سـی ئای ئەی دروسـتیان کردووە، کەچی هەمـوو ئەوانە دواتر لەژێر نـاوی کۆنگـرەی چوار و تودەیی، بوونە پیـاوی خومەینی و لە بەرەی

١- ئاوەز، بەئەدەببوون و تێگەیشتوویی.

دەوڵەت بە بیانووی دژەئیمپریالیســت، هەرچی خراپ بوو کردیان دژی جووڵانەوەی بەرگریی گەلی کورد و پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵات.

مامە غەنی هاتەوە

لــە نۆزدەی مانگی دووی ١٩٨٠دا حیزبی دێموکرات لە ناوەڕاســتی شــاری مەهاباددا کۆنگرەی چواری خــۆی بە فراوانی و خەڵکی تازەی بەحیزبیکراو گرت.

غەنــی بلوریــان، کە زیندانیی ســەردەمی شــا بوو، لە ســەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ساڵێک پێشتر، دوای زیاتر لە بیستویەک ساڵ ئازاد کرابوو، زۆر خۆشەویســت و خاوەنی هەژموونی و کەســایەتیی کاریزمایی بوو. کاتی ئازادبوونی هەموو خەڵکی سابڵاغ هاواری دەکرد «مامە غەنی هاتەوە، یاخوا بەخێر بێتەوە». ئەو زۆر زوو کەوتە بەر ڕق و تووڕەیی خەڵک، بە هۆی هەڵوێست و لایەنگریکردنی لە حیزبی تودە. تەنانەت وای لە خۆی کرد خەڵک و منداڵ لە ســەر جادەکان هاواریان دەکــرد «مامە غەنی هاتــەوە، یاخوا بگیرێتەوە». لــە کۆنگرەی چواردا دوکتــۆر قاســملوو بە ڕەقیبی خــۆی دەزانی و گەر مامــە غەنی خۆی ویســتبای و چاوی لــە ئەندام پەرلەمانی ئێــران نەبوایە، بێگومان پێش قاســملوو دەکەوت و زۆربەی دەنگی کۆنگرەی دێنا. قاسملوو دەیزانی مامە غەنی هیچی لە باراندا نییە و ئەم بیست و چەند ساڵەی زیندان، نە تەنیا لە بواری خوێندنەوە و تیۆری و ڕۆشنبیری هیچ فێر نەبووە، بەڵکو دێموکراتبوونەکەشی دوای تودەییبوونی دێت. بە وەبەرخستنی تەماحی چوونی پەرلەمان، مامە غەنی شــەڕی ســکرتێربوونی لە کۆنگرە لەگەڵ قاســملوودا نەکرد و ســازی ســازش و چوونە ژێر ڕکێفی خومەینیی لــێ دەدا و لەژێــر چاودێــری و تەکلیفی ســۆڤییەت و کرەملین، بوونە لایەنگــری تــاران و کۆماری ئیســلامی و دژی خەباتی پێشــمەرگە لە ڕۆژهەڵات وەســتانەوە. ئەوە بۆ قاسملوو گەورەترین دەستکەوت بوو، کە نەیارێکی بەهێزی وەک غەنی بلوریان ئاوا بە ئاســانی و لە ڕووی

نەزانیـن و گەمژەییـەوە خۆی بخاتە دەرەوەی بازنەی دەسـەڵاتداریی حیـزب. بە کۆنگرەی چـوار و ڕێبـازی تودەییبوونی غەنـی بلووریان، هەرچـی توودەیی ناو حیزب بوو هەر لـە کۆنەوە تا ڕۆژی کۆنگرە بە کۆن و تازەوە لە حیزبی دێموکرات هاتنە دەر، یان وەدەرنران، تەنانەت بە مامۆستا هێمنیشەوە، هەرچەند مامۆستا هێمن دواتر خۆی لە تاقمی حەوت کەسـی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چـوار» کە دواتر بوونە تودەیی، جیـا کـردەوە و چوو لـە ڕەزاییە دانیشـت و سەرپەرشـتیی گۆڤاری سروەی دەکرد.

قاسملوو بە یەک شەو

لـە کۆنگـرەی چـواردا قاسـملوو زۆر زیرەکانە، لە کەشـوهەوای ئازادی سەردەم کەڵکی وەرگرت و بە شەو و ڕۆژێک بە دەیان خەڵکی بەبـێ ڕابردوو و بناوانی، کردە ئەندامی حیزب و بەتەماحی پۆسـت و گەیاندنیان بە سەرکردایەتی و دواتریش گەیشتن بە دەسەڵات، خۆی لە کۆڵ زۆربەی ئەو کۆنە دێموکراتانە کردەوە کە هەردەم بۆی سەرئێشە و موشـکیلە بـوون. قاسـملوو توانیی بە چەکی دێموکراسـی کە خۆی بە یەک شـەو دروسـتی کرد، هەرچی نەیار و دەسـتەمۆنەکراوەکانی خۆیەتـی بێدەنگ بکات، یـان دەریانپەڕێنێت و جێگەیان بە جەماعەتێکی گوێلەمسـت، بێڕابڕدووی حیزبی و سیاسـی، ئەرتەشی و پاشەڵپیس، چـاو لە پۆسـت و پایـە بڕیو، بە وەعد و وەعیدان پـڕ بکاتەوە، ئیتر بە ئامڕاز و کەرەسـتەی دێموکراسـی و دەنگـدان، دیکتاتۆریی حیزبی و سکرتێر دابین کرا.

ماوەی هەشـت مانگەی تەقەوەستان (لە پاییزی ١٩٧٩وە بۆ هاوینی ١٩٨٠)، فـەزای سیاسـی و کۆمەڵایەتیی کوردسـتان، ڕۆژانە بارگاوی بـوو بە هەواڵی لەناکاو، وردەشـەڕ و جووڵـەی هێزەکانی حکومەت لە پایەگا و ناوەندە سەربازی و پادگانی ناو شارەکان، کێشە و کێبەرکێی هـەواداران و حیزبەکان، جیاوازیی تێڕوانین لە دەسـتەی نوێنەرایەتیی

خەڵکی کورد، کێشـــەی دەســـەڵاتداری لە شـــار و لادێـکان، هاتوچۆی پێشـــمەرگەی باشوور و پێشگرتن بە پێشـــمەرگەکانی یەکێتی لە لایەن حیزبـی دیموکـرات و داوای ئیجازەوەرگرتـن و بەرگریلێکردنیـان لە لایـەن کۆمەڵــەوە، هاتوهــاواری هەڵبژاردنەکانــی پەرلەمانــی ئێران لە دەســتپێکی بەهــاری ١٩٨٠ و کاندیدێکی زۆری کــورد لە لایەن حیزبە سیاســییەکانەوە، بانگەشــەی گرژاوی و کێبەرکێی ناسالم، هەر هەموو ئەوانــە و دەیان دیــاردەی نوێی سیاســی و کۆمەڵایەتی دوای گۆڕانی ڕژیمی پاشــایەتی و هاتنەکایەی ژینگەی شۆڕشگێڕی، دنیا و فەزایەکی پڕ لە سەیروسەمەرەی خوڵقاندبوو.

ڕێککەوتنی سەرزارەکی

دەســـتەی نوێنەرایەتیـی خەڵکـی کـورد، لەگەڵ حکومەتـی ئێراندا ڕێککەوتنێکی سەرزارەکییان کردبوو، کە جموجووڵی سەربازی نەکرێت و پادگانــەکان و بنکەکانــی ســەربازیی حکومەت بەهێـز نەکرێن، تەنیا بۆ ڕاگواســتنی خۆراک و نەخۆش و ئیجازەی پشـــوو بۆ سەربازەکان نەبێت. حکومەت هەر لە دەســپێکی دانوســـتان دیار بــوو خەریکی فێڵ و کاتکوشــتنە بۆ بەهێزکردنی خۆی، بۆیە زۆری هەوڵ دەدا پادگان و بنکەکان بەهێز بکات و بۆ شەڕ ئامادەیان بکات، ئەم کارەی بە یارمەتیی ئەو باڵەی حیزبی دیموکرات دەکرد، کە لێیان نزیک بوون. تاقمی حەوت نەفــەری پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، کە تودەیــی بوون و لەناو حیزبدا هــەردەم بەتەمــای ســازش و خۆتەســلیمکردن بە کۆماری ئیســلامی بــوون، ئــەم کارەیان بۆ حکومەتی تاران دەکــرد. تەنانەت دەیانگوت با خودموختاری واز لێ بێنین و مامە غەنی شتێکی تری هێنابوو بە ناوی «خودگەردانــی» لــە جێی خودموختاری، کە تاران پێی حەســاس بوو. باڵی تودەیی حیزب کە ئەوکات بە ڕابەریی مامە غەنی بە ئاشــکرا جیا نەبووبوونەوە، بە کردەوە و نووســین، سازی ناسازی تەسلیمبوون و چوونەبنباڵی خومەینییان دەژەنی و دووبەرەکییەکی تەواو و ئاشکرایان

بــە تایبەت لە نێــوان ڕیزەکانی حیزبــی دێموکرات بە گشــتی لە نێوان هەموو خەڵکی کورددا ساز کردبوو.

مینەی کاکە سواریان سواری کەر کرد

لــە ئەنجامــی ئــەم ناپاکــی و سازشــی توودەییەکانی نــاو حیزبی دێموکرات، لە سیناریۆیەکی زۆر قێزەون و دوور لە حورمەت بۆ عێل و عەشیرەیەکی گەورەی وەک مەنگوڕ، بەبێ ئاگاداری و سەربەخۆ مامە غەنی و تاقمەکەی بە فێڵ و تەڵەکە لە ڕووی ســادەیی و بێسیاســەتی، مینەی کاکە ســواری ڕابەر و خۆشەویســتی عێلی مەنگوڕیان فریو دا و بــە تەماحــی چەند بڕنەو و تفەنگەشــکاو بردیان بۆ ڕەزاییە و لەگەڵ ئاخونــد حەســەنی نوێنەری خومەینــی و ئیمامی جومعــەی ڕەزاییەدا، دایاننا و هەر لەوێ کردنی بە جاش و لاپەڕەیەکی پڕ لە شەرمەزارییان لــە ماوەی چل ســاڵی ڕابردوودا بــۆ خۆیان و عێلی مەنگــوڕان تۆمار کــرد. ئەوە بوو بــە هۆی ئەوەی بەشــێکی هەرە زۆری عەشــیرەت و تایفەکانیــان بە خڕی پاڵ بدەنە دەوڵەت و جاشــایەتیی بۆ بکەن. دوای ئــەوەی بە فێڵ و فریودان تفەنگیان پــێ وەرگرتن، دواتر باڵەکەی تری حیزب و خەڵک هێرشــیان کردە ســەر مەنگوڕان و مینەی کاکە ســوار و چەنــد کەســیان گرت و ســواری کەریان کــردن و تەماتە و هێلکە و دار و بەردیــان پێدا دەدان و دەیانگێڕان، بــە کوردی ئابڕوویان بردن، لە ئەشــکەوتێک حەمەدەمینیان قانگ دا، ئیتر ئەوە بە یەکجاری وای لێ کردن بە پانەوە ببنە جاش و هاوکاریی حکومەت بکەن. جارێکیان دوای دەســپێکردنەوەی شەڕ و چوونەوەمان بۆ شــاخ، بۆ جاری دووهەم و ئاخر، مەقەڕمان لە حاجیالیکەند بوو، ســیامەند کوڕی کاک ســولەیمان موعینــی، کە پێشــمەرگەی کۆمەڵە بوو، لە دایکــەوە خزمایەتیی لەگەڵ مەنگــوڕدا هەبــوو و زۆر لایــان خۆشەویســت بــوو، گوتــی مەنگوڕە جاشــەکان و حەمەدەمینی کاکە ســوار ڕایانســپاردووە بچــم بیانبینم، فکــری لــێ کراوە و ڕێوشــوێن داندرا، ســیامەند گوتی ئەوانە لەســەر

قسەی خۆیان زۆر پیاون و خیانەتمان لەسەر میزی گفتوگۆ لێ ناکەن. من و کەریم ئەفسەر دلێر کە خۆی مەنگوڕ بوو و پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو، لەگەڵیدا چووین. بە نیوەشەو لە گەڕەکی مەجبوورئاوای سابڵاغ لەماڵێک دانیشتین، لەگەڵ سیامەند ڕێککەوتن بەشێکیان بچن بۆ ناو حیزب و مینە و جەماعەتێکی تر بێنە ناو کۆمەڵە، دوای ماوەیەکی کورت مینە لە خانێ لە شەڕی پێشمەرگەی دیموکرات کوژراو و پلانەکەی سیامەند ئیتر سەری نەگرت.

قافڵەی ئەرتەش بەرەو مەهاباد

لــە کردەوەیەکــی تــری ئــەم تاقمــی حــەوت کەســییەدا، پیاوێــک هەبــوو بەکاریان دێنا بۆ هەرچی ئیشــی قێــزەون و دووبەرەکی لەناو کوردەکاندا. خەڵکی ســابڵاغ بوو زەمانی شا گروهبانێکی زۆر بێزراو و لە ناو ئەرتەشدا ڕوکنی دوو بوو، ئەم بەشەرە لە ناو ئەرتەشدا زۆرتر کاری ســاواکی دەکرد، دوای شــۆڕش و هاتنــەوەی حیزبی دیموکرات بە یەک شــەو ســەت و هەشــتا دەرەجە گۆڕا و بوو بە حیزبی و خۆی بە خەبیری نیزامی لەناو حیزب ناســاند. کەم کەســم پێ شــک دەهات تەنانــەت لەنــاو حیزبیشــدا خۆشــیان ویســتبێت، بۆ ئەو، هیــچ موهیم نەبوو، شــا ڕۆیشــتبوو، حیــزب هاتبوو. ڕۆژێک لە ســەردەمی ماوەی دانوســتان لــە مەقەڕی کۆمەڵەدا کێشــک بووم، ڕەحیــم بابەتاهیری لە ئەمریــکاوە هاتبووەوە ببێتە پێشــمەرگە، دانیشــتبووین، یەکێک هات و بــە هاوار گوتی، ئەوە بۆ دانیشــتوون، خۆ ئەرتەش گەیشــتە ســێڕای نەغــەدە! بــە تەنیــا لەگــەڵ ڕەحیم ســوار بوویــن و لێمخــوڕی بەرەو جــادەی ڕەزاییە، نزیک ســێڕای نەغــەدە بینیمان ســتوونێکی گەورە و دووروودرێژ دێت و ئەم پیاوە لە پێشــی پێشــەوە لە زیلێکدا دانیشتووە و ســتوون بــەرەو مەهاباد دەبات. نیوەڕۆ بوو لە بەرپرســان کەس لە مەقەڕ نەبوو، سەربەخۆ بڕیارمان دا بچین بۆ مەدرەسەکان و ناوبازاڕ خەڵک ئاگادار بکەین، کە بە چاوساغیی حیزبی دیموکرات ئەوە ستوون

بەرەو مەهاباد دێت. لە هونەرستانی سەنعەتی کوڕان دەستمان پێ کرد، من هیچ هۆشم نەبوو جلی پێشمەرگانەم دەبەردایە و تفەنگم بە شانەوەیە، یەکسەر چوومە دانە بە دانەی پۆلەکان و گوتم، ئەوە حیزب ستوونی هێنا، ئیتر دواتر مەدرەسەی کچان و کوڕان و سێ چوار دەبیرستانی گەورەی ساباڵغمان، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ورووژاند و خۆمان یەکسەر گەڕاینەوە بەرەو جادەی مەهاباد-ڕەزاییە. لەو ماوە کورتەدا کۆمەڵە مەفرەزەیەکی ناردبوو بەرەو مەحمودکان لە دەروازەی شار و چاوەڕوان بوون ستوون بگات، شەهید ڕەحیم قادری، سیامەند موعینی، سولەیمان مودەڕەسی و... دە بۆ دوازدە پێشمەرگەی دیکەی کۆمەڵە لەوێ چاوەڕوان بوون، گوتم خەڵکمان ئاگادار کردووە و مەدرەسەکان وەڕێ کەوتوون بۆ ئێرە. زۆریان پێ باش بوو کە خەڵکمان بەشداری پێ کردووە. ستوون بە چاوساغیی ئەم پیاوە لە مەحموودکان و دەروازەی شار نزیک بووەوە، چووینە پێش و وەک کۆمەڵە گوتمان بۆتان نییە بڕۆن، ڕێککەوتن کراوە جموجووڵی ئەرتەش نەکرێت، ئەم چاوساغەی دێموکرات لە فەرماندەی ستوونەکە پێداگرتر بوو کە دەبێت ئەم ستوونە ببات بۆ پادگان، ڕێک لەم کاتەدا کە شەڕەقسە بوو لەگەڵ ئەم بەناو بەرپرسەی دێموکرات، بە هەزاران کەس بە دروشم و هۆتافکێشان وەدەرکەوتن. کاک سەدیق جیهانی، کە لە خۆپیشاندانەکاندا دەنگێکی بەرزی هەبوو و زۆر چالاک بوو، کارمەندی هونەرستانی سەنعەتی بوو، هەموو تەلەبەکانی پێش خۆی دابوو و دەیگوڕاند و هاواری دەکرد؛ «سازشکار، سازشکار، دێموکرات سازشکار و...» ئیتر لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئەوانی تریش گەیشتن و سینگیان هێنایە بەرامبەر ستوونەکە. سەدیق هاواری کرد هەموو لەسەر جادەکە ڕابکشێن لە پێش ستوونەکە، با بەسەر جەستەماندا بڕۆن! هەرچی سووکایەتی و جنێو بوو بەم بە ناو بەرپرسەی حیزب درا، گوتیان لە پشتەوەڕا خەڵکی وسوکەند و ئیندرقاش هاتوون و خەریکن ستوونەکە لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دێموکراتدا تاڵان دەکەن،

زۆربــەی پێشــمەرگەکانی حیزب لەگەڵ هاتنی ســتوون و بەهێزکردنی مۆڵگەکانی ئەرتەش نەبوون و زۆریشــیان ڕق لەم گروهبانەی زەمانی شــا و تــازە بە حیزبییــە دەبووەوە. لــە ماوەیەکی کورتدا ســتوون بە دەســتی خەڵک تالان و تەفروتونا کرا. لە ئاخردا، ئێمە پێشــمەرگەکانی کۆمەڵــە تەنیــا یەک تفەنگی «یوزی»مان دەســتکەوت. چاوســاغەکەی حیزب کە بە قەڵافەت ســێ هێندەی من دەبوو، لەحەیبەتان و لەداخان، پەلامــاری دام و دەســتی لە ملم قایم کرد و هەڕەشــەی کوشــتنی لێ کردم، سیامەند و سولەیمان مودەڕەسی هاتن گوتیان، خوێڕی بکشێوە، بە خاتری براکەت، کە پێشمەرگەی کۆمەڵەیە، نەبێت هەر لێرە بەدەستی ئەم خەڵکە تووڕەیە لەناودەچیت، لە شەرمەزاری و ترسی لێدانی خەڵک ون بوو نەمانزانی چیی بەسەرهات، بالای سولەیمان مودەڕەسی لەوی کورتی نەدێنا، بەســەریدا نەڕاند و گوتی، ئای فلان کەس هەموو کەس ڕابردوو و فایلی خوێڕیتی و ترســەنۆکی و شاپەرســتیی تۆ دەزانێت، لە پێش چاوم گوم نەبیت ئیتر خاتری براکەشــت ناگرم. باوک برایەکی هەبوو، ســەعید گەوهــەری هاوڕێی هەموومان بــوو، بەداخەوە دواتر وەک پێشــمەرگەی کۆمەڵــە زۆر قارەمانانە شــەهید بــوو، هەموو جار شــەرمی دەکــرد و زۆری پێ عەیب بوو، کــە دەیانگوت فلانی برایەتی، هەرگیز نەیدەدواند و زۆر جار باســی سەرســەریتی و زوڵم و لێدانی لــە خوشــک و براکانــی بــۆ دەکردین، کە بــرا گەورە بــووە و بووەتە مایەی نەنگی بۆ هەموو ئەندامانیماڵەوە لە ســەردەمی گروهبانبوونی لە حکومەتی شادا.

پاراستنی پارتی بۆی چاپ کردووە

ئــەو ئێوارەیە بــە یارمەتیی خەڵک، پێشــمان بە ســتوونی ئەرتەش گرت، کە بۆ بەهێزکردنی پادگانی مەهاباد دەچوو. ئەم چاوساغە، سەر بــە باڵی غەنی بلووریان لە ناو حیزب لە ســەردەمی شــەڕی کۆمەڵە و دێموکراتدا، بوو بە فالانژ و موریدی قاســملوو، دواتر چوو بۆ ســوید

و نزیـک بـووەوە لـە بارزانی و پارتی، لەم سـاڵانەی دواییـدا گوتیان کتێبی نووسـیوە و پاراستنی پارتی بۆی چاپ کردووە، ئەم ڕووداوەی بـاس کردووە تەواو بە پێچەوانـەوە و تێکەڵوپێکەڵ لەگەڵ ڕووداوێکی ڕۆژی پێشـتر لە بەردەم شـیرکەتی نەوتی سابلاغ، من نەمدیوە و گۆیا هەڕەشەی لە من کردووە و یەکسەر هەڵاتووم! ڕەنگە خوێنەر بپرسێت ئەی کە وا بوو بۆچی ستوون تێکوپێک شکا و تەنانەت بەتانییەکیشیان بۆ دەرنەچوو؟! ئەدی هەر بۆ سـبەی ڕۆژی دوایی، ئەوە حیزبی تودە و کۆنگـرە چواری نەبوون بەیانیان لەسـەر کۆمەڵە و عەلی دەرکرد و بـە هۆکاری چەککردن و تاڵانی سـتوونیان ناسـاند، ئەوەندەیان لەناو شـار و بـە گەورە نووسـی هاتوهاوار کرد کۆمەڵەیـان مەجبوور کرد بۆ ڕازیکردنی مەدرەسـەکان و خوێندکاران لە خۆی، کاک سـولەیمان خورەمـی یـەک لـە بەرپرسـانی کۆمەڵە لە مەهابـاد لەگەڵمـدا بێت و بچین بەرامبـەر خوێندکاران لە هەموو مەدرەسـەکان، داوای لێبوردن بکـەم، لەبەر ئـەوەی بە چەکەوە چوومـە ناو مەدرەسـەکان. ئەوە بۆ مـن زۆر ناخۆش بـوو، بەڵام بۆ ناوبانگ و خۆشەویسـتیی کۆمەڵە لە ناو خوێندکاراندا کردم، هەرچەندە کۆمەڵە دەبوو ئەم فشـارەی حیزبی دێموکرات و تودەییەکان قبووڵ نەکات! چوونم بۆ مەدرەسەکان و داوای لێبوردن لە خوێندکاران، ئەوەندەش خراپ نەبوو، لێیان تێگەیشـتین، کە زۆربەیان هاتن و بەشـدارییان بۆ سـەرجادە و ڕاوەستانیان بەرامبەر ستوونی ئەرتەش بە سەرکەوتن دەزانی. ئەوان کردەوە و ڕای ئێمەیان زۆر پـێ باش بـوو، بۆیە هەر هەموویان یەکسـەر بەقسـەیان کردین و هاتـن و بەڕاسـتی ئەوان نەبان شـەڕێکی ناخۆش و دەسـتەویەخە لەگەڵ ئەرتەش و ئەم کابرایەی چاوساغ، دەخولقا. هەموو جارێک و لە هەموو ڕووداوێکدا کە خەڵک بە پانەوە موداخلە و بەشداری دەکات، لە بەرژەوەندیی میللەت تەواو دەبێت. دوای ئەم ڕووداوە و سـەرکەوتنی خەڵک لە تێکشـکان و نەهاتنی سـتوون بۆ پادگان، خەڵک زۆر چالاکتر بوون و بە لایانەوە زۆر گرنگ بوو ئەرتەش لە پادگانەکان و مەکۆکانیان

بەهێز نەکرێن و ئەو چاوساغەش ئەوەندەی دیکە بێزراو و بێحورمەتتر کـرا. ئێسـتاش بەداخەوە وەک زۆری تر، پیسـایی ڕابردووی خۆی بە خۆقایمکردن لە پشـت بارزانی و پارتی بە خەیاڵی خۆی دەشواتەوە و وا خۆی لە هەولێر و سـوید وێنا دەکات لە هەر بارزانییەک بارزانیترە و خەڵاتی بارزانی لە سـینگی خۆی هەڵواسیوە و ڕۆژ تا ئێوارە فشەی پێوە دەکات!

دەرسمان لە مێژوو وەرنەگرتووە

بەداخەوە یەک لە تایبەتمەندییەکانی شـۆڕش و ڕاپەڕینی بەکۆمەڵ ئەوەیە خەڵکی نەشـیاو و هەلپەرسـت دێنە ڕیزی شـۆڕش و وەدوای نیازە گڵاوەکانی خۆیان لەژێر ناوی شۆڕشگێڕی دەکەون، بەبێ ئەوەی هیچیـان لـە باراندا بێ و خاوەنـی هیچ مەبدئـ و بیروباوەڕێک بن. بە کورتی زۆربەی ئەم کەسـانە شـۆڕش و شۆڕشـگێڕی تەنیا بۆ تاکی خۆیـان بەکار دێنن، هەرگیز خۆ لە هیچ ئاوێکی خوڕێن نادەن، کە بوار نەدا، خۆ لە هیچ ئاورێک نزیک ناکەنەوە کە بسـووتێنێت و فرسـەت بە هیـچ گوللەیـەک نادەن گەر بزانـن دەیانبڕێـت و دەیانکوژێت. بە جێی ئەمانە وەسـتای ماستاو و پێهەڵگوتن و خۆنزیککەرەوە و خۆتێخزاندن لـە بەرپرس و بـارەگا و دیوەخانی کاربەدەسـت و سـەرۆکەکانن. لە زۆربـەی جـاران و ئەزموونەکانی جیهان بەداخـەوە ئەوانە بەروبووم و دەسـکەوتەکانی سـەرکەوتن دەخـۆن و ملـی لێ ئەسـتوور دەکەن و ئەوانـەی بـە حەق خەباتیان کـردووە و بە ماڵ و کەسـوکارەوە لە خزمەت شۆڕشـدا بوون، یان شەهید بوون و بریندار و کەمئەندام، یان ئەوەتا لە سـبەی دواڕۆژی سـەرکەوتن ئەوان بە تەوازوع و هەژاری ژیانی کولەمەرگیی خۆیان دەبەنە پێش و تەنانەت باسی قارەمانیەتی و فیداکاریی خۆشیان لە ڕۆژە سەختەکانی سەردەمی شۆڕش ناگێڕنەوە و ئەوەشـیان بۆ ئەم نەشیاو و فشەکەرانە جێهێشتووە، کە بە هەزاران لاپەڕە بە پارەی ئەم خەڵکە هەژارە، بە فشە و درۆهۆنینەوەی داستان،

بۆخۆیـــان تۆمار بکەن و بە چەواشـــەکاری دەرخـــواردی نەوەی نوێی بـــدەن. ئەمە تەنیا تایبەت بە کوردســـتان و شۆڕشـــەکانی ئێمە نەبووە و نییـــە، ئەگـــەر ســـەیرێکی مێـــژووی وڵاتێکـــی وەک فەرانســـا بکەین، دوای ڕووخانی پاشـــایەتی و حوکمی شۆڕشـــگێڕی بە سەدان داستان و ڕووداوی وەک ئـــەم کاکـــی گروهبانەمان بۆ وێنـــا دەکات، بەداخەوە ئێمـــە زۆر کەم دەرســـمان لە مێژووی ئەم وڵاتانـــە وەرگرتووە و هەر ئێســـتا خەڵکی باشـــووری کوردستان، دوای ســـاڵانی ساڵ لە شۆڕش، کەوتوونەتە دەســـەڵاتداری و حوکمی خۆماڵی، ئەوەتا لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانـــی ئیـــدارەی دەســـەڵات بە ســـەدان و هەزاران نەشـــیاو و شارلاتانی وەک ئەم کابرایە دەبینین، ڕۆژانە خەریکی ملئەستوورکردن و خوێنمژینی خەڵکی فەقیر و هەژار و ســـتەمدیدەی ئەنفال و هەڵەبجە و پێشمەرگەی فیداکارن.

٢٠

مەرجی بوون بە کۆمەڵە

بۆ ئەوەی ببیتە ئەندامی کۆمەڵە دەبوو لە دەیان بوارت دابا و دەیان جار هەڵیاندەسەنگاندیت، دەبوو پێشتر دوو ئەندام داوای پێش عوزوی یـان بەرئەندامیـت بۆ بکـەن، بەڕاسـتی زۆربەمان بیرمان لەم شـتانە نەدەکردەوە، بە تایبەت جیلی خۆم و هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم ئەوەندە سـەرخۆش و شەیدای خەباتی پێشمەرگایەتی بووین، بەبێ هیچ تەماح و خۆپێگەیاندن وەک سـەربازێک تەنیا چاومان لە دەمی بەرپرسەکانی کۆمەڵە بوو، کە ئەمر بکەن و ئێمەش جێبەجێی بکەین. سەرانی کۆمەڵە هەر وەک سـاڵانی زەمانی شا لە کەشوهەوای نهێنی و پۆلیسیدا بوون و متمانەیـان زۆر کەم بەم خەڵکە فیداکارەی خۆیان دەکرد. بازنەیەکی داخراوی خۆیان وەک بنەماڵەیەک هەبوو زۆر زەحمەت بوو خەڵکی تر لێی وەژوور بکەوێت. هاوڕێمان هەبوو ئامادە بوو بچێتە زاری شێرەوە، خەڵکیان بۆ بکوژێت و شـەڕی دنیایان بۆ بکات، بەڵام لە لای سـەرانی بنەماڵەی کۆمەڵە بۆی نەبوو ببێتە ئەندام و لە باری ڕوتبەی تەشکیلاتی، هەر پێیان دەگوت هەوادار، کەس گوێی پێ نەدەدا، ئاخر کاکە ئەم کەسە هەمـوو کارێک بۆ کۆمەڵـە دەکات و هەموو ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی لە خزمەت کۆمەڵە ناوە، بۆچی نابێت وەک ئەندامی کۆمەڵە حیسێبی بۆ بکرێت؟! نموونە شەهید سولەیمانی بللوری کوڕێکی چالاک و دڵسۆز و وەفادار، هەموو ئەندامانی ماڵەوەیان تەنانەت بە دایک و باب و هەموو خوشـک و براکان، پێشمەرگە و چالاکی کۆمەڵە بوون، هەتا بڵێی لەناو خەڵک و لاوان و بگرە ژن و پیاوانی بەساڵداچووشـدا خۆشەویسـت و جێی ڕێز و حورمەت بوو، ئەگەر بڵێم خەڵکێکی زۆری شـار بە بۆنەی سـولەیمانەوە بووبوونە کۆمەڵە، لە ڕاسـتی لام نـەداوە، خەڵکی پێیان

وا بــوو ســولەیمان لە هەرە گەورەکان و بەرپرســی بــاڵای کۆمەڵەیە، شــەو و ڕۆژ خــۆی و ماڵەوەیــان لــە خزمەتی میوان و پێشــمەرگە و بەرپرســانی کۆمەڵەدا بــوون، لەوپەڕی قارەمانیەتی و شــەڕی قورس وەک یەکەم شــەهیدی سەنگەر لە ناوچەی مەهاباد شەهید بوو، کەچی ڕۆژنامــە و خەبەرنامــەی کۆمەڵە نووســیبووی «ســولەیمان بللوری هەواداری کۆمەڵە شــەهید بوو»! بەڵام خەڵکی شــار بە سەرکردایەتیی کۆمەڵەیان دەزانی، یان تێکۆشەرێکی گەورەی وەک حوسێن سوهەیلی، موهەندیسی کانزایی لە زەمانی شادا، لە بنەماڵەیەکی ناسراو، بە هەموو تواناوە و بەوپەڕی تەوازوعەوە پێشمەرگەیەکی سادە بوو، پێیان ڕەوا نەدەدیــت گۆڤارێکی ناوخۆ هەبوو «مەشــعەل» چەنــد لاپەڕە بوو، ئی ناوخــۆی ئەندامــان بوو، پێی بدەن بیخوێنێتــەوە، چونکە نە ئەندام بوو و نە بەرئەندام! یان کاک خەلیل بللوریان، نابغەیەکی ســەردەمی خۆی بوو، لە زانکۆی عیلم و سەنعەتی تاران، یەکەم و باڵاترین زانکۆی ئێران بە نمرەی باڵا لە زەمانی شــادا دەرچووبوو، چەند ساڵ لە زیندانەکانی شــادا بوو، بــە جلوبەرگی خۆی هاتبــوو، بووبوو بە پێشــمەرگەیەکی سادەی کۆمەڵە، بە هەموو بەرپرسانەوە دژایەتییان دەکرد و دەیانگوت «مەحفلگەرایــی» (تەکەتــول) دەکات، هەموو «مەحفلگەرای»یەکەشــی ئەوە بــوو، ئێمەمانــان و پێشــمەرگە نەخوێندەوارەکانی نــاو مەقەڕی شــاری لە شەوانی درێژی پاییز و زســتاندا کۆ دەکردەوە و کتێبی پێ دەخوێندینەوە و فێری شیکردنەوە و دەقە مارکسییەکان دەکرد. ڕۆژێک بــە منیــان گوت تــۆ ئــەوە داوای بەرئەندامیمان بــۆ کردوویت، کەچی شەوانە لە مقەر گوێ لە خەلیل دەگریت. هەرچی گوتم و کراندم نەچوو بە مێشکی دێهقانی کاکی بەرپرسی کۆمەڵەدا لە مەهاباد، وەڵا بیلا تەنیا کتێبمــان بۆ دەخوێنێتەوە و شــیی دەکاتەوە، لــە هەموومان کۆمەڵەترە و ئەو شــایانی ئەندامبوونە نەک من و تۆ، نەچوو دەمێشــکییەوە و ئیلا و بیلا ســوور بوو لەســەر قســەی خۆی، خەلیل کار بۆ خۆی دەکات، نــەک بــۆ کۆمەڵە! گوتیان بۆ ئــەوەی تــۆ داوای بەرئەندامیت بۆ کراوە

و دەبێ ڕەفتار و ئەداوئەتواری بورژوازی لە خۆت دوور بکەیتەوە، یالا برۆ بۆ بەردەسوور لە سنووری عێراق و دروستکردنی زیندانی مەرکەزیی کۆمەڵە. بۆ مراندن و لەناوبردنی خوڕەوشتی بورژوازیی، هەرچی هاوارم کرد قەرارە حوسێنی برام لە سویدەوە بگەڕێتەوە و لەمێژە نەمدیوە، با چەند ڕۆژ لەگەڵیدا بم و ئەو دەبێت زوو بگەڕێتەوە، فایدەی نەبوو، کە زانییان چاوەڕێی حوسێنم، ئەوەندەی تر داواکەمیان پێ بە ڕەوشتی بورژوازی بوو، گوتیان مادام وایە هەر دەبێت بچیت و ئەم شتانە لە خۆتدا بکوژی!

ڕۆڵە بۆ وات لێ هاتووە؟

گەیشتمە بەردەسوور، دارودەوەن و دارستانی چڕ و بەردی زۆری سەرچەم و پڕ لە دارەگوێز، ئاسمان بەدیارەوە نەبوو، بە دەیان پێشمەرگە و دیلی سەرباز و پاسدار خەریکی دیوار و دارەڕاکردن[1] بوون. زیاتر لە ٢٠٠٠ مەتر دەچووین بۆ سەر چەمەکە و بەردی گەورە و قورسمان بۆ دانانی دیوارەکان دێنا. هەموومان کورتانی حەمباڵیمان بە کۆنەبەتانی و پووش و کا دروست کردبوو، بەردی سێچل کیلۆییمان بە هەوڕازییەکی ئەژنۆشکێن لە دەم چەمەکەوە دێنا بۆ سەرەوە، نازانم چەند مامەوە، بە سێ یان چوار هەفتە زیندان دروست کرا و گوتیان وەرە برۆ، ئێستا دەزانی دەردی زەحمەتکێش چۆنە! بەداخەوە، کە گەیشتمەوە سابلاغ حوسێن هاتبووەوە و گەڕابووشەوە بۆ سوید. کە دایکم دەرگای لێ کردمەوە بەبێ ئەوەی لە باوەشم گرێ لە پرمەی گریانی دا و هاواری کرد ڕۆڵە بۆ وات لێ هاتووە؟ بە خۆم نەزانی بوو نیوە بووبووم ئەوەندە کێشم دابەزیبوو، تەنیا پێست و ئێسقانم پێوە مابوو، کەچی نیو سەعات بەدیار ئەم دایکە دڵسۆز و شەمئاسایەوە دانەنیشتم و یەکسەر چوومەوە مەقەڕ بۆ ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکی کۆمەڵە. تازە ئەو سەردەم ناگەڕێتەوە، بەڵام ئێستا بە پیری و دوای

١- دارەڕا، داپۆشینی میچی خانوو بە کاریتە و چرپی و دەستەک.

دەیان ســاڵ هەموو کاتوســاتێک فرمێسکەکانی چل ســاڵ پێشی دایکم ئازارم دەدەن.

بەهمەنی مەلازادەی هاوڕێم پێشــتر باوکی لە ترســی ئەوەی دەبێتە پێشمەرگە، بەزۆری بۆ هیندوستانی بەڕێ کردبوو بۆ خوێندن، لەناکاو گەڕابووەوە و چەکی لە شــان کردبوو، لە بەردەرگای مەقەڕی کۆمەڵە چاوم پێی کەوت. باوەشــێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و برایانەمان بە یەکدا کرد.

– بۆ هاتییەوە و ئەوە چییە بە شانتەوە؟!

– «لــەو ڕۆژەوە ڕۆیشــتووم هیــچ ســاتوکاتێک نییــە بیرتــان لێ نەکەمەوە و خۆم ســەرکۆنە نەکەم بۆچی ئێوەم بەجێ هێشــت، شــەو و ڕۆژم لــە خــۆم حەرام کردبــوو، ئاخری تاقەتم نەهێنــا و گوتم چی دەبێ با ببێ، چیتر بە قسەی بابم لێرە بە حەسرەتی کوردستان و ئێوە چاوەڕێی مەرگی خۆم نابم، ئێســتاش ئەوە چەنــد ڕۆژە هاتوومەوە و وا دەزانــم تازە لەدایک دەبم»، ئیتر بە هاتنەوەی بەهمەن ئەوەندەی تر کۆڕی هاوڕێیانم خۆشتر بوو.

کوا ئەم قوزەڵقۆڕتە؟

ئێوارەیــەک لە بەردەرکی مەقەڕ، لە کۆڵانی پشــت تەربێت بەدەنیی ســابڵاغ، پڕ لە لایەنگر و دۆســت و هەوادار لەناکاو لە بن ســەنگەری بەردەرگا کەمال خۆی بە کارتۆنێکدا دا، فڕاندی و فڕێی دایە ناوەڕاستی کۆڵانەکە، دیار بوو لەوێ داندرابوو و جێیان هێشــتبوو، کەمال هەست دەکات بۆمبــە و هەر لە ڕێوە تەقی و هەموو کۆڵان و گەڕەکی لەرزاند و شووشــە پەنجــەرە هاتنــە خــوار، خوێــن و دووکەڵ تێکــەڵ بوون، سەرشێواوی و هاتوهاوار، چەند بریندار لە بەردەرگای مەقەڕ کەوتبوون، ئێمــە لەگــەڵ چەند هاورێیەکــدا چەند هەنگاو دوورتر بەدەم پیاســەوە قســەمان دەکرد، حوسێن ســوهەیلی، کەمال وەلیانی و یونس پاڵەوانی کەوتبوون و بریندار بوون. بە خوشییەوە دواتر لە خەستەخانە زانیمان

برینی هەموویان سووکە و تەنیا پەردەی گوێی حوسێن و کەمال دڕاوە و چاویــان بریندارە. ســولەیمان بللوری هەموویانــی بردە ماڵی مینەی خەیــات (قەلــەو) و لەوێ کێشــک و خزمەتگوزاریمان بــۆ دابین کردن. مــاوەی چەند ڕۆژ ئەمانە لە ماڵی مینە لەوپەڕی خزمەت و میهرەبانیی ژن و منداڵــی مینــەدا بوون، ئێــواران لەگەڵ ســولەیماندا دەچووین بۆ سەردانیان، کاک حوسێنم تووڕە دەکرد، بە هۆکاری ئەوەی بە دەنگەکە چاوی خوێنڕێژی کردبوو، دوکتۆر بەستبووی و هیچی نەدەدیت، منیش گاڵتەم لەگەڵدا دەکرد و لە پەنای دادەنیشــتم و شــۆرباو و نان و شــتم بە زارییەوە دەکرد، زاری دادەپچڕی و منیش کەوچکەکەم وردەوردە دوور دەکــردەوە، ئەویــش بە زارداپچڕاوی ملی دێنــا پێش و لەناکاو تــووڕە دەبــوو دەیگوت کوا ئەم قوزەڵقۆرتە؟! یان زۆر جار شــیرنی و قەنــدم دەزاری دەنــا لەناکاو قونچکەســیغارێکم لەجیاتی قەند بۆ زاری دەبــرد، ئیتر دیــن و ئیمانی نەدەما و دەیگوت کوێرەی ســەگ ڕۆژێکم مابێــت بۆ تۆم ماوە، خۆ چاوم هەر دەکەنەوە تۆ ڕۆحی خۆت بۆ کوێ دەبــەی؟ یان لەگەڵ ســولەیمان، مینەمان عەزیــەت دەکرد و قدیلکەمان دەدا و گازمان لە ڕان و باســکە نەرمەکەی دەگرت، مینە تووڕە دەبوو و پەلامــاری دەدایــن و هەڵدەهاتین. جارێکی ســولەیمان ئەوەندەی بە زللان لە تەختایی باسکی دا، سوور سووری کردەوە، مینە هەر قسەی نەکرد و سولەیمان هەر دەیگوت «دە وەرە گیانە» «دە وەرە با کەبابت لەم باســکە نەرم و لووســانەت بۆ ســاز کەم» هەر لێی دا و پێکەنی، بریندارەکانیــش لەوێ کەوتبوون و ســولەیمان هــەر وای دەکرد دڵیان خــۆش بێ و ئــازار فەرامۆش بکەن، لەناکاو مینــە دەرهەڵبوو، پڕی بە ســولەیماندا کرد و هەڵی هێنا و لەســەر تەپڵی ســەریرا بە عەرزیدا دا. خێزانی مینە ســولەیمانی زۆر خۆش دەویســت، مینەی شــڕی جنێوان کــرد و مینە لە ماڵ چووە دەرەوە، کەچی ســولەیمان هەر پێدەکەنی و دەیگــوت «دە وەرە گیانە». ئەم چەند ڕۆژە پەرســتاری و تیماری ئەم عەزیزانەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

لەجیاتی سەری، کلکیم بڕیبوو

بە تاوانی بۆمبەکەی بەردەرکی مەقەڕ، کۆمەڵە چەند کەسێکی گرت و گوتــی، دادگایــی خەڵکیان دەکەین. ڕۆژێکیــان ئیعلان کرد لە تەربێت بەدەنــی هەموو خەڵک ئامادە بن بۆ بەشــداری لــە دادگا. ڕۆژی پێش، کۆمەڵە نامەیەکی دامێ و گوتی بچۆ بۆ بەردەسوور و ئەم نامەیە بەدە دەست مامۆستا ساڵە و زوو بگەڕێوە. لێی سواری لەندرۆڤێر بووم و بە تەنیا بەرەو سەردەشت و ئاغەڵان چووم، هاوڕێیانی کۆمەڵە لە مەقەڕی ئاغــەڵان گوتیــان تۆ ماندوویــت، بگەڕێوە ئێمە نامەکــەی پێدەگەیەنین. مامۆســتا ســاڵە (کاک یەدەی بیگلەری) لە زیندانی بەردەســوور قازی کۆمەڵــە بوو، منیان ناردبوو بــۆ ڕۆژی دادگای خەڵکی ئەو تاوانبارانە، بیهێنــم بــۆ مەهاباد. من خــراپ حاڵی بووم و پێم وا بــوو تەنیا دەبێت نامەکە بگەیەنم و ئەو خۆی دێت. لە ئاغەڵانەوە بۆ بەردەسوور زیاتر لە دوو سەعات ڕێ بوو بە پێیان و ماشێن نەدەچوو. کە هاوڕێیانی مقەر گوتیــان، ئێمە نامەکە دەگەیەنین، لە خۆشــیی بە هەورازدا هەڵنەگەڕان، یەکسەر گەڕامەوە. چوومە مەقەڕ لە شار و گوتیان ئەدی کوا مامۆستا ساڵە؟! گوتم نازانم من نامەکەم گەیاند، ئیتر شێت بوون و گوتیان سبەی دەبێت لێرە بێت، تۆ چۆن نەوەســتاویت تا لە بەردەســوور دێتە خوار و لەگەڵ خۆتدا بیهێنیت؟! زۆریان ســەرکۆنە کردم و شکاندمیان، زیاتر لە حەوت بۆ هەشــت سەعات بە تاقی تەنیا ماشێنم ئاژۆتبوو، هەمووی جــادەی خــوڵ و پڕ لە گەردەنــە و زینوو. من دەمزانی ئەو بەرپرســە منی خراپ حاڵی کرد و تەنیا گوتی، ئەم نامەیە بەرە بۆ بەردە ســوور، بەڵام ئیتر هەر وایە مەسئوول غەڵەت ناکات و دەبێت خەتاکانی بەسەر خوارەوەی خۆیدا بێنێت. لەداخان بوغز گرتمی، ئێوارە بوو خەڵکی زۆر لە مەقەڕی ســابلاغ بوون، گوتم ئەوەی ناوێ و دەگەڕێمەوە و بەیانی مامۆستا ساڵە لێرە دەبێت! کاک حامیدی مایلی دۆست و نزیکی کۆمەڵە بــوو لەوێ بوو، گوتــی من لەگەڵیدا دەچم، عەلــی زۆر ماندووە. زۆرم

پــێ خۆش بوو، ســولەیمان بللوریش لــەوێ بوو گوتی دیم، ســێقوڵی ســواری لەندرۆڤێر بوویــن و بەرەو جادەی سەردەشــت، کاک حامید دیتی چاوەکانم هەڵنایەن، گوتی، عەلی من لێدەخورم، تۆ زۆر ماندووی. لەگەڵ ســولەیماندا لە پێشــەوە کردیان بە قســەی خۆش و فشــقیات و منیش لە دواوە لەســەر چوار کورســی بۆی پاڵکەوتم و لەگەڵ هەموو هەڵبــەز و دابــەزی جــادە و خۆڵ و ســووڕان بــە دەوری گەردەنەدا، زڕەخــەو دەیبردمەوە و وەنــەوزم دەدا. لە زمزیــران هاتبووینە خوار لــە تەختایی بەرەو ڕەبەت بووین، لەناکاو ســتۆپێکی زۆر قایمی گرت، ڕاچڵەکیم و بە پێشدا کەوتم، کاک حامید گوتی، عەلی غاردە خەنجەرت پێیــە، کەروێشــک بوو با مردار نەبێتەوە ســەری ببــڕە، بە خەواڵوویی دەرگام کردەوە و هاتمە پێشــی ســەیارەکە، هەمــوو وڵات تاریک بوو، بە شــۆقی کزی سەیارەکە کەروێشــکم بینی لەسەر جادەکە بەس زۆر ڕوون نەبــوو، هەرچۆنێک بێ ســەرنێزەی کلاشــینکۆفەکەم دەرهێنا و لــە کەروێشــکم قایم کــرد و بڕیم، هاتمەوە ســەر و کەروێشــکم هێنا، ســولەیمان گوتی ئێســتا دەگەینە مەقەڕی ڕەبەت دەیدەم بە کوڕەکانی مەقەڕ و ژەمەگۆشــتێکی باشــە بۆیــان. لە بــەردەگای مەقەڕی ڕەبەت ڕامانگرت و ســولەیمان بە زبانەکەی خۆی «چۆنن گیانە وەرن گۆشتم بۆتان هێناوە و لێیدەن لەم گۆشتە ناسکە» کەروێشکی لە بن قاچەکانی من هێنادەر و لەبەر شۆقی گڵۆپەکانی مەقەڕ هەڵیهێنا، هاواری لێ بڵیند بوو: هەتیوە کوێرە ئەوە چت کردووە؟! دیم لەجیاتی سەری کەروێشک، ڕێــک کلکیــم بڕیبــوو! ئیتر بوو بە بــەزم و فشــەی ماوەیەکی درێژ بۆ هەموو کوڕەکان و ئەوەندەی تر «عەلی کوێر»م بەسەردا سەپا.

گەیشــتینە ئاغەلان، شــەو درەنگی کردبوو، یەک لە پێشمەرگەکانی مەقەڕ پێشــمان کەوت، بــە تاریکی و هەورازدا زیاتر لە دوو ســەعات ڕۆیشــتین و چووینــە مەقــەڕی زیندان لــە بەردەســوور. کاک یەدەی بیگەریمان ساز کرد و بەم نیوەشەوە لەگەڵ خۆمان هێنا. بەری بەیانی هەر چوار گەیشتینەوە مەقەڕی سابلاغ. دەبوو سەعات سێ و چوار لە

هەوای ئازاد و لە حەوشەی تەربێت بەدەنی دادگای خەڵک بۆ تاوانباران بەڕێوە بچێت.

ڕجای دایکی کاک سولەیمان و خانەی موعینی

هەمـــوو جـــادەی مەقـــەڕ و شـــوێنی دادگامـــان (جادەی پشـــقڵا) تا دەگەیشتەوە مەیدانی مەلا جامی گرتبوو و پێشمەرگەی لێ دامەزرابوو، بە ســـەدان خەڵک لەم حەوشـــەیە کۆ بووبوونەوە، لە باڵکۆنی سەرەوە کاک یـــەدە وەک حاکـــم و چەنـــد پێشـــمەرگە و تاوانبار و بەرپرســـانی کۆمەڵـــە وەســـتابوون. هاتـــن گوتیان چەنـــد پێشـــمەرگەی حیزب چەند جارمـــان پـــێ گوتوون ئـــەم جادەیە جارێ بەســـتراوە بێـــرەدا هاتوچۆ مەکەن جواب نادەنەوە و گاڵتە بە پێشـــمەرگەکان دەکەن و جڕتیان بۆ لێ دەدەن، لەگەڵ ڕەحیم قادریدا چووینە ســـەر جادەکە و وەستاین، بە ســـواری جیبێکی سەرئاوەڵە محەمەد زەنگەنە، زینەبە ڕەش و عەبووی عیمادی بە خێرایی ویستیان تێپەڕن، بە میل هێنانەوە بۆیان دامەزراین و بـــەرەو مەیدانی مـــەلا جامی لە جیبەکە هاتنە خوار و دەســـتیان کرد بە میلهێنانەوە و جنێو و هەڕەشـــە، گوتیان ئێوە هیچ کارە نین لە شـــار و بۆتان نییە جادە بگرن. لێرە ئێمە دەســـەلاتین و لەم قســـانە، دیار بوو هەر لە پێشـــەوە هاتبوون دادگاکە تێک بدەن و بۆ شـــەڕ هاتبوون. من و چەنـــد پێشـــمەرگە چووینە ناو جۆگـــەی قەراغ جادە و ســـەنگەرمان لـــێ گرتن، ڕەحیم ســـینگی هێنا پێش و چوو بۆ لایـــان، هەرچی هاوارم کـــرد ڕەحیم نەکەی ئەوانە بۆ ئەوەی نابن بە قســـە حاڵی نابن، فایدەی نەبوو، ڕەحیم کەوتە ناویان و دەیویست لەم ساتوکاتەدا بە میهرەبانیی خۆی، تێیان بگەیەنێت و بڵێ شەڕ خراپە و لەم قسانە، ڕۆڵە گیان ڕۆڵە گیانـــی ڕەحیم هیچ گوێی نەبزواندن و یەکســـەر گرتیان و بە مســـت و شـــەق تفەنگیان لێ کردەوە. ویستمان پەلاماریان بدەین و بە تەقەکردن ڕەحیم و تفەنگەکەی وەرگرینەوە، کەچی بەبێ تفەنگ ڕەحیمیان لە سەر جادەکـــەی مەیدانی مەلا جامی بەجێ هێشـــت و بـــۆی دەرچوون. دادگا

بە سـەرکەوتوویی، بە ڕجای دایکی کاک سـولەیمان و خانەی موعینی حوکمی ئیعدامی نەدا و تاوانباریان ڕەوانەی زیندان کرد. دوای دادگاکە کاتی شـەو، سـیامەند کە زۆربەی پێشـمەرگەکانی دێموکرات زۆریان حورمەت دەگرت، بە تایبەت کوڕەکەی شەهید مەلا محموودی زەنگەنە کـە هاوخەبات و پێشـمەرگەی کاک سـولەیمانی موعینیی باوکی بوو، چـوو بۆ لایان و تفەنگی ڕەحیمی هێناوە. ئەمە یەکەم جار و ئاخر جار نەبوو ورکەشـەڕ و پێکهەڵپڕژان لە نێوان کۆمەڵە و دێموکراتدا ڕووی دەدا لەسەر حاکمییەت.

٢١

تاران و ئەرکی نهێنی

چەند مانگێک بوو مەقەڕی کۆمەڵەمان لە مەهاباد کردبووەوە، ڕۆژێک دوکتۆر جەعفەر گوتی، عەلی دەڵێی چی خۆت بگۆڕی و تا تاران بچیت بۆ کارێکی زۆر پێویست؟ گوتم تاران چووم زووتر، بەڵام زۆر شارەزا نیم. گوتی دێن بەدواتدا هەر کە گەیشتی هاوڕێیانی کۆمەڵە لە تاران دێن و وردەکاریی ئیشەکەت پێ دەڵێن. من کۆمەڵە بووم و بۆ هەر کار و ناردنی شوێنێک، ناگوتنم نەبوو. بەڵێ، ئامادەم و چۆن و کەی بڕۆم؟ گوتی، سازمانێک وەک کۆمەڵەی خۆمان و بە هەمان بیروباوەڕ هەیە لە ئەفغانستان، ناویان «ئەخگەر»ە، تۆ دەبێت لە ڕێی هاوڕێیانی تارانەوە بچی و پەیوەندی دروست بکەیت و یەکیان بێنە بۆ کوردستان با لێیان نزیک بینەوە. عەقڵم نەیدەبڕی بچم بۆ تاران و لەوێشڕا بۆ ئەفغانستان و ئەم سازمانە بێنم بۆ لای خۆمان، بەڵام گوتم بە چاوان و ساز بووم بڕۆم. خۆم گۆڕی و وەک لاوێکی پۆشتە و جوان سواری پاسی تاران بووم، نەدەبوو کەس پێم بزانێت. وا داندرابوو لە تاران لە مەیدانی ئازادی (شەهیادی جاران) چاوەڕێ بم، کاک ئێقباڵێک دێ بە ماتۆرسیکلێت، دوای ئەدای وشەی نهێنی نێوانمان، لەگەڵیدا بڕۆم. گەیشتم و خۆم گەیاندە مەیدانی شەهیاد و زۆرم چاوەچاو کرد و کەس نەهات، وردەوردە ترس و وەڕەزی بەسەرمدا زاڵ دەبوو، لەناکاو ماتۆڕێک بە سەریعی هات و لە بن پێم ڕایگرت، ناوە نهێنییەکەی درکاند و لە پشت خۆی سواری کردم، وەک فیشەک لە نێوان ئەو هەموو ماشێن و ماتۆڕانە دەڕۆیشت و ڕۆحم سپاردبوو. دوای ماوەیەک لە بەردەرگای نەخۆشخانەیەکی گەورە ڕایگرت و دەستی بە قسە کرد، تێگەیشتم ئەمە ئێقباڵ نییە و کاتی هاتنی بۆ لای

مــن، ئیقبال لە ماتۆڕ کەوتووە و قاچی شــکاوە. دواتــر بە پەلە ئەویان ناردووە، ئەم درەنگهاتنەش هۆکاری شکانی قاچی کاک ئیقبال بووە.

چووینە ناو نەخۆشخانە و لە ژوورێک دیم ئەوە کەسێک کە هەرگیز نەمبینیبوو بە قاچێکی هەتا ڕان لە گەچگیراو لەســەر تەختێک ڕاکشاوە و بە دیتنی من ویســتی خۆی تەکاندا، چوومە پێش و ماچم کرد، گوتی هاوڕێ عەلی زۆر ببوورە، چاوەڕێی ئەم ڕووداوەم نەدەکرد. ئەم کارەی بــۆی هاتوویــت بە هۆی ئەم حاڵەتەوە مومکیــن نییە ئەنجامی بدەین و دەبــوو خۆم هاتبام لەگەڵتدا و تا ســنوور بەڕێــم کردبایت. ئیتر لەگەڵ ئەمــە هیــچ نەدەکرا و منیــش وەک کەڕ و لاڵ دەبوو گــوێ بە فەرمان بــم، هەرچەند بەدڵ پێم خۆش بوو ئــەم خەیاڵ پڵاوەی لەمەڕ گرووپی ئەخگەر ســەری نەگرت و بە خۆشییەوە دەگەڕێمەوە وڵات. هاوڕێیانی کۆمەڵــە لــە ســەرەوە ئەوەندە خۆیان لــە باری نــەزەری و تیۆری بە ماڵوێران و نەزان دەزانی دەســتیان بۆ هەر پووشــێک دەبرد. ســەیری ئەم گێژاوی فکرییە بکەن؛ لە مەهابادەوە جلی پێشمەرگایەتی بە لاوێکی بێئەزمــوون و ناکامڵــی وەک من دابنێی و ڕەوانەی تاران و ســنوور و ئەفغانســتانی بکەیت تەنیا گۆیا کۆمەڵێک هەیە وەک ئێمە بیر دەکەنەوە و دژی سۆڤییەت و لایەنگری مائۆ و خەباتی چەکدارین لە ئەفغانستان، تەواوی مەعلومات و زانیاریی کۆمەڵە لە ســەریان تەنیا بڵاوکراوەیەک بــوو بە ناوی ئەخگەر. ئاخریەکەشــی هەر بە هــۆی ئاتاجی[1] تیۆری و خۆبەکەمزانین لە ئاســت ڕۆشنبیرانی نەتەوەی فارس، خۆیان تەسلیمی تەڵەی مەرگی مەنســوور حیکمەت کــرد، کۆمەڵەیەک کە خۆی یەک لە دەسەڵات و حیزبە گەورەکانی کوردستان بوو، هات و لە هیچوخۆڕایی پەتای پۆپۆلیزم و لاوازی تیۆری گرتی و هەرچی بەروبوومی پێشمەرگە فیداکارەکانی بوو، دوو دەستی هەر زۆر بە بەلاش و حەلاش تەسلیمی مەنســووری حیکمەت و جەماعەتێکی ســێ چوار کەســی، کە ئەوانیش هاوســەر و بــرای بــوون، کــرد و لە ماوەیەکــی چەند ســاڵیدا کۆمەڵە

١- ئاتاج، ئاتاجی، هەژاری و نەداری.

وردوخاش کرا و هەر کوتەی بە دەست کەسێکەوە، ئێستاش سەودا و مامەڵەی پێوە دەکرێت.

پلانی تالانکردنی بانک

دوای ئەم سەفەرە کورت و بێئەنجامە گەڕامەوە و گوتیان دەبێت بە زوویی بچیتەوە بۆ تاران، ئەو جارە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر خۆشەویستی خۆمدا، وەک شەهیدان کەمال وەلیانی، یونس پاڵەوانی، ئەحمەد خاکی (ئەلفیدە) و هەمزەی چابووک، ئەوەیان بە خۆشییەوە ماوە، قەرار بوو زۆر بە نهێنی هاوڕێیانی تاران چەک و کەرەسەمان بۆ دابین بکەن و ئێمەش ئەو شەش کەسە بانکێک کە هاوڕێیانی تاران دەستنیشانیان کردبوو، تالان بکەین و بیگرین. کۆمەڵە زۆر بە خێرایی گەورە بووبوو، هەر دەهات و پێشمەرگەی زیاد دەبوو، لە باری ماڵی و چەک و تفاقەوە زۆر لە قەیراندا بووین و بە قەوارە و گەورەیی، خۆمان لە قەرەی حیزبی دیموکرات دەدا، بەڵام زۆر بێپارە و ئیمکانات بووین، لە لایەکی دییەوە دەمانزانی بە زوویی سەردەمی دانوستان تەواو دەبێت و تاران دەست بە شەڕ دەکاتەوە و بەم حاڵەش کە لە هیچ کوێ و وڵاتییەکەوە پشتیوانی و یارمەتی ناکرێین، بۆمان تا سەر ناڕوات. حیزبی دیموکرات ئەم موشکیلانەی نەبوو، بە ئازادی و بە کەیفی خۆی یارمەتیی لە عێراق وەردەگرت و تفەنگ و فیشەک و ئەرزاقیان بە پایفیلان هەبوو، تەنانەت ئەوان مووچەی پێشمەرگەیان دەدا، بەڵام ئێمە نە تەنیا هیچیان پێ نەدەداین، بەڵکو ئەوەی دایک و بابەکانیش بۆیان دەناردین، لەگەڵ کۆمەڵەدا بەشمان دەکرد. ئەو جارە چوونی تاران و لەگەڵ ئەو هاوڕێ خۆشەویستانەم زۆر پێ خۆش بوو، پەلەم بوو کەی دەڕۆین و دڵنیا بووم بە دەیان ملیۆن تمەن دەگەڕێینەوە.

ئێمە هەموو لە خۆئامادەکردندا بووین و چاوەڕێی هاوڕێیانی تاران بووین وەڕێکەوین، ڕووداوی ستوونەکە لە دەروازەی سابلاغ قەوما. هەر وەک پێشتر گوتم، حیزبی توودە و کۆنگرە چوارییەکانی حیزبی

دێموکـــرات زۆریان لەســـەر من بـــە قەولی خۆیان ئیفشـــاگەری کرد و ڕۆژنامـــەی «مردم» ئۆرگانی حیزبی تودە بە پێشـــمەرگەی ئاژاوەچیی کۆمەڵـــە، بە ناوی خۆمەوە ناوی بردم و نووســـیبووی بە زۆری چەک خوێندکاری بردووەتە ســـەر جادە. لاوان و لایەنگرانی ســـەر بە حیزبی تودە لە ســـابڵاغ بە بەربڵاوی گەورەنووســـینیان بـــۆ کردبوو، لە دار و دیواریان دابوو.

دوو ســـێ ڕۆژ دوای ئـــەم ڕووداوە کۆیان کردینەوە و گوتیان ئیتر عەلی نابێت بچێت و ناســـراوە. لە حەســـرەت و دڵپربوونم وەک ئەوەی بە دوو کەس دەســـت بخەنە ملم و گەرووم ڕێک گوشـــن، هەر ئەوەندە بوو لەبەر عەیبە و گاڵتەی هاوڕێیان نەدەگریام، وام دەزانی گەورەترین زوڵمـــم لێ دەکەن، زۆرم هـــاوار کرد خۆ ئێمە بە نهێنی دەچین و کەس نازانێت و نامانناسن، فایدەی نەبوو. بڕیار درابوو لە ترسی تودەییەکانی سابڵاغ، کە زۆر هاتوچۆی تارانیان دەکرد، من نەچم و نەبمە مەترسی بۆ سەر ئەم چالاکییە و هاوڕێیان.

پاش چەند ڕۆژ خەبەر هات هەموو هاوڕێیان لە ماڵێکی تەشـــکیلات لـــە تـــاران گیـــراون و لە زیندانن. هەمـــوو زۆر نیگـــەران بووین و دڵنیا بووین بە زوویی ئیعدام دەکرێن و هەر هەموو بە چەکەوە لەناو تاران گیرابوون.

ئەو کارەســـاتە بەوە تەواو بوو دوای گیرانەوەی شارەکان و دوایی هاتن بە فەترەی دانوستان، شەڕی قورس و گران لە جادەی سەردەشت-بانە و بەدیلگیرانی چەندین پلەباڵای ئەرتەش لە ئاخری هاوینی ١٩٨٠دا، دواتـــر لە بەهـــاری ١٩٨١دا حکومەت ڕازی بوو گۆڕینەوەی دیلەکانمان لەگەڵـــدا بکات، بە سەرپەرشـــتیی دوکتۆر جەعفـــەر چووین و لە نێوان بۆکان و ســـەقزدا، لەمبەر و ئەوبەری چەمێـــک دانە بە دانە دیلەکانمان گۆڕییـــەوە و بـــە بینینـــی ئـــەم عەزیزانە بوو بە شـــادی و خۆشـــی، کە بەڕاست لە مەرگ و ئیعدام ڕزگاریان بووبوو.

خەسڵەتەکانی شۆڕشگێڕ

دڵڕەقــی و ئاوڕنەدانــەوەم لە دایک و باب و خوشــک و برایان لەو مــاوە هەشــت نۆ مانگەی ناو شــارمان، جیا لە ســووکی و هەرزەگیی فیکری چیی تر نەبوو. دایکم بە حەسرەت بوو بچمەوە ماڵ و جەمێکی نــان لــە لا بخۆم، لە باوەشــم بگرێت و تێرتێر بۆنم پێــوە بکات. باوکم مرازی شەڕەقســە و فشــقیات و پڕبەگیرفانیداکردنی لێم هەبوو، کاکم بــە ئاوات بــوو وەک جاری جاران دیســان ئێوارەیەک لە قەراغ شــار پیاڵەیەکی لەگەڵدا فڕ بکەم و بەزمی گۆرانی و مەجلیســی خواردنەوەم بــۆ دانێت، ئەدی نەرمینی جوانەمــەرگ چەندی مەراقی بوو، وەک کچە شۆڕشــگێڕێکی پێگەیشــتووی تازە و جوان حیسێبێکی بۆ بکەم و هیچ نەبێ جاربەجار دەســتی بە ســەردا بێنم و باسی ئەو هەموو سەفەر و هاتوچۆی پێشــمەرگانەی خۆمی بۆ بکەم و بۆ جارێکیش بێت لە خەڵک نەیبســتێت و خۆم بۆی باس بکەم. نیشانی بدەم، ئەوەتا منیش دەیبینم و هەســت بە هەموو هەســتەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ئەو دەکەم. نەرمیــن لە نێوان چوار بۆ پێنج ســاڵ لە من منداڵتــر بوو، تەبیعی بوو ســەرنجی بۆ لای کوڕگەلی هاوتەمەنی من ڕاکێشــرێت، ئەو بە عادەتی کۆمەڵگەی ئەوکات دەبوو وەک بنەماڵە و براکانی سیاسی و شۆڕشگێڕ بێت و حەتمەنیش کۆمەڵە، ڕێک هەر واش بوو. بێچارە نەیدیت جارێک دەســتی بگــرم و بیبــەم بۆ گەڕانی ناوشــار و لەگەڵ خۆمــدا بیبەم بۆ مەقەڕ. بە گشتی ئەو شتانە هەر باو نەبوون و بە تایبەتتر لە لای منیش نــە عەقڵم پێی دەشــکا و نە چاوەکانم ئەوانــەی دەدیت. هەر نەیدیت بە دڵی خۆی و بە گەرمی باوەشم پێدا بگرێت و منیش بە سۆزەوە دەست بە پرچ و قژیدا بێنم و لە ســەر ســینگم هەناسە ساردەکانی بلاوێنمەوە و فرمێســکی خوشــکانەی بە کراســە ئارەقاوی و بۆگەنەکەی خۆم، بۆ وشــک بکەمەوە. من دەبوو وا بم، دایک، باب، خوشک، برا، کەسوکار و خزم، ئیهمال بکەم و ئاوڕیان وێ نەدەم. ئاخر من شۆڕشــگێڕ بووم و ئەم شــتانە هەموو عادات و فەرهەنگی بۆرژوازی بوون و دەبوو ئێمە،

«خەسڵەتە پیسەکانی بۆرژوازی» لە خۆمان دوور بکەینەوە! دەبوو ئەو شۆڕشگێڕە بم کە لینین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «شۆڕشگێڕانی حیرفەیی» باسیان دەکات. پێوانەکە ئەوە بوو؛ هەرچەند بێهەستتر، بێوەفاتر، ڕەقتر، بێعاتفەتر، پیستر، تووڕە و مۆنتر، قیرسیچمەتر، نەترستر و دوورکەوتنەوە لە بنەماڵە و گوێپێنەدانیان بای، ئەوەندەش شۆڕشگێڕتر دەبوویت.

بوون بە بەرئەندام

پێش ڕۆیشتنیان بۆ تاران، من و کەمال وەلیانی و یونس پاڵەوانی و یەک دوویەکی تریان لە ماڵێک لە مەهاباد کۆ کردینەوە و شەرەفی گەورە و چاوەڕواننەکراوی بەرئەندامی (واتا جاریێ ماومانە بۆ بوون بە ئەندام) یان، پێبەخشین. لە هەموو ناوچەی سابلاغ تەنیا یەک دوو ئەندام و چەند بەرئەندامێک هەبوون، کە بە پەنجەی دەستێک دەژمێردران. مەجلیسێکی خۆفهێنەر و دڵەکوتە بە هەموومانەوە دیار بوو، بەرپرسی ناوچەی سابلاغ سەید دەستی پێ کرد، خۆی فەلاح و گۆیا بووبوو بۆ کۆلکەوەستای دیوار لە زەمانی شا و لە ژێردەستی کاک حەمەحوسێن کەریمیدا کاری کردووە و هەر ئەویش لە سەروبەندی ڕووخانی شا یان کەمێک دواتر، کردوویەتی بە کۆمەڵە. تازە فێری نامەخوێندنەوە و نووسین دەبوو. گوتی، دەبێت پێش بوون بە بەرئەندامی هەمووتان بە سەرە دەست بکەن بە «ئینقلابی دەروونی»! ئەمە چەمکێک بوو لە ئەدەبیاتی لینین و ستالینەوە کۆمۆنیستەکان هێنابوویان، بەو واتایە دەبێت لەناو دەروونی خۆتەوە دەست پێ بکەیت و بە بێڕەحمانەترین شێوە خۆت سەرکۆنە بکەیت و ڕەخنە لە ڕابردووی خۆت و کردەوە قێزەونەکانت بگریت و بە تەواوەتی خۆت لە هەموو کردەوە و ڕەوشتی بۆرژوازی پاک بکەیتەوە. ئەوەش وای لێ هاتبوو هەرچەند دڵڕەقتر بیت، بەرامبەر خۆت و زۆرتر لە ڕابردووی خۆت ڕەخنە بگریت، زۆرتر جێی متمانە و شۆڕشگێڕتریت. ئەم بەرئەندام بوونە و کۆبوونەوەی

«ئینقلابـی دەروونی» ئێمەی ئەم سـێ چوار کەسـە، دەیان سـەعاتی خایاند. بۆ ئەو بەرپرسـەی ئێمەی هەڵدەسـەنگاند، کە هەرگیز بیریشی لـەوە نەدەکردەوە کوڕە جوان و دەوڵەمەنـد و خوێندەوار و بنەماڵەی ناسراوی شـار، لەسەر ئەژنۆ بەرامبەری دانیشـین وەک مەسیحییەک بەرامبەر قەشـە دەست بکەین بە ئیعترافات، زۆرتر لەزەت و ڕابواردن بـوو بـۆی تاکـو ئەرکـی حیزبـی و شۆڕشـگێڕانە. حـەزی دەکرد بە سـەعات هەر کام لە ئێمە باسـی تایبەتیترین و نهێنیترین شتی خۆمان و بنەماڵەمان بکەین و لەناو ئەم کوڕەدا و لای ئەو، خۆمان وردوخاش بکەیـن. هەر واشـمان کـرد. ئـەو پرسـیارگەلی زۆر ورد و تایبەت بە ژیانی تاکی ئێمەی دەورووژاند و کەیفی پێ دەکرد، سەیر بوو زۆربەی پرسـیار و سـەرنجەکانی لە دەوری سـێکس و پەیوەندیی کچ و کوڕ دەخولانەوە، کەی یەکەم جار هەستت بە ناوگەڵی خۆتان کرد؟ هەرگیز بینیت باوکتان لە کاتی جووتبوون لەگەڵ دایکتاندا؟ خۆت بە کەسـەوە ناوە؟ دایک و خوشـکتان بە ڕووتی دیوە؟ کەی فێری دەسـتپەڕ بوون و ئایـا ئێسـتا دەیکەن؟ لەگەڵ ژن و کچدا سێکسـتان کـردووە و گەر کردووتانە بە وردی بیگێڕنەوە. چوون بۆ قەحبەخانە؟ حەزلێکردوویی، نامەنووسـین، عەرەقخواردنـەوە، تـەوەری بەخالـەت و درۆکـردن، ترسـەنۆکی، خیانـەت بە هـاوڕێ و دزی و دەیان شـتی وردی دی بە سـەعات دەبوو باس بکرێن و هەر هەموو ئارەقەی شەرممان دەڕشت و کاکـی بەرپـرس فیکەی سـمێڵانی دەهـات. ئەوەی زۆرتـر و تۆختر باسـی خۆی کردبا، ئەوە زۆرتر شۆڕشـگێڕ بوو. لە بیرمە کەماڵ وا بە خەسـتی باسـی خۆی دەکرد، دڵنیا بووم ئەو وا نەبووە و درۆ دەکات. لـە نێوان کۆبوونەوەکاندا جارێک پێم گـوت کەماڵ بۆ وا دەکەیت، ئەم شـتانە بـۆ باس دەکەیت، خـۆ تۆ وا نەبوویت و تەمـاح لە کچە جیران و خۆگرتـن لە چوونی ئاودەسـت و ئەم شـتە قۆڕانـە. پیاوی چاک بە باسـی مەکە. کەچـی کەماڵ دەیگـوت، دەبێ بە بێڕەحمانەترین شـێوە ڕەخنـە لـە خۆمان بگریـن و غروور و کەسـایەتیی خۆمـان بەرامبەر

حیزب و ئایدیۆلۆژیای حیزبی تێکوپێک بشــکێنین. کەمال لە هەموومان شۆڕشــگێڕتر وەدەرکەوت. ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، بە دەیان کەسی وەک شــەهیدان خەلیــل بللوریان، حوســێن ســوهەیلی، ڕەحیم قادری، سولەیمان ڕەحیمی، ڕەحمان زاهیدی، سولەیمان بللوری، کەمال وەلیانی، یونس پاڵەوانی، جەمال موفتی، عەلی موهاجیری، بەهمەن مەلازادەگان، قاســم مام ڕەحیمی، ســەعید گەوهەری، محەمەد ســەبزەچی، ئەحمەد خاکــی، جەعفەر پیرەهەڵۆ، ئەحمە شــەعبانی و زۆری دیکە و بە دەیان زیندوو، هەر هەموو کوڕی شــار و بنەماڵە و خوێندەوار و زانکۆچوو، دوکتۆر و موهەندیس و کارمەند، بۆچی پیاوێکی نەخۆشــی ئۆقدەیی و ئۆمی[1] ئاوامان بە نێوی پرۆلیتار و ئینقلابی کردبووە بەرپرسی خۆمان و بــە فەرمانی ئەو بەرەوپیری مەرگ دەچووین؟ تۆ بڵێی ئەو هۆکاری ئەم کارەســاتە بوو، یان خودی خۆمان ڕێک کارەساتەکە بووین و ئەم داماوەشمان پەلکێش کردبوو؟!

ئاساییبوونی سێکس بۆ بەرپرسان

چەنــد مانگ دواتــر زانرا ئــەم عەقڵگوندییە زۆر لــەوە خراپتری لە کۆبوونــەوەی کچانی ناوشــار کــردووە، مەســئوولبوونی خۆی بەکار هێناوە بۆ لەڕێبەدەرکردنی چەند لە کچانی ڕێکخســتنەکانی ناوشــاری کۆمەڵە و بەکاری هێناون بۆ دامرکاندنی حەزە گڵاو و بێشەرمانەکانی خۆی، بە ناوی ڕەخنەلەخۆ و «ئینقلابی دەروونی»، هەموویانی بە ڕیز داناوە و خۆی لە لای ســەرەوە وەک ســەرۆک و بەرپرس بە سەعات قســەی پێ کردوون، بە نێوی «خۆئامادەکردن بۆ کادری پێشــکەوتوو و حیرفەیــی» و دابڕان لە هەمــوو گیرۆدەیی و بەندوباو، قەناعەتی پێ کردوون بە ئاســاییبوونی سێکس و جووتبوون. دەبێت بڵێم ئەم کچانە زۆربەی هەرە زۆریان زۆر جەوان و تازەپێگەیشتوو بوون و هەموویان لە پۆلی ئامادەیی و دەبیرستاندا بوون، ئەوان بەرپرسی کۆمەڵەیان وەک

١- ئۆمی، نەخوێندەوار و بێسەواد.

پێغەمبەر و قســەکانیان وەک ئایەت و فەرمایشــاتی ئاســمان دەدەیت، چووبــووە مێشــکیانەوە ئەم کردەوانــەی بەرپــرس و ئەندامی کۆمەڵە جێی مشــتومڕ نین و وەک فیداییەکانی حەســەن ســەباح دەبێت قبووڵ و جێبەجێ بکرێن. دانیشــتبوون لەژێر ناوی کۆبوونەوە و ڕەخنەلەخۆ، وردورد هەرچی کەلێن و قوژبنی زۆر تایبەتی ژیانی کچێنی و جەوانیی خۆیان لە نیگاهـ و نامەگۆڕینەوە هەتا ماچ و سێکسیان بۆ باس کردبوو، کاکی مەســئوول دەســت لە ناو گەڵ، پەتی داوی بۆ شــل کردبوون و هەر وەدوای دابوون و دەی دەی دواتر... چ بوو... باســی بکە و شەرم مەکــە...، دانــە بە دانە هەڵیســەنگاندبوون و دواتر پــاش کۆبوونەوە بە یەکیانی گوتووە تۆ جارێ بمێنەوە کارێکی تەشکیلاتی هەیە دەبێت باسی بکەین، کە دیویێتی شــەرم دەکات و بەرەنــگاری ناکات، پێی داکەندووە و ئامــادەی کردووە بۆ بەئەندامبوون! چەنــد جار براژنی خودی کاکی بەرپرس لە ژوورەکەی دیکەوە ئەم شــتانەی دیوە و نەیوێراوە باســی بکات، چونکێ یەکســەر کۆمەڵە دەیگوت شــتی وا مەحاڵە و بۆی ســاز دەکەن. ئەندامی ســەرکردایەتیی کۆمەڵە شــتی وا ناکات! کارەسات ئەو کاتە بوو کۆمەڵێک لەم دایک و بابانە بە پیری دەگیرێن و بۆ سنووری ئەفغانســتان، یان دامغان دوور دەخرێنەوە، یەک لە دایکەکان بە نهێنی دەگەڕێتــەوە بۆ ناوچەی مەهاباد بۆ ســەردانی کوڕەکانــی، لەناکاو لە مەقەڕەکانی کۆمەڵە ئەم داستانە دەبیستێ و دەچێتەوە بۆ هەموو دایک و بــاب و زیندانییەکانــی دامغانی بــاس دەکات! بزانە کەســێک بابێکی کوردەواریــی ئەوســا بێت، کچی لــە زیندانی ئاخونــدان بێت و ئەمەش ببیستێت، دەبێ حەتمەن سەکتەی کردبێت!

بە خۆشــییەوە دوای یەک دوو مانگ لە دەســپێکی دووبارەی شەڕ و هاتنە دەری بەشــێک لەم کچانە بۆ شــاخ، بوێری و ئازایەتیی یەک لە کچەکان، ئەم گەندەڵەیان لە قاو دا و ڕەوانەی زیندانی کۆمەڵە کرا، بەڵام برینێکی لە جەســتەی چەند لەم کچانە جێ هێشتووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێــت تیمار نابێتەوە و زۆربەی کچەکانی فیداکار و ســالم و دڵســۆزی

ئەوکاتی کۆمەڵە تووشی مایەپووچی و خەمۆکی هاتن. هەر ئەوکات لە زیندانــی ڕەزاییــە کە چەند لە کچەکانی کۆمەڵە بەند بوون، بە بیســتنی ئەم کارەســات و گیرانی کاک ســەید و قەومانی ڕووداوی وا، ئەویش لەناو کۆمەڵەدا، تووشــی نەخۆشــی و نائومێدی بووبوون لە خەبات و تێکۆشان و تەنانەت خۆڕاگری بەرامبەر جەللادەکانی زیندان و کۆماری ئیسلامی.

٢٢

ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ

ئیتر لە بەهار و هاوینی ١٩٨٠دا، پەلپگرتن و شەڕ، شار بە شار و یەک بەدوای یەکدا دەستی پێ کرد، «فەرمایشاتی» خومەینی لەمەڕ مەزلوومییەت و بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان، هەر ئەم چەند مانگەی خایاند، تاکو سەرانی کۆماری ئیسلامی ناومالی خۆیان هەلوەژارد و پاکوپیسی ناوخۆیان کرد. ئەوجار ئامادە بوون بۆ بەرەنگاری و لەناوبردنی «کوفار» و «زیددی ئینقلاب» کە نازناوی ئێمەی کورد بوو.

لە یەکەم مانگی بەهارەوە لە سەقز و سنە و مەریوان و بانە یەک بەدوای یەکدا شارەکان کەوتنە بەر تۆپباران و خۆمپارەی پادگان و مۆلگەکانی ئەرتەش و پاسدار. ئەوان بەوپەڕی بێبەزەیی تۆپ و هاوەنیان دەگرتە ناو گەڕەکەکانی شار، بەبێ ئەوەی منداڵ و ژن و پیر بپارێزن، ڕۆژانە سەدان بریندار و شەهید لە خەڵکی بێتاوانی شارەکان دەکەوتنەوە. زۆربەی شارەکان سیمای کۆنەکەلاوە و ڕووخاو و وێرانەیان گرتبوو. نەبوونی ئاو، کارەبا، خواردن و دەرمان چۆکی بە شارەکان دادابوو. باقیی شار و ناوچەکانی کوردستان بە هەزاران ئاوارەی تێدابوو، بە دەیان ژێرزەمین لەم شارە وێرانانەدا کرابوونە نەخۆشخانە و بە سەدان کوڕ و کچی خۆبەخش شەووڕۆژ کاری پەرستاری و تیماری بریندارانیان دەکرد. بە دەیان هەزار تەلیس[1] لە چەو و لم پڕ کرابوون، سەنگەریان پێ لێ درابوو، تاقە پارچەیەک شووشەت بە ساغی بە دەرک و پەنجەرانەوە نەدەدیت. خەڵک بە گشتی و بە پانەوە لەگەڵ پێشمەرگە بەرگریی دەکرد و بەتەمای پاراستنی

١- تەلیس، گوونی، گۆنی، گوێنی.

شــارەکانیان بــوون. زۆر بوون پیــاوە ماقووڵ و ئایینــی و فەرهەنگی شــارەکان چوون و حەولی زۆریان دا لەگەڵ تاراندا، بەڵکو دەســت لە کاولکاریی شــارەکان هەڵبگرن و خەڵکی بێتاوان و مەدەنی بپارێزرێن، تەنانــەت لــە لایــان حیزبــی دیموکــرات پەیامی سازشــیان بــە گوێی کاربەدەســتانی تــاران و خومەینیدا کــرد، گوتیان باشــە چ قەیدییە، با خودگەردانی بێت، با بیستوشــەش ماددە نەبێ و شــەش ماددە بێ، با خودموختاریی ئیسلامی بێ و هەموو دەرگایەکی پێشگرتن لە شەڕیان کــردەوە، کەچــی خومەینی و کاربەدەســتانی تــاران بڕیاریــان دابوو کوردســتان لە خوێندا بگەوزێنن و کاولــی بکەن. دەرکەوت ئەوان هەر لــە ڕۆژی هەوەڵەوە بــە هیچ ئیمتیاز و مافێکی کــورد قائیل نەبوون و نین. لە هەر کام لەم شارانە، سێ بۆ پێنج حەفتە لە ناو جادە و کۆلانان شــەڕ کــرا و ژیانی هاوبــەش و بەیەکەوەیی لە خــواردن، تیمارکردن، حەشارگە، نوستن و تەنانەت گۆرانیگوتن و شادییش، لەناو دانیشتوانی گەڕەکەکان کەشــوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە و پڕ لە عەتف و لێبوردەیی و یەکدڵــی خولقاندبــوو. غروور و خۆبەزلزانیی شــوێنی خۆیان دابوو بــە تەوازوع و خاکیبوون، پیاوە دەوڵەمەند و ماقووڵی شــارت دەدیت، ورکەنــان کــۆ دەکاتەوە، یان گۆنــی پڕ دەکات لە لــم، خانمە بە پۆز و لووتبەرزەکانت دەدیت بەرەڵبێنەیان بەســتووە و لە ناو کۆلانان بابۆڵە و چا دابەش دەکەن بۆ پێشــمەرگە، یان بە خڕ دانیشــتوون و لە ســەر ســاج نان دەکەن. ڕۆحی پێکەوەبوون و پێکەوەژیان، ئەو دەسکەوت و دیارییە بەنرخە بوو لە بەرگریی ئەم چەند حەفتەی شــارەکان، خەڵکی کوردستان فێری بوون و وانەیان لێ وەرگرت، کە دەبێت دەست لەناو دەست، پشتوپەنای یەک بن و نابێت متمانە بە دوژمن بکرێت.

بــە درێژایــی مانگەکانی بانەمــەڕ و جۆزەردانی بەهــار، بە خۆم و ســیمورغەوە بە شــەووڕۆژ بەڕێــوە بــووم، دەمێک ئاژۆتــن، دەمێک ســەنگەر، دەمێک هەلاتن و هەناســەبڕکێ و دەمێکیش بە ســەر مەیتی هاوڕێیان، چاو بە فرمێسک و هەناسەی سارد.

ئێســتا کە بیر لەم پێنج حەفتەیەی ئەو بەهارە لە تەمەنی ٢٢ ســاڵی خۆم دەکەمەوە، شــریتی سەرگورشــتە و ڕووداوەکانم بە چەند ساڵی دووردرێژ دێتە پێش چاو و هەرچی دەکەم بۆم ناچێتە عەقڵی تەنانەت خۆشــمەوە کە چۆن بــەم فەترە کورتە ئەو هەمــوو ڕووداوەم دیوە و ئەو گشــتە شــار و دێ و ڕووبار، دۆڵ، شــیو، دەشت و هەڵدێرم چۆن تێپەڕاند و ئەرێ بەڕاست ئێستاش، بۆ هەر زیندووم؟!

شەڕ لە سەقز

لە ڕۆژەکانی ســەرەتای مانگی دووی بەهاری ١٩٨٠دا شەڕ لە سنە و سەقز گەیشتە ئاستێکی زۆر خوێناوی و وێرانی، بە سەدان ئاوارەی ئــەم شــارانە هاتبوونە ســابلاغ و مەقــەڕی کۆمەڵە ڕێڕێــداری نەبوو. مەفەرەزەی ئێمەیان ناردە ســەقز بۆ یارمەتیی نیزامیی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. ســیمورغ پڕ لە پێشــمەرگە گەیشتینە ناو شار و مەیدانی هەڵۆ و مەقەڕی کۆمەڵە. یەک لەو پێشــمەرگانەی بیرم ماوە خەلیل بللوریان بــوو بە خۆی و تفەنگــە ئێمیەکەکەی، بەوپەڕی تــەوازوع و خاکییەوە وەک پێشــمەرگەیەکی هەرە سادە ناردبوویان، ئەو دەیزانی بەرپرسانی کۆمەڵــە ڕێــزی ناگــرن و خەریکن بــەم کارانە دەریپەڕێنــن و لە کۆڵ خۆیانــی بکەنــەوە، دەنا خەلیل زۆر جێگەی لە ســەرکردایەتیی کۆمەڵە بالاتر بوو، من شەرمم لێ دەکرد و وەک برای گەورە و ئوستادی خۆم چــاوم لێ دەکرد، هیچ بە لامەوە گرنگ نەبوو ڕەدەی حیزبی ئەو چەند لــە خــوارەوەی منە، گرنــگ ئەوە بوو خەلیل زۆر لــە من و هەموومان زاناتــر و شۆڕشــگێڕتر و کامڵتر بــوو. بە درێژایی ســەفەرەکەمان بۆ ســەقز لە ڕاوێژ و ورەبــەرزی و ئامۆژگاریی تیۆریی ئەو کوڕە نازدار و بلیمەتــە بێبەری نەبووم. لە بیرم نییــە چەند ڕۆژ ماینەوە، عادەت وا بوو پێشــمەرگە خۆماڵییەکانی هەر ناوچەیەک، هەرچی کاری ســەخت و حەرەســیات و ســەنگەرلێدان بوو بە پێشمەرگە میوانەکانیان دەکرد. ڕۆژانە لەســەر ســووچی کۆڵانەکان و ســەرڕێی مەقەڕی پاسدارەکان

یەک یەک و دوو دوو لە سەنگەردا بووین، کۆڵان بە کۆڵان و سەنگەر بە سەنگەر لە شەڕدا نەبووین، بەڵام چرکە و سات نەبوو پەنا نەگرین و هاوەنێک، تۆپێک یان قەناسەیەک نەتەقێتەوە.

جادە و کووچەکان پڕ بوون لە کچان و کوڕانی لاو و خوێنگەرم و چالاک، بە دەیان ماڵ و ژێرزەمین کرابوونە خەستەخانە، بریندار و پیر و منداڵیان لێ جێ کرابوونەوە. میواندۆستی و ڕێزی ئەم شارە بۆ پێشمەرگە و بە تایبەت ئێمە کە لە شارەکانی دیکەوە بۆ یارمەتی هاتبووین، لە گوتن نایە، میوە، گۆشت، شیرینی، ساردی و شەربەتی دەسکردی ماڵان و هەموو خزمەت و پێڕاگەیشتن بە پێشمەرگە زۆر بە زیادەوە دەکرا. دەور و ڕۆڵی ژنان و کچان بەرچاو و دیار بوو، شەهید و کوژراوەکان زۆربەیان هەر لە مزگەوت و حەوشەی ماڵان دەشاردرانەوە. بە هۆی ناسراویی من هەر لە سەرەتای شۆڕش و گرتنەوەی سەقز لە کەرەتی هەوەڵدا، لەگەڵ کوڕگەل و «دەروێشەکانی سەقز»ی من و دوکتۆر جەعفەر، کە ئێستا ئیتر هەموویان لە بەرپرسانی کۆمەڵە بوون، لەوپەڕی خاوەن ماڵیدا خۆم دەدیتەوە، لەگەڵ هەموویان و کەسوکاریاندا ئاسوودە بووم، بە جەفەنگ و فشقیات، سروود و گۆرانی شەوەکانمان تێپەڕ دەکرد و بە پێ یان بە لایتی کوژاوەی ماشێنەکانمان، بۆ حەرەسیات بە ناو شاردا دەخولاینەوە. من لە لای وان بە «عەلی ژاپۆنی بانگ دەکرام، لە شەڕەجنێو و ڕابواردن شانم لە شانی هەموو کوڕگەلە زۆڵەکانیان دەدا و لە جوابەجەنگی و گاڵتەپێکردنیان نەدەمامەوە، هەرچەند سەقزی بە گشتی زۆر سادە و ئارام و بێوەیترن بەراورد بە هەتیمگەلی سنەیی، کە هەرچی جنێو و ڕابواردن بەوانی تر، لایان دەست دەکەوێت.

کوڕەسەقزی و شەڕ

ئێوارەی ڕۆژێک، بەرپرسەکان مەفرەزەکەی ئێمەیان نارد بۆ ئەوبەری چەم، لە باشووری سەقز، چووین بۆ «حەماڵئاوا»، کە

پارێزگاری لەم گەڕەکە بکەین و ڕەنگە پاسـدار بەوێدا بۆ ناوشـار دزە بکات. کوڕێکی سـەقزیی زۆر دانشـمەند و خوێنـدەوار، ئەهلی تیۆری و بـاس و جەدەلیـان، لەگەڵـدا ناردین. هەموو شـتی پـێ خۆش بوو، تەقـە نەبێـت، ڕۆحی لە شـەڕ چووبوو، نازانم بەم حاڵـەی بۆ بووبوو بە پێشـمەرگە، هەرچۆنێک بێت ئەو چاوسـاغ و شـارەزای سەقز بوو، پێـم وایـە هەر بۆیـە لەگەڵ ئێمەیان نـارد تاکو هەر وەک بـاو بوو لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە. لەم هەموو شـەڕ و ئەحواڵی ناوشـار و بوون و نەبوونەدا، تاقەتیان لە پرسیار و تەحلیل و مەحلیلی دانشمەندی ناڕازی چووبوو، هەر کە دەیانگوت بۆ فلان سـەنگەر بچۆ، یەکسـەر تیۆرێکی دروست دەکرد بۆ ئەوەی نەچێت. ئێمەی غەریب و ناشارەزا پێی ڕازی بوویـن و پێش خۆمـان دا، ئێوارە درەنگ، بوولێڵە بوو، گەیشـتینە ناو مزگەوتـی حەمالئاوا. پێشـمەرگەکان هەمووی ماندوو، شـەکەت و تەڕ بووین، بەبێ ڕوخسـەت لە مزگەوت خۆیان کردەوە و خەریکی تفەنگ و خۆ وشککردنەوە و قاچ درێژکردن و پشوودان بوون. لەناو مزگەوت، لەگـەڵ کاک خەلیلدا دانیشـتبووم و قسـەمان دەکرد، لەناکاو شـەوقی گڵـۆپ و گرەگری دەبابەمان وا هەسـت پێ کـرد، ئەوە وەناو مزگەوت دەکەوێ. یەک بە پێخواسـی، ئەوی دی پشـتێند و ڕەخت بە دەستەوە، بـە خەواڵوویـی و زۆر شـپرزە هەمـوو دەرپەڕیین و بـە پێچەوانەی دەبابەکان و پشت لەوان بۆ ناو شیوەکە، بە ڕاکردن و دوورکەوتنەوە لە مزگەوت و دەبابەکان. دەستیان کرد بە تەقە و دۆشکەیان وەکار خست و بە گۆترە و شـێتانە دەیانپرژاند. چاوم گێڕا لە هەموو پێشـمەرگەکان تەنیـا خەلیل بلووریان بە ئێم یەکـەوە و ڕەحیمی خەڵکی ئێندرقاش ئار پـی جی لە شـان لە کۆلانی پشـت مزگەوتەکە بەیەکەوە وەسـتاون و ڕایاننەکردووە، تەدبیرمان کرد هەرچۆنێک بێت لە سەری کووچەوە ئار پـی جی-یەکیان پێـوە نێین. ڕەحیم خۆی قایم کـرد و تەقاندی، ئاگری ئار پی جی بە شـەو زۆر دیارە، نازانم لە سـووچێکی یەک لە تانکەکان کـەوت و دەنگێکی زۆر بەرز شـریخەی لە تاریکیی شـەو هەڵسـتاند.

بــە پەلە تانکــەکان پاشەکشــەیان کرد و لــە مزگەوت و نــاو گەڕەکی حەماڵئاوا دوورکەوتنەوە، ئەم تەقەیە بۆ من و خەلیل و ڕەحیم یەک لەو خۆشــییانە بوو هەرگیز بیرم ناچێتەوە، بە تایبەت ســیما و ڕوخساری خەلیل سەرکەوتن و شانازیی پێوە دیار بوو، دەمزانی خەلیل لە بواری نیزامی و ئازایەتی ئەمەی بە مەحەک زانی بۆ خۆی، کە لە پێشمەرگەی ئازا و ناو ســەنگەر، نە تەنیا دوا ناکەوێت، بگرە ئەگەر بێتە ســەری لە هــەرە ئازاکانیــش دەردەچێت، مــن دواتر و لە گەڕانــەوەدا هەموو ئەو شــەوە و خۆڕاگریی خەلیل و ڕەحیمم بۆ کۆمیتە ناوچە و بەرپرســانی کۆمەڵە ڕاپۆرت کرد، ئەوەی خەلیلیان هیچ پێی خۆش نەبوو.

هاتینــەوە نــاو مزگەوت، زۆر شــتی پێشــمەرگەکان جــێ مابوون، وردەوردە یــەک یەک و دوو دوو گەڕانــەوە، زۆربەیان تەڕ و قوڕاوی بووبــوون، دیــار بوو بە تاریکی کــە ڕایان کردبوو بــەرەو چەمەکە و دارستان، هەر وەنێو کەوتبوون، زۆریان شەرم کرد بۆچی نەوەستاون و گوێیــان لــە بەرپرســی خۆیان نەگرتــووە. دیارە لە کاتــی وادا یەک نەفەر دەتوانێت ورەی پێشــمەرگە بەرز کاتــەوە، یان دایبەزێنێت. دڵنیا بوومەوە هاوڕێی دانشــمەندی ســەقزی یەکســەر ڕای کردووە بەرەو چــەم و شــیوەکە و ئەوانەی ئێمــەش هەر هەمــوو دوای کەوتبوون و لەســەر ئێمە نەوەســتابوون و وایان زانیبوو ئێمــەش بەدوایاندا بەرەو چەمەکە دەچین.

شەڕ لە سنە

ئێمە ئەو چەند ڕۆژەی بۆمان دیاری کرابوو لەگەڵ هاوڕێیانی سەقز لەناو شــارماینەوە و دواتر بە ســواری سیمورغ و سروودخوێندنەوە بەرەو ســابلاغ گەڕاینەوە، شــەڕ نــا، بەڵکو شــەڕی بەهیلاکگەیاندن و عەســەبیکردنی خەڵــک و پێشــمەرگە بە هاوەنهاویشــتن و قەناســە و تۆپبارانی ناو شار و وێرانکردنی، زیاتر لە مانگی خایاند، تا سەرەنجام کۆمەڵە و دیموکرات بڕیاریان دا لە شار بێنە دەر و تەحویلی پاسدار و

ئەرتەشی بدەن و هەتاکو ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم ئەوان حاکم و ئێمەش ئاوارەین.

هەر بەو توندوتیژی و وەحشـیگەرییە، لە شارەکانی سنە، مەریوان و بانە شـەڕ بـەردەوام بوو، لە هەموان خوێناویتر و پڕ لە داسـتان و حەماسـە سـنە بوو. مەقەڕی کۆمەڵە لە سـابلاغ پڕ بوو لە هاوڕێیانی کۆمەڵە، کە زۆربەیان لە سنەوە هاتبوون. دوای گەیشتنەوەمان گوتیان دەبێ بەرەو سـنە بچێ و داوای گوللەتۆپ و ماتۆرسـیکلێتی سووک و توندئاژۆیـان کـردووە بۆ گەیاندنی پەیک و هاتوچۆی ناو شـار. چەند گوللەتۆپـی ١٠٦ و پێنج ماتۆڕمان لە سـیمورغە بـۆرەی نا و ڕێکەوتم بەرەو بۆکان، لەوێش سـەرکردایەتی چەند نامە و ڕاسپاردەیان پێ دام بۆ مامۆسـتا برایم (سـاعد وەتەندوست) و سـەرکردایەتیی کۆمەڵە لە سـنە. جادەی بۆکان- سـەقز و لەوێشەوە سەقز- دیواندەرە، نائەمن و شیاوی هاتوچۆی پێشمەرگە نەبوون، دەبوو بچمەوە سەدی بۆکان و بە گوندەکان و لای تیکانتەپە و هەموو ئەم دێهاتانەی نێوان سەقز و بۆکان و فەیزوڵلا بەگی دەور لێدەم و لە شوێنێک کە پێیان دەگوت چوارڕێیانی چاپان و دەهاتەوە سەر جادەی سەقز بۆ دیواندەرە، کەمین دەرکەین و دوور بکەوینەوە لە جادەی ئاسفالت و بەرەو دێهاتی مەریوان بچینەوە و دواتـر لە جادە خۆڵەکەی مەریوان- سـنە سـەر دەرهێنین و بەرەو سـنە بچینەوە. لە بۆکانەوە کەسێکی زۆر شـارەزام لەگەڵدا هاتبوو. لە ماوەی شەڕی سنە و مەریوان و بانە وا هات من دوو سێ جار بە شەو هەڵبـەت هەر دەبوو بە شـەو بێت، ئەم چوارڕێیانـم کە بە چوارڕێیانی مەرگ ناسـرابوو، تێپەڕاندبوو، جارێکیان کە زۆر ماندوو بووم و چەند پێشمەرگەشـم لەگەڵدا بوو، کەسیان تاقەتی کەمیندەرکردنی نەبوو بێنە سـەر جـادە قیرەکە و بزانن جاش و پاسـدار دامـەزراوە یان نا، گوتم مـادام وایە تـا دەتوانن خۆتـان بگرن و قایـم بکەن، تفەنگـەکان با لە سـەر پێ بن. سـەت مەترێکمان مابوو بۆ سـەر جادەکە بۆ پەڕینەوە. سـیمورغ باڵی گرت، گەیشـتینە سـەر جادەکە و تەقەمان لێ کرا، وەک

بـازدان سـیمورغ بـازی دا و چووینە ئەوبەری جـادە و لەناو خوڵ و تەپوتـۆزی دوای خۆماندا ون بووین، دوای لە خەتەرتێپەڕین ڕامگرت، بە خۆشـییەوە هەموویان لە پشتەوە ساغ و سەلامەت بوون، دوو سێ فیشەک وە سیمورغ کەوتبوو.

شەهیدبوونی فوئاد (ئەبوو شاهین)

هەر لەم ڕۆژانەدا لە مەریوانەوە دەچوومەوە سنە، لە چایخانەیەکی سـەر ڕێ بۆ نانخـواردن ڕامگرت، حەمیدی کادری ئەشـرەفی دێهقانم دیت، هەر لە دوورەوە دەسـتی بە گریان کرد و لە خۆشـیی دیتنەوەی من توند توند ڕێکی دەگوشیم و هەنیسکی دەدا، بە فارسی گوتی: "عەلی جان فوئاد چند روز پیش در سـنندج شـەهید شـد" واتا فوئاد عەرەب چەند ڕۆژ پێش، لە سـنە شـەهید بوو. ئەو دەیزانـی من و فوئاد چەند لێک نزیک بووین و وەک کوڕی ماڵەوەمان بوو. بۆی باس کردم چەند ڕۆژ پێشـتر لە یەکێک لە گەڕەکەکانی سـنە، دۆشـکە لە کەلەکەی داوە و لە لاکەی دیکە دەرچووە و شـەهید بووە. هەواڵێکی ناخۆش و پڕ لە ئازار بوو. فوئاد نە تەنیا بۆ من خۆشەویسـت بوو، بەڵکو بۆ شەڕەکان بە تاقی تەنیا هاوتای لەشـکرێک بوو. زۆر دانیشـتین و لە سـەر جادە خۆڵەکـە دوو بە دوو شـینمان بۆ گێڕا، دەسـتی لـە گیرفانی نا، پارچە کاغەزێکـی خوێناویـی دەرهێنا و گوتی عەلی تەنیا ئـەوەی لە گیرفاندا بوو. چاوم لێ کرد خەتی خۆم بوو، کە ئەلفوبێی کوردیم بۆ نووسیبوو بـۆ فێربـوون و خەتی خۆی کە تەمرینی لەسـەر کردبـوو. حەمید ئەو کوتەکاغەزەی دا بە من و ڕۆیشـت، تا ئێسـتاش هەرگیز نەمبینیوەتەوە و وا بزانم جارێک خەبەری هات لە شـەڕێکدا شەهید بووبێت. ئێستاش دوای چل سـاڵ کاغەزی خوێناویی فوئادم هەر پاراسـتووە، لە ماوەی دەربەدەری و هەموو شـەڕ و ڕاکردن و کوێرەوەری و بەرێداڕۆیشتن و هەندەران، چەند شـتێکم پاراستوون، وەک نامە و وێنە، ئەمەش یەک لەم یادگارییە زۆر عەزیز و بەنرخانەیە لام.

فوئاد عەرەب یان ئەبوو شاهین ناوی خۆی مورتەزا سەید ئیسماعیلە، لە ئاوارەکانی ئەفغانستان بووە و دواتر لە ئێرانەوە ئاوارەی عێراق بووە و لەوێشەوە چووەتە فەلەستین و سالآنی حەفتای زایینی لە خەباتی ئەواندا بەشداریی کردووە، بووەتە یەک لە فەرماندە بەناوبانگەکانی شەڕی خیابانی و هۆتێلەکان لە لوبنان و فەلەستین، بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی وەحدەتی کۆمۆنیستی. لەدوای شۆڕشی ئێران و نەمانی شا، گەڕاوەتەوە ئێران و لە کوردستان وەک فەرماندەیەک لە سەرەتای شۆڕشدا یارمەتیی زۆری کادر و پێشمەرگەی نیزامیی کۆمەڵەی داوە. ١٣٥٨/٢/٦ هەتاوی (١٩٨٠/٤/٢٦) لە ناو شاری سنە شەهید دەبێت.

عەلی شیعە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی کە لە کارەساتی هەکاری و دیلی قیادە موەقەتە ڕزگاری بووبوو، ئەویش دوو ڕۆژ پێش فوئاد عەرەب، ١٣٥٨/٢/٤ هەتاوی (١٩٨٠/٤/٢٤) لە بەردەم مەدرەسەی خەدەمات لە جادەی ئەردەڵان لە ناو شاری سنە شەهید بوو.

چوونە مەریوان

بە کردەوە خۆم و سیمورغەکەم بووینە بەشێک لە شەڕەکانی سەقز، سنە، مەریوان و بانە، تا کۆتایی ئەم شەڕانە نەکرا بگەڕێمەوە مەهاباد. جارێکیان مامۆستا برایم لە سنەوە لەگەڵ جەمال خۆمپارە و مەنسوور قەشقایی ناردمانی بۆ مەریوان، کە جەمال بە خۆمپارە یارمەتیی هاوڕێیانی مەریوان بدات. شاری مەریوان وەک سنە و سەقز بە هەزاران هاوەنی بەرکەوتبوو، کۆڵان و سەرجادەکان بە دەستی پێشمەرگەوە بوون، خەڵک لە نانکردن و دەواودەرمانی برینداران شەو و ڕۆژیان نەبوو، ئێوارەیەک لەگەڵ جەمالدا چووینە ماڵی کاک فوئاد، بە وردودرشتەوە کاریان دەکرد و یارمەتییان دەگەیاندە سەنگەری پێشمەرگەکان، خەریکی کەلانەدروستکردن بوون، ئێستاش دوای ئەو هەموو سالآنە تامی ئەو کەلانانەم بیر نەچووەتەوە. مەریوان یەک لەم شارە کوردییانەیە بە کەلانەی خۆش ناوبانگی هەیە. دیسان ڕۆژێکی

تر کوڕگەل منیان بردە زرێبار و بە زۆر خۆم شۆری، جەمال خەریکی جلەکانم بوو، هێندەی ئەسپێ تێدا بوون تاقەتی چوو. چەلەنگی هێنا و هەموو جلەکانی کولاند. چەند سەعاتمان لە قەراغ ئەو گۆمە خۆشەی زرێبار پێ چوو، بە سەعات بە ڕووتی هەڵتروشکام تا جلەکانم وشک بوونەوە. کەم کەسی ئازا و توندوتۆڵ و جۆکەری هەموو ئیشەکانم، وەک جەمال خۆمپارە دیبوو. وەستا و پسپۆڕی خۆمپارە بوو، هاوەنی ١٢٠ی لە سەر شان دەبردە سەر تەپۆڵکەکان و هەر خۆی دەیهێنایەوە خوار، زۆر دڵسۆز بوو کە دیتی وا پیس و ئەسپێ لێی داوم، نەوەستا تا خۆم و هەموو جلەکانمی پاک و خاوێن کردەوە، کوڕگەلی مەریوانی بە پێچەوانەی سنە و سەقز زۆر جیددی و نیزامی و زۆربەیان مرچ و مۆن بوون، گاڵتە و فشقیاتیان زۆر کەم بوو، جەمال تۆڵەی هەموو ئەوانەی بە باوەحیزەکەی خۆی بۆ دەکردمەوە. لەو هاوڕێیانە بوو لە سەفەراندا دڵت پێی خۆش دەبوو، پیاوی تەنگانە و لێقەومان بوو. دوای چەند ڕۆژ دەبوو بگەڕێینەوە سنە، گوتیان خەریکن سنە چۆڵ دەکەن، ڕێگەی سنە و مەریوان بەشێکی گیرابوو، ناعیلاج بە ڕێی دێهات و دزڵیدا دەبوو چووباینەوە، لە دزڵی لە کەمینی قیادە موەقەتە کەوتین، بە خێرایی و ڕێک بە ناویاندا بە تەپوتۆز بە سەریاندا ڕزگارمان بوو، جەمال نەیدەزانی ترس چییە!

قیادە موەقەت کێ بوون و چییان کرد؟!

دوای چل ساڵ گەلی کوردیش حەقی خۆیەتی لە ڕاستییەکان ئاگادار بکرێتەوە. لە ١٩٧٥دا شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنا و بانگی ئاشبەتاڵ لێدرا. سەرکردایەتیی کورد کە تەنیا مەلا مستەفا و کوڕەکانی بوون و هیچ ئەندامێکی پارتی و مەکتەبی سیاسی حیسابی بۆ نەدەکرا، بڕیاریان دا بەبێ هیچ چەشنە گفتوگۆ و بەرهەڵستێک خۆ تەسلیمی شای ئێران بکەن و چەکەکان فڕێ بدەن، یان تەسلیمی شا و سەدام بکرێن.

بە دەیان هەزار کوردی باشوور و بارزانییەکان کە نەیانویست

تەسلیمی سەدام ببنەوە، ئاوارەی شار و گوندەکانی ئێران بوون، بەبێ سەرپەنا و مافە سەرەتاییەکانی پەنابەری، وێڵ و سەرگەردان کران بەسەر هەموو ئێراندا و لە خراپترین ژیاندا و ئەوپەڕی هەژاری و بێکەسیدا چاوەڕێی چارەنووسی نادیار بوون.

تەنیا بنەماڵە و کەسە نزیکەکانی مەلا مستەفا لە شاری کەرەج لە ڤیلا و خانووی خۆش جێگیر کران و نزیک بە ٥ ملیۆن تمەنی ئەوکات وەک نەسریە (کۆمەک هەزینە) بۆیان بڕایەوە، جگە لە ٤٧ ملیۆن دیناری شۆڕش، کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان. (هەر دینارێک ئەوکات زیاتر لە ٣ دولار بوو)

بەدوای دەسپێکی شۆڕشی نوێدا بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٦دا، قیادەی موەقەت (سەرکردایەتیی کاتی) لە لایەن بەشێک لە سەرکردایەتیی کۆنی شۆڕشی ئەیلوول و بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی دامەزرا.

لە دزلیی مەریوان، شنۆ، کەرەج، زێوە و گوندەکانی دەوروبەری ورمێ و سەرسنووری تورکیا و هەکاری مەقەڕاتیان بڵاو کردەوە. لە یەکەم چالاکی و کاردانەوەیان بە دژی یەکێتیی نیشتمانی لە ساڵی ١٩٧٨دا کارەساتی هەکاری قەوما و زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگەی یەکێتی لە شەڕی قیادە موەقەتە تێداچوون و سەرکردە گەورەکانی یەکێتی وەک بابە شێخ، دوکتۆر خالد و عەلی عەسکەری بە دیلی ئیعدام کران و دەیان سەرکردەی تریش بە دیل گیران.

زۆربەی زۆری خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆشنبیران و نوخبەی سیاسی، دڵسۆزی و عەتفێکی زۆر و سەمپاتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و پێشمەرگە و مام جەلالیان هەبوو، بە دەیان لاو لە شارەکانی شنۆ، بۆکان، سەقز، سنە و مەهاباد وەک ڕێکخستن کاریان بۆ پێشمەرگەی یەکێتی دەکرد و تەنانەت کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کە ئەوکات نهێنی بوو، کادری وەک دوکتۆر جەعفەر شەفیعیی ناردبوو بۆ قەندیل و کەسێکی خۆشەویستی وەک خانە موعینی لە ڕێگەی چوونی بۆ لای یەکێتی شەهید بوو. بە

دەیان لاوی وەک شـــەهید ســـولەیمان بللوری شـــەو و ڕۆژ لە هەوڵی یارمەتـــی و پـــارە و شـــتوومەک کۆکردنەوەدا بوو بۆ پێشـــمەرگەکانی یەکێتی و وێنە و پۆســـتەرەکانی مام جەلال و سەرکردەکانی تری چاپ و بڵاو دەکردەوە.

لـــە بەرامبەردا ســـەرانی قیادە موقەت لە ورمێ و کـــەرەج لە لایەن شای ئێرانەوە یارمەتی دەدران و نەسریەی باشیان پێ دەدرا.

زۆری نەبـــرد شـــای ئێران ڕووخا و حکومەتی تازەی ئیســـلامی بە ڕابەریی خومەینی هاتە سەرکار و دەسەلاتی ئێرانیان گرتە دەست.

لە زســـتانی ۱۹۷۹دا شۆڕشـــی ئێران کرا و لە هاویندا هێرش کرایە ســـەر کوردســـتان و لە پـــاوە و مەریوان شـــەڕی خوێنـــاوی لە لایەن پاسداری خومەینییەوە بەسەر کورددا سەپا.

کەســـێکی زۆر نزیک و خزمـــی مەهابادیم لە حکومەتەکەی بازرگان و بەنی سەدری سەرۆککۆمار، جێگری وەزیر بوو. گێرایەوە «لە تاران لـــە مەکتەبی بەنی ســـەدر لەگەڵ چەند وەزیرێکدا یـــەک لەوان داریوش فروهەر دانیشـــبووین، لەنـــاکاو گوتیان ئاغای ئیدریـــس بارزانی داوای دیدار دەکات و لێرەیە:

گوتی هاتە ژوور، من یەکسەر ناسیم، بەس ئەو منی نەناسی.

بەنی سەدر بەخێرهاتنی کرد و دانیشت. ئیدریس بارزانی بە فارسی قســـەی کـــرد و گلەیی و گازەنـــدەی هەبوو لەوەی کە دوای شۆڕشـــی ئیسلامی و نەمانی شا کەس پێیان ڕاناگا و لەوپەڕی خراپیی ماڵیدان.

بەنـــی ســـەدر لێی وەدەنـــگ هات و زۆر بە توندی بـــە گژیدا هات و پێی گوت ئێمە ناتوانین هەر وا بە بەلاش بەخێوتان بکەین، باشـــە ئێمە یارمەتیـــی ئێـــوە دەدەین و بەخێوتان دەکەیـــن و مەقەڕەکانتان بە دژی جەلال تاڵەبانی و سەدام پۆشتە دەکەین، ئەدی ئێوە چیمان بۆ دەکەن؟!

خۆتـــان بـــاش دەزانن دنیـــا دوژمنایەتیمـــان دەکات و ئێمـــە تازە لە شـــۆڕش ســـەرکەوتووین، ســـەدام کوردەکانی ئێرانی لێ هان داوین و ئەوەتا بەنیازن ئێران لەتوپەت بکەن، ئەرتەش شـــەڕ ناکا و پاســـداریش

تــازە و بێئەزمــوون و زۆربەیان منالن. ئەگەر ئێوە خۆتان بە دۆســتی ئێمــە دەزانن دەبــێ لــەم ڕۆژەدا یارمەتیمان بدەن بۆ ئــەوەی ئێمەش یارمەتیی ئێوە بدەین!

ئیدریس دەڵێت؛ جا ئێمە هەمیشە ئێرانمان بە دۆستی خۆمان زانیوە و خۆشمان بە ئێرانی دەزانین و فیداکاریمان هەر کردووە بۆ ئێران!

بەنی ســەدر دەڵێ ئێســتا ئێمە لە کوردســتان کێشەی دیموکرات و کۆمەڵەمان هەیە، ئێوە دەبێ بچن و ئەوانەمان لە کۆڵ بکەنەوە، چونکێ ئەوانە دۆستی دوژمنی ئێوەشن، واتا سەدام!

ئیدریس هەر لەوێ سۆزی پێ دەدات و بەنی سەدریش ئەمر دەکات ئەو نەسریە ٥ ملیۆن تمەنەی ڕایانگرتووە بۆیان بگێڕنەوە و هەر وەک زەمانی شا یارمەتی بە بنەماڵەی مەلا مستەفا بدرێ».

ئــەو جێگــری وەزیــرە لە درێــژەی گێڕانــەوەی ئەم ڕاســتییە تاڵە مێژووییەدا گوتی: چیی وای نەبرد داســتانی قەبردانەوەی مەلا مستەفا ســاز بوو، دواتر شــەڕی دیموکــرات و کۆمەڵە لە لایەک و پاســدار و قیــادەی موەقەتــە لە لایەکی تــرەوە زۆربەی کوردســتانی ڕۆژهەڵاتی گرتــەوە و لــە یەکەم هەنگاودا شــەڕی جــادەی سەردەشــت-خانێ و شەڕی گرتنەوەی شاری شنۆ و زۆر شەڕی دیکەش.

کشانەوە لەناو شارەکان

مامۆســتا برایم و بەشــێک لە هاوڕێیان، وەک جــەلال و حەبیبوڵڵا کێلانە و بەشــێکی زۆر لە خەڵک و مامۆســتا و پێشــمەرگەی تازە، بە فەرماندەیی مامۆستا برایم گەیشتبوونە کێلانە و مەقەڕێکی گەورەیان لەم گوندە خۆشە دانابوو. لە بن شاری سنە دێیەکی لێیە ناوی حەسەنئاوایە، بەشــێک لە پێشمەرگەکان لەگەڵ حەبیبوڵڵا لەم دێیە دامەزرابوون و لە کەمیندا بوون بۆ ئەوەی ئەرتەش و پاسدار پێشڕەوی نەکەن بۆ دێهاتی ســەرووتر و شــوێنی ســەرکردایەتی لە کێلانە. جارێکی دەســتەیەکی پێشــمەرگەم برد بۆ حەســەنئاوا و ڕێک کەوتمە شــەڕێکی قورس، کە

هێرش کرابووه سـەر پێشـمەرگەکان لە قەلای حەسـەنئاوا پێش ئێمە، بـاش بوو بە هەمووممان وەسـتاین و پاشەکشـەیان پێ کـرا و بوو بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پێشمەرگە. ڕۆژانە لەو گوندانەی سەر ڕێی سنە و کێلانە وەک دەربەندە، کانی مشـکان، کەرجۆ، مەلکشان و...، زۆریان چووم، بەلام ناوەکانیانم بیر نەماون، مەترسـیی هاتنەپێشـی پاسدار و حکومەت هەبوو، پێشمەرگە شەو و ڕۆژ لە کەمیندا بوو، کاک یەدوڵڵای گوڵچینی (دلێر) برای شـەهید سـەلاح گوڵچینی فەرماندەی ئەم ڕێگەیە بوو، لە کانی مشـکان لە سەنگەردا بوون. دیار بوو تا ئێمە لە مەریوان گەڕاینـەوە هەموو کۆمەڵە بە دوو ڕێی جیاواز شـاریان چۆڵ کردبوو، بەشـێکی زۆر لـە خەڵکی مەدەنی و شـار و هەوادار و پێشـمەرگە بە فەرماندەیی کاک شوان، بەرەو باکوور و ڕێی دیواندەرە پاشەکشەیەکی مێژوویی و زۆر سـەلامەتیان کردبوو بۆ دەرەوەی شـار و دێهاتەکان. بەشـێکی تر هەر بەم چەشنە بە سەرپەرشتیی مامۆستا برایم و جەلال کێلانە بەرەو باشوور و کێلانە هاتبوون و لە زۆربەی گوندەکان مەقەڕ و پێشـمەرگەیان بـڵاو کردبـووەوە. من لە ڕێگەی مەریـوان تەنیا ئەم بەشەم ئاگا لێ بوو و زۆرتر لە ژێر فەرمانی مامۆستا برایمدا بووم.

کوڕگەلێکی زۆر هاتبوونە دەر و چەکیان هەڵگرتبوو، خوێنشـیرینی وای تێـدا بـوو هەر بە لێـوان دەخـوران، زۆربەیـان لاو و کەمتەمەن بوون، زۆرتر لەگەڵ مامۆستا برایمدا دەهاتن و دەچوون، کوردییەکیان قسـە دەکـرد بۆ منی سـابلاغی و تێکەڵ بـە باشـوور، بووبووە جێی بەزم و فشـقیات و پێڕابواردن. ئەو باوەحیزانەش وەک خۆیان دەبێژن قسـوریان نەدەکرد لە نوکتە و ڕابواردن بە من و سـابلاغی، دەیانگوت ئەم هەتیمگەلە مەهابادییانە بە هەموو شـت ئێژن «وانێک»، تەنانەت بە قاسملوو ئێژن «وانێکلوو». منیش وەڵامم دەدانەوە و دەمگوت ئێوە بە «جەولـە» ئێـژن «پێکنیک» و بە دایە ئێژن «ماما» و بە پشـیلە دەڵێن «کتک» و بە بێچۆکەی ئێژن « بەچکە پشـیلە»! من بۆ خۆڕێکخسـتن و تێکـەڵاوی لەگـەڵ هەموان زۆر بـاش بووم، لە هەمـوو مەقەڕەکان،

که وەژوور دەکەوتم شــەرم و شــتی وا نەبوو، یەکەندەردوو دەبوومە خاوەن ماڵ و بە شەڕەجنێو و فشقیات، دۆستی زۆر باشم دەدۆزینەوە. ماوەی وەستانم لەم مەقەڕانە بۆ من زۆر خۆش بوو، کۆمەڵێک دۆستی باشم پەیدا کردن، کە ئێستاش هەر شانازییان پێوە دەکەم و ئەزموونێکی گەلێک باش و بەنرخ بوو، بۆ ئاشــنابوونم بە جۆگرافیا و کۆمەڵناســیی ئەم ناوچە گرنگ و بەپیتەی کوردستان.

مەقەڕی تازە

ڕۆژێکیان لە کێلانە مامۆستا برایم گوتی لەگەڵ جەمال و مەنسووردا بڕۆ بۆ تەوریوەر و ئەو کۆمەڵە مامۆستا و فەرهەنگیی شاری سنە کە هاتبوونە دەر با بچن لەم پشــت شــاخانە لەم دێیە مەقەڕێک بکەنەوە و فشــار لێرە کەم بێتەوە. هەرچی هەبوو بار کرا لە پێداویســتیی مەقەڕ و خۆیان لە پشــتەوە سوار بوون، گەیشتمە کاک دلێر لە کانی مشکان، ڕێک لە سەر جادەی سنە بوو، ئاگادارم کرد دەچم و ئەوانە دادەنێم و دەگەڕێمەوە، لە خوار کانی مشــکان بەرەو حەســنئاوا و سنە ڕێگەیەک جیــا دەبووەوە بــەرەو ناوچەیەکی پڕ لە دێهات و چڕ و شــاخاوی، بە ڕێگەیەکی دووورودرێژ و پڕ لە مەزرای شــلک (توو فەرەنگی) گەیشتینە تەوریوەر، دێیەکی جوان لە بەرزایی و ناوەڕاستی کۆمەڵەشاخێک. ئەو شــەوە ماینەوە و یارمەتیی مامۆستایانمان کرد بۆ کردنەوەی مەقەڕ و دامەزراندنیان.

ڕۆیشتن بەناو ئاگردا

پێشــتر لەگــەڵ جەمالدا لــە هاتنەوەمان لــە مەریوانەوە بۆ ســنە و کێلانــە، بە خێرایی بە ڕێی دزڵیدا، ئەم ناوچە و دێهاتەم بینیبوو و پێیدا گوزەرم کردبوو. گەر بچیتە موسەلەسی نێوان ڕێگەی مەریوان بۆ سنە و ســنە بۆ کامیاران و کامیاران بۆ مەریوان و پانتایی نێوان ئەم ســێ ڕێگەیــە، ئــەوە ناوچەیەکی پڕ لە شــاخ و هەڵدێر و زەویی پڕ لە پیت و

بەرهەم، چەم و کانیاوی فێنک، دەتهێننە سەما و سەرمەستی لە بەشێک لە بەهەشتی کوردستان. لە مەریوانەوە بە ڕێی سەوڵاوا بەرەو دزلی، ئەوجار شۆڕ دەبێوە بەرەو هەورامانی تەخت، لەوێشەوە بۆ ژیوار، چەشمیدەر، ژان و بێساران، هۆیە و ئەویهەنگ، هەشەمێز و حەلوان، تەوریوەر، تەختە و زنان، کێلانە و مەلکشان و دەیان لادێی بچووک و خنجیلانە، کۆکەرەوە و ناوی بنێ ژاوەرۆ.

بەیانی زوو هاتین بڕۆینەوە بەرەو خوار و کانی مشکان تەتەرێک بە پشت شاخاندا بە پێ گەیشت، مامۆستا برایم لە کێلانەوە ناربووی بە پەلە کە بە جادە و بە ماشێن نابێ بگەڕینەوە و شەوی پێش، ئەم جادەیە پاسدار گرتوویەتی. کاک دلێر لە کانی مشکانەوە بۆ لای کێلانە مینی چاندووە و لە کەمین دایە بۆ هاتنی ستوون. گوتیان باشترە هەر بە پێ بە شاخەکانی پشت تەوریوەردا سەرکەوین و ڕوو لە کێلانە بکەین. گوتم، سیمورغ بە جێ ناهێڵم و دەبێت ڕێگەیەک بدۆزینەوە. بە شاخ و دۆڵ و هەڵدێر تۆق درابووین و تەنیا ڕێگەی سەیارە ئەوە بوو کە پێیدا هاتبووین. لەگەڵ جەمال و یەکیدیدا وا بزانم مەنسوور بوو، وردەوردە هاتینە خوار، هەموو وڵات بۆنی ترس و شەڕ و چۆڵکردنی لێوە دەهات، بە هەزاران دۆنم شلک خەریکی پێگەیشتن بوو، هەر بە تەتەرەکەی کێلانەدا جوابمان بۆ کاک دلێر نارد شەوانە جادەکە پاک بکاتەوە و ئاگای لێمان بێ وەسەر مینی خۆمان نەکەوین. وا دیار بوو حکومەت لە حەسەنئاواوە هاتبووە سەر سێڕاکە بەرەو کانی مشکان و نیازی گرتنی مەقەڕ و مەکۆکانی پێشمەرگەی هەیە لە مەلکشان و کێلانە و کەرجۆ و هەموو ناوچەکە. بەجێهێشتنی سیمورغەکە بۆ من بە ڕوانینی ئەوکاتم، لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆ ناوچەی مەهاباد، وەک حەیاچوون بوو. لەم هەست و پەژارەیەم جەمال ڕێک وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز هاوڕای من بوو، هەموو ڕێگەیەکی تاقی کردەوە بۆ ئەوەی ماشێنەکە جێ نەهێڵین. لە زۆر شیو و دۆڵ و شاخی بێجادەمان دا و ڕێ نەبوو. هێندەمان شلک خواردبوو تووشی زگەفیرە و ژانەزگ بووبووین، وا

بزانم سەرەنجام دوای دوو ڕۆژان و دوای چاودێریی ورد لە دوورەوە لە مۆڵگەکانی دوژمن و جووڵەیان بە ڕۆژ و شەو، بڕیارمان دا هەر کە تاریکــی داهات، هەتا هێزی تێدایە ســیمورغ وەنێــو خەین و تەنیا چەند مەترێکــە و بە ناویاندا دەرباز بین، یــان ئەوەتا دەپێکرێین، یان دەرباز دەبیــن و خۆمــان لەم گەمارۆیە ڕزگار دەکەین. تفەنگ لە ســەر پێ، بە تاریکــی وردەوردە لێیان نزیک بووینــەوە، هاتین بەرەو مۆڵگەکەیان و بەبێ گڵۆپداگیرســاندن وەنێویان کەوتین، بەڕاستی سیمورغ دەفڕی، بە ســەدان تەقەمان لێ کرا، نەوەســتاین و خۆمان گەیاندە جادەکەی کانی مشکان، ئەوجار دڵەڕاوکێی پاکیی جادەکە لە مین و مەنجەڵی تەقەمەنیی خۆمــان، هیچ عیلاج نەبوو نەدەکرا چرا هەڵکەین یان دابەزین، دیســان ئاسانترین و مەترسیدارترین ڕێ وەنێو کەوتن بوو، نزیک کانی مشکان کاک دلێــر و پێشــمەرگەکان ڕایانگرتین و دەباوەشــیان گرتین، تاریک بوو نەماندەزانی ســیمورغ چیی بەســەر هاتووە، دلێر گوتی ئەوە دوو ڕۆژە ئێواران دێم و لەبەر ئێوە جادەکە پاک دەکەمەوە. بەجێمانهێشتن و گەڕاینەوە کێلانە، مەقەڕی ســەرەکیی مامۆســتا برایم، کە بۆ دانانی مەقەڕی مامۆســتایان ئەم بەڵایەی بەسەر هێنابووین. بەیانی بە بینینی ســیمورغ بە ڕووناکی، کەس بــاوەڕی نەدەکرد ئێمە ســێ کەس لەناو ئــەو ماشــێنەدا بووین و هیچمــان بریندار نەبووین، بە دەیان فیشــەک سیمورغیان پێکابوو، بەس ئێمە نا!

شەڕ لە بانە

لە ســەقز و حەماڵئاوا، لە فەیزوڵڵا بەگی و چوارڕێی چاپان، لە سنە و ئاویــر و حەســەنئاوا و کێلانە و تەوریوەر، لــە مەریوان و زرێبار و گەردەنەی گاڕانەوە یەکســەر بەڕێ کرام بە خۆم و سیمورغەوە ئەوجار بۆ بانە. بانە چ بانە، بەڕاستی وێران بوو بانە.

شــار بــە هەزاران تــۆپ و هاوەنی بەرکەوتبــوو، گەڕەکەکان بۆنی دووکــەڵ و خوێنی لێ دەهات، شووشــە پەنجەرە بە ســاغی، بە کەمی

دەبینــدران، زۆربــەی ماڵەکان بــە ئاوەڵەیی بەجێ هێشــترابوون، کاک حەمــەی شــافعی بەرپــرس بــوو، وا بزانم هــەر ماڵەکــەی خۆیان یان هاوڕێیەکیــان لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا شــوێنی دامەزران و حەوانەوەی دەستەیەک لە پێشــمەرگەکان بوو. لە پادگان و کونەڕێوییەوە ئەمانیان لە شــار و گەڕەکەکان هەڵگرتبوو، دەنگی ناخۆشــی قەناسە هەردەم لە بــن گوێت دەزرینگایەوە، گرمەی تۆقێنەری هاوەن هەر لەناکاو لادیوار و پەنجەرەیەکی دێنا خوار. قەرار بوو تەنیا پەیامێک بگەیەنم و بڕۆمەوە بۆ مەهاباد، کەچی چەند ڕۆژ هێشــتیانمەوە. کۆمەڵە و پێشــمەرگایەتی وا بوو؛ هەموو شــوێن ماڵە خۆت بوو، هەموو بەرپرســێک مەسئوولی تــۆ بوو، هەمــوو پێشــمەرگەیەک هاوڕێت بوو، چــوون و گەڕانەوە لە دەســەڵاتی تــۆدا نەبــوو، هیــچ هەڵبژاردەیەکت بــۆ دیاریکردنی جل و خــواردن و چوونــی حەمام نەبوو، لە هەر شــوێنێک کــراس و پانتۆڵ و پشــتێندت ڕزیبــا و دڕابــا، لەونــاوە چــی هەبا ئیی خــاوەن ماڵ یان پێشــمەرگەی تر یەکســەر بــەکارت دێنا و دەبوو بە ئیــی تۆ، خواردن هەرچی داندرابا و هەبا دەبوو بیخۆیت، خۆشۆرین دەبوو هەڵکەوتبا و تۆش بیقۆزیتەوە، کە من هەموو جار ئیهمالم دەکرد و دەمدا بە کەسی تر. بیرم ناچێت لە زریبار کە جەمال بە زۆر جلەکانمی لە بەر داکەندم و خۆم شوشــت، پشتێندەکەم قەف قەف هەڵدەوەری و ڕزی بوو. ئەسپێ بە دەیان جار نیوەی بەسەر چووەتە ناو پێستی قاچ و ڕانم و نیوەکەی تری لە قونەوە لە دەرەوە بووە، ڕامکێشاوە و هێناومەتە دەر، لە ئاست نەخۆشــی پێســت و ئەم شــتانە زۆر بەختم هەبوو، زۆر کەم نەخۆش دەکەوتم و بەرگریی سیستمی لەشم زۆر کارا بوو.

کورگەلــی بانە باســیان لە گرتنــی کونەڕێوی، یان پــادگان دەکرد، پلانیان دادەڕشــت هێرش بکەنە ســەر پــادگان. ئێــوارەی ١٩٨٠/٥/٢٤ بەرامبــەر بە ســێی جۆزەردانی ١٣٥٩ پێشــمەرگەکان وەڕێ کەوتن و خۆیان لە پادگان نزیک کردبووەوە تا ئەودیوی تەلە دڕکدارەکان و ناو حەوشــەی پادگانیــش چووبوون. زۆر بە خەســتی تەقەیان لێ کرابوو

و بە پەلەپروزکێ پاشەکەشــەیان کردبوو. حەمەفیشــەک پێشــمەرگەی زۆر ئازا و بوێری بۆکان بریندار دەبێ و دوو پێشــمەرگە بە ناوەکانی ڕەحمان ســەباری (فەیزی) و مەنســوور ئەحمەدی هەر لەوێ شــەهید دەبــن و بەجێ دەمێنــن، دواتر حەمەی شــافعی بەرپرســی کۆمەڵە لە بانــە خــۆی و یەک دوو کەس دەچن و هەرســێکیان هێنــاوە بۆ مەقەڕ و حەمەفیشــک هــەر زیندوو بوو، حاڵی زۆر شــپرزە بــوو، گوتیان با عەلی بە ســیمورغ بیگەیەنێتە بۆکان و خەستەخانە، کە مردیش لە ڕێ، مەیتەکە بەرەوە بۆ بۆکان. جێیەکی نەرم و پڕ لە بەتانی لە پشتەوە بۆ حەمە خوش کرا و بە دوو پێشمەرگەی بۆکانەوە ڕێمان گرت بە دێهاتی پشــت جادەی بانە – سەردەشــت و سیســێر و گەورگایەتی گەیشتینە بۆکان و حەمە هەر زیندوو بوو. دامانگرت و تەسلیمی نەخۆشخانەمان کرد. دوای ســێ چوار ســاڵان لە باشــوور لای یەکێتی بووم، بیستم لە ناوچەی بۆکان حەمە بووەتە جاشــێکی زۆر گیان ســەخت و دڕندە و چەند پێشــمەرگەی شــەهید کردووە، دواتر بە دەســتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکوژرێت.

ڕۆژی ســێی مانگی ٦ی ١٩٨٠ بانە بە یەکجاری گیرا و پێشــمەرگە بانەی چۆڵ کرد.

٢٣

گەڕانەوە بۆ سابلاغ

دوای زیاتــر لــە مانگ و نیوێک لە ناوەڕاســتی مانگی جۆزەردان و ئاخــری بەهاری ١٩٨٠دا، پاش ئەو هەموو گەڕان و بینینی وێرانبوونی چــوار لە شــارە جوانەکانی کوردســتان و تۆماری دەیان حەماســە و فیداکاریی خەڵک و پێشمەرگە، شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و دەستەویەخە، گوزەر بەسەر ئەو هەموو ناوچە و مێرگ و دەشت و هەزار بە هەزاری شــاخ و جادەوبانی کامیاران، مەریوان، سنە، سەقز، بانە و سەردەشت بە خۆم و ســیمورغە شــەکەت و بریندارەکەم گەیشــتمەوە ســابلاغی مەکۆی یارانی وەلفەت[1] پێگرتووم.

تەمومژ بەشــێکی جیانەکراوەیە لە مێژووی کەشــوهەوای ســابلاغ، ئەمجارە خەمیشــی هاتبووە ســەر، خەریک بوون بەیەکەوە سابلاغیان دەخنکاند. دوای گرتنەوەی ئەم شــارانە هەمــوو دەیانزانی ئیتر نۆبەی ســابلاغە و درەنگ یا زوو دەبێت چاوەڕێی ناشــتنی خۆی بێت. دار و دیوار، وردودرشت، تۆزی ترس و وەحشەتی بەسەردا باریبوو. پڕ بوو لە ئاوارەی ســەقز و ســنە، دەوڵەمەند و ئەوانەی بۆنی شەڕ لە حەوت لاوە دەکــەن، یــان باروبنەیان کۆ کردبووەوە بۆ تــاران و تەورێز، یان بەتەمای جێهێشتن بوون.

سەلاح شەمسی بورهان

بــە شــەو و ڕۆژ، زۆر بــە وردی خەریکی کێشــک و حەرەســیات بووین، نەک لەپڕدا بێنە دەر لە پادگان و هێرش بکەنە ناوشار. شەوانە تــا ڕۆژ، بــە ســەرە بە ســواری لەندرۆڤێرێک دوو دوو بە ناو شــاردا

١- وەلفەت، ئۆگری، خووپێوەگرتن، ئۆلفەت.

دەسووڕاینەوە و گەشتیمان هەبوو. یەکەم مانگی هاوین بوو شەوی دوازدەی پووشپەڕ لەگەڵ یەکی دیکەدا حەرەس بووین و بە ماشێنەکە ئەوبەر و ئەمبەری شارمان دەکرد، خەڵک خەبەری پێ داین لە گەڕەکی فەرهەنگیان تەقە بووە. گەیشتین گوتیان، تەقە لە کاک سەلاح شەمسی بورهان کراوە و ڕفاندیان بۆ شێرەخورشید (خەستەخانەی سابڵاغ)، چووین بەداخەوە کاک سەلاح تیرۆر کرابوو و شەهید بووبوو، خزم و کەس و ئامۆزاکانی بە دیارییەوە بوون. کاک سەلاح یەک لە خوێندکارەکانی دەرەوەی وڵات بوو، ئەندامی کۆنفدراسیۆنی دانشجووەکانی ئێران بوو لە ئەورووپا، لە ڕووخانی شا گەڕابووەوە وڵات، لە بنەماڵەی ئایینی شەمسی بورهان و شێخانی بورهان بوو، برای کەسایەتیی ناسراو حاجی شێخ عەوڵای کولیجە بوو، کۆمۆنیست و ئەندامی بەرزی سازمانی ئیتحادیەی کۆمۆنیستی و هاوڕێ و هاوخەباتی نزیکی کاک ئەمیر حەسەنپوور بوو، کە ئەویش هەر لە ئەمریکاوە هاتبووەوە، بەشدارییان دەکرد لە شۆڕشی بەرگریی گەلی کورد دژ بە حکومەتی خومەینی. وا بڵاوکرایەوە لەبەر دژایەتی و لە قاودانی سیاسەتی سازشکارانەی حیزبی تودە و دێموکرات بە دەستی چەند بەکرێگیراوێک تیرۆر کراوە. مەرگی کاک سەلاح وەک کۆستێکی گەورە وا بوو بۆ هەموو ئازادیخواز و مرۆڤێکی چەپ و عەدالەتخواز، ڕێوڕەسمی ناشتن و بەخاکسپاردنی لە (١٩٨٠/٧/٣) نیشانی دا سابڵاغ هەر هەمووی بۆی بە پەرۆش بوو.

«مامۆستا هێمنی شاعیر جاشی میللییە»

لە مانگەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژ ئیتر سەرکردایەتی و دەفتەر سیاسیی حیزب و کۆمەڵە لە شار چووبوونە دەر، حیزب لە دۆڵی شێخان بوو، کۆمەڵە لە ئاجیکەند و خوراسانە و عیلمئاباد بوون، حیزب حەولی دەدا بە هەر جۆرێک، کە بووە شەڕ نەبێت و لەگەڵ حکومەت بسازێن، گەلاڵەی خودگەردانی، شەش مادەیی، خودموختاریی ئیسلامی، هیچیان

قبــووڵ نەکــران و حکومەت بڕیاری خۆی دابوو تەنیا کاتی دەکوشــت بــۆ گرتنەوەی ســابلاغ، کــە بە ســەری مارەکە و فیتنەکەیــان دەزانی. ســازمانگەلی دیکە زۆربەیــان بە تایبەت کۆمەڵە، حیزبــی دێموکراتیان بــە سازشــکار دێنا ناســاندن و ڕۆژانە شەڕەقســە و بەیاندەرکردن و جاروبار بەریەککەوتنی هەواداران و تەنانەت پێشــمەرگەکانیش ڕووی دەدا. تاقمــی حەوت کەســی جیابــووەوە لە دێموکــرات کەوتبوونە بەر شــاڵاوی ئیهانە و لێدان و گرتنی ســەران و پێشمەرگەکانی دێموکرات، تەنانەت مامۆســتا هێمنی شــاعیریان بە جاشی میللی ناو دەبرد و مامە غەنــی و ئەوانــی دی هەموو لە حەشــارگە و لە شــارەکانی ئێران و لە پەنــای حیزبــی تودەدا بەســەریان دەبرد و بە ئاشــکرا خومەینییان بە دژەئیمپریالیســت دەزانی و دیفاعیان لێ دەکرد، بە تایبەت کە شــەڕی ئێران-عێراق دەســتی پێ کردبوو، ئەو شەڕەشیان بە شەڕی نیشتمانی دەزانی و بە ڕای ئەوان دەبوو بەرگری لە ئێران بکرێت و تەنانەت بۆی بچنە بەرەی شــەڕیش. هەڵبەت چیی وای نەبرد، لە پاییزدا چریکەکانی فیداییــش چوونە بەرەی دیفاع لە «شــەڕی میهەنی» واتا نیشــتمانی و کوردســتانیان چۆڵ کــرد و چوونە پاڵ حکومــەت. بوونە دوو بەش و ئینشــقاقێکی گەورەیان بە ناوی زۆرینــە و کەمینە لێ کەوتەوە. چریکە فیداییەکانی ئەکسەرییەت چوونەوە لای حکومەت و چریکە فیداییەکانی ئەقەلییەت هەر لە کوردستان مانەوە و درێژەیان بە شەڕ دژی کۆماری ئیســلامی دا. بەشی زۆرینە دەستیان نەپاراست لە لێدان و بێهێزکردنی بزووتنەوەی بەرگریی گەلی کوردســتان و لە لێدان و لەقاودانی هێزی پێشمەرگە و لایەنگرانی ناوشار و ڕێکخستنەکانی هێزگەلی وەک کۆمەڵە و دێموکــرات، چــی خراپ بوو بە دژی ئــەوان و بەرگری لە حکومەت، کردیان و چوونە بنباڵی حکومەتی ئیسلامیی خومەینی.

قســە و مقۆمقۆیکردنــی شــەڕ لەناو شــار، لە لایــەن دێموکرات و کۆمەڵەوە، بووبوو بە جەمسەری جیاوازیی بیر و بۆچوونەکان، دەبوو هەموو وێکڕا بڕیار بدەن شــەڕ لە ناو شــاردا بکرێت، یان بۆ دەرەوەی

شـــار بگوازرێتــەوە؟ ئەمە بڕیارێکی ئاسـان نەبوو، لە دەسـتی لایەکدا نەبوو، حیزب یەکدەســت نەبوو، هەبوو دەیگوت با وەک سـتالینگراد و لینینگرادی لێ بکەین، هەشــبوو دژی ئەم شــەڕە بوو، بە تایبەت لەناو شــار. هەرچی کۆمەڵەشــە دیار و ئاشــکرا هەر وەک لە شارەکانی دی کردبووی، لایەنگری بەرگری و دیفاع لە شارەکان بوو، هەرچەند ئەوەی وەک موزایــدە بــەکار دێنا، دەنا کۆمەڵە بە تەنیا نــە توانای مادی و نە هێزی پێشمەرگەی ئەوەی هەبوو بەرامبەر دەوڵەت، شارەکان بپارێزێت و ئەزموونــی ئــەو دوو مانگــی ڕابــردووش ئەوەی بە ڕوونی نیشــان دابوو، بەرگری لە شارەکان تەنیا بە خوێن و لەناوچوونی خەڵکی شار، چ لەباری گیانی و چ مادی، تەواو دەبێت.

دارساوێن و شندرە

دیســان مەفرەزەکەمانیان کۆ کردەوە و گوتیان ســتوونێکی گەورە و بەهێــز لە ١٣٥٩/٦/١٤، (١٩٨٠/٩/٥) لە بانەوە ڕووی لە سەردەشــت کردووە بۆ پاڵپشــتی پادگانی سەردەشــت و گرتنەوەی شــار. بە پەلە بەڕێیان کردین هەر هەموو بە ســواری ســیمورغ بۆ لای دارساوێن و ناوچەی بانە.

بە سیسێر و گەورکایەتیی بۆکان و مەهابادا، گەیشتینە دێی شندرە لە پشتی دارســاوێن. ڕەحیم قادری بەرپرسی سیاسیی مەفرەزەکەمان بوو، مامەڵە و هەڵســوکەوت لەگەڵیدا زۆر خۆش بوو، هەرگیز کەســی نەدەڕەنجانــد و زۆر خاکــی و بێدەعیی بوو. فڕەفڕی کۆپتەر و تەیارەی شــەڕ، خەڵک و پێشــمەرگەیان هەراســان کردبوو. دەرکەوت لە ســەر جــادەی بانە-سەردەشــت لە خوار دارســاوێن بەرەو سەردەشــت لە ســتوونەکەیان داوە و ڕایانگرتــووە و بەرگرییەکی ســەخت لە خۆیان دەکــەن و وا دیــارە بە تەمــای یارمەتیگەیشــتنن، دەبێــت خۆڕاگر بن. چەند هێرشی پێشــمەرگەکانیان وەڵام دابووەوە و تێکیان شکاندبوون. لەســەر جادە خۆڵەکەی بانە بۆ سەردەشت، مۆڵگەیەکیان دامەزراندبوو

و دەوری خۆیان بە سەنگەر قایم کردبوو. لە شندرەوە سەرکەوتین بەسەر ئەو باڵەی ڕووی لە جادە و پشتی لە شندرە بوو. لە ئاسۆی ڕوانین بە هەردوو دیودا دامەزراین، پێشمەرگەی زۆربەی لایەنەکان، حیزب، پەیکار، چریکی فیدایی و کۆمەڵەی ناوچەی بانە و سەردەشت، دەستەی ئێمە لە مەهاباد و دەستەیەکی سەقز لەم ناوە بووین. خەڵکی ئەم ناوە زۆر هەژار و نەدار بوون، لەگەڵ ئەوەی هیچمان لە ماڵیاندا نەهێشتبوو، هەر بە ڕەحم و بە خزمەت بوون بۆ پێشمەرگە. بە هۆی ئەوەی مەڕیان نییە و تەنیا دوو سێ سەر بزن نەبێ، لە شیرەمەنی و گۆشتدا زۆر بێحاڵوماڵ بوون. گوێز و بادام زۆر بوو، لە دارسێوەکانی ناو دارستانەکان مرەبایەکی زۆری سێویان هەبوو، هێندەم مرەبا و گوێز خواردبوو، شەوانەش خەونم پێوە دەدیتن.

تابلۆیەکی تۆقێنەری دۆزەخییانە

دەبوو شەو و ڕۆژ بە پانی ئەم باڵە و ڕوو لە جادە و مۆڵگەی دوژمن لە سەر جادەکە، چاو و گوێمان کراوە بێ و لە کێشککرتندا بین، نەکا لەناکاو سەرکەون و بێنە سەرمان و دێی شندرە کە پڕ بوو لە پێشمەرگە، بیگرن. هەر شەوەی دەستەیەک دەچووین و تا بەیانی چاومان لە خوارەوە دەبڕی و چاودێریی جووڵە و هاتوچۆیانمان دەکرد. بە ڕۆژ شەڕەتفەنگ و هاوەن و دۆشکە دەستی پێ دەکرد، چەند جار بە هاوەن، هێزی پێشمەرگە شپرزەی کردن و ویستمان بۆیان دابەزین و بیانگرین، بەڵام هەرجارە کۆپتەر و تەیارە لێی دەدان و دەکشاینەوە ناو چڕەدار و سەر شاخەکە. ئێمە بۆ چەند ڕۆژ چووین و ئەوە نزیک بە مانگە لەم سەر چیا و لە سەر زگی ئەم چەند ماڵە فەقیرەی شندرە بەبێ خۆشۆرین و خواردنێکی باش شەومان ڕۆژ دەبووەوە، نە ئەوە بوو ئێمە دەرەوەستیان بین و نە ئەوەش بوو ئەوان بە لایەکیدا بخەن و ڕزگارمان بێت لەم شەڕە تاقەتپڕووکێنە. نازانم دوای نزیک بە مانگ بوو؛ کە ئێمە لەوێ بووین و داوای گۆڕینمان لە

کۆمەڵەی مەهاباد کردبوو، پاشـنێوەڕۆ سەردەکەوتین بۆ سەر یاڵەکە، فڕۆکەیەکی زەبەلاحی ڕەش پەیدا بوو، شتی فڕێ دایە خوار لە بەرمیل گەورەتر و گوتیان ناپاڵمە، ئاگر و دووکەڵ، چاو چاوی نەدەدیت، کۆخە و پژمە و ڕشانەوە، هەمووماني بێتاقەت کردبوو، نەوعێک فسفۆڕ بڵاو بووەوە بەم شـاخەدا بە پێڵاوەکانمانەوە دەنووسـا و گیا و فریزووی دەسـووتاند. حەمەی شافعی، سالار ئاشناگەر، وەستا عەوڵڵای ڕەبەت، عەتـا قورئانـی، تاهیر شـەعبانی، ڕەحیم قـادری، چەند پێشـمەرگەی چریکـی ئەشـرەف و سـازمانی پەیکار لەسـەر یاڵەکە بـوون، ئێمەش گەیشـتین، لەبەر تەقە و هێرشـی پیادەی پاسدار سـەر هەڵنەدەهات و تەقە زۆر بوو، وەک گەلاڕێزان ئەوان کە هەڵدەگەڕان بە دیوی جادەوە بـۆ ئەوەی یاڵەکـە لە ئێمە بگـرن، هەڵدەورین. بە چـاوی خۆم دیم بە دەیان پاسـدار لە داوێنی شـاخەکە کەوتبوون، کەچی هەر دەهاتن و بە الله اکبر و هاوارکردن سـەردەکەوتن. کۆپتەر و هاوەن دیوی شندرەی وێران کردبوو، گۆڕستانەکەی تەنیشت ئاوایی، پڕ لە داربەڕوو و گوێز و بادام، گرگڕ دایسـا و لەم سـەرەوە، کە سـەیرت دەکرد، تابلۆیەکی تۆقێنـەری دۆزەخییانە بوو لە کێـل و دارە کورتەبالا و بەرزەکانی ناو گۆڕسـتان، کە مردووەکانی دێنە سەما و زیندوو دەبنەوە لەناو ئاگری جەهەننـەم، بە بڵاوبوونەوەی پزوسـکە وردودرشـتەکان، ئەو لەشـە بێڕوحانـە وێنـا دەکران، بـە ڕژاندنی جۆگەلەی ئاور بـە کونەلووت و دەم و گوێـدا، بە چەقلە سـەما و هـاوار و پێکەنینی ئەهریمەنی بانگیان دەکردین بۆ بەزم و شایی و لۆغانی نەفرینکراوەکان. هەر ئێستا، زۆرم حەز دەکرد نیگارکێش بام و دوای چل ساڵ گۆڕستانی شندرەم لە ناو ئاگر و بەسـۆتەک[1] کراوی، نەخشـاندبایە و لەجیاتی ئەم نووسینە بە جیهانم ناساندبایە.

١- سۆتەک، زەویی ئاگرتێبەردراو، سووتک.

تابلۆیەک لە دووکەرتبوونی مرۆڤێک

هێرشـــی پاســـدارەکان بە یارمەتیی کۆپتەر و تەیارە بۆ گرتنی سەر شـــاخی شـــندرە، دوای زیاتر لە چل شـــەو، وا دیاربوو ئیتر بە لایەکدا دەکەوێـت، ئەوان نازانم هێزی تازەیان بۆ هاتبوو یان پشتئەســـتووری پاراستنیان بوون لە ئاسمانەوە، کشانەوەیان نەبوو، کەمیان نەدەکرد و یەک دەکوژرا، یەکی دی دەهات، تەنیا چەند کەسـێکی کەم مابووینەوە لە ســـەر دوندی شـــاخەکە، عەتا قورئانی بریندار بـــوو، ناردیانە خوار. دوو پێشـــمەرگەی نازانـــم چریک یـــان پەیکار و ڕەزمەنـــدەگان تەرمی بێگیانیان لەوێ کەوتبوو، شـــەهید بووبوون. لەناکاو هاتنە ســـەر و هەر مابوو بە دەست بمانگرن، کەس ئاگای لە کەس نەما و ڕامانکرد بەرەو بەرکاوی[1] کێوەکە و لەوێشڕا بۆ ناودێ و چەم و گۆڕستانەکە. کوڕێکی خوزســـتانی بە ناوی حەمید لە پشـــت ســـەرمەوە بوو، تەنیا ڕاکردن و خۆحەشـــاردانمان بەدەســـتەوە مابـــوو، کۆپتـــەرەکان وەک ڕاوکردن و تانجی بەسەرمانەوە بوون و ئەوەندە نزم بوون کەسەکان و ناوەوەمان دەدیـــت، هەڵگـــری نەوعێک ڕاکێـــت بوون درێژ و باریک، ڕێک بەســـەر مـــن و حەمیـــدەوە بوون و ڕامان دەکرد. من لـــە پەنا جۆگەکە بە قەراغ دیوارەکەیەوە کونێک بوو ئاو دایدڕیبوو، خۆم خزاندە ئەو کونە و سەر و نیوەی لەشم بەدەرەوە بوو، حەمید بە ڕاکردن خۆی لە قەفی دارێکی ناو چەمەکە لە دوو ســـێ مەتری من هاڵانـــد، هەر ئەوەندە دیم کۆپتەر وەک ڕاوەســـتان لەنگەرێکی گرت و بەســـەر ســـەرمانەوە وەستا، وەک ڕاوچییەکی سەرکەوتوو زەقزەق چاوی تێ بڕین و ڕاکێتێکی لە حەمید و دارەکە گرت، ئێســـتاش لەپێش چاومە حەمیـــدی وەک لەتکردن، لەت کـــرد و بـــە کەمتر لە چرکەیەک ئەو ناوە بە خوێنی حەمید خوزســـتانی نەخشێندرا و سوور هەڵگەڕا، تابلۆیەک لە دووکەرتبوونی مرۆڤێک، بۆنی دووکـــەڵ و بارووت و ســـووتانی دارەگوێزێک، ئـــەو دیمەنەی تەنانەت فڕۆکەوانەکـــەی وا لـــێ کـــرد من لە بیـــر بەرێتەوە، یاخـــود دەموچاوی

١- بەرکاو، دامێنی چیا و کێو.

زەندەقچــووی منی بە جووتێک عەینەکی ڕەشــی گــەورەوە دیت و بە بزەیەک بەزەیی پێمدا هاتەوە، وەرسووڕا و باڵی گرت و لەپێش چاوانم ون بوو. کێ دەڵێ تەقەمەنییشی تەواو نەبووبوو؟!

لە خوارەوەڕا دیمانن، ئەوان ســەر شــاخەکەیان گرت و دەســتیان کرد بە دامەزراندنی هاوەن و دۆشــکە و ســەنگەرلێدان، ئیتر شکســت و پاشەکشــەی ئێمــە و ســەرکەوتنی ئەوان لەم شــەڕە دووروودرێژ و نابەرانبــەر و ماندووکــەرە بە زیانێکی زۆری ماڵــی و گیانی بۆ ئەوان بەئەنجام گەیشــت. تەقە و هێرشی کۆپتەرەکان کز بووبوو، پێشمەرگە هەر کەسە لە شوێنێک و لە بن دار و دەوەن و بەردێکدا بوو، کەس هۆش و ئیلتزامی بە بەرپرس و مەفرەزەکەی خۆیەوە نەمابوو، هەمووومان لەم چەند ســەعاتەی ڕابردوودا بەرپرسی پاراســتن و قوتاربوونی خۆمان بووین.

وردەوردە جووڵە و ملەقوتەمان دەست پێ کرد و هاواری یەکترمان کــرد کــێ ماوە، کــێ برینــدارە؟ لە ڕەبەت و سیســێرەوە دەســتەیەک پێشــمەرگە پەیدا بــوون، دیار بوو خەبەریان پێ گەیشــتبوو، کە وەزع و حاڵمان زۆر شــڕە، دوکتۆر شاکری و دەواودەرمانیان هێنابوو، عەتا قورئانی هەر زیندوو بوو، سیمورغ کە شاردرابووەوە ساغ بوو، دوکتۆر شــاکری و یــەک دوویەکــی دی بریندارەکانیان دەرمان کــرد، گوتیان؛ دەبێت عەتا بگەیەنین بۆ خەســتەخانەی بۆکان، دیســان ســیمورغ باڵی گرت و بەم شــاخ و کێوەدا شــەو درەنگ گەیشتینە بۆکان و گەڕامەوە لای پێشمەرگەکانی خۆمان لە لای سیسێر و دێهاتی گەورکایەتی.

٢٤

شەڕ لە مەهاباد

ناوچەی بانەمان جێ هێشت و دەمانزانی لە مەهاباد لەناو شاردا، شەڕ دەستی پێ کردووە و خەڵک بەر تۆپ و هاوەن دراون. پێشمەرگە بە پارتیزانی لەناو شاردا ماون و مەقەڕەکانی ناوشار کۆ کراونەوە. مۆڵگەی داشامەجید، شاخەکەی بە پاڵ شارەوە کە هەر لە ئەوەڵەوە بنکەیەکی پاسداری لێ بوو، بە قەناس و خۆمپارە هیچ شاری نەهێشتووە و پادگانیش کوێرانە بە تۆپ و خۆمپارە هیچ ناپارێزێت. چەند لە مەلا و پیاوانی نزیک لە حکومەت هاتوچۆی پادگانیان بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک کردووە، بەڵام هیچیان پێ نەکراوە.

پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵە بە بڵاوی و لابەلا تەقە دەکەن و زۆرێک لە ماڵەکان زەرەریان وێ کەوتووە، یان ڕووخاون.

نزیک بووینەوە و زانیمان کۆمیتە ناوچە لە زگدڕاوە و مەقەڕی سەرەکیی ناوچە لەم گوندەیە. چووین بۆ ئەوێ و مەفرەزەکەی ئێمە لە شەڕی شندرە و دارساوێن هەموو بە ساغی دەرچووبووین.

زگدڕاو پڕ بوو لە خەڵک، ئەم گوندە بچووکە فشارێکی زۆری لەسەر بوو، دەیان کچ و لایەنگری ناو شارمان هاتبوونە دەر، جێوڕێی خەوتن و خواردن زۆر کەم بوو، دەستەیەک نێردران بۆ قزڵجە و بەشێک بۆ حاجیاڵیکەند.

خانووە وێرانەکەمان

هەر زوو کاریان پێ سپاردم و گوتیان بڕۆ بۆ ناوشار و تا زووە فریای شیرکەتی نەوت بکەون تا شار بە تەواوی نە گیراوە، تا دەتوانن بەنزین و نەوت و گازاویل بێنن با پاشەکەوتی بکەین. هەر وامان

کرد، دەستەیەکی گورجوگۆڵ لەم هەموو خەڵکەی هاتبوونە دەر پێک هات و بە سواری سیمورغ ڕۆژانە دەیان کەڕەتمان دەکرد لە هێنانی سووتەمەنی و خواردن و پێداویستیی مەقەڕەکان و پێشمەرگە. گوتیان پێشمەرگەکان چوون بۆ سەر دوخانیات و تالانیان کردووە، دیواری ماڵی ئێمە لە پشتەوەڕا ڕێک بە حەوشەی دوخانیاتەوە بوو، تاقەتم نەگرت بۆ سەردانی ماڵەوە و هێنانی کەڕەتێک سیغار، لەبەر ئەوەی ماڵی ئێمە و دوخانیات لە مەرکەزی شار بوون و ئەگەری هێرش لە پادگانەوە زۆر بوو، بە کەمین و حەزەرەوە لێمخوڕی بۆ کۆڵانی خۆمان. کە ماڵە خۆمانم بە ڕووخاوی دیت و هیچی بە پێوە نەمابوو، تێکچووم و زۆر پەرۆشی ئەو ماڵەم بوو کە تێیدا لەدایک بووبووم و تێیدا ژیابووم. چوومە حەوشە و ناو ژوورەکانەوە، کزە لە دڵم هات و قوڕگم گیرا. فەرشی بەقیمەتی تەوریز هاوەن کوونی کردبوو، لە قاتی سەرەوەی لای خانووی کاکم سەقف نەمابوو، پەنجەرە و دیوار بە نیوەڕووخاوی، خانوو و شارە وێرانەکانی شەڕی جیهانیی بیر دەخستیەوە. قاپوقاچاغ و شووشەواڵە خۆشەویستەکانی دایکم هەر پارچە و لەتێکی لە لایەک کەوتبوو، ژێرخانەکە ئاخندرابوو بە کارتۆنە سیغاری دوخانیات و پێشمەرگەکان ئەوەی بۆیان دەرنەچووبوو، لەم کەلاوەیەی ئێمە شاردبوویانەوە. کوپە ترشیات و ئەنواعی مرەبا کرابوونەوە و دەستیان تێ وەردرابوو. پێشمەرگەی ماندوو دەستیان لێ نەپاراستبوو، تا توانیبوویان مرەبا و ترشیاتیان سەر هەڵگرتبوو و خواردبوویان. ماڵەکە زۆربەی ڕووخابوو، گوتیان لە شەڕەکان دەستەیەک پێشمەرگەی دێموکرات چوونە قاتی سەرەوە و لەوێرا تەقە و شەڕیان کردووە و پاسداریش دەستی نەپاراستووە لە هاوەن و تۆپپێداداندا. پێشمەرگەی کۆمەڵەش دەستی بەسەر دوخانیاتدا گرتووە و هەموو سیغارەکانیان بۆ دەرنەچووە، لە ژێرخان شاردوویانەتەوە. بە حەسرەت و غەمباری چاوم دەگێڕا و یادگارییەکانی ناوماڵ و ئیی تایبەت بە خۆم بە شکاوی و بە سووتاویی دەدیت، کتێب و وێنەی کۆن

و ئەلبوومی بنەماڵە بە پەرپەڕ كراوی، نوێنووبان و پێخەفی داک و باب و خوشــک و براكان هەمووی لە ناو كەلاوەكەدا كەوتبوونە ژێر خاک. چەند كارتۆن سـیغاری زۆر باشــی وینســتۆن و ڕۆزمەن و دانهێڵمان هەڵگــرت، هاتینــە دەر، لە بەردەرگا دایكم بە بــاوەش و گریانەوە پڕی پێدا كردم. دیاربوو هەموو گەڕەک لە ماڵی میرزا عەلی ئەڵاوەیســی لە ژێرزەمیــن پەنایان گرتبوو، دایە گیــان ئەوە لە كوێ بوویت؟! بۆ كەس بەدیــار ئەو ماڵە وێرانەوە نییە؟! ئەدی بابم؟ كاكم؟ نەرمین و هەباس؟! بە پرسیاران دایكمم داگرتەوە.

شەڕ و بێماڵی وای كرد تەنیا یەكتریان خۆش بوێت

دایكم لە خۆشیی ئەوەی من هاتوومەوە لە شەڕی بانە و دارساوێن هەر هەنیسكی دەدا و دەیگوت، هەمووی بە قوربانی تۆ بێت، توند توند ڕێكی دەگوشــیم و بۆنــی پێوە دەكردم، هەمووی دروســت دەكەینەوە هەر تۆ ســەلامەت بی، تووخوا بریندار نــی؟! هیچت خواردووە؟ ئەدی بۆ هەر وا زەعیف و كز و لاوازی؟! پرســیار بەدوای پرسیار و گریان. دەســتی ڕاداشــت بۆ ماڵی عەتاری دیواربەدیواری خۆمان، پڕ بە چاو و كۆڵمەكانی ئەســرین جۆگەلەی هەڵبەســتبوو، گوتی بە دەستی خۆم دوێنێ پێنج كەســیانم لە ســەر ســفرەكەیان كۆ كردەوە و شــۆریمن و پیاوەكانی گەڕەک لە مزگەوت بە خاكیان سپاردن. كارەسات بوو، پێنج ئەندامی خێزانی ماڵی حاجی عەتاری لەوەتی هەیە جیران و دیواربەدیوار بووین، بە ژن و كچ و پیاوی پیر هەر هەموو لەسەر سفرە بە خۆمپارە لەتوكــوت بووبوون. وردەوردە بەدەم گریان و قســەكردنەوە چووینە ئەوبەری ماڵی خۆمان و لە ژێرزەمینی ماڵی میرزا عەلی ئەڵاوەیسی و ئامینە خانمی خێزانی وەژوور كەوتین، چ ببینم هەرگیز باوەڕم نەدەكرد پیاوان و ژنانی بەســاڵداچووی گەڕەک، كوڕان و كچان وا بە تێكەڵاوی لەژێــر میچــی ژێرخانێكی بچــووک و تاریكدا ببینم. جــاران ژنان، بابم یان فلان میرزا عەلی و میرزا مەجیدیان دەدیت ســەریان دادەخســت و

لەژێر چارشێو خۆیان دەشاردەوە، کەچی ئیحتیاج بە یەک و لێقەومانی وای لــێ کــردوون هەر هەمــوو لە خوشــک و برا لەیــەک نزیکتر بن، تەنانەت بە بێجامەوە لای یەک دانیشــن و نان و چا لە یەکتر وەرگرن، لــە تاریکیــی شــەو لە لای یــەک قاچ درێــژ بکەن. شــەڕ و بێماڵی وای لــەم خەڵکــە کردبوو، بیــر لە هیچ نەکەنــەوە و تەنیــا یەکتریان خۆش بوێــت و هەرچــی هەیانە بەیەکەوە بەشــی بکەن. چەنــد بریندارێک لە لایەک کەوتبوون و چەند کچێکی گەڕەک خەریکی تیمارکردنیان و ژنان سەرگەرمی نان و پێخۆر بوون. بابم بە دیتنی من شاگەشکە بوو، هەر ئەوەنــدە گوتــی ڕۆڵە تووخوا ئاگات لە خــۆت بێت، زۆرت باس دەکەن و کەمێک لەسەرخۆ و ئارام بە کوڕم. لەو دەمەدا کاکم کە چووبوو بۆ نانپەیداکــردن و خەبەروباس هێنانــەوە هاتەوە. لە چوار برا تەنیا کاکم بوو خێری دایەوە بۆ دایک و بابمان، بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە تا ماڵئاوایی لە ژیان هەر خزمەتی کردن. کاکم وەک سەرپەرشتیاری ئەو کۆمەڵــە ژن و پیــاوەی گەڕەکی لێ هاتبوو، دەهات و دەچوو کێشــە و گرفتەکانــی چارە دەکــرد و بژێویی پەیدا دەکرد، بە تایبەت ئارد و نان. بە دیتنی یەک، هەموو دەموچاوی یەکترمان لێســتەوە، دەستی گرتم و دوور کەوتینــەوە، ســیغاری هەڵکــرد و دای بە منیــش، ژنی هێنابوو و گەورە بوو، بەڵام لای باوکم ســیغاری نەدەکێشــا، کەچی من زۆر لەو بچووکتــر بووم دەمکێشــا و زۆر جار بۆ ئەوەی شــەرم نەکەم و لێی دوور نەکەومەوە، بە بیانووی جگەرەکێشــان، بابم خۆی دەیگوت، ئەوە بۆ ناکێشی؟!

دایکــم گوتــی، هەباس دێ و دەچێ و زۆری ئاگا لێمانە، بەڵام خۆی زۆر مەشــغوولی کاری ناوشــار و ڕێکخســتنەکانی نهێنیــی کۆمەڵەیە. نەرمین و کۆمەڵێک لە کچەکان کە ناسراوبوون، چووبوونە دەرەوە و لە قزڵجە، مەقەڕێکیان لە ماڵی فەلاحێکی لایەنگری کۆمەڵە بۆ کردبوونەوە.

سەرەنجام بەبێ شار گیرسامەوە

تا توانیمان کارتۆنەسیغارمان بار کرد و بە هەڵگرتنی کۆڵێک خەم و داخ و حەسرەت بۆ چارەنووسمان و عاقیبەتی شار و کەسوکار، بۆ ماڵ و ئاشییانەی ڕووخاو و تەپیو مان، ملی ڕێگەمان گرت و گەڕاینەوە.

سابلاغ بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژان لە ئاخر مانگی هاویندا بە تۆپ و هاوەن و قەناسە و تانک وێران و کوشتاری لێ کرا، چوارسەت بۆ پێنجسەت کەس شەهید بوون و لە هەزار زیاتر بریندار.

سەرەتای مانگی ڕەزبەر، دوای کاولکارییەکی زۆر، ئەرتەش و پاسدار شاریان گرت و پێشمەرگە شاری بەجێ هێشت، هەرچەند گوتیان هەر لە دەسپێکەوە دوای ئەزموونی شارەکان، پێشمەرگە نەیویستووە لەناو شاردا شەڕ بکات، کەچی پادگان و داشامەجید هەر لە خۆوە دەستیان بە هاوەن و تۆپباران کردووە و شەڕەکە زیاتر لە بیست ڕۆژی خایاندووە و هاتنەوەی ئێمە لە دارساوێن ئاخر ڕۆژەکانی شەڕی سابلاغ بوو.

دوای ئەم گشتە سەفەر و شەڕی شار بە شار، سەرەنجام بەبێ شار لە ناوچەی سابلاغ گیرسامەوە. کۆمەڵە خەریکی خۆڕێکخستن و تەنزیماتی شار و پێشمەرگە بوو. هەموو ڕۆژێک کۆبوونەوە و دابەشکردنی مەفرەزەکان بوو. سەید بەرپرسی بەڕ و بەحر بوو، خۆی بە تەنیا حاکم و مقەستبەدەست بوو، دەیبڕی و دەیدرووی و لە بەریشی دەکردن. لە زگدڕاو دادەنیشت، مەقەڕێکی سەر ڕێگە و نزیک لە شار و جادەی بۆکان. لە هەموو کوردستان تەنیا بۆکان و شنۆ وەک شار بە دەست پێشمەرگەوە مابوون، بەڵام زۆربەی لادێ و ناوچەکان ئازاد و شوێن بنکەی پێشمەرگە بوون. تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە شارەکان دوور کەوتبایەوە ئیتر ناوچەی ئازاد بوو. بۆ ئێمە ناوچەی سابلاغ، بۆکان گرنگیی زۆری هەبوو، لە خواردن و دەرمان و خەستەخانە و هاتوچۆی شارەکانی ئێران و سەرووی کوردستان، بۆکان شارێمان بوو، تەبعەن جاربەجاریش کەباب و بەستەنی و پاڵوودە و حەمامیش هەر بەنسیب دەبوو.

حیزبەکان ئەو کەسانە وەخۆ دەگرن،
گوێلەمست و سەر بە بنەماڵە بن

ڕۆژێک لە زگدڕاو هەواڵی خەلیل بللوریم پرسی بۆ دیار نییە و بۆ کوێیان ناردووە؟ گوتیان ئێوە لە بانە بوون، کۆبوونەوەیەکی گەورەمان گرتووە بە سەرپەرشتیی سەید و هەموو بەشدار بوون، محاکمەمان کرد، بە تۆهمەتی مەحفەلچێتی[1] و خەڵک ساردکردنەوە لە کۆمەڵە، زیاتر لە ١٧ کەس دەنگیان بە دەرکردن، یان ئیعدامی خەلیل داوە، تەنیا ڕەحیم بابەتاهیری گوتوویەتی جا دەری بکەن، بۆ ئیعدامی دەکەن؟!

هەر دوای کۆبوونەوەکە خەلیل دەردەکەن و بەتای پانتۆڵ و کراسێکەوە وێڵ و سەرگەردانی ئەم دەشت و کێوانەی دەکەن. دواتر زانیمان شار بە شار و بە پەنجە هەڵێنان لە جادەکان، خۆی دەگەیەنێتە تاران و تێکەڵی گرووپی ئیتحادی موبارزین دەبێت، دواتر لە خانەی تیمی دەگیرێ و لە زیندانی ئەوین وەک سەربازێکی گومناو لە ١٩٨١/١١/٢٩دا ئیعدام دەکرێت.

دوای چل ساڵ وەک دۆست و نزیکێکی خەلیل بللوریان، لە بەردەرگای ویژدان و عەدالەت سەر نەوی دەکەم و دەڵێم خەلیل یەک لە کوڕە پاک و بلیمەتەکانی ڕۆژهەلات بوو، کۆمەڵەی زۆر خۆش دەویست، تەنیا گوناح و نەهاتییەکەی ئەوە بوو لە باقیی سەرکردەکانی دیکەی کۆمەڵە، زیاتری دەزانی و سادقتر و بەئیمانتر بوو. تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و تەنانەت حیزبەکانی تریش، تەنیا ئەو کەسانە وەخۆ دەگرێت گوێلەمست و سەر بە بنەماڵە بن. هەر بۆیەشە لە کوردەواریدا حیزب دیوێکی تری دیوەخان و سیستمی عەشیرەتە.

١- مەحفەل، تەکەتول، دەستەگەرایی.

٢٥

ئاغاکەی دێموکرات

مەقەڕێکــی هەمیشــە ئامادە و نزیک لە شــار، بــۆ چالاکیی خێرا و گورج و پەیوەندیی ڕۆژانە بە شــارەوە لە گوندی کۆنەدێ کرابووەوە. شەهیدان حەمە بازوکا، حوسێن سوهەیلی، عەلی موهاجیری، سولەیمان بللوری و ڕەحیم بابەتاهیری بە خۆشــییەوە ماوە و چەند پێشمەرگەی دیکە. هەموو پێشــمەرگەکانی ئەم مەقــەڕە تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو، ســولەیمان بــە هــۆی ناســراویی زۆری هاتبــووە دەر و بووبــوو بە پێشــمەرگە، هەموویان پێشــمەرگەی چاوکــراوە و ئــازا و خوێندەوار بوون. عەلی موهاجیری ڕقی لە دەوڵەمەند بوو، هەمیشــە قەڵســەی لە ڕەحیم دەگێڕا، دار و ئاوردوو و ســووتەمەنیی زۆر کەم بوو، بە هۆی گەمارۆکانــی دەوڵەتەوە خەڵک لە قەیرانی ســووتەمەنیدا بوون. ڕەحیم کرابوو بە بەرپرســی پێداویستیی مەقەڕ، زوو زوو فەرمانی دەردەکرد کــەم دار بســووتێنن. عەلییش تەنیا لە داخی ئــەوەی ڕەحیم وا دەڵێت، سەرتاسەری شەو وەخەبەر بوو بۆ ئەوەی هەرچی دارە لە زۆپاکەی[1] باوێت، هەموو لە گەرمان لەم ژوورە بچووکە، کە لە قوڕ و سواغ بوو، وەســەر ئاو دەکەوتن، هاواریان لێ هەڵدەستا؛ عەلی مردین لە گەرمان. عەلی لە داخی ڕەحیم گوێی نەدەبزووت. عەلی ڕۆژانە کێشــەی هەبوو لەگــەڵ ئاغــای دێیەکەش، هەرچەند هــەر عەلی نەبوو کێشــەی لەگەڵ ئاغادا هەبوو، هەموو کۆمەڵە و خەڵکیش لەگەڵ ئاغادا بە هۆی ملهوڕی و زۆرداری هەر نەدەگونجان. زۆربەی بەرپرســانی حیزب وەک مەقەڕ زۆرتر لە ماڵی ئاغا بوون، عومەر قازی یەک لە بەرپرسانی حیزب، کە دواتر گیرا و خۆی بەدەســتەوە دا و لە شــار دانیشــت، دایمەودەرهەم

١- زۆپا، کوورەی ئاگر.

لەوێ بــوو. عەلی دەچوو بۆ داربڕین و شــەوتک[1] پەیداکردن، عومەر دەیگــوت دار بــۆ کۆمەڵە نییە و تەنیا بۆ ماڵــی ئاغایە و موڵکی خۆیانە، ئاغا خزمی بوو هەر لە تایفەی قازی بوو، عەولاغای قازیان پێ دەگوت، ڕۆژێک کە منیش بۆ کارێک چووبووم بۆ کۆنەدێ، عومەر قازی پێشی بە دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە گرتبوو، هاتوهاواری زۆری ساز کردبوو؛ «دەرتان دەکەین و کوردســتان جێی کۆمەڵە و مۆمەڵەی تێدا نابێتەوە، ئاخــر چتان لێمان دەوێ، هەمووتان بە قابڵەمەیەک دوڵمە تێر دەخۆن» خەریــک بوو کێشــەکە گــەورە دەبــوو، خەڵک کۆ دەبوونــەوە و چەند پێشــمەرگەی دێموکراتیــش ســمکۆڵی شــەڕیان دەکرد. عومــەر قازی نیــازی گەمارۆدانی ئەو مەقــەڕە بچووکەی هەبــوو. عەلی موهاجیری لە ســابلاغ لە زەمانی شــادا خەڵک دەیناسی و کوڕی بنەماڵەیەکی زۆر خۆشەویســت بوو، بە باب و براکانیەوە، کاک یونســی براشــی کۆمەڵە بوو، شەهید بوو. کاک یوسف زۆر جوامێر و ناسراو و عەزیزی خەڵکی شار بوو. زەمانی شا لەسەر ماتۆڕ تووشی ڕووداو بوو، کۆچی دوایی کرد، خەڵک زۆر بۆی بەداخ بوون. کاک مســتەفا هەر لە سابلاغ کاسب و یارمەتیدەری باوکی بوو لە دوکانی چاککرنەوەی کوورە و سەماوەر، لەم ســاڵانەی دواییدا بە نەخۆشــیی شــەکرە کۆچی دوایــی کرد. کاک فەتاحی باوکیان یەک لە پیاوە ماقووڵ و کۆنەکانی سابلاغ بوو. عەلییش کوڕێکی بە دەســت و پەنجە و شــەڕکەر، بالابەرز و بەخۆوە بوو، زۆر جــار لــە گروهبان و ئەرتەشــی و خەڵکی داوێنپیســی بێگانەی زەمانی شــای دەســرەواند و هەتا خوا حەز بکات جوامێر و دەستوەشێن بوو، بە دژی زاڵم و زۆردار، پارێزەری مەزڵووم و بێدەسەلات بوو، لەسەر جادە ڕۆیشتبا و دیبای دوو کەس گەڕ یان بەربینگیان بە منداڵێک، یان کەســێک لــە خۆیان زەعیفتر گرتــووە، یەکســەر بەرەنگاریان دەبوو و بەرگریی لە زوڵملێکراوەکە دەکرد. عەلی پشتوپەنای بێکەس و هەژاران بــوو. لەناکاو عەلی لــە مەقەڕ هاتە دەر و یەک بەخۆی گوڕاندی، گوتی

١- شەوتک، سووتەمەنی.

گــوێ بگرە عومەری قازی، زەمانی نیگەڵەی[1] نییە، دەســت هەڵگرن لە ئاغاوەتی و کەڵەگایەتی لە خەڵک، بێتوو دەست هەڵنەگریت لەم زوڵم و سەرەڕۆییەت، بە هێزی خەڵک و شەپان دەرت دەکەین. تۆ بۆیە بووت بە دێموکرات بە نیــازی ئاغاوەتی و فیۆدالّی زیندوو بکەیتەوە، خەیاڵت خاوە هێزی فەقیر و زەحمەتکێش ســەرتان پان دەکەنەوە. ئەم قسانەی بــە حەماس و دەنگێکی وا بەرز گــوت، هەموو خەڵک گوێی لێ بوو، لە بەرچاوی خەڵک بەرپرســی دێموکرات و یــەک لە بنەماڵەی قازیی ورد کرد و شکاند.

بوونــی عەلی لە جەولــە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگــەڵ خەڵکی وا و تاقمێک لە پێشــمەرگەکانی هێزی پێشــەوای دێموکرات، کە پڕ بوون لە خەڵکانــی وەک عەبــووی عیمادی و کەریم خاڵــدار، عەولا قونچکۆل و کوڕانی هاشــمەکەچەڵ و سازواریی و چرچە و چەندی لەم بابەتە هێز و توانا بوو بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە.

کچە نازدارەکانی شار لە دێ

دوای ئــەوەی بــە تــەواوی شــارمان چــۆڵ کــرد، لــە گوندەکانی دەوروبــەری نزیــک لە شــار، زگــدڕاو، ئیندرقــاش، قزڵجــە، کۆنەدێ، شیلاناوێ، حاجیاڵیکەند و ئاچیدەرێ مەقەڕمان کردەوە. بە هۆی نزیکی لــە جادەی ســەرەکیی مەهاباد-میاندواو، مەقەڕی زگــدڕاو زۆرتر بوو بە مەقەڕێکی نیزامی و ئامادە لە هاتنە پێش و هێرشــی هێزی دوژمن. کۆمیتەی ناوچە زۆرتر لە قزڵجە بوو، چەند لە کچەکانی کە زۆر ناسراو بــوون، هاتبوونــە دەر و لە قزڵجە دایاننابــوون، زۆرتر بە کاری ژنانی گوندەکــەوە خەریــک بوون. هەمــوو ڕۆژێک ئەم کچە جــوان و نازدار و دەســتوپێ ســپییانەی شــار، دەبوو لەگەڵ ژنانی ماڵێکدا بچنە بژار، مەڕدۆشــین، پشکڵ کۆکردنەوە، ڕیخشێلان، دەوە و قەڵاغ دروستکردن

١- نیگەڵە، نیکۆلای، لە موکریان و ناوچەگەلی کوردســتان، بە ســەردەمی نیکۆلای قەیسەری ڕووس دەڵێن.

و کاروبــاری نــاودێ. هــەر وەک ژنانی لادێ دەچوونــە کانیی ژنان و هــەر وەک ئــەوان زۆرتــر نان و ماســت و پەنیر و شــۆرباوی لەپە[1]یــان دەخــوارد، هەموویان تووشــی لێوبەباری و نەخۆشــی و لاوازی بووبوون، چاودێری و ڕعایەتی بێهداشــتیان وەک پێویست بۆ نەدەکرا و ئیمکاناتیــان زۆر کــەم بــوو. کە هاتمــەوە لە بانە نەرمینــم لە قزڵجە دیتەوە، کچێک لیپاولیپ لە سۆز و عاتیفە، بە باوەڕ، سەنگین و بێدەنگ، دەموچاوێکی ئەســمەر و ورد و هێمن و فریشتەئاســای هەبوو، خۆی ناوەکەش «نەرمین»، ناوێک بوو دەبێ بڵێم تەواو لێی دەهاتەوە.

لــە قزڵجــە بــووم، چــووم بــۆ لای، بەیەکــەوە دانیشــتبووین و باسوخواســتی ماڵــەوە و داهاتووی خۆمان دەکرد. لەناکاو کەنیشــکی چاوڕەشــی قــژکاڵ، ئەوەی تارمایــی و خەون و خەیاڵــی، بە چرکە لە مێشک و دەروونم، دوور نەدەبووەوە، تەلیسی بە دەرگا هەڵاوەسراوی لەتوپەت و کونکونکراوی، بە جێی پەردەی ئەتڵەسیی سەرسەرای پەری و شازادەکان لادا و بە خۆنوشتاندنەوە دەرکەوت، نیگایەک بۆ لای من و نەرمین و بزەیەکی شــەرمین، دیســان ناودڵ لەرزین و پەشــۆکاوی باڵی بە سەرمدا کێشا و سەرم لەناو خۆم نا. هاتە پێش:

- سەلام!
- سلاو باشی؟
- تۆشیان هێناوە بۆ دەرێ؟
- [سەر لە خوار و چاو لە عەرز]؛ بەڵێ! گوتیان بۆ ماوەیەک باشترە بێم بۆ شاخ،

بەندنەبوو، نەرمینیشــی برد و ڕۆیشــتن، من مامەوە لە ناو خەیاڵی قووڵ و دووری ناو هەور و ڕەشەبا و زریانی ژیان!

١- لەپە، لەتکەنۆک.

خۆشەویستی خەڵک بوو، مەسئوول ڕقی لێی بوو

شــوێنێک و کارێکــی تایبــەت و دیاریکــراو، جاریَ بۆ مــن نەبوو. لــە نێوان زگــدڕاو و قزڵجە و کۆنــەدێ لە هاتوچۆدا بــووم، زۆرتر بە بۆنــەی کۆمیتە ناوچە لە قزڵجە دەمامەوە، زۆربەی ڕۆژان بە عیشــقی ســولەیمان بــە پێیان هەر بە شــاخەکەدا بــە تەنیا ڕێم دەبــڕی بەرەو کۆنــەدێ، لــەوێ هەرچی لێی بــوو نزیک و هاوڕێی خــۆم بوون. زۆر جاریــش ســولەیمان دەهات بۆ قزڵجە و بەیەکەوە قســەمان لە ژیان و داهاتوومان دەکرد، سولەیمان ئەداوئەتواری کۆمەڵێک مەسئوولی بەدڵ نەبــوو، ئەوانیش بە پێچەوانەی پێشــمەرگە و خەڵک، کە ســولەیمانیان زۆر خۆش دەویســت، هیچ حەزیان لە کەســایەتیی ســولەیمان نەبوو، ڕقیان لێی بوو، چونکێ لەناو خەڵک خۆشەویســت بوو، هەر سولەیمان نەبوو، ڕەحیم قادری، حوســێن ســوهەیلی و... خۆشەویستی ئەم یەک دوو بەرپرسەی ناوچەی مەهاباد نەبوون، بیانوویان پێ دەگرتن ئەوان کار بۆ کۆمەڵە ناکەن، بەڵکو کار بۆ خۆیان دەکەن و ئەوەتا لەناو خەڵک لەجیاتی کۆمەڵە، خۆیان خۆشەویســت کردووە! دەمانگوت، جا چ بوو، ئێوەش گەر دەتوانن خۆتان خۆشەویســتی ناو خەڵک بکەن. دەیانگوت نــا، ئەوان لەســەر ناوی کۆمەڵە خۆشەویســت بــوون. دەمانگوت دەی باشــە واتا خۆشەویســتییەکە هەر بــۆ کۆمەڵە دێتەوە. بــە کورتی ئەم بەرپرســانە حەســوودی و ئێرەییان پێ دەبردن، چ لە ئاســتی بنەماڵە و خوێنــدن و شــاریبوونیان و چ کۆمەڵایەتیبوونیــان، بڕوبیانوویــان پ ێدەگرتــن و گەورەبوونــی خۆیــان لە بچووککردنــەوەی ئەم کادرە خەڵکی و خۆشەویســتانەدا دەدیت. ســولەیمان هەتا بڵێی پاکوخاوێن و تەکــووز بوو، لــەم لادێ و بێ ئیمکانی، جلوبەرگی هەمیشــە خاوێن و تەنانەت بەبێ بوونی ئوتوو ڕایدەخســتن و بەتانیی بەســەردا دەدان بۆ ئەوەی چرچولۆچیان ساف بکات، هەمیشە دەستێکی تەواوی شۆڕاوی

لــە بوخچەیەکدا بە کاریتــە[1] و دارەڕاکانی ژوورەکەدا هەڵاوەســیبوو، دەیگوت با کێچ و ئەسپێ زەفەریان پێ نەبن.

سەرکۆنەم دەکەن، چونکە خەڵکی دێم فێر کرد دەستیان بشۆن!

جارێکیان گوتی، عەلی من لەگەڵ ئەوانەدا هەڵناکەم و زۆر دوورین لە یەک. تۆ لێرە نەبوویت کۆبوونەوەیەکی زۆر قوڕ و بێتامیان بۆ ساز کردم، کۆمەڵێک خەڵکی بێسەواد و عوقدەلەدڵ، من مەحکەمە دەکەن بۆ ئەوەی لە کانی دێ بە مســواک و خەمیر، ددانم شۆریوە و بە سابوون بەیانیان دموچاوم دەشــۆم، من نە تەنیا ئەوە دەکەم، خەڵکی دێشم فێر کردووە هەموو جارێک، کە دەچنە ئاودەســت جوان دەستیان بە ســابوون بشۆن، خەڵک دەبێ لە ئێمە فێر بن نەک ئەوەی ئێمە بچینەوە دواوە و وەک ئەوان بکەین. سولەیمان لە تاران موختەبەری واتا زانستی ئازمایشــگایی خوێندبوو، لە ئیدارەی بێهداشــتی ســابلاغ کاری دەکرد، دەیزانی ســەلامەتی بۆ پێشــمەرگە و خەڵکی لادێ چەند گرنگە، لە شار بووین ڕۆژانە دەستەدەســتە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی دەبردە تاقیگە و کارتی دیاریکردنی گرووپی خوێنی پێ دەداین، دەیگوت ئەگەر کەسێک برینــدار بوو بە خێرایی بزانیــن چ گرووپێکە و خوێنی بۆ دابین بکەین، ئێســتاش ئەو کارتەی ســولەیمانم ماوە کە گرووپــی خوێنی بۆ دیاری کردووم. ســولەیمان دەیگوت، ئاخر کەســێکی وەک حوسێن سوهەیلی بۆ دەبێت لێرە بە هیچەوە خەریک بێت. حوســێن وەکی پێشمەرگەیەکی زۆر ســادە، کــە دوێنێ لە گوندێکــەوە هاتووە بۆ کۆمەڵــە گرنگیی پێ دەدەن و کەس حیســێبی بۆ ناکات. دیارە تەنیا حوسێن نەبوو، خۆشی و ئەوانی دیش لە لایەن بەرپرسەکانی ئەوکاتی کۆمەڵە هەمان نرخیان هەبــوو، کــە شــوانێکی لادێ لەبــەر ماندووبــوون و گوزەرانــی ژیان ڕوویان تێ دەکردین. ئەزموونی چل ســاڵم لە باشــوور و ڕۆژهەلات، پێــم دەڵێــت زۆربــەی قارەمان و ئەوانــەی بە ئاگاهی و زانســتەوە لە

١- کاریتە، شاتیر، دیرەک.

پێشـمەرگایەتی بـەرەورووی مـەرگ بوونـەوە و داسـتانی گەورەی حەماسـییان خوڵقانـدووە، ئەم کوڕگەلـە خوێندەوار و شارسـتانییانە بوون و بە چاوی کراوە و عەقڵ و زانستەوە، بەرەوپیری مەرگ چوون. لە هەموو ناوچەی سـابلاغی مەکۆی ئەدیب و سیاسەتمەدار و وەرگێر و هونەرمەنـدی ناسـراو، کە هەموویان دەبوونە بـاب و باپیر و برا و دایک و خوشـک و کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەی ئەوێ ڕۆژێ، کەچی تەنیا سـێ ئەندامی کۆمەڵە هەبـوو، ئەوانیش نەخوێنـدەوار و هیچیان کوڕی شـار نەبوون و بەرپرسـی ئەو هەموو دوکتۆر و موهەندیس و خوێندەوارە بوون.

سولەیمان دڵی پڕ بوو، دەیگوت بەوە سەرکۆنەم دەکەن جامانەکەم وەک پێشـمەرگەکانی یەکێتی و باشوور دەبەسـتم و دەڵێن سولەیمان کوردایەتی دەکات و کۆمۆنیست نییە! دەبێ بێی بەیەکەوە بڕۆین بۆ لای هاوڕێیانی یەکێتی و خۆمان دەچینە ناو قوولایی ناوچەکانی باشوور و لەوێ پێشـمەرگایەتی دەکەین. من لەگەڵ زۆربەی قسـەکانیدا بووم، بە تایبەت دوای ئەوەی خەلیلیان بەم دەردە بردبوو. گوتم ڕاوەسـتە ئەوە باسـی کۆنگـرە و دوو بۆچوونی جیا لەیەک لەنـاو کۆمەڵە دەکرێت، با بزانیـن کۆنگرە بڕیاری چی دەدا و چی بەسـەر کۆمەڵە دێنن. ئەوکات ئیتر بە بەرچاوڕوونی بڕیاری خۆمان دەدەین. ڕازی بوو جارێ لەگەڵ کوڕەکاندا هەر لە کۆنەدێ بمێنێتەوە و چاوەڕێی کۆنگرە بکەین.

باوکی ماتۆڕسکلێتی بۆ نەکڕیبوو، هاتە شاخ

ئیشیان بۆ دۆزیبوومەوە، ڕۆژانە پەروەردە و ڕاهێنانم بە پێشمەرگەی تـازە دەکـرد، مێرمنـداڵ و لاوی شـاری دەهاتـن بۆ پێشـمەرگایەتی، بەشـێکیان بە هۆی عیشـق بۆ پێشـمەرگە و بیروباوەڕی ئازادی، یان بوونـی بـرای گـەورە، ئامۆزا، مـام و خاڵ، کـە لەناو کۆمەڵـە بوون، چەندیشان بۆ حەز لە تەقە و تفەنگ و لەزەت لە ژیانی پڕ لە ڕووداو و کوشـتن و ڕاکەڕاک بوو. هەشبوو لە ماڵەوە توورە دەبوو بۆ ترساندن

و ڕازیبوونی باب و ماڵەوەیان دەهات و دەیکردە هەڕەشــە بۆ گەیشتن بە داواکارییەکانی، جا گەر ژنهێنان بێت یان کڕینی ماشــێن و شــتی وا. کوڕێکی مێرمندال هاتبوو دوو ســێ ڕۆژ بوو لە دەورەکەدا بەشــداریم پــێ دەکرد، هەرچــی دەمهێنا و دەمبرد و بە ناســینی بنەماڵەکەشــیان دەمزانــی ئەم مەخلوقە بۆ پێشــمەرگایەتی و ڕێبازی کۆمەڵە ڕووی لە ئێمــە نەکردووە، کە باســی زەحمەتکێش و عەدالەت و سۆســیالیزم لە کاتەکانی وانەی سیاسی دەکرا، ئەو گێرەی لە هەولێر دەگەڕا و هیچیی لێ نەدەزانی. ڕۆژێکیان، قاوەڵتوون بە جێبێک کاکم و خەزووری لەگەڵ پیاوێــک لەبــەر دەرگای مەقەڕ پەیــدا بوون، ئای بەخێــر بێن و وەرنە ژوور. گوتیان هەم دەترســێین بمانبینن و هەم دوکانمان داخســتووە و دەبێــت زوو بگەڕێینەوە. گوتیان ئــەم پیاوە خزمی خەزووری کاکمە و کوڕەکەی دەڵێن هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی و لای تۆیە. ناونیشان ڕاست بۆ خۆی بوو، لە خودام دەویســت بینێرمەوە. باوکی دەســتی بە گریان کــرد و هەزار ســوێند و هەر ئەم کوڕەم هەیــە؛ ئاغای کەریمی بیکە بە خاتری جەنابی باوکت و کاکت و خەزووری، لەم کوڕەی من خۆش بە و شــوکور خەڵکی دیکە زۆرن بۆ پێشــمەرگایەتی، بە خوا براله ئەوەی من هەر بەکاری پێشــمەرگایەتی نایە و ئێســتاش شەوانە دەترسێت و دەبێــت دایکی لەگەڵیدا بچێتە مســتەڕاح. گوتم ڕاوەســتە بزانم، تۆ پێت وایە بەدواماندا ناردووە؟! دیســان دەســتی پێ کرد: خودا شاهیدە ئەوە چەند ڕۆژە بەزمی ماتۆرسکلێتی پێ گرتووم و ناوێرم بۆی بکڕم، دەڵێم بەردەبێتەوە و خودانەخواســتە شتێکی لێ بەسەر دێت! ئیتر نەوەستام و هاوارم لێ کرد لە ژوورەوە و گوتم لە ماوەی یەک دەقەدا خۆت کۆ بکەرەوە و تەشــریفت لەگەڵ جەنابی باوکتدا فەرموو بڕۆوە بۆ شــار، وا دیارە کوشــتن و شــەهیدبوون لە ڕوانگەی باوکتەوە تەنیا بۆ کوڕی خەڵکە. باوکی دەستی کرد بە سوپاسکردن و ماچکردنم و گوتی، ئاغای کەریمی قەد بیرم ناچێت پیاوەتی و لوتفی جەنابتان. کاک حەسەنیشمان ئەزیــەت دا لەگەڵمان هات. هەمووی نیو ســەعاتی نەبــرد کوڕە لەگەڵ

باوکدای سوار بوو و ڕۆیشتەوە و هەرگیز نەمبینینەوە.

ڕۆژێـک کچەکان کە تەنیا کاریان یارمەتیی ژنانی دێ بوو بۆ کاری ڕۆژانـە، نەرمیـن هات بـۆ لام، کە بۆچـی دەورەی تفەنـگ و ڕاکردن و لەسـەر سینگ ڕۆیشـتن و ئەم شـتانە فێری ئێمەش ناکەن؟ کۆمەڵە ئەوکات ڕوانگەی لەسەر بەشداریی کچان هیچ ڕوون نەبوو، منیش هەر هیچم لەم بوارەدا نەدەزانی. پرسیارم لە بەرپرسان کرد، گوتیان باشە، هەرچەند نایانکەینە پێشـمەرگە، بەڵام خۆ ئەم شتانە بزانن لەپاڵ کاری ژنانـی دێدا، شـتێکی خراپ نییـە. چەند ڕۆژێـک دەمانبردنە دەرەوەی دێ و بە بازنەیی دادەنیشـتین، تفەنـگ و دەمانچەمان بۆ دەکردنەوە و فێـری ناوزگی چەکەکانمان دەکردن، بە تەپۆڵکەی بەرماڵاندا سـەرمان دەخسـتن و وەرزش و ڕاکردن، سـروودگوتن، ئەوجـار تەقەکردن بە کلاشـینکۆف و ژ٣ و برنـەو و هەرچـی هەمـان بـوو، زۆر بـاش فێر دەبوون و تێیاندا بوو لە کوڕەکان باشتر بوون.

هاوسەرگیریی تەشکیلات و نەرمینی خوشکم

هـەر لـە قزڵجـە نیوەڕۆیـەک دوای نانخـواردن نەرمینـم دیت، لە دوورەوە هـەر چـاو لە مەقـەڕ دەکا و دێ و دەچێ و نینۆکی لە دەمی دایە و خۆی پێوە مژووڵ کردووە، بانگم کرد و لە دێ دوورم خستەوە، چاوەکانی پڕ لە گریان و سـوور بووبوونەوە، کوڵمەکانی بە فرمێسکی وشـکبووەوە چرچ بووبوون. نەرمین لە مـن زۆر نزیک نەبوو، زۆرتر لـە هەباس کە بە تەمـەن زۆریان فەرق نەبوو نزیک بوو، ئەویش لەناو ژێرزەمینەکانی ڕێکخستنەکانی ناوشار، لە خۆیشی ون بووبوو. زۆری شـەرم دەکرد و نەیدەوێرا قسـە بکات، زۆرم دەسـت بە سەر و قژیدا هێنـا و وام کـرد بۆ یەکەم جار کچێک بتوانێت لێم نزیک بێت و قسـەم بۆ بکات، ئەمە هونەرێک بوو من هیچم لێ نەدەزانی و زۆری تێدا کڵۆل بووم.

گوتی:

- ناوێرم، تووخوا تووڕە نابی؟!

- دایکە گیان ئێمە ئێستا هەر کاممان وەک یەک، پێشمەرگەی کۆمەڵەین و بۆمان نییە بەسەر یەکدا تێخوڕین و دوور لە قەدر و حورمەت بجووڵێینەوە!

- تووخوا تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟!

- ئەدی چۆن خۆ وەحشی نیم!

- نا کاکە، پێم وایە هەموو کچەکانیش وا بیر دەکەنەوە ناکرێت لەگەڵ تۆدا قسە بکەین، ئەتۆ زۆر تووڕەی! هەر دەگریا و گوتم:

- چ بووە، دڵنیات دەکەم گوێت لێ دەگرم و هەرچی هەبێت قبووڵی دەکەم و یارمەتیت دەدەم.

باوەشی پێدا گرتم و

- تووخوا ڕاست دەکەی؟!

- بە سەری تۆ.

- ئەوە دوو ڕۆژە سەید دێ بۆ لامان و کۆبوونەوەی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆمانی بۆ داناوین، دەبێت هەموو شت بڵێین، دەنا پاک نابینەوە لە خوو و ڕەوشتی وردەبۆرژوازی!

- پێکەنیم، دەی چت گوتووە؟ نەکەی درۆت بۆ خۆت هەڵبەستبێ و زۆرت قسە کردبێ؟!

- با هەموو شتێکم پێ گوتن!

تەزوو بە لەشمدا هات، هەموو شت! لە نێو خۆمدا گوتم، دەبێ چیی کردبێ ئەم کچەتیوە!

-هەموو شت چییە دادە گیان؟ پێم بڵێ بزانم، با عیلاجی بکەم.

- یەک دوو ساڵ پێش، کوڕێک تۆش دەیناسی و ئێستا لە ڕێکخستنی ناو شارەکانی کۆمەڵەیە، هاتە بەردەرگا و لە تۆی پرسی و تۆ لە ماڵ نەبوویت، بەڵام بۆ ئەوە نەهاتبوو، نامەیەکی فڕێ دا و ڕۆیشت، نامەکەم خوێندەوە و باسی عاشقبوونی خۆی دەکات و نووسیبووی زۆرم

خۆش دەویێ و بە کورتی حەزی لێ کردووم.
- جا ئەوە چییە ڕۆڵە؟! حوسێنی برات ڕۆژانە ئەوەی دەکرد لەگەڵ کچان! ئەوەم بۆیە گوت، ئاســوودە بێ و هەموو وردەکاریم پێ بڵێت و گەر بزانم شتەکەیان جیدییە بەیەکیان بگەیەنم.
- بــە پێکەنینەوە، ئاخر حوســێن زۆر جوانــە، کچان زۆریان خۆش دەویــت، مــن دوای ماوەیەک وەڵامی نامەکــەم داوە، بەڵام هیچ وەعدم پێ نەدا و نووســیم دەبێت زۆرتر یەکتر بناســین و زۆر دەترسم عەلی بزانێــت. یەک دوو نامەی تری لــە ڕێگە بۆ فڕێ داوم و لە وەڵامدا بۆم نووســی ئەگەر ڕاســت دەکەیت، دەبــێ خانەوادەکان ئــاگادار بکەین و ئاشکرای بکەین.
- باشە بەڕاست تۆش سۆزت بۆی هەیە و خۆشت دەوێ؟!
- نازانــم بــە خودای! ڕەفیقی تۆ بوو ڕقم لێی نەبوو، ئەگەر هاتبا بۆ داوام لەوانە بوو مێردی پێ بکەم!
- ئەگەر ئێستا دەخوازی زۆر ئاسانە و جێبەجێی دەکەین!
-نــا، بــە خودای عەلی گیان، هیچ ئیحساســم نەماوە و ئێســتا تەنیا بیر لە شــۆڕش و ســەرکەوتنی کۆمەڵە دەکەمەوە و ئەسڵەن ئامادەیی ئیــزدەواج و ئــەم جــۆرە شــتانەم نییە، ئەویــش هەر خەبــەری نییە و بیستوومە لە تەشکیلاتی شارەکانی ئێران کار دەکات.
- من باشی دەناسم و کوڕی باشە.
- نا عەلی تووخوا! دیسان فرمێسک و گریان.
- باشە بۆ دەگریی؟! چۆنت پێ باشە وا دەکەین.
- ئاخــر ئەو شــتانەی بــە تۆم گوت، بــە کچەکان و سەیدیشــم لە کۆبوونەوەکــە هــەر وا گوت! ئێســتا ســەید دەڵێ تەشــکیلات موافقی هاوســەرگیریی ئێوەیــە و دەبێ زەماوەند بکەن، بــەڵام من نامەوێت و وەک کوڕێک و هاوڕێیەکی باش قبووڵمە، بەڵام ناتوانم هاوســەرگیریی لەگەڵدا بکەم!
- دەی باشــە، شــتەکە حەلە و بە کەیفی خۆت بکە، لە هەر جێیەک

بووم، تەنیا خەبەرم کە من چۆنت پێ خۆش بوو وای لێ دەکەم.

- من زۆر دەترسم و تازە هەموو پێیان زانی و نازانم چ بکەم، دایکم و بابم بزانن چ دەکەن؟!

- ماچم کرد و باوەشــم بۆ کردەوە، دادەکەم ئەمانە هەموو حەز و خولیای ســەیدە، دەنا ئەو شــتانە عەلاقەی بە کەسەوە نییە، من بۆخۆم بۆ ژیانی تایبەت و خسووســیی خۆم نە بە کەس دەڵێم و نە ئیجازەش وەردەگرم، ئەم شــتانە شــتی تایبەت بە خۆتن، ئەوجار تۆ هێشتا تەنیا حەڤدە ســاڵی، زۆر زووە بۆ ئەم شــتانە، ئەگەر هەستێکیشــت بووبێت تەنیا هەستێکی خێرا و زووتێپەڕ بووە.

- بەخوا هەر وا بووە، تووخوا عەلی کۆمەکم بکە، من لەوانەیە خۆم بکوژم!

- نا! خوشــکی خۆم ئەدی منت بۆ چییە، تۆ بڕۆ جوابی تەشــکیلات و کۆمەڵــە مــەدەوە و تەنیــا پێیان بڵێ مێردی ناکەم و هەموو شــتم بە عەلی گوتووە، با بێن بۆ لای من، شێتیان دەکەم و بە شاخانیاندا دەبەم، بەوان چی کچی خەڵکی چۆن و کەی و مێرد بە کێ دەکات؟!

نەرمیــن لەســەر جیددیبوون و هەڵوێســتم زۆری ئیمــان پێم بوو، دەیزانی لە پشتی دەوەستم، بەرپرسان ناتوانن شتی وا بەسەر خوشکمدا بســەپێنن، بۆیە زۆر ئارام بووەوە و توند توند باوەشــی پێدا گرتمەوە. وەعدمان دانا تا لەوێ بم زوو زوو بەیەکەوە قسە بکەین و بچێت دوای ئەم گفتوگۆیەمان یارمەتیی کچەکانی تریش بدات لە ڕووی دەروونی و ئەم باسانەی تایبەت بە خۆیان، کە بۆ کاک سەیدیان کردبوو!

بەداخــەوە دواتــر زانیــم چەند لە کچــەکان هەر بە هــۆی نەبوونی کەسێکی خەمخۆر و یارمەتیدەرەوە تووشی هەڵە و خەمۆکی و دابڕان هاتوون، یان لەســەر بڕیاری تەشکیلات و ئەم مەسئوولانە گەورەترین هەڵەی ژیانیان کردووە و تووشــی شووکردنی ناسەرکەوتوو بوون و کێشە و گرفتی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتووەتەوە.

ئێستاش هەر نەمزانی لە کام کتێب و تیۆری چەمکی هاوسەرگیریی

تەشكیلاتییان داهێنا و تەنانەت لە ژیانی ئەندام و لایەنگرانیان، تەداخولی ئەم ئەركە گرنگە و تایبەتەیان دەكرد.

ئامین بۆ ڕەزامەندی هات و بە خاكمان سپارد

مینــە قەڵەو برا و هاوڕێی نزیک و زۆر خۆشەویســتمان، بە ماڵ و ژن و منداڵــەوە خزمەتــی كۆمەڵەیان دەكرد، زۆر لە ســولەیمان نزیک بوون، دوای گرتنەوەی ســابلاغ، مینەش بوو بە پێشمەرگە و لۆرییەكی گەورەمــان بــوو، ئەو شــۆفێری بــوو. ئامینــی خوشــكی كیژۆڵەیەكی نەشــمیل و تازەپێگەیشتووی ١٥ ســاڵانە هاتبوو بۆ لای كاكی لە شاخ، خوازبێنــی هەیــە و ئیجــازە لە كاكــە مینەی وەربگرێت و شــوو بكات. چووبوو بۆ قزڵجە و بەتەمای دیتنی كاكی لەگەڵ ســولەیمان و ســەید سوار دەبیٚ بێت بۆ حاجیاڵیكەند بۆ دیداری برا و ڕاسپاردنی سولەیمان بۆ ڕازیكردنی باوكی. بەهمەن شــۆفێری لەندرۆڤێرەكە دەبێت، لە ڕێگە ســەید بە بەهمــەن دەڵێت، فێرم بكە بــا لێیخوڕم. بەهمــەن بە نابەدڵی ســوكانی دەداتە دەســتی. هەرچی دەڵێت خەڵكی تێدایــە فایدەی نابێت، مەســئوولە و دەبێت بەقســەی بكات. پێش ئــەوەی بگەیتە حاجاڵیكەند، ســەرەوژێرێک بــوو، دەهاتە خوار بەرەو دیٚ، ڕێک كە دەگاتە ســەری لێژییەكە، لەجیاتی ســتۆپگرتن و خاوكردنەوە، پاڵ بە بەنزینەوە دەنێت، بەهمەن و ســولەیمان هاوار دەكەن تورموز، تورموز، ســەید شــپرزە دەبێــت و زیاتر بەنزین دەشــێلێت، لەندرۆڤێر بە تەنیشــتدا دەكەوێت و یەک دوو سەرەمەقولاتان لیٚ دەدا، سولەیمان و بەهمەن بریندار دەبن، ئامیــن فڕیٚ دەدریٚ و ســەری وەبەردێک دەكەوێــت و لە جێوە ڕۆحی دەردەچێت، ســەیدیش بە ســاغ و سەلامەتی لێی دەرباز دەبێت و خۆی فێری ماشــێن ئاژۆتن دەكات! كارەساتێكی یەكجار ناخۆش، بۆ مەرگی ئــەم كیژۆڵە نازدارە، هاتبوو بۆ شــووكردن ئیجازە لە كاكی وەرگرێت، هەر لە گۆڕستانی حاجیاڵیكەند بەجێی مێرد، بەخاكیان سپاردبوو. تاقە یەک كەســیش سەركۆنە و ڕەخنەی لە سەید نەگرت و بەرپرسیارەتیی

مەرگی ئەم کیژۆڵەش کەسی نەگرتەوە!

ڕۆژی بیستوپێنجی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ بەرامبەر بە ١٩٨٠/٩/١٦ ئامین خەیات بەم ڕووداوە دڵتەزێنە، ماڵئاوایی لە ژیانی هێشتا دەستپێنەکردوو کرد.

٢٦

فەرماندە بڕیاری بۆ نەدرا

لــە ســەرەتای مانگــی دووی پاییزدا، دوو دەســتە ســاز بووین بۆ چالاکیی نیزامی لە جادەی ڕەزاییە. چاودێری کرابوو، کازیوەی بەیانییان ستوونێک دەهات بۆ کۆنترۆڵ و حەرەسیاتی جادەکە. پلانمان دانا پێش ڕووناکی بچین لە باغەکانی ئیندرقاش و وسووکەند لەناو کاناڵ و کەند و جۆگەکانــی نزیــک جادە خۆ حەشــار بدەین و کــەس پێمان نەزانێت تا ســتوون دەگاتە ئاســتمان، ئەوجار لێی بێینە دەر و هێرشــی بکەینە سەر. پێش شەبەقی بەیانی هەموو لە نزیک جادە بەرامبەر دریاز لەناو باخێکدا خۆمان حەشــار دا، زیاتر لە بیســت بۆ بیســتوپێنج پێشمەرگە دەبووین، چاوەڕێمان دەکرد ڕۆژ بێتەوە و بە هاتنی خۆر گەرم بینەوە. شەوانی پاییزی موکریان زۆر سارد بوو، ستوون نەهات، بەڵام لەناکاو ســەرمان هەڵێنا لە تەپۆڵکەی بەرامبەرمان ئەوبەری جادە، ڕەشــایی و هاتوچــۆی نەفەرات پەیدا بــوو، بە ڕوونی دەماندیــت خەریکی تۆپ و هاوەندامەزراندنــن بەرامبــەر ئێمە، ئیتر زانیمان بە دڵنیاییەوە کەســێک پلانەکەمانی زانیوە و ئیخباری کراوین. دوژمن بە جێی هاتنی ڕۆژانەی ســتوون یەکسەر بە پشتەوەدا تەپۆڵکەکەی بەرامبەری گرتووە و ئەوە چەکی قورســمان بۆ دادەمەزرێنێت، ئیتر کــێ کوڕی باوکی خۆی بوو دەبوو خۆی دەرباز بکات. دوو دەقەی نەبرد باخ و سەنگەرەکانی ئێمە هەر هەموو بوو بە ئاگر، بە ســەدان هاوەن و تۆپمان بەســەردا باری، ســیامەند و ڕەحیم قادری، ســولەیمانە ســوور و زۆربەی پێشــمەرگە ناســراوەکانی ناوچەی مەهاباد لەوێ بوون، فەرماندە کاک ڕزگار بوو، ئەویــش نەیدەزانــی چ بکات و وەک ئێمە، لە خۆحەشــاردان و ڕاکردن بەمــلا و ئەولادا بوو. چالاکییەکی زۆر ناســەرکەوتوو، چەند ســەعات

هیلاک و شەکەت کراین، بەبێ ئەوەی بتوانین بچووکترین دەستکەوت، یـان زەرەرمـان بۆ دوژمن بووبێـت. دواتر سـیامەند گێڕایەوە، لەگەڵ ڕەحیـم قادریدا لـە بن جۆگەیەک خۆیـان مات کردووە، دوو پاسـدار وردەوردە هاتوون بۆ لایان، سـیامەند دەڵێ دەنگ مەکەن بە زیندوویی دەیانگریـن، یـان لەناکاو لێیـان دەدەین، کەچی نزیـک دەبنەوە ڕەحیم دەسرێژێک بە حەوادا دەکات و هەردوو هەڵدێن، سیامەند تووڕە دەبێت؛ بۆ وات کرد ڕەحیم! نەمانگوت بێدەنگ بن تا دێنە بن دەستمان؟! کەچی ڕەحیم دەڵێت گوناح بوون، حەتمەن دایک و بابیان هەیە و چاوەڕێیانن، پێـم زوڵـم بوو بکوژرێن. ئیتر سـیامەند هیچی پـێ ناگوترێت و دەڵێ، کـە وا بەڕەحمی بۆ هاتووی؟! ڕەحیم وا بوو سـەری چۆلەکەیەکی پێ نەدەبڕدرا! سـولەیمانە سوور بە قایش و مەخزنەوە، خۆشی ئەستوور و قەڵەو بوو، بۆریی ئەسـتوور و زلی چیمەنتۆ بۆ ئاوداشـتنی لێ بوو، هەمـوو یەک یـەک بە نـاو بۆرییەکەدا پەڕینـەوە و چووینـە ئەوبەر، سـولەیمانە سوور لەمسەرەوە بەڕێکرا و لە قەدی لوولەکە گیری کرد، ڕزگار بـە لاق پاڵـی پێوە دەنـا و ئێمە کە پەڕیبووینەوە و لەوسـەری بووین ڕاماندەکێشا، کەچی گیری کردبوو نەدەهات، پاسدار بۆ پێشەوە دەهـات و هـاوەن ڕاوەسـتانی نەبـوو، ڕزگار مابوو بێتـە لای ئێمە و بپەڕێتەوە، کەچی سـولەیمان ناولولەکە و تاقە ڕێگەی گرتبوو، گوتمان سولەیمان تاقم و مەخزەنەکان لە خۆت بە جۆرێک بکەوە و تفەنگەکەت بەڕێ بکە بۆ لای ئێمە، ڕزگار هەر جنێوی دەدا و لەوانە بوو بە دەست بگیرێـت، یان بکوژرێت، عاقیبەت سـولەیمان بە شـپرزەیی قوتار بوو، بەلام لە زمان و حەرەکە کەوتبوو. هەتا لای ئێوارە تۆپباران و قەناسە و دۆشـکە و خۆمپـارە بەردەوام بوو، سـێ بریندارمان بوو، دیسـان سـیمورغ فریامان کەوت و هەرسـێکیانمان گەیاندە مەقـەڕی زگدڕاو، گەڕامەوە و هەموو پێشمەرگەکان لە دەور و ناو دێی ئیندرقاش شەکەت و شپرێو لێی کەوتین، کەچی سیامەند ملی ڕێی گرت، بۆ کوێ دەچی؟! دەچمـەوە ناو باغەکە! تۆمەز پێشـتر کۆترێکـی زۆری کەوڵ کردبوو،

خەریکـــی برژاندنیـــان بوو کە ئـــەو بەزمەمان بەســـەرهات و هەمووی جێ هێشـــتبوو، گەڕایەوە دەستی کردەوە بە برژاندنی کۆترەکان. لەناو هـــاوڕێ و ئەوانـــەی ناســـیومن کەم کەســـی خوێنســـارد و بێمبالات و لەســـەرەخۆم، لە شەڕەکاندا وەک سیامەند دیوە. ئەگەر فەرماندەکەمان هەر بە پەیدابوونی یەکەم ڕەشایی لە تەپۆڵکەی بەرامبەرمان عەقڵی پێ دەشـــکا و شـــک و گومانی ئەوەی کردبا، ئیخباری کراوین، ئەم بەزم و بریندارانەشـــمان تووش نەدەبوو، دەمانتوانی تاکتیک و ڕەوشـــێکی دی بگرینـــە پێش، کەچی لـــە بیرمە پێش دامەزراندنی تـــۆپ و خۆمپارەکان زۆرمـــان گوت کاکە کەشـــف بووین و دەبێ بە زوویـــی بڕۆین، کەچی کاکی فەرماندە هەر بڕیاری بۆ نەدرا و پێی وا بوو فەرمانی پاشەکشـــە بـــە واتای ترســـنۆکی ئەو لێک دەدرێتـــەوە. هەرچەند لە کەشـــوهەوای ئەوکاتی ناو پێشمەرگە ڕەنگە زۆریشی ناحەق نەبووبێت!

مەسئوولی منداڵباز

گوتیان، ناوچەی ســـندوس پێشـــمەرگەی کەم بۆ چـــووە، پاییزێکی خۆش بوو، دەســـتەیەکیان ســـاز کردین و (س.س)یان کردە مەسئوولی سیاســـی. بۆ جەولە ڕەوانەی ســـندوس کراین، بە سیمورغەکە چووین و جارێ ڕێگە و هاتوچۆی پێشـــمەرگە بە ماشـــێن هەبوو، هەرچەند بۆ سندوس بە هۆی نزیکی لە نەغەدە و عەجەمی سەر بە ئاخوند حەسەنی زۆریش بێخەتەر نەبوو. بەرەو مەمەلیان و خەلیفان، شاولێ، محەمەدشا، محەمەدیار و دەشـــتی قوڕێ چووین، چەند دێیەکی عەجەمانی لێ بوو نەماندەوێـــرا لێـــی بمێنینەوە، زۆرتر لە ماســـوێ و دایماو، کە دوو دێی بەخزمـــەت و خۆش بـــوون، دەماینەوە. یەک دوو پێشـــمەرگەی تازەی منداڵکارمان لەگەڵدا بوون. فاروق بللوری بە هۆی نزیکیی زۆرمان پێی گوتم ئەوە چەند جار شـــەوانە لە مزگەوت و ماڵاندا (س.س) ئەو کوڕە فەقیرە ناوی حوســـێن بوو لەگەڵ خۆیدا دەنوێنێت و لە لای من گریاوە و دەڵێ خۆم پێوە دەنێت و دەست بۆ دۆخینەکەم دەبا و...، گوتم فاروق

بزانــە قســەی لەگەڵدا بکــە با زۆرترمان لــێ حاڵی بێت، ئەوە شــتێکی خەتەرە و بە ئاســانی کۆمەڵە بڕوا بە قســەکانی حوســێن ناکات، هەم منداڵە و هەم تازە، دەبێت لە شوێنی خۆی بە بەڵگەوە بیگرین، دەنا هەر قســە فایدەی نییە. کاکی بەرپرس گومانی لا دروست بووبوو، حوسێن لای ئەم و ئەو قسە دەکات. لەناکاو و بەبێ بەرنامە گوتی دەڕۆینەوە و جەولە تەواو بوو، گەڕاینەوە قزڵجە، شەو پاسبەخش بووم و حەرەسم خەبــەر دەکردنــەوە، لە بــەردەرگای مەقەڕ بووم، نیوەشــەو فاروق و حوســێن هاتن بۆ لام و حوســێن دەگریا، گوتی وەرە چاو لێ بکە ئەوە لەســەری شەو جێگەکەی هێناوە بە جێگەی منێوە نووساندووە و توند خۆی لێ قایم کردووم. گوتم ســبەی شــەو خۆتی بۆ شــل بکە و هیچ مەکە من ئاگام لێت دەبێت. بەیانی بە سەیدم گوت و قەرارمان دانا شەو هەردووکمان کێشکیان بکێشین، هەر وامان کرد و شەو چووم بەدوای ســەیدا لــە ماڵێکی دێ ژوورێک هەبوو بۆ کۆمیتــەی ناوچە لەوێ بوو، هات بۆ مەقەڕ و لە دەرەوە وەســتاین، لە نیوە شــەو فاروق لەسەرخۆ هاتوو گوتی وەرن، ئیتر هەموو شــت ئاشــکرا بوو. بەیانی زوو سەید، فــاروق و حوســێنی بانگ کرد و گوتی نابێــت کەس پێ بزانێت، بە منی گوت لەندرۆڤێرەکە ساز بکە دەیبەین بۆ ناوەندی، کوڕێکی تری خەڵکی دەرمانــی لــێ بوو، نزیک بوو لە کۆمەڵــە و ئەویش بەرئەندامی کۆمەڵە بــوو، کاتــی خــۆی هاوڕێی شــەهید حەمە حوســێن کەریمــی بووە لە شانەی زەحمەتکێش و کرێکاری ساختوومانی. بەویشی گوت ساز بێت و لەگەڵماندا هات. بە ســواری ماشــێن لە پشــتەوە دەســتمان بەست و چووین بۆ ناوەندی کۆمەڵە. دوکتۆر جەعفەر لە بۆکان بوو، چووین بۆ لای، دوکتۆر هەر سەری ڕادەوەشاند و باوەڕی نەدەکرد ئەم بەرپرسە ئەوەندە پەست بێ و تەماح لە منداڵێکی وا بکات و مەسئوولیش بێت. دوو ڕۆژ لەماڵی مام ڕەسووی لە بۆکان ماینەوە، بە شەو و ڕۆژ حەرەسی بووم، تا شــتێکی قوڕ نەکات، دوو جار پەلاماری کلاشــینکۆفەکەی دام خــۆی بکوژێت، نەمانهێشــت. دوای دوو ڕۆژ دوکتۆر هاتەوە و گوتی،

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا بە گرتنی لە ناوچەی سەقز. ئیتر (س.س) گیرا و ڕەوانەی زیندانی ناوچەی سەقز کرا، کە برا گەورەکەی خۆی لەوێ کۆمیتەی ناوچە بوو. نەیانهێشت لە ئێمە زیاتر کەس بەم کارە بێئەخلاقییە بزانێت و سەرپۆشیان لەسەر دانا.

پاییز و زستانی ١٣٥٩ (سەرەتای ساڵی ١٩٨٠) ئەوان سەردەم بوو، کۆماری ئیسلامی بە چنگ و ددان، بە وەحشیگەری و کۆمەڵکوژی، ترس و تۆقاندن و ئیعدام و وێرانکردن و هەرچی پێی دەگوترێت ئاکاری قێزەون، دەیویست دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆی بە تایبەت بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. «کوردستان» لە ڕوانگەی مەزهەبیی (چ شیعە و چ سوننی)، سیاسی، یەکپارچەیی خاکی ئێران، ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی ئێرانی و کێشەی کۆن و مێژوویی «کورد و عەجەم»، ئەم چەمک و بابەتە بوو زۆربەی جاران بە ڕاست و چەپ، عەلمانی و دینی، پێشکەوتوو و دواکەوتوو زوو لەسەری ڕێک دەکەوتن و زۆربەی جاران لە مێژووی ئێران، هەموویان هاوڕا بوون بۆ سەرکوت و داپڵۆسینی گەلی کورد.

جیهاد لە گوندەکان

هێشتا برینەکانی هەزاران کوژراو و بریندار‌ی شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە و مەهاباد قەتماغەی نەگرتبوو، لاتولوت و چەقۆکێش و قەمەبەدەستەکانی ئاخوندێکی بێشعوور و نەخوێندەواری وەک مەلا حەسەنی لە گوندەکانی نەغەدە، میاندواو، ڕەزاییە و مەهاباد، مەغولئاسا کەوتنە گیانی خەڵکی بێگوناح و هەژار. بە سەدان کەسیان لە گوندەکانی سۆفیان، ئیندرقاش، وسوکەند، سەروکانی، سەوڵاوا، سەرچنار و شینئاوێ و دەیان گوندی تری ئەم مەڵبەندە کوشت و بریندار و کەمئەندام کرد، حاسڵ و بەروبووم و ماڵ و کاشانە و تەنانەت مزگەوتەکانیان سووتاندن و دەستدرێژیان کردە سەر کچان و ژنان، بە ناوی ئیسلامەوە جیهادیان ڕاگەیاند و سەدان لاوی کچ و

کـوڕ بەبـێ دادگا و پارێزەر، لە ماوەی کەمتـر لە چەند خولەکدا حوکم دران و ئیعدام کران.

تفەنگی لوولەشۆڕ

ڕۆژی سێزدەی خەزەڵوەری ١٣٥٩ (٤-١١-١٩٨٠) لەگەڵ دەستەیەک لــە پێشــمەرگەکانی کۆمەڵە و چەندی حیزبی دێموکـرات دوای ئەوەی ئاگادار کراین لە کارەساتی ئیندرقاش و وسوکەند، ویستمان بچینە ناو دێ و شــەڕ بکەیــن، خەڵک داوایان کرد نەچین بـا لەوە خراپتر نەکەن، هەرچەنــد هەمــوو ڕێگەکانیان هەر لە ســەری بەیانییــەوە گرتبوو، بۆ لای ئێــوارە چووینــە ناو دێ و بەر مزگەوت، هەرگیز بیرم ناچێ دار و بەرد و تەنانەت میچی بەرزی مزگەوتی ئیندرقاشیش خوێن بوو، چەندماڵیان ســووتاندبوو، زیاتر لــە پەنجا کەس کـوژراو و مەیتەکانیان لە نــاو کۆڵانــی دێدا بوون، دەیان بریندار کەوتبـوون و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ خۆدا بردبوو. ئەوان دەیانویســت کێشەی کورد و ئازەری قووڵ بکەنەوە و هیچ کوردێک شەو بە ئاسوودەیی سەر نەنێتە سەر سەرین، لە بەرچاوی دایک، کچێکی لاویان بە چەند پاسدار لاقە کردبوو. ئێوارەی ســێزدەی مانگ لە ئیندرقاش بۆ من و هاوڕێکانم ئەو ڕۆژە ڕەشــە بوو بە چاوی خۆمان دیمان، لەجیاتی باران خوێن باریبوو. لە ناو مزگەوت و بــە بەرچــاوی خوداوە بە تەور ژنانیان پارچــە پارچە کردبوو، ماڵی خــودای بــە فەرش و دیوار و ســەقفەوە بە جێی قوڕ، خوێنی وەســەر خۆی کردبوو. دەبێ چ هەســت و کارەســاتێک بێ پێشــمەرگەی پڵینگی هەردی وڵات، بەم چەشــنە دۆش دامابێ و بە بەرچاویەوە، کوشــتن و ســووتان، وێرانی و ئەتک بەم خەڵکە بکرێت، کە ئەو لەپێناویاندا چەکی هەڵگرتووە. ئێمە، هەموو ئەو پێشــمەرگانەی بە دێموکرات و کۆمەڵەوە، ئەم دوانیوەڕۆیە گەیشتینە ئیندرقاش، هەر ئەوەمان لەدەست هات وەک خەڵـک و پیرەپیاوەکان ئەژنۆمان لەناو دەســتانمان بگرین و بە ڕیز لە بەر ســێبەری گوێســەبانی مزگەوت بە لارەملی و هەناســەی سارد و

تفەنگی لوولەشــۆڕ، ڕوو لە خۆری ســـەرمابردووی ئـــەم ئێوارە پاییزە شوومە بکەین.

چەنـد ڕۆژ دواتــر و لە هەڤدەی خەزەڵوەردا، بەســیج و پاســداری ئاخوند حەســـەنی، هێرشێکی وەحشییانە و دوور لە مرۆڤایەتی دەکەنە سەر گوندی سۆفیان لە ناوچەی شنۆ و لە چەند چرکەدا سێزدە کەس بـــە تـــەور و چەقــۆ دڕندانە دەکوژن و زیاتر لە بیســـت کـــەس بریندار دەکەن. ڕەشــبگیری و قەتلوعامی خەڵکــی گوندەکان و ئیعدام و گرتنی لاوان لـــە شـــارەکان یەک بـــەدوای یەکـــدا و دوای ماوەیەکی کورت لە گرتنەوەی شـــارەکان، سیاسەتێکی شوم و پڕ لە ترس و تۆقینی خەڵک بوو بۆ وێناکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و تەسلیمبوونی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. بەداخەوە لە پیادەکردنی ئەم سیاسەتەدا چریکە فیداییەکانی ئەکســـەرییەت و حیزبی تودە، ئەوەی توانییان لە هاوکاری و کەشـــف و ئاشـــکراکردنی ئەنـــدام و لایەنگرانی هێـــزە کوردییەکان و کەسوکاری پێشمەرگە نە تەنیا درێخییان نەکرد، بەڵکو بە تیۆریزەکردن و نووســـینی وتار، ئاوی پاکیان بە ســـەر دەســـتی مەلاکانـــدا دەکرد و بـــە بیانـــووی شـــەڕی «میهەنـــی» و بەرگری لە نیشـــتمان، لە شـــەڕی ئێران-عێراقـــدا شـــەرعییەتیان دەدا بـــە خوێنخۆری و لێـــدان لە کوردە ئازادیخوازەکان. ئەوان لەبەر ڕۆشـــنایی سیاســـەتی کرەملین، کە بۆیان نوســـخە[1] دەکـــرا، چوونە پاڵ سیاســـەت و بەرنامـــەی کاری دەوڵەتی ئیسلامی و لە بیر خۆیان بردەوە، وەک ڕێکخراوگەلی چەپ و مارکسی، دەبوو بەرگری لە مافی میللەتان، ژنان، ئازادیی ڕادەربڕین، جیایی دین لـــە دەوڵەت، ئازادیی ئەحزاب و هەموو ئەو چەمکگەلەی ســـەردەمانێک بانگەشە و بەرنامەی حیزبەکەیانیان لەسەر دانابوو، بکەن.

١- نوسخە، نوسخە نووسین، ڕاچێتەنووسین، مەبەست لێرەدا فەرمانپێدان و لە سەرەوەڕا ئەمرپێکردنە.

ڕوخساری تودەیی و چریک

ئێمــە، پێشــمەرگەکانی کۆمەڵــە لــە دوو هەنــگاوی شــار بووین و تینی هەناســەی گەرمی پێشــمەرگانەمان دەگەیشــتە خەڵکی ناوشار و ڕۆژانــە ئەم تینە، ڕوخســاری ئەنــدام و لایەنگرانی چریــک و تودەیی هەڵدەقرچاند. ئەوان زیاتر لە حکومەت دژایەتیی پێشمەرگە و بنەماڵەی کۆمەڵەیــان دەکــرد و دەتوانــم بڵێم بەتایبەتتــر لە شــارەکانی دی، لە مەهابــاد زۆر قینلەدڵتــر بوون. تەنانەت بێشــەرمییان گەیاندە ئاســتی خیانەت بۆ ڕاپۆرتدان لە جیران و کەســوکاری پێشــمەرگە و چالاکانی ناوشار. تودەیی و چریک بە ڕۆژی ڕووناک لەگەڵ پاسدار و ئیتلاعاتدا دەگــەڕان بــەدوای هــاوڕێ و خزمــی خۆیاندا، یــان بە پــوڵ لەجیاتی ئــەوەی بێن بــۆ پێشــمەرگایەتی، دەچوون بۆ بەرەی شــەڕی ئێران و عێراق بۆ باشــووری ئێران و دەیانگوت، خەباتی دژی ئیمپریالیستی بە ســەرۆکایەتیی خومەینــی لە ئەمڕۆدا لە هەموو ئەرکێکی دی لەپێشــتر و بەحەقتــرە! خــۆش ئەوەیە لە ئەمــڕۆدا زۆربەی ئــەم کارەکتەرانەی ئەو ســەردەم کە دەیانگوت ناسیۆنالیزم و خەباتی پێشمەرگە چەواشە و دواکەوتوانەیــە و دەبــێ فریــای نەجاتی ئێران بکەویــن لەژێر ئالای ئیسلامدا، زۆربەیان کە بۆ ئێمە ناسراو و تەنانەت سەردەمانێک هاوڕێ و خــزم بوون، ئەمڕۆکە لــە هەموو کەس کوردترن و لەژێر جامەدانیی بنەماڵــەی بارزانیــدا کوردایەتییەکی زۆر «خەســت» دەکەن و ئەمجار بارزانــی بــە باوکی کورد و ئالاهەڵگــری کوردایەتی دەزانن. لە پشــت چەمکــی کوردایەتــی و «دەوڵەتــی کوردی»ی بارزانــی، تەنیا بۆ ئەوە خۆیان شاردووەتەوە کە پیسی و بۆگەنیی ئاکار و خیانەتی ڕابردوویان بشــۆنەوە. بارزانییــش بەوپەڕی لێزانی و ئاگایــی وەک چۆن بە عەتف و ڕاکێشــانی موستەشار و جاشەکانی کوردستان لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا توانیــی بــە دەیان قەزوانی هێزگەلی شۆڕشــگێڕ و فیداکاری باشــوور بــە خواردنی گوێزێــک بگرێتەوە و هەموو خیانــەت و هاوکاریی خۆی لەگەڵ شای ئێران و سەدامدا بشواتەوە و لە یەکەم هەڵبژاردنی خەڵکی

باشـووردا زیاتر لە سـەتا پەنجای دەنگەکان بەدەست بێنێت، ئێستاش خەریکە بۆ خزمەت بەم سیاسـەتە چەواشـەکارانەی، باشـترین کەڵک لـەم خەڵکە دۆڕاو و خۆپیسـکردووی دوێنێی ڕۆژهـەڵات و بە تایبەت دەڤەری موکریان وەربگرێت، کە ئێمە لە هەموو کەس باشـتر ڕابردوو و ئێستای مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دەزانین.

٢٧

مەترسیی ناو شار

پێشتر گوتم، نەرمین بە هۆی ناسراوی و کچبوونی، هاتبوو بۆ شاخ، بەڵام هەباس وەک یەک لە ڕێکخەرانی ڕێکخستنەکانی شار و خوێندکاران ژیانی ژێرزەمینیی هەبوو، یەک لە هەرە چالاکەکانی کۆمەڵە بوو لە ناوشار و لە نزیکەوە لەگەڵ شەهید ئەحمەد شەعبانیدا بەرپرسی ناوشاری مەهاباد، یارمەتیی زۆری پێشمەرگە و تەنزیماتی پێشمەرگەی ناوشار و لایەنگرانی کۆمەڵەیان دەکرد. ئەو سەردەم ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ئاشنایی و زانیاریی لەسەر خەڵکی کورد و کادرە سیاسییەکان نەبوو، نەیاندەزانی کێ چ دەکا و ڕابردووی سیاسی ئەندام و چالاکەکانیان نەدەزانی، مەگەر یارمەتی درابان. جاشی عەشایر و نەخوێندەوار زۆرتر کاریان بە شەڕ و پێشمەرگە بوو، ئەوەی لە باری سیاسی یارمەتیدەری لە قاودانی کادر و ئەندامانی هێزگەلی کوردی بوون، تەنیا ئەندام و لایەنگری ڕێکخستنەکانی چریک و تودە بوون. هەباس لە کاتی مەدرەسەدا چەند هاوڕێ و هاوپۆلی هەبوون، هاتوچۆی ماڵەوەیان دەکرد و هەموومانیان دەناسی. هەباس بووبوو بە کۆمەڵە و ئەوان بە چریک و تودەیی. هەر بۆیە ژیانی هەباس لە ناوشار لەوپەڕی مەترسی و ئاشکرابووندا بوو. چەند جار دایکم هات و هاواری کرد هەباس دەگیرێ و دەیکوژن، زۆرمان حەول دا بێتە دەر بە عیشقی ئەحمەد شەعبانی، کە خەڵکی سنە بوو، هەرچەند موهەندیس بوو، بەڵام وەک کرێکارێک بۆ شوێنونکردن فەعلەیی دەکرد، هەباس دڵی نەدەهات لە ناوشار بەجێی بێڵێ و خۆی بێتە دەر.

ئێستاش نەمزانی بۆ، ئەوکات کۆمەڵە بە تایبەت بۆ شاری وەک سابڵاغ، کادری سنەیی بۆ ڕێکخراوی ژنان و بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵە

دەنارد، ئەوان لە سـنەوە دەهاتن بۆ مەهابـاد و وەک نانکەر و کرێکار و... کاریان بە زاهیر دەکرد، بەڵام بەرپرسـی کۆمەڵە بوون. خۆ ڕەنگە بڵێن کچ و کوڕی سنەیی لە مەهاباد نەناسراون و درەنگ ئاشکرا دەبن، بەڵام نەمدیت کوڕ یان کچێکی سابڵاغی ببەن بۆ سنە و مەسئوولییەتی شـارێکی وەک سـنەی پێ بسـپێرن. من ئەوە بە بەشـێک لە نائاگایی و ناوچەگەرایـی، یـان عەشـیرەیی مۆدێـرن لێک دەدەمـەوە، کە لەناو کۆمەڵەدا فرە بوو!

ئەحمەد شـەعبانیم لە نزیکەوە دەناسی و براکەشی شەهید حەسەن هەر ئاشـنام بوو. ئەحمەد، خەڵکی سـنە بوو، زانکۆی لە موهەندیسـی کەشـاوەرزی تەواو کردبوو، کادرێکی بەتوانا و فیداکاری کۆمەڵە، زۆر خاکـی و بێفیـز، شـارەزا و بوێـر و میهرەبان و خۆمانی بـوو، دوای گرتنەوەی سـابڵاغ بە دەستی پاسـداران، ئەحمەد کرابوو بە بەرپرسی ناوشـاری کۆمەڵـە و ژیانی نهێنیـی هەبوو. ئەحمـەد زۆری یارمەتیی ئێمە وەک پێشـمەرگە دەدا بۆ هاتنەوە و چالاکیی ناوشارمان، هەباسی برام زۆرتر لە پەیوەندیی ئەو و کوڕگەلی چالاکی مەدرەسـەکاندا بوو. هێزێکی چەکداری ناوشاریشـیان دروسـت کردبوو، کوڕی لاوی زۆر ئـازا و دڵسـۆزی وەک شـەهیدان خـدر محەمەدی و هـەژار کەریمی و...یـان تێـدا بوو. هەموو جارێک کە شـەوانە مەفرەزەمـان دەکرد بۆ ناوشـار و لێدان لە بنکەکانی پاسدار، ئەم کوڕانە بەرەوپیرمان دەهاتن و چاوساغمان بوون.

ڕۆژی دەی بەفرانباری ١٣٥٩ (١٩٨٠/١٢/٣٠) دوو ڕۆژ پێش سـاڵی تازە، ئەحمەد و هەباس لە کۆڵانێکی ناو شاری مەهاباددا دەناسرێنەوە و بـە کۆڵان و باناندا ڕەپێیـان دەنێن، دوای ڕاکەڕاکییەکی زۆر هەباس لە ماڵێک پەنای دەدەن و دەیشارنەوە، ئەحمە دەگیرێت، دوای سێ ڕۆژ ئەشـکەنجە و داغکـردن سـەرەنجام ڕۆژی ١٣٥٩/١٠/١٣ (١٩٨١/١/٣) شەهیدی دەکەن.

داکـم و بابـم دوای شـەڕ و وێرانبوونـی ماڵەکەمـان لـە ڕێگـەی

مەحموودکان باکووری شـــار، لە ماڵێکی کرێــدا دەبن. چەند جار دایکم خالیـدی هاوڕێی مەدرەســەی هەباس دەبینێ لـــە دەوری ماڵمان دێ و دەچێ، خالید بە بنەماڵە بووبوونە تودەیی، هەباس پێدەزانێت و تێدەگات چاودێریی دەکەن بیگرن، ئیتر دوای شەهیدبوونی ئەحمەد، هەباس هاتە دەر و بوو بە پێشمەرگە.

گرتن و شـــەهیدکردنی بەرپرســـی یەکەمی کۆمەڵە و کارەساتەکانی ئەم دوایانەی گوند و ئیعدامەکانی ناوچەی سابلاغ، پێویستی بە تۆڵە و لێدانی زەبرێکی پێشـــمەرگانە بوو لە کۆماری ئیسلامی. کۆمەڵە بڕیاری دا بە ئەنجامدانی دە چالاکی لە ناوچەی سابلاغ.

گوللەی وێڵ

دوانیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕێبەندان لە زگدڕاو بووم و سەید هات، گوتی وەرە بچین بۆ کۆنەدێ و ســـەردانی پێشـــمەرگەکان بکەین، زۆرم پـــێ خۆش بـــوو. هەردەم ئامـــادە بووم بە تایبەت بۆ ســـەردانی ســـولەیمان. لە ڕێگە گوتی، لەگەڵیاندا بچووەوە شـــار و بزانن لە تۆڵەی شەهید ئەحمەد چالاکییەکی چاک بکەن. چووینە کۆنەدێ و نزیک بە دە پانزە پێشـــمەرگە ساز بووین بەرەو لاچین و سەیداوا. بە پێیان خۆمان گەیاندە سێئاشـــان ماڵی خوشک و خزمانی سولەیمان، مەفرەزەی شار هاتن و باســـی دۆخی ناوشار و هێزی پاســـدار و چەکدارەکانیان کرد. وا دیـــار بـــوو حکومەت لەو گەڕەکانەی وەک سێئاشـــان و ئاشـــی مام ئەحمەد، یەرغو و باخی سیسە بە ڕۆژ هیچ دەسەلاتیان نییە. بڕیارمان دا نەچینە دەر و شـــەو بمێنینەوە و بەیانی بە ڕۆژ هەڵسەنگاندن بکەین بـــۆ لێدانێکـــی گورج و بەزەبر. حوســـێن عەجەم بەرپرســـی هەســـتەی نیزامی شار بوو، دەموچاوی دادەپۆشی و لەگەڵماندا لە هاتوچۆدا بوو. پێشـــنیاری کـــرد دوو دەســـتەی تریش لە دەرەوەڕا بێـــن و پلانی لێدان لە بنکەی پاســـداران، لە دوخانیاتی مەهاباد داڕێژین. بۆ بەیانی بوو بە دووی ڕێبەنـدان، بەم بۆنە پیرۆزەوە وەک یادی کۆماری کوردســـتان،

له زۆربەی گەڕەکەکانی ناوشـــار دەســـتمان بە جەوله کرد و قســـەمان بۆ خەڵک کرد، شیرینی خورا و ئاگر لەسەر شوێنە بەرزەکان بۆ یادی کۆمار هەڵکرا. خەڵک دەســـتە دەســـتە دەهاتن و بەخێرهاتنیان دەکردین و زۆر کەس وایان دانابوو ئیتر پێشمەرگە شاری گرتووەتەوە، سروود و هەڵپەڕکـێ بە دەوری ئاوردا، پێشـــمەرگە و خەڵکی هێنابووە جۆش، حەماســـەتێکی تەواو خەڵک و پێشـــمەرگە و هەموو شاری گرتبووەوە. هەمـــوو ڕۆژەکـــە، نـــە تەنیا بە دیداری خزم و دۆســـت شـــاد بووین و خواردنی زۆر باشـــمان خوارد، بگرە زۆربەی پێشمەرگەکان حەمامیان کرد و جلیان گۆڕی. نامە ڕۆیشتبوو بۆ دەرەوە پێشمەرگەی دیمان بۆ بنێرن، ڕۆژی دواتر دیســـان هاتینەوە ســـەر زارکـــی کۆڵان و جادەکان و تـــا مەیدانـــی حەیوانان و نزیک گومبەزان و لاشـــانی پادگان چووین، بەفرێکی قورس و درشت دەباری، جادە و بانەکان هەمووی پڕ لە بەفر بوون، خەڵک لە ســـەربانان بانیان دەماڵی. ئێوارە دۆست و هاوڕێیەکی کۆنی کۆمەڵەمان کاک جەعفەری مرادی، خەیات بوو لە گوزەری شار، لە ســـەربان بەفری ماڵیبوو، فیشەکی وێڵ پێکابووی و شەهید بووبوو. مەرگی کاک جەعفەر بۆ هەموومان و بە تایبەت سولەیمان، کە هاوڕێی نزیکـی بوو، هەواڵێکی دڵتەزێـن بوو. چەند کەس چووین و لە نزیکەوە لـــە لای مەیدانی حەیوانان بەشـــداری خـــەم و پەژارەیان بووین. تەقەی کوێرانە لەناو شار و هاوەن و قەناسە بووبووە کاری ڕۆژانەی سوپای پاســـداران لە زۆربەی شارەکان و کەس خۆی بە بەرپرسی ئەم جۆرە لە کوشتار و خوێنڕژاندنە نەدەزانی.

زۆرانبازی لەگەڵ پاسداردا

ڕۆژێکـی دیکەیـش لە شـــار ماینـــەوە، پێشـــمەرگەکان و ئەوانەی شـــاریش بە دەموچاو داپۆشـــراوی هەموو لە دەوروبـــەری دوخانیات و مەیدانی چوارچرا، مزگەوتی ســـوور و نێو گوزەر[1] و بازاڕی شـــار

١- گوزەر، ڕاســـتەبازاڕی سەرداپۆشـــراو، قەیســـەریی ناوشار، گوزەری

پەنایــان گرتبوو، مەبەســتی ئێمــە چاودێریی تەواو و هەڵســەنگاندنی دۆخی پاســدارەکانی نــاو دوخانیات بوو، تاکو پێشــمەرگەکانی دی لە دەرەوەڕا دێــن بۆ یارمەتی، ئەوجار بــە زانیاریی تەواو لێی دەین و بە تــەواوی بیگرین. حوســێن عەجەم گوتی، دەگیرێ و بە گرتنیشــی هیچ بنکەیەکیان لەناو شــاردا نامێنێت، ئێمەش هەموو ڕامان وا بوو، جارێ هیچ نەکەین تا هێزمان زیاد دەکات. دوانیوەڕۆ من لە هاتوچۆی نێوان گەڕەکی جوولەکان و نێوبازاڕ و سێ ڕای فەرەح و مزگەوتی سووردا بووم، ســولەیمان لــە دەوروبەری مزگەوتی ســوور و قوڵکەی کەران سەرپەرشــتیی دەکرد، عەلی موهاجیــری زۆر تووڕە بوو دەیگوت، ئار پی جی-تان داوە بە من. لە حەوشــەی مزگەوتی ســوور ئامادە بوو لە ئەگەری هاتنەدەری دەبابە، سەعید سەرهەنگی، حەمە بازۆکا، سولەیمان حەوتەوانە، ســەعید گەوهەری، مستەفا (شینە) شێخ محەمەدی، مەناف بەدیعی، ســاڵە قۆیتەل و مەحمــوود کەرکوژ و زۆری دی بوون، لەناو کۆڵانەکانــی دەوری چوارچــرا هەمــوو لــە ســەنگەردا بــوون. هەموو پێشمەرگەکان نانیان خواردبوو، لەگەڵ سولەیماندا دۆستێکی هەبوو لە خوار ســەنگەکخانەکەی گەڕەکی مزگەوتی ســوور، لە بەیانییەوە چەند جاریــان بانگهێشــت کردبوو، چووین ســەریان لێ بدەیــن و لەگەڵیاندا نــان بخۆین. لەبەر هەیوانەکە خەریکی نانخــواردن بووین، دەنگی تەقە بەرز بووەوە، ڕامان کردە دەرەوە، ســولەیمان بەرەو مزگەوتی سوور و مــن بەرەو ســێڕای فەرەح، لە زارکی کۆڵانی مزگەوت و ســێڕا، دیم لــە چوارچــراوە تەقە دەکرێت و هاتوچۆی ئەوبەر و ئەمبەری ســێڕای ســەخت کردبوو. پێشــمەرگەکانی ســەری کۆڵان گوتیــان، تۆیۆتایەک هاتووە و ڕای نەگرتووە، پێشــمەرگەکانی دەوری چوارچرا لێیان داوە و ئێستا ئەوە ئەوانن تەقەی دەکەن. هەر جۆرێک بوو پەڕیمەوە بۆ لای

ساباڵغ بازاڕێکی کۆن و ئاوەدان و زۆر خۆش بوو، لە ساڵەکانی بیدایەتی ١٩٧٠دا بە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە هەمووی ســووتا، زەمانی شــا دیسان دروستیان کردەوە.

مەیدانی ئارد و لەوێشەوە بە کۆڵانەکاندا خۆم گەیاندە پشتی بانکی سپە و کۆڵانی دوکانی کاسێتفرۆشی کەریمی چیرە، لەوێڕا هەموو شت دیار و ئاشکرا بوو، مێکزەمینییەکی دۆشکەلەسەر و چەند پاسداری کۆماندۆ لە پادگانەوە بە خیابانی شێرەخورشیددا دێنە خوار بۆ ئەوەی بێنە ناو شـــار و چوارچرا، پێشمەرگەکانی سەرکۆڵانی حەمامی بللور و دەوری چوارچرا تەقەیان لێ دەکەن، شۆفێری مێکزەمینی لێی دەدرێ و پیکاب لـــە جۆگەی بەردەم مەیخانەکەی شـمۆیلی دەکەوێت، پاســداری ســەر پیکاب بڵاو دەبنەوە و ڕووبەڕووی تەقەی پێشــمەرگەکانی چوارچرا و ئەم کۆڵانە دەبنەوە. من کە گەیشتم بۆ زارکی کۆڵان و سەر خیابانەکە تەقــە زۆر گەرم بوو، حوســێن عەجەم وەک بەرپرســی پێشــمەرگەی ناوشـــار خۆی گەیاندە ســـەری کۆڵانەکە و لای من و دوو پێشمەرگەی دی کە هەر لەوێ بوون. لە بن پیکاب و پایەی دوکانەکانی ئەوبەر چەند پاســدار بە خەستی تەقەیان دەکرد، ئێمەش نیازمان بوو بچین پیکاب و دۆشــکەکە بێنین بۆ ناو کۆڵانەکان، بۆ چرکەیـــەک دەرفەتیان نەدەدا و وەک ڕێژنەباران فیشەک دەهاتودەچوو، تاوێک خۆشی کرد، پاسدارێک وێڵ و حەپەساو لە بن پایەی دوکانی کەریم خومایزی وەک گێژوکاسان وەدەرکەوت، حوسێن عەجەم کە کوردی و تورکی وەک یەک دەزانێت، بە تورکی بانگی کرد و گوتی، ئەوە منیش دەچمەوە بۆ دوخانیات و ڕێم نییە وەرە بۆ لای من با بەیەکەوە بڕۆینەوە. بە تورکی دوو سێ جنێوی خەســتی بە کورد و پێشمەرگە دا، پاسدارەی بەم تورکییە بێ لەهجەیە وەشک خست و گومانی لا پەیدا بوو، باوەڕی پێ بکات، دیسان حوسێن بـــە تورکـــی گوتی، وەرە مەترســـە ئـــەم کۆڵانە دەچێتـــەوە ڕێک بۆ ناو دوخانیات، باوەڕی پێ کرد و وردەوردە بە ناوەڕاستی جادەکەدا بەرەو حوسێن و ئێمە و ئەم کۆڵانەی ئێمەی تێدا بووین، هات. نزیک حوسێن بووەوە، لە سووچی بن دەرگایەک ئێمە خۆمان نەدیو کردبوو، حوسێن نیـــازی بوو بـــە زیندوویی بیگرێت و تەقەی لێ نەکات. لەناکاو پاســدار نازانـــم چیی دی و دەســـتی بۆ تفەنگەکەی برد تەقە لە حوســێن بکات،

حوسـێن زانیی زوو نەجوولێت پاسدارەکە دەیکوژێت، تفەنگی هەڵێنا و بەرامبەر سینگی پاسدار چرکاندی، فیشەک دەرنەچوو، فریا نەدەکەوت میـل بێنێتەوە و دیسـان تەقەی لێ بکاتەوە، تفەنگی پاسـدارەکە ئامادە بـوو، ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرا لەم یەک دوو چرکەدا ڕوو بدات ڕووی دا. حوسێن تفەنگی شانی فڕی دا و ئامبازی پاسدارەکە بوو، لە عەرزی دا و گەوزانـدی، وەبن خۆی دا و دەیویسـت تفەنگەکەی لێ وەرگرێت. ئێمـە نەدەکرا تەقـە بکەین بەر حوسـێن دەکـەوت، دوای چەند چرکە تەقە بەرز بووەوە و پاسـدار پەنجەی بە سـەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی داگرتبوو، یەک ڕیزی لە بنەوەڕا کرد و حوسـێن بە لاتەنیشـتدا کەوت. پاسدار لەسەر عەرز بوو، مەجال ڕەخسا تەقەی لێ بکەین.

حوسـێن چوار فیشـەکی بە ڕان و باسـک و زگی کەوتبوو، بە پەلە لاقمان ڕاکێشـا و هێنامانە ناو کۆڵانەکە، هەموو ئەمانە لە یەک تا دوو مەتـری و لـە بەرچاومان ڕووی دەدا. پاسـدار و تفەنگەکەی لە سـەر شۆسـتەی بەر دوکانی کەریم، بەبێ گیانی کەوتبوون. بە پەلە سـەعید گەوهەری و یەک دوو پێشـمەرگەی دی حوسـێنیان بـەرەو مزگەوتی حاجـی ئەحمەد برد. لە هەمان کاتدا، سـاڵە قۆیتەڵ دەسـتی لەسـەری کـۆلان هێنابـوو دەر و فیشـەکێک لە لەپی دەسـتی درابوو، لە پشـتی دەسـتی هاتبووە دەر. کچێکی دە دوازدە سـاڵان فیشەکی وێڵی دۆشکە کەلەکەی کوناودیو کردبوو. مزگەوتی حاجی ئەحمەدمان وەک شـوێنی پشـتی جەبهـە بەکار دێنا و هەمـوو برینداری خۆمـان و خەڵک لەوێ بوون، کچێکی جاسـووس پێیـان دەگوتن، «خواهـر زەینب» گیرابوو، ئەویشمان هەر لەوێ دەستبەسەر کردبوو.

کوڕانی وێڵ و سەرگەردان

مێکزەمینـی بـە دۆشـکەوە لە جۆگە کەوتبوو، لاشـەی پاسـدار و تفەنـگ هـەر وا لە سـەر عەرز بـوون، چەند جار حـەول درا پیکاب و دۆشـکەکە بێنین، بە تەقـە مەجالیان نەدەدا، یـەک دوویەک لە کوڕانی

شــار هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنەوەمان بۆ شــار لە دەورمان بوون و وەک پێشــمەرگە وا بــوون، یەک لەوان یونس بــرای عەلی موهاجیری دواتــر لــە زیندانی ڕەزاییە ئیعدام کرا، شــاتر ڕەحمــان، عەبووی برای ســولەیمان بللوری، تەواوی ئەو ماوەیە وەک قاسد و گەیاندنی هەواڵی کۆڵانەکان و جەبهەکان لە هیچ نەدەپرینگانەوە و بە ڕاکردن و پەڕینەوە لە جادەکان بۆ خزمەت بە ئێمە، یاریبان بە گیانی خۆیان دەکرد. ناوشار ئــەوکات، کوڕانی وێڵ و ســەرگەردان و موعتادی تێدا بوو، برســی و هەژار، بەبێ ماڵ و پارە، هەموو شتێکیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی یەک مســقاڵ دەرمانی بێهۆشــی و هێرۆین. مزگەوتی ســوورمان پڕ لەوانە کردبوو، عەلی موهاجیری کە بەرپرســی ئار پی جی بوو، لە حەوشەی مزگەوت هەموویانی گرتبوو، لە ترســی گەیاندنی زانیاری لەسەر ئێمە بۆ پاسدارەکان. لەناکاو یەکیان پەیدا بوو، بە زمانی تریاکخۆران گوتی:

- کاکە بچم تفەنگی ئەو پاسدارە کوژراوەت بۆ بێنم؟

- دەکوژرێی و ئەرزشی نییە، شەو کە داهات دەیانهێنین.

- برا ناکوژرێم، ئیجازە بدە دەچم.

- (لــە دڵــی خۆمدا گوتم، بــا ئەوانەش خزمەتێکی کــورد بکەن، خۆ بشکوژرێت لە کۆڵ بنەماڵە و کۆمەڵگە دەبێتەوە). بڕۆ بیهێنە، بەس وریا بە و پەلە بکە لێت نەدەن!

- دەچم. تفەنگەکە بۆ تۆ، گیرفانی بۆ من.

- پێکەنیم و گوتم جا وەرە بەم حاڵەوە تووشی چ بووین. باشە چیی تێدا بوو بۆ خۆت!

- بــە چاوتروکانێــک قەڵەمبازێکی دا و تفەنگ و ڕەختی لە پاســدار کردەوە و هێنای!

- ئەوجار با بچم بزانم چیی بۆ من پێیە؟!

دیســان چوو لە ســەری هەڵنیشــت و گیرفان بە گیرفان و تەنانەت ئەوانــەی ژێرەوەشــی گــەڕا، منیــش ئەوە ســەیری دەکەم، هەســتا و هەنگاوێــک دوور کەوتــەوە و بە هەموو هێزی خۆی شــەقێکی لێ دا و

گوتی:

-خۆ سەگباب لە من سواڵکەرترە، قڕانێکی پێ نییە!

هاتم بچم بۆ لای بریندارەکان لە مزگەوت، لەوبەری سێڕای مەیدانی ئاردی لە کووچەی مزگەوتی سوور، عەبوو هاواری کرد عەلی؛ کاکم ئەتۆی دەوێت!

پەڕیمەوە بۆ لای عەبوو و پرسیم چ باسە؟ سولەیمان دەزانێت چمان بەسەرهات و حوسێن بریندارە؟! گوتی، چووم پێی بڵێم مەجالی قسەی پێ نەدام و گوتی بڕۆ عەلی بێنە. بەرەو مزگەوت و لەوێشڕا بەرەو قوڵکەی کەران و کۆڵانی حەمامە کۆنەکەی بللور چووین. زارکی کۆڵان لەسەر مەیدانی چوارچرا سەعید و حەمە بازوکا و سولەیمان حەوتەوانەی لێ بوو، گوتیان ئێمە لە دۆشکەکەمان دا. دوو مەتر بەرز بانێکی بچووکی حەمامەکەی لێ بوو، نازانم پێم وا بوو بانی مۆتۆرخانە و شتی وا بێت، عەبوو و حەمە سەریان خستم و خۆم گەیاندە سەربانەکە، پانایی تەنیا دوو مەترێک دەبوو.

سولەیمان نەبوو، تابلۆیەک نەخشابوو

ورووژمی پوولەکەبەفرینەکان، لە نزیکبوونەوەیان بۆ عەردەکە، بە چەشنی تاقگەیەکی خوڕێن بوو. کلووبەفرەکان بە توند و قایمی چنگیان بە عەرزدا دەگرت، وەک ئەوەی بە نیازی مانەوەی هەتاهەتایی بن. بەفرێکی تەڕ و سپی، هەموو چوارچرا و بانەکەی داگرتبوو، کاپشێنێکی خز و کڵاوێکی ڕووسی، سولەیمانیان لەبەر گرتبوو، لە نێو دەریای پوولەکە سپییەکان لە پشت لێواری بانەکە مەتەرێزی گرتبوو، بە درێژایی بانەکە لەسەر زگ تخێڵ بوو، سەری لەسەر لێوار و نیشانەی تفەنگی ڕوو بە چوارچرا، خرمژنی بۆ تاقە چرکەیەک بێدەنگ نەدەبوو.

- ها! سولی چییەوە؟!

- کوڕە کوێرە نابینی؟! وەرە پێش و فریا کەوە، جەحەننەمم دروست کردووە! سەتم تۆپاندووە!

منیش خۆم خزانده سـەر لێواری بانەکە و شانبەشـانی سـولەیمان خۆم لە ئامێزی بەفرەکە هاویشـت، سـەرم هەڵێنا و ڕوانیمە چوارچرا، چیـم بینـی؟! بە دەیان کەلاک لەنـاو فولکەکە و دەوروبـەری پایەکانی شـارەداری و ناو خیابانەکە کەوتبوون. سـولەیمان یەک بەدوای یەکدا مەخزەنی دەگۆڕی و خرمژنی سـیخۆکەی هەوای سـەرچۆپیی هەبوو، لەپڕ بینیم چەند فیشـەک لە سـەرەوەڕا لە دەوروبەرمان کەوت، سەرم هەڵێنا چەند پاسـدار هاتبوون و چووبوونە سـەر باڵکۆنی فەرمانداری و تەقەیان لە ئێمە دەکرد. پێشتر پاسدارەکان بە جادەی شێرەخورشید بـە بندیوارانـدا دەهاتنـە نێو چوارچـرا، دیار بوو چەنـد دانەیەکیان بە دوخانیات و بە پشـتەوەدا هاتبوونە سـەر باڵکۆنی فەرمانداری. دەنگی تەقـەی خۆمـان و دیتنی خوێن و کەلاک، هەردووکمانی سـەرخۆش و مەسـتی مەسـت کردبوو. تفەنگم وەستا و زانیم دەبێ مەخزەن بگۆڕم، دەستم بۆ کەلەکەی ڕاستم برد و زانیم هەموویان بەتاڵن، بە پەلە ئاوڕم داوە و دەسـتم بـۆ مەخزەنەکانی لای چەپم برد، هەسـتم کرد تفەنگی مـن کە بێدەنگە، ئیی سـولەیمانیش دەنگی لێوە نایـە. بە پەلە مەخزەنم گـۆڕی و ڕوو بـە فەرمانـداری و چوارچرا دیسـان بـەردەوام بووم. بەدەم تەقەکردنەوە بیرم کەوتەوە کاتی دەسـتبردنم بۆ فیشەکلۆخەکەم و گۆڕینـی مەخـزەن، شـتێکم دی، ڕێشکەوپێشـکەی چاوم بـوو؟! نا! کارەسـاتم لێ قەوماوە و نامەوێت باوەڕی پێ بکەم وەڕاسـت گەڕێت. خـۆ گێـل دەکەم و بە خەیاڵـی مۆتەکەبوونی، دڵی خـۆم خۆش دەکەم و لێـی دەگوزەرێـم. بەردەوام دەبم، یەکەڵەچن[1] پاسـدار دەبینم، زاتی ئاوڕدانـەوە و بانگکردنـم نییە، پەنجە لەسـەر پەلەپیتکەکە هەڵدەگرم و هەسـت ڕادەگـرم و گوێ قوڵاخ دەبم، نا! سـولەیمان هیـچ تەقە ناکات! شـانی هەر بە شـانمەوە بوو، زۆر بە ترس و بەکاوەخۆ ملم سـوڕاند، سـولەیمان نەبوو، تابلۆیەک نەخشـابوو لە هەزاران وشـە، ئازایەتی و داستان، شاخ و ورە، عیشق و مراز، بەڵام تەنیا دوو ڕەنگ بوو سوور

١- یەکەڵەچن، لەناوچوونی یەک بەدوای یەکدا.

و سـپی، ڕەنگەکانـی زەماوەند و بووک و زاوا. لای ڕاسـتی، قوولایی نێوان کولمە و کەپوی بە چەشنی کانییەکی زۆر بچووکی لاپاڵ چیایەک قوڵپێکـی زۆر مەتینی دەدا و شـۆڕ دەبووەوە ناو سـمێڵە بەهەیبەت و ڕازاوەکەی و سـوور سـووری هەڵگەڕاندبوو. لەناو ئەم دەریا حەریرە سپییەدا هەر ئەوە سوور بوو. ملی بە لای شانی چەپیدا لار بووبووەوە، تفەنگەکـەی بـە لادیواری بانەکـە و قۆڵیدا و پەنجەی شـایەتمانی لای ڕاستی، هەر لەسەر پەلەپیتکە بوو.

خۆم بیرم نەماوە، ئەوانی دیکە و عەبوی برای دەڵێن لەپڕ دیمانی بە پێوە، نەعرەتە و جنێو و نفرینت لە هەموو شار و چوارچرا دەنگی داوە و شێتانە هەر وەک ڕێژنەبارانی بەتاوی بەهاری دەتڕژاند.

هـاوارم کـرد سـولەیمان شـەهید بـوو. لەسـەر قەمسـەڵە خـزە ئەورووپییەکـەی تازە بۆی هاتبوو، خزاندم، ئێسـتاش لە بیرمە، هەر دە پەنجەی دەسـتەکانم لـە پووزەوانەکانی قایم کردبوو و ڕامدەکێشـا بۆ سەر لێواری بانەکە، ئەوجارە پاسدار بە تەواوی بە سەرماندا باڵادەست بووبـوون، سـەر باڵکۆنـی فەرماندارییـان گرتبـوو، هەمـوو لوولـەی تفەنگەکانیـان ڕوو بـەم بانـە بچووکە بوو، تەنیا من و سـولەیمانی لێ بووین، ئەو بەبێ گیان و منیش وەک شێتان. هاتمە سەر لێواری بانەکە و عەبوو دەگریا و هاواری دەکرد، پێم گوت کاتی گریان نییە و دواتر بە کۆ دەگریین. ها تفەنگەکەی بگرە و پشتت بێنە با بیخەمە کۆڵت.

عەبـوو بـە هـاوار و کاکە گیان کاکە گیان و پشـتم شـکا، کاک بە کۆڵەوە ڕووی لە مزگەوتی سـوور کرد. سـەیر بوو، ئاسـمان دەتگوت دەبێ هەرچی پێیەتی هەر لەو کاتەدا هەڵیڕێژێت، ئاورم داوە سەربانەکە هیچ شـوێنێک دیار نەبـوو، هەر دەتگوت ئەوەی ئـەم چەند چرکەیەی پێشتر ڕووی داوە هەمووی درۆ بوو. بەفری سپی وای داپۆشیبووەوە دەتگـوت تەنانـەت چۆلەکەش بەسـەریدا نەڕۆیشـتووە و چەند مانگە نەماڵدراوە. شـوێن گەوزان و سـەرچۆپی خۆم و تەرمی سـولی هەر هەمووی پڕپڕ بووبووەوە.

له سـەربانەوە دیـم پەنجـەرەی ماڵەکانی دەوروبـەری چوارچرا، هەڵماوی بە گەرمای ژوور و سەرمای دەرەوە، دەیان دەموچاوی پێوە نووساوە و بە خۆڕ بۆ سولەیمان دەگرین. چەند خۆشە کەسانێک مابن و ئەو ڕۆژەی سـەربانی حەمامی بللور و چوارچرای شوێن سێدارەی قازییەکان و شێرانە ژیان و تۆڵەی سولەیمانانەیان لە بیر بێت.

وردەوردە هاتمە خوار و سـەنگەرم چۆل کـرد. چەند پیرەپیاوێکی گـەڕەک هاتنە دەر و ماچیان کردین، هەموو سـولەیمانیان دەناسـی و ئاهیان بۆ هەڵکێشـا. گەیشـتمە حەوشـەی مزگەوت و سولەیمان لە بن تاقی دەرگای مزگەوتی سوور داندرابوو، خەڵکیش چووبوون ماڵەوەیان لە گەڕەکی باخی سیسـە ئاگادار کردبوو. عەبوو و چەند کەسـی دیکە، سولەیمانیان بردە مزگەوتی داروغە لە نزیک ماڵی خۆیان.

گەرامەوە سێرای مەیدانی ئاردی و پەڕیمەوە بۆ لای بریندارەکان و پێشمەرگەکانی ئەو قوڵە، بە کەسم نەگوت چ قەوماوە، تەنیا گوتم، دەبێ وردەوردە بڕۆینـەوە بـۆ گەڕەکی سێئاشـان و برینـدارەکان بەرین و بڕۆین. دوکتۆرێکی جوامێر لە بنەماڵەیەکی ناسراو هات و بریندارەکانی بەسەر کردەوە، زۆری ئومێد نەبوو حوسێن بژی، گوتی برینی دەستی سـاڵە هیـچ نییە و تیمـارم کردووە، کەچی سـاڵە خۆی لـێ بەعەرزدا دابووین، وەک ئەوەی هەربینا ڕۆحی دەردەچێت!

یونس موهاجیری برای عەلی گوتی، ئێوە بڕۆن من دەچم دۆشکەکە هەر دێنم.

هەمـوو بـە بریندارەکانـەوە بـەرەو گەڕەکـی مزگەوتـی دارۆغە پاشەکشـەمان کـرد، ئێـوارەی زسـتانە و وڵات بـەرەو تاریکـی باڵی هەڵدەکێشـا، لە زارکی مەیدانی ئاردی بە کەمین و وریایی پەڕینەوە بۆ لای کۆڵانی مزگەوتی سـوور، ئامبولانس هەمووی لە هاتوچۆدا بوون، لەسەر جادەی سێرای مەیدانی ئارد یەکیان ڕایگرت و سەری لە دەرگا دەرهێنا، دیار بوو منی ناسـیبوو، گوتی، بەقوربانی دەسـت و تفەنگ و غیرەتتان بم، ماڵتان نەشێوێ چیتان کردووە، بە دەیان کەلاک کەوتوون

و فریای کۆکردنەوەی ناکەوین. نەخۆشخانە بە ڕادیۆی گوتووە و ئەوە بــڵاوی دەکەنــەوە، بەڵکو هەردوو لاتان دەســت ڕاگــرن و ئێمە فریای بردنەوەی بریندار و کەلاکی پاسداران بکەوین.

سولەیمانم ڕۆ

لــە زارکــی کۆڵانی مزگەوتی ســوور بــە پێشــمەرگەکانم گوت، چ قەوماوە و ســولەیمان بوو بە یەکەم شــەهیدی پێشــمەرگەی ناوچەی مەهابــاد. هەمــوو بۆ ســولەیمان گریــان و بابەڕۆیان کرد. گەیشــتینە مزگەوتــی دارۆغــە، کاکە مینەی باوکــی لە ســووچێکی حەوزخانەکە، چەناگەی لەسەر ئەژنۆی دانابوو، بە کوڵ دەگریا و هەر دەیگوت پشتم شــکا. لە ماڵەوەیان کەس هۆشــی نەبوو، پڕ بوو لە خەڵک، تەنیا گوێت لە «ســولەیمانم ڕۆ» دەبوو. هەر لە حەوشــەی مزگــەوت بە ئەمانەت گۆڕیان بۆ هەڵکەند و بە خاکمان سپارد.

چووین بەرەو مزگەوتی سەعدی لە گەڕەکی سێئاشان، پێشمەرگەکان وەک لەشــکری شکاو هەمووی غەمبار و کەساس هەریەک لە کونجێک بــوو. خەڵک دوو تابووتی قورســی مزگەوتیان لەگــەڵ چەند پەتوو بۆ ئامــادە کردیــن، دوابەدوای هەر هەنگاو و چرکەیەک، بەفر شــوێن پێی پڕ دەکردەوە، حەوت هەشــت پێشــمەرگە ئامادە بوون بەرەو سەیداوا بڕۆین و بریندارەکان بەڕێ بکەینە بۆکان، لە ماڵی ســەید لە ســەیدئاوا زۆپای دار گرفەی دەهات. حوسێن و ساڵە داندران، بەفر ئامانی نەدەدا، سەرەنجام بە تراکتۆر و سواری گوێدرێژ بریندار ڕەوانەی دۆستاڵی و لەوێشڕا بە سەیارە بەرەو بۆکان ڕۆیشتبوون.

«خواهر زینب» کە گیرابوو، بە شەهید مەناف بەدیعی (پێشمەرگەی کۆمەڵە، خەڵکی ســابڵاغ بوو، لە ڕووداوی تەقینەوەی بۆمبی دەســتی، لــە ئاوایی تازەقەڵای بۆکان، لــە ٢-٩-١٣٦١ بەرامبەر ٢٤-١١-١٩٨٢دا شــەهید بــوو) و لایەنگرێکمانــدا ڕەوانــەی حاجیاڵیکەند کــرد، هەڵبەت زۆرتر بۆ ناردنی نامە بوو بۆ کۆمیتەی ناوچە و هەواڵەکان و چ بکەین.

تا بەری بەیان لەگەڵ عەبوودا لەماڵی سەید شینمان گێڕا و دڵخۆشیی یەکمان دایەوە، دواتر عەبووم جێ هێشت و بۆ لای پێشمەرگەکان لە ماڵی کاک جەعفەر و باجە ڕەخشندە خوشکی گەورەی سولەیمان، بۆ ناو شار لە گەڕەکی سێئاشان گەڕامەوە.

چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات لەناو شار پەیدا بوون و خەبەریان دا هەر دوێنێ ئەوانیش لە مەحموودکان چالاکییان کردووە و لە سەیارەی هەڵگری پوڵ و حقوقی کارمەندەکانیان داوە. چەند دانەیەکیان هاتن بۆ سەرەخۆشی لە ماڵی سولەیمان. دواینیوەڕۆ لە حاجیاڵیکەندەوە نامە هات، نووسرابوو بە گەیشتنی نامە هەر هەمووتان، تەنانەت پێشمەرگەی شاریش خۆتان بگەیەننە دێی ئوزندەرێ و کۆبوونەوە هەیە.

دوابەدوای دەرکەوتنی ئێمە لە شار، سیامەند و مەفرەزەیەک وەک هێزی یارمەتی دەگەنە شار و دەبیسن چمان کردووە و بەرەو کوێ ڕۆیشتووین، سیامەند ئەو ڕۆژە دەمێنێتەوە و دەچێت بۆ لای دایک و باوکی سولەیمان، یونس موهاجیری شەوی پێش، دوای ناشتنی سولەیمان چووبوو دۆشکەی لە تۆیۆتا کردبووەوە و هێنابووی.

نامەیەکی پڕ لە لۆمە

ڕۆژی دواتر هەر هەموومان لە ئوزندەرێ بە بەشداریی زۆربەی بەرپرسان و پێشمەرگەکانی ناوچەی مەهاباد کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتەمان کرد. کەوتینە بەر سەرکۆنە و ڕەخنەی سەرکردایەتی. دوکتۆر جەعفەر لە لایەن سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە نامەیەکی پڕ لە لۆمە و ڕەخنەی ناردبوو بۆ سەید و خوێندرایەوە.

لە شوێنی حوسێن عەجەم کە بریندار بوو، شەریف کرا بە بەرپرسی پێشمەرگەی ناوشار. سەرلەنوێ تەنزیماتی تازەیان کرد و مەفرەزەکانی ناوچە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. دوکتۆر نووسیبووی عەلی بنێرنە ناوەندی کارمان پێیەتی. زۆر دڵم گیرا و زانیم تەبعید و ڕاگواستنە!

٢٨

ژیان لە بارەگای ناوەندی

گەیشــتمە ئاجیکەند و بارەگای ناوەندی کۆمەڵە، دڵشــکاو و مات و کەســاس، دڵم وەک دڵــی منداڵێکی بێناز و لێوبەبــار دەچووەوە، کە بە ئاورلێنەدانەوەیەک لیچ دەکات و هەنیسک دەدات. شەوان لە بن لێفە و بە ئەســپایی دڵم ڕێک دەگوشــرا و ها لە سینگم بێتە دەر. سولەیمان لە دە لاوە لــە من مردبوو، بــۆ ناردوویانم بۆ ئێرە؟! خۆ من هیچی خراپم نەکردووە، خوێڕی نەبووم و لە شەڕ هەڵنەهاتووم؟! ئەدی بۆ وا جەزام دەدەن؟! من دەبوو لەناو پێشــمەرگەکانی ناوچەی مەهابادا بم، کەچی ئێســتێ لەناو ئەو هەموو خەڵکەی ســنە و کامیاران و مەریوانم. دوور لە شــەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە، کارمان تەنیا حەرەسیات لە ناوەندی، تەعمیراتــی ماشــێن و مۆلیدە و خــواردن و خەوە، من بــەوە حەتمەن دەمرم. بەوە ڕاهاتبووم، حەجمینم نەبێ و ڕۆژانە دوو ســێ شــوێن و کەمین و چالاکیم هەبێت، خەڵک ببینم و فشــقیات و چوونی ناو خەڵک و مــاڵان و نانخواردن لە ماڵی جوتیــار و لادێکان، بە نانی مەقەڕ بێزم هەڵدەســتا و لێی بێزار بــووم، هەرگیز بە لامەوە گرنگ نەبوو لە ماڵان گۆشــت و پڵاوە، یان نان و پەنیر، حەزم لە ســفرەی ناوماڵان بوو جا هەرچیی لەسەری داندرابا، هێلکە بە ڕۆنی زەنگم[1] لە هەموو خواردنی سەرگۆی زەوی پێ خۆشتر بوو، بە تایبەت ئەگەر دوو کەوچک ماستی مــەڕی لە تەنیشــت بایــە، بەبێ یــەک و دوو دەمگۆڕییەوە بە گۆشــت قەل و پڵاو و خۆرشــت. سەرەخۆشــی دەبوو لە دێهات، دابونەریت وا بــوو لە مزگــەوت، هەر ماڵەی کاتــی نانخواردن مەجومعــەی[2] دەنارد

١- ڕۆنی زەنگ، ڕۆنەکەرەی داغکراوی مەڕ و مانگا، ڕۆنی کوردی.
٢- مەجومعە، سینی، نانی لەسەر دەخۆن لەبری سفرە.

و بە چارۆکە دایاندەپۆشی. جا هەرچی هەبا، ماڵە دەوڵەمەندەکان خواردنی گۆشت و پلاو و شتی وایان دەنارد. پێشمەرگە کە دەگەیشتە گوندێک و دەیزانی سەرەخۆشیی لێیە، یەکسەر بۆ مزگەوت دەچوون، لە مزگەوتەکانی لای ئێمە بۆ پرسە، خەڵک لە ژوورەوە و لە سەر فەرشەکان چوارمشقی دادەنیشن و چا دەخۆن و لای نیوەڕۆ زۆربەیان بۆ نانخواردن دەمێننەوە. لای نیوەڕۆ هەر مەجومعەیە و دێتە ژوور، خۆت و شانسی خۆت ژێر چارۆکە چیی تێدایە، بۆ من ئەو کاتە خۆش بوو، دوو هێلکە لە ناو قاپێک ڕۆندا مەلەیان دەکرد و قاپێکی بچووکی ماست لە تەنیشت و دوو نانی ڕەشی تازە لە تەنوور دەرهاتووی لەسەر دەبوو.

سەرکردایەتی وەک خودا و پیرۆزی سەیر دەکران

چەند ڕۆژێک لە ئاجیکەند بووم، سەدان کەسی لێ بوو، یەک دەهات و یەک دەڕۆیشت، دەیان ژوور و هۆدە لە ناو دێ و دەوروبەری سەرکردایەتی هەبوون، ئەندامانی سەرکردایەتی وەک خودا و پیرۆزی سەیر دەکران، زۆربەی کات لە ژووری خۆیان بوون و وامان دەزانی ئەوە شەو و ڕۆژ خەریکی بەرنامە و تیۆری و پلاندارشتنی شۆڕشن، نەدەبوو ئێمەمانان زۆر پرسیار بکەین و خۆمان لە شت هەڵقورتێنین. خەڵکی وەک کاک یوسف ئەردەلان، کاریزمای خەڵکی سنە لە سەردەمی شا و ڕاپەڕین، کاک یەدەی بیگلەری، تاهیر خالیدی، کەیان فەرزاد، جەمال خۆمپارە، لالە حەمەی بۆکان و زۆری دیکەی لەوانە لێ بوون، لێم حاڵی نەدەبوو بۆ لەوێن و وەک پێشمەرگەی سادە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، هیچیان سەرکردایەتی نەبوون و هەموو لە مەقەڕ بوون و چاوەڕوان.

وردەوردە تێگەیشتم بە خۆشمەوە، لێرەین بۆ ئەوەی «عاقڵ»مان بکەن و بە خۆماندا بچینەوە و ڕەخنە لەخۆ بگرین و ئەم زەعف و کەموکوورییانە لە خۆماندا بکوژین، ئیتر هەر کەس بە ڕەخنە و عەیب و

ئیرادێکی تایبەت بە خۆی، بۆ شوێندانان لەسەریان، بۆ نزیک ناوەندیان هێنابــوون. جیــا لەمانــە هەر ناوچەیەک لە ســنە و کرماشــانەوە بگرە تا ســۆما و برادۆســت و شــنۆ، دەبوو بە بەشــی خۆیان، بۆ ماوەیەک دەســتە پێشــمەرگە بۆ پارێزگاری لــە ناوەندی بنێــرن. ئەوانە فەترەی خۆیــان تــەواو دەکرد و دەگەڕانــەوە ناوچەی خۆیان، لــە نێو ئەوانەدا کوڕگەلــی فرە خــاس و جوامێرت تووش دەبوو، هیی واشــی تێدا بوو لە کەکرە تاڵتر و لە ناو پێشــمەرگەی ناوچەکەی خۆی لە ترســی شەڕ هەڵێنەکردبــوو، خۆی لە ناوەندی خزاندبوو. کار و پیشــەی فزوولی و ماســتاو بوو بۆ بەرپرســان و خۆنزیککردنەوە لێیان، دەریشت کردبان نەدەچوونــەوە و ســەدان هۆکاریان دەدۆزییەوە بــۆ مانەوەی خۆیان، وەک ئەوەی سەرکەوتنی شۆڕش و پارێزگاری لە سەرکردایەتی بەندە بە مانەوەی ئەوان لەوێ.

جەزا و ڕەخنە لە لایەن دکتۆر جەعفەرەوە

چەند ڕۆژێک تێپەڕی و دوکتۆر جەعفەر بانگی کردم، زۆری قسەی خوش کرد، باسی ئەوەی کرد ئەوان یانی سەرکردایەتی وەک کەسێکی شۆڕشــگێڕ و لازم بــۆ داهاتووی کۆمەڵە ســەیری من دەکەن، باســی زۆربەی چالاکی و هاتوچۆی سنە و مەریوان و سەقز و بانەی بۆ کردم لــە هاوینــی ڕابردوودا، گوتی مامۆســتا برایم نامەیەکــی بۆ ناردووین لەمەڕ چالاکی و هەموو ئەو کارانەی لە جنوب کردووتن، ئەوجار هاتە سەر ئەم چوار پێنج ڕۆژەی عەملیاتی تۆڵەی شەهید ئەحمەد شەعبانی و شەهیدبوونی سولەیمان بللوری، ڕەخنەی لێ گرتم، نەدەبوو مابایەنەوە لە ناو شــار، باسی چەمکی ئەنارشیستیی بۆ کردم و نابێ تووشی ئەم دیاردەیە بین. تێگەیشتم ئەوان وەک بەرئەندامی کۆمەڵە من بە بنەماڵەی کۆمەڵە دەزانن و دەبێ ماوەیەک لەوێ بم، بۆ بەسەرداچوونەوەی خۆم و دوورکەوتنــەوە لە شــەڕ و کردەوەکانی ئەنارشیســتی و فێربوونی تیــۆری و پەروەردەکردنــم. بــە نابەدڵی ملم لار کــرد و گوتم، دوکتۆر

پێم وا بوو خەڵاتم دەکەن نەک جەزا و ڕەخنە! دوکتۆر کەسایەتییەکی تایبەت بوو، بۆ من هیچیان وەک ئەو نەبوون، بە زمانە سادەکەی خۆی گوتی، بە زوویی دەزانی ئەوە پاداشتی تۆیە دەیکەین و ئێمە دەزانین تۆ چەندە کۆمەڵە و شۆڕشگێڕیت.

مێشک و بیرمەندی کۆمەڵە

نزیک ئاجیکەند بە پێیان تەنیا نیو سەعات یان کەمتر، گوندی خوراسانەیە و هەر ئیی ئاغاوەتی بۆکانە، ماڵێکی گەوەری ئاغا بە حەسارێکی زۆر فەریحەوە، لە دوو ژووری ئەوسەری حەسارەکە، عەبدوڵڵا موهتەدی و شوعێب زەکریایی لێ بوون، ئەم دوانە وا وێنا کرابوون و موقەدەس کرابوون، کە هەموو نووسین و تیۆری و سیاسەتی کۆمەڵە، ئەمانە داڕێژەرن. مێشک و بیرمەندی کۆمەڵە و هەموو شۆڕش، ئەم دوانەن.

گوتیان، تۆ جێی متمانە و باوەڕپێکراوی، دەچی بۆ حەرەس و موحافەزەتی ئەوان، لەم فورسەتە لە عیلم و بلیمەتیی ئەوان کەڵک وەربگرە بۆ عاقڵبوونی خۆت و بەسیاسیبوونت. لە کاتی چوونی سەرئاو و نانخواردن و پیاسەی ئێواران (قەدەم لێدان)ی ناو حەوشە لێیان نزیک بە و گوێ لە قسە و موحازرەکانیان بگرە. بە کورت و کرمانجی کرامە بادیگاردی ئەم دوانە و کۆمەڵە چاک دەیزانی ئیی وەک من بشکوژرێین هەر دەیانپارێزین، واتە من لەوێ بووم بۆ ئەوەی شەڕکەر و چاونەترس، کێمباک[1] و دەروێشی بێ جیرە و مواجب بووم.

ژیان لە بارەگای ناوەندی

نازانم چەند، بەڵام چەند ڕۆژێک لەوێ مامەوە، باش بوو دەستەیەک پێشمەرگەی مەهاباد بۆ پاراستنی مامۆستا شێخ عێزەدین لەوێ بوون، لەگەڵ واندا خۆم لە تەنیایی و وەڕەزی دێنایە دەر. بانگیان کردمەوە بۆ

١- کێمباک، چاونەترس، بێپەروا.

ئاجیکەند و لەخۆڕا خۆم کردە ڕاگری بەشی ماشێن و تراکتۆر، لۆری، بەنزین و گاز و مۆلیدە و ئەم شـتانە. جەمال خۆمپارە لەوێ بوو، زۆر بەیەکەوە سـازابووین، لە ناو مەقەڕ یوسف ئەردەڵان، یەدەی بیگلەری، کەیـان فـەرزاد، تاهیر خالدی و زۆری دیکە بـوون، هەموویان خەڵکی بەحورمـەت و خـاوەن ڕابردوو بوون، هـەردەم خەڵکی تازە دەهات و دەموچـاوەکان لە گۆڕاندا بوون، لەگەڵ زۆربـەی هەرە زۆریان نێوانم خۆش بوو، شۆخی و گاڵتە و ڕابواردن بە یەک، کاری ڕۆژانەمان بوو. شەوان گەڕەلاوژێ و هەڵپەڕکێی ناوچە جیاکانی کوردستان خۆشترین بەزممـان بـوو، هەڵپەڕکێی گەڕیانی سـنەیی، کاک یـەدەی بیگلەری و کەیـان فەرزاد خـەم و پەژارەیان بیـر دەبردمـەوە، مەریوانییەکان بە جیوجیـو و قاچکوتان تەپوتۆزیان بە با دەکرد و مرۆڤی ڕادەکێشـا بۆ شـەڕ و زرموکوت و حەماسـە. سێپێی سـابڵاغی و سەقزیش هەموو حەولێکی دەدا خۆی لە قەرەی سـنە و مەریوان بدات، ئەوان زۆرتر و کاراتر بوون، پێیان نەدەگەیشتین.

مەرگی زەبیحی

هـەر لەم زسـتانەدا بوو، مـام جەلال ڕایسـپاردبوو بێـن و پێمان بڵێـن بەداخەوە زەبیحی لـە بەغدا ونیان کـردووە و لەناویان بردووە. خەبەرێکی ناخۆش و جێی داخ و دڵتەزین بوو، هەمووی ساڵێک نەبوو بە دیداری شـاد بووبووین، کەچی وا زوو لەناومان ڕۆیشـت. هیچیان لـە وردەکاری و چۆنیەتیـی مەرگی پێ نەگوتین و هەتا ئێسـتاش ئەم تیرۆرە سیاسـییە هەر بە شـاراوەیی و لەژێر شک و گومان و تاریکیدا ماوەتەوە. هەرچۆنێک بێت، کاکم خەبەرەکە لە سابڵاغ بڵاو دەکاتەوە و دایکم ئاگادار دەکات. چەند ڕۆژ سەرەخۆشی و تەعزییەیان بۆ دانابوو. ئەوە بوو بە مەرگێکی بێدەنگ و شاراوەی مەزنە کەسایەتییەکی کورد. کاتێک خەبەری نەمانی گەیشـت، نەمانزانی کـەی لەناویان بردووە، بە قسەی کاک کەریم حیسامی کە ئەویش ئەوکات لە زیندانی بەعس بووە

و مانگــی ئەیلوولــی ١٩٨٠دا گوێی لێ بووە کە پاســەوانەکانی زیندان، شەوێک باسی ئیعدامی زەبیحییان کردووە!

ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی دووی کۆمەڵە

سەرەتای بەهاری ١٩٨١، بە سەرپەرشتیی کەیان فەرزاد دەستەیەک پێشــمەرگەیان جیــا کردینەوە، گوتیــان ئێوە باوەڕپێکــراوی ناوەندیی کۆمەڵــەن بۆ پاراســتن و حەرەســییاتی کۆنگــرەی دووی کۆمەڵە، کە قــەرارە لــە مانگی خاکەلێــوەدا، لە خانەقــای زەمبیلی ناوچــەی بۆکان ببەســترێت. ســەرەتاکانی مانگی خاکەلێوە بە دەیان کەس لە زەمبیل و نــاو خانەقاکەی لەژێــر وێنەکانی مارکس و ئەنگلــس و لینین لە لایەک و شــاڵ و قورئانەکانی شــێخانی زەمبیل لە لایەکی دی، بە ســروودی ئینترناشــناڵ دەســتیان بە کۆنگرە کرد. زیاتر لە پەنجا کەس بەشــدار بوون، دەتوانم بڵێم هەموو ئەندامانی کۆمەڵە لەوێ بوون. کۆنگرە نزیک بە هەفتەیەک بەردەوام بوو. لە ناوچەی سابڵاغ تەنیا دوو کەس، سەید و ڕزگار بەشــدار بوون. دەیان ڕۆشــنبیر و کادری باشــی سیاســی و نیزامــی چالاکی ناوچــەی مەهاباد، هیچیان ئەندام نەبــوون و لە لایەن سەرووی کۆمەڵەوە جارێ بە خۆیی دانەدەندران.

ڕوانگەکانی ناو کۆمەڵە

کۆنگرە لە هەرەتی هێرشی پاسدار و ئەرتەشی ئێران بۆ سەر شار و گوندەکان و شــەڕیماڵوێرانکەر لە هەموو کوردستان، ڕووکردنێکی بەربــڵاوی لاوان بــۆ پێشــمەرگایەتی لە نــاو کۆمەڵە، ئیعــدام و گرتنی بەکۆمەڵــی لاوەکان و گەمــارۆی ئابــووری و دەیــان قەیرانــی ڕۆژانە و کێبەرکــێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەســەر دەســەڵات، زۆرتر خۆی سەرقاڵی دوو ڕوانگەی تیۆری-سیاسی کردبوو، ئەویش تەنیا لە نێوان ئەو حەوت هەشــت کەســەی، خۆیان بە خاوەن و سەرکردەی کۆمەڵە دەزانی، ساعد وەتەندوست، حوسین مرادبێگی (حەمەسوور)، عەبدوڵڵا

موهتەدی، سەعید یەزدیان، ئیبراهیم عەلیزادە، شوعێب زەکەریایی، عومەر ئیلخانیزادە، جەعفەر شەفیعی و ئیرەج فەرزاد. ئێستا دەتوانم بە تێرادیوی بڵێم؛ ئەوێ ڕۆژێ جگە لەم چەند کەسە، زۆربەی هەرە زۆری ئێمە، خەڵک و پێشمەرگەی کۆمەڵە، هەر بە لامانەوە گرنگ نەبوو ئەم دوو ڕوانگەیە چییە و قبووڵکردنی ئەو یان ئەوی تر چی لە ژیان و دواڕۆژی خەڵک و شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەگۆڕێت؟! لە ڕووی هەموو ئەم بەڵگانەی کە تا ئێستا خۆیان بڵاویان کردووەتەوە، دەردەکەوێت هەر لە ڕۆژی هەوڵەوە و لە تاران و دواتر لە کۆنگرەی یەکیشدا (ساڵی ١٩٧٩ لە نەغەدە و سنە بە بەشداریی پانزە کەس گیرا بوو) هەرگیز لەسەر چۆنیەتیی کۆمەڵگەی ئێران ڕێک نەبوون. ساعد وەتەندوست و سەعید یەزدیان و ئیرەج فەرزاد گوتوویانە ئێران و کوردستان نیمە موستەعمەرە و کۆمەڵگەیەکی فیۆدالییە و سەرمایەداری بە ڕادەی پێویست بەرەو پێش نەچووە، بۆیە دەبێت پەنا بو میل و ئامورر و داسی فەلا و جوتیار بەرین و کۆشکی شۆڕشگێڕیی خۆمان لەسەر شانی جوتیار و زەحمەتکێشی شار و لادێ بینا بکەین، لە بەرامبەر ئەواندا بە تایبەت عەبدوڵڵا موهتەدی، حەمەسوور، دوکتۆر جەعفەر و ئیبراهیم عەلیزادە، پێیان وا بووە ئێران سەردەمی موستەعمەرە و فیۆدالی تێپەڕاندووە و تەواو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارییە. پرۆلیتار گەشەی کردووە و ڕیزی خۆی جیا کردووەتەوە، بۆیە دەبێت هەموو هێز و خەباتیان بۆ کرێکار بێت. ئەوانیش تەلاری خەیاڵ و شۆڕشگێڕییان لەسەر کوتک و کرێکارانی سەنعەتی بوونیاد نابوو، دوژمنی سەرەکییان بۆرژوازی بوو، چ لە ئێران و چ لە کوردستان. ئەوانە بە دیدگای دوو و «بینشی نوێ» ناسران.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم، زیاتر لە سەتا نەوەدوپێنجی کۆمەڵانی کادر و پێشمەرگەی ئەوکاتی کۆمەڵە، نە دەیانزانی مەسەلە چییە و نە بۆشیان گرنگ بوو، زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە و کادری بە وەجهی کۆمەڵە لە شار و لادێ، یانی زیاتر لە سەتا نەوەدوپێنجی، نە بەشداری

کۆنگرە بوون و نە پێش کۆنگرە ئاگایان لە دوو ڕوانگەی جیاوازی ناو کۆمەڵە بوو.

«پۆپۆنیزم»

لایەنگرانی دیدگای دوو لەبەر ڕۆشنایی تێز و نووسینەکانی مەنسوور حیکمەت لە تارانەوە لە کۆنگرە پۆپۆلیزمیان ڕەت کردەوە و نفرینیان لێ کرد. ئەوەیان بە گەورەترین دەسکەوتی کۆنگرە دایە قەڵەم، زۆر زوو لە هەموو ناوچەکان و هێزەکانی کۆمەڵە بڵاو بووەوە پۆپۆلیزم لە کۆمەڵە ئیتر ڕەت کراوەتەوە و باوی نەماوە. هەزاران نوکتە لەناو هێزی پێشمەرگە دروست بوو، خۆم لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ناو مەقەڕ و پێشمەرگەکان بووم، کێشەیەک بوو لەسەر یەک لە پێشمەرگەکان گۆیا ئەرکی خۆی بە چاکی ڕانەپەڕاندبوو، هەموو ڕەخنەیان لێ دەگرت و سەرکۆنەیان دەکرد. یەکێک گوتی: «ئاخر بەڕاستی عەیبە بۆ تۆ کاتێک کۆمەڵە «پۆپۆنیزمی» ڕەت کردووەتەوە و تۆش ئەوە دەکەیت»! مەبەستم ئەوەیە زۆر بوون تەنانەت لە گوتن و مانا لە وشەی پۆپۆلیزم نە تەنیا ئاگادار نەبوون، هەر نەشیان بیستبوو. چەند شتێکی ناکامڵ و سەرەتایی بڵاو بووبووەوە لەسەر ڕابردووی کادرانی کۆمەڵە لەمەڕ ئیشکردن لەگەڵ جوتیار و زەحمەتکێش. ڕەخنە و هەڵەبوونیان لە ڕابردووی خۆیان گرتووە، لەجیاتی ئەوەی جوتیار بێنە سەر ڕێبازی خۆیان، ئەوان چوونە سەر فەرهەنگ و ڕێبازی جوتیاری. گۆیا ئێستێ گۆڕاون و دەڵێن؛ جوتیار بۆ متمانە نابێت و تا سەر لەگەڵ شۆڕش و ئامانجی نیهایی کە سۆسیالیزمە نامێنێت. هەر ئەوە بەس بوو بۆ زۆربەی پێشمەرگەکان، کە تا دوێنێ شەو و ڕۆژ لە خزمەت و خۆبەقوربانکردنی جوتیار و قەرە(1)دا بوون، ئەمڕۆ پشتگوێیان بخەن و تەنانەت بە شەق و جنێو لێیان وەژوور بکەون بۆ داوای نان و تراکتۆر و... لێ کردن.

1- قەرە، ڕەشایی، ڕەعیەتی بێ جووت و گا و زەوی.

جاران كه به سـه‌یاره بـه جاده‌ی پڕ له ته‌پوتۆزدا ده‌ڕۆیشـتین، له دووره‌وه دوو كه‌سی لادێمان ده‌دیت، خاومان ده‌كرده‌وه و به هێواشی بـه سـلاو و ماندوونه‌بوونـی لێكردن به ته‌نیشـتیاندا تێپـه‌ڕ ده‌بووین. گێڕایانه‌وه، پێشمه‌رگه‌یه‌ک له‌ناو ماشێندا ده‌بینێ چه‌ند كه‌س له پێشه‌وه به‌سـه‌ر جاده‌دا ده‌ڕۆن، پێی پێوه ده‌نێ و به خێرایی به ته‌نشـتیاندا به ته‌پوتۆزێكی یه‌كجار زۆر تێده‌په‌ڕێت، ئه‌وه‌ی ته‌نیشـتی ده‌ڵێت؛ ئه‌وه بۆ وات له‌م فه‌قیرانه كرد، خۆ هیچی سـه‌روچاو و جله‌كانیانت نه‌هێشـت؟! ده‌ڵێ، ئه‌ی بۆ نه‌تزانیوه پۆپۆلیزممان ڕه‌ت كردووه‌ته‌وه؟!

دیارده‌كانی دوای كۆنگره‌ی دوو

كۆمه‌ڵێـک دیـارده، دوای كۆنگـره و ڕێنموونییه‌كانـی مه‌نسـوور حیكمه‌ت و گرووپی ئیتحادی موبارزان، له ناو كۆمه‌ڵه‌دا گه‌شه‌یان كرد و بوونـه بـاو. جـاران ئه‌و خه‌ڵكه‌ی له شـه‌ڕ ده‌ترسـان و لـه چوونی كه‌مین و جه‌بهه زراویان چووبوو، باش بوو ڕووی مه‌جلسـیان نه‌بوو، زۆر كه‌سـاس و مـات، سـه‌ریان له بن خۆیـان نابـوو. دوای كۆنگره هه‌مـوو په‌نایـان بۆ دیدگای دوو هێنـا و له‌ژێر ناوی «بینشـی نوێ» و دژایه‌تیـی پۆپۆلیزم به یه‌كجاری دووركه‌وتنـه‌وه له كاری نیزامی و زۆربه‌یان له‌ژێر ناوی كادری سیاسـی و كۆمیته‌ی ڕوسـتایی، ئه‌وجار ئـه‌وان به مه‌سـخه‌ره‌وه توانجیان لـه كوڕه ئازا و تفه‌نگبه‌ده‌سـته‌كانی كۆمه‌ڵه ده‌گرت. به پشتیوانیی سه‌ركردایه‌تیی «بینشی نوێ» و دیدگای دوو، سـینگیان دێنا پێش و ئه‌م پێشـمه‌رگانه‌ی زۆربه‌ی كات له شـه‌ڕ و كه‌مینـدا بوون به پۆپۆلیسـت و دواكه‌تـوو تۆمه‌تبار ده‌كران. خۆیان بـه جانتایه‌كـی پڕ له كاغه‌ز و كتێـب، له بن باخه‌ڵدا لـه هاتوچۆی ئه‌م مه‌قه‌ڕ و ئه‌و مه‌قه‌ڕدا بوون، له كۆبوونه‌وه‌كاندا به وشه‌گه‌لی ئه‌ده‌بیاتی مه‌نسـوور حیكمه‌ت و كۆمه‌ڵگـه‌ی بورژوازیی ئێران وا بوو وا چوو به ژێستێكی ته‌واو تیۆریسێنانه خۆیان وێنا ده‌كرد و زاری بوختان و درۆ و ئیهانه‌یان له پێشمه‌رگه ئازا و زه‌حمه‌تكێشه‌كان ده‌كرده‌وه و هه‌رچی

کەموکوڕی و ترسـنۆکیی خۆیان بوو لەژێر تێزەکانی تازەی کۆنگرەی دوو دەشاردەوە.

دیاردەیەکـی دی، بەشـداری و هاتنـی زۆرتـری ژنان بـوو بۆ ناو کۆمەڵە و تەنانەت قبووڵکردنیان لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە. ئەمە دیاردەیەکی زۆر باش و تەندروسـت دەبوو و دەکرا حەماسـەی ژنانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوکات لە کچانی کۆمەڵەدا ببیندرێت و بەدی بێت. سیاسەتی ئەوکاتی کۆمەڵە، بە تیۆری و ڕواڵەت مافی ژنان و عەدالەت بوو، بەڵام بە کردەوە فەرهەنگی عەشیرەتی و ژنبەکەمزانین هـەر وەک چـۆن لە نـاو کۆمەڵگەی کـوردی لەبرەودا بـوو، هەروەها لەناو کۆمەڵەشـدا هەر هەمان عەقڵییەت زاڵ و دابونەریتی شوانکارەیی باڵادەست بوو.

زەماوەندی ناو مەقەڕەکان

پێشتر تێزی «کادرانی حیرفەیی» بەسەر هەموو سیاسەتی کۆمەڵەدا زاڵ بـوو، هاوسـەرگیری و پێکهێنانـی مـاڵ و منداڵ زۆر بـاو نەبوو، زۆرینە خۆیان بۆ شۆڕش و خزمەت بە ڕێبازەکە تەرخان کردبوو، نەک بۆ ژن و منداڵ. دوای کۆنگرەی دوو و دوورهەڵدانی پۆپۆلیزم تەواو بە پێچەوانەوە کەوتەوە، ئیتر ڕوو کرایە هاوسەرگیری و عیشقی یەک ڕۆژە و ئیعلانی زەماوەندی دوو کەس زۆر بە سـادەیی و لەناو مەقەڕەکان. هـەر ئەوەندە کچ و کوڕێک دەهاتـن و بە دەنگی بەرز دەیانگوت، ئەوە «ئێمە ژن و مێردین». ئێسـتاش زۆرم پێ شـک دێ بە خەونی باب و باپیریانـدا نەدەهات لـە ماڵی باوکیان وا بە ئاسـانی ژنیان بۆ بێت یان شـوو بکەن. سیاسـەتە تازەکانی لەمەڕ کۆمەڵەی دوای کۆنگرە، هێزی لەبنەهاتـووی ژنانـی ڕۆژهەڵات و شۆڕشـێکی نوێی لە کوردسـتان، دەسـتەمۆ، ماڵی و سـەقەت کرد. هەر یەکسـەر دوای کۆنگرە زۆربەی ئەندامانی سـەرکردایەتی یەک بەدوای یەکـدا فریای کچێکی تازەهاتوو بۆ ناو کۆمەڵە کەوتن و لە جێوە بەبێ مارەکردن، بە ژن و مێرد کران.

لەباتی ئەم هێزە پاک و نیوەی کۆمەڵگە بکرێنە کەرەستە بۆ شۆڕش و سەرمەشقی هەموو کچانی کوردستان، دەسبەجێ هاوسەرگیرییان لەگەڵدا دەکرا و دوای ماوەیەکیش لەم شاخ و کێوە منداڵ بە باوەشەوە، یان ناردنیان بۆ ناوشار لای دایک و بابەکانیان بۆ بەخێوکردن. ژنانی کۆمەڵە، ئەگەر سیاسەتی دروست هەبایە و عەشیرەتی بیریان لەسەر نەکراباوە، دەکرا بکرێنە هەوێن و هێزێکی شۆڕشگێڕی ئەوکات و زۆر کاریان پێ دەکرا، کە پیاو بۆی نەدەکرا. من هەر ئەوکات باوەڕم بەم هاوسەرگیرییانەی ناو مەقەڕەکانی کۆمەڵە نەبوو و پێم بە ئیهانە بوو بە بالای بەرزی ژن و گاڵتەم بە تێزی عیشقی ئازاد و ئەم تێزگەلە دەهات، کە جەماعەتی حیکمەت لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانە ناو کۆمەڵە. دواتریش دیمان زۆربەی هاوسەرگیرییەکان شکستیان هێنا و هەر ئێستا لە چوار قوژبنی دنیا هەمانە کوڕان و کچانی کۆمەڵە، لە دوو سێ ژن و پیاو خاوەنی منداڵ و چەندین جار هاوسەرگیریان کردووە. کادرێکی کۆمەڵە دەیگێڕاوە جارێک لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە لە شارێکی ئەورووپا دانیشتووە، پڕ بووە لە ژن و پیاو، گوتی بە سەرنجێکی سەرپێی دیم زۆربەیان ژن یان مێردی یەک بوون و ئەمڕۆ لەگەڵ یەکیداین، خۆش ئەوە بوو ژن یان مێردە کۆنەکانیشیان هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بوون!

بێ ئیجازە چووەتەوە ناو خێمەکە

چەند ساڵ دواتر، لە مەقەڕی کۆمەڵە لە ئالان بووم، عەلی خەڵکی بانە و بەرپرسی بێسیم بوو، خێزانی وەک هەر کچێکی ئاسایی زەمانی شا، کە شووی پێ کردبوو، ئەویش لەگەڵیدا هاتبووە دەرەوە. ئەوان لەناو دێ بە حوکمی ئەوەی ژن و مێردن، هۆدەیەکیان هەبوو، زۆر میهرەبان و بەیەکەوە شادبوون، زۆر جار بۆ نان و چا خواردن و سەردان دەچووم بۆ لایان، ڕۆژگار هات و من ڕۆیشتم، لە شارباژێر لای ئەبوو شەهاب و یەکێتی بووم. مەقەڕەکانی کۆمەڵە و دێموکرات و مامۆستا شێخ عێزەدین لە دەوری مالوومە و ئەو ناوە بوون، بیستم

شەو درەنگان لە مالوومە عەلی دەچێت بۆ سەر شاخ بۆ نۆرەی بێسیم، خێزانــی لەنــاو خێمەکەیــان جێ دێڵێت، کاری بێســیم تــەواو دەکات و دەگەڕێتــەوە نــاو خێمەکەیــان، دەبینــێ کوڕێکی فارس لــە جەماعەتی حیکمــەت لەجیاتی خۆی، لەگەڵ ژنەکەی لە جێدایە، ژنەکەی دەڵێ چیتر تــۆم ناوێ و ئێســتا لەگەڵ ئــەم کــوڕەم، زۆر تووڕە دەبــێ و دەبێتە دەنگەدەنگ، بەیانی ڕەخنەی لێ دەگرن کە بۆچی مزاحمیان بووە و بێ ئیجــازە چووەتەوە ناو خێمەکە و دەنگەدەنگی کردووە. عەلی هیچ ناڵێ و سەری خۆی دادەخات، دەڕوات و تەسلیمی ئێران دەبێتەوە، ژنەکەی کە زەمانی شــا لە بانە هێنابووی، ئێســتاش وەک ژنێکی بوێر و ئازا و کۆمۆنیست ناسراوە!

تێزەکانی حیکمەت کۆمەڵەی هەڵتەکاند

ئێســتاش وەک کەســێکی بەشــدار و ئاشــنا بە بنەماڵەی کۆمەڵە و خاوەن شەهید، بۆ زیاتر لە چل ساڵ ئاگاداری سیاسەت و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە ئیمانەوە دەڵێم؛ هاتنی جەماعەتی مەنسوور حیکمــەت و بڕیــار و تێزەکانی کۆنگــرەی دووی کۆمەڵە، وەک خۆرکە کەوتە گیانی هێزێکی نوێخواز و پێشــکەوتووخوازی شۆڕشگێڕی وەک کۆمەڵە و لە ماوەیەکی کورتدا ئازای لەشــی ئەم ڕێکخراوەی داڕزاند و تووشــی گەندەڵی و لە ڕێچکەی خۆی ڕێبەدەریی کرد، سەرانی کۆمەڵە زۆر زوو بە ڕەتدانەوەی پۆپۆلیزم کەوتنە ژیانی خۆش و دوورکەوتنەوە لــە خەڵکی فەقیر و زەحمەتکێشــی کوردســتان. ســەرانی کۆمەڵە و بە تایبەت کەسی یەکەمی، عەبدوڵڵای موهتەدی، کە شاگەشکە بووبوو بە هاتن و تێزەکانی مەنسوور حیکمەت، بەڵایەکیان بەسەر ئەم ڕێکخراوە نوێ و خاوەن گوتاری ئۆپۆزیســۆنە هێنا، کە هەر ئێســتاکێ هەر بەش و پارچەیەکی بەدەســت کەسێکەوەیە و لەژێر باری نەبوونی ڕابەری و پەرش و بڵاویدا دەتلێتەوە.

٢٩

دوکتۆر زۆراب

ئاجیکەند، ئاشــی گوڵان، شەرەفکەند، خوراســانە، عیلمئاوا، خانەقا، ســەردەرابات چەنــد دێیــەک بوون لــە دەوری یــەک و زۆربەیان ئیی ئاغاکانــی هیدایەتــی و حیســامی و ئیلخانیــزادە و... بــوون. کۆمەڵە بە پانــەوە لــەم چەند دێیە خــۆی بڵاو کردبــووەوە، کۆمیتــەی ناوەندی، خەیاتخانــە، چاپەمەنی و ئیعلام، نەخۆشــخانە و زۆربەی ئۆرگانەکانی غەیــرە نیزامــی لەم ناوە بوون. خەڵکێکی زۆر بەســەر ئــەم گوندانەوە بــوون، کۆمەڵە خۆی مدبــەق و نانەواخانە و تەعمیرگا و ئەرزاقی بوو، تەنانەت یارمەتیی خەڵکی دەکرد بۆ خەستەخانە و دەواودەرمان.

دوای تەواوبوونــی کۆنگــرە، هەمــوو لــە ئاجیکەند بــوون و منیش خۆم بە لۆری و ســەیارە و تەعمیرگاوە ســەرقاڵ کردبوو، هەر جارە دەمبیســت کوڕانی مەهاباد چالاکییان کردووە و چوونەوە ناوشار هەر ئەوەندە بوو لە حەســرەتان نەدەگریام، چەند جارم بە دوکتۆر جەعفەر و ســەید گوت، دوای کۆنگرە دەبێ بمگەڕێننەوە ناوچەی مەهاباد، هەر دەیانگوت باشە و پەلە مەکە.

بەیانییەک لە لای حەوشی ماشێنەکان خەریکی بەنزین و پێڕاگەیشتنی گەراجەکــە بــووم، عەبدوڵڵای موهتــەدی هات و چــاک و چۆنیی زۆر گەرمی کرد، گوتی:

- ماشێنی چاکمان هەیە، وەک جیپ و لەندڕۆڤێر و...

- بەڵی یەکدوانییەک هەن خراپ نین، فەرموو بۆچی؟!

- دەزانــی دوکتــۆر زۆراب ئەندامــی ســەرکردایەتییە و لە کۆنگرە هەڵبژێــردراوە، یــەک لــە هــەرە زانــا و بلیمەتەکانی کۆمەڵەیــە، دەبێ وەک تــۆوی چاومان بیپارێزین، دەچێتەوە تاران و بووەتە بەرپرســی

تەشکیلاتی هەموو کۆمەڵە لە دەرەوەی کوردستان.

- دەیناسم و زۆر نێوانمان خۆشە.

- ئاخـر دەزانـم بۆیە تۆ باشـی، بە ماشـێنێکی باش بیبە بۆ شـنۆ و تەسـلیمی هاوڕێیانی ناوچەی شـنۆی بکە و یـەک دوو کەس بەرەو خۆتان بکوژرێن و ئەو هیچی لێ نەیەت!

- بەسەر چاو و دڵنیا بە، ئەو شتێکی لێ بێ، ئێمە خۆمان ناگەڕێینەوە!

ئەوکات شـنۆ و بۆکان هەر بە دەسـتی پێشـمەرگەوە بـوو، قیادە موەقەتـە لەگەڵ حکومەتدا ڕۆژانە خەریکی بەربینگپێگرتن بە دێموکرات و کۆمەڵـە بوو، چەند جـار کەمین و وردەشـەڕیان لەگەڵمان کردبوو، دەوڵـەت و قیادە تەواو لە بەرنامەڕێژیدا بـوون بۆ گرتنەوەی تەواوی شاری شنۆ.

دوکتـۆر زۆراب و هاوڕێیەکـی تـری کۆمەڵـەی تارانمـان، لەگەڵ دوو پێشـمەرگە بە سـواری لەندرۆڤێرێکی گورجوگـۆڵ بە ڕێگەیەکی دووورودرێژ، بە سـندوس و دەشتی قوڕێ و دێهاتی نەغەدە، شاولێ و قارنا، دوور لە ڕێگە سەرەکییەکان، گەیاندە ناو شاری شنۆ و مەقەڕی کۆمەڵە.

یەک دوو ساڵ دواتر زانیم دوکتۆر زۆراب هەمان سەعید یەزدیانە، لە تاران لە هێرشی سپاه و ئیتلاعات بۆ سەر چالاک و هێزەکانی چەپ و دژی حکومـەت گیـرا، دوای چەنـد ڕۆژ هێنایانە سـەر تەلەفزیۆن و ئیعترافیـان پێ کرد. سـەرکردایەتیی کۆمەڵە دوای ئـەوەی دوکتۆریان هێنایە سـەر تەلەفزیۆن نەوەسـتا و یەکسەر بەیانی جاشبوونی لەسەر دەرکـرد، بەبـێ ئەوەی لە حاڵی دیل لە زیندانەکانی کۆماری ئیسـلامی تێبـگات و ڕاوەسـتەیەک لە چۆنیەتیی حـاڵ و بارودۆخی بکات. دواتر لە شەشـی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤-٠٨-٢٨)دا دوکتۆر لە زیندانی ئەوین ئیعدام کرا.

خوشک و برایەک بە دەستی دیموکرات شەهید بوون

سـەرەتای مانگـی بانەمـەڕ بـوو، (٢٧-٤-١٩٨١) بەیانـی زوو لـە ئاجیکەند یوسـف بە خۆی و ماتۆڕەکەی بە فڕەفڕ پەیدا بوو. یوسـف حەسەنخاڵی کوڕێکی هونەرمەند و چالاکی کۆمەڵە بوو لە بنەماڵەیەکی ناسـراو و زەحمەتکێشـی مەهاباد، لە خەتخۆشی و نووسینی تابلۆکان لە شاردا یەکەم بوو. لەگەڵ کاکی، محەمەد و دایکی و خوشکی شەهید نەسـرین حەسـەنخاڵی، هـەر هەموو کۆمەڵـە بوون، یوسـف یەک لە ماتۆڕسـوارە بەناوبانگەکانـی مەهاباد بوو، وێنەکێش و دەسـتڕەنگین بوو، تەتەر و پێشـمەرگە بوو. بە پەشـۆکاوی خۆی لە ماتۆڕەکە دوور خسـتەوە و هات بۆ لام، ها عەلی! پەلە بکە و بمبە بۆ لای حەمەسوور، نامـەم پێیـە، دێموکرات لە تیکانلوجە لە پێشـمەرگەکانی داین و سـێی شـەهید کـردووە. عەلی حەبیب پەنـا و عەلی کولیجـە (ڕەحیم نژاد) و لایەنگرێکیش. بە بیستنی ناوی عەلی حەبیب پەنا زۆر تێک چووم. عەلی تەنیا ١٧-١٨ سـاڵی بوو، پێمان دەگوت عەلی سـوور، خەڵکی مەهاباد بوو، زۆر خۆشەویسـت و میهرەبان و لەسـەر دڵان بوو. چووینە لای حەمەسوور و سەرکردایەتی، پاش یەک دوو سەعات بە یوسفدا نامەیان نارد بۆ ناوچەی مەهاباد. حیزبی دێموکرات مەفرەزەیەکی زۆر بەدفەڕ و شـەڕخوازی لە قەرەبـلاغ و تیکانلوجە دانابـوو، دایمودەرهەم دژی پێشـمەرگەکانی کۆمەڵە لە شەڕ دەگەڕان و گەڕیان تێ دەهاڵاندین. ئەو بەیانییە ئەم سێیە بە پێیان هاتبوون بە ناو دێدا بچنەوە زگدڕاو، بە لای مەقەڕی دێموکراتدا تێدەپەڕن، ڕایاندەگرن و قسـەیان لێ پەیدا دەبێت، هەرسێکیان شەهید دەکەن.

یوسـف بـە نامەی سـەرکردایەتی بۆ بەرپرسـانی مەهابـاد بە پەلە گـەڕاوە، شـتێکی وای پـێ نەچـوو خەبەر هـات لە ناو دێی عیسـاکەند لـە جـادەی بورهـان، ئاغاکانـی عیسـاکەند وەک چەکـداری دێموکرات لەسـەر ڕێ، یوسف دەگرن و هەر لەسـەر ماتۆڕەکەی ئیعدامی دەکەن. شـەهیدبوونی یوسف خەسارەیەکی گەورە بوو چ بۆ بنەماڵەیان و چ بۆ

ئێمەی هاوڕێیان و چ بۆ کۆمەڵە. ئەم شەڕەی دێموکرات و کۆمەڵە زۆری تەشنە نەستاند و زوو کەوتنە دانوستان و گۆڕینەوەی دیل و چەکەکان.

بنەماڵەی حەسەنخاڵی، باوکیان وەستا عێزەتی بەنا و دایکیان زارا خاتوون، بە هەموویانەوە تێکەڵی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوون. کاک محەمەدی برا گەورەیان کوڕێکی هونەرمەند و لە زەمانی شادا، کارمەندی تەلەفزیۆنی مەهاباد بوو. ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی هەیە لە تەزاهورات و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران. هەروەتر بە سەدان وێنە و فیلمی هەیە لە چالاکیی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ساڵانی ئەوەڵی شۆڕشی کوردستان لە ڕۆژهەڵات. وێنەکێشێکی ناسراوە و بە دەیان تابلۆی بەنرخی تاکو ئێستا هەیە. نەسرینی خوشکیان پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو لە کارەساتی گوردانی بیستودووی کۆمەڵە لە مەرگەوەڕ لە بیستودووی خەزەڵوەری ١٣٦٤ (١٩٨٥-١١-١٢) بە دەستی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات شەهید بوو. واتا خوشک و برایەکی ئەم بنەماڵەیە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ بە دەستی حیزبی دێموکرات شەهید بوون. دایکیان لەناو کۆمەڵە بە «دایە زارا» ناسراو بوو، شەو و ڕۆژ لە هاتوچۆی ڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵە و پێشمەرگەکاندا بوو، ماوەیەکی باش بە سەری پیری لە زیندانی ورمێ گیرابوو.

بینینەوەی هاوڕێ دیلەکانم

دوکتۆر جەعفەر لەگەڵ خوشکی کاک فوئاددا (مەلەکەی مستەفا سوڵتانی) هاوسەرگیریی کرد. دۆڵی ئاجیکەند و گوندەکانی، زیاد لەحەد شلوق و قەرەباڵغ بووبوو، دوکتۆر لە دێی قەرەڵی لەگەڵ چەند ئەندامی دیکەی سەرکردایەتی مەقەڕیان کردەوە، بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵیاندا بووم. دوکتۆر لەگەڵ مەلەکەدا لە هەرەی دڵداری و خۆشەویستیدا بوو، لە پێکەنین و گاڵتەکردن نەدەوەستا و یەکجار میهرەبان بوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، کە خەمی لێ دەباری، خاوەنی سێ برای شەهید

و دووی تریــش له ســەرەی ئیعدامدا بوون لــە تەوریز و چیی وای پێ نەچوو ئەوانیش ئیعدام کران.

ڕۆژێک دوکتۆر گوتی، ئەم ڕۆژانە دەچم هاوڕێکانت لە زیندان ئازاد دەکەم. قەرار بوو گۆڕینەوە بکرێت بە دیلەکان و کەمال ولیانی، بەهمەن مــەلازادە، یونس پاڵەوانی، ئەحمەد خاکی و هەمزە چابووک بگۆڕینەوە بە چەندین پاســدار و سەرهەنگ، کە دیلی ئێمە بوون و یەک دوویەکی زۆر موهیمیــان تێـدا بوون، لە بانە و ئاربابا گیرابوون. خەبەرێکی زۆر خۆش بوو هاوڕێ نزیکەکانم دەبینمەوە.

ڕۆژی ســێزدەی مانگــی جۆزەردانی ســاڵی ۱۳٦۰ (۳-٦-۱۹۸۱) لە جێژنیکانی نێوان ســەقز و بۆکان لەسەر ئاوەکە گۆڕینەوە کرا، هەڵبەت جــاری یەکــەم بەتەمای فێڵ بوون، بە وریایی پێشــمەرگەکان و خودی دوکتۆر بۆیان نەچووە سەر و دواخرا بۆ ڕۆژی دواتر، دیسان کەمالیان بــە بیانووی نەخۆشــی وەدرەنگی خســت و گلیان دابــووەوە، دوکتۆر ئەوەشــی قبووڵ نەکرد و ســەرهەنگێکی هێشــتەوە و بۆ ڕۆژی دوایی کەمالیش گۆڕدرایەوە. مەفرەزەیەکی سابڵاغ کە بە تازەکی چالاکییەکی گەورەیان لە نێو شــاردا کردبوو، سیمورغێکی بەڵەکبەڵەکی پاسدارانی لەگەڵ چەندین ئەســیر و تفەنگ بە دەســکەوت گرتبــوو، هەموویان لە شــار هێنابــوو دەر، هەر هەموو بە ســیمورغەوە هاتن بۆ پێشــوازیی هاوڕێکانمان، بە نێو شاری بۆکان بە شایی و لۆغان، هاوڕێکان لەسەر قەلاندۆشــان، هاتینــەوە بەر مەقــەڕی کۆمەڵە لە بۆکان. لــە میتینگێکی گــەورەدا هەموویان قســەیان کــرد و کۆمەلانی خەڵک پێشــوازییەکی بێوێنەیان لێ کردن. بە دیتنی ئەم هەموو دەســکەوت و چالاکی لە نێو شــاری ســابڵاغ و هاتنەوەی هاوڕێیانی کۆنم لە زینــدان، ئیتر بڕیاری خۆم دا و گوتم، بە نافەرمانیش بێت دەڕۆمەوە ناوچەی ســابڵاغ. یەک دوو ڕۆژ لــە بــۆکانماینــەوە و هاوڕێیانی زینــدان خەریکی حەمام و چوونی خەستەخانە و ئیستراحەت بوون، بڕیاری خۆم بە دوکتۆر گوت و ڕازیم کرد بمنێرنەوە مەڵبەندەکەی خۆم.

جەمال موفتی و دروستکردنی حەمامەکە

گەیشـتینەوە حاجیاڵیکەنـد، مەقەڕی سـەرەکیی ناوچـەی مەهاباد و سـەید کە لە کۆنگرە بووبوو بە ئەندامی سـەرکردایەتی، بەرپرسـی ناوچەی مەهاباد بوو. دوکتۆر جەعفەر بە نامە ڕاپۆرتێکی زۆر باش و پڕ لە پێداهەڵگوتنی لەمەڕ من بۆ کۆمیتەی ناوچەی مەهاباد نووسیبوو.

جەمـال موفتی هونەرمەندی دەنگخۆشـی سـابڵاغ زۆرتر لە بۆکان دەبـوو، لەگـەڵ کـۆڕی هونەرمەندانی کۆمەڵـەدا بـوو، ماوەیەک بوو ناردبوویانەوە مەقـەڕی کۆمیتەی ناوچە لە حاجیاڵیکەند. ئەو ماوەیەی حاجیاڵیکەندمـان زۆر خـۆش بـوو، جەمال بە دەنگی خۆش، شـەو و ڕۆژی دێناینە جۆش و دەیکردینە سـەرخۆش. سـرووده پڕ لە وزە و هەسـتبزوێنەکانی هەردەم ئامادەی مەیدانی شـەڕ و هێرشی دەکردین، فوئـاد ڕۆڵـەی ئاگر و خوێن، سـەدەی بیسـتمە کوردە تـۆ ڕاپەڕە، بۆ قەڵای سـەرمایەدار، من جوتیارم، گۆرانـی و مەقامەکانی تاهیر تۆفیق و کیژەکـەی کافرۆشـی، هەردەم لە مەقەڕ و لە پشـتی سـیمورغ ورە و بوێریـی دەبەخشـی بە پێشـمەرگە و خـەم و کوڵی قورسـی ژیانی پێشـمەرگایەتی، نەبوونی و برسـێتی لە بیر دەبردینـەوە. جەمال وزە و ئومێـد و کانـگای خۆشـی بوو بـۆ ئێمە لـە مەقـەڕی حاجیاڵیکەند. ڕۆژێک هات گوتی، ئەڕێ بۆ لەژێر ئەم هەیوانە و لەم ژێرخانی دارانە، حەمامێک دروسـت نەکەین. تەنیا لم و چەو و کەمێک سـمیتمان دەوێ و خـۆم هەمـوو کارەکانی دەکـەم و دەبم بە وەسـتا. تەدبیرمان کرد، لـە سـەر جادەی ناتـەواوی بورهان-بۆکان، هەر لە زەمانی شـاوە بۆ دروستکردنی جادەکە چەو و لمیان هەڵڕشتبوو. سولەیمان گردەگرۆیێ، شۆفێر و پێشمەرگەی ئازا، تراکتۆری بە عارەبانەوە ساز کرد و گوتی فەرموون هەرچی پێی خۆشـە با سوار بێت و پاچ و پێمەڕە تا دەتوانن بێنن. لە خۆشیی حەمام دروستکردن و بەزم و گۆرانی دە پانزە کەس سـوار بووین. گەیشتینە سـەرجادەکە و کۆگایەکی گەورەی لم و زیخ،

بە سـرووودخوێندنەوە و گاڵتە و پێکەنین وەک شـۆڤڵ نەمانزانی چۆن ئەم عارەبانەی پشـت تراکتۆرمان لیپاولیپ کرد، ئەوجار هەموو لەسەر لمەکە پاڵ کەوتن و دیسـان بە سـرووودخوێندنەوە بەرەو حاجیاڵیکەند گەڕاینـەوە. پێش حاجیاڵیکەند سـەرەولێژییەک هەیە، هەر لەو شـوێنە ئامین خەیات لە ناو لەندرۆڤێرەکە ساڵی پێش وەرگەڕا و مرد. من لای سـولەیمان لە تەنیشت شۆفێر لەسەر ئاسنی سەر تایەکان دانیشتبووم، سـەید خالید لەوبەر دانیشـتبوو، گەیشـتینە هەوەڵی سـەربەرەژێرەکە سـولەیمان گوتی، خەتەرە و بارمان زۆر قورسە دەترسم هەڵیگری! بە هێزی سرووودخوێندنەوە و پێکەنین و جەوانی، هۆشمان نەبوو زۆرمان لێ بار کردبوو لەگەڵ ئیزافەی دە پانزە کەسیش، هەر ئەوەندە تراکتۆر رووی کردە سـەرەوخواری ئەم تایە گەورانە، وەک ئاشـی ئاویان لێ هات و زۆر بە خێرایی دەخولانەوە، سـولەیمان هاواری دەکرد و هیچ کۆنتڕۆڵی نەما، هاوارمان کرد خۆتان فڕێ بدەن. ئەوانەی ناو عارەبانەکە خۆیان فڕێ دا، ئێمە لە سەر تراکتۆرەکە مابووینەوە، لەناکاو ئەو ئاسنە گەورانـەی تراکتۆر و عارەبانەکەیان بەیەکەوە ڕەبت کردبوو، لەت بوو و تراکتۆرەکە دەسـتی کـرد بە تەقڵەلێـدان و عارەبانەکەش کەوتە ناو شـیوی قەراغ جادەکـە. تراکتۆر و ئێمە سـێ کەس وەکـو گوللەتۆپی هاوێـژراو بەرەو خـوار دەچووین، هەر ئەوەندەمـان زانی تراکتۆر بە تەقلەلێـدان ڕووی لـە ئاسـمان کـرد، ئەوەندە دەزانم کڵاشـینکۆف بە دەسـتەوە لە تراکتۆرەکە جیا بووبوومەوە و لە ئاسـمان بەرەو زەوی دەهاتم، بەسەر ئەژنۆی ڕاستمدا خۆم بە عەرزەکەدا کێشا، سەید خالید فڕێ درابووە قەراغ جادە و سولەیمان لەسەر پشت و سوکانی تراکتۆر لەسـەر سینگی، لە خەرکەمانی[1] عەرزەکە و سوکانەکە دابوو. شانسی هەبوو هەردوو قەپاغی (گلگیر، چەمەلەغ)ی تایەکان نەیانهێشتبوو هەموو

١- خەرکەمان، ئامرازی چەماندنەوەی کەللە بێژنگ و کەمەی دەف، جۆلا بە کاری دێنێت بۆ تێکچرژان و پاڵەپەستۆی زیاتری داوەکان، لێرەدا بەکار هاتووە بە مانای فشار و پرێس بوون.

زەختی تراکتۆرەکە بچێتە سـەر سـینگی. سـولەیمان لە نێوان بۆشایی فەرمان و عەرزەکەدا گیری کردبوو، بەڵام ساغ بوو. بە پێشمەرگەکان و خەڵکی ناو دێ کە هەمووی بەپیر ڕووداوەکەوە هاتبوون، سولەیمان بە سـاغ و سەلامەتی هاتە دەر. ئەوەی زۆر خراپی بەسەرهات، من بووم. ئەژنۆم شـکابوو و یەکسـەر ئەستوور بوو، هەڵیان گرتم و بردیانمەوە مەقەڕ، لە حاجیاڵیکەند وەستایەکی زۆر باشی شکستەبەند و هێنانەجێی ئێسقانی قاچ و دەستی لێ بوو، فریام کەوت و دەسبەجێ بە هەویرێک پێـک هاتوو لە هەنگوین و هێلکە و ئارد و کۆمەڵێ شـتی تر، کە نازانم چ بوون و دوو تەختە لەمبەر و ئەوبەری ئەژنۆم قاچی بۆ هەڵبەستم و دارشەقێکی دایە دەستم. ماوەیەک، زۆریش نا، بە دارشەقەکە ڕۆیشتم، بەڵام بەڕاستی ئەژنۆمی زۆر بە باشی عیلاج کرد.

چالاکییەکانی کۆمەڵە

لـەو ماوەیـەدا و بەهـاری ١٩٨١ چالاکیی پێشـمەرگەکانی ناوچەی مەهابـاد، مەفەرزەکردنمـان بۆ ناوشـار و مانەوەی شـەو و ڕۆژێک لە ناوشـار، دەسـتکەوتی زۆر و شـەهیدی کەم، لە هەموو کوردسـتان و ناوچەکانـی دیکەی کۆمەڵە دەنگی دابووەوە. داهێنەری ئەوەی شـەوێک پێشـتر، مەفـرەزە بچێتـەوە ناوشـار و دواتـر وا لە دوژمـن بگەیەنێت ڕۆیشتینەوە دەر، بەڵام وا نەکەیت و خۆت لەناو کەلاوە و بینای کۆن و تەنانەت ئاودەسـتی مزگەوتەکاندا تا ڕۆژی دوایی عەسر، واتا زیاتر لە دە پانزە سـەعات بە بێدەنگی بشـاریتەوە، زۆر جاران بۆ کاری سەرئاو و توالێت سـەتڵمان لەگەڵ خۆدا دەبرد، دوو سێ سەعاتی ڕۆژ بمێنێت و لەناکاو لەسـەر جادە و کۆڵان و قەرەباڵغیی شـار دەربکەویت و هێرش بەریتە سەر پاسدار و بنکەکانی حکومەت، کاری کوڕگەلی نیزامی کۆمەڵە لە ناوچەی مەهاباد بوو. خەڵک تەقەی کۆمەڵەی لە ناوشـار دەناسییەوە و دەیانگـوت کۆمەڵـە دێ و بـە دوو سـەعات شـەڕی خـۆی دەکات و دەسکەوتی زۆر دەباتەوە، کۆمەڵە لە غەیب زاهیر دەبن و ون دەبن.

بەرنامەی چالاکییەکی گەورە و چوونی چەندین دەستە پێشمەرگە بۆ ناو شاری مەهاباد دارێژرا، پێشمەرگە لە حەوشەی مەقەڕی حاجیالیکەند، خۆی ساز و پۆشتە دەکرد، دەبوو لە سێ شوێن، شەو تا دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی خۆمان بشارینەوە و ئەوجار سەعات چواری ئێوارە هەرسێ دەستە بەیەکەوە لە سێ نوقتەی جیاوازی شار هاوزەمان بێینە دەر و یەکسەر هێرش بەرین. جەمال دەیزانی شتێک هەیە، دەهات و دەچوو، یەخەی ئەو و ئەوی دەگرت و دەیپرسی چ باسە؟ دەمانگوت هەر سەردانێکی ناوشار دەکەین. دەپاڕاوە بیبەین. سەید ڕەحمانە درێژ دەیگوت نابێت، ڕەخنەی لەسەرە و چەککراوە جارێ. زۆری ئیسراری دەکرد و دەپاڕاوە با بیبەین، لە ئاخر چرکەدا هەموو سواری ماشێنەکان بووبووین، بە پاڕانەوەی جەمال و قسەکردنمان لەگەڵ سەید ڕەحماندا دڵی نەرم بوو، چوو کلاشینکۆفێکی بۆ هێنا و ئیجازەی دا. یەک و دوو جەمال خۆی تەیار کرد و خۆی فڕێ دایە پشتی سیمورغ.

سەدەی بیستەمە کورد دە تۆ ڕاپەڕە
تەواوی مێژووت بە خوێن پەڕپەڕە
تەواوی گەلان هەموویان سەربەخۆن
لە کوردستانا زۆردار خوێنمان دەخۆن
زانا بین تێبکۆشین دەور دەوری مەیە،
وڵات چاوەڕێی شۆڕشی ئێمەیە
لغاوی شۆڕش خۆت بیگرە ئەی کرێکار
ئەتۆی دەچێژی زیللەتی ئیش و کار
بە هیمەتی تۆ کرێکار و جوتیار
بەسە دواکەتن، دەسبەسەر و هەژار
بە درێژایی مێژوو نەمدی ئاڵاکەمان
بە غەیری دواکەوتن، چەوسانەوەی گەلمان
هەزاران شەهید لە ڕێگای ئازادی
گیانیان فیداکرد ئامانجیان بێتە دی

له پشتی سـیمورغ وەک ڕەشەبا، تەپوتۆزی ڕێگە، دەنگی جەمال و گوتنەوەی سروودی «سەدەی بیستەمە» هەمووومان بەیەکەوە، جامانە و شـەدە بـە دەوری مـل و دەموچاوەوە، کلاشـینکۆف لە سـەر ڕان، ئێسـتاش دوای چل سـاڵان موچڕک بە لەشـدا دێنێت و چـاوان پڕ لە ئەسرین دەکات. زۆر جاران لەگەڵ هاتنەدەرەوەمان لە حەشارگەکانمان لە شار، یەکەندەردوو پێشمەرگە، یان کوڕگەلی ڕێکخستنەکانی ناوشار، بە شـریتی سـروودەکانی ناسـر و جەمـال و نەجمە و کاڵـێ، خۆیان دەگەیانـدە بڵیندگـۆی مزگەوتەکان و دەنگی سـروود و قرمژنی گوللە هەمـوو شـاری دێنایە جۆش و ئیتـر ئەو کاتە بوو حەماسـە و خوێن تێکـەڵ دەبوو، مـووی لەش هەمووی قرژ دەبوونـەوە و وەک دڕکیان لێ دەهات و هیچ پێشـمەرگەیەک ترسـی نەدەناسی، ئەوە دوژمن بوو خۆی لە کونەمشکاندا دەشاردەوە و کوڕان و کچانی جوانی شار بوون ئامێزیـان بـۆ پێشـمەرگە دەکردەوە و بە کەشـەفی چا و شـەربەت و شیرینی پێشوازیی گەرمیان لە براکانی شاخیان دەکرد.

شەهیدبوونی هونەرمەندی دەنگخۆش جەمال موفتی

ڕۆژی دواتر بیستوهەشـتی مانگی پووشپەڕ (١٩-٧-١٩٨١) سەری سـەعاتی سـفر لە پەناوپەسـیوەکانی خۆمان هاتینە دەر و بە کەمتر لە چەند چرکەیەک شار کرایە دۆزەخێکی پڕ لە ئاگر و خوێن بۆ پاسدارانی حکومەتی ئیسـلامی. بە دەیـان کەلاکیان هەر لەنـاکاو لێ کەوت، هەتا ئەوان هاتنەوە خۆ ئێمە کاری خۆمان کردبوو، بە داخی گرانەوە جەمال لەبەر هەیەجان و ورەی بەرزی لەسەر سەنگەری خۆی لە لای کۆڵانی سـەنگەکخانەکەی مزگەوتی سـوور، دێتە پێش بۆ سـەر جادەکە و بە ڕاکشـاوی تەقە دەکات و سـەر دێنێتە دەر و گوللەی داگیرکەری گەل و نیشـتمان تۆقی سـەری دەپێکێت و هەر لەوێ شـەهید دەبێت، وەک ئەوەی هەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێشووەوە خۆی بۆ شەهیدبوون ئامادە کردبێت.

زۆر وەدرەنگ کەوتین و هاتنەدەرەوەمان لە شــار زۆری پێ چوو، دەســتەکەی لەگــەڵ جەمالدا بوون مەیتەکەیان بۆ دەرناچێت، شــەریف (ڕەزا مەعرووفی) کە ئەوکات بەرپرســی دەســتەی نیزامیی شــار بوو، لــە دەوروبەریان دەبێــت، دەڵێ برۆن من خۆم بەیانی دەربازی دەکەم، شــەریف مەیتی جەمال دەباتەوە مەحموودکان لە گەراجی ماڵی خۆیان دەیشــارێتەوە، بەیانــی بــە ماتۆڕێکی ســێ تایی پڕ لە خشــت و دار و بەرد جەمال دێنێتەوە دەر و تەســلیمی پێشــمەرگەکانی دەکاتەوە. ئێمە زۆر بە خۆشــی ڕۆیشتین و بە خەمی قورســی لەدەستدانی جەمالەوە گەڕاینــەوە. بەرەو بــۆکان هەمــوو لەگەڵیدا چووین و لەنــاو ئاپۆڕەی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر دەستان بۆ گۆڕستان و بە سروودەکانی خۆی کە لە هەموو شــاردا دەنگی دەداوە بە خاکمان ســپارد. شــەهیدبوونی جەمــال خەســارەتێکی گەورە بوو لــە هونەر و مۆســیقای کوردی، لە فەرهەنــگ و فۆلکلۆر، لە بنەماڵەکەی و لە ئێمە پێشــمەرگەی کۆمەڵە و هەموو بزووتنەوەی کورد.

جەمــال پێشــتر وەک دەســتەی هونەرمەنــدان و مامۆســتایانی کۆمەڵە لە بۆکان چالاکیی دەکرد، ســەید حەســەن شەمســی بەرپرسی ئۆرگانەکەیان بوو، جەمال کە هاتەوە بۆ ناوچەی مەهاباد بە دەرکراوی و بە هۆکاری ســەرەڕۆیی و خواردنەوەوە، لە لایەن سەید حەسەنەوە دەرکرابوو، بە نامەیەکەوە هاتەوە ناوچەی سابڵاغ، کە تێیدا نووسرابوو جەمال شــایانی ئەوە نییە پێشــمەرگەی کۆمەڵە بێت. ئەم بڕیار و نامە و بێلوتفییەی بەرپرســانی بــۆکان و ڕاپۆرتەکەیان جەمالی وردوخاش کردبوو، بۆیە پێی دادەگرت بێت بۆ شەڕ و نیشانی بدات فیداکاریی گەل و کۆمەڵەیە، هات و بە خوێنی خۆی ســەلماندی کە بە حەق گیانفیدا و خزمەتکاری گەل و نیشــتمان و کۆمەڵەیە. ســەیر و عەجایب ئەوە بوو هەر چەند ڕۆژ دوای ئەم ڕاپۆرتە بە ناحەقە لە ڕۆژی ناشتنی لە بۆکان لە میتینگی جەماوەریدا، هەر ئەم کاک ســەید حەســەن و بەرپرســانی دیکــەی بــۆکان، بە دەنگ و هــاوار و لاواندنەوە، پڕ بــە بڵێندگۆکان لە

تاریـف و پێداهەڵگوتنـی جەمال هیـچ نەما نەیڵێن و وەک شـەهیدێکی گەورە، یاد و ڕێزیان بەرز دەنرخاند، وەک پاڵەوان و پێشمەرگەی ئازا و بەجـەرگ ناوزەدیان دەکرد و لەناو جەماوەری زۆری خەڵک خۆیان پێوە هەڵدەکێشـا. ئێمە چەند لە پێشـمەرگەکانی سـابڵاخ کە هاتبووین بۆ بەخاکسـپاردنی جەمال، کە ئەم قسانەمان بە تایبەت لە زاری سەید حەسـەن شەمسـی گوێ لێ بـوو، خەریک بوو هـاوار بکەین ئەدی بۆ هـەر چەنـد ڕۆژ پێش وا خراپتان لەسـەر نووسـی و دەرتـان کرد؟! بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە بەڕێکردنی شـەهید جەمال ئەوەندە زۆر و بە ئیحساسـەوە بەشدار بوون، کاتی ئەم قسـانە نەبوو. دەبێ بڵێم زوڵمی گەورەمان لە هونەرمەندێکی زۆر بەقابیل و دەنگخۆش کرد!

٣٠

هەمیشە لە کەمیندا

کەمال وەلیانی کرا بە بەرپرسی ڕاهێنانی پێشمەرگە و گوتنەوەی وانەی چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگەی تازە، یونس کرا بە مەسئوولی مەفرەزە و منیش کرامە بەرپرسی مەقەڕی زگدڕاو و پێشمەرگەکانی.

زگدڕاو کەوتبووە نزیک جادەی سابڵاغ-میاندواو، شەو و ڕۆژ دەبوو لە حەرەسیات و کەمیندا بین، ئەمە دەروازەی گەیشتن بە گوندەکانی مەحاڵ بوو، سەرڕێی هاتوچۆی پێشمەرگە و خەڵک بوو. بە گرتنی زگدڕاو، ئیتر گرتنی بەرزایی سەنگسار و دەرمان و حاجیاڵیکەند زۆر بۆیان ئاسان دەبوو. شاخێکی بەرز بە پشت دێی زگدڕاوەوە هەیە، مەڕغەوڵی پێ دەڵێن، هەموو شەوێک تا ڕۆژی دوایی و خۆر لە پشتی دەدایین دەبوو لەناو ڕەوەزە بەردەکانی سەرشاخی مەڕغەوڵ ڕوو بە جادەی ئاسفاڵتی سابڵاغ لە کەمیندا بین.

دوای شەهیدبوونی جەمال زۆربەی کات لە زگدڕاو بووم، شەو و ڕۆژ ئەم ڕێگەیەمان دەپاراست بۆ ئەوەی دوژمن زەفەرمان پێ نەبا. چەند جارێک بەری بەیانیان، ئەرتەش و پاسدار حەولیان دا بێن و زگدڕاو بگرن، نەماندەهێشت و هەرجارە تێک دەشکان و دەچوونەوە دواوە. جارێکیان بەیانی زوو حەرەسەکانی سەر مەڕغەوڵ ئاگاداریان کردین ستوون هات بەرەو جادەی زگدڕاو، بە پەلە خۆمان ئامادە کرد و هەر کەسە و بۆ لایەک دابەش کرا، یونس نانەوا ئار پی جیی پێ بوو، کوڕێکی ناسک و مێرمنداڵ، جەبار خەدەمەی بوو واتا کۆڵەپشتی گوللەکانی بۆ هەڵدەگرت، گوتم یونس، جەبار بەرە و برۆ پێشی پێشێ. یەکەم شت بە ئار پی جی لێیان دەین ورەیان دەڕوخێنین، مەسئوولی سیاسیی دەستە لەوێ وەستا بوو. گوتم فلانی مادام کلاشینکۆفت پێیە،

تۆش بڕۆ لەگەڵیاندا و بیانپارێزە، گوتی من مەسئوولی سیاسیم و ناچمە پێش. گوتم جا کاکە خۆ مەسئوول دەبێت لە هەموان لەپێشتر بێت، نەیسەلماند، کات نەمابوو، دەبوو هەموو بچینە سەر شوێنی خۆمان و ئامادە بین بۆ لێدانی ستوون. هەرچی بەسەر زارمدا هات لە جنێوی سووک حەواڵەم کرد و گوتم، گەر وایە چەکەکەت دانێ و بڕۆوە بۆ لای ئەوانەی تۆیان کردووەتە مەسئوولی سیاسی. هەر دەتگوت لەسەر ئەم قسەیە وەستابوو، یەک و دووی لێ نەکرد، ڕوو لە حاجیاڵیکەند و پشت لە ئێمە، دوورکەوتەوە و ڕۆیشت و ئێمە و شەڕەکەی جێ هێشت.

دەستیان لە یەخەم کردەوە

ستوون هات و شکا و هەمووش سەلامەت دەرچووین، دوای شەڕ و ئێوارە ماتۆڕ و نامەی کۆمیتەی ناوچە پەیدا بوو، بە پێی نامە دەبوو نەوەستم و بچم بۆ ناوچە. گەیشتم و کاکی مەسئوول لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەدا چاوەڕێ بوون، خەبەری شەڕەکە و پاشەکشەی هێزەکانی دەوڵەت گەیشتبوو، گوتیان بۆ جنێوت پێ داوە، وەک خۆی بۆم باس کردن، گوتم ئەم پیاوە کوڕی شەڕ نییە و باش نییە لەناو مەفرەزەدا بێت، باشترە هەر چەک بکرێت، ئیتر ڕەخنەیان لە جنێوەکانی من گرت و کە زانییان شەڕی باش کراوە، بەم چەند ڕەخنەیە دەستیان لە یەخەم کردەوە و گەڕامەوە بۆ لای پێشمەرگەکان، هەموویان زۆر خۆشحاڵ بوون کاکی مەسئوول سیاسیی دەستەم بەم دەردە برد و خەڵکی ناو دێ هەموو پێشوازیی گەرمیان لە سەرکەوتنی شەڕەکە کرد، کە لە نزیکەوە بەرگریی پێشمەرگەیان لە بەیانییەوە بە چاوی خۆیان دیبوو. ئەم برادەرە دوای کۆنگرە و ڕەتدانەوەی پۆپۆلیزم و زاڵبوونی دیدگای دوو بەسەر کۆمەڵەدا، بێورەیی و لەشەڕترسانی خۆی بەمە دەشاردەوە، کە ئەو، زۆرتر سیاسییە و دژی دیدگا و تێڕوانینی نیزامییە و بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی لەگەڵ چەندی دیکە لە ناوچە، کە ئەوانیش خۆیان لە کۆمیتەی ڕوستایی شاردبووەوە

و تخونــی شــەڕ نەدەکەوتــن، دژایەتیی خەڵکی نیزامی و شــەڕکەریان بــە بیانووی ســەرکەوتنی دیدگای دوو دەکــرد و زۆربەی ئێمەیان پێ پۆپۆلیست و دواکەوتوو بوو.

بە هۆی نزیکیی مەقەڕمان لە شــار لەو ماوەیەدا چەند جار دایکم و کاکم بۆ ســەردانم هاتن، هەموو جار بە هاتنی کەســوکاری پێشمەرگە دەبووژاینەوە لە خواردن و شــیرینی و جلوبەرگ، هەباس لە بۆکان بۆ دابینکردنی خۆراک و پێداویستیی ناوچەی مەهاباد کاری دەکرد، پێیان دەگوت بەشی «تەداروکات». هێشتا دوکان و بازاڕ و بە تایبەت وەزع و حاڵــی ماڵــی ئێمە وەک خــۆی لێ نەهاتبــووەوە، دوکانی کاکم کاری نەدەکرد و بابم زۆرتر لە ماڵەوە دەبوو، خانووەکەمان هەر بە ڕووخاوی جێیان هێشــتبوو و کرێخانووشــیان دەدا. دایکم زۆر بەپەرۆش بوو بۆ خانووەکــەی خۆمــان و هیچ ڕازی نەبوو کرێگرتە بێت، بەس عیلاجیان نەبوو دەبوو بســازێن، لەسەر ئەو حاڵەی خۆیان منیان لە بیر نەدەکرد و هەموو جارێک بە پارە و جل و پێڵاو و پێداویســتییەکانمەوە دەهاتن بــۆ لام و تەنیــا دوعایان دەکرد و دەیانگوت، هەر تۆ و پێشــمەرگەکان سەلامەت بن، هەموو شت باش دەبێت.

مەقــەڕی کچەکانیان لــە قزڵجە کۆ کردبووەوە و هــەر کامەیان بۆ شــوێنێک ناردبوو. نەرمین گەڕابووەوە ناو شــار و زۆرتر لای دایک و بابم دەبوو، کاری ڕێکخستنەکانی ناوشاری دەکرد.

قڕەقڕمان لێ پەیدا بوو

لــە ئاخروئۆخری مانگــی خەرماناندا مەفرەزەکــەی یونس و منیان بانــگ کــرد و ڕەوانــەی بــۆکان کرایــن. دەنگــۆی گرتنــەوەی بۆکان هەبــوو، کۆمەڵەهێزێکــی زۆری لە زۆربــەی ناوچەکانەوە لە بۆکان کۆ کردبــووەوە بــۆ بەرگری لە بۆکان و ئەگەری شــەڕ لەگــەڵ حکومەتدا لــە ئانوســاتدا بوو. هــەردوو مەفرەزە لە حاجیاڵیکەند کــۆ بووینەوە و پۆشــتە و تەیار کراین بە چەکی ســووک و قورسی وەک ئار پی جی و

دۆشــکە و ڕەشــاش. کوڕێکی مێرمنداڵی زۆر جوان خەڵکی ئێندرقاش، ســەعدوون تازە هاتبوو بۆ پێشــمەرگایەتی و تەنیــا دەورەیەکی چەند ڕۆژیی دیبوو، سەید ڕەحمانە درێژ بەرپرسی نیزامی بوو، لە حەوشەی مەقــەڕی حاجیاڵیکەند ئامادەکاریی بــۆ بەڕێکردنی ئەو دوو مەفرەزەیە دەکرد، گوتی با ســەعدوونیش لەگەڵ تۆدا بێت. گوتم کاکە ئەوە جارێ زۆر منداڵــە و بــۆ شــەڕ زۆر زووە و هیچ ئەزموونی نییــە، بینێرن بۆ ئۆرگانەکانــی دی بــا تۆزێک کامڵ بێــت، قرەقرمان لێ پەیــدا بوو، من نەمدەویســت ئەم منداڵە لەناو دەستەکەمدا بێت و زۆرم پێ گوناح بوو. گوتی نەخێر لەســەری مەڕۆ، بیبەن و تەواو. هەر دەبوو من تەســلیمی بم، ئەو مەسئوول بوو!

هەمــوو گەیشــتینە بۆکان و بەرپرســان ئەرک و شــوێنەکانیان بۆ دیاری کردین، زیاتر لە دوو حەفتە ئێمە لە ناڵەشــکێنە و جادەی ســەقز و میاندواو و میراوا ســەنگەرمان لێ دا و تەلیســی پڕ لە لم و زیخمان لەســەر یەک دانان. بە گەرمای مانگی ڕەزبەر، بە ڕۆژ کرێکاری و پاچ و پێمــەڕە، بە شــەویش لەبەر بای پایزی، حەرەســیات بــوو بە کار و پیشــەمان. هەموو ڕۆژەکان چاوەڕێ بووین حکومەت و پاسدار هێرش بکەن و بێن بەرەو بۆکان. هیچ نەماندەزانی لە کام قوڵەوە نیازیان هەیە بــەرەوە بۆکان بێن، بۆیە دەبوو هۆشــمان بێت بە جــادەی میاندواو و سەقزیشەوە.

پیشمەرگەی خەڵکبەکەمزان

من یەک لەم پێشــمەرگانە بووم لە زۆربەی ناوچەکان و شارەکانی کوردستان و مەقەڕەکانی کۆمەڵە مابوومەوە و پێشمەرگایەتیم لەگەڵدا کردبــوون، ســنە، ســەقز، بانــە، مەریــوان و... بەڵام لــە هیچیان وەک مەســئوول و پێشــمەرگەکانی بــۆکان، ڕۆحزل، خۆویســت، مەغروور، لووتبەرز و خەڵکبەکەمزانم نەدیبوو. زۆربەی بەرپرســەکان هەســتان و دانیشــتنیان لەگەڵ ئێمەدا بە چەشــنی ئاغا و ڕەعیەتی بوو، زۆربەی

هەرە زۆریان وەک یەک قسـە دەکەن و دەسـت ڕادەوەشێنن و لەگەڵ بەرامبەردا ئامرانە دەدوێن، تەنانەت خەڵکی شار و سادەکەش پەیڕەوی و لاساکەرەوەی فەرهەنگی عەشیرەتی و ئاغاوەتی دەکەن. نازانم ئێستا دوای چل سـاڵ پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیی بۆکان چیی بەسـەرهاتووە و چەنـد گـۆڕاوە و دەڵێن زۆر گەورە بووەتـەوە و خەڵکی تری زۆر لێ زیاد بووە، بەڵام ئەوکات زۆربەی دانیشـتوان و خەڵکەکەی پێشـینە و نەریتـی دەرەبەگی و ئاغاوەتی و دیوەخانیان هەبوو، یان بەسـەریاندا زاڵ بـوو. زۆربەی بەرپرسـانی ناوچـەی بۆکانی کۆمەڵە لـە منداڵ و نـەوەی ئاغاوەتی؛ موهتەدی، ئیلخانیزادە، عەلیار، حیسـامی، تیکانتەپە، بابامیری، سـیادەت، ڕەزایی و دەوڵەمەندەکانی بۆکان بوون، بەڕواڵەت هـەر هەموویان مارکسـی و کۆمۆنیسـتی تۆخ و لایەنگرانـی فەقیر و هەژاران بوون، لێ بە فەرهەنگ و هەستانودانیشتنی ڕۆژانە و قسەکردن و کرداریـان، زۆرتر فیگۆر و ژێسـتی ڕەئیـس و حاکمانیان پێوە دیار بـوو. هەڵبەت نەدەکرا یان نەیاندەویسـت خۆی لـێ قوتار بکەن و بەم دابونەریتە گەورە بووبوون. لە لای سـەرەوە دانیشتن، زۆر قسەکردن، لە سـەرەوەڕا دواندن، دەستڕاوەشـاندن، زوو زوو لەبەریەکهەسـتان، بـرا گەورەیـی و بچووکـی، دەستبەسـینگەوەگرتن، بە پێوەوەسـتان لای گەورەکانیـان، بە شـیعرهێنانەوە و تەعلیقلێـدان وەڵامی بەرامبەر دانـەوە، قاموسـی تایبەت بـۆ جنێـودان و دەیـان وردە دابونەریتی دی لـە تایبەتمەندییەکانـی ئاغاوەتی و دەرەبەگایەتـی، قورقوڕۆچکەی بەرپرسـانی ناوچـەی بۆکانی بە تونـدی گرتبوو. هەر بۆیـە مامەڵە و هەسـتان و دانیشتنیان بۆ ئێمە منداڵانی سەربزێو و بەدفەڕ و بێدەعێی کووچە و کۆڵانی سابڵاغی و شارەکانی تر زۆر خۆش و ئاسان نەبوو!

سەنگەری چۆڵ

ڕۆژی پانـزدەی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٦٠(٣-١٠-١٩٨١) کتوپـڕ لە دوو لاوە، هەم جادەی سـەقز و هەم میاندواو، سـتوون بەرەو بۆکان

هاتن. ئێمە و سەدان پێشمەرگە لە سەنگەرەکانمان چاوەڕێ بووین ستوون بگاتە نزیک شار، کەچی لەپڕ و بە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراو لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە و دێموکرات ئەمریان کرد تەقە نەکەین و شار چۆڵ بکەین. زۆربەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دەستەکەی من و یونسیش چووین لە دێی شێخلەر نزیک بۆکان لە ماڵان و مزگەوت بڵاو بووینەوە، بە پرتە و بۆڵە، کە واتان دەزانی ئەو هەموو سەنگەرەتان بۆ پێ لێداین و بەو خۆرەتاوە بۆ هێندە لە سەنگەردا بووین و... کوڵی دڵی خۆمان ڕشت. لە شێخلەر نە ماڵ بەردەکەوت و نە مزگەوت و نە ئاودەست، پڕ بوو لە پێشمەرگە و ماڵەکان تا توانییان خزمەتی باشی پێشمەرگەیان کرد.

پاسدار هات

پێش ماڵانی شێخلەر باغە ترێی لێیە، دوو تەپۆڵکەش یەک بەرەو میراوا و ئەوەی تر لە پشت ماڵانە. لەگەڵ یونس و چەند پێشمەرگەدا لە بەر مزگەوت وەستا بووین، زۆربەی پێشمەرگەکان لە ماڵان خەریکی نان و چا خواردن و سەرخەوشکاندن بوون، لەپڕ هاوار بەرز بووەوە و بە دەست ئیشارە بە تەپۆڵکەی سەرجادەکە کرا، پاسدار سەردەکەوتن و خەریکی سەنگەر و هاوەن دامەزراندن بوون، چەند هاوەن ڕێک لەنێو ماڵان و ڕەزەکان کەوت، تەپوتۆز و هاتوهاوار و هەڵاتن، کەس بە کەس نەبوو، بەرپرسانی بۆکانیم نەدەدیت، یونس چەند پێشمەرگەی دەستەکەی خۆی دیتەوە و بەرەو ڕەزەکان و سەرجادە بە نێو دێراوەکاندا ڕوو بە پاسدارەکان ڕۆیشتن. پێشمەرگەکانی دەستەکەی من تەنیا سێ چوارێک دیار بوون، یەکێکیان ئار پی جیی پێ بوو، سەرکەوتین بۆ سەر گردەکەی قەراغ ماڵان، بەردەڵان و پڕ لە گاشە بەرد بوو، بەرامبەرمان ئەو بەرزاییە بوو پاسدار گرتبووی، خوارەوەمان ڕەز بوو، یونس و چەند پێشمەرگە خۆیان قایم کردبوو، لای چەپمان بەرەو ئاختەتەر دەشتایی و شێوەرد بوو، لە سەرەوەڕا دیمان زۆربەی

پێشمەرگەکان لەم دەشتاییە بڵاو بوونەوە و دەڕۆن بەرەو ئاختەتەر. دۆشکەکەی ناوچەی مەهاباد سەعید سەرهەنگی لەسەر بوو، لەناو ئەو دەشتاییە لە سەر سیمورغەکە تەقەی لە کۆپتەر دەکرد، سەعدونم دیت لە ناوەڕاستی کێڵگەکە بەرەو ئاختەتەر دەچوو، لە پشتەوەڕا پێ کرا و لەناو شێوەردەکە کەوت. سەعید لەسەر دۆشکەکە فیشەک وە دموچاوی کەوت و بە زامداری ڕایانگواستن بەرەو ئاختەتەر. لەناو دێی شێخلەر دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کە پاسدار هات، هەر کەسە بۆخۆی بڕیاری مانەوە، یان ڕاکردن بەرەوە ئاختەتەری دەدا. کەس چاوەڕوانی نەدەکرد ستوون یەکسەر بەرەو دەرەوەی بۆکان بێت و ڕوو لە شێخلەر بکات، هەموو پێمان وا بوو لەپێشدا لە ناو شار خۆی قایم دەکات و زەحمەتە عەینی ڕۆژ بەرەوە دەرەوەی شار بێت، هەر بۆیە کە هاتنە سەرمان و لێک بڵاو بووینەوە، هەر هەموو بە ئاسوودەیی لەناو شێخلەر پاڵمان لێ دابووەوە و خەریکی ئیستراحەت بووین.

شپرێوی، سەرلێشێواوی و بێبەرنامەیی بەرپرسانی ناوچەی بۆکان لە لایەک و گۆڕینی تاکتیکی نیزامی دوژمن لە لایەکی دی، لەو ڕۆژەدا بوو بە هۆی ئاڵۆزی و لێکدابڕانی هێزەکانمان و پاشەکشەیەکی ڕەمەکی و هەرچیوپەرچی.

دەستەکەی یونس لە نێو باغە ترێ و ئێمەش لەسەر تەپۆڵکەی بەر مالان کراینە ئامانج و بەر تۆپ و هاوەن و قەناس دراین، کۆپتەر لە سەرمان و نەفەربەر و تانک بەرەو ڕوومان و بەرەو دێ دەهاتن. بە سەدان گوللەتۆپ و هاوەن ئەو ئێوارەیە، دەیان جار بەرەو لێواری مەرگی بردین و دیسان هەڵستاینەوە، تەنیا مرازمان کێشانی باڵی تاریکی بوو، نازانم بۆچی لەگەڵ ئەوەی پاییز بوو، ڕۆژ وا درێژ بووبووەوە و خۆر بەرەو شاخە دوورەکان هەڵنەدەکشا، ماڵئاوایی لە ڕووناکی نەدەکرد و بۆ شەوی جێ نەدەهێشت؟!

بەرەو ئێوارە بە ڕووکاری جادە دوو تانک بەرەو ڕوومان ڕوو لە تەپۆلکەکەی ئێمە هاتن، تەنیا چەند مەتریان مابوو بێنە سەرمان،

دوو گوللەی ئار پی جی بەرەو ڕوویان کرایەوە و یەکسـەر سوکانیان بادایـەوە و لێمـان دوور کەوتنـەوە، لە دوورەوە بە ناو شـێوردەکەی نێوان شـێخلەر و ئاختەتەر چەند پێشـمەرگە لێمان نزیک دەبوونەوە و دەهاتـن بەرەو ئێمە، کاک مینەی حیسـامی و کاک حەمەی سـوڵتانیان لەگەڵدا بوو. هاتنی ئەوان بوو بە پاڵپشت و بەرزیی ورەمان.

پاسدار و ئەرتەش وردەوردە لە یەک دوو شوێن خۆیان قایم کرد و گەڕانەوە بەرەو شار، ئێمەش هاتینەوە بۆ ناو دێ و لەگەڵ دەستەکەی یونسـدا کـە سەرتاسـەری ئـەم دوانیوەڕۆیە لـە دوورەوە بۆ یەکمان دەڕوانی و ڕۆح لەسـەر کونەلووتمـان بوو، یەکترمان لە باوەش گرت. گوتیان، سـەعدون لە فەقەراتی کەوتووە و سـەعید دۆشـکە لە لایەکی ڕوومەتی داوە و لە لایەکەی دیی دەرچووە و هەردوو لە خەستەخانەی کۆمەڵە لە عیلمئابادن.

بۆن و برین

دوای نزیکەی بیسـت ڕۆژ، بۆکان بەبێ بەرگری و شـەڕی ناوشار لـە ڕۆژی یانزدەی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٦٠ (٢-١٠-١٩٨١)دا گیرایەوە و ئێمـەش بە زیانـی دوو برینـدارەوە گەڕاینەوە ناوچـەی مەهاباد لە حاجیاڵیکەند. سـەعدون نزیک بە چوار مانگ لەسەر پشت بەبێ جووڵە لەسەر تەختی خەستەخانە کەوت، بە هۆی نەجووڵاندن و هەڵگێڕووەرگێڕ نەکردنی، تووشـی برینی سـەرجێیی بوو. لەو ماوەیەدا یەک دوو جار لەگەڵ پێشـمەرگەکانی دەسـتەکەی خۆماندا چووینە سەردانی، هەموو پشـت و ڕانـی برینی گـەورەی تێ کەوتبوو و بۆنـی گرتبوو، لە بەژن بەرەوخـوارەوە جووڵـەی نەمابـوو، بەداخـەوە ئـەو مێرمنداڵە جوان و ناکامـە، سـەعدون عەزیزی، لـە یەکەم و ئاخر شـەڕی ژیانیدا و لە بیستوهەشتی بەفرانباری ١٣٦٠ (١٨-١-١٩٨٢)دا شەهید بوو.

سەعاتی سفر

ئاخـری پایز و هەوەڵی زسـتانی سـاڵی ١٣٦٠ و ئاخـر ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨١ دوو دەسـتە لە پێشمەرگەکانی ناوچەی مەهاباد نێردراین بۆ ناوچەی سـەقز لە تورجان، قەراری شـەڕێکی گەورەی ناو شاریان دابوو، زیاتر لە شەسـت حەفتا پێشمەرگەی مەهاباد و سەقز دەبوو بە شـەو بچینە ناو شـار و خۆمان مات بکەین، تا ڕۆژی دواتر سـەعات سـێی دوانیوەڕۆ، ئەوجار لە حەشـارگەکانمان بێینە دەر و بە گورجی و لەناکاو دەست بوەشێنین لە پاسدارەکانی ناوشار. بە هۆی کۆمەڵێک گرفتـی جوگرافی و مەودای دووری دێهاتی ژێر کۆنترۆڵی پێشـمەرگە لەگەڵ ناوشـاری سەقز، دەبوو لە تورجانەوە بە پێ بڕۆین بۆ ناوشار. ئەمە دەبوو بە هۆی ماندووبوونی زۆری پێشمەرگە، بە تایبەت بەشێکی زۆری مەسـیرەکە دەبوو بە تاریکی بڕۆین. ڕێمان گرت و هەرچۆنێک بێـت بـە هیلاکی و شـرِی گەیشـتینە نـاو شـار و حەشـارگەکانمان. دەسـتەکەی ئێمە بە هۆی ناشـارەزاییمان لە ناو شـاردا دەسـتەیەکی سەقزیشـمان لەگەڵدا بوو، بۆ ماوەی زیاتر لە دوانزە سـەعات بە سـی پێشـمەرگەوە لە حەشـارگەیەکی زۆر تەنگ و بچـووک، ماینەوە. کاک هێـرش عەلیـزادە یەک لە مەسـئوول پەلەکانی سـەقز و کاک جەعفەر ئەمینزادە ناسراو بە جەعفەرە سوور وەک فەرماندە لەگەڵدا ئێمە بوون. سەعاتەکان سفر کران و کات دیاری کرا هەر دەستەیە لە شوێنی خۆی دەرکەوێت و شـەڕ دەسـت پێ بکەین. ئێمە لەناو بازاڕی سـەقز نزیک بووین و دەبوو هەر کە خۆمان ئاشـکرا دەکەین دوو پێشـمەرگە بچن بۆ دوکانی جاشـێکی سـەقزی، حاجی سـمایلی گاخۆر و هەر لەسـەر دوکانەکەی خۆی بە سـزای ناپاکی بگەیەنن. ئەو چەند سـەعاتە لەناو حەشـارگەکەمان بە ساڵ دەگوزەرا، هەموو ماندوو بووین و تەنگاو بۆ کاری سـەرئاو، ئێمـە تایبەتی نیگەران بووین بە هۆی ناشـارەزایی لە کووچە و کۆڵانەکانی ناوشار.

دوو کوڕی پێشکەشی دایکی نیشتمان کرد

سەری سەعاتی دیاریکراو هەموو لە کۆڵان و جادەکان سەنگەرمان گرت، چەند پێشمەرگەیەک لەناو بازاڕ و دوکانەکەی خۆیدا پەلاماری حاجیان دا و یەکسەر کوشتیان بە هۆی ئەوەی دەمانچەی دەرهێنابوو تەقە لەو پێشمەرگەیە بکات کە حەولی دابوو بە دیل بیگرێت. شەڕێکی کۆڵان بە کۆڵان و زۆر خوێناوی هەڵگیرسا، بە دەیان پاسدار لەناو شاردا، دوکان بە دوکان شەڕیان کرد، بە دەیان کەلاک کەوت و دەیان دیل و تفەنگ و تفاقی جەنگی بە دەسکەوت گیران. خالید مینەپوور پێشمەرگەی دەستەکەی ئێمە لەناو شاردا شەهید بوو، ڕەحیم بللوری بریندار بوو، وەک لە بیرم بێ یەکی تریشمان بریندار یان شەهید بوو. شەوێکی ڕەش بە زیاتر لە چل دیل و دەسکەوتی زۆر، دوو بریندار و شەهیدێک بە شاخی وەنەوشەدا لە شار دوور کەوتینەوە و ڕوومان لە تورجان کردەوە، مەقەڕی کۆمیتەی ناوچەی سەقزی لێ بوو. دوکتۆر خالید شەفیعی برای دوکتۆر جەعفەر وەک یارمەتیدەری پزشکی لەگەڵماندا بوو، بە ڕێگەوە سێرۆمی بۆ ڕەحیم گرتبوو و بە چوار پێشمەرگەش هەڵیان گرتبوو، دوای ماوەیەک ڕێبڕین بەداخەوە شەوی ٣٠ی مانگی سەرماوەز ١٣٦٠ (٢١-١٢-١٩٨١) لە نێوان شاخ و کێوەکانی سەقز و تورجاندا، ڕەحیم شەهید بوو. کاتی هاتنمان عەینی ڕۆژ، دایکی ڕەحیم لە سابلاغەوە هاتبوو بۆ لای و کۆمەڵێک شیرینی و خواردنی بۆ هێنابوو، کە خۆی داوای کردبوو. ڕەحیم پێی دەڵێ کارێکی بچووکمان هەیە، زوو دەگەڕێمەوە و دواتر دەیانخۆین. ئێمە کە گەڕاینەوە ناوچەی مەهاباد ڕەحیمان بە شەهیدکراوی خستە باوەشی دایکی و ئەو دایکە جەرگبڕاوە کە کەریمی کوڕیشی شەش مانگ پێشتر (٢٥-٦-١٩٨١) بە دەستی جەللادانی کۆماری ئیسلامی ئیعدام کرابوو، ڕەحیمیشی بە دەستی خۆی لە حاجیاڵیکەند ناشت و دوو کوڕی پێشکەشی دایکی نیشتمان کرد.

٣١

پێشمەرگەی دیموکرات مەعاشیشی هەیە

لە کۆنفرانسی دوای کۆنگرەی دوو، باسی پەیوەندیی دیپلۆماسی و عیلاقاتی دەوڵەتانیان کردبوو، ئێمە نەمانزانیبوو گۆیا باسی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا کرابوو، کە حەرام نییە و پرس بە مام جەلال کراوە و ئەویش زۆری پێ باش بووە. من و یونس پاڵەوانی و بەهمەن و چەند کەسی تریان بانگ کردین بۆ ناوچە و گوتیان بچنە ناوەندی کاریان پێتانە. چەند ڕۆژێک لە ئاشیگوڵان بەتاڵ و بێکار دەمانخوارد و دەنوستین، کورگەلی وەک ئێمەی دیکەشی لە زۆربەی ناوچەکان لێ بوو، زۆربەیان مەسئوولی نیزامی و ئەندام و بەرئەندام بوون، هەموو لێکمان دەپرسی بۆ لێرەین؟ کەس هیچی نەدەزانی، هەر دەیانگوت لێرە بن کارمان پێتانە. بەیانییەک کۆیان کردینەوە و کاک شوعێب و کاک عەبدوڵلا هاتن و گوتیان کۆبوونەوەیە. چەند ڕۆژ لەسەر یەک باسی تیۆری و ئەزموونی وڵاتان و دواتر پێداویستی شۆڕشەکان، بێپارەیی، بێچەک و بێئەرزاقی، هەمووی باس دەکرا. قۆستنەوەی دژایەتیی خۆبەخۆی دوو دەوڵەتی بورژوازی بۆ بەرژەوەندیی شۆڕش و پرۆلیتاریا، دوژمنی دوژمنم دەکرێت دۆستم بێت و دەیان باس و تیۆریی لینین و ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی ڕۆژانە شرۆڤە دەکران. گوتیان ئەگەر بە تێروپڕی چەک و ئەرزاق هەبێ سەدان پێشمەرگە دێنە ناو ڕیزی خەبات. بریندارەکان لە بێ دوکتۆری شەهید نەدەبوون و کرابا و ڕێ هەبوایە ناردبامانن بۆ دەرەوە، زۆربەیان ڕزگاریان دەبوو. تەنانەت پێشمەرگەی دیموکرات مەعاشیشی هەیە، چەند ڕۆژ لەدوای یەک لەو قسانە کران. وردەوردە هەموو ماندوو دەبووین. بەیانییەکی کاک شوعێب قسەی بۆ دەکردین، هەستام گوتم گەر

بەتەمان هەڵمانسـەنگێنن و بزانن ئێمە لەسـەر پەیوەنـدی بە دەوڵەتی عێراقـەوە چـی دەڵێین، ئێمـە هەموو پێمان باشـە و ئامادەین و لە بنی کولەکەم دا و گوتم، دوژمنایەتیی دوو بورژوازی هەر ئێران و عێراقە و مەبەسـت ئەوەیە، ئیستفادە لە دەوڵەتی عێراق بکەین و پەیوەندیی پێوە بگریـن. بوو بە فڕق و پێکەنین و شـتەکەمان ئاشـکرا کرد. ئەوە چەند ڕۆژە ئامادەسـازیمان بۆ دەکەن پێمان بڵێن؛ ئێمە دەچین بۆ سـەرەتای تاقیکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا. ئیتر هەموو هاتنە قسە و بابەتی گرنگ و سـەرەکی ئەوە بوو، دەبێت تا دڵنیایی لە پێکگەیشتنی هەردوو لا (دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵە) ئەم شـتە زۆر بە نهێنی بمێنێتەوە و هەر بۆیەش ئێمە دەستنیشـان کراوین، چونکە متمانەیان بە ئێمەیە. کۆمەڵە زۆری بە لاوە گرنگ بوو گەر سـەری نەگرت، کەس نەزانێت حەولێکی وا دراوە. ئێمەش هەر هەموو پێمان لەسەر ئەوە داگرت و قسەمان زۆر کرد لەوەی پێشـمەرگەمان چەک کردووە لەبەر ئەوەی فیشـەکی زۆر تەقانـدووە، پێشـمەرگەی چاکمان چووەتەوە ماڵ بـە هۆکاری ئەوەی ژن و منداڵی هەیە و کەس نییە بیانژیێنێت، پێشـمەرگەمان زۆرە دایک و بابـی فەقیـر و هەژارن، لە جەولەکان لەبـەر دوکانی گوندەکان، دوو تمەنی پێ نییە نوشـابەیەک بکڕێت و سـەدان شتی دیمان باس کرد بۆ دروستیی سیاسەتی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتی دراوسێ و دوژمنی ئێران، واتا عێراق!

کراین بە دوو دەستەی پێشمەرگە، بەرپرسی یەکیان یونس و ئەوەی دی من بووم، وەستا عەولای ڕەبەت (خالید فەرهادزادە) کرا بە بەرپرسی هەردوو مەفرەزە و کۆمیتەیەکی سێ کەسییش لە هەرسێکمان دروست کـرا. هەمووومـان خاوەنی کلاشـینکۆفی مزەلی و زۆر پۆشـتە بووین، سـیمورغێک و لەندرۆڤێرێکیشـیان پێ داین. گوتیان بـڕۆن لە بێژوێی ئالان مەقەڕ بکەنەوە و جەولە بکەن لە ناوچەکانی سەردەشت و بانە و ڕەبەت و باسـی هیچ مەکەن و گەر گوتیان چ دەکەن بڵێن پێشمەرگەی ناوەندین و ئێمەش هەموان ئاگادار دەکەین لە هەموو ناوچەکان چیتان

پێویســت بوو بۆتانی دەســتەبەر بکەن. خۆتان لە کێشــە لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا بپارێزن و بە هیچ کلۆجێک نابێت ئاڵۆزی دروســت بێت، بە تایبەت لە ئالان کە دەبێتە سەررێی هاتوچۆمان.

خانەی موعینی شەهید نەدەبوو

ئــەوەی بزانێــت ئالان و بێــژوێ کوێیە، ناوی محەمــەد مەلا عەلیی بیســتووە. کاک محەمــەد خەڵکی بێژوێ لە کەســایەتییە ناســراوەکانی ئالان و سەردەشــت بــوو. کوردێکی موخلیس و هــەر لە کۆنەوە جێی بــاوەڕی پێشــمەرگە و ســەرکردەکانی کــورد بووە. بــە وڵاغدارییەوە خەریک بوو، شەو و ڕۆژ بە خۆی و خێزان و کوڕان و وڵاغەکانیەوە لە خزمەت شۆڕش و پێشمەرگەدا بوون. ئەو زۆرتر و پێش ئێمە دۆست و ناسیاوی مام جەلال بوو، هەر لە دەسپێکی شۆڕشی نوێوە، لە ١٩٧٦دا بــە هەمــوو تواناوە یارمەتیی شــۆڕش و یەکێتیی دابــوو. بە هۆی مام جەلالەوە، ســەرانی کۆمەڵەی ئێرانیش دەیانناســی، لە ١٩٧٨دا کادرانی کۆمەڵــە بە ڕێگە و یارمەتیی ئەو لە بێژوێڕا ڕەوانەی قەندیل کرابوون، وەک دوکتۆر جەعفەر شەفیعی، ساعد وەتەندوست و حەمەسوور. خۆ ئەگــەر کاک خانەی موعینیش لــە ١٩٧٨دا ڕێگەیان نەگۆڕیبا و هەر بە لای کاک محەمــەددا و لــە بێژوێــوە چووبا بۆ لای یەکێتــی، ئەوە ئەو چارەنووســەی نەدەبوو، کە لە دێی دڕی بە دەســتی جاش و بەعســی عێراق شەهید ببێت.

شۆڕکردنەوەی غەبغەبە

گەیشــتینە بێــژوێ، کۆمەڵــەی ناوچەی بانــە و ســەردەشــت لەناو دێ، مەقەڕێکــی گەورە و خۆشــیان هەبوو. لــەو مەقەڕانە بوو کۆمەڵە کردبوویەوە بۆ ڕۆژی مەبادا، تەنیا دوو پێشــمەرگەی لێ بوو، خەڵکی ئــالان بــوون و عەبدوڵلای ئێقدامــی خەڵکی بانە لە چریکــی فیداییەوە بووبوو بە کۆمەڵە، بە نێو کردبوویانە بەرپرســی ئەم مەقەڕە. نەدەبوو

لە لای ئەو باســی هیچ بکەین. گوتمان بۆ جەولە و کاروباری ناوەندی ماوەیەک لێرە دەبین و جەولە دەکەین. زۆری حەول دا بزانێت کێین و بۆ هاتووین، فایدەی نەبوو. کاک عەبدوڵڵا مرۆڤێکی خۆبەزلزان و خۆی بە سەرکردە دەزانی، ئەمری بەسەر خەڵک و پێشمەرگەدا دەکرد، لەناو چریکەکانیـش هــەر بەرپرس بوو، چریکە فیدائییــەکان چەند ڕۆژ پێش خۆتەسلیمکردنیان بە حکومەتی ئێران، حامد بەگی جوانڕۆ، کە لە لایان ئەسـیر بوو، تەسـلیمی عەبدوڵــڵای دەکەن و خۆی لــێ ڕزگار دەکەن، ئــەوکات عەبدوڵڵا بەرپرســی چریکەکان دەبێت لە بانــە و ئیتر هەموو دەزانــن حامــد بــەگ زۆر بە گومناوی و بێکەســی لە بانە بە دەســتی چریکەکان کوژرا. عەبدوڵڵا پێی وا بوو بێتە ناو کۆمەڵە یەکسەر دەبێتە ســەرکردایەتی، کۆمەڵە لە بێژوێی دانابوو و بە ڕەواڵەتیش مەســئوول بــوو، بەوە ڕازیــی کردبوو. ئەویش بــە ڕۆژ ئەم دوو پێشــمەرگەیەی بــەدوای خۆیدا دەگێڕا بۆ بەر مزگەوت و چایخانە و کەبابخانەکەی ناو دێ و دەمانچــەی دەبەســت و غەبغەبی[1] شــۆڕ دەکــردەوە، بە دەنگی بــەرز لەگەڵ خەڵکدا قســەی دەکرد و ئەمر و نەهیــی دەکرد. لە دنیا و خەیاڵــی خۆیدا یەک لە ســەرکردە گــەورە و بەناوودەنگەکانی کورد و ئێران بوو. ئێمە هیچمان نەماندەناســی و ئەویــش هەر نەیدەزانی ئێمە کێین. وەســتا عەولا ناســراو بوو لە ئالان و لەناو کۆمەڵەش، عەبدوڵڵا دەیناســی و دەیزانی مەســئوول و ئەندامی کۆمەڵەیــە، بۆیە دەیزانی و گومانــی نەبوو ئێمە بۆ کارێکی گرنگ هاتووین و زۆری بە لاوە گرنگ بوو ســەر لە هەموو شــت دەربێنێت. زۆری بۆ گران بوو لەناو دێ و خەڵک، بێئاگاهیی خۆی دەربڕێت لەمەڕ ئێمە. خەڵک لەبەر ناکۆکییەکانی دیموکرات و کۆمەڵە پێیان وا بوو ئێمە هاتووین بۆ بەهێزکردنی مەقەڕی ئــالان و هەموو ئەم مزەلی لە شــانانە لەژێر فەرمانــی عەبدوڵڵادایین و ئەویش بە ئێمەوە فیزی دەفرۆشت، نە تەنیا نەیدەگوت ئەوانە عەلاقەیان

١- غەبغەب، گۆشــت یان پێســتی داچۆڕاوی ژێر چەنەی مرۆڤی پیر، یان قەڵەو.

به منەوە نییە، بەڵکو ئێمەی بە پێشـمەرگەی خۆی دەناسـاند و ئیتر لە دەسـەڵاتداری بەسەر دوو پێشمەرگەی هەواداری ناو دێوە بووبوو بە خاوەن پێشمەرگە و ئامر هێز!

کاک محەمـەد مـەلا عەلی، باوەڕپێکـراوی ناوەندیـی کۆمەڵە بوو، دەبـوو ئەو بە کارەکەمان بزانێت و بەبێ یارمەتیی ئەو هاتوچۆمان بۆ عێراق بۆ نەدەکرا. سـێقوڵی لەگەڵ وەسـتا عەولا و یونسدا چووین بۆ لای و وەستا عەولا ئێمەی پێ ناساند و کارەکەمانی بۆ باس کرد. بڕیار درا جارێ بۆ حەواندنەوەی پێشـمەرگەکان هەر لە مەقەڕی بێژوێ بین و حەول بدەین لەگەڵ عەبدوڵلادا بسـازێین، کێشـەی لەگەڵدا دروسـت نەکەین و خۆمان بە خوێندنەوە و کۆبوونەوەوە مژووڵ بکەین، هەتاکو لە سلێمانییەوە خەبەر دەگات.

مامۆسـتا مەلا سـاڵحی نەغـەدە خۆی لـێ دەرچێت، بـە کوڕان و کچانیـەوە هـەر هەموو کۆمەڵـە بوون و یەک لە کوڕەکانی موحسـین ئەندامی سـەرکردایەتی و لـە کۆنەوە کۆمەڵە بوو، جەمیلەی کچیشـی هاوسـەری عومـەری ئیلخانیـزادەی ئەندامی سـەرکردایەتیی کۆمەڵە بـوو. دوای هێرشـی خومەینی بۆ سـەر کوردسـتان، وەک پەنابەر و کەسـایەتییەکی ئایینیـی کورد، لە عێـراق پەنابەریـی وەرگرتبوو و لە سـلێمانی دانیشـتبوو. کۆمەڵە لە ڕێگەی مەلا ساڵحەوە، چرای سەوزی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە هەر لە سـەردەمی کۆنگرەی دووەووە بۆ هەڵکرابوو، بۆیە ئێمەش هاتبووین تا ئیشەکە بەئەنجام بگەیەنین.

بـۆ ئێمە، بێژوێ دێیەکی زۆر خۆش بوو، ڕۆژانە لە ناو مزگەوت و دوکانەکان خەڵکی زۆرمان ڕێگوزەر دەدیت، بە تایبەت پێشـمەرگەکانی یەکێتی. چایخانە و کەبابخانەکەی جێی میوان و ڕێبواران بوو، دانیشتنی زۆر خۆش و پڕ لە خەبەروباس بوو.

خەبەرمـان بۆ هات بچین بـۆ ئەودیو، لە ڕەبایەی قورەینتێنان پێش مـاوەت دەبـوو چاومان بە یـەک دوو کاربەدەسـتی حکومەتی عێراق بکەوێت. لە خوارەوەی بێژوێ ئەو شوێنەی دوو شاخەی زێی بچووک

تێکـەڵ دەبنەوە، دووئاویان پێ دەگوت، شـوێنی پەڕینەوەی وڵاغداران بوو.

مۆسیقایەکی بەخۆف

زسـتانێکی وەیشـوومە و تۆف بوو، بەیانی زوو شـەوەکی زۆر بە ئەسـپایی و بێدەنگی لەگەڵ کاک محەمەدی مـەلا عەلیدا بێژوێمان جێ هێشت و ڕوومان کردە سەر چەم. کاک محەمەد ئەسپێکی گورجوگۆڵی ئامـادە کردبـوو، کەرەسـەی ڕێ و خواردنـی لێنابوو، بە موشـەما و خێمەی سەرزین داپۆشراو و بۆ مەلەکردن تەیار کرابوو. بەبێ هەست و ئارامی گەیشـتینە سـەر دووئاوان، گرڤە و هـاژەی تێکەڵبوونی ئەو دوو چەمە بەم بەیانییە شـەوەکییە زووە، پشمینی جاروباری ئەسپ و بەریەککەوتنی تاقم و تفەنگی پێشمەرگەکان، مۆسیقایەکی بەخۆف و پڕ لە هیبەتی بە گوێ دەگەیاندین. ئەم خرۆشـانە و بینینی سـیم و حەبلی ئەمبەر و ئەوبەری چەمەکە بە سـەر ئەم ئاوە لێڵ و سـامناک و گرژ و تووڕەیـە، هەر هەموو بەیەکەوە تابلۆیەکیان نەخشـاندبوو پڕ لە بۆنی مەرگ، تێکەڵ بە ئامانجی شۆڕشگێڕیی ئێمەی لاوی گیانلەسەردەست.

یەکەم جار بوو پەڕینەوە لە چەم بە تەناف و سـیم ببینم و تاقیشی بکەمـەوە. لەگەڵ ترسـێکی لە ڕادەبەدەر لە لایەک، غروور و شـانازی و بیرخەرەوەی فیلمی پارتیزانەکانی شۆڕشـەکانی چین و یۆگوسلاڤی و زۆربەی نەتەوە بندەسـتەکانی هەموو جیهان لە دەیەکانی پێشـوو لە لایەکی ترەوە، لە پێش چاو و خەیاڵدانم، ئاوێتەی یەک دەبوون.

چیمان لەوان کەمترە؟

دەموچاوی ڕەشـداگەڕاوی بە جامانە داپۆشراو، پوزەوانەی تا ژێر ئەژنۆ هەڵکشـاو، برۆ و سمێڵی لە سـەرما بەستوو، شەش مەخزەن و مزەلی لە شـان، ڕێک ئەو پارتیزانانە بوون پێشـتر لە کتێب و نامیلکەی شۆڕشەکانی گەلانی بندەست لە جیهان، ئارەزوو و حەسرەتی بینینیان

خولیای کات و ســاتەکانمان بوون. جێی خۆی بوو بە ســەری بەرز و پڕ لە هەست و لەخۆڕاپەرموون بپرسین؛ ئێمە پێشمەرگەی کوردستان چیمــان لــە پارتیزانەکانی ماو، تیتــۆ، گیڤارا، هۆشــیمین و هەر هەموو شۆڕشگێڕانی جیهان کەمترە؟!

دەبــوو پێــش ڕووناکی یەک یەک بــە کەڵەس[1] و پشــتێندەکانمان، بەخۆ هەڵاوەســین، خــۆ بدەینە بەر قەزاوقەدەر و بــە چاوتروکاندنێک هەر وەک دەرچوونی فیشــەک لە تفەنگ، خۆ بە گاشــەبەردی ئەوبەری چەمدا بدەین.

ئــەو ڕۆژە زیاتــر لە پانزە پێشــمەرگە دەبووین، بــە ڕیز لەودیوی ســنووری دەســتکردەوە، لێوار و لێواری چەم، بە خاکی محەڕەمە[2] و سووتاوی وڵاتی کوردەواری و داگیرکراوی بێگانە، ڕەچەی بەفرێکی تا ئەژنۆمان دەشکاند و دەچووین بەرەو بارەگای داگیرکەر بۆ بەهاناهاتن و یارمەتیدانمان لە چنگی داگیرکەرێکی دیکەی نیشتمانەکەمان!

قاوەڵتیی ناو بەفر

قــەراغ و قەراغ بەرامبەر ئالانی ئەودیو ئالانی ئەمدیومان دەبڕی، بە ســەدان جار کەوتین و هەســتاینەوە، لە ناو بەفر شەڵاڵی ئارەقە بووین و پەنجەکانی دەســت و قاچمان ســڕ بوون و تەزین. بە دەیان گوندی سووتاو و خاپوورمان هاتنە سەر ڕێ و کاک محەمەد وەک مامۆستایەکی دیرۆک و جوگرافیا بەسەر زینی ئەسپەکەیەوە لە گێڕانەوە نەدەوەستا. شانەخســێ، چناران، گرگاشــە، گوێزڵێ و ئاوکورتێ، گوندەکانی ســەر ڕێمــان بــوون، هەتاکو ماوەت. بە چلەی زســتان هەنار بە دارەوە بوو،

١- کەڵەس، پەت و تەناف بۆ ئەمسەر و ئەوسەری چەم ڕادەکێشن و پێی دەپەڕنەوە.

٢- محەڕەمە، خاکی محەڕەمە ئەو ناوچانە بوون لە باشووری کوردستاندا دوای ئاشــبەتاڵی ١٩٧٥ و ڕێککەوتــن و پەیمانــی ئەلجەزایر لەگەڵ شــای ئێراندا، ڕژێمی بەعس قەدەغەی کردبوو لە خەڵک و گوندەکانی ڕاگواستبوو بۆ ئەوەی پێشمەرگە تەریک بکاتەوە لە خەڵک.

گەڵی نێو داران بە بەفر پۆشراو و ئیی چەند ساڵی تێدا بوو، کانییەکان بە کۆنکریت داپۆشـــراو و دیوارە شـــکاو و ڕووخاوەکانی مزگەوتەکان بـــە پێوە بوون، بە پانیی بیســـت کیلۆمەتر و درێژایی ســـنوور، پەیمانی شـــوومی ئەلجەزایـــر ئەم خاکـــەی لە نێوان دوو پارچەی کوردســـتاندا، لە دانیشـــتوانی هەزاران ســـاڵەی کورد بەتاڵ و حـــەرام کردبوو، کورد بـــۆی نەبوو لەم ناوچانەدا ئاوی کانییەکانی خۆی بخواتەوە و هەنار و گوێز و هەنجیری خۆی لە دار بکاتەوە و تەنانەت گەڵای دارەکان بداتە بزنەکانی.

ئەم ڕێیە بە زستان بە ڕۆیشتنی پێشمەرگە زیاتر لە حەوت هەشت سەعات بوو، نیوەی ڕێمان بڕیبوو، لە ماندوویی و لە برسان وەستاین و جووڵە نەما، پیری جیهاندیدە، کاک محەمەد بە قامچی و قاچ و دەستی ئەســـپەکەی وەنێومان کەوت و هاواری لێ بەرز بووەوە؛ نەوەستین و جووڵە بکەین. بێتوو دانیشـــین و تخێڵ بین، تووشی قەرسان[1] و قاچ و دەســـت ڕەشـــبوون دەبین. ئێمە هەموو لە جووڵە وەستاوین و ئەویش لەســـەر پشتی ئەســـپەکەی دەنگمان دەدا و جاروبار قامچێکمان حەواڵە دەکات. وەک بەنزین بە دارێکدا بکەیت لەناکاو گڕ بەرز بووەوە، هەموو دارەکە گڕ گڕ داگیرســـابوو. لە ناو داربەڕوویەکدا گەڵییەکی دۆزییەوە و شـــقارتەی پێوە نا، یەک و دوو گرتی، لە خۆشـــیان و سەرسووڕمان هەموو زارمان داپچڕابوو، تینی ئاگر وردەوردە ژینی پێ بەخشیینەوە و دەموچاومان گەرم داهات، دابەزی و بە وزەی لاوێکی تازەپێگەیشتوو، ئەم پیرە هەڵۆیە لەپێشـــدا جۆرکەی لە ملی ئەسپەکەی کرد و بارەکەی داگرت، ئاوی لە کترییە ڕەشاندا وەسەر نا و نان و پەنیری بۆ هاویشتین، بـــە دەوری داربەڕووی داگیرســـاو دەســـتمان بە نـــان و پەنیر و گوێز خواردن کرد و چایەکەش پێگەیشـــت، ئای کـــە هەرگیز ئەم قاوەڵتوونە بەلەزەت و ســـەفایەم دوای ئەو ماندووبوون و هیلاکییە بیر ناچێتەوە،

١- قەرســـان، ڕەوتی سەهۆڵ بەستنی ئاو یان شـــلەمەنی، ویشکهەڵاتن لە سەرمان.

کاک محەمەد بوو هەموومانی لە قەرسان ڕزگار کرد.

بوژاینەوە و وەڕێکەوتین، دوای دوو سێ سەعات گەیشتینە یەکەم پاسگەی عێراق لە قوڕێنتێنان نزیک ئاوکورتێ و ماوەت. دەیانزانی ئێمە دەچین، لە دەرەوەی بارەگاکەیان، چا و قوتوو گۆشت و ماسی و شلەیەکیان دانابوو، دەیانخوارد، فەرمووی ئێمەیان کرد. کەسمان بێزمان نەهات بچینە پێش، حەوت هەشت کەس بە دەوری تەشتێکی لەوانەی جلی تێدا دەشۆن هالابوون، هەر هەموو بەیەکەوە دەستیان دەخستە ناو شلە و تڵێتەکە و بە مشت پاروویان دەخستە زار، شۆڕاوکەی شلە بە دەست و مەچەکیاندا دەهاتە خوار و بە زمان دەیانلێسایەوە، دیمەنی نانخواردنی ئەم جوندییانە بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی نامۆ و تازە بوو.

دوای فەترەیەک، بەرپرسێک پەیدا بوو گوتیان ئامر فەوجی ماوەتە، بەستەیەکی پێ داین و چەند ڕاسپاردەیەک بۆ ناوەندیی کۆمەڵە. ئێمە زانیمان بەستەکە دینار بوو بۆ یارمەتیی کۆمەڵە. دەبوو بڕۆینەوە شوێنی خۆمان بۆ بێژوێ و واش بڕۆین بە تاریکی بگەینە ناودێ و کەس نەمانبینێت. بە ڕێگەی خۆماندا و بە خۆقایمکردن لە کەڵەسی سەرچەم، درەنگانی شەو گەیشتینەوە مەقەڕی بێژوێ، هەموو شەکەت و ماندوو و تەڕ.

بەیانی زوو بەهمەن و دوو پێشمەرگە بە سیمورغ بە پارە و ڕاسپاردەکان بەڕێ کران بۆ ناوەندی لە دەوروبەری بۆکان.

زستان و تا سەرەتای بەهار چەند جارێک بە هەمان شێوە عەینی ڕێگەمان بڕی و هەر جارە بە ساکێک پارەوە دەگەڕاینەوە، هەرگیز نەماندەکردەوە و نەماندەزانی چەندە، بە نامەکانەوە یەکسەر دەماننارده ناوەندی. جارێک گوتیان، دوکتۆر جەعفەر بەرن بۆ موفاوەزات لە کەرکووک لەگەڵ موخابەراتی عامدا. هەموو جارێک داوای چەک و تەقەمەنی دەکرا ڕەفزیان دەکرد، دوکتۆرمان برد و هێناوە، شەو لە بێژوێ شاردمانەوە و بەیانی زوو بەردمانەوە بۆ ناوەندی. دوکتۆر بە پێکەنینەوە گوتی داوای بینینی ڕەئیسی کۆمەڵەیان کردووە، کە بچێت

بۆ بەغدا و پێیان وایە ڕەئیسی کۆمەڵە کاک سەلاح موهتەدییە!

لــە ناوەندی تەدبیریــان کردبوو، مادام ئەوان وای لێ حاڵین با کاک عەبدوڵلا بنێرن و بڵێین ڕەئیســی کۆمەڵــە، عەبدوڵلای موهتەدییە نەک سەلاح! ئەمە گرتی و کاک عەبدوڵلامان زۆر بە نهێنی چەند ڕۆژ لە ماڵی کاک محەمەد مەلا عەلی شــاردەوە و بە هەمان ڕێدا بردمانە ماوەت و سەیارەی تایبەتی بۆ هات و بردیان بۆ کەرکووک.

بە خۆشــحاڵییەوە گەڕایەوە و هێنامانەوە بۆ بێژوێ. گوتی، وەعدی چــەک و تفاقێکــی زۆریــان داوە و دەبێت خۆتان ئامــادە بکەن، کاری سەختی هێنانەوەی بارێکی قورس و زۆری چەک و ئەرزاق، دەکەوێتە سەر شانی ئێوە.

بەتەمای کەڵەگایەتی

من هەر ڕقم لە چوونی حەمام بوو، ئەو ڕۆژە بە نابەدڵی لە مەقەڕی بێژوێ ئاوم گەرم کرد، یونس و وەســتا عەولا بۆ ئامادەکاریی زیاتری گواســتنەوەی چــەک و ئــەرزاق، کە قەرار بــوو بە زوویــی بماندەنێ، چووبــوون بۆ ناوەنــدی. منیان جێ هێشــتبوو لەگەڵ پێشــمەرگەکان. ویســتم خۆم بشۆم، لە پشــت دەرگاوە یەکێک هاواری کرد زوو بگەیە خەریکە لەگەڵ پێشــمەرگەی دیموکراتدا ببێ بە شــەڕ! بەپەلە خۆم کۆ کــردەوە و ڕامکــرد بۆ لای مزگەوت و مەقــەڕی دیموکرات، کابرایەکی قەڵەوی سەردەشــتی، حەمەدەمینی مرادی بەرپرســیان بوو، دەیانگوت زەمانی شــا پیاوی چاک نەبووە و زوڵمی لــە تووتنەوانەکانی ناوچەی سەردەشــت کردووە. عەبدوڵلای ئێقدامی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە چووبوو بۆ لای مەقەڕی دیموکرات و لەســەر کێشــەیەکی کۆمەلایەتی بە پۆز و فیزەوە بەسەر حەمەدەمینیدا دەخوڕێ. مەقەڕی دیموکراتیش لە بێژوێ تەنیا چەند پێشمەرگەی هەبوو، زۆریان بە لاوە گرنگ نەبوو. دیموکــرات زۆرتــر لە بێتوشــی ئالان لایەنگر و پێشــمەرگە و مەقەڕی گــەورەی هەبوو. لەو ماوەیەدا کە ئێمە وەک هێزێکی پۆشــتە و نیزامی

لە بێژوێ بووین، حیزبی دیموکرات لەوپەڕی تەوازوع و سازان لەگەڵ کۆمەڵەدا دەجووڵاوە و هیچ کێشـەیەکمان نەبوو. عەبدوڵڵای بەرپرسی کۆمەڵـە لـە ئالان، کە ئێمە شـک دەبا، بـە خەیاڵی خـۆی و خۆنواندن بەتەمای کەڵەگایەتی لەبەر مزگەوت و مەقەڕی حیزب هەڵا و گرمەیەکی نابووەوە، بۆنی خوێنی لێ دەهات. هەموو پێشـمەرگەکانی دەستەکەی خۆمـان چوویـن بۆ بەر مزگەوت، حەمەدەمینم دیت و زۆر شـڵەژاو و ترسابوو. گوتم، ئێمە بە نیازی شەڕ نین و شەڕ لەگەڵ ئێوەدا ناکەین و هەرچی بووە داوای لێبوردن دەکەین، مەلا و پیاوە ماقووڵەکانی ناو دێ هەموو پێشوازیی گەرمیان لە قسەکانمان کرد و هەر یەکسەر دوای ئەم قسـانە هەموو پێشـمەرگەکان سـەری خۆمان داخست و بەرەو مەقەڕ گەڕاینەوە و عەبدوڵڵامان لەناو دێ بە تەنیا جێ هێشت. دوای ماوەیەک بە هانکەهانک و ماندوویی هاتەوە مەقەڕ و دەسـتی کرد بە شاتەشـات و ئێوە ترسـنۆکن، وام دەزانی شـێری بە گوێیان دەگرن و لەم قسانە، زۆر عەیبە بۆ پێشـمەرگەی کۆمەڵە لەبەر دوو پێشمەرگەی دیموکرات چۆک دادەن و بترسـێن و بڕۆن! گوتم کاک عەبدوڵڵا باشـترە سـەنگ و وەزنـی خۆت بزانی، ئێمە نەهاتووین لێرە شـەڕ بۆ گەورەخوازی و لەخۆباییبوونـی تـۆ بکەین، ئێمـە لێرە کاری دیکەمـان هەیە و هەرگیز شـەڕ بـۆ تۆ ناکەیـن و عەلاقەی تۆمـان نییە و ئیجازە نـە بە تۆ و نە بـە دیموکراتیـش دەدەین، شـەڕ بکـەن! گوتی، ئەدی بـۆ لێرەن و چی دەکەن؟! گوتم ئیتر ئەوە ئیشی تۆ نییە بیزانی، هەموو مەراقی ئەوە بوو بزانێت ئێمە چ کارەین، گوتم بەتەمای ئێمە شـەڕ لەگەڵ مریشکێکیشـدا مەکـە، چونکـە پشـتت ناگرین، ئیتر هەر شـێت بوو، چـووەوە قاوغی خۆی، خەیاڵیم ڕاحەت کرد کە کۆمەڵە نە تەنیا لەسـەر ئەو شەڕ لەگەڵ دیموکراتدا ناکات، بەڵکو بۆ ئارامبوونی ئالان سازشیش دەکات.

٣٢

گواستەوەی هاوکارییەکانی عێراق

بەهـار بـوو هەمـوو پێشـمەرگەکان چووین بـۆ مـاوەت، لە دوو مەخزەنی زۆر گەورە، لە دەشـتایی خوار ماوەت بە لێشاو ڕۆن، برنج، چا، ویشـکە، چەک و فیشـەک هاتبـوو، هەمووی تەحویـل وەرگیرا و تا گواسـتنەوەیان ئـەو مەخزەنانەیان پێ دایـن. وا بزانم لەگەڵ کەریم ئیلخانی و پێشـمەرگەیەکی دیکەدا بۆ چاودێریی مەخزەنەکان مابنەوە. وەسـتا عـەولا و یونس بە پەلـە گەڕانەوە بۆ بێـژوێ و کۆکردنەوە و هەرەوەزی وڵاغداران بۆ گواستنەوە.

دوو سـێ ڕۆژی پـێ چوو، بـە ڕۆژ جاربەجار یەکمـان دەچووین بۆ ناو شـارۆچکەی مـاوەت، بۆ کڕینی پێداویسـتی و جگـەرە، وەکی تـر دەرگای مەخزەنەکانمـان لەسـەر خۆمان دادەخسـت و لە ناوەوە کێشـکمان دەکێشـا و خۆمان کەمتر بە خەڵک نیشـان دەدا. بەیانییەکی زوو یونس و پێشـمەرگەکان بە دەیان وڵاغـدارەوە پەیدا بوون، لەبەر دەشتاییەکەی ماوەت هاتوهاوار و بەزمێک بوو، هەر مەپرسە، بە دەیان ئێسـتر و ئەسپ لەو دەشـتە بڵاو بووبوونەوە و خەریکی لەوەڕ بوون لەو سەوزایی و مێرگ و گوڵ و گیایە، وڵاغدارەکان خەریکی نان و چا خواردن و خۆئامادەکردن بوون بۆ وەرگرتنی بار و گەڕانەوە، پەلەپەلە و هاتوهـاواری وڵاغداران بۆ زوو گەیشـتن و وەرگرتنی باری زۆرتر، خەریک بوو سـەرمان لێ بشێوێت و کۆنترۆڵمان بۆ نەکرێت. وەعدمان بە دەوڵەتی عێراق دابوو، خەڵک بۆ شتکڕین نابێ بچن بۆ ناو ماوەت و تەنیا بێنە مەخزەنەکە و بار وەرگرن و یەکسـەر بگەڕێنەوە. دەسـتمان کرد بە پسووڵەی بار و ناونووسین، هەر وڵاغدارێک بە وەرەقە بارمان پێ دەدا و بەڕێمان دەکرد بۆ پاوێ لە خوار بێژوێ، لەوێش لژێر خێمەدا

بارەکانیـان لێ وەردەگیـرا و وەرەقەیەکی گەڕانـەوە و بارەکەیان پێ دەدرا و ئیمزا دەکرا. لەپێشـدا دەسـتمان کرد بـە ناردنی خواردەمەنی و ئـەڕزاق، دەبـوو سیسـتمێکی گونجـاو و جێی متمانە بـۆ چەکەکان بدۆزینەوە. بە دەیان وڵاغدار ناوی خۆیان دەنووسی بۆ ئەوەی باریان پێ بدەین. دەستەکەی من لە ماوەت و یونس لە بێژوێ ڕۆژانە خەریکی ناردن و وەرگرتنەوە بووین. ڕێگەی نێوان بێژوێ و ماوەت پڕ لە وڵاغ و وڵاغدار بوو، یەک دەهات و یەک دەڕۆیشت. بۆ پەڕاندنەوەی بارەکان لە دوو شوێن لەسەر چەمەکە، کەڵەسی تر داندران. پێشمەرگەکانی هەر دوو دەسـتە کفت و شەکەت بوون، گواسـتنەوەی ئەم هەموو ئەڕزاقە بە باری وڵاغان تەواوبوونی نەبوو، زۆرم حەول دا لەگەڵ دا بەرپرسـانی عێراقیدا، بەڵکو بە زیل و لۆری یارمەتیمان بدەن و تا سەر چەمەکەمان بـۆ بگوازنـەوە، نەیانکرد و گوتیان، دوای مـاوەت خاکی محەڕەمەیە و پـڕە لە «موخەڕیب»، بە پێشـمەرگەی یەکێتی و باشـووریان دەگوت، گوتـم لۆرییەکان بدەنە خۆمان قبووڵیان نەکرد، تەنیا ڕێگە گواسـتنەوە بـە وڵاغ بـوو، بـۆ زوو تەواوبوون وەسـتا عەولا و یونـس لەودیو و دێهاتی دەوروبەر دەیان وڵاغداری تریان نارد، ئیشەکە زۆر بە سستی دەڕۆیشت، لەبەر دووریی ڕێ و کردنەوەی بار و بە کەڵەس پەڕاندنەوە و دیسان بارکردنیان بۆ پاوێ لە بێژوێ. وڵاغدارەکان هەرچەند خۆیان دەپسـاند و بەغار دەهاتن و دەچوون، نە ڕەحمیان بە خۆیان دەکرد و نە بە وڵاغەکانیان، تەنیا لە شەو و ڕۆژدا یەک کەڕەتیان پێ دەکرا. ئیتر دوای سێ چوار مانگان، ئیشی ئێمە لە عەبدوڵڵا و هەموو خەڵک ئاشکرا بوو، کە ئێمە خەریکی چ بووین و بۆ لەوێ بووین!

فرۆشتنی هاوکارییەکان

لـە مـاوەی دە پانـزە ڕۆژانـدا بـە دەیان تـەن ویشـکە و ئەڕزاق گواسترانەوە بۆ بێژوێ، موشکیلی گەورە کاتێک دروست بوو دەشتایی پـاوێ پڕ بوو، بـۆ ئەنبارکردنیان جێ نەما. کۆمەڵە حیسـابی کرد گەر

بێتــوو هەموو ئەم ئەرزاقە بگەیەنێتە ناوچە و مەقەڕەکانی کۆمەڵە زۆر گرانتر دەوەســتێت لەوەی هەر لەوێ بیکــڕن، لەوانە بوو کیلۆیەک چا، ڕۆن و برنج دووقاتی تێبچێت تا دەگاتە ناوچەی مەهاباد و ســنە، یان مەریوان و زۆر گرانتر لەسەرمان بوەستێت. پێشنیاریان بۆ ناردبووین گــەر بکــرێ هەر لە بێژوێ بیانفرۆشــین و پارەکــەی بنێرین بۆ مەقەڕ و ناوچەکانــی کۆمەڵە لە کوردســتان. یونس و وەســتا عــەولا لەودیو تــا بۆیان کرا دەســتیان بە فرۆشــتن کرد. بەوە تا ڕادەیەک موشــکلی گواستنەوە بۆ خوارەوەی کوردستان و مەقەڕەکان کەم بووەوە، لەگەڵ ئەوەشــدا وەک شــاخێک لە ژێر خێمە لە پاوێ ئەرزاق هەڵدرابووەوە و شەو و ڕۆژ دەستەکەی یونس لە حەراسەتدا بوون.

گۆڕی شەهیدێکی غەریبە

ئێوارەیەک لە مەخزەنەکانەوە چووم بۆ ناو ماوەت بۆ شــتکڕین بۆ خۆمان، لە دوکانێک لە ســەرەوەی جادەکەی ناوشــار لام دا، پیاوێکی بەتەمەنــی نێوچاوان جوانــی کەڵەگەت، پێچ و جامانە و کەواوپانتۆڵێکی زۆر جوان و خاوێن لەبەر لەوێ بوو، دەســتی بە قســە و پرســیاران کــرد، دیار بــوو دەیانزانی ئێمە کێین و بۆچی لەوێین. نەمشــاردەوە و گوتم پێشمەرگەی کۆمەڵەی ئێرانین و دەوڵەتی عێراق یارمەتیمان دەدا بــۆ لێدانــی خومەینــی. گوتی، مــن فەتحولاغام. هاتە دەر لــە دوکانەکە و دەســتی ڕاداشــت بۆ کێــوەکان و گوتی خەڵکی هۆ ئــەو دێیەم درێ ناوە، کوڕێکی ئێوە ســێ چوار ســاڵ پێش لە ١٩٧٨دا لەگەڵ کوڕەکەی من، ئەحمەد و چەند پێشــمەرگەی دیکەی یەکێتی نیشتمانی لە ناو دێ، بەریبەیــان جــاش و جەیش هاتنە ســەریان و شــەهیدیان کردن. زانیم مەبەســتی کاک خانەی موعینیە، گوتم؛ ئەدی مەیتەکانیان چیی لێ هات و ئێمــە هیچ لە مەیتی کاک خانە، کە ســەرکردەی ئێمــە بوو، نازانین؟! لەگەڵمــدا هاتە خوار و گوتی با بڕۆین. دوای کەوتم بەرەو گوڕســتانی ماوەت لە خوارەوە، چووینە ناو قەبرەکان و لەســەر قەبرێک وەســتا،

بەردێکی ڕەشـــی تەنک کێڵی بوو، بـــە خەتێکی خواروخێچی منداڵانە بە ڕەنگێکی سپی لەسەری نووسرابوو؛ «گۆڕی شەهیدێکی غەریبە»!

بە پەلە لە ترسی حکومەت و پیاوخراپان بەرەو ماڵان گەڕاینەوە. وا دیارە و بەگوێرەی ئەم زانیارییانەی دواتر لە مامۆســتا حوســێن برای شــەهید غەفور ژاژڵەیی و کاک شــوان برای شەهید عوسمانی عەریف مەجید دەســتم کەوت؛ مەفرەزەیەکی دە دوانزە کەســی بە فەرماندەیی شەهید ئەحمەد فەتحوڵا کە چەند ڕۆژێک بوو کاک خانە بە نەناسراوی (بــە ناوی قــادر) لەگەڵیــان کەوتبوو، تــا بیگەیەنن بە ســەرکردایەتیی یەکێتی، لە گوندی دڕی شــەو دەمێننەوە و بەیانی زوو جاش و جەیش دەوریــان دەدەن و لــە یەکــەم تەقەدا کاک خانە کە بــێ چەکیش دەبێ، شەهید دەکەن و چەند سەعاتێک شەڕ دەبێ. شەهیدان خانەی موعینی، ئەحمــە فەتحوڵا، عوســمان عەریف مەجیــد، فەریدوون حاجــی برایم، جەزا مســتەفا ماشانی و محەمەد حاجی عەلی سەراوی ماوەت شەهید دەبن و چوار پێشــمەرگەش بە دیل دەگیرێن. ئێوارە دوای کشــانەوەی جەیشــەکە دەنێرن مەیتی عوســمان عەریف مەجید بێننەوە بۆ ماوەت، بــە هۆی وێکچوونی لەگەڵ کاک خانەدا مەیتی خانە بە جێی عوســمان دێتەوە ماوەت، دایکی شەهید عوسمان دەڵێ ئەوە کوڕی من نییە. کاک خانە لە ماوەت دەنێژن و پێنج شــەهیدەکەی دی لە داروشەخســەکەی دڕی بە خاک دەسپێرن. لە خۆشیان کە گۆڕی کاک خانەم دۆزیوەتەوە، بــە پەلە ســەرکردایەتیی کۆمەڵەم ئاگادار کرد، کــە گۆڕی کاک خانەی موعینی لە قەبرســتانی ماوەتە، دواتر هەموو بەرپرس و پێشــمەرگەی کۆمەڵە دەهاتن و ئێســتاش گۆڕی کاک خانە لە ماوەت هەموو ســاڵێک لە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا جێژوانی هەموو ڕێبوارانی ڕێگەی ئەم شەهیدە مەزنەی کوردستانە.

دۆســتایەتیی مــن و فەتحوڵاغا و دووبارە دیتنــەوەی لەناو بازاڕی ســلێمانی هــەر بــەردەوام بــوو، لەگەڵ دوکتــۆر مەحمــودی کوڕی و کوڕەکانی دیکەشیدا هەر دۆست و ناسیاوی یەکین.

گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی

دوای کێشانەوەی هەموو ئەرزاق و کەلوپەلی تر دەبوو دەست بکەین بە ڕاگواستنی چەک و تەقەمەنی، چ لە باری قورسی و زۆریی حەجم و چ لە باری ئەمنیەوە، کارێکی ئاسان نەبوو بەو ڕێگە دوورودرێژەی ناو خاکی محەڕەمە چەک و فیشەک بدەینە دەستی ولاغدار، بەم کارە هەم گیانی ولاغدارەکانمان دەخستە مەترسی و هەمیش بارەکانیان. سەرکردایەتی بڕیاری دا هەر ناوچەیە بێت و خۆی بەشی خۆی بەرێ و خۆی بەرپرسی ڕاگواستنی بەشی خۆیان بن، چ بۆ کەرەسەی ڕاگواستن و چ بۆ ئەمنییەت.

هەر ڕۆژە ناوچەیەک بە دەیان پێشمەرگەوە پەیدا دەبوون، بە لیست و ژمارە بەشی خۆیانمان پێ دەدان و لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، هەموو مەخزەن بەتاڵ کران و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ بێژوێ. فرۆشتنی ئەرزاقەکە بە خەڵک و بازرگانەکان بە هێواشی دەچووە پێش و لە پاوێ هەر مابوونەوە. دڵنیام بەس نازانم چەندی، بەشێکی باش لە ئەرزاق و تەقەمەنییش درایە یەکێتی و مام جەلال، هەڵبەت دەبوو زۆر بە نهێنی بێت، سەدام زانیبای ئیتر ئەم خوانە بۆ کۆمەڵە نەک تەنیا نەدەما، بەڵکو تووشی غەزەبیشی دەبووین!

شەهیدی سەر سنوورە دەستکردەکان

بە درێژایی زستان و بەهاری ٦١-١٣٦٠ (١٩٨٢) ئەم دوو مەفرەزەیە بە سەرپەرشتیی وەستا عەولا و کۆمیتەی سێ کەسی یونس و من، زیاتر لە پێنج مانگ بۆ پەیوەندیی کۆمەڵە و دەوڵەتی عێراق بێ پشودان کارمان کرد و هاتوچۆی پڕوکێنەر لە وەیشوومەی زستان و کار لەگەڵ توێژێکی بڵاوی کاسب و ولاغدار و خەڵکی ئالاندا بوو بە ئەزموون و سەرمایەیەکی گرانبەهای ژیانم. هەموو پێشمەرگەکانی هەر دوو دەستە، یەک لە یەک ئازاتر و پیاوی تەنگانە و خۆشەویست و یەکدڵ و

یەکگیان بووین، هەرگیز هەستمان نەکرد کێ مەسئوول و کێ بەرپرسە، وەستا عەولای ڕەبەت، شەهید خالد فەرهادزادە کە زۆر بەداخەوە، ساڵێک دواتر لە بیستوشەشی مانگی گوڵانی ١٣٦٢ (١٦-٥-١٩٨٣)دا هەر لە هەمان جێ و مەودایەک سەرتر لە خوار گوندی تییەت لە ئالان، لەو سیمەی دوو سنووری دەستکردی بەیەکەوە گرێ دەدایەوە، کەوتە خوار بەسەر گاشەبەردەکانی چۆمی کەڵوێدا و گیانی بۆ ڕێبازی بەرز و پیرۆزی بەخت کرد. یەک لە مرۆڤە پاک و بێدەعییەکان بوو، هەرگیز لە یاد و بیرەوەرییەکانمدا ون نابێت.

بەروبوومی حزب بۆ برای سکرتێر

لەو ماوەیەدا کە پەیوەندیی کۆمەڵە و دەوڵەتی عێراق ڕێک خرا، هەر لە دەسپێکدا، پێش ئەوەی هیچ یارمەتییەکی چەک و ئەرزاق بگاتە لای ئێمە، دوو لە براکانی کاک عەبدوڵلا، محەمەد و عومەر موهتەدی بە عێراقدا بەرێکران بۆ سوید و دەتوانم بڵێم یەکەم بەروبوومی ئەم پەیوەندییە بەر براکانی سکرتێری کۆمەڵە کەوت.

تەشکیلاتی نوێنەرایەتی لەگەڵ عێراقدا

دوای گواستنەوەی ئەم کاروانە قورسە و ئەزمونی پەیوەندی بە دەوڵەتێکی بێگانە و داگیرکەری کوردستان، ناوەندی بە تایبەت داوای لە من و یونس کرد لە تەشکیلاتی نوێنەرایەتی لەگەڵ عێراقدا بمێنینەوە و درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕیمان لەم بوارەدا بدەین. وەستا عەولا مایەوە و بە زوویی مەقەڕی کۆمەڵەیان لە سلێمانی کردەوە و کەیان فەرزادیان هێنا بۆ ئەوەی لەگەڵ وەستا عەولا بەرپرسی مەیدانیی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵە بن. لە بێژوێ ئەو چەند پێشمەرگەیەی ناوچەی مەهاباد، یونس، بەهمەن، من و دووی دیکە کۆبووینەوە، داوای سەرکردایەتی، کە لێرە بین و درێژە بدەین بەم کارەمان باس کرد، هیچمان ڕازی نەبووین، پێمان وا بوو بە مانەوە

لــه ســلێمانی و کار لەگەڵ پەیوەندییەکانی عێـراق و کۆمەڵەدا لە ژیانی پێشــمەرگایەتی و شۆڕشــگێڕیمان دوور دەخاتــەوە. دوکتۆر جەعفەر هــات بۆ بێژوێ و زۆر بە تونــدی گوتی، دەبێ ئێوە بە تایبەت بەهمەن و یونــس و مــن لێرە بمێنینەوە، هەرســێکمان زۆر بە ڕاشــکاوی و بە بڕیار گوتمان، مومکین نییە لەم ئۆرگانەدا کار بکەین و ئێمە حەزمان لە پێشــمەرگەی سەنگەرە و دەگەڕێینەوە ناوچەی مەهاباد و ئەوان زۆرتر پێویستیان بە ئێمەیە، لێرە دەیان کەس بە مەمنوونی ئامادەن کار بکەن، بە تایبەت لەمەودا قەرارە بچنە ناو شــار و ئیدارەی مەقەڕی ســلێمانی بدەن. زۆری هێنا و برد هیچ فایدەی نەبوو، ئێمە هەر پێنج پێشمەرگەی ناوچــەی مەهابــاد بــە تووڕەیی و بە پێیــان لە شــاخی هۆملمان دا و بــە گیرفانی بەتاڵ خۆمان گەیاندە جادەی سەردەشــت و لەوێشــڕا بۆ حاجیالیکەنــد و ناوچــەی مەهابــاد. نازانم بۆ، بەڵام هەموو هەســتمان دەکرد بارێکی قورس لەســەر شــانمان لاچوو، هەست و چاوشۆڕی لە ئاست هاونیشتمانییەکانی باشــوور، مەبادا بە خەیاڵیاندا بێت هاوکاری جەللادەکانیانین، هەموو ساتێک ئازاریان دەدام!

٣٣

گواستنەوەی ئەقڵی فارسی

بە گەیشتنەوەمان بۆ ناوچەی مەهاباد و دیداری ئازیزانی گیانیبەگیانی لە لایەک و لایەنگرانی «بینشـی نوێ» و خەتی مەنسـوور حیکمەت و دژە پۆپۆلیزم لە لایەکی دی، بوو بە هەوێن و سـەرەتای ژیانێکی دیکە لـە خەباتـی ناو کۆمەڵەمان. لـەو ماوەیەدا کـە دوور بووین لە ناوچە، کۆمەڵێـک گۆڕانکاری ڕوویـان دابوو، لەژێر نـاوی بەگژداچوونەوەی پۆپۆلیزم و بەباوبوونی ڕوانگەگەلی مەنسوور حیکمەت و جەماعەتەکەی، کۆمەڵێک لە هاوڕێیانمان کە باشـمان دەناسـین و ئەوانەی بە درێژایی پێشـمەرگایەتی تەقە لە هەر کوێ بایە، ئەوان لەوێ نەبوون و مەنگوڕ گوتەنی: «لە ترسـی گێرە بووبوونە وشتر»، مەیداندار و دەم لە پێشی ناوچە بوون.

دوای یەکەم کۆنگرە بە بەشـداریی تەنیا دە کەس لە ئاخری پاییزی ١٩٧٨دا، ئێسـتا ئیتر کۆمەڵە لە ڕێکخراوێکی بچووک و داخراوی چەند ڕۆشنبیری کوڕە دەوڵەمەند و بۆرژوا و دەرەبەگ، کۆنگرەی دووی بە زیاتر لە پەنجا شەسـت ئەندام گرتبوو، خاوەنی هەزاران پێشـمەرگە و هەوادار و لایەنگری شار و لادێ بوو، ناوچەگەلی ئازاد و ژێردەسەڵاتی خۆی هەبوو، بەشـداریی لە وتووێژی میری کردبوو، سـەدان شـەڕی خوێناویی لەگەڵ حکومەت و ململانێ لەگەڵ گەورەترین هێزی چەکداری کوردستاندا واتا حیزبی دێموکراتی تێپەڕاندبوو. وای لێ هاتبوو لەگەڵ دەوڵەتێکـی گـەورە و نەیاری ئێران وەک عێـراق، پەیوەندیی هەبێت و هەمـوو لایەنەکان حیسـێبی بۆ بکەن. ئـەم ئاڵوگۆڕییـە گەورەیە هەر هەمووی لە ماوەیەکی کورتی تەنیا سێ ساڵیدا هاتبووە سەر کارنامەی کۆمەڵە و سروشتی بوو ئەو هەمووە گەورە بوونەوە و دەسەڵاتە بەم

چەند کەســەی بەشدار و سەرکردایەتیی یەکەم کۆنگرە هەزم نەدەکرا، ئــەوەی لە ئاخر ڕۆژەکانی پاییزی ١٩٧٨دا بە خەونی شــەوانی ئەم دە کەســەدا نەدەهــات، زۆر زیاتــر و بگــرە بە پانەوە دێوی دەســەڵات و لەخۆبایبوونیان بینی لە بن ڕێسمەی دەرگاکەیان تخێڵ بووبوو.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، کە لە ماوەیەکی سێ ساڵیدا لە کوێرا هاتوونەتە کوێ، کەڵکەڵەی ڕابەری و خولیای گەورەی بوون، چیتر بەم ســنوورە بەرتەســکانەی کوردســتان و یــەک دوو شــار و ناوچــەی ڕۆژهەڵات دانەدەمرکا و لەناکاو، بای بڵیندایی سەر و دڵی گرتن و خەونی ڕابەری هەموو ئێران بە سەرکردایەتیی حیزبێکی تەواو کۆمۆنیستی دەستکردی خۆیــان، کەوتــە ڕۆژەڤیــان. بۆ ئەم حــەز و خولیایەش بــە دڵنیاییەوە پێویستیان بە کەرەستە و ئامراز و خوێنی جیاواز و تەنانەت عەقڵییەتی فارسی و ئێرانی بوو.

ئــەوان، ســەرکردایەتیی ئەوکاتــی کۆمەڵە بۆ ئــەم زڕەخەونە، زۆر شــتیان هەبوو، هێزی پاڵەوانی پێشــمەرگە، ناوچەی ئازاد، پول و پارە، عیلاقــات و ئیعــلام، خەڵکــی زۆر و پڕ لــە عەتف و لایەنگری شــار و گونــدەکان، بــە کورتی لــە هیچیان کەم نەبــوو. بە خەیاڵــی خۆیان بۆ ڕابەریی گشــت ئێران، تەنیا نەبوونی عەقڵی فارســییان لا حەســرەت و عوقدە بوو. ئەم کەمایەســییەش بە مەنســوور حیکمەت و ژن و برا و خزمەکانــی پڕ دەبــووەوە. بە پەلە ئەم کارەش کــرا و دوو مەفرەزەی گیانلەسەردەســتی کۆمەڵە، لە شــنۆ و شــارویرانەوە بە چلەی زستان و بەفرێکی زۆری موکریان بە کۆڵیان، عەقڵی فارســییان گواســتەوە بۆ ناوەندیی کۆمەڵە. ئیتر وردەوردە ئامراز و کەرەســە و پێشــبڕەکانی[1] ڕابــەری هەمــوو ئێران لــە لادێیەکی چەنــد ماڵیی مێشــکەپە لە ئالانی سەردەشتەوە، بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئامادە دەبوو.

دەنگــۆی هاتنەگۆڕینــی عەقڵییەتی سیاســی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە زۆر زوو هەموو لەشولاری ڕێکخراوەیی گرتەوە. سەیروسەمەرە ئەوە

١- پێشبڕ، بەرایی، پێشەکی، موقەدەمە.

بــوو کۆمەڵــە خەڵکێک زۆر بە پەلە و بە گەرمی بەرەوپیری ئەم تیۆری و ڕوانگەیــە کڵپەیــان ســتاندبوو. زۆربەیان ورەنــزم و نەخوێندەواری نــاو چینوتوێژەکانــی پێشــمەرگەی کۆمەڵە بــوون. مەبەســتم ئەوەیە بڵێــم زۆر بــوون ئەوانەی لە فورســەتێکی وا زێڕین دەگەڕان زەعف و کەموکوڕییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتییان بە شتێک پڕ بکەنەوە و لە پشت دیواری کۆمۆنیســت و ڕوانگەی نوێی کۆمەڵە نە تەنیا خۆیان حەشــار بــدەن، بەڵکو ببنە هێرشــکەری فکری و تۆڵەســەندنەوە لە هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی بە ورەبەرزی و ئازایەتیی شۆڕشگێڕانەیان ناو و ناوبانگی باشیان بۆ خۆیان چێ کردبوو، لەمێژ بوو بە حەسرەت بوون وەک ئــەوان بوونایە. لە لایەکی دییەوە زۆر بوون ئەو پێشــمەرگانەی شــەو و ڕۆژ لە خزمەت ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پێشــمەرگایەتیدا بوون، لە هێرش بۆ سەر مۆلگەکان، مەفرەزەکردنی ناوشار، کەمیندەرکردن و شەڕی دەستەویەخە و بەدەمەوەچووی خەڵکی لادێ و هەژارەوە بوون و هیچ بە لایانەوە گرنگ نەبوو موزایدەکردن و خۆهەڵاوەســین بە فکر و ڕوانگەی فڵان ســەرکردە و فڵان تازەهاتووی سەهەندی و ئیتحادی موباریزان و تیۆریســییەنەکانی حیزبی کۆمۆنیستیی لە تارانەوە هاتوو. ئــەوان پاک و بێڕیا و منەت، ئەرکی شۆڕشــگێڕی خۆیــان ڕادەپەڕاند. ئێســتا دوای زیاتر لە ســی ســاڵ کە ئــەم دێڕانە دەنووســم، زۆربەی ئــەم پاڵەوانانە لە حەیاتــدا نەماون و لە ڕێگەی ئازادیی کوردســتان و پەرەســەندنی هەژمۆنــی ئەوکاتی کۆمەڵەدا شــەهید بــوون و پێیان وا نەبــوو ئەوانەی لە تارانەوە هاتن بە گێلەپیاویی ئەوانەی خۆمان، دەبنە خاوەنــی کۆمەڵە و بە ناوی «ناســیۆنالیزمی پیســی کــوردی» هەموو خەبــات و ڕابــردوو، تەنانەت خوێنیشــیان دەســڕنەوە، بێگانــە دەبێتە خاوەن ماڵ و لەوپەڕی بێشەرمیدا دەفەرموون: «ناسیۆنالیستەکان، کە لە دەرگاوە دەریان دەکەین بە پەنجەرەدا دێنەوە ژوور و لە پەنجەرەوە فڕێیان دەدەین بە دەرگادا خۆی پێدا دەکەنەوە»!

دەستپێکی تەکەتول لەناو کۆمەڵەدا

دوای سێ چوار ڕۆژ لە هاتنەوەمان بۆ ناوچەی مەهاباد و حاجیاڵیکەند و بیستنی قسە و باسان، بۆ یەکەم جار لەناو کۆمەڵەدا هەستم بە جەناح و تەکەتـول و دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانمانــدا دەکرد، ئەو هاوڕێیانەی لە ســەردەمێکدا هەموویان گیانێک بوون لە چەند جەستەدا، ئەوە ئێستا خەریکــی زەمکردن و یەکتر تاوانبار دەکەن بە پۆپۆلیزم و دواکەوتوو، تەنانەت پایگاه فرۆشــتن! تێنەدەگەیشــتم بــە ماوەیەکی وا کورت چۆن دەکرێــت ئەدەبیاتی خۆشەویســتی و هاوڕێیەتی و فیــداکاری بۆ یەک، جێگۆڕکێــی کردبێت بە ئەدەبیات و زمانــی زبر و ڕق و تاوانبارکردنی یەک؟!

ئێمــە ئاگامــان لە خۆمان نەبــوو، تومەز هەموو چاویــان لە ئێمەیە بزانــن ســەر بە کام بــاڵ و بەرەین و بــە لای کێدا دەکەویــن. لەولا و ئەملا، لە دوکانی حوســێنی کوێخا ســمایل و لە مەقەڕ، گوێمان لە تانە و قســەگەلی وەک؛ ســەردەمیان بەســەرچوو، ناســیۆنالیزمان ناشت، پۆپۆلیستەکان جێیان نابێتەوە لەناو کۆمەڵە و... دەبوو. هەزاران قسە و قســەڵۆکی منداڵانە و بێبنچینە و خاو، بووبوو بە ئەدەبیاتی بەشــێک لە پێشمەرگەکان و تەنانەت نووسینیشیان.

کاتێک بۆ یەکەم جار بیستم و دیتم سەید ئەندامی ناوەندیی کۆمەڵە و بەرپرســی ناوچــەی مەهاباد، لە لای من و چەند کەســی دیکە، باس و غەیبەتــی ئەندامێکی تری ناوەنــدی و بێئاوەزی و کەموکووڕییەکانی دەکرد، بە واتای وشــە خەریک بوو ئەســتووندەکی هەر هەموو هیوا و خەونەکانم تێک دەڕما و دەشــکا. ئاخر کاڵفامی و خراپ تێگەیشــتنمان لــە حیــزب وای کردبــوو پێمان وا بێــت حیزب هەرگیز خەتــا ناکات و شەرتی وەفاداری و خزمەت ئەوەیە بە هیچ کلۆجێک ڕێگە بە ڕەخنە لە حیــزب نەدەین، حیزب لای ئێمە لە نیشــتمان و خاک و وڵات و نەتەوە گەورەتــر بــوو، پێمان وا بوو گەر حیزب نەبێــت، هەڵبەت ئەویش تەنیا حیزبەکــەی من، ئەوە ئیتر هەموو هیوا و خەونەکان دادەڕمێن. ئێمە بە

گشتی، تەنیا سەرباز و خزمەتکاری حیزب نەبووین، بەڵکو دەروێشێکی بێمێشک و ڕۆبۆتئاسا بووین کە هەر هەموو چەمکەکانی ئازادی، ڕزگاری، نیشتمان، نەتەوە و تەنانەت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشمان لە حیزبدا دەدیت.

بازرگانی کەشتییەکی شکاو

دووبەرەکی و تەکەتولاتی دوای کۆنگرەی دوو، دەنگۆی تیۆرییەکانی مەنسوور حیکمەت و جەماعەتەکەی، بەرۆکی کۆمەڵەی گرتبوو، خەریک بوو نیشانەکانی دەردەکەوتن و لە هەموو بوارەکانی ژیان و بەردەوامی گەشەی ڕێکخراوێکی خنجیلانەی کوردیی وەک کۆمەڵەی دادەوەشاند و لە بەریەکی هەڵدەوەشاند. گرنگترین چەمک و شەرتی کاری سیاسی واتا متمانە و سەرڕاستی و پاکی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک و ئەندامانـدا، خەریک بوون لە دەریای چەواشەکاری، خۆبەزلزانی و تەماح و خۆلەبیرچوونەوە نوقم دەبوو. لە هەڵسەنگاندنییەکی سانا و پێداچوونەوەم بۆ ماوەی خزمەت و پێشمەرگایەتیم لەناو کۆمەڵە، خۆم وەک «بازرگانێکی کەشتیی شکستە» دەهاتە بەر چاو و نائومێدی و بێهیوایی، سەراپای دەروونی گرتبووم. خەریک بوو لەناو خۆم دادەوەشام و دەڕووخام و شەشدەرەکانی هیوا و ئاواتی دواڕۆژم یەک بەدوای یەکدا لێ دەگیران.

هەر من باشم بۆ بەڕێوەبەری ناوچە

کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی تازەی دانا بوو بۆ ناوچەی مەهاباد، کاک موحسین ڕەحیمی و سەید خالید سیادەت وەک بەرپرس و ئەندامی کۆمیتەی ناوچە، خەڵکی نەغەدە و بۆکان بوون. کۆمەڵێک کادری تری نیزامی و سیاسییش لە ناوچەکانی سنە و ڕەبەت و سەردەشت هاتبوونە ناوچەی مەهاباد، کاربەدەست و مەسئوول بوون. سەید ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوچەی مەهاباد لە هەوەڵەوە،

بەم بڕیارە ڕازی نەبوو، بە بیانووی نەخۆشــی لە ماڵێک لە حاجیالکەند کەوتبــوو، بــە هەموو توانایەوە و بــە یارمەتیی ئێمە کۆنە پێشــمەرگە ناســراوەکانی ناوچە وەک ڕەحیــم قادری، کەمال وەلیانــی، پیرەهەڵۆ، یونس پاڵەوانی، ســیامەند، ڕەحیم بابەتاهیری، کەریم ئەفسەر، ئەحمەد خاکی و زۆری ترمان، خەریکی بانگەشــە و لێدان بوو لە موحســین و دەرپەڕاندنــی لە ناوچــە. ئێمە دەچووینە لای و قســەی بۆ دەکردین و دەیگوت، ئەوانە ناتوانن ناوچە بەڕێوەبەرن و کەسایەتییەکانی ناوچە و پێشــمەرگە کۆنەکان ناناســن و قابیلی ئەوە نین بێنە جێی من، هەر من باشم بۆ بەڕێوەبەری ناوچە و ئێوە نابێت لە ناوەندیی قبووڵ بکەن بەم ئاڵوگۆڕییە. لە مەخزەنی چەک و تەقەمەنی، کە پیرەهەڵۆ بەرپرسی بوو ڕۆژانە و شــەوانە ئێمە دەســتەیەک بووین و بەیەکەوە قسەمان دەکرد و بەرنامەمان دادەنا بۆ مانەوەی سەید و دەرکردنی موحسین و سەید خالیـد. ئیتــر بە ئاشــکرا و ئاوەڵەیی بە ئێمە دەگوتــرا ڕوانگەی کۆن و پۆپۆلیستەکان و باڵی نیزامی و لایەنگرانی سەید و ڕزگار. بەوانی دیش بە موحسین و سەید خالید و لایەنگرانیان دەگوترا «بینشی نویٚ»!

٣٤

دووبەرەکی ڕۆچووە ناو ژیانی پێشمەرگە

دووبەرەکیی ئەم دوو باڵە، کاری کردبووە ســەر هەموو بوارەکانی ژیــان و پێشــمەرگایەتی، چالاکیــی نیزامــی کەم بووبووەوە، ســەفا و خۆشەویســتیی نــاو ڕیزی پێشــمەرگەکان جێی خۆی دابــوو بە ئیهانە و بوختانپێکــردن و یەکتــر خەتابارکردن. جاران دایکە پێشــمەرگەیەک کە ســەردانی کوڕەکەی دەکرد و دیاری و خواردن و پولی دێنا، کەس نەیدەشــاردەوە و هەر لە جێوە هــەر هەموو دابەش دەکرا و بەیەکەوە دەخــورا، دیــم دایکــە پێشــمەرگە دێ و نایهێننە مەقەڕ و لــە ماڵێک لە دێ کوڕەکــەی تەنیــا ئەوانــە دەباتە لای بۆ نان و شــیرینیخواردن، کە لــە باڵەکــەی خۆی نزیکن و بە شــاراوەیی دەیانگوزەراند. خەریک بوو دیاردەی مەشــرووبخواردنەوە و دڵداری و چاوبڕکێنە سەری هەڵدەدا، زۆربــە دەفکری ژنهێناندا بوون، جاران پێشــمەرگە گرووی دەگرت بۆ ئــەوەی بچێــت بۆ چالاکی نیزامی، ئێســتا هەن خۆیــان دەدزنەوە و تا بۆیان بکرێت ناچن و خۆ لەشەڕ نادەن.

چالاکیی هەڕەمەکی

ناکۆکی و قەڵشــتی نێوان ڕیزەکانمان لە ناوچەی مەهاباد، دەنگۆی بەرز بووبــووەوە و تەنانەت خەڵکی حاجیاڵیکەند و هەوادارەکان پێیان زانیبوو. لە لایەک ســەید بەبێ ئەوەی ئیشــی ڕەسمیی هەبێت و دەبوو بگەڕابــاوە بــۆ ناوەنــدی، بە بیانووی نەخۆشــی لەگــەڵ ژن و منداڵی، لــە ماڵێــک بوو تەنیا چەنــد هەنگاو لە مەقــەڕی ناوچــە دوور بوو، لە لایەکی دیکەوە کۆمیتەی ناوچە بە ئەندامێتیی موحســین و سەید خالید و ڕزگار هەبــوو، هەڵبــەت ڕزگار بە باڵی ســەید دادەنرا، بەڵام هێشــتا

بەرپرســی نیزامی بوو لە کۆمیتەی ناوچە. ســەید ئۆقرە و هەدادانی لێ بڕابوو کە دەیدیت ناوەندی ســوورە لەســەر گۆڕینی و شەرعییەت بە کۆمیتــە ناوچەی تازە درابوو. تەنانەت بە بوختان و قســەی ناخۆش و دژایەتیکردنی موحســین بە ئاشــکرا و بێ پەردە، ســەید وای لە ئێمە و لایەنگرانی خۆی کردبوو، کاروباری ناوچەمان پەک خستبوو. هەرچەند دوای هاتنەوەمــان لــە ئــالان، بە کاتــی و لە ڕووی بێــکاری کرابوومە بەرپرســی مەقەڕی ناوچــە، بەڵام بە کردەوە زۆربەمــان بەبێ ئیش و بەرپرسیارەتی بووین. زۆربەی چالاکییە نیزامییەکان بەبێ بەرنامە و لە گۆترە دەچوون بەڕێوە، بــۆ نموونە، ماوەیەک بوو هیچمان نەکردبوو، محەمەد حەســەنخاڵی نەقاش و وێنەگر و فیلمبەردار دوای هاتنەدەر و قاچاغبوونی، زۆربەی کاتەکان لە لای پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو، ماڵ و باروبنەی وێنەکێشی و فیلمی لە حاجیاڵیکەند بوو، زۆر جار دەیگوت، کە چوون بۆ چالاکی دێم، دەبێت بمبەن و فیلمبەرداری دەکەم. پایگایەک تازە کرابووەوە لە دێی بەردەڕەشــانی سەر جادەی مياندواو-مەهاباد. نیوەڕۆ بوو لە حەوشــەی مەقەڕ لەگەڵ شــەریف و کەریمدا بەیەکەوە قســەمان دەکرد، گوتمــان با بچین و بە تۆپی ١٠٦ لــەم پایگایە بدەین. چووین بە دوای محەمەد، کاک سەدیق شێخانی مامۆستای دەرکراو و هەڵاتوو لە شــار، فاروق بللوری بە نەخۆشــی، لەوێ بوون، کە زانییان دەچین بۆ کارێکی وا هەموو هاتن. ســواری جیب بووین و نزیک پایگا و جــادەی مەهابــاد بووینەوە، زۆر زوو بوو خۆر لە ئاســمان بوو، لە ســەر زینوێ عەولاباد تۆپمان دابەســت و دوو تۆپمان پێوە نا، مەمەد فیلمبەرداری دەکرد، نەمانزانی وەکوێ کەوتن، هێشــتا تۆپی ســێهەمان پێوە نەنابوون هەر ئەوەندەمان زانی ئەم شاخ و کێو و باخانە یەکسەر بوون بە ئاگر، وەک تەرزە هاوەن و تۆپبارانیان کردین، لە بەردەڕشان، لــە گوێکتەپــە بە ســەدان هاوەنیان تێگرتیــن و بە قەناســە لێیان داین، لەگەڵ کەریم و شــەریف هەرچۆنێک بێ تۆپ و جیبەکەمان ڕزگار کرد و لەســەر جادەکە پەنامان بردە بن پرد و باخەکانی دێی ترشــەکان. بە

کوردی و کورتی حەشرێکیان پێ کردین «با بە دەواری شڕ و سەرما بـە هەتیوی نەکردبوو». ئێـوارە داهات و وردەوردە تەقە کەم بووەوە، فاروق و مەمەد و سـەدیق دیار نەبوون، گەڕاین بە ناو باخەکاندا هیچ فایدەی نەبوو، لەناکاو لەناو چاڵاوی باخی سـەرجادە دەنگێک هات، کە چووینە پێش هەرسێک لەناو چاڵاوەکە و بە پلیکانی شیشی ئارماتۆڕی دەوری کۆنکریتـی چاڵاوەکە خۆیان هەڵاوەسـیبوو و پەنایان گرتبوو. هاتنە دەر و گەڕاینەوە بەبێ دەستکەوت و زەرەر و بریندار!

کۆمەڵە غەدر لە مهابادیان دەکات!

کێشە و ململانێی سەید، گەیشتە ئەوەی چەند جار کۆمیتەی ناوەندی هاتـن بـۆ ناوچە و لەگـەڵ هەموومانـدا بە جیـا کۆبوونەوە. شـوعێب زەکەریایی، حەمەسـوور و دوکتـۆر جەعفەر لە هاتوچۆ و کۆبوونەوەدا بـوون لەگـەڵ هەر هەمـوو تەشـکیلاتی مەهاباد، ئێمە ئەو چەند کەسـە هەموو هێلکەکانمان لە سـەبەتەی سـەید نابوون، بە توندی بەرگرییمان لێ دەکرد و دەمانگوت موحسین و سەید خالید بۆ دەبێ بێن بۆ ناوچەی مەهابـاد، کـە بۆخۆی دەیان کادری سیاسـی و نیزامیـی هەیە؟! نابێ لە دەرەوەڕا بەرپرس بۆ ئێمە بێنن، هەستێک هەبوو، کە کۆمەڵە وەک خۆی چاو لە ناوچەی مەهاباد ناکات و زۆری بڕوا بە کادر و ئەندامەکانی نییە، ڕەنگە ئەمە لەوەڕا پەیدا بوو بێت بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە، کە زۆربەیان خەڵکی سـنە و بۆکان و لەژێر هەژموونی بیرێکی توندی سەرتاسـەری و بێـزار لـە ناسـیۆنالیزمی کوردی بـوون. لە کۆنـەوە مەهاباد مەکۆی دێموکرات و ناسیۆنالیزمی کوردی بووە و ئێمە لە نیهایەتدا، نابینە ماڵێکی باش بۆ کۆمەڵە و ئەندێشـەی کۆمۆنیسـتی سەرتاسەری و فیداکاران و ڕێبوارانـی کرێـکاران و مارکسیسـتی تۆخمان لێ پەیـدا نابێت. هەڵبەت ڕەنگـە ئـەم بۆچوونانەم ڕوانگەی ئێسـتام بێت و ئـەوکات وا بە قووڵی بیرمان لەم شتانە نەکردبێتەوە، بەڵام بە دەیان نموونە هەن کە بۆچی لە کۆنگرەی یەک و دەستپێکی ژیانی سیاسی و نیزامیی کۆمەڵەدا، هەرچەند

مەهاباد شـــار و مەکۆی ڕووداوەکانی سیاسی و سەرکردەکانی کۆمەڵە و ئەحزابـــی تریـــش بوو، کـــچ و کوڕگەلێکی باش و پێگەیشـــتووش زۆر فیداکارانە و بێسنوور لە خەڵکی سابڵاغ و ناوچەکە لە خزمەت کۆمەڵەدا بوون، کەچی هەر نەمدیت بەرپرســـیارەتیی ڕاســـتەقینەیان پێ بدرێت و جێی متمانەی ســـەرکردایەتی بن. بە دەیان کەســـی بنەماڵە و ناســـراوی وەک؛ کەریم دانشـــیار، خورەمێکان بە کوڕ و کچانیان، سیامەند موعینی، خەلیل بللوریان، حوسێن ســـوهەیلی، سولەیمان بللوری، کەمال وەلیانی، ڕەحیم قادری، سولەیمان ڕەحیمی، ڕەحمان زاهیدی و زۆر زۆری دی کە ماون، یان شەهید بوون، لە ترۆپکی ئازایەتی و بڕوا بە ڕێبازی کۆمەڵەدا بوون و گیانیان بۆ ئەم ڕێیە بەخت کرد، کەچی ڕێوشـــوێنێکی ئەوتۆیان لە بەرپرسیارەتی و حیسێبۆکردن نەبوو. حوسێن سوهەیلی، لە زەمانی شـــادا موهەندیســـی مەعدەن بوو، دەوڵەمەند و لە بنەماڵە ناســـراوەکانی شـــاری مەهابـــاد بوو، خەلیـــل بللوریان یەک لە بلیمەتەکانی زەمانی شـــا و قارەمانـــی زیندان بوو، ڕەحیم قادری مامۆســـتایەکی خۆشەویســـت و ناســـراوی شـــار و لادێ بوو، هەمـــوو ئەوانی تریش، کەچـــی دوای ئەو هەموو فیداکاری و شەهیدبوونیشـــیان ئەندامێتییان هەر پێ ڕەوا نەدیتن. سولەیمان بللوری خەڵک پێی وا بوو یەک لە ئەندامەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەیـــە و هەموو بنەماڵەکەی لە خزمەتی کۆمەڵەدا بوون، کە شـــەهید بـــوو لە «خەبەرنامـــە»[1] نووســـرابوو «هەواداری کۆمەڵـــە»، خەلیل لە کۆمەڵە دەرکرا. زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە و شەهیدانی سەنگەر و ئیعدامکراوی تەشکیلاتی شار هەتاساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣)یش بە هەواداری یان بەرئەندامی لە ئیعلام و خەبەرنامەی کۆمەڵە ناویان هاتووە و یادیان کراوەتـــەوە. کچانی کۆمەڵـــەی ناوچەی مەهاباد حاڵیـــان لەوەش خراپتر بوو، هەمیشـــە کچێکی ناشـــارەزا و غەریبی ســـنەیی و ســـەقزیان دێنا و دەیانکردە بەرپرســـی ڕێکخراوی کچانی مەهابـــاد، لە بەرامبەردا هەرگیز

١- خبرنامە، بڵاوکراوەیەکی ڕەســـمیی کۆمەڵە بوو، چالاکی و هەواڵەکانی ڕۆژانەی پێشمەرگە و کۆمەڵەی تێدا بڵاو دەکرایەوە.

نەماندیـت کوڕێـک یان کچێکـی مەهاباد بکرێتە بەرپرسـی ئۆرگانێک لە ناوچەیەکـی دیکە. من بڕوام بە ناوچەگەری و شارپەرسـتی نییە، بەڵام بڕوام بەوەیە دەبێت خەڵکی شـیاو و خۆجێیی و ئاشـنا بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی کۆمەڵگەیەک بەرپرسیارەتیی پێ بدرێت، نەک ئەوەی بۆی هاوردە بکەیت. ڕاستە سەید برایم عەلیزادە هەر لە سەرەتاوە، کارەکتەری بەرچاو و بەدەسەڵاتی ناوەندی کۆمەڵە بووە، بەڵام هەموو دەزانین کاک سەید برایم موڵکی ناوچەی مەهاباد نەبوو و زۆرتر لە سیسێر و ڕەبەت بوو لە دەسپێکدا و دواتر لە سەرکردایەتی بوو بە کەسایەتییەکی کاریزما و بەرچاو، هەرچەند ئەویش لە کۆنەوە و بە ئێستاشەوە لەناو کۆمەڵە و باڵی کۆمۆنیستی کرێکاری، بە ناسیۆنالیست تاوانباری دەکەن.

قسەکانی دکتۆر جەعفەر ڕایانچڵەکاندم

ئێواریەک کاک شـوعێب و حەمەسـوور، هاتن بـۆ مەقەڕی ناوچە، گوتیان دەچین بۆ سـەردانی سـەید، لەگەڵیاندا چووم و زۆریان قسـە کرد و نەسـیحەتی سـەیدیان دەکرد دەسـت هەڵگرێـت و بچێتەوە بۆ ناوەنـدی، سـەید لە جێدا بـوو و هیچ ئەم قسـە و وریاکردنەوانەی کە بۆنی هەڕەشەشـیان لێ دەهـات، بە دڵ نەبوو. بوو بـە دەنگەدەنگیان، شـەو کە هاتینەوە بۆ مەقەڕ، کاک شـوعێب زۆر بـە ئارامی پێی گوتم دیفاع مەکەن لە سـەید. چەند ڕۆژ دواتر دوکتور جەعفەر هات و گوتی سەید دەبەمەوە بۆ ناوەندی، لەسەر قسە و تەحریکی سەید زۆر پێمان داگرت و زۆر بە توندی قسـەمان لەگەڵ دوکتۆردا کرد، کە بەرپرسـی دیمان قبووڵ نییە و دەبێت کەسـێک دابنێن لە خۆمان بێ و ئێمە وەک خۆمان بناسـێت و بتوانین بەیەکـەوە کار بکەین. ڕۆژی دواتر دوکتور لەسەر چوونەوە بوو، بانگی کردم بۆ حەوشەکەی مەقەڕ و زۆر خۆمانە گوتی، تکایە بەرگری لە سـەید مەکەن، ناتوانم ئێسـتا زۆر قسـە بکەم، بـەڵام بە زوویی زۆر شـتتان بـۆ ڕوون دەبێتەوە و لـە بەرگریکردنی ئەم پیاوە، پەشـیمان دەبنەوە. من بە تایبەت بۆ تۆ زۆرم پێ ناخۆشـە،

تکایه لەگەڵ هاوڕێیانی تریشــدا قســە بکە و لێگەڕێن با ئەم چەند ڕۆژە ناوەندی کاری خۆی بکات. هەر ئەوەندە بزانە سەید زۆر پاک و ساغڵەم نییە! ئەم قســانە لە زاری یەکــی وەک دوکتۆر کە یەکجار زۆرم خۆش دەویســت و متمانەی تەواوم پێی بوو، ڕایچڵەکاندم و باوەڕم نەدەکرد چــم گــوێ لێ دەبوو. وەعدی لــێ وەرگرتم جــارێ هەموومان بێدەنگ بین تا چەند ڕۆژان و ئەوان ســەید دەبەنەوە بۆ ســەرکردایەتی. دەبوو ئێمەش مانەوەی موحســین و سەید خالید قبووڵ بکەین. لە ژوورەکەی پیرەهەڵــۆ کۆبوونەوەمــان کــرد و زۆربەمان لەوێ بووین، قســەکانی دوکتــۆرم بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش پێیان ســەیر بوو، گوتمان با بزانین و چاوەڕێی دوکتۆر دەکەین و جارێ با کاردانەوەمان نەبێت.

بە تۆمەتی بێئەخلاقیی سێکسییەوە گیرا

چەند ڕۆژ دواتر دەســتەیەک لە پێشــمەرگەکانی پاراستنی ناوەندی جێگۆڕکێیان پێ کرابوو، بەیانی زۆر زوو گەیشــتنەوە مەقەڕی ناوچە. کوڕێکیــان تێــدا بــوو زۆر بەهاتوهاوار و فشــەکەر ناوبانگــی هەبوو، زۆربەی پێشــمەرگەکان هێشتا لە خەو هەڵنەستابوون، وەژوور کەوت و بە دەنگی بڵێند گوتی: «هەســتن، هەســتن، بۆ نوستوون، سەید گیرا، ســەید گیرا! کارەســاتی لێ قەوماوە، کچەکانی هەموو خراپ کردووە، هەر خەریکی ســێکس و ڕابواردن بووە، لەگەڵ کێ نوســتووە و لەگەڵ کــێ چیی کــردووە و براژنــی خۆی هەمــووی دیوە و... لــە بۆکان بە بیانــووی عیــلاج و زەخمی مەعیدە هەر گۆشــتی برژاوی خواردووە و لەگەڵ ئەم کچانە کەیفی کردووە و...»

چووم گوتم ئەوە چییە ئەو قســە قۆڕانەت لە چییە؟! گوتی بەخوا و بە پێغەمبەر خۆم ئەوشــۆ لە گوندی ســلامەت لە بارەگای ناوەندی بە چاوی خۆم بینیم قۆڵبەستیان کرد و ئێستا ئەوە لە زیندانی ناوەندییە!

بەم بەیانییە زووە مەقەڕ شــێوا و موحســین و سەید خالید هاتن و گوتیان بە نامە ئاگادار کراوین و ڕاســتە و ســەید بە تۆمەتی سێکس و

تەجاوز و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، گیراوە و بە تازەیی ناوەندیی پێی زانیوە و گرتوویانە و مەحکەمەی دەکەن!

بۆ من و هاوڕێیانی سەر بە باڵی سەید، مەرگ و جەحەننەمی تەواو بوو، ڕووخان و هەڵوەشانی دەروون بوو، بێزاری و نائومێدی باڵی بەسەرماندا کێشا، عیشق و عیلاقە و خۆشەویستی بە ڕێباز کزی کرد، بێمتمانەیی و گومان، زاڵ بوون و خەم و خەمۆکی یەخەیان گرتین. دیارە ئەم حاڵەتانە هەموو نیشانەی سادەیی و بێئەزموونیمان بوو. هەمیشە وا بووە، کە زۆر چووی دە ناخی فیکر و بابەتێکی سیاسی و دینی و... بووی بە دەروێش، بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیت لێ بوو بە مەزهەب، بە بچووکترین هەڵە و شاشیی لەم چەشنە، نائومێد دەبی و دەڕووخێی.

قێزەونترین دیدار

من و کەماڵ وەلیانی تەواو بێزار و تووڕە و ئاگر بووین، ئێمە زۆرمان پێداگری کردبوو لەوەی سەید باشترە بۆ ناوچە و دەبێت ئەو بێتەوە، بۆیە بە هەمان ئەندازە ڕقمان لە خۆمان دەبووەوە و هەستمان بە شکانێکی گەورە دەکرد. کەماڵ هات گوتی با بچین بۆ ناوەندی و ببینین، ئەوەی ڕاست بێ ئەوەندە تووڕە بووین چاوەڕوانی هەموو کردەوەیەکمان لێ دەکرا. لەندرۆڤێرێکی سەرئاوەڵەمان بوو، دووبەدوو لێی سوار بووین و بەرەو گەورکایەتی و سلامەت ڕێمان گرتە بەر. کەماڵ ئەوەندە تووڕە و بێزار بوو، هەر تفی لەبەر پێی خۆی دەکرد و بە قینەوە دەیگوت، دەبێ بە دەستی خۆم بیکوژم! لە سەرکردایەتی، دوکتۆر جەعفەر لە ژووری خۆی بەخێرهاتن و میوانداریی گەرمی کردین، بە هەیەجانە تایبەتییەکەی خۆی گوتی، عەلی چیم پێ گوتی؟! نەمگوت سەبر بگرن و شت دەزانم؟! ئێمە خەمبار و مەلوول بووین، دوکتۆر زۆری حەول دا و دەیویست ئاراممان بکاتەوە، زیاتر لە سەعات قسەی

بۆ کردین و باســی سروشتیبوونی ئەم دیاردانەی لەناو شۆڕشێکی وا پان و گەورە بۆ دەکردین و ئەزموونی وڵاتانی تری بۆ باس کردین، نانی لەگەڵدا خواردین و زۆری باســی هەردووکمان و پێداهەڵگوتنییەکی پڕ لە شــانازیی کردین. گوتم، دوکتۆر دەمانەوێ ببینین. گوتی هەرچەندە کەس بۆی نییە جارێ ببینێت و دەبێ چاوەڕێی مەحکەمە بکەین، بەڵام ناتوانم بە ئێوە بڵێم نا، زۆرمان سوپاس کرد، پێشمەرگەیەکی بانگ کرد و گوتی، بیان بە با سەید ببینن، هەستاین و ماڵئاواییمان لێ کرد، لەبەر ڕێســمەی دەرگاکە بە شەرمەوە گوتی، بمبورن بەس تفەنگەکانتان لای مــن دانێن و وەرنەوە و هەڵیگرنەوە، هەردوومان هەســتمان پێ کرد و زانیمان لە چی دەترسێت. چووین سەیدمان دی، لە بەردەرگاوە کەمال چەند قســەی پێ گوت و ئەویش هەر دەگریا و پەشــیمانیی دەردەبڕی. هەتا بڵێی دیدارێکی ناخۆش و قێزەون و نەفرەتلێکراو بوو.

کارە بێڕەوشتییەکانی سەید

زۆربەی ئەوانەی ژن یان خوشــکیان لەم چەند ســاڵەدا لە هاموشۆ و کاری سیاســیدا بــوون و کاریان لەگەڵ ســەیددا کردبــوو، ناردمان بەدوایانــدا بــۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی کارەســاتەکە. مەعلووم بوو تەنیا ئیســتفادەی نابەجێ و نائینســانیی لەگــەڵ دوو لە کچەکانــدا کردبوو، نەرمینی خوشکم گوتی: «دەمانزانی و شتێکی لەگەڵ فڵانیدا هەیە، بەس هــەر بە مێشــکماندا نەدەهات باوەڕ بکەین، زۆر جــار بەم هاوڕێییەمان دەگوت، زۆری ڕوو مەدەیە و هەرچی گوتی بۆ بەقسەی دەکەی؟! ئەو خۆی زۆری پێ ناخۆش نەبوو هەر دەچوو بۆ لای و زۆر شــەرمێون و بێئیرادە بوو. هاوڕێیەکی ترمان زوو ڕۆیشــت، کە زانیی تەماحی تێ کردووە و قســەی ســەیر و نامۆی لەگەڵدا دەکات، کۆمەڵە نەما و چوو بۆ تەورێز». دۆســتێکی ســەید خەڵکی لادێ بوو، هەردووکیان دۆست و شــانەی کاک حەمەحوســێن کەریمی بوون، پێشــمەرگەیەکی ئازا و خۆشەویســتی هەموومان بوو، ژنەکــەی خەڵکی دێی خۆیان بوو، دوو

منداڵیان هەبوو، یەکسەر چووەوە ماڵەوە و ژنەکەی خۆی سوێند دا، دەیگوت بە دەیان شەو ژن و منداڵم بۆ ئەم مەلعوونە جێ هێشتووە، شک و گومانم لە بابم بایە لە ئەوم نەبوو، چۆن دەبێ کاری وای کردبێ، ئیتر چەکی دانا و ڕۆیشتەوە لادێکەی خۆیان. هاوڕێیەکی ترمان خوشکی دواندبوو، گوتی جارێک بە جۆرێک قسەی لەگەڵدا کردووە و دەستی لەسەر شانی داناوە، ئەویش ڕۆیشتبوو مێردی کردبوو و کۆمەڵە نەمابوو. براژنی سەید زۆر شتی دیبوو لە ماڵەکەیان لە بۆکان و هەستان و دانیشتن لەگەڵ کچەکاندا، بەس هەرگیز نەیوێرابوو تەنانەت بە مێردەکەی خۆشی بڵێت؛ ئەوە براکەت لەگەڵ کچەکاندا ئاکاری ناشایستی هەیە!

هەرچۆنێک بێ تەقینەوەی کارەساتی سەید زیانێکی گەورەی سیاسی و ئەخلاقیی لە پەیکەری کۆمەڵە و دەروونی دەیان پێشمەرگەی خوێنگەرم و عاشق بە ڕێبازی پاکی و بێڕیایی وەشاند.

هەڵبەت کارەساتبوونی ئەم ڕووداوە لەوەدا نییە، بە دید و پێوەری ئەمڕۆ هەڵیسەنگێنیت، بەڵکو مەبەستم بۆ خوێنەری بەڕێز، ئەوەیە بچیتەوە شەرایەتی زەمان و مەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگەیەکی جوتێری کوردەواری و پۆپۆلیستی ناو «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» و ئەوکات لە ئێمە تێبگات نزیک بە چل ساڵ پێش چۆن دەبوو بڕوانینە ئەم چەشنە کردەوە و ڕووداوانە. هەر چەند ساڵێکی نەبرد، بە دەیان کردەوەی لەوە قێزەونتر لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵە و بە تایبەت دواتر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕوویان دا و زۆر بە ڕۆحێکی ڕیازی و ئاوەڵەیی و بە ناوی کرانەوەی کۆمەڵگە، بە ڕووی دیاردە تابوو[1] و نامۆکاندا وەردەگیران و کەسیشی لەسەر

١- تابوو، وشەیەکی وڵاتی تونگا لە ئۆقیانووسی ئارام و قارەی ئۆسترالیایە، بە واتای ئەو دەستە لە کردار و لێدوان و چەمکانە دێ، کە لە ناو کۆمەڵگە لە ڕووی دینی و مەزهەب و کولتوور یان کۆمەڵایەتی، دەستبردن بۆیان و باسکردنیان بڤە و حەرام کراون، بۆ نموونە ناوهێنانی ئەندامانی جەستەی ژن و پیاو و باسی کرداری جووتبوون لە ناو کۆڕ و مەجلیساندا.

نــە مەحکەمە دەکــرا و نە دووردەخرایەوە! گوناحی ســەید لەوەدا بوو کەمێک زوو دەستی پێ کرد بوو!

خولانەوە بە دەوری خۆماندا

بە ئارامی و بێدەنگی هەر کام لە ئێمە ملی ئەرکێکمان گرت و بە دڵی شــکاو و نائومێدییەکی زۆرەوە، گفتوگۆی بەردەوامی عەقڵ و دەروون لەنــاو خۆماندا، چی دەکەین؟ ئامانج چییە؟ بۆ شــەڕ دەکەین؟ کۆماری ئیســلامی بۆ ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دێتە پێش و خۆی دادەســەپێنێت؟ ئایا کــورد بــە تەنیا، ئێرانی پــێ دەڕووخێت؟ بەڕاســتی ســەرکردەکانمان ئەوەن کە چاوەڕوانیمان دەکرد؟ بۆ دەبێ کورد حیزبی کۆمۆنیســت بۆ هەموو ئێران دروست بکات؟ ئایا کۆمۆنیستی، لە وڵاتەکەی لەمەڕ ئێمە پیــادە دەبێت؟ بۆچی شــەڕی دێموکرات دەکەیــن؟ عەدالەت هەیە لەناو ڕیزەکانماندا؟! بۆ...و بۆ... و...؟!

بــە ســەدان پرســیاری دی بە تەنیــا و بە دەمەتەقــێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکــی نزیکدا، ڕۆژان و شــەوانمان پــێ دەگوزەراند و بە کورتی، ئێمە ئەو بەشــە بووین لە ناوچەی مەهاباد لە ئاســت فکر و ئەندێشە و بــاوەڕەوە ڕووخابووین و بێهوودە دەســووڕاین و بە دەوری خۆماندا دەخولاینەوە و شــەپۆلی چ بکەین چ بکەینی دەروون، ســەردەکەوت و دادەبەزی. تا دەهات و درەنگتر دەبوو، لەگەڵ ئەو هەموو قەیرانی فیکری و ساردبوونەوەش، هەر ئەوان هاوڕێیان بوون خۆیان لە شەڕە قورس و خوێناوییــەکان دەدا و یــەک یــەک و دوو دوو دەگەیشــتنە کاروانی شــەهیدانی... نازانم بڵێم چی؟! شەهیدانی دژی ئەمپریالیزم و ڕزگاریی کرێکارانی جیهان؟ شەهیدانی شــەڕی حیزبی دێموکرات و بورژوازیی ناوخۆ؟! شەهیدانی سوســیالیزم و ڕزگاریی ئێران؟! شەهیدانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان؟! یان شەهیدانی ڕێگەی خەڵک پێگەیشتن بە تموح و خولیا شەیتانییەکانیان؟!

٣٥

زەکات مەدەن بە کۆمەڵە

لە هاوینی ١٣٦١ (١٩٨٢)دا حیزبی دێموکرات لە شـــارویێرانی مەهاباد دەســـتی کرد بە بانگەشـــە و دژایەتییەکی تۆخی کۆمەڵە. جەلیل گادانی بەرپرسی دەفتەر سیاسیی دووی حیزب، بۆ جەولە و تەبلیغات هاتبوو بۆ شـــارویێران، دەگـــەڕا بەناو گوندەکاندا و هەرچی بوختان و قســـەی بێمانا و دوور لە ڕاستی، لە بازاڕ و مزگەوتەکان دژی کۆمەڵە دەیگوت و بـــە ئاشـــکرا خەڵکی هان دەدا؛ یارمەتیی ماڵـــی و هاوکاری بە کۆمەڵە نـــەدەن، زەکات و ســـەرفترە بـــە کۆمەڵە حەرامە و نابـــێ پێیان بدرێت، ئـــەوان بێدین و خوانەناســـن، لـــە مزگەوتەکان ڕێیان مـــەدەن، گلاویان دەکەن. تەنیا حیزب لە کوردستاندا، حیزبی دێموکراتە و نابێ ڕێ بدرێ بـــە حیزبـــی دی، زەکات و ســـەرفترەکان تەنیا دەبـــێ بدرێت بە حیزبی دێموکرات.

شـــارویێران ناوچەیەکی ئاوەدان و دەوڵەمەندە، زۆربەی گوندەکانی ڕۆژانە قەسابیی تێدا دەکرا، حەمام و پاکوخاوێنی و جلی جوان هەبوو بـــۆ پیـــاوان و بە تایبەت ژنان وەک ژنی شـــار خۆیـــان دەڕازاندەوە، بە پێچەوانەی مەحال و گەورکایەتی تا حەیوانێک مندار نەبووباوە، سەریان نەدەبڕی و گۆشت زۆر کەم دەخورا و ژن و پیاوەکان هەردەم بە جلی کارەوە بوون و ســـیمای جوانی، زۆر کەم دیار بوو. شـــارویێران هێزی پێشـــەوای حیزبی دێموکراتی لێ بوو، بە هۆی خۆشـــگوزەرانی و ژن و مەشـــروبات و خواردنی باش بۆ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانیان، حوکمی مۆنتیکارلۆی هەبوو، لە هەرچی گوزەرابان لە شارویێران نەدەگوزەران، بۆیە ئەم هەڵوێست و قسانەی جەلیل گادانی بە کەیفی دڵی وان بوو، لە بیانوو دەگەڕان دەرگای شـــارویێران بە ڕووی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا

بۆ هەمیشـــە دابخەن. جەولەی جەلیل گادانی کەشـێکی زۆر بارگاوی و شـــەڕی لە شـــارویران خوش کردبوو، ئیتر ئەو تاقمەی هێزی پێشـــەوا فەتوایـــان لـــە لایەن ئەندامی دەفتەر سیاســـییەوە بۆ درابـــوو، لە یەکەم فورسەتدا لە پێشمەرگەکانی ئێمە بدەن.

کەسی دڕ بنێرن

موحســـین و ســـەید خالید وەک کۆمیتە ناوچەی تازە، بەپەلە بوون بـــۆ ڕێزکردنـــی کارنامەیەکـــی پڕ لە چالاکـــی بۆ خۆیان و بـــەراورد بە ســـەردەمی ســـەید. دەبوو بە ســـەرکردایەتی بڵێن لە دانانـــی ئەوان بۆ ناوچـــەی مەهاباد نە تەنیا هەڵەیان نەکردووە، بگرە ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکـــەوە گەشـــەی کردووە و ســـنووری چالاکیی پێشـــمەرگە زۆر بەرینتـــر بووەتەوە. ئەوان دەبوو، بیر لـــە کۆنگرەی داهاتوو بکەنەوە و بە کارنامەیەکی پڕشـــنگدار لە ناوچەی مەهابـــادەوە بچن بۆ کۆنگرە و شـــوێن و پۆســـتی خۆیان بۆ داهاتوو و لەناو ئەو حیزبە کۆمۆنیستەی کە قەرارە دروست بکرێت، قایم بکەن.

کۆبوونەوەیان کرد و پەلێک پێشمەرگە بە بەرپرسیاریەتیی سیاسیی ڕەحیم قادری و نیزامیی ســـولەیمان ڕەحیمی وەڕێخران بۆ شارویران بـــۆ جەولـــە و تەبلیغی سیاســـی و گەر کـــرا چالاکیـــی نیزامییش. چەند پێشمەرگەیەکی زۆر مێرمنداڵ و تازە، لەگەڵ هێزەکەی کۆمەڵەدا بوون، هەرچەند لە ڕۆیشتندا ڕەحیم و سولەیمان زۆریان بە موحسین گوت با ئەو چەند کوڕە نەبەین و زۆر منداڵن. هیچ گوێی پێ نەدا و ڕازی نەبوو چەند کەسێکی دڕ و کۆن و بەئەزموون بنێرێت، بیانووی ئەوە بوو نابێ مەقەڕی ناوچە کەسی وای لێ نەمێنێت و لاواز بکرێت.

ئەوان ڕۆیشتن و بۆ سبەیشەو درەنگ هاتنەوە، من بەرپرسی مەقەڕی حاجیاڵێکەنـــد بووم، چـــووم بەرەوپیریان و زۆر بە سەرســـووڕمانەوە گوتم:

- بۆ هاتنەوە؟!

- ڕەحیم تووڕە بوو گوتی، من ناچمەوە و کاری وا هەر ناکەم؟!
- باشە چ بوو ڕەحیم گیان بۆ تووڕەی؟!
پێشمەرگەکان هەموو لە حەوشە بڵاو بووبوونەوە،
سولەیمان ڕەحیمی گوتی:
«شـــارویران چــوون بــەم هێــزە بچووکەی ئێمــە ناکرێــت، ئەوانە منداڵەورکەیــان لەگەڵ مندا ناردووە، لاتولــوت و هەتیوبازەکانی هێزی پێشـــەوا لە قومقەڵا لەبەر مزگەوتی دێ دۆینێشـــەو کە گەیشـــتووین و لەناو دێ وەســـتا بووین لە دوورەوە چاویان لەو پێشـــمەرگە سوور و کاڵ و مێرمنداڵانــەی مــن داگرتووە و تەنانەت هاتوونە پێش دەســـتیان بــۆ بەرن. ئاخر باشــە پێشــمەرگایەتی و ململانێ لەگــەڵ ئەوانەدا ئاوا دەکرێت؟! بەم هێزە دەکرێت؟!»

پێشمەرگەی لاتوپوت

چەند کەســێکی وەک کوڕانی گوشــوارە، هاشــمە کەچــەل، عەبوو عیمادی، چرچە، ســازواری و... لەو پێشــمەرگانەی دێموکرات بوون لە ناوچــەی مەهاباد شــەو و ڕۆژ لە ڕابواردن و شــەڕ دەگەڕان بە دژی کۆمەڵــە و هێزەکانی دیکەی ئەوکاتی، وەک پەیکار و ڕەزمەندەگان و... (تەنانەت کاک کەریم حیســامی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانیی حیزب لە مەهاباد لە بەرگی حەوتی بیرەوەرییەکانی باسی لاتولوتی و لۆمپەنی ئەوانە دەکا زۆر بە ڕوونی)
بە پەلە کۆمیتەی ناوچە ئاگادارکرانەوە کە هێزەکەمان لە شارویران گەڕاونــەوە و دەڵێــن ئاوا ناچینەوە. هەموو ئەو مەســئوول دەســتە و پــەل و نیزامییەکان لە کۆمیتەی ناوچە کۆ بووینەوە و گوێمان گرت لە قسەکانی ڕەحیم و سولەیمان، ئەوان هێمایەکی ڕاست و ڕەوانی واقعی شــارویران و هاتنــی جەلیــل گادانی لە پێشــووتر و ئەم پێشــمەرگە و کەسانەی هێزی پێشەوا کە لە شارویران جێگیر کراون و زۆر بە وردی باسی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوانیان کرد، لە قومار، ژن، مەشروبات،

کاسبی و پارە پەیداکردن. گوتیان بۆ پاراستنی ئەم ئیمتیازانە ئەوان ئامادەن شەڕی مان و نەمان بکەن و ئەوەش بەمهێزەی ئێمە ناکرێت، دەبێ بە لانیکەمەوە گوردانێک واتا چەند پەل بچین و نومایشی هێزی خۆمان بکەین. موحسین و سەید خالید نەیانسەلماند و ڕزگاریش دەسەڵاتێکی وای نەمابوو. دوای قسەوباسێکی زۆر و نەسەلماندنی موحسین بە هۆی ئەوەی هەرگیز پێشمەرگەی شەڕ نەبووە و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دیموکراتی ناوچەی مەهاباد نەدیبوو، هیچ لە موعاناتی بەرپرسی پەلێکی وەک سولەیمان ڕەحیمی و ڕەحیم قادری کە ئەزموونی دەیان شەڕ و جەولە و تێکهەڵچوونیان هەبوو لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا، نەدەگەیشت و هەر تەقەی سەری دەهات! دوای چەند قسەکردن و هەڵچوون و دامرکاندنەوە، هەر هەموو ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بووین با جارێ لە شارویران گەڕێین و ڕاوەستین بە هێزێکی تۆکمە و گەورە بچینەوە و وایان لێ بکەین جارێکی تر هەرگیز جورئەت نەکەن چاو لە پێشمەرگەی کۆمەڵە داگرنەوە! زۆر بووین ئەم بەرپرسە نیزامییانەی کە لە سەرەتاوە دژی هاتنی موحسین بووین، لەم کۆبوونەوەیەدا بۆ نەچوونەوەی سولەیمان و ڕەحیم، پشتمان گرتن و دژی بۆچوونەکانی موحسین و سەید خالید وەستاینەوە، ئەوان پێیان وا بوو ئێمە بە مەبەست و شکانی ئەوان لە بەڕێوەچوونی ناوچەی مەهاباد وا دەکەین و مەڵۆشەوێنکەیی[1] ئێمە بۆ لێدانی ئەوانە! بۆیە لە ئاخردا موحسین قسەی زۆر ناخۆشی کرد و گوتی ئێوە ترسەنۆکن و لە دەستی چەند پێشمەرگەی دیموکرات هەڵاتوون. ڕەحیم کە هەتا خوا حەز بکات پەپوولە و دڵناسک و پاک بوو بە چاوی پڕ لە ئەسرین و هەناسەی سارد هەستا دەرکەوت و گوتی، سولەیمان هەستە با بگەڕێینەوە و پێیان بڵێین کێ ترسەنۆکە؟!

هەموومان هاتینەوە حەوشەی مەقەڕ و بەر سیمورغەکە، موحسین و سەید خالید نەبێ، کە هەر لە ژوورەکە مانەوە. تابلۆی خواحافیزی

١- مەڵۆشەوێنکە، کارتێکدەر.

له حەوشـــەی مەقەڕ بەم شـــەوە درەنگە لەگەڵ ڕەحیم و ســـولەیمان و پێشـمەرگەکان ئەو نیگارەیە، کە پڕە لە شۆڕشگێڕی، پاڵەوانێتی، بوغز و فرمێســک، غلووری و باییبوون، بێدەســەلاتی و شکان، پڕوپووچیی دیمۆکراســی و دەنگـی ئـازاد، دیکتاتۆریەتـی ڕابەڕانی شۆڕشـەکان، خۆبەزلزانــی و خۆپەرســتی، بێدەعــێ و خاکیبــوون، خۆشەویســتیی هاوڕێکان، دەستلەملانی و فیداکاری، گیانلەسەردەستبوون بۆ ئامانجێک کــە بــڕوات پێی نییە، بــە بەرچاوڕوونی بەرەو پیــری مەرگ چوون و ســەدان چەمکی تری دژ بەیەک و ناساز و هەلپەرستی، نازانم چۆن لە تابلۆیەکدا وێنا دەکرێن؟!

لەپێشدا ژنت بۆ دێنین

ســولەیمان ڕەحیمی یەک لە پێشــمەرگە ســەرەتاییەکان و ئازاکانی کۆمەڵــە بــوو، ڕەفیقدۆســت و بەوەفا بوو بۆ یــاران، عادەتی بوو لەپڕ نێوچاوانی لێ گرژ دەکردی و تێکی دەنا و لەناکاو دەستی بە پێکەنینێکی زۆر شیرین دەکرد، بەم حەرەکەتانە باوەشی پێداگرتین، ڕەحیم بە لۆلە گیان لۆلە گیان، کە وێردی زمانی بوو، بە گریانەوە دەباوەشی دەگرتین و یەک دوو جار گوتی، ناتانبینمەوە. گوتم ڕەحیم وا مەڵی دەبێ لەپێشدا ژنت بۆ بێنین، وردەوردە ئەوە پیر دەبی! زۆر سەیر بوو هەموو پێیان وا بوو ماڵئاوایی ئەبەدییە!

بە ســواری ســیمورغ هــەر وەک دوێنێ دیســان چوونــەوە بەرەو شارویران.

ڕۆژی دواتــر لای ئێوارەیەکــی زوو لەگــەڵ کەریم ئەفســەردلێر لە حەوشــی مەقەڕ پاڵمــان بە جیبی تۆپەکەوە دابوو، قســەمان دەکرد، لە هەورازی بەرماڵان تەپوتۆزێکی ماتۆرسوارێکی زۆر بە پەلە پەیدا بوو، یەکسەر هاتە ناو دێ و خۆی بە حەوشەی مەقەڕدا کرد و بە لەخۆدان و هاتوهــاوار گوتــی: هەموو کوژران! کەس نەمــا! هەموویان قەتلوعام کرد!

کوڕێکــی مام بایز قەیتەرانی خەڵکی حاجیخۆشــی شــارویران بوو دەمناسی هەواداری خۆمان بوو.

- باشە لەسەرخۆ، بڵێ بزانین چ بووە؟ من گوتم.

- کاکە کەســیان نەهێشت! هەموویان کوشت، لە بازاڕی قەرەداغ لە خورخورە لە پشتەوەڕا هەموویان بەر دەسرێژ دان و هەموو مردن!

- هەر هەموو؟!

- ئەرێوەڵا، تاقیان نەهێشت!

- کاکە وا نابێ بۆمان باس کە چی قەوما؟!

- بەیانی زوو پێشمەرگەکان چوون بۆ یەکشەممە بازاڕ لە قەرەداغ، پــڕ بوو لە خەڵک و پێشــمەرگەی دیموکرات، دیار بــوو خۆیان ئامادە کردبوو، ئەولا و ئەملا و چەند بەرزاییان گرتبوو، قســە و قرەقڕ پەیدا بــوو، کاک ڕەحیــم بە باوەشــەوە چوو بۆ لایان و ویســتی بڵێ شــەڕ ناکەین، لە پشتەوەڕا تەقەیان لێ کرد و لە سەریان دا، دواتر هەموویان بەر دەسرێژ دران!

- تۆ خۆت هەمووت دیت و هەموو کوژران؟!

- ئەرێــوەڵا مــن زوو دەرچــووم هاتمــەوە بە کاکم و بابــم بڵێم چ قەوماوە!

ناردمانــە ژووری کۆمیتە ناوچە بۆ لای موحســین و ســەید خالید و ڕزگار، کلیلــی جیبی تۆپەکەم هێنا پێــی بڕۆین هەڵنەبوو، بە هەردوو دەست بە سەری خۆماندا دەدا و گێژ و وڕ بەدوای ماشێنێکدا دەگەڕام، لەو دەمەیدا هیچی بەردەســت نەبوو، ڕووم لە دوکانی حوسێنی کوێخا کــرد و گوتــی، جیبەکەیان لــە ماڵ نییــە. هاتمە دەر لــە دوکانەکە دیم جیبێکی ســیترۆئێنی نەخۆشخانەی عیلمئاباد لەگەڵ دوکتۆر دەرویش و پێشمەرگەیەک دێن، نازانم چۆن و چەند بە پەلە جیبەکەم لێ وەرگرتن، پرسمان بە هیچ کام لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوچە نەکرد، لەگەڵ کەریم و پێشــمەرگەیەکی تر ســوار بووین بەرەو عەولاباد و ترشەکانی سەر ڕێی شارویران.

بەرەو شەڕی براکان

گەیشـتینە سـەر زینـویَ عەولاباد لە سـەرەوڕا ڕوانیمـان، پیکابی تۆیۆتـای دۆشکەلەسـەری هێـزی پێشـەوا، کـە دەماناسـییەوە بـە دەسـتی کوڕانی گوشـوارەوە بوو، ناو دێی عەولابادیان جێ هێشت و ڕوویان لە جادەی ئاسـفالت و ترشـەکان کرد. خۆمـان مات کرد تەنیا سـێ کەس بوویـن، تەدبیرمان کرد کەمێـک بوەسـتین و تاریکتر بێ، ئەوجـار دەچیـن بۆ ناودێ. وردەوردە لە سـەر زینوێکـەڕا هاتینە ناو دێ، گوتیان بەڵێ جەماعەتی دیموکرات بوون ڕۆیشـتن بۆ ترشـەکان. ڕوومان لە جادە کرد بەرەو باخی ترشەکان، چەند هەنگاوێکمان مابوو بۆ سـەر جادەکە، لە ماشـێنەکەی خۆمان دابەزین کە کەمین دەرکەین و بـە پێ بڕۆینە ئەوبەری جادە، سـێقۆڵی بە مەسـافە تفەنگ لەسـەر پـێ بەنـاو چرپـی و دار و جۆگـەدا بە هەسـت و ئارامـی هەنگاومان دەنـا بەرەو جـادە، لەنـاکاو گوێمان لـە دەنگی مەکینەی ماشـێن بوو بـە چراکوژاوەیـی خەریکی پەڕینەوە بـوو بۆ لای ئێمـە، گوتم کەریم هەمان ماشـێنی ئێوارەی دۆشـکەکەی حیزبە، کە ڕۆیشتن و گەڕانەوە، گوتـی چـۆن دەزانی؟! ئەدی ئەگەر ئێی خۆمان بـوون؟! گوتم مومکین نییـە، کوڕەکانـی ئێمە سـیمورغیان پێیە و ئەگەر من دەنگی سـیمورغ نەناسـمەوە چی دەناسـمەوە؟! ئەوجار، کاکم هەمیشە پیکابی تۆیۆتای هەبوو، باشـی دەناسمەوە، ئەو دەنگەدەنگی وانێتی جەماعەتی ئێوارەی دێموکراتەکانە! زۆر سـوور بووم لە بۆچوون و لێکدانەوەکەم، سـێ بە سـێ لەناو جۆگەیەکی ناوباخ، بە مەسـافە سـەنگەرمان گرت و پەنجە لە سـەر پەلاپیتکە بـەرەوڕوی دەنگی پیکابەکە، کە هـەر دێ و نزیکتر دەبێتـەوە، لێکم داوە گـەر ئەوان هەر هەموو پێشـمەرگەکانی ئێمەیان شـەهید کردبێت، ئێمەش دەسـتیان لێ ناپارێزین و ڕاست دەکەونە ناو کەمینمان و بە چەند دەسڕێژ شتاقیان ناهێڵین و مەجال نادەین تەنانەت تفەنگ لە شان داگرن، وڵات ڕەش و تاریک بوو، بە ناڵە و دەنگی بەرزی

مەکینە لێمان نزیک بوونەوە، چوومە سەر ڕێیەکە و هەستامە سەرپێ، کەریم و پێشمەرگەکەی تر ئامادە لە سەنگەردا بوون، بە دەنگێکی زۆر بەرز دەنگمدان و بۆ دڵنیایی دیسان میلم هێناوە، دەنگی بەرزی خۆم و میل هێنانەوەم لەیەک عانوسـاتا، پیکابی لە عاست خۆی ڕاگرت، دەبوو دەسـڕێژ بکەم بە هەموو حیسـێبێک و دیتنێک دەبوو دێموکرات بن و دەبـوو منیش تۆڵـەم کردباوە، هێزێکی دەروونی و غایب نەیدەهێشـت پەنجەم لەسـەر پەلاپیتکەکە داگرم، بە ماوەی کەمتر لە چرکە لێکمداوە ئەوان کە ئێوارێ ڕۆیشـتن، دۆشـکەکە لە پشـتەوە بـوو و دوو کەس لە پێشـەوە بوون، ئەدی ئێسـتێ ئەو هەموو ڕەشـایی و زەلامە چن لە پشتی پیکابەکە؟ بە مێشکمدا هات داوای ناوی شەو بکەم پێش دەسڕێژ، گوڕانـدم کێن و ناوی شـەو. دەنگێک بەرز بـووەوە گوتی کۆمەڵەین و ناوی شەو هەڵۆیە! سەرم دەسووڕا و وڕووکاس بووم، دەنگی حوسێن سـنەییم، کە تازە لە ناوچەی سنەوە ناردبوویان بۆ مەهاباد، ناسییەوە. لایتی سەر باسکم دەرهێنا و تێمگرتن و چوومە پێش، ئای کە چیم بینی! پێشـمەرگەکانی شەوی پێش کە خۆمان بەڕێمان کردن و سێ مەیت لە ناویان، پاشـەوپاش کشـامەوە و یەکسـەر بە جنێودان بە خۆم و ئەو هـەوادارەی خۆمـان، تفەنگەکم فڕێ دا ناو قـوڕ و لیتەی ناو جۆگەکە. کەریم گوتی، چ بوو عەلی؟! گوتم هەستن کوڕەکانی خۆمانن.

یەکدوویەکیان هاتن بۆ لای ئێمە و پێشیان کەوتین، بەرەو عەولاباد و دێی ئازاد و حاجیالێکەند گەڕاینەوە. گوتیان کەسمان جێ نەهێشتووە، ڕەحیم قادری و سـولەیمان لە پشـتەوەڕا لێیان دان و یەکسەر شەهید بـوون. حامـد نەعلی لەناو بازاڕ لێیان دا و شـەهید بـوو، نادر نەغەدە وەسەری کەوتبوو مابوو.

دیار بوو شاردرابوونەوە

لەنـاو دێی ئازاد هەوادران هاتـن گوتیان دوو کادری حیزب ئێوارە هاتوون و لە ماڵی ئاغان، شەهید و بریندارەکەمان بەڕێ کردن، دەوری

ماڵی ئاغای ئازادیمان دا، سوێند و قورئان کەسی لێ نییە، زۆر گەڕاین دیار بوو شـاردرابوونەوە و کەسـمان دەسـت نەکـەوت و چوونیەوە بۆ حاجیاڵیکەند. هەموو پێشـمەرگەکان لە حەوشـە بـوون، هەمومان دەوری کاک کەریـم قـادری بـرا گەورەی شـەهید ڕەحیمیان گرتبوو، براژنـە مریەمـی خێزانـی، ڕەحیمی بە بـرای خۆی دەزانـی، هەموانی وەگریـان خسـتبوو، کەمـال و یونس و ڕەحیم و هـەر هەموو هاتن و خۆیان بەسـتبوو، شـەهیدەکان لە حەوزخانەی مزگـەوت بوون، نادر بەڕێ کرا بۆ عیلمئاباد و خەستەخانە. پێشمەرگەکان هەر هەموو داوای تۆڵەمان دەکرد، ئاخر بەڕاسـتی هەرسێکیان نموونە و تایبەت بوون بۆ خۆشەویسـتی و ئازایەتی. موحسـین و سـەید خالید زۆریان حەول دا ئارامیمان بکەنەوە و چاوەڕێ بین، ئەوان سەرکردایەتی ئاگادار بکەنەوە و جارێ هیچ نەکەین، کەمال پلانی دانا و هەر لە سـەر خۆڵی عەرزی حەوشـە بە چیلکەدار خەریتەی شەڕەکەی کێشا و هەموومانی دابەش کردبوو لەسـەر ئەو نەخشـەیەی دایڕشـتبوو. کەس گوێی بۆ کۆمیتە ناوچە شل نەدەکرد و دیار بوو بڕیاری خۆمان دابوو. کەمال بەرپرسە نیزامییەکانـی کۆ کردینەوە و تەنانەت پرسـی بە ڕزگار کە بەرپرسـی نیزامیی ناوچە بوو، نەکرد. هەرچەند ڕزگار خۆی باش دەیزانی ڕاستە ئەویان کردووەتە مەسـئوولی نیزامیـی هەموو ناوچەکە، بەڵام هێندەی سەرەپەنجەیەکی کەمالیشی لێ نازانێت!

هەر ئەمشەو

کۆمیتە ناوچە بە بێسـیمێکی کۆڵەپشتی هەر خەریک بوون ناوەندی لە خەو هەسـتێنن و پرسـیان پێ بکەن، نەیاندەوێرا خۆیان بڕیار بدەن، هـەر وەک منداڵ کە خۆیان پیس دەکەن، سـەریان لـە ناوخۆ نابوو لە شـەرمان و باش دەیانزانی بڕیاری دوێنێشـەویان، ئەم کارەساتەی لێ کەوتووەتەوە و هەموومان هۆکاری شـەهیدبوونی ئەم سـێ قارەمانە، بـە ئەوان دەزانین. هەر جاروبار کەسـێکیان دەنـاردە لامان بۆ ئەوەی

بوەستین و پەلە نەکەین، کەمالیش دەیگوت ڕۆژ بێتەوە هیچمان بۆ ناکرێت و دەبێ هەر ئەمشەو دەستی خۆمان بوەشێنین و تۆڵە بکەینەوە.

بەرنامەکە ئەوە بوو، لە نزیک حاجیالکەند و قەمتەرێ دێی دەرمان هەبوو، مەقەڕی ڕاگرتنی چەک و تفاقی نیزامیی حیزبی لێ بوو، دەمانزانی مەفرەزەیەکی دێموکرات لەوێن، ئەگەر بە هۆی ئەم شەڕەوە هێزیان بۆ نەناردبێت. هێزەکانمان بۆ سێ قوڵ دابەش کران، من و دەستەیەک بۆ پشت مەقەڕەکەیان ڕوو بە قەرەبلاغ، ئەگەر هێزیان نارد لە قەرەبلاغەوە پێشیان بگرین، کەریم بۆ ناودێ و یونس و کەمال بۆ ناو مەقەڕەکەیان و دەستەیەکش بۆ سەر ڕێی قەمتەرێ، کە بەرپرسی تەشکیلاتی مەهابادی حیزبی دێموکراتی لێ بوو، لە ئەگەری هاتن و فریاکەوتنیان.

نازانم سەرەنجام پەیوەندی گیرا یان نەگیرا، کە دیتیان ئەوە ئێمە هەموو دەڕۆین و کەمال فەرماندەیی بەدەستەوە گرتووە و ناگەڕێتەوە، گوتیان ئەوە کاک حەمەسوور فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کۆمەڵە دەڵێ باشە با دەرمان بگرن!

لە ماوەی کەمتر لە دوو سەعات هەموو پلانەکە وەک خۆی جێبەجێ کرا، چەند جار حەولیان دا کوڕانی گوشوارە لە قەرەبلاغەوە هێرش بکەنە سەر ئێمە، شوێنمان بڵیند و موسەیتەر بووین، ئەوان بە داوێنی شاخەکەی پشت دەرمان، دەیانویست بێنە سەر و بچنە سەربانی مەقەڕەکەیان، مەجالیان پێ نەدرا و هەر حەولێکی دایان شکستی هێنا. ئاگر لە سەربانی مەقەڕی دێموکرات بەرز بووەوە و تەنیا بەرپرسی مەقەڕەکەیان دەستی کردبووەوە و بەرگریی کردبوو، کوژرابوو. زیاتر لە دە دیل و تۆپی ١٠٥ و دۆشکە و تفەنگ، بەیانی زوو بە ڕیز گەیشتنە حەوشەی مەقەڕی کۆمەڵە لە حاجیالکەند و مەقەڕی دێموکرات بە تەواوی سووتێندرا.

دیموکرات گوتی کۆمەڵە نەماوە

هەر سێ شەهیدیان شۆردبوون و کفنیان کردبوون. نە کەس نانی خواردبوو و نە کەسمان نوستبووین و ئیستراحەتی کردبوو، لەسەر دەستان ئەم سێ جوانەمەرگە نازدار و خۆشەویستەمان بردە سەر گۆڕستانی شەهیدانی کۆمەڵە لە دەرەوەی دێ و ماڵئاوایی یەکجاریمان لێ کردن. دایکی ڕەحیم و کاک کەریم قادری کۆم بووبووەوە و هەر هێندەی بوخچەیەک دەبوو، ژنێکی پەپوولەئاسا، پاک و بێگەرد و نەجیب و تاقانە بوو لە خۆشەویستی بۆ ئەم دوو کوڕەی، خەڵکێکی زۆر کە بە هەواڵی شەڕەکەیان زانیبوو لە کەسوکاری پێشمەرگەکان بەیانی زوو هاتبوون، هەر کەسە لە نیگەرانی بۆ کوڕی خۆی هاتبوو، دێموکرات بڵاوی کردبووەوە دەیان پێشمەرگەی کۆمەڵەمان کوشتووە و کۆمەڵە نەماوە، بۆیە هەرچی کوڕی پێشمەرگە بوو هاتبوون، یان بەڕێوە بوون بۆ حاجیاڵیکەند.

تازە ڕوو لە کوێ بکەین؟

زۆر جار دادەنیشتین و دوای دەنگۆی حیزبی کۆمۆنیست و تێکدانی کۆمەڵە و گەندەڵی و بە تایبەت ئابرووچوونەکەی سەید، هەموو ئەوانەی وەک ڕەحیم قادری، سولەیمان ڕەحیمی، یونس پاڵەوانی، کەمال وەلیانی، ڕزگار، شەریف، ڕەحیم، کەریم ، پیرەهەڵۆ، ئەحمەد خاکی، برایان عوسمان و سولەیمانی گردەگرێ و چەندی دیکە کە هەموو نیزامی بوون و وەڕەز لە بارودۆخی ناو کۆمەڵە، دەیانگوت دەیکەین و چارەمان نییە تا شەهید دەبین تازە ڕوو لە کوێ بکەین؟! ڕەحیم و سولەیمان و دواتر چەندی دیکەش لەم هاوڕێیانە ئەم شەرتەی خۆیان بردەسەر و تا شەهید بوون هەر لەناو کۆمەڵەدا مانەوە!

چرچە تۆپی ١٠٥ی پێوە نابن

هاتینەوە حەوشـــەی مەقـــەڕ و دیلەکان و چـــەک و تەقەمەنییەکانمان تاقـــەت دەکردن. ئەوەندەمان زانی گرمـــە بڵیند بووەوە، تۆپێکی ١٠٥ بەر دەرگای مەقـــەڕ کـــەوت و چەنـــد چرکـــە دواتر یەکی دی ســـەری کرد و لە کۆلانی تەنیشـــت مەقەڕی دا، ســـەرمان بەرز کردەوە لە پشـــت باخ و دارســـتانی دێ بەرەو خاتووخاس لەســـەر بڵیندایییەکـــە تۆپیان بەرامبەر مەقـــەڕ و نـــاو دێ دامەزراندبـــوو، هەر هەموو بە پەلـــە و غاردان بەرەو تۆپەکـــە و جەماعەتەکـــەی ڕۆیشـــتین، لە مەقەڕ هاتمـــە دەر ڕووم کردە شـــوێنی تۆپەکەی حیـــزب، لە بن دیواری مەقەڕ ســـیامەندی موعینم دی چووەتە بن باڵی دایکم و لەناو تەپوتۆزی تۆپەکەدا بوون، نەمزانی دایکم کـــەی لە شـــارەوە هاتووە و ئایا هیچیـــان بریندار بوون؟ دیم ســـیامەند دەشـــەلی، ئاوڕێکـــی خێرا و سەرســـووڕمانەم لە ســـیامەند دایەوە و بە ڕاکردنەوە و لە دوورەوە تێگەیشـــتم ســـەلامەتن. لەگەڵ چەند پێشمەرگە گەیشتینە شوێنی تۆپەکە، پێشمەرگەکانی حیزب لەوێ نەمابوون. چرچە[1] هاتبوو بۆ تۆڵەکردنەوە، دوو ســـێ تۆپی بەناو دێی حاجیالکەندەوە نا و ڕووی لە ســـونجاق کردبووەوە. بە شـــەڕەتفەنگ خاتووخاسمان گرت و هەموو بەرەو ســـونجاق پاشەکشەیان کرد، ئاشێک لە خوار خاتووخاس، لەســـەر ڕێی ســـونجاق بوو، پێشـــمەرگەی حیزبی تێدا بوو، بە قەناســـە تەقەیان دەکرد، لەگەڵ یەک دوو پێشـــمەرگەدا لەناو جۆگەیەک لە حەولی بێدەنگکردنی ئەو قەناســـەی، کۆنە ئاشـــەکەدا بووین، لەناکاو وەک باڵندە برایم غەریب باوەشـــی پێدا کردم و فڕێی دامە ئەولاتر، ڕێک فیشـــەکێکی قەناســـە لەو شـــوێنەی منی دا، بۆیە بۆ ئەوجارەیـــان خۆم بە قەرزداری برایم دەزانم. برایم کۆنە هاوپۆلی منداڵیم بوو، لە بیستودووی گەلاڕێزانی ١٣٦٤ (١٣-١١-١٩٨٥)دا لە تەرگەوەڕی ورمێ لە کارەساتی شەهیدکردنی بیســـتودوو پێشـــمەرگەی کۆمەڵە بە دەســـتی حیزبی دێموکرات، شەهید

١- چرچە، محەمەدئەمین بارام میرزا، یەک لە فەرماندەکانی هێزی پێشەوای حیزبی دێموکرات بوو لە ناوچەی مەهاباد، ساڵی ١٩٨٤ شەهید بوو.

بــوو. کۆنەئــاش گیرا و بــە نێو دارســتان و چنارەکانــی دەرەوەی دێی سونجاقدا ڕوومان کردە ناودێ بۆ گرتنی مەقەڕی شارستانیان. شەڕێکی قورس، ئەوەندە نزیک و چاولەچاو، لەناو دارســتانەکە بەرپا بوو. ئەوان بە تەواوی هێز و تواناوە بەرگرییان لە مەقەڕەکەیان لە سونجاق دەکرد و ئێمەش مکوڕ بووین لە چوونە پێش و گرتنی مەقەڕی سەرەکیان. لای نیوەڕۆ بوو شــەڕ بێبەزەییانە و زۆر بە گەرمی لە پشــتی دێ بەردەوام بوو، ئاگاداریان کردین دەست ڕاگرن و تەقە وەستانە. حەمەسوور خۆی هاتــووە لــە حاجیاڵیکەنــدە و دەڵێ خۆیان قایم بکەن و تەقە بوەســتێنن، ئێمەش گەڕاینەوە خاتووخاس و حەرەسیات و سەنگەرمان قایم کرد.

چەند ڕۆژ لەسەر یەک لە ناوچەی مەهاباد و گوندەکانی حاجیاڵیکەند، خاتووخاس، ئازاد، ســونجاغ، قەرەبلاغ، دەرمــان و قەمتەرێ، ڕۆژانە لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکراتدا شەڕ بوو، بەداخەوە کوڕێکی خەڵکــی تەورێز، ئەســغەر تــازە هاتبوو بــۆ ناوچەی مەهابــاد لە نێوان خاتووخاس و حاجیاڵیکەند شــەهید بوو، هەروەتــر کوڕێکی تریش هەر لەوێ شەهید بوو، وا بزانم ناوی عەتا بوو. دواتر ئەم شەڕە بە دانیشتنی ســەرکردایەتیی هەردوو لا و گۆڕینــەوەی دیلەکان، بۆ ماوەیەکی کورت کۆتایی هات.

باقی برای نادر

لــە گەرمەی شــەڕدا بوویــن ڕۆژی دووهەم یان ســێهەم بوو، نادر نەغەدە لە قەرەداخ لە ســەری درابوو، لە خەستەخانەی ناوەندی کۆمەڵە بــوو. خەبەرمــان نەبوو ماوە یان نا، گوتیان برایەکی نادر پێشــمەرگەی دیموکراتە، هاتووە داوای تۆ دەکات! من و باقی لە تەورێز هاومەزڵ بووین، کــە چووم باقی دەســتەوئەژنۆ لای فەردەلمەکانی ســەنگەرەکەی مەقەڕ دانیشــتبوو، لە باوەشم گرت و دەگریا، گوتی نادر ماوە؟! گوتم هیوادارم مابێت. نادری برای بچووکی بە دەستی پێشمەرگەکانی خۆیان لە سەری درابوو و لە ئانوساتی مان و نەماندا بوو. پەیوەندیمان بە خەستەخانەی

کۆمەڵـەوە کرد و گوتیان ماوە، دوکتۆر دەروێش عەمەلیاتی سـەری بۆ کردووە، باقیمان لەگەڵ پێشمەرگەی خۆماندا نارد بۆ خەستەخانە بۆ لای نـادر. متمانەپێکردنی باقی وەک کادرێکـی حیزب و تێرادیوی بە هاورێ کۆنەکانی لەناو کۆمەڵەدا، لە ڕۆژێکی وادا بە پێی خۆی بێتە بەر مەقەڕی کۆمەڵە، بە شـەرتێک لە هەموو لاوە شەڕ و ڕاوەپێشمەرگەی دێموکرات بوو، تەنیا خۆشەویستیی ئەم برایەی بۆ نادر دەگەیاند. من سەری ڕێزم بـۆ نەوی کرد و ئەسـرینم لەگەڵیدا هەڵوەراند. باقـی دواتر ماوەیەک لە خەسـتەخانەی قوێتەڵی حیزب نەخۆش کەوت و تووشی قەیرانی فیکری و دەروونی هات. پاش ماوەیەک تەسـلیم بووەوە و لە شـار دەسـتی بە کارەکەی خۆی وەک ئەندازیاری هەندەسی کردەوە.

ئاگربەست

دوای یەک دوو وردەشـەڕی تر لە ناوچەی سەردەشـت و هێرشی حیزب بۆ سـەر مەقەڕی کۆمەڵە لە بەردەسوور، دواتر لە بیستوپێنجی خەزەڵوەری سـاڵی ١٣٦٣ (١٦-١١-١٩٨٤)دا حیزبی دێموکرات ئیعلانی شـەڕی گشـتی و سەرانسـەریی لە هەموو کوردسـتان دژی کۆمەڵە ڕاگەیانـد، ئەوکات بـوو کە دێموکرات و موجاهیدینـی خەڵق بەیەکەوە لە «شـوورای میللیـی مقاومەت»دا بوون. ئەم شـەڕە لە هەورامانەوە دەسـتی پێ کـرد و زۆر زوو هەموو کوردسـتانی تەنییەوە. هەرچەند ناوچە ئازادکراوەکانی هەموو کوردستان بە دەستی پاسدار و دەوڵەتی ئێران گیرابوونەوە و پێشـمەرگەکانی هـەردوو لا لە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردسـتان کشابوونەوە و لە باشـووری کوردستان جێگیر بووبوون. شـەڕی دوو لایەنی دێموکرات و کۆمەڵە هەتـا حەقدەی گولانی ١٣٦٩ (٧-٥-١٩٩٠) بەردەوام بوو هەرچەند کۆمەڵە دوو ساڵ پێشتر یەکلایەنە تەقەی ڕاگرتبوو و بانگەوازی ئاشتیی کردبوو. باڵی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکـرات، کـە جیا بووبوونەوە، ئەوانیش شـەڕیان لەگـەڵ کۆمەڵەدا ڕاگرتبوو.

٣٦

جەعفەر لەجیاتی شەریفی برای ئیعدام کرا

شەریف لە ماوەی ڕابردوو کە بەرپرسی نیزامیی شار بوو، ئاشکرا بووبوو هاتبووە دەر، پاسدار برا بچووکەکەی، جەعفەری گرتبوو لە جێی شەریف ئیعدامی کردبوو. شەریف کوڕێکی ئازا و چالاک بوو، ماتۆڕسوارێکی پڕۆفیشوناڵ بوو، زۆر شارەزای ئەو ماتۆڕانە بوو کە بۆ یاری و کێبڕکێ و شاخ و کێو بەکار دێن، زۆربەی جاران بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی پۆست و مەقەڕ و پایگاکانی دوژمن، شەریف بە ماتۆر دەچوو تا نزیکیان و چی ناسین و زانیاری هەبا دەیهێنا، بوونی شەریف لە حاجیاڵیکەند بۆ من ئاوەدانی و هاودەنگی بوو.

شەریف پێی گوتم عاشق بووە و دەبێ بچین بۆ خوازبێنی. خەجیج کچی خاڵە ڕەحیمی زگدڕاو، بە باب و برا و بنەماڵە خەڵکی باش و دۆستی نزیکمان بوون، عومەری برای خەجیج، هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، چەند کەس سوار بووین و چووین بۆ خوازبێنی، زۆر بە دڵێکی گەورەوە خاڵە ڕەحیم میوانداری و بەخێرهاتنی کردین، پیرۆزبایی لە شەریف و خەجیج کرا و چەند ڕۆژ دواتر هەر لە زگدڕاو مارەیان بڕی.

تەقە بەسەر بووکدا

لە نزیک مەقەڕ لە حاجیاڵیکەند ماڵێکمان بۆ دیتنەوە و زۆر بە زوویی بە هەرەوەزی دایکان لە شار و بەشی تەداروکاتی مەقەڕ، کاک کەریم قادری و براژنە مریمی هاوسەری، ماڵێکی بچووک و خنجیلانەمان بۆ شەریف ڕاخست و ئامادەی ژنگواستنەوە بوو. لە ڕۆژێکی خۆشی سەرەتای پاییزی ١٣٦١ (١٩٨٢)دا بە چەند سەیارە و چەند دەستە پێشمەرگە چووین و بووکمان هێنا بۆ مەقەڕی ناوچە، من

وەک برازاوا داندرابووم، کە هاتینە بەر حەوشی مەقەڕ و لە سەیارەکان دابەزیین، دەستی بووکم گرتبوو، دەستی ئەولاشی شەریف گرتبووی، بوو بە هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا، خەجیج تارای سوور و سپیی بە سەرەوە بوو، مەقەڕ و حەوشە پڕ بوون لە خەڵک و پێشمەرگە، لەناکاو کردمان بە تەقە، لە بن گوێی بووک بە کلاشینکۆفەکەم یەک ڕیز فیشەکەم بە ئاسمانەوە نا، بووک بە دەستمەوە لەخۆ بووەوە. ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە چۆن ئەو تەقەیەم ڕێک لە بن گوێی کرد، شەرم لە خۆم دەکەم و دەڵێم، پەکوو لەم وەحشیگەرییە! ڕزگار وەک ئاغاوەتی کۆن لەسەر باڵکۆن و پەنجەرەی ژووری کۆمیتە ناوچە سێویکی فڕێ دا ڕاست وەسەری بووک کەوت و ئەوجار بە تەواوی بورایەوە، ئیتر وەک نەدیوبەدی بووکمان دابەزاند و دەست گیرا بە سەرچۆپی و هەڵپەڕکێ، هیچ ئاگامان لە وەزع و موعاناتی ئەم کچە بەستەزمان و تازەبووک و غەریبە نەبوو!

بۆ من ناگونجێت

خەجیج و شەریف لەو ماڵە بچووکە سەرەتای ژیانیان دەست پێ کرد و بووبوو بە مەکۆیەکیش بۆ ئێمەی هاوڕێیان، زۆر جاران دەچووین بۆ لایان و بە چا خواردنەوە و قسەکردن کاتمان تێدەپەڕاند.

لە ماوەی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا ڕوخساری کیژی قژکاڵی چاوڕەشی ناو ڕەشبەڵەکی زەماوەندی کاکم، هەرگیز لە پێش چاوم ون نەدەبوو، هێلانەیەک لە قوژبنی دڵم بەردەوام جریوەی لێوە دەهات، هەرخۆم و تەنیا هەرخۆم دەمزانی زامی دڵی بێمارم چەند بە سۆیە. بەڵام هیچ کات و مەودایەک لە ژیانی شۆڕشگێڕیی مندا بۆ ئەم شتانە نەبوو، هەر کات و ساتێک بۆ من شەهیدبوون لە پێش هەنگاوەکانم بوو، باش دەمزانی کردنەوەی ئەم پرێسکەیە بۆ من ناگونجێت و هەر ناکرێت. چەند جارێک خورپەی خستە ناو جەرگ و هەناوم. بە بیستنی دەنگۆی خوازبێنی و ڕەنگە بە شووی بدەن و فشاری ماڵەوەیان بۆ دوورکەوتنەوە

له كاری سیاسـی، بۆ من گۆڕەوشـارێكی چەند ڕۆژە بوو، كە دەیانگوت كـێ و كـێ ناردوویانە بـۆ داوای، هەڵقرچانی هەنـاو و دەروونم بوو، لە لایەكـی دیكـەوە عەقڵ پێی خۆش بوو كـە ڕزگار دەبم لە گیرۆدەیی، منی خولیـای ئـازادی و سـەركەش و بێسـوكنایی[1]، چۆن دەبێت «ئەسـیری بسـكی ئاڵۆزی كیژۆڵەیەكی یەخسـیر بم و بە دەسـتی دیلە و دیل بم»؟! نـا دیلی و دەستەوەسـتان بۆ من دەسـتی نەدەدا و هەرگیـز خووم پێوە نەگرتبوو. هەرچەند، كە لەگەڵ خۆمدا تەنیا دەبووم هەسـتم بەم ڕاسـتییە شـیرینە دەكـرد، دڵم لـە بەندی قژكاڵی چاوڕەشـێك دایە و ئەوەشـم بە «پاژنـەی ئاشـیل»ی خـۆم دەزانـی. هەموو جـارەكان دەمبیسـتەوە بە تونـدی خوازبێنیكەری جواب كردووە و بە ئیـرادەوە بەرامبەر ماڵەوەیان وەسـتاوە و گوتوویەتی من شـوو ناكەم، لەو كاتانـە دڵم بە بۆنی خۆش و فێنك ئاوپڕژێن دەكرا، دڵی خۆم خۆش دەكرد، ئەمڕۆ سـبەی حكومەت دەڕوخێنین و بە سـەربەرزی وەك پاڵەوانەكان دەچینەوە و شـار ڕزگار دەكەین، دەنێرم بۆ داوای و گەر هاتوو ڕازی بوو بە من، ئەودەم بەیەكەوە ماڵێكـی بچووك پێكـەوە دەنێین. ئـەو خەون و خەیاڵانـە كاری زۆربەی شەوانم بوو كاتێك لە قوژبنی مەقەڕێك، ماڵێك، ڕەشماڵێك یان سەنگەرێك بە گرمۆڵەیی خۆم دەخزاندە بن لێفەشڕەیەكی پڕ لە كێچ و ئەسپێ.

ئـەو هاوینە مەقـەڕی كۆمەڵە لـە حاجیاڵێكەند زۆر ئـاوەدان و پڕ لـە میـوان بوو، كۆمەڵێك كەس و كاری پێشـمەرگە ڕۆژانە سـەردانی مەقەڕیان دەكرد و لەگەڵ خۆیاندا لە خەبەر و باسـی شـارەوە بگرە تا سەروپێ و شیرینی و بەستەنی و پاڵوودەشیان لەگەڵ خۆدا دێنا.

شۆرباوی كوردی

پێشـمەرگە بە گاڵتەوگەپ و پێكەنینەوە دەژیا، نەدەكرا هەر شینگێڕ بیـن، شـەهید ڕۆژانـە هەبـوو، بۆیـە بوونـی كۆمەڵێك پێشـمەرگەی ڕوحسـووك و بە پێكەنین و قسەخۆش، بزوێنەری هەست و شادیمان

[1]- سوكنایی، ئوقرە، ئارامگرتن.

بوون، قادر برای باقی و نادر نەغەدە، یەک لەم بە بەزم و قسەخۆشانە بوو. شـۆرباو لەپـە یەک لە خواردنــە چەندبارەبووەکانی هەفتانە بوو، پێکهاتەکــەی تەنیـا دۆشــاوی تەماتە و ڕۆن و پیــاز و لەپە و ئاو بوو، جاروباریش لە کاتی نیوەڕۆدا دەســتەیەک پێشمەرگە، یان میوان پەیدا دەبوون، یەکســەر ئاشــپەزی ڕۆژ چەند قاپ ئاوی وەســەر دەکرد بۆ ئەوەی بەش بکات، ئیتر دوو دوو بۆیان تێ دەکردین و تێمان دەگوشی و دەمانخوارد. قادر بەســەری هەڵدەگوت و هەموو بە مۆسیقای لێدانی کەوچکەکان لە بنی قاپە فافۆنەکان، لەگەڵماندا دەگوتەوە:

شــــورباوی کوردی لەپەی تێدایە
تامــــی لەپەکـــەی وەك زلووبیایە
دەنگی لەپەکـــەی، لە قاپی فافۆن
دەنگدەداتــــەوە، وەك گرامافـــۆن
زیڕە، زیــــرە، خومایــــزی[1] زیڕە
دەچمەوە شــــاری، دەبــــم بە تودە
بەستەنی دەخۆم، بە کەوچکی داری
زیــــڕە، زیــــڕە، خومایــــزی زیڕە

ڕۆژێک پووری فاروق بللوری لەوێ دەبێت و گوێی لەم هاتوهاواری قادر و پێشمەرگەکان لە سەر سفرە دەبێت، دەست دەکات بە گریان و یەکســەر دەگەڕێتەوە بۆ شــار، بەیانی بە جێبێک پڕ لە شــیرینیی عەلی خومایــزی و خــواردن و تەنانــەت پاڵوودە، لەگەڵ ســێ چــوار دایکان گــەڕاوە مەقەڕ و لە دوورەوە هــاواری کرد: «بەقوربانوو بم، ها! ئەوە بەســتنی و پاڵوودە، نەکەن بگەڕێنەوە بۆ شار، دایکوو بەقوربانوو بێ، هەر ئیشــتیاتان کرد بنێرن خۆم بۆتان دێنم، لەســەرووگەڕێم مەبن بە «دوودە» مەبەستی حیزبی تودە بوو!»

١- خومایزی، پاشــناوی بنەماڵەیەکی کۆن و ڕێزداری شــاری مەهابادن، ناوبانگی دوکانی قەنادی و شیرینیدروستکردنیان هەیە.

کچە قژکاڵی چاوڕەش

هەر ئەو ڕۆژانە بوو، لای قاوەڵتوون جێبێک هاتە ناو دێ و بەرەوە مەقـەڕ هات، چەند ژنێکی لـێ دابەزین، کێ ببینم؟! لەگەڵ دایکی و یەک دوو ژنـی دی بـە دەسـتی پـڕ لە خواردن و شـتومەک، کچـە قژکاڵی چاوڕەش بە جلێکی جوانی کوردیی سـابلاغی، بە لەشـولارێکی مەتین و پـڕ لە نەزاکەت و شـەرمی کچانـە نیگای چاوەکانـی هەڵیتەکاندم و لە ئاسـت خۆم وڕ و سـڕی کردم. لـەدوای ڕۆیشـتنەوەیان لە قزڵجە ئـەوە یەکەم جار بوو دەمدیتەوە. هاتبوون بۆ سـەردانی برا و خزم و دۆستانی دی، یەک دوو ڕۆژ مانەوە، شەرم و نەوێریم وای کرد لە یەک دوو جار بە سەرپێی نەبێ، نەچم بۆ لایان. ئەوەی ئەم کیژەی لە هەموو ئەوانی دی جیا دەکردەوە، نیگای چاوەکانی بوو، پڕ لە مەندی و شەرم و سەنگینی بوو، هەرگیز هەستت پێ نەدەکرد بەدوای شتێکدا دەگەڕێن، کراسێکی لەخت و شۆڕی موکریانی بە ڕەنگێکی ماتی خاکیی گوڵگوڵی، دەسـماڵێک و پشتێندێکی سرکەیی ڕەش و سپی، لەچکێکی یەشمی، کە قژ و گەردنی داپۆشیبوو، وڵێوێک[1] بوو بە چەشنی ئەو وێنانەی مرۆڤ خـۆی ناگرێ لەبەریـان و دڵ بەرایی نادا لـە چاولێهەڵگرتنیان. ئەو بە مانای تەواوی وشەی شاعیر، «پەریزادی جوانی مەهابادی» بوو و لە بنەماڵەیەکی نەجیب و شۆڕشگێڕ خولقابوو.

هەر خەریکی شەڕەسەگ بوو

دووبەرەکی لە ناو بەرپرسـان و پێشـمەرگەکانی ناوچەی مەهاباد گەیشـتبوو بـە ئیهانەکـردن و ناوناتۆرەلێکدان. دوو بـەرەی تەواو دژ بەیەک هەبوون، لە هیچدا هاوڕا نەبوون و تەنانەت بۆیان کرابا ئیشیان لێکتریـش تێـک دەدا. حکومـەت یەکبەدوایەکـدا دەهاتە پێـش و چەند ناوچەی گرنگی سـتراتیژ و ئازادی لە پێشـمەرگە ستاند و داگیری کرد

١- وڵێو، پێکەوتوو، شۆخوشەنگ، جوانچاک.

و مۆڵگــە و مەکــۆی ســـەربازیی لێ دانان. بیرمان کردەوە وا باشـــە لە جادەی مەهاباد-گویکتەپە گورزێکیان لێ بوەشێنین. لە ڕۆژی حەڤدەی مانگــی ڕەزبەری ١٣٦١ (٩-١٠-١٩٨٢)دا، یونس پاڵەوانی گوتی، دەچین بــۆ نـــاو باخەکانی ئەو ناوە و کەمین دادەنێین، ئێواران ســـتوون دێ و کەمین هەڵدەگرن، ڕێک لەو کاتەدا دەســـتیان لێ دەوەشـــێنین و کاتیان زۆر نابێــت تـــا تاریکداهاتن. لەگەڵ یونس و یەک دوو دەســـتە چووین و بە درێژایی یەک دوو باخی ســـەرجادە لە کەمیندا دانیشـــتین، ستوون هات و زۆر بە کتوپڕی دەســـتمان وەشـــاند، دەســـکەوتی باشمان بوو، خەریکی کۆکردنەوە بووین، لە خانووی یەک لە باخەکانەوە تەقە دەکرا، پاســـدارێک خۆی گەیاندبووە خانووی باخەوانەکە و چووبوو لە نهۆمی ســـەرەوە سەنگەری گرتبوو، تەواو موســـەیتەر بوو بە سەرماندا، یەک پشـــوو تەقەی لێ دەکردین، یونس خۆی لە خانووەکە نزیک کردەوە و ویستی بە پلیکانەکاندا بۆی وەسەرکەوێت، لەناکاو پاسدار قومبەلەیەکی فـــڕێ دا خـــوارێ و هـــاوار لـــە یونس بڵیند بـــوو، پڕیشـــکێکی گەورەی قومبەلەکە وەســـەر مسوڵدانی کەوتبوو، ڕامانکێشا و دوورمانخستەوە، خانووەکەمان ئاگر تێبەردا. سیمورغەکەی پێی هاتبووین لەمبەری جادە بەرەو خاتوونباغ لەناو باغەکانی لای ڕاســـتی جادە جێ هێشـــتبوو، بە پەلە چووم و ســـیمورغم بەســـەر جادەدا هێنا بۆ لای یونس، جێمان لە پشـــتەوە بۆ ڕاخســـت و دوو پێشـــمەرگە لەمبەر و ئەمبەری دانیشـــتن، سیمورغ فڕی و لە بەردەرگای نەخۆشخانەی وەتەمیش وەستا، دوکتۆر لوقمان و شـــاکری هاتنە دەر، یەک لەو پێشـــمەرگانە، مینە گوتی، کاکە بـــا داینەگرێـــن و بگەڕێینـــەوە، یەک بۆخـــۆم هاوارم کـــرد و گوتم بۆ؟! گوتیان هەر ئێســـتا تەواو بوو، تا بەر ماڵان ناڵەی دەهات، دوکتۆرەکان هەر لە پشـــت ســـیمورغ فەحـــس و چاویان لێ کرد، گوتیـــان بەداخەوە خوێنڕێژی ناوســـکی کردووە و شـــەهید بووە. لەدەســـتدانی دۆستێکی دێرینـــی ســـەردەمی منداڵیم دیســـان کارەســـاتێک بوو. زســـتانی پار و بەهاری ئەوساڵ هەمووی بەیەکەوە لە ئالان بووین بۆ هێنانی چەک و

ئەڕزاق و هەمیشــە دوو هاوڕێی گیانیبەگیانی بووین. ملی سیمورغمان وەرســووڕاند و بــەرەو حاجیاڵیکەند چووینەوە، بە کوشــتنی ســەدان پاســداریش برینــی لەدەســتدانی یونــس بۆ مــن ســاڕێژ نەدەبووەوە. کــوڕەکان گوتیان، لەوێ بووین تا هەمــوو خانووکە بووەتە خوڵەمێش و باخەوانەکەیــان لەگــەڵ خۆیانــدا بــە دیلــی هێنابوو، گومــان هەبوو پاســدارەکەی لە ماڵەکــەی خۆی ڕێ دابێت، بۆمان پرســیار بوو چۆن خۆی گەیاندووەتە ناو ئەو ماڵە و چووەتە ســەرەوە. هەموو شــەوەکە لــە مزگەوتی ناودێ بەدیار یونس-ەوە دانیشــتین و شــینمان بۆ گێڕا، بەیانی زوو لە گۆڕستانی شەهیدانی کۆمەڵە لە حاجیاڵیکەند بە خاکمان ســپارد و ماڵئاوایی ئەبەدییمان لێ کرد. باوکی و کەسوکاری هاتبوون و لە سەرقەبران بوون. عادەت بوو پێشمەرگە، کە بە خاکیان دەسپارد بەرپــرس قســەی دەکرد و هەمووش هــەر ئەوە بوو: لــە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێــش و هــەژار گەورە بووە و بۆ مافی زەحمەتکێشــان هەر لە منداڵییەوە خەباتی کردووە.... عەینی شــت کاک موحســین دەستی بەم قســانە کرد و گوتی شــەهید یونس بە هۆی نەداری و هەژاری دەستی لــە خوێندن کشــاندەوە و بۆ بژێوی و یارمەتیی باوکی زەحمەتکێشــی دەســتی بە کرێکاری کرد و... باوکــی لەناو جەماعەت دەنگی بڵیند کرد و گوتی وەڵا بابم هیچ وا نەبوو! کوێرەوەریی دنیام دەکێشــا بۆ ئەوەی بخوێنێت و شــوکور وەزعمان باش بــوو و هیچ فەقیر نەبووین. یونس بۆخــۆی نەیخوێند و هەر خەریکی شەڕەســەگ بوو و بە قســەی منی نەدەکرد! ئیتر دوای قسەکانی موحسین و وەدەنگ هاتنی باوکی یونس، بێدەنگی باڵی بەســەردا کێشــاین و چەند کەسێک چووینە لای باوکی و دڵمــان دایەوە و گوتمان ئەم قســانە هەر دەبــێ بکرێت و ئێوە نیگەران و لە دڵی مەگرن. یونس یەک لە فەرماندە نیزامییە چوســت و چالاک و بوێرەکانی کۆمەڵە بوو، کوێ سەخت و عاستەم بایە یونس لەوێ ئامادە و گیانلەسەردەست بوو.

٣٧

سیامەند هەنگوینی نەهێشت

سـیامەند زەردوویی گرتبوو، لەوبـەری ئاوایی ژوورێکی بچووکی سـەر بیری ئاوی لێ بوو، ئەوێی ڕاخسـتبوو، خۆی دوور خستبووەوە نەکوو خەڵکی دی تووشی بن، هەرچەند ئەوێشمان کردبووە مەکۆیەکی خۆمـان و زۆر جاران لەبەر هاوڕێیان شـوێنی دانیشـتن نەدەبووەوە. کەسـمان ترسی گرتنەوەمان لێی نەبوو. سیامەند خۆی هەنگوینی زۆر پێ خۆشە، گوتیان هەنگوین بۆ زەردوویی باشە، ئیتر سیامەند هەنگوینی لەو ناوە نەهێشت و هەر بە قاپان دەیخوارد. ڕۆژانە سەردانمان دەکرد و خزم و کەس و دایکەکانیش، کە دەهاتن بۆ لای دەچوون. سیامەند لە لای هەموومان خۆشەویست و تاقانە بوو.

پاسدار و حکومەت لە جادەی مەهاباد- میاندواوەوە، بەرەو قوولایی و ناوچەکانـی مەحال و ژێر ئیدارەی پێشـمەرگە دەهاتن، هەواڵمان بۆ هات هاتوونە دێی بادام و ماویشـنەوە و لە پشـت بڵێندایيەکەی گوندی بـادام بنکەی سـەربازیان داناوە. تەدبیر کرا تـا زووە بچین لێی بدەین تـا خۆیان قایم نەکردووە. چەند کەس لـە ژووری کۆمیتەی ناوچە کۆ بووینەوە و خەریکی پلاندارشـتن بووین، سەید خالید گوتی، من دێم و کـرا بە فەرماندەی ئەم عەمەلیاتە، سـەید ڕەحمانە درێژ کە خۆی وەک بەرپرسی نیزامیی ناوچە بوو، لە جێی ڕزگار داندرابوو، ئەویش گوتی، خۆم دەبم بە فەرماندە. چەند بەرپرسی تری پەل و مەفرەزەش هەبوون. بە ئاشـکرا دوودەستەگی و شپرزەیی بەو پێشمەرگانەوە دیار بوو، کە قـەرار بوو ئێـوارە بڕۆن و پایـگای تازەداندراوی بادام بگرن. سـەید خالید وەک کارەکتەری زەقی «بینشی نوێ» وا بوو، سەید ڕەحمان بە حسێبی دواکەوتووەکان و پۆپۆلیستەکان دادەندرا. ئێوارە لای سیامەند

قســەمان لە گرتنی ئەم پایگایە دەکرد و کەســمان فەرماندەیی ئەم دوو کەسەمان بەدڵ نەبوو، لە ڕاستیدا هیچیان ئیی ئەم بوارە نەبوون، لەناو پێشمەرگەشدا هیچ خۆشەویست نەبوون و ئۆتۆریتەیان نەبوو. بەهمەن مــەلازادەگان کەســوکاری هاتبــوون و دەســتێک کەواوپانتۆڵی جوانی ئەفســەرییان بۆ هێنابوو، گوتی منیش دەچــم. زۆرمان پێ گوت برا تۆ کەســوکارت هاتــوون مەچووە. ئینکار بوو گوتی هــەر دەچم. برایەکی بەهمــەن، کاک حەمەدەمیــن کادری کۆمەڵە بوو لەگەڵ هاوســەرەکەیدا ماڵیــان لە حاجیاڵیکەند بوو، براژنە عەتیفــەی خێزانی هەر لە ئەوەڵەوە لەناو پێشــمەرگەدا بوو، لەگەڵ هەموومان‌دا وەک خوشــکی لێ هاتبوو، گوتــی تووخوا مەهێڵــن بەهمەن بچێت، دڵم جۆرەیەکــە. عەتیفە تایبەت لەگــەڵ بەهمەنی هێوەریدا زۆر نزیک بوو، گوتمــان جوابمان ناداتەوە. هات بە چاوی گریانەوە باوەشی بە بەهمەندا کرد و سوێندی دا ئاگای لە خۆی بێت. هەســتام هەر لە لای ســیامەند پشــتێند و جامانە و جلە تازەکانیــم بۆ ڕێکوپێک کرد و دەســتمان بــە گاڵتەکردن کرد و گوتمان ئەم جلە تازانە ئیی شــەڕ نین و ئیی زاوایەتین. جامانەکەی لە تازەکان و هەرە باشــەکان بوو، کە دەتشۆری زۆر زوو ویشک دەبووەوە، زۆر بە توندی بۆم بەست تاکو لەسەری نەخزێت.

دوو ســێ دەســتە پێشــمەرگە ڕۆیشــتن، شــەریف تــازەزاوا بوو، نەمانهێشــت بچێــت و منیــش بەرپرســی مەقــەڕی ناوچە بــووم و لە ئامادەباشــیدا بووم بۆ هەر ڕووداوێک. ڕەنگە باشــم لــە بیر نەمابێت، بەڵام وا بزانم تەنیا بەرپرسی نیزامیی بەئەزموون و لێزان کە لەگەڵیاندا بوو، کەریم ئەفسەر بوو.

شەڕەکە ئاوا دەستی پێ کرد

هاوڕێیانمان ڕۆیشــتن و شــەو نەهاتنەوە، زانیمــان پایگا نەگیراوە و بەری بەیانی هەموو پاشەکشــەیان کــردووە بۆ گوندی قوڵقوڵە زۆر نزیکی بادام، شەڕەکە ئاوا دەستی پێ کردووە:

پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی سەید خالید و سەید ڕەحمانە درێژ لە ناو ئاوایی بادام بڵاو بوونەوە، دوای تێکگیران و قسەوباســی سەرپێی ســەرەنجام کەریم و چەند پێشــمەرگەیان ناردووە بۆ سەر پایگاکە بە تاریکی، ســەردەکەون و لێیان نزیک دەبنەوە، بەر قومبەلە و دەسڕێژی تفەنگیان دەدەن و بە ئارپیجی هەموو شــاخەکە دەکەنە ئاگر و گوللەی ڕووناککەرەوەیــان بەســەردا دەبارێنن. حوســێن خەپــە بریندار دەبێ و کەریــم لــە بن بەردێــک لە خوار مۆڵگــەی پاســدارەکان دایدەنێت و دەڵــێ مەبزوو ئێســتا دەچــم دوو کەس دێنم و دەتبەینــە خوار. کەریم دەڵێ هاتمەوە نەمابوو، دیار بوو پاســدار هاتبوونە سەری و بە دیلیان گرتبوو. هەموو بە شپرێوی و هیلاکی دێنەوە ناو ئاوایی بادام و دەڵێن نەگیرا و حوســێنمان بەجێ هێشــتووە. کەریم و یــەک دوویەک دەچن بــەدوای حوســێندا، نایبیننەوە و تــا نزیک پایگاکە دەچــن هیچ فایدەی نابێت و حوســێن بووەتە ئاو و بە عــەرزدا ڕۆچووە. تا دەگەنەوە لای ئەوانــی دیکە، تەواو شــەو درەنگــی کردووە و پێشــمەرگەکان هەموو بــە هیلاکــی لە ناو دێ بڵاو بوونەوە. چ بکەین چ نەکەین و هەر کەســە شــتێک دەڵێت و کەس حیســێب بۆ ئــەم فەرماندانە نــاکات، یەک دەڵێ بــا تــا ڕۆژ نەبووەتــەوە بڕۆین و ئــەوی دی دەڵێ با بچیــن بۆ ئاوایی قوڵقوڵە. دێنە ناو ئاوایی قوڵقوڵە دیسان مشتومڕی ئەم دوو فەرماندەیە دەســت پــێ دەکاتەوە، جیبێک و ســیمورغێکیان پێ بــوو، کەچی لەبەر دووبەرەکــی و یەکتــر تاوانبارکردن بە نەزانی و ترســنۆکی، بڕیاریان بــۆ نادرێت. هەر ئەوکات پێش ڕووناکی بگەڕێنــەوە بۆ حاجیاڵیکەند و بــە تێداچوون، یان بەدیلگیرانی حوســێن ڕازی بن. لە دەوری مزگەوت و دێ پێشــمەرگەکان لــە ماندوویی و لە برســان هــەر کامەیان لە بن دیوارێک خەوی لێ دەکەوێت. کەریم بەزۆری پێشمەرگەیەکی دەستەی خۆی دەنێرێتە بڵیندایی پشتی دێ بۆ چاودێری. سەید ڕەحمان و سەید خالیــد هەر لە موناقشــە و قسەوباســدا دەبن، لەناکاو پێشــمەرگەکەی دەســتەی کەریم دێتەوە ناو دێ و هاوار دەکات، هەڵێن پاســدار هات.

سـەید خالید تەنانەت بە سـەید ڕەحمان دەڵێ چاکت فرۆشتین و سەید ڕەحمانیش هەمان شـتی پێ دەڵێتەوە، ئیتر هەر کەسـە بۆخۆی قەرار دەدا چـۆن بـەرەو دێی ئازاد پاشەکشـە بکات، کە لە نێـوان قولقولە و حاجیالیکەندا بوو.

شەهیدی نێو دارەکان

یەکەم دەسـتە پڕ بە سـیمورغێک بەیانی زوو خۆیان بە حەوشەی مەقـەڕی حاجیالیکەنـدا کـرد و بە هاتوهـاوار گوتیان، فریـای ئەوانی دی بکـەون لـە پێش ئاوایـی قولقولە لەناو چنارەکاندا عاسـێ بوون و ڕێی پاشەکشـەیان خۆمپارەبارانە[1]. شـەریف بە ماتۆڕێکی وەرزشـی ڕۆیشـت، منیش بە سـیمورغەکە چووم بۆ ئاوایی ئازاد، بەرامبەر ئازاد پایگایەکـی تریـان لێ دابوو، نێـوان قولقولە و ئازاد، شـێوەردێک بوو تازە کێڵدرابوو، ڕۆیشـتن و ڕاکردن لە ژێـر بارانی خۆمپارە و قەناس بەنـاو شـێوەردا کاری وزەی تراکتۆرە، نەک بنی ئـادەم. لە دوورەوە ناو دارستانی پێش ئاواییمان دەدیت، جێبەکە پڕ لە پێشمەرگە بە قەراغ شـێوەردەکەدا خۆیـان گەیاندە ئـازاد و لای ئێمە، کەریم ئەفسـەریان لەگەڵدا بوو، گوتی تەنیا بەهمەن و کەریم کەلهوری، یوسف جیهانگیری، عەلـی بۆزە و ئەنوەر حەسـەنخالی و یـەک دوویەکی تر ماون. ئەوەی ئـەو ڕۆژە بە چاوانی خۆم لە شـەریفم دی چی بـەم ماتۆڕە دەکرد لە ناو ئەو شێوەردە، دڵنیام بە فیلمیش دروستی بکەن کەس باوەڕ ناکات و ناگێڕدرێتەوە! بۆچی شـەریفیان لەگەڵ ئەو پێشـمەرگانەی لە پشتی ماتۆڕەکەدا سـواری دەکـردن نەئەنگاوتن؟! خـۆ وەک هێلکەی داکراو لەناو شـێوەردەکە وا بوون، حەرەکات و فڕینی شـەریف بە ماتۆڕەکە نومایشـێکی سەرسووڕهێنەر بوو. شـەریف چەند جارێک بە ماتۆڕ بە ناو شـێوەردەکەدا بە بەرچاوی ئێمەوە لەمسـەر و پاسـدار لەوسەری دەشـتایی کێڵـدراو ڕۆیشـت و هاتەوە، هەر جـارە یەکێکیانـی دێنا و

1- خۆمپارە، هاوەن.

دەگەڕاوە، نێوان ئازاد و قوڵقوڵە ئیتر بە تەواوتی کرا بە جەهەننەم و بە هاوەن و تۆپان جارێکی تریشیان کێڵا. دوای حەول و تەقەلایەکی زۆری هێنانەوەی پێشـمەرگەکان و بریندار و شەهیدەکان، سەرەنجام یوسف جەهانگیـری، فایەق تاهیـری و عەلی بۆزە، کە بەداخەوە هەرسـێکیان زۆر مێرمنداڵ و تازەپێشـمەرگە بـوون، بە بەرچاوی هەموومانەوە، لە شـێوەردەکە و لەناو چنارەکانی دەرەوەی قوڵقوڵە بە قەناس لێیان درا و شـەهید بوون. مەیتی هەرسـێکیانمان هێناوە گۆڕسـتانی شەهیدانی حاجیاڵیکەند. ئەنوەر حەسـەنخاڵی ئەویش مێرمنداڵ و تازە بوو، بەناو شێوەردا خۆی گەیاندە ئێمە، هەرچی لێمان پرسی هەر بە تەنیا بووی؟! گوتـی، «کەس لەنـاو دارەکان نەما، منیش هەر خـۆم بە هەڵاتن بەناو شێوەردەکەدا هاتمەوە».

ئێوارە درەنگ سێ لاوی تازەپێگەیشتووی جوان لەناو حەوزخانەی مزگـەوت ڕاکێشـرابوون و ئامـادەی لەبەرکردنـی کفنـی شـەهیدانی سەربەرزی کۆمەڵە بوون.

لە سایەی هاتنی حیکمەت

دوای بەسەرکردنەوە، زانیمان زیانەکانی ئەم چالاکییە ناسەرکەوتوو و کارەسـاتە، کـە بەشـی زۆری بەرپرسـانی خۆمان بوونـە هۆکاری و تەنانـەت ئـەو نیفاق و دووبەرەکییەی لە سـایەی هاتنی مەنسـوور حیکمـەت و ڕوانگـە و تیۆرییەکانی تووشـی بووبووین و یەکترمان بە فرۆشـتنی ناوچەکە تاوانبار دەکرد، سێ شەهید، چەند بریندار و چوار دیلمان هەیە و هیچ دەسـکەوتێکمان نەبوو. بە هۆی نەمانی دیسپلین و نەزمی ناو پێشـمەرگە و بێکیفایەتی بەرپرسـان، هەر کەسە قسەیەکی دەکـرد و ڕووداوەکـەی دەگێڕاوە. یەکیان گوتی بـە چاوی خۆم بینیم هەژاریـان بە زیندوویی گـرت. ئەوی دی گوتی کەریم برای حوسـێن خەپە خۆی تەسلیم کرد و... هەرچی دەمهێنا و دەمبرد ئەدی باشە تەنیا بەهمەن دیار نییە و کەس باسی ناکات، شەهید بوو یان گیرا؟!

بۆچی وا نەزان و دەرویش بووم

کارەسـاتی خراپی و شکسـتی ئەم شـەڕە پڕ لە شـەهید و بریندار و بەدیلگیرانـە، بەبـێ هیچ دەسـکەوتێک کاری کردە سـەر زۆربەمان، چاوەڕوان بووین سـەرکردایەتیی کۆمەڵە بێت و ڕەخنە و جەزا بخاتە سـەر هەموو بەرپرسـەکان، بـە تایبەت کۆمیتەی ناوچە، موحسـین و سەید خالید و ڕزگار و سەید ڕەحمان و تەنانەت هەر هەمووی ئێمەش کە ئاگاداری ئەم شـەڕە بووین و پلانمان بۆ داڕشتبوو. زۆر بەداخەوە تەواوی ئەم شەڕە دیزەبەدەرخۆنە کرا و تەنانەت کەس بە کەسی نەگوت بـۆ وامان کرد، هەر ئەوەندە سـەید خالید بە سـەید ڕەحمانی گوتبوو فرۆشـتت! لـەم کاتانەدا بوو هەسـتم دەکرد ئیتر چیدی وەک پێشـوو خوێنی پێشمەرگە و لاوەکانمان بۆ بەرپرسان و سەرکردایەتیمان، وەک جاران جێی بایەخ و داخ و حەسرەت نییە!

ڕۆژی دواتـر ڕێکخسـتنەکانی ناوشـار هاتـن و دەنگدانـەوەی کارەسـاتباری ئـەم شـەڕەیان لەسـەر زاری خەڵکـی مەهابـاد بـۆ دەگێڕاینـەوە. گوتیان، هەواڵی ڕاسـتمان هەیە لە دیتنی بەهمەن، کەریم و حوسـێن خەپـەی کەلهـوری و هـەژار کەریمـی، گوازراونـەوە ناو پادگانـی مەهابـاد و هـەر چواریان بـە دیل گیراون، ئـەوە یەکەم جار بوو لە شـەڕێکی وا سـادەدا، ئەوەندە شـەهید و دیل بدەین، ئەمە تەنیا هۆکاری هەستنەکردن بە بەرپرسـیاریەتی و بەهێندوەرنەگرتنی گیانی پێشـمەرگەکانمان بـوو. گۆڕینی دید و بۆچوونمان بوو، بە «بینشـی نوێ» بۆ شەهید و پێشمەرگە و کەسبەکەسی بەرپرسان و دووبەرەکی لە ناوچەی مەهاباد و شایستەنەبوونی بەرپرسی یەکەم. کاک موحسین ڕەحیمی و دواتر سەید خالید سیادەت کە هەردوو لە دەرەوەی ناوچەی مەهاباد، بەسـەر ئێمەدا داسـەپێندرابوون! ڕزگار و سـەید ڕەحمانیش ئەوە هەر هیچ، دوو گێلەپیاوی نەزان بوون، کە تەنانەت ئێستاش دوای چل سـاڵ و لە ئەورووپا ژیاویش نازانن ناوی خۆیان بنووسـن! ئاخر

چۆن دەکرێت ئەوانە بەرپرسـی دەیان سولەیمان بللوری و ڕەحیمی و سـوهەیلی و کەمـال و یونس و جەعفـەر و بەهمەن و ئەحمەد و ئاکام و کێ و کێ...، لە بەرپرسـانی سیاسـی و نیزامی ناوچەیەکی گەورەی وەک مەهاباد بووبن و تا ئێسـتاش وتارێک، لێکدانەویەک، شـیکارێکی زانستی و نیزامییان لەو هەموو شەڕ و پێکدادانی کۆمەڵە نەبێت و ئێمە هەموومـان دەبێت، چەند دەروێش و لەوان نەزانتر بووبین کە چووینە ژێر باری بەرپرسـیارەتی و ژێردەسـتیی ئەم جۆرە پیاوانە؟! ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە هەزاران جار سەرکۆنەی خۆم دەکەم، بۆچی وا نەزان و دەروێش بووم!

یـەک بەدوای یەکدا لە ڕێکخسـتنەکانی ناو شـارەوە خەبەر دەهات بەهمـەن لەگەڵ گیراوەکانـدا لە پادگانە. گوتمان با دیلێکی باشـیان لێ بگریـن و گۆڕینەوەیان لەگەڵدا بکەین. لەگەڵ کەریم ئەفسـەر و کەمال وەلیانیدا دەسـتەیەک سـاز بووین و بەرەو شـار بووینەوە، بەهمەن و یونـس پاڵەوانـی بۆ مـن و کەمـال زۆر تایبەتی بوون، مـن لەگەڵیاندا ژیابووم و کەمال لەگەڵیاندا زیندانیی کێشابوو، هەمووی هەفتەیەک بوو یونسمان لە کیس چووبوو، ئامادە بووین خۆمان بە ئاو و ئاگردا بدەین و بەهمەن بێنینەوە ناوخۆمان.

گۆڕینەوەی دیل

مامۆسـتایەکی مەدرەسـەکانی مەهاباد هەبوو هەرچی مامۆسـتای شـار بوو شـکایەتیان لێی هەبوو، تەواو چووبوو ژێـر باڵی مەلایان و یارمەتیی حکومەتی دەکرد، بە دەیان مامۆسـتای پاکسـازی کردبوون و لـە کاری لادابوون، بە بیانووی «زیدیـی ئینقلاب»بوونیان. گوتمان، دەچیـن و دەیهێنین مـادام ئەوەندە بۆ حکومەت گرنگـە، بە دڵنیاییەوە گۆڕینەوەی دیلەکانمان لەگەڵدا دەکەن.

دوای پرسـوڕا دەرکەوت ماڵیان بە پادگانی شـارەوە نووسـاوە و لەبـەر خراپـەی زۆر کـە دەرحەق خەڵکی شـار و ئیـدارەی فەرهەنگ

کردوویەتی زۆر لە خۆی دەترسێت. دەستەیەکی دانسقە ساز بووین و شەو بە سەرقەبراندا خۆمان بە شاردا کرد، دوو پەڕینەوەی سەختمان لە پێش بوو، یەکەم لە مەیدانی ئابیاری (فوتبۆل) بۆ بەری کۆڵانەکانی هەشت مەتری و لەوێشەوە بۆ لای پادگان، لە هەردوو جەمسەری ئەم پەڕینەوەیە مەقەڕی پاسدار هەبوو بە پرۆژێکتۆری زۆر بە هێزەوە، دەرگای مەیدانی فوتبۆڵ ڕێک لە نێوان حەمامی مەولەوی و پادگاندا بوو، هەردوو لا حەرەسیاتی پاسداری لێ بوو. دەبوو یەک یەک لەسەر سینگ و بە ئەسپایی لە پانایی خیابانەکە بپەڕینەوە، هەر وامان کرد، یەک دوو جار دەنگی مەخزەن و قایشوقروشمان وای کرد پلاژۆکتورمان تێگرن و بە سەدان تەقە بکەن، خۆمان مات دەکرد و ئارام دەبوونەوە، هەموومان پەڕیینەوە و بە پشتەوەدا خۆمان گەیاندە بن پادگان و ماڵی کابرای جاشی حکومەتی، بە سەربان‌دا لێیان وەژوور کەوتین، کچێکی بێعار و دمهەراشی بە هاتوهاوار خەریک بوو پادگان و خەڵک تێگەیەنێت، بێدەنگ کرا و بابەکەیمان بە دەستوچاوبەستراوی هێنایە دەر.

مامۆستای بارمتە

ماڵی کابرایەکی توودەیی لەو نزیکانە بوو، گوتمان مادام زوویە و سەرکەوتوو بووین لەم کارەمان، با ئەم تودەییە کە زۆری خەڵک بێزار کردووە بیبەین. ماڵی خالید چالاکی جیرانیان بوو، گوتمان، دەچین بۆ حەوشەی ئەوان و لەوێرا لەناکاو خۆ بە ماڵیاندا دەدەین و دەیبەین. دایە فاتم دایکی خالید، کە لە نزیکەوە زۆر ئاشنا بووین، بەرەوپیرمان هات و بە شەربەت و میوە زۆریان خزمەت کردین. داوای نەردیوانێکمان کرد پێی وەسەربان کەوین. دایە فاتم گوتی بۆ دەچن، دەزانم بۆ کوڕەکەیان هاتوون، بە خوا و بە پێغەمبەر ئێوارە خۆم بینیم، چوو بۆ تاران. گوتمان، مادام وایە با نەزانێت بۆی هاتووین، بۆ جارێکی دی. ماڵی باوکم دوای گرتنەوەی شار هەر لە خانووی کرێدا

بــوون، دەمزانی بە تازەیی هاتوونەوە گەڕەکــی کۆنی خۆمان و لەوێ ماڵیــان بــە کرێ گرتووە، لــە کۆڵانی خوار ماڵە کۆنەکەمــان، بەرامبەر کۆڵانی خەجەی حەمەدە. ساغ بووینەوە سەرێکیان لێ بدەین، لە کۆڵانی دوکانی خەجەی حەمەدە و حەمامی پاک دیســان لە دوو لاوە مەقەڕی پاســدار بــوو، لایەک لای ماڵــی حەبیبی و لای خوارێش لــە چوارڕێی ئازادی، هەر بە هەمان دەستووری پێشوو پەڕینەوە بۆ کۆڵانی ئەوبەر. تەنیا من و کەریم و کەمال و موبەشــیر بووین، پێشــمەرگەکانی دیمان لەگــەڵ کابرای جاشــی حکومەتیــدا لە کۆڵانەکانی هەشــت مەتری جێ هێشت بۆ نانخوارن و قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا.

چاوبەستراوی چاوساغ

زۆرم چاو گێڕا و چاوەچاو کرد نەمزانی لە کام ماڵدان، نەماندەوێرا لە ماڵەکان پرسین. هاوشارییەکمان لە پەنجەرەوە گوێی لە دەنگەدەنگی ئێمە بوو، هاتە سەر پەنجەرە و گوتی، بە قوربانتان بم لە چی دەگەڕێن؟ ناسیم و گوتم لە ماڵی باوکم دەگەڕیین. هاتە خوار، نیشانی داین و تێر ماچی کردین. ماڵێک بوو پەنجەرەی ئاشپەزخانەکەی لە دیوی کۆڵانەکە بــوو، بەردێکی بچووکم پێــدا دا، خێزانی کاکم هاتە ســەر پەنجەرەکە، گوتــم بــراژن بیکەنەوە عەلیم. هەر ئەوەم گــوت، لە چریکەی دا و یەک بەخــۆی هــاواری کــرد ئەیڕۆ کاک عەلییــە! ئیتر کاکــم و دایکم و بابم و نەرمیــن هەموو بەیەکەوە دەرگایان لێ کردینەوە. جەوێک دروســت بوو پڕ لە شــادی، ترس، خۆشەویســتی، بێحەجمینی بابم و بوژانەوەی نەرمین. یەکســەر مریشک وەســەر نرا و برنجیان دەم کرد. شەربەتی ئالووباڵــوو هات، چەند لێوانم لەســەر یەک خواردنــەوە، کاکم هاتە بن گوێم گوتــی وەرن پیــاوی چــاک بن ویســکیی زۆر باشــم هەیە، دڵم مەشــکێنن و یەک دوو پیاڵە بخۆنەوە. گوتم کاکە هەرگیز ئێمە لە کاتی وادا مەشــرووب ناخۆینەوە. گوتی پیاوی چاک بە توو سەری ئەم بابە نازدارەت، خۆت کەر مەکە، ئیســتکانێکم لەگەڵدا بخۆ مەبادا نەتبینمەوە.

کەریم زۆری پێ خۆش بوو گوتم، نا کاکە گیان خراپە و پێشمەرگەمان لەولا جێ هێشــتوون و چاوەڕوانمانن. ئێستاش لەسەر دڵم داخە بۆچی دڵی کاکم وا شــکاند. هاتینە دەر، کەریم هەزار قســەی پێ گوتم لەوەی نەمهێشت ویسکی بخۆینەوە. دیدارێکی یەکجار خۆش بوو، ماڵئاواییمان کرد. کەمال گوتی، مادام وایە ماڵی ئێمەش لە لای ماڵی حاجی ســاڵەی شــاتری و لای عەکاســی ئەنوەرییە. چووین سەردانیان بکەین، هەر بە بەردەم ماڵە کۆنەکەی خۆماندا. زۆر گەڕاین و لە دەرگاکانمان دا، ماڵی باوک و دایکی کەمالمان نەدیتەوە و گەڕاینەوە بۆ لای کۆڵانی خەجەی حەمــەدە و دیســان پەڕیینەوە. زۆر بە خەســتی تەقەیــان لێ کردین و زۆری خایاند تا هەر چوارمان چووینەوە بۆ کۆڵانەکانی هەشت مەتری. دەبــوو بپەڕینــەوە بۆ لای مەیدانی فوتبــۆڵ و ئەوجار تەقەی پادگان و حەمامی مەولەوی. دەست و چاوی دیلەکەمان بەستبوو، بە خۆشییەوە بــێ زیــان هاتینەوە بــەری قەبران و بوداق ســوڵتان. لەگــەڵ کەمال و پیرەهەڵــۆدا کابــرای دیلمان جیا کردەوە و نمایشــێکی ئیعدامان ســاز کرد بۆ ئەوەی بترســێ و لەم حاڵەتەدا زانیاریی لێ وەرگرین لەســەر هاوکارەکانــی و پیاوانی ســەر بە حکومەت، لەم چۆڵایــی و تاریکییەدا زۆرمان ترســاند، هیچ فایدەی نەبوو. گوتی: ڕۆڵە ئێوە فریوخواردوون و دڵم بۆتان دەســووتێت. ئافتاوەیەک ئاوم بۆ بێنن دەسنوێژ دەشۆم و دوو ڕەکەعەت نوێژ دەکەم ئەوجار بمکوژن. لە پشت قەبران لە کەلاوە کۆنێــک پــڕ لە ســام و تاریکی ئامادەیی خۆی نیشــان دا بۆ کوشــتن. پیرەهەڵــۆ چوو لــە ماڵێک ئاوی هێنا و بە دەســتیدا کــرد، نوێژی کرد هــەر بــە پێوە و قیت ڕاوەســتا، گوتمان نا ناتکوژیــن و جارێ کارمان پێتە. چاومان بەستەوە، کەریم و پێشمەرگەکان پێش ئێمە کەوتبوون و بەرەو ســیمورغەکەمان ڕوویان لــە کۆنەدێ کردبوو. کەمال لە پێش و کابرای دیل دوای ئەو، پیرەهەڵۆ لە پشــت ســەری و منیش ئاخر. ڕیزە چنارێک و دووڕێیانێک هاتنە سەر ڕێمان. کەمال گوتی، ئەرێ لای سەر بگــرم، یان خوار. وەگومان و شــک کەوتین بە خــوار جۆگە ئاوەکە بۆ

کۆنــەدێ دەچوو یان بە ســەرەوەدا. لێمان بوو بە ئــەرێ خوارێ بوو یان سەرەوە، لەپڕ کابرای دیل بە چاوبەستراوەیی لێمان وەجواب هات و گوتــی: ڕۆڵە گیان گــەر بۆ وزندەرێ دەچن خــوار جۆگەکە بگرن و گەر بۆ کۆنەدێ دەچن ڕێیەکەی ســەرەوە بگرن. هەرسێکمان چاوێکی بەماناوەمــان لێک کرد و بە قســەمان کــرد، ڕوومان لە کۆنەدێ کرد و ڕاستیش دەرچوو.

دیلەکەمان تەسلیمی کۆمەڵە کرد و ڕەوانەی ناوەندی کرا، ڕایانسپارد ئامــادەی گۆڕینەوەیــن لەگــەڵ بەهمــەن و پێشــمەرگەکاندا، حکومەت گوتبووی، چیی لێ دەکەن بیکەن، ئەو شەهید دەبێ و دەچێتە بەهەشت. هەرچــی حەولیان دا بۆ گۆڕینــەوە، چونکێ کورد بوو، هەر بە لایانەوە گرنگ نەبوو.

ئەم شوانە چی دەوێت؟

دە دوازدە ڕۆژ بــوو شــەڕی قوڵقوڵــە کرابوو، بە حســێبی خۆمان کەســمان ون نەبووە، ســێ شــەهیدمان بوو، هەرســێکمان ناشتبوون، چوار دیلمان هەبوون بە قســەی کۆمەڵەی ناوشــار هەر چوار زیندانی بوون. ڕۆژێک پاسەوانی بەردەرگای مەقەڕی حاجیاڵیکەند هاواری کرد یەکێک بێت با بزانێ ئەم شــوانە چیی دەوێت؟ چووم کوڕێکی شــوانی خەڵکی خاتووخاس بوو، گوتی:

– کاکە لە ڕۆژی شــەڕەکەوە منیــش حەیوانم لێ ون بووە و مندار بوونەوە، ڕۆژانە بە شــەو دەچم بۆ ئەو ناوە، لە نێوان ئازاد و قوڵقوڵە لەناو شێوەردەکە بۆنێک دەکەم وەبۆنی حەیوانی مندارەبووەوە ناچێت و گومانی ئینسانی لێ دەکەم. چەند جار ویستوومە بە ڕۆژ خۆم نزیک بکەمەوە، تەقە دەکەن و ناوێرم.

– سەردانێکی حیزب بکە بزانە کەسیان ون نەبووە.

– چووم و دەڵێن ئێمە لەوێ نەبووین.

– وەڵا ئێمەش کەسمان ون نییە.

- مـن ئەوەم بە موحسـين و کۆمیتە ناوچە گـوت، هەڵبەت بۆ وان قسـەی ئەم شوانە هەر هیچ مانای نەبۆو. یەک دوو ڕۆژ دواتر دیسان کاکی شوان هاتەوە بەر مەقەڕ.

- پیاوی چاک بن من ناوێرم، بەڵام دڵنیام ئەم ڕەشاییە لە دوورەوە شتێکە،

- باشـە ڕێک شـوێنەکەم پـێ بڵێ و لێم مەعلووم کـە لە کوێ ئەو ڕەشاییە دەبینی.

جـوان تێیگەیاندم. دیسـان چوومەوە لای کۆمیتـەی ناوچە و گوتم کاکە تا ئێسـتا کـەس بەهمەنی لە زیندان نەدیـوە، ماڵەوەیان چوون و دەڵێن لە پادگان و زیندان نەبووە، بۆ نەچین بەدوای قسەی ئەم شوانەدا، خۆ زەرەر ناکەین؟ لێم تووڕە بوون و گوتیان، لە سەرئێشـە دەگەڕێی. دڵم ئۆقرەی نەبوو، لەگەڵ کەریمدا باسـم کرد و گوتی، جا شـەو دوای ئەوەی چراکانی مەقەڕ کوژانەوە خامۆشی لێ درا، خۆ نزیکە، بە پێیەک دەچین. دەنگۆی قسـەی کاکی شـوان لەناو مەقـەڕدا بڵاو بووبووەوە، عەتیفـە هـات گوتی، توو خوا کاک عەلی گـەر چوون با منیش بێم، یان ئەگەر بەهمەنتان دۆزییەوە منیش ئاگادار بکەن. گوتم بە چاوان، ناکرێ تـۆ بەرین، بـەڵام ئەگەر بەهمەن بـوو، دێم خەبـەرت دەکەمەوە. کاک حەمەدەمین لە ماڵ نەبوو لە جەولەی سیاسـی بوون. شـەو درەنگ کە خامۆشـی باڵی کێشابوو بەسـەر هەموو دەڤەر و دەرکوباناندا، لەگەڵ کەریم و پێشمەرگەیەکدا جیبی تۆپی ١٠٦مان هەڵگرت و پڕی پەتوومان کـرد و ڕوومان لە ئاوایـی ئازاد کرد. گڵۆپی جیبەکە پێ نەکرابوو. هەر بـە تاریکی وەنێو شـێوەرد کەوتین و ڕێک ڕوو بـە قوڵقوڵە بە ئارامی دەچووینە پێش، نەدەبوو دەنگی مەکینە بەرز بێتەوە، وردەوردە بۆنێکی تونـد وڵاتی داگرت، بۆ لای بۆنەکە چوویـن، دەی، دەی، خۆمان تەواو لێ نزیک کردەوە، تەنانەت لەو ناو دەشـتاییە، بۆنەکە هێڵنجهێنەر بوو. لـە تـاوی بۆنەکە شـەدە و جامانەمان لـە دەموچاوی خۆمـان هاڵاند، دابەزیین و بە پێلێخشـان بۆ پێشـەوە چووین، کەریم قاچی وەشـتێکی

نــەرم کەوتبوو، بانگی کــرد وەرن بزانن ئەوە چییــە؟ بۆ چرکەیەکیش بۆنەکــە تەحموول نەدەکرا، بە پەلە بەتانییەکمان ڕاخســت و ئەو شــتە ڕەش و نەرمەمــان تێــوە پێچا و هەڵمان گرت، بە ئەســپایی لە پشــتی جێبەکەمــان دانــا. بە خێرایــی دوور کەوتینەوە و نەمانهێشــت نە پایگا و نــە خەڵکــی ئاوایی ئــازاد پێ بزانن. هــەر ئەوەندە لە نــاو دێ دوور کەوتمــەوە، گڵۆپــم هەڵکرد و پێم پێوە نا، بۆ ئەوەی بە بای ســەیارەکە بۆنەکــە لە خۆمان دوور بکەمەوە. گەیشــتینە ناو مەقەڕی حاجیاڵیکەند و بە سێیان پەتۆکەمان داگرت، بە بێ ئەوەی تا ئەو کاتە بزانین چیمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە. گومانی تێدا نەبوو حەیوان و شت نەبوو، دەبوو بەشەر بێت. بردمانە حەوزخانەی مزگەوت، (سولەیمان-خ)م هەستاند و هات، گوتم چراتۆڕمان دەوێت. هەرچی کردمان لە سێ چوار چراتۆڕان یەکیان هەڵنەبوو. ناعیلاج ســولەیمان چوو کاک کەریم قادری هەستاند و هات، گەڕا چراتۆڕێک نەبوو. ســولەیمان چوو بۆ لای ماڵی مەمەدی حەســەنخاڵی گوتی، ئەو هەمیشــە ساز و خاوەن شــتە. لە بەردەرگای مزگــەوت و پێــش حەوزخانەکە چاوەڕێ بوویــن. کاک کەریم دەیگوت پەکــوو لەم بۆنــە ئەوە چۆنتــان هێنا؟! نازانم یەکپشــوو دڵــم بووبوو بــە هێلانــەی چۆلەکە و لێی دەدا. لەوســەری ماڵانەوە بــە چراتۆڕەوە ســولەیمان و مەمەد پەیدا بوون. ڕوومان لە حەوزخانە کرد، ئێســتاش دوای نزیک ســی و ئەوەندە ســاڵ، وەحشەت دەمگرێت و مووی لەشم قــرژ دەبنەوە لە گێڕانــەوە و هێنانەوەی ئەو دیمەنە بۆ پێش چاوەکانم. هەمووی نیو سەعات نەبوو لەسەر تاتی حەوزخانەکە جێمان هێشتبوو، بــە ملیــۆن کرم بە هۆی فێنکی و ســاردیی نــاو ژووری حەوزخانە لە پەتۆکــە دوور کەوتبوونەوە. لەســەر تاتەکە، بــە پانیی ڕووبەری ئاوی حەوزەکــە وەک پەردەیەکــی ڕەش و کرێمی کــرم دایگرتبوو، مەمەد و ســولەیمان دەســتیان بە ڕشــانەوە کرد و دوور کەوتنەوە، لەگەڵ کاک کەریم قادری و کەریم ئەفسەردا پەتوومان لا دا، ئای چ دەبینم! دەموچاو هیچی نەمابوو، ئیسکلێتێک بوو پێستێکی چرچولۆچی بەسەردا کرابوو،

کەواوپانتۆڵی ئەفسەریی کاتی خواحافیزیی بەهمەنم ناسییەوە. گوتم کاک کەریم ئەوە بەهمەنە. گوتی چۆن دەزانی؟ گوتم خۆم پشتێندەکە و جامانەکەم بۆ بەست لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ ئاوایی بادام. بەهمەن ئەو ئێوارەیە لای براژنە عەتیفە دەموچاوی لووس لووس کرد و ڕدێنی تاشی. هێندەی بەندی پەنجەیەک ریشی هاتبوو. ئاخر حەڤدە ڕۆژ لە شەڕی قوڵقوڵە گوزەرابوو. گوتم تەماشا کەن، چۆن جامانەکەی لە شانی خۆی هاڵاندووە. من ئەو جامانەیە دەناسمەوە تازە بۆی هاتبوو. چووم بۆ ژووری کۆمیتەی ناوچە و هەر سێیانم لە خەو هەستاند، چیم دیبوو و چۆن چووین و چۆن گەڕاینەوە بۆم گێڕانەوە. من لەبەر ڕێسمەی دەرگاکەیان و ئەوانیش لە بن بەتانی بە چاوی نیوەکراوەوە گوێم لێ دەگرن، گوتیان کە وا بێ دڵنیای بەهمەنە و ئاواش کە دەڵێی زۆر شێواو و بێلەزەت بووە. گوتم بەڵێ لەبەر بۆن و ڕوخساری شێواوی تەنیا سولەیمان و کاک کەریمی قادری و مەمەد حەسەنخاڵی، ئەویش لەبەر نەبوونی چراتۆڕ ئاگادار کراونەتەوە و هەموو پێشمەرگە و خەڵک لە خەودان. گوتیان دە باشە برۆ بە پەلە بینێژن، زۆر خراپە بۆمان، با خەڵک و پێشمەرگە نەیبینن. گەڕامەوە کاک کەریم گوتی، چت کرد و چیی لێ بکەین؟ مردووشۆر و مەلایەکمان هەبوو لە ناودێ سولەیمان چوو هەردووکیانی هێنا. مردووشۆرەکە و مەلاکە بە سوبحانەڵڵا و ئایەتەلکورسی یەکسەر فەتوایان دا نە دەشۆرێت و نە کفن دەکرێت. بە پەلە مەلا ناردی قەبرێک ئامادە بکرێت. ویستمان هەر لە پەتۆکەیەوە پێچین و بیخەینە سەر دارەمەیتەکە. گوتم کاک کەریم، عەتیفە سوێندی دام ئاگاداری بکەمەوە. گوتی کوڕە شتی وا چۆن دەکەیت؟ تا عومری هەیە لە بەرچاوانی ون نابێت. دیار بوو بەهمەن لە قوڵقوڵەوە لەگەڵ ئەنوەردا بەرەو ئازاد ڕایان کردووە. لە نیوەی ڕێ لە پشتەوەڕا بەهمەنیان ئەنگاوتووە و بەر شانی کەوتووە. ئەنوەر نەوەستاوە و بەرەو ئاوایی ئازاد هاتووە. بیرم کەوتەوە ئەوکات کە ئەنوەر گەیشتە ناو ئاوایی زۆر نیگەران و پەشۆکاو دیار بوو. لێمان

پرسـی کەسـی لەگەڵدا نەبوو؟ زۆر بە شـەرم و شـڵەژانەوە گوتی نا! بەهمـەن دەکەوێت، کەس ئاوڕی وێ ناداتـەوە، بۆخۆی بە جامانەکەی برینی شـانی دەبەستێت و لە سەر زگ خۆی دەخشێنت، تا دەگاتە ئەو شـوێنەی دۆزیمانەوە. لەوێ لە جووڵە دەکەوێـت و ئیتر نازانین چەند سەعات و چەند ڕۆژ بە برینداری و مردوویی لەم شوێنە دەمێنێتەوە، تا لەسەر قسەی کاکی شوان، من و کەریم چووین بەم وەزعە دۆزیمانەوە.
گوتـم مادام ناکرێت براژنە عەتیفە ئـاگادار بکەینەوە با ئەم جامانەیەی لـێ بکەمەوە و بەیانی بیدەمێ بۆ ئەوەی بۆنی پێوە بکا و دڵنیا بێت. بە ئارامی دەستم دایە دەستی بۆ ئەوەی بیجووڵێنم و جامانەکە لە بن شانی دەرکەم. دەستی پێوە هات و هەڵکەندرا. ئیتر لە عاست خۆی دامناوە و هەرچۆنێک بێ جامانەم لە بن دەرکێشـا. بەهمەنمان بەرەو گۆڕسـتانی حاجیاڵیکەنـد بـرد و زۆر بـە پەلە بەبێ ئەوەی خەڵک و پێشـمەرگە لە خەو هەسـتێنین، لەگەڵ کەریم و سـولەیمان و مەمەد و کاک کەریم و مـەلای ئاوایی و یـەک دوویەکی دیدا بە خاکمان سـپارد، خەریک بوو زەردەی بەیانـی دەردەکەوت کـە ماڵئاواییم لە هاوڕێیەکی کۆنی دیکەم کـرد. ماڵی کاک حەمەدەمین و براژنە عەتیفە لەسـەر ڕێی قەبران بوو، لەناکاو عەتیفە دەرکەوت و لە گابۆڕی دا و گوتی بۆ پێت نەگوتم؟ ئیتر هەمووامان بەیەکەوە شینمان گێڕا بۆ بەهمەنی جوان و پاکوخاوێن، کە بە ملیۆن کرمی لە جەستەی خۆیدا پەروەراند بۆ ئەوەی گزنگی ئازادی ببینێـت. جامانەکەی بەهمەنم پێدا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت. لە گەڕانەوەماندا بۆ ناو دێ گوتم؛ ئەم بەرپرسانە تەنانەت بەهمەنیان بە شایانی ئەوەش نەزانی سەعاتێک خەوی خۆیانی بۆ دانێن و تا سەرقەبران بێن، هیچیان نەهاتـن، لەگەڵ ئەوەی ئاگادار کرانەوە و دەسـتووری خۆیان بوو بەم چەشـنە بە خاکی بسـپێرین. ئـەوە سـەرەتاکانی دڕدۆنگبوونم بوو لە وانەی تا دوێنێ بە ڕادەی پەرستن دەمپەرستن و ئامادە بووم خۆم بە ئاو و ئاگردا بدەم لەپێناویاندا.
ڕۆژی شەهیدبوونی بەهمەن وەک سێ هاوڕێکەی دیکەمان، یوسف

و فایەق و عەلی، بە ڕۆژی شـــەڕی قولقولە داندراوە و لە خەبەرنامەی کۆمەڵە دانووســـراوە بیســـتوچواری ڕەزبەری ســـاڵی ١٣٦١ی هەتاوی (١٦-١٠-١٩٨٢). ڕاســـتە ئەم سێیە لەم ڕۆژەدا شەهید بوون و بە خاک ســـپێردران. بەهەمەن بە دڵنیاییەوە لـــەم ڕۆژەدا بریندار بووە، بەس من هیـــچ دڵنیا نیم ڕۆژێک یان دوو یان ســـێ یان... بەهمەن بە برینداری و بێ تیمار و بێکەس لەناو ئەو شێوەردەدا لە گیانەڵادا بووە و چۆنچۆنی گیانی سپاردووە بە خاکی پیرۆزی کوردستان، لە کەس ڕوون نییە؟!

٣٨

تێکچوونی شیرازەی کولتووری و فەرهەنگیی کۆمەڵە

دوای شەڕی کارەساتباری قوڵقوڵە و ئەم شکستە گەورەیە بۆ ناوچەی مەهاباد و نەچوونی کەس بۆ ژێر باری ئەم فەزیحەتە و لێنەپرسینەوە لە بەرپرسانی ناوچە و خۆدەربازکردنیان لە بەرپرسیارەتییان لە گیانی رۆڵەی خەڵک، ئیتر ئەو هەژموونی و حورمەتەی جاران بۆ ئەندام و بەرپرسانی کۆمەڵە دامان دەنا، لە لای زۆرێک لە ئێمە نەما. لە سایەی گۆڕینی کۆمیتەی ناوچە و هێنانەپێشی کۆمەڵێک خەڵکی نەشیاو و خۆمژووڵکەر بە قسەی پڕوپووچ و بێئەساسی «بینشی نوێ» و پۆپۆلیزم لەناو پێشمەرگەی سادە، کە ئامانجی زۆربەیان، لە هاتنیان بۆ شاخ تەنیا حەزکردن بە پێشمەرگایەتی و ڕزگاری کوردستان و شەڕ لەگەڵ پاسداری داگیرکەردا بوو، شیرازەی کولتوور و فەرهەنگ و بوێریی تایبەت بە پێشمەرگەی کۆمەڵە، لێک هەڵدەوەشا و جێی خۆی دەدا بە هەلپەرستی، بێبایەخکردن و بە سووک چاولێکردنی قەرە و جوتیار و دەرکەوتنی حەزە شەیتانی و دوور لە ئەخلاقی سیاسی و کۆمەلایەتییەکان. خەڵکی نەشیاو و ترسنۆک، لەژێر ناو و بیانووی تێگەیشتنیان بۆ «بینشی نوێ» و تیۆرییەکانی مەنسوور حیکمەت، هاتنە پێش. دەیانگوت، ئەوانە توانیویانە ئاڵوگۆڕی فیکری بەسەر خۆیاندا بێنن. ئامادەن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، توانیویانە پۆپۆلیزم لە گۆڕ بنێن. زۆربەی ئەوانە نە کادری کۆن و خاوەن خیبرە بوون و نە لەناو خەڵک و پێشمەرگەدا ناسراو و شوێندانەر بوون، نە کارنامەیەکی ئەوتۆشیان هەبوو لە خەباتی ناو کۆمەڵەدا، بەس ئەوەی کە کورد دەڵێ: «هەزار قەزوان بخۆیت بە گوێزێک دەتگرمەوە»، پڕ بە پێستی ئەو تاقمە تازەیەی

«بینشی نوێ» بوو. زۆربەمان لە پێشمەرگە هەرە سەرەتاییەکان بووین و لــە زەمانــی جەمعییەتەکانەوە خزمەتی کۆمەڵەمــان دەکرد، بە دەیان ئەرکی مەترســیدار و تاقەتپڕووکێنەرمان پێ ســپێردرابوو. سەربازێکی بە مانای تەواوی وشـــە دەروێش و گیانلەسەردەست بووین، بۆ هەموو ئەرکێــک لــە هــەر کات و شــوێنێکدا، هەرگیز بۆ هیــچ ئەمرێک «نا» لە قامووسماندا نەبوو. بە دەیانی وەک کەمال، یونس، بەهمەن، سولەیمان، ئاکام، ڕەحیم و... ئەوپەڕی بەرئەندام یان هەوادار و پێشمەرگەی سادە بوون. کەچی یەک لەولاوە دەهات و دوو کتێبی لینین و چەند نامیلکەی لــە بنباخەڵــی دەنا و زوو زوو باســی لــە پێویســتیی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیســتی ئێران و بلیمەتایەتیی مەنســوور حیکمــەت دەکرد و ناوی خۆی دەنا کادری «بینشــی نوێ» و یەکســەر زۆر بە شەقاوەیی داوای ئەندامبوونی دەکرد و زۆر بە توندی پێی دادەگرت کە شیاوی ئەندامبوونە و دەشیانکرد بە ئەندام. ئەو شتەی کە ئێمە هەرگیز تەنانەت لە ڕوومان هەڵنەدەهات بەرگری لە مافی خۆمان بکەین، یان داوای بکەین. ئەوانەیان ئامــادە دەکــرد وەک کۆیلە، ئەوانەی هەمیشــە ڕوویان لە دەســەڵاتە و چاویان لە دەســتی بەرپرس و ســکرتێرە، بۆ دەســتبەرزکردنەوە لەناو کۆنگــرەکان. ئەوانــە ئامادە دەکران بــۆ ئەندامێتیی کۆنگــرە و ژمارەی زۆر بــۆ مەشــرووعییەتدان بە ویســت و بەرنامەکانــی جەماعەتێک لە سەرکردایەتی و خێڵی کاکە مەنسوور حیکمەت، بۆ کۆنگرەی سێهەم کە پێشــەکیی دایاننابوو، دامەزراندنی کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیســت دەبێت بە دەنگێکی زۆری ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵە، بێتە بڕیاردان. ئەو پلانە شــوومە بــۆ لەناوچوونی کۆمەڵە هەر ئەوێ ســاڵێ لە بەردەســووری سەردەشــت و کۆنگرەی ســێ داڕێژرا و بەردی بناغەکانی بە دەســتی خەڵکی وەک عەبدوڵڵا موهتەدی و مەنســوور و جەماعەتەکەی تارانێی، هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێک حەڵقە بەگوێی خۆوێناکەری بێ ئەساسی خۆ بە کۆمۆنیســتزان و لایەنگری «بینشــی نوێ»، بە زاهیر و لە بنەڕەتەوەش هیچنەزان و بێسەواد داندرا.

به گشتی دوای کۆنگرەی دوو، بە ماوەیەک و ئالۆگۆڕیی بێ بەرنامە و پلان لە ناوچەی مەهاباد و هێنانی خەڵکی وەک موحسین بۆ بەرپرسی یەکەم و سەید خالید دووهەم، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ناوچەی زیندوو و چالاکیی کۆمەڵە لە مەهاباد بەرەو نوشستی و لاوازی دەڕۆیشت، خەڵکی نەشیاو و هیچلەباراندانەبوو جێی خەڵکانی چالاک و موخلیس و خاوەن ناوچەکەیان دەگرتەوە. ڕاستە لەو ماوەیەدا پاسدار زۆر دڕ بووبوون و شەڕی مان و نەمانیان دەکرد و پلانی تۆکمە و گرچوبڕیان دادەڕشت، بەڵام ئێمەش بە پێچەوانەوە خەریکی نیفاق و خۆخۆری و دانانی خەڵکانی نەشیاو بووین بۆ کاری گەورە و ئیدارەی ناوچەکە. یەکەم کارەساتیان لە ناردنەوەی ئەم دەستە لاوازە بوو بۆ شارویران و سێ قارەمان و کادری بەئەزموون و چەند بریندار و چەند شەهیدی دواتری لێ کەوتەوە. شەڕێکی خوێناوی و ماڵوێرانکەری ناوخۆ لەگەڵ حیزبی دیموکراتدا. ئەوجار شەڕی قەلیانتاغ، شەڕێکی بێبەرنامە و لەدەستدانی پێنج لە باشترین پێشمەرگەکان و برینداریی چەند کەس بەبێ دەسکەوت، شەڕی بادام و قولقوڵە و کارەساتی گەورە، دەیان عەمەلیاتی ناسەرکەوتووی وەک چوونەسەر حەیدەرئابادی گۆمی ورمێ و هێنانەخواری ئیعتباری پێشمەرگەی کۆمەڵە و نەچوونەوەمان بۆ ناوچەیەکی وەک شارویران، ئەمانە و زۆری دی کە بەداخەوە خەبەرنامەکانی کۆمەڵەم لە بەردەستدا نین تا زۆرتری بنووسم. لە کارنامەی سازماندهی تازەی تەنیا چەند مانگەی ناوچەی مەهاباددا بوون، بە ڕابەریی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە، موحسین ڕەحیمی و سەید خالید سیادەت.

پلانی شکستخواردوو

دوو نموونەم هەیە لە پلاندانان و کردنی سەید ڕەحمان بە فەرماندەی نیزامیی شەڕی گەورە، گوتیان لەگەڵ ڕێکخراوی شاردا قسەمان کردووە و پلانمان داڕشتووە لە ناوجەرگەی شاری مەهاباد

بۆ شــەڕێکی گەورە. قەرار بوو دوو پەل بە فەرماندەیی سەید ڕەحمان کــە هیچــی لە بارەی شــار و گەڕەکەکانی مەهاباد نەدەزانی، بە شــەو خــۆ بــە شــاردا بدەیــن و خۆ قایــم بکەین تا ســبەی بەیانی ســەعات دە، ئەوجــار تەقە دەســت پێ بکەین تــا درەنگانی ئێــوارە و تاریکایی. زیاتر لە شەســت پێشــمەرگە گەیشتینە شــار، ئامادەکارییەکی ئەوتۆی تۆکمە لەگەڵ ڕێکخراوی شــاردا وەک ئەوەی جاران خۆمان دەمانکرد، نەکرابوو. دەستەکەی ئێمە کە من و کەمال بووین و دەبوو فەرماندەی عەمەلیاتیش لەگەڵ ئێمەدا بێت، یەک لە کوڕەکانی شــار هات و پێشمان کەوت بۆ نیشــاندانی حەشــارگەکەمان. لە دوو شــوێن لە پەڕینەوە لە لای بــازاڕی مەنگــوڕان بۆ بــەری گەڕەکی ڕزگەیان تەقەمــان لێ کرا و زانییــان پێشــمەرگەین. لەگەڵ کەمالدا گوتمان، ســەید ڕەحمان ئەوە کەشف بووین، با بگەڕێینەوە و خەریکە شەو زۆر درەنگ دەبێت. گوتی نەخێر ئێوە دەتانەوێت من سەرکەوتوو نەبم و موحسین و سەید خالید بڵێن من شــیاوی هیچ نیم. کاکە مەســەلە ئەوە نییە، گیانی زیاتر لە سی چل پێشــمەرگە دەگۆڕێدایە، ئێمە دەبێت شەڕێک بکەین لە سەرکەوتنی دڵنیا بین. لەناو کۆڵانی ماڵی خۆمان دەســت کرا بە باس و موناقشــەی ســەید ڕەحمان و من و کەمال. ســەید هەڕەی لە بڕەی نەدەکردەوە و هەر دەپاڕاوە لە من و کەمال یارمەتیی بدەین بۆ ئەوەی شــەرمەزاری لای ســەید خالید و موحسین نەبێت. شــارەزا پێشمان کەوت تا کەلاوە کۆنــە ڕووخاوەکەی ڕێک ماڵی خۆمان. گوتم کاکە ئەوە ماڵی ئێمەیە و ئێرە بۆ خۆحەشاردان نابێت و لە هەموو لایەکەوە ڕووخاوە و هەموو کــۆڵان و جیرانــەکان دەناســم و دڵنیام هەر زوو کەشــف دەبین و لە چەند لاوە ئەم کۆڵانە ئاوەڵایە و پاســدار و ئەرتەش زۆر زوو دەتوانن گەمارۆمــان بدەن. کەمال زۆری پێ داگرت لەســەر بۆچوونەکانی من. ســەید ڕەحمان هەر ئینکار بوو و زۆریش دەترســا لەوەی بگەڕێینەوە. چەند ماڵی دیمان هەر لە دەوروبەری ماڵی خۆمان کرد، هیچیان شــیاو نەبوون، ســەید ڕەحمان بڕیاری پێ نەدەدرا و خەریک بوو ڕۆژ خۆی

دەرخاتەوە، ئێمە هێشتا پەنامان نەگرتبوو، سەرەنجام بە پێداگریی من و کەمال دەوری سەعات پێنجی بەیانی قەناعەتی هێنا بڕۆینەوە و بۆ کاتێکی تر و بە هاوکاریی تەواو لەگەڵ ڕێکخراوی شاردا ئەم عەمەلیاتە بکەین. زۆر شپرزە و بە بەرچاوی پاسدار و پایگاکانیان بە هەڵەداوان لە شار چووینەوە دەر. قەرار بوو ئێمە شەڕەکە بکەین و مەرکەزی فەرماندەیی گەڕەکی ئێمە بوو، کە وەک بەری دەستم تەنانەت ناوماڵی جیرانەکانیشم دەزانی. حەشارگە ڕێک ماڵی ئێمە بوو، کەچی بە هۆی نیفاقەوە هیچیان لا باس نەکردبووین، ئێمەیان بە خۆیی نەدەزانی، یان ئەوەی سەید ڕەحمان کرابوو بە فەرماندە، بە دڵنیاییەوە بۆ مەبەست و شکانی ئێمە کرابوو. بۆیە لەگەڵ کەمالدا ساغ بووین ئەو شەڕە نەکەین و گیانی دەیان پێشمەرگەمان پاراست، کە زۆر ئاشکرا بوو ئەو شوێنەی هەڵیان بژاردبوو زۆر بە ئاسانی گەمارۆ دەدراین.

دوو، گوتیان دەبێت بچن بۆ حەیدەرئابادی گۆلی ورمێ، پاسگایەکی لێیە لەسەر ئاوەکە و زۆر بە ئاسانی دەگیرێت. دیسان فەرماندە کرا بە سەید ڕەحمان و وا بزانم سەید خالیدیش هەر هاتبوو، دوو دەستەی بیست کەسی یەک بۆ دەوری پاسگا و گەمارۆدانی بە فەرماندەیی کەمال و ئەوی دی لە پێشتر بۆ لای ڕەزاییە و پێشی گوندی شیرین‌بلاغ وەک قەڵغان، لە ئەگەری هاتنەپێشی هێزی کۆمەکی، کە من چووم. فەرماندەکان کە سەید ڕەحمان و سەید خالید بوون، لە گوندی تالاوەوە کە چەند کیلۆمەتر دوورتر بوو لە شوێنی چالاکیکە، لەناو ئەو لۆرییەی پێی چووبووین، مانەوە بۆ فەرماندەیی کردن. دابەزیین، بە ڕێگەیەکی دووری یەک دوو سەعاتیدا بەناو شێوەردا و بە پێیان خۆمان لە پاسگا نزیک کردەوە، دوو هۆکیتۆکییان دا بە من و کەمال و یەکیش بە فەرماندەکان بوو، هەر کە مەودایەک دوور کەوتینەوە کاریان نەکرد و پەیوەندیمان بە فەرماندەی عەمەلیاتەوە نەما. هەموو دەورووبەرمان دێهاتی ئازەری و شیعە بوون. پاسگامان لێ دەرکەوت، دەستەی کەمال بەرەو پاسگا و ئێمەش ڕوو بە ڕەزاییە و تەنیشت گوندی شیرین‌بلاغ

ســەنگەرمان گرت، هیچ پەیوەندیم نەما نە لەگەڵ فەرماندە و نە لەگەڵ کەمالدا، بەس لە دوورەوە لە تاریکیی شەودا شوێنی کەمال و پاسگامان دەدیــت. قەرار و پلان ئەوە بوو دەســتەکەی کەمال یەک دوو بازووکا بــە پاســگاوە بنێــت و تەقــە بکەن و بچنە نــاو ژووری پاســگا و چیی تێدا بوو بە دەســکەوت بیهێنن. لەناکاو شــۆق و گرمەی بازووکا بەرز بووەوە، کەس نەیزانی مووشــەکی بازووکا بۆ کوێ چوو. کەمێکی پێ چــوو لە پاســگاوە دەســت کرا بە تەقــە و هاوەنهاویشــتن. ئەوجار بە دەیــان ژن و منــداڵ و پیــاو بە پــاچ و خاکەناز و تەور و داســەوە بە اللەاکبــر و جنێــودان لە گوندی شــیرینبڵاغەوە بەرەو ئێمــە هاتن، کە فریای پاســگا بکەون، لێمان نزیک بوونەوە، کە سەیرم کرد هەموو ژن و منداڵــن، تەقەمــان لێیان نەکــرد و بە هەڵاتن بەناو شــێوەردا خۆمان گەیاندە شوێنی دەستەکەی کەمال، بۆ ئەوەی بڕیار بدەین تەقە لەم ژن و منداڵانــە بکەین یان چی بکەین؟ ئایا پاســگا گیــراوە؟! لەگەڵ هەموو پێشــمەرگەکاندا گەیشــتینە شــوێنی کەمال، کەچی کەس دیار نەمابوو. هۆکــی تۆکــی وزەی لێــوە نەدەهات، ڕوومان کردە تــاڵاو بە ناو کێڵگە و شــێوەردا و قەراغ جــادەی ڕەزاییە بۆ مەهاباد، لــە دوورەوە دیمان کەمال و پێشمەرگەکان لە پێشمانەوە دەڕۆن، خۆمان گەیاندەوە ئەوان. کەمــال بریندار بوو، لە کۆڵیــان کردبوو. فەرمانی پاشەکشــەی دابوو. ڕەحیم ویســتبووی بازووکاکە بە پاسگاوە بنێت و هەر چرکاندبووی و دەرنەچووبوو. چەغماخی بازووکا کارەبایی بوو، ڕێک وەک چەخماخی چەرخ (فەندەک) وا بوو، زۆر جاران گیریان دەکرد، کەمال چووبوو بە دەســت لە پشتەوەڕا بیجووڵێنێت و تەزووی کارەبا لە نێوان مووشەک و چەخماخدا پەیدا بێ. هەر کەمال لە پشــتەوەڕا لە ســەر شانی ڕەحیم دەست لە بنی موشەک دەدا، یەکسەر دەتەقێ و ئاگری موشەک دەستی کەمال بریندار و ســەقەت دەکا، ئیتر پلانەکە ئاشــکرا دەبێت و ئێمەش تووشــی هێرشــی ژنــان و منداڵەورکەی گوندی شــیرینبلاغ بووین و بە لەدەســتدانی دەســتێکی کەمال، پاشەکشــەمان لێ کرد. بە شــڕی و

ماندوویی و برینداریکەوە گەیشتینەوە لای گوندی گۆلێ و لۆری هات و هەمووومان چووینەوە مەقەڕی حاجیاڵیکەند. بەداخەوە کەمال دەستێکی سەقەت بوو، هەر نەمانزانی حیکمەتی عەمەلیاتێکی وا بەبێ لێکدانەوەی سیاسی و نیزامی لە ناو دڵی دێهاتی ئازەری چ بوو؟ بۆ یەکبەدوایەکدا ناوچەی مەهاباد لەژێر دەستی ئەم بەرپرسانە ئاوای لێ بەسەر دێ و هەر دەڵێی هەموو بڕیاریان دابوو، تا دەکرێت بە کوشتمان بدەن و شکۆ و حورمەتی پێشمەرگانەمان لە ناوچەی مەهاباددا بشکێنن؟!

کاتبەسەربردن

زۆربەی کوڕە بەئەزموون و کۆنەکانی ناوچە بەبێ ئیش و کارێکی جیددی، وەک جاران هەڵسوڕاو نەبوون و زۆرتر لە خۆخافڵاندن و کاتبەسەربردندا بووین، چەند کەسی دیکە لە سنە و ڕەبەت و سەردەشتەوە هاتبوونە ناوچەی مەهاباد و کاربەدەست بوون. ماوەیەک بوو سیامەند کاری نەدەکرد و نەدەچووە ژێر باری ئەوامر و فەرمانی سەید خالید و موحسین، ڕەحیم بابەتاهیری کەوتبووە داوی دڵداری و لە ئامادەکردنی ژنهێناندا بوو، کەمال تەواو خەمۆک و گۆشەگیر بووبوو، کەریم زۆری گوێ نەدەدایە و دەیگوت بیگوزەرێنن باشترە، پیرەهەڵۆ بێدەنگ بوو زۆرتر لە ئەسلەحەخانە خۆی سەرگەرم دەکرد، زۆربەمان بە کاری لاوەکییەوە خۆمان دەخافڵاند. لەگەڵ سیامەند و کەریم ئەفسەر و ڕەحیم، گوتمان با دوور بکەوینەوە و داوای ئیجازە و مەرەخەسیمان کرد بچین بۆ لای میراوا و ناوچەی سەردەشت و سەرێک لە هاوڕێیانی یەکێتی لە ناوزەنگیش بدەین. کۆمیتەی ناوچە قبووڵی نەکرد و گوتیان ئێوە دەتانەوێ ناوچە تێک بدەن و شکستی پێ بێنن، یەک دوو ڕۆژ کێشە و گفتوگۆ کرا لەسەر چوونمان بۆ ئیجازە و چەند ڕۆژێک حەسانەوە، بانگیان کردم و گوتیان خولێکی پەروەردەی پێشمەرگەی تازە دەبێ بکەینەوە و تۆ بەرپرسی ئەم خولە دەبیت و هەر ئێستا بڕۆ بۆ قزڵجە و هەموو ئەو کەسانەش کە

هاتوون بۆ پێشـــمەرگایەتی بیانبە و دەست پێ بکەن، دەبێت زوو تەواو بێت و پێشـــمەرگەمان کەمە، خێرا ئامادەیان بکە. دیار بوو مەبەســتیان دووبەرەکـــی بوو لە نێوان ئێمە و دابەشـــکردنمان، کە بەیەکەوە نەچین بۆ ئەم ســـەفەرە. گوتم باشە و بە کوڕەکانم گوت من نایەم و ڕێکەوتم بۆ قزڵجە بە حەقدە کەســـەوە کە هاتبوون ببن بە پێشـــمەرگەی کۆمەڵە. کوڕەکان زۆریان ســـەرکۆنە کـــردم کە لەگەڵیاندا ناچـــم. ئەوان جوابی کۆمیتـــە ناوچەیـــان نەداوە و ڕۆیشـــتن بـــەرەو میراوای سەردەشـــت، منیش چوومە قزڵجە و دەســـتم کرد بـــە ئامادەکردنی ئەم کوڕە تازە و مێرمندالانە بۆ پێشمەرگایەتی. کوڕێکی عەجەمی مەراغەیان ناردبوو کە هـــەواداری کۆمەڵەیە و دەبێتە پێشـــمەرگە، زۆر جـــوان و بەخۆوە بوو. سەرم سووڕ ما، غەیرە کورد کەم دەهات بۆ پێشمەرگایەتی، گەر هاتبا حەتمەن ڕۆشـــنبیر و چەپ و سیاســـی بوون، چەند دانەیەکمان هەر لە زووەوە هەبوو هەموویان کوڕی باش و کۆنە سیاســـی زەمانی شـــا و چـــەپ بوون. لە کۆمیتە ناوچەم ڕاســـپارد ئەوە چییـــە و کێیە؟! گوتیان ڕێکخســـتنی خۆمانە و ڕێکخراوی شـــار دەیناسن و نیگەران مەبە، تاقی کراوەتەوە، ئاشـــکرا بووە و ناردوویانەتە دەرێ. کە گوتیان ڕێکخستنی نهێنـــی شـــار بووە، هیچم بـــۆ نەگوترا. خولی ڕاهێنان دەســـتی پێ کرد، بەیانیـــان زوو هەڵدەســـتاین و ڕوومـــان لە شـــاخ و کێـــوی دەورووبەر دەکـــرد و ڕۆیشـــتنی پێشـــمەرگانە و ڕاهێنانمـــان دەکرد، ئـــەم کوڕە لە هەموومـــان ئازاتر و گورجوگۆڵتر بـــوو، دوای نیوەڕۆیان لە ژوورەوە وانـــەی چەکەکانمـــان هەبـــوو، هەڵماندەوەشـــاندن و فێـــری کردنەوە و بەســـتنەوەیان دەبوون، دەمانچە، ژ٣، برنەو، کلاشـــینکۆف، ئارپیجی و هەمـــوو ئەو چەکانەی هەمـــان بوون. کوڕە عەجـــەم، زۆر باش بوو لە وانەی چەکەکان، ئێواران باســـی مارکســـیەت و کۆمۆنیســـت و کلاسی سیاســـیمان هەبـــوو، هەڕەی لە بـــڕەی نەدەکردەوە. لێم دەپرســـی لەم بـــوارەدا هـــەر هیچی نەدەزانی و هیچ ئاگاداری مێژووی شۆڕشـــەکانی دنیا و سەرکردەکانی چەپ نەبوو. گومانم هەر دەهات و زیادی دەکرد.

محەمەد لە مەراغەوە بۆ دەبێتە پێشمەرگە لە کوردستان و بۆ کۆمەڵە؟!
جارێـک چوومــەوە حاجیاڵیکەند بۆ هێنانی کەلوپەلی مەقەڕ، بە ســەید ڕەحمانم گوت کاکە با لێکۆڵینەوە بکەین. گوتی تۆ کاری خۆت بکە ئەمە ناسراوە و تەشکیلات ناردوویەتی. بەیانییەکی زوو هاتمە دەر لە مەقەڕ، لەبــەر ماڵانی دێ جێخوون هەبوو، کڵۆشــی لێ نەمابــوو، گۆڕەپانێکی پــاک و خاوێــن بوو، دیم محەمــەد بە جلێکی وەرزشــی ڕیازە دەکات، لــە دوورەوە زۆری تێفکریم، هەموو جووڵەکانی وەســتایانە و لێزانانە بوو، شەڵواری وەرزیشییەکەی ئەرتەشی بوو، ئێمەش جلی ژێرەوەمان بۆ دەهات ســپی بوون و لە زســتاندا لە بنەوە لەبەر سەرما لە بەرمان دەکرد. هەرچی پرســیم کەس لەم ڕەنگەی نەبوو، لێی نزیک بوومەوە، لــەو ژێرجلانە بــوو ئەرتەش بەکاری دێنا. هیچم نەگــوت، نامەیەکم بۆ موحسین نووسی و گوتم، من دڵنیام محەمەد ساغڵەم نییە و ئەو ماستە مووی تێدایە، ئەم کوڕە بەم کارنامەیە کە زۆر ئازایە لە مەشقی نیزامی و تفەنگ، زۆر کڵۆڵە لە وانەی چەپ و سیاسی، بۆ لە مەراغەوە هاتووە بۆ پێشــمەرگایەتی؟! هەمان وەڵامی دامەوە کە سەید ڕەحمان گوتی تۆ عەلاقــەت نەبێــت و کاری خــۆت بکە. ئەتواری محەمــەد وای لێ کردم لەبەر گیانی خۆم و ئەم کوڕانەی هاتبوون بۆ پێشــمەرگایەتی ســاتێک بە ئاســوودەیی و دڵنیایی ئیستراحەت نەکەم و هەمیشە نیگەران بووم لە ڕوودانی کارەســاتێک. زۆربەی شــەوان، کە هەوای پاییزێکی خۆش بوو، دەچوومە ســەربانی مەقەڕ و لەســەر ســینگ درێــژ دەبووم، بێ ئــەوەی کــەس بزانێت چاودێریی مەقەڕ و محەمــەدم دەکرد. ڕۆژەکان تێپــەڕ دەبوون و دەورەکەمــان تەواو بوو. بۆ هەموویــان لاپەڕەیەکی کارنامەم دروست کردبوو، ناردم بۆ کۆمیتە ناوچە. محەمەد لە هەموو وانە نیزامییەکان زۆر لە خۆشم و لە هەموویان باشتر بوو. ڕادەی وانە سیاســییەکانی هەر ئەوەندە بوو کە پاسدارێکی سەر جادە و لاتولووت هەیبــوو. ناردیــان گوتیان، کاک ناســر ڕەزازی دێت و پێشــمەرگەکان چەکیــان پێ دەدەین و جێژن دەگرین بــۆ تەواوبوونی خولەکە. هەموو

هاتینــەوە بۆ حاجیاڵیکەند و دانە دانە بە ســروودە خۆشــەکانی ناســر چەکمان دەدانە دەســت و شەرەفی پێشــمەرگایەتیمان پێ دەبەخشین، ســەرەی محەمەد هــات، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، کە دروشــمیان دەدا؛ گیــان بەخــت دەکەیــن لە ڕێی سۆســیالیزم و کۆمەڵــەدا، ئەو بە بێدەنگی وەریگرت و کشاوە دواوە.

دیســـان زۆرم حەول دا نەیخەنە نــاو مەفرەزە و با ماوەیەک لەژێر چاودێریدا بێت. لە ڕقی من دایانە دەســـتەی زگدڕاو، کە شــوێنکی هەرە حەساسی نێوان ئێمە و حکومەت بوو.

٣٩

هیچنەزان کرانە بەرپرس

کوڕەکانــی چووبــوون بــۆ ئیســتراحەت و ناوچــەی سەردەشــت، گەڕابوونــەوە و هــەر بێئیش بوون. لە هاتنەوەیان بۆ ناوچەی ســابڵاغ لە دەوروبەری بنکەکانی ناوەندی لە کۆمیسیۆنی پەروەردە و نووسین و داڕشــتنی کتێبی منداڵانی مەدرەســە، کاک کەریم دانشیاریان دیبوو، تێروتەســەل باســی ناوچــە و وەزعــی کۆمیتە ناوچــە و خۆمانیان بۆ کردبوو.

کاک کەریم لە سابڵاغ مامۆستای دواناوەندی بوو، پیاوێکی خۆشنێو و بەحورمەت و زۆر ناسراو بوو لە ناو خەڵک و تەلەبەکان، هەموویان بە کچ و کوڕەوە ســوێندیان بە ســەری دەخوارد و لای ورد و درشت ڕێــزی زۆر تایبەتــی هەبوو. مامۆســتایەکی هەرە چالاکی ســەردەمی شۆڕش و تەزاهوراتەکان بوو. دۆست و یاریدەدەری یەکێتیی نیشتمانی و پێشــمەرگە و شۆڕشــی نوێی باشــوور بوو. دواتر زۆری یارمەتیی مامۆستا شێخ عیزەدین و دەفتەرەکەی کرد. لە دەستپێکی پێشمەرگایەتی هاتــەدەر و نوێنەری مامۆســتا بوو لە دەســتەی نوێنەرایەتیی وتووێژ لەگەڵ حکومەتدا. پێشــتر لە ســاڵانی چلەکانی هەتاوی و شەســتەکانی زایینیــدا ئەندامــی دێموکرات و دۆســتی نزیکی کاک عــەولای موعینی و شۆڕشــەکەیان بــووە. دوای شۆڕشــی گەلانی ئێــران لەگەڵ ئەوەی چەنــد جــار لێیان گێــڕاوە و بانگیان کــرد بۆ کارکردن، هیچ موشــتاق نەبــوو لەگەڵ حیزبــی دێموکراتــدا کار بکات. زۆرتر خــۆی لە بەرەی چــەپ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بــەرەی نوێخوازدا دەدیت، هەر لەبەر ئەم بیروباوەڕ و سەرنجانەشــی، بە هــۆی نابەدڵبوونی ئەو خەڵکانەی دەوروپشــتی مامۆستا، دەســتی لێ هەڵگرتن و بوو بە پێشمەرگەیەکی

زۆر متەوازعـی بێدەعێی کۆمەڵە. هەموو ئێمە و خەڵک زۆر لەوە زیاتر دەمانپوانییـە کاک کەریـم و پێمـان وا بوو یەکسـەر دەیبەنە ناوەندی و بـە دڵ و گیـان بەخێرهاتنی دەکـەن. کاک کەریم چ لـە باری فکر و چ لـە بـاری تواناوە زۆر لەوانە زیاتر بوو، کە بەرپرسـمان بوون. ئەو زۆر بە باشـی دەیتوانی بەرپرسـی ناوچەیەکی وەک مەهاباد بێت، یان مەکتەبـی سیاسـیی کۆمەڵـە بێت، بەڵام زۆر ئاسـتەم بـوو لە دیواری بنەماڵەی بچووکی ڕێبەرانی کۆمەڵە سەربکەوێت و ڕێی پێ بدەن بچێتە ناو بازنەی زۆر بچووک و تەنگ و داخراوی مەحفەلی سـەرکردایەتی. ئێسـتاش دوای چل سـاڵان باوەڕ ناکـەم کەسـێکمان بووبێت لە کاک کەریم بەتواناتر و باشـتر و باسەوادتر، کە دەیتوانی ناوچەیەکی ئاڵۆز و فەرهەنگی جیا و پڕ لە کێشە لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا، بەڕێوە بەرێت و بە دەیان جار زیاتر خەڵک و پێشـمەرگەی بۆ لای کۆمەڵە ڕاکێشـابا. کۆمەڵـە ئەم بەهـرە گەورەیەی بە کاری لاوەکییـەوە خەریک کردبوو، لـە سـەتدا دەی تواناکانی بـەکار نەهێنا و تەنانەت خەڵکی بێسـەواد و هیچنەزانـی کردبـووە بەرپـرس و مەسـئوولی ئـەم پیـاوە بەتوانا و خۆشەویستەی ناوخەڵک!

پینەیەک بە جەستەی کۆمەڵەوە

بـە گشـتی سـەرکردایەتیی ئەوکاتـی کۆمەڵە، ناوچـەی مەهاباد و کەسـایەتییەکانی پەیوەسـت بە کۆمەڵە، لە سەردەمی شۆڕش و دوای شۆڕشـدا بە خۆیـی نەدەزانـی و زۆری متمانـە پێیان نەبـوو، ڕەنگە هۆکارێکـی پێشـینەی دێموکراتبـوون هـەر لـە سـەردەمی کۆمار و سەردەمی کاک سـولەیمان موعینی و شۆڕشەکەیان بووبێ، یان ترس لـە هەژموونـی تاکەکانی ئەم دەڤـەرە بووبێت، کە زیاتـر لە کوورەی ناسـیۆنالیزمی کوردی بە واتایەکـی دی کوردایەتیدا لەچاو ناوچەکانی خـوارووی کوردسـتان قـاڵ بووبێتن. کۆمەڵـە باش دەیزانـی ئەوەی کۆمەڵـەی لـە هێزگەلی دیکەی چـەپ، جیا کردەوە هەر لە سـەرەتای

شۆڕشــی بەرگری لە ڕۆژهەلاتی کوردســتان، دەســت بۆ چەک بردن و خەباتــی کوردایەتــی بــوو. لەوەشــدا نوخبە و ڕۆشــنبیری کوردی ســابلاغ، پێشــینە و مێژوویەکی پڕ لە حەماس و هەژموونیان لەپشــت ســەر هەبوو. ئەم ترســە بــە تایبــەت لای نوخبەی کۆمەڵە لە ســنە و بــۆکان هەمیشــە مۆتەکەیەک بوو مەبادا مەهابادییەکان بێن و دەســت بەســەر کۆمەڵەدا بگرن. بۆیە بە درێژایی ئەم ســاڵانە خەڵکی شــیاو و بەفەرهەنگ و سیاسییان وەلا دەنا و لەجیاتیان خەڵکی نەشیاو و گوندی و بێســەوادیان دێنا لە لادێکانی ناوچەی سابلاغ، یان شارەکانی دیکەی کوردســتان و دەیانکردنە بەرپرسی دەیان خەڵکی زانکۆدیدە و خاوەن کەســایەتی و خۆشەویستی شــارەکە. ئێستا کە دوای ئەو هەموو ساڵە بیر دەکەمەوە لە دەســتپێکی شۆڕشــدا، مەسئوولی دەیانی وەک خەلیل بللووریان، حوســێن ســوهەیلی، کەریم دانشــیار، ســولەیمان بللوری، کەمال وەلیانــی، ڕەحمان زاهیدی، ســولەیمان ڕەحیمی، ڕەحیم قادری و زۆری تری شــەهید و زیندوو، خەڵکانی وەک ســەید، سەید ڕەحمان و ڕزگار بــوون، کە بــە زەحمەت دەیانتوانی تەنانــەت ناوی خۆیان بە فارســییش بە دروســتی بنووســن، یان خەڵکی وەک موحسین و سەید خالید کە هەر دەتگوت بە تەواوی و بە ئانقەســت بۆ ئەوە نێردرابوون ناوچەکە هەڵبوەشــێننەوە، گومانم نامێنێت کە زۆربەی ســەرکردایەتیی کۆمەڵــە، بە تایبەت موهتــەدی و ئیلخانیزادەکانی بۆکان وەک پینەیەکی موزاحیمی پێوەنووسراو بەسەر جەستەی کۆمەڵەدا دەیانڕوانییە نوخبە و ڕۆشنبیرە سابلاغییەکانی ناو کۆمەڵە!

لە حەسرەت جەهلی کۆمەڵە

بیرمە باوکی ســێ کوڕی پێشــمەرگە، کاک تاهیر مــەلازادەگان کە هەموویانــی لە تاران گــەورە کردبوو، خۆی فەرهەنگــی بوو، کوڕێکی پزیشــک و ئــەوی دی ئەندازیــار و ئــەوەی دیکەی دانشــجوو بوو، لە هیندستانەوە گەڕابووەوە بۆ پێشمەرگایەتی و لە شەڕی قولقولە شەهید

بوو، هاتبوو بە ماڵ و منداڵەوە بۆ سەردانی کوڕەکانی لە حاجیاڵیکەند، لــە بن دارەکەی حەوشــەی مەقەڕ دانیشــتبووین، لەســەریەک پیشــی دەخواردەوە و کوڕەکانی خۆی و ئێمەی پێ شێت و بە بێعەقڵ دەزانی و بۆی نەدەچووەوە ســەریەک، ئاخر چۆن دەبێت محەمەدی دوکتۆر و حەمەدەمینی موهەندیس و بەهمەنی کوڕی، ژێردەســتی کەسێکی وەک ســەید ڕەحمان یان ڕزگار و ســەید بن؟ چەند سەعاتێک مایەوە، وەک ئەوەی گوڕوەشانی بدەن و لە داخ و حەسرەتان، لێیدا ڕۆیشت.

لێرەدا بە ڕاشکاوی دەڵێم هێنانەوەی ئەم چەند ئەکتەرە لە ناوچەی مەهاباد بە هیچ کلۆجێک ئیهانە و بەکەمزانینی چینوتوێژی زەحمەتکێش و گونــدی نییــە، ئێمــە هەمــوو قەرزداری ئــەم خەڵکەیــن و خەبات و شۆڕشــمان بەشــێکی زۆری بۆ ڕزگاریــی ئەوانە بوو لەژێر ســتەمی زۆرداری و هــەژاری. ئەوانــەی من باســیان دەکەم توێژ و کاســتێکی بێلیاقەت بوون و بەکاریان دێنان بۆ گوێ لە مستی و بە کۆیلەبوونیان بۆ ســەرانێک کە ســەدان پلان و نیازی جۆراوجۆریــان هەبوو، ئەوانە باشــترین کەرەســتە بوون بۆ ئەم نیازانە و بە تەواوی لە چینوتوێژی خۆیــان دوور کەوتبوونــەوە و بووبوونە توێژی خۆشنشــین و دوور لــە خەتەر و ڕەچەڵەکی خۆشــیان. یەک جار نەمدیــت یەک لەوانە بێت و بێــژێ ئاخر برا کوا من بۆ بەرپرســی ئەو هەمــوو نوخبە و زیندانی سیاســیی زەمانی شــا و ئەندازیار و دوکتۆرە باسەوادە دەبم؟ خۆ من نازانــم تەنانەت دوو دێڕ نامەش بنووســم! بــە پێچەوانەوە لای خۆیان وایان چووبوو دە مێشکیان کە ئەوان بۆیە مەسئوولن تاکو خووخدەی وردەبورژوازیمان تێدا بکوژن و دەبێت کوڕی گەورەترین سەرمایەداری سابلاغ قبووڵی بکات، کوڕێکی بێفەرهەنگ و بێسەوادی «زەحمەتکێش» بەرپرس و مەسئوولی بێت. جارێکیان خوشکم و مێردەکەی لە تارانەوە دووربینێکــی زۆر بچــووک و گران و پۆســتاڵێکی زۆر عەنتیکەیان بۆ هێنابووم. کڵاشــینکۆفەکەی من لەناو هەموو کۆمەڵەدا نایاب و ناسراو بــوو، مزەلییەکی باجەڕ بــوو، ڕزگار پۆســتاڵ و دووربینەکەی دیت و

لەمێـژ بوو چاوی لە کڵاشـینکۆفەکەم بـوو، کۆبوونەوەیەکی ڕەخنەی وەڕێخست، گوتی عەلی خەسڵەتی وردەبورژوازیی زۆرە و دەستی لێ هەڵنەگرتوون. بۆ دەبێت باجەڕی هەبێت و بۆ دەبێت پۆستاڵی ئەوەندە هــەزار تمەنی و دووربینی نایــاب هەڵگرێت؟ بە کورتی وایان کرد هەر ســێ شــتم هەر لەوێ دانان، تەنانەت پۆســتاڵەکانم. دوای کۆبوونەوە و ڕەخنەلەخۆگرتنــم، ڕزگار کڵاشــینکۆفە قۆنداغدارەکــەی خــۆی پــێ دام و جووتێـک پاتەی لاسـتیک. ڕۆژی دواتـر ڕزگار باجەڕی منی لە شــان کردبوو، لەســەر نانخواردنیش داینەدەنــا. دووربینە بێوێنەکەمی لە قایشــەکەی بەســتبوو، پۆستاڵەکەمیشــی دە پێ کردبوو. چەند ڕۆژ بەسەرچوو ئەم ڕووداوە لە هەموو کۆمەڵەدا دەنگی دابووەوە. دوکتۆر جەعفــەر هــات بۆ ناوچە و بە توندی بە گــژ ڕزگاردا هات و پێی گوت کــە وا بوو ئێســتا دەبێــت هەموو ڕەخنــە لە تۆ بگرین، کە خەســڵەتی وردەبورژوازییت هەیە. یەڵڵا دەی هەموو شــتەکانی عەلی بدەوە خۆی، تۆ هەر لە ژووری کۆمیتەی ناوچە دانیشــتوویت، شــتی باش بۆ عەلی و هاوڕێکانی باشــە، کە شەو و ڕۆژ لە شەڕ و کەمیندان! هەزاران جار ڕۆحی شــاد بێت دوکتۆر جەعفەر، کە یەک لەو کەم کەســانە بوو لەناو ســەرکردایەتیدا، کە خاکیبوون و تێگەیشتنی لەگەڵ زۆربەیان بەراورد نەدەکرا!

نامەیەک وەک چرا

زۆربەمان لەم کوڕانەی ناســاز بووین لەگەڵ بەرپرسان و خەڵکانی دەسترۆیشــتووی دوای کۆنگرەی دوو، یان کاریان پێ نەدەســپاردین، یــان وەرمانەدەگــرت و بــە ڕقداچووبوویــن. نامەیەکــی کاک کەریــم دانشــیارم بۆ هــات، دوای ئەوەی کوڕەکانی دیبوون، زۆر بە ســۆز و خۆشەویستییەوە لێی پرسیبووم لەسەر ڕێبازەکەی سولەیمانی بللوریی جوانەمەرگ ماویت و ڕێبازی کوردایەتیت بەر نەداوە و نەچوویتە ژێر باڵــی جەماعەتی لایەنگری پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیســت و مەنســوور

حیکمـــەت؟! کۆمەڵێـک دەردی دڵ و ئامۆژگاریی بۆ مــن تێدابوو، دیار بوو بە تایبەت لە کەشوهەوای دەوروبەری ناوەندی و ئەفکاری لەناکاو گەشەکردووی ناو کادرانی کۆمەڵە لەمەڕ حیزبی کۆمۆنیست و «بینشی نوێ» و خەڵکانی مەراییکەر و ماستاوچیی دەوروبەری ناوەندی، تەواو جاڕز و ماندوو بووبوو. هاتنی ئەو نامەیە وەک چرایەکی ڕووناک بوو لەنــاو هۆش و بیرمدا، دەســتبەجێ وەڵامــم داوە و دڵنیام کرد هەرگیز لا نادەم لە ڕێبازی ســولەیمان و کوردایەتیمان، گەر قەرار بێت حیزبی کۆمۆنیســتیش پێک بێت، دەبێت حیزبی کۆمۆنیســتی کوردســتان بێت و نابێت بەرهەمی خەباتمان تەســلیمی جەماعەتێــک بکەین لە تارانەوە هاتــوون و هیچ نایانناســین. ئێمــە دەمانزانی لە کاتێکــدا هەموو ناوچە ئازادەکان لە مەترســیی داگیرکردندان و ڕۆژانە هێرشـــەکانی کۆماری ئیســلامی ئــەو ناوچانەمان لە ژێردەســت دێننــە دەر، کەچی زۆربەی کۆمەڵــە و ســەرکردایەتییەکەی لــە تەشــریفات و حەولــی پێکهێنانــی "حیزبی کۆمۆنیســتی ئێران"دا بوون، دەیانویســت لــە کۆنگرەیەکی بە پەلــە (کۆنگــرەی ســێ)دا بــە زیاتر لە ســەدا نەودونۆ بڕیــار بدەن بۆ یەکەمیــن کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیســت. وزەی کۆمەڵە و پێشمەرگەکان و سەرکردایەتی زۆرتر خەجڵی[1] ئەوە بوو تا وەکو پلان و بیرکردنەوە لە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشەی ڕۆژانەی ئێمــە لە ناوچەکە و خەڵکی خۆمان! ئەوان، ســەرکردایەتیی کۆمەڵە، لە خــەون و خولیای خۆبەزلزانینیان وایــان دەڕوانی کە هەموو کۆماری ئیسلامی و ئیمپریالیزم ئاگادارن و لە ترس و هەراسی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خەو و خۆراکیان نییە، هەر بۆیە زۆربەی کات دە فکر و شــوێنی گونجاو و نهێنیبوونی کۆنگرەکەدا بوون و ئەم مەبەســتە لە سەرووی هەموو ئەولەویاتی کاری ڕۆژانەی حیزبێکی دەرگیری شەڕ و ململانێ لەگەڵ پاسدار و کۆماری ئیسلامیدا بوو. سەرەنجام لە ڕۆژێکدا و بە بژارکردنی هەموو ئەوانەی لێیان دڵنیا نەبوون و وەک ئەوانیان بیر

١- خەجڵ، خەریک، مژووڵ بە کارێک.

نەدەکردەوە، لەگەڵ هێرشـــەکانی ڕۆژانەی کۆماری ئیســـلامیدا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، لە شوێنێکی زۆر چڕ و دوور، لە بەردەســـووری سەردەشت کۆنگرەی ســـێیان لە یازدەی مانگی گوڵانی ســـاڵی ١٣٦١ (١ی مایســـی ١٩٨٢)دا گرت و بە بەشداریی دەیان کادری گوێلەمســـت و ناحاڵی و خودی مەنســـوور حیکمەت، بە زۆرینەی هەر زۆری ئەندامـــان بڕیار درا و کۆمیتەی ناوەندی ڕاســـپێردرا بە زوویی و لە یەکەم فرســـەتدا کۆنگرەی دامەزرێنەری «حزب کمونیست ایران» ببەسترێت! گرنگترین بڕیاری کۆنگرەی سێ تێپەڕاندن و پەسەندکردنی بەرنامـــەی حیزبـــی کۆمۆنیســـتی ئێران بـــوو، کە ئیتحـــادی موبارزانی کۆمۆنیســـت (ڕێکخراوە چەند کەسییەکەی مەنسوور حیکمەت -حەمید تەقوایی -خەســـرەو داور) نووســـیبوویان و بـــە زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامان پەسەند کرابوو!

پێشمەرگایەتیکردن دای لە کزی

ئەوەی ڕاســـتی بێت دوای شـــەڕی کۆمەڵە و دیموکرات، ڕووکردنی زۆرتـــری کۆمەڵـــە بـــەرەو ئێرانچێتـــی و هەڵوەدابوونـــی بـــۆ حیزبێکی کۆمۆنیستی سەرتاسەری، بە بیانووی ڕەدکردنەوەی پۆپۆلیزم پشت لە خەڵکی لادێ و بەهێند وەرنەگرتنیان و زۆرتر زەقکردنەوەی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ لە لایەن چەند نوخبەی سیاسی، بە پێشینەی چینایەتی، زۆر دەوڵەمەند و تەنانەت سەرمایەدار، ڕوو لە پێشمەرگایەتیکردن لە کزیی دابـــوو. خەڵـــک وەک جاران گیـــان و ڕۆحیان بە دەوری پێشـــمەرگەوە نەدەگەڕا و زۆریش بوون لە خەڵکی شـــار و لادێ، ئیتر بەدەســـتمانەوە مانـــدوو بووبوون و چاوەڕوانـــی ئەوەیان دەکرد حکومەت بێتەوە و لە دەستی ئێمە ڕزگاریان بێت.

نە تەنیا لاوانی تازەپێگەیشـــتوو زۆر کەم دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی و خولەکانـــی پەروەردەی پێشـــمەرگەی تازە، دەبـــوو چاوەڕوان بین تا پـــڕ دەبوونەوە و بە زۆر دەگەیشـــتنە دە دوازدە کـــەس، بەڵکو ڕۆژانە

یـەک دوو پێشـمەرگەی کۆنیش بـە بیانووی جیاواز دەڕۆیشـتن، یان خۆیـان تەسـلیمی حکومەت دەکـرد، یان دەربـازی دەرەوە دەبوون و یانیـش دەچوونـە ناو دیموکرات. هـەر لەو سـەروبەندەدا کە دەنگۆی ئامادەسـازی بـۆ کۆنگرەی دامەزرێنـەری حیزبی کۆمۆنیسـت دەکرا، هەبـوو کادری ناسـراو و کۆنـی وەک خالیـد عەزیزی (لەم سـاڵانەی دواییدا بوو بە سـکرتێری حیزبـی دیموکرات)، هەمـزە بایەزیدی، یان کادری نیزامیی وەک خدرەسـوور ڕوویان کـردە حیزبی دیموکرات و زۆر زووش پۆسـتی بەرزی سیاسـی و نیزامییـان وەرگرت. زۆریش بوون چوونەوە شار و بە ئارامی و بێدەنگی و هەناسەساردی ڕوویان کردەوە ژیانی سادە و دوور لە سیاسەت.

چ بکەین؟

ئـەو ڕۆژانە ئیتـر مەقەڕی حاجیاڵیکەنـد، مەقەڕەکەی جارانی پڕ لە جۆشـوخرۆش و گـەرم و پڕ لە هیـوا و ورە نەمابوو. سرتەسـرت و دوو دوو و سـێ سێ بەیەکەوە لە هەموو کەلێن و قوژبنێک دەبیندران و باسـەکان زۆرتر لە دەوری «چ بکەین»دا دەسووڕانەوە، ئیتر چیدی بـە موقەدەس باسـکردنی کۆمەڵە و خۆفیداکردن و شـەهیدبوون، یان بـاوی نەمابوو، یان بـە کردەوە زۆر کەم بووبووەوە. زۆر بوون پێیان کەریتی بوو، وەک جاران بە حەماسـەوە بڕۆین بەرەو پیری مەرگەوە! کۆمیتەی ناوچە و سـەرکردایەتییش، زۆر بێمنەت دوای کۆنگرەی سێ لەگەڵ ئێمەماناندا قسـەیان دەکـرد و وەک دەڵێن، چیتر نازیان نە تەنیا هەڵنەدەگرتین، بەڵکو پێشـیان ناخـۆش نەبوو ئەوانەی بەبێ دوودڵی و دەروێشئاسا خەتی مەنسوور حیکمەت و کۆنگرەی سێ پەیڕەو ناکەن، بڕۆن و لە کۆڵیان ببنەوە.

هاوردەکردنی سێکس و مەشرووب لە سنەوە

چەنـد کەسـێک لــە دەرەوەی ناوچــەی ســابڵاغ هاتبــوون و بەرپرسیاریەتیی دەستە و پەلیان پێ دابوون، کۆمەڵێک ئاکار و کردەوەم لێ بینین، ڕێک پێچەوانەی فەرهەنگ و تایبەتمەندیی پێشمەرگەی کۆمەڵە. ئــەوەی جاران حەرام و بڤە بوو، پێشــمەرگەی لەســەر زیندانی و دەر دەکرا، بە ڕۆژی ڕووناک لەناو دێ لەوانەم دەبینی. خوشــکی کوڕێکی پێشــمەرگەی منداڵکارە بە بیانووی سەردانی براکەی، زوو زوو دەهات بــۆ مەقەڕی ناوچە و ئێواران لەگەڵ یەک لەم بەرپرســە تازانە دەچوو بۆ نــاو باخەکانی دێ و خەریکی ڕابواردن دەبوون. بەرپرســی مەقەڕ بووم، ئێوارەیەک یەک لە هەوادارە دڵســۆزەکانی ناو دێ هات و گوتی فلانی عەیبە بۆ پێشــمەرگەی کۆمەڵە بە بەرچاوی خەڵکەوە کچ دەبا بۆ ناو ئەم خڕە و دەیگەوزێنێت. هەســتام چووم، جەعفەر تازە هاتبوو بۆ ناوچەی مەهاباد و بەرپرســی دەســتە بوو. برای ئەم کچە، مێرمنداڵێک بوو پێشــمەرگەی ئەو دەستەیە بوو، خۆی لەسەر داوای بەرپرسەکەی زوو زوو دەینارد بەدوای خوشکیدا و دەیهێشتەوە و لەگەڵ جەعفەردا مەجالیان بۆ ڕێک دەخرا. ڕۆژێک گوتیان کەســوکاری حوسێن، ئەویش یەکێکی تازە بوو لە ناوچە، هاتوون بۆ ســەردان. ماڵێکی چۆڵیان پەیدا کردبوو، کە شەو و ڕۆژیک خۆیان بەیەکەوە بن. بە دەستی زۆر پڕەوە هاتبــوون و یەکســەر چــوون بۆ ئەو ماڵــە، جاران باو بــوو دایکان و کەســوکاری پێشــمەرگە کە دەهاتن هەرچی پێیان بوو لە مەقەڕ، لەگەڵ هەمــوو پێشــمەرگەکاندا دابەشــیان دەکرد. ئەوان لەو شــتانەی لە ناو بوخچــە و تورەکەیاندا بوو هیچیان دەرنەخســت، دواتر زانیم ئەم دوو سێ ژنە هیچیان خوشک و کەسوکاری نەبوون. یەک دوو ڕۆژ مانەوە و حوســێن، یەک دوویەک لەو پێشــمەرگانەی کــە زۆر لە خۆی نزیک بوون، دەبردەوە بۆ لای «کەسوکارەکانی». دواتر دەرکەوت، حوسێن و هاوڕێ نزیکەکانی ڕایانسپاردبوو لە سنەوە بە پارە ژن و مەشرووبیان بۆ بێت و لە ناو دێ بە بیانووی کەســوکار لەگەڵیاندا ڕابوێرن. ئەوکات

هەمــوو ئەم کردەوانە، لای من کوفر و قەباعــەت بوون، تەنانەت وەک خیانــەت بە شــەهیدان و ئارمانەکانی کۆمەڵە ســەیرم دەکردن و دڵنیا بووم گەر سەرکردایەتی پێبزانیت تووشی لێپێچینەوە و دەرکردن دەبن!

کاتی ڕەخنە نییە

کێشــەکانی ئێمــە و کۆمیتــەی ناوچــە گەیشــتبوو بــە کارنەکردن و قەڵســە لێــک گیران، دۆخەکــە زۆر ناخۆش بووبــوو، ڕێ بە ڕەخنە نەدەدرا، بە بیانووی ئەوەی شۆڕش بە سەردەمانێکی هەستیاردا تێپەڕ دەکات و دوژمــن لــە هەموو لایەکــەوە هێرش دەبات، لە «پێشــڕەو» (گۆڤاری کۆمەڵە بوو) شــوعێب زەکەریایــی وا بزانم ژمارە چوار بوو، بە ڕاشــکاوی و ڕوونــی وتارێکی نووســیبوو، وای وێنــا کردبوو لەم ســەردەمەدا ڕەخنەگرتن لە تەشــکیلات و ڕێبــەری خزمەت بە دوژمن دەکات و نابێــت خۆمــان بــەم شــتانەوە خەریک بکەین. بــە کورتی بە هەموو ئێمەی ڕاگەیاندبوو نە کاتی ڕەخنەگرتنە و نە گوێتان لێ دەگرین.

ڕوانگە تازەکانی حەمەسوور وەک تەزووی کارەبا بوو

بە هۆی زەقبوونەوە و لێکترازان لە ناوچەی مەهاباد و کێشــەکانی ئێمە و بەرپرســان، ڕۆژێکیان ســەرکردایەتی، حەمەســووری نارد بۆ ناوچە و گوێگرتن و چارەی کێشــەکانمان. قســە زۆر کران و ڕەخنە لە موحســین و ســەید خالید و ڕزگار گیرا، دوو دەستە و دوو بۆچوونی تــەواو جیــاواز هەبــوو، یەکترمان قبــووڵ نەبوو هیچ، ڕقیشــمان لێک دەبــووەوە، بەشــێکیان بە بیانــووی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیســت و «بینشی نوێ»، موزایدەیان دەکرد و خۆیان لە شەڕ و کەمین و کاری ســەخت نەدەدا و لایەکــەی دییان تاوانبار دەکرد بــەوەی تازە نابنەوە و پۆپۆلیســت و ناسیونالیســتن، بــۆ نموونــە ئەوانەی خــۆم دەمدیتن لەمــلا و ئــەولا لەناو دێ بێشــەرمانە خەریکی بێئەخلاقی و لە ســنەوە

بــە پارە ژنیان بۆ دەهــات. لە کۆبوونەوەکاندا لەوجڕی[1] وای تێدا بوو، ئێمەیان بە تاوانی ئەوەی توانای دەرکی بەرنامە و سیاســەتە تازەکانی کۆمەڵەمــان نییە و بەکاری ئەمڕۆی کۆمەڵە نایەیــن، تاوانبار دەکرد و هەرچی کردەوە و ئاکاری خراپی خۆیان بوو، لەژێر پەردەی لایەنگرانی ئەم فیکر و سیاســەتە تازەیەدا دەشــاردەوە. لەگەڵ حەمەســووردا لە کۆنــەوە نێوانمان خۆش بوو، نەمدەزانی لەم بەینەدا ئەو چۆن گۆڕاوە، لــە پەنایــەک لە میانەی کۆبوونەوەکاندا بە تەنیــا گرتمی و گوتی بۆ وا ســارد بوویتەوە؟ تۆ بەشــێک لە خۆمانی و دەبێت زۆرتر چالاک بیت. گوتم، کاک حەمە شــێرازەی ئەخلاق و چاکی و خراپی لەناو کۆمەڵەدا تێــک چووە و شــێواوە، ئەوەتــا فلان و فلانم دی بە چــاوی خۆم ژنی خراپــە دێنن و کەس هیچ ناڵێــت. گوتی عەلی ئەم بۆچوونانەی تۆ زۆر پۆپۆلیســتی و دواکەوتوانەن. ئەمە شــتی شەخسی و تایبەتی خۆیانە و پەیوەندیی بە تۆ و منەوە نییە و نابێت لەسەر ئەم شتانە پێداگری بکەیت. مەســەلەی جنس دەبێت جۆرێکی دی سەیر بکرێت و تەواو پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، دەبێت ئازاد بێت و چیتر تابوو نەکرێت. ئەم فیکر و لێدوانەی حەمەســوور بۆ من تەواو وەک تەزووی کارەبا ڕاپچڵەکاندم و بە ڕوونی هەســتم پێ کرد ڕێباز و فیکریان گۆڕاوە و بە هەموویان خەریکن کۆمەڵەکەمان بکەن بە شتێکی دیکە و دارودەستەی مەنسوور حیکمــەت وا دیــارە نیازیان زۆر خراوە. گوتم یانی کاک حەمەســوور، هیچ بە لاتانەوە موهیم نییە فلان و فیســار چ دەکەن و لەژێر ڕێبەریی کۆمیتــەی ناوچــەی تازە، کە بە زۆر بەســەر ئێمەدا ســەپاندتان، ئەوە خەریکە ناوچەی سابلاغ لەبەریەک هەڵدەوەشێت؟! بە پێکەنینەوە، وەک ئەوەی من لە زۆر شت حاڵی نیم، باسەکەمانی تەواو کرد.

١- لەوجڕ، چەنەبازی زۆروەڕ.

٤٠

کتێب و ڕۆژنامەی نێو کادێن

ڕۆژێکیـــان دایکم و نەرمین هاتن بۆ لامان، لە ماڵێک لە حاجیاڵیکەند هەموو کـــوڕەکان دەورەمان دابوون و خەبەروباســـی ناوشـــاریان بۆ بـــاس دەکردیـــن. دایکم گوتـــی ڕۆڵە ئەوە چەند جـــارە کاک عەلی کوانە ڕایسپاردووە کۆمەڵێک کتێب و وێنە و شتی تۆ لە عەولاباده، لایبەرین. کاتی خۆی کە پاســـدار شـــاری گرتووەتەوە، دایکم لە ترســـان بەشێک لـــە کتێـــب و وێنە و شـــتومەکی قاچاغـــی ڕاگواســـتووەتە عەولاباد لای کاک عەلـــی، شـــوانکارە و نیـــوەکاری بابم بوو. دیار بوو کە هەســـتیان بە گرتنەوەی ناوچەکە کردووە، ئەوانیش ڕایانســـپاردووە لایان بەرین. شەریف لەوێ بوو، گوتی جا تا زووە هەستە بە ماتۆڕ دەتبەم بە یەک دوو ســـەعات دێینـــەوە. لەگەڵ شـــەریفدا بە ماتۆڕ جێمان هێشـــتن، کە وەک بـــا دەفڕی، چووینە عەولابـــاد و لای ماڵی کاک عەلی. زۆریان پێ خـــۆش بوو، زۆر بـــە گەرمی بەخێرهاتن کراین، گوتـــم کاک عەلی چیم لێرەیە با بیانبەم. پێشـــمکەوت بـــۆ کادێن و لە زارکی دەرگەکەوە چاوم بـــە کتێـــب و ڕۆژنامە و وێنـــە کۆنەکانی ســـەردەمی تەوریز و لاوێتیی خـــۆم کـــەوت، کە لە ناو کادێنەکەدا پرژوبـــڵاو بووبوونەوە، لە ناو دوو گۆنێـــدا هەموومان کۆ کردەوە و هاتینەوە بۆ لای دایکم. هەر ئەمدیو و ئەودیوی دەکردن و بەســـەریاندا دەگریا. وێنە و کاغەزەکانی خۆم جیا کردنـــەوە و لە پاکەتێکم نـــان و کتێبەکانمان دا بـــە کتێبخانەی کۆمەڵە. ئەو چەند ڕەســـمەی ئێســـتاش ماون ئێی ســـەردەمی منداڵی و تەوریز، هـــەر ئەوانەن کە لە ناو کادێنی ماڵی کاک عەلیدا لە عەولاباد لە فەوتان ڕزگارمان کردن.

عەلی عاشقە

شـــەریف تازەزاوا بوو، باس هەر باســـی ژنهێنان بوو، ســـیامەند و ڕەحیـــم باباتاهیری و هەموو کوڕەکانی دی لەوێ بوون. کاتی خۆی لە دەردی دڵـــی هاوڕێیانەدا لەمەڕ خەیاڵی خۆم و کیژی قژکاڵی چاوڕەش سەرەتایەکی لێڵ و ناسۆری دەروونیی خۆم بۆ شەریف باس کردبوو. بە دەوری دایکم و نەرمینەوە دانیشـــتبووین، شـــەریف ڕووی لە دایکم کـــرد و گوتی، عەلییش بۆی بلوێ ژن دێنێت و عاشـــقە. تووڕە بووم و حاشـــام کرد و گوتم شـــەریف لەم قســـانە گەڕێ. دایکم حەجمینی نەما و دەســـتی لە یەخەی شـــەریف نەدەکردەوە و دەیویســـت شەریف پێی بڵێت کێیە؟! دایکم لە خۆمپارەبارانی شـــار و ڕووخانی ماڵی خۆمان تا ڕادەیەک گوێیەکانی قورس بووبوون. دڵنیا نەبووم شەریف بزانێت کێیە بەس ســـرتەیەکی بە گوێی دایکمدا کرد، نێوچاوانی گرژ بوو و ســـەری ڕاوەشاند و گوتی نابێت، هەموو بێدەنگ بووین و باسەکەمان گۆڕی و سەرکۆنەی شەریفم کرد. بۆ خۆی پێ ڕاناگیرێت. کەمێک دواتر نەرمین بانگی کردم، وام زانی ئیشێکی هەیە، لەگەڵی چوومە دەرێ و پیاسەمان کرد، گوتی:

- تۆ دەزانی من هیچ لە تۆ ناشـــارمەوە، ئەدی بۆ تۆ شـــتی خۆت بە من ناڵێی؟!

- ئاخر هیچم نییە تا پێت بڵێم!

- ئەدی شەریف بۆ دەبێ بزانێ و من نەزانم؟!

- هیچ نازانێ و هیچیشم بۆ باس نەکردووە!

- ئەدی چیی بە دایکم گوت؟ من دایکم دەناسم، بە دەموچاویڕا زۆر تێک چوو!

-بـــڕوا بکـــە نازانم، ئەم هەتیوە هەر لەخۆوە قســـە دەکات و نازانم چی بە گوێی دایکم گوت؟!

- باشـــە عەلی توو خوا ئەگەر کەســـێکت خۆش دەوێت دەبێ بە من بڵێی.

- باشــه بە چاوان. هەســتم کرد شــک و گومانێکــی لا پەیدا بووە، کۆمەڵێک قســەی لەسەر کچانی ناو کۆمەڵە و دەستەخوشکەکانی کرد، لە زومرەی ئەواندا ناوی چاوڕەشەکەی منیشی هێنا و زۆر تاریفی کرد و خۆزیای خواست ژن دێنم و ئەویش دێنم، گوتم جا چۆن ئەو؟!

-بۆ نا! لەو باشــتر بۆ تۆ کێ هەیە؟ تۆ لە لامان زۆر خۆشەویســتی و ناوبانگت هەیە!

- نــا نەرمین گیان پێشــمەرگایەتی و ژنهێنان نابێت، ئینشــائەڵڵا کە هاتینەوە بە سەربەرزی تۆ بچووە و بۆم داوا بکە!

- بەڕاستی! ئەوە!

- نا هەر وا دەڵێم!

- بەخــوا دەزانم هــەوە هەر لە قزڵجەوە دەمزانی شــتێک هەیە، کە دەهاتی بۆ لامان و ســەرت هەڵنەدەهێنــا، زۆر جار دەیگوت ئەوە کاک عەلی کە دێت بۆ لامان، بۆ وا شەرمێونە، وەکی تر وا نییە؟!

- نەرمین گیان ئەم شــتە نابێت و مومکین نییە، فەرامۆشــی بکە و من هەرگیز ژن ناهێنم!

- باشە پێم بڵێ کێ دڵی داگیر کردوویت؟ با قسەی لێ بکەین بزانین مومکینە یان نا، من دڵنیات دەکەم یارمەتیت دەدەم! ئەوەی شــەریف بە دایکمی گوت، هەر ئەو هاوڕێیەی منە؟

- نازانم شەریف کێی بە دایکم گوت؟!

- دە باشە بە هەرچی سوێندە بە منی بڵێ، منیش شت دەزانم! ئەگەر تۆ متمانە بە من نەکەی، ئەدی بە کێی دەکەی؟!

- بــۆ ئەوەی زۆرتر لــە خۆمی نزیک بکەمەوە، گوتم ئا هەوە، بەڵام ئەو هیچ نازانێت و تا ئێستا هیچم نە بە قسە نە بە ئیشارە پێ نەگوتووە!

- هاواری کرد و خۆی بە باوەشمدا دا و گوتی دەمزانی، کەس لەو باشــتر نییە بۆ تۆ وماڵی ئێمە، باشــترین هاوڕێمە و دەزانم دەبێت، تۆ کارت بە هیچ نەبێت، لە ئێستاوە براژنی خۆمە، ئەوە بۆ من گەورەترین دیارییــە، ئــەو کارە هــەر دەبێ ببــێ و دەزانــم ماڵی ئەوانیــش و ئیی

خۆشمان زۆریان پێ خۆش دەبێت، چەندی خوازبێنی بۆ هاتووە و هەر دەڵێ مێرد ناکەم، زۆری فشاریماڵەوە و تەشکیلاتی لەسەرە، خۆی تا ئێستا هیچیانی بەدڵ نییە و هەر دەڵێ شوو ناکەم.

- باشــە نەرمیــن گیان خــۆت دەزانی ئەمە بۆ مــن چەند حەیاتی و گرنگە، نابێت کەس بزانێت، تەنیا کاتێک دەبێت باس بکرێت لە سەتاسەت دڵنیا بیت دەبێ و من هەرگیز ژن ناهێنم بۆ ئەوەی بیهێنمە شاخ!

- عەلی تۆ ئەوە بە من بسپێرە، قەولت پێ دەدەم بە دڵی تۆ دەبێت. جارێ دەبێ بزانم کاک شەریف چیی بە دایکم گوت؟!

چەنــد ڕۆژ دواتــر بەیانییەکــی نەرمین لە شــارەوە بــە هەڵەداوان هاتــەوە لام. بــە پێکەنین و خۆبەباوەشــدادان گوتــی، دەزانی دایکم بە یەکێکی دیکە حاڵی بووە، نازانم شــەریف ئــەو ناوەی پێ گوتووە، یان خۆی بە ســرتەکە وا حاڵــی بووە. کچێکی زۆر بێدەنگ و نەخۆشــمان هەبــوو لــە مەقەڕ، نازانــم دایکم بۆچی لە زمانی شــەریفەوە بەو حاڵی بووبــوو. کاتێــک نەرمین لــە ڕووی ناچاری و لەبەر بــاری دەروونیی دایکم ڕاســتییەکەی پێ دەڵێت لە خۆشیان شاگەشکە دەبێت و دەڵێ جا ئەوجــار ڕەبی موبارەکیان بێ و لەگەڵ بابــی چمان بۆ بکرێ بۆ عەلی و بۆ ئەم هەڵبژاردە باشــەی دەیکەین و ئەو وەســڵەتە هەر دەبێ ببێت، مەگەر مەرگ سەبەبکار بێ!

نەرمیــن ئاگرێکــی شــادی، لەنــاو دڵی دایکــم و بابــم و کاکم، لەم ڕۆژگارە تاریک و ناخۆشانەی ئەوکاتی خەڵکی کوردستان، بەم خەبەرە داگیرســاندبوو. هەر ســێ پێشــوازیی گەرمیان لەم خەبــەرە کردبوو. دەســبەجێ چووبوو بۆ لای و سەرەتای قسانی لەگەڵدا خۆش کردبوو، چەند شــتێکی ســەبارەت بە من و هاوسەرگیریی هاوڕێیان لە شاخ پێ گوتبوو بۆ ئەوەی لە بیروڕای تێبگات.

نامەی دڵداری

بۆچوونی نەرمین و تێگەیشتنی لەو، زۆر ئەرێنی و هیوابەخش بوو، قەناعەتــی پێ کردم نامەیەکی بۆ یەکەم جار بۆ بنووســم و بە گشــتی چەند باســێکی لەگەڵدا بێنمــە ئاراوە، خۆی بۆی بباتــەوە و زۆرتریش بەیەکەوە قسە بکەن.

نامەیەکــی دوور لــە دڵــداری و زۆرتــر ســەبارەت بــە کۆمەڵــە و گرفتەکانی شــاخ و بڕیارە تازەکان و بەرپرســانی ناوچەم بۆ نووســی و داوام لــێ کرد وەک هاوڕێیەک با بە نامەگۆڕینەوە زۆرتر لێک نزیک بین و لێک تێبگەین. نەرمین بە شــادییەکی بێســنوور و بە چاوی پڕ لە ئەسرینی شادی و هەڵگری نامەی من، بۆ لای نزیکترین دەستەخوشکی خۆی گەڕاوە بۆ شار.

چەند جارێک بۆ نەرمینم باس کردبوو کە چەندە دژی هاوسەرگیریی تەشــکیلاتی و بڕیاردان لە لایەن چەند بەرپرســی باڵا بۆ پرســێکی وا گرنگم. پێم وا نەبوو بۆ کەس هەبێت لەسەر دواڕۆژی تاکەکان تەداخول بکات و بە بیانووی بەرژەوەندیی تەشکیلات، بڕیاری وەی بدەن لەگەڵ کێــدا هاوژینــی پێک بێنــم و لەگەڵ کێــدا نەیهێنم. ئەوانــەی دەربارەی ئەو بابەتە لەســەر داهاتــووی تاکەکانی ناو تەشــکیلات بڕیاریان دەدا هەســتم نەدەکرد خۆیان ســەرکەوتوو و خــاوەن ڕوانگەیەکی کراوەی کۆمەڵایەتــی بن. بۆیــە زۆر پێداگریم دەکرد لەوەی کەس بەوە نەزانێت و تەنانەت گەر وەڕاســتیش گەڕا و ســەریگرت تەنیا ئاگاداریان دەکەم، نەک پرســیان پێ بکەم و هەرگیز پێم خۆش نابێت بێتە دەرەوە و ماڵ و حاڵ لە شــاخ پێک بێنم. خەیاڵم ئەوە بوو بە ســەربەرزی دەچینەوە شارەکان و ئەوجار پێکەوە بە ئاسوودەیی دەژیین.

لە ئێستاوە بووکی خۆمە

هێندەی پێ نەچــوو دایکم هاتەوە و نامەیەکی پێچراوەی بوخچەیی دایە دەستم، شادی و ڕووگەشی لە سەرتاپای دەباری، گوتی هەموومان

زۆرمـــان پێ خۆشـــە بۆ ئەم کچە، ڕەبی شـــەریف بڵێـم چیت لێ بێ بۆ ســـرتەی کـردت. من خراپی لێی حاڵی بـووم و چەند ڕۆژان تا نەرمین بۆی ڕاســـت نەکردمەوە نازانی ڕۆڵە چۆنم لێ گوزەرا. گوتم دایە گیان تکایە لەســـەرەخۆ بن، هیچ نەبووە و خۆی لە هیچ ئاگادار نییە، ئێوە بۆ وا خۆتان شڵەژاندووە و لای خۆتان هەموو شتێکتان بڕیوەتەوە؟! نابێ بزانیـن ڕای خـۆی چییە؟! گوتی: نا نا بەخوا هەر دەبێ ببێت و بابت لە ئێستاوە دەڵێ بووکی خۆمە!

نامەیەکی پڕ لە سۆزی برایەتی و هاوڕێیەتیی بۆ نووسیبووم، نامە بـە ڕوونی دەربڕیوی ئەوە بوو؛ ئەویش خۆشـحاڵە بـە نامەگۆڕینەوە و زۆرتر لێک نزیکبوونەوە، باســەکانی ئەویش هەر لە دەوری کۆمەڵە و پێشـمەرگایەتی دەسـووڕایەوە. نە نامەی یەکەمی من و نە ئیی ئەو تەنانەت بۆ وشـەیەکیش باسـی دڵـداری و خۆشەویسـتیی تێدا بەدی نەدەکرا، دیسانیش دەیان جار نامەکەیم خوێندەوە. دەستبەجێ نامەیەکی ترم بۆ نارد و وردەوردە باسـی ژیانی هاوبەش و هاوسـەرگیریی ناو تەشـکیلاتم هێنایە پێش. لە نامەی دووهەم و سـێهەمدا بۆم دەرکەوت ئەویش ڕوانینی وەکی منە سـەبارەت بە پێکەوەژیان و بڕیارەکە تەواو تایبەتە بە تاکەکان. تەشکیلات ناکرێت خاوەن بڕیار و ڕا بێت سەبارەت بە ژیانی هاوسەریی دوو ئەندامی خۆی.

نەرمیـن ئاگاداری کردم قسـەی لەگەڵدا کـردووە و بە گوێیدا داوە، ئەگەر عەلی خوازبێنیت لێ بکا داخوا چی دەڵێیت؟! گوتبووی نازانم خۆ عەلی باسێکی وای نەکردووە؟!

بـە پەلـە نامەیەکـم بۆ نارد و زۆر بـە ڕوونی داوام لـێ کرد ببینە شـەریکی ژیانـی هەتاهەتایـی و ئامادەیی خۆم دەربـڕی بۆ هەنگاوی دواتر و ئاشـکراکردنی لای بنەماڵەکان. ئەوە یەکەم جارم بوو سـۆزی خۆشەویستی بۆ کچێک بدرکێنم و داوای ژیانی هاوسەرییشی لێ بکەم!

نامەکانی لێکتێگەیشتن

دایکم کەسێکی نزیک لە خۆی، ئەویش دایکە پێشمەرگە بوو، دیبووەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت، نامەکانی من و ئەوی دەگەیاند. دایە فاتم تا هاتبایە مەقەڕ نامەیەکی بۆ من پێ بوو، نامەیەکیشی بۆ دەبردمەوە. دوای نامەی خوازبێنی، وەڵامی نامەکەی ئەویش هات، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد من ئەوەندە بەختەوەر بم، نە تەنیا ڕازی بووە بە من، بەڵکو داوای پێکەوەبوونی لێ کردووم بۆ هەتاهەتایی و دڵنیام دەکات، گەر بێتوو هەموو ماوەی تەمەنی چاوەڕێم بکات، مەرگیش ئەم پەیمانەی پێ هەڵناوەشێتەوە و دوای مەرگی منیش هەر وەفادار دەبێت بەم پەیمانە چەند وشەیەی، کە بە نامە لە نێوانماندا بەبێ شاهید و حاکم گۆڕدراوەتەوە!

سەرەنجام دوای زیاتر لە سێ ساڵ، لە ئێوارەی زەماوەندی کاکمەوە، دوای نقورچی چاوە ڕەشەکانی لە جەرگم، ئاگری سۆزی عیشق و خۆشەویستیی کچە نازدارێکی کورد بڵێسەی کرد و زنجیر و کەڵەوەی وەفا و پێزانینم لە مل هاڵا و کرامە دیلی کچە کوردێکی نەشمیل. نامە و پەیمانەکەی لە ڕۆژی هەژدەی پوشپەڕی ١٣٦١ (١٠-١٠-١٩٨٢)دا نووسیبوو، لەمێژ بوو شادی و دڵخۆشیی وام بەخۆوە نەدیبوو، لەگەڵ خۆم و تەنیا بە شاهیدیدا خۆم عەهد و پەیمانم کرد، هەتا هەبم نە دڵ بە کەس بدەم و نە هەست و سۆزم بۆ هیچ ژنێک هەبێت، جیا لە ئەو!

نامە بەدوای نامەدا دەهات و دەڕۆیشت، لەبەر ماڵی باوانی، ترس و دڵەڕاوکێمان لە ئاشکرابوونی ئەم پەیوەندییە زۆرتر و زۆرتر دەبوو. بە باشمان زانی ئاشکرای بکەین و لای بنەماڵەکان و دۆست و هاوڕێیان شەرعییەتی پێ بدەین و تەنیا مارەکردن بکەین و ئەویش ڕزگاری بێت لە فشاری ماڵ و خوازبێنیکەری دی.

لە ناو هاوڕێکانی پێشمەرگەمدا تەنیا سیامەند، کەریم، شەریف و ڕەحیم سەرەتایەکیان دەزانی، زۆرم بە لاوە گرنگ بوو کۆمەڵە و تەشکیلات پێنەزانن و تەداخول نەکەن. لەگەڵ سیامەند و کەریمدا بە

بیانووی ئیســتراحەت، ئیجازەمــان وەرگرت. گوتمــان دەچین بۆ ماڵی خزمێک لە حاجی خۆشیی شاروێران و دەنێرین هەردوو بنەماڵە بێن و لەوێ بە ئەسپایی و ئارامی مارەی دەکەین.

فریشتەی خۆشی و ئۆقرەیی

هەرسێکمان بەرەو شاروێران وەڕێکەوتین، دەبوو ئێوارە بە تاریکی لە جــادەی مەهابــاد بپەڕینەوە بۆ شــاروێران، ڕێگــەی دووررودرێژی نێــوان مەقەڕی حاجیاڵیکەند و شــاروێرانمان بە خۆشـــی و گاڵتەکردن و فشــقیات بە پێ بڕی. شــاد بــووم و دەمزانی هەنــگاو بۆ چی دەنێم، هەســتم دەکرد لەســەر ئەم گــۆی زەوییە هیچ مرۆڤێــک وەک منی بۆ هەڵنەکەوتووە و هەموو مرۆڤەکان لە ڕەشــبەڵکی زەماوەندی مندان و ئارەقە و تینی لەش و نێوچاوانم بە هۆکاری سەرچۆپیکێشــان دەزانی، نــەک هیلاکی و شــەکەتیی بە هەوراز چوونە ســەردا! ئــەوان گاڵتەیان پــێ دەکــردم و منیش لــە دەریــای خەیاڵاتی خۆمــدا نوقــم بووبووم. ئــەو خەونانــەی دڵنیا بووم تا چەند ســەعات و ڕۆژێکــی دی، دەبن بە ڕاســتی و بــە چاوی خۆم دەیانبینــم؛ چیرۆکی عیشــق و دڵداریم باڵی لــێ دەڕوێت و بە هێمنی و ئارامی دەفڕێ و دەگاتە هەورە ســپییەکان. فریشــتەی خۆشــی و ئۆقرەیی ڕاکێشـــی دەکردم و دەیبردم بۆ ئازادی و پێکەوەژیان، بۆ ئاشــتی و تەواوبوونی شەڕ، ڕەشبەڵەکی سەرگۆڕی شــەهیدان، پێ بە قەبرداران و هەستانەوەیان بە موژدەی سەربەستیی میللەتەکەمان، جادە و کۆڵانەکانی شارم دەدی بە ئاڵای سوور و سپی و کەســکەوە، بە هــەزاران وێنە و پەیکەری شۆڕەســوارانی لە خوێندا گــەوزاو، دەموچاوی گەش و بەبــزەی ڕێبوارانــم دەدی بەرەوپیرمان دێن و پێشــمەرگە لە ئامێزی خۆشەویســتی دەگرن و ئازادیی وڵات و ســەربەخۆیی لە چاوی ئەوانەوە دەبینن. ئێوارەیە و قۆڵ لە قۆڵی دڵدار و هاوســەرەکەم بەبێ تفەنگ و فیشــەکدان دێینە خوار بەرەو چوارچرا و پەیکەری قازی و ڕوو دەکەینە ســەرچۆم و پردی تازە. بە دەیان و

ســەدان جووت و تــاک ڕێ دەکەن بەرەو بلــوار و مەحموودکان، هەر ســڵاوە و دەدرێتەوە و هــەر ماچە و لە ئامێزهــاڵان، گوڵەبەڕۆژەیە و دەتروکێندرێ و گوڵەپێغەمبەرەیە دەبرژێندرێت. کچان و کوڕانی شــار بە جلوبەرگی کوردەواری، شەدە و جامانە بە سەر، فەقیانە و پشتێندی گرێگرێ، شاڵی شینکی و کراسی ڕەش، کچان بە کراسی کوودەری و ژۆژێتی[1] گوڵ گوڵی، کەوای شــین و دەستماڵی پوڵەکەدار و پشتێندی پەشمینە، دەسرەی سرکەیی، بە چاوی کلتێوەردراو و لێوی سوورەوە، دێنــە خــوارێ، دوو بە دوو هــەر دەڵێی میرزادەکانی جزیــر و بۆتانی سەردەمی خانی و مەم و زینن.

دیسان دەگەمەوە ترۆپکی خۆشی

جاروباریش لەناو خولیای خۆمدا دێوەزمەی ڕەش و چڵکنی شــەڕ پەیــدا دەبــوو، هەنگاوەکانم خێراتــر دەبوون و بە گــرژی و تووڕەیی پێشی هاوڕێکانم دەکەوتمەوە، بە ڕاکردن نا، بەس بە خێرایی لە پێشیان دەڕۆیشتم، ئاوڕم وێ نەدەدان و دەمزانی قسە دەکەن و پێم ڕادەبوێرن و تەشەرم[2] تێدەگرن و پێدەکەنن. لەناو گۆڕێکی تەنگ و تاریکدا بووم، فیشەکێک وەنێوچاوانم کەوتبوو، وڵات سووتاو و قاقڕ بوو، دار و بەرد پاســدار بــوو، لە هەر چــوار لاوە مەیتی منــداڵ و ژن و پیرەپیاو بوو، دووکەڵ لە سەربانی مزگەوتەکان هەڵدەستا و سەگی بریندار و برسی و بەڕەڵا بە ســەر جادەکانی شــاردا دەســووڕانەوە، ترس و دڵەڕاوکێ هەموو گیانیان دادەگرتم و کیژۆڵەی قژکاڵم دەدی ڕەشپۆش و لێوبەبار خوێن دەچۆڕێ لە چاوی. وام دەزانی بە خێراڕۆیشــتن دێوی شــەڕ و وێرانی بەجێ دێڵم و دیسان دەگەمەوە ترۆپکی خۆشی.

ســەرەوژوور و ســەرەولێژەکانم بــە زڕەخەونەکانــم دەبــڕی و

١- کوودەری و ژۆژێت، چەشنێ پارچەن بۆ کراس و جلی کوردیی ژنانی موکریان بەکاری دێنن.

٢- تەشەر، تانە، قسەی بەتێکوڵ.

هەنگاوەکانم بە ئاهەنگی ناو خەیالاتم هەڵدەهێنا، جاری وا بوو ئەوەندە خۆش بوو، تێیدا نوقم دەبووم و بە ئارامی «وەکو نەرمەهەنگاوی لاوی بەرەوژوان»[1] دوادەکەوتم و جاریش هەبوو بە نەرمەغار پێشیان دەکەوتم، بۆ ئەوەی خۆم قوتار بکەم لە مۆتەکە!

جەهەننەم بۆ ڕێکخستەکانی شار

بوومەلێڵ بووبوو گەیشتینە نزیک جادەی ئاسفالت، دەنگەدەنگی چەند کەسێکمان گوێ لێ بوو، بە حەزەرەوە لێک نزیک بووینەوە، یەکترمان دەنگ دا و یەکترمان ناسی، دوو سێ پێشمەرگەی کۆمیتەی ڕوستایی خۆمان بوون دەگەڕانەوە لە جەولەی سیاسی و یارمەتیکۆکردنەوە. یەکترمان لە ئامێز گرت و وەستاین بۆ بیستنی هەواڵ و چۆنێتیی ڕێگەوبان. گوتیان، ئەمڕۆ لە شار پاسدار و ئیتلاعات، هێرشێکی بەربلاوی پلاندارێژراویان کردووەتە سەر ڕێکخستنەکانی ناوشار و خەڵکێکی زۆریان گرتووە و بەندکراون لە زیندان، خەریک بوون ناوەکانیان دەگوتن لەناکاو گوێم لە ناوی ئەو و خوشکە بچووکە سێزدە ساڵانەکەی بوو، دنیا بەسەرمدا دەسووڕایەوە. هەر سێک سڕ بووین، تاریک بوو دەموچاوی یەکمان نەدەدی، دەنا هەستیان بە شڵەژانمان دەکرد. ناوێکی زۆری کچان و کوڕانیان پێ گوتین هەر ئەو ڕۆژە بەیانی زوو لە شار گیراون و حکومەت توندوتیژییەکی وەحشییانەی دەست پێ کردووە و زۆر لە کەسوکاری پێشمەرگە گیراون و تەنانەت دەستی نەپاراستووە لە منداڵی سێزدە و چواردە ساڵەی خوشک و برای پێشمەرگە.

بە تەواوی وڕوکاس بووبووم و هۆشم هەر نەما، لێک جیا بووینەوە، ئەوان ڕۆیشتن بەرەو حاجیاڵیکەند و ئێمەش بەرەو شارویران. هەر کە لێمان دوورکەوتنەوە، سیامەند و کەریم بەر چەپۆکیان دام و گوتیان، دەچی ژن مارە دەکەیت؟!

١- ئیشارە بە دێڕێکی شیعری خەوەبەردینەی سوارە ئێلخانیزادەیە.

بۆ وا کز و لاوازی؟

بە بیســتنی گیرانی ئەو کچانە، نەرمین خۆی حەشــار دابوو، ناردم بەدوای دایکمدا و لە حاجیخۆش ماڵی خزمێکی باوکم چاوەڕوان بووین. ڕۆژی دواتر لەناو دێ، دایکم و بەدواشــیدا پوورم لە پاســەکەی نێوان شــار و دێ دابەزین، چەند ســاڵ بوو پوورم نەدیبوو، پێم ســەیر بوو هاتــووە، هەر لە دوورەوە دەســتی کــرد بە گریــان و ئامێزگرتنەوە و لێستنەوەی دەموچاوم، هەموو خەڵک هاتبوونە تەماشا، بۆنی بە شەدە و کــراس و بنهەنگڵمەوە دەکرد و بە دایکمی دەگوت: ئەیڕۆ باجی بۆنی عەلی چەند خۆشــە، لێم دوور نەدەکەوتەوە. زۆریان شتومەک هێنابوو لە شــیرنی و خواردن و میوە و جلی زستانی. خانەخوێمان زۆری ڕێز لە دایکم و پوورم گرت و قازێکیان ســەربڕی. لە ســەر ســفرە پوورم تەنیشتمی بەر نەدەدا و بەشە گۆشتی خۆی دێنا بۆ لای من. هیچم پێ نەدەخورا، ئاگرێک لە دەروونم داگیرسابوو مەگەر هەر خۆم پێم زانیبا، پوورم هەر قسەی دەکرد و پرسیاری دەکرد، بۆ وا زەعیف و لاوازی، بۆ وا ماتی، بۆ هیچ ناخۆی؟! دەمگوت پوورە گیان پێشمەرگە هەر وایە و دەبــێ ئــاگای لە خۆی بێت و زۆر قەڵەو نەبێ، دەنا جووڵەی باش بۆ ناکرێت، بەم قســانە وامــان دەکرد بەوە نەزانــێ بەرنامە چ بووە و بۆ هاتووینە نزیک شار!

فەزای ترس و وەحشەت

دایکــم تێیگەیانــدم ڕۆژی پێــش لە شــار چ ڕەشــبگیرییەک بووە و چــۆن نەرمینیان ڕزگار کردووە و ڕەوانەی ماڵی خوشــکمیان کردووە لــە ڕەزاییە. پوورە هاجــەرم زووتر چەند جاری بــە دایکم گوتووە کە چوویــە لای عەلــی لەگەڵــدا خۆت بمبــە و ئەویش کە ئــاگادار بووە لە نزیک شــارین، لەگەڵ خۆیدا هێنابووی. ئیتــر نەدەبوو لە هیچ لایەکەوە باســی ئەم چیرۆکەی من بکرێت و کەس پێــی بزانیت، زانیبایان نیازی

شــووکردن بــه پێشــمەرگەی هەبــووە، بێشــک ڕزگاری نەدەبــوو و ئەوەنــدەی دی تاوانی گرتنــی زیادی دەکرد. دایکم گوتــی، لە دوینێوە هیچمان هۆش و حاڵمان نییە و ناشــکرێت ئێمە خۆمانی تێهەڵقورتێنین، یەکســەر گومان دەکەن و ئەوەندەی دی لێمان ســەخت و گران دەبێت. ڕۆڵــە ماوەیەک بوو بەم خەبەرە هەموو دڵمان خۆش بوو، لەناکاو دڵی هەموومانیــان هەڵقرچانــد. لەبەر پوورم و خەڵکی نــاو ماڵەکە نەدەکرا زۆر قســـە بکەین، بە هەناسەساردی و زۆر بە گریانەوە دوانیێوەڕۆ بە هەمــان پاس بەڕێمان کردنەوە. هەر بە دایکمدا ڕامانســپارد لە پوور و کەســوکاری سیامەندیش بێن. ڕۆژی دواتر کۆمەڵێک لە خزمانی کەریم و ســیامەندیش هاتــن و هەموو چاویان بەیەک کەوت. قســەی هەموو لایەک گوزارشــت بوو لەوەی کۆماری ئیســلامی و ئیتلاعات دەستیان بەســەر هەموو شتدا گرتووە و فەزایەکی ترس و وەحشەت و گرتن و ئیعدام بەرێوەیە، پێشمەرگەش چیتر ناتوانێت وەک جاران جەولە بکات و لە نزیک شارەکان بمێنێتەوە.

خەم و پەژارە و کارەساتم زۆر بەسەر هاتبوو، زۆر جار دڵگووشینم تاقی کردبووەوە و دەمزانی ترۆپکی دۆشــدامانە، بە خەمی لەدەستدانی هاوڕێ و عەزیزەکانم ڕاهاتبووم و خارا بووم، هەموو جارێک گۆشەی تەنیایــی، خــەم ڕەوێنــم دەبــوو، تەســکین و تیمــاری دەکــردم، بەڵام ئەژنۆکانــم نەبوون، بەڵکو تەنیا شــوێنێک کە دەســت کەوتبایە و خۆم تێــدا حەشــار دابــا و لە چاوان دوور بــام و کەس بە قوڵپــی گریان و هەنیسکمی نەزانیبا، تەنیا نیوەشەوان و بن لێفەکەم بوو. لە مەقەڕ و ناو پێشمەرگە و ماڵان و جەولە، عاستەمە کونجێکت دەست بکەوێت و تێیدا هەر بۆ خۆت بیت و بە تەنیا ئارام بگریت. من خووم بەوە گرتبوو لەم کاتانەدا، خۆم بچووکی بچووک دەکردەوە، وەک گلۆفێکی بەن، لێفەکەم بەسەر خۆدا دەدا و ئەوجار شینم دەگێڕا، ئەوەم بۆیە دەکرد دەیانگوت، «پیاو» نابێ ئەسرین بڕێژێت و عەیبە بۆ پیاو بگری!

ئەوەندە دڵپڕم پێم خۆشە بگریم

ئەم خەمەم وەک هیچ جارێک نەدەچوو، گیران و بەندکردنی خاوەنی هێلانەکەی دڵم بە دەستی گورگ و کەڵبە خوێناوییەکان، لە هەموو کۆستکەوتنەکانی پێشووم، تەواو جیاواز بوو. دەگمەن و یەکەم جار بوو وام بەسەر بێت و سەری هەموو کێوانم لێ تاریک بێت. ڕق و تۆڵە لە لایەک و بێدەسەڵاتی و کەلەپچەکردنی ژن وەک «ناموسی کوردەواری» لە ڕوانگەی عەشیرەتیی چل ساڵ پێشی کۆمەڵگەی کوردستان و فیکری دەستدرێژی و ناپاکی، قسە و تانەی دۆست و خزمی خەڵکی وڵاتی پیاوسالار لە لایەکی دی، ئەو کۆستە بوو لە دڵگوشین و دۆشدامانەکانی دی نەدەچوو، ئەوەندە دڵپڕ بووم دەمویست بگریم، نەدەکرا، هاوار بکەم، نەدەکرا، هەرچی بیرم لێ دەکردەوە و بۆی دەچووم ڕێگەکان داخراو و تاریک بوون، ئەدی پەنا بۆ کێ بەرم؟ دڵم ئەوەندە تەنگ و بچووک بووبووەوە، هەر ئەوەندەی دڵی چۆلەکەیەک و جێی کەسی دیکەی تێدا نەدەبووەوە. ئێستا دوای نزیک بە چل ساڵ ناتوانم چۆن ئەو برینەی لە خەزەڵوەری خەزانی ١٩٨٢دا کاری کرد لە ڕۆح و گیانم، وەسفی بکەم. هەر ئەوەندە دەزانم ناسۆرێکی ئەوەندە بەئازار و پڕ لە کێم و زووخاو بوو، هەرگیز بیرم ناچێتەوە.

دوای چەند ڕۆژ لە ترس و وەحشەت، دڵبریندارى و بێئۆقرەیی، بنلێفەیی و گریانی بێدەنگ، لەگەڵ خۆمدا و تەنیا لەگەڵ خۆمدا، عەهد و پەیمانم بەست؛ هەتا هەم فەرامۆشی نەکەم، دڵ بە کەس نەدەم و تا ماوم چاوەڕوانی بم و خۆم ئامادە بکەم بۆ لەسێدارەدانی و دواتر فڕینی ڕۆحم بەدوای پەپوولەی عیشقی بەئاواتنەگەیشتوومان!

٤١

بە دڵێکی غەمبار و لێوبەبار سـەفەری گەڕانەوەمان بەرەو مەقەڕ و پێشمەرگەکان لە حاجیاڵیکەند بەناو مۆڵگە و کەمینی پاسدار و شەوەکی ڕۆیشتن، گەیاندە ئەنجام.

سەرانسـەری کوردستان شەڕ و هێرشـی ئەرتەش و پاسدار بوو، هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ئانووساتی داگیرکردندا بوون، سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات لە مەنگوڕان و دۆڵەتوو لەژێر هەڕەشـەی تەواودا بوون. گرتن و کۆنترۆڵی ڕێگەی ستراتیژ و گرنگی سەردەشـت-خانێ بۆ پێشمەرگە، ئامانجێکی سیاسی و نیزامیی بوو بۆ حکومەت. دەمانزانی دایانناوە بە هەر نرخ و زیانێکیش بێت لە دەسـتی پێشـمەرگەی دەرهێنن و کوردسـتانی بە تەواوی پـێ بێنە ژێر چۆکی خۆیـان. ئەمە تەنیا ڕێگە بوو بۆ ئەوەی پێی پێشـمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ببڕن و بگەنە سنوورەکانی عێراق، بۆ گواستنەوەی شەڕی عێراق-ئێـران بۆ میحوەرێکی دی و بەکارهێنانی کوردسـتان و هێنانی بەشێک لە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەم ناوچەیە.

هێزی پشتیوان و شاخەوان عەباس

دەنگۆی داواکاریی دوکتۆر قاسـملوو لە مام جەلال و یەکێتی هەبوو بۆ ناردنی هێز و یارمەتیدان. لە جادەی سەردەشـت-خانێ شـەڕ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتدا لە لایەک و دیموکرات و کۆمەڵە و هێزی پشتیوانیی یەکێتـی نیشـتمانی لە لایەکی دی گەرم بـوو. کەرتێکی هەولێری یەکێتی بە فەرماندەیی شـاخەوان عەباس (دواتر لە کارەسـاتی یەکی شـوباتی ٢٠٠٤دا لـە هەولێر، لە ڕووداوی تەقینەوەی بارەگاکانی پارتی و یەکێتی شـەهید بـوو) گەیشـتنە لای ئێمـە لە ناوچـەی مەهاباد، بـۆ بەرگری و

پاراستنی ئەو شـــوێنانەی بەدەستەوەمان مابوون لە لایەک و خافڵاندنی بەشێک لە هێزەکانی حکومەت لە لایەکی دیکەوە بۆ کەمکردنەوەی فشار لەســـەر هێزی پێشـــمەرگە لە میحوەری سەردەشت. زســـتانی ئەو ساڵە وەیشـــوومە و سەخت و ساردتر لە چەند ساڵی ڕابردوو بوو. بە تایبەت کوێستانەکانی موکریان بە زیاتر لە مەتر بەفری تێ کردبوو. پێشمەرگەی دەشـــتی هەولێر و گەرمیان بەو بەفر و ســـەرمایە ڕانەهاتبوون و تەواو لە کەمین و حەرەسیات لەگەڵ ئێمەدا لە شاخەکانی حاجیاڵیکەند بێزار و ماندوو و وەڕەز بوون. بە هۆی ناسراویی پێشووم لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتیـــدا نامۆیان لە من نەدەکرد و منیـــان بە ئی خۆیان دەزانی، گلەیی و گازەندەکانیـــان دەهێنـــا بـــۆ لای من، ڕەفتار و هەســـتان و دانیشـــتنی پێشـــمەرگەکان و بەرپرســـانی ئێمەیان، بە لاوە زۆر نامۆ و غەریب بوو. لە ژیانی ڕۆژانە و خواردن و پشـــوودا، لە ناو ئەو هەموو بەفرە، تاقەت و خۆڕاگریـــی ئێمەیـــان بە لاوە سروشـــتی نەبوو. لای ئێمـــە زۆر عادی و ئاســـایی بـــوو بە هەفتـــە و دوان تەنیا بڕوێش، شـــۆرباولەپە، هەڵوا و شـــیرێژی بۆگەنیو، خواردنمان بێت و گلەیی و پرتەوبۆڵەش نەبوو. لای ئەوان دەبوو جاروبار هیچ نەبێت حەیوانێک، گوێرەکەیەک لە عەرز بدرێ و پێشـــمەرگەی پێ دەعوەت بکەن. شەهید کاوە مەخمووری فەرماندەی دەستە بوو، زۆر لێک نزیک بووین، سەرەی حەرەسیاتیان لە شاخ تەواو بووبوو، بۆ ئیســـتراحەت هاتبوونەوە ناو دێ، بانگی کردم و گوتی، کاکە ئیجازەمـــان بدە خۆمان پارەمان پێیە و با بچین حەیوانێک بکڕین، ئەمڕۆ کەمێک خۆشـــی کردووە و تۆف نییە و بیکەین بە کەباب و تشـــریب. لە شـــەرم و خەجاڵەتیدا زمانم نەدەگەڕا و ڕوخســـەتم لێ خواســـت ئێســـتا دێمەوە. چوومە لای موحسین بەرپرسی ناوچە و گوتم، زۆر عەیبە ئەوانە هاتوون خۆیان بۆ ئێمە بە کوشـــت دەدەن و ســـەرمابردوو دەبن، کەچی ئەوەندەیان پێ نادەین زگیان تێر بێت و تەعلیقمان لێ دەدەن. ئەوەندەیان پەنیر و شیرێژ خواردووە، دەڵێن لە سەرئاو لەجیاتی گوو، ڕیقنە دەکەین! ئێســـتاش بۆ من مردن باشتر بوو لەوەی میوان پارەم پێ بدا حەیوانیان

بۆ بکرم! باش بوو، موحسین گوتی، برۆ چیت پێ باشە بۆیان بکرە، با برنج و رۆنیان بۆ دابنێن و خۆیان چۆنیان پێ باش بوو با بە شێوەی خۆیان لێی بنێن. یەکێکی خەڵکی دێم راسپارد و گوێرەکەیەکی کڕی و هێنایە مەقەڕ، کاوەم بانگ کرد و گوتم ئەمڕۆ میوانی کاک موحسین دەبین و خۆتان خەفەر بن، چیتان لە ڕۆن و برنج و پیاز و... پێویست بوو، تەنیا دەنگ بکەن، ئەمڕۆ دەیکەینە ئاهەنگ و شادی. پێشمەرگەی زۆر چالاک و لێزانیان لەگەڵدا بوو، یەکودوو گوێرەکە لە عەرز درا و کەوڵ کرا، گۆشت برژا و لەتوکوت کرا و تشریب وەسەر نرا، قبوولی بە لەتکەنۆک بۆنی دە وڵات گەڕابوو، پێشمەرگەکانی ئێمەش لەخۆشیان دەستیان بە زگدا دێنا و لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێردا لە عیوعیو و خۆبەهەردادان و چۆپیکێشان نەدەمانەوە. هەموو کارەکان و تەباخی هەر خۆیان کردیان و یەک لە خۆشترین خواردنەکانیان بۆ ئامادە کردین، کە بە لای پێشمەرگەکانی ئێمەوە زۆر تازە و نامۆ بوو. گوتیان کاکە ئێمە جاروبار وا نەکەین بۆمان ناگوزەرێت و خوا دەیزانێ کەی شەهید دەبین، با هیچ نەبێت بە خۆمان ڕابگەین!

زستانێکی سەخت و پڕ لە بەرگری و شەڕمان بوو، هەر ڕۆژە هەواڵی گرتنی ناوچەیەک دەهات، تەنانەت خەتەر کەوتبووە سەر مەنگوڕان، کە ناوچەیەکی زۆر سەخت و شاخاوییە و هەر لە کۆنەوە مەکۆی دێموکرات بوو.

بە بەشداریی زیاتر لە بیست لە پێشمەرگە کۆنەکان، لە لای پیرەهەڵۆ، کە بەرپرسی ئەسلەحەخانەی ناوچە بوو. لە ئاوایی چیچانبلاغ کۆبوونەوەیەکمان کرد، دوور لە چاوی موحسین و سەید خالید، بەڵام ڕزگار و سەید ڕەحمانیش هاتبوون. کۆبوونەوەی قسەی ئاخر بوو، لەسەر بارودۆخی خۆمان و ناڕەزایەتی لە تەشکیلات و ڕێزنەگرتن لە ڕای پیشمەرگە کۆنەکان و گوێنەگرتن لە ڕەخنەکانمان بە بیانووی شەڕ و هێرشی بەربڵاوی حکومەت، ئەو قسەیەی بە دەمیانەوە گرتبوو، کە دەیانگوت کاتی ئەم قسانە و ڕەخنەگرتن نییە!

ناوچەی مەهاباد وا بەڕێوە ناچێت

زۆربـــەی پێشـــمەرگە و فەرماندە ناســراوەکانی ناوچـــەی مەهاباد لـــەم کۆبوونەوەیـــە ئامادە بـــوون، زیاتر لە چەند ســـەعات گفتوگۆ کرا و دەتوانـــم بڵێـــم هەمووومان هاودەنگ بووین لەســـەر ئـــەوەی ناوچەی مەهابـــاد وا بەڕێوە ناچێت و کۆمەڵە تووشـــی گەورەترین هەڵە دەبێت. بەروبوومی چەند ســـاڵەمان تەســـلیمی جەماعەتی مەنســـوور حیکمەت بکات و لە کۆنگرەی ســـێدا تەنیا ئەوانە چوون کە بە دڵی وان بوون و کەس تەنانەت بە وشەیەکیش دژیان نەبووە. ئێمە هیچمان نە لە کۆنگرە بووین و نە ئەندام. دواتر بیســـتوومە گۆیا تەنیا کاک مینەی حیســـامی فەرماندەی هێزی پێشڕەو لە بۆکان، دژی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەم شێوەیە بووە!

پشتمان لە سەروەت و سامان کرد

بڕیـــار درا چەند کەســـمان لەگـــەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا قســـە بکەین و بـــە نوێنەرایەتیـــی ڕا و بۆچوونەکانمانیـــان پـــێ ڕاگەیەنین. لە گوندی کولیجـــە مەقەڕی ناوچە زیاتر لە دە دوازدە کەس لەگەڵ حەمەســـوور و شـــوعێب زەکەریایـــی کە لە ناوەندییـــەوە بۆ ئەم کێشـــەیە هاتبوون، کۆبووینەوە و قسەمان کرد. ئەوان زۆر بێمنەت و لە سەرەوەڕا ئێمەیان دواند و سەرسووڕمانیی خۆیان نەشاردەوە بۆچی ڕزگار، کە ئەندامی کۆمەڵەیـــە لەگەڵ ئێمە کەوتووە. ســـەرکۆنەی ســـەید ڕەحمانە درێژیان کـــرد، حەمەســـوور، ڕەحیمی بابەتاهیـــری جیا کردەوە کـــە قەرار بوو بە زوویی لەگەڵ خوشـــکی حەمەســـووردا ژیانی هاوسەری پێک بێنن، دیـــار بـــوو ڕەحیمی ڕازی کردبوو بیکەن بە بەرپرســـی نیزامیی پەل لە ســـەقز و واز لە بەربەرەکانێ و مانـــەوە لەگەڵ ئێمەدا بێنێت. خۆیان لە قـــەرەی کاک کەریم دانشـــیار و ســـیامەند نەدەدا، بە من و شـــەریفیان گوت دەبێ بێن بۆ ناوەندی و زیاتر کارمان پێتانە. بە هەڵســـوکەوتێکی

دوور لە هاوڕێیەتی و گوێگرتن، بە پەلە کۆبوونەوەکەیان جێ هێشت، ڕزگار و ڕەحیمیان برد و ڕۆیشتن. کەمال وەلیانی دەستێکی سەقەت بووبوو، گوتی من هیچ ئیمانم بەم کارە نەماوە، بەڵام ئەوەندەم کۆمەڵە خۆش دەوێت ناتوانم جێی بێڵم. هیچ مەسئوولیەتێک وەرناگرم و وەک پێشمەرگەیەکی سادە دەمێنمەوە. جەعفەر پیرەهەڵۆ گوتی، ئێمە زۆر هەژارین و بێمە دەر لە کۆمەڵە نازانم چ بکەم، بۆیە لێرە خۆم دەخافڵێنم تا بەڵایەکم بەسەر دێت. چەندی دیکە ڕۆیشتن و گوتیان دەچینەوە سەر مووچە و مەزرای خۆمان، ئێمە بۆ کۆمەڵە هاتینە دەر و پشتمان لە کەسوکار و سەروەت و سامان کرد، نەک بۆ حیزبی کۆمۆنیست و فلان و فیسار. ئەوانە چوونەوە شار و لادێکانی خۆیان و تا ئێستاش نە سەریان بۆ کەس داخستووە و نە زەرەریان بۆ کەس هەبووە و جێی ڕێز و حورمەتی خەڵکیشن. بە هۆی پاراستنیان ناویان ناهێنم، دەنا زۆر ناسراو بوون لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا.

دوای یەک دوو کۆبوونەوە و هاتوچۆی دیکە، لە ئاخردا ماینەوە حەوت هەشت کەس، کە سوور بووین لەسەر ڕوانگە و بڕیاری خۆمان، بە ڕاشکاوی و ڕوونی گوتمان هەتاکو وەڵامی باوەڕپێکراو و سەرڕاستمان پێ نەدەن، لە هیچ ئۆرگانێک کار ناکەین و لەم کوردستانە پانوبەرینە خۆمان لە پەنایەک دادەنیشین و دەست لە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی هەڵناگرین و ڕوو لە هیچ حیزبێکی دیکەش ناکەین.

سیامەند هەستا سەر چۆکان

لە کولیجە لە ژووری کۆمیتەی ناوچە بۆ قسەی ئاخر و بڕیاری کۆتاییمان، کەریم دانشیار، سیامەند موعینی، شەریف مەعرووفی، حوسێن ئەنهاری (عەجەم)، کەریم ئەفسەر دلێر و من لەگەڵ موحسیندا دانیشتین، زۆر قسە کرا و زۆری حەولی دا ڕازی بین و کار بکەین، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ لە داواکاریی حیزبی و سیاسی و تەشکیلاتیمان بسەلمێنێت و وەک کەلامی خودا و ئایەی قورئان دەیڕوانییە بڕیاری

پێکهێنانـــی حیزبی کۆمۆنیســـتیش، تەنانەت ڕازی نەبوو تاقە ڕەخنەیەک لەســـەر خـــۆی لەمەڕ ئیـــدارەی ناوچەی مەهاباد قبـــووڵ بکات، ئێمەش زۆر بـــە ڕوون و شـــەفافی گوتمان ڕازی نابین لە تەشـــکیلاتێکی ئاوادا کار بکەیـــن و هـــەر ئەمڕۆ لێـــرەش دەڕۆین. لەپڕ لە نـــاو ژوورەکە، کە هەمووومان چوارمشـــقی لە ســـەر عەرز دانیشـــتبووین، دەستی هەڵێنا و ســـەیری سەعاتەکەی مەچەکی کرد و گوتی، تا ئێستا کە سەعات چوار و نیـــوە، ئێوە هەموو شۆڕشـــگێڕ و ئینقلابی بوون و لەم دەقە بەملاوە ئێوە ئیتر ئینقلابی و شۆڕشـــگێڕ نین! ســـیامەند هەســـتا سەر چۆکان و گوتی، مادام وایە موحسین گوێبگرە، با منیش نەزەری خۆم لەسەر تۆ بڵێم: «تۆ پیاوێکی زۆر بێشعوور و پەخمەی[1]»!

وێنەی ناسنامەکەی سیامەندم هەر لە لایە

موحســـین داوای کـــرد کارت و ناســـنامەکانی کۆمەڵـــە جـــێ بێڵین، هەمووومـــان فرێمـــان دایە بەردەمی، ســـیامەند دەســـتی درێژ کردەوە و هەڵیگرتـــەوە، بە نینـــۆک وێنەکەی خۆی لێکـــردەوە و فڕێی دایەوە بەر دەمـــی و زۆر بـــە تووڕەییەوە گوتی، با وێنەکەشـــم لاتـــان نەبێت! ئەو وێنەیەی ســـیامەند لە کارتی پێشمەرگایەتییەکەی کردەوە ئێستاش لای منـــە و هەر ئەوکات هەڵمگرت. ســـیامەند کوڕی ســـولەیمان موعینی و برازای عەبدوڵلا و خانەی موعینی، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو، ئاوای لەگەڵدا کرا، ئیتر دەبێت هەموو تێبگەن ئەمانە بە ناوی ســـەرکردایەتیی کۆمەڵەوە چ بوون و چەند بەپەرۆش و لێزان بوون، بە کەلێن و قوژبنی فەرهەنگ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بۆچی وا بێمنەت و لەخۆڕازی و خۆویســـت بوون؟! ویســـتی باسی چەکەکانمان بکات، زۆر بە توندی بە گژیدا هاتینەوە و پێمان ســـەلماند هەموو چەکەکان نە تەنیا ئیی خۆمانە و بـــە پارەی خۆمـــان کڕدراون، بەڵکو چەند تفەنگـــی من و کاک کەریم هەر لە ســـەرەتای شـــۆڕش دراوە بە کۆمەڵە و ئێستاش لە شانی فڵان

١- پەخمە، گێل و دەبەنگ.

و فلان پێشـمەرگەدایە، پێمان عەیبە داواشیان بکەینەوە! ئیتر زۆر زوو بێدەنگیی لێ کرد و وەدەرکەوتین بەبێ خواحافیزی.

شـێخ و ئاغای کولیجە، حاجی شـێخ عەولا برای شـەهید سـەلاح شەمسی بورهان، کە کۆمەڵە لە خانووی ئەودا بوو، زۆر لە کاک کەریم و ئێمەش نزیک بوو. کەم و زۆر ئاگای لە دەنگەدەنگ و کێشـەی ئێمە هەبوو، لە لایماڵە خۆیان پێشـی پێ گرتین و سـوێندی لێ خواردین بەم بەفر و سەرمایە نابێت بڕۆین و هەموومانی بردەوە ماڵی خۆیان و خزمەتێکی زۆری کردین. شەریف کە کەسوکاری لای باوانی، ئاغاوەتی وەتەمیـش بوون و خزمی هەبوو، ماڵێکی بۆ خۆی و خەجیجی خێزانی دەستەبەر کردبوو، بە پەلە گەڕایەوە بۆ وەتەمیش، بەڵکو شوێنێکیش بۆ ئێمە ببینێتەوە و بچین هەموومان لە وەتەمیش، کە جارێ پێشـمەرگەی تێدا مابوو دانیشین.

سەید خالید زۆر هەڵەی

ئـەوێ ڕۆژێ، محەمـەدە عەجەمەکـەی لای مـن دەورەی دیبـوو، زۆرم حەول دا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن و نەیانکرد و ناردیان بۆ ناو مەفرەزە، سـەرەنجام دوای چەند مانگ مانەوەی لەناو پێشـمەرگە، بە هۆی ئیجازەی چەندبارە و چوونی بۆ مەراغە، دەستی کەشف بووبوو، بـە گیراوی لـە مزگەوتی کولیجە، سـەید خالید تەحقیقـی لێ کردبوو، هیچی نەدابوو بە دەستەوە، شەو هەر لە مزگەوت بە ئیهمالی دەرگایان لەسـەر داخسـتبوو و حەرەسـی بەردەرگایان بۆ دانابوو هەتاوەکونێ بەیانـی بـۆ زیندانی مەرکەزی بنێـرن. بەیانی زوو هـەلا بڵیند بوو، کە دەرگای مزگەوتیـان کـردەوە، محەمـەد بە شـەلوار و دۆخینەکەی بە شیشـی چراتۆڕی مزگەوت خۆی ئیعدام کردبوو. بە خەڵووزی زۆڕپاکە لە دیواری مزگەوت نووسیبووی: «سید خالد کور خوندی از من حرف بکشی» واتا سەید خالید، زۆر هەڵەی، بتەوێ قسە لە من دەربکێشیت!

ئـەوەی زانـرا محەمەد چەنـد جارێک بە ئیجازە سـەردانی مەراغە

و حکومەتــی کــردووە و بەنیــازی تیرۆریکــی گەورە بــووە، تا خۆی دەگەیەنێتــە ناوەندی بۆ لێدانێکی گــەورە لە هەموو ئەندامانی ناوەندی. پێشــمەرگەکانی دەســتەکەی خۆی لێــی وەگومان دەکــەون، بۆ هێندە ئیجازە وەردەگرێت و دەڕوا و دێتەوە؟!

ئێمــە لەوێ بوویــن محەمەدیان لە کولیجە ناشــت و نیازی لێدان و کردەوەی تیرۆریستیی گەورەی لەناو کۆمەڵەدا، بردە ژێر گڵ.

٤٢

هاتنەدەرەوە لە کۆمەڵە

بە کۆڵێک بیرەوەری و هەناسەسـاردی دوای زیاتر لە چوار سـاڵ خەبـات و پێشـمەرگایەتی لەناو ڕیزەکانـی کۆمەڵەدا، بەنـاو بەفرێکی زۆردا ڕوومان کردە وەتەمیش. شـەریف ژوورێک و پێشـخانەیەکی لە بەرزایی دێ بۆ پەیدا کردبووین. ناردمان بەدوای دایک و کەسـوکار و زۆر زوو مەقەڕی خۆمان ئاوەدان کردەوە.

هاتنەدەرمـان لە کۆمەڵە و دانیشـتنمان لە ناوچـەی ژێر کۆنترۆڵی پێشـمەرگە بە چەکەوە دەنگـی دایەوە، بە دەیان پێشـمەرگەی ناڕازی پەیوەندیان دەگرت و پرسیاریان دەکرد بەتەمای چین؟! هەبوو حەزیان دەکرد شتێک دروست بکەین و ئەوانیش بێن و بەیەکەوە درێژە بە خەباتی چەکداری بدەین و بۆشـایی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە پڕ بکەینەوە. لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی پێشمەرگەدا کادیر و پێشمەرگەی ناڕازیی لە دیموکرات و کۆمەڵە زۆر بوون، ڕۆژانە پەیوەندییان پێمانەوە دەکرد و داوای کار و دروسـتکردنی هێزی سێهەمیان لێ دەکردین. بە تایبەت بوونی کەسـایەتیی وەک کەریم دانشیار و سیامەند لە ناومانـدا، خەڵک زۆرتر هان دەدران و متمانەیان هەبوو، کە ئەگەر ئێمە بمانەوێت شـتێکمان پێ دەکرێت. تەنانەت حیزبی دیموکرات بەرپرسێکی ناوچەی نارد و کاک کەریم لەگەڵیدا دانیشـت، دوکتۆر قاسـملوو ڕایسـپاردبوو بێـت و هەموومان بانگهێشـتی ناو دیموکرات بکات، بـە تایبەت کەریم دانشـیار و سیامەندی کوڕی سـولەیمان موعینییان بە لاوە زۆر گرنگ بوو، تەنانەت وەعدی بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی و پۆستی باڵایان بە هەموومان دابوو.

خۆدوورگرتن لە شەڕی دۆڕاو

ئێمە هەموومان پێشــتر بە کۆی دەنگ بڕیارمــان دابوو نەچینە ناو هیچ حیزبێک لە لایەک و لە هیچ جێیەکیش بە دژی کۆمەڵە تەنانەت یەک وشــەش نەدرکێنیــن. هەتا بۆمان بکرێت لە ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی پێشمەرگەدا دانیشین و زۆرتر خۆمان پەروەردە بکەین. ئیجازە بە هیچ پێشمەرگەیەک نادەین واز لە کۆمەڵە بێنێت و بێتە لای ئێمە. جارێ هیچ بڕیارێک نادەین بۆ دروســتکردنی هێزێکی ســێهەم. عەلاقەی ئەو کادر و پێشــمەرگە دابڕاوانەی دیموکرات و کۆمەڵەمان، کە حەولی بەیەکەوە کاردکردنیــان هەبــوو، نەبێت و چاودێری بکەیــن تاکو ئەو کاتەی دڵنیا دەبیــن دەکرێت شــتی چاکی لــێ بەرهەم بێت. چاوەڕێــی هەلومەرجی کوردستان بکەین و لە ئەگەری هێرش بۆ سەرمان پێ بە پێی پێشمەرگە ڕووو لە ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتیان بکەین و تا دەکرێت خۆمان دوور بگرین لە شــەڕی دۆڕاو و خۆبەکوشــتدانی بەخۆڕایی. کاک کەریم بۆ پرس و کێشە و پەیوەندییەکان برا گەورەمان بێت.

تاقە بستێک نەما

لای خەڵــک و حکومــەت وا بــڵاو بووبــووەوە، ئێمــە کوردســتانی گەورەمان دەوێت و لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا نیین. بەرپرسێکی ڕێکخســتنەکانی کۆمەڵە لە مەهاباد گیرابوو، ئیعترافی لەسەر زۆر شت و کــەس کردبــوو، چەند بەرنامــەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیــان لە مەهاباد بــۆ دانا؛ گوتــی جەماعەتی وەتەمیش، واتا ئێمە لایەنگری کوردســتانی گەورەیــن و لــە کۆمەڵــە جیا بووینــەوە. کابرا ناوی عومــەر بوو و لە نزیکەوە دەمانناسی، ناوی یەک بە یەکی ئێمەی برد. ئەو قسانەی سەر تەلەفزیۆنــی مەهابادمان زۆر پێ ناخۆش بــوو، هیچ حەزمان نەدەکرد دوژمن و حکومەت بە کێشــەمان بزانن و ئاوا بە گەرموگوڕی باس لە وازهێنانمان بکەن. کاردانەوەی خراپی لەســەر خەڵک دەبوو، چارەمان نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەرچی لە ناوشار و دەرەوە پەیوەندیی دەگرت

و پرسیاری لێمان بوو، بە یەک وشەش هیچمان لەسەر کۆمەڵە و پێشمەرگە نەدەدرکاند و زۆرتر دەمانگوت، خۆمان ماندوو بووین و کۆمەڵە عەیبی نییە. بە گشتی ڕامان وا بوو نابێت بزووتنەوەکە لەسەر ڕاوبۆچوونی ئێمە لاواز بکرێت. هەرچەند زۆری نەبرد بە هەر هەمووومان تاقە بستێک نەما لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لێی دانیشین و بە ورد و درشتی دیموکرات و کۆمەڵە و ئێمەشەوە پەڕیوەی ناوچە ئازادکراوەکانی باشوور بووین و قسە لەوەدا نەما، ئاخۆ بزووتنەوەکە بە قسەی فلان و فیسار لاواز دەبێت، یان نابێت؟!

ئەوەی ڕۆژێک لە بزووتنەوە و شۆڕشی چەکداریی کوردستاندا بە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەلاتی ئەوکات و هەر چوار بەشەکەی ئێستاش، بە تایبەت باکوور و ڕۆژئاوا بەشداریی کردبێت و لە نزیکەوە ئاشنا بێت بە وردەکاریی بەڕێوەچوونی شۆڕشەکانەوە، بێگومان ڕۆڵ و گەورەیی دایکە پێشمەرگە لە دڵسۆزی، فیداکاری، زیندان، ئەشکەنجە، نامەگەیاندن و یارمەتی بە هەموو شێوەکانی دەزانێت و کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات ئەوە دایکان بوون زۆر زیاتر لە حیزب و گرووپەکانی بەشدار لە شۆڕش، ئاگایان لە پێشمەرگەکان بووە و لە ڕۆژە ئەستەم و شەوە ئەنگوستەچاوەکاندا، ئەوە ئەوان بوون بە هەزاران بیانوو و جۆر و خۆگۆڕین و خۆ بە ئاو و ئاگردا دان، لە شار و لادێ و حەشارگەکان تەوارئاسا فریای ڕۆڵەکانیان دەکەوتن.

دایکی سولەیمان موعینی

یەک دوو ڕۆژ بوو ماڵمان لە کۆمەڵە جیا کردبووە، وردەوردە هاتینەوە هۆش خۆمان و ئەوجار زانیمان بۆ گوزەرانی ژیان، پێویستیمان بە پارە و ئەرزاق و بژێوی هەیە، هیچمان نەبوو. بڕیارمان دابوو دوای ئەو قسە ناخۆشانەی موحسین لەمەڕ خۆمان، داوای یارمەتی لە کۆمەڵە نەکەین. دەنگۆی وازهێنانمان بە پێچ و خوار و ناکاملی گەیشتبووەوە کەسوکارمان. ڕامانسپارد هیچمان نییە و

زۆرمان پێویستی بە سووتەمەنی و خۆراک هەیە. یەک دوو ڕۆژ دواتر لای نیـوەڕۆ هاڕە و ناڵـەی تراکتۆرێک لە ناو بەفری دێ پەیدا بوو، بۆ لای ماڵەکەی ئێمە دەهات، چەند کەسی داپۆشراو لە سەر گڵگیر، ئاسنی ڕەقوتەقی سـەر تایەکان تونـد خۆیان گرتبوو، گەیشـتنە بەردەرگای ئێمـە، هاتینـە دەر و بەرەوپیریان چووین، نەنکی سـیامەند، واتا دایکی کاک سـولەیمان موعینی و سـامرەندی خوشکی سیامەند و دایکم. دایە زارای نەنکی سیامەند و دایکم هیچ جووڵەیان نەبوو، قەرسان بووبوون و لـە زمان کەوتبوون، چەشـنی چەنـد پەیکەرێکی بێگیانی داپۆشـراو بـە بەفر. شـۆفێری تراکتور هـاواری لێ بڵیند بـووەوە: «بەخوا نازانم مـاون یان نا، زوو بیانبەنە ژوور و سـەرما لێی داون». بە هەموومان هێنامانەنە خوار و لە ناو پێشـخانەیەکی بچووک، حەپەسـاوبووم و وڕ و کاس چـاوم بڕیبووە دایکم و جووڵەم نەمابـوو. لەناکاو کاک کەریم گوڕانـدی و گوتی، عەلی بۆ وەسـتاوی، زوو کـە پێڵاوەکانی دایکت لە پێی داکەنە! هاتمەوە خۆ و ڕۆبوومە قاچەکان و جزمەکانی، وەک داری ڕەقیان لێ هاتبوو، پانتۆڵی پیاوانەیان لە پێدا بوو، وەک دەفە شەقوتەق بـوون، بە چنگ و ددان قەیتانەکانم کردنەوە، وەک پەیکەرێکی بێ گیان و جووڵە وەسـتابوون. هەموویانمان بردنـە ژوور، نەوتمان قەرز کرد و لیفەمان لەسـەر کوورە ساردوسـڕەکەمان لا دا و دامانگیرسـاند. بە ئاوی گەرم و داپۆشـینیان بە هەرچی پەتـووی هەمانبوون وردەوردە هاتنەوە خۆ و ڕوومەتە سـوورهەڵگەڕاوەکانیان دەرکەوتن، زۆپاکەمان لەمێـژ بـوو وا گرڤەی لێوە نەهاتبـوو. بە خواردنـەوەی چای گەرم و شـیرنییەکانی هێنابوویان، کەوتینە پرسـیار و بەخێرهاتن و قسەکردن. بە بیستنی ڕاسپاردنەکەمان و هەواڵی هاتنەدەرمان زۆر نیگەران دەبن و نەنکی سـیامەند ڕادەسپێرێت لە دایکم، بە هاتنی بۆ لای ئێمە ئەویش لەگەڵ خۆیدا بێنێت، ترسـی هەیە ئیتر سیامەند نەبینێتەوە. بەیانی زوو سـواری پاسی بۆکان دەبن و لە جەمسـەری مەلالەڕ دادەبەزن، بەناو بەفرێکـی زۆردا دەچن بۆ ناو دێ و تراکتۆر بە کرێ دەگرن، بیانهێنێت

بۆ وەتەمیش، هەرچەند ڕێگەکە زۆر دوور نەبوو، بەس لەو سـەرمایە و لەسـەر تراکتوری سـەرئاوەڵە دەبێ بزانین بۆ ئەم ژنە پیرانە چەند سـەخت و بەئازار بووە و چۆن توانیویانە خۆ بگرن لە بەر سـەرما و کرێوەی بە بای زریانەوە!

نانخواردنێکی خۆش

دوای گەرمبوونەوەیـان و خواردنـەوەی یـەک دوو چایەک، دایکم گوتـی، ئـەڕێ ڕۆڵە ئەوە هەر لەسـەر دڵـم مەراقە بپرسـم، کە هاتینە ژوور بۆچـی ئەم کوورەیە لێفەی پێدا درابوو؟! کاک کەریم گوتی، دایە گیـان کوورەمـان هێنا ئێمە گەرم کاتەوە، کەچی ئەوە دوو ڕۆژە نەوت نەبوو تێی بکەین، ناوێرین بە تەنیشتیدا بڕۆین سەرما لە دەروودەروونی دەبارێـت، گوتمان گوناحە با خۆی سـەرمای نەبێت! ئیتر سـامرەند و هەمـوو کەوتنـە پێکەنیـن و دایکم و دایە زاراش بـە کوێر بم، کوێر بم بۆمان، دەستیان بە دوعا کرد. کەریم ئەفسەر عەلادینەکەی لە تەنیشت خـۆی دانابـوو، مەنجەڵی بوخارەکەی لەناو کۆشـی گرتبوو، لە پەتاتە، پیواز، فاسـۆلیا و کەمێک گۆشـت، هەر بە هەڵتروشکاوی و ئەژنۆکانی لەسەر سینگی، بە دەوریدا دەسووڕا و هەرچی وەدەستی کەوت تێی کرد و سـەری لێ قایم کرد و وەسەری نا، هەر سەیریان دەکرد و سەریان ڕادەوشـاند چۆن دەبێت؟! هێندەی نەبرد فسەفسـی مەنجەڵ ئەوەندەی دی ژوورەکـەی گەرم داهێنا و هەڵم شووشـە پەنجەرەکانی داپۆشـی و بۆنوبەرامـەی مەنجەڵی کەریم زگەکانی ڕێک دەگوشـی. سـفرەمان پـان کردەوە و هـەر هەموومان بـە دەوریدا دانیشـتین، خواردنەکەی کەریمیان زۆر پێ خۆش بوو. سـامرەند زۆر شـەرمێون بوو، پارووی زۆر بچووکی دەکرد و بە ئاستەم و دووبەلا[1] دەیخوارد و نەیدەخوارد. حوسێن عەجەم شۆخیی لەگەڵدا دەکرد و لاسای دەکردەوە، بە پێکەنین و کەشـێکی خـۆش و پڕ لە ڕێـز و حورمەت بۆیان، نانمـان خوارد و

١- دووبەلا، بە ئەسپایی، بە ئارامی، بە کەمی.

دەیانگـوت، هەرگیز تامی ئـەم خواردنەمان لە یاد ناچێت و زۆر خۆش بوو!

پـارە و خـواردن و ئەرزاقیـان بـۆ هێنابوویـن و وەعدیـان دا بە گەڕانەوەیان دەستبەجێ نەوتمان بۆ بەڕێ بکەن.

چۆن سواری کۆڵم دەبی؟

چەند ڕۆژی نەبرد براژنە نەشـمیلی هاوسەری کاک کەریم دانشیار لەگەڵ کوردانی کوڕیان و شیلانی کچیان پەیدا بوون. زۆریان شتومەک بۆ هێنابووین. شـیلان زۆر منداڵ بوو، تازە فێری قسـەکردن بووبوو، باوکی نەدەناسـی و هەر دەگریا، حوسـێن عەجەم بە لاساییکردنەوەی نێوانـی لەگەڵدا خۆش کردبوو، کوردان خۆشەویسـتی هەموومان بوو، گەورە بووبوو، شەش حەوت ساڵانە بوو، کوردان بە مۆنگۆلی لەدایک بوو، ڕۆح و گیانی باوکی بوو، هەڵبەت ئێستاش کە زیاتر لە چل ساڵی تەمەنـە هـەر وان و نە ئەو بەبێ باوکی هەڵدەکات و نە باوکی دڵی دێ بۆ ساتێک لە خۆی دووری بخاتەوە. کەریم ئەفسەر بردی بۆ ناو دێ لە دوکانەکە شتێکی بۆ بکڕێت، لە گەڕانەوەدا لە ناو چەقی ڕێ و پڕ لە ژن و پیاو بە پەنجە ئیشـارە دەکات بە کەریم دابێتەوە بۆ ئەوەی سـواری کۆڵی بێت، هەرچی کەریم دەڵێ کوردان گیان عەیبە من بەم سـیمایەوە چۆن سواری کۆڵم دەبی؟! کوردان مل نادا و حوکم دەکات بچێتە کۆڵی کەریـم و بگەڕێنـەوە. حوکمـی موفاجاتە و بۆ کەریـم دەرچووە، هیچ عیلاجی نامێنێت و تا ماڵەوە کوردان لە کۆڵ دەکات و بە ناو دێدا و بە بەرچاوی خەڵک و پێکەنینی ژنان و کچانەوە هێنایەوە ماڵ، ئیتر کەریم دەسـتی کرد بە سـەرکۆنە و جنێودان بە خۆی و سـەری ڕادەوەشاند کـوردان چیی بەسـەر هێناوە. ئەوە بووە هۆی گـوزەران و پێکەنین و ڕابواردنمان بە کەریم بۆ ماوەیەک.

٤٣

ئیدی گەیشتە پاسپۆرت

ڕۆژانی سەخت و پڕ لە بەفری زستان، زۆر بەکاوەخۆ لە ژوورە ساردوسڕەکەی وەتەمیش، بە نیگەرانی لە دوا ڕۆژ و چارەنووسمان، بە تایبەت لەژێر گوشار و هێرشی ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان تێپەڕ دەبوو. شەو و ڕۆژ لەگەڵ یەکدا لە گفتوگۆدا بووین دەبێت چ بکەین و کام ڕێیە هەڵبژێرین.

بۆچوونی زاڵ کرین و ئامادەکردنی پاسپۆرت بوو. بۆ چوونی دەرەوەی وڵات تەنیا پاسپۆرت نەبوو کە دەبوو بمانبێت، لەوە گرنگتر پارە بوو، لە پارەش گرنگتر ڕێگە بوو. پاسپۆرت بە پارە و بە قاچاخچی بوو، پارە بە دایک و باب و براکان و ڕێگەش یان حیزبەکان بوون لە ڕێی پەیوەندییەکانی بەغداوە، یان خۆ بە ڕەزاییەداکردن و بە ڕێی قاچاخ بەرەو تورکیا چوون بوو. ئەوەش بە تایبەت بۆ ئێمە مەترسیی گەورەی هەبوو بۆ لەدەستدانی گیانمان و کەوتنە دەستی جەللادانی کۆماری ئیسلامی.

بە یارمەتیی کەسوکارەکانمان پارەیەک کۆ کرایەوە. کەریم ئەفسەر لە ڕێگەی کاکیەوە پاسپۆرتی بە پارەیەکی یەکجار زۆر لە نرخی خۆی، بە چەندین جار هاتوچۆ بۆ شارویران و منەتی زۆر، چەند پاسپۆرتی زۆر بێکەڵک بە مۆرکی ساختەی زەق و بەرچاو بۆ پەیدا کردین. نەبوونی هیچ چەشنە ئەزموونێک و متمانەپێکردنی زۆر بە «دۆست» وای لێ کردین زۆربەی سەرمایەکەی کۆمان کردبووەوە وا بە ئاسانی لە دەستی بدەین و هەرچی بوومان لە دەستی برا گەورەکەی کەریمان کردا!

بە بۆچوونی خۆمان لە پێداویستییەکانی چوونی دەرەوە پاسپۆرت

ئامــادە کرابــوو. بۆ پــارەش گوتمان کەی هاتینە ســەر وڵاتجێهێشــتن چەکەکانمان کە ئیی خۆمان بوون، دەیانفرۆشــین و مەســرەفی ڕێگەی پێ دەدەین. بۆ ڕێگەش گوتمان قسە لەگەڵ کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدیندا دەکەین و منیش دۆستەکانی مامۆستا زەبیحی لە بەغدا دەدوێنم، بەڵکو یارمەتییان لەدەست بێت.

من و کەریم و ســیامەند چەند جارێک بەم زســتانە تووش و پڕ لە بەفــرە، بە پێیان ڕێگەی وەتەمیش شــارویرانمان بــڕی، یەک دوو جار لەبەر کرێوە و ڕێونکردن هەر ئەوە بوو تێدا نەچووین!

نامەی چاوڕەشەکەم

پێــش گرتنــی، قژکاڵی چاوڕەشــەکەم لە ســابلاغەوە، نامەیەکی بۆ نووســیبووم و دابوویە نەرمین بۆمی ڕەوانە بــکات، دایە فاتمی دایکی شــەهید خــدر زۆر لە ماڵە ئێمــە نزیک بوو و هاتوچــۆی گەرموگوڕی لەگــەڵ دایکمــدا هەبــوو، دەیدەن بە دایــە فاتم کە هات بۆ شــاخ بۆمی بێنێت. لەو ماوەیەدا، کە زۆری پێ دەچێت و ســەروبەندی کێشەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەی مەهاباددا بوو، دایە فاتم دێت و من نابینێت و پرســیار دەکات عەلی لە کوێیە؟! هاوڕێیەک کە دواتر شــەهید بوو و زۆریــش دژایەتیی ئێمــەی دەکرد لێی دەچێتە پێش و پێی دەڵێت عەلیت بۆ چییە؟ ئەویش دەڵێت کارێکی زۆر تایبەت و خۆمانەم پێیەتی. دەڵێت عەلــی دوورە، بەس من زۆری لێ نزیکم و چی هەیە بە منی بڵێ. دەڵێ وەڵا ســوێندیان داوم دایک و خوشــکی ئەم نامەیە تەنیا بدەمە دەستی خــۆی. ئەویش ســوێندی بۆ دەخوا و ڕازیی دەکات، کە هەر ئەوشــەو مــن دەبینێت و دەمداتێ. بەم زمانە نامەکــە لە دایە فاتم وەردەگرێت و یەکسەر دەیخوێنێتەوە و بە پەلە دەچێتە کۆمیتەی ناوچە و نامە دەداتە سەید خالید و دەڵێ ئەوەتا؛ ئەوانە بۆیە بیانوو دەگرن بەتەمای ژنهێنان و ڕۆیشــتن لە کۆمەڵــەن. نامەکە لای خۆیان ڕادەگــرن و بێدەنگیی لێ دەکەن و هەرگیز نەیاندامەوە.

دواتــر و پاش ماوەیەک کە ئێمە لە وەتەمیــش ماڵمان دانابوو، دایە فاتمم دیت و بۆی گێڕامەوە کە نامەی داوە بە فلانەکەس. زۆری وەدوا کەوتین و دایە فاتم بە گژیدا چووەوە، هیچ فایدەی نەبوو.

لە ســەفەرێک لــە گەڕانەوەی شــارویران لە نێوان ئاوایــی ئازاد و عەولاباد تووشــی دەســتەیەک لە پێشــمەرگەکانی کۆمەڵە بووین، ئەو کــوڕەی نامەکەی منی وەرگرتبوو بەرپرســیان بوو. لەنــاو توولەڕێی ڕەچەشــکاوی بەفر لووتمان بە لووتی یەکدا کەوت. گوتم ئەمانەتییەکی مــن لای تۆیە هاوڕێ، وا باشــە ئەمانەتــداری بکەیــت و بمدەیەوە، بە ڕەوشــێکی زۆر بــازاڕی و دوور لە ئــەدەب و هاوڕێیەتی گوتی، ئێوە لەناو کۆمەڵەدا نەماون و ئەو شــتانەی ئێی ئێوەن دەســتمان بەسەردا گرتــوون! بوو بە دەمنەدەمانێ و میلهێناوە لەناو ئەم چۆڵگە و بەفرەدا، بــاش بوو بــە تەداخولی هاوڕێیانــی دی لێک جیا کراینــەوە و هەرگیز چــاوم بــە ئاخر نامەی پێــش زیندانی نەکەوت و چەند ســاڵ بە داخ و حەســرەتی ئەوەی، لە ئاخر نامەدا چیی بۆ نووســیوم، هەزاران فیکر و خەیاڵی خۆش و ناخۆشــم لە خــۆم دەکردە میوان. ئێمە تا ئەو کاتە بۆ یەک عەزیز و هاوڕێین، کە دەروێشئاســا لەناو حیزب بەســەر یەکتردا هەڵبلێین، لەوە ترازا دەبینە دوژمن و بابەکوشتەی یەک!

ئەوان هەر ئەوەیان کرد کە موحسین ڕۆژی ئاخر گوتی، واتا تا ئەو کاتە شۆڕشگێڕ بووین کە لەگەڵیاندا بووین!

بــەرەو بەهــار دەچوویــن و لــە هەمــوو لاوە هێرشــی پاســدار و حکومــەت بۆ ســەر ناوچە ئازاد و ژێر دەســەڵاتی پێشــمەرگە زیادی دەکــرد، ناوچەکانــی محاڵ و گەورک و مەنگوڕان و شــارویران تەواو کەوتبوونە ژێر هەڕەشــە و داگیرکردن لە لایەن پاسدارانەوە. بیستمان هێزی پێشڕەو مەقەڕ لە وەتەمیش کۆ دەکاتەوە و زۆرتر گەڕۆک دەبن تا نیشتەجێی شوێنێکی تایبەت، ئەوەش بە واتای ئەوە بوو ئێمەش چیتر ناتوانین بە تەنیا لە وەتەمیش بژیین و شــەوان بە ئاسوودەیی بخەوین و لە ماڵ بمێنینەوە.

لەگەڵ دکتۆر جەعفەر و موهتەدیدا

لە ئاشی گولانەوە خەبەریان پێ داین سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەیەوێت لەگەڵ من و شەریفدا دانیشن و بانگیان کردین بۆ کۆبوونەوەیەک. هاوڕێیان بە تایبەت سیامەند زۆریان بە لاوە سەیر بوو و پێیان ناخۆش بوو وەڵامیان بدەینەوە، دەیانگوت بۆ هەر ئێوەیان بانگ کردووە؟! دەیانەوێت شکاف و دووبەرەکیمان لە نێواندا بنێنەوە و نابێ بچن! من گوتم دەچم بزانم باسی چ دەکەن. زۆر بە عاجزی و ناڕەزایەتی لەگەڵ شەریفدا ڕێگەی بەفر و کوێستانەکانی نێوان وەتەمیش و ئاشی گولانمان بڕی و چووینە مەقەڕی سەرکردایەتی. کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و دوکتۆر جەعفەر شەفیعی هاتن و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین. گوتیان بۆیە ئێوەمان بانگ کردووە پێتان بڵێین، ئێوە جیاوازن لە ئەوانی دی، ئێمە ئێوە زۆرتر بە ئێی خۆمان دەزانین و نابێت کۆمەڵە بەجێ بێڵن، بە تایبەت ڕوویان لە من کرد و بیریان هێنامەوە کە هەر لە دەستپێکەوە تۆ کوڕی خۆمان بوویت و پەروەردەی سەرەتاکانی کۆمەڵەم. زۆر بە ڕاشکاوی گوتیان، حەز ناکەن ئێمە کۆمەڵە جێ بێڵین. گوتمان، ئێمەش وا دەزانین هەموو هەست و نەستی خۆمان بەجێ دێڵین و هیچ ئارەزووی ئەوەمان نییە دەست لە کۆمەڵە هەڵگرین، بەڵام وا دیارە لەو چەند کۆبوونەوەیەی، کە لەگەڵ حەمەسوور و شوعێب زەکەریاییدا کران، نیشانتان دا ئێمەتان لێ زیادە و پێویستیتان بە ئێمە نەماوە، بۆیە لە ئاخردا ئێمەش بڕیاری ئەوەمان دا کە ئیتر چیدی ناکرێت خۆمان بە زۆر هەڵاوەسین و بڕیاری کۆتاییمان دا و کۆمەڵەمان جێ هێشت. زۆر قسەمان کرد و دەیانویست ڕازیمان بکەن بگەڕێینەوە، لە ئاخریدا بە شۆخی و ڕاستی گوتم ئێوە ئەم عەجەمانەی هاتوون لە ئێمەتان پێ گرنگ و لازمترە، ئەگەر ئێمەتان دەوێت دەست لەوانە هەڵگرن با ئێمەش هەر ئێستا بگەڕێینەوە و یەکسەر بڕۆین بۆ ناوچەکانی شەڕ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا! پێکەنین و گوتیان، ئەگەر ئەوە شەرتی ئێوە بێت هەرگیز نابینن و ئەوانە دەبنە سەرکردەی دواڕۆژ و حیزبی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەوانەدا دروست

دەکەیــن بۆ ڕزگاریی چینی کرێــکار. وایان دانابوو بە پێدانی پێشــنیاری مەســئوولیەتی باڵاتر، وەک ئەوانی دی ڕازی دەبین و دەگەڕێینەوە. ئیتر بەوەی کە بیری لێ دەکەینەوە و دەچین لەگەڵ هاوڕێیانماندا قسە دەکەین، ماڵئاواییمان کرد و گەڕاینەوە بۆ وەتەمیش.

کــوڕەکان چاوەڕێــی هاتنەوەمان بــوون و نیگەران بــوون لەوەی پەشــیمانیان کردبینــەوە و بگەڕێینــەوە نــاو کۆمەڵە، کە بیســتیان چی گوتــراوە و ئێمــە چیمان گوتووە، نێوچاوانیــان کرایەوە و گوتیان زۆر دەترساین هەڵتانگێڕنەوە، بۆیە پێمان خۆش نەبوو بچن!

بووین بە دوو دەستە

دوای دەیان ســـەعات کۆبوونەوە و چەندین ڕۆژ و شەو، بڕیار درا ببین بە دوو دەســـتە. دەستەیەک کاک کەریم دانشیار و سیامەند و من بەرەوە ئالان و عێراق، دەســـتەکەی دی شــەریف و کەریم ئەفســـەر و حوسێن عەجەم بەرەو ورمێ و تورکیا. بەڵام ئەوان نەڕۆن هەتاکو ئێمە لە ئالانەوە وەڵامیان بۆ دەنێرین بە بوون و نەبوونی ڕێگە لە عێراقەوە. قــەرار بوو گەر ڕێگە نەبێــت ئێمەش بگەڕێینەوە و هەموو بەیەکەوە بە ورمێدا بڕۆین و گەر ڕێگەش هەبوو لە عێراقەوە وا باشە ئەوانیش بێنە لای ئێمە، کە مەترسیی کەمترە.

لە وەتەمیشــەوە هاوڕێ لەگەڵ کاک کەریم و ســیامەندا بە دڵێکی پڕ لە ژان و بیرێکی ئاڵۆز و پڕ لە بریا و خۆزیا، بە سەدان بیرەوەریی خــۆش و ناخۆش و یادگارییەکانی ئەم چەند ســاڵەم لە ناوچەکە وەک شــریتێکی نەپســاوە بــەدوای خۆمــدا بەجێ دەهێشــت. بە هــەوراز و نشێوەکانی پڕ لە بەفر و قوڕی بەهاری و گرفەی ڕووباری تینووشکاو ڕێگــەی دوورودرێژی کوێســتانەکانی موکریانمان دەبــڕی، بە هیوای گەرمێن و گەیشــتن بە بســتۆڵکەی ســنوور. هەر لــە موکریان بووین تووشــی نەبی زەندی و مامۆســتا حوســێن هاتین. نەبی بۆ مەودایەک بوو بە هاوســەفەرمان و مامۆســتا حوســێن هەتا ئالان لێمان هەڵنەبڕا

و بوو بە هاوسەفەر و یاریدەدەرێکی شارەزا و دڵسۆز. بە کارامەیی و خاکیبوون و قسە خۆشەکانی، هەنگاوە بێهێز و دڵە غەمبارەکانی لێ دەکردین بە تاقەت و خۆشی و ئەگەر ئەو نەبایە هەرگیز هەوراز بەدوای هەورازمان بۆ نەدەبڕدرا و ڕەچەمان پێ نەدەشکێندرا!

شەهید کەمال وەلیانی

ئێوارەیەکی درەنگ لە ناوچەی سەردەشت گەیشتینە سیسێر و لە ماڵی مینە شەمی شەهیدی شۆڕشەکەی ٤٦-٤٧ (پێشمەرگەی کاک سولەیمان موعینی) کە کاک برایمی کوڕی مینە شەمیش هەر پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو، لامان دا و یەک دوو شەو ماینەوە، زۆرمان ڕێز لێ گیرا و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی میوانداریيان لێ کردین. لە سیسێر نامەیەکی شەهید کەمال وەلیانیم پێ گەیشت، وەڕەز و بێتاقەت لە سۆمابرادۆست و شکاکان گەڕابووەوە بۆ لای موکریان و لە مەقەڕەکانی ئاشی گوڵان و خانەقا گیرسابووەوە و باسی لە سەرگەردانی و بێهیوایی خۆی بۆ کردبووم. بیستبووی ئێمە وەتەمیشمان جێ هێشتووە و بەرەو ئالان ڕۆیشتووین. هەزار خۆزگە و ئاواتم خواست پێش وەڕێکەوتنمان هاتباوە و دیبام و حەولمان دابا هاتبا لەگەڵماندا، من دەمزانی کەمال بڕوای بە هیچ نەماوە و وەک ئێمە لە ڕێبازی کۆمەڵە دڵسارد بووەتەوە و زۆر دەترسام لە هەستکردنی بە داخرانی شەشخانی ئومێدی، خۆی تووشی کارەساتێکی جەرگبڕ بکات. هەر واشی لێ هات، لە ئاخری بەهاردا، لە شەڕێکی بێئامان و دەستەویەخەدا، لە باخەکانی ئاجیکەند، کۆمەڵە تووشی شەڕێکی قورسی جاش و پاسدار دەبێت و کەمال خۆی پێ ناگیرێت و خۆی داوێتە گەرمە تەنووری شەڕەکەوە، زۆر بەداخەوە پاڵەوانانە لە بیستی جۆزەردانی ١٣٦٢ (١٩٨٣-٦-١٠)دا شەهید دەبێت.

وەڵامی نامەکەی کەمالم داوە و بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی سەردەشتدا ناردم، نازانم گەیشت یان نا، باسی ئەو ماوەیەی خۆمانم

بۆ کرد و لە بڕیارەکانی دابوومان بۆ دەربازبوون و ڕۆیشتن ئاگادارم کردبـووەوە، داوام لـێ کردبـوو بـە زوویی ئێمـە بەرەو ئـالان دەچین، ئەویـش خۆی بگەیەنێتە ئێمـە و هەرچی کردمان بەیەکـەوە دەیکەین، تەنانـەت ئەگەر گەڕانـەوەش بێت بۆ ناو کۆمەڵە، بـا هەموو بەیەکەوە بین! بەداخەوە ئێمە هەر سـێ لە ئالان بووین، خەبەری شـەهیدبوونی گەیشت.

عەلی خۆت خوار مەکەوە

وەڕێ کەوتین بەرەو ڕەبەت و ئەوبەری قوڵتێ، لە تاقگەی شەڵماش تێـر حەسـاینەوە و هەوای ئەو سروشـتە جوانەی کوردسـتانمان، بە شنەی شەماڵی بەهارێکی تەڕ و دڵڕفێنی کوردەواری، پڕ بە سییەکانمان هەڵمژی. لە نزیک ڕەزگە ڕووبارەکە پڕ بە چەمەکە دەهاتە خوار، مامۆستا حوسـێن خۆی لێ هەڵکرد و گوتی، عەلی خۆت مەکەوە دەتپەڕێنمەوە، کاک کەریـم و سـیامەند چوونە ئەوبـەر، من چوومە کۆڵی مامۆسـتا حوسـێن، لە ناوەڕاسـتی ئاوەکە هاواری کرد، لەبـەر هاژە و لوورەی ئـاو گوێـم لێ نەدەبـوو، کاک کەریم و سـیامەندیش لەوبـەرەوە هەر هاواریان دەکرد: عەلی، عەلی! خۆت خوار مەکەوە، هەر ئەوەندەم زانی بە خۆمەوە، مامۆسـتا حوسێنیشم خستە ناو ڕووبارەکە. تفەنگەکەم لێ بەربووەوە ناو ئاوەکە، وەک شێتان چوومە بن ئاوەکە و تفەنگم دیتەوە، هەمـوو گیانم لە ئاودا بوو، سـاردیی بەفـراوی ڕووبارەکەی ڕەزگە لە سەرە بەهاردا وەسف ناکرێت و بەڕاستی کەللەتەزێن بوو، هاتمە قەراغ ئاوەکە، وەک شـەختە[1]لێدراوێک هەڵدەلەرزیم. لۆمەی هاوڕێیانم لەولا بوەستێت، فشەپێکردن و پێکەنین، هەر ئەوەندە بوو ڕۆحم دەرنەدەچوو، تفەنگەکەم ڕزگار کردبوو، بەس بە گوێی کاک کەریمدا سریواندم و پێم گوت، پاسپۆرتەکەم لە گیرفانمدا تەڕ بووە، کاک کەریم پێکەنین لەسەر دەمـی بزر بوو، زۆری پێ ناخۆش بـوو. ناو دێ زۆر دوور نەبوو، بە

١- شەختە، قەیسەربردوو، سەرمابردوو، سەرماوسۆڵە لێدان.

هەڵلەرزین و تەڕی خۆمان گەیاندە یەکەم ماڵ لەناو ڕەزگە، دەسبەجێ زۆپایـان هەڵکـرد و چای گەرم و نـان و پەنیرێکـی زۆر خۆش هاتنە سەر سـفرە، کوڕەکان دەستیان کرد بە وشـککردنەوەی جلەکانمان و وەسـتا حوسێن تفەنگەکەمی وشـک و خاوێن کردەوە. پاسپۆرت لەناو نایلۆنێکـدا بوو، نەدەبوو وەدیاری خەم. مامۆسـتا حوسـێن نەیدەزانی بەرنامـەی چوونـی دەرەوەمان هەیە و لێمان شـاردبووەوە، نیگەرانی بـە هەر سـێکمانەوە دیـار بوو، هەتا ئێـوارە هەر لەو ماڵـە بووین، لە فورسەتێکی چوونی سەر ئاوی مامۆستا حوسێن، کاک کەریم پڕی دایە گیرفانـم و چاوی لێ کرد، ئاو تەڕی کردبـوو، ئەوەندەی تر عەیبداری کردبـوو، گوتی گوێ مـەدەرێ لە بێژوێ خەڵکی پەیـدا دەکەین بۆمان خاوێن بکاتەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی گەیشـتینە جەمسـەری شـوێنی تێکەڵاوبوونی دوو ڕووبارەکەی زێی بچووک، کە بە دووئاوان ناسراوە. چۆمی کەڵوێ بە بسـتێک بەرینی، ئالانی ئەمدیو و ئەودیـو، یان ئێران و عێراق لێک جیا دەکاتەوە. بە هەورازی سـەر چۆمیدا هەڵگەڕاین و لە گروێس لامان دا. نێوان گروێس و بێژوێ لەپێشدا تەختایی و دیسان هەورازمان بڕی. بە توولەڕێی ئێستر و وڵاغاندا هاتینە بەر مزگەوتی بێژوێ.

یەکـەم شـت هاتە پێش چاو، دوکانەکان و بۆنـی کەباب و چایخانە بـوو. نـاو دێ زۆر قەرەباڵغتـر بوو لەو کاتەی پێشـتر لەوێ بووم. پڕ لـە پێشـمەرگە و مەقەڕات بوو. مامۆسـتا شـێخ عێزەدیـن بە خۆی و مـاڵ و منداڵ و دەفتەرەکەی لەوێ بـوون، دێموکرات، کۆمەڵە، حیزبی ڕەنجبەران و زۆر پێشـمەرگەی دانیشـتوو لە دێموکـرات و کۆمەڵە لە ئالان و بە تایبەت بێژوێ بوون.

خانە لە دڕەی شەهید بوو

ڕوومـان کردە ماڵی کاک محەمەدی مەلا عەلی، لە خۆشـیی بینینی سیامەند وەک تاقە کوڕی شەهید سولەیمان، بە خۆی و ماڵ و منداڵەکانی،

زۆر به گەرمی پێشــوازییان لێ کردین. خۆی به دۆســتی باب و مامه عــەوڵای ســیامەند دەزانی و داخــی دەخوارد که مامه ســەعیدی، واتا خانەی موعینی بۆ به لای ویدا نەهاتووه تا ڕەوانەی لای سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشــتمانی کردبا و تووشــی ئەم چارەنووســه نەبا و شــەهید نەکرابا. ســەرکردەکانی کۆمەڵە، وەک دوکتۆر جەعفەر شەفیعی و کاک ساعد وەتەندوست ساڵی ١٩٧٨ به لای کاک محەمەددا چووبوون و به یارمەتیی ئەو به ســەلامەتی گەیشتبوونه قەندیل بۆ لای یەکێتی. مخابن کاک سەعید موعینی به بانەدا ڕۆیشتبوو و له ڕێدا به دەستی جەیش و جاشــی سەدام لەگەڵ ئەحمەد فەتحوڵڵای فەرماندەی یەکێتی له گوندی دڕەی ناوچەی ماوەت، شەهید کرابوو.

کوردی خوا غەزەب لێگرتوو

دوای حەســانەوه و هاتنــەدەر بــۆ ناو دێ و سەروسوراغکێشــان، تووشــی کۆمەڵێک له هاوڕێیان بووین، کــه وازیان له کۆمەڵە هێنابوو، سولەیمان خودایار، کەمال شەریفزادە، جەمال سەیدی، سولەیمان لالە، مەجیــد عەجــەم، پەرویز تاهیری، یونــس نانــەوا و زۆری دی، یان له دەفتەری مامۆستا بوون، یان ژووریان به کرێ گرتبوو و سەرگەردان و بێبەرنامه بوون. یونس خەریکی هاوســەرگیری بوو لەگەڵ سەیرانی کچــی مامۆســتا و ســولەیمان لالــەش لەگــەڵ مریــم ســەرهەنگیدا. پیرەپیاوەکانی ســازمانی ئینقلابی حیزبی توده (ڕەنجبەران) وەک عەلی ســادقی و ئیرەج کەشــکولی و موحســین ڕزوانی و نیعمەت قەشــقایی و یــەک دوویەکی دی له ســەرووی دێ ژووریکیــان هەبوو، زۆر جار بــۆ وەڕەزی و چاخواردنــەوه دەچوویــن بــۆ لایان و بــه گاڵتەوه پێم دەگوتن، ئێمه کوردین خوا غەزەبی لێ گرتووین، ئێوه چی دەکەن و بەم مەینەتییه دەژین؟! زۆربەیان دوکتۆر و شەهادەی زۆر بەرزیان هەبوو!

خەرەفاو

کوڕێـک هەبـوو فـارس بوو، نـاوی مەجید بـوو، لە زەمانی شـادا هاوڕێـی زیندانیی کاک فوئاد بووبوو، لە دەسـتپێکی شۆڕشـدا هاتبوو بۆ کوردسـتان و پێشـمەرگە بوو لەناو کۆمەڵەدا. لە بێژوێ دیتمەوە لە لای هاوڕێیانی ڕەنجبەران خسـتبووی و دەیگوت ئیختلافی ئایدیۆلۆجیم لەگەڵ کۆمەڵەدا هەیە و جیابوومەوە. شەو و ڕۆژ ماندوو نەدەبوو، یەک پشـوو بەحس و دەمەتەقەی دەکرد لەسـەر قۆناغی شۆڕش، ماهییەتی شۆڕش، کۆمۆنیستی، سۆشیالیست، دیموکراتیک و ئەم بابەتگەلە. منیش وشەی «خەرەفاو»ی کوردیم بۆ فارساندبوو، پێم دەگوت، ڕەفیق مەجید تـۆ «خەرفیدەیی». ڕۆژێک چووبوو لە یونسـی پرسـیبوو «خەرفیدە» چییـە «ڕەفیق عەلی» زوو زوو پێـم دەڵێت؟! یونس بە پێکەنینەوە بۆی ڕاڤـە کردبـوو؛ واتا تێکچـووی! بەیانییەک لە ئاودەسـتخانەی مزگەوت دەموچاومان دەشـۆری، هات و گوتی «ڕەفیق بە خدا راسـت میگی من خەرفیدەام» واتا بەخوا ڕاست دەکەیت من خەرەفاوم!

کۆمەڵـە بـەدوای کاک کەریمیـدا نارد و پێی گوتبـوو بە حورمەتی ناسـراوی و خەبات و نەخۆشـیی گەدەی، ئامادەن بـە بەغدادا بینێرن بۆ ئەورووپا، ئەویش گوتبووی ئێمە سـێ کەسـین و لێک جیا نابینەوە، گوتبوویـان ئێمـە تەنیا بۆ تۆ دەتوانین و بـەس. کاک کەریم گەڕاوە و گفتوگۆکـەی بۆ باس کردین، لەگەڵ سـیامەندا پێمـان داگرت، نەخێر دەبێـت قبووڵـی بکات و فورسـەتەکە لەدەسـت نـەدا. ئێمە یـان لێرە کارێـک دەکەین، یان دەگەڕێینەوە لای کوڕەکان لە وەتەمیش و لەوێوە بەیەکـەوە دەڕۆین. بە فشـار و سـوێند کاک کەریممان ڕازی کرد ئەو بڕوات و ئەم هەلەی کۆمەڵە بۆی ڕەخساندووە لەدەستی خۆی نەدات. بە سەرنجدان بەوەی ئەو لە ئێمە بەتەمەنتر و خاوەن ژن و چوار منداڵە و تەندروستیی باش نییە، ڕازی بوو بچێتە مەقەڕی کۆمەڵە لە سلێمانی و چاوەڕێ بێت تا بەڕێی دەکەن. ماڵئاواییەکی گەرممان لێ کرد و دوای ماوەیەک گەیشتبووە سوید.

ئیدی شاری سلێمانی

بیرمان لێ کردەوە لەگەڵ سیامەنددا بچین بۆ سلێمانی و دۆستانی مامۆستا زەبیحی و ئیمکانات لە بەغدا تاقی بکەینەوە. بە یارمەتیی یونس کە بووبوو بە زاوای مامۆستا و کاک ئەحمەد ئەسکەندەری وەرەقەیەکی «عەدەم تەعەڕووز»ی دە ڕۆژەی دەفتەری مامۆستایان پێ داین. بە کەڵەس لە ڕووباری کەلۆێ پەڕینەوە و بە هۆی شارەزایی پێشترم خۆمان گەیاندە ماوەت و دواتر بە سەیارەی نەفەرات بۆ سلێمانی. بە هۆی نەبوونی پارە و گیرفانبەتاڵی هۆتێلێکمان لە جادەی کاوە، هۆتێل بەغدا، لە هەرە هەرزانەکان گرت. چەند تەلەفۆنی کۆنی دۆستانی زەبیحیم پێ بوو لە بەغدا، دەستم کرد بە پەیوەندی، هیچی لێ شین نەبوو، تەنانەت کە ناوی زەبیحیم دێنا یەکسەر تەلەفۆنەکەیان دادەخست و زۆر دەترسان. چەند جارێک هاتوچۆی ماڵی مەلا ساڵحی نەغەدەمان کرد لە سلێمانی، پەنابەرییان بە ماڵ و منداڵەوە پێ دابوون. یەک دوو کوڕی خەریکی کار و کاسبی بوون و تەنانەت وەکالەتی ئاردیان دابوو بە جەمالی کوڕی و مەحەلێکی گەورەی ئاردی هەبوو لە لای گەڕەکی ڕزگاری. مەلا ساڵە بە دیتنی من و سیامەند خۆشحاڵ بوو، بە گەرمی لەگەڵ هاوسەرە میهرەبان و زۆر بەلوتفەکەی بەخێرهاتنیان کردین. ڕۆژێکیان کە هەر بۆ سەردان چووبووین، لە دیوەخانەکە پیاوێکی باڵابەرزی جامانەبەسەری لێ بوو، مامۆستا مەلا ساڵە ئێمەی پێ ناساند و سیامەند کوڕی کاک سولەیمان و عەلی خوشکەزای مامۆستا زەبیحی و... میوانەکە کاک «مەحەمەدی پاقلاوە» بە بیستنی ناوی زەبیحی و موعینی یەکسەر هەستا سەرپێ و باوەشی پێدا کردین، باسی ئەوەی کرد لە جەلالییە کۆنەکانی سەردەمی بەکرەجۆ و سەرای سوبحاناغا و پێشمەرگەی کۆن و سابەقی مامۆستا زەبیحی بووە. زۆری باسی کاک سولەیمان و هاوڕێیانیان لە بەکرەجۆ لە سەردەمی جەلالیدا بۆ کردین. وەک کەسێکی خزم و نزیک لە ئێمە خۆی وێنا

کرد و ئامادەیی خۆی بۆ هەر چەشـنە خزمەت و هاوکارییەک نیشـان دا. ئەدرەس و تەلەفۆنی خۆی پێ داین. چەند ڕۆژ دواتر بە سـەیارەی خۆی بە قاچاخ و بێ ناسنامە و بەڵگە، منی برد بۆ بەغدا. باسی حاجی محەمەدی ڕەشـادیم بۆ کرد، خەڵکی سـابڵاغ و لە بەغدا نیشـتەجێیە، ئاڵتوونچییە و لە زەبیحی نزیک بووە، یەکسەر گوتی دەیناسم و ڕاست وایە، ئێسـتاش لە بازاڕی ئاڵتوونچییەکانی بەغدا دوکانی هەیە، دەتبەم بۆ لای. مەبەسـتم بوو زیاتر بپرسـم لە چارەنووسـی زەبیحی و بزانم چۆن تێدا چووە؟!

زەبیحی ناناسم

گەیشـتینە بەغـدا و چوویـن بۆ ناو بـازاڕ، من هەر تەقەی سـەرم دەهـات، یەکـەم جارم بوو بەغـدا ببینم. کاک محەمەد زۆر شـارەزا و زۆری ئاگا لە من بوو. گەیشـتینە بـەردەم زێڕنگەرێک و کاک محەمەد گوتـی ئەوە خۆیەتی. وەژوورکەوتین و سـڵاومان کـرد، بە کوردی و فەرمووی لێ کردین. گوتم جەنابتان حاجی محەمەدی ڕەشادین؟ بەڵێ فەرمـوو! کاک حاجـی من ناوم عەلی کەریمییە، خوشـکەزای زەبیحیم! ئیتـر هەر ئەوەندم گوت، ڕەنگی بزر بوو: چیت دەوێ کاکە؟! نایناسـم! پارەیەکی زۆرم لە سـەری تێدا چوو و... لەم قسـانە بە لەرز و پسـکە فسـک و زمانتێکهـاڵاوی، بـە کـوردی دەری کردین لـە دوکانەکەی و مەگەڕێنەوە، سـەرم بە فەتەرات مەدەن و ئەم قسـانە، لە کوێوە پەیدا بـووی و خاڵـت ئاڵتوونی لە لایە و پارەی نەداوە و... هەر باش بوو، بۆ ڕیش چووبووین، خەریک بوو سمێڵیشی بخەینە بانی!

مەلا ماتۆڕ

لە بیرم نییە لە چێشتخانە بووین، یان لای دۆستێکی کاک محەمەد، ئیسـتراحەتمان کرد و گوتم کاک محەمەد خۆ هەر هاتووین، تەلەفۆنی مـەلا ماتـۆڕم هەر لە کۆنەوە کە زەبیحی لە سـابڵاغ بوو لە ١٩٧٩دا لا

ماوه، دەڵێی چی تەلەفۆنێکی بۆ بکەین، بەڵکو وەڵام بداتەوە. گوتی زۆر باشە و تەلەفۆنەکەی هێنا پێش خۆی و ژمارەکەی لێ دا:

- ئەلۆ ئەلۆ...
- مامۆستا عەبدوڵلایە؟!
- نەخێر لە ماڵ نییە! (وا بزانم گوتی خزم، یان سکرتێری مامۆستایە).
- کاری بەپەلەمان پێیەتی کەی بۆی بکەینەوە؟!
- پێم بڵێ با ئاگاداری بکەمەوە!
- خۆمان تەلەفۆن دەکەینەوە.

سـاڵی ١٩٧٩ کـە زەبیحی هاتەوە لە سـابلاغ، زۆر جار لە بەغداوە تەلەفۆنیـان بـۆ دەکرد، یەک لەوانـە مەلا ماتۆڕ (عەبدوڵلا ئیسـماعیل) فەرماندەی کۆنی شۆڕشـی ئەیلـوول و دواتر وەزیری دەوڵەت بوو لە زەمانـی جەلالییەکانـدا. هەموو جارێک کە زەنگی لـێ دەدا و من هەڵم دەگـرت، زۆری قسـە لەگەڵدا دەکردم و دەیگـوت تۆ دەبێت عەلی بیت. مامۆسـتا زەبیحی زۆری بۆ باس کـردووم. هەر بە تەلەفۆن، تەواو بە یەک ئاشـنا بووبووین و دەیگوت جارێک دەبێت کە مامۆستا گەڕایەوە بێـی و میوانی ئێمە بیت. هەر لەسـەر ئەو هەوایـە منیش بە تێڕادیوی دەمگوت بە کوڕەکان بگەینە لای مەلا ماتۆڕ، وەزیرە و هەموو شتێکمان بـۆ دەکات، یانـی ئومێدێکـی زۆرم دابـوو بـە خۆمان، کـە یارمەتیی گەورەمان دەکات بۆ دەربازبوون.

ئـەو جار کـە تەلەفۆنم کردەوە، خۆی بوو، یەکسـەر ناسـیمەوە و ئەویـش منـی ناسـییەوە. بـە هەولێرییەکی خـۆش تێیگەیاندم باشـم نەکردووە هەر وا بە سانایی تەلەفۆنم بۆ کردووە، بە کورتی تێیگەیاندم ئیتر کاری وا نەکەم و شەبقە زۆر توندە و ئەو هیچی لەدەست نایەت، خۆی لەژێر گوشـار و چاودێریدا دەژی. بە نائومێدی و بێهیوابوون لە دۆسـتانی خاڵم، لەگەڵ کاک محەمەددا بە سواری جێبەکەی گەڕاینەوە سلێمانی.

لە هۆتێل بەغدا دەفتەردارێکی لێ بوو، ناوی کاک ڕەحیم بوو، لەگەڵ

ئێمــەدا زۆر بەڕەحــم و لوتف بوو، نەیدەزانــی چ کارەین و بۆ لەوێین، زۆری پرسیار و جاروباریش بە نازونوزێک بیری دەخستینەوە ناکرێ هــەر وا لەوێ بیــن و دەبێ ئیــدارەی ئەمنی لێ ئــاگادار بکاتەوە، دەنا بەرپرسیارێتی بۆ ئەو دەبێ. پارەیەکمان دەدایە و سەری لار دەکردەوە.

ڕەشەی قاچاخچی

ســیامەند گوتی، باوکم ڕەفیق و پێشمەرگەیەکی هەبوو، دەبێ ئێستا لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا لە ســلێمانی بن، ناوی ڕەشەی قاچاخچی بوو، بە منداڵی دیومە کە لەگەڵ باوکمدا لێرە بووین. بە یارمەتیی کاک محەمەد پاقلاوە و پرســیاران ئەدرەســی ماڵەکەیمان دۆزییەوە و چووین. هەر کە ســیامەندی بینی، بە خــۆی و هەموو منداڵ و ژنەکەی هەر ئەوەندە بوو لەبەر پێی سیامەنددا نەدەتوانەوە. ئەوەی بۆیان کرا لە پێشوازی و میوانداری کردیان، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە پیاوانە هەمیشــە مەترسی و چاودێرییان لەســـەر بوو، لەگەڵ ئــەوەی کوڕە گەورەکەی برایم لای مــولازم عومــەر لە یەکێتیی نیشــتمانی پێشــمەرگە بوو، خــۆی «کۆنە ئێرانی» و پێشــمەرگە بوو، بەڵام زۆر ئازا و نەترس بوو. کاکە ڕەشــە وەک ئــەوەی ونبوویەکــی خــۆی دۆزیبێتــەوە، لە خۆشــیان هیچ نەما نەیکات!

ئێتــر هەموو ئێــواران بەدواماندا دەهات و یەکســـەر لەبەر هەیوانی ماڵەوە بەزمی ســفرە و عەرەقخواردنەوەی بــڵاو دەکردەوە و بە زۆر دەیگوت دەبێ بخۆنەوە. بەزمی ئەو، هەموو ئێواران بوو، ســیامەند، کە دەیگــوت ئێمە ناتوانین بخۆینەوە، زۆر دڵی دێشــا. ئەوەندەی حورمەت گرتبووین، ئێواران خۆمان لێ دەشاردەوە.

ئەوجار هەر بە هۆی کاک محەمەد و جەمالی مەلا ســاڵە ســۆراغی کاک محەمەدی شاپەســـەندم کرد، بیستبووم لە سلێمانی دادەنیشێت و ژن و منداڵی هەیە و خەریکی خەیاتین. دۆزیمەوە و لە دوکانەکەی کاک محەمەد پاقلاوە لەگەڵیدا دانیشتم، زۆر دەترسا و زۆری گلەیی هەبوو،

باســی پاشــماوەی قامووسم کرد و خۆی لێ لادا و گوتی لای ئەو هیچ دەســت ناکەوێت، هەر ئاخ و حەیف و ئەســەفی هەڵدەکێشا و دەیگوت، زەبیحی لە من مردووە!

خاڵێکی تریشم هەیە

ڕۆژێکی لای قاوەڵتون لە دوکانی کاک محەمەدی پاقلاوە لە فولکەی ســابوونکەران دانیشــبووم، گوتــم دەزانــی کاک محەمەد مــن جگە لە زەبیحی، خاڵێکی تریشــم هەیە، خاڵە عەبدوڵلا، هەر لە زووەوە هاتووە بــۆ ئەمدیــو و هەرگیز نەگەڕاوەتەوە، خۆی لە دایک و برا و خوشــکان ون کردووە و چل ساڵە کەس سۆراغی نازانێت؟! گوتی با، من دەیناسم، ســاڵی ٦٨-١٩٦٩ لەگەڵ مامۆســتا زەبیحی ئێوارەدرەنگێک لە ســەرای ســوبحاناغا دەگەڕاینەوە لە سەردانی پێشمەرگە جەلالییەکان، مامۆستا گوتی: «برایەکم لەم تەپی ســەفا و ئەوانە هەیە، با بچین بزانین ماوە؟! کاتی خۆی ســەرەتای شۆڕشــی عەبدولکەریم کە لــە بەغدا مەقەڕمان بــوو، جارێــک هات بــۆ بەغدا و منــی دۆزییەوە، منیــش پارمەتیم دا و ناردمەوە بۆ شارەزوور». ئیتر بە درێژایی ئەو سی چل ساڵە، ئەم دوو برایە لە غوربەت ئەو یەک دوو جارە یەکتریان بینیوە، ئەمیان سەرقاڵی سیاســەت و نووســین، ئەوی دی لە خزمەتی شــێخانی نەقشبەندی و فەلاحەت و ماڵ و منداڵدا بووە. دوو برا و دوو ڕێباز و دوو کەسایەتیی تەواو جیاواز!

کاک محەمەد خۆی جووڵاند و تەلەفۆنەکەی هێنا پێش خۆی و چەند جار چەند ژمارەی گرت، لەپڕ:

ها مامۆستا گوڵالە چۆنی؟ ئەڕێ کاتی خۆی تۆ لە کام گوند مامۆستا بوویت، عەبەسووری لێ بوو؟!

قســەکەیان تەواو کرد و بە بزەوە گوتی دۆزیمەوە! لە تەپەگوڵاوی دەژی و ئێستاش هەر لەوێن، بە «عەبەسوور» ناسراوە.

بەرەو تەپەگوڵاوی

لـە دوکان هاتە دەر و هاواری کـرد؛ حاجی جەمال، حاجی جەمال! بەڕازیلییـەک لەوبەری فولکەکە هاتە بەردەم دوکانەکە و دابەزی، کاک محەمـەد چـوو بۆ لای، گوتـی ئەم کوڕەم بـۆ بەرە بـۆ تەپەگولاوی. دیـار بوو حاجیی سـایەق تاکسـی، خۆی خەڵکی هەڵەبجـە بوو. گوتی بـا بڕۆیـن. بەم قەد و شـکڵ و ڕوخسـارەوە، لـە دوورەوە دیار بوو خەڵکی ئەودیوم، جووتێک عەینەک، کلێتەیەک لە سـەر، قەمسـەڵەیەکی ئەمریکی و ڕانکوچۆغە لە بەر. لە پێشەوە سوار بووم، دوای یەک دوو سەعات لە سەرجادە قیرەکە نەگەیشتوو بە سیروان ڕایگرت و دەستی ڕاداشـت بۆ لای ڕاستی جادە و گوتی، ئەها ئەم دێیە تەپەگولاوییە. من دەگرێمەوە و خۆت بە پێیان بچووە. هەر چوارسـەد پێنجسەد مەترێک دوور بوو لە جادەکە. لای نیوەڕۆ بوو سـەرم داخسـت و هاتم بەرەو گوندەکە، کۆمەڵێک پیاو لە بەرهەتاو دانیشـتبوون، سـلاوم کرد و زۆر بە گەرمی وەلامیان دامەوە؛

- ماڵی عەبەسوور لێرەیە؟!

- بەڵی فەرموو کاکە!

- نەوەڵا گەر یارمەتی بدەن و نیشانم بدەن.

- دادەی کوڕە هەسـتە بچووە بیبە بۆ ماڵی کاکە عەبە، ئەمڕۆ نۆبە گاوانێتی، هەها لەم دەشتە لەگەڵ ولاغەکانە!

- جا کە وایە کەسم ناوێ خۆم دەچم بۆ لای!

- سـەرم داخسـت و بەرەو گاڕانەکە، بۆ دەرەوەی دێ چووم، لێی نزیک بوومەوە و پشتی لە من بوو، هیچ هەستی پێ نەکرد. پیرەپیاوێک چەناگەی خسـتبووە سـەر گۆچانەکـەی و گاڕانیش بـڵاوەی کردبوو دەلەوەڕین. لە پشتەوەڕا دەستم لە شانی دا، ڕاچڵەکی و ئاوڕی دایەوە، سلاوم کرد.

- عەلێکمە سەلام، ئەتۆ کێی؟

- کێ بم باشە؟!

- نازانم!
- خەڵکی سابلاغم!
چاوی زیت بوو!
- ئەگەر کوڕی ڕەعنا و هاجەر نەبیت، نازانم!
- من عەلی کوڕی ڕەعنای خوشکتم!
گۆچانەکەی بەردایەوە، دانیشت و دەستی بە ئەژنۆیانەوە گرت.
پرم دایە و لە باوەشــم گرت، تێر گریا و لەســەر شـێوەردەکە بۆی دانیشــتین، هەر لەو پرسـیار و لە من وەڵام، چەند سـاتێک تێپەڕی و دمەتەقەمان گەرم بوو، لە دوورەوە منداڵێک پەیدا بوو.
ئــەوە جەمالــە، وەرە دانیشــە جەمال ئــەوە عەلی کــوڕی پوورێتە. ماچم کرد و دانیشــت، کەمێکی پێ چوو منداڵێکی دیکە بە غاردان لەناو ماڵانــەوە هات، هــا! جەلال وەرە ئــەوە عەلی کــوڕی پوورێتە هاتووە! ئەویشم ماچ کرد و دانیشت، کەمێکی تر کەمال هات و هەر بەم چەشنە. گوتی، هەستە با بڕۆین بەخوا تەلەێی خاڵۆژنت ئێستا تا لێی حاڵی دەبێ تۆ کێی، هەموو گوندەکەمان وەسەردەگێڕێت. تومەز دوای من، کە لەناو دێ پرسیبووم، یەکیان چووبوو بە خاڵۆژنمی گوتبوو کەسێک هاتووە لە کاکە عەبەی پرسیوە، هیچ لە خەڵکی ئێرە ناکات و شێوە و ڕوخساری لــە کاکە عەبە دەچوو! ئیتر خاڵــۆژن ئۆقرەی نامێنێت و یەکبەدواییەکدا کوڕەکانــی دەنــارد بزانن مــن کێم. هەرچی دەهــات نەدەگەڕاوە و ئەو لەناو دێ زۆرتر نیگەران بووبوو!

عەبەسوور خزمی بۆ پەیدا بوو

خاڵم گاڕانی بەڕەڵا کرد و لەگەڵ ســێ لە کوڕەکانیدا چووینەوە بۆ نــاو دێ. لە دوورەوە هاواری کرد وەرە تەلێ کوڕی ڕەعنای خوشــکم هاتووە. بە باوەشــان بەخێرهاتن کرام. بۆ چاو و دڵ ڕوونی لە خاڵم و منداڵەکانی خەڵکی ئاوایی وەســەرمان گەڕان. ئەوە یەکەم جار بوو لەم دێیە، عەبەسوور خزمێکی بۆ پەیدا بێت!

ماڵێکــی فەقیرانــە و فەلاییانەی زۆر خــۆش و پاکوخاوێن، مەزرا و تراکتۆر و بیری ئاو. پیاوێکی بێدەنگ و مرادخانی و مشکی و هەتا بڵێی مەتین و لەســەرخۆ. شــەش کوڕی هەبوو، کوڕە گەورەکەی عوسمان، لە ماڵ نەبوو، لە موسڵ خوێندکار بوو، تاقە کچێکی هەبوو تازە شووی کردبوو، ماڵیان لە هەڵەبجە بوو، کچێکیشی بە منداڵی هەر لەم دێیە ون بووبــوو، یان دەیانگوت بەحر بردوویەتی، یانیش قەرەجی لەوێ بوون و دزیویانە. دوو ڕۆژ مامەوە، شــێخ خالید نەقشــبەندی کە بیستبووی، هــات و بەخێرهاتنی کــردم. ڕۆژی دواتر بەیەکەوە چووین بۆ هەڵەبجە و حەمیدەی کچی و عوسمانی هاوسەریمان دیت.

ڕۆژی دواتر، خاڵە عەبدوڵڵا لەگەڵمدا هاتە سەر جادەکە، بیستوپێنج دینارێکی دامێ، کە ئەوکات زۆر بوو. تاکسییەکی بۆ ڕاگرتم و گەڕامەوە ســلێمانی. تەواو بە دیتنیان شــاد بووم و خۆزیام دەخواســت توانیبام زوو بە دایکم بڵێم، براکەیم دۆزیوەتەوە!

عەلی ئەم پەلەیەت لە چییە؟

چەند ڕۆژێک بە مات و مەلوولی و بێکار لە سلێمانی و لەناو هۆتێلدا خۆمــان دەخافڵاند. زۆر جار دەهاتین بۆ ســەرجادە، مــن عادەتم بوو خێرا دەڕۆیشــتم و ســیامەند لە دواوە جێ دەما، دەســتی بە جنێودان دەکرد و دەیگوت، باشە عەلی ئەم پەلەیەت لە چییە، ئێمە هاتووین کات بەرینە ســەر و پیاســە دەکەین، بۆ وا توند دەڕۆی؟ ئەوە کوا بەیەکەوە ڕۆیشــتنە؟! تۆ هەمیشە دە هەنگاو لە پێش من دەڕۆی! کەمێک هێواشم دەکردەوە و دیســان بە خــۆم نەدەزانی و ئاوڕم دەداوە، ســیامەند دە دوکان لــە دواوە دەهات. چەند جار لێمان بوو بە شــەڕ و هەر کەســە بۆخۆی دەچووینەوە هۆتێل. سیامەند شکایەتی دەکرد و دەیگوت بەس پێم بڵێ؛ بۆ پەلەتە؟! کارمان چییە و کێ چاوەڕوانمانە؟! ئەوەندە وەڕەز و بێهیــوا بوویــن، لێک لە بیانــوو بووین و خۆش خۆش وردەشــەڕ و ئاشتبوونەوەمان هەبوو.

ڕەحیم بابەتاهیری هاتبوو بۆ بێژوێ و توبای خوشکی حەمەسووری مــارە کردبوو، ئەویش بەتەمای دەرچوون بوو لە کوردســتان. جوابی بۆ ناردین شــیلانی حەســەنپووری کچی مامی لە مەقــەڕی کۆمەڵە لە سلێمانییە، بەڵکو بچین یارمەتیی بدەین بچێت بۆ بەغدا بۆ ماڵی پووری، کە هاوسەری شێخ محەمەد مەعسووم بوو. کۆمەڵە نەیدەبرد بۆ بەغدا و «عەدەم تەعەڕوزی» بۆ وەرنەدەگرت. شیلان لە سەردەمی شۆڕش و ڕووخانــی شــا، لە ئەمریکاوە گەڕابووەوە و ڕێگــەی تارانی نەمابوو بــۆ چوونەوەی ئەمریــکا. هاتوچۆی کۆمەڵە و دیموکــرات و مەقەڕاتی پێشمەرگەی دەکرد. هاتبوو هەتاکو کۆمەڵە بەڕێی بکات بۆ ماڵی پووری لە بەغــدا، بەڵکو ئەوان ڕەوانەی ئەمریکای بکەنەوە. لەگەڵ ســیامەنددا جوابمان بۆ نارد بێتە بەر دەرگای مەقەڕی کۆمەڵە لە ڕزگاری. چووین بەبێ ئەوەی کەس بزانێت سواری تاکسیمان کرد و بردمانە ماڵی شێخ موحســینی خزمیان و تەســلیمی ئەوانمان کرد. ئەوانیش بردبوویان بۆ ماڵی شــێخ محەمەد مەعسوم لە بەغدا، دواتر دەوڵەتی عێراق بە فڕۆکە ناردبوویان بۆ سوید.

دەبێ سلێمانی جێ بهێڵین

دوای دە دوازدە ڕۆژ، ئێوارەیەک جەمالی مەلا ســاڵە هات و گوتی ڕایانســپاردووم، پێتان بڵێم تەنیا بیســتوچوار ســەعاتتان هەیە و دەبێ ســلێمانی جــێ بێڵــن و بچنەوە بــۆ ئەودیو. زۆرمان پــێ ناخۆش بوو، تاکسیمان گرت و ڕۆیشتین بۆ ماوەت و لەوێشڕا بۆ بێژوێ.

بە هاتنەوەمان بۆ بێژوێ لە ڕێگەی هەباســی برام لە بێســیمخانەی کۆمەڵــە بــە ڕەمــز وەڵاممان بــۆ کوڕەکانــی وەتەمیش نــارد، کە لێرە «تێکۆشــین بەتەمــای جیــران ویشــکە» و ئــەوان بۆخۆیــان بڕۆن و مشووری خۆیان بخۆن، کاک کەریم دەرباز بووە.

لەگەڵ یونســدا تەدبیرمان کرد، کە بووبوو بە خزمی مامۆستا شێخ عێزەدین، سیامەند بچێت بۆ لای مامۆستا و قسەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو

یارمەتیمــان بــدات و ئیجــازەی ســەفەرمان لە بەغداوە بــۆ وەرگرێت. سیامەندی زۆر بە حورمەتەوە وەرگرتبوو، بە کورتی پێی گوتبوو تەنیا خۆت بەڕێ دەکەم و ئەوانی دیکەم بۆ ناکرێت. سیامەند گوتبووی بەڵام هیچ نەبێت عەلییش با بێت و من بە تەنیا ناڕۆم. مامۆستا و دەفتەرەکەی گوتبوویــان تۆ تاقانــەی قارەمانێکی کوردی و هەموو پێتان قەرزدارین و دەبــێ بتپارێزیــن، وەرە بــڕۆ کارت بە خەڵکی دی نەبێت. ســیامەند سوپاسی کردبوون و گوتبووی بەبێ عەلی ناڕۆم. ئەوەی بۆ گێڕامەوە یەکســەر چــووم بــۆ لای دەفتەری مامۆســتا و گوتم، ســیامەند بەڕێ بکــەن من هەر بەتەمــای چوونەدەر نەبووم، بە زوویی دێن بەدوامدا و دەچمەوە ناو یەکێتی.

سیامەند قیرسیچمەیە

سیامەند ڕەش و شین بووەوە و گوتی، بۆ درۆ دەکەیت؟ من بەبێ تۆ ناڕۆم. پێم گوت ئەوە هەڵکەوتووە و ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووین لە ســێیان ئەوە دوومان ڕێگەی ڕۆیشــتنی بۆ کراوە. بەڕاســتی ســیامەند من بەنیــازی چوونی ناو یەکێتی لێــرەم و بە زوویی بەجێت دێڵم. ســیامەند هەتا خوا حەز بکات کەللەشەق و عیناد و قیرسیچمەیە. دەیگوت دەگەڕێینەوە بۆ موکریان، تا کوڕەکان نەڕۆیشتوون دەچین و لەگەڵ ئەواندا هەموو بەیەکەوە دەڕۆین بۆ تورکیا. منیش بە لادا کەوتم و گوتــم، هــەر بەیانی زوو دەڕۆم و بەجێت دێڵم، ئەتۆش کەیفی خۆتە! شــێروڕێویی دنیام بۆ هێنایەوە، تۆ ناسراو و کوڕی بنەماڵەیەکی پڕ لە شــەهیدی و دەتناســن. ڕێگەی ورمێ بۆ تۆ نابێت و دەبێ بە سەلامەت دەرچیت. ســیامەند ڕازی بوو مامۆســتا بەڕێی بکات و بچێت بۆ بەغدا، لەوێشــەوە بۆ لای کاک کەریم، کە ماوەیەک بوو بە هاوکاریی کۆمەڵە لە سوید گیرسابووەوە.

کەریم ئەحمەد کەلەپچە کرابوو

فاروقــی بللــوری بە نەخۆشــی لــە مەقــەڕی کۆمەڵە لە ســلێمانی کەوتبــوو. جوابیان نارد، بەڵکو بۆ مەســرەفی چوونــی ئەورووپای، لە برادەرانی یەکێتی، یارمەتیی ماڵی بۆ وەرگرم. لە بێژوێرا بە پەلە چوومە ناوزەنــگ، ئــەو ڕۆژە گەیشــتم هێزێکی گەورە بە سەرپەرشــتیی کاک نەوشیروان دەڕۆیشتن بۆ شەڕی جود لە قڕناقە و پشتئاشان و شەڕی شــیوعییەکان. یــەک دوو ڕۆژ لــەوێ بووم، هەر لــە مەقەڕەکەی کاک نەوشــیروان. ئێوارەیەک پۆلێک پێشمەرگە چەند سەرکردەیەکی حیزبی شیوعییان بە دەستبەستراوی هێنا بۆ بارەگای مام جەلال. هەموو لێیان کۆوەبووین. کە مام جەلال دەستی کەریم ئەحمەدی بە بەستراوی بینی، گوڕاندی و جنێوی دا، بە پەلە خۆی دەستی کردەوە و لە باوەشی گرت و بردی بۆ ژوورەکەی خۆی و زۆری ڕێز لێ گرت!

لەگەل دلێر سەید مەجیددا

دواتر مام جەلال و مولازم عومەر بە هەردووکیان سێسەد دیناریان (ئەوکات دینارێک زیاتر لە سێ دولار بوو) پێ دام بۆ فاروقی بنێرم، کە لە سلێمانی لەسەر سەفەر بوو. هاتمەوە و دەسبەجێ بە پەیکی کۆمەڵەدا و بە نامەی خۆمەوە پارەکەم بۆ فاروق نارد، ئەویش سەفەری کرد بۆ سوید، کە ماوەیەکی دووردوورودرێژ بوو بە نەخۆشیی خوێن دەتلایەوە.

دوای گەڕانــەوەم بــۆ بێژوێ، دەمزانی کاک دلێر ســەید مەجید، بە کاروانێکەوە دێن و لەوێرا دەچن بۆ مەڵبەندی یەک لە شــارباژێر. خۆم ئامادە کرد، لەگەڵیاندا بچم بۆ لای ئەبوو شەهاب، بەرپرسی ڕێکخراوی سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەران.

لەگەڵ مەنسووری حیکمەتدا

یەک دوو ڕۆژم فرســەت بوو، حیزبی کۆمۆنیســت لە مێشــکەپەی نزیک بێتووش لە ئالان دروســت کرابوو، هەموو ســەرکردایەتیی کۆن

و نوێی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیســت لەوێ مەقەڕیان بوو، هەباس لە بێسیم (موخابەرات)ی کۆمەڵە کاری دەکرد، ئەویش لەوێ بوو، ڕێگەی دوو بۆ ســێ سەعات بە پێ و بە هەورازاندا چووم بۆ لای. هەموویانم دی و لەگەڵ مەنسووری حیکمەتدا ئاشنا بووم. قسە و گاڵتەی زۆرمان کــرد و پێم گوت: ئەوە ئاوارەی دەســتی تــۆم. ئەوکات زۆر خۆمانی و میهرەبــان بوو ، لەگەڵ هەموو پێشــمەرگەکانی ســەرکردایەتیدا خاکی و لە ســەردڵان بوو. کاک عەبدوڵڵا و هەباســی برام زۆریان حەول دا بگەڕێمــەوە و لە ناو کۆمەڵەدا درێژە بە خەبات بدەم. دیســان گوتم، با ئــەو عەجەمانە بڕۆن و کۆمەڵە ببێتەوە ئیی خۆمان، ئێســتا لە هیچەوە بوونە سەرکردایەتیی شۆڕشێکی وا گەورە و خاوەنی کۆمەڵە، بۆیە وا موخلیس و بۆمان دادەنوێنن، دوو ڕۆژی تر گەورەتر بن و قاچیان بێتە سەر عەرز، حسێبی پووشێکمان بۆ ناکەن و بێزیان نایەت بشماندوێنن! شەو لای هەباس مامەوە و بەیانی گەڕامەوە بێژوێ.

لە ســەربانی مزگەوتی بێژوێ لەگەڵ ســیامەنددا قســەمان دەکرد، گیرفانەکانمــان لێک دان و دابەشــمان کرد، ســیامەند هــەر دەیگوت با بەیەکەوە بڕۆینەوە بەرەو موکریان و کوڕەکان. دەمگوت بڕیاری خۆم داوە و هەر ئەمڕۆ یان ســبەی دێن و دەڕۆم بۆ خوارووی ناوچەکانی ئەودیو.

سیامەند ڕۆیشت بۆ سلێمانی و دەفتەری مامۆستا، هەتاکو سەرەی دێت و دەیبەن بۆ بەغدا.

بەیانییــەک لەبــەر بەلۆعەکانــی مزگــەوت لــە ســەر کۆلکەدارێــک دانیشــتبووم و دەموچاوم دەشــۆری. هێزێکی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک زیندانیــدا، لە ناوچەکانی خوارەوەڕا هاتبوون بۆ ئالان و گواســتنەوەی زیندانییەکان بۆ زیندانی مەرکەزی. ســەرم هەڵنەبڕی و خەریکی کاری خۆم بووم. ئەوەی تەنیشتم گوتی:

- سەلام ئاغای کەریمی!

- لــە دێهات و پێشــمەرگایەتی! لەمێژ بوو کــەس بەو ناوەوە بانگی

نەکردبووم. بە سەرسوورمانەوە ئاوڕم دایەوە و سڵاوەکەم ستاندەوە.

- گوتی نامناسیتەوە؟!

تێیفکریم، زیندانی بوو، پێشمەرگەیەک بە چەکەوە بە سەریەوە بوو، دیار بوو بۆ خۆشۆرین و ئاودەست دەستیان کردبووەوە!

- عەبدوڵڵاپوور نیت؟!

- با خۆمم!

- ئەوە هەر ماوی و ئازادیان نەکردووی؟!

- خــودا کەریمە، ئینشــاڵڵا ئێــوە هیدایەت دەبن و منیــش یان ئازاد دەبم، یان دەچمە لای باری تەعالا!

- هیوادارم، خۆشحاڵ بووم جارێکی تر دەتبینمەوە!

- بیســتم لەگەڵ هاورێکانتدا لە کۆمەڵە نەماون و جێتان هێشــتووە! پێم گوتی ئێوە هەمووتان فەقیر و هەڵفریوێندراون و ســەرکردەکانتان بەکارتان دێنن!

- نا وا نییە خۆم وەڕز و ماندوو بووم!

- هەرگیــز بــاوەڕت پێ ناکــەم، من لە زیندان زۆریان باســی تۆ و هاورێکانتیان بۆ کردووم و دەزانم ئێوە ئیی ماندووبوون نین و لەگەڵ ســەرکردەکانتاندا ئیختلافتان هەیە، لە سەرقەبرانی مەهاباد پێم نەگوتی ئێوە فەقیر و تەنیا سەربازن و سەرکردەکانتان بەکارتان دێنن؟!

- ئەوە نییە ناتوانن بەکارم بێنن و چیتر لەگەڵیاندا نیم؟!

- ئافەرین، بەڵام زۆر درەنگە، ئینشاڵڵا مۆفەق و سەلامەت دەبیت!

بردیان و ڕۆیشــت، ســڕ بووم و حەپەســام، بۆ تووشی بوومەوە؟ ئەویــش لێــرە، ئەو هەر دیلــە و منیش پێشــمەرگەی کۆمەڵە نەماوم و بێزارم لە خۆم و لە هەموو کەس!

ئێوارە کاک دلێر ســەید مەجید لەگــەڵ هێزێک و چەند باری وڵاغدا پەیــدا بــوو. گوتی بەیانی زوو ســاز بە دەڕۆین بــۆ ئەودیو. کارتۆنێک ویســکیی پێ بوو بۆ ناسر ڕەزازی و گوتی، چۆنی پێ بگەیەنین؟ گوتم هەر لە ماڵی کاک محەمەد باشە دێ و دەیبات.

٤٤

دوو کۆمەڵە و دوو چارەنووس

تاریکــوڕوون وڵاغ بار کرانەوە و بە غــار بەرەو لێژ بووینەوە و تا ســەر چۆمی نەوەســتاین و دیســان بە کەڵەس پەڕیینەوە، بارەکانیان کردەوە و ئێسترەکانیان بە ئاودا دا و ئەوانیش بە مەلە و لە خوارەوەی ئێمە هاتنە ئەوبەری ڕووبارەکە.

بــە ئالانی ئەودیو و گوندە خاپوور و ســووتاوەکان و باخ و ڕەزی بێشوماری بێســاحێب، بە شانەخسێدا، لێی وەســەرکەوتین و ڕوومان لــە چیــا و هەورازی بێبڕانەوەی گمۆ کرد. کــوڕەداوێ یەکەم مەنزڵ و شــوێنی پشــوومان بوو. ئاگری تۆپ و هاوەن لە سورێنەوە دەبیسترا، شــەڕێکی قورســی بەرەی جود لە ئێرانەوە لەگەڵ یەکێتیی نیشــتمانی، هێزی لە خەڵک و پێشمەرگە بڕیبوو.

ڕۆژی دواتر، دەمەو ئێوارە لە چەمەکەی دۆڵپەموو ســەرکەوتین و هاتینە ناو دێ، چەند هەنگاومان مابوو بۆ مەقەڕی ئەبوو شەهاب، ڕێک تۆپێک لە سەری سورێنەوە، چەند هەنگاو دوورتر لە مەقەڕ گرمەی لێ هەستا، باش بوو خەساری نەدا، دەنا دەبوو بە پێوقەدەمی ئێمە!

من لای ئەبوو شــەهاب بەجێمــام و جەماعەت بەرەو مەلا بەختیار، بەرپرسی مەڵبەندی یەک لە حاجیمامەند ڕۆیشتن.

ئەبــوو شــەهاب وەک برایەک بەخێرهاتن و پێشــوازیی لێ کردم و هەموو مەقەڕ و پێشــمەرگەکانی ئاگادار کــرد، ئێتر عەلی لێرە لەجیاتی منە و قســەی ئەو قســەی منیشــە و ئەو حســابەی بۆ منی دەکەن، بۆ ئەویشی بکەن. بە گەرمی لە دایک و باب و خوشکان و برایانمی پرسی، بیرەوەرییەکانی شەهید سولەیمان بلووری هەردووکمانی خستەوە بیری ئــەو کوڕە مەزن و قارەمانە. ئەبوو شــەهاب، ســولەیمانی زۆر خۆش

دەویست. دواتر بۆی باس کردم کە کاتی خۆی چۆن و لە کوێ خەبەری شەهیدبوونی سولەیمانی بیستووە و یەکسەر لە ئاست خۆی دانیشتووە و بۆی گریاوە. لە تەنیشت دیوەخانەکەی خۆی، کە بارەگای ڕێکخراو بوو و خۆشی لێی دەژیا، ژوورێکی بچووک وەک سندووقخانە هەبوو، تەنیا جێی یەک کەسی دەبووەوە، گوتم من لێرە دەبم و ئەوەم بەسە. لە تەنیشت ماڵەکەی ئەبوو شەهاب، مەقەڕی پێشمەرگەکان و نانەواخانە و مۆلیدە هەبوو. شێخ نەبەز بەرپرسی مەفەرەزەکەی ئەبوو شەهاب بوو. وەستا کەریم کە تا ئێستاش وەک برایەکم وایە، بە نانەواخانە و کاروباری مەقەڕ ڕادەگەیشت. لە دۆڵپەموو کۆمەڵێک هاوڕێی کۆن و تازەی لێ بوون؛ کاکەکان: حەمەی فەرەج، ڕەفعەتی مەلا، ئەوڕەحمانی حەمەی فەرەج، دانا ئەحمەد مەجید، بەکر فەتاح، سورکێو، فەرهەنگ گروون، سەرهەنگ سمایل بەگ، شۆڕش ئیسماعیل، وەهاب، ئاوات قارەمانی، سالار حاجی دەروێش، حەمەدەمین، شێخ کامیل، ڕزگاری کاک قادر، غەریب، مامۆستا جوامێر و ڕووناکی هاوسەری، مامۆستا ساڵح ژاژڵەیی، هەڵۆ ئەحمەد کوردە و زۆری دیکە.

یەک دوو ڕۆژ بوو هاتبووم، چەند شتێکی سەرەتایی و ناکامڵم لەمەڕ باڵی کوردستانی و عێراقچێتی لەناو کۆمەڵەی ڕەنجەدەراندا بەر گوێ کەوتبوو. ئەوەی ڕاستی بێت باری دەروونی خۆم و نیگەرانی لە دوارۆژم، جێهێشتنی هەموو هیوا و ئاواتی ژیانیم، واتا کۆمەڵە و هاوڕێیانم لە ڕۆژهەڵات، دۆخێکی بۆ خولقاندبووم، هێز و تاقەتی هیچم نەبوو. خەمۆش و غەمبار بووم، لە سیاسەت و تەنانەت لە خۆشم بێزار بووم، دەمگوت دە وەرە خۆت لەسەر چی وازت لە کۆڵەکەی ڕۆحی خۆت، واتا کۆمەڵە هێنا و هاتوویت بۆ کۆمەڵەی ئەودیو، لێرەش عەینی بەزم، لەوێ لەسەر ئێرانچێتی و دیسانیش لێرە بەزمی عێراقچێتی باوە. من نەمدەزانی مێژووی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران دوای یەکەم کۆنفرانسیان لە مانگی ئاياری ١٩٨١دا لە مالیمۆس بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتووە و چۆن دوو باڵ دروست بوون. دوای وەرێکەوتنی شۆڕش

لــە ڕۆژهەڵات و بوونم بە پێشــمەرگەی کۆمەڵە، من پەیوەندیی جارانم لەگەڵ هاوڕێیانمدا لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران نەمابوو. هەر نەشــدەکرا من لە شــاخ بووم و دژی کۆماری ئیسلامی لە شەڕدا بووین، ئەوانیش لە پەیوەندیدا بوون و تەنانەت هاتوچۆی تارانیان دەکرد. لێرەدا ستراتیژ و ڕێبازی سیاســی و فیکریی دوو پارچەی کوردستان دوور لە خەیاڵ و موزایدەی نەتەوەیی و هەست و دروشمی کوردایەتی و یەک نەتەوە بــوون، زۆر بــە ڕوونی و واقعی خۆی نیشــان دەدا و بە کردەوە دوو پارچــە بــوون و دوو وڵات بوون و تەنانــەت دوو بەرژەوەندیی جیای نەتەوەیــی بە زەقــی خۆی دەردەخات. کوردی ئێران بە حوکمی شــەڕ بەبــێ ویســتی خۆی دەبێت لــە حکومەتی عێراق و بەعســی کوردکوژ و ئەنفالچــی نزیــک بێتــەوە و کوردی عێــراق بە هەمان چەشــن و لە ڕووی ناعیلاجی لەگەڵ مەلا کوردکوژەکانی ئێراندا. فەلسەفەی دوژمنی دوژمنم دۆســتمە، بە دەیان ســاڵ کوردەکانی دوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووری لە بەرداشی نێوان حکومەتەکانی ئێران و عێراقدا هاڕی و سەرکردەکانیشــی لە ناوخۆ و ناودۆســت و بێگانەدا تا ڕادەیەکی زۆر، سووک و بێئیرادەش کردووە.

لە نێوان دوو دەوڵەتی دیکتاتۆردا

زۆر جار هەبوون و ئێستاش هەن ئەو خەڵکانەی بەبێ بیرکردنەوە و دیتنــی خۆیان، تانوتەشــەر لە ســەرکردەی لایــەک دەدەن بۆ لەگەڵ دوژمنی کورددا هەڵدەســتن و دادەنیشــن و یارمەتیــی لێ وەردەگرن، بــە بێ ئەوەی لەو کاتەدا خۆیان ببینن و ئاوڕ بدەنەوە. خۆشــیان هەر ئەوەیــان کردووە، لەگەڵ دیکتاتۆری وڵاتێکی داگیرکەری کوردســتاندا، هاوپەیمانــی و پەیوەندییــان هەبــووە. کاتێک من و چەند پێشــمەرگەی کۆمەڵە لە ماوەت خەریکی چەکهێنان بووین و بە جلی پێشمەرگایەتی لە گوند و شارەکانی باشوور دەبیندراین، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشــمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، دەمگوت ئێستا ئەو خەڵکە بە چاوی

جاش سەیرمان دەکەن و هەر ئەو کاتیش بیرم لەو هاوڕێیانەی باشوور دەکـردەوە کە لە شـارەکانی ڕۆژهەڵات و تـاران دەهاتن و دەچوون، بـۆ پەیداکردن و سـواڵی چەک و ئـەرزاق و نەخـۆش و بریندارەکان، دەبێ خەڵکی شـارەکانی ڕۆژهەڵات چۆنیان سەیر بکەن، کاتێک هەموو ڕۆژێک دەیانبیسـت دوو یان سـێ لە جوانترین ڕۆڵەکانیان لە مەیدانی شـەڕ لەگەڵ پاسـداری مەلایاندا شـەهید دەبن، یان بە پێچەوانەوە کە دەیاندیت من لەگەڵ ئامرفەوجی ماوەتدا دادەنیشم و تەرمی شەهیدێکی پێشمەرگەی باشوور بە مێکزەمینی ڕادەکێشن. دیارە خەڵکی وەک من، زۆرتر تێگەیشتنی لەم دۆخە هەبوو و بە چاوێکی دوور لە ئیحساسات و موزایـدەی نەتەوەیـی دەیڕوانییـە هەلومەرجی کـوردەکان لەم دوو پارچەیە. پرسـیارەکە ئەوەیە ئەوانەی وەک من و چەند سـەد کەسێک کە ئەم ڕاسـتییانەیان دەزانی، دەبێت چەند لە سـەدی کۆمەڵگەی کورد بووبـن؟ بە دڵنیاییەوە ئەوەنـدە کەمین بە یەک لە هەزاریش نابین. بریا سـەرکردایەتیی کورد لەگەڵ خەڵکی خۆیدا زۆرتر شـەفاف و ڕاستگۆ بووبان و ئەم شتانە لە خەڵک نەشاردرابانەوە، بەڵکو حەولی ڕۆشنگەری و درکاندنی ڕاستییەکانیان دابایە و خەڵک زۆرتر لە واقعی شۆڕشەکانی کورد گەیشـتبا و هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی کوردیان زۆرتر شەنوکەو کردبـا. تەنانـەت هەبووە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردسـتان، بۆ شـەڕ لەگـەڵ یەکدا، کوردیان بـەکار هێناوە. زەقتریـن نموونەی بەرپاکردنی شۆڕشـی ئەیلوول بە سەرکردایەتیی بارزانی بۆ لێدانی دەوڵەتی عێراق بـە سـەرۆککۆماریی عەبدولکەریـم قاسـم بە دەسـتی شـای ئێران و ئەنجامی بوو بە ئاشـبەتاڵی کـوردان و وەرگرتنـی ئیمتیازێکی زۆری ئێران لە عێراق، دوای پەیمانە شوومەکەی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا!

باڵی زاڵ نەوشیروان بوو

بیسـتم لە کۆنفرانسـەکەی مالیمۆس چەند سـەرکردەیەکی کۆمەڵە کە خۆیان زۆرتر بە ڕێڕەوانی شـەهید ئارام دەناساند و دژی ڕێبەریی

نەوشیروان مستەفا بوون، وەک سالار عەزیز و مەلا بەختیار و مامۆستا جەعفەر (فازل کەریم) و شێخ عەلی و چەند کادری دی، دەنگیان نەهێناوە، هەڵوێستیان گرتووە و زیز بوون و ڕۆیشتوون. دواتر مام جەلال ئاشتی کردوونـەوە. هەڵبەت مەلا بەختیار بە دەنگێکی کەم دەرچووبوو، بەڵام هەر ناڕازی بوو. ئیتر ئەمە هەر لەو کۆنفرانســەوە بووبوو بە هەوێنی دژایەتیـی دوو باڵ لەناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران. باڵی نەوشــیروان بەوە تاوانبار دەکرا دەستی بەسەر کۆمەڵە و ڕێبازی شەهید ئارامدا گرتووە و دوور کەوتووەتەوە لە ڕێچکەی مارکسیســتی کۆمەڵە. نەوشیروان و باڵەکەی، ئەوانی دیکەیان بە توندئاژۆیی و بەدخوویی و دوورکەوتنەوە لـە پێشــمەرگە و خەڵک، خۆبەزلــزان و بێکەڵکی تاوانبــار دەکرد. باڵی زاڵ نەوشــیروان بوو، کۆمەڵە بەتەواوی لەژێر هەژموون و دەســەڵاتی مام جەلال و نەوشــیرواندا بوو. مامۆســتا جەعفەر دەستی بە نووسین دژی نەوشــیروان و کۆمەڵــە کردبــوو و بەرنامــەی چوونــەدەرەوەی داڕشــتبوو، دواتر ڕۆیشــت و لە ئەڵمانیا بوو بە پەنابەر. مەلا بەختیار کرابوو بە بەرپرسی مەڵبەندی یەک و زۆربەی هاوبیرانی لەو مەڵبەندە کۆ کردبوونەوە. سالار عەزیز بە قینێکی زۆرەوە، بە کردەوە دژایەتیی نەوشــیروانی دەکرد و خۆی بە جێگرەوەی ئــارام دەزانی و کۆمەڵەی بە ئیی خۆی دەزانی، ســەری ئەو باڵە بوو کە دژایەتیی نەوشــیروان و مــام جەلالیــان دەکرد. دواتر لــە پاڕەزان مەقەڕی کــردەوە و زۆربەی جەماعەتــی ناڕازی و دژ، لــەم گوندە، لە دەوری کــۆ بووبوونەوە، کە چەند هەنگاوێک لە دۆڵپەموو دوور بوو، ئەو شــوێنەی مەقەڕی ئەبوو شەهاب و ڕێکخراوی سێی کۆمەڵەی لێ بوو.

لە چارەڕەشیی بەختی خۆم

ئەبوو شەهاب و ڕێکخراوەکانی یەک و دوو و سێی کۆمەڵە، زۆرتر بە لایەنگر و جەماعەتی نەوشیروان و باڵی زۆرینەی کۆمەڵە دەناسران. ڕق و دژایەتیـی ئـەم دوو باڵــە، جار هەبوو دەگەیشــتە تووڕەبوون و

تەنانەت کردەوەی ناحەز و دوور لە گیانی هاوڕێیەتییش، ڕووی دەدا.

تەنیا دوو ڕۆژ بوو لە مەقەڕی سێی ڕێکخراوی کۆمەڵە بووم، گوێم لە زۆر شت دەبوو، هەرچی دەهات بۆ لای ئەبوو شەهاب هەمووی کادری کۆمەڵە بوون و دژی مەلا بەختیار و سالار عەزیز قسەیان دەکرد. دۆڵپەموو وەک ناوەندی کوردستانیبوونی لێ هاتبوو، پارەزانیشیان بە ناوەندی عێراقچێتییان ناوزەد کردبوو. ئەوەی ڕاست بێ من زۆری لێ تێنەدەگەیشتم و هێزی خۆپێوەماندووکردنیشم نەبوو. هەر ئەوەندەم دەزانی و بێزار بووم، لە چارەڕەشیی بەختی خۆم لە چی ڕام کرد و تووشی چ بووم.

سەیارەکەی مەلا بەختیار

ڕۆژی دووهەم یان سێیەم بوو لەسەر بەرزایی بەر هەیوانەکەی مەقەڕی ڕێکخراو چەند کەسێک دانیشتبووین، لە دوورەوە تەپوتۆزی سەیارەیەکی تویۆتا پەیدا بوو، دیار بوو تازە لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا سەیارە پەیدا بووبوو، کە زۆرتر ئیی بەرپرسەکان بوو، هەموویان دەناسرانەوە. گوتیان وەڵا ئەوە سەیارەکەی مەلا بەختیارە بۆ ئێرە دێت! زۆریان پێ سەیر بوو مەلا بەختیار و هاتن بۆ لای ئەبوو شەهاب؟! بە خێرایی چەند لێکدانەوە کران و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک. سەیارەکە گەیشتە بەر مەقەڕ، مەلا بەختیار و پێشمەرگەکان دابەزین. لە هەیوانەکەوە مەلا بەختیارم ناسییەوە و بە پەلە چووم بۆ پێشوازیی، زۆر بە گەرمی یەکمان لە باوەش گرت، جەماعەت کە ئەوەیان دیت، ئەوجار تێگەیشتن هاتنەکە بۆ لای دۆستە، ئەبوو شەهاب و جەماعەتیش بە گەرمی بەخێرهاتنیان کرد و لە هەیوانەکە دانیشتین. قسەی خۆش و تانەوتەشەر بەیەکەوە دەکران. مەلا گوتی، کوڕی باش دەبوو لە لای من لات دابا و هاتووم دەبێ بێی بۆ لای من. چاوێکم لە ئەبوو شەهاب کرد و ئەویش گوتی، ئێرە ماڵی عەلییە. دوای موجاملە و ئامادەییدەربڕین بۆ میوانداریی من لە لایەن مەلا بەختیار و مەڵبەندەوە،

گوتم کاک بەختیار خۆت دەزانی بۆ من فەرق ناکات و تازە لێرە کونەکەویڵێکم[1] بۆ خۆم خاوێن و ئامادە کردووە، وەرە ببینە، لە لای ئەبوو ئاسوودەم. گوتی، چۆنت پێ باشە ئێمە لە خزمەت داین و ئێرەش هەر ئیی خۆتە و ئەوێش.

هیچ فایدەی نەبوو

یەک دوو چایان خواردەوە و ڕۆیشتن، گوتی وەرە سەردانمان بکە. من لە ڕۆژانی دواتردا یەک دوو جار چووم بۆ مەقەڕی مەڵبەند لە حاجی مامەند، پێشمەرگەکان و ڕووناک خانی خێزانی کاک بەختیار زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێ کردم. تێگەیشتم ئەوان کە زۆربەی هەرە زۆریان لە باڵەکەی دژی نەوشیروان و ئەبوو شەهاب بوون و هیچی باشیان بە جەماعەتی ئەبوو شەهاب و ڕێکخراو نەدەگوت، وا لە من حاڵی بووبوون، کە بە مەبەست و بەرنامەی پێشووتر لە لای ئەبوو شەهاب لام داوە و کوردستانی بیر دەکەمەوە. ئەوان کۆمەڵەی ئێران و حیزبی کۆمۆنیست و جەماعەتی مەنسوور حیکمەتیان زۆر لە خۆیان نزیک دەدیت و سەرسام بوون بە تیۆر و قسەکانیان. هەر لەو ڕوانگەیەوە، پێیان وا بوو دەبێت من لەوان نزیکتر بم، تاکو نەوشیروان، یان ئەبوو شەهابی کوردستانی! زۆرم حەول دا ڕاستیی دەروون و واقعی حاڵی خۆمیان بۆ ڕوون بکەمەوە، هیچ فایدەی نەبوو. غافڵ لەوە بوون من لە داخی هاتن و دەسبەسەرداگرتنی کۆمەڵەکەم لە لایان جەماعەتی مەنسوور حیکمەت خۆم ئاوارە کردووە!

دابەزین لە لای ئەبوو شەهاب و بەدواداهاتنی مەلا بەختیار و نەچوونم و مانەوەی من لە لای مەقەڕی ڕێکخراو، بە کوردستانیبوونی من لێک درایەوە و بەبێ ئەوەی خۆم پێ بزانم، ناسنامەی کوردستانیبوون بە بەژنم بڕا، دواتر خۆشم هەر وا دەرچووم و هیچ پێم ناخۆش نەبوو!

١- کەوێڵ، کۆخ، کولبە، ژوور و خانووی بچووک، وەک ئەشکەوت.

دەستیان بە ژنهێنان کردبوو

چەند ڕۆژێک پەڕیمەوە ئەودیوی جادەی چوارتا و لە قەیوان لە لای کاک سەلاح چاوشین مامەوە. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە کاک سەلاحم دەناسـی و لێک نزیک بووین. کە چووم چەند پێشمەرگەیەکی لـە لا بوو، بارەگاکەی لە سـەرەوەی ئاوایی بـوو. دایە حەلاوی دایکی هاتبـوو لە لای بوو، ژنێکی نورانی و بەخشـندە و میهرەبان. منی زۆر خۆش دەویسـت و ئاگای لێم بوو، بە غەریبی دەزانیم و دوورکەوتوو لـە خـاک و وڵاتی خۆم. خواردنی زۆر خۆشـی دایکانەی بۆ دروسـت دەکردین. کاک سـەلاح کۆمەڵێک هاوڕێی کۆنی سـەردەمی شـورتەی هەبوو، زۆر بەوەفا بوون و لەگەڵ هەموو خەتەر و چاودێریی ئەمن و حکومەت، بۆ سەردانی دەهاتن و هەموو جارێک پیکابێک لە خواردن و خواردنەوە و پاقلاوە و هەرچی شـتی خۆشە دەیانهێنا، شەو دەمانەوە و بەزمیان خۆش دەکرد. کاک سـەلاح ماوەیەک بوو لەگەڵ مام جەلالدا تێکچووبـوو، خـۆی ماڵێکـی لەگـەڵ دایـک و خوشـکەزاکانی و چەند پێشـمەرگەیەکی لـە قەیوان دانابـوو، خەڵـک زۆری حورمەت دەگرت. پێشـمەرگە کۆنەکانی وەک کاک سەلاح وردەوردە دەستیان بە ژنهێنان کردبوو، کاک نەوشـیروان پێشـیان کەوتبوو، لەبەر خۆڕزگارکردنی لە قسەوباسـی خەڵک و پرسـیارکردنیان، ژنی هێنابـوو، ڕێگە بۆ ئەوانی دیکەش خوش کرابوو. ئەبوو شـەهاب دەستی لەسەر کچی مام قادری دۆڵپەموو دانابوو. سامان گەرمیانی لە بەری قەراخ بوو، کاک بەختیاری بـرای کاک نەوشـیروان خزمێکی دووری خۆی بـۆ دۆزیبووەوە. کاک سـەلاح لـە فیکری ژنهێناندا بوو، بەس سـاغ نەدەبـووەوە و زوو زوو عاشق دەبوو، یان فریای نەدەکەوت و بە شوویان دەدا، یان دەیانگوت کچ بە پێشمەرگە نادەین. ئەو ماوەیە کە من لە لای بووم تەواو دڵخۆش بوو، گوێم بۆ دەگرت و هاودەمی بووم لە وەسـف و بوون و نەبوونی فڵان کچ و فڵان گوند. دەیبردم بۆ گوندەکان و ئەو کچانەی لە دوورەوە نیشان دەدام، کە چاوی گرتبوونی.

ڕاستییەک هەبوو هەموو ئەو گەنجانەی تەمەنی کاک سەلاح و ئەبوو شەهاب و... لە ساڵی ١٩٧٦ەوە کە لاوێکی ٢٥-٣٠ ساڵە بوون وردەوردە دوای ئەو هەموو ساڵە لە شاخ پیر دەبوون و کچانی سەردەمی خۆیان لە شـار، یان شـوویان کردبوو، یان مابوونەوە. دەبوو ژن بهێنن و لە کچـە باشـەکانی لادێ هەڵبژێرن و زۆر جار ئەوەش سـەخت بوو، بە پێچوپەنا دەیانگوت کچ بە پێشمەرگە نادەین.

ئـەو ماوەیـە لە ماڵی کاک سـەلاح، لەگەڵ دایکی و پێشـمەرگەکاندا بـۆ من حەسـانەوەی ڕۆح و جەسـتەم بوو، چەند جارێـک بە دەوری گوندەکانـی کارێـزە، باڵـخ، گاپێڵـۆن، مالومـە، سـەرگەڵوو، هەڵەدن، چالاوە، گەڕەدێ و هەموو ئەو دۆڵەدا جەولەمان کرد. گەڕان و ناسینی ئەم ناوچانە بوون بە بەشێک لە کۆڵەباری کۆکراوەی مێژووی ناسینی جوگرافیا و کۆمەڵگەی بەشـێکی کوردستان، دواتر زۆربەی بەشەکانی تری باشووری کوردستانی گرتەوە و دەتوانم بڵێم کەم شوێن و گوندی کوردستان هەیە پێی ئاشنا نەبم و نەمدیبێت.

مشکەکانی ئەبوو شەهاب

لەبـەر بێپەنایـی و بەتاڵکردنی داخ و حەسـرەت و بوونی کەسـێک، غەمڕەوێنێک، بۆ سـفرەی دڵ لاکردنەوەیەک، بۆ هێندە پێشنەخواردنەوە و لە ناوخۆداڕانەگرتن، کۆنەکردنەوەی خەم و مەراق، ئەبوو شـەهاب و سەلاح ئاگاداری زامی دڵی ئەسیر و بریندارم بوون. بۆم باس کردبوون چـۆن بەنـدی دڵ و هەناوم لە زیندانەکانی ئێران جێ هێشـتووە و چۆن نەرمینی خوشـکم بە شەق و گریان بەیانی زوو لە باوەشی دایک و بابم هێناویانەتە دەر و ئەویش ڕەوانەی زیندان کراوە! جووتێک دەستەخوشکی یەک لە یەک لە لام خۆشەویسـتتر، یەک لە خوێن و گۆشـت و ئێسـقانم و ئەوی تریش سـوڵتان و خاوەنـی دڵ و دەروونم، بووبوونە مۆتەکەی شـەوانی تەنیایی و پڕ لە خەون و خولیا و خەیاڵی بێبڕانەوی غەریبێکی سەرگەردانی خەبات و شۆڕشی کوردایەتی. بیرم دەکردەوە دەبوو ئێستا

زانکۆم تەواو کردبا و لە شارەکەی خۆم ئەندازیاری کارەبا و فیزیا بام، ناردبام بۆ خوازبێنی و دایک و خوشکان بۆ جل و ئاڵتوونکڕین دوکانان گەڕابان. داوەتێک گیرابا لە حەوشـــەی ماڵی بابان ئەمســـەر و ئەوسـەری دیار نەبا، لەم شــوێنەی ئێســتا بووەتە کەلاوەیەکی خاپوورکراو بە تۆپ و هــاوەن، هەر یەک لە یەکێی ســـەرچۆپی وەرگرتبایە، کەچی ئێســـتا لە کونجی گوندێکی ئەم باشــووره، ئەوەندە لە خۆمدا پێچاومەوە و گرمۆڵە بــووم لە ناو لێفەیەکی چڵکن و ســـەرینێکی پڕ لە ڕشــک و ئەســـپێدا، بە خـۆم نازانم، کــە خەویش دەمباتــەوە. ناڵەی هەنیســک و گریانم ناگاتە گوێـی ئاســمان، بەڵکو دەبێتە کوڵ و بە ناخمــدا وەک خەنجەر جەرگ و ڕیخۆڵە دەبڕێت و جیڕەی ددان بەیەکەوەچوونم، مشــکەکانی کۆخەکەی لای دیوەخانەکەی ئەبوو شەهابیشیان هەراسان کردووە!

ددانئێشە بڕستی لێ بڕیم

بە هۆی ددانلەچیڕەوەبردن و شەوانی پێشمەرگایەتی و نوستن لەم مزگەوت و ئەو ماڵ و بن بەرد، تووشی نەخۆشیی پووکەکانم هاتبووم، کێـم و لەقــی ددانەکانم ژیانیان پەک خســـتبووم، چەنــد جار لە ڕووی ناعیلاجی هەر بە گازی ناڵبەندان دوو سێ ددانیان بۆ کێشابووم، بەڵام شـــەوی وا بــوو ژانی پــووک و ددان، بڕســـتیان[1] لێ دەبڕیـــم و پەنام دەبردە بەر دووکەڵی سیگار و عەتر و مێخەک. جار هەبوو بەدڵ حەزم دەکرد یەکێک بێت و هەر هەموو ددانەکانم هەڵکێشــێت و نەجاتم بدات. ژانـــی ددان لەبەر ئەوەی عەســـەبە، کار لەناو مۆخـــدا دەکات و مرۆڤ بەرەو زەلیلی و دەستەوەستان دەبات.

چەند مانگ پێش لە دوکانەکەی بەناو ددانســـاز لە بێزۆێ خلێنەیەک هەراسانی کردبووم، چووم بۆ لای و هەڵیکێشا، دوای یەک دوو سەعات هەســـتم کرد ساغەکەی تەنیشـــتی هەڵکێشـــاوە و کرمۆڵەکە لە شوێنی خۆیەتی. چوومەوە لای و ئەویشی کێشا، گوتی، باش بوو، چەند مانگی

١- بڕست، وزە و توانا، هێز و گوڕ.

دی هەر دەبوو دەریکێشیت، ئەوە نەجاتم دای. ئیتر ئەو هەڵە گەورەیەی کە کردبووی، کردی بە منەت بەسەرمدا! ئەشکەوتێکی گەورە لە لای ڕاستی زارم پەیدا بووبوو، هیچم بۆ نەدەجوورا و پارووەکانم هەر وا قووت دەدان. گوتی، تاقمێکی جوانت بۆ دروست دەکەم. پلاستیکێک بوو لەمسەر و ئەوسەری دوو قولاب بوو، دەچوونە ناو دوو ددانی ئەوبەر و ئەمبەر، زۆر بە عەزاب و ژان بوو. گوتی تاقەت بێنە عادەتی پێ دەکەی، شەقەشەقیان دەهات، هەموو جارێک لە کاتی نانخواردندا دەرمدێنا و لە گیرفانم دەنا، لەجیاتی ئەوەی نانی پێ بخۆم. پاش ماوەیەک هەردوو ددانی، کە قولاپەکانیان ڕادەگرت، ڕەش بوون و وەلەقین کەوتن.

بە هۆی ئەوەی کاک سەلاح و ئەبوو شەهاب لە دەردی دووری و دەروون و موعاناتم تێگەیشتبوون، زۆر ڕێزیان دەگرتم و بەڕاستی ئاگایان لێم بوو. هەردووکیان منیان بە شیاوی ئەوە دەزانی باسی دڵداری و ویستی ژنهێنانی خۆیان لە لام بکەن و زۆر جار بە تایبەت سەلاح لە باسی کچان و دیتنەوەی ژن بە پێکەنین و وەی وەی و لێوگەستنی دڵی خۆی لە خۆ دەکردەوە و دەیگوت، ئیتر تەواو ژن دێنم و بچن بۆ خوازبێنی!

سالار عەزیز گوتی: شۆڕش هەمووی درۆ و فشەیە

چەند ڕۆژێک بوو لە قەیوان، لای کاک سەلاح بووم، ڕۆژێکیان کاک سالار عەزیز و یەک دوویەک پەیدا بوون و لای کاک سەلاح لایان دا، وا بزانم شەویش مانەوە و دەبوو بپەڕێنەوە بۆ ئەوبەری جادە و بەرەو مەڵبەندی یەک و پاڕەزان بچن. کاک سەلاح زۆری خزمەت کردن و ڕێزی لێ نان. بەیانی کە خواحافیزییان دەکرد و بەڕێمان دەکردن، کاک سالار ڕووی لە من کرد و گوتی:

– چ دەکەی لێرە؟!

– وەڵا وازم لە کۆمەڵە هێناوە و هاتووم بۆ ئێرە. ئەدی چ بکەم شوێنی ترم نییە؟!

- بـۆ نیته، بچووەوه وڵاتی خۆتان و دەســت لەم قایشــوقوریش و تفەنگه هەڵگرە!

- ئاخر دەمكوژن، ئەوه نییه تەنانەت نەرمینی خوشكمیان گرتووه و هەموو ڕۆژێک دایک و بابم بانگ دەكەن!

- ئاخر بۆیه دەڵێم بچووەوه، خۆتیان تەســلیم بكه و با ئەم دایک و باب و خوشكەش به هۆی تووه هێنده له عەزابدا نەبن! حكومەتەكەتان هیچ عەیبی نییه و لەگەڵیدا بســازێن، ئەوەتــا ئێمه له حكومەتی خۆمان یاخی بووین، كێ قازانجی كرد؟!

- كاكــه چۆن دەكرێت بچم خۆم تەســلیم بكەمــەوه، خەڵک چیم پێ دەڵێن و خۆم چۆن قبوولی دەكەم بچمه ژێردەستی پاسداران؟!

- برا بێعەقڵ مەبه، شۆڕش هەمووی درۆ و فشەیه، كەسیان ڕاست ناكــەن و منداڵــی خەڵكی، ئــی وەک تۆ به كوشــت دەدەن، ئەوەتا ئێمه ئەوه چەند ساڵه بەم شاخانەوەین، چیمان كردووه؟ هەموو هەر كوتانی ئاسنی سارده. بڕۆ باوكەكەم خۆشت ڕزگار بكه و ئەم كەسوكارەشت!

ئیتــر زۆر هاته خــوار به ســەركردایەتیی خۆیاندا، بــه تایبەت مام جــەلال و كاک نەوشــیروان و... گوتــی، هەموو درۆ دەكــەن، تا بۆیان بكرێت ملی خۆیان و خەڵكی دی دەشكێنن!

دڵــم بەقەد دڵی چۆلەكەیەكــی لێ هاتبوو، هەر ئەوەنــده بوو لەبەر عەیبه به كوڵ له گابۆڕم نەدا، سەری هەموو كێوانمی لێ تاریک كردم.

مــن له زووەوه كاک ســالارم وەک ســەركردەیەكی شۆڕشــگێڕ و بەسام و هەیبەت دەناسی، هەرگیز پێم وا نەبوو ئاوا ڕووخاو و بێئومێده و خەڵكــی وەک من هان دەدات بۆ تەســلیمبوونەوه. بەڕاســتی ئێســتا كه زیاتر له ســی ســاڵ تێدەپەڕێت و بیر لەو قســانەی سەركردەیەكی شۆڕشی كوردەواریی ساڵانی حەفتا دەكەمەوه، دەڵێم تۆ بڵێی «ئەسپی ســووكەڵه ســواری كورد كه وەســتا، خەتای ســواران بوو یان پێش سوارەكانمان قورس و ناوەستا بوون و هەن[1]»؟!

١- ئیشاره به شیعری «بەهار هەر دێ»ی مامۆستا هێمنه.

ئەوانە ڕووخاون

هەر کە میوانەکان ئاوا بوون، کاک سەلاح دەستی لەسەر شانم دانا و گوتــی، نەکــەی بەگوێی ئەوانە بکەیت، ئەوانــە ڕووخاون و بەتەمای وازهێنانــن. باســی کۆنفرانســی کۆمەڵــەی بۆ کــردم و گوتــی، ئەوانە دەنگیان نەهێنا، هەر لەبەر ئەم ڕەوشــت و کردەوانەیان کە پێشــمەرگە ســارد دەکەنــەوە و خۆیان پێ زۆرە و بە کەمی ســەیری پێشــمەرگە دەکەن. تۆ کوڕێکی بەشــەهامەت و بنەماڵەیەکی شۆڕشــگێڕن، نەکەی ئەم قسانە کارت تێ بکەن، هەتا ئێمە هەبین ئێرە ماڵی تۆیە و چیمان بۆ کرا بەیەکەوە دەیکەین، ئێمەش هەموو خوشــک و برا و دایک و بابمان بە هۆی پێشمەرگایەتیی ئێمەوە گیراون و ئیعدام کراون، ئیتر بڵێین چی ئــەوە بەشــی ئێمەی کوردە و تۆش لە ئێمە زیاتــر نییت، ئێرەش وڵاتی خۆتە! بەم قســانەی کاک ســەلاح هاتمەوە سەر خۆ. پێش هاتنی من بۆ باشــوور، چەنــد هەفتەیەک بوو بەرزانی خوشــکەزای کاک ســەلاح لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە کارێزە شەهید بووبوو.

پرچی زەردت وەک زنجیرێ

بەرزان عوسمان ئەمین، شاعیر و هونەرمەند، دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، ساڵی ١٩٨٢ هاتبوو بۆ لای خاڵی (سەلاح چاوشین) و تفەنگی پێشمەرگایەتیی لە شان کردبوو. گزینگ خوشکەزایەکی تری کاک سەلاح و کچی نەجات خان و کاک حوسێن شیرین شووی پێ کردبوو. لەمێژ نەبوو نۆبەرە، کچێکیان بووبوو. دایکی لە شــارەوە هێنابووی بۆ یەکــەم جار باوکی چاوی پێی بکەوێــت. لە کۆمەڵگەی کارێزە، بەرزانی پێشــمەرگە لە چاوەڕوانیی هاوســەر و کچــی تازەلەدایکبوویدا دەبێت، کــە جــاش و جەیــش دەوری دەدەن و شــەهیدی دەکــەن، تەرمەکەی بەدوای ترۆمبێلی ســەربازیدا بەناو شــارۆچکەی کارێزەدا ڕادەکێشــن (١٨-١٢-١٩٨٢)، هــەر لەو کاتەدا کیژۆڵەی تازەلەدایکبوو لەگەڵ دایکیدا

دەگەنێ و ڕێک بەسەر ڕووداوەکەدا دەکەون، بە شەپۆلی ئەسرین و خوێن لەگەڵیدا دەچن بۆ ژوانی ئەبەدی. شەهید بەرزان شاعیرێکی هەستناسک و کادرێکی کارامە و خۆشەویستی ناو خەڵک و پێشمەرگە بوو. چەند نموونەی شیعرەکانی لە لایەن هونەرمەندانەوە کرانە گۆرانی و ڕەنگە کەم کەس هەبێ گوێی لەم گۆرانییە نەبووبێ، کەم کەسیش هەبێ بزانێت ئەمە شیعرێکی ناسک و جوانی شەهید بەرزانە:

پرچی زەردت وەك زنجیرێ
لە دەست و قاچم ئاڵاوە
نیگای چاوت وەکو تیرێ
ئاوتەی ڕووتی پێکاوە
چاوی کاڵ و بەسەر زاری
هێمن و مات و داماوە
بەڵام لەژێر پەردەی بینین
ناز و جادووی تێیازاوە.

٤٥

ئەبوو شەهاب ژن دێنێت

لە دۆڵپەموو، ئەبوو شەهاب، کاک ڕەفعەتی مەلا و حەمەی فەرەج و چەند کەسێکی ناردبوو بۆ خوازبێنی لای کاک قادر. ڕەزامەندی نیشان درابوو. کاک قادر پیاوێکی باش و هەمیشـــە بەرەی شۆڕش بوو، لەناو خەڵکی دێیەکەش خۆشەویست و جێی ڕێز بوو. سروە کچی کاک قادر جـوان و جەوان بـوو، کچێکی بە تەواو مانا لادێیی و ســادە و بێگەرد بوو. زۆری نەبرد لەسەر دەستی مەلایەکی قۆشمەچی و قسەخۆش لە ماڵی کاک قادر بە بەشداریی چەند کەسێکمان، سروە لە ئەبوو شەهاب مــارە کــرا، ڕۆژ بوو بە ڕۆژی ئەبوو شـــەهاب و گاڵتــە و ڕابواردن بە زاوای دۆڵپەموویبان!

ئیعدامکردنی نەرمین کەریمی

لە قووڵایی ناوچەکانی باشوور و لە گوندێکی بچکۆلانەی ناو شاخە سەختەکانی شارباژێر، لە هەموو دنیا بڕدرابووم و ئاگام لە هیچ نەبوو، هەواڵ و خەبەری لای خۆمان، لە دیوی ئێرانم زۆر کەم پێ دەگەیشت، جاروبــار زۆر بە زەحمەت و بە قرەقــڕی پاڕازیت، ڕادیۆی دێموکرات یــان کۆمەڵــەم دەگرت. ئێوارەیــەک لەگەڵ ئەبوو شـــەهاب و کوڕەکان لەبەر هەیوانەکە دەســـتم لە ڕادیۆکــە وەردەدا، ڕادیۆی دێموکرات زۆر بە ســـافی گیرا، بێژەرەکە زۆر بە حەماســـەوە باسی خەڵکی خۆڕاگری ســـابلاغی دەکرد و هەواڵی پۆلێک لاوی خوێندەوە، کە لە ورمێ ئیعدام کرابوون. هەموو گوێمان قوڵاغ کردبوو، لەناکاو گوتی: نەرمین کەریمی و ناوی چەند کەســـی دیی جەوانی خەڵکی شاری خوێندەوە، بە تاوانی هەواداری لە کۆمەڵە و دێموکرات ئیعدام کراون!

هەموو سـەرەکان سـووڕان بەرەو من و منیش حەپەسـاو و سـڕ بووبووم، هیچم پێ نەدەگوترا. ئەبوو شـەهاب ویستی دایپۆشێ و بڵێ، شـەرت نییە و با دواتر خەبەر بنێرین و زۆرتری لێ بکۆڵینەوە، ڕەنگە وا نەبێت! ئەو خورپەیەی لە دڵم هات دڵنیا بووم ڕاستە و خەڵکێکی زۆر لە زینداندا ئیعدام کراون.

من مات و پەشـۆکاو، بێقەرار لە دەروونندا، بیرم دەکردەوە دەبێ چ بکەم؟ ئەو شەوە زۆربەی پێشمەرگە و بەرپرسەکان لە دۆڵپەموو هاتن بۆ دڵنەوایی، ئەبوو شـەهاب زۆری حەول دەدا ڕادیۆکانی تر بگرێت و خەبەری تازەی دەستکەوێت، بەڵکو درۆ بێت.

یـەک دوو ڕۆژ دواتر لە هەمان شـوێن دیسـان ڕادیۆی دێموکرات باسی لە دەیان دایک و بابی پێشمەرگەی دێموکرات و کۆمەڵە کرد، کە لە سـەربازخانەی مەهاباد گیراون و دەیانەوێت بۆ سـەرووی ئێران لە دامغانیان ڕاگوێزن. زۆر بە حەماس و دەنگێکی دلێر بێژەری دێموکرات، وەک دایک و بابی پێشـمەرگە ناوی بابم؛ ئیبراهیم کەریمیی خوێندەوە، لە سەربازخانەی مەهاباد گیراون!

گیرانی دایک و بابم لەو کارەساتە گەورانە بوو، کە هەرگیز بیرم لێ نەکردبووەوە و پێم وا نەبوو بابم بتوانێت بەرگەی شتێکی وا بگرێت.

پێش ئەو خەبەرانە، دەمزانی ئەبوو شەهاب بەتەمای ژنگواستنەوەیە و ڕەنگە بۆی زەحمەت بێ بە بوونی من بەو وەزعەوە خۆ لە زەماوەند و ژنگواستنەوە بدات. دڵ و دەروونم دەکوڵی و ئارام و قەرارم نەمابوو، دەتگوت لەسەر ساجێکی پڕ لە پشکۆ ڕایانگرتووم و حەزم لە جووڵە و ڕۆیشـتن بوو. نەمدەویست ببمە هۆکاری تێکدانی ژنگواستنەوە و هاتن و شادیی کەسوکاری ئەبوو شەهاب لە کەرکووک و وەدەنگخستنەوەی ژنهێنانی.

وەک بیلبیلەی چاو دەیپارێزم

گوتــم ئەبوو؛ بوونم لێرە هیچ خۆش نییە و ئاســوودە نیم، ئیجازەم بدە با ســەردانێکی ئەودیو بکەم و لە نزیکەوە هەواڵی نەرمین و دایک و بابم بزانم. کەمێک تێراما و بیری کردەوە، سالاری حاجی دەروێشی بانگ کرد و گوتی: سالار، عەلیت بدەمە دەست دەیبەیت بۆ ئەودیو و بە ســەلامەت دەیهێنیتەوە؟! گوتی: کاک ئەبوو شەهاب وەک بیلبیلەی چاو دەیپارێزم و کاک عەلی شتێکی لێ بێت ئەوە بزانە سالاریش نەماوە!

کاک ســالاری حاجــی دەروێــش جوامێرێکی ڕۆحســووکی ئازا و وێچــوو بــوو، توندوتۆڵ و کوڕی شــاخ و دەشــتودەران بــوو، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و حازربەدەســت و ئازا و شــارەزا بوو، بەرد بە بەردی ناوچەکە، تا دەگەیشــتە ناو ســنووری ئێرانیش شارەزا بوو. لە هەموو گوند و شــوێنێک دۆســت و خزم و ناسراوی هەبوون. پێشمەرگەیەکی هەڵکەوتوو و کادری ڕێکخراوی سێی کۆمەڵە، لای ئەبوو شەهاب بوو.

ڕابواردنی ناو کۆمەڵە

ڕۆژی دواتــر بە ســەیارە لە جادەی چوارتا نزیکیــان کردینەوە، بە نــاو ڕەبایــە و پەڕینەوە لە جادەی قیر و خۆماتکردن بە ڕۆژ و بە ڕێدا ڕۆیشتن بە شەو، دوای دوو شەو گەیشتینە ئالان. دیوی ئێران خۆشتر بــوو، ئــالان پێشــمەرگەی تێدا مابوو. نەوەســتاین و بــە گەورکایەتیدا خۆمــان گەیاندە مەنگوڕان، بازاڕێکی خۆش و پڕ لە کەلوپەلی قاچاخ و قاچاخچــی لە جانداران وەڕێ خرابوون، لە خەڵک و لە هەموو کاڵایەک جمەی دەهات، لە سەلاجە و تەلەفزیۆنەوەی تێدا بوو تا دەگاتە شمشی زێڕ. پڕ بوو لە پێشــمەرگەی دیموکرات. گوتیان، لە گاگەشــی مەقەڕی کۆمەڵەی لێیە. لەناکاو لەناو بازاڕی جانداران جیبێکی ســەرئاوەڵە هات سێ چوار پێشمەرگەی حیزبی لەسەر بوو. وردبوومەوە خدرەسووری لەســەر بوو. خدر پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو، هەر لە دەسپێکی شۆڕشدا لە ڕەبەت لەگەڵ کاک سەید برایم و پێشمەرگەکانی سەردەشتدا دەبوو،

زۆر دۆســت بووین. دوای ئێمــه، ئەویــش وازی لە کۆمەڵــە هێنابوو، چووبووە ناو دێموکرات. باوەشــی پێدا کردم و زۆرمان لەیەک پرسی. ئەو دەیزانی لەگەڵ کاک کەریم دانشــیار و ســیامەندا ڕۆیشتووین بۆ عێــراق، نەیزانیبوو مــن چوومە ناو یەکێتی. خدر پێشــمەرگەی نیزامی و ئــازا بــوو، زۆری تاقەتــی تیۆری و ڕەخنە و کۆبوونەوە و شــتی وا نەبوو، زۆر دژی ئەو هەموو دیســپلین و توندوتیژی و دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە و ڕابواردنی ناو کۆمەڵە بوو، دەیگوت بابە من بۆ کۆمەڵە دروســت نەکراوم، کۆمەڵە زۆر پاکە، حەیفە من پیسی بکەم. دێموکرات کە دەیانزانی چەند ئازا و شارەزای کاری نیزامییە، یەکسەر کردبوویان بە سەرلک. خدر گوتی؛ عەلی شوێنی خۆم دۆزیوەتەوە و هەرگیز پشت لــە کۆمەڵەش ناکەم و هەر دۆســتیانم. زۆری گــوت با بچین و میوانی ئەو بم. گوتم خدر نازانم چ قەوماوە و بەس دەڵێن دایک و بابم گیراون و خوشکم ئیعدام کراوە. دیارە بیستبووی و لەبەر من قسەی نەدەکرد، لە چایخانەکەی ناو بازاڕی جانداران لیســتی ٣٩ کەســی ئیعدامکراوی لاوی سابڵاغیان هەڵواسیبوو. ناوی نەرمین و چەند ناسراوی تێدا بوو. هەروەتر لیســتی ماڵــە ڕاگوازراو و گیراوەکانیش بــە دیوارەوە بوون، لەوێش ناوی باوکم دیتەوە!

گوتیــان، کاک کەریم قــادری و براژنە مریەمــی خێزانی لە گاگەش دەژین و مەقەڕی کۆمەڵە هەر ئەم دوانەی لێ بەجێماوە. لەگەڵ سالاردا ڕوومــان کــردە گاگــەش. دوور نەبوو چەنــد هەنگاوێک بــوو، دێیەکی دڵڕفێن و کوێستان، پڕ لە لەند و شیو و لێڕەوار و گیاوگوڵی بۆنخۆش، زەمەنــدی پــڕ لە گیابەند و بیــزا، مەندۆک، کەما و خــاو هەر هەمووی تێکچــڕژاو و کوێســتانەکانی ئەو دەڤەرەیان ســەرتاپا ســەوزەپۆش و هــەزار ڕەنــگ کردبوو. زەنوێری پڕ لە شــلێر و بەیبوون و سوێســنە، وڵات سەرخۆش بوو بە بۆنی هەڵاڵان!

بە تڕی بنگۆم نەچی

بە گەیشتنمان و دیتنەوەی ماڵەکەیان (مەقەڕ) کاک کەریم قادری و براژنە مریەم منیان لە باوەشـی برایانە و خۆشەویسـتی گرت، یەکجار زۆر لەگەڵمدا بەسـۆز بوون. زۆریان پرسـیاری کاک کەریم دانشـیار و سـیامەند و خۆمیـان لـێ کـردم. دەیانزانی کاک کەریم و سـیامەند ڕەوانـەی ئەورووپا بوون. براژنە مریەم بە ڕەحمەوە دەیپرسـی ئەدی تۆ بۆ لەگەڵیاندا نەچوویت؟! گوتم کەس یارمەتیی نەدام، دەبوو هێزێک، حیزبێک بەڕێت بکەن و کەس نەبوو، شـەرتیان هەبوو بە من جێبەجێ نەدەبوو. گوتی، ئەیاڕۆ عەلی گیان شـەرتی چی؟! ئیتر براژن گیان هیچ کارێک بە خۆڕایی ناکرێت، منیش پێم نەدەدرا و بۆم نەدەکرا. وازم لێ هێنا و ئێسـتا لە لای برادەرانی یەکێتی گیرسـاومەوە. گوتی، توو خوا ئاگات لە خۆت بێت، با لە هیچ و خۆڕایی و بێکەس بە تڕی بنگۆم نەچی. بەخـوا باجـی ڕەعنا بەرگە ناگرێـت و زۆر گوناحە، چـاوی پڕ بوو لە فرمێسـک و دەستی بە گریان کرد. کاک کەریم چای داینێ و دەستمان بە جگەرەکێشـان کرد، دیار بوو خەبەری نەرمینیان زانیبوو، خەبەری گیرانـی بنەماڵەکانی پێشـمەرگە بـڵاو بووبووەوە. گوتـم خەبەرەکەم زانیـوە و لێم مەشـارنەوە، لە بازاڕی جانداران هـەردوو خەبەریان بە چایخانەکـەوە دابوو. ئـەوەم گوت هەردوو باوەشـیان بۆ کردمەوە و سەرەخۆشییان لێ کردم. گوتیان پێمان وا بوو نەتزانیوە.

وڵات شڵەژابوو

حیکایەتی بیسـتنی هەواڵەکان و وەرێکەوتنمان لە شـاربازێڕەوە بە پێیانـم بۆ کـردن. یەک دوو ڕۆژ لەو ماڵە بچـووک و فەقیرانە و پڕ لە گەرمیی باوەشـی خوشـک و برایانەی کاک کەریم و براژنە مریەم، بۆ من حەسانەوەیەکی پڕ لە خەم و دەرد و کەسەر بوو. وڵات شڵەژابوو، مەقەڕەکانـی پێشـمەرگە هەموو کۆ کرابوونەوە و تەنیا پێشـمەرگە بە گەڕۆکـی دەهاتـن و دەچـوون. خەبـەری شـەڕ و داگیرکردنی ناوچە

ئازادەکان بە دەستی پاسداران تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبوو. کاک کەریم و براژنە مریەم دەبوو چۆڵی بکەن و بەرەو ناوەندی لە ئالان هەڵکشێن. ڕۆژانە جیپ و مینیبووس هاتوچۆی شاریان دەکرد، خەبەرێکم نارد بۆ دوکانی کاکم کە وا هاتوومەوە و نزیکم، بەڵکو کەسێکیان ببینم. شۆفێری مینیبووسەکە ئاگاداری کردمەوە، کە گوتوویانە سبەی بەیانی دایکم دێ بۆ زێوە. زێوە دێیەکی مەنگوڕان بوو لە نزیک مەهاباد لەسەر جادەی سەردەشت-سابلاغ. بەیانی زوو چووین بۆ سەرجادە و لە چایخانەی زێوە چاوەڕوانی مینیبووس بووین. پێشمەرگەی دێموکرات لە هاتوچۆدا بوون. مینیبووسێک بە تەپوتۆز پەیدا بوو، لەبەر چایخانەکە ڕایگرت، جووڵام و چوومە پێش، سەراپام بوو بە تۆز و خۆڵ، چاوم هەڵنەدەهات، لەپڕ دەرگای مینیبووس کرایەوە و گوێم لە قیژەی ژنێک بوو: «ئەی گیان ئەوەتا عەلی»! بە گریان و لەخۆدان باوەشی پێدا کردم و بە زمان بنهەنگڵ و جلەکانمی دەلێستەوە و تفەنگەکەمی ماچ دەکرد، هەموو مسافر و خەڵکی دێ و سەرجادەکە هاتبوونە تەماشای ئەم ژنە پیرە، پوورە هاجەرم بوو خوشکی دایکم، بە هیچ جۆرێک لێم نەدەبووەوە، دایکم دی لە دواوە وەستاوە و بە چاوی گریان سەیرمان دەکات، هاتە پێش و گوتی هاجەر بەسە، عەلی لەوە زیاتر ناڕەحەت مەکە، عالەم هەموو چاوتان لێ دەکەن! ڕۆ بوومە دایکم و ئەویشم لە باوەش گرت، ژنێکی ئازا و بەورە بوو. هەر لەسەر قەراغ جادە و لەسەر خۆڵەکە دانیشتین و هەموو خەبەر و باسیان بۆ گێڕامەوە. دایکم بەبێ ئیجازە لە دامغانەوە لەبەر خەبەری نەرمین، باوکمی بەجێ هێشتبوو و هاتبووەوە سابلاغ، خەبەری منی بیستبوو نزیکم، لەگەڵ پوورمدا هاتبوو. باوکم لە دامغان بە خەبەری ئیعدامی نەرمین سەکتەیەک لێی دابوو، هەر لەوێ بردبوویانە نەخۆشخانە.

دایکم گوتی ڕۆڵە دەبێ زوو بڕۆمەوە و جارێ هیچ مەعلووم نییە و دەڵێن ماوە، جەنازەیان نەداوینەوە، حەسەن دەمباتەوە بۆ لای باوکت و دوعا دەکەم درۆ بێت و نەرمین مابێت!

گەر بمێنم تەنیا ئیی عەلیم

ماوەیـەک لە قەراغ جادەکە دانیشـتین، دایکم پوولـی بۆ هێنابووم، دەیزانـی دڵم بـۆ خەبەرێک لـە دەزگیران و خۆشەویسـتەکەم لە بەند دەکوڵێت. لەبەر پاراستنی لە زیندان کەس بە خەبەری ئێمەی نەدەزانی لەناو خزمان، هەر بۆیە پووریشم نەیدەزانی، دایکم لە فرسەتێک دەگەڕا باسێکی ئەویشم بۆ بکات. مینیبووس خەریکی جووڵە بوو بۆ لای شار، خەڵک سـوار دەبوون، هـەر نەکرابوو لە دایکم بپرسـم. لە لایەک هەر نەکرا بە تەنیا بین و لە لایەکی تر لەبەر خەبەری نەرمین زۆرم شەرم دەکرد و پێم عەیب بوو لەو کاتەدا خەبەری بپرسم. بە هەناسەساردی دەستم لە ئەستۆیان کرد و چوون کە سوار بن، پوورم چووە سەرێ و دایکم گەڕایەوە بۆ لام. توند باوەشی پێدا گرتمەوە و لە بن گوێم گوتی پێش ڕۆیشتنمان بۆ دامغان چووم لە زیندان دیتم، گوتی پێت بڵێم: «من لەسەر عەهدی خۆمم و گەر بمێنم تەنیا ئیی عەلیم، ئەگەریش نەمام بە عەلی بڵێ بیر لە من نەکاتەوە و ژیانی خۆی بکات». بەخوا کوڕم قامکت لەسـەر کچێک داناوە لە نەرمینم خۆشـتر دەوێـت، باوکت هەر زۆری خۆش دەوێت، شـوکور ئـەو حوکم دراوە و بە حەوت سـاڵ مەحکوم بـووە و دەبـێ چاوەڕێی کەرەمـی خولای بین و تـۆش نابێت هەرگیز فەرامۆشی بکەی. «زۆر مەردە ئەو کچە»! دایکم وای گوت بە گوێمدا.

هاتوهـاواری خەڵـک و هۆڕنلێدانـی شـۆفێر و زووکـە درەنگە، لە ئامێزی دایکمی کردمەوە و بە چاوەکانی پڕ لە ئەسـرینی دایکم، پوورم و هەموو خەڵکەکە وا حاڵی بوون دڵی لێم نابێتەوە، بۆیە ئەوەندەی پێ چوو تا سوار بێت!

باخەوانی بێسەمەر

بە کۆڵێک باری خەمەوە، بە کوورەی لە جۆشـی ئاورینگپڕژێنی دڵ و دەروونـم، بە سسـتی و لەرزینی ئەژنۆکانمـەوە، ڕێمان گرتەوە بەر بەرەو گاگەش و ماڵئاوایی لە کاک کەریم و براژنە مریەم.

ئەوانیش و مەقەڕەکەی سەرووتریان لە گوندی کارگێ ئامادە بوون بۆ چۆڵکردن و بەرەو ئالان چوون. بێهیوایی و بێئومێدی لە دار و بەرد و لە نێوچاوانی هەموو مرۆڤەکاندا بە زەقی خۆی دەنواند. هەر دەڕۆیشتین و دێ بە دێ تووشی «لەشکری شکاو و تاجری کەشتی شکست و باخەوانی بێسەمەر» دەبووین. پۆل پۆل پێشمەرگەی دیموکرات و کۆمەڵە، لەو دێ بۆ ئەم دێ بەرەو پاشەکشە دەچوون و ڕۆژانە ناوچەی داگیرکراو و مۆڵگەکانی پاسدار لەسەر بەرزاییەکان ڕووی لە زیادبوون دەکرد. بەدەم ڕێگەوە لە جانداران بوو کە تووشی هاوڕێی کۆنم، شەهید کەمال عەلیار بووم.

بە دوو شەو و ڕۆژان و هەر بە پێیان گەیشتینەوە بێژوێ.

بێژوێ هەر وەک جاران پڕ لە حەشیمەت و سەرکردە و پێشمەرگە و مەقەڕات بوو. دیسان ماڵی کاک محەمەد مەلا عەلی.

بەرەو سنوور

کۆمەڵە لە بێژوێ، تییەت، ئەشکان و مێشکەپە، کە هەموو سەرکردایەتیی حیزبە تازەکەیان؛ کۆمۆنیستی ئێرانی لێ بوو، مەقەڕات و خەڵکێکی زۆری هەبوو. هەرچی لەم چەند ساڵە لە قووڵایی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە هەیبوو، هەر لە خەستەخانە، چاپخانە، خەیاتی، جبەخانە و مەقەڕی کۆمیتە ناوچەکان، زیندان، لە شۆفڵ و ماشێن و مۆلیدەی کارەبا و... ئەوەی بۆیان دەرچووبوو ڕایانگواستبوو بۆ ئالان لەسەر سنووری عێراق، واتا باشووری کوردستان. بە هەمان دەستوور حیزبی دیموکرات لە لای سەرووتر زۆربەی هێز و قورسایی و سەرکردایەتی لە گوندی بێتووش و چەند دێیەکی وەک، هەرزنە و دوولکان کۆ کردبووەوە. هەر هەموویان لە دوو هەنگاوی سنوورە ڕەسمییەکانی دەوڵەتانی ئێران و عێراق ئۆقرەیان گرتبووەوە. تەنانەت ڕێبوارێکی بێگانەش بە زوویی لەم کەشوهەوایە تێدەگەیشت، هەر هەموو ئامادەن لە کاتی هێرشی پاسداران بە قەڵەمبازێک بپەڕنەوە

ئەوبەری سنوور و لە بەرامبەر هێرشی مەغۆلئاسای پاسداران، پەنا بەرنە بەر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی وەک بەعس، کە لەگەڵ ئێران و هەروەتر پارچەیەک لە کورددا لە شەڕدا بوو!

بێجگە لە دیموکرات و کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا، هێزگەلی وەک موجاهیدینی خەڵق، ڕاهی کارگەر، چریکی ئەقەلییەت، چریکی ئەشرەف، ڕەنجبەران و خەڵکێکی زۆری دوورکەوتوو و دانیشتوو لە حیزبەکان، هەر هەمووی میوانی ئەم ناوچە شاخاوییە و خەڵکە میواندار و میهرەبانەکەی بوون. لە هەموو ناوچەی ئالان تەنانەت چەند مەترێکیش ڕێگەی ماشێن و سەیارەی نەبوو، لەم هەزاربەهەزارە تەنیا توولەڕێی شوێن سمی ئێستر و ولاغانت دەدی، کە وەک نەقشەی مار و پەیژە بوون لەسەر تیرەگ و گەوە و لاپاڵی شاخەکان. بۆ ساتێک چاوت غافڵ بایە دەکەوتیە خوار و تا بنی دۆڵ و شێوەکە خۆت بۆ نەدەگیرایەوە و هەپروون بە هەپروون دەبوویت. لە ڕۆژی چۆڵکردن و پاشەکشەی هێزەکان بۆ ئەودیوی سنوور، خۆم بە چاوی خۆم خەڵک و ولاغم بینی چۆن کەوتنە خوار و تا لێواری چەمەکە نەگیرسانەوە.

٤٦

دەنگوباسی تازە

لــە بێژوێ تووشــی کۆمەڵێک لــە هاوڕێیانی پێشــمەرگەی ناوچەی مەهابــادی کۆمەڵــە بووم، وازیان لــە کۆمەڵە هێنابوو، ســەرگەردان و بێبەرنامــە ئــەو گوند بە ئەو گونــد دەخولانەوە. بە بینینــی یەکتر زۆر شــاد بوویــن، زۆریان پێ خوش بوو بزانن مــن چیم کردووە و بۆچی ســەرکەوتوو نەبووم لە ڕۆیشــتن و هاوڕێکانم کاک کەریم و سیامەند چۆن دەرباز بوون؟!

گوتم وا باشــە ماوەیەک لە بێژوێ لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا بمێنمەوە و یارمەتیدەریان بم بۆ ئەگەری هاتنیان بۆ باشوور.

بە ســالارم گوت، وا باشــە ئــەو بگەڕێتەوە و بچێتــەوە لای ئەبوو شەهاب و منیش چەند ڕۆژێک لای ئەم هاوڕێیانە دەبم و دەگەڕێمەوە. زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام نەیدەویســت مــن بەجێ بێڵێت، دڵنیام کرد خۆم شــارەزام و بە تەنیاش نابم. نامەیەکم بۆ ئەبوو شــەهاب نووسی و باســی ناردنەوەی ســالار و هەروەتر پاشەکشەی هێزەکانی کوردی ئێران و مۆڵگەیان لە ئالانم کرد و هەموو خەبەر و باسی ماڵێ و هێرشی دەوڵەت و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتم بۆ نووسی. بۆم نووسیبوو پێم باشە چەنــد ڕۆژێک لێــرە لە نزیکــەوە چاودێر بم و ئاگام لــە گۆڕانکاری و ڕووداوەکانــی ئێرە بێت. لێرە ڕۆژانە دەنگوباس تازە دەبێتەوە و ئاگام لە دنیا نابڕێت.

سالار بەرەو چوارتا ڕۆیشت و منیش بۆ قسە و باس و چ بکەین و چ نەکەین، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا مامەوە!

ڕۆژانــە لــە کەبابخانــە و چایخانەکــەی بێژوێ، ئــەوەی بە خەونی شەوانیشمدا نەدەهات، دەمدیت. هەر لە دایکە پێشمەرگەوە کە هاتبوون

بۆ سـەردان یان بردنـەوە و تەسـلیمکردنەوەی کوڕەکانیان، تا دەگاتە بازرگان و قاچاخچیی زێڕ و مەشرووبات.

وڵاغدارەکانی ئـالان وەعەرز نەدەکەوتن و کەسـابەتیان لە برەودا بوو، یان باریان دەگواسـتەوە، یان خەڵکی پیر و پەکەوتووی بریندار و نەخۆش. کۆگای باری وڵاغان بووبوو بە سـیمای دیاری بەر مزگەوت و دوکانەکانی بێژوێ، ڕۆژانە بە ملیۆن دینار و دۆلار و تمەن دەکڕدرا و دەفرۆشرا.

پێشمەرگەی سەرگەردان

دەیـان هاوشـاری و کۆنەپێشـمەرگەی دێموکـرات و کۆمەڵـە بـە سەرگەردانی لەوێ بوون، تەسلیم بوونەوە و گەڕانەوەیان بۆ شارەکان پێ عەیبە و ملشـۆڕکردنەوە بوو. لە لایەک شەرم و ترس لە چوونەوە و خۆهاویشتنە بەر چنگی جەللادێکی خوێنمژی وەک کۆماری ئیسلامی و لـە لایەکـی تریشـەوە سـەختیی گـوزەران و بێپارەیـی و دنیای پڕ لـە کێشـە و بێپەنایی لەم شـاخ و کێـوە و نائومێدی لـە حیزبەکان و شۆڕشـێکی چەکداریـی تەریک و بێئاسـۆ، لەناو ئەو دوو بەرداشـەدا خەریـک بوو وردوخاشـی دەکردن. زۆری تێدا بـوو بە هیوای ئازادی کوردسـتان دەستی لە خوێندنی زانکۆ و تازەکارمەندی و دایک و بابی پیر هەڵگرتبوو، دەسـتی دابووە چـەک بۆ ڕزگاری و خزمەت بە دایکی نیشتمان، بەهیوای گەڕانەوە بە سەربەرزی و لێدانی تەپڵی سەرکەوتن بەسەر ئەهریمەنی زەمانە و سەرچۆپیکێشی جێژنی ئازادی بێت، کەچی ئێستا بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتووە و یەک بەدوای یەکدا دیرەکەکانی هیوا و ئومێدی تێکتەپماو و شکاون.

ئەوەم پێ قبووڵ نەدەکرا

دەبوو هەباسـی برام ببینم، ئەو لە بێسیمخانەی کۆمەڵە لە ناوەندی بـوو، پەیامـم بۆ نارد ئـەوە لە بێژوێم و بـە زوویـی دەگەڕێمەوە بۆ

باشــوور. ناوەندی لە میشکەپە بوو، هەر بۆ بەیانی هەباس هات. دوای هەواڵی دڵتەزێنی ئیعدامی نەرمین و گرتنی دایک و بابمان، هەردووکمان پێویستیمان بەم دیدارە بوو. هەباس زۆر لە نەرمین نزیک بوو، بەدوای یەکدا هاتبوون و زۆرتر هاوڕێ بوون. زۆر کز و غەمبار بوو، لەســەر ئــەم حاڵــەش نیگەرانی من بوو، زۆر دەترســا بە چەکــەوە و بە تەنیا لەنــاو ئەو هەموو ئاڵۆزی و کەس بە کەســییەدا دێم و دەچم. ڕاســتی دەکــرد، تەنیــا من بە چەک و ڕەختی خۆمەوە، هەر وەک پێشــمەرگەی جــاران دەردەکەوتــم، بەبێ ئەوەی ناســنامەی هیــچ حیزبێکم پێ بێت! زۆری حــەول دەدا بــڕۆم بۆ دەرەوە، لەگەڵ ناوەندی کۆمەڵەدا باســی کردبــوو؛ کــە ناکرێت عەلــی وا بە تەنیــا بمێنێتەوە و وا باشــە بەڕێی بکەن. گوتبوویان عەلی بەڕێ بکەین بە دەیان پێشمەرگە و دانیشتوو لە کۆمەڵەش چاوەڕوانیان دەبێت. با بێت لە دەوروبەری ناوەندی بۆخۆی دانیشــێت و دەیپارێزیــن. مــن هەرگیز ئەوەم پێ قبــووڵ نەدەکرا بەبێ ئیشوکار لە دەوروبەری سەرکردایەتی دانیشم و هیچ نەکەم!

یــەک دوو ڕۆژ هەباس لام مایەوە و زۆرمان باس لە وەزعی خۆی و خــۆم و کۆمەڵــە کرد. هیچمان بۆ نەدەکرا، نە من دەگەڕامەوە بۆ ناو کۆمەڵە و نە ئەو وازی دێنا، نە هیچمان بۆ دەکرا دەربارەی ماڵەوەمان لەو دۆخە پەرێشانەی، کە ئێمە سەبەبکاری بووین.

گرتنی ئالان

چەند ڕۆژێک لەگەڵ کوڕەکانی دانیشتووی کۆمەڵەدا لە بێژوێ بووم و زۆرمــان قســە و بــاس و چی بکەین کــرد. بەیانییەک لەنــاکاو ڕزگار خەبەری هێنا لە هۆملی پشــت بێژوێوە هێرش بۆ ســەر ئالان دەستی پێ کردووە، هەر واش بوو، دەنگی تەقە و تۆپ و هاوەن دەهاتە ناو دێ. چەند پێشمەرگەیەک ڕۆیشتبوون بۆ پێشگرتنیان، ئاڵۆزی و هەرچیوپەرچی بە هەموانەوە دیار بوو، هەر کەســە قســەیەکی دەکرد، هەر زوو دەرکەوت هێــزەکان بەتەمای بەرگــری نین و زۆر زوو ئالان بەدەســتەوە دەدەن.

هەرچی هێزی کۆمەڵە بوو خەریکی ڕاگواستن و لە فیکری دەربازبوونی سەرکردایەتی و خۆیاندا بوون. موجاهیدین تەواو شێوا بوون و هەموو شتەکانیان بۆ دەرباز نەدەبوو. کەلوپەلی زۆریان لە ڕووباری کەڵوێ هاویشت و زۆر شتیان تەقاندەوە. خەڵکی دیکەش، هەر کەسە سەری داخستبوو، شۆڕ دەبووەوە بەرەو تییەت و سەر چەمەکە.

بە کەمال و سولەیمان و چەند کەسی تری دانیشتووی کۆمەڵەم گوت وەرن دەتانبەم بۆ ئەودیو و لە دێهاتی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دەحەوێنەوە. وەڕێکەوتین دێ بە دێ بەرەو چەم بڕۆین، تەنیا من چەکم پێ بوو. لە یەک دوو شوێن تووشی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا و ئەوانی دیکە بووین، لە هۆملەوە لە دوورەوە دەماندیت شەڕ و هاتنەپێشی هێزەکانی حکومەت و هاوەن و تۆپبارانی خەست بەردەوام بوو. هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی دارێژراو نەبوو بۆ ئەوەی خەڵک و پێشمەرگە بە ڕێکوپێکی و شێنەیی پاشەکشە بکەن، هەر کەس بۆخۆی بوو. کەس بەرنامەی نەبوو بۆ کوێ دەبێت بچن، هەموویان تەنیا یەک شتیان دەزانی؛ بەرەو چەم و پەڕینەوە و کوردستانی عێراق!

کەوتنەخوارەوەی هێسترێک

بەرەو تییەت، ئەو چەند کەسە بە توولەڕێیەکی شوێن سمی وڵاغاندا بە پاڵ یاڵێکەوە دەڕۆیشتین، کاروانی وڵاغدارانی موجاهیدینی خەڵق بە باری ڕادیۆکەیان و چەکدارەکانیان لە پێشمان بوون، لەناکاو جسمێکی گەورە خلۆر بووەوە بۆ خوارێ و تەپوتۆز بڵیند بووەوە. نزیک بووینەوە، کابرای وڵاغدار دەگریا و جەماعەتی موجاهیدینیش دەسەبەئەژنۆ لە سەر ڕێیەکە دانیشتبوون و چاویان لە دۆڵەکە و گوێیان لە هاژە و گرفەی چەمەکە گرتبوو، دوای سڵاو و ماندوونەبوونی، دیار بوو ئێسترێکیان بە بارەوە هەڵدێردرابوو، تا ناو چەمەکە نەگیرسابووەوە. کەسمان هیچمان پێ نەدەکرا!

بە پاڕانەوە و پارە، بە کەڵەس پەڕاندیانینەوە بۆ ئەوبەری چەم، لە

شـــوێنک دەیانپەڕاندینەوە لـــە خواروی تییەت، لەناو خاکی باشـــوور، گەرووپەکی چەو و خڕکەبەرد بوو، کە بە ساڵیانی زۆر ئاو دایدڕیبوو، وەک داڵانێکی لێ کردبوو، بە ملیۆن گاشـــەبەرد و خڕکەبەرد ڕۆیشتنی بەســـەریاندا گەلێک زەحمەت کردبوو، هـــەر بەم دۆڵەدا دوای ماوەیەک جادەیەکـــی ڕوخـــاو و وێران هەبـــوو، کە دەچـــووەوە گەلاڵە و قامیش. هەمـــوو ئـــەم دێیانـــە لە لایـــەن ڕژیمی عێراقـــەوە دوای پێکگەیشـــتن و مۆرکردنی پەیماننامەی شـــوومی ئەلجەزایر لـــە نێوان ئێران و عێراقدا، ڕووخاو و وێران کرابوون.

ڕادیۆکەی دێموکرات

لـــە نزیک گەلاڵە پردێکی کۆنکرێتیی جادە تەواونەکراوەکە هەبوو، تا ڕادەیـــەک پـــان و دووروودرێژ بوو، کۆمەڵە باروبنـــەی لەوێ بە عەرزدا دابوو. دەفتەری مامۆســـتا لە ســـەرووتر یەک دوو خێمەی بۆ مامۆستا و منداڵانـــی لـــێ دابـــوو، کەمێـــک ئەولاتر حیزبـــی دێموکـــرات خەریکی چادرلێـــدان و دامەزراندنـــی ڕادیۆکەیـــان بوون. لە پانتایـــەک کەمتر لە کیلۆمەترێک سەدان کەس و چەندین حیزب و هێزگەل پەنایان گرتبوو، دوای ئەو هەموو ســـاڵە ئاخر نوقتـــەی ناوچەی ئازادی ڕۆژهەلات واتا ئالانی مەکۆی جوانی و خزمەت بە لێقەوماو و پێشـــمەرگەمان لە پشت ســـەر بەجێ دەهێشـــت و بە یەکجاری لە خـــاک و ولاتی خۆمان دوور دەکەوتینـــەوە. ئەو پێیەی کە بڕیم لەو خاکە، ئەوە ئێســـتا بۆ ســـیوپێنج ساڵ دەچێت، نەکرا بۆ تەنیا هەنگاوێک و چرکەیەکیش پێی تێبنێمەوە!

مـــن دەیـــان جار بـــەو ســـیمە نەفرینلێکـــراوەی، لـــە دوورەوە بۆنی مەرگ و کارەســـاتی لێ دەهات، لەمدیوی ســـنوور بۆ ئەودیو خۆم پێ هەلاوەســـیبوو و پەڕیبوومەوە، ئـــەوێ ڕۆژێ هەرگیز بە بیرمدا نەهات و بە خەونی شەوانیشـــمدا نەدەهات ئەوە دەبێتە ئاخر جارم و ئیتر من بـــۆ ئـــەم خاکەی باب و باپیرانـــم دەبمە بێگانە و دوژمنەکانیشـــم دەبنە خاوەنماڵ!

بەرد لە جێی خۆی سەنگینە

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە دەزانم برینی ئەم دابڕانە چەند بە سۆ و ئازارە و کورد گوتەنی؛ بەرد لە جێی خۆی سەنگینە و هەر ئەوەندە هەڵقەندرا، ئیتر ئەم قورساییەی جارانی نامێنێت!

زۆر جاران بیر دەکەمەوە و بە خۆم دەڵێم؛ باشە من بە خۆم ڕادەپەڕمووم و دەزانم هەرگیز بۆنی ئەم خاکە فەرامۆش ناکەم، دواتر دەڵێم ئەدی کێ دەڵێت ئەو منی لە بیر دەمێنێت و ئەو ڕۆڵەیەی خۆی لە یاد ناکات، دوای ئەو هەموو ساڵە تۆ بڵێی بمناسێتەوە و جارێکی دی لە باوەشم گرێتەوە؟!

ئەوێ سەعات و ڕۆژێ، من لەبەر کوێرەوەری، بێکەسی، غەمباری و بێلانەیی خۆم، دەڕۆیشتم ئۆغر و تەنانەت ئاوڕێکم نە لە دایکی نیشتمان و نە لە دایکی خۆم دایەوە و لەژێر زنجیر و کۆت و کەڵەمەی داگیرکەری دڵ پڕ لە قین، بە تەنیا جێم هێشتن!

برسێتی و ڕێگەڕۆیشتن برستی لێ بڕیبووین، نە ماڵە جوتیارێک، نە مزگەوتێک و نە چایخانەیەکی سەر ڕێ بوونیان هەبوو. تەنیا پێشمەرگەی حیزبەکان و سەدان باری بە عەرددادراویان بەدی دەکرا، ئەوان بەشی خۆیان شتومەک و پێخۆریان پێ بوو، دەماندیتن لە پەنا پرد و دارستان پشوو دەدەن و نان و چا دەخۆن، بە تەنیشتیاندا گوزەرمان دەکرد و پێمان عەیب بوو لادەین، یان داوای خواردن لە لەشکری شکاوی پێشمەرگەی حیزبەکان بکەین، بە تایبەت بۆ لادان لە لای پێشمەرگە و مەقەڕەکانی کۆمەڵە زۆرمان پێ عەیب بوو، ئەوان وەک دانیشتوو و چەکدانان چاویان لە ئێمە دەکرد و لایان پەسەند نەبووین.

لەگەڵمدا نەبیت، دوژمنمی

لەناو کولتووری حیزبە سیاسییەکان و بە تایبەت ئەوانەی وڵاتی ئێمە، دیاردەی «لەگەڵمدا نەبیت، دوژمنمی» بەداخەوە تا ئێستاش

حوکـم دەکات. ئێمــە هەمان کورە باش و ئازاکانــی دۆینێی ناو کۆمەڵە بووین و لەسەر هەڵوێست یان هەر شتێکی دی، تەنانەت ماندوو بووین و ئەمــرۆ لەگــەڵ کۆمەڵەدا نەماویــن، یان جیاوازیــی بیروباوەڕمان لا دروست بووە، یەکسەر دەخراینە ڕیزی دوژمن تا ئەو ڕادەیەی نەکرێ داوای قومێـک ئاویان لێ بکرێـت. تەنانەت ئەمڕۆش، ئەو کولتورە هەتا سەرئێسقان بەرگری لە تیۆری سەقەت و نامرۆڤانەی «لەگەڵمدا نەبیت، دوژمنمی» دەکات.

دەبــوو ڕێ ببڕیــن و خــۆ ڕزگار بکەیــن و دوور بکەوینــەوە لــە دامەزرێنەرانــی بــەردی بناغــەی ئۆردووگاکانی پێشــمەرگەی کوردی ڕۆژهــەڵات، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژی دەیان ســاڵە. ئەو ڕۆژە کە بە تەنیشــت ئەو دار و خێمانەی هێشــتا هەڵنەدراوی یــەک بەدوای یەکی حیزبەکانــدا لــە ســەفرە و زەروون، گــوزەرم دەکــرد و بــە لاچاوێک سەیریان دەکردم، هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ئەوە دەبێتە دەسپێک و بناغەدانانی کەمپ و ئۆردووگای پێشــمەرگەکان لە وڵاتێکی دراوسێ و تەنانەت ڕۆژ بە ڕۆژ دەگوازرێنەوە بۆ قووڵایی خاکی باشوور!

هەردوو هاوڕێی ســەفەرم کەمال و ســولەیمان، لەگەڵمدا هاودەنگ بــوون لە هیچ کام لەو کۆگایانەی پێشــمەرگە و حیزبــەکان کە بەدیار شتومەکی ڕاگوازراوی مەقەڕەکانیان لەسەر جادە خۆڵەکە دانیشتبوون، لانەدەین و تەنانەت ورکەنانێکیش داوا نەکەین.

بــەرەو گەلاڵە و هەموو گونــدە خاپوورکراوەکانی ئەو دەڤەرە، ڕێی پڕ لە هەوراز و نشــێومان گرتە بەر، بە برســێتی و سستی هەنگاومان دەنا. بۆ من حەوت مەخزەن و تفەنگەکەم بووبوونە بەشێک لە جەستەم و لێک جیا نەدەکرانەوە و بۆ ساتێکیش ئامادە نەبووم لە خۆمیان دوور بخەمەوە.

ئاوایی سەرگەڵوو

ئێــوارە درەنــگ، بە توولەڕێیەکی پڕ لە دارســتان و چنار و کانی و ئاوەوە گەیشــتینە ئاوایی سەرگەڵوو، شــوێنی مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشــتمانی. لــە ماڵی کاک مســتەفا ســەرگەڵوویی، پێشــمەرگەی کۆنی یەکێتــی لامان دا و بە تەواوی حەســاینەوە، میوانداریيەکی گەرموگوڕ کراین. ســەرگەڵوو پڕ بوو لە ئاشــنا و پێشمەرگە و بەرپرسی یەکێتی، کە هەموویان بۆ من دۆست و هاوڕێ بوون.

ماملێ بوو بە کێشە

سولەیمان و کەمال بەنیاز بوون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا شوێنێک ببیننەوە و لە یەک لەو گوندانە ماڵ دانێن، دوور لە حیزبایەتی، بۆ خۆیان بژین و چاوەڕوانی قەزاوقەدەر و ڕووداوەکان بکەن. خەڵکی باشوور هەر ئەوەندە دەیانزانی سولەیمان خزمی هونەرمەند محەمەدی ماملێیە، زۆریان ڕێز لێ دەنا و چاوەڕوان بوون یەکسەر گۆرانییان بۆ بڵێــت. هەرچی دەیگوت بابە من دەنگم خۆش نییە و دایکم خێزانی کاک محەمەدە، فایدەی نەبوو. دەیانگوت ئیلا تۆش دەنگت خۆشــە و دەبێت بۆمان بڵێی!

ســولەیمان کوڕی شەهید ئەســعەد خودایار بوو، یەک لە چالاک و کادرەکانی ساڵانی ١٩٥٠ و زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات، دواتر دێتە ناوچەی قەڵادزێ و لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و ســولەیمان موعینی و ســەدیق ئەنجیریدا وەک کادرێکی حیزبی دێموکرات لە تێکۆشاندا بوو، ئەحمەد تۆفیق گومانی لا دروست دەبێت و لە نزیک سونێ بە پیلانێکی ناجوامێرانــە و دوور لە ئەخلاق، لە ناوچەی ژێردەســەڵاتی شۆڕشــدا تیــرۆری دەکــەن. خێزانــی، باجی ئامیــن بە خــۆی و دوو منداڵەوە کە یەکیان ســولەیمان بــوو، گەڕانەوە بۆ مەهاباد. دواتر شــووی بە کاک محەمەدی ماملێ کرد.

ئەوان لە بناری ئاســۆس لە ناحیەی مەرگە ماڵێکیان بە کرێ گرت،

مەمەد حەسەنخاڵیش لەگەڵیان کەوت، بۆ ماوەیەکی لە مەرگە بەیەکەوە نیشتەجێ بوون. مەرگە دەکەوتە نزیک ئاوەژێ، کە تازە بووبوو بە شوێنی مەقەڕی کاک نەوشیروان و زۆر جار سەر ڕێ و گوزەرم بوو. زۆربەی پێشمەرگە و ناسیاوەکانمان کە لە کۆمەڵە دادەنیشتن، سەردانی ئەو ماڵەی سولەیمان و مەمەد و کەمالیان دەکرد و منیش زوو زوو بۆ سەردان دەچوومە لایان.

٤٧

له خەیاڵێک زیاتر

دوای هاتنــەوەم بــۆ باشــوور و ماڵئاوایی له کەمال و ســولەیمان، له ســەرگەڵووەوە گەڕامەوە قەیوان بۆ لای کاک ســەلاح چاوشــین و لەوێشەوە بە ڕێیان کردمەوە بۆ لای ئەبوو شەهاب لە دۆڵپەموو.

دوای ئــەو ســەفەرە پــڕ لــە هــەوراز و ڕۆیشــتنە، بــە پێیــان لــە شــارباژێڕەوە بــۆ مەهابــاد و ئەوجــار گەڕانــەوە، وردەوردە وڕ و کاســی بەری دەدام و حاڵی دەبووم، چی بەســەر خۆم و کەســوکارم هاتووە! تووشــی ڕاچڵەکانێک بووبووم، ئــەوەی بیرمان لێ دەکردەوە، کە لــە ماوەیەکی کورتدا کۆماری ئیســلامی و خومەینی دەڕوخێنین و بە ســەربەرزی دەچینــەوە و هەموو ئازادی و مافەکانمان دەســتەبەر دەکەیــن، ئــەو حکومەتە بەرگەی ســێ ڕۆژ ناگرێت، جگــە لە خەون و خەیــاڵ و لێکدانەوەیەکی ســادە، هیچــی دیکە نەبووە. ڕاســتی ئەوەیە شۆڕشــێک کراوە و حکومەتێکی کۆنی وەک پەهلەوی ڕووخێندراوە و یەکی پیستر و جەللادتر و زۆر دوور لە بنەماکانی ئینسانی و مافەکانی مرۆڤ، ئیســلامێک بە تامی ســەردەمی جاهیلییەتی ســەردەمانی زوو، جێگیر کراوە، بۆ کردن بە قەڵغانێک دژی سۆڤییەت و کۆمۆنیستی. بەم زوانــە دەســتبەرداری نابن و زۆریان کار پێیەتــی، ئێمەش تازە دەبێت یان ئەوەتا لەسەر دەستی ئیسلام تۆبە بکەین و بگەڕێینەوە باوەشیان، یــان دەبێــت ژیانی ئاوارەیی و دوور لە نیشــتمان هەڵبژێرین و خۆمان ئامادە بکەین، بۆ ساڵیانی ساڵ ڕووی گەشی دایکی نیشتمان نەبینینەوە. من ڕێگەی دووەمم هەڵبژارد و بۆ یەک چرکە تەنانەت بە مێشکیشــمدا نەهات بگەڕێمەوە ناوشار و پشت لە هەموو خەون و ئامانجەکانم بکەم.

سێبەری یەکیتی

دیسان باوەشی گەرمی پێشمەرگەکان و ئەبوو شەهاب بە ڕوومدا کرایەوە و بە گەیشتنەوەم وام هەست کرد گەڕاومەوە ماڵی گەرمی خۆم. لەو ماوەیەدا ئەبوو شەهاب، سروەی هاوسەری گواستبووەوە و ماڵیان هەر لە ناو مەقەڕ بوو. پیرۆزبایی گەرموگوڕم لێ کردن و دیار بوو ئەبوو شەهاب، زۆر باسی منی بۆ سروە کردبوو، بەڕاستی سروەش بۆ من وەک خوشکێک وا بوو و ئێستاش هەر وایە.

بە درێژایی مێژووی پەیوەندیم لەگەڵ یەکێتیدا، هەرگیز ئیلتیزامی حیزبیم نەبووە و ئەوانیش چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نەکردووم. من کەسێکی عەزیز و جێی ڕێزبووم بۆیان و ئەوانیش بۆ من هەروەتر، بۆیە لە کۆبوونەوە فەرمی و کۆنفرانسەکاندا بەشداریم نەدەکرد، ئەوکات من تەنیا سەرپەنایەکم دەویست و ئەوان بۆ من باشترین بوون. هەمیشە لە بەرچاویان بوو کە کاتی خۆی لە ٧٩-١٩٧٨ ئێمە یارمەتی و دۆستایەتیمان کردوون و ئێستاش ئەوە منم پێویستیم بە یارمەتیی ئەوانە. ئەوەندەشم دەزانی لەناو هەر کۆمەڵگە و خەڵکێکدا بۆ ئەوەی سەربار و زیادە نەبیت، باش وایە بۆ تێربوونی ورگیش بێت ئەوەندە کار و جووڵە بکەی و خۆت دوور نەگری لە ئەرکی ڕۆژانە، بە تایبەت لەناو پێشمەرگە، کە هەر هەمووی خۆبەخش بوون، دەبوو خۆیان لێ جیا نەکەیتەوە. ئێمە لە کۆمەڵە بەوە ڕاهاتبووین هیچمان لە هیچمان زیاتر نیین و دەبێت لە حەرەسیات و خەفەریات و ئەرکەکانی ناو مەقەڕ و چەکهەڵگرتن و کەمین و هاتوچۆدا هاوڕەنگی جەماعەت بین، لە لایەکی دیکەوە بە ئەزموونی خۆم دەمزانی ئەوانەی خۆیان جیا دەکەنەوە، یان لە شەڕ و کەمیندەرکردن خۆ وەدواوەدەخەن، زۆر خۆشەویست و لەبەردڵانی ئەوانی دی نابن!

حەمەجەزا دەنگ و خواردنی خۆش

لە شەڕەکانی جود و پارتی، پیکابێکی شینی بەرزی تۆیۆتا کەوتبووە دەستی پێشمەرگەکانی مەقەڕەکەی ئەبوو شەهاب. سەیارەیەکی زۆر تۆکمە و توندوتۆڵ بوو، بە دار و بەردیدا سەردەکەوت، بۆ ئەم شاخ و کێوە زۆر باش بوو، زۆر جاران لەگەڵ ئەبوو شەهابدا پێی دەچووین بۆ ئەملا و ئەولا؛ بۆ قەیوان لای کاک سەلاح، بۆ چنگیان لای کاک وەهاب و کاک ئاوات، لای کاک دانا و شۆڕش ئیسماعیل، یان ئەوەتا دەچووین بۆ باراو لای کاک حەمەجەزا و هاوسەرە میهرەبان و دەسترەنگینەکەی، هەموو لە زمان کاکە حەمەوە پێمان دەگوت «خەپە». کاک حەمەجەزا بۆخۆی دەستی بالای هەبوو لە لێنانی خواردنی زۆر خۆش و بە دەنگە زوڵال و هەست بزوێنەکەیەوە، زۆر جاران تا بەیانی لەم شاخ و کێوە میواندارییەکی وەها گەرمی لێ دەکردین، ئەوە زیاتر لە سیوپێنج ساڵە بیر ناچێتەوە!

حەمەجەزا لەو هونەرمەندانە نەبوو کە دەبوو هەمیشە دەعوەت بکرێن و بە ئەرکی خەڵکی دەزانن خزمەتکرێن و لای سەرەوە دابندرێن، بەڵکو ئەو خۆی زۆر حەزی لە میوانداری و خزمەتی دۆست و هاوڕێیانی دەکرد، دەستودڵێکی ئاوەڵە و سەغیتەبیعەتی هەبوو، لەو هونەرمەندگەلە نەبوو کە تەنیا دەعوەت دەخۆن و کەس لە دەستیان نان ناخوات، بە پێچەوانەوە ئەو سفرەی ماڵەوەی زۆر ئاوەدان و پڕ بوو.

حەولی دروستکردنی حزبی تازە

لەو ماوەیەدا لە دۆڵپەموو، دەمبیستەوە تێکۆشەران و پێشمەرگەی دێموکرات و کۆمەڵە دوای پەرینەوەی هێزەکانی کوردی ئێران بۆ خاکی باشوور، گلەیی و گازەندەیان زۆرە و دادەنیشن، هەر کامیان بە هۆیەکی حیزبی و تەشکیلاتی، یان بەرنامە و ئایدیۆلۆژی، لە حیزبەکان جیا دەبنەوە. حەولی دروستکردنی حیزبی تازە هەبوو، بە قسەی

خۆیان بۆشایی نێوان دیموکرات و کۆمەڵە هەیە و دەبێت پڕ بکرێتەوە. زۆربەیـــان دەهاتن بۆ لای یەکێتی و حەولی دیتن و دانیشـــتنیان لەگەڵ مـــام جەلال یـــان کاک نەوشـــیروان دەدا. لـــە لایەکی دیکـــەوە هەرچی تودەیـــی و کۆنگرە چواری و چریکی ئەکســـەرییەتی هەبـــوو، لە تاران و شـــارەکانی ئێران دوای ئەو هەمـــوو هاوکارییەیان لەگەڵ ڕژیمدا، کە کاری پێیـــان نەمابـــوو ڕاوی نابوون و زۆربەیانـــی زیندانی یان ئیعدام کردبوو، بەشێکیان دەرباز بووبوون بۆ باشوور و پەنایان بردبووە لای حیزبی شیوعی و پارتی.

کاک نەوشیروان بانگی کردم

ڕۆژێک، کە لە ئاوەژێ بووم، کۆمەڵێک لەو برادەرانەی دیموکرات و کۆمەڵەم دی، هاتبوون و داوای یارمەتییان لە کاک نەوشـــیروان دەکرد بـــۆ دروســـتکردنی حیزبێکی تازە. قســـەم لەگەڵدا کردن و پرســـیاریان کـــرد مـــن چ دەکەم؟! گوتم لە لای یەکێتی جێ و ڕێم هەیە، بڕواشـــم بە حیزبی تازە نییە و بەم کەســـایەتییانەش بۆمان دروســـت ناکرێت! ئەی وای تێـــدا بـــوو تا دوێنێ هەتا ســـەر ئێســـقان دژی دیموکرات بوو، یان کۆنـــە کۆمەڵە وتاری دەنووســـی لە ڕادیۆ دیموکـــرات بە دژی کۆمەڵە، دیموکراتی تێدا بوو لەســـەر قسەیەک بە دوکتۆر قاسملوو لێت ڕادەسا و ئێســـتاش ئەوە لە لای کاک نەوشـــیروان دەڵێت دوکتـــۆر دیکتاتۆرە. زۆرێک لەم خەڵکانە، تاکە شت، بێزارییان لە دیموکرات و کۆمەڵە کۆی کردبوونەوە. کە ڕۆیشـــتن کاک نەوشیروان بانگی کردم و گوتی، عەلی ئەوانـــە کێـــن و بۆ وازیـــان هێناوە؟! ئەوەی دەمزانی و پێم ڕاســـت بوو بـــۆم بـــاس کرد و بە ڕاشـــکاوی گوتم ئەمانـــە نـــە ئاڵتەرناتیڤی حیزبی کۆمۆنیســـتی ئێرانن و نە حیزبی دیموکرات! قســـەکەمی بەدڵ بوو، دیار بـــوو هەرچەنـــد زۆر بە حیزبی کۆمۆنیســـتی ئێران تـــووڕە بوو، بەدڵ حەزی دەکرد هەڵوەشـــێتەوە، بەس هیچ یارمەتیی ئەو خەڵکانەی نەکرد و هیچ وەعدێکی پێ نەدابوون. بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەڵاتی

یەکێتـــی بڵاوەیان کـــرد و زۆربەیان لە کاریزە، یـــەک و دوو بەیەکەوە ماڵیـــان دانـــا. دواتر زۆربەی ئەوانـــە بە هیممەتـــی کاک ئەمیر قازی لە ســـویدەوە بە یارمەتیی سەرداری جاف، کە ئاوەڵزاوای بوو، لە ڕێگەی بەغداوە گەیشـــتنە ئەورووپا و چەند کەسێکیان لە ڕێی تورکیا گیران و چەندێکیش خۆیان تەسلیمی ئێران کردەوە.

ئەوەی بیرم ناچێتەوە

یـــەک لـــەو شـــتانەی هەرگیـــز بیـــرم ناچێتـــەوە کوڕێکـــی فەقیـــری پێشمەرگەی کۆمەڵەی ناوچەی بۆکان بوو، دێ بە دێ پرسیبووی تا لە دۆڵپەموو هاتە لام، گوتی لە لای تۆ دەبم و هەرچی تۆ بڵێی وا دەکەم. زۆرم حەول دا بڕواتەوە ناو کۆمەڵە، ڕازی نەبوو. دەیگوت لە کوێ بی لـــەوێ دەبم. تاهیر لە مەقەڕی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە دۆڵپەموو لامان مایەوە و پێشـــمەرگەیەکی زۆر خۆشەویست و لەبەردڵان بوو. هەموو جەماعەت دەیانگوت «پێشـــمەرگەکەی کاک عەلی». دواتر کە من لەوێ نەمابـــووم و ڕۆیشـــتبووم، لەگەڵ ڕزگاری ژنبرای ئەبوو شـــەهابدا، کە بووبوونە هاوڕێ، دەچن بۆ سەردانی ماڵی بابی لە ناوچەی بۆکان، زۆر بەداخەوە هەردوو لە نزیک بۆکان، دەکەونە کەمینی جاش و پاسدارەوە و هەردوویـــان شـــەهید دەبن. لە ســـاڵانی دوای دووهەزارەکاندا، کە لە سلێمانی بووم، یەک دوو جار بە هۆی هۆشیاری برا گەورەی سروەوە، باوکـــی لـــە بۆکانەوە هـــات بۆ لام، بـــە یارمەتیی دەزگای شـــەهیدان و شاهیدیدانم لەسەری و هێنانی وەرەقەی پشتگری لە ئەبوو شەهابەوە، بە یارمەتیی کاک شۆڕش ئیسماعیل و شێخ کامیل لە دەزگای شەهیدان، مووچەیەکی باش بۆ ئەو کات، وەک پێشمەرگەی شەهیدی بۆ بڕایەوە، وەک بزانم ئێســـتاش هۆشیار لەگەڵ شـــەهیدانەی ڕزگاری برایدا، بۆی وەردەگرێت و بۆی دەنێرێت.

کەرەپیاو یان کەڵەپیاو

هەر لەو سەروبەندەدا بوو، لەگەڵ ئەبوو شەهاب چووینە لای کاک نەوشیروان، یەک دوو ڕۆژ ماینەوە، ڕۆژێکیان چەند سەرۆکعەشیرەت و پیاوەماقووڵی خۆشـناوەتی هاتن و کاک نەوشـیروان لەگەڵیاندا زۆر بە ڕێزەوە دەجووڵایەوە. لە بەڕێکردنیان لە بەر مەقەڕەکەی لە ئاوەژێ بە پیاسە لەگەڵیاندا تا سەر جادە چوو، ئێمەش لە پشتەوە لەگەڵ چەند کەسێکیاندا دەڕۆیشتین. یەکیان بە زاراوەیەکی خۆشی هەولێری گوتی: بەخـوا برا ئەم نەوشـیروانە عەجەب «کەرە پیاوەێکـە»! یەکەم جارم بوو شـتی وا ببیستم و هەر سەرم لێ سووڕ مابوو چۆن لە بەرچاوی ئێمە وا بە کاک نەوشـیروان دەڵێت؟! هێندەی نەمابوو بەگژیدا بچمەوە. سـواری سـەیارەکانیان بوون و ڕۆیشتن. لە گەڕانەوەدا بۆ لای مەقەڕ گوتم: کاک نەوشـیروان یەکیان زۆر بێحورمـەت بوو! گوتی، بۆ عەلی ئەوانـە زۆر پیاوی گەورە و دەسڕۆیشـتووی ناوچەی هەولێرن! گوتم ئاخر گوێت لێ نەبوو لە پێشـێ دەڕۆیشـتی یەکیان گوتی نەوشـیروان «کەرەپیاوە»! پێکەنی و گوتی جا ڕۆڵە خۆ تاریفی کردووم. ئەوەندەی دی سـەرم لێ ئەسـتوور بوو، خەریک بوو چاوەکانم دەرپەڕێن! گوتی ئـەوە نەیگوتـووە «کەرەپیاو» گوتوویەتـی «کەڵەپیاو» لـە لەهجەی هەولێـر «ڵ» دەکەنە «ر». ئەوجار کە بە کەسـێک دەڵێن «کەڵەپیاو» ئەوە ئیتر ئەوپەڕی ئازایەتیی ئەو کەسە دەگەیەنێت!

لە بەرزایی شاخ دەترسێ

کاک نەوشیروان، بە ئەبوو شەهابی گوت چەند سەر حەیوان بکڕن و لەگـەڵ عەلیـدا بە ئاسۆسـدا بچن بـۆ گەلاڵە و قامیش و سـەردانی هەموو هێزەکانی کوردی ئێران بکەن. لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەستەکەی ئەبوو شـەهابدا دە سـەر حەیوان کڕدران و بە پشـت ئاوەژێ و کانی توودا سـەرکەوتین بۆ سـەری ئاسـۆس. لە ڕێگە من و ئەبوو شەهاب زۆر بەکاوەخۆ دەڕۆیشتین، هەموو بەجێیان هێشتین و لەسەر ترۆپکی

ئاسـۆس چاوەڕوانیـان دەکردیـن. چەند هەنگاوێکمان مابوو بۆ سـەر لووتکەی شاخ، لەناو بەردەلانێکی سەختدا ئەبوو شەهاب بە لادا کەوت و هەر ئەوەند گوتی دەسـتم بگرە. هەرچۆنێک بوو دامنیشاند، نە ئاوی لێ بوو، نە دەنگم دەگەیشـتە پێشمەرگەکان، تێیگەیاندم فۆبیای بڵێندایی هەیـە، بۆیـە زەختی دابەزیوە، دوای چەند خولەکێک ڕاسـت بووەوە و بەکاوەخۆ سـەرکەوتین. زۆر لە پێشمەرگەکان تووڕە بوو، کە ئاوڕیان نەداوەتەوە بزانن چیمان بەسەرهات، بە گاڵتە و فشقیات تووڕەبوونمان لە بیر بردەوە و گوتمان بڵێین چی تۆ لە بەرزایی شاخ دەترسی؟!

بۆ خوارەوە شۆڕ بووینەوە و تا مەقەڕەکانی جەماعەت نەوەستاین، سـەری هەموویانمـان دا، پۆلا و مریەم چادرێکیـان هەبوو، لە ڕادیۆی دێموکرات کاریان دەکرد، سەری ئەوانیشمان دا.

لە شەرمان و لە گەرمان

گوتیـان، باجی ڕەخشـندە خوشـکی گەورەی شـەهید سـولەیمان بللوری قاچاغ بووە، هاتووەتە دەر و لای کۆمەڵەیە، پرسیم و نیشانیان دام. ژنەکان لە ژێر پردەکەی جادەی گەلاڵە بوون. ئەبوو شەهاب گوتی، هەر دەبێ ببینم و بچۆ بزانە نایبینیەوە. نزیک بوومەوە هەر لە زارکی پردەکـەوە تا بنـەوە تاریک و ژنە زاو و پەککەوتوو و نەخۆشـی تێک خزابوون. فەقیری و داماوی و بێئیمکاناتی لەناو ئەم خۆڵ و بەردە، بۆ کـوڕ و پیاو کوێرەوەریـی و مەینەتی بوو، جا چ بگات بە ژنی نەخۆش و بەسـاڵداچوو، بەبێ خوراک و پێخەف! وەسـتام و ڕامام، لە لایەکەوە شـەرمم لەو هەمـوو ژن و منداڵ و هەرایە دەکـرد و لە لایەکی ترەوە دەبـوو بـە گاگۆڵکە چووبامە ژێـر پردەکە. بە دەیان ژن ڕاکشـابوون و ناڵەیـان دەهات، هەریەک بـە هۆکارێک. سـەرم دانەواند و وەژوور کەوتـم، پرسـیم باجی ڕەخشـندە لێرەیـە؟ بۆ نەگبەتی گوتیـان لە بنی پردەکە، لای سـەری سـەرەوە نەخۆشـە ڕاکشـاوە. لە شـەرمان و لە گەرمان تەواوی لەشم شەلاڵی ئارەقە بوو، هەرچۆنێک بێت بە پێلێنان و

خوشـــین، به ببووره ببووره خۆم گەیاندە ئەوسەری پردەکە. چەند ژن بەم گەرمایە لە ژێر بەتانی ڕاکشابوون، یان خەوتبوون. بە باجە باجە، ڕەخشندەم دیتەوە و هاتینە دەر. ئەبوو شەهاب کە خوشکی سولەیمانی ئاوا بە نەخۆشی دیت، زۆر خەفەتی خوارد. گوتی عەلی، نابێت ئاوا لێرە بەجێـی بێڵین و لەگـەڵ خۆماندا دەیبەین. براژنــە مریەم و کاک کەریم قادریــش لــەوێ بوون، زۆر مانــدوو و نەخۆش بــوون. چووم بۆ لای کاک ســەید برایم و داوای ئیجازەم بۆ کــردن لەگەڵ خۆماندا بیانبەین. کاک ســەید برایــم زۆری پێ خۆش بوو، گوتی هاوکاریی باشـــی ئێمە دەکەن، ناتوانین بەڕێیان بکەین بۆ مەقەڕی ســـلێمانی، ئەگەر وا بکەین، دەبـێ هەموویان بنێریــن، ئیجازەمان نادەن و مەقەڕی ســلێمانی جێی ئەو هەموو کەســـانەی تێدا نابێتەوە، زۆریش مەمنوون دەبم، بە تایبەت باجە ڕەخشــندە بەرن، لەبەر ئەوەی زۆر نەخۆشـــە. کوڕە گەورەکەی ئیدریــس عەزیمــی، ئەویــش هاتبوو چەکــی هەڵگرتبــوو و بووبوو بە پێشــمەرگەی کۆمەڵە. زۆر بە هەست و ئیحساســەوە پێداگریی دەکرد لەسەر درێژەپێدانی ڕێگەی خاڵی، شەهید سولەیمان بللوری. بیستبووی لە کاتی شـــەهیدبوونیدا مــن لەگەڵیدا بووم، بە پرســیاران دایگرتبووم. هەموو حەولی بۆ ئەوە بوو تفەنگەکەی شەهید سولەیمانی بۆ ببینینەوە و بزانیــن کەوتــە دەســتی کێ. حــەزی لەوە بــوو بڵێ تفەنگــی خاڵمم هەڵگرتووە و ناهێڵم وەعەرزی بکەوێت. پرسیم و دەمزانی تفەنگەکە لە ناوچەی مەهاباد چەند دەستاودەستی کردووە و خوا دەزانێت ئێستا لە کام مەفرەزەی گەڕۆکی ناو وڵاتدا بە کێیە! زۆرم حەول دا بە قسەکردن ئەو مەراقەی بۆ نەهێڵم و بۆی بســەلمێنم تفەنگ پارچە ئاسنێکە و هیچ فــەرق ناکات، ڕێباز و درێژەپێدانی مەرامی خاڵی گرنگە. ئیدریس لەناو دەستە پێشمەرگەی موکریان جێگیر بووبوو و لەگەڵماندا نەهات بیبەین بــۆ لای خۆمــان. بەداخــەوە دواتر لــە چوونەوەیەکی پێشـــمەرگەکاندا بــۆ ناوچــەی مەهابــاد، ڕۆژی ١٣ی پوشــپەڕی ١٣٦٤ (١٩٨٦/٧/٤) لە شــەڕێکی نابەرامبەر، لەگەڵ پاســدار و بەکرێگیراوانی ڕژیمی کۆماری

ئیسـلامیدا شەهید دەبێت. ئیدریس بە شەهیدبوونی، کاروانی شەهیدانی بنەماڵەی بللوریی گەیاندە ترۆپکی خۆی، ئەو لە شـانزە سـاڵیدا هاتبوو بـۆ هەڵگرتنـەوەی چەکی خاڵی و لە هەژدە سـاڵیدا گەیشـتە کاروانی شەهیدان.

لەگەڵ ئەبوو شەهاب و پێشمەرگەکان و کاک کەریم قادریدا، براژنە مریـەم و باجـی ڕەخشـندە، بەرەو سـەرگەڵوو و دوڵـەڕووت ڕێمان داگـرت. ڕێگە دوور و هەوراز بوو، بۆ باجی ڕەخشـندە زەحمەت بوو دەرچێت، ولاغدار هاتن بۆ شارباژێر دەچوون، ئەبوو شەهاب ولاغێکی بۆ ڕەخشـندە بـە کرێ گرت، ئەوانی دی هیچیان نەیانویسـت و بە پێ لەگەڵماندا هاتن.

تەسبیح هەڵدەسووڕێنن

لـە ڕێ ئێمـە لـە ولاغـدارەکان دوا کەوتبووین، لـە ولاغلوو باجی ڕەخشـندەیان لای دوکانەکان دابەزاندبوو، دە دیناریان لێ وەرگرتبوو، پەلەیـان بووبوو، ڕۆیشـتبوون. چیـی وای نەبرد ئێمەش گەیشـتین و باجیمان دیت لە سـەر بەردێک دانیشـتووە و چاوەڕێـی ئێمەیە، ئەبوو گوتـی، ئـەدی کوا ولاغدارەکان؟ باجە گوتـی، پەلەیان بوو دە دیناریان لێ وەرگرتم و ڕۆیشـتن. ئەبوو هەر ئـەوەی گوێ لێ بوو وەک بۆمب تەقییەوە و پڕ بەو دێیە جنێوی دەدا. بە نەبەزی مەسئوول مەفرەزەکەی گوت؛ غاردە ئەو سـەگبابانە بگەڕێنەوە. ئەوجـار ڕووی کردە باجی و زۆر بـە توندی پێی گـوت عەیبە تۆ پـارە دەدەی. ئیتر زۆرمان حەول دا کاکـە هیـچ نەبووە، ئەبوو شـەهاب بـۆ وا دەکەی؟ فایـدەی نەبوو. ڕەخشـندەی بێچـارە کە یەکـەم جاری بوو دەهات بۆ باشـوور و ئەم ناوە، حەپەسابوو و دەیگوت باشە بۆ وا دەکەیت؟ باشە بمدەوە! لەناکاو ئەبـوو شـەهاب دە دیناریەکـی دەرهێنا و ئاگـری دا، ئیتر هەموو ئەو خەڵکە لێمان کۆ بووبوونەوە و سەیریان دەکردین. ڕەخشندە زۆر تێک چوو، زۆرم دڵخۆشـی دایەوە و گوتم لە بیرت نییە شـەهید سولەیمان

دەیگوت ئەبوو شێتە؟ ئەوە هەمان شێتەکەی شەهید سولەیمانە و لەدڵی مەگرە. لە خۆشەویستییانی بۆ ئێوە پێی ناخۆشە دەستت بۆ گیرفانت بردووە و پارەی ولاغدارەکەت داوە. ئیتر ئەو کارە مەکە و تۆ میوانی ئەوی! نەبەز گەڕایەوە، نەگەیشتبووە ولاغدارەکان و ئاوا بووبوون. گوتم باش بوو نەتانهێنانەوە، دەنا بەخوا فەلاقەی دەکردن! ئەبوو شەهاب ئەوکات لە شارباژێر ناوبانگی بوو بە تووڕەیی و ئازاردانی قاچاخچی و عەسکەری فیرار! دەیگوت «باشە ئەوانە نە کار بۆ شۆڕش دەکەن و نە بۆ حکومەت، نێرەکەرانە زەلام زەلام لە ناو دێ تەسبیح هەڵدەسووڕێنن و بێناموسی دەکەن و چاو لە ئافرەتان دەکەن، تەمبەڵ و تەوەزلن، ئەوانە لە شۆڕشگێڕی نییە هەلاتوون و سەربازی ناکەن، بەڵکو لە هیچوپووچی و بێغیرەتییانە». زۆر جار لەناو گوندەکاندا کۆی دەکردنەوە، ئاودەستی پێ دروست دەکردن، یان پێی خاوێن دەکردنەوە. خاکەنازی دەدایە دەستیان و جادەی پێ خۆش دەکردن، ئیتر بەلایەک بوو بەسەریانەوە، زۆر جاریش شکایەتیان دەگەیاندە لای مام جەلال و ئەبوو بانگ دەکرا بۆ سەرکردایەتی. دەیانگوت جارێک بەنیاز بووە بچێت بۆ سەرکردایەتی، لە شارباژێرەوە دەنێرێت باری دوو ولاغان لە شارەوە هەرچی شتی خۆشە و مام جەلال پێی خۆشە بۆی دەکڕێت و ڕێ دەکەوێت. لە ئالان لای بێتووش، تووشی تەتەر دەبێت لە مام جەلالەوە بۆ ئەبوو شەهاب، گۆیا شکایەتی لێ کراوە و بانگ کراوە بۆ سەرکردایەتی، ئەویش کە ئەوە دەزانێ، بە پێشمەرگەکان دەڵێت لادەن و ئیستراحەت بکەن. چەند ڕۆژ دەست بە شتان دەکەن، هەر هەمووی دەخۆن و لەداخان هیچ بۆ مام جەلال نابات.

تۆ یەکێکم بەرێ

گوتیان کە لە شارەزوور بەرپرسی لق بووە، دەعوایەکی دوو بنەماڵە دێتە لق، کچێک هەڵگیراوە و ماڵی باوانی کچە داوای خوێن دەکەن و دەڵێن کراوە بە ژن. ئەبوو شەهاب یەکسەر دەیبڕێتەوە،

کـه ماڵـی کوڕه چوار هەزار دینـار بدەنە ماڵی کچـە. داد و بێداد بڵێند دەبێـت، ئەی هاوار چۆن چوار هەزار دینار؟ ئەوکات گۆیا یەکجار زۆر بووە. خەڵک کە دەبینن قسەکردن لەگەڵ ئەبوو شەهابدا فایدەی نییە و پێداگـری لە حوکمی خۆی دەکات، پەنا دەبەنە بەر کاک حامیدی حاجی غالی، بەرپرسی عەسکەریی لق. لە بارەگای لق هەموو کۆ دەبنەوە، پڕە لـە پیـاوی ماقووڵ و ماڵی کچ و کـوڕ. کاک حامید دەڵێت؛ ئەبوو چوار هەزار یەکجار زۆرە، خۆ ژنهێنانی ڕەسـمییش چوارسـەت پێنجسـەت دیناری تێناچێت. زۆر شێر و ڕێوی دێننەوە، ئەبوو ڕازی نابێت و دەڵێ زۆر نییە. کتوپڕ لە ئیسراری کاک حامید تووڕە دەبێت و دەست دەداتە جانتاکەی و چوار هەزار دینار دەردێنێت، فڕێی دەداتە پێش کاک حامید و دەڵێـت، ئەگەر ڕاسـت دەکەیت ئەوە چوار هـەزار دینار و تۆ یەکێکم بەرێ!

بە جلوبەرگی خۆیانەوە

کاک کەریـم و براژنە مریەم، بۆ ماوەیەک لە مەقەڕەکانی یەکێتی لە سەرگەڵوو و هەڵەدن و ماڵی دۆستان، ئیستراحەتیان کرد و دوای ئەو هەموو گواسـتنەوە و پاشەکشـەیە بۆ باشـوور و بێ خەو و خۆراکی، مەجالێکی باش بوو بۆ ئەوەی بێنەوە سـەرخۆ. باجی ڕەخشـندە زۆر نەخـۆش و بێتاقـەت بوو، بردمانـە قەیوان بۆ لای دایکی کاک سـەلاح چاوشـین. چەنـد ڕۆژێک مایەوە و کاک سـەلاح نـاردی نەجات خانی خوشـکی لە شـارەوە هات، لەبەر ئەوەی هیچ ناسـنامە و ئیجازەیەکی نەبـوو، نەجات خان جلـی خۆیانی بۆ هێنابوو، بردی بۆ شـار لە ماڵی خۆیان. زیاتر لە مانگێک باجی لە ماڵی نەجات خان و هاوسەرەکەی (کاک حوسێن شیرین) و منداڵەکانیان مایەوە، لەو ماوەیەدا ئەم ماڵە هیچ نەما لـە خزمەت و جوامێری و دەوا و دەرمان و دوکتۆر بۆی نەکەن، وەک خوشـکێکی خۆیان، بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە میوانداریيان لێ کرد. دۆستایەتییەکی گەرم لە نێوانیاندا دامەزرا و ئێستاش هەر بەردەوامە.

٤٨

شتێکی زۆر تازە

لەگەڵ ئەبوو شەهابدا گەڕاینەوە دۆڵپەموو، هەڵبەت جەولەی ئەبوو شەهاب لەناو هەموو یەکێتیدا ناوبانگی هەبوو، قۆناغ بە قۆناغ بە لادان لە لای دۆست و هاوڕێیان چەند ڕۆژی پێ دەچوو، دێ بە دێ لایدەدا و خۆی بە عەرزدا دەدا و هاوڕێکانی بەسەر دەکردەوە. گوتی، سامان گەرمیانی ژنی هێناوە، با بچین لە گەرمیان سەردانی بکەین. هاتوچۆی پێشمەرگە بە سەیارە زۆر بووبوو، تەنیا کێشە پەڕینەوە لە جادەی قیر بوو، ئەویش شەوانە و بە کەمیندەرکردن دەکرا. جەولەی پێشمەرگە بە سەیارە یەکجار خۆش و خێرا بوو. لە کرپچنە کاک سامان، تازە تارا خانی گواستبووەوە،ماڵێکی بچکۆلانەی خۆشیان هەبوو، مەقەڕی تیپەکەشی هەر لەو ناوە بوو. یەک دوو ڕۆژ ماینەوە و زۆرمان ڕێز لێ گیرا. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا ڤیدیۆم دیت، بە تەلەفزیۆنیان ڕەبت دەکرد و فیلمی خۆشیان پێ نیشان دەداین. دیار بوو، لە کەوتنە بازاڕی ئەم ئامێرە ئاگادار نەبووم و لە ئێران نەمدیبوو، شتێکی زۆر تازە بوو، کەم هەبوو و گرانیش بوو. لە گەڕانەوەمان بۆ شارباژێر بە ئاوایی حەمەی کەرەمدا هاتین و لای شێخ جەعفەر لامان دا، دیسان خزمەت و خواردنی خۆش. ئاوایی حەمەی کەرەم لە قەراغە و بنەماڵەی شێخ جەعفەر مستەفا خەڵکی ئەوێن.

پاڵەوانێتیی پێشمەرگە

کە شەڕی قڕناقە و پشتئاشان لەسەر دەستی کاک نەوشیروان بە سەرکەوتوویی تەواو بوو، مام جەلال بۆخۆی لە ناوزەنگ بەرەو دەشتی هەولێر هاتە خوار و بە بەشداریی دەیان تیپی پێشمەرگە

له دەشــتی هەولێر، فەرماندەیی شــەڕێکی گەورەی کرد. لەم شــەڕەدا هێزەکانــی ئەنــوەر بەگی بێتواتە بە تــەواوی تەفروتونا کران و هەموو موڵک و دیوەخانی ئەنوەر بەگ لە بێتواتە بە دەستی خەڵک و پێشمەرگە داگیر کران و لەناوچوون. پێشــمەرگە چەک و تەقەمەنیی زۆری کەوتە دەست. ئێستاش بەرقییەی تیپەکان و کاک نەوشیروان و مام جەلال کە لە ڕادیۆی شۆڕش بۆ یەک لێدەدران و بە حەماسەوە لە قورگی فەرهاد ســەنگاوی و بێژەرەکانی دیکەی ڕادیــۆوە دەخوێندرانەوە، دەمخاتەوە یادی پاڵەوانێتیی پێشمەرگە.

دوای ئــەو شــەڕە، مام جــەلال هەر لە دەشــتی هەولێــر مایەوە و نەگەڕایەوە بۆ ســەرکردایەتی لە ناوزەنــگ، لە تەکیەی زیخان مەقەڕی دانا و ناوچەیەکی بەرفراوان کەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. تا دەهات ورە و دەســەڵاتی پێشــمەرگە زیادی دەکرد و بە هۆی شکســتی یەک لەدوای یەک، لە شــەڕی ئێران و سەرکەوتنەکانی یەکێتیی نیشتمانی لە ئازادکردنی ناوچە داگیرکراوەکان، ورە و تواناکانی جەیشــی سەدام لە کورتیی دەدا و پاشەکشەی پێوە دیار بوو.

مــام جەلال و شــێخ دارای حەفید لــە ســیتەک، خوازبێنیی مەریەم خانیان بۆ کاک سەلاح چاوشین کرد، دوای ڕازیبوونیان، مارەبڕین کرا و کاک سەلاح بوو بە خاوەن دەزگیران.

هەی مریەمێ مریەمێ

لەگەڵ ئەبوو شــەهاب و کاک ســەلاحدا لە شارباژێڕەوە بە سواری پیــکاب بۆ چوونــە لای مام جەلال، ڕێی دەشــتی هەولێرمان گرتە بەر. پێشــمەرگەکان لە پشــتی پیکاب بە خۆشــی و گۆرانیگوتن، تەپوتۆزی ڕێیــان بەســەردا دەباری، فێــرم کردبــوون گۆرانیی هــەی «مریەمێ مریەمێ» بۆ کاک ســەلاح بڵێن. یەک لە خۆشــترین ئەو سەفەرانە بوو کــە کردبێتم. لــە ڕێ بیرەمان پەیدا کرد و دەمانخواردەوە، بە شــادیی کاک سەلاح و چوونی لای مام جەلال و ئازادبوونی ئەو هەموو گوند و

ناوچەیە، تەواو کوردستانێکی ئازادم لای خۆم وێنا کردبوو، ئاخر زۆر جار بە کوڵ گریابووم و ئەژنۆی غەریبی و بێکەسیم لە باوەش گرتبوو، دوای ماوەیەکی زۆر یەکەم جار بوو بزەی شادی گەڕابووەوە بۆ سەر لێوانم و بەدڵ شــاد بووم بەم ســەرکەوتنانەی پێشــمەرگە لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان.

بە سەرخۆشی هاتوون

بە دڵێکی خۆشــەوە گەیشتینە بەر مەقەڕی زیخان، ماڵی مام جەلال لەنــاو تەکیەکە بوو، بــەر دەرگا و دەرەوەی ماڵەکەی پڕ بوو لە خەڵک و پێشــمەرگە، دابەزیین و مام جەلال بــەرەو پیرمان هات، هەموومانی مــاچ کــرد، گوتــی: حەی! خــۆ بە سەرخۆشــی هاتوون بــۆ لام! ئەبوو شەهاب گوتی، تەنیا بە خۆشیی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەسەر ئەم جاشــانەدا هێناوتانە، لــە ڕێ بیرەیەکمان خواردەوە. فەرمووی ژووری لێ کردین و زۆر قســە کرا. دواتر لە هەســتاندا، هەریەکەمان بە دیاری بیرە و بوتڵە ویسکیی پێ داین. داوای لە کاک سەلاح کرد بێتەوە دەوام و وەک پاســەوانی تایبەتــی خــۆی لەگەڵیدا بێت. لە کاتــی خواحافیزیدا پێشــمەرگەیەکی مــام بە پەلــە هات و پاکەتێکی بــۆ ڕاگرتم. گوتم ئەوە چییــە؟! گوتــی، پارەیــە مام بۆ تۆی نــاردووە. بەبێ کردنــەوە و بزانم چەندی تێدایە، گوتم عەرزی بکە لە لای ئەبوو شەهابم و لە هیچم کەم نییە و ناردمەوە. دواتر ئەبوو شــەهاب و کاک ســەلاح، کە پێیان زانی زۆر تووڕە بوون و گوتیان ئەوە یەک بێعەقڵ ببینین پارەی مام جەلال بگەڕێنێتەوە! باشــە بۆ نەتدا بە ئێمە، کێ خوا دەیداتێ لەم دەشــتە مام پــارەی بــۆ بنێرێت؟! دیار بوو مام دەیزانی من لە کەســوکار دوورم و ڕەنگــە پێداویســتیم هەبێت، بەس من هەرگیز جگە لــە بابم، تا ئەوکات پــارەم لە کەس وەرنەگرتبوو. زۆرم شــەرم دەکرد، هەڵبەت عەقڵم پێی نەشکا، ئەوە کارێکی گونجاو و شایستە نییە پارە بۆ کەسێکی وەک مام جەلال بگەڕێنێتەوە!

جەمال تاهیر

ئێوارە چووینە مەقەڕی دوکتۆر کەمال خۆشناو بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر لە بالیسان. میوانداریيەکی خۆشی لێ کردین و هەرچی مام پێی دابووین، شەو خواردمانەوە. ئەو چەند ڕۆژە کە لەو ناوە و لای دوکتۆر کەمال بووین، بەداخەوە بە ڕووداوی وەرگەڕانی سەیارە، ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەران جەمال تاهیر شەهید بووبوو. دوای ئەو هەموو سەرکەوتنانە، ئەم ڕووداوە زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو.

لە بیرم نەماوە بە چەند ڕۆژ و قۆناغ گەیشتینەوە دۆڵپەموو. دوای یەک دوو ڕۆژ، لەگەڵ ئەبوو شەهاب و مەفرەزەیەک لە پێشمەرگەکان، (بۆ من وەک یەکەم جار)، بە قزلەردا خۆمان بە شاردا کرد. کە گوتیان ئەمشەو مەفرەزە دەکەین بۆ شار، زۆرم پێ خۆش بوو، لام وا بوو هەر وەک سەردەمی مەهاباد و لای خۆمان دەچین بۆ ناوشار و چالاکییەکی پێشمەرگانە دەکەین و بە باوەشێک دەسکەوتەوە دەگەڕێینەوە. ئەوکات نەمدەزانی و تەنیا دوایان دەکەوتم، ئێستا دەزانم بە تاریکی هاتووینە لای شەستی و لەوێڕا ڕۆیشتووین بۆ ناو گەڕەکەکانی ناو شار. ماڵێکی زۆر خۆش و دەوڵەمەند و زێڕنگەر بوون، لە خزمان و تایفەی ئەحمەدی زێڕنگەر، یەک بەدوای یەکدا، بە ئەسپایی و بێدەنگی خۆمان بە ژووردا کرد. بە پەلە ناردیان لە نادی موهەندیسین کە ئەوکات بۆ کەباب و خواردنەکانی زۆر ناوبانگی هەبوو، یەک سینیی گەورەیان کەباب و گۆشت هێنا. وەک مەڕی گێژ هەر سەرم دێنا و دەبرد و لێی تێنەدەگەیشتم، ئەدی کەی دەچین چالاکی دەکەین و لە مەقەڕێکی دوژمن دەدەین؟! هەر دەهات و شەو درەنگ دەبوو، بەزمی خواردنەوەش داندرابوو، هەر پێشمەرگەی لە سووچێک بە لادا کەوتبوو. زوو زوو پرسیارم دەکرد، ئەرێ ئەبوو، درەنگ دەبێت، کەی دەڕۆینە دەر لە شار؟! گوێی نەدەبزووت، دەیگوت بێخەم بە خۆم ئاگام

لێیەتی! گوتی ئەوە بۆ تەلەفۆنێک بۆ حوسێنی برات ناکەی لە سوید؟! زۆرم بە لاوە سەیر بوو. گوتم بۆ دەبێت؟! ئەی بۆ نابێت، هەستە ئەو تەلەفۆنەی بۆ بێنن. ڕۆژژمێرێکی زۆر بچووکی باخەڵم پێ بوو، چاوم لێ کرد، ژمارەی حوسێنم دیتەوە و وەک خۆی یەک بەدوای یەکدا ژمارەکانم سووڕاند، کەمێک چاوەڕوان بووم و دەنگێکی دوور لەوسەرەوە بەرز بووەوە، ئەلوو ئەلوو حوسێن لەوێیە؟! بە دەنگی بەرز حوسێن... حوسێن... دەنگەدەنگێک دەهات تێنەگەیشتم، چیی وای پێ نەچوو دەنگی حوسێنم بۆ هات و ناسیمەوە. حوسێن گیان عەلیی براتم! عەلی گیان چۆنی؟! ئەوە لە کوێی؟! گوتم لە سلێمانیم و ئەوە لەگەڵ ئەبوو شەهاب ئەمشەو هاتووینەوە. زۆرمان قسە کرد و ئەبوو و خاوەن ماڵ و هەر هەموو بە خۆشیی منەوە قسەیان لەگەڵدا کرد. یەکجار دڵم خۆش بوو کە گوێم لە دەنگی حوسێن بووەوە. خەبەری دایک و باب و ماڵەوەی پێ دام کە هەر وا لە دامغان دەسبەسەرن و دایکم بە ئیعدامی نەرمین هەر وا بێتاقەت و غەمبارە.

دەنگ مەکە مفاوەزاتە

شەو تەواو درەنگی کردبوو و بەرەو بەیانی دەچووین، زۆر نیگەران و شڵەژابووم، بۆچی ئەبوو ناجووڵێت و خۆی بە عەرزدا داوە، بەیانی دێن هەمووومان بە دەست دەگرن! لەناکاو گوتیان وەڵا بچن سەروپێی دوکانی فلانەکەس بێنن، دەڵێن زۆر خۆشە. شەهید ئەوڕەحمانی حەمەی فەرەج، گورج خۆی گۆڕی و جلێکی مەدەنیی کردە بەر و لەگەڵ خاوەنماڵ ڕۆیشت. هێندەی پێ نەچوو بە مەنجەڵێک سەروپێوە گەڕانەوە. لە نیگەرانی و نەزانینم نە ئۆقرەم هەبوو، نە نانم پێ خورا. دوای نانخواردن ئەوجار ئەبوو شەهاب بڕیاری دا ئیستراحەت بکەین و بنووین. هەر هەموو ڕۆژەکە لەم دیوەخانە نوست، ئێمەش هیچ نازانین، هەموو دەستیان بە چوونە حەمام و جل و خۆشۆرین کرد، یەک دوو جار ڕێکخستنی ناوشار هاتن و چوون لەگەڵ ئەبوودا سرتوخورتیان

کرد. ئێوارە بە تاریکی قەمەرەیەکی جوانیان هێنا و لەگەڵ ئەبوو و یەک دوویەکی دیدا ڕاگوازراین بۆماڵێکی لەو ماڵە خۆشتر. دیسان خزمەت و خواردن و خواردنەوە. سەرەنجام دوای ئەوەی هەستی پێ کرد زۆر نیگەرانم، بە گوێمدا گوتی دەنگ مەکە بەس کاک فەریدوون عەبدولقادر لە بەغدایە و مفاوەزاتە، قەرارە لەگەڵ حکومەتدا پێک بێین. تێگەیشتم هەر بۆ ئەوەش لە زیخان چووینە لای مام جەلال و بە ئەبووی گوتبوو، ئەویش ئەوەی دەزانی، بۆیە وا بێخەم خۆی بە شاردا کردبوو.

فەرەیدوون نێردرابوو بۆ بەغدا

دواتر زانیم چەند ڕۆژ پێش ئەوەی بچین بۆ لای مام جەلال، دوکتۆر قاسملوو لە لای بووە و پەیامی ڕازیبوونی سەدامی بۆ مفاوەزات لەگەڵ یەکێتیدا هێناوە بۆ مام جەلال و نێوەندگیریی باشی کردووە بۆ پێکهاتنی یەکێتی و حکومەت. یەکێتییش بۆ نییەتپاکی و ڕازیبوون، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی خۆی کاک فەرەیدوونی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوودا ناردبوو بۆ بەغدا.

ئەمشەو بە ئەمشەوی ئەبوو شەهاب بۆ چوونەوەی دەرەوەمان زیاتر لە دە شەوی خایاند. لە شاخ و لای بەرپرسانی یەکێتی بڵاو بووبووەوە، ئەبوو شەهاب لەگەڵ فلان کەس و کێ و کێدا ون بوون. ئەبوو کاتێک خۆی ئاشکرا کرد لە ناوشارین، کە تەپڵی مفاوەزات لێ درابوو، لیژنەی تەنسیق لەگەڵ حکومەتدا لە کەرکووک پێک هاتبوو، شەهید شوانی کەرکووک و کاک ئاوات عەبدولغەفوور لە یەکێتی، نوێنەری لیژنەی تەنسیقی مفاوەزات بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی یەکێتی، لە هەموانی قەدەغە کردبوو بەبێ ئیجازە و کاری پێویست و لیژنەی تەنسیق، بێنە ناو شار، هەتا ئەنجامی مفاوەزات، بەڵام ناو شارەکان پڕ بووبوو لە پێشمەرگە.

مەرگی تۆفیق وەهبی

هەر لەو سەروبەند و دەسپێکەی مفاوەزاتدا بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ (٥-١-١٩٨٤) هەواڵی کۆچی دوایی توفیق وەهبی بەگ لە لەندەنەوە گەیشت. خۆی وەسیەتی کردبوو لە چیای پیرەمەگروون ئەسپاردەی بکەن. مام جەلال کاری بۆ کرد و تواندرا کەلک لە هەلی مفاوەزات وەرگیرێت و بە ڕێی ئاسمان و بەغدادا، دوای چەند ڕۆژ تەرمەکەی بێننەوە بۆ کوردستان و لە چیای پیرەمەگرون بە خاکی بسپێرن. ئەو ڕۆژە بە دەیان و بگرە زیاتر، لە پیرەپیاوان و ئەدیب و شاعیرانی کورد، لە بەغدا و شارەکانی دیکەوە هاتبوون بۆ بناری پیرەمەگروون. کاک سەلاح چاوشین ئیتر وەک پاسەوانی تایبەت لەگەڵ مام جەلالدا بوو، لەگەڵ ئەبوو شەهابدا بە پیکابەکە تا توانیمان ئەو پیرەمێردانەی زۆر بە زەحمەت و هانکەهانک لە هەورازەکە سەردەکەوتن، بۆ لای گۆڕەکە نزیک بکەینەوە. بە سەدان خەڵک و پێشمەرگە لە ماڵئاوایی تۆفیق وەهبیدا بەشدار بوون. چەندین وتار لە زمانی ئەدیب و شاعیرانەوە خوێندرانەوە، لەناو هەمواندا وتارە پڕ لە حەماسەکەی مام جەلال و شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس بۆ ئەو سەردەمە دەنگیان دایەوە. ئەوە یەکەم دەربڕینی دەنگی ئازادی بوو، دوای ئەو هەموو ساڵە لە سەرکوت و زەبروزۆری دەزگا تۆقێنەرەکانی بەعس، لە فەزای مفاوەزاتدا کۆمەڵانی خەڵک بیستیان.

٤٩

عەبدولستار تاهیر شەریف

وەســتا کەریم قەمەرەیەکــی کۆرۆنای هەبوو، ئەبوو شــەهاب لێی وەرگرت، چوو لە دۆڵپەموو لەگەڵ ســرووەی تازەبووکدا گەڕایەوە شار و یەکســەر چوو بۆ کەرکووک و ماڵی باوان، دوای ئەو هەموو ســاڵە، لەوێشــڕا بووکی بردە بەغدا بۆ «شــهر العســل» (مانگی هەنگوینی) و ماڵی خوشــکی، کە خێزانی شــێخ ستار تاهیر شــەریفی وەزیر بوو، لە حکومەتی عێراق.

پێشتر نەمدیبوو کورد دشداشەی لە بەر بکات

لــەو ماوەیــەدا بۆ یەکەم جار شــاری کەرکــووک و گەڕەکی ئیمام قاســم و ڕەحیمــاوام بینــی، ماڵــی کاک برایمــی برای و دایکــی ئەبوو شــەهاب لــە خانوویەکی زۆر کۆنــی گەڕەکی ئیمام قاســمدا بوون. لە کەرکــووک کولتوورێکی تــا ڕادەیەک جیاواز هەبوو، پێشــتر نەمدیبوو کورد دشداشــەی لــە بەر بکات، بــۆ یەکەم جار کە ئەبوو شــەهاب لە ماڵــی خۆیــان چوو بۆ ژوورێکــی دیکە و بە دشداشــەوە هاتەوە دەر، هــەر ئەوەندە بوو نەپســام لە پێکەنین. گوتی بــۆ پێدەکەنی؟ ئێمە هەر وایــن. ئیتر زمانەکەشــیان تێکــەڵ دەبوو، جار بــوو عەرەبی و کوردی و جاریش بوو تورکمانی. زۆربەی خەڵک بە هەر ســێ زمان قســەیان دەکرد. ئەوکات زۆر کەم هەستم بە جیاوازی و ڕق و کینە لە نێوانیاندا دەکرد، تەنیا شتێکی زەق هەبوو یەک دوو گەڕەکێکی حکومی هەبوون بــە خانووی خۆش لە چاو گەڕەکە کۆنەکانی کوردنشــین، کە زۆربەی عــەرەب و تورکمــان و پیاوی میری بوون. یەک لەم گەڕەکانە تســعین و ئەوی دییش ڕێی بەغدا بوو. دایکی ئەبوو شــەهاب ژنێکی زۆر پیری

بەساڵداچوو بوو، پشتی کۆم بووبووەوە، لەگەڵمدا زۆر میهرەبان بوو، سەرگورشتەی خۆیانی بۆ باس دەکردم. براکانی ئەبوو شەهاب، کاک عەبدوڵلا دارتاش بوو، دوکانی هەبوو، خەلیل کاری دەکرد و عەلی خەریک بوو ببیتە پێشمەرگە لای خۆی.

بە دڵنیاییەوە دەڵێم گەر یادداشتی ڕۆژانەم هەبایە و ڕۆژژمێرم پڕ کردبایەوە، هەموو زستان و بەهاری ١٩٨٤ و مانگەکانی هاوینی ئەو ساڵە، پڕپڕی دەبوو لە ڕووداوگەلی خۆش و ناخۆش، هەر لە نەورۆزی مێژوویی سورداشەوە تا دەگاتە کارەساتی پڕ لە خەفەتی تیرۆری مولازم سەید کەریم لە تاسڵوجە.

دوای ئاشکرابوونی مفاوەزات و هاتوچۆی چەند جاری وەفدگەلی کورد و بەغدا بۆ لای یەک، خەڵک تەواو دڵی خۆش بووبوو کە ڕزگاریان دەبێت لە زوڵمی بەعس و چیتر کچ و کوڕانیان لە زیندانەکاندا بەند ناکرێن و سەریان ناچن بە دارەوە.

مەقەڕی سەرەکیی یەکێتی بۆ ماوەی مفاوەزات، هاتبووە سورداش، نزیک سلێمانی. مام جەلال و زۆربەی سەرکردایەتی لەوێ بوون.

تۆ لە یابانی دەچی

بە کردەوە، بە ڕۆیشتن بۆ بەغدا و کەرکووک و ئەملا و ئەولاکردنی ئەبوو شەهاب، پێراگەیشتن بە مەقەڕی دۆڵپەموو و داخوازییەکانیان هاتە سەرشانم، بەبێ وەستا کەریم و شێخ نەبەز هیچم بۆ نەدەکرا، ڕۆژ هەبوو دوو جار بە پیکابە شین دەچوومە شار و دەگەڕامەوە. ئەوکات ماوەیەک بوو لەجیاتی مشکی و جامانە، کلێتەیەکم لە سەر دەنا، لە شێوەی یابانی دەچووم. ئەوەندە بەم پیکابە بە ئەزمەڕدا هاتبوومە خوار، ڕۆژێک سەربازی سەیتەرەکە عەرەب بوو، ڕایگرتم و زۆر بە میهرەبانی گوتی تۆ لە خەڵکی ئێرە ناچیت. من عەرەبیم نەدەزانی، بەس کەم کەم تێدەگەیشتم. شێخ نەبەز لە پەنام دانیشتبوو گوتی، ئەوە دەڵێت تۆ لە یابانی دەچی. گوتم پێی بڵێ کوردی یابانم! ئیتر سەربازە عەرەبە

دەستی کرد بە قاقالیدان و دیار بوو دەیپرسی بۆ کورد لە یابانیش هەیە؟! هەموو جار کە لە ئەزمەڕ دەهاتمە خوار لە دوورەوە تەحیەی دەکرد، بە تەعال و تەفەزەل تەفەزەل و کورد... کاکە... یابان... بە دەنگی بڵیند بەخێرهاتنی دەکردم و یەکسەر ڕێی بۆ دەکردمەوە!

پێڵاوی غەریبیمان کردەوە

شێخ نەبەز، مونیر خوشکەزای مستەفای سەید مەجیدی خەیات، لە بنەماڵە کۆن و ناسراوەکانی سلێمانی بوون. دوکانی خەیاتیی کاک مستەفا زۆر ناسراو و مەکۆی پیاوانی سلێمانی بوو. کاک جەمال، شەماڵ و کەمال، براکانی کاک مستەفا بوون و ئەو دوکانە ئێستاش هەر ماوە و بەیەکەوە ئیش دەکەن. دایکی مونیر (شێخ نەبەز)، عایشە خان و پوورەکانی، ڕووناک خان، شوکریە و نەزیرە، زۆر بەڕوحم و دڵسۆز بوون بۆ مونیر و زۆریان میوانداری و خزمەتی منیش دەکرد. هەموو بنەماڵەکە، کە زۆرتر لە ماڵی باوکیان لە سابونکەران بەیەکەوە دەژیان، زۆر میواندۆست و بەخزمەت بوون بۆ پێشمەرگە و شۆڕش. زۆر جار لەگەڵ شێخ نەبەز لە لایان لام دەدا و لەگەڵ ئەبوو شەهاب زۆرمان پێلاوی غەریبی لەو ماڵە، کە پڕ بوو لە بۆنی کوردەواری، کردەوە.

خۆم و کامێراکەم

لە ماوەی مانەوەم لە باشوور و لە کاتی گفتوگۆی حکومەت و یەکێتی نیشتمانیدا، دوو جار حوسێنی برام وەک کادری کۆمەڵە بۆ ئیشی حیزبی گەڕایەوە بۆ کوردستان و لای کۆمەڵە. هەردوو جار منیش چەند جار بینیم و بردم بۆ ماڵی کاک مستەفای سەید مەجید و دایکی وەستا کەریم. سەرەتێکی کە باش بێ و مابێ و وەبیرهێنەری بیرەوەرێکانم بێت، لە ژیانی ئەو سەردەمەمدا، مەمنوونی حوسێنم کە کامێرایەکی زۆر باشی بە دیاری بۆ هێنابووم و زۆربەی ئەو وێنانەی

خۆم و هاوڕێیانم لەو سەردەمەدا، کە لە لام ماون، بەو کامێرایە گیراون.

زۆرم هاتوچۆی شار پێ خۆش بوو، سەردانی دۆستان و هاوڕێیانی ڕۆژهەلاتــم دەکرد، چەند جار بۆ لای مەقەڕەکانی کۆمەڵە و مامۆســتا شــێخ عێزەدین، کە چووبوونــە مالوومە و گاپێلۆن، چووم. ســەردانی باجی ڕەخشندە، ماڵ و منداڵی کاک کەریم دانشیار، کە لە شار هاتبوونە دەر و چاوەڕێــی ڤیزا بوون لە ســویدەوە بۆیــان بێتەوە و لای کۆمەڵە جێیان کرابووەوە، هەباسی برام و ئەوانی تریشم دەکرد.

کۆنگرەکەی دێموکرات

حیزبی دێموکرات کۆنگرەی شەشی لە گەلاڵەی ناوچەی شینکایەتی، لــە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانــی ١٣٦٢ (١٩٨٤-١-٢٢)دا گرتبوو. لە کۆنگرەدا دوکتۆر قاسملوو بەرنامەی سوســیالیزمی دێموکراتیکی باس کردبوو، بە کورتەباس ناوی دەرکرد، دژایەتیی زۆری کرابوو. جەماعەتێک بەبێ لێحاڵیبــوون دەیانگوت جا چۆن دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ڕەد دەکرێتەوە؟ وەک ئــەوەی بەردی بە کەعبەیــدا دابێت. لەملاوئەولا باســیان دەکرد. کادرێکــی زۆری کۆمەڵە و دێموکــرات بە هۆکاری دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست و کورتەباســی دوکتۆر قاسملوو وازیان لە پێشمەرگایەتی هێنا و خۆیان تەسلیمی حکومەت کردەوە، یان هاتنە دەر و جیابوونەوە. ئــەم دوو هۆکارە لەگەڵ گرتنەوەی هەموو ناوچەکانی ژێر دەســەلاتی پێشمەرگە و پاشەکشە بۆ باشووری کوردستان و هاتنی سەرکردایەتیی حیزبــەکان بۆ ژێر دەســەلاتی حیزبی بەعس لە لایەک و دواتر کێشــە و شــەڕی نێوان حیــزب و کۆمەڵە، هۆکاری هەرە ســەرەکی بوون بۆ ئەوەی جوولانەوەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلاتدا تووشــی نشوســتی و دوورکەوتنــە بێــت لە کۆمەلانی خەڵک و پەراوێــز بخرێت لە ناو خاکی ولاتێکی دی. ئەوە دەبینین، دوای زیاتر لە ســیوپێنج ســاڵ ئێستاشــی لەگەڵدا بێت خۆیان نەگرتووەتەوە و دێموکرات و کۆمەڵە بە شــوێنپێی جارانیان نەگەیشتوونەوە.

زۆر لــە کادرە تۆراوەکانیــان دەهاتــن بــۆ لام و داوای وەرقــەی هاتوچۆیان بۆ شــارەکانی باشــوور لێ دەکردم. کاک شــوانی لیژنەی تەنســیق و کاک وەهابی سەرتیپی شارباژێر زۆریان یارمەتی دەدام و هەرچەندی وەرەقەم ویستبا نەیاندەگوت نا، منیش دەمدانێ. زۆریان لە هۆتێل ســەلام و کانی لە سلێمانی کۆ بووبوونەوە، چایخانەیەک هەبوو لە لای ئۆرزدی، هەموو بۆ تاوڵە و دۆمینە دەچوون بۆ ئەوێ، بووبوو بە مەکۆی پێشمەرگە دانیشتووەکانی کۆمەڵە و دیموکرات.

چەند جارێک لەگەڵ هەباسیدا برام، چووین بۆماڵی خاڵم لە گوندی تەپەگوڵاویی شارەزوور. لە سەروبەندی مفاوەزاتدا بوو، هەباسیش بۆ یەکەم جار ماڵی خاڵی دیت.

بۆ سومعەی حیزبەکان بە خراپ دەزانرا

مفاوەزاتی یەکێتی دەرفەتێکی باش بوو بۆ کورگەلی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئیســتراحەت و بەخۆداچوونەوە و بڕیار لەسەر داهاتوویان. زۆربەیان نیــازی چوونــی ئەورووپایــان هەبوو، بــەڵام هەم ئیجــازەی دەوڵەتی عێراقیــان دەویســت و هەمیش پــارە. دیموکرات و کۆمەڵــە، بەدەگمەن ئیجازەی هاتوچۆیان بە پێشمەرگە دانیشتووەکان بۆ ناو شارەکان دەدا، جا چ بگات بە ئیجازەی چوونەدەر لە عێراق! کادری کۆن و ناســراوی وەک ســەید حەسەن هاشمی، مەلا ڕەســووڵ پێشنماز، ڕەسووڵ ئاریا، عومــەر بابامیــری، پەرویــز تاهیری، خالیــد عەزیزی، ســەلاح گادانی، پۆلا نانەوا، عەبدوڵلا ئیقدامی، ســولەیمان خودایار، کەمال شــەریفزادە، محەمەد حەســەنخاڵی، جەمال سەیدی، سەعید ســەرهەنگی و... دەیان کادری کۆنی ســەربازی و سیاسیی هێزگەلی ڕۆژهەڵات لە بێپارەیی و بێمەسکەنی بە قاچاغ و لەم ماڵ و ئەو ماڵ بە شەرمەوە دەژیان! ئەوانە نــە تەنیا لە لایــەن حیزبەکانیان، کە تــا دوێنێ هەمــوو فیداکارییەکیان بۆ کردبوون، هیچ یارمەتی نەدەدران، بگرە دوژمنایەتییشــیان دەکردن و بــە دەســتی حیزبــەکان بوایە، هەموویــان لە ســلێمانی دەردەکردن.

هۆکارەکەشـــی ئەوە بوو ئەم کادر و کۆنە پێشمەرگانە لەملا و ئەولا و لە مالان مەجبوور بوون قســـە بکەن و پرســـیاریان لێ دەکرا کە بۆچی وازیـــان هێناوە؟ ئەوەش بۆ ســـومعەی حیزبەکان بە خـــراپ دەزانرا و هیچ حەزیان نەدەکرد پێشـــمەرگەی دانیشتوو بێتە سلێمانی، یان بچێتە ئەورووپـــا. لە ڕوانگەی حیزبەکانـــەوە، خۆتەســـلیمکردنەوەیان بۆ لای حکومەتی ئێران زۆرتر پەسەند بوو، یەکسەر دەیانگوت ئەوەتا بەزیون و پێشمەرگایەتییان پێ نەدەکرا و گەڕاونەوە بۆ لای حکومەت. لە لایەکی تریشـــەوە ئەوانەی دەچوونەوە و تەســـلیم دەبوونـــەوە ئیتر لە ڕوویان هەڵنەدەهـــات هۆکارەکەی بگەڕێنـــەوە بۆ کەموکـــوڕی و ناعەدالەتی و خراپـــی نـــاو حیزبە کوردییـــەکان! ڕاســـتییەک هەبوو لە کەشـــوهەوای ئەوکاتی ڕۆژهەلاتی کوردســـتان، کاتێک پێشـــمەرگەیەک خۆی تەسلیم دەکـــردەوە، لەگەڵ هەموو مەترســـییەکانی دەزگای ئیتلاعاتی ســـوپای پاســـداران و گرتـــن و تەنانەت ئیعدامکردنی، دەبـــوو خۆی بۆ تیرۆری شەخســـییەتی لە لای کۆنە هاوڕێ و حیزبەکەی و هاوشارییەکانیشـــی ئامادە بکات! حەقیقەتێکی تاڵ لەناو هەموو حیزبەکان بە ڕاست و چەپەوە هەبـــوو؛ ئەگەر لەگەڵیاندا نەدەمای وەک دوژمن ســـەیریان دەکردیت و لـــە هیچ بوختان و ڤڕکردنێک[1] ســـڵیان نەدەکردەوە بۆتی ســـاز بکەن! ئاشبەتاڵی، بەزیو، ترسنۆک، ئۆپۆرتونیست، سازشکار، جاش، ئیتلاعاتی و دەیانی وا، ئەمە ئەو وشـــەگەلە بوون ڕۆژانە بەبێ بەڵگە و ســـەبەب پێیان تاوانبار دەکران و کەســـایەتییان لەنـــاو دەبردن. لەناو کۆمەڵگەی دواکەوتـــوو، هێزگەل و مرۆڤـــی هیچلەباراندانەبوو و بوودەڵە زۆرن و دەبنە کەوچک بەدەســـت و کوێخا، ئەوانە گەورەبوونی خۆیان لە هۆش و کەرامەت و زیرەکی و سیاســـەت و ڕێبازی دروست و پاکی خۆیاندا نادۆزنەوە و ناتوانن ببن، بەڵکو ئەو کەمایەسییە لە بچووککردنەوەی بە درۆ و بوختان، بۆ هێز و تاکەکانی بەرامبەریاندا وەدی دێنن. بە کورتی، بچووککردنەوەی ئەوی تر گەورەبوونەوی خۆمی تێدا دێتە دی!

١- ڤڕ، درۆوودەلەسە، فشە.

دەروویەک کرایەوە

بەهاری ساڵی ١٩٨٤ بۆ خەڵکی باشوور، بە تایبەت ناوچەی سلێمانی و پێشمەرگەکانی یەکێتی، پڕ لە خۆشی و موژدە بوو. خەڵک بە تەواوی بوژابوونەوە و سەیران و چوونی دەرودەشت بە بەرفراوانی دەستی پێ کردبووەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە لە ژیانی سەرکوت و تۆقێنەری پیاوانی بەعس بەسەر خەڵک و بێزارکردنیان لە ژیان، دەروویەک کرابووەوە بۆ خەڵک، تا کەمێک ڕووی شادی و حەسانەوە ببین، تا ڕادەیەک خەمی لەدەستچوونی عەزیزان و بەندکراوەکانیان بیر بچێتەوە و هیوادار بن بە ڕۆژانی خۆشی و ئازادی لە دوارۆژێکی نزیکدا.

ئاهەنگەکەی سورداش

نەورۆزی ئەو ساڵە بوو بە بیانوویەک بۆ خەڵک و یەکێتی، یەکتر لە ئامێز بگرن و بۆ یەکەم جار خەڵک و پێشمەرگە لە گۆڕەپانی بەر سورداش ئاهەنگێکی چەند سەد هەزاری ڕێک بخەن، لە بەیانیی زووی بیستویەکی مارسدا، بە هەزاران سەیارە و پاس لە سەرتاسەری کوردستان لە باشوور، بەرەو سورداش، لە نێوان دوکان و سلێمانی وەڕێکەوتن. بە هەزاران مەنجەڵە یاپراخ و شیشە گۆشت و کەباب لەو دەشتە، لەسەر سفرەی ماڵان بڵاو بووبوونەوە. کچان بە جلی سوور و ئاڵاوە، کوڕان بە فەقیانە و پشتێندی گوڵگوڵی و قژی ڕۆناوییەوە، لەو دەشتە دەستیان گرتبوو و بە دروشم و هاواری بژی پێشمەرگە، پێیان بە عەردا دەدا و هەستی خۆشی و سەربەستیی خۆیان دەردەبڕی. پێشمەرگەکان لەناو خەڵک و سەر سفرەکان، لە دیار دیارتر بوون و لەبەر فەرموو فەرموو بەرنەدەکەوتن. سفرەیەک پۆزی لێ دەدا و شانازیی دەکرد، کە پێشمەرگەیەک لە لایان دانیشتووە. ئەوێ ڕۆژێ ناو و هەیکەلی پێشمەرگە بە بەرزیی لووتکە هەرە بەرزەکانی کوردستان بوو، لە ئاوی ساردی کانیاوەکان بێگەرد و ڕوونتر بوو. ئەو دیمەنە

کاتێک خۆی زۆر نیشان دا و دەرکەوت کە دەنگ بڵیند بوو؛ مام جەلال هات و قسـەیان بـۆ دەکات. هـرووژم و بەرەوپیرەوچوونـی ئاپۆرای خەڵـک بـەرەو مام جـەلال، مرۆڤی بیـر تەوافی موسـڵمانان لە ڕۆژی جەژنـی قورباندا دەخسـتەوە. مـام جەلال لەگەڵ کۆمەڵێک سـەرکردە و فەرمانـدەی عەسـکەری، لەسـەر بڵیندییـەک پەیدا بـوو. پێکەنین و گەشـانەوەی دەموچاوی لـە دوورەوە نمایان بوو. بە زبان و جووڵەی تایبـەت بـە خۆی، وتارێکی پڕ لە حەماسـی پێشـکەش کـرد و هەموو خەڵکی خرۆشـاند. دەشـتودەر و شـاخ هەر هەمووی یـەک پارچە بە سروود و دروشمی کوردایەتی، دەنگیان دایەوە.

هاتنی مامەڕیشە

لەنـاکاو هەموو خەڵک ڕوویان وەرگێڕایەوە و بە پرتاو هرووژمیان بـۆ پیکابێـک برد، کە لە لای جـادەوە بەرەو گۆڕەپانەکـە دەهات. یەک و دوو هـەر ئەوەندە بـوو پیکابەکە لە عەرز جیـا نەکرایەوە، هەزاران باوەش و ماچ بۆ پێشمەرگەی فەرەنجیپۆشی سەر پیکابەکە فڕێ دەدرا و فرمێسـکەکانی شـادی جۆگەلەیان بەسـتبوو. دیمەنێـک هەرگیز بیر ناچێتـەوە، ئەو خەڵکـە بەوەفایە چۆن پێشـمەرگەی پارێزەری خاک و نیشـتمانی خۆیان لە ئامێز دەگرت و چۆن پاداشتی فیداکارییەکانیان بە هەست و عیشقی لەبننەهاتووی خۆیان وەڵام دەدایەوە. ئاوێتەبوونی دوو ڕۆحی پێشـمەرگە و خەڵک، گەیشتە لووتکە و سۆزی ئەم عەشقە بوو بەم تەوارە لەسـەر لووتکەی هەرە بەرزی شاخەکانی ئەم کوردستانە، لە شـاباڵی دەدا و نیشتمانی کوردانی دەخستە ژێر باڵی. فەرەنجیپۆش مامەڕیشـە بـوو، ئەوەی هەرچی ملازم و جاشـی بەعس بوو تەنانەت بە بیسـتنی ناویشـی لەرزە دەکەوتە گیانیان و بـە ڕۆح لێی تۆقیبوون و هەموو خەڵکێش ئەو ڕاسـتییەی دەزانی، بۆیەش ئاوا خۆشەویسـتی وردودرشـت و پیر و منداڵ بوو. هاتنی مامەڕیشـە بۆ سەر خانی ئەم میللەتـە زەجرکێشـراو و دامـاوەی دەسـتی بەعس، کەشـوهەوایەکی

لەبیرنەکراوی بەخشییە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ لە سورداش.

ئەو ڕۆژە منیش دڵخۆش بووم بە بوونی هەباسی برام و کۆمەڵێک لــە هاوڕێیانی ســابلاغی و کۆمەڵە، کــە بە بۆنەی منــەوە هاتبوون بۆ نــەورۆز. هەرچەند لــە کونجی دڵمدا غوربەت تەمێکــی قورس و گران و تاریکی بەســەردا کێشــابووم، بە بینین و پێکەنینی هەر جووتە کچ و کوڕێک و دەســتگرتنیان و ســرتوخورتیان برینم دەکولایەوە و خەیاڵ هەڵیدەگرتم بۆ موکریان و بەسەر سابڵاغ و ماڵی یاردا دەسووڕامەوە، بۆ چرکەســاتەکان لەناو ئەو هەمــوو هەراوهوریای دەهۆڵ و زوڕنا و حیلکــە و پێکەنینە، هــۆش و بیرم باڵیان دەگرت و منیشــیان دەبرد بۆ شایی و چۆپی و هەڵپەڕکێ، لەناو حەوشەکەی ماڵی خۆمان و ماڵی یار.

٥٠

هەر سەربازە و هەڵدێ

هاتوومــەوە نــاو خاکی ڕۆژهەڵات و بە سەردەشــتدا، بە ســواری ســیمورغێک باڵم گرتــووە بەرەو زمزیران، چەند پێشــمەرگەیەکین، بە جلی خاکی و شــەدە لە ســەر و مزەلی لە شان و سەروگوێلاک هەموو خۆڵاوی. هەموو سەیارەکانی بەرامبەرمان لایتیان داگیرساوە و فلچەی شووشــەکانیان ئاڵای کوردســتانی پێوە کراوە و سەما دەکەن. هەر کە نزیکمــان دەبنەوە بــە هۆڕنلێدان و دەستڕاوەشــاندن موژدەی ئازادیی وڵات ڕادەگەیەنــن. دەوەســتین و لەگەڵ ئەم خەڵکــەدا یەکتر لە باوەش دەگریــن. پێمــان دەڵێن زوو بگەنــێ و ئازادکردنی ســابلاغ تەنیا چەند گەڕەکێکــی ماوە و هەر ســەربازە و هەڵدێت، پاســدار جارێ بەرگری دەکات، دەیان تانک و مێکزەمینی تێکشــکاون و خەڵک دەســتی داوەتە چەک و یارمەتیی پێشــمەرگە دەدەن و شــار هەموو خرۆشاوە. منیش لە خۆشیان باڵ دەگرم و بە هەموو توانامەوە بەنزین دەشێلم. ئەوەندە بــە پەلەم ناڵەی بەرزی مەکینە نابیســم و خێرایی خولانەوەی تایەکان نابینــم، لۆفــە و پێچاوپێچی جادە تەســکەکەی سەردەشت-ســابلاغ بە خێرایــی ١٥٠ و ١٦٠ کــم دەبڕم. لــە ئاوێنەوە تۆزی دواوەی ســیمورغ وەک بورکانــە و تــا دوور بڕوانی هەیە. پێشــمەرگەکان لەبەر تەپوتۆز شــەدە و جامانەیــان لە دەموچــاو هاڵاندووە و نە تەنیــا ناڵێن هێواش، بەڵکو بە مستڕاوەشاندن ئیشارەتم بۆ دەکەن خێراکە. دەنگی بەرزیان دێتە گوێم:

سەدەی بیستەمە کورد دە تۆ ڕاپەڕە
تەواوی مێژووت بە خوێن پەڕپەڕە

تەواوی گەلان هەموویان سەربەخۆن
لە کوردستانا زۆردار خوێنمان دەخۆن
زانا بین تێبکۆشین دەور دەوری مەیە
وڵات چاوەڕێی شۆڕشـــی ئێمەیە

سەردانەواندن کاری نامەردانەیە

کاوڵان، کیتکـە و کامەم، تێدەپەڕینین و دەگەینە عەوڵاکوردە، خەڵک لەسەر جادەیە و ڕایدەگرین، بەرەوپیرمان دێن و لە باوەشمان دەگرن، خەبەری شارمان بۆ باس دەکەن و قسە لە کوژراو و بریندار ی زۆری دوژمــن دەکەن، گۆیا چەند مەفرەزەیەک پێشـــمەرگە لەناو شـــارە، ناو جەرگ و دڵم دەکولێت و سمکۆڵمە زوو بگەینە شار. وا باشە بە جادەی ئەسـڵیدا خۆ بە شـــاردا نەکەین و دەوری پشتی سەربازخانە لێدەین و بــە پشـــتەپ و گومبەزاندا خۆ بە شـــاردا بکەین، خەڵکی ســەر جادەکە و ڕێبـواران وایــان دەگوت. لێمخـــوڕی بەرەو بەیتاس و ســـەدەکەمان لێ دەرکەوت، لامان دا و بە شـــاخەکانی پشـــتی سەربازخانەی شاردا، خۆمان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی شار و ڕووی سیمورغم کردە سەرقەبران، هەر هەموو دابەزیین و ڕیزمان گرت، بە چاوانی پڕ لە فرمێسکی شادی لەسەر گۆڕی سولەیمانەکان و هەموو شەهیدەکانی دی، بە یەک دەنگ گوتمانەوە:

«پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامـــرن، ئەوانە وا لە دڵـــی میللەتا ئەژین
گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن کاری نامەردانەیە
گرتن و لێدان و کوشـــتن عاملی ئازادییە
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە، لام وەکو ئەفسانەیە
بیـــری ئازادیم لە زیندانـــا فراوانتر ئەبێ
قوڕبەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

چە کی شۆڕشگێڕی من نووسین و بیروباوەڕە
ڕاپەڕینە هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە»

شیوەنی خۆشی دایکم

ڕوومان کردە شار و کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە هەر بیرەوەری بوو و دەهاتەوە یاد، هەر خەڵک بوو ئامبازمان دەبوون و بە شەربەت و میوە و شـیرینی پێشـوازییان دەکرد، شار یەکپارچە جێژن و شادی بوو. دەچمەوە ماڵ، دایک و باب و کاکم و دەروجیران سـەر کۆڵانیان لێ گرتووم، هەموو دەموچاوم سـواغی گڵوێز[1] و لیکی خۆشەویستیی عەزیزانە. شیوەنی دایکم لە خۆشیان و لە ئازاری نەمانی نەرمین، بەرد دەتوێنێتەوە و هەموو گەڕەکی هێناوەتە تەماشا!

وەژووردەکـەوم، ماڵەکە ئەوە نییە کە جێم هێشـتووە، ڕووخاوە و دروست کراوەتەوە، ئەو ماڵەی تێیدا لەدایک بووم و گەورە بووم ئێستا نایناسـمەوە و دەبێ وەک میوان بپرسـم کامە ژوور و دەستشـۆر لە کوێیە؟!

هەر مەلایە و هەڵدێت

یەک دێ و یەک دەڕوا، هەموو شار و کوردستان لە جۆشوخرۆشدان، هەواڵەکان باس لە ڕووخانی ڕژیم دەکەن لە تاران و دەڵێن هەر مەلایە و هەڵدێت، عەبا و عەمامەکان، کەلاوە و سەتڵەخۆڵەکانیان پڕ کردووە و بە دەگمەن لەسەر جادەی شارە گەورەکانی ئێران ڕیش بە دەموچاوی پیاوان و چارشێو و مەقنەئە[2] و مانتۆ بە ژنانەوە دەبیندرێن.

دوای ئـەو هەمـوو نەهامەتـی و خوێن و زیندانە بەدەسـت مەلای زاڵم و بێبەزەیی، ئێسـتێ ئەو ڕۆژە خۆشـانە، بەهارێکی پڕ لە شـادی

١- گڵوێز، ئاوی زار، تف.

٢- مەقنەئە، چارشێو و لەچکە، ژنان سەر و قژیانی پێ دادەپۆشن، ئەم جۆرە زۆرتر لەدوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بوو بە باو.

و کامەرانییـــان بـــۆ خەڵک هێنابوو. هەموو ڕۆژانی هەینی ســـەر گۆڕی شـــەهیدان جمەی دەهات و بەڕاســـتی کرابوونە تاجی ســـەری خەڵک و کەســـوکاریان، لەوپـــەڕی ڕێز و خۆشەویســـتیی میللەتدا بـــوون. دار و دیوار بە وێنەکانیان نەخشابوون و ڕۆژانە کۆڕ و سیمیناراتیان لەسەر ســـاز دەکـــرا و دەیانگوت ئـــەوە ئەوان بوون بـــە فیداکاریی خۆیان ئەم ڕۆژە پڕ لە سەروەری و خۆشانەیان بۆ ئێمە بە دیاری هێناوە.

بۆ دڵداری نابم

یار لە بەندیٚ ڕزگاری بووبوو، لە ماڵی خۆیان، لەبەر حەشـــیمەت و میوان نەدەکەوتە بەر من. هەرچەند دەمزانی ئەو چاوی لە ڕێیە بۆ دیدار و ئەویش دەیزانی من چەند تامەزرۆی نیگایەکی ئەوەم. نەمانی نەرمین بۆشـــایەکی تەواوی لەم پەیوەندییەدا جیٚ هێشتبوو. چەند جارێک خۆم گەیاندبووە ماڵەوەیان و لە دوورەوە بیٚ قسەکردن چاوم پێی کەوتبوو. من خۆمم دەناسی و دەمزانی بۆ دڵداری بە دزی و فزی نابم، زۆرم بۆ قورس و شەرمە بێهودە بە دەوری ماڵی یاردا بێم و بچم.

دایـــک ئـــەو مرۆڤە پاک و بێگـــەردەی توانای هەیـــە دڵ و دەروونی جگەرگۆشـــەکانی بخوێنێتەوە و لە ئازار و شـــادییەکانیان تێبگات و لە کونجـــی دڵیانـــدا بەخەبەر بیٚ، ئەویش دایکی من، کـــە دوای ئەو هەموو ســـاڵە منی دەدەیتەوە لە ماڵەکەی خۆی و ڕۆژانە ســـەدان جار دەستی بـــەرز دەکردەوە و دەیگوت: «خودایە گیان شـــوکرت؛ عەلیت دامەوە و بە ســـاغی بۆت ناردمەوە». زۆر زوو لە ڕازم گەیشت و دەیزانی چەند بەپـــەرۆش و مگێزم[1] بۆ گەیشـــتن بە ئاواتی دڵـــم. دڵنەوایی دەکردم و هیـــواداری دەکردم بە زوویی قۆڵی لـــیٚ هەڵدەماڵێت و بووکم بۆ دێنێتە ماڵیٚ.

١- مگێز، واز و ئارەزوو.

کێ جلمان بۆ ئامادە بکات؟

لــە چوارڕێی ئازادی، لەگەڵ ســولەیمان، کەمال، ڕەحیم، ســیامەند، ئەحمەد، پیرەهەڵۆ و... بەرەو خوار دەچین، هەر کام باســی هاوڕێیەکی لــە دەســتچوومان دەکەین؛ ئەگەر ســولەیمان بللــوری، ڕەحیم قادری، ســولەیمان ڕەحیمی، کەریم بللوری، جەمال موفتی، مەمەد ســەبزەچی، بەهمــەن مەلازادەگان، کەمال وەلیانی، یونس پاڵەوانی، خەلیل بللوریان، عەلــی موهاجیــری، ڕەحمان زاهیدی و ئەوانــی دی مابان، چەند خۆش دەبــوو. بــە بــەر تەلەفۆنخانــە و گوزەری تــازەدا هاتینە خــوار، یادی جەعفەری مورادیی (خەیات)مان کرد، چۆن لە ڕۆژی پێش شەهیدبوونی ســولەیماندا، لە ســەربان، کاتی ماڵینی بەفری ڕێبەندانی ســابڵاخ، بەر فیشەکی وێڵی سوپای پاسداران کەوت و گیانی سپارد. حەیف بۆ کاک جەعفەر، تازە کێ بێت جلەکانمان بە چەند سەعات بۆ ئامادە بکات؟!

بۆ یەک نەبین، بۆ کەس نابین

دەردی دووری و دڵەنگاوتــن چەنــد ســاڵێک بوو پشــووی لەبەر بڕیبــووم، نــە دەموێــرا و نــە کەس هەبوو پرێســکەی دڵــی تیماری لا بکەمەوە. هەر خۆم بووم و خۆم، بە تەنیایی و هەناسەســاردی لە کێو و هەردان، لە بن لێفەی شڕ و چڵکندا، لە غوربەت و بێکەسیدا، ژانی دڵ و دووریی یار بڕســتیان لێ بڕیبووم و شەشخانی ئومێدم لێ گیرابوو. من نەمدەزانی و نەشــم چەشــتبوو خۆشــی و ئازاری عاشــقبوون، لە داســتان و ڕۆمانەکاندا لەســەر مەم و زین، خەج و سیامەند، شیرین و فەرهــاد، لەیل و مەجنوون و ڕۆمیۆ و ژولێت و... زۆرم خوێندبووەوە، بــە خوێندنەوە و ســەیرکردنیان هەرگیز هەســتی ئەم ئــازارەم لا وێنا نەبووبوو، کە خۆم لە ماوەی ئەم چەند ســاڵەدا لەگەڵیدا ژیابووم. زۆر جار دەمگوت خۆ گەر چیرۆکی عەشــقی منیش وەک ئەم بەســەرهاتانە بێــت، ئاخــری بە ناکامــی دەمرم و نابێــت بە ئاواتم بگــەم. من لە لای خــۆم و دەروونی خۆمدا پێشــتر خــۆم بۆ تراژیدیای بەیەکنەگەیشــتن

ئامادە کردبوو. هەزاران بار لەناو خۆمدا سۆز و سوێندم تەنیا بۆ خۆم خواردبوو، گەر ئێمە بۆ یەک نەبووین، بۆ کەسی تریش نابین.

بە دەنگدان و قاقایەکی وەستا کەریم ڕاچڵەکیم و لەم زیندەخەوە خۆشەی خۆم، لەناو دەریایەک لە سفرە و مەکۆی خەڵک، لە دەشتایی بەر سورداش هاتمەوە خۆ. لەگەڵ هەباس و وەستا کەریمدا چووین لەسەر سفرەی ماڵی خوشکی کاک سەلاح چاوشین لامان دا. خواردن و خواردنەوە بە پای فیلان ئەوەندە زۆر بوو لەم دەشتە، بەشی هەموو کوردستانی دەکرد. کاک سەلاح خۆی پشتی مام جەلالی چۆڵ نەدەکرد و هەردەم لەگەڵیدا بوو. یەک دوو جار بە پەلە دەهات و هەر بە پێوە یەک دوو پێکی هەڵدەدا و بە شفتە و کوبە خواردنەوە ڕایدەکردەوە لای مام جەلال.

کە دەڵێن ڕۆژی حەشر، ئەو ڕۆژە بوو. بەرەو ئێوارە زۆربەی خەڵک شاد و سەرمەست، بە هەڵپەڕکێ و سەرچۆپیکێشان دڵیان لە دەشتایی بەر گوندی سورداش نەدەبووەوە و کەس پێی خوش نەبوو ئەو ڕۆژە تەواو بێت.

خەونبینین بە سابلاغەوە

وردەوردە تاریکی باڵی کێشا و ئێمە دەبوو ڕوو لە شار بکەینەوە. جوامێری و خزمەتکردنی وەستا کەریم هەرگیز فەرامۆش ناکرێت. لەگەڵ هەباس و وەستا کەریمدا درەنگانی شەو گەیشتینەوە ماڵە هەژارانەکەی دایکی وەستا کەریم. خوشک و برا و دایک، بە چرکە لە خزمەتکردن نەدەوەستان و بە ڕووخۆشی و قوربان و سەدەقە و... ماڵی خۆتانە... وایان لێ کردبووین، غوربەتیان لە بیر بردبووینەوە. چیی وای نەبرد، لەبەر هیلاکی و سەرمەستیی ئەو ڕۆژە خۆشە، سەرمان خستە سەر سەرین و خەوی قووڵ و خەونی بوون لە ئامێزی سابلاغدا بەرۆکی گرتم و بردمی بۆ ناو دەریای خەیاڵ و کووچەی یار.

٥١

مام جەلال داوام دەکات

کاک سـەلاح بە مام جەلالی گوتبوو با عەلی بەڕێ بکەین بۆ دەرێ، خۆی نەخۆشە و دایک و بابی گیراون و خوشکی ئیعدام کراوە و ئەوە خاڵیشـی خۆت دەزانی بەعس شـورت و گومی کرد و لەناوی برد. مام جـەلال پێی گوتبـوو ئەوجار کە چووینـەوە بۆ بەغدا لەگـەڵ خۆماندا دەیبەین و با خۆی سوراغی خاڵی لە کاربەدەستان بکات. من بیکەم گەر زیندووش بێت ئەوە دەزانن ڕەبتی بە منەوە بووە و نەشیانکوشـتبێت، ئەوجار لەناویدەبەن.

ئێوارەیـەک لەگـەڵ وەسـتا کەریمدا لـە دۆڵپەموو هاتینـەوە و بە پیکابە شـینەکەی مەقەڕی ئەبوو شـەهاب ڕوومان لە دوکانی مەزنگی خوشکەزای کاک سەلاح چاوشین، لە عەقاری کرد. لە دوورەوە مەزنگ گوتـی، ئەوە خاڵـم هەموو شـوێن بەدواتدا دەگەڕێـت و چەند جار لە سورداشـەوە تەلەفۆنـی بۆ ماڵـەوە کردووە و دەڵێ دەبـێ زوو عەلی بیننەوە و بێت بۆ سـورداش، مام جەلال داوای دەکات. زۆر پەشۆکام و بە پەلە تەلەفۆنی سورداشم کرد، گوتیان مام و جەماعەت بە کۆپتەر بەرەو بەغدا ڕۆیشـتوون و هەر ئەوەندە گوتوویانە؛ بە عەلی بڵێن بێت بۆ بەغدا و ژمارە تەلەفۆنێکیان بۆ جێ هێشـتوویت. هەر کە گەیشـتیتە بەغدا تەلەفۆنیان بۆ بکەیت.

خۆم دەمزانی چ باسـە، گوتم وەسـتا کەریم ئەگەر بێی هەر ئێسـتا دەڕۆین بەرەوە کەرکووک، بۆ لای کاک شوانی لیژنەی تەنسیق دەچین و ئەو بەڕێم دەکات بۆ بەغدا. وەسـتا یەک و دووی لێ نەکرد و گوتی با بڕۆین. چووینەوە ماڵی وەسـتا، کرۆلایەکی هەبوو، سـواری بووین و هـەر بەم ئێوارەیە ڕوومان لە کەرکووک کرد. ئێوارە درەنگ بە هەر

جۆرێک بوو دیتمانەوە. یەک دوو جار لەگەڵ ئەبوو شەهابدا چووبووم بۆ لای کاک شوان لە لیژنەی تەنسیق. ئەو پیاوە، ئەو شەهیدە گەورە و ڕوحسووکە دەمودەست بەرەوپیرم هات، گوتی شەوە درەنگە نەڕۆیت باشە. گوتم، مام جەلال گوتوویەتی زوو بکەومە ڕێ و بەیانی لە بەغدا بم.

بەغدایەکی پڕ لە گڵۆپ

بە پەلە پێکەوە چووین بۆ لای کابرایەکی کەتەی چوارشانە، بە ناوی غەسان. بەڵگەی عبوور یان «عدم تعرض» بۆ بەغدای بە چەکەوە بۆ وەرگرتم و هەر لەوێوە چەند ئامۆژگاری ڕێوبانی ناو بەغدای کردین و ڕێمان گرتە بەر. بەری بەیان و بوومەلێڵ گەیشتینە بەغدایەکی پڕ لە گڵۆپ و منارە و مەیدانی گەورە. دەخولاینەوە و لە شوێنێک دەگەڕاین بۆ چەند ساتێک تێیدا بسەکنین. لەناکاو چاوم بە تابلۆی «هۆتێل هەورامان» کەوت. گوتم، وەستا لێرە ڕایگرە دەبێ ئەوانە کورد بن. لە تەنیشت شۆستەی بەردەم هۆتێلەکە ڕایگرت، ڕەخت و تفەنگ و دەمانچەکەم لە بن کوشنی قەمەرەکە شاردەوە و بە جلی پێشمەرگایەتی وەژوور لۆبی هۆتێلکە کەوتین. گوتم کارێکی تایبەتمان هەیە و دەبێ تەلەفۆنێک بکەم، بەس ئێستا زووە و هەڵنەستاون، دەکرێ چەند ساتێک لەسەر ئەو قەنەفانە دانیشین و دەموچاومان بشۆرین، گوتی زۆر ئاساییە. وا بزانم بە جاش و موستەشارمان تێگەیشت. چووین بۆ سەرئاو و لەسەر قەنەفەکان بۆ چەند ساتێک وەنەوزمان دا.

دەنگی دانای ئەحمەد مەجید

گزنگی خۆر لە دەرگای هۆتێلەکەوە تیشکی خستە ناو و هۆڕنلێدان و هاتوچۆی سەیارە زیادی کرد. دیسان خۆم خافڵاند و پاش کەمێکی دی چوومە پێش و لە پێشخانی هۆتێلەکە داوای تەلەفۆنم کرد، ژمارەکەی پێیان دابووم گرتم و دەنگی کاک دانای ئەحمەد مەجید لەوسەری

سـیمەکان بە گوێم ئاشنا هات و خۆشـیی دوورکەوتنەوە لە نیگەرانی، لە شارێکی وەک بەغدا بە غەریبی و ناشارەزایی، ئاوپرژێنی دڵی کردم و بە کاکە گیان کاکە گیان تیمگەیاند تازە گەیشتووم و لە فلان شوێنم. بە پێکەنین و چەند وشـەی فارسی کە عادەتی بوو، هەر دەگەیشتە من بۆ فشقیات قسەی پێ دەکردن، گوتی نیگەران مەبە هەر ئێستا دێین بە شوێنتدا.

چیـی وای نەبرد قەمەرەیەکی ڕەشـی دیپلۆماتکاران لەبەر دەرگای هۆتێل ڕایگرت، کاک سەلاح چاوشین و کاک دانا لێی دابەزین، بە چاک و چۆنی و پێکەنین و ڕابواردنەکانی تایبەت بە کاک دانا، لەگەڵیاندا سوار بـووم و هــەر وا بەبێ هیچ باسوخواسـتی ئەو شـوێنەی بۆی دەچین، وەک مــەڕی گێـژ دوایان کەوتم. گوتیان با وەسـتا کەریـم بگەڕێتەوە سلێمانی و دواتر پەیوەندیی پێوە بکە.

لەسـەر شۆسـتەکەماڵئاوایـم لە وەسـتا کەریم کـرد و گوتم گەر نەگەڕامەوە دەمانچەکەم بدە بە هەباس، لە مەقەڕی کۆمەڵە لە شینکاوێ.

پیاو ئاوا دێتە بەغدا؟!

قەمـەرەی ئاخـر مۆدێل بە شـۆفێرێکی عەرەبەوە، کاک سـەلاح لە پێشـەوە و من و کاک دانا لە پشـتەوە، بەبێ ئەوەی بزانم کوێ کوێیە، ئەم جادە بەو جادە دەڕۆیشـت. تا لە جادەیەکی زۆر ئەمنی و خانووی زۆر جوان، لە بن دەرگای ماڵێکی زۆر فاخر ڕایگرت و هەموو دابەزیین. پێشم کەوتن و من بەدوایاندا. هیچ نازانم لە کوێم و کێ دەبینم. لەناکاو لە هۆڵێکی گەورە و پڕ لە سـورەیا و قەنەفەی زۆر شـاز چاوم بە مام جەلال کەوت لە لای سەرووی هۆڵەکە چرووتی بە دەستەوە بوو. بەبێ چـاک و چۆنی و بەخێرهاتن گوتی؛ خۆ تۆ بەخێر خەڵکی شـاری! توو شـەرەف پیاو ئاوا دێتە بەغدا و قەسـری جمهووری؟! نەتبوو دەستێک چاکەت و پانتۆڵ بکڕی و بێیت؟! لە ئاسـت خۆم وشـک و لاڵ بووم و دەسـتم بە لەرزین کرد. هەر ئەوەندە بوو عەرد نەدەقڵیشـایەوە قووتم

بدا و نەجاتم بێت. هێشتا دەوروبەری خۆم بە تەواوی بەر دیدە نەدابوو ئاخۆ کێ لەوێیە. برۆ سەیرێکی ئاوێنە بکە بزانە چۆن هاتوویت؟! مژێکی لە چرووت دا و گوتی، وەرە دانیشە. وردەوردە چاوم گێرا و هەناسەی پەنگخواردووی ناو سـینە و گەرووم دایە دەر و سـەیری دەوروبەری خۆم کرد، زۆربەی بەرپرسە عەسکەری و ئامر تیپەکانی یەکێتی لەگەڵ مـام جەلالـدا بوون. چاکـەت و پانتۆڵی ڕەش و بۆینبـاخ و دەمانچەی جوانـی چواردەخۆر بە قەدیانەوە، لە خزمـەت مام جەلالدا بوون. کاک سـەلاح و کاک دانا بە بزە و پێکەنینی شـاراوە لە مام جەلال، سەیریان دەکردم و ڕازی لەوەی پەندیان پێ داوم، بزە و فیکەی سمێڵیان دەهات. تێگەیشـتم ئیتر کەرەسەی ڕابواردنیان دەستکەوتووە و لە من فەقیرتر و گێژتریـان دەسـت نەکەوتووە، ئەوان و زۆربەی کوڕەکانی شـار لە شـاخیش خـوای ڕابواردن بـوون بە خەڵکانـی تـازە و فەقیرحاڵ، کە دەهاتن بۆ پێشـمەرگایەتی. خۆشـی و شـادی و پێکەنینی مەقەڕەکانی پێشـمەرگە زۆرتـر ڕابواردن و نوکتەگێڕانەوەیان بـوو، ئەوان کوڕانی شار، خوای نەکردبایە کەسێکی لادێ یان فەقیرحاڵیان دەست کەوتبایە، بەڕاسـتی هـەر وەک خۆیـان دەیانگـوت، بـە تایبـەت منداڵەبەدفەڕی سـلێمانی کە دەهاتـن بۆ پێشـمەرگایەتی، تەقلەیان بـە فیلیش لێ دەدا و زۆر بوون لە داخی ئەوانە یان تەسـلیم دەبوونەوە، یان لە شـوێنی پێشـمەرگایەتییان جێگۆڕکێیان دەکرد. هەڵبەت چەمکی مەخسەرەکردن و ڕابواردن بە خەڵکانی مەزڵووم و سـادە لەناو هەموو نەتەوەکاندا و تەنانەت لە مەدرەسـەکانی ئەورووپا و دنیای مودێرن لەناو منداڵاندا و تەنانـەت گەورەکانیش، زۆر باوە و زۆر جار بووەتە دیاردەیەکی پیس و ناخۆشـی کۆمەڵایەتی و هەبووە لە داخان خۆی کوشـتووە، یان بەو هۆیەوە تووشی خەمۆکی بووە.

مام جەلال ڕاستی دەکرد، من بە جلی پێشمەرگایەتی و لە دوورەوە بە زەقی جێی ئارەقاویی ڕەخت و قایشـی مەخزەنەکان لە سـەر شانی چۆغە و پشـتێندەکەم دیار بوو، بە شـەرواڵێکی کوردیی (پانتۆڵ) فش

و پیســەوە هاتبووم بۆ خزمەتی و بــۆ بەغدا. دواتر بیرم دەکردەوە بۆ خۆم عەقڵم پێی نەشــکا، بۆ لە کەرکووک کاک شوان نەیگوت وا مەڕۆ، بــۆ کاک ســەلاح و دانا لە بەردەمی هۆتێلکــە نەیانگوت با بچین کراس و پانتۆڵێــک بکڕیــن و ئینجا بڕۆین بۆ لای مام؟! ڕاســتی هەم بۆ خۆم و هەمیــش بۆ خەڵک لەوانەیــە ئەوەندە بەم جلانــەوە قەدمان گرتبوو، زۆر ئاســایی بووبێت لە نیگای یەکەم منیان وا دیبێت و هیچی سەیر و ناسروشــتییان تێدا بەدی نەکردبێت! بە درێژایی ئەو ساڵانە دەیان جار هەر بەم شێوەیە و بەم جلانەوە چوومە خزمەت سەرکردەکان، نە جلی پێشمەرگایەتی و نە بۆنی ئارەقە و نە پیسی و چڵکنیی جلەکانم نەبوونە جێی سەرنج و بەخۆداشکاندنەوەم!

وەک بنەماڵەی مامۆستا عولەما

مام جەلال کێشــامی بۆ لای خۆی و بە ئارامی گوتی، مەبەســتم لە هاتنت بۆ ئێرە دوو شــتە: یەکەم خــۆت بە زمانی خۆت وەک بنەماڵەی مامۆســتا عولەمــا، داوا لە کاربەدەســتانی بەغدا لەمەڕ سەروشــوێنی بکەیــت، گەر تــۆ بیکەیت زۆر تەبیعــی و مافی خۆتانــە، بەس گەر من داوای بکەم ئەوە یەکسەر دەیسەلمێنن خاڵت سەر بە ئێمە بووە و گەر ئیعدامیش نەکرابێت و تا ئێستا شاربێتیانەوە، کە بەعس ئەم کارانەی زۆر کردووە، ئەوە یەکسەر بە تاوانی پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا هەر دەیکوژن. دووهەم ئێتر ئێستا ئەوە لە ساڵ نزیک دەبێتەوە و هیچ پێشەوەچوونێک نەبووە لە مفاوەزات و ئەگەری زۆرە دیســان شەڕ دەست پێ بکاتەوە. ئێمــە هەر جۆرێــک بێت لەگەڵ ئێراندا ئەوەندەمــان هەر دەبێ نەخۆش و برینــداری خۆمانی پــێ دەرباز بکەین، ئەدی چی لە تۆ بکەین؟! گوتم وەڵا مامە گیان زۆر ڕاستە خۆشم وەزعی تەندروستی و قاچ و پووک و ددانــم هەر وێرانە، یەک بەدوای یەکــدا ددانەکانم دەکەون. گوتی، دە باشە با بزانم چیم پێ دەکرێت؟!

بیســتم هەموو بەیانیان فازڵ بەڕاک کە تازە بووبوو بە بەرپرســی

هەموو دەزگای ئەمن، لە جێی بەرزانی برای سەدام، دێت بۆ لای مام. وام لە بیرە «ئەبوو لەهیب» یان «ئەبوو ئەحمەد»یان پێ دەگوت.

فازل بەراک هاتە لام

ڕۆژی دواتر هەموو لە دەوری مام لە هۆڵەکە دانیشتبووین و فازڵ بەراک هات، زۆری حورمەت بۆ مام هەبوو، زۆر بە گەرمی دەستیان بە قسەوباس کرد و من هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، دیارە عەرەبیم نەدەزانی لە تاکوتوک وشە زیاتر. دوای ماوەیەک کە من لە خوارەوە لەگەڵ کاک سەلاح و ئەواندا دانیشتبووم و کابرایەکی درێژی میسری (دواتر زانیم) بە کالسکەیەکی فاخر و پڕ لە ساردەمەنی و مەشرووب و چەرەسات و شتی خۆش خۆش بەناوماندا دەگەڕا و پەزیرایی لێ دەکردین، هەستم کرد بە ئیشارەت فازڵ دەستی بۆ من ڕاداشتووە و پرسیار لە مام دەکات. مام بە دەنگی بڵیند کە کاک سەلاح و وان گوێیان لێ بێت و منیش تێبگەیەنن، وەڵامی دایەوە ئەوە خوشکەزای مامۆستا زەبیحی و خەڵکی ئێران و مەهابادە. تێگەیشتم فازڵ بە مامی گوتووە ئەم کوڕە واتا من، وەک ئەوان ناچم و کێم، مامیش وەڵامی داوەتەوە. هەر ئەوەندە مام ناوی زەبیحیی هێنا، فازڵ لەم سەری هۆڵەکەوە بۆ لام هات و دەستی لە ئەستۆم کرد و بە عەرەبی دەستی بە قسان کرد. کاک سەلاح زوو فریا کەوت و ئیجازەی لێ خواست وەرگێڕانمان بۆ بکات و دیاربوو بۆی باس دەکرد عەرەبی نازانم و فارسی دەزانم. فازڵ گوتی: زەبیحی پیاوێکی گەورە و دانشمەند بوو، من کاتی خۆی لە سۆڤیەت کە تەلەبە بووم ناویم بیستبوو، لێرەش مامۆستای مامۆستایان بوو. زۆری تاریف کرد و دەستی هەر لەسەر شانم بوو. لەو ماوەیەدا مام هیچ خۆی تێ هەڵنەقورتاندین و خۆی بە شتی ترەوە لە لای سەرووی ژوورەکە مژوول کردبوو. فازڵ بە دەنگێکی زۆر ئارام و پڕ لە میهرەبانی گوتی، دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ تۆ لێرە میوانی عەزیز و خۆشەویستی ئێمەیت. گوتم ئەگەر بکرێت چارەنووسی خاڵم و

شـتومەک و نووسـراو و قامووسـەکەیم پێ بدەنەوە. ئەگەر نەماوە و گڵکۆی هەیە حەز دەکەم بچم. بە هەناسـەیەکی قووڵ سەیری لای مام جەلالی کرد و گوتی، هەموو شـت لە دەسـتی ئەو دایە. ئیتر مام هاتە پێش و ئەویش درێژەی بە قسـەکانی دا و گوتی گەر مفاوەزات سـەر بگرێـت و لەگـەڵ جەنابی مام جەلال بـە چارەسـەری کۆتایی بگەین، ئـەوە دڵنیا بە هەموو شـت باش دەبێت و مـاڵ و کتێبەکانیش لای ئێمە پارێـزراون و دەتدەینەوە، مام چاوێکی بـە مانای ئیتر بێدەنگ بەی لێ هەڵتەکاندم و منیش بێدەنگ بووم.

هەرگیز عەرەب ئەوە ناکات

دواتر مام بانگی کردم و گوتی، ئەوانە عەرەب و عەشـیرەن ئەوەتا مـن حوکمی ڕەمیم هەیە، بەس هاتـووم وەک چۆلەکە دەتوانن بمگرن، بـەس هەرگیز عەرەب ئەوە ناکات، هەتا بە سـەلامەتی دەگەمە شـوێن و مەنزڵـی خـۆم. ئەوجـار گەر بیانەوێـت هەرچی خراپـە دەیکەن، کە کردووشـیانە. وەک هەسـتم پێ کرد ئەم پیاوە فازڵ زۆری حورمەتی تۆ گرت و زۆریش بە گەورەیی باسـی مامۆستا زەبیحیی کرد. من پێم باشـە بەیانی کە هات داوای لێ بکە بەڵکو سەفەرێک بۆ دەرەوە بکەیت و ئیتر شـوێنت ئەمن بێت. سـەرم بەلادا خسـت و گوتم ئەمر دەکەیت. گوتـی: هەرچییـەک داوای لێ بکەیت مادام گوتـی میوانی ئێمەی، بۆت دەکـەن. هەر بەم زمانە کە نەخۆشـی و دایـک و بابت گیراون و دەچم بۆ لای براکەم، بەڵکو دوای کارەساتی ئیعدامی خوشک و لەناوچوونی خاڵمان، چەند ڕۆژێک لای بم و دواتر ئینشاڵڵا مفاوەزات سەر دەگرێت و منیش بە ئازادی دێمەوە!

ڕۆژی دواتـر بەیانی زوو هاتەوە بۆ لای مام و دواتر ڕووی لە من کرد و فەرمووی لێ کردم. کاک سـەلاح بە عەرەبی ئەوەی مام گوتی، لـە زمان منەوە بۆی باس کرد. دیار بوو مام گوتبووی عەلی ئیشـێکی پێیە، دۆینێ لە ڕووی نەهاتووە و بە منی گوتووە.

یەکەم بیتاقە بۆ سوید

هـەر ئەوەنـدە کاک سـەلاح قسـەکانی تەواو بـوون، فـازڵ بانگی شـۆفێرەکەی کرد و چەند وشەیەکی پێ گوت. شۆفێر بە پەلە ڕۆیشت. کاک سـەلاح و دانـا بـە پێکەنینەوە چاویان لە من دەکرد، کاک سـەلاح گوتی، ئەوە ناردی بۆ بیتاقە. بە شـۆفێرەکەی خۆی گوت بچێت، یەکەم بیتاقەت بۆ سوید بۆ بکڕێت و بیتەوە!

وڕ و کاس بووبـووم! جـا چۆن وا دەبێت؟! ئەدی خۆئامادەکردن و خواحافیزی لە هەباس و چی و چی؟! کاک سەلاح گوتی، سەیەکوێر لێت داوە، ئەم شـتانە هیچ نین، موهیم ئەوەیە گەر ئەم دوانیوەڕۆیەش بوو، بڕۆ نەجاتت بێ. ئەوی تر هەموو خۆمان بۆت دەکەین و گەر شتێکیشت هەبوو، بۆت دەنێرین.

نازانم حاڵی دەروونم چۆن وەسـف بکەم، وەک لەسـەر پشکۆیەکی زۆری ئاگـر بم، حەجمینم لێ بڕابوو، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هەموو ناخ و جەستەمی داگرتبوو.

چیـی وای پـێ نەچوو، سـایق گەیشـتەوە و دەسـتە و نـەزەر لە بەردەمی فازڵدا بە چەند وەرەقەیەکەوە وەستا، بە پێکەنینەوە ڕووی لە کاک سەلاح کرد و بۆی باس کرد هەینیی داهاتوو بە ئەڵماندا سەفەری بو سوید بۆ ڕێک خستووە، ئەم پێنج شەش ڕۆژە تا هەینی میوانی من دەبێت و وا دیار بوو مام دەچووەوە بۆ کوردستان.

٥٢

ئێوارە شـــۆفێرێک کە ناوی برایم بوو خەڵکی خانەقین، هات و منی بــردە هۆتێلێکـــی زۆر خـــۆش و ڕاقی، گوتیان ئەمە خۆشـــترین هۆتێلی عێراقە و جێی میوانی تایبەتە، ناوی «الرشید»ە.

برایم گوتی، ئەمرم پێ کراوە ڕۆژانە تا ئۆغر دەکەیت بێم بۆ سەردان و بتبەمە گەڕان و بەغدات نیشان بدەم.

بڵێی تەسلیمی ئێرانم نەکەنەوە؟

شـــەممە بوو، دەبوو تا ڕۆژی هەینی ســـەعات نۆی بەیانی کە کاتی فڕینم بوو، چاوەڕێ بم. ئیبراهیم چەند جارێک بەیانیان دەهات و دەیبردم بۆ شـــوێنە مێژووییەکانی بەغدا. لە ڕاســـتیدا خۆم هەر لە دڵەڕاوکێ و بێئۆقرەیـــدا بووم، شـــەو و ڕۆژ فیکر و خەیـــاڵ و تەنانەت ترس بەری نەدەدام. ترس لە دیوەزمەی بەعس بە تاقی تەنیا کەوتبوومە ناویان، بە تایبەت کە لە مام جەلال و ئەو کوڕانەی لەگەڵی بوون، بیستم؛ مفاوەزات بەرەو کۆتایی و شکست دەڕوات. ئەی من بە تەنیا لە ناو زاری گورگدا چ دەکـــەم؟ بە هـــەزاران خەیاڵی ئەشـــکەنجە و گیـــران و بیرهاتنەوەی چارەنووسی ئەحمەد تۆفیق بە دەستی ناظم گزار و ونکردن و کوشتنی خاڵم، هەموو ئەم داســـتان و وەحشیگەریی زیندانەکانی بەعسم لە خۆم کردبوو بە دێوەزمەی ئەم چەند ڕۆژەی مانەوەم لە بەغدا. لە هەمووی ترسێنەرتر بۆ من ئەوە بوو، لە هیچ و خۆڕایی دەمگوت بڵێی تەسلیمی ئێرانـــم نەکەنەوە؟ ئاخر کاتی خۆی زەبیحـــی و قزڵجی و زۆری تریش تەســـلیم کرابوونەوە. تـــرس لە ئێران و عێـــراق مۆتەکەیەک بوو بەری نەدەدام و تۆز و غوماری[1] خەمێکی قورســـی بەسەردا دەباراندم و بە

١- غومار، خۆڵ، تەپ و تۆز، غوبار.

چرکەسات لێم دوور نەدەکەوتەوە. بێئەزموونی لە سەفەر، ناشارەزایی لـە بەغـدا، دووریم لە پێشـمەرگە وەک قەڵایەک لە پشـتم بە درێژایی پێنج شـەش سـاڵی ڕابردوو لە هەڕەتی جەوانیم، بێ زمانی و عەرەبی نەزانینـم، بـێ خزم و کەسـوکاری لەم شـارە گەورەیە، شـەو و ڕۆژ بووبـوو بـە وێردی زمانـم و لە ناوخۆمـدا دەمگوتەوە، «سـەفری بە نابەڵەدی و نابەدڵی». ئای کە ناخۆشە!

لەم هۆتێلە بە خۆشـترین خواردن و خواردنەوەی شـاهانە، ڕۆژ تا ئێوارە پەزیراییان دەکرد، من دڵم خۆش نەبوو. لە سەختترین ڕۆژەکانی ژیانی پێشـمەرگایەتی و ئەو کاتانەی چواردەورمان لە کۆڵانێکی شـار، لـێ گیرابـوو، بۆنی ئاگر و بارووت هەموو وڵاتی داگرتبوو. دوو سـێ بریندار و یەک دوو شەهید بە کۆڵەوەن، بە مانگ و هەفتە تامی گۆشتمان نەکـردووە و لەپە و نیسـک خواردنمان بوو، ئەوەندە نەترسـابووم و ئەوەندەش بێزەوق نەبووبووم.

دەهاتمە دەر زۆر بە ئاسپایی و نیشانەکردن، ڕێگەکەم لێ ون نەبێت و بتوانم بگەڕێمەوە بۆ هۆتێل. چەند هەنگاوێک پیاسەم دەکرد و چاوم لـە فرۆشـگەکان دەکرد. دوکانێکی جلفرۆشـیم دی و چوومە ژوور بە زمانی لاڵان دەسـتم بۆ پانتۆڵ و کراسـێکی زۆر تەنکی هاوینی برد و ئێسـتاش نازانم چۆن کڕیم. دینارم دەرهێنا و بە چاو تێمگەیاند حەقی خـۆت هەڵگـرە. ئیتـر نازانم بەڕاسـتی حەقی خۆی هەڵگـرت یان فێڵی لـێ کردم، چونکە لەمێژ سـاڵ بوو هیچم بۆ خـۆم نەکڕیبوو. زۆربەی کاتەکانـم لـە ناو ژووری هۆتێلکـەدا دەگوزەراند، لۆبی و پێشـخانەکە بـە زۆربـەی کات خەڵکی بیانیی لێ بوو، چەند جارێک هەسـتم کرد و گوێم لێ بوو خەڵک هەبوو بە فارسـی قسـەیان دەکرد. ئەوەندەی دی دەپرینگامەوە و لە ژوورەکەی خۆم نەدەهاتمە دەر.

هـەر ڕۆژی یەکەمی چوونم بۆ هۆتێلەکە تەلەفۆنم بۆ ماڵی وەسـتا کەریم کرد، تەلەفۆن لە ژوورەکەم هەبوو، چەند جار تەلەفۆنی حوسێنی برام لە سوید کرد، نەمدەوێرا ئێران بگرم. وەستا کەریمم تێگەیاند تازە

زەحمەتە بگەڕێمەوە سـلێمانی، با بچێت و هەباسی برام لە وەزعی من حاڵی بکات و چەند ناسنامە و ڕەسم و وێنەم هەبوو لە موشەممایەکدا هەڵمگرتبوون، بۆ بێنێت و کلاشـینکۆفەکەم بۆ بفرۆشێت، لەبەر ئەوەی پارەیەکی وام پێ نەبوو.

چارەنووس بەرەو کوێم دەبات؟

ئێواران دەچووم بۆ ڕێستورانتەکە و لە قوژبنێکی نەدیوو دادەنیشتم، کوڕێکی درێژی ڕەشـی میسـری لەوێ خزمەتی دەکـرد، بانگم دەکرد بـە «میسـتەر عەلی». هیچ لێک نەدەگەیشـتین، بـەس زۆر بە کردەوە حورمەتـی دەگرتم و وەک شـتێک ڕەفتـاری لەگەڵ منـدا بەزەیی تێدا دەبیندرا و چی باش بوو لە خواردن و خواردنەوە لە پێشی دادەنام. بە دەیان مەزەی خۆشی عەرەبی و لوبنانیی لێ بوو، چی مەشرووبی گران و باش هەبوو هەیانبوو. لە بێکەسی و خەم و ترس و غەریبی، هەنگوین بە دەمم وەک کەکرە بوو، خۆم سەرخۆش دەکرد بە مەشرووبی تاڵ و مڕی قووڵی جگەرەی یەک لەدوای یەکم. جا کە بە تەواوی سـەرخۆش دەبووم، بە حەوت و هەشـت ڕۆیشـتنەوە، خۆم دەگەیاندە ژوورەکەم، ڕادەکشام و هەتا بەیانی بە هەنیسکان خەو دەیبردمەوە، هەر بەتەمای خۆم نەبووم چیم بەسەر دێت و چارەنووس بەرەو کوێم دەبات؟!

دوای دوو سێ ڕۆژ وەستا کەریم وەک شێر هات و ئەوەی گوتبووم بـۆی هێنابـووم. نامەیەکی هەباس و وێنە و ناسـنامە و ئەو شـتانەی حوسـێن بە تەلەفۆن پێی گوتم بۆ پەنابەری باشـن و بەکارم دێن، ئەو پاسپۆرتەی لێم دە ئاوێ کەوت، کە هەموو شوێنی تەزویر بوو، لەگەڵ شتەکانمدا بوو.

لەگەڵ وەستا چووین بۆ چەند شوێن و چەند ڕەسمێکمان گرت، ئەو گەڕایەوە و بە هیوای دیداری نادیار یەکترمان لە باوەش گرت.

فازڵ حورمەتی نواند

ئێوارەی ڕۆژی پێنجەم لە هۆتێل، فازڵ لەگەڵ برایمدا هاتن و بەیەکەوە چا و قاوەمان خواردەوە، زۆر بە حورمەتەوە گوتی: تۆ بەیانی دەڕۆیت و خــوا ئــاگادارت بێت. ئەوە بزانە ئێرە هەمیشـــە ماڵــی خۆتە و من بۆ خزمەتت ئامادەم. دەستی لە گیرفانی نا و چەند ویزیت کارت و ژمارەی خۆی و ســـەفارەتی عێراقی لە ســـوید پێ دام و پێداگریی کرد هەرگیز دوودڵ نەبم لە پەیوەندی بۆ هەر کار و خزمەتێک. پرسیی پارەم پێیە؟ گوتم، بەڵێ زۆرم پێیە و پێویستیم بە هیچ نییە. ئیتر لەسەری نەڕۆیشت و بەبــێ هیــچ داوایەک ماڵئاوایی کرد و گوتــی، لە ڕێ لە هەر کوێ لێم قەوما بە تەلەفۆنەکەی خۆی ئاگاداری بکەمەوە.

ســـەرەنجام شـــەش ڕۆژی پڕ لە غەریبی و کەساسی کۆتایی هات. بەیانــی زوو ئیبراهیــم هــات، ماوەیەک بــوو لە لۆبێکە ئامــادە بووم و چاوەڕوانی بووم، گوتی پاساپۆرتەکەت بشارەوە، یان فڕێی بدە بەکاری هیچ نایە. گوتم دەزانم دەیبەم بۆ براکەم داوای کردووە بۆی بەرم.

بەرەو هەندەران

جلەکانــی پێشـــمەرگایەتیم و ئــەم چەنــد وێنــە و کاغەزانــەم لەناو کۆڵەپشـــتێکی بچووک بە شـــانەوە بوو. خاوەنی هۆتێل خواحافیزیی لێ کردم و چەند وەسڵم ئیمزا کرد و بەرەو فڕۆکەخانە ڕێ کەوتین. وەک کەڕ و لاڵ و گێژ ســـەیری جادە و پرد و ئەم شـــارە مێژوویی و پڕ لە کارەســـات و جوانییەم دەکرد. هیچم بۆ نەدەچووەوە سەریەک و تەنیا حەپەسابووم. ڕایگرت و منیش بەبێ هیچ گوتن تەنیا دوای دەکەوتم. بە چەند پلیکان و ڕاڕەودا گوزەراین، زۆر بە توندی هەنگاوی دەنا و منیش بەدوایدا دەڕۆیشـــتم. نازانم بەرەو کوێ، هەر نەمزانی گەیشتووینە ناو فڕۆکەخانە، بە تونێلێکی خرتوومیدا لەپڕ چووینە ناو ژووری تەیارەکە، لەگەڵمدا هات تا لەســـەر کورســـییەکی دانام و داوای سەفەری خۆشی بۆ کردم و ڕۆیشت.

بە چاولێکەری لەوانی دی منیش خۆم بەستەوە و هەرچی جیرانەکەم دەیکرد، منیش وام دەکرد. هێندەی پێ نەچوو تایەی فڕۆکە لە عەرد جیا بوونەوە و کەوتینە فڕین بەرەو ئاسمان و بەرەو ئاسۆ، ئیتر نەمدەزانی تاریکە یان ڕوون!

لەخۆنامۆبوون

جیرانەکـــەم بە فارســـی دەســـتی بە قســـە کـــرد و پرســـیار بەدوای پرسیاردا زۆر شتی لێ پرسیم. هەستم کرد دەبێت لە موجاهیدینی خەڵق بێـت. ئـەوکات یەکجار زۆر بوون لە بەغدا و ســەدام ئیمکاناتی باش و زەوەندی پێ دابوون و زۆر دڵنیا بوو خومەینیی بۆ دەڕوخێنن. دەمزانی فڕۆکەکــە دەچێتــە فرانکفۆرت لە ئەڵمان و دوای چەند ســەعات دەبێت بچم و ســواری فڕۆکەی ســوید بم. بەس ناشــارەزایی وات لێ دەکات بڕوات بە هیچی خۆت نەبێت و تووشــی کۆمەڵێک هەڵە و ســاویلکەیت بکات. زۆر بە نەزانی و خاوی چەند پرسیارم لێ کرد، کە ئێستا دەزانم چەند سانا و سادەن. سەبارەت بە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت و ترانزێت چییە و لە کوێ دەبێت، چاوەڕێی فڕۆکەی سوید بم و تێمگەیشت چەند حەپەڕووت و هیچ نەزان و نەشارەزام. لە هۆتێل بە تەلەفۆن، حوسێنی برام چەند جارێک بە وردی بۆی باس کردبووم ڕێگە و گۆڕینی فڕۆکە و فڕۆکەخانەکان چۆنن و دەبێ چ بکەم و چی نەکەم، بەڵام ئەم هەموو شــتە تازانە و فێربــوون و لە یاد مانەوەیان بــۆم هەر قورس بوون و بیــرم دەچوونــەوە، ترس و دڵەڕاوکێ و قەلەقــی زۆر، وای کردبوو لە خۆشم نامۆ بم.

هــەڵا و گرمە و جووڵەجووڵیک پەیدا بوو، میواندارەکانی ناو فڕۆکە دەســتیان بە هاتوچۆ و ســەردانی کورســییەکان کرد و یەک پشووش موکەبەرە بە عەرەبی و ئینگلیزی قســـەی دەکرد و هیچ تێنەدەگەیشـــتم، بــە دەروجیرانــەوە، دیســان تێگەیشــتم دەبێت خۆ ببەســتمەوە و قیت دانیشم و خەریکە دەگەین.

لە کێ پرسم؟

فڕۆکە زلەی لوفتانزای ئەڵمانی هەر هات و نەوی بوو، تا وردەوردە خۆشـی و تایەکانـی عەردیـان ماچ کرد و بـوو بە چەپڵەڕێـزان. هەر نەمزانی بۆ، بەس گوێم لە سەڵەوات و سوپاس بۆ خوا بوو.

هەرچەند کابرای جیران وەعدی پێ دابووم کە گەیشتینە فرانکفۆرت یارمەتیـم بدات و بمبات بۆ لای فڕۆکەی سـوید و ڕێنماییم بکات، هەر نازانـم کـە دەرگاکان کرانـەوە بە کوێـدا ون بوو. ناعیلاج کۆڵەپشـتە بچکۆلانەکەم دەست دایە و وەدوای شەپۆلی چوونەدەری خەڵک کەوتم. ئەوجـار لە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە حەشـیمەت و بە سـەدان دوکان و بازاڕدا خۆم دۆزییەوە، بەڕاستی خۆم وەک قەترەیەک ئاو دەدیت لەناو دەریایەک. گێژ و مل بە هەر لایەکدا سووڕاندن، دەهاتم و دەچووم. ئەو چوار وشـە ئینگلیزییەی لە خوێندن فێـری بووبووم، لە هیچ قوژبنێکی نـاو مێشـکمدا وەدەر نەدەکەوتن و نەمدەوێرا پرسـیار لە کەس بکەم، ئاخر نەمدەزانی لە کێ و بە چ زمانێک بپرسم.

سەفەری بێ پاسپۆرت

بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەم بەو کاتە زۆرەی لە پێشـم هەبوو، شـتێک لـە چۆن و چوونـی و چەندایەتی ئەم فڕۆکەخانـە گەورەیە فێر بم، بە حەیرانی و سـەرگەردانی کاتم بەسەر دەبرد. برسیبووم و پارەشم پێ بـوو، یەک دوو بـاڕ چووم دۆلاریان لێ وەرنەگرتـم، بە زمانێکی زۆر شەڕانی و تیژ و دوور لە میهرەبانی، بە ئەڵمانی داوای «مارک»یان لێ کـردم، زانیم پارەی وڵاتەکەیە، بەڵام تەنیا دیناری عێراقی و دۆلارم پێ بـوو. هیچ، فایدەی نەبـوو، زۆریش گرنگ نەبوو هیچ بخۆم. وردەوردە سـەعات لە پێنجی ئێوارە نزیک دەبووەوە، بیتاقەکەم بە دەستەوە گرت و بە یەک دوو کەسـم نیشـان دا، شـانیان هەڵدەتەکاند و دەڕۆیشـتن، کاتم لێ درەنگ دەبوو، دەبوو شـتێک بکەم، چاوم گێڕا دوو کەس جلی تریان لە بەردا بوو، دەترسـام پۆلیس بـن و وێیان نەدەکەوتم. ئاخری

بە دوو سێ وشەی ئینگلیزی پێشم بە یەکیان گرت، هەرچی کردم تەنانەت یەک وشەش ئینگلیزی نەدوا و بە ئەڵمانی کە زۆرتر لە مێلۆدی و ئاهەنگی شەڕ دەچوو، بە هاتوهاوار بە دەست داڵانێکی نیشان دام و ڕۆیشت. گەیشتمە شوێنێک لە هۆڵێکی گەورە هەموو شووشەی تەبەق زۆر گەورە بوو، باندەکان دیار بوون و بە دەیان فڕۆکە پارک کرابوون. خەڵک بە جیا ڕیزیان گرتبوو. دەچوومە پێش و دەمگوت «سویدن»؟! وەڵام «نۆ». دوای چەند جار یەکیان گوتی «یەس». چەند کەس لە سەرە بوون و یەکێک چاوی لە پاسپۆرت و بیتاقەی مسافیرەکان دەکرد، چوومە ئاخری ڕیزەکە و یەک یەک دەچوونە پێش و ڕێگەیان پێ دەدرا بۆ ئەو دیوی کۆنترۆڵەکە بچن و سواری تەیارەی سوید بن. دڵم لەسەر سەت لێی دەدا و پەشۆکاوی بە تەواوی سیما و ڕوخسارمەوە هاواری دەکرد من تەواو نیم. نەفەری پێش من چاویان لە بلیتەکەی کرد و ڕۆیشت، سەرەی من بوو دەبوو هەنگاوێک بچمە پێش، دەتگوت دوو پوتی گەورەی ئاسن بە لاقەکانمەوە زنجیر کراون و جووڵەم نەمابوو. بە ئەڵمانییەکی هاوئاهەنگ وەک شیرەی ئیگزۆزی تراکتۆر بە دەنگی بەرز نەڕاندی و بە دەستەکانی تێیگەیاندم بچمە پێش. بە ترسێکی نزیک لە زیڕەکردن و لەرزین بلیتەکەم دایە دەست. چاوێکی لێ کردم و لە بلیتەکە ڕاما. بە ئەڵمانی و بەوپەڕی زمانشڕی و بێلوتفی گوتی «پاسپۆرت»! لە ئاست خۆم وشک بووم و گوتم «نەو»! نازانم بە ئەڵمانی چیی گوت، ڕەنگە ئێستا تێبگەم کە گوتبێتی؛ ئەوە کەری کوێی و چۆن بێ پاسپۆرت سەفەر دەکرێت؟!

خۆشترین جگەرەکێشان

بە دەست وەلای نام و تێگەیشتم گوتی لەم گۆشەیە بوەستە با ئەوانی تر بێن و بڕۆن. چیی وای پێ نەچوو دوو زەلامی بالابەرزی چەشنی بارگینی کەتەی ئینگلیزی بە قەیاسە و کەلەپچە و زنجیر و باتووم و دەمانچە و کلیل و چی و چی بە قەدەوە وەک باری ئێسترێکی تۆپخانە

ئەملا و ئەولایان گرتم، بە مسقاڵ تروسکایی ڕەحم و خۆشەویستی و میهرەبانیت تێدا بەدی نەدەکردن. جاران لە سینەما فیلمی وایکینگم دیبوو، دڵنیا بووم ئەوانن هاتوون بۆ گیانم! کەلەپچەیان نەکردم و بە ناو قەرەباڵخیی خەڵکدا ئەولا و ئەولایان گرتم و پێش خۆیان دام. بردیانم بۆ ژوورێکی گەورە، ژوورەکە لە ناو خۆیدا چەند بەش بوو، بە دیواری شووشە و ناوقەد لێک جیادەکرانەوە. کورسییەکیان نیشان دام و دانیشتم. بە هەردوو دەست سەرم لە ناو ئەژنۆکانم گرت و بە بەخت و چارەڕەشی خۆم سەری هەموو دنیام لێ تاریک بووبوو. ئەوەندە بێئەزموون و ناشارەزا و هیچنەدیتوو بووم، پاسدار و پۆلیس و هەموو ئەوانەم پێ وەک یەک وا بوو. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جارم بوو بە دەستی پۆلیس، یان سەرباز و کەسێک دەسبەسەر کرابێتم. سوێم دەبووەوە بۆ سیگارێک، هەرچەند ئەوکات سیگارکێش وەک ئێستا بێقەدر و حورمەت نەبوون و لە هەموو شوێن و تەنانەت ناو فڕۆکەش بۆیان هەبوو دووکەڵی خۆیان بە با بکەن، بەس من نەمدەوێرا پاکەت و شەقارتەکەم بێنمە دەر. خوا ڕەحمی کرد لەو کاتەدا یەک کە لە پشت میزێک دانیشتبوو، جگەرەیەکی هەڵکرد، تینم دایە خۆ و پاکەتم دەرهێنا و بەبێ ئیجازە هەڵم کرد. تامی ئەو مژە سوکنایی پێ بەخشیم و وەک سەرخۆشان سەرم سووڕا و مژ بەدوای مژدا بە چەند چرکە تەواوم کرد و یەکی ترم داگیرساند.

یەک لێم هاتە پێش و بە ئەڵمانی قسەی کرد، سەرم لقاند، واتا هیچ تێناگەم. گوتی «ئینگلیش»؟! بە دەست ئیشارەتی کرد چی دەزانم؟! گوتم فارسی، کوردی! ئۆکەیەکی کرد و ڕۆیشت. ماوەیەکی باشی پێ چوو یەکیان دیسان دەستی بۆ قوژبنێکی ژوورەکە ڕاداشت، ماشێنی چا و قاوەی لێ بوو، بە ئەڵمانی شتێکی گوت، بەبێ ئەوەی لێی حاڵی بم، قوشقی بووم و گوتم «یەس یەس»!

چام تێ کرد و هەر بەدوایدا جگەرەیەکم داگیرساند. ئیتر بێهیوا بووم و دەمزانی تازە درەنگە و فڕۆکەی سوید جێی هێشتووم. هەتا

ئاخر سات ئومێدم دەدا خۆم سواری فڕۆکەی سویدم دەکەن، نیگەرانی حوسێنی برام بووم، دەمزانی لە فڕۆکەخانە بێسەبرانە بەهیوای دیداری منــە. وەک منداڵێکــی بێناز لەتاو باوەشــێک و دەستبەســەردا هێنانێک خەریک بوو دڵ لە سینگ بێتە دەر و هەستم بە لیچکردنی خۆم دەکرد. دڵم دەگوشــرا و گەرووم قوڵپی گریــان تێیدا پۆنگی خواردبووەوە. پێم خــۆش بــوو بگریم و هاوار بکەم و ســینگی خودا دابدڕم و شــکایەتی لێ بکەم، بۆچی من ڕووی خۆشــی نابینــم؟ بەم کەمە تەمەنەوە بۆچی ئەوەندە ئازارم دەدا و چیی لێم دەوێت؟!

وەرگێڕە ئەفغانەکە

یەک لە ئەفسەرەکان هاتەوە و پیاوێکی کورتەباڵای ڕوخسارئێرانیی لەگەڵدا بوو، بە زمانێک کە فارســی نەبوو، بەس تێدەگەیشــتم، بانگیان کردم بۆ سەر مێزی ئەفسەرەکە. بە فارسییەکی زۆر کۆن و پڕ لە وشە لەبیرکراوەکانی ئەو ڕۆژی زمانی فارســی خۆی ناســاند و گوتی: من وەرگێڕانت بۆ دەکەم. گوتم باشت لێ حاڵی نابم. شتێکی بە ئەفسەرەکە گوت و دواتر گوتی، وەرگێڕی فارسی و کوردی ئێستا بەردەست نییە و من دەبێت یارمەتیت بدەم. ئەفغانم.

ئــێ! قســـە لە پۆلیــس و وەرگێڕ و مــن و پرســیار و وەڵامی زۆر، بــە کورتــی گوتی: تــۆ بە غەیرەقانوونــی هاتوویت بۆ وڵاتــی ئەوان و پاسپۆرتیشــت نییــە، یــان دەبێت بتگریــن و ڕەوانەی زیندانــت بکەین، یــان ئەوەتا ئەگەری ئەوە هەیــە بۆ عێراقت بنێرنەوە. هەر ئەوەندە بوو دڵ قەفەســی ســینەی نەدەقڵیشــاندەوە و خۆی لە زیندانی ناخم ڕزگار نەدەکرد. هەستم کرد کە باسی ژیانی خۆم و دژایەتیی کۆماری ئیسلام و مەلاکانــم بۆ پۆلیســەکە دەکــرد، کابرای وەرگێڕ بۆخــۆی تەداخولی دەکــرد و لایەنگیریی حکومەتی ئێرانی دەکرد. تــەواو بێهیوا بووبووم. ئەفســەرەکە ماندوو بووبوو، چەند جار وەرقەی لە پێشــم دانا ئیمزای بکەم، هەر گوتم نا! تێگەیشتم داوای پەنابەری بوو لە دەوڵەتی ئەڵمانیا.

گوتم نامەوێ لێرە پەنابەر بم. بلیتی من بۆ سویدە، یان بمنێرن بۆ ئەوێ، یان ئەوەتا لە کوێڕا هاتووم دەچمەوە بەغدا. کە زانیی وەرەقەکان ئیمزا ناکـەم، بە تووڕەیی ڕۆیشـت. بە زمانێکی پاڕانەوە لـە کابرای وەرگێڕ داوام لـێ کـرد با تەلەفۆنێک بکـەم بۆ بەغدا، زۆر بە منـەت و ناقایلی دەیگوت نابێت. شـەو درەنگی کردبوو، دوو پۆلیس هاتن بمبەن، پێم وا بوو دەمبەن و تەسـلیمی ئێرانم دەکەنەوە. دەسـتم بە هاتوهاوار کرد و چەند جار خۆم ڕاپچکراند. خۆ بەم شووشە تەبەق گەورانە دا بدەم کە ڕوو بە باندەکانی فڕۆکەخانە بوون. یەک دوو جار تێیان سـرەواندم و دایاننامەوە، هەر دەمگوت «تەلەفۆن، تەلەفۆن». ئیتر متمانەم بە کابرای وەرگێر، کە بۆم دەرکەوتبوو لە ئەفغانەکانی سەر بە ئێرانە، نەمابوو.

کێ باوەڕ دەکات میوانی فازڵ بەڕاکم؟

دڵیـان نەرم بوو، گوتیان بچـووە ناو ترانزێت لە تەلەفۆنی گشـتی بـە پـارە تەلەفـۆن بکـە. چەنـد دۆلارم دەرهێنـا و گوتم بـەو پارەیە دەبێت؟! وەرگێر گوتی، تەنیا پارەی ئاسنی مارک دەبێت. گوتم لە کوێ بیگۆڕمەوە؟! گوتی داخراون! بە زمانێک کە بۆنی دڵپیسووتان و بەزەیی لێـوە دەهـات، لەگەڵمدا هات و نازانم دە بوو یان بیسـت دۆلارێکی لێ وەرگرتم، یەک دوو مارکی پێ دام و بردمیە بەردەم تەلەفۆنی گشـتی. دوو سـێ جار ویسـتم بەغدا بگـرم، نەدەگیرا. یەک بەدوای یەکیشـدا دوو پۆلیسـەکە لە دوورەوە پەلەیان لێ دەکردم و دەیانگوت خێرا کە! حوسـێنم وەرگرت لە سـوید، تازە هاتبووەوە لە فڕۆکەخانە، بە هاوار و دەنگـی بـەرز گوتی عەلی لە کوێی، بـۆ نەهاتی؟! حاڵی خۆم بۆ باس کـرد و گوتی، چاکت کردووە ئیمزات نەکردووە. ئەگەر هەیە بتنێرنەوە بـۆ عێراق. گوتم حوسـێن کـە وا بێت تۆ دەبێت بە هـەر جۆرێک بێت تەلەفۆنێک بۆ فازڵ بکەیت و داستانی منی بۆ باس بکەیت. بێتوو ئەوان یەکسـەر سـواری فڕۆکەی عێراقم بکەن و من لـە فڕۆکەخانەی بەغدا دابـەزم، هەتا حاڵییـان دەکەم بەبێ زمانی، کەوڵم لـە حاجەت دەخەن.

لــە پۆلیــس و ئەمنی فڕۆکەخانــە کێ باوەڕ بە مــن دەکات، من میوانی حکومەت و فازڵ بەڕاک بووم؟!

تەلەفۆنەکەیــم دا بــە حوســێن و پێم گوت یەک پشــوو حەول بدات بــەم ژمارەیە قســەیان لەگەڵدا بکات و تەنیا ئاگاداریان بکات ئەمشــەو یان ســبەی عەلی لەوانەیە بگەڕێتەوە بەغدا و ئاگایان لێم بێت، تووشــم بە تووشــی ئەمنی فڕۆکەخانەوە نەبێت. حوســێن گوتی لە کۆڕیدۆری شــوقەی خوێندکاریــم کوڕێکــی کەرکووکی هەیە ناوی حەســیبە، ئەو عەرەبییەکەی باشــە، ئێستا دەچین و قســەیان لەگەڵدا دەکەین. ئیتر بە دەرد و ئازار و غەمبارکردنی حوسێن، خۆم ڕادەستی پۆلیسەکان کرد.

هەزاران فیکر و خەیاڵ

کابرای وەرگێڕ ڕۆیشت و دوو پۆلیسەکە ئەولا و ئەملایان لێ گرتم و پێش خۆیان دام. بە چەند پلیکان و ئاسانسۆر گەیشتینە ژێرزەمین، پڕ بوو لە پاس و ســەیارە و ماتۆڕی پۆلیس. گەراجی پۆلیسی فڕۆکەخانە بوو. ســواری ڤانێکی لەو نۆ نەفەرییانەیان کردم، لە ســجنێکی گەڕۆک دەچوو، چواردەوری شــیش و تۆری موشــەبەک بــوو. لە هیچ ئاگادار نەبــووم و وەک کوێر و لاڵ وا بــووم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەمبەن بۆ ســەفارەتی ئێران، لە زیندانم دەکەن، جاری وا بوو دڵخۆشــیی خۆم دەداوە و دەمگوت، دەمبەن بۆ هۆتێل و بەیانی دەمنێرنەوە بۆ بەغدا، یان دەمگوت حوســێن خەڵک و دۆســت و برادەرانی ئەڵمانیی خۆی ئاگادار کردوونــەوە و هەربینــا هاتن و ڕزگاریان کــردم.... بە هەزاران فیکر و خەیاڵ. لە گۆشــەی پەنجەرە ڕەشەکانی ســەیارەکەوە سەیری جادە و مــاڵ و دوکانەکانی ناو فرانکفۆرتم دەکرد و ســەیارەکە تیژ تێدەپەڕی. گەیشــتینە بــەردەم بینایەکی کۆنی بە بەرد دروســتکراوی ســەردەمی جەنگی جیهانی. دایانبەزاندم و یەک پشوو توند توند بە ئەڵمانی قسەیان دەکــرد. لە ســێ چوار پلیــکان سەریانخســتم و دەرگایەکی داری زۆر کۆنی مەحکەمی جوانیان کردەوە و کەوتینە ڕاڕەوێک و دواتر داڵانێکی

دووڕودرێژ و ئەمدیو و ئەودیوی دەرگای ئاسن و قفڵکراو. من هەرگیز سـجن نەکرابووم و هیچ سجنێکم تا ئەوکات نەدیبوو، بەس دڵنیا بووم ئێرە زیندانە و لە زیندانی فیلمەکانی سەردەمی جەنگی جیهانی دەچوو. وەک دەڵێن ئەژنۆم شکا، ویستم بەرەنگاریی بکەم و دەستم ڕاپچکراند، بـە دەنگـی بەرز بە کوردی و فارسـی بـە ئاهەنگ و ناڵـەوە دەمگوت بۆ زیندانیم دەکەن و هیچم نەکردووە؟ یەکسـەر کەسـایەتیی ئەم دوو پۆلیسـە گـۆڕا و بـە هەردووکیان کەوتنـە گیانم. بە مسـت، پێلاقە، بە بەعـەرزدادان و قاچ لەسـەر مل دانان، بە دوو نێرەکەری ملئەسـتوور کەوتنـە گیانـی لاوێکـی لاواز و بێدەرەتـان، کـە ئەوکات کێشـم تەنیا پەنجا و شـەش کیلۆ دەبوو. لەم بگرە و کێشـمەدا پانتۆڵەکەی لە بەغدا کڕیبووم لە نێفەکەوە هەتا سێبەندەی پشتم دڕا و هەڵوەشا. تفێکیان تێ کردم و ڕاپانکێشـامە ناو بەندەکە و فڕەیان دام و دەرگایان کڵۆم کرد. لەوەتی هەم و هاتوچۆی وڵاتان دەکەم، هەرچەند زۆر کەم تووشـم بە تووشی پۆلیسـی وڵاتانەوە بووە، بەڵام لە پۆلیسی ئەڵمان نامرۆڤانەتر و بێبەزەیـی و نەخـۆش و ڕەقتر شـک نابەم. من دەزانـم لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کام لە مرۆڤەکان دەبن بە پۆلیس و سروشتی پیشەکە بەزۆری مرۆڤی جوان و بەڕەحمیان لێ دروسـت ناکات، بەس دیسـان دەڵێم باوەڕ ناکەم لە پۆلیسی ئەڵمان کە بە هەزاران و ملیۆن جوولەکە و مرۆڤیان لە شـەڕی جیهانی کوشـت و سـووتاند؛ بێڕەحم، بێئەدەب، بێمستەوای فەرهەنگی، قینلەدڵ، مەغروور و نامرۆڤانەتر هەبێت لەسەر گۆی زەوی؟!

٥٣

ئەو شەوە تەختێک و بەتانییەک، دەسشۆرێک و تواليتێک لە ژوورێک بــە پانتايــی مەتر و نيو بــە دوو و نيو، کونجی زيندانــی من بوو. هيچ هەســتم بە ئازاری لەشم و شــوێن پێلاقە و مست و زللەکان نەدەکرد. هەرچی بوو، تەنيا ئازاری ڕۆح و نيگەرانی لە بەيانی و تەسليمکردنەوەم بــوو. ئاخــر دوای ئەو ڕەفتارەی لە فرۆکەخانــە لەگەڵمدا کرا، دەمگوت دەمدەنەوە بە ئێران. لە سەر تەختەکە خۆم گرمۆڵە کردبوو هەر هێندەی باڵينجێک دەبووم و نەدەبووم. بە هەنيســک و خۆخواردنەوە لە هۆش چووم و نەمزانی دەرگايان کردووەتەوە و قاپێکی پيسی خواردن نازانم چ بــوو دايانابــوو، هەڵبــەت کاتێک ديتم کە بەيانی بــوو هاتن برديانم. دەرگا کرايەوە پۆليسێک بە ئەڵمانی بانگی کردم و نەمزانی چی دەڵێت؟! ويســتم بە بێزمانی حاڵی بکەم پانتۆڵەکەم هەمووی دڕاوە، دەســتم بۆ نــاو نێفەکــم برد بۆ ئــەوەی حاڵيی بکەم، کەچی دەســتی بە پێکەنين و ڕابواردن کرد. پاڵی بە شــانمەوە نا و پێش خۆی دام. حەوشەيەک بوو ڤانێک وەســتا بوو، چەند کەسی لە پشــتەوە تێدا بوو، منيش لەگەڵياندا ســوار بــووم، هەمــوو کەلەپچــە کرابوون، منيشــيان کەلەپچــە کرد و لەســەر کورســێک دايانام. نازانم جاری وايــە ڕۆح دەرناچێت و تەنيا پيش دەخۆيتەوە، بينيم لەگەڵ ســێ چوار کەسی کە وەک دز و ترياکی دەچوون، لەناو ڤانێکی بەزيندانکراو هاوسەفەرم، بۆ کوێ، نازانم؟!

ئەوان بەيەکەوە قســە دەکەن، هيچ تێناگەم و بێدەنگ دوو دەســتی کەلەپچەکــراوم لە ناو کۆشــم گرتووە و کۆم بوومــەوە و چەناگەم بە ئەژنۆکانمەوە نووساون.

لەناو موشەبەک و پەنجەرەکانی ڤانەکەوە، جادە و ماڵەکانم دەديتن، کەوتينە جادەی جووت سايت و چوار و هەشت سايت.

فڕۆکەکانی ئێران

لەناکاو چاوم بە باندی فڕۆکەخانە کەوت و چەند دانە فڕۆکەی ئێران و هومائێر وەستابوون. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە کە ئەو دێڕانە دەنووسم و بیری ئەو چەند ساتە دەکەم، کە چاوم بە فڕۆکەکانی ئێران کەوت، توانای ئەو دەربڕینەم نییە و ناتوانم هەستی ئەوکاتم بێنمە سەر کاغەز و وێنای حاڵی خۆم بکەم. ئیتر وام زانی فیکر و خەیاڵەکانم بوون بە ڕاستی، ئەوە تەسلیمی ئێرانم دەکەنەوە، ئەگەر وا نییە بۆ هێناویانم بۆ ناو ئەو هەموو فڕۆکەی ئێرانی؟! فیکری خۆفڕێدانم هەبوو، بە دەستی کەلەپچەکراو و دەرگای شیش و موشەبەککراو چۆن دەتوانم؟!

لە قوژبنێکی نادیاری ناو فڕۆکەخانە، نەمدەزانی کام فڕۆکەخانەیە، ڕایانگرت و پۆلیسێکیان دابەزاندم. دەرگایەکی ئاسنی بچووکیان کردەوە و بە قادرمە چووینە سەر و کەوتینە هۆڵێکی گەورەی پڕ لە حەشیمەت، گومانم هەبوو شوێنەکەی شەوی پێشوو بێت، بەس کە کەمێک ڕۆیشتین، چووینەوە هەمان ئۆفیسی پۆلیسەکانی ناو فڕۆکەخانە، کە شەوی پێش ئیفادەیان لێ وەرگرتم. واتا هەمان فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت بوو.

پانتۆڵی دڕاو

کاتی دابەزین لە ڤانەکەدا، پۆلیس کەلەپچەکانی لە دەستم کردبووە، چەند قسەی لەگەڵ ئەفسەرەکاندا کرد و ڕۆیشت، من لە شوێنی شەوی پێش دانیشتم. قسەیان لەگەڵدا دەکردم و دەیانزانی هیچ تێناگەم، بێدەنگ دەبوون. دڕاویی پانتۆڵەکەم زۆر پێ عەیب بوو، نەمدەزانی چیم لێ دەکەن و لە پەنجەرەکانەوە تەنیا فڕۆکەی ئێرانی کە وەستا بوون، لێمەوە دیار بوون. لە نەزانی پێم وا بوو ئەم شوێنە بەشی فڕۆکەکانی ئێرانە و لێرەوە هەرچی فڕۆکەیە دەڕۆن بۆ ئێران.

چەند جار بە مێشکمدا هات خۆم بەو تەبەقە شووشە گەورانەدا بدەم و خۆم فڕێ بدەمە خوار و کۆتایی بە ژیانم بێنم، دیسان دەمگوت

پەلە مەکە بەڵکو وا نەبێت. ئەوەتا فڕۆکەی وڵاتانی تریش چەند دانەیەک دیارن. هەرچی سەرنجم دەدا فڕۆکەی عێراقم نەدەدیت، دیسان دڵخۆشیی خۆم دەدایەوە و دەمگوت خۆ ئەوەی پێی هاتم ئارمی عێراقی پێوە نەبوو، ئەڵمانی بوو.

نەو ئێران

بە دەست نێفەکم بە یەکیان نیشان دا و ئاماژەم بە مەکینەی دروومان و دەرزی و دەزوو کرد، لە قاقای پێکەنینیان دا و بە ئەڵمانی دەستیان بە گاڵتە کرد. هیچ فایدەی نەبوو، دانیشتمەوە. هەموو بەیانی و پێشنیوەڕۆکەی لەم ژوورە بە دیار چارەنووسی نادیار لە فیکر و خەیاڵاتی هەرچی مومکین و نامومکینە بە جگەرەکێشان و هەناسەی سارد تێپەڕ کرد. لای سەعات سێ و چوار بوو، هاتن و هەڵیانستاندم، بە هاتوهاوار و قیژاندن هەر دەمگوت: «نەو ئێران»، پێم وا بوو کابرای موجاهید لەناو فڕۆکەی بەغدا، یان کابرای وەرگێڕی ئەفغانی ڕاپۆرتیان لێ داوم و تەسلیمی ئێرانم دەکەنەوە. هەرچی دەمگوت، «موتەرجم موتەرجم...» تەنیا سەریان دەلەقاند و پاڵیان پێوە دەنام بەدوایاندا بڕۆم.

سەرەنجام بە تونێلێکدا بردیانم و کەوتمە ناو فڕۆکەیەکی گەورە. میواندارێکی خوێنشیرین دیار بوو، بە سەر بەخێرهاتنی کردم و لەگەڵ ئەفسەرەکەدا چەند وشەیەکیان گۆڕییەوە، هەر لە پێشەوە لەسەر کورسییەک دایان نام و پۆلیسەکە ڕۆیشت. ویستم لە میواندارەکە بپرسم بۆ کوێ دەچین؟ بۆم جێبەجێ نەبوو. فارسی و کوردی نەیخوارد، بە دەست و سەرلقاندن ویستم حاڵیی بکەم. لەناو وشەکانیدا بە ئەڵمانی بەغدام گوێ لێ بوو. هەر باوەڕم نەدەکرد و دەمگوت جارێ دەمخافڵێنن بۆ ئەوەی هیچ نەکەم.

وشەی بەغدا ئارامبەخش بوو

فڕۆکە هەستا و کەوتینە ئاسمان، دیسان لە بڵیندگۆکانەوە کە یەک پشوو قسەی دەکرد و دیار بوو ڕێنموونیی موسافرەکان دەکات و یەک بە دەست و ئیشارە دەیگوت چ بکەین، دیسان گوێم لە وشەی بەغدا بوو. ئای بۆ ساتێک ئەم وشەیە لە گوێمدا چەند خۆش و ئارامبەخش بوو.

وردەوردە دەست کرا بە پەزیرایی، چا و ساردی و مەشرووب هات. لە پیاوێکی کورسیکی ئەولاترەوە کە هەستم کرد لە خەڵکی ولاتانی لای خۆمان دەچێت، بە ئیشارە و چەند وشەی عەرەبی، فارسی و کوردی و ئینگلیزی، وەک کوێر و لاڵان پرسیم بۆ کوێ دەچین؟! ئاخر هەر گومانم هەبوو. بە ڕوونی تێی گەیاندم بەغدا!

ئەوجار پشوویەکم دا و وردەوردە دەهاتمەوە خۆ. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە بەغدا چۆن دەبێت، فیکر و خەیاڵمی داگیر کردبوو. تۆ بڵێی حوسێن کەسی ئاگادار کردبێتەوە؟ دەستم بۆ کۆڵەپشتەکەم برد و ژمارە تەلەفۆن و دەفتەرەکەم و چەند کاغەزی هۆتێلەکەمی تێدا بوو، ژمارە تەلەفۆن و ئەدرەسم پێ بوو، دەمگوت هیچ نابێت و ئەگەر نەیانناسیم و کەس نەهاتبوو ئەم شتانەیان نیشان دەدەم. لەوپەڕی برسێتی و هیلاکیدا، نە هیچم بۆ دەخورا و نە خەوم لێ دەکەوت.

دوای سێ چوار سەعات، هاتوچۆی میواندارەکان و دەنگی بڵندگۆکان پەیامی گەیشتنی بەغدایان دەدا. خورپە و لێدانی دڵم لە زیادبووندا بوو. خۆم کۆ کردەوە و هەرچی دەمکرد چۆن دڕاویی پانتۆڵەکەم بشارمەوە؟ بۆم جێبەجێ نەدەبوو.

بەیانی فازڵ دێت

فڕۆکە نیشت و تونێلێکی گەڕۆکیان پێوە نووساند، من لە پێشی پێشەوە بووم و هاتمە دەر. لە زارکی تونێلکە گوێم لێ بوو بڵندگۆکە دەیگوت: «سەیدی عەلی ئیبراهیم...»! ئیتر دڵنیا بووم بە شوێنمدا

هاتـــوون، لـــه دووره‌وه هـــه‌ر لـــه کۆتایی تونێله‌کـــه چاوم بـــه ئیبراهیم شـــۆفێری فازڵ که‌وت، له خۆشـــیان هاوارم لێ کرد و به‌ره‌وپیرم هات. جانتا و شـــتم پێ نه‌بوو، یه‌کسه‌ر به‌بێ پاسکۆنترۆڵ و شتی وا چووینه ده‌ر و ســـواری ســـه‌یاره‌که‌ی بووم. لێی پرســـیم و باسوخواســـی خۆم بـــۆ گێڕایـــه‌وه، دڵخۆشـــیی دامه‌وه و گوتی به‌یانی فـــازڵ دێت بۆ لات و خـــه‌م مه‌خۆ. خه‌تای خۆمان بـــوو، ده‌بوو به دانیمارکـــدا به‌ڕێت بکه‌ین. ئه‌ڵمـــان زۆر نانه‌جیبـــه. لێی خوڕی بۆ هه‌مـــان هۆتێل و ته‌نانه‌ت عه‌ینی ژووره‌که‌ی خۆمیان دامه‌وه.

ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی عه‌ره‌بی ده‌زانی

ته‌له‌فۆنی حوســـێنم وه‌رگرت، ده‌مزانی حاڵـــی ئه‌ویش له من خراپتر بووه. باســـی هاتنه‌وه و شـــه‌وی ناخۆشـــی نـــاو زیندانـــی فرانکفۆرت و گه‌یشـــتنه‌وه بـــۆ هۆتێل له به‌غـــدام بۆ کرد. ئه‌ویـــش دوای ته‌له‌فۆنه‌که‌ی مـــن لـــه فرانکفۆرت و ئه‌گـــه‌ری گه‌ڕانه‌وه‌م، چوو بوو بۆ لای حه‌ســـیب، هاوکۆڕیـــدۆری خوێندکاریـــی و داوای لێ کردبوو بێته ژووره‌که‌ی و به ته‌له‌فـــۆن له‌گـــه‌ڵ به‌غدادا به عه‌ره‌بی وه‌رگێڕیی بۆ بکات. کاک حه‌ســـیب که خوێندکارێکی که‌رکوکی ده‌بێت له ســـوید و دژی به‌غدا و حکومه‌تی ســـه‌دام بـــووه، ده‌ڵێت جا چـــۆن ته‌له‌فۆن بۆ ئـــه‌و ســـه‌گبابانه ده‌که‌م و قســـه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌که‌م؟! دوای هێنانوبردن و گفتگۆیه‌کی زۆر؛ بابه خۆ تۆ ناڵێی کێم، بڵێ من حوسێن برای عه‌لیم! تۆ ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی عه‌ره‌بی ده‌زانیـــت ئـــه‌و کاره بۆ من ده‌که‌یت، شـــێر و ڕێوییه‌کـــی زۆری بۆ باس ده‌کات و ئه‌وجار قه‌ناعه‌ت دێنێت به هه‌زار منه‌ت و خاتر و هاوڕێیه‌تی، ئـــه‌و ته‌له‌فۆنه بکات. گوتی ته‌نیا چه‌ند چرکه‌ی خایاند و هه‌ر که گوتمان عه‌لی دێته‌وه، گوتیان، خه‌متان نه‌بێ خۆمان ده‌چین به شوێنیدا.

هه‌رگیز ئه‌و ســـاته خۆشـــه‌م بیر ناچێته‌وه که خۆم به ته‌خته‌که‌دا دا، ده‌رگای سه‌لاجه‌که‌م کرده‌وه و ده‌ستم کرد به بیره‌خواردنه‌وه. خه‌وێکی قووڵ دایگرتم و تا به‌یانییه‌کی دره‌نگ نوستم.

ئەڵمان نەدەبوو وا بکەن

لــە خواردنگەکە دانیشــتبووم فازڵ و ئیبراهیــم هاتن، ئیبراهیم بۆی بــاس کردبوو چیــم بەســەرهاتووە و زۆری پێ ناخۆش بــوو. گوتی، ئەڵمانیــا نەدەبوو لەگەڵ موســافری ئێمەدا ئەم ڕەفتــارە بکات. ئێمە بە یەکــەوە هاوکاریمــان هەیــە، پێم ســەیرە ئاوایان کــردووە. ئێمە پێیان دەڵێین و گلەیان لێ دەکەین. ئێمە تەنیا ترانزێتی ئەوانمان بەکار هێناوە، چییــان بــەوە داوە تۆ بۆ کوێ دەچیت؟! دەبوو بە بۆردینگ پاســەکەت ڕێگەیان دابا ســواری فڕۆکەی ســوید بیت! بێغەم بە، ئێســتا ئیبراهیم دەنێرم، بە دانیمارکدا بلیتت بۆ بێنێت، ئەوان بێ کێشەن. زۆرم سوپاس کــرد و هەر ئەوەندەی بــە پیرمەوە هاتبوون لە فڕۆکەخانە، زۆر گرنگ و چارەنووسساز بوو بۆ من.

ئێــوارە ئیبراهیم هات و گوتی، پێنج ڕۆژی دی فڕۆکەی کۆپێنهاگنت هەیــە و لەوێشــەوە بــۆ ســتۆکهۆڵم. ئەم چەنــد ڕۆژە بۆ خــۆت لێرە ئیستراحەت بکە.

مام جەلال ئاگادار دەکەین

دیسان پێنج شەو و ڕۆژی دی لە بەغدا، ئەوجار وردەوردە بە پێ لە هۆتێلەکە دوور دەکەوتمەوە و بۆخۆم دەگەڕام. چەند شوێن و جێگەی گەشتیاری چووم و چەند وێنەم لێ گرتن. چەند جارێک تەلەفۆنی ماڵی خوشــکی کاک ســەلاح چاوشین و وەستا کەریم و ماڵی ئەبوو شەهابم لــە کەرکووک گــرت و تا ڕادەیەک ئــاگاداری خۆمم کــردن و گوتیان، گــەر شــتێک بوو خەبەرمان پێ بــدە، دەتگەڕێنینەوە بۆ کوردســتان و مــام جەلالیش ئاگادار دەکەین کە تۆ هەر لــە بەغدایت و ئەوەندە بزانە مفاوەزات خەریکە بە تەواوی فەشــەل دێنێ. گەر ترسێکیش بوو خەڵک دەنێرین و دەتشارنەوە.

کچ بە ئیشارەتی چاو

مـن دیسـان وەک میوانێکـی قەدرگـران و زۆر بـە حورمەت ئەم چەند ڕۆژە پەزیراییم لێ کرا. دیسـان بەیانی زوو وەک جاری پێشـوو برایـم هـات و سـواری فڕۆکەی دانیمارکـی کردم و گوتـی، هیوادارم ئەمجارە نەگەڕێیتەوە. لە جاری پێشـوو باشـتر بـووم و چاو و گوێم کرابوونەوە و ئەو چەند ڕۆژەش هەموو شـەوێک لەگەڵ حوسـێندا بە دووروودرێژی بە تەلەفۆنی هۆتێل قسەمان دەکرد و وردەکاریی هەموو سـەفەرەکەمی بۆ باس دەکردم. چۆن دێم بۆ فڕۆکەخانەی کۆپنهاگن و چەند لە فرانکفۆرت بچووکترە و ئەم شـتانە. گوتی، هەر نیگەران مەبە باشـترە من کچێکی هاوڕێی فارسـم هەیە، هەمان سـەعات دەینێرم بۆ فڕۆکەخانەی کۆپێنهاگن و ڕێوبانەکەت نیشـان دەدات. ئەو وێنەی تۆی دیـوە و خـۆی دێتە پێش، تۆ تەنیا دوای بکەوە و بە ئیشـارەتی چاو و پەنجە پێت دەڵێت چ بکەیت، بەس قسەت لەگەڵدا ناکات، با کەس گومانی لێ نەکا. بە هەمان فڕۆکە کە تۆ دێنێت بۆ سـوید، ئەویش دەگەڕێتەوە. لە فڕۆکەشدا لە پشتی پشتەوە دادەنیشێت، بۆ ئەوەی کە لە ستۆکهۆڵم دابـەزی، ئەو لە ترانزێت بە ئاسـایی دێتە دەر و پێت دەڵێت لێرە خۆت تەسلیمی پۆلیس بکە و داوای پەنابەری بکە.

سـەفەرێکی چـوار سـەعاتە و ئێوارەیەکی درەنگ لەنـاو ترانزێتی کۆپێنهاگـن خـۆم دیتـەوە. چاوم گێـڕا و هەر زوو کچێکـم دی چاوی لێ دەکردم، بەسـەر و چاو سـڵاوعەلێکمان کرد و دووراودوور دوای دەکەوتم و ئەویش ئاگای لێم بوو. بەرەو گەیتی سـوید چوو و بە پەلە بۆردینگ پاسەکەی لێ وەرگرتم و چووە پێش و ئەوەی خۆی و ئەوەی منـی بەیەکەوە لە پێش دیسـکی کۆنتـرۆڵ دانا. لایەکیـان لێ کردنەوە و گوتیـان فەرمـوون. بـە خەرتوومێکدا چووینە ناو فڕۆکە و لە سـەر ژمارەکەی خۆم دانیشـتم، ئەویش بەرەو دواوەوە ڕۆیشـت و خۆی لێ نەناس کردم.

٥٤

ئای ئەم کوردیش

هــەر ئەوەنــدەی چایەکــم خــواردەوە و ســیگارێکم کێشــا، دەنگی دابەزیــن لە بڵیندگۆکان بەرز بووەوە و لەســەر ئاســمانی ســتۆکهۆڵم بــووم. یــەک بەدوای یەکدا هاتینــە خوار و ڕووو بــە چوونی دەرێ، بە نەرمی هەنگاوم دەنا، هاوڕێکەی حوسێن بە پەلە بە لامدا تێپەڕی، لەبن خۆیــەوە گوتــی وەدوام بکەوە. گەیشــتینە دیوار و یــەک دوو ژووری بچووکی شووشەیی، خەڵک سەرەی گرتبوو، یەک یەک دەچوونە پێش، بە ئیشــارە گوتی، لەســەر ئەم کورسییانە دانیشــە و خۆی چوو پێش، لە بەردەم ژووورە شووشــەیەکەدا بە پەنجەرەیەکی بچووکدا چاویان لە پاسەکەی کرد و چوو بۆ ئەودیو و لە من نەدیو بوو.

لە پشــتی دیوارەکە دانیشــتم و چاوم لەو خەڵکە دەکرد کە بە پەلە دەچوونە ئەودیوی پاســکۆنتڕۆڵ. نقەم لە خــۆم بڕیبوو، پێی گوتبووم دانیشــم، تــا دێــن و لێم دەپرســن. دوای ئەوەی زۆری پــێ چوو، هەر نەدەچووم بەرەو ئەو شــوێنەی پاسپۆرتیان کۆنتڕۆڵ دەکرد. پۆلیسێک هات و بە ســویدی پرســیاری لێ کردم؛ هەرچەم لە بــڕەی نەدەکردەوە چــی دەڵێت، هــەر دەمگوت: «ئای ئــەم کوردیش»! زۆر بــە ئارامی و ئاســایی ســەری ڕاوەشــاند و دیاربوو دەڵێ؛ چاوەڕوان بە. چیی وای نەبــرد هات بردمــی بۆ ژوورێکی بچووک، هەر لە بــەری ناو ترانزێت. مێزێک و دوو کورســی و چەند ئامێرێکی تەلەفۆن و شــتی وا لەســەر مێزەکەی بوون. پەنجەی بە ئامێرێکەوە نا و بە سویدی قسەی کرد، لە تەسجیلێکی بچووک دەچوو، پەنجەی لەسەر ئامێرەکە هەڵبڕی، دەنگێک بە کوردی لە ئامێرەکەوە هات و بەخێرهاتنی کردم بۆ سوید! حەپەسام، ئەی ئەمە کێیە؟! بە ســویدی قســەی کرد و ئەوجار بە کوردی گوتی،

کاکـە من وەرگێڕم و لە ماڵەوە بە تەلەفۆن کار دەکەم. ئێســتا هەرچی قسەی تۆیە، بۆی وەردەگێڕم و ئیی پۆلیسەکەش بۆ تۆ! لە خۆشیان و حەپەساوی کە کوردێک وا بە میهرەبانی قسەم لەگەڵدا دەکات، خەریک بوو باڵم دەگرت!

کەوتوومە کام بەهەشتی سەر زەوی؟

لە ماوەی کەمتر لە چارەکەسەعاتدا باسی خۆمم بۆ کرد و چەند بەڵگە و وێنەی پێشــمەرگایەتی و ئەم شــتانەم نیشان دا. زۆر بە ڕووخۆشی کاکــی وەرگێڕ گوتی، داوای پەنابەری دەکەیت؟ گوتم بەڵێ و براکەم لە دەرەوە چاوەڕوانە. گوتی، ئێمە تۆ دەبەین بۆ شــوێنێکی وەک هۆتێل و دواتــر بە کاروبــاری پەنابەریی تۆ ڕادەگەن. هەمووی زۆر کورت بوو. پۆلیســەکە هەســتا بە ئیشــارە گوتی، دوام بکەوە. چووین بۆ هۆڵێکی گــەورە، چەند قایشــی گــەورەی جووڵێنەر بۆخۆیان دەســووڕانەوە و جانتایان لە ســەر بوو. لە تەنیشت یەکیان وەستا و بە پەنجە ئیشارەی کرد کامیانە؟! منیش تێگەیشــتم دەڵێت جانتاکەت هەڵگرە! منیش هەر بە دەســت و سەر دەمگوت «نۆو»! وردەوردە بێزار دەبوو. من مەبەستم ئــەوە بوو بڵێم جانتــام نییە و نەمدەزانی چۆنی بڵێــم، ئەویش باوەڕی نەدەکرد لەو ســەفەرە دوورودرێژە، هاتبێتم بۆ ئەمســەری دنیا و هیچ جانتا و شــتومەکم پێ نەبێت. هێندەم گوت «نۆو نۆو» ماندوو بوو. بە ســەر گوتی دوام بکەوە. هاتین بۆ گەراجێک لــە ژێر بینای فڕۆکەخانە و ســواری مینی پاســێکی پۆلیس بووین، شۆفێرەکەش جلی پۆلیسی لە بەردا بوو. بە حســێبی ســەعاتی خۆم و جیاوازیی کات دەبوو سەعات یەک و دووی بەیانی بێت، کەچی خۆر لە ناوەڕاســتی ئاســمان بوو، لە بەیانییەوە کە لە بەغدا دەرکەوتبووم، ئەوە یەکەم جار بوو ئاسمانم لێ دیار دەکەوت. بە جادەی باریک و ئاسفالتی چۆڵ و بێدەنگدا سەیارەکە بــە ئارامی ڕێی دەکرد. ئەمدیو و ئەودیــو جەنگەڵ و داری بەرز بەرز، دیمەنێکی دڵفڕێن لە ژێر ئەم خۆرە گەشە خۆی نیشان دام و بە تەواوی

دڵی خوش کردم. قســەمان نەدەکرد، بەڵام بە نێوچاوان و بزەی ســەر لێوان زۆر بە میهرەبانی لەناو ســەیارەکەدا لەگەڵمدا دەجووڵانەوە. دار و جەنگەڵ و باخچە و خانووی جوان و سەقفگۆشــەییەکان بە خێرایی وەک شریتی سینما بە بەرچاومدا ڕێشکەوپێشکەیان دەکرد و بە خۆمم دەگــوت، کەوتوومــە کام بەهەشــتی ســەرزەوی، وا دیــارە ڕۆژەکانی تەنگانەیی و بێپەناهیم تەواو دەبێت؟!

ماڵە تازەکەم

هەر دوای چەند خولەکێکی کەم، لە بەردەرگای بینایەک ڕایانگرت و فەرمووی دابەزینیان لێ کردم. لە بیناکە چوونە ژوور، چەند هەنگاوێکیان بڕی و لە ناو کۆریدۆرەکەدا دەرگای ژوورێکیان کردەوە، بەستەیەکیان لەگــەڵ کلیلــی ژوورەکەدا پێ دام و بە ســەر و دەســت ماڵئاواییان لێ کــردم. دوای ســاڵانێک ئاوارەیی و بێماڵی، ئــەوە یەکەم ماڵی غوربەتم بــوو. هەنــگاوم نایە نــاو ژوورەکەم و چــاوم بە چواردەورمــدا گێڕا، پەنجەرەیەکی گەورە ڕوو بە جەنگەڵ، تیشــکی پڕ لە ڕووناکی، خۆری دەخســتە ناو ژوورەکە. پەنجەرەکە پەردەیەکی قاش قاشــی پێوە بوو، کە دەتســووڕاند ژوورەکەی بۆ دەکردی بە شەوەزەنگ. نیوەشەو بوو، بــەڵام نیوەڕۆیەکی گەرمی خۆر لە ئاســمانی هاوینی بوو، بەســتەکەی پێیان دابووم مەلافە و سەرســەرین، شەش هێلکە، مرەبایەکی بچووک، ڕۆنەکەرە، پەنیر و چەند شتی وای تێدا بوو. تەختێکی جوان بە دۆشەک و مەلافــەی ئوتووکــراو، کۆمۆدێکــی بچووکــی تەنیشــت تەخت، دوو کورسی و مێزێکی بچووک کەرەسەی ناو ماڵە تازەکەم بوو.

هەتیم لێرە چی دەکەی؟!

لەســەر تەختەکە بۆی ڕاکشــام، بەڵکو خەوم لــێ بکەوێت، زیاتر لە پانزدە بۆ بیســت ســەعات بوو بەڕێوە بووم. نەمتوانی بنووم، خەو لە چاوەکانمدا زڕابوو. نەمدەزانی ئەم شوێنە چییە و کێی لێیە، بە ئەسپایی

دەرگای ژوورەکەم کردەوە و سەرم بە چەپ و ڕاستی کوریدۆرەکەدا گێڕا، ئەوبەر و ئەمبەر بە درێژایی، دەرگای ژوورەکان بوو. هەستم ڕاگرت دەنگێک دەهات، وەک پێکەنین و قسەکردن. دوای دەنگەکە کەوتم، لە نهۆمی سەرەوە بوو، چەند پلیکانی بۆ چوومە سەر، لە هۆڵێکی گەورە دوو سێ کەس لە ناوەڕاستی هۆڵەکە لە سەر مێزێک پینگ پۆنگ (تێنیسی سەر مێز) بە هاتوهاوار بە کوردی قسە دەکەن و یاری دەکەن. لێیان چوومە پێش:

- ئای، هەتیم ئەوە تۆ چی دەکەی لێرە؟!

- ئەی، باوەحیز تۆ لێرەی؟!

یەکسەر وا وەڵامی هاوڕێم عەلی زەمانیم داوە، کە لە زووەوە دەمناسی، پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو.

بە دیتنیان زۆر شاد بووم، یەک دوو پێشمەرگەی بریندار کۆمەڵە لەوێ بوون، ئەوانیش هەر یەک دوو ڕۆژ بوو گەیشتبوونە سوید. تێیانگەیاندم ئێرە هۆتێل یان کەمپێکی پۆلیسی فڕۆکەخانەیە و ناوی گوندەکە «مەشتا»یە. زۆربەی پەنابەری فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بۆ ماوەی کاتی دێننە ئەوێ، هەتاکو شوێنی یەکجارییان بۆ دابین دەکەن.

حوسێن و کەیسی پەنابەری

عەلی زەمانی کوڕە خاسەکەی سەردەمی شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە گوتی، حوسێنی برات ئێوارە تا درەنگ لێرە بوو، چاوەڕوانی تۆی دەکرد، دەیزانی دەتهێنن بۆ ئێرە. زۆری باسی پیاوچاکیی حوسێن کرد. ئەوکات حوسێن بەرپرسێک بوو لە ڕێکخراوی دەرەوەی کۆمەڵە، گوتی، زۆرمان پێ ڕادەگات و سەردانی کردووین. بۆی باس کردم بە دەیان پێشمەرگەی برینداری کۆمەڵە و دانیشتوو هاتوون بۆ سوید و کەمپەکان پڕی پڕن لە پێشمەرگەی کۆمەڵە. حوسێن زۆر چالاکانە بەشداریی لە دابینکردن و سازکردنی کەیسی ئەم پەنابەرانەی کۆمەڵە کردبوو. یارمەتیی زۆریانی دابوو لە وڵاتەکانی تری وەک تورکیا و

عێراق و ئەورووپاش بێن بۆ سوید.

موبەقێکی گەورەی لێ بوو بۆ هەموان، چووین لەوێ نان و چای بەیانیمان خوارد و ئەوەندەمان قسە کرد، لە زۆر شتی سوید و پەنابەرێتی حاڵی بووم.

لەناکاو حوسێن هاتە ژوور و هەموو دەموچاوی یەکترمان لێستەوە. کە لەوێ منی بە سەلامەتی بینی، شادی لە هەموو گیانی دەباری. عەلی زەمانی لەگەڵماندا زۆر شاد بوو، ڕووی تێ کردم و گوتی: «باوەحیز کاک حوسێن زۆرت بۆ نیگەران بوو». ڕووی لە حوسێن کرد و گوتی: «کاک حوسێن بوەخشە برا، لەگەڵ عەلی شۆخیمان هەس، بەشی باوکی تۆ نایەژم»!

لەگەڵ حوسێندا چووین بۆ ژوورەکەم و شتەکانی هێنا لە موبەقەکە دانان و کلیلەکانی لای خزمەتگوزاری جێ هێشت. گوتی با بڕۆین!

ئەو ماڵەی چەند سەعات پێش پێیان دام و زۆرم دڵ پێی خۆش بوو، تەنیا چەند چرکەیەکیش تێیدا نەحەسامەوە و جێم هێشت. هەرگیز نەمبینییەوە!

بە پاس و قەتار گەیشتینە ستۆکهۆڵم، بۆ یەکەم جار سواری مێترۆ (قەتاری ژێرزەوی) بووم، هەر سەرم دەلەقاند و حوسێن توند گرتبوومی. چووینە ماڵی حوسێن و ڕەفیقە کچەکەی، ئەوەی بە شوێنمدا هاتبوو بۆ دانیمارک.

یەکەم ڕۆژی پەنابەری و قۆناغێکی تازەی ژیانم وەک کەسێکی مەدەنی و هاووڵاتییەکی سادەی وڵاتێکی ئەورووپایی، بە هەموو ماف و ئاسایش و ئەرکێکەوە دەست پێ کرد.

لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، بە حەولێکی زۆر و شارەزایی حوسێن، یەکەم ماڵی خوێندکاریم لە گەڕەکی «لاپیس»، سەر بە زانکۆی ستۆکهۆڵم وەرگرت و لە کۆرسی خوێندن بۆ زمانی سویدی ناونووسیم کرد.

بە کەمتر لە دوو مانگ، ئیقامە و پاسپۆرتی سیاسییان پێ دام.

وێنەو دۆکیومێنتەکان

سەرەتای شەستەکان حەوشەی ماڵی خۆمان.
لە ڕاستەوە، عەلی، عەتا، حوسێن، عەباس کەریمی

باخاتی دەوری سابڵاخ لە سەیران،
لە ڕاستەوە، حەسەن، مامە مەجید، عەتا، عەلی کەریمی

حەوشەی ماڵی خۆمان، پوورە هاجەر و دایکم و منداڵەکان

لە ڕاستەوە حوسێن، پەروین، کاکم حەسەن، عەتا بە باوەشیەوە،
ڕیزی پشتەوە دایکم ڕەعنا، پوورم هاجەر، عەلی بە باوەشیەوە

ە ڕاستەوە: کاکم حەسەن، دایکم ڕەعنا و پوورم هاجەر زەبیحی عەتا لە باوەشی، ڕیزی پێشەوە عەلی و پەروین کەریمی و منداڵەکانی خاڵە ساڵحی بابانزادە لە باخی دەرەوەی شاریان، سابڵاخ

حەوشەی ماڵی خۆمان و
ماڵی مامم، لە ڕاستەوە، عەتا،
حەسەن، نەرمین، حوسێن، مامە
مەجید و عەلی کەریمی

عەلی لە کاتی منداڵیدا



حەوشەی ماڵی خۆمان،
لە ڕاستەوە، حوسێن، عەتا، عەلی و عەباس کەریمی



هاوپۆلەکانم لە چواری سەرەتایی
لە ڕاستەوە، ڕەحمان، سمایل، عەلی کەریمی

زیندەیادان دایک و بابم

لە ڕاستەوە، پەروین، حوسێن، حەسەن، عەلی، عەتا،
بابم برایم کەریمی و دایکم ڕەعنا زەبیحی

بابم و باپیرم

له ڕاستەوە، عەلی، عەباس، حەسەن و حوسێن



له ڕاستەوە، ڕیزی پێشەوە، عەلی، عەباس، حوسێن،
ڕیزی پشتەوە، کاکم حەسەن و بابم



حوسێنی برام بە پێوەو
عەلی لە شاخەوانی

باوکم لە سەردەمی لاوێتیدا

هاوڕێی منداڵیم، کاوە ئیمامی کە
شەرحی مردنەکەیم باس کرد

حەوشەی ماڵی خۆمان، لە ڕاستەوە: زیندەیادان ١_ حەسەن کەریمی
٢_ جەعفەر عابد ١٩٨٢ لە زیندانی ورمێ بە بێ تاوان ئیعدام کرا
٣_ عەلی کەریمی

سابلاخ، سەرەتای کوردایەتی
لای ڕاست عەلی کەریمی و ئەسعەد یوسفی

ماڵەکەی تەوریز، لای ڕاست عەلی کەریمی و ناسر جیهانی

١٩٧٨ خۆپیشاندانی خەڵکی سابڵاخ دژی شا،
لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی شەهید و زیندوودا

خۆپێشاندان لە سابڵاخ ١٩٧٨، گۆشەی خوارەوە لای چەپ مەمەد
سبزەچی، عەلی کەریمی، حوسێن کەریمی، لە ڕیزی سێهەم لە لای
چەپەوە جەعفەر پیرە هەڵۆ، کەمال وەلیانی، یوسف ڕەعنایی، خالید
چالاکی و... دەبیندرێن

سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران،
مەهاباد، خۆپیشاندانی خەڵک دژی شا

مینەی خەیات (قەڵەو)

تەوریز، عەلی لە سەردەمی خوێندکاریدا ١٩٧٧

ماڵەکەی تەوریز لە لای ڕاستەوە لەگەڵ سمایل مستەفازادە
دواتر لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە شەهید بوو.



عەلی لە ماڵەکەی تەوریز سەردەمی خوێندکاری



شەهید جەمال موفتی

ناوزەنگ لای ڕاست، مارتین بروانسێن لەگەڵ زیندەیاد عادل موراد

سیامەند موعینی، ئەحمەد خان پینەچیی ناسراوی سابڵاخ،
بەهمەن سەدیقی ١٩٧٨

سابڵاخ ماڵی خۆمان ١٩٧٩ ئەبوو شەهاب، عەلی کەریمی، عادل موراد

یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ساڵی ١٩٧٩، دەستەیەک چووبووین لەوانە ناسر ڕەزازی، جەمال موفتی، ئەبووبەکر و کەریم بلوری، حوسێن کەریمی، خالد چالاکی و...

مەلا بەختیار، یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ١٩٧٩

یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران،
مام جەلال و شەهید نەجمەدین بیوک قایا دەناسرێنەوە
لە ڕیزی پێشەوە

مام جەلال قسە دەکا لە یادی دامەزراندنی
کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا لە توژەڵە

یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ۱۹۷۹ توژەڵە

۱۹۷۹ توژەڵە، یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران
شێخ عەلی وتار دەخوێنێتەوە

لەگەڵ چەند مامۆستا و دەستەی شاخەوانی لە دەوروبەری سابڵاخ
لە کانی شێخان، ڕیزی سەرەوە دەستی ڕاست عەلی، عەباس، ناسر
،بودی، سالار حەیدەری، برایم قەزاق، حوسێن مەدەنی، ڕیزی دووهەم
لە ڕاستەوە، حوسێن کەریمی، ئاغای موعینی، کەریم قادری و کەریم
دانشیار، ڕیزی پێشەوە جەعفەری نەوزاد و وەستا حەمەدەمین

سابڵاخ ماڵی خۆمان، لە ڕاستەوە عەلی ئامەخان، ئەبوو شەهاب،
سیروان تاڵەبانی، حوسێنی برام، خۆم وێنەکەم گرتووە

سابڵاخ ماڵی خۆمان ١٩٧٩، لە ڕاستەوە سولەیمان بلوری، دوکتۆر کەمال خۆشناو، عەلی حەوێز، عەلی کەریمی

١٩٧٩ سابڵاخ ماڵی خۆمان لە ڕاستەوە سولەیمان بلوری، ئازاد هەورامی، عەلی حەوێز و لایەکی منیش دیارە

سالّی ١٩٧٩ توژەڵە، لە ڕاستەوە، ئەحمەد ئەسکەندەری، مامۆستا شێخ عێزەدین، مامۆستا زەبیحی



ئەحمەد ئەسکەندەری، مامۆستا شێخ عێزەدین، مامۆستا زەبیحی

ساڵی ١٩٧٩، سنوری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاستەوە چوارەم کەس، مامۆستا زەبیحی، ئەحمەد ئەسکەندەری، مامۆستا شێخ عێزەدین، یوسف ئەردەڵان، لە چەپەوە دووهەم کەس سەلاح شەمسی بورهان، دیارن

شنێی ١٩٧٩، مامۆستا شێخ عێزەدین و زەبیحی

له لای چەپەوە، عەلی ئامەخان، نەوشیروان مستەفا، ---، عادل موراد، ---

ناوزەنگ، لە ڕاستەوە نەجمەدین بیوک قایا، نەوشیروان مستەفا،
عەلی ئامەخان ١٩٧٩

سابڵاخ، حەوشەی ماڵی خۆمان، ١٩٧٨

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕاستەوە ڕاوەستاوان شەهید قادر چاوشین، حەمە سەعید قەڵەو، کۆچکردوو خاڵە شێخ سدیقی چۆخماخ، سەلاح چاوشین، شەهید دڵشاد بەنگینە، عەلی کەریمی، دانیشتوەکان لە ڕاستەوە ساڵح زەرونی، شەهید حەوێز سیدەری، ساڵە سووری هەڵەدن، شەهید خەلیل موغاغی

ساڵی ١٩٧٩، ناوزەنگ، زێرۆ

سالّح ١٩٧٩ ئازاد هەورامی و فاروق بلوری

سالّی ١٩٧٩ توژەڵە، یادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، مام جەلال، ئەحمەد دادی، نەجمەدین بیوک قایا دەناسرێنەوە

۱۹۷۹ سابلاخ، له ڕاسته‌وه عه‌لی، عادل موراد، سوله‌یمان بلوری

سوله‌یمان بلوری، عادل موراد، عه‌لی که‌ریمی

۱۹۷۹، ناوزەنگ، لە ڕاستەوە--- مام مەولود، دوکتور خدر مەعسوم، ئەبوو شەهاب

شەڕی نەغەدە و بەخاکسپاردنی شەهیدەکان لە گۆڕستانی سابڵاخ

سالی ١٩٨٢ بێژوێ، لەدەستی ڕاستەوە، کامیل ئاغا، سەلاح چاوشین، عەلی کەریمی، جەمال حەمەی خواکەرەم

دەسپێکی هێرشی حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆ کوردستان، مەهاباد ١٩٧٩، یەکەم لەدەستی ڕاستەوە، عەلی کەریمی، دووهەم شەهید محەممەدی سەبزەچی

یەکەم مەقەری کۆمەڵە لە شاری مەهاباد

له لای چەپەوە شەهید محەممەد سەبزەچی لە سابڵاخ ئیعدام کرا

سابڵاغ لەگەڵ سولەیمان بلوری

لە ڕاستەوە، سولەیمان بلوری، ئەبوو شەهاب، عەلی کەریمی

شەهید نەرمین
ساڵێک پێش ئیعدامکردنی ١٩٨٢

نەرمین کەریمی بە منداڵی

ماوەیەک پێش گرتن و ئیعدامکردنی، نەرمین لەگەڵ
زیندەیاد بابم ئیبراهیم کەریمی

ساڵی ١٩٨٣، کاری کوێستان داودی لە زیندانی ورمێ
بۆ شەهید نەرمین کەریمی

١٩٧٨، مەهاباد، شۆڕشی گەلانی ئێران

میتنگی ئەشرەف دەهقان لە مەهاباد ١٩٧٩

١٩٧٨، مەهاباد، شۆڕشی گەلانی ئێران

بەنداوی مەهاباد، لە ڕاستەوە، ڕەحمەت، جەواد، جەمال، عەلی و عەتا
کەریمی کە لە سەر تویوب دانیشتووە

١٩٧٩ سابڵاخ زەبیحی لە ماڵی خۆمان

له ڕاستەوه، عەلی کەریمی، ڕەحیم باباتاهیری، شەریف مەعروفی،
یونس پاڵەوانی، سیامەند موعینی، بەهمەن مولازادگان، حاجیالیکەند
١٩٨٢

زەماوەندی شەریف له حەوشەی مەقەڕی حاجیالیکەند



سەعید یەزدیان
(دوکتۆر زۆراب)

شەهیدان
بەهمەن و یونس

عەلی کەریمی

شەهید بەهمەن مولازادەگان

شەهید یونس پاڵەوانی

شەهید یوسف جەهانگیری

شەهید جەعفەری پیرەهەڵۆ

ئەو وێنەیەی سیامەند لە ناسنامەی
کۆمەڵەی کردەوە و فڕێی دا

لە ڕاستەوە، ناسر تاهیری و عەلی کەریمی

له ڕاستەوە وەستا کەریم، کاک حەسەن چاپەزی مامۆستا،
شێخ عێزەدین، عەلی کەریمی، ---

گەلاڵە ساڵی ١٩٨٣ له ڕاستەوە، عەلی کەریمی،
مامۆستا شێخ عێزەدین، حوسێن کەریمی

له ڕاستەوە، کەریم قادری، سەید برایم عەلیزادە، مینە قەڵەو، عەلی کەریمی، گوندە ڕووخاوی گەڵاڵە ١٩٨٣

گەڵاڵە ١٩٨٣، له ڕاستەوە، عەلی کەریمی، مینە قەڵەو، بازید قادری

عەلی کەریمی و کەریم قادری

حاجیالیکەند، بەردەم ئەو حەمامەی شەهید جەمال موفتی سازی کرد، لە ڕاستەوە: ---، شەهید ڕەحیم قادری، عەلی کەریمی، کەریم ئەفسەر، ڕەحیم باباتاهیری، بە پێوە شەهید حامد نەعلی

له ڕاستەوە، ڕەحمان شۆڕش، ڕزگار، شەریف، عەلی کەریمی

مینە قەڵەو، هەباس و عەلی کەریمی، بێژوێ ١٩٨٣

دوکان ۱۹۸٤، لە ڕاستەوە، کەمال شەریفزادە، عەلی کەریمی، سەعید سەرهەنگی

۱۹۸٤، دوکان لەگەڵ عەباسی برام

١٩٨٣، شارباژێر

دوکان، ١٩٨٤ سەلاح چاوشین و عەلی

بەنداوی دوکان، ١٩٨٤، لەگەڵ شێخ نەبەز (مونیر)

بەنداوی دوکان، ١٩٨٤

دوكان ١٩٨٤ له ڕاستەوە، عەلی، سالار حاجی دەروێش و وەستا حەمەدەمین

له ڕاستەوە، کەمال شەریفزادە، وەستا حەمەدەمین، عەلی کەریمی سولەیمان خودایار

له ڕاستەوە، عەلی کەریمی، سالار حاجی دەرویش،
وەستا حەمەدەمین

موکریان، زستانی ١٩٨٢، له ڕاستەوه نەبی زەندی، عەلی کەریمی،
سیامەند موعینی، کەریم دانشیار

نەورۆز ١٩٨٤، عەلی کەریمی و سولەیمان خودایار

نەورۆز ١٩٨٤، سورداش، لە ڕاستەوە، سولەیمان خودایار، عەلی کەریمی، پۆلا نانەوازادەگان، کەمال شەریفزادە و محەمەد حەسنخالی

١٩٨٤ له سلێمانی ماڵی مستەفا سەید مەجید، له ڕاستەوە، یوسف زۆزانی، ئەبوو شەهاب، عەلی کەریمی

١٩٨٤ له ماڵی وەستا ئەحمەد له سلێمانی

سورداش نەورۆزی ١٩٨٤، عەلی کەریمی و پۆلا نانەوازادەگان



گەلاله ١٩٨٣ لەگەڵ کەریم قادری

دۆڵپەموو، ١٩٨٣ لە ڕاستەوە، شەهید ڕزگاری ژنبرای ئەبوو شەهاب،
غەریب، عەلی کەریمی و ئەبوو شەهاب

لەگەڵ شەهید حوسێن مستەفازادە لە گەلاڵە ١٩٨٣

نەورۆزی سورداش ١٩٨٤

سورداش نەورۆزی ١٩٨٤ لە ڕاستەوە، کاک عومەر بابامیری، عەلی کەریمی، ڕەحیم باباتاهیری، پۆلا نانەوازادەگان

محەمەد حەسنخاڵی و عەلی

وەستا حەمەدەمین، عەلی و وەستا کەریم ١٩٨٤ سورداش

١٩٨٤، سلێمانی، لە پێشەوە ڕا، شۆڕش ئیسماعیل، عەلی کەریمی، سەلاح چاوشین و---

١٩٨٣، کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن و مەفرەزەکەی ئەبوو شەهاب، ڕاوەستا لە ڕاستەوە: ڕەحمەتی عوسمانی حاجی مەحمودی پەرخی، شەهید سەردار عەلی، عەلی کەریمی، ڕەحمەتی حەسەن حاجی خوامرادی، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە، شێخ کامیل پێنجوێنی، ڕەحمەتی عوسمان مکلّی

شەهید
سولەیمان ڕەحیمی

شەهید کەمال وەلیانی

ئەبوو، شەهیدان سولەیمان و کەریم بلوری

عەلی، ١٩٨٣ شارباژێڕ

شەهید سەعید گەوهەری

سوله‌یمان و باوکی میرزا مینه بلوری

عه‌لی که‌ریمی، زستانی موکریان

زیخان ١٩٨٣ لەگەڵ مام جەلال

له لای مام جەلال ۱۹۸۳، شێخ نەبەز، شەماڵ، مام جەلال، سەلاح چاوشین، وەستا حەمەدەمین، عەلی کەریمی

دەورەی تەقەمەنی لە موکریان، لە ڕاستەوە، یونس نانەوا. یوسف جیهانگیری، نەبی زەندی، بەهمەن مولازادگان، یونس پاڵەوانی، ڕیزی دواوە عەلی کەریمی

لەگەڵ دایکم کاتی سەردانی بۆ شاخ ١٩٨٠



لەگەڵ دایکم، کتێبی ناڵەی جودایی مامۆستا هێمنی بۆ دەخوێنمەوە

موکریان ١٩٨٣ نەبی زەندی و عەلی کەریمی

تەرمی شەهید یونس پاڵەوانی لە مزگەوتی حاجیالیکەند، لە ڕاستەوە،
جەعفەر پیرەهەڵۆ، قادر ئیبراهیم خاس، عەلی کەریمی، محێدین مەجنون

رقم الوثيقه : ٦٦٩٧

وثيقة عدم تعرض

مقر قيادة الفيلق الاول
لجنة التنسيق المركزيه

تاريخ اصدارها : ١٢ شباط ٨٤

يسمح لحامل هذه الوثيقه المبينه تفاصيل هويته ادناه بالنزول الى مدينة/ قريه كركوك
للفتره من ١٢ شباط ٨٤ لغاية ٢٩ شباط ٨٤

١. الاسم الثلاثي : غريب صالح
٢. تاريخ الولاده : ١٩٦٢
٣. نوع ورقم السلاح : بندقيه كلاشنكوف ومسدس
٤. المناطق المسموح التجول فيها : كركوك - سليمانيه - حلبجه

ملاحظـــه

١. تكون هذه الوثيقه نافذه للمده اعلاه فقط وعلى حاملها اعادتها الى جهة الاصدار بعد نفاذها
٢. تساد هذه الوثيقه من قبل نقاط السيطره مع حاملها الى اللجنه الصادره منها اذا استخدمت بعد نفاذها
٣. تعتبر الوثيقه باطلة في حالة وجود حك او شطب فيها وتتخذ بحق حاملها نفس الاجـــراءات الوارده في [illegible] اعلاه .

العقيد الركن
رئيس لجنة التنسيق المركزيـــه



الاتحاد الوطنى الكردستانى
المركز الاول (فرقة ٣٣ السليمانية)

العدد :
التأريخ ٢٨/ ٤ / ١٩٨٤

الى من يهمه الامر

يسمح للبيشمركه (علي محمد حسين) بالتجول في مناطق (سليمانيه - دوكان - جوارتا - حلبجه) اعتبارا من تاريخ المذكور اعلاه ولغاية ٢٧ / ٥ / ١٩٨٤ وشكرا .

الملاحظة :

١) في حالة حدوث حك أو شطب تعاد هذه الورقة مع حاملها الى الجهة المصدرة لها
٢) سلاح كلاشنكوف ومسدس
٣)

نموونەی مۆڵەتپێدانی کاتی بە پێشمەرگە بۆ دابەزین بۆ ناو شارەکان



نامەی کاک سەلاح چاوشین بۆ سەرەخۆشیی نەرمینی خوشکم



لجنة التنسيق المركزية
([illegible] ١)

وثيقة عدم تعرض

رقم الوثيقة : ٤٨
تاريخ اصدارها : ٢١/١/٨٦

يسمح للاشخاص المدرجة اسماؤهم ادناه بالتنقل من السليمانية الى كركوك
بقيادة : علي حسين محمد وللفترة من ٢١/١/٨٦ لغاية ٢١/٢/٨٦

الاسماء	نوع ورقم السلاح
١- كريم رحيم	[illegible]
٢- ريبوار انور	=
٣- حمه أمين عبدالله	=

[illegible]

ملاحظة

١- تكون هذه الوثيقة نافذة للمدة اعلاه فقط وعلى حاملها اعادتها الى جهة الاصدار بعد نفاذها .
٢- تصادر هذه الوثيقة من قبل نقاط السيطرة مع حاملها الى اللجنة الصادرة منها اذا استخدمت بعد نفاذها .
٣- تعتبر الوثيقة باطلة في حالة وجود حك او شطب فيها وكذلك في حالة عدم وجود ختم الجهة التي اصدرتها وتتخذ بحق حاملها نفس الاجراءات الواردة في (٢) اعلاه

العقيد الركن
رئيس لجنة التنسيق المركزي

وثيقة عدم تعرض

رقم الوثيقه : ٢١١٦٧

تاريخ اصدارها : [illegible]

يسمح لحامل هذه الوثيقه [illegible]

للفتره من [illegible]

١. الاسم الثلاثي : علي ايراهيم

٢. تاريخ الولاده : ١٩٦٦

٣. نوع ورقم السلاح : برنو سلاح

٤. المناطق المسموح التجول فيها : [illegible]

ملاحظات

١. تكون هذه الوثيقه نافذه للمده اعلاه فقط وعلى حاملها اعادتها الى جهة الاصدار بعد نفاذها .

٢. تصادر هذه الوثيقه من قبل نقاط السيطره مع حاملها الى اللجنه [illegible] بعد نفاذها .

٣. تعتبر الوثيقه باطله في حالة وجود حك او شطب فيها [illegible]

في ٢/ [illegible]

العقيد الركن

رئيس لجنة التنسيق الحزبيه

م/ عدم تعـ

الرقم/ بـ٤١

التاريخ : ٣/٤/٩٨٣

الايراني هلي ابراهيم

المنطقه : السليمانيه فقط

نافذة المفعول لغاية ١٥/٤/٩٨٣

لجنة السليمانيه

ملاحظـــــات: ...

١. تعاد بعد نفاذ المفعول الى لجنة السليمانيه

٢. لا يسمح باستخدامها خارج محافظة السليمانيه

٣. يتم القاء القبض على حاملها بعد نفاذ المفعول .



هەڵگری ئەم نووسراوە کاک علی کریمی
ئاسراوی دەفتەری ماموستا شیخ عزالدین
حسینی یە و بەسەر بەرچی لەناوچەی
سەردەشت. داوا دەکەین لە هەموو
پێشمەرگەکانی کوردستان لەکاتی پێویستیدا
هاوکاری لەگەڵ بکەن

دەفتەری ماموستا شیخ عزالدین
٢٤/٢/٦٤

دەفتەری شیخ عزالدینی حوسەینی
The Bureau Of Sayyed Ezzoddin Hoseini

نامەی دەفتەری شێخ عێزەدینی حوسەینی


پیتەکانی زمانی کوردی دەکرێن بە [سێ] بەشەوە.

حروف زبان کوردی به سه نوع تقسیم می شوند:

١- پیتی بزوێن (حروف صدادار) ی ێ - و ۆ - ێ - ۆ

٢- « نیوە بزوێن (نیمه صدادار) ە - ێ - و

٣- « بێ دەنگ (بی صدا) باقی پیتەکان هەموو بێ دەنگن (بقیهٔ حروف بی صدا هستند.

فتحه کسره

در زبان کوردی: (ێ) به جای کسره [...] باشد مانند: (دەوێ - ها خواهد)

« « « : (ۆ) به جای ضمه می باشد (زوره - زیاده) (زۆر - زور)

« « (ە) « « فتحه « مانند (ئەدەب - آدب)

ضمه ← ۆ ە

ێ کسره

ئەوە لە گیرفانی شەهید ئەبوو شاهین (فواد عەرەب) دا بوو، لە کاتی پێکانی لە نێو شاری سنە، خەریکی فێربوونی کوردی بوو، پەڵە خوێنەکان بە کاغەزەکەوە خوێنی ئەم شەهیدەیە و زیاتر لە ٤٠ ساڵە پاراستوومە.



نموونەی لیستی ولاخدارەکانی ئالان بۆ ڕاگواستنی چەک و کەلوپەل

شێعرەکەی برایم جەلال بۆ کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی
دوای شەهیدبوونی بۆی نووسی بوو



لیستی بکوژەکانی یوسف حەسنخاڵی لە شەڕی دیمۆکرات و کومەڵە
زیاتر لە ٤٢ ساڵە پاراستوومە

یەکێک لە کتێبەکانی خۆم، کە لە کادێنێکدا لە عەولاباد شاردبوویانەوە



[illegible] کمیته [illegible] ۱۱/۶/[illegible]

بعد از سلام کار دیگری که [illegible] به آنها داده [illegible]

و اسلحه را [illegible] و تحویل داده اند

و بنا دارد خود [illegible] کند و [illegible]

اگر ممکن [illegible]

و مقدار زیادی پول [illegible]

[illegible]

[illegible] خود فعلاً گرفتارم

[illegible]

کورم عەلی کەریمی عەزیز ١٣٥٩-١١-٦ (١٩٨١-١-٢٦)

دوای سڵاو، کارێک بکە ئەبوو بەکر نەگەڕێتەوە مەهاباد و بە زمانێکی نەرم چەکەکەی لێ وەرگرنەوە، نەبادا خۆی بکوژێت، ئاگاداری بن. ئەگەر دەکرێ چەکەکە[1] تەسلیمی حزب (مەبەست کۆمەڵە) بکەن، کۆمەڵێک بەڵگە و پوڵ دە گیرفانی سولەیماندا بوو، یەکێک دیاری بکە با تەحویلی بدەم. منیش جارێ بە دەردی خۆمەوە گرفتارم. سلامەتیی ئێوەم دەوێ.

محەمەدئەمین بلوری

● دوو ڕۆژ دوای شەهیدبوونی سولەیمان بللوری، کە ئێمە لە شار چووبووینە دەر و ئەم بابەمان لەگەڵ دەرد و ناسۆرەکانی بەجێهێشت، زۆر بە پەلە ئەم نامەیەی بۆ ناردبووم، دیارە هەر لە بازاڕ و لەسەر کار ئەم پارچە کاغەزەی دەسکەوتووە و پەلەی بووە کە ئێمە بزانین چی لە گیرفانی جلەکانی شەهید سولەیماندا بووە تا بۆمانی بنێرێتەوە.

١- چەکەکەی شەهید سولەیمان کلاشینکۆفێکی سیخۆی زۆر جوان بوو، لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لە بەرامبەر زەحمەتەکان و یارمەتیی لە ڕادەبەدەری خۆی و هەموو بنەماڵەکەیان بۆ یەکێتیی نیشتمانی، مام جەلال خۆی پێشکەشی کرد و دواتر درا بە کۆمەڵە.



برادر عزیزم [illegible] سید سلیمان [illegible]

پس از سلام امید وارم که حال و احوال همه شما خوب و بهتر باشد و اگر از حال و احوال من [illegible]

[illegible] و [illegible] دل شکسته پرسش دارید فقط [illegible] امید دارم [illegible]

[illegible] برادر [illegible] ۲۰/۱۱/۵۹ [illegible]

و از [illegible] قبل [illegible] دادگاه [illegible] سلیمان [illegible]

ولی من [illegible] سلیمان [illegible] ۸۰ [illegible]

[illegible] اعانه و [illegible]

[illegible] از طرف آقای سید حسن [illegible]

[illegible] آمده از [illegible] سلیمان [illegible] معلوم [illegible]

[illegible] داده و [illegible] معلوم دارید [illegible]

[illegible]

سید حسن [illegible] در جواب [illegible] نوشته بودم [illegible] معلوم [illegible]

معلوم دارید [illegible] ولی در موضوع [illegible] سلیمان [illegible] سید حسن



برای عەزیزم هاوسەنگەری شەهید سولەیمان، ڕۆڵەکەم عەلی گیان

دوای سڵاو هیوادارم وەزع و حاڵی هەمووتان چاک و باشتر بێت و ئەگەر لە حاڵ و وەزعی من و خانەوادەی بەدبەخت و پیر و دڵشکاو بپرسی، جاریّ دەگوزەریّ و ئومێدەوارم دوای ڕۆیشتنی سولەیمان، منیش زیندوو نەمێنم. براکەم نامەکەت کە ڕێکەوتی ٢٠-١١-٥٩ ناردبوو سەعات ٤ی دواینیوەڕۆ بە دەستم گەیشت و لە ناوەڕۆکی ئاگادار بوومەوە. بزانە و ئاگادار بە کە هێشتا سەرەخۆشیی سولەیمان تەواو نەبووە، بەڵام من زۆر ناڕەحەت بووم لەوەی کە ئەوەی لە گیرفانی سولەیمانی شەهیددا بوو، بریتی بوو لە ١٨٥٠ تمەن پوڵی نەقد، چەند بەڵگە و قەبزی یارمەتی کە لە زەرفێکی پلاستیکیدا بوو، ٣ ڕۆژە کە بۆ تەسفیە لە لایان سەید حەسەن کوڕی لوتفیانی بەنێوی حوسێن چکۆل هات و بردی، من نەمدایە و هاتووە لە دایکی سولەیمانی وەرگرتووە و بردوویەتی، ئەو جۆرەی مەعلوومە لە ئاوایی سەیداوا شتەکانیان ئایا تەسلیمی ئەبوو بەکر کردووە یان لێم مەعلووم بکە کە کێ وەریگرتووە. زۆر ناڕەحەت بووم و تەنانەت ئێوارە کە چوومەوە ماڵ و لە جەریانەکە خەبەردار کرامەوە چەند ناڕەحەت بووم و لە نامە بۆ سەید حەسەن لە جوابی سەرەخۆشییەکەیدا بۆم نووسی ئەگەر مەعلووم بوو بڕی پوڵەکە زۆرترە، ئاگادارم بکەنەوە تا بینێرمە خزمەت. ئەما لە بابەت چەکی سولەیمان هیچ کەس مافی ئەوەی نییە جگە لە سەید حەسەن، نە من کە باوکی ئەوم و نە براکانی. لیباس و مەدارک و ناسنامە و هەرچی ڕەبتی بە سولەیمانەوە هەیە، لە مەقەڕ لە لای سەید حەسەن بێ تا ئەگەر کات هەبوو خۆم یەک بە یەک بێمە مەقەڕەکان و لەگەڵ تاک بە تاکتان دادەنیشم. و ئەبوو بەکرم نەناردووەتە وێ کە جێی سولەیمان بگرێتەوە، بەڵکو جێی سولەیمانی شەهید هیچ کەس لە هەموو حیزب پڕ ناکاتەوە، با ماوەیەک لەوێ بێت تاکو نامە دەنووسم بۆ سەید حەسەن تا بیگەڕێنەوە بۆ مەهاباد، بۆ ئەوەی ئەو بەکاری پێشمەرگایەتی نایە،

چونکێ ژن و منداڵی هەیە. بە هەرحاڵ لە سەید حەسەن و من مەعلووم بکەن کە ئایا پوڵ و مەدارکی گیرفانی گەیشتووەتە دەستی کێ، ویژدانی من زۆر ئاڵۆز و لە خەتەردایە و بزانە من موحتاج بە پوڵ و یارمەتیی کۆمەڵە نیم و ناخوازم ئەبوو بەکریش ئیستفادەی لێ بکا و تا بتوانم و عومرم هەیە و بکرێ خزمەت دەکەم و موزاحیم نابم. بە هیوای دیدار و ئەگەر نامەت نووسی بە فارسی بینووسە تا باش بیخوێنمەوە، بە یەک یەکی کورەکان سڵاو دەگەیەنم.

محەمەدئەمین بلوری
٢١-١١-٥٩

● نامەیەکی دیکەی باوکی شەهید سولەیمان، ئەوە دەردەخات کە چەند دڵی گەورە بووە، کوڕێکی جوانچاک و پاڵەوانی وەک سولەیمانی پێشکەشی خەباتی بەرگریی کوردستان کردووە و ناشخوازێت هیچ چەشنە یارمەتییەک لەو حیزبەی سولەیمان خەباتی بۆ کردووە قبووڵ بکات و تەنانەت چی لە گیرفانیدا بووە بە موڵکی کۆمەڵەی دەزانێ و نایەوێ خۆی خاوەندارییی لێ بکات و دوای پێشکەشکردنی شۆڕەسوارێکی وەک سولەیمان بە خاک و نیشتمان هەر ئامادەیە زیاتر ببەخشێت!

زنجیره چاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٢ کچەی پەرتەقاڵ/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٣ لەتەمدا دیارنیم/ دلاوەر قەرەداغی
٤ سەفەرنامە/ هیوا قادر
٥ ئێستا کچێک نیشتمانمە/ شێرکۆ بێکەس
٦ هەزار ماڵ لە خەون و ترس/ عەتیق ڕەحیمی/ ئازاد بەرزنجی
٧ زۆربای یۆنانی/ نیکوس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٨ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٩ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج. د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە/ جەمال غەمبار
١١ جوگرافیای هەرێمی کوردستان/ هاوڕێ یاسین محەمەد
١٢ تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا/ بوهیمیل هراباڵ/ و: دلاوەر قەرەداغی
١٣ کازینۆی منداڵان/ کاروان کاکەسوور
١٤ ڕاپۆرتی مەرگێکی پێشوەخت ڕاگەیەندراو/گارسیا مارکیز/ و:حەمە قادر
١٥ خێراکە... مردن خەریکە بگات/ شێرکۆ بێکەس
١٦ سوارچاکێکی نەبوو/ ئیتالۆ کالڤینۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
١٧ ئەحمەد شاملوو/ ئەحمەد شاملوو/ و: بەڕۆژ ئاکرەیی
١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش/ شێرکۆ بێکەس
١٩ تۆ مەچۆ بۆ شەڕ/ ماردین ئیبراهیم
٢٠ جوگرافیای ستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ جێفری کەمپ ڕۆبەرت هارکاوی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٢١ کەوتن / ئەلبێر کامۆ/ و: سەیوان محەمەد
٢٢ حەفتاکێل/ یەدوڵلا ڕوئیایی/ و: بەڕوژ ئاکرەیی
٢٣ ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی/ بوشرا کەسنەزانی
٢٤ لۆلیتا/ ڤلادیمێر نابۆکۆف/ و: توانا حەمەنووری
٢٥ جۆناسانی نەورەس/ ڕیچارد باخ/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٦ عاشق هەمیشە تەنیایە/ سوهراب سپهری/ و: ئازاد بەرزنجی

٢٧ ژنێک لەبەردەم ورزێکی سارددا/ فرووغ فەڕوخزاد/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٨ دیوانی لەتیف هەڵمەت
٢٩ دیوانی ڕەفیق سابیر
٣٠ ئیمپراتۆریای لم/ ڕەفیق سابیر
٣١ بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی/ ڕەفیق سابیر
٣٢ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٣٣ کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە/ جۆن بۆین/ و: ماردین ئیبراهیم
٣٤ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
٣٥ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
٣٦ لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا/ ساموێل بێکێت/ و: سەرکەوت جەلیل
٣٧ فەهرەنهایت ٤٥١/ ڕەی برادبێری/ و: سەیوان محەمەد
٣٨ جوگرافیای خاک/ د. هاوڕێ یاسین محمدامین
٣٩ جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا/ جیمس. ئار. لی/ د. هاوڕێ یاسین محمدامین
٤٠ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤١ ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لەشیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤٢ تاوان و سزا/ فیۆدۆر دۆستۆیفسکی/ و: ڕەووف بێگەرد
٤٣ مەسخ/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
٤٤ ماڵی نانی/ کاروان کاکەسوور
٤٥ بێگانە/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومە ر
٤٦ مەنفا و مەملەکەت/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٧ زەماوەند و هاوین/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٨ هەزار خۆری درەوشاوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٤٩ چیاکانیش دەنگیان دایەوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٥٠ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد/ چاپی شەشەم
٥١ چیرۆکی ئەیووب بە گێڕانەوەی تەورات/ و: حەمە قادر
٥٢ پاریس جەژنی نەبڕاوە/ ئێرنست هەمنگوەی/ و: ژوان جەلال

٥٣ بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە/ ئێریش ماریا ڕیمارک/ و: کەریم پەڕەنگ
٥٤ دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا/ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام/ و: هۆشمەن جەلال
٥٥ گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا/ ئۆریانا فالاچی/ و: عەزیز گەردی
٥٦ گاتسبیی مەزن/ ف. سکۆت فیتزجێراڵد/ و: سەیوان محەمەد
٥٧ کاک برایم و گوڵەکانی قورئان/ئێریک ئیمانۆئیل شمیت/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٥٨ مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن/ بەختیار حەمەسوور
٥٩ بەخێر بێن بۆ بیابانی ڕیاڵ/ سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر
٦٠ حیکایەتی چل شەوەی شاری قەلەندەران/ بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی
٦١ قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن / پەری کەریمی نیا
٦٢ کێ-لە-من-و-ڤێرجینیا-ڤۆلف-دەترسێت/ پەری کەریمی نیا
٦٣ هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجار؟ / پەری کەریمی نیا
٦٤ ئاسمان و ڕێسمان /حوسێن حوسێنی
٦٥ گیرۆدەیی: گەورەترین نهێنیی فیزیا /ئامیر ئەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی و د. ئومێد غەریب
٦٦ عەشیقی وەرگێڕ / جان دۆست / و: سەباح ئیسماعیل
٦٧ مێژووی ڕەخنەسازی / پ. د. کامل حەسەن بەسیر
٦٨ ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئایینەوە / ئازاد قەزاز
٦٩ کۆمار / ئەفلاتوون / د. محەمەد کەمال
٧٠ سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان / عادل باخەوان
٧١ وڵاتێک بۆ مردن / عەبدوڵلا تایع / و:سەلاحەدین بایەزیدی
٧٢ ئەودیوی فیزیا چاوپێکەوتن و گفتۆگۆ/ ویرنەر هایزەنبێرگ / و: حوسێن حوسێنی
٧٣ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
٧٤ بوودای ناو هەورەبانەکە / جولی ئۆتسوکا / و: سەیوان محەمەد
٧٥ سەرهەڵگرتن / هێرتا مولەر/ و: عەبدولغەنی کاکۆ
٧٦ ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان/ فایەق سەعید

٧٧ مۆسیقا فەرامۆشی کردم/ شالاو حەبیبە
٧٨ دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی / شێرزاد حەسەن
٧٩ هۆمۆسێکسوالی و داهێنان / د. ڕەمسیس عەوەز / و: شوان ئەحمەد
٨٠ ئیمان یا بێ ئیمانی / ماریا مارتینی و ئەمبەرتۆ ئێکۆ / و: مەحموود شێرزاد
٨١ مامۆستای نەزان / ژاک ڕانسیێر / مەنسوور تەیفووری
٨٢ گەردوون، کات و پەیدابوونی ژیان/ گۆران ئیبراهیم
٨٣ پێناسەیەکی زۆر کورت بۆ هیچ / فرانک کلۆز / و. گۆران ئیبراهیم
٨٤ ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش/ کاروان عومەر کاکەسوور
٨٥ نەوەکەی مسیولین / فیلیپ کلۆودێل / و. سەلاحەدین بایەزیدی
٨٦ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی یەکەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
٨٧ دڵی تاریکی/ جۆزیف کۆنراد/ یاسین محەمەد
٨٨ قاچی چەپم/ کریستی براون/ و. باهۆزێ میر داوود
٨٩ دیاردەناسیی شوێن و شوناس/ ڕێبوارسیوەیلی
٩٠ گێلەکانی چێلم و مێژوویان/ ئیزاک بێشێڤیس سینگەر/ و. عەزیز گەردی
٩١ دەربارەی ستەمکاری/ لیۆشتراوس/ و. فاروق ڕەفیق
٩٢ خۆشم ویست / ئانا گاڤاڵدا/ و. ژوان جەلال
٩٣ نەخۆشی مەرگ/ مارگریت دوراس/ و. کەریم تاقانە
٩٤ سۆسیولوژیای زەبروزەنگ/ و. عادل باخەوان
٩٥ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی/ چاپی دووەم
٩٦ دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە/ سامان عیزەدین سەعدون
٩٧ هەڵزنین بەرەو هەڵدێرگە / فاروق ڕەفیق
٩٨ کوندەپەپووی کوێر/ سادق هیدایەت/ و. فەرشید شەریفی
٩٩ بەفر/ ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٠ کەمانچە ڕەشەکە / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠١ هەنگەوان / ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی
١٠٢ دیزاینی مەزن / ستیڤن هۆوکینگ / و. حوسێن حوسێنی و کامیار سابیر

١٠٣ ئەزموون و یاد (کتێبی سێیەم / ١٩٨٩_ ٢٠٠٣) / پشکو نەجمەدین
١٠٤ ئاهەنگی ماڵئاوایی / میلان کوندێرا / و. ڕەووف بێگەرد
١٠٥ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد/ چاپی دووەم
١٠٦ جوگرافیای مرۆیی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە/ عبدلله عەتوی/ و: م. ئەحمەد عەلی و هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٧ جوگرافیای دەرەمەتە سروشتییەکان/ د. هاوڕێ یاسین محەمەد
١٠٨ یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دوستۆفیسکی/ و. حەمەکەریم عارف
١٠٩ کارکردنی ئەکتەر لە سەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسکی/ و. پێشڕەو حسێن/ بەرگی یەکەم
١١٠ شتەکان لێک دەترازێن / چینوا ئەچێبێ/ و. یاسین محەمەد
١١١ سمایل گەشتێک بە هزر و ڕۆحدا/ دانیاڵ کوین/ و. دیلان قادر
١١٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی دووەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
١١٣ سالانی هەورین/ عەلی ئەشرەف دەروێشیان/ و. عەزیز گەردی
١١٤ هەر تەنها مانگ نییە لەژێر درەختا بیردەکاتەوە/ عەبباس بەیزون/ و. عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی
١١٥ پەڕەسێلکەکانی کابول/ یاسمینە خەزرا/ و. تارا شێخ عوسمان
١١٦ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج. د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١١٧ قارەمانەکان و گۆڕەکان/ ئێرنستۆ ساباتۆ/و: حەمە قادر
١١٨ ماتریالیزمی مێژوویی/ ئالان وودس و ڕۆب سیوێل/ و: کارزان عەزیز
١١٩ ماڵە ئەندەلوسییەکە/ واسینی ئەلئەعرەج/ و: سەباح ئیسماعیل
١٢٠ دارستانی ونبوو/ ڕافایل ئەلبێرتی/ بورهان عەتا
١٢١ زەنگەکانی ڕۆما/ جان دۆست/ سەباح ئیسماعیل
١٢٢ کورتیلەیەک لە مێژووی کات/ ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدینۆ/ و. حوسین حوسینی و د. هاوڕێ عومەر
١٢٣ نامە بۆ میلینا/ فرانتس کافکا/ و. ڕەووف بێگەرد
١٢٤ تەپڵی تەنەکە/ گوینتەر گراس/ و. کەریم پەڕەنگ
١٢٥ برسێتی/ کنووت هامسۆن/ حەمە قادر

١٢٦ كتێبی نووسینەوەی هەزارویەک خەون/ لازۆ ئازاد
١٢٧ خوێنبەربوونی بەرد/ ئیبراهیم ئەلکونی/ ئازاد مەولوود
١٢٨ وشەکان و تابلۆکان/ فۆکۆ و هاوڕێکانی/ و: هاوار محەمەد
١٢٩ ژیان لەگەڵ چەترەکەمدا/ ڕۆمەن گاری/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٣٠ پڵینگەکانی کافکا/ مواسیر سکلیر/ و: سەیوان محەمەد
١٣١ گەردوون لە توێکڵەگوێزێدا/ ستیڤن هۆوکینگ/ و: حوسێن حوسێنی
١٣١ ئیتر قیتارەکان ناگەن/ سیروان کەریم
١٣٢ کالیگولا/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٣٣ دادپەروەران/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٣٤ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی سێیەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری.
١٣٥ هەشت نامە/ کوینتەرگراس و کینز بۆرا/ و. ڕەووف بێگەرد
١٣٦ ئەو مریشکەی خەونی بە فڕینەوە دەبینی/ سۆن می هوانگ/ باهۆزێ میر داوود
١٣٧ پیاوی ناو هەورەکان/ کۆس مایندەرتس و ئانێتا فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد
١٣٨ کچەبەفرینە/ کۆس مایندەرتس و ئانێتا فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد
١٣٩ ئەستێرەکان بژمێرە/ لویس لەوری/ شلێر ڕەشید مەحمود
١٤٠ عەتری ئەو عاشقانەی مردن/ ئەدۆنیس/ تەلعەت تاهیر
١٤١ شازادە چکۆلە/ ئەنتوان ئیگزۆپێری/ سەلاحەدین بایەزیدی
١٤٢ هەڵەی ناو ئەستێرەکانی بەختمان/ جۆن گرین/ ژیوار جەوهەر
١٤٣ خوایە تۆ لەوێی، منم مارگرێت؟ جودی بلوم/ هەژار عوسمان
١٤٤ ئەم هونەری شیعرە/ بۆرخیس/ سەیوان محەمەد
١٤٥ ئێستای ئڤلوشن/ گۆران ئیبراهیم
١٤٦ هێشتا لە سەفەردام/ سوهراب سپهری/ و: پێشڕەو حسێن و سۆران نەقشبەندی
١٤٧ سێ هەنگاو و سێدارەیەک/ جان دۆست/ وریا غەفووری
١٤٨ هیچ کەس وەک تۆ هیی ئێرە نییە/ میراندا جولای/ و: هێشوو خسرەوی
١٤٩ لەدایکبوونی وشە/ فاروق عومەر سدیق

١٥٠ بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا/ خێزانی ڕۆماننووس دۆستۆیڤسکی/ و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
١٥١ ئینسانێک بە پێوە/ د. فریدێریک تیسۆ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٥٢ بۆچوونەکانی لیبووکێک/ هاینریش بوێل/ و:کەریم پەرەنگ
١٥٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی چوارەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
١٥٣ منداڵە پێخاوسەکان/ تەقی کاغەزچی/ ڕووناک شوانی
١٥٤ ڕووەکی/ هان کانگ/ و: هەژار عوسمان
١٥٥ خۆزگە بەردەکان دەیانتوانی بدوێن/ ماگدا ئێگێنس/ و: کەریم تاقانە
١٥٦ بە ناوی دایک/ ئێری دی لۆکا/ و: خەسرەو مەحموود
١٥٧ با بە ڕووتی بچینە ژێر باران/ سوهراب سپێهری/ و: مەریوان هەڵەبجەیی
١٥٨ مەرگی من ڕۆژێک/ فرووغ فەرۆخزاد/ و: مەریوان هەڵەبجەیی
١٥٩ دەروونناسیی گەشەکردن/ نووسینی: میران زوهدی
١٦٠ سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان/ قادر عەبدوللا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٦١ میلاریپا/ ئێریک ئێمانوئێل شمیت/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٢ هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا/ فواد قاسم الامیر/ و:دکتۆر خلیل کریم محمد و مامۆستا احمد علی احمد
١٦٣ ئەو ڕۆژەی کە خۆی فرمێسکەکانم دەسڕێتەوە/ کینزابۆرۆ ئۆ/ فەرشید شەریفی
١٦٤ بنەما زانستییەکانی ئاووهەوای پراکتیکی د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین
١٦٥ شەوانی هیندی/ ئەنتۆنیۆ تابووکی/ ماردین ئیبراهیم
١٦٦ فەلسەفە و ئازارەکانی ژیان/ ئارتۆر شوپنهاوەر/ عەبدوڵڵا ئەمینی
١٦٧ گۆڕانکاری ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری/
د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین
١٦٨ دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت/ مایا ئەنجیلۆ/ یاسین محەمەد

١٦٩ فیزیای کوانتەم، وەهم یان هەقیقەت؟/ ئالستەر ڕای/ حوسێن حوسێنی
١٧٠ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی پێنجەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
١٧١ مەسخ/چ٣/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٢ میریام/ تروومان کاپۆتی/ و: هەژار عوسمان
١٧٣ کەشتیی تاریک/ شێرکۆ فەتاح/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٤ ڕێگەکانی ژەهر/ کاروان عومەر کاکەسوور
١٧٥ خۆڵەمێشی ناودارەکان/ سیامەند هادی
١٧٦ پیاوی سێیەم/ گراهام گرین/ و: ئاران موهەندیس
١٧٧ هایدی/ یۆهاننا شپیری/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٨ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
١٧٩ پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٠ تەمی سەر خەرەند/ شێرزاد حەسەن
١٨١ خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن/ شێرزاد حەسەن
١٨٢ ژنێک بەسەر منارەوە/ شێرزاد حەسەن
١٨٣ دوا شەوی دابەزینی عیسا/ شێرزاد حەسەن
١٨٤ تەنیایی/ شێرزاد حەسەن
١٨٥ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
١٨٦ گەڕەکی داهۆڵەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٧ پیرەپەپوولەکانی ئێواران/ شێرزاد حەسەن
١٨٨ ژیان چییە؟ لایەنە فیزیاییەکانی خانەیەکی زیندوو/ ئێراوین شرودینگێر/ و: حوسێن حوسێنی و هێمن حوسێن
١٨٩ نانی بەیانی لە تیفەنی/ تروومان کاپۆتی/ و: ئاران موهەندس
١٩٠ ڕۆحی ئێمە لە شەودا/ کێنت هاروف/ هەڵۆ فەریق
١٩١ سلوولی ١٨/ عەلی ئەشرەف دەرویێشیان/ و: عەزیز گەردی
١٩٢ نامەیلێ بۆ شاعیرێکی گەنج/ ڕەینە ماریا ڕیلکە/ و:دیلان قادر
١٩٣ ڕاگەردان/ کاروان عومەر کاکەسوور
١٩٤ قیژە/ فەرهاد چۆمانی
١٩٥ پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن/ نەزەند بەگیخانی

١٩٦ نامەوێ زۆر زوو بمرم/ ڕێن هانگ/ و: هەژار عوسمان، ژیوار جەوهەر
١٩٧ ڕێگەیەکی زێڕین بەرەو زانستی پەرەسەندن/ فرانک ڕۆدز/ و:حوسێن حوسێنی و د. کانی مستەفا ڕەئووف
١٩٨ ژیانەوە بە کاتی سیروان/ مەنسوور تەیفووری
١٩٩ بەشی من/ پەرینووش سەنیعی/ و:ڕووناک شوانی
٢٠٠ تاعوون/ ئەلبێر کامۆ/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٢٠١ مارتینی بەختەوەر / جان دۆست/ و: سەباح ئیسماعیل
٢٠٢ میرنامە / جان دۆست/ و: سەباح ئیسماعیل
٢٠٣ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی شەشەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
٢٠٤ دەمویست کەسێک لە شوێنێک چاوەڕوانم بێت/ ئانا گاڤاڵدا/ و: زریان مەحمود
٢٠٥ یەعقوبە درۆزن/ یورەک بێکەر/ و: کەریم پەرەنگ
٢٠٦ چیرۆکێکی تەواونەکراو/ ڤۆلکەر براون/ و: عەبدولغەنی کاکۆ
٢٠٧ مردن ئەڕای کۆبانێ/ پاتریس فرانچێسکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٠٨ پاڵتۆ / نیکۆلای گۆگۆل/ و: ئاران موهەندیس
٢٠٩ دیوار/ ژان-پۆڵ سارتەر/ و: ئاران موهەندیس
٢١٠ هێزی کێشکردن/ جۆرج گامۆڤ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١١ ئایین و زانست/ بێرتراند ڕەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١٢ یەک، دوو، سێ... ناکۆتا/ جۆرج گامۆڤ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١٣ مێژووی هونەری شێوەکاری / سوزی هۆج/ و: هەڵگورد ئەحمەد
٢١٤ نانی ساڵانی زوو/ هاینریش بۆل/ و:عەبدولغەنی کاکۆ
٢١٥ لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت/ مەحموود دەرویش/ و: ئازاد بەرزنجی
٢١٦ دۆنی ئارام/ میخائیل شۆلۆخۆف/ و: حەمە کەریم عارف
٢١٧ شتێک لەم دەوروبەرە/ بەڕۆژ ئاکرەیی
٢١٨ ترسولەرز/ غولامحوسێن ساعیدی/ و: بەڕۆژ ئاکرەیی
٢١٩ خۆشم دەویست/ ئانا گاڤالدا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٢٠ جیهانێک لە ئەگەرییەکان/ گۆران ئیبراهیم
٢٢١ فەلسەفە و شۆڕش/ کۆمەڵێک نووسەر

٢٢٢ ژیانی حەقیقی/ ئەلەن بەدیوو/ و: مەنسوور تەیفووری
٢٢٣ بنەماکانی شێرپەنجەی گەدە، ڕیخۆڵەیی تیرۆید، مەمک و پرۆستات/ د. حەسەن شەتەوی و د. کامەران ئەمین ئاوە
٢٢٤ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی حەوتەم)/ مارسێل پرووست/ و. سیامەند شاسواری
٢٢٥ شیری ڕەش/ ئەلیف شەفەق/ و: ڤیەننا سەلام
٢٢٦ میشێل فۆکۆ/ عارف دانیالی/ و: سەروان ئەحمەد
٢٢٧ نامەکانی فێرناندۆ پێسوا بۆ خۆشەویستەکەی/ و: شوان ئەحمەد
٢٢٨ دڵدارە هەرە ئازیزەکەم/ نامەکانی نێوان ئەنتوان چیخۆف و ئۆڵگا کنیپەر/ و: ڕەئوف بێگەرد
٢٢٩ هەزار خەون و یەک قەفەس / ئورسولا لی گوین/ و: شیلان ڕەشید
٢٣٠ ڕووداو و داهاتوو/ جاک دێریدا/ و: هاوار محەمەد
٢٣١ سیستەم و تاقانە/ ژان بۆدریار/ و: هاوار محەمەد
٢٣٢ سەحەر/ سەلاحەدین دەمیرتاش/ و: فەرهاد چۆمانی
٢٣٣ کارکردنی ئەکتەر لە سەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسکی/ و. پێشڕەو حسێن/ بەرگی دووەم
٢٣٤ یەڵماز گیونەی/ کارزان کاردۆزی
٢٣٥ شالیار/ نیکۆلۆ ماکیاڤێلی/ و: جەمال زەندی
٢٣٦ گوڵی خراپە/ شارل بۆدلێر/ و: ئەحمەدی مەلا
٢٣٧ قورسایی ڕازەکان (١) تسووباکی/ ئاکی شیمازاکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٣٨ قورسایی ڕازەکان (٢) هاماگووری/ ئاکی شیمازاکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٣٩ قورسایی ڕازەکان (٣) تسووبام/ ئاکی شیمازاکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٤٠ قورسایی ڕازەکان (٤) واسوورەناگووسا/ ئاکی شیمازاکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٤١ قورسایی ڕازەکان (٥) هۆتاروو/ ئاکی شیمازاکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٤٢ سوڵتانی فیلەکان و مێرووە شەلەی ڕیشسوور/ یاشار کەمال / و: سەلاحەدین بایەزیدی

٢٤٣ چۆنێتیی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێی گشتی/ میران ئاوات زوهدی
٢٤٤ نائارامی/ زولفو لیڤانەلی/ و: فەرهاد چۆمانی
٢٤٥ کەسایەتییە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی/ هاکان ئۆزئۆغلو/ و: ئاران موهەندیس
٢٤٦ زۆربای یۆنانی (چ ٦)/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٢٤٧ وەرزێک لە دۆزەخ و درەوشانەوە/ ئارتویر ڕامبۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
٢٤٨ کوندەپەپووی کوێر (چ ٢)/ سادق هیدایەت/ و: فەرشید شەریفی
٢٤٩ چەمک و گوتاری دادپەروەری/ ن: د. دارا محەمەد
٢٥٠ سەرەتایەکی زۆر کورت بەرەو فەلسەفەی زانست/ سەمیر ئۆکاشا/ و: حوسێن حوسێنی
٢٥١ سیاسەتی ملکەچی/ ئێتیەن دو لا بۆتیە/و: د. عەلی ئەحمەدی
٢٥٢ کەوتن (چ ٢)/ ئەلبێر کامو/ و: سەیوان محەمەد
٢٥٣ یەکەمین مامۆستا/ جەنگیز ئیتماتۆڤ/ و: فایەق سەعید
٢٥٤ وەرچەرخانی بزاوتی رزگاریخوازی کوردستان لە یەکەکەوە بۆ کەجەکە/ سیڤان سەعید/و: دارا سوبحان
٢٥٥ مۆنادناسی/ لایبنز/ و: کارزان عەزیز
٢٥٦ مارکسیزم و ڕزگاریی ژنان/ لویس ئوشی/ و: حەمەی مەلا
٢٥٧ دۆخی ئاوارتە/ جۆرجیۆ ئاگامبێن/ و: هاوار محەمەد و ئەرسەلان ئەفراسیاو
٢٥٨ دادگاییکردنی ئەدەب (دادگاییکردنی فلوبێر، بودلێر، رامبۆ و ڤێرلین)/ د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
٢٥٩ وەڵامە کورتەکان بۆ پرسیارە گەورەکان/ ستیڤن هۆوکینگ/ حوسێن حوسێنی
٢٦٠ شانۆی فەلسەفە/ میشێل فۆکۆ/ سەروان ئەحمەد
٢٦١ بەردی سەبووری/ عەتیق ڕەحیمی/ سەلاحەدین بایەزیدی
٢٦٢ خەسێنراو/ سەلاحەدین بولوت/ سەباح ئیسماعیل
٢٦٣ پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد/ ئەلیکساندەر دیما/ ئەنوەر قادر محەمەد
٢٦٤ گەشتی کیمیاگەر/ ن: د. خالید محەمەد عومەر
٢٦٥ سەمفۆنیای عەشق/ ن: ئاندری ژید/ و:شلێر ڕەشید

٢٦٦ رامیاری/ ن: کێنیت مینۆک/ و:شێرزاد حەسەن
٢٦٧ زانستی ڕۆژ بە زمانی سادە/ ڕۆبێرت هازن و جەیمز تریفیل/ و: حسێن حسێنی و هێمن حسێن کردوویانە بە کوردی
٢٦٨ دیداکتیک مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە/ ن: فایەق سەعید
٢٦٩ فەلسەفەی بوونگەرایی/ جۆن ماکواری/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٧٠ هونەر و هونەرەکانی هونەر/ ن: سەنگەر قوبادی
٢٧١ جەللاد/ پێر لاگەرکڤیست/ و: کەریم تاقانە
٢٧٢ دەربارەی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح سیمینارەکانی د. سەید جواد تەباتەبایی/ و: فەرزاد شێخ ئەحمەدی
٢٧٣ ئێمە لە خەو هەڵدەستین/ ئیڤا ڕیبیک/ و: کەریم تاقانە
٢٧٤ ئیسماعیل/ ڕەزا بەراهەنی/ و: جەمال مەلایی
٢٧٥ ژیان لە لێوارەکان، بەرەبەیانی زیندەناسیی کوانتەمی/ جانجۆ مەکفادین، جیم ئەلخەلیلی/ و: حسێن حسێنی
٢٧٦ لە پشت پەردەکانی شۆڕشەوە/ دانپێدانانەکانی جەعفەری شەفیعزادە/ و: جەلیل عەباسی
٢٧٧ کارگەکانی تابووت؛ مرۆڤ، ئەو گیاندارەی کە نازانێت بژی/ ن: شێرزاد حەسەن
٢٧٨ ئەفغانی/ عارف فرمان/ و: ڕووناک شوانی
٢٧٩ نامە بۆ باوک/ فرانز کافکا/ و: جەلیل عەباسی
٢٨٠ شیکاریی دەقی شیعری؛ بونیادی شیعر/ ی. م. لۆتمان/ و: ئەنوەر قادر محەمەد
٢٨١ سەد ساڵ سینەما سەد دەهێنەر/ بەرگی یەکەم/ کارزان کاردۆزی
٢٨٢ سەد ساڵ سینەما سەد دەهێنەر/ بەرگی دووەم/ کارزان کاردۆزی
٢٨٣ فەلسەفەی ئیسلامی دەرکەوتن تا کەوتن/ جەمال حسێن
٢٨٤ مێژووی خوێنڕێژی لە عێراقدا ڕووداوەکان، هۆکارەکان، چارەسەرەکان پێنج هەزار ساڵ لە توندوتیژیی بەردەوام/ باقر یاسین/ سەباح ئیسماعیل
٢٨٥ دادگایی/ فرانتس کافکا/ عەتا نەهایی
٢٨٦ بارۆنی سەر دارەکان/ ئیتالۆ کالڤینۆ/ عەتا نەهایی
٢٨٧ یاداشتەکانی کافکا/ فرانتز کافکا/ و: ڕەووف بێگەرد
٢٨٨ سوکیی لە تاقەت بەدەری بوون/ میلان کۆندێرا/ و: عەتا نەهایی

٢٨٩ سەد ساڵ سینەما سەد دەهێنەر/ بەرگی سێیەم/ کارزان کاردۆزی
٢٩٠ سەد ساڵ سینەما سەد دەهێنەر/ بەرگی چوارەم/ کارزان کاردۆزی
٢٩١ هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان/بێهروز بوچانی/ و:هاشم ئەحمەدزادە
٢٩٢ چیرۆکەکانی فەرماندە مارکووس/ و: کاوە قورەیشی
٢٩٣ ئایینی خۆشەویستی/کتێبی دووەم/دەروازەیەکی گشتی/جەمال حسێن
٢٩٤ ئایینی خۆشەویستی/کتێبی سێیەم/ ڕابیعە، بەستامی، حەلاج، نفەری، هەمەدانی/جەمال حسێن
٢٩٥ لیۆ ڤیگۆتسکی/ تیۆریی سۆسیۆکولتووری و پــەروەردەی هاوچەرخ/فایەق سەعید
٢٩٦ وێرانەخاکی شۆڕشگێڕان/ خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات و ڕۆژانی دوایی/ فاروق ڕەفیق
٢٩٧ سکرینپلەی/دارۆ ئەزیز
٢٩٨ گفتوگۆکان/ژیل دۆلۆز، کلەیر پارنێت/هاوار محەمەد
٢٩٩ بەفر/ماکسێنس فێرمین/و: ئازاد بەرزنجی
٣٠٠ کەمانچە ڕەشەکە/ماکسێنس فێرمین/و: ئازاد بەرزنجی
٣٠١ هەنگەوان/ماکسێنس فێرمین/و: ئازاد بەرزنجی
٣٠٢ جۆناسانی نەورەس/ڕیچارد باخ/و: ئازاد بەرزنجی
٣٠٣ سینەماتیک/تەها کەریمی
٣٠٤ جیهانبینیی زانستی/بێرتراند ڕەسڵ/و: حسێن حسێنی
٣٠٥ لەگەڵ ئەدۆنیسدا/گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە/بەیار ئەبی سەعب/ و:ئازاد بەرزنجی
٣٠٦ ئەو سی ساڵەی فیزیای هەژاند/جۆرج گامۆڤو/و:حوسێن حوسێنی و ڤیلیا شوان
٣٠٧ دیزاینی مەزن/ستیڤن هۆوکینگ/و: حوسێن حوسین و کامیار سابیر
٣٠٨ باوکسالار/ماریۆ پوزۆ/و: کاردۆ جەلال
٣٠٩ لەناکاو زەنگەکە لێی دا/دانا فایەق
٣١٠ پرۆژە پراکتیکییەکانی بونیادنانی خۆبەڕێوەبەرایەتی/مەزڵووم عەبدی،پۆلات جان/و: ئەکبەر حەسەن

٣١١ برنامەهای عملی تاسیس نظام خودمدیریتی/مظلوم عبدی، پولات جان/ت: عدنان حسن‌پور
٣١٢ المشاريع العملية/ لبناء الإدارة الذاتية/ مظلوم عبـدي/ إعداد: بولات جان
313: PROJEYÊN PRATÎKÎ YÊN AVAKIRINA RÊVEBERIYA XWESERIYA DEMOKRATÎK/MEZLÛM EBDÎ، POLAT CAN/WERGERANDIN: MIHEMED REŞÎD
314 PRACTICAL PROJECTS FOR BUILDING THE AUTONOMOUS ADMINISTRATION/MAZLOUM ABDI, POLAT JAN/ TRANSLATED BY: LAYLAN ISSA
٣١٥ جەمشید خانی مام کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد/بەختیار عەلی
٣١٦ شاری مۆسیقارە سپییەکان/بەختیار عەلی
٣١٧ ئێوارەی پەروانە/بەختیار عەلی
٣١٨ ئاوەزی خەمۆک، هەندێک ڕامان سەبارەت بە هزری مۆدێرن/ موراد فەرهادپوور/عەدنان حەسەنپوور
٣١٩ هەرێمی شەو/کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی چاوە (فاتح شێخولئیسلامی
٣٢٠ منداڵێکی نوێ/ئۆشۆ، شێرزاد حەسەن
٣٢١ شێرزاد حەسەن/جوانییەک لە تووڕەبووندا/دیدارێک بە تامی ژیاننامەوە/هیوا قادر
٣٢٢ شکست/فرووغ فەرووخزاد/و: شنە نووری
٣٢٣ فەلسەفەی دێرین/پێشەکییەکی زۆر کورت/ژولیا ئاناس/و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٣٢٤ ڕۆژێک لە ئەسینای دێرین/ولیەم ستیرنس داڤیس/و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان
٣٢٥ نان و شەراب/هۆڵدەرلین/و: دلاوەر قەرەداغی
٣٢٦ لێرەوە بۆ ژووری گاز، خانمان و بەڕێزان/تادێوژ بۆرۆڤسکی/ و:سەیوان محەمەد
٣٢٧ في نقد العقل الشرقي پولات جان

328 Asoyên Çareseriyê/Gotûbêjên li gel Mezlûm Ebdî/ Polat Can

329 Solution Prospects/Dialogues with Mazloum Abdi/ Polat Jan

٣٣٠ آفاق الحل/حديث البدايات في الثورة والقضية الكردية/في روج آفا مع مظلوم عبدي

٣٣١ هەقتە بزانی؟/ژان پۆل مارتۆز/و: شێرزاد حەسەن

٣٣٢ پیاوێک کە ناوی ئۆڤێیە/فرێدریک باکمان/و: دلاوەر قەرەداغی

٣٣٣ ئابووری/پاول ئەی سامۆیلسن و ویلیام دی نۆردهاوس/و: فەرهاد سلێمانپوور

٣٣٤ چشم‌انداز راه‌حل/گفتوگویی با مظلوم عبدی/پولات جان/ت: عدنان حسنپور

٣٣٥ ئاسۆکانی چارەسەر/گفتوگۆ لەگەڵ مەزلووم عەبدی/پۆلات جان

٣٣٦ کۆمەڵگەی نمایش(١)/گی دیبوور/ و: هاوار محەمەد

٣٣٧ فرانز کافکا/کۆمەڵەچیرۆک/و: ڕەووف بێگەرد

٣٣٨ دەریچەیەک/ژان پۆل سارتەر/و: دڵشاد حامید دەرویش

٣٣٩ گەردوونێک لە هیچەوە/لۆرانس کراوس/و: سەروەر محەمەد

٣٤٠ لەنێو گێژاوی ژیاندا/گۆران سەمەد

٣٤١ مێشەکان/ژان–پۆل سارتەر/و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا

٣٤٢ لە بارەی ئازادییەوە/جۆن ستیوارت میل/و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

٣٤٣ حەسار و سەگەکانی باوکم/شێرزاد حەسەن

٣٤٤ فیدباک و کارایی خوێندکار/زیانەکانی ستایش و خەڵات/فایەق سەعید

٣٤٥ چەکی کیمیایی لە جەنگدا/لە دێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ/دکتۆر بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا

٣٤٦ حەللاج/لە حەسرەت عیشقی تۆیە دڵ ناسرەوێ/عەبباس ئەرنائووت/و:ئازاد بەرزنجی

٣٤٧ کۆمەڵگەی نمایش(٢)(کۆمێنتەکان)/گی دیبوور/و:هاوار محەمەد

٣٤٨ پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد/ئەلیکساندەر دیما/و: ئەنوەر قادر محەمەد

٣٤٩ مەزنترین چیرۆکێک.../ئێمە لە کوێوە هاتووین؟/ لۆرانس کراوس/و: حوسێن حوسێنی
٣٥٠ قەلەندەر و قەلا/یەحیا یەسریبی/و: ئازاد بەرزنجی
٣٥١ حیکایەتی چلشەوەی شاری قەلەندەران/بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی
٣٥٢ ئەحمەد ئەسکەندەری/بیرەوەری و یادداشت
٣٥٣ هونەری هاوچەرخ/کۆمەڵێک نووسەر/و: هەڵگورد ئەحمەد
٣٥٤ فۆرم لە موزیکی تۆناڵدا/دۆگلاس مارشاڵ گرین/و: بەختیار حسەین
٣٥٥ ڕوانین بە ڕووناکیدا/لەبارەی شیعر، ئازادی، ژیان/ڕەفیق سابیر
٣٥٦ لە دنیای گولاندا/هایکو/و: ڕەفیق سابیر
٣٥٧ پەیڤ و پەیام/هەڵبژاردەی نووسینەکانی ١٩٧٠-١٩٨١/ڕەفیق سابیر
٣٥٨ هاپیرۆن/ کورتەیەک لە مێژووی ڕووناکی/حوسێن حوسێنی، سەروەر محەمەد
٣٥٩ سیستمی بەرگریی لەش و چۆنێتیی کارکردنی/ پیتەر پەرهام/و: حوسێن ڕابی و ڕۆژگار حەمید
٣٦٠ شێرزاد حەسەن/لە هەولێرەوە بۆ هێلسنکی/کۆدیداری ئەزموون و ئەدەبیات
٣٦١ غۆرێلا/یۆجین ئۆنێل/ شێرزاد حەسەن
٣٦٢ گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆ من/سەدەیەک لە شکستی سیستمی پەروەردە/شێرزاد حەسەن

Ali Karimi
TRAMPLED BORDERS

The memoires of Ali Karimi are an intimate recollection of as a young Kurdish man growing up in Mahabad, who later joins the Kurds' fight for freedom against both Iranian and Iraqi regimes.

Born in the Kurdish city of Mahabad, Ali was one of six children in the Karimi household. After intermediate school he moved to Tabriz to continue his education and with a growing interest in the anti-Shah movement, and a personal desire for Kurdish independence, his political journey began.

He returned to Mahabad in 1978 for safety during the Iranian revolution, in which he had been very politically active, and began affiliations with freedom fighters based in South Kurdistan (Iraq) battling Saddam Husseins' establishment.

The emergence of The Republic of Iran, led by Khoomei, brought with it the most violent of attacks on East Kurdistan (Iran) and Karimi joined the first battalion of peshmergas. In 1983 with the Iranian army occupying East Kurdistan, Karimi travelled back to South Kurdistan to aid fellow peshmergas in Iraq before seeking refuge in Sweden.

Karimi has remained politically active and is now best known in the Kurdish community for journaling and speaking critically against ruling parties in the liberated Kurdish region of Iraq. He continues to campaign for democracy in Kurdish communities.

غەزەلنووس

9 788794 196642